الدار العربية للعلوم ناشرون
Arab Scientific Publishers, Inc.

بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

قوتابخانەکانی ڕۆژنامەوانیی کوردی و سەردەمی قەڵەم و موراجعات

نەوشیروان مستەفا ئەمین

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

کتێبی دووەم
بەرگی دووەم

نەوشیروان مستەفا ئەمین

بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین؛ قوتابخانەکانی ڕۆژنامەوانیی کوردی و سەردەمی قەڵەم و موراجعات

کتێبی دووەم- بەرگی دووەم

الدار العربية للعلوم ناشرون ش.م.ل
Arab Scientific Publishers, Inc. SAL

2013 زاینی

ISBN: 978-614-01-1020-5

بە بێ پرسی نوسەر لە چاپدانەوە و کۆپیکردن و لە بەرگرتنەوەی قەدەغەیە

الدار العربية للعلوم ناشرون
Arab Scientific Publishers, Inc.

الدار العربية للعلوم – ناشرون

بناية الريم، شارع ساقية الجنزير، عين التينة، ص ب 5574-13

بيروت-لبنان

تەلەفون: 785107-785108-786233-860138-(1 961+)

فاکس: 786230 (1 961+)

پۆستی ئەلەکترۆنی: asp@asp.com.lb

نوسەر: نەوشیروان مستەفا ئەمین

دیزاینەر: Houssein Atwe

بەرگ: Ali Kahwaji

ناوەرۆک

بەشی یەکەم:

ژیان: بە تەمەنترین رۆژنامەی کوردی

رۆژنامەی ژیان 11
1. قۆناغەکانی دەرچونی 11
2. نوسەرەکانی 15
3. بلاوکردنەوەی 17
4. سەرچاوەی دارایی 18
5. هونەری رۆژنامەوانی 21
6. نرخی مێژوی ی 23

ژیان و هەواڵەکانی شێخ مەحمود 25
1. شەڕی هەمەلایەنەی ئینگلیز دژی شێخ مەحمود 25
2. گفتوگۆی شێخ مەحمود و ئینگلیز 33
3. کەنارەگیری 42
4. هەڵسەنگاندنی جوڵانەوەکە 45
5. تێهەڵچونەوە و وازهێنانی یەکجاری 46

ژیان و مەبعوسەکانی کورد 50
1. مەجلیسی تەئسیسی و مەجلیسی نواب 50
مەجلیسی تەئسیسی 50
1. دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق 50
2. مەجلیسی تەئسیسی 52
3. مەجلیسی ئومەە 54
مەجلیسی نواب (دەورەی یەکەم) 56
1. دەورەی ئینتیخابی یەکەم 56
2. هەواڵەکانی 67
3. بابەتی پێوەندیدار بە کاروباری کوردەوە 70
4. هەڵسەنگاندنی کاری مەبعوسەکانی کورد 76
2. ژیان و مەجلیسی نواب (دەورەی دوەم) 80
1. وتارەکانی ژیان 80
2. پێکهێنانی مەجلیس 83
3. چاوەڕوانیەکانی ژیان 86

4. داواكاری مەبعوسەكان 88
5. هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس 98
3. ژیان و مەجلیسی نواب (دەورەی ئینتیخابیی سێیەم) 102
4. ژیان و مەجلیسی نواب (دەورەی ئینتیخابیی چوارەم) 104
ژیان و داکۆكی لە ئافرەت 106
1. ژیان و ژن 106
2. مەكتەبی كچان لە سلێمانی 113
3. هەواڵی ئافرەتانی دنیا 121
4. هەواڵی ئافرەتانی كوردستان 123
ژیان و بزوتنەوەی ڕۆشنبیری 124
1. كۆمەڵی زانستی كوردان 125
2. یانەی سەركەوتن 133
3. بایەخدان بە زمان و ئەدەبی كوردی 134
4. بایەخدان بە ئەدەبی كوردی 136
5. بایەخدان بە مێژوی كورد 137
6. بڵاوكراوە كوردییەكان 139
7. تەمسیل 146
8. پرسە ی ئەدیبان 147
9. هەواڵی ڕۆژنامە عەرەبییەكانی عیراق و بێگانە 148
ژیان و ئیعلانەكانی 151
1. ئیعلان و ژیان 151
2. ڕێكخستنی شاری سلێمانی 153
3. هۆشی ژینگەیی 158
4. وەرگرتنی خوێندكار 160
5. داهاتی حكومەت 161
6. ئیعلانەكانی جەیش 164
7. ئیعلانەكانی پۆلیس 167
8. ئیعلانی جۆراوجۆر 167
9. ئیعلانی ئەهلی 170

بەشی دوەم:

سەردەمی قەڵەم و موراجەعات

1. كورد و پارلەمانی عیراق 179
1. 1. مەجلیسەكان 179
1. 2. هەوڵی نائیبەكانی كورد 182

1. 3. کوردو ئینگلیز 184
1. 4. بەڵگەکانی: کورد و پارلەمانی عیراق 186
2. کوردو پەیماننامەی 1930 201
2. 1. وەزارەتی نوری سعید 201
2. 2. هەیئەتی وەطەنیە 204
2. 3. هەڵبژاردنی 1930 208
2. 4. بەڵگەکانی: کورد و پەیماننامەی 1930 210
3. تێهەڵچونەوەی شێخ مەحمود 259
3. 1. هەوڵدانی ئینگلیزی-عیراقی بۆ بێلایەن کردنی 259
3. 2. چالاکیەکانی 260
3. 3. لەشکرکێشیی عیراق 260
3. 4. گەلەکۆمەکێی سێ قۆڵی 262
3. 5. خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحمود: کۆتایی قۆناغێک 262
3. 6. بەڵگەکانی: تێهەڵچونەوەی شێخ مەحمود 263
4. کوردو مەلیک فەیسەڵ 277
4. 1. فەیسەڵ و کێشەی کورد 277
4. 2. قانون اللغات المحلية 278
4. 3. جەیشی عیراق 279
4. 4. فەیسەڵ، مەلیکی سلێمانی 280
4. 5. نە ئەو بەهارە و نە ئەو هەوارە 280
4. 6. بەڵگەکانی: کورد و مەلیک فەیسەڵ 281
5. کورد و کۆمەڵەی گەلان 301
5. 1. راسپێرییەکانی کۆمەڵەی گەلان دەربارەی کورد 301
5. 2. هیوای کورد بە کۆمەڵەی گەلان 302
5. 3. راپۆرتەکانی هێزی مانداتۆر 304
5. 4. رەتکردنەوەی خواستەکانی کورد 305
5. 5. بەڵگەکانی: کورد و کۆمەڵەی گەلان 311

بەشی سێیەم:

بابەتی رۆژنامەوانی

1. هەندێ وشەی رۆژنامەوانی 347
2. کێشەی دارایی رۆژنامەوانیی کوردی 353
2. 1. پێشەکەوتن 353
2. 2. دیاریی کوردستان 354
2. 3. ژیان 355

2. 4. روناکی 358
2. 5. گەلاوێژ 358
2. 6. هەتاو 360

3. رۆژنامەی (أختر) ی ئەستەموڵی و هەواڵی کورد 361
3. 1. رۆژنامەوانی بە فارسی لە تورکیا 361
3. 2. دەربارەی رۆژنامەی أختر 365
3. 3. دەوری اختر لە خەملاندنی هۆشی سیاسی ئێرانیدا 367
3. 4. هەواڵی کورد لە رۆژنامەی اختر دا 367

4. رۆژنامەی (الزوراء) ی بەغدای و هەواڵی خێڵەکانی کورد 375
4. 1. الزوراء 375

5. راگەیاندنی بیستراو بە کوردی (1939- 1958) 385
5. 1. بەشی کوردیی رادیۆی بەغداد (بەغداد 1939) 387
5. 2. رادیۆی کوردستان لە یافا (1942 - 1944) 388
5. 3. رادیۆی کوردستان لە مەهاباد (1946) 390
5. 4. بەشی کوردیی رادیۆی قاهیرە (1957- 1960) 392

6. رۆژنامەوانیی کوردی و شۆڕشی 14 ی تەموزی 1958 393
6. 1. قانونی چاپەمەنی 393
6. 2. شۆڕشی تەموز و رۆژنامەوانیی کوردی لە عیراقدا 394
6. 3. شۆڕشی تەموز و رۆژنامەوانیی کوردی لە ئێراندا 400
6. 4. شۆڕشی تەموز و گێچەڵ بە کاتنامە کوردییەکان 405
6. 5. هاتنی بەعس و پاوانکردنی مافی رۆژنامەوانی 407

7. قوتابخانەکانی رۆژنامەوانیی کوردی 413
7. 1. شام: قوتابخانەی رۆژنامەوانیی بەدرخانییەکان 413
7. 2. جەنگی جیهانیی دوەم و رۆژنامەوانیی کوردی 416
7. 3. سیماکانی قوتابخانەی رۆژنامەوانیی بەدرخان 419
7. 4. عیراق: قوتابخانەی رۆژنامەوانیی گەلاوێژ (1939– 1949) 420
7. 5. ئێران: قوتابخانەی رۆژنامەوانیی موکریان 421

8. گەلاوێژ: لێکۆڵینەوەی تایبەت 429
8. 1. هەلومەرجی دەرچونی 429
8. 2. دەرچونی 431
8. 3. داخرانی 431
8. 4. نوسەرەکانی 431
8. 5. سەرچاوەی دەرامەتی 431
8. 6. بڵاوبونەوەی 431
8. 7. بابەتەکانی 432

بەشی یەکەم*

ژیان:

بە تەمەنترین رۆژنامەی کوردی

1926 - 1938

* ئەم بەشەی ئەم کتێبە پێشتر. ساڵی (2002) بەم ناونیشانە: (ژیان: بـە تەمـەنترین رۆژنامـەی کـوردی 1926 - 1938) بە کتێبێکی سەربەخۆ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

رۆژنامەی ژیان

ژ 1 ی (ژیانەوە) کە لە 18 ی ئاغستۆس (ئاب)ی 1924 دا لە سلێمانی دەرچوە، لە ژێر ناوەکەیدا بەمجۆرە خۆی بە ناسین داوە: "ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی حکومەتیە هەفتەی جارێک دەردەچێ". بەڵام لە ژ 20 بە دواوە گۆڕیویێتی بە: "ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعیە، هەفتەی جارێک دەردەچێ"

ژ 1 ی (ژیان) کە لە 21 ی کانونی دوەمی 1926 دا لە سلێمانی، راستەوخۆ دوای راگرتنی (ژیانەوە) و وەکو درێژەکێشانی ئەو، دەرچوە. بە هەمان پێناسەی ژیانەوە خۆی بە ناسین داوە: "ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعیە، هەفتەی جارێک دەردەچێ" بەڵام لە ژ 63 ی ساڵی 2 بە دواوە گۆڕیویێتی بەمە: "هەمو شتێک ئەنوسێ، هەفتەی جارێک دەرئەچێ، غەزەتەیەکی کوردیە"

لە هەمو ژمارەکانی دا رۆژی بڵاوبونەوەی یەکەم ژمارەی دوبارە کردۆتەوە: (تاریخی ئینتیشار 21 ی کانونی سانی 1926 سلێمانی)

1. قۆناغەکانی دەرچونی

ژیان لە 21 ی کانونی سانی 1926 دا لە سلێمانی بەم سەروتارە دەستی بە دەرچون کردوە:

"مەعلومە کە لیوای سلێمانی مەعروزی ئەو ئینقیلابە بو کە دیمان و لە حەقیقەت دا مەحکومی مەحو بو. غەزەتە مەحبوبەکەشمان هەروەها توشی ئەو تەئسیراتە هات، روناکی نەما بو، تاریک مابوەوە. نیهایەت شەفەقەتی حامی موعەزەم بە دوایی هێنانی ئەو فەلاکەتە. نیمەی ژیانەوە و نوری غەزەتەکەمان هەڵگیرسایەوە. بۆ ئەوەی ئەم حاڵە تەسویر بکا ناوی درا (ژیانەوە). (ژیانەوە) هەتا مودەتێکی موناسیب فەلاکەتی رابوردوی بە ئاوازێکی حەزین و بە ئادابێ کە دڵ بتوێنێتەوە، ئەی دا بە گوێ و ئەیخستە بەرچاوی خوێندەواران، بەو ئەوعە دەرسێکی عیبرەتی ئەدا.

"ئیسان هەر لەبەر ئەوەی موقەدەرات و ئیستیقبالمان ساغ نەبوبوەوە، دەورەی ژیانەوەش بۆ ئێمە ئەبو بە بەرزەخێکی ژین و مردنی وەها، غەزەتەکەمان کە میسالێکی ئەم وەتەنەیە، یاخو سینەمایەکە کە موقەدەرات و مەوجودیەتمان پەردە پەردە نیشان ئەدا، سورەتی حەقیقیەی پێ دەرنەئەخرا و حەقیقەت مەغدور بو".

صحیفه ۱ | ژیان ؛

هر [illegible] مخابرات بناوی [illegible] اداره [illegible]

[illegible]

مقالات [illegible] نەدرێت

محلی انتشار

[illegible] ۱۹۲۶ [illegible]

مسخەی بە آنەیکە

وە

بە ۳ مانگ روپیه و نیویک

بە شش مانگ ۳ روپیه

بە سالیکی شش روپیه

بە ۳ مانگ کەمتر ابونه قبول ناکرێ

بو درەوە بەلی ابونه

[illegible] روپیه و نیوه

نسخەی بە آنەیکە

ژیان

ام غزتەیە غزتەیکی سیاسی ، ادبی ، اجتماعیە

هفتە جاریک دەردەچی

سال ۱ نمره ۱ (پنجشنبه) ۵ رجب ۱۳۴٤ ۲۱ کانون ثانی ۱۹۲۶

ناوی نووسەی غزتەکان

معلومە کە لەدوای سالان معروض [illegible] بوکە دیعان و لە [illegible] هو بو [illegible] هەموو کتیبان هەروەها [illegible] او تاثیراتی حالت [illegible] عاجزی [illegible] ماوەیەکی بایت شەفقت حالی معظم بە موافق [illegible] او [illegible] (ژیاندوو) و نور غزتە [illegible] کەوە.

لوێ ام حالە تصور بکا کو [illegible] ژیاندوو. ژیاندوو هتا مدتیکی مناسب فلاکت واوەردوی بە آوازیکی [illegible] لەدلی کە دل بتوێنیتەوە لیا بە گوی [illegible] برجاوی خوێندەواران بو [illegible] عرض لەدا.

[illegible] مقدرات و استقبالەکان [illegible] بووە [illegible] ژیاندوو بو [illegible] زین و [illegible] غزتەکان کە مثالیکی ام وطنە [illegible] کە مقدرات و موجودیتمان [illegible] بیدان لەوا صورت [illegible] او حقیقت [illegible].

[illegible] و سعادتیکی ابدی بخشی بومان.

[illegible]

ناوی [illegible] و ژیان [illegible] بەلا برمی دو (ە) و (ر) یک [illegible] انجا امید لە [illegible] ام غزتە خوشە [illegible] معاونت هەو لایک بی و مقالات فائدەدار کە مناسبی بی بە زیاندو و بە پیشکوتن و سعادتی بو ام غزتەیە بنیرن.

[illegible] خوای تعالی ژیان [illegible] بفرمویت.

بو خلمت خوێندەوار و [illegible] و برادران وطن

ای برایینە : هەموتان ئەزانن لە پاش فلاکت و دیتنی مصیبت زور لەدوره [illegible] بە [illegible] چاوەرە نشانەی سعادت و اقبال لی [illegible] خوا لیتان مبارک بفرمویت.

دو سال لەو پیشیان زور چاک لە برچاوە [illegible] روز [illegible] راحت مادی و معنوی [illegible] لە حالە کرتووە حال و درجەیکی واوە کە دست لە حیات و ژوت [illegible] [illegible] ملک و ملت بو [illegible] ملت [illegible] [illegible] بکا و حول بدا [illegible]

[illegible]

"پەیامی ئەخیر. کە مژدەی مانەوەی وەتەنە خۆشەویستەکەمانی گەیاند. رۆژێکی تازەی دا و سەعادەتێکی ئەبەدی بەخشی بۆمان. بەو موناسەبەتەوە غەزەتەی (ژیانەوە)ش کەوتە دەورەیەکی تازە و گەشاوە و. بۆ ئەوەی بون و ژیانمان تەمسیل و ئیرشاد بکا ناوی نرا (ژیان) تەنها لە ناوی پێشوی بە لابردنی دو (ە) و (و) یکی دواییەوە. ئینجا ئومێدی گەورەمان هەیە کە لەمەودوا ئەم غەزەتە خۆشەویستەمان نائیلی معاوەنەتی هەمو لایەک ببێ و. مەقالاتی فائیدەدار. کە موناسەبەتی ببێ بە ژیانمان و بە پێشکەوتن و سەعادەتمان. بۆ ئەم غەزەتەیە بنێررێت.

"ئیتر خوای تەعالا (ژیان)مان موبارەک و مەسعود بفەرموێت."

خوێندنەوەی ئەم سەروتارە رێبازی رەسمیی رۆژنامەکە رون ئەکاتەوە.

سەرەتا ئیشارەت بەوە ئەدا کە بە هۆی نامەزرانی حکومەتی کوردستان و شۆرشی شێخ مەحمودەوە ئەم وڵاتە خەریک بوە لەناو بچێ. تا (حامی موعەزەم) کە مەبەستی بریتانیایە فریای کەوتوە و رزگاری کردوە.

ئینجا ئیشارەت بەوە ئەدا کە بە هۆی کێشەی ولایەتی موسڵەوە چارەنوسی ناوچەکە دیار نەبوە ئاخۆ ئەخرێتە سەر تورکیا. یان ئەدرێ بە عیراق. بۆیە رۆژنامەکە ناو نراوە (ژیانەوە). بەڵام دوای ئەوەی ئەم کێشەیە بە لادا کەوتوە و. موسڵ بە یەکجاری خراوەتە سەر عیراق. ئیتر وەکو نیشانەی قوناغی نوێی ژیانی سیاسی ناوچەکە ناوی رۆژنامەکەیش لە (ژیانەوە) کراوە بە (ژیان).

1 . 1. سەردەمی محەمەد ئەدیب

سەرەتا کە ژیان دەرچوە کێ سەرنوسەر یا بەرێوەبەری بوە نەنوسراوە و دیار نیە. ج. ص (جەمیل صائیب) سەروتار و چەند وتارێکی سیاسی لە چەند ژمارەیەکی سەرەتادا نوسیوە. خوێنەر وا ئەزانێ ئەو بوە سەرنوسەری رۆژنامەکە. بەڵام پاش چەند ژمارەیەک دەنگی نەماوە. بەشدارییەکەی لە نوسینەکانی رۆژنامەکەدا. وەکو بەرچاو ئەکەوێ. هەر بە درێژە پێدانی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی (لە خەوما) یە. کە لە سەردەمی ژیانەوە وە دەستی پێ کرد بو.

لە ژ 1 ی 21 ی 1 ی 1926 – ژ 81 ی 1 ی 9 ی 1927 وا باوە کە محەمەد ئەدیب عەزیز (م. أ) و (م. أد) بوە.

بە بۆنەی تێپەربونی ساڵێک بە سەر دەرچونیدا. ژیان نوسیوێتی:

"دوهم ساڵی ژیان

"(ژیان) پێی نایە بەهاری دوهم ساڵی عومری. ئەم لاپەرانە کە هەمو وەختێ موبافەعەی حەقی کردوە و لە حەقیقەت جیا نەبۆتەوە و. کە یەگانە ئامالی لە رێگای سەربەرزی و پێشکەوتنی کورد و ئەم لیوایەدا سەرفی مەساعی بوە. ئەمڕۆ بە واسیتەی هیمەت و چاودێری سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەرێف. کە بە هەمو نەوعێ بۆ بەرزبونەوەمان تێ ئەکۆشێ. بە گوڵدەستەیەکی عیلم و ئەدەب ناوبردنی لایقە. (ژیان) بۆ نەشری ئەفکاری موفیدە سەحیفەیەکی حوڕ و سەرئازادە. لە بەر ئەمە رەغبەت پێ دان و بە خێو کردنی لە سەر هەمو کوردێک پێویستە."(ژیان. ژ 51. 27 ی کانونی سانی 927)

1 . 2. سەردەمی عەلی عیرفان

لە ژ 82 ی 20 ی 9 ی 1927 دا. عەلی عیرفان بە ناونیشانی (تەشەکورات و رجا) نوسیوێتی:

"چونکە جەنابی ئەدیب ئەفەندی مودیری مەتبەعەی ژیان تەعین کراوە بە کاتبی مالیەی سلێمانی. لەبەر مەشغولیەتی عەلاوەی ئەینەتوانی ئەم وەزیفەیەیش ئیفا بکات. ئیستیعفای کرد.

"لەسەر تەنسیب و ئەمری موتەسەریفی مەعالی هیمەم بەندە بۆ ئیفا کردنی ئەم وەزیفەیە تەنسیب و تەعین فەرموراوم. چونکە مەتبەعە واسیتەی تەرەقی وەتەنە و غەزەتەیش زبانی حسیات و تەرجومانی ئامالی میلەتە. مەعەل ئیفتیخار ئەم وەزیفەیەم قبوڵ و تەرعوهدە کرد."

"بۆ خاتری غەزەتەکەمان ڕۆژ بە ڕۆژ تەرەقیەک پیشان بدا و بۆ ساحەی مەدەنیەت هەنگاو بهاوێ ئیستیرحام لە هەمو منەوەران و ئەدیبان ئەکەم لە ناردنی مەقالە و شیعر غەزەتەکەمان بێ بەش نەهێڵنەوە."

ژیان لەم سەردەمەدا هەوڵی داوە زیاتر پێش بکەوێ. لە ژ 134 دا نوسیویتی:

"بۆ زانینی هەمو قارئینی کیرام

"مەعلومی هەمو قارئین و مشتەریە کیرامەکانمانە کە لە کوردستانی جنوبیدا، سلێمانی کە عائدەن وەکو مەرکەزێکی عمومیەتی، تەنها ئەم غەزەتەیەی تیا ئینتیشار ئەکات و، چونکە ئەسباب و ئەدەواتی مەتبەعەکەمان نوقسان بو لە هەفتەی دەفعەیەک زیاتر قابیل ئەبو غەزەتەکەمان ئینتیشار بکات، لەبەر ئەوە موەکین ئەبو هەمو حەوادیسێک و مەعلوماتێک لە وەقتی خۆیا دەرج بکرێ.

"حکومەتی مەحلیە و، بیلخاسە سەعادەتی موتەسەریفی ئەکرەمی، دەرکی ئەم حاڵە و ئەم نوقسانیەتەی فەرمو و، بۆ ئیستیکمالی هەمو ئەواقیساتێکی مەتبەعەکەمان لەگەڵ بەلەدیەدا مەشوەرەتی فەرمو و، بە واسیتەی هیمەتی موشار ئیلەیهی و بەلەدیەوە بۆمان ئیکمال کرا و، لە 1 ی ئەم مانگەوە هەفتەی دو کەرەت: دوشەموان دەفعەیەک و پێنجشەموان دەفعەیەک، غەزەتەکەمان ئینتیشار ئەکات. وە تەبیعی لەمەودوا مەتبەعەکەمان مەسرەفێکی فەوقەلعادە زیاتر بە ناوی خزمەتی میلەت و وەتەنەوە ئیختیار ئەکات، لەبەر ئەوە ڕجا ئەکەین لە مشتەریەکانمان کە معاوەنەتمان بفەرمون و، لە وەقت و میعادی خۆیدا بەدەلی ئابونەی غەزەتەکە بە ناوی بەلەدیەوە بۆمان ڕەوانە بفەرمون و، ڕجایش لە منەوەر و عالم و فازیلەکانی کوردستان ئەکەین کە لە خسوس ناردنی مەقالەی موفیدەوە معاوەنەتمان بفەرمون."

ئەمە دوەمین جار بو لە سلێمانی ڕۆژنامەیەک بتوانێ حەفتەی دو جار دەربچێ. جاری یەکەم پێشکەوتن بو. جاری دوەم ژیان. ئەمەیش دەری ئەخا کە ئەگەر ڕۆژنامەوانیی کوردیی دۆخێکی لە باری بۆ برەخسایە، شان بە شانی ڕۆژنامەکانی بەغداد و وڵاتانی دراوسێ پێش ئەکەوت و ئەبو بە ڕۆژانە. بەڵام هەمو جارێ قۆرتی سیاسی ڕۆژنامەوانیی کوردیی بردۆتەوە بۆ دواوە.

لە ژ 82 ی 20 ی 9 ی 1927- ژ 259 ی 4 ی 9 ی 1930 کە عەلی عیرفان سەرنوسەری بوە. ژیان لەو ڕۆژانەدا دەورێکی کاریگەری هەبوە لە داکۆکی مافی نەتەوەیی کورد و، نواندنەوەی جموجوڵی سیاسی چالاکەکانی کورد و، هاندانی خەڵک بۆ داوای مافی نەتەوەییان. لەبەر ئەوە دوای ڕوداوەکانی 6 ی ڕەشی ئەیلولی 1930 کە لە سلێمانی زۆر شت گۆڕاوە، پێ ئەچێ عەلی عیرفان یش گیرابێ و لە ژیان دور خرابێتەوە.

1 . 3. سەردەمی حسێن نازم

لە ژ 260- ژ 320 حسێن نازم سەرنوسەر بوە. لەو ماوەیەدا دیارە ژیان ئەو ئەختە نازادیەی هەبوە، نەیماوە. پیرەمێرد لە ژ 313 دا نوسیویتی:

"(ژیان) مان هەندێ لە ڕێ لای دابو
لالوت بوین، لامان باوی ئەما بو
ئەمجارە هەمو بۆی تێ دەکۆشین
کەمی و لاسەنگی بۆ دادەپۆشین"

1 . 4. سەردەمی پیرەمێرد

لە ژ 321 ی 9 ی 5 ی 1932 ەوە پیرەمێرد بۆتە بەڕێوەبەری.

لە ژ 322 ی 19 ی 5 ی 1932 دا بە بۆنەی مردنی حسێن نازمەوە، پیرەمێرد بە ناونیشانی (رازی برادەری) نوسیویتی:

"زۆر دڵشکستم بە کۆچکردنی هامدەرێکی وەک حسێن نازم بەگ. گەرچی منیش ڕێبوارم و نزیک بە بوارم بەڵام هێشتا هیوادارم. (ژیان) مان نزیک بو بە نەمان چونکو ئیتر بەلادیە هیچی پێ خەرج نەدەکرا. ناچار لە گۆشەنشینی هاتمە دەرێ و، دەستم دایە داوێنی (ژیان) چاک چاکی لە دەست نادەم. ئێستا بە سەرپەرشتی ژیان و چاپخانەکەم وەک خۆم بێ بەها و بە هیوای بێتە بەها گرتوتە ئەستۆ، ئەزانم باوەڕم پێ دەکەن کە تێ دەکۆشم پەنا بە ئیزادەی پاک دەیبەینە سەر. ئەمەندە هەیە هەمو کاڵایە بە خریدار دێتە برەو. من بە خریدارەکان دەنازم و پشتیوانیێش لە خوا دەخوازم."

لە ژ 321– ژ 406 ئیتر پیرەمێرد سەرپەرشتی کردوە. بەڵام ڕۆژنامەکە هەر بە ناوی شارەوانی سلێمانیەوە بوە.

لە ژ 407 ی 16 ی 8 ی 1934 – 553 ی 10 ی 3 ی 1938 پیرەمێرد چاپخانەکەی لە شارەوانی سلێمانی بە کرێ گرتوە. ئیمتیازی ڕۆژنامەکەیشی بە رەسمی بە ناوی خۆیەوە تۆمار کردوە.

لە ژ 553 بە دواوە مەجید یەعقوبی، موتەسەڕیفی ئەوسای سلێمانی کە تورکومانێکی کوردنەویست بوە، ڕۆژنامەکەی داخستوە.

(ژیان) ی سەردەمی پیرەمێرد پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە.

سەرنوسەرەکانی ژیان لە بواری ڕۆژنامەوانیدا پیاوی کارامە و، لە بواری نوسیندا بە توانا و لە ڕۆشنبیریی گشتیدا شارەزا بون. بەڵام دوای ئەوەی وەزیفەکەیان گوێزراوەتەوە مەیدانێکی تر. ئیتر دەستیان لە ڕۆژنامەوانی و نوسین هەڵگرتوە. لە ناویاندا هەر پیرەمێرد هەتا سەر ڕۆژنامەوانی کردوتە (پیشە) ی خۆی.

2. نوسەرەکانی

ژیان ڕۆژنامەی شارەوانی سلێمانی بوە.

پێناچێ سەرنوسەر و دەستەی نوسەرانی دیاریکراو و هەمیشەیی هەبوبێ. ئەوەی بۆتە مودیری مەتبەعەکەی شارەوانی، لە هەمان کاتدا بۆتە بەڕێوەبەر و سەرنوسەری ڕۆژنامەکەیش. ئەوانە یش وتاریان بۆ نوسیوە خۆبەخش بون. هەر کەسەیان، جیاواز لە دنیای ڕۆژنامەوانی، ئیشوکاری تایبەتی خۆی هەبوە.

چاوگێڕانێ بە سەد ژمارەی دو ساڵی یەکەمی ژیاندا. کۆمەڵێ ناو و ناونیشان بەرچاو ئەکەون. بەڵام زۆریان لە پاش ماوەیەک ون بون و لە دنیای نوسین و ڕۆژنامەوانی کوردیدا دەنگیان نەماوە.

ژمارەکانی سەرەتا 1 و 2 و 8 چەند وتارێکی بە قەڵەمی ج. ص (جەمیل صائیب) تیادا بڵاوکراوەتەوە. وەکو خاوەنی ڕۆژنامەکە ئەدوێ و ئەنوسێ. بەڵام دوای چەند ژمارەیەک دەنگی نوسینی نەماوە. تەنیا (لە خەوما)کەی بە ئەڵقە بڵاو کردۆتەوە.

ئەحمەدی عەزیز ئاغا، لە ژ 2 و 5 و 44 و 48 دا چەند وتارێکی سیاسی و پەروەردەیی نوسیوە. پاش چەند ژمارەیەک ئەویش دەنگی نەماوە.

کوردی (مستەفا سائیب)، کە نوسەرێکی رۆشنبیر و توانا بوە. لە ژ 9 و 10 دا بە 2 ئەڵقە (بۆ مەبعوسە موحتەرەمەکان) و، لە ژ 35 و 36 و 40 و 41 دا بە 4 ئەڵقە (کورد بۆچی پێش ناکەوێ؟) و، لە ژ 52 دا (تەربیە لە ئەقوامی ئەنغلۆ - ساکسۆن دا) چەند وتارێکی نوسیوە.

م. نوری (شێخ نوری شێخ ساڵح) کە یەکێ لە نوسەرە بە برشتەکانی ئەو زەمانە بوە. جگە لەوەی لە ژ 20 ەوە زنجیرەیەک وتاری لە سەر (ئەدەبیاتی کوردی) بڵاو کردۆتەوە، لە ژ 26 و 27 دا لە سەر کوردایەتی کەرکوک (جواب بۆ غەزەتەی نجمە) ی نوسیوە. هەروەها لە ژ 4 و 9 و 45 چەند شیعرێکی بڵاو کردۆتەوە. لەوانە، شیعرێکی لە ژ 49 دا بە بۆنەی تێپەڕینی ساڵی شومی 1926 ەوە.

رەشید نەجیب، کە یەکێ لە نوێکەرەوەکانی شیعری کوردیە لە ژ 54 و 91 و 94 دا چەند شیعرێکی نوێی بڵاو کردۆتەوە. هەروەها نوسەرێکی توانای ئاگاداری رووداوەکانی دنیای نوێ بوە، لە ژ 137 و 138 و 139 و 142 و 146 دا چەندین وتاری کۆمەڵایەتی بە پێزی نوسیوە.

ع. عەزیز (عەبدوڵا عەزیز) کە مامۆستایەکی رۆشنبیر و کوردپەروەری هەولێری بوە، لە ژ 29 و 51 و 145 و 148 دا چەندین وتاری لەسەر زمانی کوردی و پەروەردە و تەرجومەی کوردی کتێبەکانی مەکتەب، نوسیوە.

ع. واحید مەجید کە دواتر بە نیمزای (ع. و. نوری) کتێب و وتارەکانی بڵاو کردۆتەوە، لە ژ 30 و 31 دا (تاریخی: ئەڵمانیا، ئیتاڵیا لە پێش وریابونەوەی ئەوروپا و لە دوایی دا) لە ژ 34 و 36 دا (نیزامی مەداریس لە ئینگلتەرە، ئەڵمانیا، ولایاتی موتەحیدەی ئەمەریقا و فەرانسە چۆنە؟) ی نوسیوە.

م مەعروف (میرزا مارف) لە ژ 38 و 39 و 41 و 63 و چەند ژمارەیەکی تری دا بە ناوی (حەقائیقی وەجیزە) هەندێ قسەی نەستەقی، بە زمانێکی خەست، لە رستەی چڕوپڕ دا، لە شێوەیەکی فەلسەفی دا دارشتۆتەوە.

حەسەن کوردستانی کە ئەبێ نازناوی یەکێ لە رۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە بێ، لە ژ 3 دا وتارێک و، لە ژ 16 و 17 دا وتارێکی تیۆری لەسەر (وەتەن – میلەت، وەتەنی – میلیەت) نوسیوە.

مستەفا شەوقی و عەونی (عەونی حاجی گورون) لە ژ 6 دا، رەمزی لە ژ 7 دا، زەکی سائیب (مستەفا سائیب) لە ژ 61 دا، فەتحوڵا ئەسعەد لە ژ 53 دا، شاکیر فەتاح لە ژ 52 دا، محەمەد زەکی لە ژ 55 و 56 دا، ئەمان و چەند کەسێکی تر هەریەکە یەک وتار یان زیاتریان بڵاوکردۆتەوە.

محەمەد ئەدیب عەزیز کە ئەبێ مودیری مەتبەعە و سەرنوسەری غەزەتەکە بوبێ، تا ژ 61 هیچ وتارێکی بە ناوی خۆیەوە بڵاو نەکردۆتەوە، بەڵام لە ژ 61 بە دواوە بە نیمزای (م. أ.) و (م. أد.) زۆری سەروتارە گرنگەکانی ژیانی نوسیوە.

پیرەمێرد کە لەو ماوەیە دا وەکو ژ 6 لە ژێر سەرناوی (هاتنەوە)دا نوسیویتی: "پێری لە موعتەبەرانی وڵات جەنابی حاجی تۆفیق بەگ تەشریفی هێنایەوە سلێمانی. عەرزی بەخێر هاتنی ئەکەین." ئیتر بە یەکجاری سلێمانی کردۆتە مەڵبەندی ژیانی خۆی. لە ژ 9 ەوە بە شیعرێک کە بە شێوەی کۆن (بە ئەشنەی نوتقەکەی مەنوبی سامی)یەوە داینـاوە و بە نیمزای (کوردی) ەوە بڵاوی کردۆتەوە، دەستی کردوە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی. دوای ئەوە شیعرەکانی تری لە ژ 13 و 36 و 37 و 40 و 45 دا بە شێوەی تازە هۆنیوەتەوە. پیرەمێرد پشتیوان و هاندەرێکی بە هێزی نوێکەرەوەکانی شیعری کوردی بوە.

فایەق بێکەس لە ژ 10 و 80 و 87 و 101 دا و، قانع لە ژ 42 دا، کە رەنگە ئەوە یەکەمین شیعری چاپکراوی بێ و، حەمدی لە ژ 60 دا و، عەلی کەمال باپیر لە ژ 75 دا و، فایەق زێوەر لە ژ 14 و 46 دا شیعریان بڵاو کردۆتەوە.

(ژیان) لە سەردەمی عەلی عیرفاندا بە دەگمەن شیعری تێدایە. بە دەگمەن نوسینی نوسەرانی تری بڵاو کردۆتەوە. پێ ئەچێ هەمو بابەتەکانی رۆژنامەکە خۆیان ئامادەیان کردبێ.

3. بڵاوکردنەوەی

رۆژنامە بەوەندە تەواو نابێ نوسینی بۆ ئامادە بکرێ و چاپ بکرێ. بەڵکو گرنگترین قۆناغی، جۆری بڵاوکردنەوەیەتی.

لە کوردستان دامەزراوێکی تایبەتی بۆ بڵاوکردنەوە و پەخشی چاپکراو نەبوە. ژیان خۆیشی نەی توانیوە دەزگایەکی پەخش دامەزرێنێ. لە زۆری شارەکانی کوردستاندا کتێبفرۆشی و ناوەندی تایبەتی بە فرۆشتنی کتێب و رۆژنامە نەبوە. تا ماوەیەکی درێژ یش دەزگایەکی رێکوپێکی پۆست نەبوە. رێگاوبان کەم و خراپ و، ئۆتۆمۆبێل زۆر کەم، بەڵکو دەگمەن بوە. بۆ هەندێ لە قەزا و ناحیەکان رێگەی ئۆتۆمۆبێل هەر نەبوە. بە وڵاخ هاتوچۆی بۆ کراوە. سەرەڕای ئەمانە هەمو، بە هۆی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودەوە رێگاوبانەکان نائاسایی بون. بە زۆری بە قافڵە و لە گەڵ زرێلی جەنگی هاتوچۆ کراوە.

ئەمانە هەمو کاریان لە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە کردوە.

ژیان چەندی لێ چاپ کراوە، چەندی لێ ساغ بۆتەوە و گەیشتۆتە دەس خوێندەواران و، گەیشتۆتە چەند شار و شوێن و چەندی ماوەتەوە؟ لەبەر ئەوەی لیست و ئەدرەس و دەفتەرەکانی ئەو زەمانە لەبەر دەس دا نین، بە وردی نازانرێ.

بە مەزەندە، بە پێی توانای هونەری چاپخانەکە و بە پێی توانای مادی رۆژنامەکە، دابێ لە هەزار دانە تێ پەڕی بێ کە بۆ ئەو رۆژگارە ژمارەیەکی گونجاو بوە.

هەر بە هۆی ژیان خۆیەوە ئەزانرێ کە ژیان: جگە لە سلێمانی و دەوروبەری، گەیشتۆتە بەغداد، کەرکوک، چەمچەماڵ، هەولێر، کۆیە، شەقڵاوە، رەواندز..

لە ژ 97 دا ئەم (تکا) یەی بڵاو کردۆتەوە:

"لە موەزەفینی دائیرەی مەتبەعە تەیب ئەفەندی بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی ئابونەی ژیان نێررا بۆ لیوای کەرکوک، هەولێر، قەزای چەمچەماڵ. تکا لە مشتەریەکانمان ئەکەین بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم و معاوەنەتی لازمەی لە حەق ئیجرا بفەرمون."

لە ژ 184 دا ئەم ئاگاداریەی بڵاو کردۆتەوە:

"... لە موەزەفینی مەتبەعە شێخ تەیب ئەفەندی بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی غەزەتەکە نێررا بۆ کەرکوک، هەولێر، رەواندز، کۆیە، شەقڵاوە، ئیستیرحام ئەکەین معاوەنەتی بفەرمون و بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم بکەن."

لە ژ 220 یش دا ئەم ئاگاداریەی بڵاو کردۆتەوە:

"تکایەکی تایبەتی

"ئیدارەی غەزەتەکەمان، بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی ئابونە، ئەوی لە خزمەت ئەو زەواتە کیرامانەیە کە لە بەغدادن، جەنابی شاکیر موجریم ئەفەندی کردوە بە وەکیل، دەفتەرێکی موسەدەقی بۆ ناردوە، ئیستیرحام لە مشتەریەکانی بەغدادمان ئەکەین ئەو میقدارە پارەیەی کە لە خزمەتیانایە و کە لای شاکیر ئەفەندی مەعلومە بە تەواوی تەسلیمی بفەرمون.

"ئومێدی قەویمان بە کرپارە موحتەرەمەکانمان هەیە کە بۆ یاریدانی غەزەتەکەمان هەمو نەوعە معاوەنەتێک دریغ نەفەرمون و تیکراری ئیستیرحام ئەکەین بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم بفەرمون. ژیان"

لە دو مەسەلەی گرنگدا کە ژیان لەسەری نوسیون، لە رەواندزەوە بۆ هاوبەندگی تەلگراف و نامەی پێ گەیشتوە. جاری یەکەم کە بەرپەرچی قسەکانی داود حەیدەری داوەتەوە لە مەجلیسی مەبعوسان دا سەبارەت بە خوێندنی زمانی کوردی. جاری دوەم کە پشتیوانی لە ئیسماعیل بەگی رەواندزی کردوە سەبارەت بە دژایەتی تەجنیدی ئیجباری.

ژیان چەند جاریێ میعادی دەرچونی گۆڕیوە، بۆ ئەوەی لە گەڵ رۆژانی هێنان و بردنی پۆستەدا رێک بکەوێ، لە ژ 77 دا نوسیویێتی:

"گۆڕینی میعادی دەرچونی غەزەتەکەمان

"لەبەر ئەمەی لە هەفتەیەک دا جارێک پۆستە هاتوچۆ ئەکات و ئەو جارەیش بەر رۆژی سێشەمە پێش دەرچونی غەزەتەکەمان ئەکەوێ، بۆ ئەمەی غەزەتەی کڕیارەکانی دەرەوەمان زۆر دوا نەکەوێ، میعادی دەرچونی غەزەتەکەمان گۆڕی و وەکو پێشو کردمانەوە بە رۆژی پێنجشەمە. لەمەودوا هەمو جارێ لەو رۆژەدا دەر ئەچێ."

4. سەرچاوەی دارایی

سەرچاوەی دارایی ژیان بریتی بوە لە: پارەی ئابونەکانی و، دەرامەتی لە ئیعلان.

لە لاجانگی چەپی ناوچەوانی ژمارە 1 دا نوسراوە:

"بەدەلی ئابونە بە 3 مانگ روپیەونیوێک، بە 6 مانگ 3 روپیەیە. لە 3 مانگ کەمتر ئابونە قەید ناکرێ. بۆ دەرەوە بەدەلی ئابونە حەو روپیەو نیوە. نوسخەی بە ئانەیەکە."

لە لاجانگی راستی ناوچەوانیدا نوسراوە:

"بۆ هەمو شتێک موخابەرات بە ناوی ئیدارەخانەوە ئەکرێ. ئیعلانات بە دێرێک 6 ئانە دەسێنرێت."

لە ژ 134 هوە، لە باتی جارێک، هەفتەی دو جار دەرچوە، لەبەر ئەوە ئابونەکەی زیادی کردوە. بەڵام نرخی بڵاوکردنەوەی ئیعلان وەکو خۆی ماوەتەوە. لە لاجانگی چەپی ناوچەوانی یەکەم لاپەڕەیدا نوسیویێتی:

"کڕیار

"بە شەش مانگ پێنج بە ساڵێک دە روپیە دەدا. بۆ دەرەوە دوجرەتی پۆستەی عەلاوە ئەکرێ. شەش مانگ کەمتر ئابونە قەید ناکرێ.

"ئیعلانات

"دێرێک 6 ئانە دەسێنرێت.

"یەکی بە ئانەیەکە."

ئەو سەردەمە عیراق هێشتا لە ژێر دەستی ئینگلیزدا بوە. دراوی تایبەتی خۆی نەبوە، بە دراوی هیندی سەودا کراوە. لەبەر ئەوە نرخی ئابونە و ئیعلان بە روپیەی هیندی دیاری کراوە.

دوای ئەوەی دراوی عیراقی گۆڕاوە، لە باتی روپیە و ئانە و پای هیندی، دینار و فلسی عیراقی خستۆتە بازارەوە، (ژیان) یش راگەیاندنەکەی بەم جۆرە لێ کردوە وەکو لە ژ 322 دا نوسیویێتی:

"کڕیار

"بە شەش مانگ 225 بە ساڵێک 450 فلس دەدا. بۆ دەرەوە دوجرەتی پۆستەی عەلاوە ئەکرێ.

"ئیعلانات

"لە دێرێکەوە هەتا شەش مەقتوعەن 225 و لە شەش زیاتر جگە لە 225 فلسەکە بۆ دێرە زیادەکانیش دێری 28 فلس ئەسێنرێ.

"نوسخەی بە پێنج فلسە"

4 .1. ئابونە

ئابونەکانی بە زۆری بریتی بون لە فەرمانبەرانی ناوەندەزگاکانی حکومەت. چ لە ناو شار و چ لە دەرەوەی، هەروەها هەندێ لە بازرگان و سەرانی عەشائیر و موختار و کوێخای گوندەکان.

پارەی ئابونە، وەکو لەم ئاگاداریەدا نوسراوە، ئەبو بە ناوی سندوقی بەلەدیەوە بنێردرێ:

"بۆ زانینی مشتەریە کیرامیەکانمان

ئیدارەخانەکەمان چونکە مەئمورەکانی موکەفەل (رەنگە ئەمە هەڵەی چاپ بێ و مەبەستی موکەلەف بێ) نین و، زاتەن مەربوتی بەلەدیەیشە، ئیستیرحام ئەکەین هەر پارەیەک ئەنێرن بۆ ئەم ئیدارەیە رەئسەن بە ناوی سندوقی بەلەدیەوە ئیرسالی بکەن. (ژ)"

ژیان لە ساڵی یەکەمیدا داوای پارەی لە ئابونەکانی نەکردوە. بەڵام لە ساڵی دوەمیەوە چەندین جار و بە چەند چەشنی جیاواز، داوای لێ کردون:

لە ژ 55 و 56 و 59 و 61 و 64 و 69 و 74... دا ئەم داوایەی دوبارە کردۆتەوە:

"ژیان

"ئەتانەوێ ئەم قەزاتەیە بەرێوە بچێ و بژی حەقی کرپاریەکەی دوا مەخەن و زو بینێرن."

لە ژ 58 دا نوسیویتی:

"تکا لە کرپارە موحتەرەمەکانمان

"لە کرپارەکانی دەرەوەمان خاسەتەن تکا ئەکەین کە بۆ ئەمەی بە رێکوپێکی غەزەتەکانیان پێ بگات و، مەیدانی گلەیی نەمێنێ، لەمەودوا لوتفەن لە گۆرینی ناونیشانیان زو خەبەردارمان بفەرمون.

"وە دیسان تکا ئەکەین ئەوانەی کە قەرزداری ژیانن و بەدەلاتی ئیشتیراکیان پڕ ئەکردۆتەوە بە بێ دواخستن بە ناوی ئیدارەخانەوە بە ناردنی هیمەت بفەرمون."

لە ژ 79 دا نوسیویتی:

"تکا لە کرپارەکانی دەرەوەمان

"تا ئێستا بۆ ناردنی بەدەلاتی ئابونە کە لە بەقایادا ماوەتەوە گەلێ جار عەرزمان کرد. کرپارە موحتەرەمەکانی دەرەوەمان لە گەڵ ئەمەی کە ئەمرۆ دونەتێکە غەزەتەمان دەرئەچێ هێشتا ئەعزەمیان بەدەلاتی ئیشتیراکیان نەداوە. ئەمە ئەبێتە مانیعی بەرێوەچونی (ژیان) مان. بۆ هەمو لایەک خسوسی میقداری مەتلوباتمان عەرز کردوە. رجا ئەکەین بە بێ دواخستن هەرکەسە حسابی خۆی پڕ بکاتەوە و دیسان تکا ئەکەین بۆ ئەمەی مونتەزەمەن غەزەتەکانیان پێ بگات و مەیدانی گلەیی نەمێنێ لەمەودوا لوتفەن لە گۆرینی ناونیشانیان زو خەبەردارمان بفەرمون."

لە ژ 89 دا نوسیویتی:

"بۆ کرپارە موحتەرەمەکانمان

"تەبیعی هەمو ئەیزانن ئیدارەکەمان مەساریفاتی زۆرە. بۆ تەبعی غەزەتەیەک پارەیەکی زۆر لازمە. موقابیل بە هەمو سەرفیاتێ واریداتی پێویستە. رجا لە کرپارەکانمان ئەکەین و ئەم مەسئەلەیە حەوالەی ویجدانیان ئەکەین. ئەوانەی کە حەقی دو ساڵ سێ ساڵیان لە سەرە و لە ئیبتیدای نەشری ئەم غەزەتەوە هێشتا هیچیان نەداوە یا بە جارێ وە یاخود بە قیست پارەی ئابونەکەیان بنێرن. ژیان"

لە ژ 133 دا بە هەرەشەوە نوسیویتی:

"ئاخر رجا

"هەتاکو ئیستا بۆ تەراکومی بەدەلاتی نابونەی غەزەتەکەمان موتەعەیید دەفعە رجامان لە مشتەریەکانمان کرد لەوانەی کە هێشتا حەقی 3 و 4 ساڵیان لایە. رجا ئەکەین بۆمان بنێرن وەئیلا وەکو غەزەتەکەیان بۆ نانێرین مەجبور ئەبین بە موراجەعەتی قانونی و لە غەزەتەیشا ناویان دەرج ئەکەین. ژیان"

پێ ئەچێ هەمو ئەم رجا و تکا و هەڕەشەیە کەڵکی نەبوبێ، لەبەر ئەوە یەکێ لە فەرمانبەرەکانی چاپخانەیان ناردوە بۆ کۆکردنەوەی. لە ژ 184 دا نوسیویتی:

"تکایەکی تایبەتی

"هەمو ئەیزانین لە موحیتی کوردستانا هەر ئەم غەزەتە کوردیە هەیە و، ئەمەیش چونکی مشتەریەکانی معاوەنەتی ناکەن و حەقەکەی لە میعادی خۆیدا تەسلیم ناکەن ئەک قابیل نیە ئینتیزامێکی پێ بدرێ بەڵکو ئەگەر هەر وا بمێنێتەوە ناژی. ساڵانەی غەزەتەکە ئەوەندە نیە کە ئەهمیەتی بێ. حەقی چوار ساڵی موقابیل حەقی ساڵێکی غەزەتەیەکی ترە. لە سەر هەمو حەمیەتمەندێک و وەتەنپەروەرێک پێویستە بە جدی معاوەنەتی بکات و بیژێنێ.

"ئینجا بۆ ئەوەی غەزەتەکەمان بژی و بتوانین ئینتیزامێکی پێ بدەین رجا لە مشتەریەکانی خاریج و داخل ئەکەین وە بیلخاسە لە قیسمی مەئمورین و ئەوانەی کە هێشتا حەقی چوار ساڵیان لا ماوە و مەبلەغێکی زۆر قەرزدارن. ئیتر مەیدانی نوسین و بەعزێ معامەلە نەدەن و، بە ئەوەل واسیتەدا بە ناوی سندوقی بەلەدیەی سلێمانیەوە چەند قەرزدارن بۆمان بنێرن و رجاکەمان تەرویج بفەرمون.

"زاتێ لە موەزەفینی مەتبەعە شێخ تەیب ئەفەندی بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی غەزەتەکە نێررا بۆ کەرکوک، هەولێر، رەواندز، کۆیە، شەقڵاوە. ئیستیرحام ئەکەین معاوەنەتی بفەرمون و بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم بکەن."

شێخ تەیب ئەفەندی بە سەرکەوتویی لە کارەکەی گەڕاوەتەوە، لە ژ 186 دا سپاسنامەیەکی نوسیوە:

"تەشەکور و بەیانی مەمنونیەت

"هەروەکو لە نوسخەکانی پێشوا بەیان کرابو، لەسەر تەنسیبی ریاسەتی بەلەدیە و تەسدیقی سەعادەتی موتەسەڕیفی ئەفخەمی بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی موتەراکیمەی ژیان کە لە لیوای کەرکوک و هەولێر و قەزای رەواندزا هەی بو بۆ دەرەوە چوبوم.

"لەم جێگایانەدا لە تەعریف بە دەر یارمەتی و تەسهیلاتم بۆ نوێنرا. لە قەزای رەواندزا ئەو معاوەنەتە کە لە تەرەف قائیمقام جەنابی کەریم بەگەوە ئیبراز فەرموراوە شایانی تێزکارە. بیلخاسە معاونی مودیری پۆلیس جەنابی حەمزە بەگ بینا بە سائیقەیەکی مەحەبەت کە دەرحەق بە ئەهلی وڵاتەکەمان و مەتبوعات هەیەتی، جگە لەو هەمو تەسهیلاتەی کە لە رێی گرێکردنەوەی بەدەلات کردی و خۆشی حەقی ساڵێکی پێشینەن دا. بەرامبەر بە شەخسی خۆشم بە دەرەجەیەک کە مەحجوبی لوتف و ئینسانیەتی بوم خزمەت و معامەلەی میهماننەوازی دەرحەقم کردوە. لە بەر ئەمە بە لازمم زانی کە بە ناوی ژیان و خۆمەوە علەنەن عەرزی تەشەکورات و بەیانی مەمنونیەت بکەم. تەیب"

4 .2. ئیعلانات

پارەی بڵاوکردنەوەی ئیعلان بۆ هەمو رۆژنامەکانی جیهان سەرچاوەیەکی گرنگی دەرامەتە. بۆ (ژیان) یش هەروا بوە.

ئیعلانات ئەگونجێ دو سەرچاوەی هەبێ: یەکێکیان دامەزراوە ئەهلیەکان و، ئەوی تریان دامەزراوە حکومەتی‌یەکان.

لە کوردستانی ئەو رۆژگارەدا بازاڕ زۆر تەسک و بازرگانی زۆر کەم و دواکەوتو بوە. کۆمپانیا و دامەزراوی بازرگانی خاوەن سەرمایەی داونجی و گەورە نەبوە. لەبەر ئەوە (ئیعلانات)ی ئەهلی نەبوە. ئەگەر بوبێت یش زۆر کەم و بێ بایەخ بوە. هیچ کەلەبەرێکی دارایی بۆ ژیان پڕ نەکردۆتەوە.

ئیعلاناتی حکومەتی چەند جۆرێ بون. لەوانە هێ: دادگاکان، دائیرەی ئیجرا، دائیرەی تاپۆ، مەقامی موتەسەریفیەت، ریاسەتی بەلەدیە، کەرتەکانی پۆلیس و جەیش...

هەندێ لەم ئیعلاناتە سەرچاوەیەکی گرنگ بون بۆ دەرامەتی ژیان و، هەندێکی تریان رەنگە بێ پارە بڵاو کرابنەوە.

لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لە سەر ژیان و ئیعلانەکانی لەم کتێبەدا نوسراوە.

5. هونەری رۆژنامەوانی

5. 1. لایەنی رۆژنامەنوسی

ئەگەر رۆژنامە بە ناوچەیی (Local) و، نیشتمانی یا نەتەوەیی (National) و، ناودەوڵەتانی یان وەکو ئەڵێن نێونەتەوەیی (International) دابەش بکرێ، ئەوا ژیان ئەچێتە خانەی رۆژنامەی ناوچەیی‌یەوە.

ژیان لە باری رۆژنامەنوسی‌یەوە، لە چاو هەلومەرجی ئەو زەمانەی سلێمانی‌دا بگرە هێ عیراق‌دا، بە رۆژنامەیەکی سەرکەوتو دائەنرێ. زۆری بابەتەکانی رۆژنامەی هاوچەرخی تێدا بڵاو کراوەتەوە:

هەواڵ:

هەواڵی ناوخۆی سلێمانی و دەوروبەری

هەواڵی بەغداد و حکومەت و پارلەمانی عیراقی

هەواڵی دەوڵەتانی دراوسێ و گەشەکردنی پێوەندی‌یان لە گەڵ حکومەتی عیراق

هەواڵی خەباتی گەلان لە پێناوی سەربەخۆیی‌دا وەکو میسر، سوریا، هیندستان...

هەواڵی جەنگ وەکو مەنچوریا

هەندێ لە ئیعلانەکانیشی بە هەواڵ و، لە چاو ئەو سەردەمەدا بە هەواڵی گرنگ دائەنرێن. وەکو ئیعلانی وەرگرتنی خوێندکار لە خوێندنگەی عەسکەری‌ی عیراق.

ریپۆرتاج:

ژیان چەندین ریپۆرتاجی گرنگی نوسیوە. زۆریان نرخی مێژویی گەورەیان هەیە. لەوانە: ریپۆرتاج دەربارەی سەردانی مەندوبی سامی لە سلێمانی. ریپۆرتاج دەبارەی سەردانی سەرۆوەزیرانی عیراق و وەزیرەکان. ریپۆرتاج دەربارەی تەشریف هێنانی مەلیک...

وتار:

ژیان بە سەدان وتاری سیاسی، پەروەردەیی، کۆمەلایەتی، ئەدەبی، ئابوری، رۆشنبیری... تێدایە.

لێدوان:

هەندێ جار دوای گێڕانەوەی ڕوداوێک، ژیان ڕەئی خۆی بە لێدوانێ لە پەراوێزی هەواڵەکەدا نوسیوە.

سەروتار:

زۆر ژمارەی، سەروتاری تێدایە. بابەتەکانی جۆراوجۆرن: سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەلایەتی و ئابوری... و هەندێکیشیان باس لە خەمی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک ئەکەن و داواکارییە لە حکومەت.

زمانی نوسین:

ئەگەرچی ژیان چەند جارێ باسی بژاری زمانی کوردی کردوە و، لە ژ 45 دا هەواڵی پێکهێنانی (کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی) بڵاو کردۆتەوە و، لە ژ 49 دا ئەم (تکا) یەی نوسیوە:

"هەروەکو لە خوێندەوارە موحتەرەمەکانمانەوە مەعلوم بوە ئەمڕۆ بۆ ڕێکخستنی زبانەکەمان و، لە کەلیماتی غەیرە ڕزگار کردنی لە هەمو لایەکەوە هەوڵ ئەدرێ و تێ ئەکۆشرێ، چونکە بە تەواوی زانرا کە یەکێ لە وەسائیتی سەرکەوتن، پێشکەوتنی میلەت ڕێکخستن و سەربەخۆیی زبانەکەیەتی. جا لەبەر ئەمە بە تایبەتی لەو تێگەیشتوە بیرروناکانەی کە بۆ خزمەتی هاوولاتیەکانیان لە پەڕی ژیان دا مەقالە ئەنوسن، تکا ئەکەین بۆ ئەمەی هەمو کەسێ بە بێ گرانی تێ بگا، زۆر هەوڵ بدەن و هەتا ئەتوانن کەلیمەی کوردی پەتی ڕون و شیرین بە کەڵک بهێنن، کە مەقسەد لەو نوسینانەش قازانجی هەمو.."

ژیان خۆی لەم قۆناغەدا بە هیچ جۆرێ گوێی نەداوەتە پاکی و پاراوی زمانی نوسینەکانی. ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبی بەکارهێناوە، کە ئەیتوانی لە باتیان وشەی کوردی باو بە کار بهێنێ. هەروەها هەندێ وشەی لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە وەرگرتوە بەلام بە فۆنەتیکی تورک نوسیونی و، کافەکانی کردوە بە قاف.

ڕێنوسەکەی:

ڕێنوسەکەیشی بە گشتی هەمان ڕێنوسی زمانی فارسی و عەرەبی بوە. ساڵی 1930 کە تۆفیق وەهبی بۆتە موتەسەریفی سلێمانی، ماوەی چەند هەفتەیەک، ژیان پێڕەوی ڕێنوسێکی نوێی کردوە، ئەگەرچی لە بزوێنەکانیدا لە هی ئەم سەردەمەوە نزیک بوە بەلام زیاد لە پێویست (موبالەغە) لە بە کار هێنانیدا کراوە. وشە و ڕستە عەرەبیەکانیشی بەو ڕێنوسە تازەیە نوسیوە، بەلام دواتر وازی لێ هێناوە.

5 .2 . لایەنی ڕۆژنامەگەری

سلێمانی هەر ئەو چاپخانە کۆنەی لێ بوە کە 1920 مێجەرسۆن هێنا بوی. ماکینە و دەزگاکانی هەر کۆنەکان بون و، بە هۆی پەشێوانی هەلومەرجی سیاسی سلێمانیەوە جاروبار پەکی کەوتوە. وەستاکانی سلێمانی، لە ئاسنگەر و چەخماخساز، چاکیان کردۆتەوە. ئەم (عەفو خواهی) یە تا رادەیەکی باش، کەمی توانای چاپخانەکە و ڕۆژنامەکەیان ئاشکرا ئەکا: "لەبەر ئەخۆشی یەکێ لە موەزەفەکانمان دو هەفتە غەزەتەکەمان مومکین نەبو دەرچێ ئیستیرحامی عەفو لە قارئینی کیرام ئەکەین. ژیان"(ژ 132).

ڕۆشنبیرانی سلێمانی دو جار هەوڵی کڕینی دەزگای نوێی چاپیان داوە. بۆ ئەو مەبەستە لەناو خەڵکدا پیتاکیان کۆکردۆتەوە: جاری یەکەم، لە سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحمودا. جاری دوەم، کۆمەڵی زانستی کوردان. هەردو جار بە هۆی تێکچونی باروبۆخی سیاسی سلێمانیەوە سەری نەگرتوە. جار ناچار پەنایان بردۆتەوە بەر دەزگای چاپە کۆنەکەی مڵکی شارەوانی.

ژیان. بە هەمان چاپخانە و بە هەمان قەوارە و شێوەی رۆژنامەکانی پێش خۆی دەرچوە کە لە چاو هونەری چاپ و رۆژنامەوانی سەردەمی خۆیدا، زۆر لە دوا بوە.

کلێشەی ناوەکەی لە ژ 1- 11 ئەوە بوە کە بە جۆرێکی سادە لە سلێمانی لەسەر تەختە هەڵکەنراوە. بەڵام لە ژ 12 بە دواوە کلێشەکەیان گۆڕیوە بە یەکێکی کە کە حوزنی و یومنی دروستیان کردوە. لە ژ 12 دا بەم بۆنەیەوە نوسیویتی:

"عەلەنەن تەشەکور

"زۆر زۆر سەربەرز و خۆشحاڵ بوین بەمەی کە غەزەتەکەمان خۆی بردۆتە دڵی برا کوردە موحتەرەمەکانمانەوە و لە هەمو لایەکەوە بۆ یاریەدان و پێشکەوتنی غەزەتەکە هەوڵ ئەدرێ. هەر بەم فکرە بەرز و بڵندە ئەمجارە لە بەغداوە لە لایەنی حەکاکی بە ناو جەنابان: حوزنی و یومنی ئەفەندیەوە سەرلەوحەیەک بۆ غەزەتەکەمان بەو نەخش و نیگارە، بەو نوسینە جوان و شیرینەی خۆیان کە دڵی هەمو کەسی بردوە، بە دیاری بۆمان نێرراوە. لە سایەی ئەم هیمەتە گەورەوە (ژیان) جەژنی بو بە دو.

"لە بەر ئەمە بە هەمو هێز و قوەتی دڵ تەشەکوراتی خالیسانەمان پێشکەش و بە دڵ و گیان تەقدیری ئەم خزمەت و هیمەتە گەورەیەیان ئەکەین و. لە جیاتی ئەم دیاریە بە قیمەتە (ژیان) ناوی موحتەرەمی (حوزنی و یومنی) لە سەر سەری هەتا بژی ئەنوسێ و تەقدیسی ئەکات."

حوزنی لەو کاتەدا هێشتا رۆژنامەوانی نەکردبو بە پیشە لە بەغداد دوکانی حەکاکی هەبوە.

هەمو ژمارەکانی 4 لاپەڕەی 32 بە 20 سم بوە (جگە لە چەند بۆنەیەکی کەم کە بە هۆی روداوی گرنگەوە کراوە بە 6 لاپەڕە یان پاشکۆیەکی لە گەڵ چاپ کراوە) و. هەر لاپەڕەیەکیشی 2 ستونی تێدا نوسراوە.

مانشێتی نەبوە. خەتاتی تێدا بە کار نەهاتوە. حەرفی سەردێڕی وتار و مەتنەکەی یەک جۆر و یەک قەوارە بون. چەند حاڵەتێکی زۆر دەگمەن نەبێ کە هەندێ سەردێڕ بە حەرفێکی کەمێ ئەستورتر نوسراون. ئەوانی تری هەموی وەکو یەکە.

لە هیچ ژمارەیەکیدا وێنە و کاریکاتێر نیە.

6. نرخی مێژوی ی

ژیان بۆ مێژوی نوێی کورد، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەنی جێ باوەڕە.

6. 1. بۆ مێژوی سیاسی

روداوەکانی کوردستانی عیراق. هەواڵەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود و. پێوەندی لە گەڵ ئینگلیز و عیراق. مەبعوسەکانی کورد و پارلەمانی عیراقی. پێوەندی عیراق لە گەڵ تورکیا و ئێران و. رەنگدانەوەی لە جوڵانەوەی کوردا. روداوەکانی کوردستانی تورکیا. روداوەکانی کوردستانی ئێران. پێوەندی عیراق و دراوسێکانی. پێوەندی عیراق و ئینگلیز. گفتوگۆی ئەشرافی سلێمانی و نوێنەرانی عیراق و بریتانیا. کورد و پەیماننامەی 1930 ی عیراقی- ئینگلیزی...

6. 2. بۆ مێژوی رۆشنبیری

کۆمەڵی زانستی کوردان. کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی. یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغداد. بڵاوکراوەی کوردی. هەواڵی رۆژنامەکانی عیراق. تەمسیل. وەرزش...

6. 3. بۆ مێژووی ئەدەبی

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، نوێکردنەوەی شیعری کوردی، بانگەواز بۆ زیندوکردنەوە و چاپکردنی بەرهەمی شاعیرەکان...

6. 4. بۆ مێژووی خوێندن و پەروەردە

کردنەوەی مەکتەب، سیستەمی پەروەردە، پرۆگرامەکانی خوێندن...

6. 5. بۆ مێژووی کۆمەڵایەتی

ناکۆکی لە ژن، ناکۆکی لە جوتیاران، چاک کردنی ژیانی دانیشتوانی لادێ...

چەند تێبینییەک:

1. مامۆستایان ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح خەریکی ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی هەمو ژمارەکانی (ژیان)ن لە چەند بەرگێک دا. بەرگی یەکەمیان بڵاوکردۆتەوە.
بڕوانە:
ڕۆژنامەی ژیان ژمارە 1– 81، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، یەکەم بەرگ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.
کاک سدیق ساڵح ل 5 – 99 ی ئەم بەرگەی تەرخان کردوە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وردی ناوەڕۆک و پێڕستی بابەت و ژیننامە و وێنەی نوسەرەکانی ئەم 81 ژمارەیە.
ژمارەکانی ژیان بە پاکی و جوانی چاپ کراونەتەوە. ڕەنجی ئەم دو جوامێرە بۆ ژیاندنەوەی سامانی ڕۆژنامەوانیی کوردی شایانی ڕێزلێنان و پشتیوانیی کوڕ و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکانی کوردە.

2. لە کاتی ئامادەکردنی ئەم باسەدا ئەو بەرگەی ژیان کە لە بەردەستی مندا بو ئەم ژمارانەی ناتەواو بو:
81/ 85/ 100/ 127/ 141/ 143/ 144/ 147/ 159/ 162/ 169/ 171/ 175/ 176/
182/ 183/ 193/ 198/ 201/ 202/ 203/ 205/ 210/ 212/ 214/ 215-219/ 221/
236/ 252/ 253/ 265/ 269-278/ 280-282/ 290-293/ 296/ 320/ 321/
ڕەنگە لە هەندێ لەو ژمارانەدا باس و بابەت و هەواڵی گرنگ هەبن. بەڵام من نەمتوانی کەڵکیان لێ وەربگرم.

3. لەم بەشەدا هەندێ بابەتی گرنگ و بایەخدار شایەنی بڵاوکردنەوە بون. بەڵام چونکە لە بەشی دوەم: (کوردستانی عیراق 1928- 1931: سەردەمی قەڵەم و موراجەعات) دا هەن، بە پێویستم نەزانی. خوێنەر ئەگەر ویستی ئەتوانێ ئەو بابەتانە لەو کتێبەدا بخوێنێتەوە.

ژیان و هەواڵەکانی شێخ مەحمود

1. شەڕی هەمەلایەنەی ئینگلیز دژی شێخ مەحمود

1. 1. جائیزە بۆ کوشتنی

لە ئابی 1924 دا جەعفەر عەسکەری وازی لە وەزارەت هێنا. مەلیک فەیسەڵ، یاسین هاشمی تەکلیف کرد وەزارەت پێک بهێنێ. عەبدولموحسین سەعدون لە وەزارەتەکەی یاسین هاشمیدا بو بە وەزیری کاروباری ناوخۆ. لە حوزەیرانی 1925 دا کە یاسین هاشمی ئیستیقالەی کرد، مەلیک فەیسەڵ سەرلەنوێ عەبدولموحسین سەعدونی تەکلیف کرد وەزارەت پێک بهێنێ. ئەوە سێیەمین وەزارەتی سەعدون بو. رەشید عالی گەیلانی لەم وەزارەتەدا وەزیری داخلیە بو. جوڵانەوەکەی شێخ مەحمود هاوزەمان بو لە گەڵ ئەم ئاڵوگۆڕە وەزارییانەدا.

عەبدولموحسین سەعدون کە هاوزەمانی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، 2 جار بو بە وەزیری کاروباری ناوخۆ و، 3 جار ببو بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق. بۆ ئەوەی ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، کوردستان بە بێ بەرەنگاری ببەسترێ بە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی عیراقەوە. لایەنگری لە ناوبردنی شێخ مەحمود بو. سەعدون ئەم رایەی خۆی بە ئاشکرا دەربڕی بو.

عەبدولموحسین سەعدون، سەرەوەزیرانی ئەوسای عیراق دوای گەڕانەوەی لە سەردانی سلێمانی، لەو کۆبونەوەیەدا کە لە 4 ی 6 ی 923 دا لە کۆشکی شاهانەدا لە بەغداد، بە ئامادەبونی فەیسەڵ (مەلیکی عیراق)، هێنری دوبس (مەندوبی سامی بریتانی لە عیراق)، سێر جۆن سالمۆن (فەرماندەی گشتی هێزەکانی بریتانیا) و چەند کاربەدەستی ئینگلیزی و عیراقی تر، کە بۆ لێدوانی هەلومەرجی سلێمانی کرابیان. سەعدون بە راشکاوی وتی: "هەمو خەڵک، جگە لە هەندێ سەرۆک عەشیرەت، بە هەمو هێزیانەوە ئەیانەوێ بخرێنە سەر عیراق. شێخ مەحمود لەبەر چاوی خەڵک کەوتوە. هەمویان رقیان لێی ئەبێتەوە، کە لێی ئەپونگێنەوە چونکە لە دەستدرێژییەکانی ئەترسن. لایەنگرانی شێخ مەحمود زۆر کەمن." سەعدون بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان لە شێخ مەحمود تیژ بکا ئینجا وتی: "حکومەتی بریتانی درێخی لە یارمەتیدانی شێخ مەحمود نەکرد و چاکەیەکی زۆری لە گەڵ کرد، کەچی سودی نەبو. شێخ مەحمود کابرایەکی (شریر)ە دوای تەجروبەکانی رابوردو نابێ پشتی پێ ببەسترێ. ئەگەر بتوانرایە لە ناو ببرێ، ئەوسا رێککەوتن لە گەڵ کورد ئاسان ئەبو."

ئەگەرچی لە مانگی حوزەیرانی 1925 دا عیراق بە تەنگوچەڵەمەیەکی وەزاریدا تێ ئەپەڕی. یاسین هاشمی ئیستیقالەی ئەکرد و وەزارەتەکەی ئەڕوخا و. وەزارەتێکی تازە لە سەر تەکلیفی مەلیک فەیسەڵ. بە سەرۆکایەتی عەبدولموحسین سەعدون تەشکیل ئەکرا. بەڵام دیارە ئەم ڕوداوانە کاریان لەو بڕیارە نەکردوە کە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای مەندوبی سامی بە دەستیەوە بوە.

"بڕیاری چوارەمی ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی 13 ی حوزەیرانی 1925 دا:

"نوسراوی (ژمارە بی. ئۆ/ 122 ی 8 ی حوزەیرانی 1925) ی موستەشاری فەخامەتی مەندوبی سامی عیراقی خوێندەوە سەبارەت بە تەرخان کردنی 100 هەزار ڕوپیە پاداشت (جائیزە) بۆ گرتن وە یا کوشتنی شێخ مەحمود و. کەریمی فەتاح بەگ و سابیری کوڕی. لەوە 60 هەزار ڕوپیەی بۆ کوشتن وە یا گرتنی شێخ مەحمود و. 20 هەزار ڕوپیەیش بۆ هەر یەکێ لە کەریمی فەتاح بەگ و سابیری کەریم بەگ. بەو مەرجەی ئەو پارەیەی بۆ کوشتنی یەکێ لەو سیانە ئەدرێ چواریەکی ئەو پارەیە بێ کە بۆ گرتنیان ئەدرێ. ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا ئەم پێشنیارە قبوڵ بکا."

"بڕیاری دوەمی ئەنجومەنی وەزیرانی لە دانیشتنی ڕۆژی 30 ی حوزەیرانی 1925 دا:

"نوسراوی (بی. ئۆ/ 151 ی 19 ی حوزەیرانی 1925) ی فەخامەتی مەندوبی سامی خوێندەوە. سەبارەت بە ڕاسپاردنی موفەتیشی ئیداری سلێمانی بۆ دانی جائیزە بۆ ئەو مەبەستەی لە بڕیاری چوارەمی دانیشتنی 13 ی حوزەیرانی 1925 دا باس کراوە. بۆ کەسانێک جگە لە ئەفرادی هێزی ئاسوری. ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا دەسەڵات بدا بە موفەتیشی ئیداری سلێمانی کە بۆ هەندێ کەسی هەڵبژێردراوی ڕون بکاتەوە کە ئەگەر ئەنجامی ویستراو بە هۆی ئەوانەوە بو جائیزەکەیان ئەدرێتێ بەو مەرجەی لە سنوری ئەو مەبلەغەدا بێ کە ئەنجومەن لە دانیشتنی 13 ی حوزەیرانی 1925 دا موافەقەتی لە سەر کردوە."

تەرخانکردنی 60 هەزار ڕوپیە بۆ گرتن وە یا کوشتنی شێخ مەحمود. لەبەر ئەوە بوە کە شێخ مەحمود سەرکردەی جوڵانەوەکە بوە. لایان وا بوە بە لەناو بردنی ئەو جوڵانەوەکە یش تەواو ئەبێ. هی کەریمی فەتاح بەگ و سابیری کوڕی یشی لەبەر ئەوە بوە داوانبار بون بە کوشتنی کاپتان بۆند و ماکانت کە دو ئەفسەری ئینگلیزی بون.

لەو کاتەدا سێر هێنری دوبس مەندوبی سامی بوە لە عیراق. کاپتن لاین موفەتیشی ئیداری سلێمانی بوە. پێ ئەچێ نەیانویست بێ تەرخان کردنی ئەم جائیزەیە لەناو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە. بەڵکو ویستویانە لە ڕێگەی چەند کەسێکی هەڵبژێردراوەوە کارەکە ئەنجام بدەن. بەڵام سەرەڕای تەرخان کردنی ئەم پارە زۆرە، نەیانتوانیوە کەسانێک پەیدا بکەن شێخ مەحمودیان بۆ بکوژێ.

1. 2. شێواندنی ناوبانگی

دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بۆ شێواندنی ناوبانگی شێخ مەحمود و زڕاندنی ناوی خۆی و لایەنگرەکانی. هێرشێکی پڕوپاگاندەی فراوانیان دەس پێ کردوە. لە لایەکەوە ژیان کەوتوتە نوسینی وتار و لێدوان و. لە لایەکی ترەوە بە تۆمەتی بەفیڕۆدانی پارەی شارەوانی داویانەتە دادگا.

1. 2. 1. وتاری ڕۆژنامە

"قەت گورگ ئەبێ بە شوانی مەڕ؟

"موددەتێکی زۆر ئەم وەتەنە مەعسومە بە دەست بەعزێ خائینانی خۆیەوە ئەینالاند. هەر ڕۆژێ بە نەوعێ. هەر سەعاتێ بە بەهانەیەک. ئەم میلەتە مەزڵومەیان ئیغفال ئەکرد. ئەم خائینانە گاه بە مەسئەلەی

موصل و هاتنەوەی تورکەوە میلەتیان ئەتۆقاند. گاە بە وەعدەی ئیستیقلالیەتی کوردەوە سەریان لەم خەلقە ئەشێواند. تا لە ئەتیجەدا بون بە سەبەبی ئەم فەلاکەتە عەزیمە کە دیمان.

"لە روی ئەم بەدخواهانەوە ئەوی لەمەوپێش زانی بومان، ئەوی کە چەند ساڵ لەمەوبەر بیست بومان، لە بیرمان چوەوە. لە تەرەقیاتی عەسری حازر مەحرومیان کردین، ئیستراحەتیان لێ سەلب کردین، لە تێگەیشتن و پێشکەوتنی پەنجا ساڵ دوایان خستین. وەلحاسڵ ئەوی مەتلەبیان بو لە خراپە بە سەرمانا ئیجرایان کرد.

"فەقەت مەسئەلەی مەشهورە: (چرای دز ناگاتە بەیانی) شوکر ئێستا میلەت بە تەواوی لە فکری ئەمانە گەیشت، مەنفەعەتپەرستی ئەم خائینانەی کەشف کرد.

"ئیتر تێ گەیشتن کە مەقسەدی ئەمانە تەنها مەنفەعەتپەرستی، تەنها ئینتیقام جویی. تەنها تەرەفداری جەهالەت و شەقاوەت بو. هەوڵ و تەقەلایان هەر بۆ ئەشقیا حیمایە کردن، هەر بۆ میلەت تالان کردن و خۆ دەوڵەمەند کردن بو.

"ئیتر شوکر هیچ کەس بە قسەی ئەم خائینانە باوەڕ ناکات.

"چاوی رەشیان کاڵ بوەوە، هیچ گورگ نابێ بە شوانی مەڕ، هیچ زەمانێک پشیلە نابێ بە ئێشکچی گۆشت.

"حقوقی میلەت کەی بە جەردەیی و دزی و درۆزنی سەندراوە؟ تالان کردنی دێهات، روتاندنەوەی میلەت، روتکردنەوەی کاروان، کوشتنی ڕێبوار. تو خوا کەی ئیستیقبالی قەومێ تەئمین و روناک ئەکات؟

"ئیدیعای حقوق بۆ بە دەست خستنی حقوق ئەکرێ، بۆ غەسبی حقوق ناکرێ. فیداکاری بۆ محافەزەی شەرەف و ناموس، بۆ تەئمینی ئیستراحەت و تیجارەت، بۆ تەرەقی عیلم و مەعاریف لازمە، نەک بۆ ئەهێشتنی شەرەف، نەک بۆ سەلبی ئیستراحەت، نەک بۆ هەڵگرتنی عیلم و مەعاریف.

"ئەم میلەتە کەی ئەیویست وای بۆ بکرێ، تا وای لێ بکرێ؟

"ئیتر ئەی خائینانی وەتەن! ئەمین بن دایکی وەتەن ئیتر ئێوە بە ئەولادی خۆی قبوڵ ناکا، چونکە وەجاختان کوێر کردوە، چونکە نمەک بە حەرامیتان لە گەڵ کرد.

"ئەی دوشمنانی میلەت! موحەقەق بزانن میلەتی کورد ئیتر ئێوەی لە قەیدی کوردیەت و لە زومرەی بەشەریەت دەرهاویشتوە.

"ئەی گومڕاهانی تەریقی سەلامەت! لێتان مەعلوم بێ میلەت ڕێگای ئەجاتی خۆی دۆزیوەتەوە، عەنقەریب سەعادەتی ئەبەدی خۆی دەست ئەکەوێ و ئێوەش وەکو فاسقی مەحروم لە دورەوە مەئیوس و مەحروم ئەمێننەوە.

"ئەی بەدخواهان، وەی مەنفەعەتپەرستان! ئیتر ئەمین بن ئەو ناوە ناشیرینە، ئەو لەکە چرکنە، تا ئەبەد بۆ ئێوە باقیە، وەکو خاڵێکی رەش لە ناوچاوانتان ناسڕێتەوە.

"ئیتر هەر لە ئێستاوە کفن بۆ خۆتان ببڕن لە هەمو شتێک چاکترە، تا ئێوە خراپیی بکەن نەفرەتی میلەت زیاد ئەکا و ئەمین بن جەزای خۆتان بە چاوی خۆتان لە دەست میلەتی خۆتانی ئەبینن!"(ژیان، ژ 3، 4 ی شوباتی 926)

"دەنگی دەهۆڵ لە دور خۆشە!

"هەرچەند ئەم غەزەتەیە هەمو وەختێ مەسلەکێکی ئیعتیدالکارانە تەعقیب و زبانێکی مولایمانە محافەزە ئەکات، بەڵام هیچ وەختێکیش چاکە و خراپەی لە بیر ناچێ. بۆ ئەوانەی کە چاکەیان بۆ میلەت پیشان داوە و ئیستراحەتی میلەتیان تەئمین کردوە، دائیمەن خۆی بە مەدیونی شوکرانیان ئەزانێ و عەلەنەن عەرزی تەشەکوراتیان ئەکات. وە بۆ ئەوانەش کە خراپەی بە میلەت گەیاندوە و خیانەتیان لە گەڵ میلەت کردوە، لە

تەشهیر و تەنفیرکردنیان قسور ناکات. لە بەر ئەمە هەتا ئێستا ئەم غەزەتەیە چەند جارێک بە لیسانی حال و قال بە سورەتێکی ئینتیباهی خیانەتی و خراپەی شێخ مەحمودی خستۆتە بەر نەزەری دیقەت. داخل و خاریج و. بە ناو خەلقا ئیعلانی کردوە.

"بەلام ئەلێن: (دەنگی دەهۆڵ لە دور خۆشە) ئەترسم هەنگێ کەس ئەم حەقایقە ئینکار بکا و بە نەوعێکی تر حەملی بکا. وەکو عەبدولکەریم ریفی و شێخ سنوسی. ئەمیش بە ساحیبی قودرەت و غایەک بژمێرن. لە بەر ئەمە مەجبور بوین ئەوی دەرحەق بەم شەخسە دیبێتمان و بیستبێتمان بەیانی بکەین.

"ئەم شەخسە بێجگە لەوەی کە هەمو میلەتی روتاندەوە و خەزێنەی مالیەی تالان کرد و. بۆ ئامالی غەیرە مەشروعەی خۆی پەخشانی کرد. میقدارێ پارەش کە لە تەرەف جەمیەتەمەندانی کوردەوە بۆ هێنانی ماکینەیەکی چاپ کۆ کرابوەوە قوتی دا و. دیسانەوە بەمەش چاوی تێر نەبو پارەیەکی زۆری بەلەدیە کە لە سندوقی بەلەدیەدا مەوجود بو. وە سیرف عائیدی بەلەدیە بو. وە حەقی حکومەتی بە سەرەوە نەبو. وە ئیجابی نەکرد تەنها سەرفی عیمران و نەواقیسی مەملەکەت بکرێ. بەم سورەتە کە لەمەولا بەرە بەرە دەرج و ئیعلان ئەکرێ سەرفی کردوە و. ئەم سەرفیاتە لە یەومیەی ئەو مودەتەی بەلەدیەدا موقەیەد و مەوجودە. ئینجا هەر تەماشای بکرێ و عیبرەت وەرگیرێ!"(ژیان. ژ 7. 4 ی مارتی 926)

لە ژمارەکانی 8– 11 و 14 دا لیستەی ئەو خەرجیانەی بڵاو کردۆتەوە.

شێخ مەحمود نفوزێکی گەورە و ڕێزێکی زۆری لە ناو کوردا. بە تایبەتی لە ناو خەڵکی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک و گەرمیان دا هەبوە. ئەم بابەتانە و چەندین بابەتی تر کە ژیان بڵاوی کردونەتەوە. بۆ زراندنی ناوی شێخ مەحمود و. پوچەڵ کردنی ناوەرۆکی سیاسی و نەتەوەیی شۆڕشەکەی بوە. بەشێک بوە لەو هێرشە فرە لایەنەی کراوەتە سەری. بەڵام ئەم شاڵاوە بەرفراوانەی جەنگی پروپاگاندە دژی شێخ مەحمود کارێکی ئەوتۆی لە بیروبۆچون و هەڵوێستی زۆر لە نیشتمانپەروەرانی کورد نەکردوە. هەر لەو رۆژانەدا (جەمعیەتی زەردەشت) کە لە لایەن چەند لاوێکی نیشتمانپەروەرەوە بە نهێنی دامەزراوە. نامە و نوێنەریان ناردۆتە لای شێخ مەحمود. تکایان لێ کردوە ببێتە سەرۆکی (جەمعیەت)ەکەیان. لە گەڵ حکومەت پێک نەیەت و درێژە بە تێکۆشان بدا.

بڕوانە: د. کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی گەلی کورد. بەرگی دوەم. هەولێر.

1 .2 .2. دانی بە دادگا

بەشێکی تری جەنگی پڕۆپاگاندە دژی شێخ مەحمود. بریتی بوە لەو شکاتەی شارەوانی سلێمانی لێی کردوە سەبارەت بە خەرج کردنی ئەو پارەیەی لە لایەن خەڵکەوە کۆ کرابوەوە بۆ کڕینی دەزگای چاپ.

"ئیعلان

"بینا لە سەر دەعوای دائرەی بەلەدیەی سلێمانی لەسەر مودەعی عەلەیهی حەفیدزادە شێخ مەحمودی کوڕی شێخ سەعید. مەحکەمەی بیدایەتی سلێمانی بەپێی مادەی 1462 و 1606 لە مەجەلە و مادەی 97 و 100 لە ئوسولی محاکەماتی حقوقیە غیابەن حوکمی دا بە سەر مودەعی عەلەیهی شێخ مەحمود بە تەدیەی دە هەزار وشەصت و چوار روپیە و نیو و سی و هەشت لیرەی عەینی عوسمانی. ئەو مەبلەغەی کە لە وەختی خۆیدا لە تەرەف ئەهالی سلێمانیەوە بۆ کڕینی ماکینەی تەبع تەبەروع کرا بو. وە مودەعی عەلەیهی غەسبی کرد بو. لە گەڵ فائیزی نیزامی صەدی نۆ. لە تاریخی تەلەب کە موسادیفی 30 ی کانونی سانی 926 هوە

هەتا حینی تەنئیە و تەحمیلی مەساریفی محاکەمە پێنج سەد و سی و پێنج روپیە ئوجرەتی محامی بۆ سێ جەلسە و. صەد و پەنجا روپیە نوجرەتی تەنزیمی لەوایحی قانونیە و پارەی پول و ئوجرەتی مومەیزین و ئیعلان لە سەری. وە لە بەر ئەمە کە مودەعی عەلەیهی شێخ مەحمود محەلی ئیقامەتی مەجهولە بە سورەتی ئیعلان لەم غەزەتەدا ئەم حوکمە تەبلیغی ئەکرێ کە لە تاریخی نەشریەوە هەتا پانزدە رۆژ حەقی ئیعتیراز و لە پاش ئەوە هەتا سی رۆژ حەقی ئیستینافی هەیە. ئەگەر لە زەرفی ئەم مودەتەدا بە ئەم تورووقی قانونیەیە تەوەسول نەکا ئەم حوکمە کەسبی قەتعیەت ئەکا."

3 ی شوباتی 926 مەحکەمەی بیدایەتی سلێمانی"(ژیان، ژ 3، 4 ی شوباتی 926)

"ئیعلان

"حەفیدزادە شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعید بە پێی ئەو ئیعلامە کە بە تاریخی 3 ی شوباتی 926 و عەدەد 7 لە مەحکەمەی بیدایەتی سلێمانی سادر بوە و لە تەرەف دائیرەی بەلەیەوە تەنفیزی حوکمی تەلەب کراوە، بە تەئدیەی دە هەزار و شەستوچوار روپیە و نیو و حەوت ئانە و. سی و هەشت لیرەی عەینی عوسمانی لە بەر ئەمەی مەحکوم عەلەیهی ئەمڕۆ محەلی ئیقامەتی مەجهولە ئەوا بە ئیعلان ئیخبار ئەکرێ کە لە تاریخی نەشرەوە هەتا مانگێک خۆی وە یا وەکیلێکی لە دائیرەی سلێمانی ئیسپاتی وجود وە ئەم مەبلەغە تەئدیە نەکات، حوکمی ئەو ئیعلامە بە سورەتی حیجز و فرۆشتنی ئەموالی مەنقولە و غەیرەمەنقولەی تەنفیز ئەکرێ."

10 شوباتی 926 رەئیسی ئیجرای سلێمانی "(ژیان، ژ 4، 11 ی شوباتی 926).

1 . 3. وشک کردنی سەرچاوەکانی دەرامەتی

شێخ مەحمود ئەرکێکی دارایی گەورەی لەسەر شان بوە. بەرپرسی دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی خێزانەکەی خۆی و هەمو چەکدارەکانی بوە. نە هیچ دەوڵەتێک هەبوە یارمەتی دارایی بدا و، نەخۆیشی دەزگایەکی دارایی هەبوە ئەم کارە ئەنجام بدا. سەرچاوەی دەرامەتی بریتی بوە لە مڵکانەی زەوی و زاری گوندەکانی خۆی و، لەو باجەی لە دانیشتوانی دێهات و خێڵە دەوڵەمەندەکانی کۆ کردۆتەوە.

وەزارەتەکەی سەعدون بۆ بنبڕکردنی بزوتنەوەکە، رێوشوێنی وشک کردنی سەرچاوەی دەرامەت و دارایی شێخ مەحمودی دانا. لە لایەکەوە بە زەوت کردن و دەس بەسەرا گرتنی هەمو موڵکەکانی خۆی و کوڕەکانی و هاوسەرەکانی و خوشکەکەی و، لە لایەکی ترەوە بە رێگرتن لە کۆکردنەوەی باج و سزادانی ئەوەی باجی ئەدا:

"ئاگاداری

"بۆ زانینی هەمو. سورەتێکی قەراری مەجلیسی وزەرا کە لە خسوس موسادەرەی ئەملاکی شێخ مەحمود و ژنەکانیەوە دەرچوە، لێرە نیشانی قارئینی کیرامی ئەدەین:

"وەزارەتی داخلیەی عیراق

ژمارە 1165 تاریخ 6 ی مایسی 1926

"ئەمری وەزاری

"بە موجیبی قەراری مەجلیسی وزەرا کە لە تاریخی 2 ی مارتی 926 دەرچوە و بینا لە سەر ئەو سەلاحیەتەی کە بە موجیبی مادەی 27 ی قانونی مونازەعاتی جەزائیە و مەدەنیەی عەشائیر بە مـن دراوە ئەمرمان کرد کە جەمیعی ئەملاکی شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعیدی بەرزنجی و. ژنەکانی: عایشە خان و

بەهیە خانم، بە ناوی حکومەتەوە موسادەرە بکرێ و بفرۆشرێ بە شەرتێ قیمەتەکانیان بە موجیبی ئەوامیرێک کە لە ئاخریدا سادر ئەبێت سەرف بکرێت." (ژیان، ژ 18، 27 ی مایسی 1926).

"بۆ زانینی هەموو

"ئاخلی قەزای شارباژێر لە دێی کەناروێدا پانزدە پارچە زەوی بەراو کە ناویان: زەمینی کۆتەرە وشکاڵ کە بە دێبەری حەمە شوڵە و زەمینی خوارماڵ کە بە دێبەری برایمی فەقێ عەلی و زەمینی بەرباغ کە بە دێبەری قادری فەقێ عەلی و زەمینی بەرماڵان کە بە دێبەری شەریفی فەقێ عەلی و دو زەمینی تر کە هەردوکیان ناوێکیان پێ ئەڵێن و بە دێبەری حەمە شوڵە مەشهورن و سێ پارچەی تر کە هەرسێکیان بە زەوی بەرماڵانی میری و ماڵان و سەرئەستێڵ کە هەردوکیان بە دێبەری مەلا محەمەد و ئەحمەد موسا مەشهورن و، بە ناوی شێخ مەحمودەوەن. ئەم زەوییانە موقابیل بە تەڵەبی بەهیە خانە مەوقیعی موزایەدەوە بینائەن عەلەیهی لە ئیعتیباری ئەشری ئەم ئیعلانەوە هەتا سی ڕۆژ هەرچی تالبە صەدی دە تەئمینات بهێنێت و موراجەعەت بە دائیرەی ئیجرای سلێمانی بکات."

26 ی ئەیلولی 926 ڕەئیسی ئیجرای لیوای سلێمانی"(ژیان، ژ 35، 30 ی ئەیلولی 926)

"ئیعلان

"ئەزەر بە مونەدەرەجاتی ئیعلامێک کە لە تەرەف بەلەدیەی سلێمانیەوە بۆ تەنفیز بەم دائیرەیە تەودیع کرا بو شێخ مەحمودی حەفید مەحکومی تەئدیەی دە هەزار و شەست و چوار ڕوپیە و نیو و سی و هەشت لیرەی عوسمانی بوە بۆ بەلەدیە وە لە بەر ئەوەی مەحکوم عەلەیهی بە ڕەزای خۆی لە تەئدیەی مەبلەغی مەحکوم بیهی ئیمتیناعی کرد. لە سەر تەڵەبی مەحکوم لەهو ئەم دائیرەیە حیجزی سیانزە دوکان لە شاری سلێمانی و پەنجا پارچە زەوی بەراو کە لە دێی کەنارو و کانی سپیکە و کەڵەکن و داریکەلی واقیعن قەراری داوە. بینائەن عەلەیهی لە تاریخی ئەم ئیعلانەوە هەتا سی ڕۆژ ئەگەر مەحکوم عەلەیهی تەئدیەی مەبلەغی مەحکوم بیهی لە گەڵ مەساریفاتی سائیرەی نەکات، ئەم موڵکانە کە حیجز کراون عەلەل ئوسول بە تالیبی ئەفرۆشرێت و لە قیمەتەکەی مەبلەغی مەحکوم بیهی ئیستیفا ئەکرێ. لە بەر ئەمە ئیعلان کرا."

ڕەئیسی ئیجرای لیوای سلێمانی."(ژیان، ژ 16، 13 ی مایسی 926)

سزادانی جاف

"چەند ساڵێکە بەعزێ لە عەشائیری جاف ئیستیفادەیان لە وەزعی مەملەکەت کرد و لە ڕاووڕوت و جەردەیی و ئەزیەتی فەقیر و فوقەرا قسوریان نەکرد بو، وە بوبون بە باعیسی زۆر موشکیلات لە ئیشوکاری حکومەت دا و ئەمنیەت و ئاسایشی لیوایان ئیخلال کرد بو.

"ئەمجارە جەنابی موفەتیشی ئیداری غەیور، بە ئۆردویەکەوە تەشریفی لە شارەزوردا دەوریەیان فەرمو، وە بەو موناسەبەتەوە هەم هەمو شارەزوریان لە تەعەڕوزات و تەجاوزاتی جاف محافەزە و حقوقی زۆر مەغدوریان جێبەجێ کرد و، دیسان لەم دو تائیفە شەڕارە، لە ڕۆغزادی هەزار و لە تەرخانی پێنجسەد سەر حەیوانی بە جەزا لێ سەندن. فەقەت لە هەمو شتێک چاکتر 9 کەس لە ناودارانی ڕۆغزادی و تەرخانییان دەردەست و، مەحفوزەن سەوقی مەرکەزی لیوا فەرمون. ئەو 9 کەسە ناویان لە خوارەوە نوسراوە. ئەمانە لە دائیرەی پۆلیس مەحبوسن و لە مەقامی موتەسەڕیفیەوە بۆ حوسنی سلوک و حیفزی نیزام، داوای تەعەهود و زەمانیان لێ کراوە و، سەنەدی ئەوە بدەن دائیمەن موتیعی ئەمری حکومەت بن.

"بەم موناسەبەتەوە تەبریکی هیمەتی جەنابی موفەتیشی نیداری ئەکەین کە حەقیقەتـەن ئـەم هیمـەت و فەعالیەتەی شایانی تەقدیر و سەنایە و، واسیتە بو بۆ چاوشکاندنی ئەشقیا و ئەشرار.

قادری وەیسی، رۆغزادی. رەشید باوەجان، رۆغزادی. ئەحمەد شاسـوار، رۆغـزادی. رۆسـتەمی حەمـەی مەحمود، رۆغزادی. فارس عەزیز، رۆغزادی. عەبدولکەریم رۆبیتەن، رۆغزادی. فەتاح کامەران، رۆغـزادی. حەمـە حەسەن مەحمود، تەرخانی. حەمەی شاسوار، تەرخانی" (ژیان، ژ 41، 11 ی تشرینی سانی 926)

"قادری وەیسی

"لە رونەسای رۆغزادی قادری وەیسی کە مونەتێکە لە گـەڵ بـەعزێ لـە رونەسـای تـری رۆغـزادی و تەرخانیدا گیرا بو، لە سەر تەنسیبی مەقامی موتەسەریفیەت بەرامبەر بە 5 هەزار روپیـە تـەئمینات کـە داویـە بەرەڵا کرا، بە شەرتێ کە لەمەودوا لە هەمو خسوسێکەوە ملکەچی حکومەت بێ و، لەم مـودەتی دو سـاڵەدا کـە بۆیان داناوە بە هیچ کلۆجێ بزوتنەوەیەک کە ببێتە باعیسی تێکدانی ئەمن و ئاسایش لێی رو نەدا. هەروەکو زانراوە دەرحەق بە رەفیقەکانی تریشی تـەتبیقی ئـەم کەیفیەتـە نیـەت کـراوە." (ژیـان، ژ 58، 17 ی مـارتی 927)

"تەعویزات

"ئەو هەزار و پێنجسەد سەرمەڕەی کە بە جەزا لە روغزادی و تەرخانی سەندرا و کە فرۆشرا تەقریبـەن بایی چواردە هەزار روپیە بو، ئەمجارە لە سەر تەنسیبی حکومەت وا قەرار درا بـە سـەر ئـەوان کەسـانەدا کـە لەمەوپێش لە لایەنی ئەم دو عەشیرەتەوە توشی زەرەر و زیان بون دابەش بکـرێ. لـە عەدالـەت و مەرحەمـەتی حکومەت و لە عالیجەنابیی موتەسەریف، کە بێ شوبهە بۆ ئەم خسوسـە هیمـەتیان روی داوە، بـە زیـاد بـێ." (ژیان، ژ 56، 3 ی مارتی 927)

1. 4. راوئانی هێزەکانی

شـێخ مـەحمود، ئەگـەرچی چەنـدین ئەفسـەری دەرچـوی ئاکـادیمی جـەنگیی ئەسـتەمول و چەنـدین رۆشنبیری شارەزای لە گەڵ بوە، بەڵام ستراتیجێکی جـەنگی دیـاریکراوی نـەبوە کـە ئامـانج و تاکتیـک و جۆری شەڕەکانی و، مەیدانەکانی کار و چالاکیەکانی و، شێوەی رێکخستنی هێزەکانی، دیاری بکا.

شێخ مەحمود و هێزەکانی بە زۆری خۆیان لە شەڕ لاداوە. هەڵوێسـتی (دیفـاعی سـەلبی) یـان گرتـوە. هەمیشە چاوەڕێ بون دوژمن هێرشیان بهێنێتە سەر. سەرکردایەتی جەنگی و سیاسیی بریتـانی لـە عیـراقدا، بەو هەمو تەجروبەیەوە کە لە بواری جۆراوجۆری جەنگدا هەی بوە، بە هێزی ئاسمانی و زەمینی هەمیشـە لـە راوئانی شێخ مەحمود و هێزەکانیدا بوە. هێزەکانی شێخ مەحمود کە لە تاقمی خێڵەکی دارێکوپێک، بگـرە بـێ سەر و بەردا ساز درا بون، توانای پەلاماردان و بەرگری هێزی بریتانی و عیراقیان نەبو، بە تایبەتی چونکە ماوەی چەند ساڵێکی خایاند. لەبەر ئەوە هەمیشە لە کەمبونـەوە و هـەڵوەرین دا بـون. لێیـان ئـەگیرا، لێیـان ئەکوژرا و لێیان تەسلیم ئەبوەوە.

ئەگەرچی لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر شەڕ و پێکدادان لـە ناوچـەی جیـاوازی دور لـە یـەک دا روی داوە، هێزی شاهانەی ئاسمانیی ئینگلیز بە چالاکی بەشداری هێرشەکانیان کردوە و، دەیان گوندیان وێـران و، سـەدان باخ و خەرمانیان ئاگر تێ بەرداوە و، دەیان چەکداری شۆڕش و هاوڵاتی مـەدەنیان کوشـتوە، بـەڵام ژیـان زۆر کەم ئەو روداوانەی تۆمار کردوە. یەکێ لەو روداوانە هەواڵی (کوشتنی کەریم بەگ) ە کە بەمجۆرە نوسیویتی:

"کەریم بەگ کە موتەتێکە بە خەباسەت و شەقاوەتی بێ ئینسافانە و بێ دینانە عالەمی لیوایەکی ڕەنجیدە و دڵخوێن کرد بو، وە لە دەنائەت و جەرەدەیی ئانێک فاریغ نە نەبو. لە گەڵ ئەمەیش دا هەمو وەختێ لە ترسی قیوای حکومەتی کوناوکون خۆی ئەشاردەوە. ئەوا ئەمجارە لە شەرێک دا کە لە گەڵ دێی قەرەتامور دا کردویەتی، کە دێیەکە لە دێهاتی دەوری چەمچەماڵ و یونس ئاغای مەحمود ئاغا گەورەیانە، کوژراوە. دائیر بە کوشتنی ئەم پیاوە، ڕاست و درۆ، گەلێ تەواتورات هەیە. سەحیحەکەی ئەمەیە کە ئێمە لە مەنبەعێکی مەوسوقەوە وەرمان گرتوە:

"مەرقوم کەریم بەگ خۆی و تاقمێک لە هەمپاکانی چەند ڕۆژێ لە پێش کوشتنیا لەو دێهاتی دەوروپشتی چەمچەماڵەدا ئەسوڕانەوە و هەر شەوە میواندارییان بە دێیەک ئەکرد. ئۆرە دێتە سەر قەرەتامور. یونس ئاغا لە هاتن مومانەعەتیان ئەکات و، خەبەری لێ ئەگێڕێتەوە کە تۆ لە حکومەت عاسیت و پیاوێکی جەردەی، لەبەر ئەمە مەسئولیەت ئاهێنمە سەر خۆم. ئەویش کە پەردەی مەغروریەت چاوی داپۆشی بو گوێ ئاداتێ. لە سەر ئەمە لێیان ئەبێ بە شەڕ. لەو شەڕەدا پیاوێکی کەریم بەگ و کوێخاکەی قەرەتامور ئەکوژرێ. کەریم بەگیش بریندار ئەبێ و بڵاوەی لێ ئەکرێ. هەر لە تەئسیری ئەو برینە لە پاش یەک دو سەعات خاتیمە بە حەیاتی شەقاوەتی کەریم بەگ دێت. لە غەزەتەکانی بەغدادا کە نوسراوە لە شەڕێک دا لە گەڵ جەیش کردویەتی کوژراوە بێ ئەسڵە. ڕاستیەکەی ئەمە بو کە عەرزمان کردن." (ژیان، ژ 24، 15 ی تەموزی 926).

کەریم بەگی فەتاح بەگ لە سەرانی تیرەی بەگزادەی هەمەوەند بوە. هەر لەو کاتەوە کە شێخ مەحمود بو بە حوکمداری کوردستان کەریم بەگ بە دڵسۆزی دایە پاڵ شێخ مەحمود، تا کوژرا لێی جیانەبوەوە.

دوای گیرانی شێخ مەحمود لە حوزەیرانی 1919 دا و، دورخستنەوەی بۆ هیندستان، کەریم بەگ خۆی بە دەستەوە نەدا و بە یاخیتی لە ئینگلیز مایەوە. هێزێکی لە هەمەوەند ساز دا، شان بە شانی دەیان کەسی کە لە جەباری و جاف و پشدەری، بەرگری داگیرکەرانی ئینگلیزی و، داوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودی ئەکرد.

لە حوزەیرانی 922 دا لە گوندێکی دەوری چەمچەماڵ کاپتن بۆند و کاپتن ماکانت، دو ئەفسەری ئینگلیزی کوشت. کاپتن بۆند حاکمی سیاسی چەمچەماڵ بو. بەمەیش بو بە دوژمنی ژمارە یەکی ئینگلیز. ئەو کاتە 10 هەزار ڕوپیە (پاداشت) یان تەرخان کرد بۆ لە ناو بردنی.

کاتێ هێزی تورک گەیشتە ڕەواندز، کەریم بەگ چوە لایان و، لە شەڕی دەربەندی ڕانیەدا لە 23 ی ئابی 922 دا کە هێزی ئینگلیز زۆر بە خراپی شکا، بەشدارییەکی کاریگەری کرد. ئەم شەڕە و، چەند شەڕێکی تر و زیادبونی جموجوڵی دوژمنانی ئینگلیز کاربەدەستانی ئینگلیزی ناچار کرد، بیر لە چۆڵکردنی سلێمانی و هێنانەوەی شێخ مەحمود بکاتەوە.

کاربەدەستانی ئینگلیز لە ئەیلولی 922 دا سلێمانییان چۆڵ کرد. لە کاتێکدا پیاوماقوڵانی سلێمانی خەریکی ڕێکخستنی کاروباری سلێمانی بون، کەریم بەگ بە هێزێکەوە گەیشتە ناو شار. مستەفا پاشای یاملکی گرت کە یەکێ بو لە دوژمنە سەرسەختەکانی کەمالیەکان. بە تەما بو بە گیراوی بینێرێ بۆ ئۆزدەمیری فەرماندەی مەفرەزەکەی تورک لە ڕەواندز. بەڵام خەڵک مستەفا پاشایان بەرەڵا کرد و ڕێگەیان بە کەریم بەگ نەدا ئەم کارە ناپەسندە بکا.

کاتێ شێخ مەحمود گەڕایەوە، کەریم بەگ دیسانەوە دایەوە پاڵ شێخ مەحمود. بەڵام لە بەر ئەوەی لە لایەن ئینگلیزەوە بە تاوانبارێکی خواستراو دانرا بو، سەرەتا شێخ مەحمود لە خۆی نزیک نەخستەوە تا نێوانی بە ئاشکرا لە گەڵ ئینگلیز تێک چو.

کە شێخ مەحمود سلێمانی بە جێ هێشت و ڕووی کردە ئەشکەوتی جاسەنە. کەریم بەگ لە دەوری سلێمانی مایەوە. کاتێ ئینگلیز بۆ جاری دوەم سلێمانی چۆڵ کردەوە، پێشڕەوی هێزەکانی شێخ مەحمود کە چونەوە ناو شاری سلێمانی، کەریم بەگ بو.

کەریم بەگ بەشداری دەیان شەڕی کردبو دژی ئینگلیز و شارەزاییەکی زۆری پەیدا کردبو لە شەڕی پارتیزانیدا. هەر بۆیە ئینگلیز نەی توانی زەفەری پێ بەرێ. دوای کوشتنی ئەم، ئەگەرچی سابیری کوری و چەندین کەس لە پیاوە ناسراوەکانی هەمەوەند لە ریزی شۆڕشدا مابون، بەڵام شێخ مەحمود بە کوشتنی کەریم بەگ یەکێ لە باشترین فەرماندە دڵسۆزەکانی لە دەس دا.

"موەفەقیەتێکی گەورە

"ئەمجارە حکومەت پێی زانی کە 5 کەس لە ئەشقیاکان دوبارە هاتونە سەر ئەهالیە هەژارەکە و دەستیان کردوە بە هاتوچۆ کردن و خۆ بە خێو کردن و زک لەوەڕانن. فەورەن قوەتێکی موناسیبی رێک خست و ناردی. ئەم قوەتە شوێنی ئەم جەردە بێ ئینسافانە هەڵئەگرن تا ئەیانکەن بە دیێ سیتەک دا. بە تەدبیرێکی باش هەر چوار ئەترافی دێیەکە ئەگرن. بێ ئەمەی کە مەجالی موسادەمە و موداڤەعەیان بهێڵرێت، ئەیان گرن. ئێستا لە سلێمانی حەپسن و، ناویان ئەمانەیە کە لە خوارەوە نوسراوە. هەرکەسێ کە لە تەرەف ئەمانەوە تەجاوز وە یا غەدرێکی لێ کراوە ئەتوانێ موراجەعەت بە حکومەت بکات.

"شێخ تەها کوری سەید ئەحمەدە پچکۆلە. کوێخا عەزیزی خەمزە. ئیسماعیل شەریف. عەزیز فەتاح. خەلیل ئیسماعیل." (ژیان، ژ 43، 25 ی تشرینی سانی 926)

2. گفتوگۆی شێخ مەحمود و ئینگلیز

لە تەموزی 926 دا یەکێ لەو فرۆکانەی کە بۆردومانی کوردستانی ئەکرد، لە بەر ئەوەی تێکچونێکی تەکنیکی تێ دا دروست بو، ناچار بو بنیشێتەوە. فرۆکەوانێک و میکانیکیەکی تێ دا بو. هەردوکیان بە دیل گیران و برانە لای شێخ مەحمود. ئەویش لە لای خۆی لە گوندی وڵەژێر گل دانەوە. شێخ مەحمود ویستی ئەمە بکات بە هۆی دەسپێکردنی گفتوگۆ لە گەڵ ئینگلیز. چەند جارێ نامە و نێردراو لە نێوانیاندا هاتوچو. سەرەنجام وا رێ کەوتن مەندوبی سامی بۆ بینینی شێخ مەحمود بێتە خورماڵ. مەبەستی سەرەکی مەندوبی سامی لەم بینینە، ئازادکردنی دیلەکان بو نەک گفتوگۆی سیاسی.

2. 1. گفتوگۆ لە خورماڵ

مەندوبی سامی، سێر هێنری دوبس، لە بەر نەخۆشی یان خۆ نەخۆش خستن نەچو. لە باتی ئەو کۆرنوالیس، کە ئەودەم موستەشاری وەزارەتی داخلیەی عیراق بو، ڕۆژی 9 ی 10 ی 926 چو بۆ نزیک خورماڵ بۆ بینینی شێخ مەحمود. شێخ مەحمود لە گەڵ خۆی هەردو دیلی هێنا بو بە سەلامەتی تەسلیمی کۆرنوالیسی کردن. ماوەی چەند سەعاتێ گفتوگۆیان کرد. خواستەکانی شێخ مەحمود دو جۆر بون: هەندێکیان تایبەتی بو، پێوەندی بە گێڕانەوەی ماڵ و مڵکەکانی خۆیەوە و بە چۆڵکردنی پێنجوێنەوە هەبو، بۆ ئەوەی لێی دابنیشێ. هەندێکیشیان گشتی بون، پێوەندی‌یان بە مافی نەتەوەیی کوردەوە هەبو. شێخ مەحمود داوای ئەکرد حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ژێر ئینتیدابی بریتانیدا دروست بکرێ.

کۆرنوالیس بە راشکاوی بە شێخ مەحمودی ڕاگەیاند کە مەسەلەی حکومەتی کوردی بابەتی باس نیە. بۆ ئەوەی واز لە خۆی بهێنن و مڵک و ماڵەکانی بۆ بگێڕنەوە، ئەبێ دەس ئەخاتە کاروباری سیاسیەوە و لە

شارێکی خواروی عیراق یا لە گوندێکی ئێران دور لە سنوری عیراق دابنیشێ و. دەس وەرنەداتە کاروباری حکومەتی عیراقەوە.

ژیان هەواڵی هاتن و گەڕانەوەی کۆرنوالیسی بۆ سلێمانی نوسیوە. هەروەها هەواڵی بەرەڵاکردنی فرۆکەوانەکان یشی بڵاو کردۆتەوە. بەڵام باسی یەکتربینین و گفتوگۆکانی شێخ مەحمود و کۆرنوالیسی بە ئەنقەست پشت گوێ خستوە. هەواڵەکەی بەمجۆرە بڵاو کردۆتەوە:

"هەواڵی ناوشار

"تەشریف هێنان

"7 ی مانگی جاری، رۆژی پێنجشەمە، وەکالەتەن لە بری فەخامەتی مەندوبی سامی، مەعالی موستەشاری وەزارەتی داخلیە جەنابی میستەر کۆرنوالیس. لە گەڵ سکرتێری خاسی فەخامەتی موعتەمیدی سامی جەنابی کەپتان هۆلت، یەومی مەزکور سەعات 8 و نیوی غروبی بە ئۆتۆمۆبیل تەشریفیان هێناوەتە سلێمانی. بە سورەتێ کە لایەق بە شان و شەرەفیان بێ ئیستیقبالێکی موحتەشەمیان بۆ کرا. لە مەقامی عالی موتەسەڕیفیەوە بە سورەتی مەخسوسە ئەشراف، تیجار، رونەسای دەوائیر و. مەئمورین لە گەڵ قوتابیانی هەردو مەکتەب، دەعوەت کرابونە جێگای تەیارە. سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەڕیف و موفەتیشی ئیداری بە ئۆتۆمۆبێل تا ئەو لای قلیاسان بە پیریانەوە چوبون. موتەباقی هەیئەتی موستەقبیلین هەمو لە جێگای نیشتنەوەی تەیارە چاوەڕوانی هاتنیان ئەکرد. تەقریبەن لە سەعات 8 بەولاوە ئۆتۆمۆبێلەکان دەستیان کرد بە هاتن. لەم میانەدا ئۆتۆمۆبێلێک کە مەعالی جەنابی موستەشاری تیا بو روی کردە خەڵقەکە. لە تەرەف تەلەبەکانی مەکتەبەوە تەرفیقەن بە سەدای ئاهەنگداری مۆزیقەوە گۆرانی بە خێر هاتن تەغەنی کرا. وە لە تەرەف فائیقەوە (شەش ساڵیە) لە مەقامی بە خێر هاتن دا ئەم دو مەسرەعەی ژێرەوە خوێندرایەوە.

"مەغریب کە بو بە مەشریق و رۆژی لەسەر هەڵات

پایز بەهارە ئەودەمی تەشریفی ئێوە هات

ئەم هاتنە نیشانەی هات و سەعادەتە

مەکتەب عمومی عەرزی بە خێر هاتنت دەکات

جەنابی موستەشار زۆر پێخۆشحاڵ بو.

"لە پاشا لە تەرەف جەنابی موتەسەڕیفەوە کە بە پیریەوە چو بو وە لە خزمەتیا گەڕابوەوە، بیلعموم موستەقبیلین بە جیا جیا تەقدیم کران. ئیلتیفاتی بە هەمو لایەک ئیبراز فەرمو. لە دوای تەواوبونی مەراسیم تەشریفیان هاتە ناو شار و لە دائیرەی عالی موتەسەڕیفیدا دابەزی. لە سەعات 9 دا ئەشراف، تیجار، رونەسای دەوائیر، دەستە دەستە بۆ عەرزی خۆشنامەدی لە جێ و مەقامی جەنابی موفەتیشی ئیداریدا بە مولاقاتی موشار ئیلەیهی موشەرەف بون.

"یەک دو رۆژ تەشریفی لێرە مایەوە. لە پاش بینینی ئیشوکاری مەودوعەی خۆیان بەیانی دوشەمە بە ئۆتۆمۆبێل گەڕانەوە. لە گەڵ بە خێر هاتن خوا حافیزیان لێ ئەکەین." (ژیان، ژ 37، 15 ی تشرینی ئەوەلی 926)

تێبینی: فائیق، کە ئەو کاتە شەش ساڵە و. ئەم شیعرەی خوێندۆتەوە فایەق هوشیار بوە و شیعرەکەیش هی پیرەمێردی باپیرێتی.

"بەرەڵابون

"ئەو دو تەیارەچییەی کە لە تەرەف شێخ مەحمودەوە گیرا بون و مودەتێکە لەوێ مابونەوە ئەمجارە لە سایەی هیمەت و وەساتەتی مەعالی جەنابی موستەشارەوە نەجات درا. وە رۆژی یەکشەمەی رابوردو بە ئۆتۆمۆبێل رۆیشتنەوە بەغدا." (ژیان، ژ 37، 15 ی تشرینی ئەوەلی 926)

بەڵام ژیان لە بۆنەیەکی تردا یەکتربینینی شێخ مەحمود و کۆرنوالیسی ئاشکرا کردوە. کۆرنوالیس لە 18 ی 10 ی 928 دا سەردانی سلێمانی کردوە. بەو بۆنەیەوە ژیان لە ژ 132 دا ریپۆرتاجێکی بڵاو کردۆتەوە و، لە سەروتاری ژ 133 دا لە ژێر سەردێڕی (چاکە لە فکر ناچێتەوە) نوسیویتی:

"ئیسان مەعلومانە و هێشتا لە فکرمان نەچۆتەوە کە لە وەقتێکدا عمومی میلەتەکانی دراوسێمان لە رەحەتی و ئیستراحەتدا بون. کەچی ئێمە بە واسیتەی بەعزێ ئەسبابەوە لە ناو وەرتەیەکی فەلاکەت و ئینقیلابدا گێژمان ئەخوارد و، ئەم فەلاکەتە مودەتێکی چەند ساڵی دەوامی کرد و حەتا کە حکومەتیش تەشریفی هێنایەوە دیسانەوە بە تەواوی ئەمنیەت و ئاسایشێک تەئمین نەکرا هەتا دەرەجەیەکی لێ هات، کە سەروەتی مەملەکەتەکەمان زایع و دەرگای تیجارەتمان بەسترا، میلەتی بێ قوت دەستەوئەژنۆ دانیشت و کە حکومەتی فەخیمە زانی ئیتر بە بەریەوە نەماوە و میلەتەکە موتەئەبیە بوە و، ئەو معاملە خراپانەی لە فکری خۆی دەرهێناوە و پەشیمان بۆتەوە. ئیتر بە جدی بۆ رەفعی ئەم حاڵە قەراری قەتعی دا.

"مەعالی کۆرنوالیس وەکو گەلێ مەسائیلی موهیمتری عیراقی حەل فەرموە، بۆ حەلی ئەم مەسئەلەیەش بە جدی سەعی فەرمو و، تەشریفی هێنایە سلێمانی و لێرەیشەوە چوە خورماڵ و، لەوێ لە گەل شێخ مەحمود ئەفەندیدا مولاقاتی فەرمو و، لە داخلی بەعزێ شەرائیت موما ئیلەیهی عەفو فەرمو و، نەتیجە ئەم ئینقیلاب و فەلاکەتەی بە ئەبەدی رەفع فەرمو."

2 .2. گفتوگۆ لە بەغداد

بۆ دریژە پێ دانی گفتوگۆ، شێخ مەحمود بە نوێنەرایەتی خۆی سەید ئەحمەدی بەرزنجی ناردۆتە بەغدا. سەید ئەحمەد رۆژی 21 ی 10 ی 926 گەیشتۆتە سلێمانی و لەوێوە چۆتە بەغداد. گفتوگۆکانی لە بەغداد لە گەڵ سەید ئەحمەد کراوە وەکو ئەوە وا بون کۆرنوالیس لە خورماڵ لە گەڵ شێخ مەحمودی کردبون. مەرجەکانی بۆ شێخ مەحمودیان داناوە قورس بون. ئینگلیز تەنانەت نامادە نەبوە (لێبوردنی گشتی) بۆ شێخ مەحمود و هاوکارەکانی دەربکا. بەردوسی ئەو بەڵگەیەی کە بە ناو ریککەوتنە لە نێوان شێخ مەحمود و حکومەتدا و، لە راستیدا ئەتوانرێ بە (مەرجنامەی ئینگلیز و بەڵێننامەی شێخ مەحمود) ناوبرێ، ئەمە دەقەکەیەتی:

"بۆ دەفعی مەراقی خوێنەدوارانی ژیان و تەعدیلی فکری بەعزێ ئیفراتپەروەران بۆ نەشری شەرائیتی ئینقیاد و ئیتاعەتی شێخ مەحمود ئەفەندی لە حکومەت موساعەدەمان وەرگرت. ئەوا سورەتێکی ئەو شەرائیتە کە لە مەقامی عالی موتەسەریفیەوە دەستمان کەوتوە. عەینەن دەرجی ستونی ژیانی ئەکەین:

"وەزارەتی داخلیە
"ژمارە 225
"تاریخ 19 ی کانونی سانی 927
"بۆ رەوانەکراو جەنابی سەید ئەحمەد ئەفەندی

"لە بەر ئەوەی کە لە بەینمان دا دەرهەق بە ئیشوکاری شێخ مەحمود ئیتیفاق پەیدا بو، لە شکلی کاغەزێک دا نوسینی بەشێکی نەتائیجی گفتوگۆکەمان موناسیب ئەبینم. کە ئەمانەیش لە مەوادی ژێرەوە عیبارەتە:

1. شێخ مەحمود تەعەهود ئەکات کە هەتاکو حکومەتی عیراق لە حوسنی نیەت و ئیخلاسیەتی بە تەواوی کەسبی ئەمنیەت ئەکات، خۆی و کوڕەکانی: شێخ ڕەئوف و شێخ لەتیف و، ژنەکانی: عایشە و بەهیە خانم، لە گەڵ فاتمە خانی خوشکی، لە دێی وڵەژێر کە لە ئەرازی ئێران دایە ئیقامەت بکەن.

2. شێخ مەحمود تەعەهود ئەکات نە خۆی و نە ئەوانەی کە لە مادەی یەکەم دا ناویان براوە، بە بێ ئیزنی حکومەتی عیراقیە داخل بە ئەرازی عیراق نەبن.

3. شێخ مەحمود تەعەهود ئەکات نە خۆی و نە ئەوانەی لە مادەی یەکەم دا ناویان براوە، بە هیچ سورەتێ و لە هیچ جێگایەک، دەست ئەخەنە ئیدارەی حکومەتی عیراقیەوە و، بۆ ئەمە پیاوەکانی تریشیان تەشویق ئەکەن، لە گەڵ ئەمەیش دا خۆی و ئەوانی تر لە تەداخول بە ئوموری سیاسیەی عیراق ئەبێ خۆیان بپارێزن.

4. شێخ مەحمود تەعەهود ئەکات شێخ باباعەلی کوڕی لە مەکتەبێک دا کە حکومەت قبوڵی بکات بۆ خوێندن ڕەوانەی بەغدای بکات، جگە لەمەیش ئەم کوڕەی بە بێ ئیزنی حکومەت بەغدا بە جێ نەهێڵێ.

5. شێخ مەحمود لە ڕوی ئەو کردەوانەوە کە ئیرتیکابی کردوە بۆ ئیجرای هەمو قەرارێک کە لە مەحاکیمی مەدەنیەوە دەرئەچێ لە نەتیجەی ئەو دەعاویەی کە لە لایەنی ئەفرادی میلەتەوە لە عەلەیهی ئیقامە کراوە مەسئولیەت قبوڵ ئەکات.

6. بە شەرتێ ئەم تەعەهودانە بە جێ بهێنرێ، حکومەتی عیراق بە پێی فەقەراتی ژێرەوە بە دانەوەی ئەو مڵکانە کە موسادەرە کراون و، حەقی مولکیەتی عائید بە شێخ مەحمود و کوڕەکانی شێخ ڕەئوف و شێخ باباعەلی و شێخ لەتیف و ژنەکانی عایشە و بەهیە خانم لە گەڵ فاتمە خانی خوشکیە، موافەقەت ئەکات.

ا. شێخ مەحمود لە بری ساحیب مولکەکان بۆ ئیدارەی ئەو مولکانە وەکیلێ وە یا چەند وەکیلێک کە حکومەت بە باشی بزانێ تەعین ئەکات.

ب. ئەم وەکیلە وە یا وەکیلەکان لە موداخەلەی ئوموری ئیداری و سیاسی حکومەتی مەنع ئەکرێن و هەچ وەکیلێ بێ ئیتاعەتی ئەم ئەوامیرە، وە یا لە تەئدیەی ڕسومی موعتادەی حکومەتی ئیزهاری عیجز بکات حەقی حکومەتە دەستبەجێ عەزلی بکا و، لە جێی ئەو بۆ تەعین و دانانی یەکێکی تر لە گەڵ شێخ مەحمودا تەرتیبات ئیجرا ئەکرێ.

د. لە ساڵی 1921 بەم لاوە هەر ئەملاکێ لە تەرەف شێخ مەحمودەوە وە یا لە تەرەف یەکێ لەو زاتانەی کە ناویان لە مادەی یەکەم دا نوسراوە ئیستیملاک کرابێ، حەقی حکومەتە بیداتەوە بە ساحیبی پێشویان، بە شەرتێ ساحیبی مولکەکان ئەو پارەیەی کە موقابیل بەو مولکانە وەریان گرتوە بە شێخ مەحمود وە یا بەو زاتانەی کە ناویان لە مادەی یەکەم دا بەیان کراوە ئیعادە بکەنەوە.

7. ئەگەر شێخ مەحمود وە یا یەکێ لەو زاتانەی کە ناویان لە مادەی یەکەم دا سیبقەتی کردوە هەر وەختێ لە تەنفیزی یەکێ لەو شەرتانەی کە لە سەرەوە نوسراوە عیجز بنوێنێ حکومەتی عیراق لە هەمو نەوعە مەسئولیەتێ تەخلی ئەکات و بۆ ئیتیخازی تەدابیری زەروریە سەربەست ئەمێنێ.

8. تەرتیباتی مەزکور هەر کە خرایە مەوقیعی تەنفیزەوە حکومەت بەرامبەر بە ئەتباعی شێخ مەحمود سیاسەتێکی مولایم وەرئەگرێ و لەمانە چەند کەسێک نەبێ ئیستیسنا ئەکرێن ئەوانی تر عومەن لە پاش وەرگرتنی تەعەهودی حوسنی سلوک بۆ ئیهات و جێگای خۆیان بە گەڕانەوەیان موساعەدە ئەکرێن.

ئەو کەسانەی ئیستیسنا ئەکرێن وەختی خۆی لیستەیەکی بە شێخ مەحمود ئەدرێ.

9. هەچ واریداتێ بە ناوی حکومەتەوە قەید کرابێ لە ئەملاکی شێخ مەحمود وە یا لە ئەملاکی ئەوانەی کە ناویان لە مادەی یەکەم دا نوسراوە موافقەت پەیدا بو کە ئەیاندرێتەوە.

10. بێینە سەر مەسائیلی عومیەی کوردایەتی: مەعلومی عالەمە کە بۆ تەتبیقی ئەو سیاسەتەی دەرحەق بە کوردەکانی عیراق لە تەرەف عیسبەتول ئومەمەوە دانراوە حکومەتی بریتانیا و عیراق بەرامبەر بە عیسبەتول ئومەم لە ژێر تەعەهودێکی موقەدەس دان. وە لە بەر ئەمەی لەم خسوسەوە ئەم دو حکومەتە مەسئولن ئەم مەسئەلەیە ناخرێتە مەوادی موزاکەرەکەمانەوە.

11. موافەقەتی تەحریریەتان لەم خسوسەوە بە زویەکی زو ناردنی ئارەزو ئەکەم. بە گەیشتنی ئەم کاغەزە بۆ لای شێخ گەڕانەوەتان و لە نەتایجی موزاکەرە بۆ ئاگادارکردنی مانعێک نابینم. موافەقەت و ئیسپاتی عەمەلی حوسنی نیەتی شێخ مەحمود بە چونە ولەژێر. وە بە ناردنی شێخ باباعەلی کوڕیان بۆ بەغدا دیاری ئەدا. ئەوا حکومەت بۆ ئیجرای ئەو قیسمەی کە بەری ئەکەوێ حازر و ئامادەیە.

موستەشاری وەزارەتی داخلیە" (ژیان، ژ 70، 21 ی حوزەیرانی 927)

2. 3. گوشاری زۆرتر

شێخ مەحمود قبوڵکردنی ئەو مەرجانەی پێ قورس بو، سەرەتا دەستی دەستی پێ کردن، ئەیویست کاربەدەستانی ئینگلیز قانیع بکا، پێنجوینی بۆ چۆڵ بکەن لێی دابنیشێ. ئینگلیزەکان پش نوقتە لاوازەکانی شێخ مەحمودیان دۆزی بوەوە، ئەیانویست بێ ئەوەی هیچ ئیمتیازێکی بدەنێ، بە زویی ملی پێ کەچ بکەن.

ئاڵوگۆڕی موتەسەریفەکان

ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی ئاڵوگۆڕێکی لە موتەسەریفەکانی لیوا کوردنشینەکاندا کرد. ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ کە دوای گرتنەوەی سلێمانی و نوساندنی یەکجارەکی بە حکومەتی عیراقەوە، کرا بو بە موتەسەریفی سلێمانی. ئیستیقالەی کرد. ئیستیقالەکەی قبوڵ کرا. لە جێگەی ئەو ئەحمەد عوسمان کە کەسایەتیەکی هەولێری باوەڕپێکراوی ئینگلیز بو، وە لەو کاتەدا موتەسەریفی هەولێر بو. گوێزرایەوە بۆ سلێمانی.

"قەراری مەجلیسی وزەرا: مەجلیسی وزەرا بە تەعینی نائیبی رەئیسی مەحاکیمی مەدەنیەی لیوای دیالە عومەر نەزمی بەگ بۆ موتەسەریفیەتی کەرکوک و. بە تەحویلی موتەسەریفی کەرکوک عەبدولمەجید بەگ بۆ موتەسەریفیەتی ئەربیل و. دیسان بە تەحویلی موتەسەریفی لیوای ئەربیل ئەحمەد بەگ بۆ موتەسەریفیەتی لیوای سلێمانی و. بە قبوڵ کردنی ئیستیعفای موتەسەریفی ئێرە ئەحمەد بەگ قەراری داوە." (ژیان، ژ 61، 14 ی نیسانی 927).

ژیان ریپۆرتاجێکی دەربارەی (رەسمی ئیستیقبال بە تەشریف هێنانی موتەسەریف) بەمجۆرە نوسیوە:

"19 ی مانگی حالی، رۆژی سێشەمە سەر لە بەیانی، بە تەلسرێک خەبەری حەرەکەتی سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەریف درا بو. وە بینا لە سەر تەنسیب و تەرتیبی ئیدارەی بەلەدیە بۆ ئیستیقبال، عمومی رونەسای دەوائیر و گەلێ لە ئەشراف و تیجاری مەملەکەت لە گەڵ قوتابیانی هەردو مەکتەب، دەعوەت کرانە سەر جادەی موشیرئاوا. لەمبەر و لەوبەری جادەکە لە سەعات 5 ی عەرەبیەوە هەینەتێکی گەورە گرد بوەوە و دەست بە چاوەڕوانی کرا. تەقریبەن لە سەعات 9 ی عەرەبیدا ئەو ئۆتۆمۆبیلەی کە جەنابی موتەسەریفی هەڵگرت بو لە بەردەمی موستەقبیلین دا وەستا. تەلەبەکانی مەکتەب دەستبەجێ رەسمی سەلامیان بۆ ئیجرا کرد. موتەسەریف کە تەشریفی هاتە خوارێ لە لایەنی سکرتێری موفەتیشی ئیداری میستەر ریچارد، کە لام

وایە بە ناوی موفەتیشی ئیداریەوە بۆ ئیستیقبال هات بو، عەرزی بە خێرهاتنی کرا و، لە تەرەف رەئیسی بەلەدیەوە هەیئەتی موستەقبیلین یەکە یەکە تەقدیم کرا. موشار ئیلەیهی گەلێ ئیلتیفاتی ئیبراز فەرمو وە موسافەحەی لە گەڵ هەموا کرد. لە دوای خیتامی خۆشئامەدی رو بە شار سواری ئۆتۆمۆبیلەکەی بوەوە و، بەم سورەتە مەراسیمی ئیستیقبال دوایی هات.

"حوسنی ئیدارە و مەزیاتی عالیەی جەنابی موتەسەریف وارەستەی ئیزاحە. بە هیواین ئەو تەئەسورەی کە لە قبوڵی ئیستیعفای موتەسەریفی پێشومانەوە پەیدا بوە بە خەدەماتی نافیعە بۆ وڵاتەکەمان تەلافی بکات. بەم موناسەبەتەوە لە وەزیفەی تازەیان دا موەفەقیەت و سەعادەتی تەمەنا ئەکەین." (ژیان، ژ 62، 21 ی نیسانی 927).

هێرش بۆ سەر پێنجوین

"دەنگوباس:

"19 ی مانگی حالی کە رۆژی تەشریف هێنانی سەعادەتمەئاب موتەسەریف بو، بە گەیشتنی موشار ئیلەیهی. هەر ئەو رۆژە میقدارێکی زۆر عەسکەر لە جەیشی عیراق و لیوی بە تۆپ و موهیماتێکی زۆرەوە، لە گەڵ مەفرەزەیەکی پۆلیسی سوارە، رو بە پێنجوین حەرەکەتیان کرد بو. لە رێگا توشی تاقمێ لە چەتەکان ئەبن. لە شەرێک دا کە لە بەینی تەرەفەین دا روی داوە چەتەکان 5 مەقتول و چەند برینداریکیان بە جێ هێشتوە و، بەرامبەر بە سەتوەتی قیوای حکومەتی مقاوەمەت و موقابەلەیان پێ نەکراوە و رایان کردوە. لەم لا تاقە نەفەرێک کوژراوە. لە 23 ی نیسان دا قوەتەکە بە بێ موقابەلە داخلی پێنجوین بون.

"ئیتر ئەمجارە حکومەت بە تەواوی و قەتعی لە پێنجوین ئەمێنێتەوە و ئیدارە تەشکیل ئەکات. هەچ تەواتورێک لەم خسوسەوە بە نەوعێکی تر بگێڕرێتەوە بێ ئەسڵە. حەقیقەتی حاڵ ئەمەیە کە بەیانمان کرد.

"لەو رۆژەوە کە عەسکەر بۆ پێنجوین حەرەکەتی کردوە ئەو تاقمە چەتە خوێڕییانە کە لە دێهاتەکانی دەوری شار بە شەو بە دزیەوە ئەچونە سەر لادێییەکان و ئەبونە باعیسی تێکدانی ئیستراحەتیان هەمو بەرتەرەف کراون. وە لە سایەی هیمەت و حوسنی تەدبیری جەنابی موتەسەریفەوە لەو ناوەدا ئاسایش و ئەمنیەتێکی تەواو دامەزراوە." (ژیان، ژ 63، 28 ی نیسانی 927).

"بۆ زانینی هەمو:

ئەوا لە تاریخی ئەمرۆوە ئەمرێک کە بە ژمارە 555 رۆژی 927/2/23 تەعمیم و ئیسدار کرابو لەغو کرایەوە. یەعنی لەمەولا سەوقی ئەموال بۆ پێنجوین و ئیخراجی ئەموال بۆ مەریوان و هەورامان و سائیری سەفەحاتی ئێران لە پاش کەمالی معامەلەی قانونیە لە گومرگی سلێمانی و لای مودیری پێنجوین مەمنوع نیە و، هەرکەسێ ئەتوانێ ئەوەڵەن موراجەعەت بە دائیرەی گومرگی سلێمانی بکا و موافیقی قەوانین و ئەنزیمە معامەلاتی لازمە جێبەجێ بکات و ئەمجا ئەموال سەوق بکات. فەقەت لازمە ئەو ئەمواڵە ئەوەڵەن بچێتە پێنجوین و مودیری پێنجوین خەبەردار بێ و معامەلەی لازمەی ئیجرا بکات ئینجا مەئزونە بۆ هەر لایەک مەتلوبە سەوق بکرێ و، موحتاج بە وەرگرتنی کەفالەت نیە. موتەسەریفی سلێمانی" (ژیان، ژ 63، 28 ی نیسانی 927).

لە گەڵ ئەو لەشکرکێشیەدا دیارە دانیشتوانی پێنجوین شارەکەیان چۆڵ کردوە بۆیە موتەسەریفی سلێمانی ئەم (ئیعلان) ەی بۆ بڵاو کردونەتەوە:

"حکومەت ئەمجارە کە بە قوەتی عەسکەریەوە هاتۆتە پێنجوین بەم فکرە هاتوە کە دائیمی لە پێنجوین دابنیشێ و محافەزەی ناحیەی پێنجوین و ئەهالی موتیعە تەمامەن بکات. ئێوە کە ئەهالی ناحیەی پێنجوینن بە

نامی حکومەت ئیخبارتان ئەکەم ئەمجارە حکومەت بە دائیمی لەوێ دائەنیشێ و تەشکیلاتی حکومەتی تەمامەن ئیجرا ئەکات. ئەو کەسەی کە لەم سەفەرەدا مقاوەمەتی حکومەتی ئەکردبێ حکومەت قەتعیەن عەلاقەی ناکا. لازمە کەس نەترسێ و ئەهالی هەرکەس بێتە سەر ملک و ناوەدانی خۆی و بە کاسبی خۆی مەشغوڵ بێ. حکومەت بە حەق محافەزەی ئەهالی موتیعە ئەکات. موتەسەریفی سلێمانی" (ژیان. ژ 64، 5 ی مایسی 927)

"ئەنگوباس:

"لە سەر رێی پێنجوێن

"رۆژی 1 ی مانگ مەفرەزەیەکی عەسکەری و قافڵەیەک کە شەش صەد بار ئەرزاقی پێ بو رو بە پێنجوێن حەرەکەت ئەکەن. بۆ دوەم رۆژ لە نزیکی بادانە توشی تاقمێکی ئەشقیا ئەبن کە بۆ تەعەرروزی عەسکەر خۆیان لە ناو دار و درەخت دا شاردبوەوە. بەدبەختانە نازانن کە سیلاحشۆر و پیلانگێرێکی وەکو کاپتن لاینیان لە گەڵ دایە، کە حەیاتی خۆی لە مەیدانی حەرب و جیدال دا رابواردوە، لە هەمو لایەکەوە بە جارێک قوەتەکە ئەدەنە بەر دەسترێژ. عەسکەرەکان هیچ ئەهمیەت نادەن بەم تەقانە. دەستبەجێ لە سەر ئەمر و تەرتیبی جەنابی موفەتیش بۆ دەفعیان 20 نەفەرێک لە عەسکەری لیوی ئاسوری جوێ ئەبێتەوە و بە بێ ئەمەی ئەهمیەت بدەنە گوللەی تفەنگی ئەشقیا هجوم ئەکەنە سەریان، نوقاتی حاکمەیان لێ ئەگرن و ئەیاندەنە بەر تفەنگ. لە نەتیجەدا ئەشقیاکان تارومار بون و 4 کەسی موناسیبیان لێ کوژراوە کە عیبارەتن لە: شێخ رەشیدی باغ، شێخ نوری قزلەر و 2 کابرای چنگنیانی. لە عەسکەر قەتعیەن تەلەفیات نەبوە. لە پاش دەفع و تەنکیلی ئەم ئەختە مانعەیە دیسان ئەکەونەوە رێ و ئەچنە پێنجوێن.

"حکومەت هەر لە سلێمانیەوە هەتا پێنجوێن لە مەواقیعی موهیمەدا دەستی کردوە بە دروستکردنی نوقتەی پۆلیس. ئەم نوقتانە بۆ تەئمینی ئاسایش و محافەزەی حقوقی ئەهالی و سەربەستی تیجارەت و ئامەدوشود بۆ پێنجوێن پڕە لە پۆلیس. ئومێد ئەکەین کە حکومەت لەمەودوا بەربەستی شەقاوەت و راووڕوتی جەردەکان بکا تاوەکو میلەت لە ژێر سێبەری ئەمنیەت و ئاسایش دا بحەوێتەوە." (ژیان. ژ 65. 12 ی مایسی 927)

"راپۆرتی پۆلیس

"نزیکی 10- 15 نەفەرێک لە چەتەکان لە گەرمیان ئەبن و لە چونی قیوای حکومەتی بۆ پێنجوێن و حەرەکاتی عەسکەریە خەبەر وەرئەگرن. بۆ ئەمەی خۆیان رزگار کەن و دەقیقەیە زوتر ئیلتیحاق بە رەفیقەکانی تریان بکەن، لە 22 ی مانگی رابوردودا بۆ ئەودیو ئەگەڕێنەوە. لە رێ توشی کابرایەکی ئابلاخی دێن. لە ئەندێشەی ئەوە کە ئەک خەبەری حکومەتیان لێ بدا، بۆ تەخویف تەقەی لێ ئەکەن. لە ئەسەری تەسادوف و بەدبەختی کابرا، بەر گوللەیەک ئەکەوێ و ئەکوژرێ.

"لە 18 ی نیسانەوە تا 2 ی مایس لە داخل و خاریجی لیوادا، شایانی قەید، هیچ وقوعاتێکی تر روی نەداوە." (ژیان. ژ 64. 5 ی مایسی 927).

"خولەی دەوڵەتیار، کە موددەتێکە دیهاتی ئەم قەراغ شارەی بە راووڕوت تەعجیز کرد بو و، لە ئەشقیایی و جەردەییدا گەیشت بوە دەرەجەی نیهایەت. بینا لە سەر تەعلیمات و ئەوامیرێک کە لە مەقامی موتەسەریفیەوە تەبلیغ کرا بو، وەکیلی مودیری قەرەداغ، لە گەڵ باشچاوەشی پۆلیسی ئەوێ، بەیانی 2 ی مانگی حاڵ ئەدەن بە سەر ئاوایی خێوەتەی بازیان و لە ناو ئاغاسوریدا لە گەڵ کوێخادێ و زرکوڕێکیدا ئەیگرن.

"موکافاتەن لە بری ئەم خزمەت و فەعالیەتە، لە لایەنی سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەریفەوە، عەبایەکی نایاب بە وەکیلی مودیری قەرەداغ رەشید ئەفەندی و سەعاتێکی باش لە گەڵ قوردوێنێک بە باشچاوەشی پۆلیسی ئەوێ بابەشێخ و، هەر یەکە سەرو ئەسپێکیان پێ بەخشراوە." (ژیان. ژ 65. 12 ی مایسی 927).

"شەوی 15 ی مانگ تاقمێک لە چەتەکان. لە ژێر مەعیەتی سابیری کەریم بەگ و ئەمینی حەمەی ئیمام دا، لە ناو هێرشی برسێتی چونەتە قەرەتۆغان و. لە پاش خۆ تێر کردن لە ئوڵوبەوە تێ ئەپەڕن. لەوێ تۆشی وڵاخەکانی ڕەشیدی حاجی فەتاح و سائیرە دێن. کە لە چایردا بون. لەم فرسەتە بیلئیستیفادە وڵاخەکان ئەدەنە پێش خۆیان و ئەچنە هەزارمێرد. حکومەت هەر کە بەمەی زانی و لە حاڵ ئاگاهدار بو. دەستبەجێ لە سەر ئەمری عالی موتەسەرپفی مەفرەزەیەکی پۆلیس لێرەوە. قوەتێکی تریش لە مەرکەزی ناحیەی سەرچنار (لە) باوەگێڵدی‌یەوە سەوق ئەکەنە سەریان. ئەم دو مەفرەزەیە پاش و پێشیان لێ ئەگرن و ئەیانخەنە بەر دەستڕێژی تفەنگ. لە ئەتیجەی موسادەمەدا قیسمێک لە وڵاخەکان ئیستیرداد ئەکەنەوە و دوانی ناوداریان لێ ئەکوژن. لە پۆلیسەکانیش یەکێ کوژراوە. چەتەکان کە ئەبینن تەنگیان پێ هەڵچنراوە ئیتر مقاوەمەتیان پێ ناکرێ و بە ڕوکاری بەراناندا فیرار ئەکەن. لە لایەنی قوەتەکە بیلتەعقیب لە دەوری خێوەتە خراونەتە موحاسەرە و. لێرەوە دیسان میقداری کافی عەسکەر و پۆلیس ڕەوانە کراوە. ئومێدی قەوی وایە کە تاقیان لێ دەرنەچێ وهەمویان بگیرێن و. خاتیمە بە حەیاتی شەقاوەت وجەردەییان بهێنن." (ژیان. ژ 66. ژ17 ی مایسی 927).

"ئەو تاقمە چەتەیەی کە ئوسی بومان لە خوار ئوڵوبەوە وڵاخیان فڕاندوە و. لە ئەتیجەی شەڕێک دا لە هەزارمێرد لە گەڵ مەفرەزەی پۆلیس دا بویانە ئیستیرداد کراوەتەوە و. لە دەوری خێوەتە خراونەتە موحاسەرەوە شەوێ لە فرسەت.. خۆیان گوم کردوە و بە فیرار موەفەق بون و مەعلوم نیە بۆ چ لایەک ڕۆیشتون. فەقەت هەروەکو قسەی لێ ئەکەن بۆ ئەودیو گەڕاونەتەوە. حکومەت بۆ مەنعی ئەم ئەوعە تەجاوزاتە بە کەماڵی جدیەت تەدابیری لازمەی وەرگرتوە و لەو ڕۆژەوە ئەسەری چەتە لەو ناوەدا نەماوە و ئومێد ئەکرێ لە سایەی ئەم تەدابیرەوە لەمەودوا مەیدانی ڕودانی ئەم ئەوعە شتانە بگیرێ. ئیتر موەفەقیەتی حکومەت ئەخوازین." (ژیان. ژ 67. 24 ی مایسی 927).

"ئەو قوەتە تەعقیبیە کە لە لیواوە تەرتیب کراوە و لە ناحیەی بازیان دا تەعقیبات ئەکەن، یەک دو ڕۆژ لەمەوپێش لە پشت هەنجیرەوە توشی دو سوار دەبن. لە تەرەف ڕەئیسی قوەتەکەوە بۆ تەحقیقی هەویەتیان ئەمر بە ڕاوەستانیان ئەدەن. لە گەڵ ئەمەی ئیتاعەت و ئیمتیسالی ئەمرەکە ناکەن. موقابەلەیان ئەکەن. لە سەر ئەمە لە تەرەف مەفرەزەکەوە ئەدرێنە بەر تەقە. لە ئەتیجەدا هەردو سوارەکە ئەکوژرێن. وەختێ کە جەنازەکانیان هێنایە شار. تەحەقوقی کرد کە یەکێکیان لە چەتە مەشهورەکانی هەمەوەند کەریم ئەحمەد سەلیمە و ئەوی تریشیان خەلقی سلێمانی عەبدوڵا کوڕی قادرە." (ژیان. ژ 68. 31 ی مایسی 927).

2. 4. مەندوبی سامی لە پێنجوێن

ژ 66 ی 17 ی مایسی 927 ڕیپۆرتاجێکی درێژی لە ژێر سەردێڕی (مەراسیمی ئیستیقبال) دا سەبارەت بە سەردانی مەندوبی سامی بۆ سلێمانی نوسیوە. لە سەرەتاکەیدا ئەڵێ: "خەبەری تەشریف هێنانی فەخامەتمەئاب مەندوبی سامی عالەمی ئێرەی غەرقی سرور و خۆشی کرد. ئەم زاتە بڵند و بە قیمەتە و. ئەم داهی سیاسەت و مقتدرەتە. سەری سێیەمین جارە سلێمانی بە وجودی خۆیان موشەرەف ئەکا. کە هەر هاتنێکی بۆ تەئمینی ڕەفاە و سەعادەتی قەومی ئەجیبی کورد. هەر تەشریف هێنانێکی.. حەل و کردنەوەی گرێیەکی سیاسی و ئیداری وەتەنی موعەزەزی خۆشەویستی ئێمە بوە. جگە لە مانە لە سایەی عەزمی.. و تەشوبوساتی لایەتەزەلزەلی موشار ئیلەیەیەوە کە حکومەتی عیراق نائیلی ئیستیقلالیەتێکی تام و ئێمەیش مەزهەری کوردیەت و.. میللی خۆمان بوین و لە مەجلیسی عیسبەتول ئومەم دا بۆمان.. قەرار کراوە. ئەم خدمەتە شایستەیە و ئەم سەعیە مەشکورە لە سەر هەمو عیراقیەک بیلخاسە لە سەر هەمو کوردێکی عیراقی پێویستە تێزکار و تەئیدی بکات."

رۆژی 14 ی مایسی 927 مەندوبی سامی بە ئۆتۆمۆبێل گەیشتۆتە سلێمانی. بۆ پارێزگاری کاروانەکەی و پیشاندانی دەبدەبە و دەسەلاتی ئینگلیز. دو فرۆکە بە سەر ئۆتۆمۆبێلەکەیەوە فریوە. بۆ پێشوازی لێ کردنی "هەیئەتێکی گەورە لە رونەسای دەوائیر و مەئمورین. عولەما. ئەشراف. رونەسای عەشائیر. تیجار. تەلەبەکانی مەکتەب و قیتعەیەکی عەسکەری گەورەی لیوی ئاسوری لەمبەری جادەی مشیرئاواوە و جەمعێکی غەفیر لە سائیری ئەسناف و تەبەقاتی ئەهالی لەوبەری جادەی مەزکور گرد بوبونەوە..."

وەکو ژیان لە ژ 67 ی 24 ی مایسی 927 دا نوسیویتی: "فەخامەتی مەندوبی سامی کە تەشریفیان هێنا بوە ئێرە لە پاش ئەمەی دو رۆژ لێرە مایەوە و گەلێ کەس بە مولاقاتی موشەرەف بو و لەم مولاقاتەدا بەو کەلیماتە نازکە بە قیمەتانەی خۆی فەرەح و خۆشی خستە دڵی هەمو لایەکەوە و. هەر تەعلیمات و ئەوامیرێک ئیجاب بکا ئیعتا و لە پاش ئەمەی بەعزێ جێگا وەکو خەستەخانە. مەکتەب و سائیرەی زیارەت فەرمو. بۆ تەواو کردنی ئەم سەفەرەی کە دەستی دابویە. دوەم رۆژی گەیشتنیان بە تەیارە تەشریفی فەخامەتیان بۆ ناحیەی خورماڵ و پێنجوین چو. لە تەرەف مەئموران و ئەشرافی محەلیەی ئەوێوە بە سورەتێک کە لایەقی شان و شەرەفیان بێ ئیستیقبال کراوە. فەخامەتی مەندوب لە ئەسنای مولاقات دا پێی گەیاندن کە حکومەت بۆ تەئمینی ئاسایش و ئیستراحەتی ئەهالی. بۆ مەنعی هەمو نەوعە تەجاوزاتێک و لەو ناوەدا بۆ دامەزراندنی نفوزی حکومەتی هەچ تەدابیرێک ئیجاب بکات وەری گرتوە. لە گەڵ ئەمەیش دا فەرمویەتی: لازمە ئیمتیسالی ئەوامیری حکومەت بکەن و هەرکەسە لە داخلی وەزیفەی خۆیدا حەرەکەت بکات تاوەکو بە تەواوی مەرحەمەتی حکومەت جەلب بکەن."

مەندوبی سامی دوای سەردانی خورماڵ و پێنجوین گەڕاوەتەوە سلێمانی و بەیانی رۆژی 17 ی مایس بە ئۆتۆمۆبێل رۆیشتۆتەوە. سەردانی مەندوبی سامی لە پێنجوین و خورماڵ. کە دو مەڵبەندی نفوزی شێخ مەحمود و تازە داگیر کرا بون. بێگومان بۆ جێگیرکردنی هێزەکانی حکومەت و دڵنیاکردنیان بوە.

2. 5. هەڵوەرینی هێزەکان

هێزەکانی شێخ مەحمود. بە هۆی ناهەمواری باری ژیان و راونانی ئاسمانی و زەمینیی بەردەوام و نائومێدی لە دوارۆژی سیاسی کەوت بونە هەڵوەرین. هەندێ لە چاکترین شەڕکەرەکانی خۆیان بە دەستەوە دەدا. ژیان هەندێ لەم روداوانەی تۆمار کردوە و. هەندێکیشی نەنوسیوە. لەوانەی تۆماری کردون:

"هاتن

قائیمقامی ئەلەبجە جەنابی حامید بەگ تەشریفی هاتوە. لە ئەشقیای مەشهورە خلیفە یونس کە مودەتێکە موتەوالیەن عەرزی دەخالەت بە حکومەت ئەکا، ئەمجارە هاتە سلێمانی و لە مەرکەزی لیوادا عەرزی ئینقیاد و ئەمامەتی کرد لەسەر کەفالەت تەمنین و ئینجا تەرخیس کرا." (ژیان. ژ 38. 21 ی تشرینی ئەوەلی 926).

"کوڕی شێخ قادری شێخ سەلام. جەنابی عەبدوڵا عاقل ئەفەندی کە لە لای شێخ مەحمود یوزباشی بو و. مودەتێکە ئینفیکاکی کردوە بۆ تەئیدی ئەم جوێبونەوەیە هاتۆتە سلێمانی و. بە حوسنی نیەت تەعەهودی بە حکومەت داوە." (ژیان. ژ 68. 31 ی مایسی 927).

"شێخ سەعیدی باغ

"شێخ سەعیدی باغ کە چەند رۆژێ لەمەوپێش کوڕێکی کوژرا و. خۆشی نامەدوشوێ حکومەتی نەئەکرد هاتە سلێمانی و بە موجیبی مادە 43 ی قانونی عەشایەر کەفالەتی لێ سەنراوە. لە گەڵ ئەمەیش دا تەعەهودی کردوە سوارەکانی تری کە لەوێدو ماونەتەوە بۆ دەخالەت بیانهێنێت." (ژیان. ژ 68. 31 ی مایسی 927).

"شێخ عەبدولعەزیزی شێخ عەلی
شێخ عەبدولعەزیز کوڕی شێخ عەلی دەرمیانە کە مەشهورە و مودەیەکە ئیتاعەتی ئەوامیری حکومەتی ناکا لە سەر تەلەبی سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەڕیف هاتۆتە سلێمانی و بە پێی مادە 43 ی قانونی عەشایەری کەفالەتی لێ سەندراوە.
"لە حەرەکاتی پێنجوێن و هاتنی جەنابی موتەسەڕیفی تازەوە تا ئێستا لە چەتە و موتەهەمەکان 21 کەس عەرزی دەخالەت و ئینقیادیان بە حکومەت کردوە و رەبتی کەفالەت کراون." (ژیان، ژ 68، 31 ی مایسی 927).

3. کەنارەگیری

3. 1. ناردنی بابەعەلی بۆ بەغداد

شێخ مەحمود (مەرجنامە)کەی ئینگلیزی قبوڵ کرد. کەوتە جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی. بە پێی مادەی 4 ی ئەو بەڵێننامەیە بابەعەلی کوڕی نارد بۆ ئەوەی بچێ لە بەغداد بخوێنێ.
"دەنگوباس
"هاتن
"ڕۆژی دوشەمە دوێنێ کە موصادیفی 6 ی حوزەیرانی 927 بو. شێخ بابا عەلی ئەفەندی کوڕی شێخ مەحمود ئەفەندی لە گەڵ جەنابی ماجید ئەفەندیدا بەو شەرانیتی حکومەتیەوە کە لە تەرەف جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندییەوە قبوڵ و ئیمزا کراوە، تەشریفیان هاتە سلێمانی و لە ماڵی سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەڕیف دا میوان بون. هەروەکو خەبەرمان وەرگرتوە جەنابی شێخ باباعەلی ئەفەندی تەشریفیان بۆ بەغدا ئەچێ و جەنابی ماجید ئەفەندیش بۆ ئەو دیو ئەگەڕێتەوە. لە بەر ئەوەی ئەم هاتنە ئیستیراحەت و مەنافیعی میلەتی تیا متەسەویرە بە خێر هاتنیان ئەکەین." (ژیان، ژ 69، 7 ی حوزەیرانی 927).
"شێخ بابا عەلی
"جەنابی شێخ باباعەلی ئەفەندی کە تەشریفیان هێنابوە ئێرە ڕۆژی 9 ی حوزەیران بۆ کەرکوک و، لە پاش ئەوەی چەند ڕۆژێ لە کەرکوک ماوەتەوە، بۆ بەغدا حەرەکەتیان فەرموە." (ژیان، ژ 70، 21 ی حوزەیرانی 927).
حکومەت ئەم هەنگاوەی شێخ مەحمودی بە نیشانەی کۆتایی هاتن بە چالاکی چەکدار داناوە بۆیە ئەم هەواڵەی بڵاو کردۆتەوە:
"لە بەر ئەمەی وەزعیەت چاک بو و، ڕێگاوبان بە تەواوی کەسبی ئەمنیەتی کرد، هەروەکو خەبەرمان وەرگرتوە لە مەقامی عالی موتەسەڕیفیەوە بۆ لابردنی مومانەعاتی سەیر و سەفەری ئۆتۆمۆبێل، ئەهالی بە تەنها و بۆ ئەمەی بە کەمالی سەربەستی و بە ئارەزوی خۆیان بە بێ زەرەهلی هاتوچۆ بکەن، تەلغرافێک بۆ موتەسەڕیفی کەرکوک لێ دراوە. ئیتر لەمەودوا هەمو کەسێ بە ئارەزوی خۆی ئەتوانێ هاتوچۆ بکات." (ژیان، ژ 69، 7 ی حوزەیرانی 927).

3. 2. سەروەزیران لە سلێمانی

"فەخامەتی رەئیسەل وزەرا
"ڕۆژی سێشەمە کە موسادیفی 28 ی مانگ بو، سەر لە بەیانی لە سەعات 11 ی عەرەبیدا، فەخامەتی ڕەئیسەل وزەرا جەنابی جەعفەر پاشای عەسکەری بە تەیارە تەشریفیان هێنایە ئێرە. لە جێگای نیشتنەوەی تەیارە لە تەرەف ئومەرا و زابیتانی جەیشەوە بە ئیحتیرام ئیستیقبال کران. لەوێوە بە ئۆتۆمۆبێل تەشریفیان

هێنایە ماڵی سەعادەتی جەنابی موتەسەریف. لە پاش ئەختێ ئیستراحەت و چا خواردنەوە بە پێ هاتنە دائیرەی حکومەتی. لە بەر دائیرەی موتەسەریفیدا لە تەرەف عولەما، ئەشراف، رونەسای دەوائیر و مەئمورین و لە گەڵ قوتابییەکانی مەکتەبەوە بە سورەتێ کە لایەق بە شان و شەرەفی فەخامەتیان بێ راسیمەی سەلام و ئیستیقبالیان بۆ بە جێ هێنا. لە پاش قەدەرێک لە مەقامی موتەسەریفیدا عمومی موستەقبیلینی قبوڵ و دەرحەق بە هەمویان بە کەلیماتی نازکانە ئیبرازی ئیلتیفات و مەحەبەتی فەرمو. نزیکی یەک دو سەعات لێرە مانەوە و ئیسان بە تەیارە تەشریفیان رۆیشت. وا بە هیواین کە ئەم تەشریفە ببێتە واسیتەی رەفاە و سەعادەتی مڵک و میلەت. بەم موناسەبەتەوە بە خێر هاتن و خوا حافیزی ئەکەین.

"وەختێ کە فەخامەتی رەئیسەل وزەرا تەشریفی هێنا غەزەتەکەمان لە تەواو بونا بو بەلام بۆ ئەمەی بەم هاتنە بیرازێنینەوە دوامان خست." (ژیان، ژ 71، 28 ی حوزەیرانی 927)

عبدالرزاق الحسني کە پیاوێکی ئاگاداری روداوەکانی ئەو سەردەمە و نوسەری (مێژوی وەزارەتەکانی عیراق) ە لە (ص 48، ج 3، ک 6، تاريخ العراق السياسي الحديث) دا نوسیویتی: لە 28 ی حوزەیرانی 1927 دا جەعفەر عەسکەری بە فرۆکە چو بۆ سلێمانی و، لە گەڵ شێخ مەحمود کۆ بوەوە و، ئیقناعی کرد سەردانی بەغداد بکا. بەلام لەم ریپۆرتاجەدا هیچ ئیشارەتێکی بۆ ئەو باسە تێ دا نیە و، هیچ نیشانەیەکیش نیە بۆ ئەوەی لەو رۆژە دا شێخ مەحمود لە سلێمانی بوبێ.

لەو ماوەیەدا ئەوە چەندەمین جار بو خەڵکی سلێمانی کێش بکرێن بۆ ئەو جۆرە پێشوازیە رەسمیيانە.

3. 3. چونی شێخ مەحمود بۆ بەغداد

شێخ مەحمودیش خۆی ئامادە کردوە بۆ سەردانی بەغداد. پێش ئەوەی ئەم سەردانە بکات موتەسەریفی سلێمانی چۆتەوە پێنجوێن. یەکێ لەو کارانەی ئەنجامی داوە، بە لادا خستنی کێشەی هاوکارەکانی شێخ مەحمود بوە بە پێی مادەی 8 ی بەڵێننامەکە. دەسەلاتی بریتانی ئامادە نەبوە (لێبوردنی گشتی) بۆ بەشدارانی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود دەر بکا. بەڵکو لە گەڵ هەریەکێ بە جیا رەفتاری کردوە. هەندێکی بەخشیوە (تەعەهودی حوسنی سلوک)ی لێ وەرگرتون و (وەسیقەی تەئمین)ی داونەتێ. لە هەندێکیش خۆش نەبوە.

"دەنگوباس- تەشریف بردن

مەعلومی هەموانە کە سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەریف لەو رۆژەوە تەشریفیان هێناوەتە ئێرە هەر خەریکی دامەزراندنی ئەمنیەت و ئاسایش و تەئمینی مەنافیعی میلەت بوە. بۆ ئیستراحەتی عموم راحەتی خۆی سەلب کردوە و لە ئۆغری ئەم مەقسەدەدا هەر مانیعە و مەحزورێک هاتبێتە سەر رێ بە عەقلی سەلیم و فکری ئیسابەتکارانەی خۆیان بە لابردنی موەفەق بوە. بڕینەوە و رەفعی ئیختیلافی بەینی شێخ مەحمود و حکومەت بۆ ئەمە دەلیلی کافیە. ئەمجارە بە عەینی مەقسەد بۆ دەور و تەفتیشی قەزای ئەڵەبجە و ناحیەی پێنجوێن و ئەو ناوە لە 15 ی حوزەیران دا بە ئۆتۆمۆبێل تەشریفیان بردۆتە موان. لەوێ لە تەرەف قایمقامی ئەڵەبجە حەمید بەگەوە ئیستیقبال کراوە. رۆژی 16 گەیشتۆتە پێنجوێن. لەوێش لە تەرەف مەئمورینی مەحەلیەوە لە پاش ئیستیقبالێکی موحتەشەم لە گەڵ جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندیدا مولاقاتی کردوە. جەنابی موتەسەریف لەم سەفەرەیان دا بۆ دەخالەت پێ کردن بە بەگزادەی هەورامی تەدابیر و تەرتیباتی قەویەی ئیتیخاز فەرموە. بۆ ئەم سەفەرە بە کولفەتە کە لە رێی رەفاە و سەعادەتی مڵک و میلەت دا ئیختیار کراوە موەفەقیەتی ئەخەسی ئامالمانە." (ژیان، ژ 70، 21 ی حوزەیرانی 927).

"دەنگوباس- هاتنەوە:

"لە نوسخەی رابوردومان دا بۆ هەڵەبجە و پێنجوین تەشریف بردنی جەنابی موتەسەریفمان نوسی بو. وە نوسی بویشمان لە گەڵ جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندیدا مولاقاتی فەرموە. جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی رۆژێک لە پێنجوین تەشریفیان ماوەتەوە. لە پاش رۆژەودوا بۆ وڵەژێر عەودەتیان فەرموە.

"جەنابی موتەسەریف لە زەرفی 3 رۆژدا کە لە پێنجوین ماونەتەوە بە رێکخستنی ئوموری ئیداری ئەوێ ئیشتیغالی فەرموە. لە بەگزادەکانی هەورامی: جەعفەر بەگ، حەمە شەریف بەگ، ئاغا بەگ، حەمە رەشید بەگ و فەرەج بەگ، لە سەر تەدابیرێ کە لە تەرەف جەنابی موتەسەریفەوە ئیتیخاز فەرموراوە بە حوسنی سلوک و تەئمینی رێگای بەینی هەڵەبجە و پێنجوین تەعەهودیان داوە.

"لە زابیتان: یونس ئەفەندی، رەمزی ئەفەندی، حیکمەت ئەفەندی، سەبری ئەفەندی، رەشید ئەفەندی، حەسەن ئاغا. لە عەشائیر: ئەحمەدی کەریم بەگی هەمەوەند، هەر 3 برای ئەمینی حەمەی ئیمام، سەیدەی شێخ عەلی کانی کەوە، شێخ عەلی سەرکار و کورەکانی، ئەمانە بە خۆی و پیاوەکانیانەوە. تاقمی سۆفیوەند، عەوارەی جاف، شێخ عارفی بانی بنۆک، لە گەڵ قیسمێک لە ئەهالی شار و جێگایانی سائیرە، نزیکی 120 کەسێ لە چەتەکان چونەتە پێنجوین و، لە خزمەت جەنابی موتەسەریف دا، تەعەهودی حوسنی سلوکیان داوە و وەسیقەیان وەرگرتوە.

"لە دوای تەواوبونی ئەم ئیشانە رۆژی 19 ی مانگ جەنابی موتەسەریف بە کەمالی ئیحتیرام تەشیع کراوە و، لە رێی خورماڵ، بیارە، تەوێڵەوە تەشریفیان هاتۆتەوە هەڵەبجە. لە هەڵەبجەیش 3 رۆژ ماونەتەوە. عمومی دەوائیری حکومەتی تەفتیش، مەکتەبی زیارەت، وە بۆ ئەمەی لە رێی بەعزێ ئیحتیاجاتی تەلەبەکان دا سەرف بکرێ 80 روپیەی بە مەکتەب تەبەروع فەرمو. رۆژی 14 ی مانگ بە سواری تا سەراو و بە ئۆتۆمۆبێل بۆ سلێمانی عەودەتیان فەرمۆتەوە. بە خێر بێنەوە." (ژیان، ژ 71، 28 ی حوزەیرانی 927).

"دەنگوباس

"هاتنەوەی جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی بۆ سلێمانی و بۆ بەغدا رۆیشتنی

"لە پاش مقاوەمەت و سەباتێکی 3 ساڵی، جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی تێ گەیشت و لێی مەعلوم بو کە بەرامبەر بە قوەت و عەزمی لایەتەزەلزەلی حکومەتی لە سەر ئەو ئەوعە ئەحواڵە دەوام و ئیسرار کردن نە بۆ خۆی و نە بۆ میلەتەکە خێرێک نابەخشێ و فائیدەیەکی تیا نیە. بە پێی ئەو شەرائیتە کە لە نوسخەی رابوردودا ئەشرمان کرد، لە گەڵ حکومەت دا تەئلیفی بەینی کرد و رێک کەوت. بۆ تەئیدی ئەم خسوسە رۆژی شەمە کە موسادیفی 9 ی مانگ بو، تەشریفیان هاتە ئێرە. ماجید ئەفەندی و گەلێ لە پیاوەکانی تری خۆی لە خزمەتدا بو. یەک دو رۆژ لێرە مانەوە و لە پاش دا بە ئۆتۆمۆبێل بۆ بەغدا تەشریفیان رۆیشت. ئێمە بە کەمالی مەمنونیەتەوە بە خێر هاتن و خواحافیزییان ئەکەین، چونکە مەنافیعی وڵات، سەرکەوتن و تەرەقی میلەت، وەکو ئێستا بە ژینێکی بێ غائیلە و، بە ئەمنیەت و ئاسایشێکی تەواوەوە بەستراوە." (ژیان، ژ 72، 5 ی تەموزی 927)

شێخ مەحمود چەند رۆژێ لە بەغداد ماوەتەوە. مەندوبی سامی و مەلیک فەیسەڵی بینوە. دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان چۆتە گوندی پیران. بێ ئەوەی دەس وەر بداتە کاروباری سیاسیەوە، بە گۆشەگیری لەوێ دانیشت.

4. هەڵسەنگاندنی جوڵانەوەکە

ژیان لە ژ 76 ی دا نوسیویتی:

"مەسئەلە و خەبەری ئیتاعەتی جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی بە حکومەتی عیراقیە، لە گەلێ غەزەتەدا بیلخاسە لە غەزەتەکانی سوریە و میصر و سائیرەدا، بە کەمالی ئیهتیمامەوە نەشر و قەید کراوە و، بەم سورەتە ناوی شێخ مەحمود و کوردستان بۆتە سەرمایەی خەبەراتی غەزەتەکانی دەرەوە."

ژیان سەروتاری ژ 69 ی 7 ی حوزەیرانی 927 ی بۆ هەڵسەنگاندنی شێخ مەحمود و شۆرشەکەی تەرخان کردوە. لە وتارێکدا بە قەڵەمی م. ا. لە ژێر سەردێڕی (مەسئەلەی شێخ مەحمود) دا نوسیویتی:

"ئەمڕۆ مودەتێکی زۆرە لە ناو خاس و عام دا، لە دەر و ژور دا، ناوی شێخ مەحمود بە سەر زبانەوەیە و مەوزوعی بەحسە. بەعزێک تەقدیر، بەعزێک تەنقید و، حەتا بەعزێ کەسیش زۆر بە خراپ ناویان ئەبرد و ئەهێنا.

"ئەگەرچی شێخ مەحمود لەم مودەتە درێژەدا بە لای خۆیانەوە گۆیا خزمەتی میلەتی کورد و مەفکورەی کوردایەتی ئەکات. فەقەت لە حەقیقەتی حاڵ دا بو بە واسیتەی گەلێ خراپە و مانیعی تەرەقی و دواکەوتنی میلەت و زەربەیەکی گەورەی لە مەفکورەی کوردایەتی دا، لە بەر ئەمە کە خیلافی وەعد و بەڵێنی خۆی هەڵئەستا و، هەمو وەختێ تەریقی نیزاع و ئیختیلافی ئیختیار ئەکرد و، رێک نەئەکەوت، دوچاری غەزەبی حکومەت بوبو. ئەویش کە یەئسی حاسڵ کردبو، بە فکری دوانندنی ئیقتیدار و قوەتی خۆی و، دواخستنی ئوموری ئیدارەی حکومەتی، لە هەمو لایەکەوە تەعجیزاتی ئەکرد و، بۆ ئیستیحسالی ئەم مەقسەدە لە هیچ شتێک تەرەدوی نەئەکرد.

"تاقمێک لە ئەشرار و جەردە بێ ئینسافەکان لەم وەزعە بیلئیستیفادە لێی گرد بونەوە و، بە بێ خەبەر و رەزامەندی ئەو، هەر رۆژە بە نەوعێ راووروت، تاڵان و کوشتاریان، لە ئەهالی و لە دێهاتەکانیان ئەکرێ. رێی تیجارەت، مەیدانی فەلاحەت و زەراعەت، خۆلاسە هەمو کار و کاسبی میلەتەکەیان تەحدید کرد بو و، خست بوە ژێر تەهدیدەوە. بۆ مەنع و نەهێشتنی ئەم ئەحواڵە حکومەت بە کەمالی جدی تێ ئەکۆشی و هەوڵی ئەدا، بەڵام ئەمانە لە بەر ئەمەی موقابەلەی عەزم و قوەتی حکومەتیان پێ نەئەکرا، بە دزیەوە لە فرسەت، بیلئیستیفادە، ئەم کارانەیان ئەکرد. هەوڵ و تەقەلای حکومەت عەقیم ئەمایەوە، خسوسەن ئیستیلا ئەکردنی پێنجوین، کە ئەهمیەتێکی فەوقەلعادەی هەبوە و، بوبوە موجیبی غروریان. لەم ئاخریەدا گرتنی پێنجوین و، لەوێ دا تەئسیسی ئیدارەی حکومەتی، خاتیمەی بەم کەشمەکەشە هێنا.

"ئەمجا جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی کە زانی لەمە زیاتر بە دەمیەوە ئەماوە و بەرامبەر سەتوەت و قوەتی حکومەتی ئەتیجەی مقاوەمەت، زەرەری خۆی و میلەتە، عەرزی ئینقیاد و موتاوەعەتی بە حکومەت کرد. هەروەکو لە مولحەقی ژمارە 68 ی ژیان دا نوسیومانە، لە سایەی خلوسی نیەت و حوسنی تەدبیری سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەریف و موفەتیشی ئیداریەوە، کە بۆ تەئمینی ئیستراحەتی میلەت و کردنەوەی رێگای کار و کاسبی هەوڵ ئەدەن، بە بڕینەوەی ئەم ئیختیلال و ئیختیشاشە، موەفەقیەت پەیدا بو. ئیتر هەمو کەسێ ئەتوانێ بە حوریەت و سەربەستیەکی تەواوەوە، لە ژێر ئیدارەی حکومەتیدا، بۆ ئیشوکاری خۆی بە هەمو لایەک دا بێت و بڕوا. ئیتر بۆ تەرەقی و پێش خستنی وڵاتەکەمان مانیعی تێکۆشین هیچ شتێک نەما. بینائەن عەلەیهی، لە سەر هەمومان پێویستە بە جدی بۆ مەنافیعی میلەت و ئیسلاحی وڵاتەکەمان هەوڵ بدەین. لە کردەوە و حەرەکەتێ کە ببێتە باعیسی تێکدانی ئەم وەزع و رابیتەیە خۆپاراستن موجیبی سەعادەت و ئیستیراحەتی میلەتە، عەکسی حاڵ ئەمین بن وەکو پێشو فەلاکەت و سەرگەردانیە." (ژیان، ژ 69، 7 ی حوزەیرانی 927)

ئەم وتارە، ئەگەرچی بە ئیمزای م. ا. واتە محەمەد ئەدیبی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە بڵاو کراوەتەوە، بەڵام بیر و بۆچون و هەڵوێستی رەسمی دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و عیراق دەرئەبڕێ بەرامبەر شێخ مەحمود و جوڵانەوەکەی. ئێستا دوای تێ پەڕ بونی ئەو هەمو ساڵە بە سەر ئاوەرۆکی ئەم وتارەدا و، دوای ئەوەی بەشێکی گرنگی (دۆکۆمێنتەکانی) حکومەتی بریتانی و، بەشێکی (وثائق) ی حکومەتی عیراقی، بۆ خوێندنەوە و تاووتوێ کردن، لە بەردەستی لێکۆڵەوەرەدایە هەڵسەنگاندنی حوکمە سیاسیەکانی ناو ئەم وتارە کارێکی دژوار نیە.

5. تێهەڵچونەوە و وازهێنانی یەکجاری

بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەسەر ئەوەی مافی نەتەوەیی کورد لە پەیماننامەی عیراقی- بریتانیدا باس نەکرابو، خەڵکی سلێمانی بڕیاریان دا کە بەشداری لە هەڵبژاردنی دەورەی سێیەمی مەجلیسی نوابدا نەکەن. ئەو مەجلیسەی ئەبو پەیماننامەکە تەسدیق بکا. بەڵام کاربەدەستانی بریتانی و عیراقی ئەیانویست، هەرچۆنێ بێ ئەگەر بە رواڵەت و روکەشیش بێ، هەڵبژاردن لە سلێمانی بکرێ.

رۆژی 6 ی ئەیلولی 1930 کە ئەبو هەیئەتی تەفتیشیە لە سەرای سلێمانی دا کۆ بێتەوە بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنی مەبعوسەکانی سلێمانی، شاری سلێمانی خرۆشا. دوکان و بازاڕ داخرا و، خەڵک لە بەر دەرکی سەرای سلێمانی کەوتنە خۆپیشاندان دژی هەڵبژاردن. لە ئەنجامدا بو بە تەقە. جەیشی عیراقی بۆ دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکە تێکەڵاوی روداوەکە بو. دەیان کەس کوژران و، دەیان کەس بریندار بون و، دەیان کەسایەتی ناسراوی سلێمانی گیران. ئەم روداوە شێخ مەحمودی بزواند و لە گۆشەگیری دەرچو. 3 ئەفسەری کورد: مەحمود جەودەت، حەمید جەودەت، کامیل حەسەن، ریزی جەیشی عیراقیان بە جێ هێشت و دایانە پاڵ شێخ مەحمود.

شێخ مەحمود چەند نامەیەکی بۆ موفەتیشی ئیداری سلێمانی، مەندوبی سامی بریتانی لە عیراق، کۆمەڵەی گەلان نوسی. داوای لێ کردن کە حکومەتی عیراق لە زاخۆوە هەتا خانەقین چۆڵ بکات و، دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ژێر ئینتیدابی بریتانیا یا هەر یەکێ لە دەوڵەتە گەورەکان دروست بکرێ. کاربەدەستانی بریتانی زۆر بە توندی چونەوە بە گژ ئەم داوایانە و بە گژ شێخ مەحمودا. لە زنجیرەیەک شەڕ و پێکدادان دا کە دواییان لە گوندی داوباریک بو، بە شکان و خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحمود کۆتایی هات.

ژیان هەندێ لەو بەڵگانەی تۆمار کردوە، لەوانە:

"صورەتی ئەو کاغەزانەیە کە لە تەرەف فەخامەتمەئابان مەندوبی سامی و وەزیری داخلیەوە بۆ شێخ مەحمود نێرراوە:

وەزارەتی داخلیە

ژمارە: س/2537

رۆژ: 1930/10/20

بۆ شێخ مەحمود ئەفەندی

بە پێی ئەو مقاولەیەی کە لە ساڵی 1927 دا ئیمزاتان کردوە بۆ مەوادی خوارەوە تەعەهودتان کردوە:

1. کە خۆت و کوڕەکانت و ژنەکانت و فاتمە خانی خوشکت لە دێیەک دانیشن کە خاریجی حدودی عیراق بێت.

2. کە خۆت و ئەو کەسانەی لە فەقەرەی یەکەم دا ناویان زیکر کراوە بە بێ ئیزن و موساعەدەی حکومەت داخلی مەملەکەتی عیراق نەبن.

3. کە نە خۆت و نە هیچ کەس لەو شەخسانەی لە سەرەوە زیکر کراون بە هیچ نەوعێ نە لە لیوای سلێمانی و نە لە جێگایەکی تردا لە عیراق دا موداخەلەی ئیدارەی حکومەتی عیراق نەکەن و بۆ ئەم مەقسەدە خەلقی تر تەشویق نەکەن و. چ خۆت و چ ئەوان لە هەمو مەسائیلێکی سیاسیە کە عەلاقەی بە عیراقەوە ببێ لە موداخەلەکردنی ئیجتیناب بکەن.

کەزالیکە موافەقەت کرا کە ئەگەر خۆت وە یا هەر کام لەو شەخسانەی کە بەحسیان کرا لە هەر وەقتێک دا یەکێ لەم شەرتانەیان بە جێ نەهێنا حکومەتی عیراق هیچ مەسئولیەتێکی بە سەرەوە نەمێنێ و هەر ئیجراناتێ بە لازمی بزانێ بۆ ئیتیخازکردنی سەربەست بێ.

ئەگەرچی لە 10 ی ئەیلول دا لە تەرەف فەخامەتمەئابان موعتەمید ئەلسامی و وەزیری داخلیەوە ئەو تەعەهودانەی کە داوتانە بە حکومەتی عیراق هێنرایەوە بیرتان و ئەگەرچی تەوسیە کران لە کەمالی سکونەت دا لە دێی پیران دا بمێننەوە، ئێوە گوێتان نەدایە ئەو ئیختارانە و بێ ئیزن داخلی خاکی عیراق بون.

دیسانەوە وەکیلی موتەسەریفی سلێمانی لە کاغەزی 18 ی ئەیلول دا ئیخباری کردن کە ئێوە موغایری ئارەزوی فەخامەتمەئابان مەندوبی سامی و وەزیری داخلیە حەرەکات ئەکەن و شەرائیتی ئەو ئیتیفاقنامەیە کە ئیمزاتان کردوە شکاندوتانە و بۆی نوسین کە بۆ ئەو دێیە کە خاریجی حدودی عیراقە فەورەن عەودەت بکەنەوە و ئەو 3 زابیتە کوردە کە لە جەیشی عیراق رایان کردوە و زانرا بو کە لە لای ئێوەن تەسلیمیان بکەنەوە.

ئەم ئەوامیرەی کە وەرتان گرت دیسانەوە خستتانەوە گۆشەی نسیانەوە و لەو وەختەوە بەو غایەیە کە شۆرش بەرپا بکەن لە مەناتیقی لیوای سلێمانیدا ئەسورێنەوە.

لە 2 ی تشرینی ئەوەل دا تەکلیفی موفەتیشی ئیداری سلێمانیتان کردوە کە لە شاربازێردا مولاقاتتان بکات و موفەتیشی مومائیلەیهی جوابی دانەوە کە لە بەر ئەوەی بە بێ ئیزنی حکومەت داخلی خاکی عیراق بون و لە بەر ئەوەی ئیتاعەتی ئەو ئیختارات و ئەوامیرەتان نەکردوە کە تەوجیهتان کراوە. مومکین نابێ کە مولاقاتتان بکات و دیسانەوە تەبلیغتان کرا کە بیلا تەئخیر بۆ پیران بگەڕێنەوە.

وا ئێستا عەینی ئەوامیرتان بۆ تیکرار ئەکەمەوە کە بۆ پیران عەودەت بکەنەوە و ئیختارتان ئەکەم بە گەیشتنی ئەم کاغەزە ئەگەر دەستبەجێ ئیتاعەتی ئەوامیری سالیفەل زیکر نەکەن لە حەق خۆتان و ئەتباعتان ئیجرانات ئیتیخاز ئەکرێ و هەر ئەملاکێکتان لەم مەملەکەتەدا بێ موستەحەقی موسادەرە ئەبێ.

وەزیری داخلیە"

....

"ئیدارەی موعتەمیدی سامی لە عیراق

تاریخ: 20 ی تشرینی ئەوەلی 1930

بۆ شێخ مەحمود ئەفەندی

سەلەفی من چەند کاغەزێکم لە ئێوەوە وەرگرتوە بەڵام هەتا لە خاکی عیراق ئەچنە دەرەوە و ئەو تەعەهوداتەی کە کردوتانە و لە ئیتیفاقنامەی ساڵی 1927 دا ئیمزاتان کردوە بە جێ نەهێنن پێم ناکرێ موخابەرەتان لە گەڵ بکەم.

دیارە دەر خاتری ئەکەن کە یەکێ لە شەرائیتی ئیتیفاقنامەی مەزکور ئەوە بو کە بێ ئیزنی حکومەت داخلی عیراق نەبن و بە هیچ کلوجێ دەخلتان بە سەر ئیدارەوە نەبێ کە حکومەتی عیراق لە لیوای سلێمانی وە یا لە جێگایەکی تری عیراق تەعقیبی ئەکات و بۆ مەقسەدێکی وەها کەسی تر تەشویق نەکەن و لە مەسائیلی سیاسیەی عیراق خۆتان دور بگرن.

ئێوه بەو ئیختاراتە کە تەوجیهتان کراوە ئیتاعەتتان نەکردوە و. گوێتان نەداوەتە ئەو نەسیحەتانە کە لە تەرەف فەخامەتمەئابان وەکیلی مەندوبی سامی و وەزیری داخلیەوە لە کاغەزی ڕۆژی 10 ی ئەیلولی 930 بۆتان نوسراوە و. نیسان موخالەفەتی ئەوامیری وەکیلی موتەسەرریفی سلێمانی پشتان کردوە کە بە تاریخی 18 ی ئەیلولی 930 بۆی ناردون و. لەو کاغەزەدا ئەمری پێ کرد بون کە ئەبێ دەرحاڵ لە ئەرازی عیراق بچنە دەرەوە. وا ئێستا منیش ئەمەوێ ئیشراکی ئەو ئەمرانە بکەم کە لە تەرەف وەزیری داخلیەوە بە ئێوە دراوە. بۆ ئەوەی کە فەورەن لە خاکی عیراق بچنە دەرەوە و ئیتر واز لە موداخەلە کردنی ئومووری حکومەتی عیراق بهێنن و. بەم واسیتەیەوە ئیخطارتان ئەکەم کە عەدەم ئیتاعەت بەم ئەمرانە ئەبێتە موجیبی عاقیبەتێکی وەخیمە بۆ خۆتان و تەرەفدارانتان.

مەندوبی سامی عیراق."

"بەیاننامە بۆ کوردەکانی لیوای سلێمانی

"بە پێی ئیتیفاقنامەیەک کە لە ساڵی 1927 دا ئیمزای کردوە شێخ مەحمود تەعەهودی کرد بو کە لە دوێیەک دا لە خاریجی حدودی عیراق ئیقامەت بکا و بە بێ ئیزنی حکومەت داخلی عیراق نەبێتەوە و بە هیچ وەسیلەیەک نە لە لیوای سلێمانی و نە لە هیچ جێگایەکی تری عیراق دا موداخەلەی ئیدارەی حکومەتی عیراق نەکا.

"شێخ مەحمود ئەم شەرتانەی هەمو شکاندوە و هەرچەند ئەمری پێ کراوە کە خاکی عیراق بە جێ بهێڵێ ئیتاعەتی ئەو ئەمرانەی نەکردوە کە دراوێتێ و لەم چەند هەفتەی ڕابوردودا لە مەناتیقی لیوای سلێمانیدا دەستی کردوە بە سوڕانەوە و لەوێدا تەشەبوسی کردوە کە لە زدی حکومەت شۆڕش بەرپا بکا.

"لە بەر ئەوە ئەمری پێ کراوە فەورەن خاکی عیراق بە جێ بهێڵێ و ئەگەر ئیتاعەتی ئەم ئەمرە ئەکا لە حەقی خۆی و ئەتباعی ئیجرائاتی لازمە ئیتیخاز ئەکرێ.

"بینائەن عەلەیهی وا ئیخطارتان ئەکەین کە هەرکەس پەنا بدا بە شێخ مەحمود و ئەتباعی وە یا معاوەنەتیان بکا خۆی توشی جەزای شەدید ئەکا.

1930/10/20." (ژیان، ژ 262، 6 ی تشرینی دوەمی 1930).

"داخلی

"لە زابیتانی جەیش، ڕەئیس ئەوەل مەحمود جەودەت و مولازمی ئەوەل حەمید جەودەت. کە موددەتێک لەمەوپێش لە جەیشی عیراقی فیراریان کرد بو ئەمشەوی ڕابوردو لە سلێمانی تەسلیمی نەفسیان بە حکومەت کرد." (ژیان، ژ 266، 1 ی کانونی سانی بە هەڵە 1930 نوسراوە، ڕاستەکەی 1931 ە).

"تەبلیغی ڕەسمی

"ئەو ئالای سواری لە گەڵ قوەتی پۆلیس کە لە ژێر قوماندەی عەقید (قائیمقام) ئیسماعیل نامیق بەگ دا بو لە تاریخی 5 ی نیسانی 931 ڕویان کرد بوە ئیستیقامەتی دۆڵی ئاوباریک کە ئیستیخبارات کرا بو کە شێخ مەحمود خۆی و ئەتباعی لەوێن و قوەتی مەزکورە دۆڵی ئاوباریک ئیحاتە ئەکەن و لە تەرەف تەیارەشەوە موتەمادیەن ئەشقیاکان و دەوروپشتی دۆڵی مەزکور بۆمباردومان ئەکەن. وە لە پاش نیوەڕۆوە هەتا تاریکەشەو بە شیدەت موسادەمە دەوام ئەکات. قوەتی جەیش بە دەرەجەیەکی کە شایانی ئیفتیخار بێت ئیبرازی شەجاعەت و بەسالەت ئەکەن و لەم موسادەمەیەدا 4 عەسکەر و 1 زابیت شەهید و 14 عەسکەر و 1 زابیت بریندار ئەبێت.

"تەلەفیات و خەسارەتی شێخ مەحمود جەدەن زۆر و بە دەرەجەیەک ئەبێت کە تەنها لـە دوێی ئاوباریـک لە ئەشقیاکان 10 کوژراو و مەیتی دو کەس لە رونەسا کە یەکێکیان شێخ علی کوڕی رەحیم کە خزمـی شـێخ مەحمودە لە بەینی ئەم کوژراوانەدا دیتراوە.

"وە لەو رێگای کە ئەشقیاکان فیراریان لێ کردوە خوێنێکی زۆر دیار بـوە کـە دەلالـەت لـە سـەر ئەمـە ئەکات کە شێخ مەحمود تەلەفیاتێکی زۆری داوە و بریندارێکی زۆری لە گەڵ خۆی نەقل کردوە.

"ئەو عەشائیرەی کە معاوەنەتی شێخ مەحمودیان ئەکرد هەمو بڵاو بونەوە. ئێستاکە شێخ مەحمود تەنها لە ئەجات دانی رۆحی خۆی زیاتر شتێکی تر تەفەکور ناکات.

"ئەمڕۆ مەوسوقەن زانیومانە کە شێخ مەحمود تەنها لە گەڵ 5 و 10 سواریدا لە شاخی قەرەتاغ تـێ پەڕ بوە.

"قوەتی جەیش و پۆلیس بـۆ مـەحوکردنی شـێخ مـەحمود و ئـەتباعی بـە شـیدەت لـە تـەعقیب دایـە و مەحوکردنیان قەویەن مەئموله." (ژیان، ژ 279، 16 ی نیسانی 1931).

چەند تێبینییەک:

1. م. ر. هاوار: شێخ مـەحمودی قارەمـان و دەوڵەتەکـەی خـواروی کوردسـتان. بـەرگی دوەم. لەنـدەن 1991.

1. 1. ل 574 دەربارەی ئەو جائیزەیەی کە بۆ کوشـتنی شـێخ مـەحمود دانـراوە، ئـەڵێ: 20 هـەزار روپیە بوە. لەوەدا پشتی بە یادداشتەکانی شێخ رەئوفی شـێخ مـەحمود بەسـتوە. بـەڵام شـێخ رەئـوف باسـی نەکردوە کە پشتی بە چ سەرچاوەیەک بەستوە. راستەکەی 60 هەزار روپیە بوە نەک 20 هەزار.

2. بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بڕوانە:

1.2. الدکتور غسان العطیة: (العراق. نشأة الدولة 1908- 1921)، ترجمة عطا عبـدالوهاب و تقـدیم حسین جمیل، دارالسلام، لندن 1988. ص 18.

2.2. السید عبدالرزاق الحسني: تاریخ العراق السیاسي، ج 3، ط 6، ص 309.

1. 2. ل 703– 704 دەربـارەی رۆژی چـونی شـێخ مـەحمود لـە سـلێمانیەوە بـۆ بەغـداد زانیـاری جیاوازی لە سەرچاوەی جیاوازەوە راگوێزاوە. ئاگاداریيەکانی ژیان لەو بارەیەوە، کە سەرچاوەیەکی ئاگاداری دەستی یەکەمی کاتی روداوەکەیە، رەنگە لە هەمویان زیاتر جێگای باوەڕ بێ.

3. دەربارەی هەڵوێستی سەعدون لە شێخ مەحمود بڕوانە:

الدکتور لطفي جعفر فرج عبدالله: عبدالمحسن السعدون و دوره فـي تـاریخ العـراق السیاسـي المعاصـر. بغداد 1988. ص 107.

ژیان و

مەبعوسەکانی کورد

1. مەجلیسی تەئسیسی و مەجلیسی نواب

مەجلیسی تەئسیسی

1924/8/2 -1924/3/27

1. دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق

1. 1. حکومەتی خۆجێیی

کاتێ یەکەمین جەنگی جیهانی برایەوە. هێزەکانی بریتانیا ولایەتە عوسمانیەکانی بەسرا و بەغدایی داگیر کردبو. لەبەر دەروازەی ولایەتی موسڵ دا راوەستا بو. پاش چەند رۆژێ ئەوێ یشی داگیر کرد.

لە رۆژگاری جەنگدا بریتانیا و فەرەنسا و روسیا بە نهێنی لە ناو خۆیاندا پێک هات بون لەسەر دابەشکردنی میراتیەکانی دەوڵەتی عوسمانی. لەوانە ئەم 3 ولایەتە. بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917ەوە. روسیا لەو سەودایە دەرچو بو. دوای جەنگ دەوڵەتە براوەکان چەندین کۆبونەوەیان کرد بۆ بڕیاردان لە چارەنوسی ناوچە داگیرکراوەکان. لە کۆنفرەنسی سان ریمۆدا. بابەتێکی تازەیان بە ناوی (ئینتیداب) ەوە لە باتی (داگیرکردن) داهێنا. مەبەست لە ئینتیداب ئەوە بو ئەو وڵاتانەی کە هێشتا نەگەیشتونەتە پلەیەکی ئەوتۆی پێشکەوتن. بتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن. دەوڵەتێکی پێشکەوتو بەڕێوەی ببات و یارمەتی بدات. تا ئەویش ئەگاتە پلەیەک بتوانێ خۆی بەڕێوە بەرێ. بڕیاریاندا هەر 3 ولایەت کە دواتر دەوڵەتی عیراقیان لێ دروست کرا. بخرێتە ژێر ئینتیدابی بریتانیەوە.

دەنگدانەوەی بڕیاری ئینتیداب نیشتمانپەروەرانی عیراقی وروژاند. ساڵی 1920 شۆڕشێکی فراوان و توندوتیژ دژی داگیرکەرانی ئینگلیز لە عیراق دەستی پێ کرد. ئەم شۆڕشە کە چەند مانگێکی خایاند لە مێژوی عیراقدا بە (سەورەی عشرین) ناسراوە. کوژاندنەوەی لە لایەن ئینگلیزەوە خەرجێکی زۆری گیانی و مادی تێ چو. دەسەڵاتی داگیرکەری ئینگلیز بۆی دەرکەوت حوکمی راستەوخۆی عیراق گران ئەکەوێ لە سەری. بۆ خاوکردنەوەی هەلومەرجی ئاڵۆزی عیراق. سێر پێرسی کۆکسی نارد. ئەویش بۆ یاریدەدانی خۆی

بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری عیراق. بڕیاری دا حکومەتێکی خۆجێیی لە چەند کەسایەتیەکی عیراقی پێک بهێنێ. کۆکس داوای لە سەید ئەورەحمانی گەیلانی نەقیبی ئەشرافی بەغداد کرد کە پیاوێکی دینیی بە ساڵاچوی دۆستی ئینگلیز بو. سەرۆکایەتی ئەو حکومەتە بکا.

1. 2. وەزارەتەکانی نەقیب

یەکەمین وەزارەتی

ئەورەحمان نەقیب دوای راوێژ و پرسورا، بە موافەقەتی کۆکس. یەکەمین وەزارەتی لە 25 ی تشرینی یەکەمی 1920 دا پێک هێنا. ئەم وەزارەتە کە پێک هات بو لە 9 وەزیری خاوەن وەزارەت و لە 12 وەزیری بێ وەزارەت هیچ کوردێکی تێدا نەبو. لەو کاتە یشدا هێشتا چارەنوسی سیاسی کوردستان بە لایەک دا نەکەوت بو.

هەمو وەزارەتێک (موستەشار)ێکی ئینگلیزی بۆ دانرا بو. دوا بڕیار بە دەس ئەو بو.

ئەرکی سەرەکی وەزارەتەکەی نەقیب. هێمنکردنەوەی هەلومەرجی عیراق و خۆشکردنی زەمینەی بەیعەت بو بە فەیسەڵ. جەعفەر عەسکەری وەزیری جەنگ و، ساسۆن حسقیل وەزیری دارایی لەم حکومەتەدا. لە گەڵ کۆکس مەندوبی سامی. لە مارتی 921 دا چون بۆ بەشداری کۆنفرەنسی قاهیرە. کە بڕیاری دا عەرشی عیراق بە فەیسەڵی کوڕی شەریف حسێن بسپێرێ.

لە 29 ی حوزەیرانی 921 دا فەیسەڵ لە حیجازەوە گەیشتە بەغداد.

لە 11 ی تەموزی 921 دا، وەزارەتەکەی نەقیب فەیسەڵی بە مەلیکی عیراق راگەیاند بەو مەرجەی حکومەتەکەی: (دەستوریی. نوێنەرایەتی. دیموکراتی و گرێدراوی قانون بێ)

لە 23 ی ئابی 921 دا ئاهەنگی تاجگوزاری مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە ساحەی برج الساعة لە بەغداد. بە ئامادەبونی مەندوبی سامی بریتانی و، ئەندامانی وەزارەتەکەی نەقیب. بەرپا کرا.

بەمەیش ئیتر ئیشی وەزارەت تەواو بو. هەمان رۆژی تاجگوزاری ئیستیقالەی دا بە مەلیک فەیسەڵ. بۆ ئەوەی ئیتر ئەو بە پێی دەسەڵاتەکانی خۆی. کەسێ بۆ سەرۆکایەتی وەزارەت و پێکهێنانی هەڵبژێرێ.

دوەمین وەزارەتی

لە 10 ی ئەیلولی 921 دا مەلیک فەیسەڵ. سەرلەنوێ ئەورەحمان نەقیبی تەکلیف کرد وەزارەت تەشکیل بکات.

لە 12 ی ئەیلولی 921 دا ئەورەحمان نەقیب دوەمین وەزارەتی خۆی لە 9 وەزیر تەشکیل کرد. لە ناو ئەواندا موسوڵمانی سونی و شیعە و. جو و مەسیحی تێدا بو. لەم وەزارەتە یشدا وەکو ئەوەی پێشو، کەسی کوردی تێدا نەبو.

ئەرکی سەرەکی وەزارەت ئامادە کردنی پەیماننامەیەک بو لە نێوان عیراق و بریتانیادا. کە ئینتیدابی بریتانی لە عیراق دا جێگیر بکا.

لەو ماوەیەدا فەیسەڵ بۆ نەشتەرکاری ڕیخۆڵە کوێرە لە نەخۆشخانە کەوت. کۆکس خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی کاروباری وەزارەتی ئەکرد. بەوپەڕی توندیەوە لە گەڵ نەیارەکانی بەستنی پەیمانەکە جوڵایەوە. هەندێ لە وەزیرەکان وازیان هێنا و، نارەزایی لە ناو خەڵکدا زۆر بو. دوای دەرچونی فەیسەڵ لە نەخۆشخانە. نەقیب لە 19 ی ئابی 922 دا ئیستیقالەی دا و قبوڵ کرا.

سێیەمین وەزارەتی

بە هۆی ئەو نارەزاییە زۆرەوە کە لە نەقیب هەبو، فەیسەڵ ئەیویست لە باتی ئەو یەکێکی کە تەکلیف بکا وەزارەت پێک بهێنێ. بەڵام لە ژێر گوشاری کۆکس دا سەرەنجام لە 28 ی ئەیلولی 922 دا نیسان ئەورەحمان نەقیبی تەکلیف کرد بۆ جاری سێیەم وەزارەت پێک بهێنێ.

ئەرکی سەرەکی وەزارەت ئیمزا کردنی پەیمانی عیراقی- بریتانی و، هەڵبژاردنی ئەندامانی (مەجلیسی تەئسیسی) بو، کە یەکێ لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەبو تەسدیق کردنی پەیمانی گۆرین بێ.

لە 10 ی تشرینی یەکەمی 922 دا ئەنجومەنی وەزیران پەیمانەکەی ئیمزا کرد. بەڵام بە هۆی نارەزایی و (موقاتەعە) ی خەڵکەوە، بە تایبەتی عولەمای شیعە، نەیتوانی هەڵبژاردنی مەجلیسی تەئسیسی، کە فەیسەڵ (ئیرادەی مەلەکی) بۆ دامەزراندنی دەرکردبو، ئەنجام بدا.

نەقیب لە 15 ی تشرینی دوەمی 922 دا ئیستیقالەی کرد.

2. مەجلیسی تەئسیسی

2. 1. پێکهێنانی

مەلیک فەیسەڵ، عەبدولموحسین ئەلسەعدون کە لە وەزارەتەکەی نەقیب دا وەزیری ناوخۆ و، لایەنگری ئەوە بو بە زۆر پێش بێ هەڵبژاردنی مەجلیسی تەئسیسی ئەنجام بدرێ، تەکلیف کرد وەزارەت پێک بهێنێ.

لە 20 ی تشرینی دوەمی 922 دا سەعدون یەکەمین وەزارەتی خۆی و، چوارەمین وەزارەتی لە مێژوی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراق دا تەشکیل کرد. لە پێشدا ناجی ئەلسویدی بە وەزیری ناوخۆ دانرا بو. بەڵام بۆ ئەوەی سەعدون دەستی ئاواڵە بێ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەندامانی مەجلیسی تەئسیسی، سویدییان لە وەزارەتی ناوخۆوە گوێزایەوە بۆ وەزارەتی داد و، سەعدون خۆی کاروباری وەزارەتی ناوخۆی گرتە دەس.

عالمەکانی شیعە کە فتوای موقاتەعەی هەڵبژاردنیان دابو، سەعدون دوریخستنەوە بۆ دەرەوەی عیراق و کەوتە نواندنی زەبروزەنگ. بێ ئەوەی لە هیچ بپونگێتەوە و، گوێ لە رەخنەی کەس بگرێ، وەکو الحسني ئەڵێ: "لە جەوێکی پڕ لە زۆر و تۆقاندندا" هەڵبژاردنی ئەنجام دا.

ژ 19 ی ئومێدی ئیستیقلال، زمانی حکومەتی کوردستان، هەواڵی بەشێ لە هەڵبژاردنەکانی لە ژێر ناوی (مەجلیسی مەبعوسانی عیراق) دا بەمجۆرە بڵاو کردۆتەوە:

"سامەرە، کازمیە، بەغداد، بەعقوبە، ئەربیل و کۆیە، بۆ مەجلیسی مەبعوسانی عیراق ئەعزایان ئینتیخاب کردوە." رۆژنامەکە ناوی مەجلیسەکەی بە هەڵە لە باتی (مەجلیسی تەئسیسی) بە (مەجلیسی مەبعوسان) نوسیوە.

ناوچەی سلێمانی بە هۆی شۆرشی شێخ مەحمودەوە ئاڵارام بو. شاری سلێمانی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان دا بو. لە بەر ئەوە کاربەدەستانی ئینگلیز و عیراق نەیانئەتوانی وەکو لیواکانی تر هەڵبژاردنی تێ دا ئەنجام بدەن. ئەیشیانویست نوێنەرانی سلێمانی هەرچۆنێ بێ لەم مەجلیسەدا بەشدار بن. لە بەر ئەوە ڕێگەیان دا لە کەرکوک کۆ ببنەوە و 5 کەسیان بە نوێنەری سلێمانی بۆ مەجلیس هەڵبژارد. ئەم کارە نارەزایی حکومەتی کوردستانی وروژاندوە. بۆیە ئومێدی ئیستیقلالی زمانی حکومەتی کوردستان، مەزبەتەیەکی بڵاو کردۆتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە: "ئەشرافی مەملەکەت، عولەمای کیرام، توجاری مەملەکەت، بازرگان، ساداتی کیرام، موسەوی مەملەکەت، کەوشدروی مەملەکەت، بەقاڵی مەملەکەت، ئاسنگەری مەملەکەت" ئیمزایان کردوە. تێیدا نوسیویانە:

"وەکو لە جەرائیدی العراق و سائیری بەغداد دا خوێندراوەتەوە گۆیا بۆ لیوای سلێمانی: عیزمت بەگی عوسمان پاشا و. ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و. میرزا فەرەج و. محەممەد بەگی فەتاح بەگی جاف. بیلا ئینتیخاب بە مەبعوس تەعین کراون.

"ئەمە تەصادوفی غەریبە. بە قەوانینی ئەساسیە مەبعوس بە ئینتیخاب تەعین کردن حقوقی میللییە. فەقەت نازانین چۆن ئەم زەواتە بە بێ مەعلوماتی میللەت بە مەبعوس ناسراون. وا بزانین ئەمانە بە تەعین مەئمورییەتی مەبعوسی‌یان تەوجیە کراوە....

"ئێمە ئەگەر مەبعوس ئینتیخاب بکەین بۆ تەئمینی حقوقی میللیە و ئیکمالی نەواقیصی داخلیمان لە ناو خۆمان دا لە خۆمان بە ئوصولی ئینتیخاب ئەو کەسانە کە شەرائیتی قانونیەیان تیا مەوجود بێ ئینتیخاب ئەکەین. ئەمڕۆ ئەم وەزیفەیە هەتا ئینکیشافی حەقیقەت و تەسلیمی حقوق و مەوجوبیەتمان. تەوییعی مەجلیسی میللی‌مان کردوە.

"وەکو وتمان چونکە ئەم مەبعوسانە بە ئینتیخابی ئێمە نەکراوە ئیعتیمادیشمان پێیان نیە. لە موقەرەرات و تەعەهوداتیشیان عەلاقەدار نین." (ئومێدی ئیستیقلال. ژ 22. 10 ی نیسانی 1923)

شێخ قادری برای شێخ مەحمود یش، یەکێ بوە لەوانەی بە نوێنەری سلێمانی دانراوە. بەڵام لێرەدا بە هەڵە یان بە ئەنقەست ناوی نەنوسراوە. بەڵام لە ژ 23 دا بەمجۆرە هەڵەکەیان راست کردۆتەوە:

"ئیعتیزار: لە نوسخەی هەفتەی رابوردوی ئومێدی ئیستیقلال دا کە بە تاریخی 10 ی نیسان و ژمارە 22 لە خصوص مەبعوسانی سلێمانی کە بەحس کرا بو لەو میانەدا حەفیدزادە شێخ قادر ئەفەندی لە بەر حاڵەتی رەمەزان سەهوەن داخل نەکرا بو."

وەزارەتەکەی سەعدون توشی تەنگوچەڵەمەی دارایی بو، لە 16 ی تشرینی دوەمی 923 دا ئیستیقالەی کرد.

2. 2. کۆکردنەوەی

لە 22 ی تشرینی دوەمی 923 دا جەعفەر عەسکەری یەکەمین وەزارەتی خۆی کە پێنجەمین وەزارەتی عیراق بو، پێک هێنا.

ئەرکی ئەم وەزارەتە ئەوە بو: مەجلیسی تەئسیسی، کە ئەندامەکانی هەڵبژێررابون، کۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی تەسدیقی پەیماننامەی عیراقی– بریتانی و. رێککەوتننامەی مالی و عەسکەری و عەدلی بکا و. دەستوری عیراق و. قانونی هەڵبژاردنی مەجلیسی نومە پەسند بکا.

ئەگەرچی هەندێ لە سیاسیەکانی عیراق، لە داسکردنی پرۆژەی ئەم بەڵگە گرنگانەدا کە پەیکەرەی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراقیان دروست ئەکرد، بەشدارییان کرد بو، بەڵام هەمو پرۆژەکان لە لایەن شارەزایانی بریتانیەوە ئامادە کرا بون و، دوا قسە بۆ ئەوان بو.

2. 3. ئەرکەکانی

27 ی ئازاری 1924 مەجلیسی تەئسیسی دەستی بە کۆبونەوە کرد. (خیتابی عەرش) خوێندرایەوە. لەم خیتابەدا ئەرکەکانی مەجلیس دیاری کرابون. دەقی موعاهەدەی عیراقی– بریتانی و مولحەقەکانی، بە 4 زمان: ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی، کوردی، چاپ کرا بو، بۆ خوێندنەوەی بە سەر ئەندامانی مەجلیسدا دابەش کرا.

11 ی حوزەیرانی 1924 مەجلیس، موعاهەدەی بریتانی– عیراقی تەسدیق کرد.

11 ی تەموزی 1924 پرۆژەی دەستوری پەسند کرد.

2 ی ئابی 1924 قانونی هەڵبژاردنی مەجلیسی نومە (مەجلیسی نواب و مەجلیسی ئەعیان) ی دانا.

لە سەردەمی وەزارەتەکەی عەسکەریدا مەجلیسی تەئسیسی لە 49 جەلسە تا کە 4 مانگ و 7 ڕۆژی خایاند ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی بە جێ گەیاند.
بەمجۆرە هەر 3 ئەرکی بە جێ هێنا و، ئیتر هیچ هۆیەک بۆ مانەوەی نەما. بەوە یش هەم وەزارەت و هەم مەجلیس ئیشیان تەواو بو.

2. 4. هەڵوەشاندنەوەی

ژیانەوە بەمجۆرە هەواڵەکەی ڕاگەیاندوە:
"مەجلیسی تەئسیسی عیراق
"وەکو لە جەرائیدی بەغدادا خوێندراوەتەوە دەورەی ئەمساڵی مەجلیسی تەئسیسیی عیراق نیهایەتی هات و ئەعزاکانی هەرکەسە گەڕاوەتەوە بۆ شوێنی خۆی." (ژیان، ژ 1، 18 ی ئاغستۆسی 1924)
لە 2 ی ئابی 924 دا جەعفەر عەسکەری، پاش ئەوەی ئەرکەکانی وەزارەتەکەی بە جێ هێنا، ئیستیقالەی لە وەزارەت دا. هەر لەو ژمارەیەدا (ژیانەوە) هەواڵی (گۆڕانی قابینە) ی لە ڕۆژنامەی (المفید) ەوە بەمجۆرە وەرگرتوە:
"وەزارەتی جەعفەر ئەل عەسکەری پاشا ئیستیعفایان کردوە. ئیرادەی ملوکانە سادر بوە کە وەزارەتی فەخامەتی یاسین ئەل هاشمی بەم ڕەنگە کە لە ژێرەوە نوسراوە تەشەکول بکات:

وەزیری داخلیە	عەبدولموحسین سەعدون
وەزیری مالیە	ساسۆن حسقیل
وەزیری ئەوقاف	ئیبراهیم ئەل حەیدەری
وەزیری عەدلیە	ڕەشید عالی ئەل گەیلانی
وەزیری ئەشغال	موزاحیم ئەل ئەمین ئەل پاچەچی
وەزیری مەعاریف	شێخ محەمەد ڕەزا ئەل شبیبی
وەکیلی وەزیری دیفاع	
ڕەئیس ئەل وزەرا	یاسین ئەل هاشمی

ئەم هەیئەتە تازەیە ڕۆژی 3 ی ئاغستۆسی 924 دەستیان کردوە بە ئیش. (ژیانەوە، ژ 1، 18 ی ئاغستۆسی 1924)

3. مەجلیسی ئومەە

مەجلیسی ئومەە ئەبو لە 2 مەجلیس پێک بێ: مەجلیسی نواب و مەجلیسی ئەعیان، کە یەکەمیان بە هەڵبژاردن و دوەمیان بە تەعیین دائەنران.

3. 1. مەجلیسی نواب

بە دو قۆناغ، لە لایەن مونتەخیبی ئەوەلی و مونتەخیبی سانیەوە، بۆ هەر 20 هەزار پیاو 1 نائیب. بۆ دەورەیەکی ئینتیخابی کە ئەبو 4 ساڵ بێ، هەڵئەبژێردرا. هەمو دەورەیەکی ئینتیخابی ئەبو 4 دەورەی ئیجتیماعی ئیعتیادی ساڵانەی هەبێ کە لە 1 ی تشرینی دوەم دا دەستی پێ ئەکرد. لە کاتی پێویست دا مەلیک ئەیتوانی بانگیان بکا بۆ ئیجتیماعی نائیعتیادی.
ژمارەی ئەندامانی مەجلیسی نواب تا 1935 بریتی بو لە 88 ئەندام و دوای ئەوە لە بەر زۆربونی ژمارەی دانیشتوانی عیراق کرا بە 118 نائیب.

3. 2. مەجلیسی ئەعیان

هەمویان لە لایەن مەلیکەوە تەعیین ئەکران. ئەبو ژمارەیان لە چواریەکی ژمارەی مەجلیسی نواب زیاتر نەبێ. لەو کاتەدا بە هەمویان 20 عەین بون. بۆ 8 ساڵ تەعین ئەکران. بەڵام ئەبو هەر 4 ساڵ جارێک نیوەیان بگۆردرێ.

هەردو مەجلیس لە یەک کاتدا کۆ ئەبونەوە و کۆبونەوەکانیشیان پێکەوە تەنجیل و تەعتیل ئەکرا.

پرۆژەی قانون لە لایەن مەجلیسی نوابەوە ئامادە ئەکرا و ئەنێردرا بۆ مەجلیسی ئەعیان. ئەگەر پەسندی بکردایە ئەرۆیشت بۆ جێبەجێ کردن. ئەگەر ئیعتیرازی لێ بگرتایە، لە کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو مەجلیس دا بۆ ئەوەی پەسند بکرێ ئەبو زۆرایەتی دوسێیەک بە دەس بهێنێ.

شاعیری بە ناوبانگی عیراق مەعروف رەسافی کە خۆی یەکێ لە سیاسیە ئاگادارەکانی عیراق بوە و لە ناو روناکەکان دا ژیاوە، دەربارەی (مەجلیسی نومه) لە شیعرێکیدا وتویەتی:

علم ودستور ومجلس امة

كل عن المعنى الصحيح محرف

واتە: بەیداغ و. دەستور و. مەجلیسی نومه

هەمویان لە مەعنای راستەقینەیان لادراون

چەند تێبینیەک:

1. دەربارەی مەلیک فەیسەڵ بروانە:

علاء جاسم محمد: الملك فيصل الاول حياته و دوره السياسي في الثورة العربية و سورية والعراق 1883– 1933. بغداد، 1990.

2. دەربارەی مەجلیسی تەئسیسی بروانە:

1.2. محمد مظفر الادهمي: المجلس التأسيسي العراقي. وزارة الاعلام. بغداد، 1976.

2.2. السيد عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق السياسي. ج 3، ط 6، بيروت، 1983.

3. دەربارەی عەبدولموحسین سەعدون بروانە:

الدكتور لطفي جعفر فرج عبدالله: عبدالمحسن السعدون و دوره في تاريخ العراق السياسي المعاصر. بغداد، 1979.

4. دەربارەی جەعفەر عەسکەری بروانە:

علاء جاسم محمد: جعفر العسكري و دوره السياسي و العسكري في تاريخ العراق حتى عام 1936، بغداد، 1987.

5. دەربارەی یاسین هاشمی بروانە:

سامي عبدالحافظ القيسي: ياسين الهاشمي ودوره فى السياسه العراقية بين عامى 1922 – 1936، الجزء الاول البصره 1975. الجز الثانى بغداد 1975.

6. دەربارەی نوری سەعید بروانە:

عبدالرزاق احمد النصيري: نوري السعيد و دوره في السياسة العراقية حتى عام 1932. بغداد، 1987.

مەجلیسی نواب
(دەورەی یەکەم)
1928/1/19 - 1925/7/16

1. دەورەی ئینتیخابیی یەکەم

لە 2 ی ئابی 924 دا یاسین هاشمی یەکەمین وەزارەتی خۆی و شەشەمین وەزارەتی لە عیراق دا پێک هێنا. ئیبراهیم حەیدەری، لەم وەزارەتەدا وەزیری ئەوقاف بو.

ئیبراهیم حەیدەری، کوردێکی هەولێری و، کەسایەتیەکی ناسراو بو. بە مەلایەتی چوبوە ئەستەموڵ و لە دواساڵەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا گەیشت بوە پلەی شێخ ئەل ئیسلام. تا لە ئەستەموڵ بو لە گەڵ کۆڕ و کۆمەڵە و گۆڤارە کوردیەکاندا هاوکاری ئەکرد. دوای گەڕانەوەی بۆ عیراق لە وەزارەتەکەی یاسین هاشمی دا (924-925) بو بە وەزیری ئەوقاف و، دواتر مەلیک فەیسەڵ تەعینی کرد بە (عەین) لە مەجلیسی ئەعیان دا.

لە 19 ی تەموزی 924 دا سلێمانی داگیرکرایەوە و بەیەکجاری خرایە سەر عیراق.

لە 15 ی تشرینی دومی 924 دا ئیرادەی مەلەکی دەرچو بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی نواب.

وەزارەتەکەی یاسین هاشمی ئیستیقالەی کرد. مەلیک فەیسەڵ دیسانەوە سەعدونی تەکلیف کرد وەزارەت پێک بهێنێ. (ژیانەوە) هەواڵەکەی، بەمجۆرە بە لێدوانێکی خۆیەوە، بڵاو کردوتەوە:

"گۆڕانی هەیئەتی وزەرا

"بە پێی خەبەرێ کە تازە لە بەغداوە هاتوە هەیئەتی وزەرای عیراق گۆڕاوە و هەیئەتی تازە وەکو نوسراوە دانراون:

عەبدولموحسین بەگ	رەئیس ئەل وزەرا و وەزیری خاریجیە
رەشید عالی گەیلانی	وەزیری داخلیە
رەئوف بەگی جادرچی	وەزیری مالیە

ناجی سویدی	وەزیری عەدلیە
سەبیح نەشئەت	وەزیری دیفاع
عەبدولحسەین چەلەبی	وەزیری ئەشغال
حیکمەت سلێمان	وەزیری مەعاریف
حەمدی بەگ پاچەچی	وەزیری ئەوقاف

"خوابکەم پێ و قدومی هەمو لایەکیان بۆ میلەتی عیراق بە خێر و سەعادەت بێ و عەرزی تەبریکات و تەمەنای موەفەقیەتیان ئەکەین. لە ناو ئەم زاتە موحتەرەمانەدا، سەبیح ئەشئەت بەگ، کە یەکێ لە ئەعازیمی کوردە و مەبعوسی ئەربیلە. لە دڵی هەمو کوردێک دا جێگایەکی زۆر بەرز و بە قیمەتی هەیە. ئەمساڵ لە گەڵ هەیئەتی عیسبەتول ئومەم دا کە بۆ تەحدیدی حدودی شیمالی موسڵ تەشریفیان هات بو جەنابی سەبیح ئەشئەت بەگیش لە...(کۆپیەکەی ئەخوێنرایەوە.نم)" (ژیانەوە. ژ 29، 1 ی تەموزی 1925)

سەبیح ئەشئەت کە وەکو ژیانەوە نوسیوێتی لە ئەعازیمی کورد بوە. ئەبێ پیاوێکی هەڵکەوتو لە هەمان کات دا جێگەی بڕوای ئینگلیز و مەلیک فەیسەڵ بوبێ چونکە چەندین پلە و پایەی بەرزی لە حکومەتی عیراق دا پێ سپێردراوە. چەند جارێ بۆتە وەزیر و. دوای ئیمزاکردنی رێککەوتنی تورکیا و عیراق ناردراوە بە وەزیری مفەوەزی عیراق لە تورکیا تا لەوێ مردوە. ژیان بە بۆنەی مردنیەوە نوسیوێتی:

"زیاعێکی گەورە

"ئەنقەرە، وەزیری مفەوەزی عیراق لە تورکیا مەعالی سەبیح ئەشئەت بەگ رۆژی 19ی ئەم مانگە لە ئیستانبول بەر رەحمەتی خوا کەوت. خودای تەبارەک و تەعالا سەبر و تەسەلا بە عائیلەی کەدەرییدەی ئیحسان بفەرموێ." (ژیان، ژ 188، 25 ی تەموزی 1929)

1 . 1. پێکهێنانی مەجلیس

لە کاتی هەڵبژاردنی دەورەی ئینتیخابیی یەکەم دا، لە سلێمانی رۆژنامەی (ژیانەوە) و لە بەغداد (دیاریی کوردستان) دەرئەچون. هەردوکیان هەندێ لە هەواڵەکانی ئەم هەڵبژاردنەیان بڵاو کردۆتەوە.

(دیاریی کوردستان) کە لە بەغداد بە کوردی و عەرەبی و تورکی دەرچوە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەمو عیراقی نوسیوە. لە ژ 7 ی دا لە ژێر سەردێری (ئینتیخابی مەبعوسان) دا نوسیوێتی:

"9 ی حوزەیرانی 1925– 1341 رۆژی دوشەمو لە بەغدا و لە دەرەوە نوابی عیراق ئینتیخاب کرا. لەم نزیکانە کۆ دەبنەوە و دەست ئەکەن بە ئیش. ئیستە هەر ناویان عەرز دەکەین. ئینشائەڵلا بەرە بەرە رەسمی هەمویان نیشان ئەدەین. خوا موەفەقیان بکا."

ئینجا بە ریز ناوی نائیبەکانی بەغداد، دیالە، دلیم، حلە، کەربەلا، کوت ئەل ئیمارە، دیوانیە، بەسرا، عەمارە، مونتەفیک، موسڵ، کەرکوک و ئەربیلی بڵاو کردۆتەوە. ئەوانەی نوابی بەمجۆرە بون:

"نوابی موصل: ئەرشەد ئەل عومەری، زیا بەگ ئال شەریف بەگ، عەلی ئەل ئیمام، ئیبراهیم کەمال، سەعید چەلەبی حاجی سابیت، سابیت عەبدەلنور، حازم بەگ ئال شەمدین ئاغا، شێخ نوری ئەل بریفکانی، هەیبەتولا ئەفەندی موفتی عەقرە، ئەلخوری یوسف خەیات، رەئوف شەماس نالوس، ئیسحاق ئەفرایم.

"نوابی کەرکوک: ئەشئەت بەگ، شێخ حەبیب ئەفەندی تاڵەبانی، رەفیق ئەفەندی خالیم سوجادە، سەعید ئەفەندی صەلاحیە.

"نوابی ئەربیل: صەبیح ئەشئەت بەگ، داود بەگ ئەل حەیدەری، یوسف ئیبراهیم ئەفەندی، ئیسماعیل بەگ، عەبدولا موخلیص بەگ."

لە داوێنی ئەم لیستەیەدا وتارێکی بە ناونیشانی (نائیب– مەبعوس: ناڕراو) نوسیوە، ئەڵێ:

"لە بەر ئەمەی کە دیاریی کوردستان سیاسی نیە، لە حەق نەتیجەی ئینتیخابات موتالەعات و ئیجتیهادات نانوێنین. فەقەت بە ناوی هەیئەتی ئیجتیماعیەوە ئەتوانین ئەختێ بەحس لە حقوقی ئیجتیماعی و ئەدەبی خۆمان بکەین."

بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی سلێمانیەوە هەڵبژاردن لەوێ دوا کەوتوە. دیاریی کوردستان لە ژ 8 ی دا ناوی (نوابی سلێمانی) یشی بڵاو کردۆتەوە:

"ڕۆژی 24 ی حوزەیرانی 925 لە سلێمانیش مەبعوسان ئینتیخاب کرا. جەنابی محەمەد ساڵح بەگ محەمەد عەلی بەگ بە 145. میرزا فەرەج حاجی شەریف بە 137. محەمەد ئەمین بەگ بیگباشی ئەرکان حەرب بە 125، ئەحمەد موختار بەگ عوسمان پاشا بە 110 ڕەئی. بون بە مەبعوسی سلێمانی عەرزی تەبریکات دەکەین. لە سەر خێر و نەفعی مەملەکەت و میللەت موەفەق بن."

(ژیانەوە) یش کە لە سلێمانی دەرچوە لە ژێر سەرناوی: (ئینتیخابی مەبعوس) دا، بێ ئەوەی باسی وردەکاری ڕەوتی هەڵبژاردن و قۆناغەکانی بکا، هەواڵی هەڵبژاردنی مەبعوسەکانی سلێمانی بەمجۆرە بڵاو کردۆتەوە:

"ڕۆژی چوارشەمە 24 ی مانگ ئینتیخابی مەبعوس تەواو بو لە نەتیجەدا:

"محەمەد ساڵح بەگی محەمەد عەلی بەگ بە 145 ڕەئی، میرزا فەرەجی حاجی شەریف بە 137 ڕەئی و، ئەمین زەکی بەگی بیگباشی ئەرکانی حەرب بە 125 ڕەئی، ئەحمەد بەگی عوسمان پاشا بە 110 ڕەئی، بۆ مەبعوسی لیوای سلێمانی ئینتیخاب کران و دانران.

"ئەم زەواتە موحتەرەمانە، کەوا بۆ مەبعوسی لیواکەمان هەڵ بژێرراون، بەناوی هەمو میللەتەوە عەرزی تەبریکیان ئەکەین و، بەدڵ و بەگیان دوعای موەفەقیەتیان تەقدیم ئەکەین. ئومێدمان وایە کە ئینشائەڵڵا ئەم وڵاتە بە واسیتەی هیمەت و سەعی ئەم زەواتە موحتەرەمەوە زۆر شتی باش و چاکی بۆ ببێ و بچێتە ڕیزی وڵاتانەوە. زاتەن ئەمەل و ئومێدی زۆر زلی ئەم وڵاتە بەستراوە بە نەتیجەی سەعی و هیمەتی ئەمانەوە. سا خوا تەوفیقیان بدا ئامین." (ژیانەوە، ژ 28، 26 ی حوزەیرانی 1925)

وازهێنانی ئەحمەد موختار جاف

"ئیعلان

"بە پێی تەلغرافێکی بێتەل کە لە وەزارەتی جەلیلەی داخلیەوە بۆ مەقامی موتەسەریفی هاتوە ئەحمەد موختار بەگ لە مەبعوسی ئیستیعفای کردوە و ئوصولەن لە جیاتی مومانیلەیی مەبعوسێکی تر ئینتیخاب بکرێ. بینائەن عەلەیهی هەرکەسێ تالیبە بۆ مەبعوسی لە تاریخی ئینتیشاری ئەم ئیعلانەوە لە غەزەتەی ژیان دا تا دو هەفتە نامزەدیی خۆی ئیعلان بکا.

دائیرەی بەلەدیەی سلێمانی" (ژیان، ژ 3، 4 ی شوباتی 1926)

نامزەدکردنی مستەفا پاشا

لە جێی ئەحمەد موختار چەند کەسایەتی ناسراوی سلێمانی کە بێگومان خاوەن نفوز و لایەنگر بون، حاجی مستەفا پاشای یاملکیان بۆ نوێنەرایەتی سلێمانی، لە ژ 5 ی ژیان دا بەم نامەیە ناودێر کردوە:

"بۆ مودیری موحتەرەمی غەزەتەی ژیان

"ئێمە کە لە ئەشراف و تیجار و منەوەرانی سلێمانیین. لەبەر ئەوە کە حاجی مستەفا پاشا بە زاتێکی موقتەدیر و بە لیاقەت ئەزانین وە بۆ ئەوەی کە سلێمانی لە مەجلیسی نواب دا تەمسیل بکات لە گەڵ صەد کەس ڕەفیقمان نامزەدیی موشار ئیلەیهی ئیعلان ئەکەین و لە مونتەخیبی سانیەکانمان ئومێد ئەکەین کە بۆ مەبعوسی ئینتیخابی بفەرمون.

فەتاح بەگ زادە: ئەحمەد. عەبدوڕەحمان ئاغا زادە: محەمەد ناجی. حاجی ئیبراهیم خەفاف. حەسەن ئاغا زادە: حاجی. محامی ڕەفیق. توفیق قەزاز. ڕەشید مەستی. مەعروف بەگ زادە: فائیق. حاجی شەریف زادە: فەتاح. حاجی فەتاح زادە: ڕەمزی."

پێ ناچێ ئینگلیز ڕای لە حاجی مستەفا پاشا بوبێ لە بەر ئەوە هەڵ ئەبژێرراوە.

1 .2. چاوەڕوانیەکانی خەڵک لە مەبعوسەکان

لە عیراقی تازە دامەزراودا، ئەوە جاری یەکەم بوە هەڵبژاردن بۆ دانانی نوێنەرانی خەڵک بکرێ. کوردستان بە تایبەتی ناوچەی سلێمانی، لە 1919 ەوە تا ئەو کاتە لە هەلومەرجێکی ناناساییدا ژیاوە. ئارام و ئاسایش، بازاڕ و بازرگانی، کاروان و هاتوچۆ، خوێندن و پەروەردە، دەوام و دائیرەکانی حکومەت. هەموی تێک چو بو. دامەزرانی 3 جار حوکمڕانی کوردی و ڕوخانی و، ئازاد بونی سلێمانی و بۆردومانکردنی و چۆڵکردنی چەند جارەی و داگیرکردنەوەی، خەڵکی توشی بێزاری و داهێزران کردبو. بە هیوا بون دەرویەکی ڕەحمەتیان لێ بکرێتەوە.

لە 19 ی تەموزی 924 دا سلێمانی لە لایەنی هێزی زەمینی عیراقی و بریتانی یەوە. بە پشتیوانی هێزی شاهانەی بریتانی داگیر کرا و شێخ مەحمود و هێزەکانی کشانەوە بۆ شاخەکان. سلێمانی بە یەکجاری وەکو لیوایەک خرایە سەر عیراق. دەزگای بەڕێوەبەرایەتی عیراقی تێدا دامەزرا. لەو هەڵبژاردنە یشدا کە بۆ مەجلیسی نواب کرا، دانیشتوانی سلێمانی بە خواهیشت بێ یان بە زۆر، بەشدار بون.

تەجروبەی پارلەمانی لە عیراق دا، تەجروبەیەکی تازە بو. ئەوەندە چاوڕوای باشی بۆ کرا بو، خەڵک پێیان وابو گیروگرفتەکانیان چارەسەر و، هەمو پێویستیەکانیان بۆ دابین و، هەمو ناتەواویەکانیان بۆ پڕ ئەکاتەوە. خەڵک هێشتا شارەزای فروفێڵی ئینگلیز و گەمەی پارلەمان و تەڵەکەبازی سیاسیە پیشەییەکان نەبوبون. بە نیەتێکی پاک و بە دڵێکی سافەوە، لە (مەجلیسی مەبعوسان) چاوەڕوانی زۆر شتی باش بون.

هەر لەم ڕوانگەیەوە (ژیانەوە) لە ژێر سەردێری (چیمان ئەوێ لە مەبعوسەکانمان؟) نوسیویەتی:

"بە ناشوکری نەبێ ئەوەندە ئیحتیاجمان زۆرە، هێندە کەموکوڕیمان هەیە، هەر نازانین داوای چی بکەین، چونکە هەرچی بڵێین کەمە. وڵاتەکەمان لە مەعاریف، لە صەنایع، لە تیجارەت، لە زەراعەت، خولاصە لە هەرچی ئاساری ئاوەدانی و گەورەیی و بەرزی بێ بەشە. بە هەر لایەکدا ئەڕوانی وێرانی ئەبینی. خۆ جارێ لە پێش هەمو شتێکمانەوە ئەوی بۆ ئێمە پێویستە ئاسایش و ئەمنیەتە کە بۆ ئەو خصوصە ئەوطەن لە حکومەت دوەمین لە مەبعوسەکانمان ئەپاڕێینەوە کە مەرحەمەت بفەرمون و هەوڵمان بۆ بدەن بۆ دامەزرانـدنی وڵاتەکەمان. ئەمجار لە پاش ئەوە ئەوەی بناغە بێ بۆ گەورەیی و سەربەرزیمان مەعاریفە و مەکتەب، مەکتەبە و مەعاریف، یەعنی مەعاریف، مەعاریف...

"چونکە دیارە کە مەعاریف بو ورنە ورنە، بەرە بەرە، ئەخلاقمان باش ئەبێ، تیجارەتمان سەر ئەکەوێ، زەراعەتمان زیاد ئەکا، صنعەتمان زۆر ئەبێ.

"ئەمڕۆ کە حکومەت حکومەتی خۆمانە و حاکمیەتی میلیەمان هەیە، کەچی لە هەمو لیوای سلێمانیا تەنیا مەکتەبێکی ئیبتیدائی هەیە، کە ئەویش لە بەر ناعیلاجی ئەبێ پێی نابێژرێ مەکتەب. سەیری کەرکوک کەن بە

بێ دەستمانەوە، ئامە خوای لێ بێ. مەدرەسەی عیلمیەی، لە هەمو گەڕەکێ مەکتەبێکی ئیبتیدائی، مەکتەبی صەنائیعی، مەکتەبی کچانی، مەکتەبی خریستیان و موسەوی، بگرە و بەرەی مەعاریفی، هەرا و زەنای کەشافەی، تاقمی تەاروکی مەکتەبەکانی، شەوق و زەوقی قوتابییەکانی، ئینسان حەیرانی ئەبێ. لای ئێمەش هەر ڕاووڕوت و کەرفراندن و دڵ ناخۆرپاندنە.

"ئێمە ئەوطەن بە پەلەپەل ئیستیرحامی ئەوە ئەکەین کە مەبعوسەکانمان بە هەمو هێز و قوەتی خۆیان هەوڵمان بۆ بدەن کە تەئمینی ئەمنیەت و سەربەستیمان بۆ بکەن، ئەمجار مەکتەب و مەعاریفمان بۆ بگەیەننە دەرەجەیەکی باش و لائیق. ئێمەیش لە بەرەوە ئیحتیاجاتی ترمان عەرز ئەکەین." (ژیانەوە، ژ 34، 6 ی ئاغستۆسی 1925).

ژیان، کە ڕاستەخۆ دوای ژیانەوە دەرچوە، بە ئیمزای (کوردی) ئەویش بە دو ئەڵقە نامەیەکی کراوەی (بۆ مەبعوسە موحتەرەمەکان) ناردوە. لە ئەڵقەی 1 دا نوسیویتی:

"لە پێش هەمو شتێکا بە دڵ تکا ئەکەم، بێ زەحمەتی ئەم مەعروزاتە قبوڵ بفەرمون و بە ئەهمیەت بیخوێننەوە، چونکە ئەم هاوارە هی شەخصێ نیە، هی دوان نیە، بۆ قەومێکە، بۆ میلەتێکی هەژار و بەجێماوە، عائید بە ژین و مردنی قەومێکی بێ کەسە.

"وەکو ڕۆژ لای جەنابتان مەعلومە کە ئیمڕۆ، ئەم زەمانە، هیچ میلەتێ بێ عیلم و عیرفان، بێ عیرفان و عیلم، ناژێ و حەقی ژیانی نیە. هەچ میلەتێ بیەوێ لە صنعەت، لە تیجارەت، لە زەراعەت و لە هەمو شتێکا پێشکەوێ، لە پێش هەموا ئەبێ کردن و پێکهێنانی ئەمانە بزانێ، کە ئەمانەش بە عیلم و عیرفانەوە ئەبێ.

"بەڵێ، ئێستا تیجارەکانمان تیجارەتی خۆیان ئەکەن، بەڵام بێ زەحمەتی بڕوانن چۆن تیجارەتێکە؟ کتێبی تیجارەتیان موقابیل بە (دەفتەری ئوصولی تیجارەت، حساباتی مالیە) ی عالەمە؟ وەکو کتێبەکەی مەلا یونس تێکەڵ و پێکەڵە هەزار چەشنەیە. ساڵی لە ڕوی نەزانین و نەخوێندنەوە چەند هەزار ڕوپیە زەرەر و زیان ئەکەن.

"بەڵێ، ئێستا جوتیارەکانمان جوت ئەکەن، بەڵام بە ڕەحمێکی دەرونیەوە بڕوانن بزانن تا گای لەڕ و بێ فەڕ پەیدا ئەکەن و خەرمان هەڵ ئەگرن، چەند جار ئەزیەت و ناخۆشی ئەبینن؟ خۆ صنعەت لای ئێمە هەر.. نا باسی بکرێ.

"ئینجا تا میلەتەکەتان ئەمە سەویە و عیرفانی بێ، ئەمە بەهرە و زانستی بێ، لەم عەصری پێشکەوتن و ژیانەدا قابیل نیە.. دەوام بکا.

"بۆ چاک کردنی ئەمانە، بۆ پێشکەوتنی.. زەراعەت و هەموشتێکمان لە پێش هەمو شتێکا عیلم و عیرفان پێویستە، بۆ ژین و ژیان عیرفان و عیلم لازمە، ئەمیش بە سایەی مەکتەب و مەدرەسەوە ئەبێ. میلەتانی تر هەر یەکە میقدارێک پێشکەوتون وا بە چوار پەل خەریکی مەعاریفن، ئێمە کە دواکەوتوی هەمو قەومێکین، ئەبێ بڕفین، بڕفین مەعریفەت پەیدا بکەین و بڕفین و ئەوەستین.

"ئەفەرمون مەقصەد لەمانە چیە؟ ئەوە چیە مەکتەب و مەدارس، ئەوە چیە عیلم و مەعاریف هەمانە، بەڵام بێ زەحمەتی تۆزێ بڕواننە وڵاتەکەمان، ئەو وڵاتە عەزیزە ئێوە ئیمڕۆ وەکیلی ئەو قەومەن کە تیایە، بڕوانن سەویە و عیرفانی ئەو میلەتە مەزڵومە کە ئێوەی ناردوە بۆ پێکهێنانی ئامالی، کە ئێوە لیسان حاڵی ئەو میلەتە بەسەزمانەن.

"هەر لە سنجارەوە تا شارەزور بڕوانن دو مەکتەب، دو صنعەتخانە، دو مەکینەی تیا نیە کە پێی بیژرێ واسیتەی پێشکەوتن و مایەی هونەر، بۆچی لە بەر چی؟ بەڵێ ئەفەرمون سلێمانی تا ئێستا لە بەر

شۆرش و هەرا هیچی بۆ نەکراوە بەلام ئەی کۆیە، رەواندز، هولێر، ئاکرێ و بادینان، دهۆک و زاخۆ و سنجار، ئەمانە چی و بۆچی وا وێرانەن. بۆچی کوردستان هەر سلێمانیە؟ بە هەمو مەکتەبەکانی کوردستان دو موعەلیمی چاک، دو کتێبی تیا نیە و نیە.. کوانێ موعەلیمە کوردەکان، ئەوانەی وەختی خۆی لە مەکاتیبی عیلمیە و، ئیستە لە دارەل موعەلمینی دەرچون لە کوێن و چییان لێ هات؟

"ئەی مەبعوسانی کیرامی کورد!

"ئێوە کە وەکیلی میلەتی کوردن، ئێوە کە تیمسالی رۆحی قەومی کوردن، بە دڵ تکاتان لێ ئەکەم ئیتر بە رەحمەوە بە چاوێکی پڕ دیقەتەوە بڕواننە حاڵمان، حاڵی ئیقتیصادی، عیلمی و ئیجتیماعیەمان، بزانن لە چ سەفالەت و سەرگەردانیەکاین، بزانن چەند جاهیل و پاشکەوتوین؟ ئەمانە وەزیفەی مەودوعەی ئێوەیە... ئەوە کۆیە، هەولێر، ئاکرێ و زاخۆ، دو مامۆستای وای تیا نیە کە بە کەڵک بێ و کوردی بزانن و منالەکانمان تێ بگەیەنن، کەچی ئەوە عەمارە، مەجەر، دیوانیە، بەصرە، عانە، هەریەکە یەکدو موعەلیمی کوردی لێیە، بۆچی ئەوانە لە ولاتان دەربەدەر بن و ولاتەکەی خۆمان لە بەر بێ موعەلیمی داماو و پەککەتو بێ. ئەمە چۆن پێشکەوتنێکە؟" (ژیان، ژ 9، 18 ی مارتی 926).

لە ئەڵقەی 2 هەمیدا نوسیویتی:

"ئەمجارە مەسئەلەیکی زۆر موهیم و نازک هەیە کە عائید بە رۆحی پێشکەوتنی میلەتەکەیە ئەمەوێ عەرزتان بکەم.

"ئیمڕۆ هەمو میلەتێ بۆ پێشکەوتنی عیرفانی خۆی ئوسولی پرۆگرامێکی رێوپێک تەعقیب ئەکا کە لە سەر ئەوە بڕۆن. هیچ قەومێ نیە بێ پرۆگرام بژی، هیچ جەمعیەتێک نیە بێ پرۆگرام ئیش بکا، بەو چەشنە مەعاریفیش لە سەر پرۆگرامێک ئەبێ بڕوا. عیراقیش وا خەریکە پرۆگرامێکی تازە بۆ مەعاریف رێک ئەخا. لێرەدا وەزیفەیەکی زۆر گەورە و نازک ئەکەوێتە سەر ئێوە کە عائید بە ئیستیقبالی میلەتەکەتانە، عائید بە ژین و مردنی قەومەکەتانە.

"خۆیشتان ئەزانن هیچ قەومێ رۆحی میلەتێکی تری نیە. هەچ میلەتە بە عەنعەنات و عادات و قاعیدەیەک کە موافیقی تەبع و رۆحی خۆی بێ بەڕێوە ئەچێ و تابیع بە عادات و قەوانینی میلەتێکی تر نابێ.

"لە بەر ئەوە بە دڵ ئیستیرحام ئەکەین و ئەپاڕێینەوە و تەلەبی دوشتی گەورە، پێویست و نازک ئەکەین: (پرۆگرامێک بۆ مەعاریفی کورد، دارولموعەلیمینێکی کوردی) هەردوکیان بۆ قەومی کورد ئیمڕۆ زۆر زۆر پێویست و موهیمە، زۆر گەورەیە. مەعاریف بێ ئوسول و پرۆگرام نابێ، مەداریس بێ مامۆستا نابێ.

"تەلەبەی کورد ناتوانێ بە فەصاحەتی عەرەبی عیلم و فەن فێر بێ و تەحصیل بکا. هەمو تەلەبەیەکی کورد ئیستیعدادی فێربونی ئەم عەرەبیە قورسەی نیە. ئەگەر دارولموعەلیمینێ نەکرێتەوە بە کوردی، سبەینێ موعەلیممان نامێنێ، پەکمان ئەکەوێ لە بەر بێ موعەلیمی. ئینجا ئەو وەختە یا موعەلیمی بێگانە و زمان نەزانمان بۆ ئەنێرن یا مەکتەبەکان ئەبێ داخرێ. کە بە هەردولادا، بە هەردو چەشن، مردنی میلەتی لە دوایە، تاریکی ژینی ئەولادی وەتەنی تیایە، کە هیوامان هەیە ئێوەیش حەز بە هیچیان نەکەن و نەتانەوێ.

"لە بەر ئەوە زۆر بە زویی و بە عەجەلە دارولموعەلیمینێکمان ئەوێ. دارولموعەلیمینێکمان ئەوێ و زۆر زو ئەمانەوێ. وەکو مەداریس بێ موعەلیم نابێ، تەحصیل و تەعلیمیش بێ پرۆگرام و ئوصول نابێ. پرۆگرامێ کە بەغدا تەرتیبی بکا حەتا جوزئێکیشی موافیقی رۆحی میلەتی ئێمە نیە و بۆ ئێمە ناشێ. ئێمە لە سەر پرۆگرامێ کە موافیقی رۆحی قەومی عەرەب بێ ناتوانین بڕۆین بەڕێوە و ناژین. نەتیجەی تەتبیقی ئەو

پرۆغرامە زیان و دواکەوتنە. پرۆغرامێکمان ئەوێ کە موافیقی ڕۆحی میللیمان بێ، کە ئاساری ڕۆحی قەومیمانی تیا بێ. لە بەر ئەوە پرۆغرامێکی خصوصیمان ئەوێ بۆ مەعاریفی کورد و، زۆر پێویستمانە.

"ئەمانە کە عەرزی جەنابتانم کردوە هەمو ئەساسی سەرکەوتن و پێشکەوتنمانە. بێ ئەمانە، بێ پێکهێنانی ئەمانە پێشکەوتن و بەرزی نابێ، نیە. داواکردنی ئەمانە حەقمانە، حقوقێکە عالەمی مەدەنیەت و قەوانین پێی بەخشیوین و ئیمڕۆ ئێمە مالیکی ئەم حقوقەین. داواکردنی عەیب و ناحەق نیە. داوا نەکردنی و بەجێ نەهێنانی عەیب و عارە. ئیسان بە ناوی ژین و ژیانی قەومێکەوە ئەپاڕێمەوە و هاوار ئەکەم بە ئەهمیەت بڕواننە ئەم مەعروزاتە، ئەم هاوار و داوایە و بۆمان بکەن، بۆمان ئیجرا بفەرمون.

"میلەت بێ عیلم و عیرفان ناژێ، عیلم و مەعریفەت بێ مەکتەب نابێ، مەکتەب و مەدرەسە بێ موعەلیم نابێ و مەعاریفی هیچ میلەتێ لە سەر پرۆغرامی میلەتێکی تر ناڕوا و پرۆغرامێکی خصوصیی ئەوێ، ئەگینا نە پێشکەوتنمان ئەبێ، نە سەرکەوتنمان ئەبێ و نە ژیان. ئینجا ئیمڕۆیە ڕۆژی خزمەت و هیمەت، ڕۆژی لوتف و مەرحەمەت." (ژیان، ژ 10، 25 ی مارتی 1926).

لەو سەردەمەدا عیراق تازە خەریکی دانانی سیستەمی پەروەردە و پرۆگرامەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی بو. بۆ ئەم مەبەستە (ساطع الحصري) کە پەروەردەکارێکی نەتەوەپەرستی عەرەب بو، هێنرا بو بۆ عیراق و کرا بو بە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەمو عیراق. کاروباری پەروەردەی کوردستان بەشێ بو لە هی هەمو عیراق. حوسەری یەکێکە لە تیۆریسیەنەکانی بیری نەتەوەیی عەرەب. هەر بەو گیانە یش ئەیویست سیستەمی پەروەردەی عیراق و پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ قوتابیانی مەکتەبەکان دابنێ. زۆر لە هەوڵەکانی مەبعوسەکانی کورد و مامۆستا شارەزاکانی بواری پەروەردەی کوردی، لە لایەن ئەمەوە تەگەرەی لێ ئەدرا و، نەیئەهێشت جێبەجێ بکرێن.

هەڵبژاردەی کورد ئەگەر لەوەوپێش داوایان ئەکرد زمانی خوێندن لە قوتابخانەکاندا کوردی بێ، لەم نامەیەدا (کوردی) لەوە تێ پەڕیوە و داوای دو بابەتی زۆر گرنگی کردوە:

یەکەمیان، دانانی پرۆگرامێکی خوێندن و پەروەردەی تایبەت بە کورد کە جیاواز بێ لە هی عەرەب و، لە گەڵ گیانی نەتەوەیی کوردا بگونجێ.

دوهەمیان، کردنەوەی دامەزراوێکی تایبەتی بۆ پێگەیاندنی مامۆستای کورد.

داوای یەکەمیان، بە بیانوی ئەوەی کە پەروەردە و پێگەیاندنی ئەوەی تازە پێگەیشتوی عیراق، بە عەرەب و کوردەوە ئەبێ بەشێ بێ لە سیاسەتی ناوەندی دەوڵەت، نە لە سەردەمی پاشایەتیدا و نە لە سەردەمی جمهوریدا، سەرەڕای ئەوەی بوبو بە داوای جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد و لە هەمو خولەکانی گفتوگۆی نوێنەرانی شۆڕشی کورد و حکومەتی عیراقدا خراوەتە بەر باس و مشتومر، بەڵام هەرگیز جێبەجێ نەکرا.

داوای دوهەمیان، دەیان ساڵ هەوڵی سەروەری ویست تا لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم دا پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەندێ لە شارەکانی کوردستاندا کرایەوە.

1. 3. ئیجتیماعەکانی مەجلیس

دەورەی ئینتیخابیی مەجلیسی نواب ئەبو 4 ساڵ درێژە بکێشێ. هەمو ساڵێک یەک ئیجتیماعی ئیعتیادی هەبێ لە 1 ی تشرینی دوەم دا دەستی پێ بکا. ئەگەر هەڵبژاردن پێش ئەم کاتە بکرایە و مەلیک بە ئیرادەی مەلەکی داوای کۆبونەوەی لێ بکردنایە. یاخود ئیجتیماعی ئیعتیادی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا کارەکانی تەواو نەکردایە و، مەلیک ئیرادەی تەمدیدی بکردایە، بەم کۆبونەوانە ئەوترا ئیجتیماعی غەیر ئیعتیادی.

دەورەی یەکەم هەردو جۆر ئیجتیماعی کردوە.

(ژیانەوە) هەواڵی یەکەم کۆبونەوەی بەمجۆرە راگەیاندوە:

"کردنەوەی مەجلیسی میلی

"بە پێی خەبەرێ کە لە بەغدادەوە هاتوە رۆژی پێنجشەمە 16 ی تەموزی 925 موصادیفی 24 ی زیلحیجەی 1343 بە ئیرادەی ملوکانە مەجلیسی میلی عیراق گوشاد ئەکرێ.

"ئەم رۆژە رۆژێکە بناغەی سەعادەتی میلەتی عیراق دائەمەزرێنێ و رێگەی فەلاح و صەلاح نیشان ئەدا. دڵ فەرەح ئەکاتەوە، چاو رون ئەبێتەوە. غونچەی ئومێد ئەگەشێنێتەوە. خودا بە گەورەیی خۆی ئەم رۆژە موبارەکەمان بۆ بە خێر بگێرێ و خۆشی و سەعادەتی زۆر بە سەرمانا داببارێنێ ئامین." (ژیانەوە، ژ 31، 16 ی تەموزی 1925)

ئەم کۆبونەوەیە، کە رەشید عالی گەیلانی بە (رەئیسی مەجلیسی نواب) و یوسف سویدی بە (رەئیسی مەجلیسی ئەعیان) هەڵبژارد. سەرەتای کاری مەجلیس بو. لە بەر ئەوەی ئەکەوت بوە بەر 1 ی تشرینی دوەم بە ئیجتیماعی غەیر ئیعتیادی (کۆبونەوەی نائاسایی) دائەنرا. لە 16 ی تەموزەوە تا 29 ی تشرینی یەکەمی 925 ی خایاند، 47 جەلەسەی تێدا کراوە.

ئیستیقالەی سەعدون

ئیجتیماعی ئیعتیادی (کۆبونەوەی ئاسایی) سالانەی مەجلیس، بە پێ ی قانون، ئەبو لە 1 ی تشرینی دوەمدا دەست پێ بکا. سەعدون سەرەوەزیرانی عیراق. حیکمەت سلیمان کە وەزیری ناوخۆ بو لە وەزارەتەکەیدا، ئاوزەد کرد بۆ سەرۆکایەتی مەجلیس. بەڵام مەجلیس رەشید عالی گەیلانی بە رەئیسی خۆی هەڵبژارد. سەعدون ئەمەی بە تێشکان بۆ خۆی ژمارد. داوای لە مەلیک کرد یان مەجلیس حەل بکا یان ئیستیقالە لەم قبوڵ بکا. لە بەر ئەوەی مەجلیس تازە هەڵبژێررا بو، مەلیک بە چاکی نەزانی مەجلیس حەل بکا. ئیستیقالەی لە سەعدون قبوڵ کرد و، نیسان جەعفەر عەسکەری تەکلیف کرد وەزارەت پێک بهێنێ. لەم بارەیەوە ژیان نوسیویتی:

"خەبەراتی بەغدا:

"قابینەی تازە: بینا لە تەلغرافێ کە لە وەزارەتی جەلیلەی داخلیەوە بۆ سەعادەتمەئاب موتەسەریف هاتوە قابینەی تازەی عیراق بەم نەوعە تەشەکولی کردوە:

جەعفەر پاشا ئەلعەسکەری	رەئیسەل وزەرا و وەزیری خارجیە
رەشید عالی بەگ ئەلگەیلانی	وەزیری داخلیە
یاسین پاشا ئەلهاشمی	وەزیری مالیە
رەئوف بەگ جادرچی	وەزیری عەدلیە
نوری سەعید پاشا	وەزیری دیفاع،
ئەمین زەکی بەگ	وەزیری ئەشغال و مواسەلات
سەید عەبدولمەهدی	وەزیری مەعاریف
ئەمین عالی بەگ باش ئەعیان	وەزیری ئەوقاف"

(ژیان، ژ 43، 25 ی تشرینی سانی 926)

یەکەم ئیجتیماعی ئیعتیادیی مەجلیس کە لە 1 ی تشرینی سانی 925 تا 15 ی حوزەیرانی 926 ی خایاند، 54 جەلەسە بوە.

"دوەمین دەفعە بۆ مانگێکی تر جەلەساتی مەجلیسی مەبعوسان تەمدید کرا." (ژیان، ژ 18، 27 ی مایسی 926)

"هەواڵی بەغداد

"رەئیسی تازەی مەجلیسی مەبعوسان

"لە پاش قبوڵی ئیستیعفای رەئیسی پێشو فەخامەتی رەشید عالی بەگ بە ئەکسەریەتی ئارا وەزیری داخلیە مەعالی حیکمەت بەگ سلێمان بۆ ریاسەتی مەجلیسی مەبعوسان قبوڵ و ئینتیخاب کرا. ئیشوکاری وەزارەتی داخلیە بە وەکالەت موەقەتەن رەئیسەل وزەرا فەخامەتی عەبدولموحسین بەگ ئەیبینێ." (ژیان، ژ 19، 3 ی حوزەیرانی 926)

دوەمین ئیجتیماعی ئیعتیادی

"میزانیەی عومومی

هەمو وەزارەتەکان خەریکی ئیحزار کردنی میزانیەی عومومی تازەن. لە بەر ئەمەی لە ئەوەل مانگی ئیجتیماع دا تەقدیمی پارلەمان ئەکرێ موحتەمەلە لە ئەواخیری مانگی جاری دا فسولی میزانیەکە تەواو بکرێ." (ژیان، ژ 39، 28 ی تشرینی ئەوەلی 926)

"گوشادی دەورەی دوەمی مەجلیسی میلی

"ئیرادەی مەلەکی صادر بوە بۆ گوشادی دەورەی دوەمی مەجلیسی میلی عیراق لە ئەوەلی تشرینی سانیدا." (ژیان، ژ 41، 11 ی تشرینی سانی 926)

لە دارشتنی ئەم هەواڵەدا دو هەڵەی تێدا کراوە: یەکەم، لە باتی (دەورەی دوەمی مەجلیس) ئەبو بینوسیایە (ئیجتیماعی دوەمی مەجلیس) چونکە وشەی دەورە بۆ کۆبونەوە بۆ کار نەهێنراوە، بەڵکو بۆ هەمو ماوەی مەجلیس بوە، کە ئەبو 4 ساڵ بێ. دوەم، مەجلیسەکە ناوی (مەجلیسی نواب) یان وەکو ژیان پێی وتوە (مەجلیسی مەبعوسان) بوە نەک (مەجلیسی میلی).

"رەئیسی تازەی مەجلیسی مەبعوسان

"بینا لە سەر ئینحیلالی ریاسەتی مەجلیسی مەبعوسان بە ئەکسەریەتی ئارا فەخامەتی عەبدولموحسین بەگ سەعدون بە رەئیسی مەجلیس هەڵبژێرراوە. لە رێی ئامالی میلەت دا موەفەقیەت و عەرزی تەبریکات ئەکەین." (ژیان، ژ 46، 16 ی کانونی‌ئەوەلی 926)

دوەمین کۆبونەوەی ئاسایی کە لە 1 ی تشرینی دوەمی 926 دا دەستی پێ کرد و تا 30 ی نیسانی 927 درێژەی هەبوە 54 جەلسە بوە.

لە بەر ئەوەی ئەنجومەن بەرنامەی کارەکانی تەواو نەبوە ژیان هەواڵی داوە:

"هەواڵی بەغداد

"دەنگ وا بڵاوە کە مەجلیسی مەبعوسان لە پاش تەواو بونی ئەم دەورەیەی، کە لە ئەواخیری ئەم مانگەدا دوایی دێت، بۆ باس کردن لە بەعزێ ئوموراتی موهیمەی حکومەت کە پێیان ئەسپێررێ، بۆ گرد بونەوەیەکی فەوقلعادە قەرار بدەن." (ژیان، ژ 61، 14 ی نیسانی 927)

"هەواڵی بەغدا

"لە غەزەتەکانیەوە

"لە پاش تەواو بونی مودەی ئیجتیماعی مەجلیسی مەبعوسان بۆ تەصدیق و ئیبرامی میزانیەی ساڵی تازە و بەعزێ لەوائیحی قانونیەی تر حکومەت بۆ گرتبونەوەیەکی فەوقەلعادە مەجلیس دەعوەت ئەکات." (ژیان. ژ 64، 5 ی مایسی 927)

کۆبونەوەی ناناسایی کە 3 ی ئایار تا 8 ی حوزەیرانی 927 ی خایاند 24 جەلسە بو.

"ئیرادە

"ئیرادەی مەلەکی صادر بوە کە لە 1 ی تشرینی سانی دا مەجلیسی مەبعوسان ئیجتیماع و دەست بکات بە ئیش." ژیان. ژ 88، 1ی تشرینی سانی 927)

لە ژ 89 دا چەند هەواڵێکی مەجلیس و وەزارەتی بە جیا جیا و بە دوای یەکدا بڵاو کردۆتەوە کە هەمویان پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. ئەیتوانی و ئەبو تێکەڵاویان بکا و بیان کا بە یەک یا دو هەواڵ. هەواڵێکیان دەربارەی ئیفتیتاحی مەجلیس و هەڵبژاردنی رەئیسەکانی و تەئجیل کردنی و. ئەوی تریان دەربارەی ئیستیقالەی وەزارەت بوایە. بەمە یش ئەیتوانی لە بە کارهێنانی وشە و داگیر کردنی جێگای ناو رۆژنامەکەدا پاشەکەوت بکا و. باشتر سەرنجی خوێنەوار بۆ هەواڵەکە رابکێشێ.

"هەواڵی داخلی

"رەسمی ئیفتیتاحی مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان

"رۆژی 1 ی تشرینی دوەم رەسمی ئیفتیتاحی مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان ئیجرا کراوە و دەستیان کردوە بە ئیش." (ژیان. ژ 89، 8 ی تشرینی سانی 927)

"ئیجتیماعی مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان

"لە 1 ی مانگا مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان ئیجتیماعیان کردوە لە نەتیجەی ئینتیخاباتا بە ئەکسەریەت فەخامەتی عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون ئینتیخاب فەرموراوە بە رەئیسی مەجلیسی مەبعوسان و لە نەتیجەی ئینتیخاباتی مەجلیسی ئەعیانا یوسف ئەفەندی سویدی ئینتیخاب فەرمووراوە بە رەئیسی مەجلیسی ئەعیان." (ژیان. ژ 89، 8 ی تشرینی سانی 927)

"تەئجیلی مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان

"لە سەر ئیرادەی مەلەکیە مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان چل و پێنج رۆژ تەئجیل کراوە." (ژیان. ژ 89، 8 ی تشرینی سانی 927)

1. 4. هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس

"ئیستیعفای یاسین پاشا ئەلهاشمی

"وەکیلی رەئیسەل وزەرا و وەزیری خاریجیە مەعالی یاسین پاشا لە وەکالەتی هەردولا ئیستیعفای کردوە و ئیستیعفاکەی قبوڵ کراوە و هەتا عەودەتی فەخامەتی جەعفەر پاشا ئەم وەکالەتە با ئیرادە تەوجیهی مەعالی رەشید عالی بەگ ئەلگەیلانی فەرموراوە." (ژیان. ژ 89، 8 ی تشرینی سانی 927)

جەعفەر عەسکەری ئیستیقالەی کرد. مەلیک جارێکی کە سەعدونی تەکلیف کرد وەزارەت تەشکیل بکا. سەعدون بۆ ئەوەی ئەم تەکلیفە قبوڵ بکا مەرجە کۆنەکەی خۆی، لەمەڕ هەڵوەشانەوەی مەجلیس داناپەوە.

مەلیک ئەم جارە قبوڵی کرد. سەعدون (سێیەمین وەزارەتی خۆی) لە 14 ی کانونی سانی 928 دا پێک هێنا.
ژیان هەواڵەکەی داوە:

"سقوت و تەشکیلی قابینە

"لە بەر ئەوەی فەخامەتی رەئیسەل وزەرا جەعفەر پاشا لە ریاسەتی قابینە ئیستیعفای کرد و ئیستیعفاکەیشی لە تەرەف جەلالەتی مەلیکەوە قبوڵ فەرمورا. ئیرادەی ملوکانە صادر بو کە فەخامەتی سێر عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون رەئیسەل وزەرایەتی دەرعوهدە و قابینە تەشکیل بفەرموێت. لە تەرەف فەخامەتیەوە قابینە لەم زاتانە کە لە خوارەوە ئیسمیان دەرج کراوە تەشکیل و کورسی وەزارەتیان ئیشغال فەرموە:

"رەئیسەل وزەرا و وەزیری خاریجیە و وەکیلی وەزیری دیفاع سێر عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون

وەزیری داخلیە	عەبدولعەزیز بەگ ئەلقەساب
وەزیری عەدلیە	حیکمەت سلێمان بەگ
وەزیری مالیە	یوسف غنیمە
وەزیری مەعاریف	تۆفیق بەگ ئەلسویدی
وەزیری زەراعەت و رەی	سلێمان ئەلبەراک
وەزیری ئەشغال	عەبدولموحسین ئەلشەلال
وەزیری ئەوقاف	ئەلشێخ ئەحمەد داود

(ژیان. ژ 98. 17 ی کانونی سانی 1928).

ئەگەرچی هێشتا مەجلیس ماوەی قانونی خۆی تەواو نەکرد بو. لە کاتێک دا ئەمە یەکەمین مەجلیسی نیابی، واتە یەکەمین دەسەڵاتی دانانی قانون و لێپێچانەوەی وەزارەت بو لە عیراق دا. لە سەر داوای سەعدون، سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، ئیرادەی مەلەکی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم و هەڵبژاردنی مەجلیسێکی نوێ دەرچو. ئەمە بو بە پێشینەیەکی خراپ لە ژیانی پارلەمانیی عیراقی‌دا. دەسەڵاتی قانون دانان (مەجلیس) لە بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن (وەزارەت) دا لاواز بو. مەجلیس ئەگەر ویستەکانی وەزارەتی جێبەجێ نەکردبایە هەمیشە ترسی هەڵوەشاندنەوەی هەبو.

وەزارەتی ناوخۆ هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی بەمجۆرە دابەش کرد:

"فەسخی مەجلیس

"سورەتی موتەرجەمەی تەلغرافی ژمارە 1067 و رۆژی 19 ی 1 ی 28 ی وەزارەتی داخلیە: "بۆ موتەسەریفی سلێمانی

"لە بەر ئەوەی کە ئەساسی مەشروتیەت ئیجاب بە موازەنەتێکی قەوی ئەکات لە بەینی قیوای ئیجرائیە و قیوای تەشریعیەدا و. ئەم موازەنەتەیش مەنوتە بە مەوجودیەتی شوعباتی پارلەمێنتۆ کە ساحیبی مەقاسیدی موعەیەنە و غایەی مەعلومە بن. وە لە بەر ئەوەی کە ئەوزاع ئیسپاتی کردوە مەجلیسی نوممەت لە وەزعیەتی حازری‌دا ئەو فیرقانەی تیا نیە تەئمینی مەوجودیەتی ئەم موازەنەتە بکا و لە بەر ئەوەی حکومەت مەسائیلی زۆر موهیمی بە دەستەوەیە کە مەنافیعی ئەهەمی میلەتی تیایە. وەکو: موعاهەدەی ئینگلیز و عیراق و. ئیتیفاقنامەی مالی و عەسکەری و. مەسئەلەی دیفاعی وەتەنی. کە ئیجاب ئەکات لە هەمویان میلەت خەبەردار

بکرێت کە حسیاتی خۆیان نیشان بدەن و فرسەتیان بدرێتێ کە لەم خسوساتەوە بە واسیتەی مومەسیلیانەوە خواهیشی خۆیان بکەن. بۆ فەسخی مەجلیسی نوممەت و موباشەرەت بە ئینتیخابات بۆ مەجلیسی تازە، موافیقی مادەی 26 ی قانونی ئەساسی، ئیرادەی مەلەکی صادر بو. ئەمرۆ مەجلیس فەسخ بوەوە. بۆ مەعلومات بۆ ئەوەی فەورەن موافیقی قانون دەست بە ئینتیخابات بکرێ ئێررا." (ژیان، ژ 99، 24 ی کانونی سانی 928)

2. هەواڵەکانی

ژیان پەیامنێرێکی تایبەتی نەبوە تا هەواڵی گفتوگۆکانی ناو مەجلیس و ئەنجومەنی وەزیرانی و ململانێی تاقم و دەستە جیاوازەکانی بۆ بنوسێ. وەکو بە رۆژنامەکەدا دەردەکەوێ، سەرچاوەی وەرگرتنی هەواڵەکانی: یەکەم، موتەسەرپفیەتی سلێمانی و دوەم، رۆژنامەکانی بەغداد بوە.

لە مەجلیسی نوابدا بابەتی جۆراوجۆر باس کراوە. گەلێ جار کێشە و مشتومڕ و دەمەقاڵێ لە نێوان نائیبەکاندا قەوماوە. بابەتی زۆری سیاسی بە تایبەتی دەربارەی پێوەندی عیراقی و بریتانی و پەیمانەکانی نێوان هەردولا باس کراوە. رۆژنامە عەرەبیەکانی بەغداد زۆر جار گفتوگۆکانی ناو مەجلیسیان گێڕاوەتەوە. بە چاک یان بە خراپ لە سەریان نوسیوە، پشتیوانییان لێ کردوە یا لە دژی وەستاون. بەڵام ژیان خۆی لە گێڕانەوەی ئەو مشتومڕانە بواردوە و دور و نزیک توخنیان نەکەوتوە. بە تایبەتی چونکە نائیبە کوردەکان کەم وا بوە لە گفتوگۆیەکدا هەڵیان دابێتی و، بیروبۆچونی تایبەتی خۆیان لە بەردەم مەجلیسدا دەربڕی بێ. لە کاتی دەنگ داندا یان خۆیان دزیوەتەوە یان بە قازانجی بریتانیا دەنگیان داوە. ئەوەتا ژیان لە وتارێکدا تیری توانج لە مەبعوسەکانی کورد ئەگرێ و رو بە داود حەیدەری، یەکێ لە مەبعوسەکانی کورد، ئەڵێ: "ئەگەر لە مەجلیس دا مەقسەد لە موعارەزە و موناقەشە، جەلبی زەرەر و روخاندنی ئەساساتی میلیەی خۆمان بێ، وەکو مەبعوسەکانی ئێمە ئیختیاری سکوت و ئیعلانی بێ تەرەفی کردن، بە لامەوە گەلێ چاکتر و موسیبترە."

هەواڵەکانی ژیان دەربارەی گفتوگۆکانی ناو مەجلیس و بڕیارەکانی و چالاکی ئەندامەکانی بڵاوی کردونەتەوە، جگە لە هەندێ بابەتی کە پێوەندییان بە کاروباری کوردەوە هەبوە، ئەوانی تر بابەتی ئەوەندە گرنگ نەبون جێگەی بایەخ پێ دانی خوێندەواری کورد بن. لەوانە:

2. 1. هەواڵی مەجلیس

جگە لە هەواڵی ئینتیخاب، گوشادی مەجلیس، ئیجتیماع، تەعتیل و تەئجیل، فەسخ و حەلی مەجلیس، هەندێ لە دەنگوباسەکانی ناو مەجلیسی بڵاوکردۆتەوە، وەکو:

"موزاکەراتی مەجلیسی نیابی

"بۆ مەحوکردنەوەی تۆوی کوللە و ئیتیخازی تەدابیری لازمە لە پێش حلولی وەختی ژیانەوەیدا لە تەرەف مەبعوسەکانی موصلەوە موتەفیقەن تەقریرێک تەقدیمی مەجلیس و موزاکەرەی لە سەر کراوە." (ژیان، ژ 47، 23 ی کانونی ئەوەلی 926)

"موقەرەراتی مەجلیسی مەبعوسان

"لە پاش موناقەشە و رێکخستنی لایحەی فەرشکردنی جادەکانی بەغدا موافەقەتی لە سەر نوێنراوە." (ژیان، ژ 48، 30 ی کانونی ئەوەلی 926)

"وەزارەتی زەراعەت لە مەجلیسی مەبعوسان دا

"ئەو لائیحە قانونییە کە بۆ دامەزراندنی وەزارەتی زەراعەت بە مەجلیسی مەبعوسان درا بو قبوڵ کرا. مودیریەتی زەراعەت و، ئەملاکی ئەمیریە و، بەیتەرە، خراونەتە ژێر تابیعیەتی ئەم وەزارەتەوە." (ژیـان، ژ 61، 14 ی نیسانی 927)

"میزانیەی ساڵی 928

"بەغداد، مەجلیسی مەبعوسان میزانیەی ساڵی 928 ی تەسدیق کردوە کە واریداتەکەی عیبارەت بـو لـە 70.681.070 و مەساریفاتەکەیشی 69.780.644 ڕوپیە و لەمـەدا واریـدات و مەسـاریفاتی شـەمەندەفەری عیراق و تیارەی ئەسکەلەکانی تیادایە." (ژیان، ژ 131، 4 ی تشرینی ئەوەڵی 1928)

2. 2. سەردانەوەی مەبعوسەکان لە سلێمانی

پێوەندی بەردەوامی نێوان هەڵبژێرەر و هەڵبژێرراو شتێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هەڵبژێرراو هەمیشـە ئاگـای لـە هـەمو لایەنـەکانی هەلومـەرجی ژیـانی سیاسـی، ئـابوری، کۆمەڵایـەتی، ڕۆشـنبیری، پـەروەردەیی.. دانیشتوانی ناوچەی هەڵبژاردنەکەی بێ و، بەردەوام لە گفتوگۆ و دانوسەندن دا بێ لـە گـەڵ یـان، بـۆ ئـەوەی هەمیشە جێگەی باوەڕ و متمانەی هەڵبژێرەرەکانی بێ.

مەبعوسەکانی سلێمانی:

میرزا فەرەجی حاجی شەریف، یەکێ لە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی بوە. بەڵام کار و کاسـبی و سـەرمایەی لە بەغدا و، خۆیشی نیشتەجێی هەمیشەیی بەغداد بوە.

ئەمین زەکی بەگ داوەیەکی زۆر ئەفسەر بوە لە ئۆردوی عوسمانیدا و، دوای گەڕانەوەی بۆ عیـراق لـە بەغداد نیشتەجێ بوە، جاروبار بۆ ئیشوکار هاتۆتەوە بۆ سلێمانی.

لە ناو ئەوانەدا تەنیا محەمەد ساڵح بەگ ماڵی لە سلێمانی بوە و، لە پشـوەکانی مـەجلیسدا گەڕاوەتـەوە سلێمانی، هەمو جار ژیان بە خێر هاتنەوەی کردوە.

"هاتنەوە

"بە موناسەبەتی تەواو بون و تەعتیلی جەلەساتی مەجلیسی مەبعوسان هەفتـەی رابـوردو لـە بەغـدادەوە مەبعوسی موحتەرەم محەمەد ساڵح بەگ تەشریفی هێناوەتەوە سلێمانی. بـە نـاوی عومـەوە عـەرزی بـە خێـر هاتنی ئەم دائیبە بە هیمەتمان ئەکەین." (ژیان، ژ 23، 8 ی تەموزی 926)

"ڕۆیشتن

"مەبعوسی موحتەرەم جەنابی محەمەد ساڵح بەگ بـە موناسـەبەتی کوشـادی مەجلیسـی مەبعوسـان بـە قافلەی ئۆتۆمۆبێلی رابوردو تەشریفی بۆ بەغداد ڕۆیشتوە. تەمەنای موەفەقیەت و خوا حافیزی ئەکەین."(ژیان، ژ 40، 4 ی تشرینی سانی 926)

"هاتنەوە

"مەبعوسی موحتەرەم جەنابی محەمەد ساڵح بەگ بە موناسەبەتی تەواو بونی دەورەی مەجلیسـی میلـی تەشریفیان هێناوەتەوە. بە خێر بێنەوە." (ژیان، ژ 70، 21 ی حوزەیرانی 927)

هەواڵی دوەم دو سەرنج هەڵئەگرێ:

یەکەمیان، لە ناو مەبعوسەکانی سلێمانیدا، تەنیا محەمەد ساڵح بـەگ مـاڵی لـە سـلێمانی بـوە، بۆیـە لـە ژیاندا بە زۆری هەواڵی (هاتن و ڕۆیشتن) ی ئەو لە پشوەکانی ئەنجومەندا نوسراوە.

دوەمیان، بە هۆی شۆڕشی شـێخ مـەحمودەوە ڕێگاوبانـەکان ئائـەمین بـون، لـە بـەر ئـەوە بـە (قافلـە) هاتوچۆیان کردوە.

2. 3. زمانی هەواڵەکان

ژیان لە گێرانەوەی هەواڵەکانی مەجلیسەکانی عیراقدا دەقاودەق هەمان وشەگەلی قانونەکانی عیراقی لە باتی وشەی کوردی بە کار هێناوە وەکو:

ئینتیخاب: هەڵبژاردن.

ئیرادەی مەلەکی: ویستی شاهانە.

ئیستیعفا: وازهێنان.

ئیستیدعا: بانگ کردن.

ئیجتیماع: کۆبونەوە.

تەصدیق: پەسند کردن.

تەصویت: دەنگدان.

تەرشیح: پاڵاوتن.

تەمسیل: نواندن.

تەودیع: پێ سپاردن.

تەعتیل: راگرتن.

تەئجیل: دواخستن.

تەشکیل: پێکهێنان.

جەلەسە، جەلەسات: دانیشتن.

حەل: هەڵوەشاندنەوە.

دەورەی ئینتیخابی: خولی هەڵبژاردن.

دەفتەری تەسجیل: دەفتەری تۆمارکردن.

رەئیس: سەرۆک.

ریاسەت: سەرۆکایەتی.

سقوت: کەوتن، روخان.

عزو، ئەعزا، ئەعزایەتی: ئەندام، ئەندامان، ئەندامەتی.

عەین، ئەعیان: پیر، پیران، لە باتی سیناتۆر.

فەسخ: هەڵوەشاندنەوە.

فیرقە: حیزب، پارتی.

قەرار، قەرارات: بڕیار.

قوای ئیجرائیە: دەسەڵاتی جێبەجێ کردن.

قوای تەشریعیە: دەسەڵاتی قانون دانان.

لایحە: پرۆژە، گەڵاڵە.

مەجلیسی مەبعوسان، مەجلیسی نواب، مەجلیسی نیابی، مەجلیسی ئوممەت، مەجلیسی میللی: لە باتی ئەنجومەنی گەل.

مەنتیقەی ئینتیخاب: ناوچەی هەڵبژاردن.

مەبعوس: مەندوب.

موەسیل: نوێنەر.
موزاکەرە، موزاکەرات، موناقەشە: گفتوگۆ. وتووێژ.
مونەتەخیب، مونەتەخیبی ئەوەل، مونەتەخیبی سانی: هەڵبژێرەر، هەڵبژێرەری یەکەم، هەڵبژێرەری دوەم.
مەشروتیەت: دەستوری.
موقەرەرات: بڕیار.
مەزبەتە: مەزبەتە.
معامەلەی تەحلیفیە: سوێندان.
نائیب: نوێنەر.
نەتیجەی ئینتیخاب: ئەنجامی هەڵبژاردن.
نەزارەت: چاودێری.
نوتقی ئیفتیتاحی: وتاری کردنەوەی ئەنجومەن.
وەکیل: نوێنەر.
هەیئەتی تەفتیشیە: دەستەی پشکنین. هەیئەتی موختاریە.

هەندێ وشەی فارسی، وەکو:
نامزەد: پاڵاوتن.
گوشاد: کردنەوە.
هەندێ وشەی ئەوروپایی بە تورکی کراوی وەکو:
قابینە. پارلەمێنتۆ. پارتی. پرۆغرام.

3. بابەتی پێوەندیدار بە کاروباری کوردەوە

3. 1. ئیمزا کردنی پەیماننامەی عیراقی- بریتانی

"تەسدیقی موعاهەدەی تازە

"بینا لە تەلغرافێکی رەسمی کە بە تەلغرافی بێتەل بۆ جەنابی موتەسەرێف هاتوە مەجلیسی مەبعوسان موعاهەدەی تازەی بریتانیا و عیراقی بۆ 25 ساڵ قبوڵ کردوە." (ژیان، ژ 1، 21 ی کانونی سانی 926)

ژیان لە ژ 4 ی‌دا دەقی پەیماننامەکەی بڵاو کردۆتەوە. تەسدیق کردن و تەعدیل کردنی مادەکانی پەیماننامەی عیراقی- بریتانی. بوبو بە یەکێ لە کێشە سەرەکیەکانی هەمو وەزارەت و مەجلیسەکان و. بەردەوام ئەم کێشەیە هەڵی ئەدایەوە.

ئەم پەیمانە کە پێوەندی هەمەلایەنەی نێوان عیراق و بریتانیای ڕێک ئەخست و. هەرچەندساڵێ جارێ (تەعدیل) ی تێ‌دا ئەکرا. ئەبو باسی دابینکردنی پاشەڕۆژی سیاسی کوردیشی تێ‌دا بێ. مەبعوسەکانی کورد، ئەگەرچی دەنگیان بۆ پەسندکردنی داوە، بەڵام لە بارەی ناو نە هێنانی مافی کوردەوە بێ دەنگ بون. هەر ئەم مەسەلەیەش بو کە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی دەورەی سێیەمی ئینتیخابی مەجلیس‌دا لە 6 ی ئەیلولی 1930 دا لە سلێمانی تەقیەوە و. بو بە هۆی ڕوداوەکانی شەشی ڕەشی ئەیلول.

3. 2. ئیمزاکردنی پەیماننامەی تورکی- بریتانی- عیراقی

یەکێکی تر لە کارەکانی مەجلیس. تەسدیقی ڕێکەوتننامەی تورکی- بریتانی – عیراقی بـوە "سـورەتی موتەرجەمەی تەلغرافی بێتەل ژمارە 8058 و رۆژی 14 ی حوزەیرانی 1926 ی وەزارەتی جەلیلـەی داخلیـە بۆ موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی:

"مەجلیسی مەبعوسان ئەم بەیانیە موعاهەدەی تورکی تەسدیق کرد. نوقاتی ئەساسیە عیبارەتە لـەوە کـە حکومەتی تورکیا ئیعتیرافی بە ئیستیقلالیەتی عیراق کرد و. ولایەتی موسڵ کە موافیقی خەتی بروکسل تـەعین کراوە بە جوزئێکی موتەمیمی عیراقی ناسیوە. نوسخەی موعاهەدەکە بە پۆستەدا نێرراوە. ئەم نوقتە مەسـعودە کە لەمەدا تەئسیسی موناسەباتی دۆستانە لە گەڵ حکومەتێکی دراوسێمانا کراوە و کە بە واسـیتەی ئـەوەوە تاجی زەفەر لە سەر جەهد و تەشەبوساتی ئێمە دانراوە. لازمە حەفلەی بۆ ئیجرا بکرێـت." (ژیـان. ژ 21. 17 ی حوزەیرانی 926)

لە ژ 22 و 23 دا تێکستی ڕێکەوتننامەکەی بڵاو کردۆتەوە.

زۆری دادەکانی ئەم ڕێککەوتنە پێوەندییان بە سەرکوتکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردەوە هەبوە لە هەردو دیوی سنوردا. مەبعوسەکانی کورد لە مەجلیسدا. نەک هیچ قسەیەکیان لە سەر نەکردوە. بەڵکو هەمویان دەنگیان بۆ پەسند کردنی داوە. ئەگەرچی ژیان هـیچ لێـدوانێکی تایبـەتی خـۆی نەنوسـیوە. بـەڵام وتـارێکی تەرجومە کراوی بڵاو کردۆتەوە مەبەستی ڕاستەقینەی ڕێککەوتنەکەی ڕون کردۆتەوە.

3. 3. خوێندن بە زمانی کوردی

داود حەیدەری لە کاتی گفتوگۆکانی ناو مەجلیسدا. دژی کردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە لیواکـانی سەروی عیراقدا دواوە. م. ا (محەمەد نەجیب) لە ژێر سـەردێڕی (بـۆ مەبعوسـێکی حـەق لـە ژێـر پـێ نـەر) دا بەرپەرچی داوەتەوە و. داکۆکی کردوە لە مافی فێرکردن بە زمانی کوردی و نوسیوێتی:

"لە ژمارە 2149 ی غەزەتەی العراق دا دیمان کە مەجلیسی نیابی لە ئەسـنای موزاکـەرە و موناقەشـەی میزانیەی مەعاریف دا نوابی موحتەرەمەی کەرکوک و ئەربیل. جەنابان: نەشئەت ئیبراهیم و یوسـف ئیبـراهیم و ئیسماعیل بەگی رەواندزی. ناتەواوی مەعاریفی ئەلویەی شیمالیە و عەدەم عینایەتی حکومەتیان تەنقیـد و. لـە ئەلویەی مەزکوردا بە کوردی تەعمیمی تەدریساتیان داوا کردوە. لە گەڵ ئەمانەیش دا کردنـەوەی مەکتـەبێکی سانەوی لە ئەربیل و ئیکمالی سانەوی کەرکوکیان تەلەب و بەیان کردوە و. جەنابی ئەمین زەکی بەگ تەئیـدی فەرموە.

"موقابیل بەم ئیدیعا حەقانە یەکێ لە رەفیقەکانیان جەنابی داود حەیدەری بەگ. کە ئەویش بۆ تـەئمینی مەنافیع و مەقاسیدی مەشروعەی میلەت رەوانەکراوی ئەربیلە وتویەتی: (لە ئیدیعای لزومی تەدریسات بە زبـانی کوردی موخالیفی رەفیقەکانمم و. لە سەر موسامەحە کردنی تەدریسات بە زبانی کـوردی. مـەعاریف بـە هـەمو هێزی خۆم تەنقید ئەکەم. لە ئەلویەی سەرودا مەعاریف زۆر ناتەواوە. قوتابیەکانی ئەو داوە نـە بـە کـوردی و عەرەبی و نە بە تورکی ئەتوانن قسە بکەن) لە بـەر ئەمـەی ئـەم قسـانە لـە زبـانی مەبعوسـێکی کـوردەوە لـە مەجلیسی میلەت دا بەیان کراوە و بۆ عالەمی کوردایەتی تەجاوزێکە. مـەجبور بـوین کـە بڵێـین ئـەم بەیاناتـە لیسان حالی هیچ فەردێکی میلەت نیە. ئیلا جەنابی مەبعوس خۆی نەبێ.

"ئەوەڵەن. سەرفی ئەزەر لەمەی کە کوردی حەقی مەشروع و لیسانی میللیمانە و. لە نەتیجەی فەلاکـەت و مسیبەتی گەورە گەورەدا نائیلی بوین و. بە قەراری لایەتەزەلزەلی جەمعیەتێکی وەکو عیسـبەتول ئومـەم پێمـان بەخشراوە. ئەمرۆ هەمو میلەتێ موقەدیمەی خوێندن و تەحسیلیان بە لیسانی دادەرزادی خۆیـان دائەمـەزرێنن.

حەتا بۆ تەئمینی ئەم مەقسەدە حکومەتی مەتبوعەی عائلەی عیراقیش لە کەرکوک دا بە تورکی موساعەدەی تەدریساتی لوتف کردوە. زیرا لە لایەنی هەمو ئەسحابی عەقلی سەلیم و شارەزایانی ئوسولی فەنی تەعلیم و تەدریس موسەدەقە، کە تەحسیلی ئیبتیدائی بە لیسانی میللی ئەو تەلەبانە بکرێ چاکتر و شایانی ئیستیفادەترە. لەمەی کە بە زبانی بێگانە بکرێ.

"سانیەن. لە ئەلویەی شیمالیەدا، لە سەر بە کوردی تەدریسات، موجیبی تەنقید مەعاریف نیە. لە پێش هەمو شتێک دا دانیشتوانی ئەلویەی شیمالیە بە ئەکسەریەت کوردە و، ئەمەیش لە دوای تەدقیقات و وردبونەوەیەکی ئاشکرایی‌دا غەیر قابیلی ئینکار سابیت بوە. لە بەر ئەمە شایانی تەنقید مەعاریف نیە بە کورد خولقاو بونمانە و، ئەو کەسەیە کە ئەم حەقەی پێ بەخشین.

"سالیسەن. قوتابیەکانمان زۆر چاک ئەتوانن بە کوردی قسە بکەن. ئەگەر ئەیکەن ئەبێ چۆن کوردێک بن؟ وە لە بەر ئەمەی یەکێ لە مەوادی پرۆغرامی تەدریسات زبانی عەرەبیە هیچ شوبهەی نیە عەرەبی‌یش ئەزانن. بینائەن عەلەیهی جەنابی داود حەیدەری بەگ هەروەکو موخالیفی رەفیقەکانی بو، بەیانەتەکەیشی خیلافی حەقیقەت و واقیع بو.

"جەدەن جای تەئەسوفە مەبعوسێک کە بۆ تەئمین و ئامال و مەقاسیدی کۆمەڵێک رەوانە کرابێ و لەو مەوقیعەدا حەقی تەکەلومی بە سایەی ئەوانەوە دەست کەوتبێ، کەچی بیلعەکس زەربە لە بناغەی ئەمەلی میلەت بدا و بیەوێ بیروخێنێ و، لە حەقێک کە بە هەزار کوێرەوەری و فەلاکەت دەسترەسی بوین، مەحرومان بکات. ئەگەر لە مەجلیس دا مەقسەد لە موعارەزە و موناقەشە، جەلبی زەرەر و روخانـدنی ئەساساتی میلیـەی خۆمـان بێ، وەکو مەبعوسەکانی ئێمە ئیختیاری سکوت و ئیعلانی بێ تەرەفی کردن، بە لامەوە گەلێ چاکتر و موسیبترە." (ژیان، ژ 68، 31 ی مایسی 1927).

لە ژمارەی دواتری‌دا دیسان ژیان هاتۆتەوە سەر باسی ئەم مەسەلەیە و نوسیویەتی: "تائیر بە قسەکانی داود حەیدەری بەگ

"موقابیل بە قسەکانی مەبعوسی هەولێر جەنابی داود حەیدەری بەگ کە لە مەجلیسی نواب لە موناقەشەی میزانیەی مەعاریف دا لە عەلەیهی تەعلیمی کوردی دەرمیانی کرد بو ژیان وەزیفەی مەودوعەی خۆی بە جێ هێنا. لە گەڵ ئەمەیش دا سورەتی تەلغرافێ کە بە ئیمزای چەند زاتێک لە رەواندزەوە بۆمان هاتوە و لە ئەساس دا یەکسەر بۆ موما ئیلەیهی داود حەیدەری بەگ لێ دراوە، لە پاش خستنە سەر کوردی تەلغرافی مەزکور بە کەمالی ئیفتیخارەوە دەرج و ئەشر ئەکەین:

"لە مەجلیسی نواب دا بۆ داود حەیدەری

"لە ئەسنای موزاکەرەی میزانیەی مەعاریف دا لە عەلەیهی تەعلیمی کوردی موناقەشەکەتان لە غەزەتەدا خوێندرایەوە، حیرەتمان کرد، ئێوە کە ئاگاداری ئیحتیاجاتی مەملەکەت و ئارەزوی میلەت نین، رجا ئەکەین بەم ئەوعە جەسارەت مەنوێنن.

رەئیسی بەلەدیە، محەمەد عەلی. رەئیسی دەرگەلە، محەمەد ئەمین. رەئیسی باڵەک، شێخ محەمەد. ئەعزای ئیدارە، مستەفا محەمەد سالح ئەفەندی. رەئیسی زراری، ئەسعەد." (ژیان، ژ 69، 7 ی حوزەیرانی 1927)

داود حەیدەری کوری ئیبراهیم حەیدەری بوە، لە ئەستەموڵ حقوقی خوێند بو. لە وەزارەتەکەی تۆفیق سویدی دا (1929) بو بە وەزیری داد.

3. 4. تەجنیدی ئیجباری

دوای تەواوبونی جەنگ، گەلی بریتانی داوای گێڕانەوەی کورەکانی و داوای کەمکردنەوەی باری گرانی باجی سەردەمی جەنگی ئەکرد. مەسرەفی هێزەکانی بریتانیا لە عیراق دا کە لە پارەی باجدەری بریتانی ئەدرا، بەمجۆرە بو:

1920- 1921	32.000.000 لیرەی ئیستەرلینی
1921- 1922	23.355.950 لیرەی ئیستەرلینی
1922- 1923	7.807.384 لیرەی ئیستەرلینی
1923- 1924	5.740.358 لیرەی ئیستەرلینی
1924- 1925	4.479.754 لیرەی ئیستەرلینی
1925- 1926	4.118.400 لیرەی ئیستەرلینی

بڕوانە: (عبدالله فهد النفیسي: دور الشیعة في تطور العراق السیاسي الحدیث، دار النهار للنشر، بیروت، 1973، ص 172)

یەکێ لەو مەسەلانەی لە کۆنفرەنسی قاهیرەدا باس کرا، کەمکردنەوەی خەرجی بریتانیا بو لە عیراق. بۆ ئەوەی خەرجی کەم بکاتەوە ئەبو هێزەکانی کەم بکاتەوە. بۆ ئەوە یش هێزەکانی کەم بکاتەوە، بێ ئەوەی ناوچەکەی لە دەس دەربچێ، ئەبو هێزێکی خۆجێیی لە باتی یان پێک بهێنێ. لە کۆنفرەنسی قاهیرەدا کە جەعفەر عەسکەری وەزیری جەنگی حکومەتی تازە دامەزراوی عیراق ئامادەی بو، بڕیار درا جەیشی عیراقی دروست بکرێ بۆ ئەوەی جێگەی هێزەکانی بریتانیا بگرێتەوە بۆ پاراستنی عیراق، بە تایبەتی بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی.

نەتەوەپەرستەکانی عەرەب ئەم هەواڵەیان بە خۆشیەکی بێ ئەندازەوە وەرگرت و، دوای گەڕانەوەی جەعفەر عەسکەری لە قاهیرە بۆ بەغداد، کەوتنە دانانی ڕێوشوێنی دامەزراندنی جەیشی عیراقی. ژمارەیەک لە ئەفسەرانی دەرچوی ئاکادیمیە جەنگیەکانی تورکیایان کۆکردەوە. لە ناو ئەوانەدا چەند ئەفسەرێکی کوردیشیان تێدا بو. یەکەم یەکەی جەنگیان بە ناوی (فەوجی ئیمام موسای کازم) هوە دروست کرد و، یەکەم (عەمەلیاتی عەسکەری) یشیان پەلاماردانی سلێمانی بو.

هەر لە سەرەتاوە مشتومڕ، دەربارەی جۆری دروستکردنی جەیشی عیراقی، لە نێوان دو بۆچونی جیاوازدا دەستی پێ کرد. بۆچونێکیان کە بیری نەتەوەپەرستەکانی عەرەبی ئەنواندەوە داوای دروستکردنی جەیشیان ئەکرد لە سەر بنچینەی (تەجنیدی ئیجباری) و، بۆچونێکی تر کە بە زۆری بیری سەرانی خێڵەکانی ئەنواندەوە دژی تەجنیدی ئیجباری و لایەنگری پێکهێنانی جەیش بون لە سەر بنچینەی (تەتەوع). کاربەدەستانی بریتانی پشتیوانییان لە بۆچونی دوەم ئەکرد. ئەم کێشەیە چوە ناو مەجلیسەوە. زۆر جار پرۆژەی قانونەکەی ئەهێنرایە مەجلیسەوە یان دوا ئەخرا، یان دەنگی تەواوی وەرنەئەگرت. تا سەرەنجام تەجنیدی ئیجباری لە عیراقدا بو بە قانون.

مەبعوسەکانی کورد، هەمیشە دەنگیان بۆ ئەو بۆچونانە داوە کە ئینگلیزی لە پشت بوە، لە بەر ئەوە لەو قۆناغەدا، چ بە دەنگدان لە مەجلیسدا و چ بە نوسین لە رۆژنامەدا، دژی تەجنیدی ئیجباری راوەستاون. (ژیان) یش داکۆکی لە هەمان هەڵوێست کردوە. لە سەروتارێکیدا بە ناونیشانی (تەجنیدی ئیجباری و مەندوبی هەولێر) نوسیویتی:

"لەم چەندانەدا لە رۆژنامەی (بەغداد تایمس) دا مەقالەیەک لە خسوس تەجنیدی ئیجبارییەوە بە ئیمزای مەبعوسێکی موقتەدیری کورد نوسرا بو خوێندمانەوە و، لە عەینی زەمانا بەعزێ رەدیەی پڕ هەیەجانی غەزەتەی العراق و العالم العربییشمان دی.

"لەبەر ئەوە مەسئەلەی تەجنیدی ئیجباری عادەتەن قەزیەیەکی حەیاتییە بۆ عەناسیری موتەحیدەی عیراق وبیلخاسە لەم وەقتەدا کە لەم خسوسەوە لە لەنەن مفاوەزە جەرەیان ئەکات. بە لازممان زانی ئێمەیش لەم جیهەتەوە فکری خۆمان بەیان بکەین. موحەڕیری العراق لە ڕییەکەیدا ئەڵێ مەبعوسێک ناتوانێ فکرێکی زاتی خۆی بە غایەیەکی میلی نیشان بدا. فەقەت موحەڕیر ئەگەر ئەختێ زیاتر مەعنای کەلیمەی (نائیب و مومەسیل) ی لێک بدایەوە، تێ ئەگەیشت کە هەر قسەیەک لە دەمی مەندوبێک بێتە دەرەوە عەکسی سەدای خیتابی 20 هەزار شەخسە کە موقەدەرات و موقەدەراتی حاڵ و ئیستیقبالی خۆیانیان تەسلیم کردوە. جێدەی شایانی ئیستیفرابە کە مەبعوسێک بتوانێ بە ناوی وەکالەتی میلیەوە لە مەجلیسا ڕەفز وە یا تەسدیقی هەمو ئەوعە قەوانین و نیزاماتێ بکا، فەقەت ئەتوانێ فکرێکی خۆی کە خۆلاسەی ئەفکاری عومیەی موەکیلەکانێتی، بە غەزەتە ئەشری بکا.

"لە حالێکا مەبعوسێک لە مەسئەلەیەکی وا موهیم دا سەلاحیەتداری بەیانی ڕەئی میلەتەکەی ئەبێ، عەجەبا غەزەتەیەک بۆ ئەشری ئەفکاری زاتی خۆی چ سەلاحیەتێک ئەبینێ و، عەکسی ئەم فکری مەندوبەی لە چیەوە دەرک کرد و حوکمی پێ ئەکات. ساحیبی ئەم ڕەدیەیانە لازمە بزانێ کە مەبعوسێک شارەزا و تێگەیشتو و زینفوزی وەک ڕەواندزی تاکو بە تەواوی مەزەرەت وە یا مەنفەعەتی تەتبیقی تەجنیدی ئیجباری محاکەمە و لەم خسوسەوە ئەفکار و ئارا و قابیلیەتی میلەتەکەی خۆی تەحلیل نەکردبێ سەربەخۆ قسەی وا ناکات. وەک لە سەرەوە وتمان فکری ڕەواندزی خۆلاسەی فکری ئارای عومیەی میلەتی کوردە.

"وە ئەم فکر و قەراری میلەتی کوردە و ئەم نائیبەمان هەر بۆ ئەمە نیە کە بێ لێکدانەوە فکرێک وە یا ڕێگایەکی موخالفەت بگرێ و زیایەتیەک تەعقیب بکات. بەڵکو ئەزانێ کە لە تەتبیقی ئەمەدا وەکو مەنفەعەتێکی نابێ، بیلعەکس زەرەرێکی زۆری ئەبێ بۆ میلەت و وەتەنەکە.

"ئەگەر بە تەواوی ئەم مەسەلەیە محاکەمە بکەین وابزانم کەس نیە حاڵی حازر تەتبیقی ئەم قانونە موهیمە بە چاک بزانێ. چونکە تەبیعی واسیتەی تەتبیقی تەجنیدی ئیجباری بۆ ئەوەیە کە میلەتەکە فێری خەدەمات و وەزائیفی عەسکەریە بکات. کە لە حالێکی تەعەڕوز و هجوما وەتەنەکەی لە ئیستیلای ئەجانیب و دوشمن محافەزە بکات و بپارێزێ. فەقەت محافەزەی وەتەن بە خۆشەویستنەوە ئەبێ. وەتەن خۆشەویستنیش بە نیسبەت میلەتەکەوە لە گەڵ عەقل و عیلما مەبسوتەن موتەناسیبە.

"میلەتێک هەتا عەقل و سەویەی بە دەرەجەیەک ئەگەیشتبێ کە پێی بیێژرێ تەکامولی کردوە ئەم فکرە عالیەی نابێ.

"هەرچەند ناتوانم بڵێم میلەتی عیراق هەموی جاهیل و ئەم فکرە عالیەی نیە، فەقەت ئەتوانم بڵێم بە ئەکسەریەت و حەتا قیسمێکی زۆری هێشتا کۆچەرە، بۆنی مەدەنیەتی ئەکردوە، عادەتەن لە وەزعیەتی دنیا بێ خەبەرە و هێشتا چونکە هیچ مەکتەبێکی ئەدیوە لە عیلم و مەعریفەت بێ بەهرە ماوەتەوە، حاسلی وەحشیە. لە بەر ئەمە لەمانە هیچ ئومێد ناکرێ کە ئەم فکرە عالیەیان هەبێ و وەتەنەکەیان خۆش بوێ."عەجەبا هیچ ئومێد ئەکرێ کە معێدیەک وە یا شارەزوریەک بۆ محافەزەی وەتەنەکەی ڕۆحی فیدا بکات و موقابیل بە گوللە و بۆمبا ڕابوەستێ؟

"لە بەر ئەوە هەتا ئەم عەشائیرانەمان و جاهیلەکانمان لە ئوری مەعاریف بەهرەمەند ئەبێ و حسی عالی محافەزەی وەتەن پەیدا ئەکەن و بە واجیبی ئەزانن و تەعەڕوزی وەتەنەکەیان بە تەعەڕوزی ناموسیان ئەزانن، باش نیە ئەم قانونە تەتبیق بکرێ و ئەم فکرە بهێنرێتە حەیزی فیعلەوە. چونکە وەکو وتمان غەیری ئەمە ئیستیفادەی لێ ناکرێ و ئەبێ بە واسیتەی ڕەنجیدەی دڵی ئەم ئەوعە ئینسانانەمان و ئەشبێ بە سەبەبی

ئیختیلافاتی ئەهالی. ئێستا بۆ ئێمە لازمە لە پێش ئەمەدا سەعی بکەین کە تەدریجەن بە قەدەر قوەت و ئیقتیداری حکومەتەکەمان عومومی میلەتەکەمان ئینتیسابی مەعاریف بکات. جاهیلی نەمێنێتەوە. غەیری ئەمەیش هەوڵ بدەین بۆ ئیکمالی ئەو هەمو نەواقیسانەمان کە لە ئیقتیسادیات. تیجارەت. زەراعەت و مەعاریف.. دا هەمانە.

"ئەوساکە میلەتەکەمان پێش کەوت و حسی محافەزەی وەتەنی پەیدا کرد و تەعەشوقی بە وەتەنەکەیەوە کرد تەتبیقی ئەم قانونە لازمە و بەڵکە واجبیە.

"حەتا ئەمەیش دەلیلە حکومەتی ئێرانی دراوسێمان کە هەمو ئەیزانین حکومەتێکی چەند کۆنە و بە تەواوی موستەقیلە فەقەت چونکە هێشتا میلەتەکەی ئەکسەریەتی جاهیلە لە دوای ئەوەیش کە قانونی موکەلەفیەتی عەسکەریەی لە مەجلیسی مەبعوسانیا تەسدیق کرا هێشتا ناتوانێ تەتبیقی بکات.

"کەواتە لە جیاتی تەجنیدی ئیجباری ئەگەر تەتبیقی قانونی تەدریساتی ئیجباری. هیچ نەبێ قیسمی ئیبتیدائی بکرێ باشترە و نەفعی زیاتر ئەبینن." (ژیان. ژ 92. 29 ی تشرینی سانی 927).

دەربارەی پێکهێنانی جەیشی عیراقی و مشتومڕی تەجنیدی ئیجباری بڕوانە:

الدكتورة رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي من 1921–1941. ط 2. بغداد. 1982.

جارێکی تریش ئەم کێشەیە هاتۆتەوە کایە (ژ128).

3. 5. وەزارەتی تازە کوردی تێدا نیە

وەزارەتەکەی سەعدون. هیچ وەزیرێکی کوردی تێدا نەبوە. ژیان لە سەر ئەوە بە دەنگ هاتوە. لە ژێر سەردێڕی (وەزارەتی تازە) دا نوسیویتی:

"ئەمساڵ بە نەزەری تاریخی سیاسی عیراقەوە ساڵێکی موستەسنا و موهیم بو. لە لایەکەوە ئەعزای وەزارەتی سابیقە بە کەمالی گەرمی و جدیەت خەریکی مفاوەزە بون لە لەندەن. لەم لایشەوە بە عەینی گەرمی و حەرارەت ڕۆحی موعارەزە لە زیاد بونا بو. لە سەرێکەوە فەعالیەت و موجاهەداتی وەفدی عیراقی تەقدیر نەکرا. لە تەرەفێکی کەوە بە شیدەت تەنقید و موناخەزە ئەکرا. خولاسە لەم بوحرانەدا ڕونەسای سیاسەت ڕێگای خۆیان ون کرد. سیاسەتی داخلیەیان کامیلەن وە یا تەقریبەن لە بیر چوەوە. نیهایەت لە هەوایەکی وا پڕ فەرتەنەدا قابینەی تازە تەشەکولی کرد.

"ئەمینم هەروەکو من. هەمو فەردێکی کورد. کە خەبەری زانی جەنابی فەخامەتمەئاب حەزرەتی عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون تەشکیلی وەزارەت ئەکات. زۆر کەیفخۆش بو. چونکە ئەوەڵ داخلکەری وەزیری کورد بە قابینەی عیراق حەزرەتی عەبدولموحسین بەگ بو. لە بەر ئەوە ئێمە لە هەمو خسوسێک و حقوقێکەوە ئەمەلی گەورەمان بەو زاتە موحتەرەمە هەیە. غەیری ئەمەیش هەمو کەس ئەیزانێ کە فەخامەتی لە هەمو کەسێ زیاتر لە سەرامەدانی ئەشرافی عیراقە و ئەنجەبی نوجەبای میلەتی نەجیبەی عەرەبە. تەبیعی زاتێکی وا نەجیب و داهی. هەمو وەقتێک کەرەم و سەخای ئەبێ و. حەقیقەتەن جوزئی تەئمولێک لە لیستەی وەزارەتی تازە بکرێ. مەعلوم ئەبێ کە ئەقەلیاتی عیراق هەر یەکە لە صورەتی شەخسێ وە یا دو شەخسا تەجەسومی کردوە و بە کەمالی هەیبەت و ویقار لە سەر کورسی وەزارەت دانیشتوە. کەچی قەومی بەدبەختی کورد بە نەزەر ئەم ئەقەلیاتەوە ئەکسەریەتێکی عەزیمە تەشکیل ئەکەن و. ئەگەر موافیقی عەدل و مساوات و بە پێی نفوسی مەوجودەی حەرەکەت بکرایە. حەقی ئیشغالی 3 کورسیان ئەبو. مەعەلئەسەف سەماحەتی بەخشینی کورسیەکیشمان لە گەڵ نەکرا.

"ئێمە قەومی کورد، هیچ وەقتێـک نەمانویسـتوە و نامانـەوێ حەرەکـەتێک کـە زەرەە بـۆنی تەفرەقـە و (جیایەتی) تیا بێ بیکەین. فەقەت ئەبینین ئێمە موقابیل بە خلوس و ئیعتیمادمان لە تەنها کورسـیەکی وەزارەت مەحروم ئەبین.

" لە گەڵ ئەمەیش دا کە ئەم مەحرومیەتە و ئەم تـەجاوزی حەقـە، بـە ئینتیـزار و عەدالەتـەوە موقابەلـە ئەکەین، کەچی یەکێ لە غەزەتەکانی بەغداد بە سورەتی ئیسـتیهزا ئەنوسـێ کـە کورسـیەکی وەزارەت بـۆ بـرا کوردەکانمان هەڵگیراوە فەقەت فەخامەتی عەبدولموحسین بەگ تەشەئومی لە ئایەتی (تسعة رهط یفسدون فـي الارض) کردوە و نایەوێ وەزارەتی نۆیەم بدا بە کەس وە یا بە تەعبیرە ئەسـەحەکەی بیـدا بـە کـورد. نـەکو ئیفسادی ئەرزی عیراق بکەن.

"سوبحانەڵا! ئەوەلەن، زاتێکی نەجیب و قەدردان و تێگەیشتوی وەکو فەخامـەتی موحسـین بـەگ هـیچ وەقتێک فکرێکی وای نەکردوە و نایکات. سانیەن، تیفلی مەشروتیەتی عیراق هـەتا ئێسـتا 5 بـاوک و یـا 5 وەزارەتی دی. لەمانە تەنها دوانی ئەخیر کورسیەکی کوردی تێدا بو. نازانم کام یەک لەم پێنجە بە سـەمیمیەت و جدیـەتێکی وەتەنپەروەرانـە بـۆ مـەنافیعی موڵـک و میلـەت تـێ هـەڵچون و چ خدمـەتێکی موهیمیـان بـۆ ئوممەتەکەیان و، چ ئەسەرێکی تەرەقی سیاسی، ئیجتیماعی، ئیقتیسادی‌یان پیشان دا و موفسیدی ئۆهـەم لـێ تێک دان؟ یاخود ئەبێ ڕەشیی شەخسێک بەرامبەر بە ڕەشیی و ناقدومی هەشت کەس چ تەئسیرێکی بـێ کـە ئیفسادی ئەرزی عیراق بکات؟

"ئێمە بە ناوی سەلامەتی وەتەنەوە ئارەزومان وابو کـە هـەمو عەناسـیری موختەلیفـەی عیـراق دەسـت بدەنە یەک و موتەفیق بن و ڕێگای نەشر و دەرکەوتنی بەعزێ قسە و نوسین نـەدرێ، کـە ببـێ بـە سـەبەبی تەفرەقە و برودەتی بەینی کورد و عەرەب.

"وە دیسان بە نـاوی عـەدل و مسـاواتەوە ئارەزومـان نـەکرد کـە ڕەئـیس وزەرای تـازە لـە تەشـکیلی قابینەکەیدا قەومی کورد بە ئەکسەریەتی موهیمەیەوە لە بیر ئەچوایەوە و بە سەخا و کەرەمێکی سـەعدونیەوە ئەویش وەکو ئەقەلیاتەکانی تر نائیلی دو وە یا کورسیەک بکردایە." (ژیان، ژ 102. 16ی شوباتی 1928)

4. هەڵسەنگاندنی کاری مەبعوسەکانی کورد

"بە موناسەبەتی حلولی ئیجتیماعی میلیەوە بۆ مەندوبە موحتەرەمەکانمان

"نائیب و واجیباتی

"ئوصولی نیابەت ئوصولێکی دیمۆقراسیە. ئەمڕۆ دەرەجەی ئەهمیەت و لزومی وەک (موتاعەرەفە) یـەکی لێ هاتوە و لێدوانی زائیدە. ئەساسی مەوزوعی ئێمە تەدقیق و تەحقیقی ئەم ئوصولی موهیمـەی حەیاتیـە نیـە، چونکە تەقریبەن لە ئەواخیری عەسری هەژدەمەوە هەتا ئێستا، عولەما، تێگەیشتوانی غەرب و شـەرق خـەریکی تەشریحی ئەم مەسئەلەیەن. باوەڕ ناکەم کەس مابێ ئینکاری چاکی ئەم ئوصولی ئیدارەی حکومەتە بکات.

"ئەوی ئێمە کردومانە بە سەر لەوحەی مەقال: وەزیفە و واجیبـاتی وکـەلای ئومەتـە. لاعەلەلتـەعین هـەر ئوصولێک وەلەو حائیزی هەمو ئەوعە ئەوصافێکی نافیع بێ، بە شەرتێ حوسنی ئیدارە و ئیسـتیعمال نـەکرێ، فائیدەیەکی مەتلوبەی لێ ئستیحصال ناکرێ. بینائـەن عەلـەیهی ئـەم ئوصـولی نیابەتـەیش ئەگـەر لـە تـەرەف ساحیب لیاقەت و ئیقتیدارەوە تەتبیق نەکرێ، لە جێگەی نەفع زەرەر ئەبەخشێ.

"لە پاش ئەم موقەدیمەیە بێینەوە سەر ڕۆحی مەسئەلە. ئێوە ئەی حەزەراتی وەکیلانی ئومـەتی بێچـارەی کورد، ئەم خیتابەمان لە گەڵ ئێوەیە. ئەبێ بزانن کە هەمو قەوانین و ئیزاماتی حکومەت تـا ئێـوە تەسـدیقی نەکەن ناکرێ، وە لەم خسوسەوە مەسئول، ئەم مەجلیسەی ئێوەیە. ئەم مەجلیسە بـە جـارێ تەمسـیلی میلـەتی

عیراق و فەردەن فەردەن هەر ئەعزایەکیشی تەمسیلی میلەتەکەی خۆی ئەکات. کولی مەندوبێک لـە تـەرەف 25 هەزار کەسەوە تەوکیل کراوە وحقوقی ئەم 25 هەزار کەسە تەوبیعی ئۆبالّی ئەو کراوە. ئەو کورسیەی کـە لـە مەجلیسا ئیشغالی ئەکەن شەرەفێکی 25 هەزار کەسی هەیە و ئەبێ بزانن کە دائیمەن هەر یەکێک لە ئێوە 50 هەزار چاو چاوەروانی خزمەت و فەعالیەتی لێ ئەکات.

"ئەمە 3 دەورەی ئیجتیماعیەی موهیمی نیابیەتان تێ پەڕان کەچی هێشتا میلـەت لـە ئێـوە بـە تـەواوی سەعیەک و فەعالیەتێکی ئەدی. تەبیعی لە حەزەراتی ئێوە بەعزێکتان چاوتان پێ کەوتوە وە یا بیسـتوتانە کـە ئەلویەکانی جنوب ئەمڕۆ لە خسوس هەمو شتێکەوە تەکامولی کردوە هەمو مالەزەمەیەکی بـۆ ئیحـزار و هـەمو ئیحتیاجاتێکی دەفع کراوە. تەبیعی لیوائەکانی خۆیشتان دیوە. لازمە موقایەسەی بکەن. عەجەبا ئەسـبابی ئـەم هـەمو نوقسـانیەتە و دواکەوتنـەمان نـازانن. تـەبیعی ئـەیزانن کـە مەندوبـەکانی ئـەوان لـە داخلـی حـدود و سەلاحیەتی خۆیانا هەمو نەوعە تەشەبوساتێکیان کردوە. واجیباتی مەودوعەی خۆیـان بـە جـێ هێنـاوە و بـۆ میلەتەکەیان تێ کۆشاون. هەتا بەم نەوعە میلەتەکەیان مەمنون و خۆشیان لای ئەوان خۆشەویست کردوە.

"ئەبینن کە ئەکسەر لە نوابەکانی جنوب بۆ فەحس و تەدقیقی ئیحتیاجاتی ئیقتیسادی، عیلمـی، سـیحی ئەسوڕێنەوە و حەتا خاریجی مەنتیقەی ئینتیخابیەیان ئەگەڕێن، لە زەرورەت و لەوازیماتی میلەت تێ ئەگەن، بۆ پێکهێنانی ئەمانە ئیرشاد و تەوصیەی حکومەت ئەکەن و، بەو نەوعە واجیباتی موقەدەسەی خۆیان ئیفا ئەکەن. کەچی هێشتا زۆر لە ئێوە ئەمەندە مەراقی ئەکردوە کە لە داخلی مەنتیقەی ئینتیخابیەکەی خۆیا گەشـتوگوزارێ بکات، ئیحتیاجاتی زەرورەتی میلەتەکە تەدقیق و بۆ ئیکمالی ئەواقیسی تەشەبوسێک بکات.

"وەقتێ بێ لێکدانەوە کە دەستی تەسویتیان بۆ قانونی (رەسمی فەواکیهە و ئەسـمار) هـەڵبڕی ئەبوایـە بتانزانیایە کە فەرمانی ئیفلاسی و مەحوبونەوەی میلەتێک ئیمزا ئەکەن.

"لازم ئەکات حەزەراتی ئێوەش، عومومی مەندوبەکانی کورد: لە زەمانی عوتلـەدا گەشـتوگوزاری عمـومی ئەرازی لیوا، قەزا، ناحیە، حەتا ئێهاتەکانی مەنتیقەکەتان و مەنتیقەی یەکتری بفەرمون و، لە رۆحی ئیحتیاجاتی میلەتەکە تێ بگـەن و هـەموتان دائیمـەن موتـەفیق عـەینی وەکـو رۆحێکـی جیسـمێک حەرەکـەت بکـەن. ئـەم ئەواقیساتانە و ئیحتیاجاتی میلەتەکە ئەبینن ئیرشاد و تەوسـیەی حکومـەتی بکـەن و ئەگـەر وا بـەو نەوعـە ئیتیفاق و شارەزای مەناتیقی یەکتری بین ئەتوانن دائیمەن لە مەجلیسا کیتلە و پارتیـەکی مـوهیم و بـە قـوەت تەشکیل و ئیحتیاجاتی میلەتەکە بە ئەکسەریەت بە حکومـەتی ئیکمـال بکـەن. وە میلەتەکـە لـە زەرەر و زیـان محافەزە و ویقایە بفەرمون، ئەوسا میلەت بە کەمالی جدیەتەوە فەخرتان پێوە ئەکات و بە موقەدەستان ئەزانێ.

"ئیتر رجا ئەکەین کارێکی وا بکەن کە بۆ ئینتیخاباتێکی کە بە شەرەفەوە ئومێدی تەوکیل کردنتان لـە میلەتەکە بکەن. ئیتر ئینتیزاری فەعالیەت و مەسـاعی مەشـکورەتان ئەکـەین." (ژیـان، ژ 87، 25 ی تشـرینی ئەوەلی 1927).

پێ ئەچێ ئەم وتارە نائیبە کوردەکانی توڕە کردبێ بۆیە لە ژ 96 دا لە ژێر سەرناوی (تەلەبی عەفو) دا وتارێکی تری نوسیوە. وتارەکە گۆیا داوای لێ بوردن لە نائیبەکان ئەکا. بەڵام وەکو لـە نـاوەرۆکی وتارەکـەدا دەرئەکەوێ، تەنیا باسی ئەمین زەکی بە چاکە کردوە و داوای لێبوردنی بە تەنیا لـەو کـردوە. بـە چەشـنێکی ناراستەوخۆ رەخنە و گلەییەکانی خۆی لە نائیبەکانی تر دوبارە کردۆتەوە. نوسیویەتی:

"لە غەزەتەی ژمـارە 87 و 25 ی تشـرینی ئـەوەلی 927 دا بـە موناسـەبەتی کۆبونـەوەی مەجلیسـی مەبعوسانەوە لە خسوس نائیبە موحتەرەمەکانمانەوە مەقالەیەکمان نوسی بو، وەکو زانیومانە ئەم مەقالەیـە بـوە بە سەبەبی دڵگیری قیسمێک لە مەندوبەکانمان.

"ئێمە هەمو وەقتێک ئەم زاتانە موقەدەس و، عادەتەن چونکە وەکیلمانن بە گەورەی خۆمان و، بە موحتەرەم و عالی هەمو قەومەکەمانی ئەزانین.

"مەعلومی هەمو شەخسێکە ئەمڕۆ میلەتی کورد لە هەمو قەومێک باخسوس لە دراوسێکانمان زیاتر دواکەوتوە و ئەمڕۆش عەسری تەرەقی و هەوڵدان و پێشکەوتنە. میلەتێکی دواکەوتو تەبیعی نازی و ئەگەر هەروا بمێنێتەوە حەقی ژیان و حەتا نان خواردنی نابێ و بە بەشەر ناناسرێ. لە بەر ئەوە ئێمەش مەجبور بوین بۆ خاتری تەلافی مافات بکەین و هەر بەم نەوعە نەمێنینەوە وەکیلە موحتەرەمەکانمان تەشویق بکەین کە لە خەلقی کە زیاتر سەعی‌مان بۆ بفەرمون، کە خێراتر بۆ ساحەی مەدەنیەت هەنگاو بهاوین.

"ئێمە قەت ئینکاری سەعی و فیداکاری ئەم زاتانە ناکەین و مەندوب و وەزیرێکی وەکو مەعالی ئەمین زەکی بەگ کە عیلم و عیرفان و فەزیلەتی ئەمڕۆ فەوقی هەمو کەسێکە و بە ئومێدی خدمەتی وەتەن و میلەتەکەی لە دیارێکی دورەوە تەیی مەسافەی کرد لە حالێکی وا موهیم دا کە میلەت زۆر لزومی بە زات و شەخسی وا فەعال بو تەشریفی هێنایەوە و، لەوسایشەوە هەمو ئانێک بە هەمو قوەتیەوە بۆ تەرەقی و پێکهێنانی هەمو مالەزمەیەک و نوقسانیەتی میلەتەکە هەوڵ و تەقەلای دا و، ئەمڕۆکە هەمو ئەبینین زۆر نوقسانیەتی بۆ ئیکمال کردین. کە دائیمەن لە پێش چاوی میلەتە و لە فکر ناچێتەوە. عەجەبا چۆن ئەبێ لە عەلەیهی ببین. حاشا ئێمە قەت جەسارەتی وا ناکەین زاتی عالی و شەخسی وا موقەدەس دائیمەن تەقدیر و تەقدیس و ئیلەل ئەبەد تەمەنای موەفەقیەت و تەشەکوری خەدەماتی مەشکورەی ئەکەین.

"ئیستیرحام ئەکەین کە بە نەزەرێکی خراپ تەماشای مەقالەکە نەفەرمون، چونکە لە غەیری ئەوە کە زیاتر بۆ هەوڵدانی ئیکمالی نوقسانیەتی میلەتەکە ئەبێ تەشویقیان بکەین هیچی تر ناڵێین و، هیچ حەقێکمان نیە بیڵێین و، دائیما تەمەنای موەفەقیەتیان ئەکەین. هەر بژین."

2. ژیان و مەجلیسی نواب (دەورەی دوەم)

(19 ی ئاياری 1928 – 1 ی تەموزی 1930)

دەورەی ئینتیخابی‌ی دوەم

1. وتارەکانی ژیان

"قسەی حەق وەلەو رەقیش بێ نابێ کەس پێی ناخۆش بێ

"وەکو تەماشا ئەکەم و ئەبینم، لە سلێمانی و لە خاریج، زۆر کەس و ئەنواعی ئینسان خۆی حازر کردوە و تەشەبوسات ئەکەن بۆ ئەوە کە بین بە مەبعوس.

"ئەم زەواتانەش قیسمێکیان بە بێ مەسئولیەت موقابیل بە میلەت خوا کردونی بە مەبعوس و بە قەدر مەبعوسێ کە بۆ میلەتی خۆی سەرفی حەمیەت و غیرەتی کرد بێ. حورمەت و شەرەف و ئەملاک و سەروەتیان هەیە و. لە ئەزەر عموم دا زۆر بە ئیعتیبار و نفوزن. لاکین مەعەلئەسەف چونکی لەمەوپێش تەحسیلی مەکتەب لەم مەحیتەدا موهیم و مەتلەب ئەبوە. باخسوس بۆ پیاوێک کە ساحیبی سەروەت و ئەمەلاک بوبێ. بلێ ئەهاتوە ئەولاد لە خۆی دور بخاتەوە و بینێرێتە مەکتەب و زیاتر مەغرور بە سەروەت و ئەملاک و ئیعتیباری ئەولادی لە تەحسیلی مەکتەب و مەکاتیبی عالی مەحروم کردوە و بە سایەی شەرەف و ئەملاکیانەوە بە حورمەت ژیاون و. ئێستایش لە ئەزەر ئەهالی‌دا ئەو شەرەف و حورمەتە باقیە. فەقەت چونکە لە مەکاتیبی عالی‌دا تەحسیلیان نیە ئەم وەزیفە موهیمەیان پێ ناکرێ، هەر تیا مەحجوب ئەبن. چونکە ئەمڕۆ وەزیفە نیە کە لە وەزیفەی مەبعوسی موهیمتر بێ وەکو وەزیفەی تر نیە هەر موقابیل بە شەخسێک مەحجوب بێ. مەحجوبی مەبعوسی موقابیل بە میلەتێکە. مەبعوسێ موقتەدیر و زبان زان و عالم و ساحیب ویجدان و بە حەمیەت بێ، میلەتێک بەرز ئەکاتەوە و وڵاتێک مەعمور و ئاوەدان ئەکات. خوانەکردە عەکسی ئەمە بێ، میلەتێک دوا ئەخات و وڵاتێک وێران ئەکات و خۆشی رەزیل و بێ حورمەت ئەبێ.

"کەوابو یەکێ لە هەمو خسوسێکەوە خۆی لایق ئەبینێ و ئەزانێ لەم وەزیفەیەدا مەحجوب نابێ، نابێ و حەیفە تەشەبوس بەم وەزیفەیە بکات و ئۆبالی میلەتێک بخاتە ئەستۆی خۆی و ئیعتیباری خۆی لای میلەتەکە مەحو بکاتەوە. بەعزێکی تر هەن کە خۆیشیان ئەیزانن ئەم وەزیفەیەیان پێ ئیفا ناکرێ و ناشبن بە

مەبعوس کەچی مەنفەعەتی زاتی سەوقیان ئەکات تەشەبوس بۆ ئەم بارە قورسە بکەن. ئەمانەش دو کەلیمە خوێندنی ئیبتیدائی وە یاخود چەن رۆژێک لە مەئموریەت دا موستەخدەم بون. چوار کەلیمە فێر بون سەوقی ئەم تەشەبوسەی کردون. مەبعوسی هەر تەنها بە خوێند و خوێندەواریش تەواو نابێ. نابێ لە بەر بێ مەئموریەتی و یاخود بۆ تەرەقی مەئموریەت تەشەبوس بکات. مەبعوس ئەبێ میلەتپەروەر بێ. ساحیب ئەخلاق. ویجدان و رەحم بێ. عالم و زبان زان بێ. مەوقیعی ئیجتیماعی لای میلەتەکەی بێ. مەنفەعەتپەرست نەبێ. لە ئیحتیاجاتی میلەت چاو نەپۆشێ. بە سەبات بێ. رۆحی خۆی فیدای مەنفەعەتی میلەت بکات و بتوانێ موجادەلە لە گەڵ ئەو تەحسیلدیدانە بکات کە لەو مەجلیسەدا موجادەلە و سەعی بۆ وەتەنی خۆیان ئەکەن. چونکە هەمو ئەیزانین لەو مەجلیسەدا حەیات و مەمات بەش ئەکرێ. هەر میلەتێک مەبعوسی چاکی بێ بەر حەیات ئەبێ. عەکسی چاک بێ مردن بەشێتی.

"ئەمجا کەوا بو حەیفە گوهەردۆڕاندن. رجا ئەکەم لە سەر ئێوە فەرزە بەم نفوز و حورمەتەوە سەعی بکەن و تەنویری ئێمەمانان بکەن تا بە عموم پیاوی لایەق. تەجرەبەدیدە و ئەربابی خۆی بدۆزینەوە کە ئەم بارە گرانە بدەین بە سەریانا. ئەم قسانەم بە بێ ئەدەبی عەد مەکەن وەڵا کەسم نیە چاوی لە مەبعوسی بێ و خۆیشم لە ئێوە نالایەقتر! حەقبێژی قسەڕەق" (ژیان، ژ 101، 9 ی شوباتی 1928)

"خیتابێکە موقابیل بە هەمو میلەتی کورد

"ئێوە هەمو ئەیزانن بە پێی قەراری عیسبەتول ئومەم ئەمڕۆ ئێمە لە گەڵ حکومەتی عیراقا ئەژین و هەمو موقەدەراتێکمان لە گەڵ ئەوانایە. لە هەمو شتێک زیاتر سەبەب و ئالەتی تەرەقی و تەعالی میلەتێک قەوانین و نیزاماتی حکومەتەکەیە. یەعنی تەرەقی میلەتێک لە گەڵ قەوانینی حکومەتەکەیا مەبسوتەن موتەناسیبە. باش بێ ئەبێ بە واسیتەی تەرەقی میلەتەکە. خراپ بێ میلەتەکە دوا ئەخات و مەحوی ئەکاتەوە. وە هەمویش ئەیزانین ئەم قەوانین و نیزاماتە هەموی بۆ تەدقیق و ئیسلاح و تەسدیقی تەوبیعی مەجلیسی مەبعوسان ئەکرێ. تەبیعی ئەوسا هەمو مەبعوسێک لە گەڵ قابیلیەتی میلیەی و ویسعەتی ئەرازی لیواکەیدا موقایەسەی ئەکات. ئەگەر بۆ تەرەقی و پێشکەوتنی لیواکە موفید بو تەسدیق وەئیللا بە ئیعتیرازێکی مەعقول هەتا ئەبێ بە سەبەبی تەرەقی لیواکەی بۆ ئیسلاحی هەوڵ ئەدا. ئینجا کەوابو بۆ ئەم جێگایە پیاوی فەعال. موقتەدیر. وەتەنپەروەر و میلەت خۆشەویست بە عەمل دێ.

"ئەمڕۆ لیواکانی کورد دواکەوتوی هەمو عیراقە. ئەمیش بە واسیتەی مەبعوسەکانمانەوە بو. چونکە ئەو مەبعوسانەی کە لە ئەوەل دەورەدا ئینتیخابمان کردن هەموی نا فەقەت بە ئەکسەریەت هیچ ئەوسافێکی مەبعوسیان تیا نەبو. پیاوی ئەو مەجلیسە نەبون. هەر یەکەیان بۆ مەنفەعەتی خسوسی خۆیان مەنفەعەتی عمومی میلەتەکەیان واز لێ هێنا بو. بۆ خاتری خۆیان گەورە بین هەر یەکە ئینتیسابی کرد بو بە یەکێ لە وەزیرەکان و پیاوە بە دەستەکانی ترەوە. عادەتەن وەکو مادونێکی ئەوان تابیعی هەمو ئەفکار و ئەوامیریان بون. هەتا نەتیجە وا دوایان خستین و لە هەمو ئەسبابێکی تەرەقی مەحرومیان کردین.

"ئینجا میلەت خۆ ئەمانەمان زانی لەوانەوە تەجرەبەیەکی باشمان دێ. لازمە عەقلمان بێتەوە سەر. هەمونەهالی لیوایەک بە جدی تێ بکۆشین کە بۆ ئەم جێگایە پیاوی باش، فەعال، موقتەدیر، میلەتپەروەر و وەتەن خۆشەویست ئینتیخاب بکەین. چونکە ئەمە بۆ حەیات و ئیستیقبالێکی چوار ساڵیە. خودانەخواستە ئیتر ئەگەر لەم حاڵەیش زیاتر دوا بکەوین، جەبری مافاتی قابیل نابێ و پەشیمانی فائیدە ناکات. ئیتر خۆتان و غیرەتتان (حب الوطن من الایمان) ئەبێ بە دڵ و بە گیان بۆ وەتەنەکەمان هەوڵ بدەین." (ژیان، ژ 103، 23 ی شوباتی 1928)

"بە موناسەبەتی ئینتیخاباتی تازەی مەبعوسانەوە چەند قسەیەکی ڕەق ئەمما خۆش

"لەم بەینەدا بە موناسەبەتی ئینتیخاباتی تازەی مەبعوسانەوە شاری سلێمانی وەزعیەتێکی عەجایبی بە سەرا هاتوە. لە هەمو کۆلانێک، لە هەمو چایخانەیەک و دیوەخانەیەک، قسە و بەحسی مەبعوسی تیکرار ئەکرێتەوە. حەتا دەوائیری حکومەت، ستونی غەزەتە، بەم مەوزوعە ئیشغال کراوە. هەرکەسە بە نەوعێک تەشویقات بۆ خۆی وە یا بۆ خزمێک و دۆستێکی ئەکات. ئەوانەی کە ئیقتیداری کاتبێکی دائیرەیەکیان نیە هەوای مەبعوسی کەللەیانی پڕ کردوە. ئەوانەی تا ئەمڕۆ کوردیەت و میللیەتیان پێ عار بوە ئەمڕۆ بە لافی فیداکاری و وەتەنپەروەری گوێی عالەمیان کەڕ کردوە. هەر کەلەیەک هەر دانێک نەوعێک ئەقەرات تیکرار ئەکاتەوە. وەکو بەرخەکە ئێستا، دایکی من ڕەش بو. هەر یەکە ڕۆژی نەوعە ئەلبیسە لە بەر ئەکات و لە نەوعە شکلێکی موختەلیف دا خۆی نیشانی میلەت ئەدات. خۆ موخابەرات و کاغەزی ئیلتیماس ئەوەندە زۆر بوە پۆستەی ئەوەندە گران کردوە کە موتەعەهید بە ئۆتۆمۆبیل پێی هەڵناگیرێ. ئیشتیاق و فیداکاری بەعزێک ئەوەندە لە غەلەیان دایە کە تەحەمولی جوابی کاغەزەکانیان ناتوانن بکەن خۆیان بیلزات بە شوێن کاغەزەکانیان دا دێنە سلێمانی. زائیرین ئەوەندە زۆر بوە دیوەخانانی پڕ کردوە. ئێمە بیستومانە کە لە کوردستانا هەر گەزۆ ئەبارێت، نەمانزانیوە کە ئەمساڵ پەڵەی مەبعوسی داوە. فەقەت ئەی میلەت! ئەی برادەرینە! قسەی ڕاستتان عەرز بکەم، ئەم هەمو فیداکاریە، ئەم کوسرەتی ئیشتیاقە، ئەم کۆمەڵە لاف و گەزافە، موحەقەق بزانن هەر بۆ معاشە مەبزولەکەیە. هەر بۆ پڕکردنی گیرفانە لە مەسکوکاتی متەنەویعە.

"خۆزگە حکومەت ئەم خزمەتی وەتەنەی مەجانەن تەکلیف بکردایە و معاشی مەبعوسی بکردایە بە صەد ڕوپیە، ئەو حەلە فیداکار، وەتەنپەروەر بوار دەری ئەخست. بە ئیعتیباری عموم ناڵێم. فەقەت بە ئەکسەریەت کە زاهیرەن بە زمان ئەم وەعدانە بە ئێوە ئەدەن، ئەم فیداکاریەی کە پێ نیشانی ئەدەن، کەچی لە دڵدا لە گەڵ شتێکی کە خەریکن. ئەوان پلانی خۆیان دەمێکە ڕێک خستوە: لەم دەوری ئیجتیماعەدا چەند معاش وەرئەگرن؟ چەندی سەرف ئەکەن؟ چەندی پاشەکەوت ئەکەن؟ هەمویان حساب کردوە. لە سەر چ جادەیەک، کەلاوەی چ قوربەسەرێک بە هەرزان ئەکڕن و لەو کەلاوەیەدا چ نەوعە بینایەک دروست ئەکەن؟ وە یا چ دێیەک ئەکڕن هەموی بەرێکوپێکی پرۆغرامەکەی کە بە خەیاڵ تەرتیبیان کردوە لە گیرفانیانایە. (مزگەوت ڕوخاوە، میحرابی ماوە).

"ئەی میلەت! موحەقەق بزانە ئەبێ خۆت بەزمیت بە خۆتا بێتەوە.

"فەقەت ها ئەم قسانەم بۆ ئەوە نیە کە ئێوە مەئیوس بن. زاتەن لە سەرەوە وتم ئەم قسەیەم بە ئیعتیباری عمومی نیە، لە ناو خۆتانا ئینسانی فیداکار، وەتەنپەروەر، موستەعید هەیە. زۆر چاک چاو بگێڕە، زەریف ورد بەرەوە، لە ڕوا دامەمێنە، خزم و ئاشنا تەماشا مەکە، ئەوی بە کەڵکت دێت، ئەوی دەرمانی دەردت ئەکا، ئەوی ئیعتیمادت بە عیلم و سەویەی هەیە، ئەوی قیمەتی لای تۆ مەعلوم و موجەڕەبە، حاسلی ئەوی حەیات و مەماتی ئەوێ، سەعادەت و فەلاکەتی لە گەڵ تۆدا موشتەرەکە، ئەوە هەڵبژێرە، پرۆغرامی داوا لێ بکە، پشت بە یەکێک ببەستە (مەبەستە. نم) کە ئاگرت تێ بەر بدا و خۆی لە دورەوە سەیرت بکات ئیتر:

من انچه شرط بلاغ است با تو میگویم

تو خواهی از سخنم پند گیر و خواهی ملال" (ژیان، ژ 104. 1 ی مارتی 1928).

2. پێکهێنانی مەجلیس

2. 1. نامزەدیی

"ئەمجارە بۆ ئەوەی لە تەرەف ئەهالی لیوای سلێمانیەوە ئینتیخاب بکرێن و ببن بە مەندوب موافیقی ئیستیدعایەک کە تەقدیمیان کردوە جەنابان: نامیق بەگ کوری عەلی پاشا کە دانیشتوی موسڵە و، ئەحمەد نوری ئەفەندی مودیری پۆستە و تەلغرافی کەرکوک نامزەدیی خۆیان ئیعلان کردوە." (ژیان، ژ 102، 16 ی شوباتی 928).

"بۆ زانینی هەمو

"ساکینی قەزای هەڵەبجە جەنابی ئەحمەد بەگ زادە عەلی بەگ بۆ ئەوەی لە تەرەف ئەهالی ئەم لیوایەوە ئینتیخاب بکرێ و ببێ بە مەبعوس بە ئیستیدعای رەسمی نامزەدی خۆی وەزع کردوە.

"جەنابی سەبری ئەفەندی حاجی عەلی ئاغا بۆ ئەوەی لە لیوای سلێمانی‌دا ئینتیخاب بکرێ و ببێ بە مەبعوس ئەمجارە لە تەرەف دو سەد شەخسی ئەم لیوایەوە بە مەزبەتە تەرشیح و نامزەدییان وەزع کردوە." (ژیان، ژ 105، 8 ی مارتی 928).

"نامزەدیی

"لە ئەشرافی سلێمانی موتەقاعید میرلیوای ئەرکانی حەرب موحتەرەم حاجی مستەفا پاشا بۆ مەبعوسی لیوای سلێمانی نامزەدیی خۆی وەزع و ئیعلان فەرموە.

"لە بەگزادەی جاف جەنابان ئەحمەد موختار بەگ و جەمال بەگی کوری جەمیل بەگ لە هەڵەبجەوە و، لە خەڵقی سلێمانی و دانیشتوی بێروت سابیق بیکباشی ئەرکان حەرب جەنابی ئەحمەد زەکی بەگ لە بیروتەوە بۆ ئەوەی لە تەرەف ئەهالی ئەم لیوایەوە ئینتیخاب بکرێن و ببن بە مەبعوس نامزەدیی خۆیان وەزع کردوە." (ژیان، ژ 108، 5 ی نیسانی 1928).

"بۆ زانینی هەمو

"موحتەرەم جەنابی سەیفوڵا بەگ کوری عیزەت بەگ بۆ ئەوەی ئینتیخاب بکرێ و ببێ بە مەبعوسی ئەم لیوایە لە تەرەف ئەهالیەوە بە مەزبەتەیەکی دوصەد ئیمزایی نامزەدییان تەلەب و وەزع کردوە.

"جەنابی ماجید ئەفەندی کوری مستەفا ئەفەندی قازی بۆ ئەوەی ئینتیخاب بکرێ بە مەبعوسی ئەم لیوایە لە تەرەف ئەهالیەوە بە مەزبەتەیەکی دوصەدوپەنجا ئیمزایی نامزەدییان تەلەب و وەزع کردوە." (ژیان، ژ 110، 19 ی نیسانی 1928).

"بۆ زانینی هەمو

"لە خەلقی سلێمانی دانیشتوی بەغداد حاجی مەلا سەعید ئەفەندی کەرکوکلی زادە بۆ ئەوەی لە تەرەف ئەهالی لیوای سلێمانیەوە ئینتیخاب بکرێ بە مەبعوس لە سەر پرۆغرامێکی کە لە ژێرەوە دەرج کراوە نامزەدیی خۆی وەزع کردوە:

1. موعاهەدە لە گەڵ ئوممەت ئەکەم کە بە قەدەر تاقەت سەعی بکەم بۆ ئیستیقلالی تام کە هیچ گرێیەکی تیا نەبێ.

2. غایەی ئەمەلم ئەمەتە میلەتی عیراق و بریتانیای عوزما دائیمەن لە حالی دۆستی و مەسالیحی ئینگلیز لە عیراقا مەحفوز ببینم.

3. سەعی و تەشویقی سوڵتاتی محەلیە ئەکەم بۆ تەعدیلی بەعزێ قەوانین و ئەشکالی مەوزوعەی حازرە وەک ئوسوڵی جیبایەت (ضریبە) بە سورەتێک موافیقی مەسلەحەتی زوراع و موکەلەفین بێ.

4. موافەقەت لە سەر هیچ قەرارێک ناکەم لە مەجلیس دەرچێ کە حقوقی میلەت پایەماڵ بکات وە یا موخیلی ئیستیقلال بێ." (ژیان، ژ 111، 26 ی نیسان 1928).

"بۆ زانینی هەمو
"مەعالی ئەمین زەکی بەگ بۆ ئەوەی لە تەرەف ئەهالی ئەم لیوایەوە ئینتیخاب بکرێ بە مەبعوس بە تەلغراف نامزەدیی وەزع فەرموە.
"تەلغرافێک کە لە ئەحمەد نوری ئەفەندیەوە هاتوە
"بۆ حەمیەتمەندانی ژیان
"وەکو لە وەقتی خۆیا لە گەڵ سەعادەتی موتەسەڕیف و زەواتی موحتەرەمەوە قسە کرا بو نیسان تەرشیحم بە واسیتەی حکومەتی مەرکەزیەوە تەمەنا ئەکەم. فائیدە لە ئێمە مەئمولە. کەرکوک ئەحمەد نوری" (ژیان، ژ 113، 10 ی مایسی 1928).

2.2. دیاری کردنی مونتەخیبی ئەوەلی

هەڵبژاردن ڕاستەخۆ نەبوە، بەڵکو بە چەند قۆناغێک دا ڕۆیشتوە. سەرەتا لیستی ناوی ئەوانە دیاری کراوە کە مافی دەنگدانیان هەبوە. چونکە دانیشتوانی وڵات هەمویان مافی دەنگدانیان نەبوە. ئافرەت مافی دەنگدانی نەبوە. ئەم مافە بە تەنیا هی پیاوان بوە. لە ناو پیاوانیشدا ئەوانەی کە مڵک و ماڵێکی دیاریکراویان هەبوە و ساڵانە لە چەرەیەکی دیاریکراو زیاتر باجیان داوە. بەمانە وتراوە مونتەخیبی ئەوەلی. هاووڵاتیانێک کە موڵک و ماڵیان نەبوە مافی دەنگدانیان نەبوە. مونتەخیبی ئەوەلی مافی هەڵبژاردنی مەبعوسی نەبوە. بەڵکو مافی هەڵبژاردنی چەند کەسێکی هەبوە لە گەڕەکەکەی خۆیاندا کە پێیان وتراوە مونتەخیبی سانەوی. مونتەخیبی سانەوی مافی هەڵبژاردنی مەبعوسەکانی هەبوە.

"ئیعلان

گۆیژە	دەرگای مزگەوتی شێخ محەمەدی ئالەکی
مەڵکەندی	پێش چایخانەی حەمەئاغای ئەوڕەحمان ئاغا
دەرگەزێن	دەرگای خانەقای مەولانا
کانی ئاسکان	دەرگای مزگەوتی گەورە
سەرشەقام	دەرگای مزگەوتی مەلا حامید
چوارباغ	دەرگای خانەقای مەشوی
جولەکان	کەنشتەی قەرەداغی

دەفتەری مونتەخیبی ئەوەلی محەلەکانی شاری سلێمانی. کە لە هەیئەتی موختاریەوە وەرگیراوە. بەو جێگایانەی کە لە سەرەوە نوسراوە لە ڕۆژی 20 ی شوباتی 928 دا تەعلیق کراوە. ئەوانەی کە ئیسمیان لەو دەفتەرانەدا تەسجیل نەکراوە وە یا ئەوانەی کە حەقی ڕەئیان نیە و لەو دەفتەرەدا تەسجیل کراون. حاسلی ئەو شەخسانەی کە ئیعتیرازێکیان هەیە لە تاریخی تەعلیقەوە هەتا حەوت ڕۆژ ئەتوانن موراجەعەت بکەن بە هەیئەتی تەفتیشیە و ئیعتیرازەکەیان دەرمیان بکەن لە دوای ئەم مودەتە ئیعتیراز قبوڵ ناکرێ. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا. هەیئەتی تەفتیشیە" (ژیان، ژ 103، 23 ی شوباتی 1928).

2. 3. هەڵبژاردنی مونتەخیبی سانەوی

"هەواڵی ناخلی

"ئینتیخابات

"بە موناسەبەتی تەواوبونی دەفتەری مونتەخیبە ئەوەڵەکان هەیئەتی شوعبەی ئینتیخابیەی سلێمانی و میعادی قانونیەوە، دەست کرا بە ئینتیخابی مونتەخیبە سانیەکانی ناوشار.

"لە گەڕەکی مەڵکەندی، جەنابان: حەمە ئاغای عەبدورەحمان ئاغا و، مەحمود ئەفەندی رەئیسی بەلەدیە و، میرزا ئەحمەدی حاجی قادر و.

"لە گەڕەکی گۆیژە، جەنابان: حاجی مستەفا پاشا و، حاجی ئیبراهیم ئاغا و، میرزا تۆفیق قەزاز و.

"لە گەڕەکی دەرگەزێن، جەنابان: حاجی مەلا محێدین ئەفەندی و، غالب ئاغا و، مەجید ئەفەندی و.

"لە گەڕەکی کانی ئاسکان، جەنابان: مەجید ئەفەندی حاجی رەسول ئاغا و، شێخ محەمەد ئەفەندی گوڵانی و، کەریم بەگی محەمەد فوئاد بەگ و.

"لە سەرشەقام، جەنابان: حاجی مەلا خالید و، مستەفا ئاغا و.

"لە چوارباغ، جەنابی: مەلا خالید ئەفەندی کوڕی مەحوی ئەفەندی و.

"لە جولەکان، جەنابی: سالح بنەشی.

"لە نەتیجەی ئینتیخاباتا بە مونتەخیبی سانیەتی ئینتیخاب کراون.

"وە دەست کراوە بە ئینتیخابی ناحیەکانی مەربوتی لیوایش لە نەتیجەدا ئەوانیش عەرز ئەکرێ." (ژیان، ژ 109، 12 ی نیسانی 1928).

"ئینتیخابات

"لە دوای تەواوبونی ئینتیخاباتی مونتەخیبە سانیەکانی ناوشار لە ئەزارەتی ئەعزایانی هەیئەتی تەفتیشیەدا دەست کرا بە ئینتیخاباتی مونتەخیبی سانی ناحیەکانی مەربوتی سلێمانی. وە لە نەتیجەی ئینتیخاباتا:

"لە ناحیەی تانجەرۆدا، جەنابان: مودیر رەشید ئەفەندی غەفور، مەئمورمال قادر ئەفەندی، تەحسیلدار فایەق ئەفەندی، عەبدوڵا ناجی ئەفەندی، رەشید مەستی ئەفەندی، حاجی حەمەئاغا، حەمە رەشید ئەفەندی حاجی ئیبراهیم ئاغا، شێخ قادری عەتار، ئەحمەد بازیانی و.

"لە ناحیەی سەرچناردا، جەنابان: مودیر محەمەد فوئاد بەگ، ئەحمەد بەگ سەعید بەگ، عیزەت بەگ عوسمان پاشا، غەفور ئەحمەد و.

"لە ناحیەی قەرەداغ دا، جەنابان: سەعید ئاغای جەعفەران، شێخ سەعیدی تیمار، کوێخا ئەجم زۆراب، رۆستەم عەبدولقادر، فەخری واسیف بەگ، شێخ نوری ئەفەندی شێخ بابا عەلی و.

"لە سورداشی جنوبیدا، جەنابان: مودیر شێخ یوسف ئەفەندی، حاجی ئەمین کاکەحەمە، جەلال سائیب ئەفەندی، تۆفیق فایەق... محەمەد بەگی حاجی رەسول بەگ، عەبدوڵا ئەفەندی کاتب... حاجی ئەحمەد و.

"لە سورداشی شیمالیدا، جەنابان: حاجی محەمەد ئەفەندی حاجی کەریم، محەمەد سالح بەگ، حەکیم حاجی فەرەج، عەزیز کوێخا ئەحمەد و.

"لە ناحیەی سرۆچک دا، جەنابان: عەزمی بەگی بابان، شێخ رەزای شێخ محەمەد، شێخ حسێن سەید ئەحمەد، شێخ عەبدولی شێخ عەلی، شێخ مەحمودی شێخ عەلی و.

"لە ناحیەی بازیان دا، جەنابان: مودیر فەقێ محەمەد ئاغا، میرزا مارف و، قادر ئەفەندی موهەندیس.

"لە تەرەف ئەهالیەوە بە مونتەخیبی سانی ئینتیخاب کراون." (ژیان، ژ 113، 10 ی مایسی 1928).

حکومەت بۆ ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن مسۆگەر بکات و، ئەو نائیبانە دەربچێنێ کە خۆی دیاری کردون، هەمیشە هەوڵی داوە مونتەخیبی سانەوی لەوانە هەڵبژێردرێن کە گوێڕایەڵی ئامۆژگاریەکانی حکومەت بون. وەکو لەم داوانەدا دەرئەکەوێ ژمارەیەکی زۆری مونتەخیبە سانەویەکانی قەزا و ناحیەکانی سلێمانی، لە دانیشتوانی ناوچەکە نین، بەڵکو موچەخۆرەکانی حکومەتن.

2. 4. هەڵبژاردنی مەبعوسەکان

"ئینتیخاب

"لە دوای تەواوبونی ئینتیخابی مونتەخیبە سانیەکانی لیوای سلێمانی ڕۆژی 9 ی 5 ی 28 لە نەفسی شار و لە هەمو مەرکەزی قەزای مولحەقەدا دەست کرا بە ئینتیخابی مەبعوسان. نەتیجە جەنابان: مەعالی ئەمین زەکی بەگ و، سەیفولا بەگ و، سەبری بەگی حاجی عەلی ئاغا و، محەمەد ساڵح بەگ، ئەکسەریەتیان ئیحراز کرد و بون بە مەبعوس. خوا لێیان موبارەک کا تەمەنای موەفەقیەت و خدمەتیان ئەکەین.

"لە نەتیجەی ئینتیخاباتی لیوای کەرکوک دا، جەنابان: مستەفا ئەفەندی یەعقوبی زادە و، سەعید ئەفەندی ئەهلی کفری و، حاجی عەلی قیردار و، محەمەد بەگی فەتاح بەگ، ئەکسەریەتیان ئیحراز کرد و بون بە مەبعوس.

"لە نەتیجەی ئینتیخاباتی لیوای هەولێردا، جەنابان: جەمال بەگی بابان، ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی، مەعروف عەلی ئەسغەر ئەفەندی، داود بەگی حەیدەری، عەبدولا ئەفەندی موفتی، بە ئەکسەریەت بون بە مەبعوس.

"وە لەم خسوسەوە لە هەفتەی داتێدا موفەسسەلەن موتالەعەی خۆمان عەرزی قارئینی کیرام ئەکەین." (ژیان، ژ 114، 17 ی مایسی 1928).

2. 5. ئیجتیماعی مەجلیس

"هەواڵی داخلی

"ڕۆژی شەمەی 28/5/19 بە ڕاسیمەیەکی موتەنتەن مەجلیسی مەبعوسان ئیجتیماعی کردوە. لە دوای خوێندنەوەی نوتقی ئیفتیتاحیەی جەلالەتی مەلیکی موعەزەم، یەک یەک معامەلەی تەحلیفیە مەبعوسەکان ئیفا کراوە و لە پاشا دەست کراوە بە ئینتیخابات بۆ ڕەئیس تەعین کردن نەتیجە بە ئەکسەریەتی ئارا وەزیری داخلیە مەعالی عەبدولعەزیز بەگی قەساب بە ڕەئیس و مەبعوسی هەولێر داود حەیدەری بەگ بە نائیبی ڕەئیس ئینتیخاب کراون." (ژیان، ژ 115، 24 ی مایسی 1928).

3. چاوەڕوانیەکانی ژیان

"لەمەولا ئومێدی قەویمان بە مەبعوسەکانمانە

"لە ئیجتیماعی دەورەی پێشودا بە ئەکسەریەت میلەت لە وەکیلەکانی ڕازی نەبو و هیچ ئومێدێکی فەعالیەتیان لێ نەئەکرد. فەقەت ئەم ئینتیخابە لە هەمو جێگایەکا باخسوس لە ئەلویە و قەزاکانی کوردستان دا بە سورەتێکی باش نەتیجەی هات. ئەوانەی کە میلەت ئارەزوی ئەکردن ئەکسەریەتیان ئیحراز کرد و بون بە وەکیلی میلەت. چونکە هەمویان موجەڕەب، عالم، فازیل، وەتەنپەروەرن. ئومێدی قەویمان پێیانە. وە موحەقەق حەسەبەل مەتلوب وەزیفەی مەوبوعەی خۆیان بە جێ ئەهێنن و لە دەرەجەی ئیمکان دا بۆ تەرەقی و تەعالی میلەتی وەتەنەکە تێ ئەکۆشن و، بۆ خاتری ئەوانەیش کە نایانناسن بۆیان مەعلوم بێ کە چ نەوعە زەواتێکن یەکە یەکە لە ژێرەوە تەرجومەی حالیان عەرزی قارئینی کیرام کرا."

ئینجا دێتە سەر باسی ژیننامەی:

مەبعوسەکانی سلێمانی: ئەمین زەکی بەگ، محەمەد سالح بەگ، سەیفوڵا بەگ، سەبری بەگ.

مەبعوسەکانی هەولێر: جەمال بەگی بابان، ئیسماعیل بەگی رەواندزی، داود بەگی حەیدەری، مەعروف ئەفەندی عەلی ئەسفەر (مەعروف جیاوک)، عەبدوڵا ئەفەندی موفتی.

مەبعوسەکانی کەرکوک: حاجی عەلی ئەفەندی قیردار، مستەفا بەگ یەعقوبی زادە، سەعید ئەفەندی، محەمەد بەگی فەتاح بەگ.

مەبعوسی قەزا کوردەکانی مولحەقی موسڵ: حازم بەگ، هەیبەتوڵا ئەفەندی، شێخ عەبدوڵا ئەفەندی شێخ نور محەمەد.

لە کۆتایی وتارەکەدا نوسیویتی:

"ئینجا کە تەرجومەی حالی وەکیلە خۆشەویستە تازەکانمان عەرزی قارئینی کیرام کرد، میلەت قەناعەتی کامیلەی هەیە کە بۆ ئەم دەورەی حازرەیە زەواتی موقتەدیری دۆزیوەتەوە و لە حوسنی ئینتیخاب دا ئیسابەتی کردوە. ئەمجا رجا و ئیستیرحامیان لێ ئەکەین کە ئیتر ئەبێ بۆ تەرەقی و تەعالی میلەتەکە لە دەرەجەی ئیمکان دا سەعی و جەهد بفەرمون و تەبیعی ئەوانیش ئەیزانن کە میلەت و وەتەنەکەمان چەند دواکەوتوە. لە خسوس مەعاریف، تیجارەت، سیحەت، رێگا، وەسائیتی نەقلیە، زەراعەت، سەنایع و گەلێ ئەسبابی تەرەقی ترەوە مەحرومین. بۆ ئیستیکمالی ئەم نەواقیسانە یەگانە ئەمەلمان ئیتر بەمانە. لە هەمو خسوسیاتێکمانەوە ئەمان مەسئولن و، فەریزەی زیمەتیانە واجیباتی مەودوعەی خۆیان بە جێ بهێنن و میلەت دوچاری ئینکیساری خەیاڵ نەکەن. ئیتر ئومێدی قەویمان هەر بەم زاتانەیە و هەر بەم دەورەیەیە. ئومێد ئەکەین شەو و رۆژ سەعیمان بۆ بکەن و بمانخەنە ڕیزەی دراوسێکانمانەوە. خوانەخواستە ئەگەر خدمەتمان نەکەن و وەزیفەی خۆیان بە جێ نەهێنن ئیتر ئەبێ میلەت قوڕ بکا بە سەری خۆیا دەستەوئەژنۆ مەئیوس بێ. لە بەر ئەوە دائیمەن ئینتیزاری جەهد و کۆششیان ئەکەین.

"خودا بە حوسنی نیەتەوە موەفەقیان کات و موقابیل بە میلەتەکە روسوریان کات." (ژیان، ژ 115، 24 ی مایسی 1928).

ژیان ئەم پەیامەی ئاڕاستەی مەبعوسەکان کردوە:

"بۆ وەکیلە موحتەرەمەکانمان

"ئەی وەکیلانی میلەت!

"ئەی ئەو زاتانەی کە موقەدەراتی میلەتێکیان تەودیع کراوە!

"ئەی ئەوانەی کە ئەم وەزیفە موقەدەسە، موهیمە، حەیاتیەیان قبوڵ کردوە!

"ئەی ئەو شەخسانەی میلەت موقابیل بە هەمو چاکەیەکیان تەقدیر و خراپەیەکیان مەسئولیان ئەکات!

"ئەی وەکیلە موحتەرەمە کوردەکان! ئەم خیتابەمان لە گەڵ ئێوەیە و ئەم هاوارەمان هەر موقابیل بە ئێوەیە.

"ئێمە نامانەوێ بەحسی دەورەکانی کە بکەین. لە دەورەکانی کەدا ئەوی ئیشێکی کردبێ و حسابێکی دابێ بە میلەتەکەی خۆی، هەر مەعالی ئەمین زەکی بەگی وەکیلی موحتەرەممان بو.

"بەڵام تو خودا: ئێوە هیچ بە عمومی زانیوتانە و لێکتان داوەتەوە کە چ وەزیفەیەکی موقەدەس و حەیاتیتان تەودیع کراوە و گرتوتانەتە ئەستۆی خۆتان؟ عەجەبا نازانن وەتەنەکەتان لە چ حاڵێکایە؟ غەیری حقوق، لە هەمو ئاسارێکی عیمران و تەرەقی، لە مەعاریف، صەنایع، تیجارەت، زەراعەت، ئیقتیصادیات دا چەند

مەحرومە؟ وە ئەگەر هەر وا بمێنێتەوە چەند مـەحکومی مردنـە؟ وە نـازانن بـۆ ئـەوەی بـژی، تـەرەقی بکـات، حقوقی چنگ کەوێ، هیوا و ئومێدی هەر بە ئێوەیە؟

"ئێوە ئەبێ بزانن کە ئینتیخاب کرەەی میلەتێکی یەک ملیۆن نفوسییین و، لـە دواتانـەوە پشـتیوانێکی موهیم و بە قوەتی وەکو ئەم میلەتە هەیە. وە ئەبێ بزانن و لـە هـەمو کەسـێکی مـەعلوم بکـەن کـە ئـەمڕۆ لـە مەجلیسی مەبعوسانی عیراقدا کۆمەڵێکی زۆر هەیە کە تەمسیلی شەعبێکی موهیمی وەکو کورد ئەکات.

"موقابیل بەم وەزیفە موهیمەیتان و لە حاڵێکا کە ئەزانن میلەتەکەتان ئەمەنـدە دواکـەوتوە و ئـەبێ فەوقەلحەد سەعی بۆ بکرێت، کەچی مەعەلئەسەف هەتاکو ئێستا نە لە مەجلیس دا و نە لە خاریجەوە بە نەشریات و تەشەبوسـات کەس خدمەتێکی لە ئێوە نەدی و فەعالیەتێکتان نەنواند و تەئمینی یەکێ لە مەقاصیدی میلەتتان نەکرد.

"ئیستیرحام ئەکەین ئەم مەعروزاتەمان بە شتێکی خراپ تەلەقی نەکەن و بزانن ئیتر میلەت بە بەریـەوە نەماوە و لە تاوانا هاوار ئەکات و لە ئێوە زیاتر کەسێکی کە شک نابات.

"ئیتر ئەبێ لە ئەزەر میلەتەکەدا خۆتان روسور بکەن وە با ئاشیمەن میلەت بە موقەدەسی ناوتان بیات و ئیسمتان بە شەرەفەوە بە زەرکەفتی ئاڵتون بنوسرێ. ئەبێ ئەمجارە بە قەتعی بە ئیتیفـاق و یەکزبانیـەوە بـۆ ئەم میلەتە مەزڵومەتان سەعی و هیمەت بفەرمون.

"بۆ ئەوەی لە گەڵ میلەتی عەرەب و حکومەتی عیراق وەکو برا بژین بە قەدەری ئیمکان بـۆ ئیکمـالی نەواقیصاتمان و بۆ تەئمینی ئەسبابی تەرەقیمان هەوڵ بفەرمون.

"ئیتر ئیسانەوە رجا ئەکەین بۆ ئەوەی قسەی ئەم لا و ئەو لا ببڕێ و کەس حەقی گوتنی نـەمێنێ. بـۆ ئەوەی لە ئەزەر میلەتەکەدا هەر یەکێکتان مەوقیعێکی عالیتان بێ، ئەبێ لەمەودوا هەمو وەقتێک لە مـەجلیس دا فەعالیەتی ئێوە ببینن." (ژیان، ژ 164، 4 ی نیسانی 1929).

4. داواکاری مەبعوسەکان

4. 1. دەبارەی مەعاریف

"سورەت و تەرجومەی تەقریرێکی مەبعوسە موحتەرەمەکانی کوردە کە لە خسوس مەعاریفـەوە داویانـە بە وەزارەتی مەعاریف:

"بۆ وەزارەتی جەلیلەی مەعاریف

"لە فەخامەتتانەوە مەعلومە کە جیهەتی شیمال لە خسـوس عـەلاقاتی سیاسیـە و ئیقتیسـادیەوە لـە نـاو حکومەتە گەنجە تازە پێگەیشتوەکەمانا ئەهمیەتێکی گەورەی هەیە. لە بەر ئەمە لازمە ئیزالەی هەمو مـەوانیعێک بکرێ لە خسوس نەشری مەعاریفەوە. وە ئەو شتانەی کە جەهل لائەبات پێویستە ئیکمال بکرێ.

"چونکە لە مەنتیقەی شیمالا مەعاریف زۆر سست ئەڕوا و زۆر دواکەوتوە لازمە بـۆ ئـەوەی دەرەجـەی مەتلوبە بگەیەنرێ معاوەنەتی بکرێ بە ئەوعێک مساوی بێ بە مەنتیقەکانی تری عیراق.

"ئەو سەبەبانەی کە مەعاریفی ئەم مەنتیقەیەی دواخستوە ئەمانەن:

1. ئەبونی کتێبانی تەرجومەکراو بە کوردی کە لیسانی تەدریسەی ئەو مەنتیقەیە و عیبارەتە لە چەنـد لیوا و قەزایەکی موهیم کە تول و عورزی لە زاخۆوەیە هەتاکو پێنجوێن و خانەقین و بەدرە.

2. کەمێتی موعەلیم لەو مەنتیقەیەدا.

3. بۆ ئەوەی ئیرشاد و موراقەبەیەکی تـەواوی موعەلیمـەکان و مەکتـەب بکـات و تـەرەقی و تـەعمیمی مەعاریف بکات و لە سەر یەک رێ و یەک پرۆغـرام تـەدریس و تەدروسـیان پـێ بکـات بـۆ ئـەم مەنتیقەیـە مودیرێکی مەعاریف نیە.

4. لەم مەنتیقەیەدا مەکتەبێکی موکەمەلی سانەوی نیە کە ببێ بە کەفیل و بە واسیتەی تەواوکردنی ئەو عیلمانەی کە تەلەبەکان لە مەکاتیبی ئیبتیدائیەدا خوێندویانە و. بۆ ئەوەی کە لە وێدا لەزمت لە خوێندن وەرگرن و عیلمێکی چاک فێری تەلەبەکان بکرێت بە نەوعێک کە بتوانن بچنە مەکاتیبی عالیەوە.

5. ئەم مەنتیقەیە مەحرومە لە مەکتەبێکی دارولموعەلیمین کە مەوجودیەتی ئەلزەمە و یەگانە واسیتەیە بۆ ئەوەی موعەلیمی موقتەدیر پێ بگەیەنێ کە بتوانن چاک بە کوردی تەدریس بکەن.

6. لە بەر فەقیری ئەهالی ئەو مەنتیقەیە ناتوانن و مومکینیان نابێ ئەولادەکانیان بۆ ئیکمالی تەحسیلی سانەوی و عالی بنێرن بۆ مەرکەزی حکومەت.

7. زۆر ئەسبابی تر هەیە کە بوە بە سەبەبی ئەوە کە ئەبەوەینەکان ئیهتیمام ناکەن بۆ ئەوەی ئەولادەکانیان بنێرنە مەکتەب. ئەو رێیەی کە لازمە لە خسوس نەشری مەعاریفەوە تەبەعیەتی بکرێ ئەوەیە کە ئەو نوقسانیەتەی و ئەو سستیەی لە خسوس مەعاریفەوە هەیە و زیهنی ئەهالیەکەی ئیشغال کردوە کە ئیهتیمام بە مەعاریف ناکەن لازمە لابرێ، کە ئەمانەن:

1. تەشکیلی (لیجنەیەکی تەرجەمە و تەئلیف) کە ئەعزاکانی لە عالم و منەوەرە مونتەخەبەکانی کوردەکان بێ. کە موافیقی پرۆغرامی مەعاریف کتێب تەئلیف و تەرجەمە بکەن. وە ئیعتیقادمان وایە کە ئەم لیجنەیە ئیشەکانیان زۆر چاک و بە تەواوی بە جێ ئەهێنن. وەزارەتی مەعاریف بۆ ئەم خسوسە مەساریفێکی زۆری ئەبێ و ئەگەر وەزارەتی مەعاریف لە حالی حازردا مەعزور بو لە تەشکیل کردنی ئەو لیجنەیە کە زۆر پێویستە بۆ لابردنی تەزەبزوب هیچ ئەبێ رجا ئەکەین رەسمەن ئیعلانی بکات کە ئەو کەسانەی موافیقی پرۆغرامی مەعاریف کتێبێک تەرجەمە وە یا تەئلیف ئەکەن بە نیسبەت چاکی کتێبەکەیانەوە ئیکرامیەیەکی ئەدرێتێ کە ئەقەلەن لە 500 روپیە کەمتر نەبێ و. ئەگەر ئەم مەسئەلەیە تەرک بکرێ بۆ تەشەبوسی شەخسی جوان نابێ. چونکە ئەمە لە میلەتێکدا ئەکرێ کە لە ناویاندا عیلم موتەرەقی بێ و قەدری مەعاریف بزانن. وە ئەگەر مەعاریف ئەم مەسئەلەیە بۆ تەشەبوسی شەخسی تەرک بکات باوەڕ ناکەین هیچ کەسێک لە خۆیەوە ئەم خدمەتە بکات چونکە بۆ خۆی ئینتیفاعێکی مادی و زەروری تیا نابینێ.

2. بۆ ئەوەی موعەلیمی موقتەدیر، عالم بۆ سینفە سانەویەکان چنگ بکەوێ لازمە وەزارەتی مەعاریف لە خسوس زیادی معاشەوە ئیهتیمام بکات. چونکە ئیعتیقادمان هەیە کە پیاوی زۆر موقتەدیر، عالم هەیە لە ولاتەکەماندا فەقەت لە بەر معاش کەمی ئینتیساب ناکەن بە مەعاریفەوە.

3. لازمە دائیرەیەکی مەعاریف لەم مەنتیقەیەدا تەشکیل بکرێ بە شەرتێک مەرکەزەکەی لە وەسەتی ئەم مەنتیقەیەدا بێ کە بتوانێ موراقەبەی هەمو مەکتەبەکان بکات و لازمە مودیرێکی وای بۆ تەعین بکرێ کە لە مەداریسی عالیە دەرچوبێ کە موقتەدیر بێ حالەتی مەعاریفی بگەیەنێ بە حەدێکی مەتلوب. وە بونی ئەم دائیرەیەیش زەروریە بۆ نەشری عیلم و مەعریفەت و. حکومەت لە تەشکیل کردنی ئەم دائیرەیە مەسرەفێکی زۆری نابێ بە نیسبەت ئێستاوە کە بۆ تەفتیش و موراقەبەی لیوای سلێمانی و کەرکوکی داوە بە بەغداد هەولێر و ئەقزیەکانی شیمال وەکو زاخۆ، دهۆک، عیمادیە، عەقرە... ی داوە بە موصل. لەمەدا هەم لە خسوس مەعاریفەوە و هەم لە خسوس تەدریساتەوە خراپە چونکە تابیعی مەنتیقەیێک نین تەدریسیان وەکو یەک نابێ و غەیری ئەمیش چونکە موفەتیشین و مودیرینی ئەم مەنتیقانە کوردی نازانن هیچ فائیدەیەکیان لێ حاسل نابێ.

4. ئیکمال و تەنزیمی مەکاتیبی سانەوی بە سورەتێکی وا کە حەسەبەل مەتلوب تەکەفولی تەربیەی تەلەبەکان بکات و ئیحتیاجیاتیان دەفع بکات. ئەمما لە خسوس ئەو مەحزورەوە کە تەلەبەکان چونکە بە عەرەبی ناخوێنن لە مەکاتیبی عالیەدا موشکیلات ئەبینن ئەمیش راست نیە چونکە ئەم مەحزورە بە زیادکردنی ئەوقاتی تەدریسیەی دەرسی عەرەبی لە سینفە سانەویەکاندا لائەچێت.

5. کردنەوەی مەکتەبێکی دارولموعەلیمین بۆ ئەوەی ئیحزاری موعەلیمی موقتەدیری چاک بکات کە بتوانن لە سەر ئوسولی تازە و موافیقی مەتلوب تەلەبەکان پێ بگەیەنن.

6. کردنەوەی مەکاتیبی کچان.

7. هەر وەقتێک مەکتەبەکان و مەعاریفی ئەم مەنتیقەیە بەم ئەوعە کە عەرزمان کرد تەنزیم کرا ئەو وەقتە ئەبەوەینەکان شەوقیان ئەبێ کە منداڵەکانیان بنێرنە مەکتەب بۆ تەحسیل.

ئینجا ئستیرحام لە وەزارەتی مەعاریف ئەکەین کە ئیهتیمامێکی کافی و تەواو بەم مەعروزاتەمان بکات و لەم ساڵەوە دەست بکا بەم ئیسلاحاتە مەتلوبە و قەتعیە و ئیزالەی هەمو مەوانیعێک بکات کە ئەبێ بە سەبەبی عەدەم تەرەقی مەعاریفی ئەم مەنتیقەیە و ئیمەیش پێشەکی تەشەکوری ئەکەین.

بەغداد 1 ی حوزەیرانی 1928

مەعروف جیاووک نائیبی ئەربیل. ئیسماعیل ڕەواندزی نائیبی ئەربیل. محەمەد ساڵح نائیبی سلێمانی. محەمەد جاف نائیبی کەرکوک. سەبری نائیبی سلێمانی. عەبدوڵا موفتی نائیبی ئەربیل. جەمال بابان نائیبی ئەربیل. سەیفوڵا نائیبی سلێمانی. محەمەد سەعید نائیبی کەرکوک." (ژیان. ژ 118. 21 ی حوزەیرانی 1928).

ژیان لە ژێر ئەم یادداشتەدا نوسیویتی:

"بۆ ئەوەی فەعالیەت و ئیقتیداری مەبعوسە موحتەرەمەکانمان لە میلەت بگەیەنین. ئەو عەزم و تەشەبوساتەی کە بەم دوەتە کەمە لە خسوس مەعاریفی وڵاتەکەمانەوە کردویانە عەرزی قارئینی کیرام کرا."

لە پاش ستایشی ئەمین زەکی ئینجا ئەنوسێ:

"تەبیعی لەم دەورەیەدا چونکە مەبعوسەکانی تریشمان هەمو موقتەدیر و فەعالن لە ئێستاوە سەعی خۆیان پیشانی میلەتەکە دا ئومێد ئەکەین ئیتر بە سەبەبی فەعالیەت و عەزمی میلەتپەروەرانەیانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو تەرەقی بڕۆین و ئیستیرحام ئەکەین بۆ خاتری قەتعی موەفەقیەت بکرێ تەشریکی مەساعی بکەن و دەست لە ناو دەستی یەکتری بۆ بە جێ هێنانی هەمو ئامالێکی میلەتەکە بەزلی مەساعی و هیمەت بفەرمون چونکە لەم عەسرەدا هەمو شتێک بە یەکبونی ئەفکار و تەوحیدی مەساعیەوە پێک دێت. ئیتر دائیمەن تەمەنای موەفەقیەت و ئینتیزاری مەساعی حەسەنەیان ئەکەین خوا تۆفیقیان بدات."

4. 2. ویستنێکی مەشروع

لە ژ 166 ی 11 ی نیسانی 1929 دا بە ناونیشانی (ویستنێکی مەشروع)، دەقی یادداشتی هەندێ لە مەبعوسەکانی کوردی بڵاو کردۆتەوە سەبارەت بە هەندێ مافی نەتەوەیی کورد. ئەمە بە لوتکەی چالاکیەکانیان دائەنرێ. لێرەدا لایەنی کەمی خواستەکانی گەلی کوردیان پشت ئەستور بە بیانوی قانونی، بەڕێوەبەرایەتی، ئابوری، پەروەردەیی... دیاری کردوە و، داوایانْ لە کاربەدەستانی عیراق و بریتانی کردوە، بۆ قازانجی عیراق و کورد جێبەجێی بکەن:

ژیان لە پێشەکی یادداشتەکەدا نوسیویتی:

"بۆ تەلەبی تەتبیقی ئەو ئیمتیازەی کە هەیئەتی عالی عیصبەتول ئومەم لە حەلی ولایەتی موصلا بە کوردەکانیان بەخشیوەو بۆ ئەوەی ئەم حقوقە و ئەم ئیمتیازە بە تەواوی لە هەمو موحیتی کوردستانا تەتبیق بکرێ لە 4 ی ئەم مانگەدا لە تەرەف مەبعوسە موحتەرەمە کوردەکانەوە تەقریرێک تەقدیمی ڕەئیسەل وزەرای عیراق و فەخامەتی مەندوبی سامی کراوە. بۆ ئەوەی هەمو کوردەکان لەم مەسئەلەیە حاڵی بین صورەتێکیشی بۆ دەرجی لە غەزەتەدا بۆ ئیدارەخانەی ژیان نێردراوە.

"وا صورەتی ئەو موتالەبەیەی کە وەکیلە موحتەرەمە خۆشەویستە بە قیمەتەکانمان تەلەبیان کردوە بە تەرجومە کراوی نەشر کرا. وە دەرەجەی حسیات و مەسروریەتی میلەتەکەیش بەرامبەر بەم فەعالیەتەی کە وەکیلە خۆشەویستەکانمان بۆ محافەزەی حقوق و بۆ بەرزبونەوەی ولات و میلەتەکەمان کردویانە بە موفەصەلی عەرز ئەکرێ."

ئینجا دەقی یادداشتەکەی نوسیوەتەوە:

"فەخامەتی رەئیسەل وزەرای عیراق

"صورەتێکی بۆ فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق

"لەو وەقتەدا کە لیجنەی عیسبەتول ئومەم خەریکی حەلی مەسئەلەی موسڵ بو، لە تەقریرەکەیانا تەوسیەیان کرد بو بۆ دانی بەعزێ ئیمتیازاتی ئیداری بە میلەتی کورد.

"لە خسوس ئیدارەیانەوە و بۆ تەئمینی مەسالیحیان سەلاحیەت و حوریەتێکی کامیلیان پێ بەخشی بون، بەڵام مەعەلئەسەف ئەم ئیمتیازاتە کە لازم بو لە عمومی کوردستانا تەتبیق بکرێ، هەر مونحەسیر کراوەتە سەر لیوای سلێمانی و هەولێر و ئەم رێیەی لە خسوس تەتبیقی ئەم ئیمتیازەوە حالی حازر گیراوە، فائیدەیەکی عیلمی، ئیقتیسادی و ئیدارەیەکی باش، کە رەغبەتیان لە سەری بێ بە کوردەکان نابەخشێ.

"وە مەعلومە ئەم ئوسولە و ئەم رێیەی کە ئێستا بۆ تەتبیقی ئەم ئیمتیازە گیراوە و حکومەت زۆر سعوباتی تیا ئەکێشێ، نەتیجە فائیدەیەکی باشیشی نابێ بۆ کوردەکان.

"کەواتە لازمە بۆ تەتبیقی ئەم ئیمتیازە تەشکیلاتێکی عمومی و واسیعتر بکرێ کە زیاتر مولائیم بێ بۆ حقوقی کوردەکان. ئەو وەقتە بە تەبیعی ئەم بارە قورسەیش لە سەر شانی حکومەت سوک ئەبێتەوە.

"بە قەلبێکی سەمیمیەوە ئیستیرحام ئەکەین تەماشای مەتالیبەکانی خوارومان بکەن و، بە عەجەلە تەوەسول و سەلاحیەت بدەن بۆ ئەم تەشکیلاتە مەتلوبە موسیەیە.

1. لە فەخامەتتانەوە مەخفی نیە کە لیوای موسڵ لە وەزعیەتی حازرەیدا عیبارەتە لە 24 ناحیە و 9 قەزا و ئەم قەزایانەیش ئەمانەن: شێخان، عەقرە، زیبار، عەمادیە، زاخۆ، دهۆک، تەلەعفەر، سنجار و نەفسی قەزای موسڵ. وە ئەگەر بڵێین ئەکسەریەتی عەشایەر و ئەهالی ئەم قەزایانە موافیقی لوغەت، تاریخ و عادەتیان کوردن شتێکی تازە ناڵێین و، ئەو خەریتەیەی کە لیجنەی عیسبەتول ئومەم لە سەر ئەساسێکی جنسیەت لەم خسوسەوە رەسمی کردوە لە بەر چاومانە و بە ئاشکرا ئیسپات و ئیزاحی ئەمە ئەکات.

"غەیری ئەمەیش جەدەن زۆر زەحمەتە بۆ موتەسەریفی لیوای موسڵ کە دائیمەن لە ناو ئەم مەنتیقە واسیعەدا بگەرێ و ئاگاهداری هەمو ئەحوالی ئەهالیەکە بێ و، دیسانەوە بۆ ئەهالیش زۆر زەحمەتە کە بۆ ئیشی حکومەتیان دائیمەن بێنە مەرکەزی لیوا و، لە بەر رێ دوری و لە بەر ئەوەی کە لە زبانی کوردی زیاتر لیسانێکی کە نازانن و، لە بەر ئەوەی کە وەزعیەتی مالیەیشیان موساعید نیە. لە بەر ئەوە ئیقتیراح ئەکەین تەشکیلی لیوایەکی کوردی بکەن کە مەرکەزەکەی دهۆک بێ و بە لیوای دهۆک ناو ببرێ و، قەزای عەقرە، زیبار، عەمادیە، زاخۆ، مولحەقی ئەم لیوایە بێ و تەشکیلاتی ئەم لیوایەش بە پێی تەشکیلاتی لیواکانی ئێستای شیمال بێ و، معامەلاتی رەسمیەیان بێ بە کوردی.

2. وە لە فەخامەتتانەوە مەخفی نیە کە موازەنە و مقیاسی میلەتێک هەر مەعاریفە و هەر مەعاریف ژین و سەعادەت و ئیستیقبالی میلەتێک تەئمین ئەکات. وە عەکسی ئەمە ئەگەر میلەتێ مەعاریفی نەبێ مەحکومی مردن و زیلەتە و، ئەگەر بە مونسیفانە تەماشای وەزعیەتی مەعاریفی لیوا کوردیەکان بکەین و لە گەڵ مەعاریفی مەنتیقەکانی کەدا موقایەسەی بکەین موتەئەسیفانە چاومان پێ ئەکەوێ کە مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان بە دەرەجەیەک دواکەوتوە کە ئینسان موتەئەسیر ئەکات. وە وا ئەزانین ئەم دواکەوتنەی

مەعاریفیش هەر لە بەر ئەوەیە کە مەربوتی مودیریەتی عومیە لە بەغداد کە هیچ ئیهتیمام ناکات بۆ ئیکمالی ئەو واسیتانەی کە مەعاریفی ئەم مەملەکەتەی پێ تەرەقی ئەکات. وە غەیری ئەمیش ئەسبابێکی تری هەیە کە بە نیسبەتی سەدەوە میقدارێکی زۆر کەمی بۆ مەساریفی کوردستان سەرف ئەکرێت و ئیهتیمام ناکرێت بە تەرجومە و تەئلیفی کتێبان.

"لە بەر ئەوە ئیقتیراحیش ئەکەین کە بۆ مەعاریفی ئەم لیوا کوردانە مودیریەتێکی مەعاریف تەعین بکرێ کە مودیرەکەی کوردێک بێ و مەرکەزەکەیشی لە یەکێ لەم لیوا کوردییانەدا بێ.

"تەوحیدی ئیدارەی چوار لیوا کوردەکە بکرێت کە سلێمانی، کەرکوک، هەولێر و دهۆکە. وە بۆ ئەمانە تشکیلی موفەتیشیەتێکی عام بکرێت کە رەئیسەکەیان یەکێ بێ لە کوردەکان کە ئیقتیداری کیفایەتی بۆ ئەم وەزیفەیە مەعلوم بێ کە موراقەبەی هەمو ئیشوکاری ئەم لیوایانە بکات و موتەسەرپیفی لیواکانیش موراجەعەتی پێ بکەن و، سەلاحیەتێکی تەواویشی بدرێتێ و مەربوتی پایتەختی حکومەتی عیراق بێ و، لە لیوا کوردەکانا تەمسیلی هەمو وەزارەتەکان بکات. وە بۆ ئوموری مالیە، ئیقتیسادیە، سیحیە، عەدلیەیش هەیئەتێکی لە ژێر دەستا بێ بۆ ئیستیشارە.

4. تەلەب لە حکومەت ئەکەین کە سەعی بکات بۆ تەعدیلی بەعزێ مەواد لە قەوانینی عیراق دا. ئەوانەی کە ئەزانرێ بە نەزەری وەزعیەتی جوغرافیای ئەو مەنتیقەیەوە بۆ حقوقی ئەهالیەکەی موساعید نیە تەتبیق بکرێ و ئیقتیراح ئەکەین تەتبیقی مەوادی قانونی ئەرازی بکەن بە سورەتێک کە دائیرەی تاپۆ بە حەقی قەرار بتوانێ تەسجیلی ئەرازییان بۆ بکات بۆ مودەتێک کە لە دو ساڵ کەمتر نەبێ بۆ ئەوەی کە تەسهیلاتێک بێ بۆ مەسالیحی ئەهالیەکە و تەشجیعیشیان بکات کە بۆ تەسجیلی ئەرازیەکانیان تەشەبوس بکەن بە مەجانی.

5. ئیقتیراح ئەکەین بودجەی عومی ئەم مەملەکەتە مەنتیقەیە موافیقی نیسبەتی لای خوارەوە سەرف بکرێ. لە میزانیەی عومی ئەو مەبلەغەی کە بۆ دەوائیری مەرکەزیە تەخسیس ئەکرێ لێی تەنزیل بکرێ باقیەکەی تری مساواتەن، یا بە نیسبەتی نفوس، وە یا بە پێی واریداتیان، بە سەر لیواکانی کەدا تەقسیم بکرێ و، لازمە مەسئەلەی گومرگی عومیش بە نەزەرێکی دیقەت بگیرێ.

ئەی فەخامەتمەئاب! لە گەڵ ئەو حسیاتە چاکەی ئێمە هەمانە بەرامبەر بە حکومەت هیچ مانعێک نابینین بە ئیحتیرامەوە مەتالیبی میلەتەکەمان تەقدیمتان بکەین بە سیفەتێک کە رەئیسی حکومەتەکەن و، رجا ئەکەین ئەم مەتالیبە بە نەزەرێکی دیقەت تەحقیق بفەرمون کە چەند بۆ زەراعەت و تەرەقی ئەرازی و تورروقی مواسەلاتمان چاکە و، لە تەتبیقا چەند ئیدارەمان تەوسیع و وەزعیشمان چاک ئەکات. ئێمە غەیری شتێک نەبێ، کە تەتبیقی زۆر باش و مومکینە، تەلەبێکی تر ناکەین کە بۆ حاڵەت و وەزعیەتی مالیە و سیاسیەی عیراق خراپ بێت.

دیسانەوە تەعزیماتی فائیقەمان تەقدیم ئەکەین.

ئیسماعیل نائیبی هەولێر، جەمال کەزا (مەبەست ئەویش نائیبی هەولێرە. ئەم)، محەمەد ساڵح نائیبی سلێمانی، سەیفوڵا نائیبی سلێمانی، حازم نائیبی موسڵ، محەمەد جاف نائیبی کەرکوک."

لە پەراوێزی ئەم یاداشتەدا پێویستە چەند تێبینیەک تۆمار بکرێ:

یەکەمیان،

ئەم یاداشتە ئیمزای هەمو مەبعوسە کوردەکانی پێوە نیە. لە مەبعوسەکانی سلێمانی: ئەمین زەکی بەگ و صەبری حاجی عەلی ئاغا، لە مەبعوسەکانی هەولێر: داود حەیدەری و مەعروف جیاوک و عەبدوڵا موفتی، لە مەبعوسەکانی کەرکوک: حاجی عەلی قیردار و مستەفا یەعقوبی (ئەم دوانە تورکومان بون) و سەعید

ئەفەندی (مەبعوسی کفری)، لە مەبعوسەکانی بادینان: هیبەتوڵا ئەفەندی و عەبدوڵا نور محەمەد. ئیمزایان نەکردوە. بۆچی ئیمزایان نەکردوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە لێکۆڵەر بگەڕێتەوە بۆ فایلە نهێنییەکانی ئەو سەردەمەی عیراق و بریتانیا.

دوەمیان.

لەم یاداشتەدا داوای جیاکردنەوە و یەکخستنی قەزا و ناحیە کوردنشینەکانی موسڵ و دروستکردنی لیوایەکی تازە بە ناوی (لیوای دهۆک) هوە کراوە. بەڵام هەندێ ناوچەی لێ دەرهێنراوە.

سێیەمیان.

لەو سەردەمەدا چالاکەکانی کورد داوای دروستکردنی لیوایەکی تریشیان کردوە لە قەزا و ناحیە کوردنشینەکانی جنوبی عیراق، کە بەشێ بون لە لیواکانی بەغداد و عەمارە وەکو کفری، خانەقین، مەندەلی، بەڵام لەم یاداشتەدا باس نەکراوە. مەعروف جیاوک ئەم باسەی کردۆتەوە:

"سونالی مەبعوسی هەولێر حەزرەتی مەعروف بەگ جیاوک

"بەغداد: وەقتی خۆی مەبعوسی موحتەرەمی هەولێر مەعروف بەگ جیاوک بەرامبەر بە وەزارەتی داخلیە ئیقتیراحێکی کرد بو کە حکومەت پێویستە دو لیوای تازە ئیحداس بکا یەکێکیان بە ناوی دهۆکەوە و ئەوی تریان بە ناوی باجەڵانەوە. لە بەر ئەوە مەعلوم نەبوە حکومەت چ قەرارێکی داوە دیسانەوە پرسیاری لە وەزارەتی داخلیە کردوە." (ژیان، ژ 223، 16 ی کانونی سانی 1930).

چوارەمیان.

ئەم داواکارییانە ئەگەر لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرایە لەوانە بو زۆر لەو گیروگرفتانەی بە درێژایی مێژوی عیراق لە نێوان بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و حکومەتی عیراق دا رویان داوە، نەقەومانایە.

حکومەتی عیراق لە 1969 دا قبوڵی کرد لیوای دهۆک دروست بکرێ، ئەویش بە ناتەواوی و دوای ئەوەی زۆر جێگەی کوردنشینی لێ دەرهێنا و، هەندێکی تەعریب کرد. لیوای باجەڵان، نەک هەر دروست نەکرا، بەڵکو زۆری ئەو ناوچانە بە تەواوی تەعریب کران. هەمو کوردەکانیان لێ دەر کرد و عەرەبیان هێنایە شوێنەکانیان.

ساڵی 1970 دوای دانانی بە مافی نەتەوەیی کوردا لە سەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی هەندێ لەم داواکارییانە بە نیوەوناچڵ سەلمێنرا. سلێمانی و هەولێر و دهۆک لە یەکەیەکی بە ناو ئۆتۆنۆم دا یەکخران. بەڵام کەرکوک و زۆر لە ناوچە کوردنشینەکانی موسڵ و جنوبی عیراقی لێ دەرهێنرا. مەجلیسێکی تەشریعی و مەجلیسێکی تەنفیزییان بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆم دروست کرد. کورد بە گشتی بەم کارانە رازی نەبو. چونکە ئەمانەیان بە شێواندنی مافەکانیان دانا نەک بە سەلماندنی.

4. 3. هەوڵی یەکتەنی ئەمین زەکی

ئەمین زەکی کە لەم دەورەیە و لە دەورەی پێشودا مەبعوسی سلێمانی بوە چەند جارێ بۆتە وەزیری مەعاریف و ئەشغال و مواسەلات. لە گەڵ ئەوە یشدا هەندێ هەوڵی یەکتەنی داوە. بە تایبەتی بۆ کاروباری خوێندن و پەروەردە و کردنەوەی رێگاوبان. هەوڵەکانی خۆی لە دەورەی یەکەمدا لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا بە ناونیشانی (محاسەبەی نیابەت) چاپ و بڵاو کردۆتەوە. لەم دەورەیەشدا دو تەقریری داوە بە مەجلیس و (بەیانات) ێکی درێژی لە مەجلیسدا داوە. ژیان پوختەی هەردو تەقریر و، دەقی بەیاناتەکەی بڵاو کردۆتەوە:

خوڵاسەی دو تەقریر

"خوڵاسەیەکی دو تەقریری مەبعوسی موحتەرەمی سلێمانی مەعالی ئەمین زەکی بەگە کە تەقدیمی مەجلیسی عالی مەبعوسانی کردوە لە خسوس: مەعاریفی کوردستان و، تەشکیلی لیجنەیەکی عیلمی بۆ تەئلیف و تەرجومەی کتێبانی تەدریسەی کوردی و، بۆ ئیحداس و تەشکیلی مودیریەتێکی مەعاریف و، تەعینی موفەتیشینی کورد بۆ مەنتیقەی کوردەکان.

"خوڵاسەی تەقریری ئەوەل:

"لە لیوای موصل، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی دا حالی حازر 38 مەکتەبی کوردی تیا مەوجودە. لە مەکاتیبی ئیبتیدائی، سانەوی کوردەکانا لە سەر مینهاجی رەسمەی مەعاریف بۆ 58 مەوزوع، کە مەجبورن تەدریسی بکەن، تەنها بۆ دەرسێکیان کتێبی کوردی هەیە. بۆ مەوزوعەکانی کە، چونکە کتێب نیە، تەلەبەکان مەجبورن نۆت بگرن و لە سەر ئەو نۆتانە مەحکومی سەعی کردنن. لاکین لە سینفی ئەوەلیەکانا، چونکە تەلەبەکان بە تەواوی ناتوانن بنوسن، مومکینیان نابێ نۆتێکی سەحیح بگرن و لە خاریجی ئیمکانیانایە، لە غەیری ئەوەی کە بە غەڵەت و بە عەجەلە دەفتەرەکانیان رەش و پڕ بکەنەوە، ناتوانن سەعیەکی تر بکەن، لە بەر ئەمە زیهنیان بە مەعلوماتی غەیرسەحیحە ئیشغال و مانگو ئەکرێ. هیچ ویجدانێک قبوڵی ناکات ئەم تەلەبانە کە ئومێدی ئیستیقبالی کوردەکانن بە مەعلوماتی غەیرسەحیحە زیهن و دەماغیان مشەوەش و زەهراوی بکرێ.

"مەجبورین ئەم مەکتەبانەی کە کراونەتەوە بیکەین بە مونەسەسەیەکی مەعریفەت. بە وەسائیتی تەدریسەی چاک مادەتەن وە مەعنەن تەجهیزیان بکەین. لە بەر ئەمە ئیستیرحام ئەکەم بۆ ئەوەی دەستبەجێ دەست بکەن بە تەرجومە و تەئلیف. بە عەجەلە (لیجنەیەکی دائیمی) تەشکیل و لە کوردە منەوەرە موقتەدیرەکانی ئێرە ئەعزای بۆ تەعین بکەن."

"خوڵاسەی تەقریری دوەم:

"ئەو مەکتەبانەی کە لە لیوای سلێمانی، کەرکوک، هەولێردا مەوجودن قیسمێکیان لە تەرەف مودیریەتی مەنتیقەی موصل و قیسمێکیان لە تەرەف مودیریەتی مەنتیقەی بەغدادەوە ئیدارە ئەکرێن. لە بەر ئەمەی کە مودیری هەردو مەنتیقەکان کوردی نازانن و عادەتەن بێگانەن بەم لیسانە ناتوانن تەفتیش و موراقەبەی مەکتەبەکان بکەن و، لە قودرەتی تەدریسەی موعەلیمەکان تێ ناگەن و بە تەواوی عاجزن کە ئیسلاحی تەرزی جەرەیانی ئوسولی تەدریسەی مەکتەبەکان بکەن. لە بەر ئەم وەزعیەتە چونکە مەکتەبە کوردیەکان لە موراقەبە و نەزارەتێکی موتەمادی مەحرومن و نەتیجە بوە بە سەبەبی عەدەم تەرەقی و تەکامولیان. لە بەر ئەوە تەلەب ئەکەم ئەو مودیریەتی مەنتیقەی کە دوسێ ساڵ لەمەوپێش بۆ ئەم خسوسە هەبو بە عەجەلە ئیحداس و ئیعادەی بفەرمونەوە و مەکاتیبی سلێمانی، کەرکوک و هەولێر رەبتی ئەم مودیریەتە بکەن و مودیرێکی کوردی بۆ تەعین بفەرمون.

"وە لە عەینی زەمان دا بۆ 16 مەکتەبە کوردیە کە لە لیوای موصل دا هەیە، بۆ تەفتیش و موراقەبەیان موفەتیشینی کوردی موقتەدیر ئیستیخدام و عەلاوەی قادرزی مەنتیقەی موصلی بکەن. موحەقەق لێم مەعلومە کە مەجلیسی عالیتان ئەبێ بە زەهیری ئەم تەلەب و ئومێدم تەرویج ئەفەرمون." (ژیان، ژ 118، 21 ی حوزەیرانی 1928).

تێبینی:

1. بەیاناتی ئەمین زەکی لە مەجلیسی مەبعوسان دا لە ژمارەکانی 128 و 129 و 130 و 131 و 133 و 134 و 137 دا بڵاو کراوەتەوە.

2. ئەمین زەکی لە نامیلکەیەک دا بە ناوی (محاسبەی نیابەت) هوە باسی هەوڵەکانی خۆی ئەکا لە دەورەی یەکەم دا.

بەو بۆنەیەوە کە ئەمین زەکی هەڵبژێرراوە بە نائیبی رەئیسی مەجلیس ژیان نوسیویتی:

"تەشەکوری مەبعوسەکان ئەکەین

"مەجلیسی مەبعوسان لە ئیبتیدای 1 ی ئەم مانگەدا بە سورەتێکی ئیعتیادی ئیجتیماعی فەرمو. لە دوای خوێندنەوەی خیتابی عەرش موافیقی قانون داخلی مەجلیس دەست کرا بە ئینتیخابی رەئیس و نائیبی رەئیس. نەتیجە: بە ئەکسەریەتی ئارا فەخامەتی عەبدولعەزیز بەگ قەساب رەئیسی سابیق دیسانەوە بە رەئیس و مەندوبی موحتەرەمی سلێمانی مەعالی ئەمین زەکی بە نائیبی رەئیس ئینتیخاب کران...." (ژیان، ژ 138، 19 ی تشرینی دوەمی 928)

ژیان لە (ژ 132) دا (تەشریف) هێنانی (رەئیسی عالی مەجلیسی مەبعوسان) عەبدولعەزیز قەساب (سیرف بە فکری سیاحەت و بۆ چاو پێ کەوتنی سلێمانی) و، لە (ژ 138) دا هەواڵی سەردانی جەمال بابان و سەیفوڵا بەگی بڵاو کردۆتەوە و سەروتاری (ژ 139) ی تەرخان کردوە بۆ ستایشی (ئەم دو سیما عالیە چونکە ئەونیهالێکی پێگەیشتوی باغی ئەم وەتەنەن و لە عائیلەیەکی گەورەی ساحیب حقوق و خۆشەویستی ئەم خاکەن و چونکە خۆیشیان زۆر خەدەماتی فائیقەیان لە ئەزەر ئەم میلەتەدا سیبقەتی کردوە...).

4. 4. دەنگدانەوەی داواکاریەکان

ئەو یاداشتەی هەندێ لە مەبعوسەکان دەربارەی مافی نەتەوەیی کورد دایان بە سەروەزیرانی عیراق و مەندوبی سامی، لە ئاستی جیاوازدا بە جۆری جیاواز دەنگی داوەتەوە:

لای کورد

ژیان لە پاینی یاداشتەکەدا ئەم لێدوانەی خۆی نوسیوە:

"ئەی وەکیلانی میلەت، ئەی خۆشەویستانی هەمو قەومی کورد!

سورەتی تەرجومەکراوی تەقریرە بە قیمەتەکەتان کە لە نوقتەی محافەزەی حقوقی میلەتی کوردەوە داوتانە لە سەرەوە دەرج کرا.

"فەعالیەت و جدییەتێک کە بۆ ئیحقاقی حەقێکی مەشروعی کوردەکان و بۆ تەرەقی و تەعالیان ئیبرازتان فەرموە، سرور و خۆشیەکی خستە دڵی هەمو میلەتی کوردەوە.

"میلەت خۆی زۆر بە بەختیار ئەزانێ کە وەکیلێکی عالی و بە قیمەتی وەکو ئێوەی هەیە. بۆ ئەم مەتالیبە مەشروعەی کە ویستوتانە هەمو پشتیوانین.

"بە خسوسی بە ناوی ژیانەوە و بە عومومی بە ناوی میلەتی کوردەوە تەشەکورتان ئەکەین. هەر بژین! ژیان" (ژیان، ژ 166، 11 ی نیسانی 1929).

لە ژ 166– 167 دا تەلگرافی پشتیوانی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و سکرتێری کۆمەڵی زانستی و ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیر، بازرگان، کەسایەتی ناسراو، سەرانی عەشایەری سلێمانی بڵاو کردۆتەوە.

ژیان لە سەروتاری ژ 167 دا بە ناونیشانی: (ئەم ئیمتیازەی کە بە کوردەکان بەخشراوە تەتبیقی مەجبوریە) نوسیویتی:

"لـە ڕۆژنامـەی ژمـارە 167 (ڕاسـتەکەی ژمـارە 166 ە. نـم) و 11 ی نیسـان تاریخـا سـورەتی تەرجومەکراوی تەقریرێکی وەکیلە خۆشەویستەکانمان نەشر کرد کە بۆ تەتبیقی ئەو ئیمتیازەی کە عیسـبەتول ئومەم بە کوردەکانی بەخشیوە، بە حکومەتیان دابو.

"ئێمە ئەمانەوێ بەرامبەر بەم تەقریرە و موقابیل بەم تەلەبە مەشروعەیە حسیاتی خۆمان و میلەتەکـەمان عەرز بکەین.

"لە هەمو میلەتی عیراق و خسوسەن لە پیاوە سیاسیەکانیەوە مەخفی نیە کە میلـەتی کـورد و هـەمو پارچەیەکی – ئەوانەی لە ژێر ئیدارەی تورک وە یا ئێرانا ئەژیان – وەکو سائیری ئەقوامی زەعیفەی تـر هەرچەند ئیدارەیەکی سەربەخۆیان نەبو، بەڵام لەو زەمانەیش دا دیسـانەوە عەنعـەناتی تاریخیـە، زبـان و هەمو عاداتیان محافەزە کرد بو. بەڵام وەقتێک کە هەمو حکومەتە گەورەکان پرنسـیپی جـەنابی ویلسـنیان قبوڵ کرد و کە نەتیجەی شەڕی گەورە هات و لە دوای موتارەکە و موسالەحە ئەکسەر لەو میلەتە زەعیفانـە ئیستیقلالیەتی تامەیان درایە و ئەوانی تریشیان مەسەلەن وەکو عیراق، سوریە، فەلەسـتین و کوردسـتان... چونکە قابیل نەبو و نەیانتوانی بە تەنها بۆ خۆیان بژین قەرار درا هەتا قابیلیەت پەیدا ئەکەن بە سورەتی ئینتیداب بژین.

"دیسانەوە مەخفی نیە وەقتێک کە حکومەتی فەخیمە و عیراق ئەم وڵاتەی ئیستیلا کرد، حقوقی تەواوی بە کوردەکان بەخشی و لە ژێر ئیدارەی حکومەتی فەخیمەدا ئیدارەیەکی سەربەخۆیان بۆ تەشکیل کـرا. بـەڵام وەقتێک کە عیراق داوای حقوقی موقەدەسەی خۆی کرد، چونکە مەعلوم بو کە عیـراق هـەر عـەرەب نیـە و، لـە ئەقوامی موختەلیفە تەشەکولی کردوە، چونکە مەعلوم بو لە گەڵ کوردەکانا ئەکسەر مەنافیعیان موشـتەرەکە و لازم و مەلزومی یەکترین و باخسوس لە حەلی ولایەتی موسڵا چونکە لیجنەی عیسبەتول ئومـەم لـێی مـەعلوم بو کە ئەکسەری سەکەنەی ئەم ولایەتە کوردە و عادەتەن وڵاتێکی کوردیە، مەجبورەن لە سەر فکـر و تەنسـیبی حکومەتی فەخیمە و بە قەراری عیسبەتول ئومەم ئیدارەی ئەم دو میلەتە تەوحید کرا و لە هەردولا حکومەتێکی عیراق هێنرایە وجود. وە بۆ ئەوەی ئەم دو میلەتە هەتاکو سەر بە یەکەوە بـژین موتەئەسـیر نـەبن و حقـوقی یەکتری غەسب نەکەن. وە هـەردولا عەنعـەناتی میلیەیـەیان بـاقی بـێ و بـەو ئـاوەوە تـەرەقی بکـەن، بـەعزێ ئیمتیازیان دا بە کوردەکان و، لە عەلاوەی کوردستان بە عیراق دا ئەم ئیمتیازە بە شەرت گیـرا. بـەڵام چونکـە لەوساوە ئەم ئیمتیازە قیسمێکی کەمی لە بەعزێ وڵاتە کوردەکانا تەتبیق ئەکرێ و لە ئەکسەری وڵاتـەکانی تـرا بە قەتعی هیچی تەتبیق نەکراوە. ئەم موجیبەتە و ئەم رابیتەیە کە لیجنەی عالیەی عیسبەتول ئومەم ئەیویسـت بە تەواوی تەئمین نەکرا.

"لە بەر ئەوە چونکە میلەتی کورد زانی ئەگەر مەسئەلە هەروا بمێنێتەوە ئەک تەرەقی ناکا بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەودوا ئەڕوا بە قەتعی قەراری دا کە داوای حقوقێکی مەشروعەی خۆی بکات و، نەتیجە لە سەر ئارەزو و خواهیشی عمومیەی میلەتەکە وەکیلانی میلەت تەلەبی ئەم حقوقەیان کرد.

"ئینجا ئەی وەتەنپەروەرە موحتەرەمەکان، ئەی پیاوە سیاسیەکانی عیراق! ئەبێ بـزانن ئـەم مەسـئەلەیە هەر فکرێکی خسوسـی وەکیلـەکانمان نیـە، بـەڵکو ئارەزویـەک و تەلـەبێکی قـەتعی عـومی میلـەتی کـوردە. تەئمینتان ئەکەین ئەم مەسئەلەیە بە واسیتەی ئەسبابێکی ترەوە پەیـدا نـەبوە. بـەڵکو کـورد مـەجبورە تەلـەبی حقوقێکی مەشروعی خۆی بکات.

"ئێوە چۆن میلەتی خۆتان خۆش ئەوێ و ئەتانەوێ حوڕ و سەربەست بژین، کوردیش بۆ عەینی غایە هەوڵ ئەدات و، لازمە ئینسان مادام میلەتپەروەر بو حورمەتی میلیەتی میلەتێکی تریش بگرێ و، ئەمە لە دنیـادا قانونێکی تەبیعیە.

"وە ئیسانەوە ئەبێ بزانن ئەم ئیمتیازە کە دراوە بە کوردەکان هەر بۆ ئەوەیە کە موحیبەتێکی ئەبەدی بەین تەئمین بکات و هەر بۆ ئەوەیە کە مەنافیعێکی موشتەرەکی لێ بێتە وجود و. بەم سەبەبە هەردولا تەرەقی بکەن. لە بەر ئەوە ئەبێ ئەم ئیمتیازەی کە پێیان بەخشراوە حەرفیەن تەتبیقی بکەن و حەتا لەمیش زیاتر و لە پێش خۆتانەوە بۆ تەرەقی و تەعالیان سەعی بکەن. وە ئیلا ئەگەر هەروا بمێنێتەوە ئەک هەر کوردەکان دوا ئەخات. بەڵکو ئەبێ بە سەبەبی دواکەوتنی هەردولا.

"ئیستیرحام ئەکەین. وەکیلەکانمان. بۆ ئەوەی ئارەزوی عمومی ئەم میلەتە تەئمین بکرێ. ئەبێ بۆ ئەم مەسئەلەیە بە جدی سەعی بکەن و لێی سارد نەبنەوە و بە عەجەلە و بە قەتعی ئەم ئیمتیازە لە هەمو کوردستانا تەتبیق بکەن و. رجایش لە حکومەت و ئەولیای ئومور ئەکەین بۆ ئەوەی ئەم وەحدەتە هەر باقی بێ. ئیستیرحامنامەی ئەم میلەتە و وەکیلەکانمان تەرویج بفەرمون. کە نەتیجە حکومەتێکی گەورە و موتەرەقی و بە ناوی عیراقەوە لێوە بێتە وجود." (ژیان، ژ 167، 15 ی نیسانی 1929).

لای رۆژنامەکانی عیراق

بۆ زانینی دەنگدانەوەی ئەم یاداشتە لە رۆژنامە عەرەبیەکانی عیراق دا پێویست ئەکا سەیری رۆژنامەکانی ئەو کاتە بکرێ. ژیان وەڵامی یەک رۆژنامەی داوەتەوە کە ئەویش العراقە.

"جوابی غەزەتەی العراق بە تاریخی 9 ی نیسانی 929

"بەرامبەر بەو تەقریرەی کە وەکیلە خۆشەویستەکانی میلەتی کورد بۆ تەلەبی حقوقی میلەتەکە دابویان لە غەزەتەی العراق ی 9 ی نیسانی 929 تاریخ دا چاومان بە چەند دێرێک کەوت.

"ئێمە چونکە زبانی حاڵی میلەتی کوردین هەرچەند لە سەرمان واجیب بو جوابی بدەینەوە بەڵام بۆ ئەوەی حسیاتی کوردەکان تەحریک و نەتیجە شتێکی خراپ تەولید نەکات ئەمانویست دورودرێژ جوابی بدەینەوە.

"هەر ئەمەندە ئەڵێین بۆ العراق زۆر عەیب و فکرێکی غەڵەتە کە بە هەمو حسیاتەوە میلەتێکی شەجیع، ساحیب شەرەفی وەکو کورد تەهدید ئەکات و ئەیترسێنێ بەوەی کە ئەڵێ (کوردەکان تەلەبی وا بکەن وەکو ئیدیعای ئەرمەنیەکانی لێ دێت کە موقابیل بە تورکیا کردیان و نەتیجە بەم حاڵە گەیشتن).

"ئەی ساحیب و موحەریری العراق! بە جدی عەرزت ئەکەین کورد هیچ وەقتێک خۆی بە ئەرمەنی نازانێ و عیراقیش بە تورکیا. کورد بەو شەرتە لە گەڵ عیراقا ئەژی. ئەک وەکو غەزەتەکانی خاریج ئەڵێن و ئەنوسن (ئەبێ ئەم دو میلەتە وەکو بریتانیا و ئسکۆتلاند بژین و تەماشای یەکتری بکەن) بەڵکو کورد ئەیەوێ زیاتر تەماشای بکرێ.

"رجا لە ئەولیای ئومور ئەکەین ئەگەر ئەیانەوێ ئەم دو میلەتە بە یەکەوە بژین نابێ مەیدان بدەن شتی وا بنوسرێ. چونکە غەزەتەکانی کوردیش مەجبور ئەبێ موقابیل بە هەمو تەعەروزێک ئەک مودافەعە، بەڵکو هجوم بکات. هەر ئەوەندە ئەڵێین." (ژیان، ژ 167، 15 ی نیسانی 929).

لای کاربەدەستان

لە ژیان دا هیچ جۆرە کاردانەوەی کاربەدەستانی عیراقی و بریتانی بە دی ناکرێ بەڵام بێگومان لە بەر ئەوەی بە باشیان نەزانیوە هیچیان لێ جێبەجێ نەکردوە.

5. هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس

"حەلی مەجلیسی مەبعوسانی عیراق و.

"ئەمری ئینتیخاباتی تازە

"بەغداد: ئیرادە دەرچوە لە سەر حەلی مەجلیسی مەبعوسان و دەستکردن بە ئینتیخاباتی تازە." (ژیان، ژ 249، 7 ی تەموزی 1930).

عیراق لەو ماوەیەدا نائارامیەکی سیاسی- وەزاری زۆری بە خۆیەوە دیوە. چەند جاریێ وەزارەتەکان گۆڕاون.

عەبدولموحسین سەعدون لە نیسانی 1929 دا ئیستیقالەی کرد. مەلیک فەیسەڵ تۆفیق سویدی تەکلیف کرد وەزارەت پێک بهێنێ:

"وەزارەتی تازەی عیراق

"لە غەزەتەکانی بەغدادەوە – 29 و 4/30/ 929

"مەعلومە کە لە بەر بەعزێ مەسائیلی سیاسیە چەند مانگێک لەمەوپێش وەزارەتی عیراق کە قابینەی فەخامەتی سەعدونیان پێ ئەوت ئیستیعفای کرد بو و هەتا ئەم بەینە هەر بە وەکالەت ئیشی ئەکرد و حکومەتی عیراق لە حالێکی موشکیل دا مابوەوە. بەڵام لەم ڕۆژانەدا بۆ ئەوەی ئیتر نیهایەت بەم حالە بهێنرێ دەست کرا بە تەشەبوسات بۆ ئەوەی قابینەیەکی تازە تەشکیل بکرێ. نەتیجە قەرار درا کە لە ریاسەتی فەخامەتی تۆفیق بەگ ئەلسویدیدا وەزارەت تەشەکول بکات.

"ڕۆژی یەکشەمەی 29/4/28 بە موناسەبەتی دەرچونی ئیرادەی ملوکانەوە لە دائیرەی ڕەئیسەلوزەرای عیراق حەفلەیەکی موحتەشەم کرا و هەمو گەورەی دائیرەکان و موستەشارەکانی حکومەتی فەخیمەی ئینگلیز کۆبونەوە لە حالێکا کە فەخامەتی تۆفیق بەگ ئەلسویدی یش لەوێ حازر بو.

"وە لەو حەلەدا وەکیلی ڕەئیسی دیوانی مەلەکی و مورافیقی خاسی جەلالەتی مەلیک بە ئۆتۆمۆبێلی مەخسوسی ملوکانە تەشریفیان هێنایە ئەو مەوقیعەوە. لە تەرەف تاقمێک پۆلیسەوە و هەمو حازیرونەوە ئیستیقبال کران.

"ئیرادەی جەلالەتی مەلیک کە لە بابەت ڕەئیسەل وزەرایەتی تۆفیق بەگ سویدیەوە دەرچوبو تەسلیمی سکرتێری مەجلیسی وزەرا کرا. لە دوای ئەوەی کە مەراسیمی ئیحتیرامکارانە بۆ ئیرادەکە کرا لە تەرەف سکرتێری مەجلیسەوە بە دەنگێکی بەرز خوێنرایەوە کە مەئالەکەی لای خوارەوە عەرز کرا.

"لە دوای ئەوەی کە فەخامەتی تۆفیق بەگ سویدی بەرامبەر بە ئیرادەکە تەشەکوراتی لازمەی بە جێ هێنا و هەمو حازیرون موبارەکبایییان لێ کرد بە ئۆتۆمۆبێلی خسوسی تەشریفی بردە قەسری مەلەکی و بیلزات لەوێش بەیانی مەمنونیەتی فەرمو." (ژیان، ژ 172، 6 ی مایسی 1929).

"سورەتی ئیرادەکەی جەلالەتی مەلیکی گەورەی عیراق

"فەخامەتی وەزیر تۆفیق سویدی!

"بینا لە سەر ئیستیعفای فەخامەتی عەبدولموحسین بەگ و بینا لە سەر ئەوەی کە ئیعتیمادی تەواوم بە دیرایەت و ئیخلاسی ئێوە هەیە وا مەنسەبی ڕەئیس ئەلوزەرایەتیم تەودیع کردی کە ئێوەش بە عەجەلە وەزیرەکانی ڕەفیقتان ئینتیخاب بکەن و ناویان عەرز بکەن. هەر خوا موەفەقیەت ئەدا. فەیسەڵ مەلیکی عیراق" (ژیان، ژ 172، 6 ی مایسی 1929).

لێدوانی ژیان:

"ئەم ئیرادەیە لە 28 ی نیسانی 929 و 19 ی زیلقەعیدەی 1347 لە قەسری مەلەکیدا نوسراوە.

"لە سەر ئەمە فەخامەتی رەئیسەلوزەرایش لە عەینی رۆژدا وەکو لە غەزەتەی پێشودا ناویان عـەرز کـرا، مەعالی وەزیرەکانی ئینتیخاب فەرموە و عەرزی جەلالەتی مەلیکی کردوە.

"تەشکیلی قابینەی تازەی عیراق لە سەرەوە عەرز کرا. ئەم قابینەیـە و ئـەم وەزیـرە موحتەرەمانـە چونکـە هەمویان لە کۆمەڵی (تقدم) ن و ئەم کۆمەڵەیش لە عیراقا ئەهمیەت و مەوقیعێکی بەرزی هەیە و ئەکسەریەتی پەیـدا کردوە و لە هەمو شتێکا ساحیب رەئین. جگە لەمەیش چونکە ئەمجارە لەم قابینەیەدا دو وەزیری کـوردیش هەیـە، ئومێدمان گەورەیە کە بە هەمویەتی بۆ عیراق و بە تایبەتی بۆ کوردستان خدمەتێکی گەورە بفەرمون.

"جگە لەمەیش جاران کەلە هەمو قابینەیەک دا وەزیرێک هـەبو ئـەمجارە دو وەزیـری کـوردی تێدایـە، ئەمەش دەلیلە کە ئیتر لە بەینی ئەم دو میلەتەدا فەرق و فروق نەماوە و ئیتر هەردولا وەکو بـرا ئـەژین و بـۆ عەینی غایە کە بەرزی و بڵندی و پێشکەوتنی عیراقە سەعی ئەکرێ. ئەمەیش ئینکار ناکرێ کە ئەم چاودێرییە و ئەم لوتفی حکومەتە هەموی بە سەبەبی هەوڵ و تەقەلای وەکیلە موحتەرەمەکانمانەوە پێک هاتوە.

"لە بەر ئەوە بە ناوی میلەتی کوردەوە موبارەکبایی لە وەزیرە موحتەرەمەکانمان و تەمەنای موەففەقیـەتی ئەم قابینەیە ئەکەین.

"دیسانەوە ئیستیرحام و تەمەنایان لێ ئەکەین کە بە هەمو توانایانـەوە بـۆ پێشـکەوتنی عیـراق و بـۆ ئیکمالی نەواقیساتی کوردستان جەهد بفەرمون." (ژیان. ژ 172، 6 ی مایسی 1929).

"پرۆغرامی وەزارەت

"بەغداد. هەرچەند بە رەسمی هێشتا پرۆغرامی وەزارەتی تازە مەعلوم نەبوە، بەڵام لە ئـەوەل ئیجتیمـاع دا قەراریان داوە لە پێش هەمو شتێکا بۆ بەرزی و بڵندی و دەوڵەمەندی عیراق چی پێویستە ئیجرای بکـەن و بونجە بەو دەوعە تەنزیم و ئیسلاح بکـەن کـە نەتیجـە زەرەر و زیـانێکی نـەبێ بـۆ عیـراق. وە بـۆ تـەئلیفی جەیشێکی مونتەزەمی عیراق سـەعی بکـەن دایـا بـە سـورەتی ئیجبـاری وە یـا غـەیرە ئیجبـاری. قـەوانین و معامەلاتی نفوس ئیکمال بکەن.

"وە بۆ عەدەم ئیستیخدامی هنودی غەیرە عیراقی سەعی بکەن و لـە جـێی ئـەوان عیراقـی ئیسـتیخدام بکەن." (ژیان. ژ 172، 6 ی مایسی 1929).

....

وەزارەتەکەی سویدی تەمەنی درێژ نەبو. مەلیک داوای ئیسـتیقالەی لـێ کـرد و، سـەرلەنوێ سـەعدونی تەکلیف کردەوە.

•

"قابینەی تازەی عیراق

"لە سەر ئیستیفقای فەخامەتی تۆفیق بەگ سویدی رۆژی 19 ی ئەم مانگە ئیرادەی ملوکانە صادر بـو بە تەعینی فەخامەتی سێر عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون بۆ رەئیس ئەلوزەرایەتی و فەخامەتیشی وەکو لای خوارەوە دەرج کراوە ناوی ئەو وەزیرانەی دا کە داخلی قابینەکەی ئەبن.

"لە عەینی رۆژدا ئیرادە سادر بو بۆ تەعینی موشار ئیلەیهیماش و بەم موناسەبەتەوە لە دیوانی رەئـیس ئەلوزەرادا کۆمەڵێک بەسترا لە دوای خوێندنەوەی ئیرادەکە حازیرون دوعای عومر و ئیقبالی جەلالەتی مـەلیکی موعەزەمیان کرد.

رەئیس ئەلوزەرا و وەزیری خاریجیە	فەخامەتی سێر عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون
وەزیری داخلیە	مەعالی ناجی پاشا ئەلسویدی
وەزیری مالیە	مەعالی یاسین پاشا ئەلهاشمی
وەزیری عەدلیە	مەعالی ناجی شەوکەت
وەزیری ئەشغال و مواسەلات	مەعالی ئەمین زەکی بەگ
وەزیری دیفاع	مەعالی نوری پاشا ئەلسەعید
وەزیری مەعاریف	مەعالی عەبدولحسەین چەلەبی
وەزیری رەی و زەراعەت	مەعالی عەبدولعەزیز بـەگ قەسـاب (ژیـان. ژ 200، 26 ی ئەیلولی 1929)

سەعدون خۆی کوشت

"زیاعێکی ئەلیم

"لە حالێکا کە غەزەتەکەمان لە تەواوبون دا بو بە شیدەتی ئەسەفەوە خەبەرمان وەرگرت کە رەسمەن بۆ مەقامی سەعادەتی موتەسـەریفی تـەلغرافێک هـاتوە مەئالەکـەی ئەمەیـە کـە: فەخامـەتی سـێر عەبدولموحسـین ئەلسەعدون رەئیس ئەلوزەرای عیراق ئەمشەوی رابوردو لـە مـاڵی خـۆی‌دا (ئینتیحـار) و وەفـاتی کـردوە. وە وەسیتێکی تاریخی بۆ ئەولادی بە جێ هێشتوە.

"ئەم خەبەرە فەجیعە وەکو سائیقەیەکی ناگەهانی زەربەیەکی لە عالەم دا و رەعشەیەکی ئەبـەدی خستە وجودی هەمو کەسێکەوە. جەدەن غەیبوبەتی ئەبەدی ئەم داهی‌یە کە لە عیراقـا ئەوەڵـەمین زات و موشار بیلبەنان و باعیسی فەخری عومومی بو. جێی تەئەسوفە و هەتاکو قیامەت ئەم ئەسەفە باقی ئەبێ لە فکر ناچێتەوە.

"بە ناوی عومومە عیراق و خاسەتەن بە ناوی میلەتی کـوردەوە ئیزهـاری ئەسـەف و بـەیانی تەعزیـەت ئەکەین. وە بەم موناسەبەتەوە لە هەمو مەراکیزدا بەیداخی حکومەت شۆڕ کرایەوە.

"لەم خسوسەوە لە غەزەتەی داتی‌دا تەرجەمەی ئەسەفی میلەتەکەمان و تەفسیلاتی لازمـە عـەرز ئەکـەین." (ژیان. ژ 211، 14 ی تشرینی دوهمی 1929).

بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی بە خۆکوشتنی سەعدون دروست بو بو پڕ بکرێتەوە. فەیسەڵ ناجی سـویدی تەکلیف کرد وەزارەت تەشکیل بکا.

"قابینەی تازە

"ئیرادەی ملوکانە سادر بوە بۆ تەشکیلی وەزارەتی تازە لە ریاسەتی ناجی پاشا ئەلسویدی‌دا. بـەڵام لـە بەر وەفاتی عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون هیچ مەراسیمێکی بۆ ناکرێ. وەزیرەکان وەکو لای خوارەوەن:

رەئیس ئەلوزەرا و وەزیری خاریجیە	ناجی پاشا ئەلسویدی
داخلیە	ناجی شەوکەت
مالیە	یاسین پاشا ئەلهاشمی
عەدلیە	عەبدولعەزیز قەساب
وەزیری دیفاع	نوری پاشا ئەلسەعید
مواسەلات و ئەشغال	مەعالی ئەمین زەکی بەگ

رەی و زەراعەت خالید سلێمان

وەزیری مەعاریف عەبدولحسەین چەلەبی

(ژیان، ژ 213، 21 ی تشرینی دوەمی 1929)

وەزارەتەکەی ناجی سویدی تەمەنی کورت بو. عیراق لە بەردەم گرێدانی رێکەکوتننامەیەکی گرنگ دا بو لە گەڵ بریتانیا. بەندەکانی ناو رێککەوتنەکە بە ئاسانی و بە بێ مشتومڕ، نەیئەتوانی لە مەجلیس تێ بپەڕێ. نوری سەعید وەزارەتی نوێی پێکهێنا. نوری پاشا بۆ ئەوەی دەنگی ئەندامانی مەجلیس بۆ موافەقەت لە سەر پەیماننامەکە زامن بکا، وەزارەتێکی پێک هێنا کە هەڵبژاردنی بکا ئەنجامەکەی مسۆگەر بێ.

"مینهاجی قابینەی تازەی عیراق

"بەغداد، رەئیس وزەرای عیراق فەخامەتی نوری پاشا ئەلسەعید ئەو مینهاجەی کە لە گەڵ وەزیرەکانیا قەراریان داوە تەعقیبی بکەن تەقدیمی جەلالەتی مەلیکی فەرموە و جەلالەتی مەلیکی موعەزەمیش قبوڵی فەرموە.

"مینهاجەکەیان عیبارەتە لە 3 مەسئەلە:

1. بۆ وەرگرتنی ئیستیقلالیەتی تامی عیراق لە گەڵ داری ئیعتیمادا دەست کردن بە موزاکەرە بۆ موعاهەدەیەکی تازە.

2. مەسئەلەی ئیقتیسادیاتی عیراق.

3. وەرگرتنی مەسئولیەت یەعنی ئیدارەی داخلی عیراق لە عیراقیەکان مەسئول بێ." (ژیان، ژ 233، 3 ی نیسانی 1930)

3. ژیان و مەجلیسی نواب (دەورەی ئینتیخابیی سێیەم)

(1932/11/8 - 1930/11/1)

دەورەی ئینتیخابیی سێیەم

"ئینتیخاباتی تازەی مەبعوسان

"لە وەزارەتی داخلیەوە رەسمەن ئەمر دراوە کە پێویستە لە هەمو مەناتیقی عیراق دا لە رۆژی 10 ی تەموزدا موافیقی قانونی ئینتیخابات دەست بکرێ بە موعامەلەی ئینتیخابیە و ئەبێ لە 10 ی ئەیلول دا تەواو بێ." (ژیان، ژ 250، 10 ی تەموزی 1930).

6 ی رەشی ئەیلول

ئەرکی سەرەکی ئەنجومەنی داهاتو ئەوە بو کە پەیماننامەی بریتانی- عیراقی پەسند بکات. نوری سەعید ئەیویست ئەنجومەنێک هەڵبژێردرێ بێ مشتومڕ و بگرەوبەردە دەنگ بە قازانجی پەیماننامەکە بدا. پاش ئیمزا کردنی ئەم پەیمانە عیراق لە ژێر ئینتیدابی بریتانی دەرئەچو. بە ناو سەربەخۆیی وەرئەگرت و. ئەبو بە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان.

لە هیچ مادەیەکی ئەم پەیمانەدا ئیشارەت بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی کورد نەکرابو. بە تایبەتی ئەو مافانەی کاتی نوساندنی ولایەتی موسڵ بە عیراقەوە داوا لە عیراق کرا بو دەستەبەریان بێ. نیشتمانپەروەرانی کورد ئەترسان دوای ئیمزا کردنی ئەم پەیمانە. حکومەتی عیراق لەو مافانە پەشیمان بێتەوە کە بەڵێنی بە کورد دابو. لە بەر ئەوە لە سلێمانی بڕیاری (موقاتەعە) یان دا.

رۆژی 6 ی ئەیلول کە ئەبو دەنگدەرانی سلێمانی بۆ هەڵبژاردنی (هەیئەتی تەفتیشیە) لە سەرای سلێمانیدا کۆ ببنەوە. خەڵکی سلێمانی. بە تایبەتی قوتابیانی کۆمەڵەی زانستی کوردان و دوکاندارەکانی ناو بازاڕ و گەنجەکانی شار بۆ خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی لە بەر دەرکی سەرا کۆبونەوە. کاروباری سلێمانی کە لەو کاتەدا بە دەس کاپتن گاون وەکیلی موفەتیشی ئیداریەوە بو. بۆ بڵاوە پێ کردنی خۆپیشاندەران کەوتە بەکارهێنانی زەبروزەنگی پۆلیس. لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی پۆلیسدا

پشێوی دروست بو. لە هەردو لا چەند کەس بریندار بون و کوژران. گاوڕ هێزەکانی جەیشی عیراقی بانگ کرد بۆ ئەوەی پشێوییەکە دابمرکێننەوە. جەیش بە توندی لە بەشدارانی خۆپیشاندانەکەی دا. دەیان کەسی لێ کوشتن و، دەیان کەسی لێ بریندار کردن. بە زۆر بڵاوەی پێ کردن و زیاتر لە 100 کەسیان راپێچی زیندان کرد. ئەگەرچی بە هۆی ئەم رودوادەوە هەڵبژاردن دوا کەوت. بەڵام پاش چەند رۆژێ ئەنجامیان دا.

ژیان لە ژێر سەردێڕی (ئینتیخابات لە سلێمانی) نوسیویتی:

"رۆژی 15 ی 9 ی 1930 لە مەقامی موتەسەریفیەت دا عومومی ئەشراف و تیجار و سائیری تەبەقەی ئەهالی بۆ ئینتیخابی هەیئەی تەفتیشیە کۆبونەوە. لە ئەتیجەدا زەواتی ئاتیە بە ئەکسەریەتی ئارا بە ئەعزای هەیئەتی تەفتیشیە ئینتیخاب کران:

چەند رەئی بوە: 34 حاجی ئیبراهیم ئاغا، 22 مەجید بەگی حاجی رەسول بەگ، 22 غالب ئاغا، 21 حاجی ئەحمەدی حاجی کەریم، 20 عەبدولکەریم ئەفەندی عەلەکە، 19 سەید ئەحمەدی توتونچی، 17 کەریم بەگی محەمەد بەگ، 16 حاجی کاکەحەمە، 15 حاجی مەلا محیدین، 15 حاجی عەلی حاجی حەسەن ئەفەندی." (ژیان، ژ 260، 22 ی ئەیلولی 1930).

"گوشادی مەجلیسی مەبعوسان

"رۆژی 1 ی مانگ ئەعزاکانی مەجلیسی نیابی بە ئیحتیفالێکی موحتەشەم کۆبونەوە. لە پاش قیرائەتی خیتابی ئەلعەرش بە ئەکسەریەتی ئارا فەخامەتی جەعفەر پاشای عەسکەری بە رەئیس ئینتیخاب کراوە و، دیسان لە ئەتیجەی ئینتیخابات دا مەعالی سلێمان بەگ ئەلبەراک بۆ نائیبی ئەوەل و عەلی ئەفەندی ئیمام بۆ نائیبی دوەمی رەئیس، ئەکسەریەتیان ئیحراز کردوە." (ژیان، ژ 262، 6 ی تشرینی دوەمی 1930).

ژیان کە لە سەرەتاوە بە گەرمی هەواڵی رەوتی هەڵبژاردنی دەورەی یەکەم و دوەمی نوسی بو. هەواڵی دەورەکانی تری بە کورتی و سەرپێیی باس کردوە و، ئەو گەرمییەی جارانی نەماوە. رەنگە ئەوە یش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیتر تێگەیشتون مەجلیس ئەو دەزگایە نیە کە ئەمان ئەو هیوا زلانەیان لە سەر هەڵ چنی بو.

4. ژیان و مەجلیسی نواب (دەورەی ئینتیخابیی چوارەم)
(1934/9/4 - 1933/3/8)

ژیان. ژ 353 ی 13 ی شوباتی 1933 ئـەنجامی دەورەی چـوارەمی هـەڵبژاردنی نائیبـەکانی لیـوای سلێمانی بەمجۆرە بڵاو کردۆتەوە:

"سەرەتای دەرکەوت نوابی تازە

"دەمێکە زۆر کەس ئاواتەخوازە

"ئەم چەندانە دەروژوری شار. بێ بوارە و بوار. خەریکی هەڵبژاردنی مونتەخیبی سانی بـون. دەسـتەی هیواداران مەبعوسی بە هەمو لایەکا تەقەلایان بو. تا رۆژی ئەم چوارشەموی رابوردوە کە رۆژی هیـوا و بـێ هیوایی بو. مونتەخیبە سانیەکان لە دائیرەی بەلەدیەدا کۆبونەوە صـندوقی یانصـیبی بـەخت و نصـیب دانـرا. چواردەوری بە چاودێری و سەرپەرشـتی رەئیسـی بەلەدیـە و هەیئـەتی تەفتیشـیە تـەنرا. ئینجا هـەر کەسـە سەروپەڕەی بە مۆری وەرگرت. بردیە لایەکەوە بە دزیەوە چەند کەسی هەڵبژارد. نـاوی نوسـین و بـە دەسـتی خۆی خستیە ناو صندوقەکەوە. لە دوایی‌دا هەمو لایەک راوەستا بون سەرنجیان ئەدا صندوق کرایەوە. رەئـی کۆکرایەوە. دەعوا بڕایەوە. لە نەتیجەدا وا دەرکەوت هەر مەبعوسەکانی پێشومان بونەوە. تـەنها ئەحمـەد بـەگی وەسمان پاشا دەرچوە. لە جێی ئەو صەبری ئەفەندی حاجی عەلی ئاغا دێتە کایەوە. خوا لێیان پیرۆز کا بینە خێر و بە سەر وڵاتەکەمانا بڕژێن.

"ئەو زاتانەی کە هەڵبژێرراون بۆ مەبعوسی ئەمانەن کە لە خوارەوە نوسراون: جـەنابی محەمـەد سـاڵح بەگی محەمەد عەلی بەگ. جەنابی سەیفوڵا بەگ. جەنابی ئەحمەد بەگی محەمەد ساڵح بـەگ. جـەنابی صـەبری ئەفەندی حاجی عەلی ئاغا."

"موافیقی قانونی ئەساسی نیوەی حەزەراتی ئەعزایانی ئەعیان بە قورعە ئیخراج کران

"بە موناسەبەتی تەواوبونی مودەیانەوە بۆ ئەوەی بە قورعە نیـوەی ئـەعزا موحتەرەمـەکانی مەجلیسـی ئەعیان ئیخراج بکرێن و سەرلەنوێ بە ئیرادەی مەلەکی ئەعزا تـەعین بکرێتـەوە. رۆژی 13 ی ئـەم مانگـە لـە دائیرەی مەجلیسی ئەعیان دا بە پێی مادەی 32 ی قانونی ئەساسی دەست کرا بە معامەلەی قورعەکێشان.

لە ریاسەت و نەزارەتی جەلالەتی مەلیکی موعەزەم تا فەخامەتی رەئیسەل وزەرا و فەخامەتی رەئیسی مەجلیسی ئەعیان و رەئیسی مەجلیسی مەبعوسان لە دائیرە و سالۆنی مەجلیسی ئەعیان تا کۆبونەوە و لە حالێکا کە هەمو ئەعزایانی ئەعیان و ئەعزایانی مەبعوسان و مەعالی وەزیرەکان حازر بون دەست کرا بە قورعەکێشان و لە نەتیجەی قورعەدا لە ئەعزایانی ئەعیان سەماحەت ئەلسەید محەمەد ئەلسەدر و، ئەلشێخ عودەی ئەلجەریان و، ئاسەف قاسم ئاغا و، ئەلسەید عەبدولا ئەلنەقیب و، فەخرەدین ئال جەمیل، یوسف عەمانۆیل، حاجی حەسەن ئەلشەبوت، عەبدولکەریم ئەلسەعدون، مەولود پاشا ئەلموخلیس، حاجی مەحمود ئەل نوسترابادی، لە جێی خۆیان مانەوە.

وە سەماحەتی جەمیل ئەل زەهاوی، یوسف سویدی، حاجی سەعید ئاغا، مەناحیم دانیال، عەبدولحسەین، ئیبراهیم حەیدەری، عەبدولغەنی کوبە، محەمەد عەلی فازل، سالح پاشا باش ئەعیان، عەبدولا سافی، دەرچون.

بەم نەوعە قورعەکێشانەکە دوایی هات. وە لە دوای تەواوبونی مەسئەلەکە جەلالەتی مەلیکی موعەزەم بیلزات خۆی خوتبەیەکی عالی خوێندەوە و لە معامەلە و حەرەکاتی ئەم بەینەی هەمو ئەعزایانی مەجلیسی ئەعیان بەیانی مەمنونیەتی فەرمو." (ژیان، 181 ی 24 ی حوزەیرانی 1929).

"ئەعزاکانی تازەی مەجلیسی ئەعیان

"بەغداد: رۆژی 22 ی ئەم مانگە ئیرادەی ملوکانە صادر بو لە خصوص تەعینی زەواتی لای خوارەوە بۆ ئەعزایەتی مەجلیسی ئەعیان:

"ئیبراهیم ئەفەندی ئەلحەیدەری، حاجی سەعید ئاغای مەعروف ئاغا، السید نوری ئەفەندی السید عزیز الیاسری، عەبدوللەتیف پاشا ئەلمەندیل، عەبدولا صافی ئەفەندی، محەمەد عەلی ئەفەندی ئال بەحرلعلوم، محەمەد عەلی ئەفەندی ئەلفازیل، مەناحیم ئەفەندی دانیال.

"حکومەت ئێستا خەریکی تەرشیحی زاتێکیانە بۆ ریاسەتی ئەم مەجلیسە وەکو ئەلێن یا سەماحەتی شێخ ئیبراهیم ئەفەندی ئەلحەیدەری وە یا محەمەد عەلی ئەفەندی ئەلفازیل ئەبێ بە رەئیس." (ژیان، ژ 207 ی 28 ی تشرینی یەکەمی 1929).

ژیان و داکۆکی لە ئافرەت

1. ژیان و ژن

یەکێ لەو بابەتانەی ژیان تەرکیزی کردۆتە سەر کێشەی ئافرەت بوە. ئەمەیش وەنەبێ کاری یەکتەنی یا دەس پێشکەری یەکێ لە نوسەرەکانی ئەو کاتە بوبێ، بەڵکو بەشێ بوە لە ڕێبازی فکریی ڕۆژنامەکە. لە هەمو قۆناغەکانی دەرچونی دا و لە لایەن چەند نوسەری جیاوازەوە، باس کراوە.

لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا لە زۆر شوێنی دنیادا ئافرەت بێ بەش بوە لە مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕۆشنبیری. تەنانەت لە وڵاتێکی وەکو بریتانیادا ئافرەت تازە خەریک بو هەندێ لە مافەکانی وەربگرێ، لەوانە مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنی گشتیدا.

کوردستان لەو سەردەمەدا زۆر دواکەوتو بو. شارەکانی پچوک و بە ژمارە کەم و لە روی ئاوەدانی و شارستانیەوە زۆر لە دوا بون. زیاتر لەوەی لە شار بچن، شارەدێ بون. زۆرایەتی خەڵک و، بە گشتی ئافرەت نەخوێندەوار بون. دانیشتوانی شار لە چاو دانیشتوانی دێهاتدا زۆر کەم و، پێوەندی دەرەبەگی و خێڵایەتی بە سەر پێوەندی کۆمەڵایەتیدا زاڵ و، تێگەیشتن و بیرکردنەوە و ڕەفتاری لادێ باو بو. لە دێهاتدا، شیربایی، ژن بە ژن، ژن لە تۆڵەی خوێن دا دان، گەورە بە پچوک و، فرەژنی، لە ژنهێنان و شوکردندا نەریتی کارپێکراو بو.

ئەگەر لە وڵاتانی وەکو تورکیا و ئێران و میسر... جوڵانەوەی ژنان بۆ چاکردنی باری کۆمەڵایەتی خێزان و بە دەسهێنانی مافی ئافرەت دەستی پێ کردبێ، ئەوا لە کوردستان دا بە هیچ جۆرێ بزوتنەوەیەکی لەو بابەتە لە کایەدا نەبوە. ئەم هەنگاوەی ژیان لەو کاتەدا ناوەتی دەسپێشکەری پیاوان بوە. بێ ئەوەی هیچ گوشارێکی ئافرەتیان لە سەر بوبێ، بەشێ بوە لە بیروباوەڕی هەڵبژاردەی کورد بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵی کورد و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵی پێشکەوتوی شارستانی. لە دو توێی وتارەکان و هەواڵەکاندا، داوای دابینکردنی مافی خوێندن، کارکردن، ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر، مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنی گشتیدا، بۆ ئافرەتی کورد ئەکەن. بە واتەیەکی تر مافی بەشداری لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕۆشنبیری، سیاسی... کۆمەڵ دا.

1 . 1 . پایەی کۆمەڵایەتی ئافرەت

ژیان بە قەڵەمی نوسەری جیاواز، چەندین وتاری لە سەر باری کۆمەڵایەتی خێزانی کورد و، شوکردن و ژنهێنان، و پلەی کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد نوسیوە. زۆر بە توندی هێرشی کردۆتە سەر نەریتی باو و هەلومەرجی دواکەوتوی کۆمەڵ. رەخنەی لە پیاوی کورد گرتوە سەبارەت بە رەفتاری نادروستی لە گەڵ ژنی کوردا. داکۆکی کردوە لە مافی ئافرەت و، مافی بێ چەندوچونی خوێندن، کارکردن، هەڵبژاردنی هاوسەر و، رەنی دان. لە پێکەوەنانی خێزان دا داوای کردوە لە پێش ژنهێنان و شوکردندا، بۆ ئەوەی زمانی لە یەک گەیشتن بدۆزنەوە، کوڕ و کچ یەکتری ببینن و پێکەوە قسە بکەن و، لە نێوان کچ و کوڕدا هاوکوفی، بە تایبەتی لە تەمەندا هەبێ.

لەو سەردەمەدا هیچ قانونێکی دانراو نەبوە بۆ رێکخستنی (باری کەسایەتی) و بۆ پاراستنی مافی ئافرەت. لە دادگا و لە ناو کۆمەڵدا، پیرەوی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی کراوە. بە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵ و، نەخوێندەواری و نەزانی ژنانەوە، پیاو بە یارمەتی هەندێ مەلای کۆنەپەرست و کۆلکە مەلا، بە خراپترین شێوە ژنی چەوساندۆتەوە و مافەکانی خواردوە. نوسەرانی ئەم وتارانە بۆ ئەوەی بەڵگە و بەهانەکانیان بە هێز بێ و، لە روی دینییەوە نەتوانن بەرپەرچیان بدەنەوە، شایەتییان لە ئایەتی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر هێناوەتەوە.

گوزیدە عەزیز خانم، مدیرەی مەکتەبی کچانی سلێمانی، لە وتارێکدا لە ژێر سەردێڕی (ژن و تەئسیراتی لە حەیاتی مەدەنیەت دا) کە بە بۆنەی کردنەوەی مەکتەبی کچانەوە بۆ (ژیان) ی نوسیوە، ئەڵێ:

"ژنێتی، مەوجودیەتێ کە قیسمێکی تری حەیات و حەتا قیسمی موهیمی ئیشغال کردوە. نابێ تەئسیراتی ژن لە حەیات دا لە پێش چاو دور بخرێتەوە و، ئەبێ بکرێ بە رەهبەری بەرزبونەوەی ئەو هەنگاوانە کە لە رێگای مەدەنیەت و تەرەقیدا ئەهاوێژرێ. ژن حەیات مەسعود و ژن حەیات رەزیل ئەکات. ئەم دو قوەتە کە دوشمنی یەکترن بە عیلم و جەهلی ژن دێتە وجود. ژن ئەم دو ئیستیعدادەی هەیە ئەو میلەتانە کە ئەم قیسمە بەشەرە سوئی ئیستیعمال ئەکەن ناتوانن لە بەڵای جەهالەتی خۆیان رزگار ببن و مەحکومی ئەم دافەتەن.

لە دونیای فرانسز مادام ئەڵێ: (ژن ماڵ ئەکات و ژن ماڵ وێران ئەکات) بە چ بەلاغەت و زبانێکی فەصیحەوە گوتراوە ئەگەر بیخەینە بەر چاوی تەئەمول ئەو میلەتانە کە ژنێتییان بەرز کردۆتەوە، خۆیان بەرز کردۆتەوە. زیرا ژن میلەت پێ ئەگەیەنێ. وە ژن پیاو پێ ئەگەیەنێ. ئەو مەوجودیەتە کە لە زەڕەیەک قەهرەمانێکی گەورە دێنێتە وجود. لەو وەقتانەدا کە لە باوەشی شەفەقەتی خۆیا بە لایلایە و لاواندن پێ ئەگەیەنێت لە مەوجودیەتی مادی و مەعنەوی خۆی بەشی ئەدات." (ژیان، ژ 13، 22 ی نیسانی 1926).

فائیق زێوەر، کە ئەوسا گەنجێکی تازە پێگەیشتو بوە، لە وتارێکی کەدا نوسیویتی:

"لە مەسائیلی ئەخلاق و ئیجتیماعیات دا لە پاش ئایەت و حەدیس ئەتوانم بڵێم ئەقوالی حوکەما و دونەدا لازمە بکرێ بە دستورلعەمەل هەمو کەس ئیتاعەی بکا. ئێمە ئەقوامی شەرق هەروەکو دەستی چەپمان گۆج کردوە، هەمو ئیشێکمان هەر بە دەستی راستە، لە جیسمی بەشەردا عوزویەکی لەتیفی وەکو ژنانمان بێ، لە ئەکسەری حقوق مەحروممان کردوە. باوجود خیتابی ئیلاهی و ئەوامیری حەدیس تەنها رو ناکاتە پیاوان بۆ عیلم و عەمەل و سەعی و ئیتاعەت و سائیرە، هەردولا موکەلەفن کەچی لە مەیدانی موبارەزەدا تەنها پیاو وجودی بۆتە نیشانەی تیری بەڵا و موصیبەت. ئەم مەوزوعە ئەگەرچی بە چەند جیلد تەواو نابێ ئەما لەتەرەف

فەیلەسوفی عیراق زەهاویەوە بە شیعرێکی عەرەبی خزمەتی ژنیش بۆ وەتەن چەند لازمە وەهای بەیان فەرموە، وەکو نەقشی بەرد لە هەمو دڵێکا جێگیرە. ئەو شیعرە جوانە نەمتوانی بە عەرەبی تەخمیسی بکەم ناچار بە کوردی تەخمیسم کرد هەتا ئەو قەولی حەکیمانەیە بخەمە بەرچاوی تێگەیشتوانی وڵات و بکرێ بە دەستورەلعەمەل:

بۆ وەتەن غیرەتی ژان دارکە لە دنیا مەشهور
ڕێگەیی حەق دەگرێ رابیعە بێ یا مەنسور
خدمەتی جەنەت ئەکەن هەردو چ غیلمان و چ حور
(یرفع الشعب فریقان اناث ونکور
وهل الطائر الا بجناحیه یطیر) (ژیان، ژ 67، 24 ی مایسی 1927).

فایەق بێکەس ساڵانێک دواتر، بەمجۆرە باسی دەوری ژنی کردوە لە خەباتی نیشتمانیدا:
(نێر و مێ هەردو بە جوتە، بۆ وەتەن هەوڵێ ئەدەن
دورە دەرچونمان لە دیلی، مەل بە باڵێ نافرێ)
م. ئەدیب بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە لە یەکێ لە وتارەکانیدا نوسیویتی:

"لە ساحەی مەدەنیەت دا، تەرەقی و تەعالی میلەت، بە تەکامولی فکری و پێگەیشتنی هەردو فیرقەی میلەتەوە بەستراوە کە لە ژن و پیاو موتەشەکیلە. تەرازویەک کە هەردولای لە عەینی قورساییدا نەبێ چۆن کەسبی موازەنەت و بەرامبەری ناکا و بەم لا و بەو لادا دێ، میلەتیش لە مەیدانی پێشکەوتن دا ژن و پیاوی دەرەجەی تەحصیل و تەربیەیان یەک نەبێ، ئەو سەعی و کۆششەی ئەکرێ موتەساویەن بۆ هەردولا نەبێ و، بە یەکەوە شاهراهی تەرەقی نەگرن بیلتەبع موازەنەت و بەرامبەرێتی پەیدا نابێ و سەر ناکات. ئێمە کە بە نیسبەت میلەتانی ترەوە دواکەوتومان پێ ئەڵێن و مادامکە ئارەزو و فیکری سەرکەوتن و پێشکەوتنمان هەیە، لازمە جنسی لەتیف کە عوزوی موهیمترین و بەشی بە قیمەتترینی میلەت تەشکیل ئەکەن موافیقی مەتلوب پێ بگەیەنین. دایک، کە مەحصولی ئەم جنسەیە ئەگەر باش ئیحزار بکرێ ئەولادی موستەقبەلی سبەینێی وەتەن بە موکەمەلیەتیەکی مادی و مەعنەویەوە دێتە وجود. ئەم دەستورە گۆیکەی ئەمەل و فکری هەمو پیاوێکی تێگەیشتوی وەتەنە." (ژیان، ژ 78، 18 ی ئاغستۆسی 1927).

"... ئەو میلەتانە کە ئەمرۆ بەرز و بڵند بونەوە و تەکامولیان کردوە... ئەم نوصولە تەعقیب ئەکەن، نەتیجە ئەمرۆ لە هەمو ئەوروپا، ئامریقا و لە قیسمێک میلەتە موتەمەدینەکانی شەرق دا ژن و پیاو وەکو یەک تەحصیل ئەکەن و بۆ رابواردنی حەیاتی ئیجتیماعیەیان موجاهەلە ئەکەن. بە ئەوعێک وەکو ئیستاتیقێ کراوە ئەمرۆ لە ناو ئەکسەری میلەتە موتەمەدینەکانا لە ژن دا خوێندەوار زیاترە. هەرچەند لە پێشا ئەم مەوزوعە لە ناو ئێمەدا کە ئەکرایەوە زۆر کەسمان تەعەجوبی ئەکرد، بەڵام ئەمرۆ دیمان و بە تەواوی... بو کە لە ئینتیخاباتی مەجلیسی عومومی بریتانیا... قیسمێکی زۆر لە ژنەکانیان بون بە مەبعوس و حەتا ئەمرۆ وەزیری عومالی بریتانیا ژنێکە ناوی (مارغرێت فیلدە)..." (ژیان، ژ 189، 29 ی تەموزی 1929).

1. 2. مافەکانی ئافرەت

لە ژێر ناوی (ئافرەت) دا، ژیان لە زنجیرەیەک وتاردا کە بێ ئیمزا و دیارە بیروبۆچونی ڕۆژنامەکە دەرئەبڕێ، نوسیویتی:

"لام وایە کەس نیە نەزانێ کە ئافرەت ئافەریدەی خوایە وەکو پیاو. خوا بۆیەکی ئافەریدەی کردوە کە وەکو پیاو لە دونیادا بژی و رابوێرێ و هەرچی خوا فەرمویەتی بیکا و هەرچی نەیفەرموە نەیکات. یەعنی جگە لەوەی کە ژنە و ئافرەتە هیچ فەرقێکی تری نیە لە گەڵ پیاوا و. پیاویش جگە لەوەی کە پیاوە هیچ فەرقێکی تری نیە لە گەڵ ژنا. پیاو بۆچی خەلق کراوە ئافرەتیش بۆ ئەوە ئافەریدە کراوە." (ژیان، ژ 93، 6 ی کانونی ئەوەلی 1927).

ئینجا ئەنوسێ:

"وەکو چۆن پیاو خوێندن و تەربیەی لازمە ئافرەتیش. بە ئەمری خوایش. ئەبێ بخوێنێ و پێ بگات. چونکە ئەگەر ئەم حاڵە هەروا دەوام بکات. هەر پیاو بخوێنێ و تەربیە بدرێ و تەکامول بکا و ئافرەت هەر وا لە ژێرەوە بێ. بێ مەعریفەت و زانست بمێنێتەوە. رۆژێک دێ کە ئیتر ئافرەت لە حەیات دا، غەیری بۆ دەفعی لەزەتی پیاو زیاتر بۆ هیچی تر قیمەتێکی نامێنێ و لە بەر چاو ئەکەوێت و پەکی ئەکەوێت. لە بەر ئەوە هەروەکو خوایش فەرمویەتی ئەبێ لە گەڵ پیاوا ئافرەتیشمان پێ بگەیەنین و فێری صەنعەت و مەعریفەتیان بکەین." (ژیان، ژ 93، 6 ی کانونی ئەوەلی 1927)

لە ژمارەی دوای ئەودا، درێژە بە باسەکەی ئەدا و ئەڵێ:

"بزانن ئەوی ئافرەت ئەبێ بیزانێ چیە؟ کچێک بۆ ئەوەی لە حەیات دا موەفەق بێت و پێ بگات و کە شوی کرد لە گەڵ مێردەکەیا خۆش رابوێرێ و ماڵەکەی بە رێکوپێکی ئیدارە بکا و کە منالی بو بە وێڵ و نوصول بە خێوی بکات و بیانکات بە ئینسان ئەبێ ئەختێ عەقڵ و مەعریفەتی ببێت کە ئەویش هەر بە مەکتەبەوە ئەبێ. کچێک لە مەکتەب دا بۆ ئەمرۆی ئێمە، ئەختێ خوێندن و نوسین. ئەوەندە کە مەجبور ئەبێ کاغەزی مێردەکەی وە یا کەسوکارێکی بە عەرزوحاڵچیەک وە یا نامەحرەمێک بخوێنێتەوە. ئەختێ حساب فێر بێ. فێری پاکی و خاوێنی، درومان و چێشت لێ نانێکی رێکوپێک. فێری منال بە خێو کردن و ئیدارەی ماڵ بێ و بتوانێ لە دونیادا حەیاتێکی خۆش و بێ تەگەرە رابوێرێ. ئەمانە هەمو، ئەمین بن، بە عیلم و مەعریفەت ئەبێ ناکرێ.

"خوا بۆیە ئافرەتی خەلق کردوە کە وەکو پیاو ئیش بکات. بجوڵێتەوە. فێری عەقڵ و مەعریفەت و هونەر بێ. ئیدارەی ماڵ و منال بکات. وەلحاصل وەکو مەخلوقێکی تەواو و کامیل بژی و بمرێ و رابوێرێ. بۆیە ئافەریدە نەکراوە بێ بە ئالەتی بەردەستی پیاو. ببێ بە چێشتکەر و گسکدەری پیاو. بێ عەقڵ و مەعریفەت بمێنێتەوە و لەزەت و خۆشی لە دنیا و حەیات نەبینێ.

"ئافرەتێک بۆ ئەوەی بزانێ چۆن ئەژی و چی ئەوێ لە حەیات ئەبێ فێری تەربیە و تەعلیم ببێ. هەتا ئێستا وا زانراوە کە ئافرەت موتلەقەن موحتاجی وەلیەکە، داماوی گەورەیەکە. بەڵام ئەگەر تا ئێستە وایش بوبێ لەمەولا ئافرەت نابێ هەر تەماشای دەستی پیاو بکات و هەرچی پیاو پێی بکا قبوڵی بکا. لە گەڵ ئەوەیش دا زۆر ئافرەت و ژن هەیە وەلی و گەورەیەک بۆ خۆیان پەیدا ناکەن. زۆر کچ کە کەسوکاریان نەماوە و شویان نەکردوە، زۆر ژن کە مێردەکانیان نەماوە و بێوەژن ماونەوە، زۆر دایک کە منالی کوڕی نیە وە یا منالی وردیان هەیە. ئەمانە هەمو بۆ ئەوەی لە حەیات دا بژین و نانێکی دەستی خۆیان بخۆن. ئەبێ بخوێنن. فێری مەعریفەت بێن. چونکە ئەگەر ئیشێک نەزانن. عەقڵ و هونەرێک فێر نەبن. ئاخری مەجبور ئەبن یا دەستی مەرحەمەت بکەنەوە لە کۆڵانان یا بچنە ماڵان کارەکەری بکەن. ئەمانە حەیفە وا رەزیل و سەفیل بمێننەوە و بێ کەس و بێ صاحیب بسوڕێنەوە. لازم ئەکا فێری صەنعەت و مەعریفەتێک و ئیشێک بێن..." (ژیان، ژ 94، 13 ی کانونی ئەوەلی 1927).

دو ژمارە دواتر دریژەی بە باسەکە داوە:

"چ پیاوێک هەیە کە چاوی کوێر نەبێ و زەرەیەک عەقلی بێ تێ نەگات کە ئافرەتیش وەکو خۆی خوا ئافەریدەی کردوە بۆ جوتی ئەو، بۆ رەفیق و خۆشەویستی ئەو، بۆ عەبد و نۆکەر و چێشتکەری ئەوی خەلق نەکردوە و، ئەویش وەکو پیاو عەقڵ و چاو و زبان و هۆش و شعوری هەیە.

"لای ئێمە ئافرەت هەر بۆیە هاتۆتە سەر دونیا کە لەماڵەوە دابنیشێ و چێشت لێ بنێ، گەندوگو پاک بکاتەوە، کە ئیشی ئەبو غەیبەت بکا و بنیشت بجوێ و تەشی برێسێ. لای ئێمە ئافرەت نابێ لە ماڵ بێتە دەرێ. وەکو زەمانی یۆنانی قەدیم هەر بۆ حەمام و سەرقەبران بێنە دەرێ. فەقەت پیاو بە هەوەسی خۆی رابوێرێ، کەیف بکا و بژێ. ئەگەر موراجەعەت بە (قورئان) و قەوانین و ویجدانیش بکەن، ئەبینن کە ئەمە زوڵمێکی یەکجار گەورەیە. غەدرێکی زۆر زلە پیاو لە ئافرەتی ئەکات، چونکە بە واسیتەی ئەوەی کە ئافرەت لە ماڵ دا حەپس ئەکەن و تەنها بۆ چێشت لێ نان و نوێن داخستن ئەیهێنن، قیسمێکی زۆر لەم مەخلوقاتە، لەم میلەتە، مەحکومی مردن و سستی و ئیش نەکردن ئەکەن..." (ژیان، ژ 96، 3 ی کانونی سانی 1928)

لە وتارێکی کەدا کە ئەم پرسیارەی کردوە بە سەردێڕی: (دوارۆژی وڵاتەکەمان بە چی باش ئەبێ؟) و، هەر خۆی لە سەردێڕی هەمان وتاردا نوسیویەتی: (پێشکەوتنی ژنانمان) بە ئیمزای (لاوێک) لە هەمویان رونتر باسی مافەکانی ئافرەت ئەکا و ئەڵێ:

"قەدری ژن لە لای ئێمە لە پێش دا و ئێستاش هەروەها زانراوە کە ژن ئەبێ هەر لە ماڵەوە بێت و ئیشی ماڵ بکات، وەکو چێشت لێ نان و گەسک دان و جل شتن و بەعزێ ئیشی تر کە لە ماڵ دا دەیکەن. بە خوا ئەمە حەقی ژن نیە. ژنیش هەروەکو پیاو حەقی خوێندن و حەقی کاسبی کردنی هەیە، حەقی رەئیی هەیە لە ناو کۆمەڵ دا..." (ژیان، ژ 247، 26 ی حوزەیرانی 1930).

1. 3. پێکەوەنانی خێزان

ژیان لە ژێر سەرناوی (ئیزدیواج) دا نوسیویەتی:

"لە قورئانی گەورەدا لە لایەن ئیزدیواجەوە نصوص و ئایاتی زۆر جوانی تیایە. وەکو ئەفەرموێ (ان خلق لکم انفسکم ازواجا لتسکنوا الیها وجعل بینکم مودة ورحمة) کە لەم ئایەتەدا بە تەواوی دیارە کە ئافرەت بۆ عەبدایەتی نا، بۆ ئەوەی ببێ بە رەفیق و خۆشەویستی پیاو خەلق کراوە. کەچی ئەگەر ئینسان بروانێتە معامەلەی پیاوی ئێستا دەرحەق بە ئافرەت و ئەم ئایەتە گەورەیە بخوێنێتەوە لە معامەلە و بێ ویجدانی پیاو هەر وا موتەئەسیر و شەرمەزار ئەبێ. چونکە لای ئێمە وا زانراوە کە ئافرەت هەر بۆ دەفعی لەزەتی پیاو، بۆ ئیشکردن و چێشت لێ نان، هاتۆتە سەر دونیا. موافیقی ئەو ئایەتە موبارەکە رابیتەیەک، کە بە موحیبەت و لوتف وجودپەزیر ئەبێت، لە بەینی ژن و مێردا بە واسیتەی هەنێ لە مەلا جاهیلەکانەوە هاتۆتە سەر ئەوەی ئافرەت ببێ بە ئالەتی بەردەستی پیاو و بەو چەشنە هەرچی خراپ بێ دەرحەق بە ئافرەت رەوا ئەبینرێ." (ژیان، ژ 96، 3 ی کانونی سانی 1928).

لە ئەڵقەی چوارەمی ئەم باسەدا نوسیویەتی:

"بە هەمو مەزهەبێ، بە هەمو قورئان و ئەحادیس، دەرئەکەوێت کە لازم ئەکات لە وەختی ئیزدیواج دا دەسگیرانەکان یەکتری ببینن. بەعزێ شتی زۆر جوزئی و هیچ هەیە کە زۆر ئەهەمیەتی ئەدەین، بەڵام ئەوی کە پێویستە بیکەین بە جێی ناهێنین، چونکە جاهیل و نادان، کەر و بێ عەقڵ، هەر شتی خراپ و بێ مەعنا ئەکەن.

"تو خوا با بۆتان وەصف و تەعریف بکەم کە لای ئێمە ژنهێنان چۆنە؟ نا ئەستەغفیرەڵا. ژن هێنان نا. ژن کرین چۆنە؟ چونکە لێرە کچ وەکو ترزی و خەیار ئەفرۆشرێ نادرێ بە شو. بەڵام باسی ژنهێنانی لای عەشائیر و دێهاتی ناڵێم. چونکە شوکردنی ئەوان موافیقی عەقڵ و عادەت چاویان بە یەکتری ئەکەوێت. هەر لە منالیەوە لە گەڵ یەک دا هەڵئەسن و دائەنیشن و دیش و فرمان ئەکەن." (ژیان. ژ 97. 10 ی کانونی سانی 1928).

لە سەروتاری ژ 121 دا لە ژێر سەردێری (لێرەدا هیچ ریعایەتی ئوصولی ژنهێنان ناکرێ) نوسیویتی:

"هەتا ئێستا لە خسوس حقوقی ئافرەت و ژنهێنانەوە زۆر دواوین. فەقەت چونکە ئەم مەسئەلەیە مەسئەلەیەکی رۆحی موهیمە ئەمانەوێ دیسانەوە لێی بدوێین.

"هەرچەند بەعزەن لە تەئەهول کردن دا ئینسان ئەختێتە عەزاب ئەکێشێ و توشی غەم و ئەزیەت دێت و. بەعزەن پەشیمان ئەبێتەوە. بەڵام ئەگەر ژنهێنان کە مەعقول و ریعایەتی هەمو ئوصولێکی بکرێ. بە ئەکسەریەت زۆر باش ئەبێ و پەشیمانی لە دوا نابێ و بۆ بەشەریش خدمەت ئەکا.

"مەعلومە ئەگەر ژنهێنان ئەبوایە بە مودەتێکی کەم زو بەشەر دوایی ئەهات و ئەئەما. ژنهێنان وەکو بۆ زیادی و دەوام و مانەوەی بەشەر باشە. بۆ گۆرینی ئەخلاقی خراپی ئینسان بە چاکە و بۆ زۆر خسوسیاتی ژن و مێردەکە بە کار دێت. بە شەرتێک ناڵێم بە پێی قەوانینی مەدەنیە هیچ نەبێ وەکو شەریعەتی خۆمان ئەمر ئەکات وا بکرێ.

"مەعەلئەسەف لێرەدا چونکە تەماشا و رەهبەری ئوصولی ژنهێنان ناکرێ. زۆر لەو کەسانەی کە ژن ئەهێنن پەشیمان ئەبنەوە وە یا توشی ژیانێکی ناخۆش و تاڵ دێن. وە بەعزەن بەم سەبەبەوە ئەخلاقی ژن و مێردەکەیش تێک ئەچێ.

"بە پێی قەوانینی مەدەنیە و شەریعەتی ئیسلامیەیش لازمە لە ژنهێنانا ئەوەل دەفعە تەماشای (هاوکوفی) بکرێ و هیچ نەبێ ئەگەر دەفعەیەکیش بێ کور و کچەکە یەکتری ببینن. وە چاکتر لازمە لە ئەخلاقی یەکتری شارەزا بین. فەقەت لێرەدا بە عومومی هەتا شەوی مولاقاتیان نە ژنەکە کورەکە و نە کورەکە ژنەکە ئەبینێ و. لە بەر ئەمە زۆر دەفعە واقیع ئەبێ کە لە ئەوەل دەفعەی ئیجتیماعیانا جیا ئەبنەوە و هەردوکیان توشی فەلاکەت و زەرەر و بێ ئەخلاقی ئەبن.

"لە بەر ئەوە پێویستە لە ژنهێنان دا زۆر ریعایەتی هاوکوفی بکرێ. کە یەعنی ئەبێ کچ و کورەکە ئەخلاقیان. سەویەیان. عیلمیان. سەروەتیان. لە هەمو زیاتر عومریان وەک یەک بێ. ئەگەر ئەم موناسەبەتە لە بەینیانا مەوجود ئەبێ موحەققەق هەتاکو سەر بە یەکەوە دابن و هیچ قوەتێ بە یەکیانەوە نانوسێنێ. وە ئەگەر تەماشای هاوکوفی کرا ئەوسا دائیمەن موحیبەتێکی دائیمی لە بەینیانا ئەبێ و هەردوکیان هەتاوەکو ئاخری حەیات خۆش رائەبوێرن.

"غەیری ئەمەیش ئەکسەری دێهاتەکانمان و زۆری عەشیرەتەکانمان حقوقێک نادەن بە ژن. عادەتەن وەکو حەیوان تەماشایان ئەکەن و. وەکو لە جنسی بەشەر نەبن وایان ئەزانن و تەماشا ئەکەن. وە کچەکانیان عادەتەن یا وەکو حەیوان ئەیانگۆرنەوە وە یا ئەیانفرۆشن. وە پیاوێک کە ژن بێنێ پێویستە هەمو سەروەتەکەی سەرف بکات و بەعزەن بەمەیش ئیکتیفا ناکرێ ئەبێ بۆ ژنهێنان هەمو مڵک وماڵەکەی بفرۆشێ. سەرفی بکات وە یا ئەگەر بیگۆرنەوە ژن بە ژن بکەن لەوێشا هیچ تەماشای عومر. سەروەت. عائیلە. حاصلی هاوکوفی ناکەن. بەعزەن پیاوێک 60 ساڵی عومرە. کە کوری کورەکەیشی ژنی هێناوە. کەچی کچەکەی ئەدات بە کچێکی 14 ساڵەیی بۆ خۆی. ئینجا ئەگەر تەماشای ئەمە بکرێ هەمو کەس بۆی مەعلوم

نەبێ کە لەمەدا چەند حقوقی ئەو کچە زایع نەبێ. وە یاخود لە دانی کچێکی 14 ساڵە بە پیاوێکی پیری 60 ساڵەدا چەند فەلاکەت، موسیبەت و غەم و حەسرەت لە بەینیانا پەیدا ئەبێ.

"غەیری ئەمەیش ئینسان نابێ بێ لێکدانەوە ژن بێنێ. شەخسێک کە ویستی ژن بێنێ پێویستە لە پێش هەمو شتێکا تەماشای ئیستیقبالی خۆی بکات و ئەبێ بە ئەوعێک ئیقتیداری بێ و موستەقبەلی تەئمین بێ، کە ئەگەر چوارپێنج منالیشی بێ بتوانێ موافیقی مەتلوب منالەکانی بە خێو و پەروەردە بکات. چاک پێیان بگەیەنێ چونکە پیاوێک کە سەروەتی نەبو و لە ئیدارەی خۆی عاجز بو ئەگەر تەشکیلی عائیلەی کرد بە کردنی توشی سەفالەت و پەرێشان ئەبێت. لە بونی هەر منالێکیا وەکو جینایەتێکی کردبێ وا موعەزەب ئەبێ. تەبیعی چونکە منالەکانی بۆ بە خێو ناکرێ. هەموی مەعلول، سەفیل و برسی... کۆمەڵێکی عاتیل ئەکا بە بار بە سەر هەیئەتی ئیجتیماعیەوە. وە هەموی بە سەبەبی ئەمەوەیە کە لەم موحیتەدا دائیمەن، بێ ئیش، سەرسەری، سواڵکەر، زۆرە و ئەمانیش هەموی مەزەرەتێکی زل تەشکیل ئەکەن بۆ بەشەر.

"زۆر عەیبە کە لەم عەسری مەدەنیەتەدا و، لە حاڵێکا کە ئەوروپاییەکان و ئامریقاییەکان ئەم مەسئەلەیەیان لە هەمو شتێک زیاتر گرتوە، حەتا بەم سەبەبەوە خەریکن ئیسلاحی بەشەر بکەن و عیرقەکەیان بە قوەت، فەعال و خوێنێکی گەرمی فەعالیان بۆ پەیدا بکەن. کەچی ئێمە هێشتا ژن بە حەیوان بزانین و هیچ تەماشای مەسئەلەی ژنهێنان نەکەین. چونکە ئەم مەسئەلەیە لە هەمو شتێک زیاتر بوە بە سەبەبی تێکدانی ئەخلاقمان. پێویستە زۆر بە ئەهەمیەتی بگرین و ریعایەتی ئوصولی ژنهێنان بکەین."

ر. ن. (رەشید نەجیب) لە زنجیرە وتارێک دا کە بۆ (ئەخۆشی ئیجتیماعی‌مان) ی تەرخان کردوە، لە ئەڵقەی سێیەمی‌دا لە ژێر سەردێڕی (ژن هێنان، بناغەی ژیان) دا بە ئوسلوبێکی ئەدەبی نوسیوێتی:

"سیفاتی ئەساسیەی خێزان، لام وایە، رەفیقەی مێرد بون، دایکی ئەولاد کردن و کەیبانویەتی ماڵە.

"رەفاقەتێکی ئەبەدیەی حەیات روکنی ئەوەل و ئەهەمی ئەم سێ کوچکەیەیە. بە زەنی من پیاوێک تا بە تەواوی لە هەمو سیفات و مەزییەتی نافرەتێک تێ نەگا، چاک لێی حاڵی نەبێت، مومکین نیە بە سەمیمیەت و جدیەتیەکی تامەوە رەبتی قەلبی لە گەڵ بکات. وە سەمیمیەت، موحیبەت، یەککگرتنی دڵ. لازمە بێ بە سەبەبی یەککەوتنی دەست. لە لانەی عائیلە ئیجاب ئەکات هالاوی موحیبەت، هالەی عەشق، هەڵسێت ئەکو گڕی قەهر و کڵپەی غەزەب. لازمە دەستی مێرد بە رەعشەی غەرامەوە بلەرزێت، ئەک بە لرفەی قینەوە و. لام وایە خوا چاوی نافرەتی تەنها بۆ فرمێسکی سرور هەڵرژاندن خلق کردوە ئەک بۆ گریانی تەحەسور.

"حوسن، لە نوقتە ئەزەرێکەوە ئاهەنگ، تەوازونە. وە چۆڵەکەش کە جریوەیان یەکی گرت دەنگێکی خۆشی مۆسیقی لێ حاصل ئەبێت. فەقەت لە گەڵ قیڕەی قەلەرەشێکی تێکەڵاو بو بە جاڕێ تێکی ئەدات. وەستانی کائیناتیش هەر ئەتیجەی ئاهەنگ، تەوافوق و تەوازونێکە.

"شەرتی جوانی، خۆشی و سەعادەتی عائیلەش ئاهەنگ و ویفاقە. ئەدەنا سەکتەیەک لە حەیاتی ژن و مێردیدا ئەم شیعرە جوان و رەوانە لەنگ و سەقەت ئەکات. ئاهەنگی عائیلە بە تەوافوقی زەوق، تەتابوقی حوسن، تەوازونی زەهنیەت و عەقلی ژن و مێردەوە مومکینە.

"مەعازەڵا یەک نەگرتنی ئەمانە یا شۆڕشێکی ئەبەدی بەینی عائیلە دێنێتە وجود وە یا تەلاق.

"موحەققەق هەمو تێگەیشتویەک لە گەڵ من دا ئیعتیراف ئەکات دۆزینەوەی جوتێک حائیزی ئەم شەرائیتە بێت هەر وا ئاسان نیە. بیلخاصە لە سەر ئوصول و تەریقەی تەئەهولی ئێمە بەڵکە مەحاڵە. مێردی قوڕ بە سەر لای ئێمە هەتا شەوی زەفاف حەتا لە رەنگی (رەفیقەی موستەقبەلی) و نافرەتی بەدبەخت لە دەنگی (رەفیقی داتی) بێ خەبەرە.

"وە کەزا هەمو تێکەیشتویەک پێی لێ ئەنێت، بە سەبەبی عەدەمی مەعاریف و تەرزی ئیزدیواجێکی نامەعقولەوە هەمو رۆژێ شاهیدی هەزاران فەجائیعی عائیلە ئەبین. لەو لاوە ماڵێک شەو و رۆژ، خورتە، شەڕ و گریانی ژن. هەر رۆژە نارۆژێک توران، پیاو بە سەبەبی نارێکی و یەکنەگرتنی دڵەوە ئەکسەری ئەوقاتی لە خاریج دا بە ئەنواعی لەهو و سەفاهەت سەرف ئەکات.

"لەم لاوە، هێشتا دوەم مانگی تەئەهول تێ نەپەڕیوە، مێردی بێچارە عەدەم ئیمکانی یەکبونی لە گەڵ ئەم ژنەی دا حس کردوە. خەریکە و هەوڵ ئەدات بۆ ژنی دوەم. نەتیجە دوژنی. هەویساری، مەعلومی هەمو لایەکە ژن کە لە ماڵ دا هەر یەکێک بو دورە. بو بە دو ئاگرە. ئەم دوانەش یەک لە قینی یەک ماڵی مێردەکەیان ویران ئەکەن و نیزاعێکی ئەبەدی لەو ماڵە دەست پێ ئەکات." (ژیان، ژ 142، 2 ی کانونی ئەوەلی 1928).

2. مەکتەبی کچان لە سلێمانی

خوێندنی نوێی حکومەتی لە سلێمانی دا لە چاو ناوچەکانی تری کوردستان و عیراق دا، پێشینەیەکی دێرینتری هەیە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە سلێمانی لە پاڵ مزگەوت و مەدرەسەی دینی و حوجرەی تایبەتی دا، قوتابخانەی نوێ هەبوە کە ژمارەیەکی باش خوێندەوار و رۆشنبیری پێ گەیاند. لە داوودەزگاکانی حکومەتی عوسمانی و، دواتر لە داوودەزگاکانی حکومەتی تازەدامەزراوی عیراق دا پلە و پایەی بەرزیان وەرگرت. خوێندن و پەروەردە بە شێوەی نوێ ببو بە بەشێ لە ژیانی دانیشتوانی سلێمانی.

سەرەڕای هەمو ئەو کۆست و کارەساتەی بە هۆی یەکەمین جەنگی جیهانی و دواتر بە هۆی شەڕی ئینگلیز- کوردەوە بە سەر ناوچەکە دا هات بو، هەر کە هەلێکیان بۆ هەڵکەتبێ خوێندنگەکانیان بوژاندۆتەوە.

2. 1. کردنەوەی

رۆشنبیرانی سلێمانی هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی خوێندنگەی کچان، لە سلێمانی و لە شوێنەکانی تردا بکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵێکی زۆریان لای کاربەدەستانی پەروەردە (مەعاریف) ی بەغداد داوە. دیاریی کوردستان کە بە 3 زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی لە بەغداد دەرئەچو، لەم بارەیەوە چەند وتارێکی نوسیوە. مەبعوسەکانی کورد یش، بە تایبەتی ئەمین زەکی بەگ، چ لە ناو مەجلیسی مەبعوسان دا و، چ بە هەوڵی شەخسی، خەریکی ئەنجامدانی ئەم کارە بون. سەرەنجام کارەکەیان سەر ئەگرێ و خوێندنگەیەکی سەرەتایی بۆ کچان لە سلێمانی ئەکرێتەوە.

ژیان لە ژ 13 دا هەواڵی کردنەوەی بڵاو کردۆتەوە:

"مەکتەبی کچان

"لە ئیعتیباری 21 ی نیسانی 926 رۆژی چوارشەممەوە مەکتەبی کچان دەستی کردوە بە قەید و قبوڵی قوتابی. ئەوانەی حەز ئەکەن کچەکانیان بخەنە مەکتەبەوە لە تاریخی مەزکورەوە موراجەعەت بە ئیدارەخانەی مەکتەب بفەرمون. لە خانوەکەی عەلی بەگی فەتحولڵا بەگ دایە."

بۆ ئەوەی مەکتەبی کچان جێگیر بێ و ببێتە دامەزراوێکی دائیمی پێویستی بە بینای تایبەتی خۆی هەبوە. ژیان لە ژ 78 دا هەواڵی داوە:

"وەزیری ئەشغال و مواصەلات مەعالی ئەمین زەکی بەگ، کە کوردێکی میلەتپەروەر و وەتەنیە. بینا بەم فکر و مەقصەدە، بۆ دانان و کردنەوەی مەکتەبی کچانی سلێمانی یەکانە هەوڵدەر و ساعی بو. لە رێی ئەم خزمەتە دا لە هیچ تەشەبوسێک دوا نەکەتو. حەتا لە مەجلیسی مەبعوسان دا بە دەفعەعات داوای کرد تا بە

کردنەوەی مەکتەبی کچانی نێرە موەفەق بو. ئەگەرچی ئەم لانەی ئومێدی وەتەنە کرایەوە فەقەت لە بەر ئەمەی کە بینایەکی تایبەتی نەبو وە ئەو جێگایەی کە بۆی تەخصیص کرا بو. جێگایەکی وا نەبو کە بۆ مەکتەب بەکەڵک بێ و لە گەلێ خصوصەوە نوقصانیەتی بو. لزومیەت بە ئینشا و دروستکردنی بینایەکی تایبەتی حیس کرا. ئیسان لە سایەی عەزم و تەشەبوساتی جدیەی موشار ئیلەیهەوە بۆ ئەمەیش قەرار ئیستیحصال کرا. ئەوا ئێستا لە مەوقیعێکی باش دا بناغە و تەمەڵی ئەم موئەسەسە بە قیمەتە هەڵئەدەنەوە. هەروەکو بیستومانە ئەوەل بەردی تەمەڵی ئەم جامیعەیە بە دەستی موشفیقی مەعالی جەنابی ئەمین زەکی بەگ، کە حەقێکی مەشروعی خۆیەتی. دائەنرێ."

ڕۆژی 20 ی ئاغستۆسی 927 بە ئامادەبونی موتەسەڕیف و موفەتیشی ئیداری و ئەشراف و کیباری مەملەکەت، ئەمین زەکی بەگ وەزیری مەعاریفی ئەو کاتەی عیراق، بەردی بناغەی مەکتەبی کچانی دانا. ژیان لە ژ 79 دا ڕیپۆرتاجێکی بە بۆنەی ئەم ئاهەنگەوە ئامادە کردوە تێیدا نوسیویەتی:

"ئەوەڵەن لە تەرەف خەتیبی مزگەوتی گەورەوە خوتبەیەکی بەلیغ و چەند دوعایەکی موئەسیر خوێندرایەوە و وازیحەن بە ئایەت و حەدیس بەیانی کرد کە شەریعەتی غەرای ئیسلامی بە ژن و پیاو موتەساویەن ئەمری خوێندن و تەعلیم ئەکا" جگە لە ئەمین زەکی، فایەق زێوەر وتارێکی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە.

ڕۆشنبیرانی کورد بەوەندە دانەکەوتون، بەڵکو لە داواکانیان دا بەردەوام بون. وەکو ژیان لە ژ 118 دا نوسیویەتی، مەبعوسەکانی کورد لەو (تەقریرە دا) کە بە کۆمەڵ داویانە بە وەزارەتی مەعاریف، نوقتەی 6 ی خواستەکانیان "کردنەوەی مەکاتیبی کچان" بوە.

2 .2. هەڵوێستی جیاواز لە خوێندنی کچان

لە ژێر سەردێڕی (گفتوگۆیە: ئیفرات نە تەفریت) ژیان دەمەتەقێیەکی بە زمانی ع. و م. وەوە بڵاو کردۆتەوە کە جیاوازیی بیروڕای ئەو کاتەی توێژەکانی کۆمەڵی کورد و ناکۆکی هەڵوێستیان لە خوێندن و پەروەردەی کچان ئەنوێنێتەوە.

ئەمە دەقەکەیەتی:

"لە ماڵەوە دانیشتبوم م. هاتە ژورەوە بە ناوچەوانێکی غەمگینەوە دانیشت.

ع. بۆچ وا عاجزی ئەڵێی خەبەرێکی ناخۆشت بیستوە؟

م. ئەرێ بە خوا خۆزگە بەو کەسە کە ڕۆژێ زوتر ئەمرێ و شتی خراپتر نابینێ. من ئەڵێم ئاخرزەمانە تۆ پێم بڕوا ناکەیت و. ئەڵێن مەکتەبی کچانیش دائراوە ئەمجا ئۆرەی کچەکانمانە هەمو ئەفعالیان شەڕ بێ.

ع. ئەی هاوار بە ماڵم! تۆ کە خوێندەواری ئەمە فکرت بێ؛ ئەبێ نەخوێندەوارەکان بڵێن چی؟

م. خوێندەوار و نەخوێندەوار فەرقی چیە؟ هەر کەس موسوڵمان بێ ئەزانێ ئەمە شتێکی زۆر خراپە.

ع. بۆ خاتری خوا ئەم قسەیە بەم ئەوعە لای عەوام مەکە. تازە بە تەماین مۆمێکی زانستیمان لەم تاریکی جەهلە بۆ دابگیرێ. لێمان مەبە بە ڕەشەبا.

م. جارێ پێم بڵێ ئەم دینە تازەیەت کەی پەیدا کردوە خۆ تۆ موسوڵمانێکی باش بویت؟

ع. من ئێستایش موسوڵمانەکەی جارانم نیهایەت ئەزانم ئیسلامیەت تەنها مەخصوصی پیاو نیە بۆ ژنیشە و خوێندنیش بۆ ئیسلامیەت زۆر موفیدە بۆیە پێم خۆشە ژنانیش خوێندەوار بن.

م. تەنها خوێندەواری باشە ئەما نوسین فێربونەکەیان خراپە.

ع. لەم فەرموەیەت ئەگەیشتم گوایە نوسین فێربون خراپە یا صوحبەت ئەکەیت؟

م. ناوەڵا صوحبەت ناکەم مەعلومە کە ژن نوسین بزانێ زۆر خراپە چونکە بیەوێ لە تەک شەخصێکی بێگانە موعاشەقە بکا بە موخابەرە زو جێبەجێی ئەکات.

ع. وەک تۆ ئەفەرمویت ژنێ کە فکری خراپەی بێ و نوسین نەزانێ رەنگە هیچی بۆ نەکرێ. ئەی ئەی پەکی ئەکەوێ!

م. دیارە پەکی ناکەوێ ئەما باسی ژنی خراپ ناکەین.

ع. ئەی تو خوا ژنێکی عەفیفە بیەوێ کاغەزێ بۆ مێردی بنوسێ و خۆی نەزانێ مەجبور بێ بچێتە لای کەسێکی بێگانە و لە بەر ئەمە کە تەبیعی نایەوێ خەڵقی بزانن چی بۆ مێردی ئەنوسێ خەلوەتیش لە تەک کابرای کاتبا بکات بە تەواوی موخالیفی شەریعەتە باشە، یا خۆی بیزانێ بە دەستی خۆی بینوسێ باشە؟

م. دیارە خۆی بینوسێ باشە.

ع. ئەی کەواتا مەکتەبی کچان شتێکی زۆر باشە و بێ حیکمەتیش نیە کە حەزرەت (ص. ع) فەرمویەتی (طلب العلم فريضة على كل مسلم ومسلمة)

م. ئاخر ئەمە ئەگەر هەر بۆ نوسین و خوێندن بوایە باش بو ئەما ئاخ فائیدەی چی؟

ع. لەم ئاخە تێ ئەگەیشتم ئەترسم فێربونی نەقش و نیگار و ئەو مەعریفەتانە کە بۆ ژن لازمە بیزانێ خصوصەن موافیقی حیفزەل صیحە منداڵ پەروەردە کردن کە یەگانە سەبەبی تەئمین و تەتویلی حەیاتە بە لای جەنابتەوە وەکو فێربونی نوسینەکە خراپ بێ؟

م. ناوەڵا ئەمانە ئینکار ناکرێ کە زۆر چاکن ئەما سەربەست بونەکەیان خراپە و بێ شەرعیە.

ع. ئەی ناوی سەربەستیت هێنا بڕینی زلم کولایەوە ئاخر عەزیزم ئێمە هێشتا مەعنای سەربەستیمان نەزانیوە بۆیە مستمان ناکەوێ وە ئیلا سەربەستی ژنان مەعنای ئەوە نیە کە بۆ بێ شەرعی و خراپەکردن سەربەست بن.

م. بەڵێ وەڵا ئەوەیە ئەی چیە؟

ع. نا بە خوا ئەوە نیە. سەربەستی هەر ئەو حوریەتەیە کە شەرع پێیانی بەخشیوە و لێیان غەصب کراوە.

م. کامەتا حوریەتی شەرعیی ژن کە غەصب کرابێ؟

ع. ئەی بێ قەزا بی خۆ مەسئەلەی تەئەهول کە دەخلێکی گەورەی بە سەر حەیاتەوە هەیە بە جارێ شەرعیەکەی بۆتە عەیب و بێ شەرعیەکەی بۆتە عادەت. کەی ئەبینی کچێ کە درا بە شو پرسێکی پێ بکرێ بیلخاصە لە دەرەوە لە ئەموالی مەنقولە عەد ئەکرێن وەکو گا و گوێرەکە یا لە باتی خوێن ئەدرێن. یا بە پارە ئەفرۆشرێن. یا وەک سەگ بە تولە ژن بە ژنیان پێ ئەکرێ. ئەی ئەمە حوریەت غەصب کردن نیە چیە؟

م. بەڵێ وایە ئەما وا تۆ مەعنای سەربەستی وا لێ ئەدەیتەوە وە ئیلا من لە منەوەرێکی مەعاریفپەروەرم بیستوە کە مەدحی مەکتەبی کچانی کردوە کە فێری سەما ئەبن و گۆرانی ئەڵێن و سەربەست ئەبن. یەعنی بە ئارەزوی خۆیان هەرچی بکەن مەنع ناکرێن.

ع. حاشا مەعنای سەربەستی ئەوە نیە ئەما ئاخ بڵێم چی لە دەست ئەو ئەوعە منەوەرانە کە بون بە گێرەشێوێنی ئەم میلەتە لە هەمو باسێکا زو باز ئەدەنە سەر بێدینی و کفر. بە ئەوعێ ئەفرەتی عالەمیان وەرگرتوە کە لەفزی منەوەر جێی جنێوێکی پیسی گرتۆتەوە.

م. ئەشهەدوبیلا حەقیقەتی مەسئەلە ئەمەیە ئەگەر ئەو ئەوعە منەوەرانە واز لەم ئیفراتە بێ مەعنایە بێنن ئەم عالەمەیش یەکجار وا مەیلی تەفریت ناکەن وە ئیلا بەشەر چۆن لە عەلەیهی مەعاریف ئەبێ. لە هەڵەبجەوە ع. صوبحی" (ژیان، ژ 60، 31 ی مارتی 1927).

2. 3. چالاکیەکانی مەکتەبی کچان

کچانی خوێندنگەکەی سلێمانی، لە ماوەیەکی کەم دا پێشکەوتنێکی دیاریـان بـە دەس هێنـاوە. لـە زۆر چالاکی کۆمەڵایەتی گرنگدا بەشدار بون کە نیشانەی ئەوەن نافرەت لە چوار دیواری ماڵ دەرچـون و پێیـان ناوەتە مەیدانێکی تازەوە کـە مەیـدانی بەشـداری ژیـانی کۆمەڵایـەتی بـوە. ژیـان هەواڵـەکانی بـە خۆشـی و پشتیوانیەوە بڵاو کردۆتەوە، لەوانە:

2. 3. 1. پیشانگەی ساڵانە

ژ 72 ئەم (ئیعلان) ەی بڵاو کردۆتەوە:

"سەنەی تەدریسیەی 926– 927 ی مەکتەبی کچانی سلێمانی تەواو بو. ئەو نەقش و درومانانەی کـە لە ساڵی مەزکوردا بە دەست و سەعی قوتابیەکان هاتۆتە وجود، رۆژی جومعە و شەمە کـە تەصـادوفی 8 و 9 ی تەموزی 927 ئەکات بۆ پیاوان و رۆژی یەکشەمە و دوشەمە کە بەر 10 و 11 ی مانگ ئەکەوێ بۆ ژنـان، لە بینای مەکتەب دا ئەخرێتە ساحەی تەماشاوە. لە ژن و لە پیـاو ئـەو کەسـانەی ئـارەزوی بینینـی ئەکـەن لـە میعادی موعەیەنەدا تەشریف بفەرمون. مودیرەی مەکتەبی کچان"

سەروتاری ژمارەی 73 ی ژیان بۆ ستایشی ئەم پیشانگەیە و قوتابی و مامۆستاکانیان تەرخان کراوە.

ژ 242 ی 2 ی حوزەیرانی 1930 هەواڵی داوە:

"نەقش و درومانەکانی مەکتەبی کچانی ئێرە و کەرکوک

"بە موناسەبەتی نزیک بونەوەی ئیمتیحانەوە بۆ ئەوەی ئەو ئیشـی دەسـت و درومـان و نەقشـەی کـە تالبەکانی مەکتەبی کچانی سلێمانی و کەرکوک کردویانە بخرێتـە پـێش چـاوی عـوم و لـە گـەڵ یـەکتریدا بەراورد بکرێن چوار پێنج رۆژ لەمەوپێش مودیرەی موحتەرەمەی مەکتەبی کچـانی سـلێمانی بـە ئەشـیاکانەوە تەشریفی بردە کەرکوک و لە دوای ئیجرا و تەواوبونی مەعرەزی کەرکوک گەڕایەوە سلێمانی.

"موعەلیمەیەکی مەکتەبی کچانی کەرکوک لە گەڵ نەقش و درومانەکانی ئەوێدا هاتۆتە سلێمانی.

"لە بەیانی ئەمڕۆوە ئەشیای هەردو مەکتەب لە مەکتەبی کچـانی سـلێمانیدا دانـراوە و خراوەتـە پـێش چاوی عوم، لە بەیانی ئەمڕۆوە هەتاکو سبحەینێ ئێواری بەیانیان هەتاکو نیوەڕوان پیاو و لە پاش نیوەڕۆوە هەتا ئێواران نافرەت ئەتوانن بچن تەماشایان بکـەن و لـە دوای تەماشـا کـردن هـەمو کەسـێک ئـەتوانێ لـەم خسوسەوە فکری خۆی لەو دەفتەرەدا کە دانراوە بەیان بکا."

زۆر ساڵ ئەم جۆرە پیشانگایەی کاری دەستی خوێندکارەکان دوبارە بۆتەوە. پیرەمێرد بە ئوسـلوبە ئەدەبیەکەی لە ژ 329 دا بەمجۆرە لە پیشانگەی ساڵی 1932 ئەدوێ:

"گوڵدەستەی گوڵان

"ژیان بەهاری گوڵ و گوڵزاری دەوری شاری دەور کردەوە و هاوینی گوڵزاری ناوشار دێنێتە فەڕ.

"گوڵی بەهارە، نازک و نازدارە، بەڵام ناخ ناپایەدارە.

"گوڵێکم دەوێ گوڵان ببینێ، شێوە و ئاینی گوڵان بنوێنێ، هەتا درەنگێ هەروا بمێنێ.

"ئەو دەسکە گوڵەم دوێنێ لە نوێنە (مەعرەز) ی مەکتەبی کچان دا دی.

"دەستی پەروەردگار لە کچۆڵەکانمان گوڵدەستەیەکی رازاندۆتەوە، ئەو گوڵانەیش هەریەکـە بـە دەسـتی نازک و نازداریان چەند گوڵێکی نەقش و نیگاری هونەری خۆیان هێناوەتە مەیـدان و پیشـانمان ئـەدەن. یـا خوا ئەو دەست و پەنجەیان ئەرزێ. من کە بەم پیشە (صنعەت) ی دڵپەسندە ئەمەندە چاوم رون بۆتەوە، تەنها

بۆ دیدەنی نەقش و نیگار نیە، هیوای زۆرم بە سەرئەنجامی ئەم بێچوە پەریانەیە کە بە هۆی خوێندەواریەوە پاک و تەمیزی و شیرین دوبن. دەرنزانی، منداڵ بە خێوکەری فێر ببن و بە ئامۆژگاری و پەروەردەیی ئەمانە نەتەوەی ئایندەمان بە کەڵکی بنەچە و هاورەچەڵەکی خۆی بێ و بە خێوی مەڵبەند بشێ. ئەگینا نمونەنمایی هەمو شارێ لە ئێمە پێشترە. هونەرەکەی ئێمە لەوەدایە لە (پڕ) ئەمانە فێر بون و رەهبەرەکەیشیان کە موبیرە باڵایە لە خۆمانە. کەوابێ تار و پۆ لە خۆیە.

"تاکو بنواڕی بەهەشتێکە بە گوڵ خەملێوە

"دایکی ئێمە، وەرە لێی پرسە: ئەمەی کەی دیوە؟

"تا ئێستا نەقش و نیگاری ژنانمان: خەرمک، تەشی، کەلە ژمن، کەلە ماشەر، قانگەلە، تەشیلە، بنەزیلە و، دوخ و، ژێ و، دەسکلوجە و، گوی چەنە و، پلی پێچ و گورزە هۆن و، بێینەوە سەرەوکاری درومان: تیک و بن تیک و، تەریب و، قومامە و، قیرمە و، بەقیە و، هەڵپێچ و، پشت ماسولکە و، حەوزی و، ئاویە و، پێ چۆلەکە و، کۆترە باریکە، ئەمانەیان ئەزانی. گۆشەگیرەمان مادە بو، سەرمێزمان سەرەویر بو. ئێستا هەندێ وردەکاریم لە ناو ئەو نمونانەدا دیوە تا لێی ورد بیتەوە شیرینە، تا دڵ بیەوێ رەنگینە. ئێستا ئێمە دەبێ مادام بە چاوی خۆمان دەبینین ئەم کچانەمان بەم خوێندەواریە هونەری وا دێننە مەیدان، ئەبێ هیوایشمان پێیان بێ کە کەڵکی ماڵداری و هاودەردی و هاوسەرێتیشیان پێوە دەبێ و، بە نەتەوەی چاک ئەم میلەتە لە دەست ئاڵانی و سەرگەردانی رسگار ئەکەن وایان لە گەڵ بێزوینەوە و ئەو کەسەی کە ئەمڕۆ بە دو لادا گەورەیە دەبێ باوەڕ بفەرموێ کە موبیرەکەی ئێستا ئەگەر هێجگاری بێ لە لایدە چاکتر بە کار دێ.

"خوایە تۆ ئەم کچانەمان بگەیەنەرە ئەو هیوایەی ئێمەیە!"

2. 3. 2. تەمسیل

هونەری نواندن و شانۆ ئەگەر لە ئەوروپا پێشینەیەکی کۆنی هەبوبێ، یان ئەگەر لە شوێنانی وەکو ئەستەموڵ و قاهیرە و بێروت و بەغداد یش کرابێ، ئەوا لە کوردستانی عیراقدا بەگشتی و لە سلێمانیدا بە تایبەتی هونەرێکی نوێ و نە ناسراو بوە. ئەم هونەرە مامۆستای قوتابخانەکان هێناویانەتە سلێمانی و بە قوتابیەکانیان جێبەجێ کردوە. ناوەرۆکی ئەو چیرۆکانەی لەسەر شانۆ نوێنراون کاریگەریەکی راستەوخۆیان لە سەر بینەرەکانی هەبوە. بە تایبەتی لە زەمانێکدا کە هێشتا، لەم وڵاتەدا، سینەما و رادیۆ و تەلەفزیۆن لە کایەدا نەبون.

لەو ماوەیەدا لە سلێمانی، کە رەنگە لە مێژوی ئەو شارەدا ئەوە یەکەمین جار بوبێ، دو جار تەمسیل پێشکەش کراوە:

جاری یەکەم، لە تەموزی 1926 دا قوتابیانی مەکتەب تەمسیلی (نەتیجەی سەفاهەت) و.

جاری دوەم، لە تەموزی 1927 دا قوتابیانی سلێمانی بە هاوکاری خوێندکارانی بەغداد (نیرون) یان لە بینای زانستیدا پێشکەش کردوە.

کچانیش هاتونەتە ئەم مەیدانەوە. ژیان (پرۆغرام و نوتقی تەمسیل و حەفلەکەی مەکتەبی کچان) ی بڵاو کردۆتەوە:

"پرۆغرامی حەفلەکە مادەی

1. لە تەرەف تالیبەیەکی سینفی پێنجەم حەفسە عیرفانەوە نوتقێکی کوردی کە مەئالەکەی عیبارەت بو لە بەخێرهاتنی میوانەکان و فەزائیلی خوێندن و تەحصیل.

2. تالیبەیەک کە بەیداخی بە دەستەوە بوە لە گەڵ 20 تالیبەی تر گۆرانی بەیداخ.

3. لە تەرەف تالیبەیەکەوە شیعری کوردی.

4. تەمسیل: ئینسان ئەوی ئەیچێنێ ئەوە ئەدروێتەوە. سێ پەردە. دو پەردەی نەسر، پەردەیە نەزم.
5. لە تەرەف تالیبەیەکەوە شیعری عەرەبی بەحس لە فەزائیلی (دەرزی و قەڵەم)
6. ریازەتی بەدەنیە لە تەرەف تالیبەکانەوە بە جلی مەخسوسی ریازەتەوە.
7. لە تەرەف نەزیهە تالیبەوە شیعری کوردی و تورکی خیتاب بە بوکەشوشەیەک.
8. لە تەرەف تالیبەیەکی ترەوە نوتقێکی مەنزومی ئینگلیزی.
9. تەمسیل: هەموی بە شیعر. دایکێکی جاهیل کە خەشخاشی داوە بە منداڵەکەی و نەسیحەتی دوقتۆرێک.
10. لە تەرەف تالیبەیەکەوە شیعری عەرەبی.
11. لە تەرەف 20 تالیبەوە گۆرانی پیرەمەگرون و سائیرە.
12. لە دوای هەمویان لە تەرەف مودیرەی موحتەرەمەی مەکتەبەوە چەند کەلیمەیەکی عەرەبی و کوردی کە زۆر عالی و مونەسیر بون." (ژیان، ژ 233، 3 ی نیسانی 1930)

ژیان ناوەڕۆکی هەردو تەمسیلەکەی بەمجۆرە باس کردوە:

"تەمسیلی ئەوەل:

"ئەو تەمسیلانەی کە کرایان دوان بون و، ئەمانە هەموی لە تەرەف قوتابیە کچەکانەوە و، مودیرە و موعەلیمە موحتەرەمەکانی مەکتەبەوە ئیجرا کران.

"تەمسیلی ئەوەلیان: ئینسان ئەوی ئەیچێنێ ئەوە ئەدروێتەوە

"دو کچی قوتابی مەکتەب ئەبن: یەکێکیان، زۆر ساعی ئەبێ هەمو وەقتی خۆی بە خوێندن و تەحسیل و نەقش و دورمان سەرف ئەکات و زەمانی تەحسیلی هەر بەم نەوعە شتانەوە ڕائەبوێرێ. خاریجی ئەمانە ئارەزوی شتێکی تر ناکات. قوتابیە کچەکەی تریان، چونکە باوکی دەوڵەمەند ئەبێ، بە ئومێدی سەروەتی باوکی هەمو وەقتی خۆی بە کەیف و زەوق و گەڕان سەرف ئەکات و ئەهەمیەت نادات بە تەحسیل و خوێندنەکەی.

"لە دوای 20 ساڵی تر ئەم دو کچە کە هەردوکیان شو ئەکەن، ئەوەلیان کە ئەخلاقی باش ئەبێ، لە وەقتی خۆیدا دائیمەن خوێندویەتی. هەرچەند مێردەکەیشی لە حەربا شەهید ئەکرێ، بەڵام دیسانەوە بە واسیتەی سەعی خۆیەوە زۆر چاک ئەژی و 3 منداڵی ئەبێ، هەرسێکیان وەکو خۆی عالی و باش تەربیە ئەکات و ئەیانکات بە پیاو.

"کچی دوهمیان چونکە وەقتی خۆی سەعی ئەکردوە و سەروەتەکەی باوکی زایع ئەکات، ئەویش منداڵەکانی کە بێ باوک ئەمێننەوە، مەجبور ئەبێ بە جلشۆری و کارەکەری بە خێویان بکات. نەتیجە کوڕەکەی بێ ئەخلاق ئەبێ و، ڕۆژێک داوای پارە لە دایکی ئەکات و، چونکە دایکی پارەی نابێ بیداتێ و، چەند دەفعە بە ئەولادەکەی ئەڵێ: کوڕم بە خوا پارەم نیە خۆت ئەیزانی بە جلشۆری بە ڕێتانەوە ئەبەم. بەڵام کوڕەکەی قانع نابێ، لە سەر پارە بە چەقۆ دایکی بریندار ئەکات.

"نەتیجەی ئەم دو کچە، ئەوی سەعی کردوە، وەقتی بە بێ هودە زایع نەکردوە، مەسعود ئەبێ و، ئەوی تریان کە لە دەوری تەحسیلیا تەمەڵی کردوە و، بە سەفاهەتەوە مەشغوڵ بوە، سەفیل ئەمێنێتەوە.

"ئەم تەمسیلە 3 پەردە بو، دوانی بە نەسر و یەکێکی بە شیعر ئەبێ.

"دوەم تەمسیلی:

"دایکێکی جاهیل ئەبێ لە بەر ئەوەی منداڵەکەی لە بێشکەدا خەوی لێ ناکەوێ و ئەگری، ئەچێت لە سەر تەوسیەی پرەپیرێژن دائیمەن خاشخاشی ئەداتێ و، بەم عیلاجە مەسمومە ئەینوێنێ. ڕۆژێک لە دوای ئەوەی ئەم خەشخاشە ئەدات بە منداڵەکەی تەماشا ئەکات هەتا دو سێ ساعات لە وەعدەی زیاتر منداڵەکەی خەبەری نابێتەوە و

ناجولێتەوە. کە دایکەکەی سەری هەڵئەبڕێ ئەبینێ منالەکەی سپی بوە، خوێنی حەرەکەت ناکات. دەست ئەکات بە گریان. دراوسێکانی پێ ئەزانن دێن بە دەنگیەوە، کە مەسئەلەکە تێ ئەگەن یەکێکیان ئەروا دقتۆر ئەهێنێ. کە دقتۆر دێت لە مەسئەلە ئەکات موتەئەسیر ئەبێ گلێ لۆمەی دایکەکەی ئەکات و بە دەرمان تەداوی ئەکات، ئەیهێنێتەوە هۆش خۆی و دایکەکەی مەسرور ئەبێ. دوقتۆرەکە پێی ئەڵێ: ئەمە نەتیجەی جەهالەتە کە ئەم سەمەی ئەدەیتێ، ئەترسم دیسانەوە تیکراری بکەیتەوە. دایکەکە ئەپاڕێتەوە. تەشەکوری دوقتۆر ئەکات. شوکری خوا بە جێ ئەهێنێ. قەولی ئەداتێ، سوێند ئەخوات کە ئیتر دەرمانی وا نەدات بە منالەکەی و، بە قسەی پروپیرێژن ئەکات.

"ئەم تەمسیلە هەموی بە شیعری کوردیە. حەقیقەتەن شیعرەکانی زۆر جوان و مەحزونانەیە. ئومێد ئەکەین ئەگەر جێ بو لە ستونێکی غەزەتەکەدا ئەم شیعرانە دەرج و عەرزی قارئینی کیرامی بکەین." (ژیان، ژ 233، 3 ی نیسانی 1930)

ژیان ناوی نوسەری تەمسیلیەکان و ناوی ئەکتەرەکانی ئەنوسیوە.

بۆ جاری دوەم، تەمسیلێکی تریان رێک خستوە:

"هەیئەتی تەعلیمیەی مەکتەبی کچانی سلێمانی بۆ تەنمیەی ئەفکاری کچە خوێندەوارەکان تەمسیلێکی عیلمی و ئیجتیماعی رێک خستوە کە مەوزوعەکەی عائید بە تەحلیلی حالەتی ئیجتیماعی نسوانی ئێرەیە و موقایەسەی گوزەرانی سائیری مەملەکەتەکانە. ئەم تەمسیلە تەنها بە واسیتەی کچانی مەکتەبەوە دێتە ساحەی تەتبیق. بە هیچ وەجهێ پیاو و کوڕی تیا نابێ و، لەم هەفتەیەدا تەرتیبی ئەکەن. ئینشائەڵا ئەمە ئەوەل قەدەمی خێری کچە خوێندەوارەکانمانە." (ژیان، ژ 324، 2 ی حوزەیرانی 1932)

2. 3. 3. بەشداری کۆبونەوەی گشتی

رۆژی 13 ی 6 ی 930 بە ئامادەبونی موتەسەڕیفی سلێمانی، کۆمەڵی زانستی حەفلەیەکی عمومی کردوە کە چەند سرود و شیعر و وتاری تێدا خوێنراوەتەوە.

مەبەست لە حەفلەکە کۆکردنەوەی پیتاک بوە بۆ کڕینی مەتبەعەیەک بۆ زانستی. لەم حەفلەیەدا قوتابی مەکتەبی کچان بەشدار بون. لەو ریپۆرتاجەدا کە ژیان لە ژ 245 دا بەم بۆنەیەوە نوسیوێتی، بەمجۆرە باسی بەشداری کچەکان ئەکا:

"....."

"باخسوس لە دوای نوتقەکان پێنج قوتابی کچی منالی مەکتەبی کچان کە بۆ ئەم نیشە حازر کرابون و کە هەر یەکە کراسێکی سپی نازکی لە بەر کرد بو وە بە ئەنواعی قرێلە - گوڵی جوان خۆیان رازانبوەوەو هەریەکە سەبەتەیەکی جوان، لە ناویا لە قوماشی رۆزێت، گوڵ دانرابو و دەرزیەکی پێوە بەسترابو لە گەڵ تاقمێک کاغەزی مەتبوع کە لێی نوسرابو: (زانستی چاوەڕوانی هیمەت و موعاوەنەتی ئێوەیە) بە ریزە بە بەردەمی تەختەکانا ئەگەڕان و لە بەردەمی هەمو پیاوێکا ئەوەستان و لەو گوڵانە یەکێکیان ئەکرد بە بەرۆکیا و یەکێ لەو کاغەزانەیان ئەدانە دەست.

"بە راستی ئەم مەسئەلەیە لە هەمو شتێک زیاتر رۆحی میلەتەکەی هێنایە جۆش چونکە ئەمە هەوەڵ کەرەتە لێرەدا لە ناو میلەتی کوردا وەکو میلەتە موتەمەدینەکان کچی مەعسوم بە شەوق و بە ئارەزویەکی تەبیعی خۆیەوە بەم تەحرە خدمەتی مەعاریف بکات و بۆ ژینی کۆمەڵێکی وا تێ کۆشێ...."

بەم بۆنەیەوە هەیئەتی ئیدارەی کۆمەڵی زانستی (تەشەکورێکی عەلەنی) یان (بە واسیتەی ژیانی خۆشەویستەوە، بەرامبەر بە مودیرە و هەیئەتی موحتەرەمەی مەکتەبی کچان) نوسیوە.

لە بەردەم مەلیک فەیسەڵدا

ڕۆژانی 10– 13 ی حوزەیرانی 1931 مەلیک فەیسەڵ سەردانی شاری سلێمانی و هەڵەبجەی کردوە. لەم سەردانەدا سەری لە قوتابخانەکانی سلێمانی، لەوانە قوتابخانەی کچان داوە. ژیان لە 3 ژمارەیدا هەواڵەکانی ئەم سەردانەی نوسیوە. لە ژ 288 دا باسی کردوە، کچێکی پۆلی چوارەم لە بەردەم مەلیک فەیسەڵ دا وتارێکی داوە. لە بەشی یەکەمی وتارەکەیدا بە خێرهاتنی مەلیک دەکا و لە بەشی دوەمی دا وتویەتی:

"کەمینە تلمیزەیەکم لە مەدرەسەی کچان و. لە عەزەمەتی ئێوە مەعلومە کە ئەوەل مەعاریسی ئەتفال باوەشی دایکە و. پێغەمبەرمان (ص) کە جەدی ئێوەیە فەرمویەتی: (علموا بناتکم: تەعلیمی کچانتان بکەن!) نیهتیمام بە تەعلیمی ئێمە سەمەرەیەکی عەزیم و فائیدەیەکی گەورەی هەیە بۆ موجتەمەع لە ئاتیدا و. ئیمانمان قەوییە بەمە کە جەلالەتتان بە نیهتیمامەوە لە سەر نەشری عیلم و فەزیلەت و. حیصەی ئێمە لەمە بە سەبەبی تەوەجوهی ئێوەوە زۆر ئەبێ."

2. 3. 4. فێرکردنی ژنانی نەخوێندەوار

"لە مەکتەبی کچانی سلێمانیدا سینفێک بۆ ژنە نەخوێندەوارەکانمان

"... بۆ ئەوەی ئەو ژن و کچە نەخوێندەوارانەی کە ناتوانن دەوامی مەکتەب بکەن ئەوانیش فێری خوێندن و نوسین بکرێن لە مەکتەبدا سینفێکی بۆ کردونەوە و ئێواران لە سەعات 10 ی عەرەبیەوە هەتا 11 موعەلیماتەکانی مەکتەبی کچان دەرسی ئەلفبا و حساب ئەڵێنەوە." (ژیان، ژ 240، 22 ی مایسی 1930).

"زانستی ژنان

"ئەم حەرەکەتە عیلمیەی کە لە کوردستانا دەستی پێ کراوە وەنیە هەر مونحەصیر بێتە سەر پیاوەکان. بەڵکو نافرەتەکانیشمان بە عەینی حس موتەحەسیس بون و بۆ هەمو خدمەتێک کە مەنافیعی وەتەنەکەی تیا بێ معاوەنەت ئەکەن و ئەیانەوێ بە عومومی خۆیان بە عیلم و عیرفان برازێننەوە. زاتەن موددەتێکی زۆرە سینفێکی تایبەتی بۆ ژنە نەخوێندەوارەکانمان کراوەتەوە و بە ئەکسەریەتی نافرەتەکانمان هەمو ئێوارەیەک ئەخوێنن. ئەم دەفعەیەش بۆ ئەوەی فەرعێکی زانستی ژنان بکەنەوە کە تیا کۆببنەوە و تیا بخوێنن نافرەتەکانمان قەراریان دا ئیجتیماع بکەن و نیشوکاری ئەم زانستی ژنانە پێک بێنن. لە سەر ئەوە ڕۆژی 28 ی تەموزی 930 ساعەتی 9 ی عەرەبی لە ماڵی حەفیدزادە حەفسە خانمی نەقیب دا کۆبونەوە..." (ژیان، ژ 255، 31 ی تەموزی 1930).

لەم کۆبونەوەیەدا چەند کەسێ قسەیان کردوە. 717 روپیە پشیان کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی خانویەکی پێ بە کرێ بگرن و کەلوپەلی بۆ بکڕن و کتێبخانەیەکی تێدا دابنێن.

لەو ماوەیەدا جوڵانەوەیەکی سیاسی بۆ داوای مافی نەتەوەیی کورد دەس پێ ئەکا. ژنان پش لەم جوڵانەوەیەدا بەشدار ئەبن. سەرەنجامی جوڵانەوەکە بە 6 ی ڕەشی ئەیلول تەواو بو. لەوەدا زانستی کەوتە بەر هێرش، پێ ئەچێ زانستی ژنانیش بوبێ بە ژێر ئەو ڕوداوانەوە.

2. 3. 5. فێرکردنی پیشە

"ئیعلان

"بۆ ئەو خانمانەی کە حەز بە فێربونی خوێندن، نوسین، درومان و نەقش ئەکەن. سینفێکی تایبەتی کراوەتەوە ئەوانەی ئارەزو ئەکەن لە ئیعتیباری 15 ی ئاغستۆسی 926 وە بەیانیان سەعات 8 ی زەوالی موراجەعەت بە مەکتەب بکەن.

مودیرەی مەکتەبی کچان" (ژیان، ژ 28، 12 ی ئاغستۆسی 1926).

3. هەواڵی ئافرەتانی دنیا

ئەو هەواڵانەی ژیان دەربارەی ئافرەت لە وڵاتانی جیاجیای دنیادا بۆ بڵاوکردنەوە هەڵی بـژاردوون. هەمویان دانسقەن و بە ئەنقەست هەڵی بژاردون. ژیان ویستویەتی سەرنجی پیـاوی کـورد رابکێشـێ بـۆ ئەو گۆڕانە گەورەیەی لە دنیادا بە سەر باری کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنـاندا هـاتوە. لەمـە یـش مەبەسـتی ئەوە بوە زەمینەی فکری لە لای پیاوی کورد خۆش بکـا بـۆ ئـەوەی داوای چـاکردنی بـاری کۆمەڵایـەتی ژنی لێ بکا.

هەواڵی ئافرەتی بریتانی

"حقوقی ژن

"ئەو لائیحەیە کە لە خصوص مساواتی ژن لە گەڵ پیاوا حکومەتی بریتانیا تەنزیمی کردوە جەلالەتی مەلیکیش تەصدیقی کردوە." (ژیان. ژ 121. 12 ی تەموزی 1928).

"ژن لە ئینتیخاباتا

"لەندەن 1 ی 9 ی 28 ئەمڕۆ دەست کراوە بە تەتبیقی ئەو مەسەلەیە کـە ژن حـەقی ئینتیخابـاتی بـبێ وەکو پیاو بەو شەرتە عومری گەیشتبێ بە 21 ساڵ. فەقەت لازمە ئەو ژنانەی کە حـەقی ئینتیخابیـان کەسـب کردوە بۆ معامەلەی تەسجیلەیان 3 مانگ لە مەنتیقەی ئینتیخابیەکەیانا بمێننـەوە لـە دوای ئیکمـالی معامەلـەی تەسجیلە لە دوای 3 مانگی تر یەعنی لە 1 ی کانونی ئەوەلی 928 دا 5.250.000 ژن مـەوجود ئـەبێ کـە حەقی ئینتیخابیان ببێ." (ژیان. ژ 129. 20 ئەیلولی 1928)

"وەقتی ژنهێنان و شوکردن

"لەندەن: مەجلیسی عەوامی بریتانیا قانونی وەقتی ژنهێنان و شوکردنی تەصدیق کردوە. جاران کە لـە عومری 12 ساڵیدا ژن و پیاو ئەیانتوانی تەئەهول بکەن ئێستا کراوە بە 16 ساڵ." (ژیـان. ژ 174. 13 ی مایسی 1929)

هەواڵی ئافرەتی تورک

"ئەستەموڵ: هەمو ژنانی ئەنقەرە و ئەستەموڵ تەرکی پەچەگرتنەوە و روداپۆشینیان کـردوە. بـەڵام هێشتا گەلێ ژنانی بەعزێ جێگای ئەنادۆلی رویان دائەپۆشن. کۆمەڵی هەمویەتی لـە تـەرابزون قـەراری دا کە ژنانی ئەوێ بە رو بەرەڵایی بگەڕێن ئەم قەرارەش بە ئەکسەریەت بە باش بینراوە. لـە بەیانێکـدا کـە بڵاو کراوەتەوە باسی لە خراپی روداپۆشینی ژنان کردوە و وتویانە روداپۆشین بۆ ئەو ژنانەی کە بیـری خراپەیان هەیە ئەبێتە واسیتەیەکی خۆ رزگار کردن لە دەست پۆلیس. لە بەر ئەمە هەر ژنێـک بـە پەچـەوە بگەڕێ ئەگیرێ و بۆ ئیسپات کردنی هەویـەتی ئەبرێتـە دائیـرەی پـۆلیس." (ژیـان. ژ 49. 6 ی کـانونی سانی 1927).

"لە تورکیادا پۆلیسی ژن

"ئیستانبوڵ: رەئیسی ئیتیحادی ژنانی تورکیا لەتیفە بەکر خانم ئەیەوێ بـۆ ئـەوەی بـە سـەبەبی ئـەو حورییەتەوە کە دراوە بە ژنان ئەخلاقیان محافەزە بکرێ حکومەت لە ژنانیش پۆلیس تەعیین بکات. وە تەلـەبی

لە ڕەئیسی پۆلیسی ئیسانی ئینگلتەرە کردوە کە سەعی بکات بۆ کردنەوەی مەکتەبێکی پۆلیسی ژنان. کە ژنە تورکەکانیش تیا بخوێنن." (ژیان، ژ 204، 14 ی تشرینی یەکەمی 1929).

"مەکاتیبی تورکیا
"ئیستانبوڵ: لە تورکیا لە 25 ی 6 ی 930 دا دەست کراوە بە ئیمتیحان. خوێندنی ئیبتیدائی مەجبوریە و، هەمو مەساریفاتی مەکتەب و موعەللیمەکان لە سەر حکومەتە و، ئیمڕۆ لە تورکیا 5883 مەکتەبی ئیبتیدائی هەیە و ئەم مەکتەبانە 11.766 موعەلیم و 385.455 قوتابی کوڕ و کچیان هەیە.
"غەیری ئەمانیش لە شارەکانا 17 و لە دێهاتەکانا 22 مەکتەبی شەو هەیە بۆ نەخوێندەوارەکان و لەم مەکتەبانەیشدا 5607 پیاو و 973 ژن تیا ئەخوێنن و 86 مەکتەبی سانەوییش هەیە کە 12751 قوتابی تیا ئەخوێنن." (ژیان، ژ 248، 30 ی حوزەیرانی 1930).

"کچانی تورک تالبی ئیشتیغالن لە بەحریەدا
"لەندەن: بە پێی تەلغرافێ کە دەیلی تەلغراف لە موخابیری ئەستانبوڵەوە نەشری کردوە ئەڵێ: کچانی تورکیا تالبی ئیشتیغالن لە بەحریەدا بە سفەتی (ڕوبان و موهەندیس) بینانەن عەلەیهی مەدرەسەی بەحریە لە ئەستانبوڵ قەراری داوە کە شوعبەیە بۆ کچان بکاتەوە." (ژیان، ژ 295، 1 ی تشرینی یەکەمی 1931).

"هەواڵی ئافرەتی ئەفغانی
لەندەن: غەزەتەی دەیلی مێل تەلغرافێکی نەشر کردوە کە لە موخابیری کابولەوە وەری گرتوە ئەڵێ لە ژێر ئەمر و حەرەکەتی سورەیا خانم قەرالیچەی ئەفغانا حەرەکەتێکی زل هەیە لە خصوص ئەوەوە کە ژنەکان تەجەدود بکەن و مەکتەبێکی کچان لە کابول کراوەتەوە و قەراریان داوە ژنە چاکە بە عەمەلەکان لە وەزائیفی حکومەتیا ئیستیخدام بکەن و کچەکان تەربیە بکەن بۆ ئەوەی تەحەمولی هەمو ئەزیەتێک بکەن و تەقەرروری کردوە کە بەعسەیەک لە کچانی ئەفغانیش بۆ تەعلیم بنێرنە خاریج لەم بەینەدا ئەنێررێن."
"ڕەفعی حیجاب لە ئەفغانستان
"کابول: مەلیک ئەمانوڵا خان لە مەجلیسی وەتەنیدا نوتقێکی داوە لە خصوص ڕەفعی حیجابی ئافرەتەوە و خۆی بێلزات سەرپۆشی عائیلەکەی لابردوە و لە دوایدا ئەمری کردوە جەمعیەتێک شکل بگرێت وەکو جەمعیەتی صەلیبی ئەحمەر و گوتویەتی لازمە خەستەخانەکانمان ئیصلاح و تەرتیباتی پۆلیسی سری و ئیدارەی عومومی بکەین." (ژیان، ژ 132، 25 ی تشرینی یەکەمی 928).

"حقوقی ژنی فەلەستین لە ئینتیخاباتا
"قودس: موافیقی قانونی بەلەدیەی تەل ئەبیب ژن حەقی هەیە کە ئینتیخاب بکات و ئینتیخابیش بکرێت. حەقیقەتەن ئەمە خەتوەیەکی تەجەدودە بۆ تەرەقی فەلەستین." (ژیان، ژ 136، 12 ی تشرینی دوەمی 1928).

"ئەحواڵی ئێران – ئینتیخاباتی ژن
"تەهران: هەتا ئێستا زۆر لائیحە تەوئیعی مەجلیسی وزەرای ئێران کراوە بۆ ئەوەی ئەو ژنانەی کە عومریان گەیشتۆتە 21 ساڵ و لە مەکاتیبی ئیبتیدائیدا تەحصیلیان تەواو کردوە لە ئینتیخاباتا ڕەئیان بێ." (ژیان، ژ 138، 19 ی تشرینی دوەمی 1928).

"حقوقی ژنە یۆنانیەکان

"ئەتینە: موسیۆ ونیزەلۆس رەئیسەلوزەرای یۆنان لە مەجلیسی مەبعوسان دا بەیانی کردوە کە لە ئیجتیماعی دوەمی حکومەت لایحەیەکی قانونیە تەوبیعی مەجلیسی مەبعوسان ئەکات. کە مەزمونی لایحەی مەزکور عیبارەتە لە دانی حەقی ئینتیخابات و تەصویت بە ژنانی یۆنانستان." (ژیان، ژ 186، 15 ی تەموزی 1929).

ئافرەتی حیجاز

لە ژ 329 دا ژیان ئەم هەواڵەی بڵاو کردۆتەوە، لە جۆری دارشتنەکەی دا کە تەوس و توانجی تێدایە. مەبەستی بڵاوکردنەوەی دەرئەکەوێ:

"دەبدەبە و دارایی مەلیکی حیجاز

"لە رۆژنامەی پێرێدا هەواڵی گوزەرانی مەلیک نیبن ئەلسعود (کە ئەمڕۆ لە مەڵبەندی پێغەمبەردا دادەنیشێ) نوسراوە، دەڵێ: ئەم حوکمداری یەسروب و بەتحایە 184 ژنی (هەرەمە) لە هەمو تیرەیە هێناوە، هەروا یەکە یەکە سەرگوڵی ئەو کچە نازک و نازدارانەی چنیوە و دەستی لێ هەڵگرتون. بەزەویی بە هیچیانا نەهاتوە.

"بەڵام لە دوایی دا کەوتۆتە نازی ژنە ئەرمەنیەکەوە گیرۆدەی بوە ئینجا ئەو بەزەوی بەوا دایەتەوە. هەمو نازی دەکێشێ. وازی لە هەمو شتێ هێناوە بۆ ئەو. ئەویش ئەمڕۆ 130 نەتەوەی هەیە. لە 184 ژن 130 منداڵ 54 پوچەڵ بوە.

"ئەمیر فەیصەلی کوڕی

"فەیصەل سعود، کوڕی هەڵکەوتویەتی. ئیستا وا شارانگەردی ئەکا. لەم دوسێ رۆژانەیشا دێتە خەمەت جەلالەتی مەلیکی ئێمە، ئێمە دەخلمان بە سەر رەسمیەتەوە نیە. بۆ دەنگوباسی نایاب ئەگەرێین. ئەویش جاری سەردەفتەر 40 ژن و 30 ئەولادی هەیە. بەڵام هێشتا زۆری ماوە بە بەرەوە تا دەگاتە ریزەی باوکی. بە جوتە ئەبنە (ملیۆنێر). قانونی ئیزدیواجی مەدەنی و بەختی ژنان گۆڕ هەڵئەکێنن."

4. هەواڵی ئافرەتانی کوردستان

ساڵی 1930 کە هەواڵی نوێکردنەوەی پەیمانی بریتانی- عیراقی بڵاوکرایەوە و باسی دابینکردنی مافەکانی کورد لەو پەیمانەدا نەهات بو. جوڵانەوەیەکی سیاسی لە سەرانسەری کوردستاندا دەستی پێ کرد. بە نامە و یادداشت و تەلگراف داوایان لە مەندوبی سامی بریتانی و کۆمەڵی گەلان ئەکرد. مافی کورد دەستەبەر بکات. ژنانی سلێمانی بەم تەلگرافە کە لە 24 ی تەموزی 930 دا ناردویانە، بەشدار بون:

"بەغداد   فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق

فەخامەتی رەئیسەل وزەرای عیراق

سورەتی، بەغداد تایمس

سورەتی، العالم العربی

سورەتی، العراق

سورەتی، البلاد

"ئێمە ژنانی کورد، بە هەمو موجودیەتمانەوە تەلەبی حقوقی مەشروعەی کوردستان ئەکەین کە عیسبەتول ئومەم پێی بەخشیوین و ئیعتیرافی لە سەر کراوە. ئیستیرحام ئەکەین حیمایەمان بفەرمون. حەفسە نەقیب. حەلاوە رەمزی ئەفەندی. ئامینە غەفور ئاغا. ئاهیە ساڵح ئەفەندی. حەفسە قادر ئاغا." (ژیان، ژ 254، 28 ی تەموزی 1930)

ژیان و بزوتنەوەی رۆشنبیری

شێخ مەحمود لەو کاتەدا کە مەلیکی کوردستان، دواتر کە سەرکردەی شۆرشی کورد بـو، بەرنامەیـەکی سیاسی- جەنگی رون و ئاشکرای نەبو تا هەڵبژاردەی کـورد لـە دەوری خـۆی کـۆ بکاتـەوە. نـە حیزبێکـی سیاسی خاوەن بەرنامەی سیاسی و پێرەوی ناوخۆی دامەزراند و نە لەشکرێکی چەکداری رێکوپێکی پێکـەوە نا. بەڵکو هێزێکی نارێکوپێکی خێڵەکی لێ کـۆ بوبـوەوە، ئـەویش لـە ناوچەیـەکی دیـاریکراوی سـلێمانی و کەرکوک دا.

ئەو هێزە بەو توانا جەنگی و سیاسیەی کە لەو کاتەدا هەیبو، بەو تاکتیکـە جـەنگی و بـەو رێوشـوێنە سیاسیەی کە پێرەویان ئەکرد، لە بەردەم هێزی جەنگی و سیاسی و دیپلۆماسی بریتانیای گـەورەدا، کـە لـەو رۆژگارەدا گەورەترین زلهێزی دنیا بو، نەی ئەتوانی کاری چارەنوسساز ئەنجام بدا.

تێشکانی جەنگی شێخ مەحمود لە بەردەم هێزەکانی بریتانیادا، رۆشنبیرانی کوردی نائومێد کـرد بو لەوەی کە کورد بە شەڕ لە گەڵ ئینگلیز بتوانێ شتێک بە دەس بهێنێ. کاتێ شێخ مەحمود چوە شـاخ و دواتر لە گەڵ ئینگلیز پێک هات تا لە گوندێکی ئێران بە گۆشەگیری دابنیشـێ، زۆری رۆشـنبیرانی کـورد قورسـایی خۆیــان خســتە ســەر بڵاوکردنــەوەی خوێنــدەواری و بایەخــدان بــە کاروبــاری رۆشــنبیری. کاربەدەستانی ئینگلیز یش، ئەیان ئەشاردەوە کە هیچ پرۆژەیەکی سیاسی بۆ کورد لـە بەرنامـەیاندا نیـە. ئامۆژگاری کوردیان ئەکرد بین بە هاووڵاتی باشی عیراق و، رو بکەنە خوێندن و جێکردنەوەی خۆیان لـە داوودەزگاکانی حکومەتدا.

هەڵبژاردەی کورد هەوڵیان ئەدا لـە چوارچێـوەی راسـپێریەکانی کۆمەڵـەی گـەلان و قـانونی ئەساسـی (دەستور) ی عیراق و قانونەکانی تریدا، هەندێ لە مافە نەتەوەییەکان بە دەس بهێنن. عیراق کە هێشتا لە ژێر ئینتیدابی بریتانیدا بو، بە ناچاری بۆ ئەوەی دەوڵەتانی دنیا رازی بکا کە توانـای خـۆ بـەڕێوەبردنی هەیـە، چاوپۆشی لە هەندێ چالاکی کورد ئەکرد.

ژیان هاندەرێکی بە هێزی بزوتنەوەی رۆشنبیری بوە لە کوردستاندا. لە هەمان کاتدا بەشـێکی باشـی چالاکیە رۆشنبیریەکانی سەردەمی خـۆی تۆمـار کـردوە. هەواڵـەکانی بـڵاو کردۆتـەوە. لـە سـەر هەنـدێکیان ریپۆرتاجی ورد و پڕبایەخ و، بۆ پشتیوانی هەندێکیان لێدوانی جوانی نوسیوە.

1. کۆمەڵی زانستی کوردان

ژیان بەم لێدوانە هەواڵی دامەزراندنی (کۆمەڵەی زانستی کوردان) ی راگەیاندوە:

"مژدەیەکی گەورە بۆ هەمو کوردان

"مەعلومی خوێندەوارانی کیرامە کە تاکو ئەمرۆ هەمو ئارەزو و ئەمەلمان حەسر کردۆتە سەر بڵاو کردنەوەی عیلم و مەعاریف. ئەوا ئەمرۆ شوکردەن لیللا بە کەمالی ئیفتیخار بەری ئەم سەعیە ئەخەینە بەرچاوی میلەت. بینا لە سەر تەشەبوساتی چەند کەسانێکی میلەتپەروەر و تەسدیقی وەزارەتی داخلیە و معاوەنەتی گەورەی جەنابی موتەسەڕیف و. موفەتیشی ئیداریی قەدریان، پرۆغرام و نیزامنامەی (جەمعیەتی زانستی کوردان) نەشر و ئیعلان دەکەین.

"ئومێد وایە کە ئەم جەمعیەتە بناغەیەکی عیلمیمان بۆ دابمەزرێنێ و پێشەوایی هەمو میلەت بکات و، ئەم تەشەبوسە خەیریەیە بۆ وڵات و میلەت بێ بە فالێکی خێر. وە تەمەنا ئەکەین کە ئەم جەمعیەتە بە سایەی هەمو ئەشراف و عولەما و تیجار و منەوەرینەوە بژی و بەردار بێ.

"بە نەشر و تەقدیم کردنی ئەم مژدە خۆشە و. ئەم خەبەرە بە قیمەتە (ژیان) جەدەن مەسرور و موفتەخیرە."

1. 1. پێکهێنانی

پرۆگرام و نیزامنامەی

"پرۆغرامی جەمعیەتی زانستی کوردان

"ناوی جەمعیەت و مەرکەزی

1. ناوی جەمعیەت: (جەمعیەتی زانستی کوردان) ە و مەرکەزی لە سلێمانیە.

مەقسەدی جەمعیەت

2. مەقسەدی جەمعیەت: تەعمیمی عیلم و مەعریفەتە لە کوردستان بە پێی ئەم وەسائیتە:

أ. بە نەشری غەزەتە و رەسائیلی موەقەتە.

ب. تەرجومە و تەئلیفی کتێبی تەدریسیە و سائیرە.

ج. مەکتەب کردنەوە و ئیجرای تەدریسات بە رۆژ و بە شەو.

د. بە سورەتی موحازەرە ئەهالی تەنویر کردن.

ە. بۆ ئیکمالی تەحسیل بۆ مەمالیکی موتەرەقیە قوتابی ناردن.

3. جەمعیەت ئەحوالی تاریخیە، جوغرافیە، ئیتنۆغرافیەی کوردان بە سورەتی مەخسوسە تەدقیق و مەحسولی مەساعی نەشر دەکات.

4. جەمعیەت بۆ تەئمینی مەحەبەت و موئانەسەت لە مابەینی ئەهالی و حکومەت دا و بۆ تەقویەی رۆحی ئیتاعەت بە سورەتی مەخسوسە و بە واسیتەی واعیزانی مەخسوس پەند و نەسیحەت ئیجرا دەکات.

5. جەمعیەت بە هیچ سورەتێک لە گەڵ سیاسەت دا خەریک نابێ.

مەعروف بەگ زادە فائیق. مەحامی رەفیق. حاجی فەتاح زادە رەمزی." (ژیان، ژ 11، 1 ی نیسانی 1926).

نیزامنامەی داخلی

سورەتی قەید و قبوڵی ئەعزا و ئیخراجات

1. بیلا تەفریقی جنس و مەزهەب هەمو کەسێک بەو شەرائیتە کە لە ژێرەوە نوسراوە ئەتوانن بە قەراری هەیئەتی ئیدارە داخلی جەمعیەت بېن:

أ. عومری لە 20 ساڵ کەمتر نەبێ.

ب. لە حقوقی مەدەنیە ساقیت نەبێ و ساحیبی حوسنی ئەخلاق بێ.

2. هەچ کەسێک موخالیفی مەقاسیدی جەمعیەت حەرەکات بکات وە یاخود مانگانە و دخولیەی جەمعیەت نەدات وە یاخود حەرەکەتێک بکات کە لە ناو ئەهلی وەتەن دا موخیللی شەرەف بێ. بە قەراری هەیئەتی ئیدارە لە جەمعیەت دەرئەکرێت.

سورەتی تەشکیلی هەیئەتی ئیدارە و وەزائیفیان

ئەوە جاری سێیەم بو لە سلێمانی (جەمعیەت) دابمەزرێ:

جاری یەکەم:

حاجی مستەفا پاشای یامڵکی دوای گەڕانەوەی لە تورکیا بۆ سلێمانی. بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی بریتانی (جەمعیەتی کوردستان) ی دامەزراند و ئیمتیازی غەزەتەی (بانگی کوردستان) ی وەرگرت.

جاری دوەم:

ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ (جەمعیەتی موبافەعەی وەتەن) ی دامەزراند.

بەراوردکردنی ئەم 3 جەمعیەتە لە گەڵ یەکتری چەند جیاوازیەک دەرئەخا:

یەکەم:

کۆمەڵی زانستی خاوەنی پرۆگرامێکی ڕون و نوسراو بوە. ئامانجەکانی دیار و دیاریکراو بون. لە کاتێکدا پرۆگرامی جەمعیەتی کوردستان دیاری نەکراو و نەنوسراو بوە. بریتی بوە لە وتارێکی حاجی مستەفا پاشا کە لە ڕۆژی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری جەمعیەتدا لە مزگەوتی سەید حەسەن لە سلێمانی خوێندویەتیەوە. پرۆگرامی جەمعیەتی موبافەعەیش شتێکی کاتی بوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. کاتێ چارەنوسی ولایەتی موسڵ بە قازانجی عیراق بە لادا کەوتوە. ئیتر ئەو یش ئیشی نەماوە و بڵاوەی لێ کردوە.

دوەم:

کۆمەڵی زانستی نیزامنامەیەکی نوسراوی هەبوە. جۆری وەرگرتنی ئەندام و مەرجە قانونیەکانی و ماف و ئەرکەکانی و. دروستکردنی داودەزگاکانی. بە ڕونی دیاری کردوە.

ئەمانە بە پێشکەوتن دائەنرێن لە بیری سیاسی و قانونی هەڵبژاردەی کوردا بۆ کەڵک وەرگرتن لە مافە دەستوری و قانونیەکان.

1 .2. وەرگرتنی ئیجازە

1 .3. ئاهەنگی کردنەوەی

ژیان نوسیویتی:

"ئیجرای ئیحتیفال بە ڕەسمی گوشادی (جەمعیەتی زانست)

"شەوی شەموی ناتی کە موافیقی 3/2 ی نیسانی 926 ە هەیئەتی مونەسیسەی جەمعیەتی زانستی کوردان لە دائیرەی بەلەدیەدا بە حەفلەیەک رەسمی گوشادی جەمعیەت ئیجرا دەکات.
"تەمەنا ئەکەین کە ئەم ئیجتیماعە گەورەی عیلمیە ببێتە فاتیحەی تەرەقی و سەعادەتمان وە ئەم تەشەبوسە بە ئەهمیەتەی هەیئەتی مونەسیسەی جەمعیەتی مەزکور تەقدیر و تەبریک ئەکەین." (ژیان، ژ 11، 1 ی نیسانی 1926).

بە بۆنەی کردنەوەی ئاهەنگەکەوە ژیان ریپۆرتاجێکی نوسیوە. بەم سەرەتا ئەدەبیە دەستی پێ کردوە:
"کردنەوەی جەمعیەتی زانستی کوردان
"لە ئەوەلی بەهاردا کە هەتا چاو بڕ ئەکا ئەروانی هەمو لایەک سەوز ئەچێتەوە، هەمو دڵێن بە هەوای بۆنی خۆش و پاکی بەهار ژیاوەتەوە و هەمو مێشکێ بە نەشئەی خۆشی سرورەوە حەساوەتەوە، هەمو چاوێ بە تەماشا کردنی ئەم رەنگە جوانانەی بەهار گەشاوەتەوە، تەسادوفی مانگی رەمەزانی موبارەک ئەکا کە ساحیبی (شەوی لەیلەتول قەدر) ە دنیای بە یەکجار نورانی کردوە.

"لە ساعەتی 2 وە وردە وردە میوانە موحتەرەمەکان کە عیبارەت بون لە حەزەراتی: موتەسەریف، موفەتیشی ئیداری، موفەتیشی پۆلیس، نامیری مەنتیقەی شەرقیە خۆی و ئەرکان و ئومەرای جەیشی مەحبوب و، هەمو روئەسای دەوائیر و، مەئمورین، هەمو ئەشراف و ئەعیان و عولەما و تیجار و منەوەرانی مەملەکەت دەستیان کرد بە تەشریف هێنان. هەتا ساعەتی 2 و نیو نزیکی 300 کەس لەوێ کۆ بونەوە...." (ژیان، ژ 12، 12 ی نیسانی 1926)

لەم کۆبونەوەیەدا مەحامی رەفیق ئەفەندی (رەفیق تۆفیق) دوای ئەوەی بە ناوی جەمعیەتەوە بە خێرهاتنی میوانەکانی کردوە (نوتق) ێکی خوێندۆتەوە. ئینجا موتەسەریفی سلێمانی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ وتاری پیرۆزبایی، حاجی تۆفیق بەگ (کە هێشتا ناوی پیرەمێردی ئەکردبو بە نازناوی) بەم بۆنەیەوە شیعرێک، جەمال بابان و مستەفا قەرەداخی، وتاریان خوێندۆتەوە. لە کۆتاییدا (ئیعانە) بۆ یارمەتی کۆمەڵ کۆکراوەتەوە.
وتارەکەی رەفیق ئەفەندی تا ئەندازەیەکی باش بیروبۆچونی هەڵبژاردەی کوردی ئەو سەردەمە دەربارەی رێگەی گۆڕینی کۆمەڵی کورد و، مەبەست لە دامەزراندنی کۆمەڵی زانستی رون ئەکاتەوە:
".....
"ئەوا بە چەند کەلیمەیەک مەقسەدی جەمعیەت ئیزاح دەکەم:
"جەمعیەت دەیەوێ خزمەتی زانستی کوردان بکات، بە نوری عیرفان دەماغی کورد هەوێن بکات، جەمعیەت دەیەوێ کورد وا پێ بگات، لە گەڵ مەدەنیەتی ئیمرۆ بتوانێ رێ بکات، جەمعیەت عەقل ئەقەل دەیەوێ حەرەکەتێکی عیلمیە و فکریە لە کوردستان دا تەولید بکات.
"هەمو رۆژێک ئەبیەین، ئەخوێنینەوە کە میلەتەکانی کە چی دەکەن، لە فەعالیەتێکی موتەمادیە دان. لە لایەکەوە هەزاران مەکتەب دەکەنەوە میلەت پێ دەگەیەنن، لە لایەکەوە شاخ کون دەکەن، رێ دروست دەکەن، ژێر بەحر ئەگەڕێن، هەوا ئەپێون، لە ژێر تینی هەتاوێکی سوتێن دا، بیابانها، فەیافیها دەگەڕێن، لە ناو سەرمایەکی زەمهەریردا قوتبەکان، شاخە سەربەرزە بەفراویەکان، تەحەری دەکەن، راوەستان نازانن، تەهلوکە نازانن، یەکێکیان توشی تەهلوکەیەک دەبێ ئەمرێ دەی کەیان بە کەمالی خۆشەویستی خۆیان ئەهاونە عەینی تەهلوکەوە.

"ئەم حەرەکەتە و ئەم فەعالیەتە بۆچیە؟

"بۆ ژیانە. بۆ سەربەرزیە. بۆ بەقای نامە. مادام کە ئێمەش میلەتێکین و مادام کە بەو سفەتەوە کە ئەعزایەکی موهیم و کوردین. لە جەمعیەت دا مەجبورین بە حەرەکەت. خزمەت بە خۆمان. خزمەت بە جەمعیەتی بەشەریە. خزمەت بە مەدەنیەت. وەزیفەیەکە حاڵ ئیجتیماع داوا لە ئێمە دەکات. ئەگەر بێت و ئێمە ئەو وەزیفەیەی خۆمان بە جێ نەهێنین. تەبیعەت وەکو هەمو عزوێکی زائید و عاتیل مەحومان دەکاتەوە. زاتەن ئەحفادیش ئەمەمان لێ داوا دەکات. چونکە ئێمە نەهاتوینە دنیا هەر بۆ خۆمان بژین. ئەبێ بۆ ئایندەش. بۆ ئەحفادیش. ژین. سەرمایەیەک بۆ ئەوان تەرک بکەین. ئەگەر هەروا حاوربین و حازرخۆر بین بە دەستی خۆمان ئایندەمان و بە دەستی خۆمان. لە پێش ئەوەی کە بێتە دنیا. نەسلی ئلتیمان ئەکوژین. سەر ئەبڕین.

"ئێمە نابێ لە بەر ئەوەی کە زۆر پاشکەوتوین مەئیوس بین. مەئیوسیەت مردنە. وەزیفە چەند گەورە بێ. بە موشکیلات بێ. شەرەفیش بەو نیسبەتەیە.. ئەم حاڵەی کە بە سەر ئێمەدا هاتوە. بە سەر هەمو میلەتەکانی کەش هاتوە. مەسەلەن. یۆنان لە زەرفی سێ عەسری حاکمیەتی تورک دا ئەوی تەماشای دەکرد وا تێ ئەگەیشت کە ئەم میلەتە لە زومرەی میلەتە مەرحومەکانە. لاکین وەقتێ کە نەسیمی حوڕیەت لە فەرەنسەوە بە سەر یۆنانستان دا وزان بو. ئەم میلەتە ئەو نەسیمە عەترناکەی بۆن کرد. لە خەو بە خەبەر بوەوە تەماشای مازی خۆی کرد. لەو مازیە پڕ لە ئیحتیشامە قوەتێک و ئیمانێکی وەرگرت. روی کردە ئیستیقبال بە قوەت و عەزمێکی نە لەرزۆکەوە دەستی کرد بە رۆیشتن. یۆنانستانیان پڕ کرد لە مەکتەب. مەدرەسە. کتێبخانە. جەمعیاتی عیلمیە. لە پاش مودەتێک یۆنان بوە یۆنانی ئیمڕۆ کە لە بەحری سفیدا رەقابەت لە گەڵ ئیتالیا دەکات. ئەوروپا. ئەی ئەوروپا چی بو؟ لە پێش ئەوەی کە مەدەنیەتی یۆنان لە بیزانسەوە هیجرەتی ئەوروپا بکات. لە پێش ئەوەی کە مەدەنیەتی یۆنان بە دەلالەتی عەرەبە ئەندەلوسیەکانەوە داخلی ئەوروپا بێ. ئەوروپا چی بو؟ ئەوروپا لە ئێمە زیاتر لە جەهالەت دا بو. لە ئێمە زیاتر پەرێشان بو. لاکین فەلسەفە و مەدەنیەتی یۆنان چاوی کردنەوە. تەماشایان کرد ئەم رێیە رێ نیە بە سەریدا ئەڕۆن. قرونی وستایان تەرک. بە کەمالی عەزم دەرگای عەسری حازریان کردەوە و ئەوروپا بوە ئەوروپای ئەمڕۆ.

"ئێوە ئەی موحتەرەمین! ئیحتیمال دەڵێن. تۆ بەحس لە حەرەکەت. لە فەعالیەت. دەکەی. چەند میسالێکت بۆ فەیز و بەرەکەتی فەعالیەت بۆ ئێمە هێنایەوە. تێ گەیشتین. ئەی ئێمە چی بکەین؟

"ئێمە چی بکەین؟ پێتان دەڵێم ئێستاکە چی بکەین. ئەی میلەتەکانی کە چیان کردوە ئێمەش ئەوە بکەین. ئەبێ مازیمان زیندو بکەینەوە. مازی. بەڵێ مازی. بە کەمالی تەئەسور ئەڵێم ئێمە لە گەڵ مازی خۆمان هیچ عەلاقەیەکمان نەماوە. بە هیچ شتێکی خۆمان موتەئەسیر نابین. رجاتان لێ ئەکەم چەندمان هەیە بە ئەشعاری حەکیمانەی نالی موتەلەزیز بێ؟ چەندمان هەیە رۆحی ئەنینداری میلەتێکی مەزلوم و بێ کەس لە ئەشعاری حاجی قادری کۆییدا بخوێنێتەوە؟

"ئەبێ وەکو هەمو میلەتێک مازیمان. مەفاخیری میلیمان. بژێنینەوە و. لەو مازیە قوەت و ئیمانێک وەربگرین و بە کەمالی عەزم رو بکەینە ئیستیقبال. جەمعیەتی زانستی پێمان دەڵێ لە هەمو جێ و شوێنێکی کوردستان مەکتەبێک. دارولعیرفانێک. کتێبخانەیەک. بکەینەوە. غەزەتەیەک دەرکەین. کورد فێری خوێندن بکەین. نوسین بکەین. ژماردن بکەین. کڕین بکەین. فرۆشتن بکەین. ئەبێ کورد بکەینە پیاوێکی عەسری. ئەبێ منداڵەکانمان بنێرینە ئەوروپا لەوێ پێیان بخوێنین. کورد ئەوروپایی پێ بگەیەنین. ئەبێ ویداع لە قرونی ئەولا بکەین. بەڵێ لە قرونی ئەولاین. چونکە ئێمە لە ئەم عەسری نورەدا لە هەمو شتێکمان دا قرونی ئەولائین. ئەبێ ویداع لە قرونی ئەولا بکەین. بە خۆیەوە. بە ئوسولی تەدریسیەوە. بە مەدرەسەیەوە. بە

تەرزی تەفەکور و تەحسیلیەوە، بە هەمو شتێکیەوە ویداع لە قرونی وستا بکەین. لە هەمو شوعەباتی حەیات دا تەجەدود بکەین. ئەبێ موحارەبە لە گەڵ جەهالەت دا بکەین. جەهالەت و نادانی لە کوردستان دا دەرکەین.

"ئەیکەن؟ ئەیکەن؟ ئەیکەن؟

"(ئەکسەر لە حازیرون بە یەک دەنگ و یەک ئاواز وتیان: ئەیکەین! ئەیکەین!)

"بەڵێ. بەڵێ ئەمینم دەیکەین. ئەگەر ئەتانکردایە لێرە حازر نەدەبون. ئەمینم پزیشکی تەجەدود کەوتۆتە کوردستان. ئەم پزیشکە خواە ناخواە ئەمرۆ سبەینێ چرایەک دائەگیرسێنێ. ئەوی لە ژێر روناکی ئەم چرایەدا رێ ئەکات ئەبێ لە بەر تینیدا بسوتێ. "وا تێ دەفکرم لە ئوفقەوە روناکی شەفەقێکی نزیک تاریکی ئەترافمان راوەدو ئەنێ. لە دوای ئەم شەفەقە سوبحێکی شەعشەعەدار چاوەرێمانە. هەزاران سەلام لەو شەفەقە، لەو سوبحە. هەزاران، هەزاران، هەزاران سەلام!" (ژیان، ژ 12، 12 ی نیسانی 1926).

1 . 4. هەڵبژاردنی هەیئەتی ئیدارە

کردنەوەی دەرگای ئەندامەتی

"ئیعلان

"هەرکەسێ دەیەوێ داخلی جەمعیەتی زانستی کوردان بێ هەمو رۆژێ لە سەعات 6 ی عەرەبیەوە تا سەعات 10 ی عەرەبی موراجەعەت بە مەرکەزی جەمعیەت بکات کە لە ماڵی محامی رەفیق ئەفەندی دایە. هەیئەتی مونەسیسە" (ژ 12، 12 ی نیسانی 1926).

"هەیئەتی ئیدارەی جەمعیەتی زانستی کوردان

شەوی 13 ی نیسانی 926 لە دائیرەی بەلەدیەدا ئیجتیماع کرا بیلئیتیفاق زەواتی موحتەرەمەی ژێرەوە بۆ هەیئەتی ئیدارەی جەمعیەتی زانستی کوردان هەڵ بژێراون:

رەئیس: موتەسەریفی مەعاریفپەروەر

نائیبی رەئیس: رەئیس حاکمی مونفەرید جەنابی جەمال بەگی بابان

ئەعزا: قازی جەنابی شێخ مستەفا ئەفەندی قەرەداغی

ئەعزا: جەنابی محەمەد ئاغای ئەورەحمان ئاغا

ئەعزا: جەنابی عیزەت بەگی عوسمان پاشا

ئەعزا: جەنابی غەفور ئاغا

ئەعزا: جەنابی رەمزی ئەفەندی

موحاسیب: جەنابی فائیق بەگی مەعروف بەگ

موعتەمید: جەنابی رەفیق ئەفەندی محامی" (ژیان، ژ 13، 22 ی نیسانی 1926).

1 . 5. سەرچاوەی دارایی

کۆمەڵەی زانستی رێکخراوێکی ئەهلی بوە. پارەی لە حکومەت وەرنەگرتوە. بە یارمەتی خەڵک ژیاوە. بۆ ئەو مەبەستە پیتاکیان کۆ کردۆتەوە و. ئەوانەی پارەیان داوە ناوەکانیان بڵاو کردونەتەوە.

"قائیمەی تەبەروعات بە جەمعیەتی زانستی کوردان

"ناوی ئەو زاتانەی کە پارەیان بە جەمعیەتی زانستی کوردان نیهدا و تەبەڕوع کـردوە وا لـە ژێـرەوە هەرکەسە لە گەڵ میقداری ئەو مەبلەغەی کە بەخشیویە لە بەرابەر ناویا بۆ ئەمەی هەمو لایەک ئاگاهدار بـێ وا لەمەولا بەرە بەرە تەقدیمی خوێندەوارانی کیرامی ئەکەین." (ژیان، ژ 16، 13 ی مایسی 1926).

لەو ژمارەیەدا و لە ژمارەکانی داھاتودا ناوەکانیان بڵاو کراوەتەوە.

1. 6. چالاکیەکانی

1. 6. 1. خولی فێرکردنی خوێندەواری و زمان

کردنـەوەی فێرکردنـی بـۆ تـەعلیمی نومیـەکان و بـۆ تـەدریس و فێرکردنـی زبـانی ئینگلیـزی چەنـد موعەلیمێکی بە معاش تەعین کرد... (ژ 17).

"ئیعلان

"لە جەمعیەتی زانستیدا دەرسخانەیەک ئەکرێتەوە بۆ فێرکردنی زمانی عەرەبی هەر کەس تالیبـە فێـری ئەم زمانە بێت موراجەعە بە مەرکەزی جەمعیات بکا.

موعتەمیدی جەمعیەت" (ژیان، ژ 24، 15 ی تەموزی 1926).

"دو موعەلیمی ئینگلیزی و دو موعەلیمی کوردی" (ژیان، ژ 40، 4 ی تشرینی سانی 1926).

1. 6. 2. موحازەرە

کۆمەڵ هەندێ کۆڕی خوێندنەوەی وتاری ساز کردوە، ئەمە نمونەیەکیانە:

"لە جەمعیەتی زانستیەوە

"ڕۆژی جومعە پاش عەسر کە تەسادوفی 4 ی حـوزەیرانی 926 ئـەکات لـە جەمعیـەتی زانسـتیدا لـە تەرەف جەنابی جەمال بەگی بابان موحازەرەیەکی حقـوقی ئـەدرێ لەمـەدا بـەحس لـە تەشـکیلاتی مـەحاکیمی عومیەی عیراق و بیلخاسە بەحس لە تەشکیلاتی مەحاکیمی سلێمانی و ئوسولی موراجەعەت کردن بە مەحاکیم ئەکرێ. هەرکەس ئارەزوی هەیە گوێی لێ بگرێ جەمعیەت منەتدار ئـەبێ بـە تەشـریف هێنانیـان." (ژیـان، ژ 19، 3 ی حوزەیرانی 1926)

1. 6. 3. کتێبخانەی گشتی

تا ئەو کاتە سلێمانی کتێبخانەی گشتی تێدا نەبوە. وەکو لە ژ 44 دا نوسراوە جەمعیەت لە بارەگاکەی خۆیدا خەریکی ڕێکخستنی کتێبخانەیەک بوە.

1. 6. 4. "مەجموعەی زانستی

"ئـەمجارە ئیجازەنامـەی دەرهێنـانی مەجموعـەی زانسـتی لـە مودیریـەتی مەتبوعاتـەوە بـە سـکرتێری جەمعیەتی زانستی گەیشت. ئەم مەجموعەیە وەکو خەیاڵی لێ کراوە لە حەجمی 16 وە یا 24 پەرەییدا ئـەبێ و. هەر 15 ڕۆژ جارێک دەرئەهێنرێ. وا بە هیواین کە بەم نزیکانە بە مەقالاتی موفیدەی زانسـتی و کۆیـەتی و ئەخلاقیەوە بخرێتە پێش چاوی خۆشەویستانی زانست و ئەدەب." (ژیان، ژ 57، 10 ی مارتی 1927).

پێ ناچێ ئەم مەجموعەیە لەو کاتەدا دەرچوبێ.

1. 6. 5. بژاری زمانی کوردی

"کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی

"مودەتێ لەمەوپێش بە موتالەعە و تەکلیفی رەئیسی جەمعیەتی زانستی، کە جەنابی موتەسەرریفە، جەمعیەت قەراری دابو کە لە منەوەران و هونەرمەندانی وەتەن، ئەنجومەنێ تەشەکول بکا کە کەلیماتی ئەجنەبی لە زمانی کوردیدا دەربێنێ و موقابیل ئەو کەلیماتی ئەجنەبیە کە ئەمڕۆ زۆر موستەعمەلە، لە ئەسلی کوردی کەلیمات بدۆزنەوە و لە جێی ئەوان دابنێن. یەعنی بە کوردی (کۆمەڵی بژار). ئەو دانیشمەندانە کە سزای ئەم کارە گەورەیە بون لە تەرەف جەمعیەتەوە هەڵبژێران و ئاگادار کران. ڕۆژی یەکشەمە سەعات 10 لە مەرکەزی جەمعیەت دا گرد بونەوە..." (ژیان، ژ 45، 9 ی کانونی ئەوەلی 1926).

لەو کۆبونەوەیەدا بڕیار دراوە:

"کە ئەبێ هەمو ئەعزایەکی ئەم کۆمەڵە خەریک بن بۆ دۆزینەوەی کەلیمەی کوردی و لابردنی کەلیمەی بێگانە و، هەفتەی دو جار لە خانوی جەمعیەتی زانستیدا کۆ ببنەوە، هەرکەس چی دۆزیبێتەوە لە بەر دەم هەیئەت دا بخوێنرێتەوە، لە دوای قبوڵ بدرێ بە سکرتێر کە داخلی دەفتەری تایبەتی بکات."

ئەم بڕیارەی کۆمەڵی زانستی لە بیستەکاندا، ئەگەرچی دیار نیە چەندی بەرهەم بوە و چییان کردوە، بەڵام چەندین دە ساڵ پێش هەوڵی حەفتاکانی کۆڕی زانیاری کورد کەوتوە.

1. 6. 6. تەمسیل

یەکێ لە چالاکیەکانی کۆمەڵی زانستی تەمسیل بوە.

1. 6. 7. یارمەتی قوتابی هەژار

یەکێ لە کارەکانی کۆمەڵ دابینکردنی پێویستیەکانی هەندێ قوتابی دەسکورت بوە. لە ژ 44 دا باسی یارمەتیدانی چەند خوێنکارێکی نوسیوە." (ژیان، ژ 44، 2 ی کانونی ئەوەلی 1926)

1. 6. 8. ناکۆکی نێوان دامەزرێنەرەکانی

ناڵوگۆڕ لە هەیئەتی ئیدارەدا

بە پێی هەندێ بەڵگەی بریتانی، مستەفا پاشای یامڵکی کە لە مانگی مایسدا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، ویستویەتی کۆمەڵی زانستی بۆ پڕۆپاگاندەی هەڵبژاردن بۆ خۆی بەکاربهێنێ. جەمال بابان لەمەدا هاوکاری کردوە. موتەسەرریفی سلێمانی، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، ئەم کارەی پێ باش نەبوە. ویستویەتی کۆمەڵی زانستی دور بێ لە کاری سیاسی، خەریکی کاروباری خوێندەواری و ڕۆشنبیری بێ. بەڵام جەمال بابان ویستویەتی "دوای لابردنی موتەسەرریف کۆمەڵ بکا بە بنکەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی نەتەوەیی کوردی" چونکە باوەڕی وا بوە کە "بیری حوکمی زاتی بۆ کوردستانی عێراق بە بێ بونی بنکەیەکی ڕێکخراوەیی پتەو" لە جێبەجێ کردن نایە. لەسەر ئەمە ناکۆکی کەوتۆتە نێوان موتەسەرریف و جەمال بابان و هەندێکی تر لە ئەندامانی هەیئەتی ئیدارە. جەمال بابان و مستەفا قەرەداغی ئیستیقالەیان داوە. ژیان ئیشارەتی بە ناکۆکیەکان نەداوە، بەڵام هەواڵی هەڵبژاردنی ئەندامانی نوێی داوە:

"ئەعزا بۆ جەمعیەتی زانستی

"لە بەر ئەوەی لە ئەعزای ئیدارەی جەمعیەت غەفور ئاغا ئەساسەن لە بەر بەعزێ ئەسبابی زاتیە قبوڵی ئەعزایەتی نەکرد بو. وە موەتێکە لە ئەعزایان: جەنابی جەمال بەگ و شێخ مستەفا ئەفەندی، ئیستیعفایان کردبو. ئەعزاکانی تریش ئەکسەر لە بەر ئیشوکاری خسوسی مونتەزەمەن موەفەق نەئەبون بە دەوام بۆ ئیجتیماع زۆر مەسالیحی جەمعیەت سەکتەدار بوبو. بۆ ئەوەی کە ئیشوکاری جەمعیەت لە ئینتیزام دا جارەیان بکا شەوی دوشەمە 23/22 ی ئاغستۆسی 926 هەمو هەیئەتی عمومیەی جەمعیەتی زانستی دەعوەت کران بۆ بینای جەمعیەت و لەوێدا بۆ 3 ئەعزا ئینتیخابات ئیجرا کرا. لە مەجموعی 55 رەئی تۆفیق ئەفەندی موحاسیبی لیوا بە ئیحرازی 53 رەئی و، حاجی تۆفیق بەگ بە ئیحرازی 52 رەئی و، نەجیب ئەفەندی سابیق معاونی حاکمی مونفەرید بە ئیحرازی 46 رەئی، ئینتیخاب کران بۆ ئەعزایەتی جەمعیەت. خوا لە خزمەتی میلەت و مەملەکەت دا موەفەقیان بفەرموێ." (ژیان، ژ 30، 26 ی ئاغستۆسی 1926).

کۆمەڵی زانستی بەم ئاکۆکیە لاواز بوە و چالاکیەکانی کەم بۆتەوە. لەم روەوە م. ئەدیب لە سەروتاری ژیاندا لە ژێر سەرناوی (بێ رەغبەتی بە عیلم) نوسیویتی:

"....

"جەمعیەتی زانستی کە لە تەرەف مونەوەرێکی وەتەنپەروەر و خێرخواهێکی کوردەوە بە نەزیەتێکی گەورە بە فکری گەیشتن بەم غایە و ئەمەلە بۆمان دامەزرا بو. ئاخریەکەی بە رەقابەت و لە رقی یەکتری بە دەستی خۆمان روخانمان. لێرەدا شتێکی تر هەیە لازمە بەیانی بکەین کە هەروەکو غەزەتەکەمان لە شەخسیات دادوێ و غایەی خزمەتی موڵک و میلەتە ئێمەیش بۆ ئەمەی نەڵێن ئەم نوسینە زادەی فکرێکی غەرەزکارە مەوزوعی مەقالمان کەس نیە و هەدەفی تیری تەنقیدمان ناتەواویی تەربیەی ئیجتیماعی هەموانە. لە بەر ئەمە بە بێ پەروا ئەتوانم بڵێم: ئەو بینای ئەمەلی موستەقبەلەمان جەمعیەتی زانستیە بو بە واسیتەیەکی تەئمینی مەنافیع و تەعقیبگاهی ئەغرازی شەخسیە تاوەکو هێنرایە سەر ئەم دەرەجەیە کەوا بە بەر چاومانەوەیە..." (ژیان، ژ 61، 14 ی نیسانی 1927).

بە پێی هەندێ بەڵگەی بریتانی هاوزەمان لە گەڵ دامەزراندنی کۆمەڵی زانستی کوردان لە سلێمانی، لە 21 ی حوزەیرانی 1926 دا لە کەرکوک چەند کەسایەتی ناسراوی کورد، لە وانە ئەسیری، ویستویانە ئیجازەی دامەزراندنی (کۆمەڵی زانستی) و، لە هاوینی هەمان ساڵدا لە رەواندز ئیسماعیل بەگ و هەندێ لە کەسایەتیە ناسراوەکانی ئەوێ ئیجازەی دامەزراندنی (کۆمەڵی هوشیاری) لە وەزارەتی ناوخۆی عیراق وەربگرن. بەڵام وەزارەتی ناوخۆی عیراق ئیجازەی پێ نەداون.

تێبینی:

بۆ کۆمەڵی زانستی و کۆمەڵەکانی تر لە بەڵگەکانی بریتانیادا، بڕوانە:

د. ولید حمدی، الكرد و كردستان في الوثائق البريطانية، مطابع سجل العرب، 1992، ص 203–209. بەڵگەی ژمارە (FO 371 2255) ی تۆماری گشتی بریتانی و پاشکۆکانی 1 و 2 و 3 (Appendix I, II, III) ص 203– 209.

FO 371 2255 Appendix I, II, III.

لە بەڵگەکانی ئەم کتێبەدا، هەم تێکەڵ و پێکەڵی دروست بوە، هەم هەڵە کەوتۆتە نوسینی ژمارە و رۆژی هەندێکیان.

2. یانەی سەرکەوتن

"کۆمەڵی یانەی سەرکەوتن

"بەغداد: نائیبی هەولێر مەعروف بەگ جیاووک لە گەڵ چەند پیاوێکی کوردی ترا لە وەزارەتی داخلیەی عیراق داوای مەئزونیەتیان کرد بو بۆ ئەوەی کۆمەڵێک تەشکیل بکەن و بە ناوی (یانەی سەرکەوتن) ەوە نادییەک دابمەزرێنن.

وەزارەتی داخلیە مەئزونیەتی داونێ و لە سەر ئەوە خەریکی دامەزراننی کۆمەڵەکەن."

"ژیان: پشت بە خوا پرۆغرامی ئەم کۆمەڵە لە غەزەتەیەکی ترمانا عەرزی خوێنەوارەکانی ئەکەین. وەکو پرۆغرامەکەمان خوێندۆتەوە ئەم کۆمەڵە فکرێکی هەیە خزمەتێکی گەورەی کوردستان بکات و بۆ پێش خستن و سەرکەوتن و بڵاوکردنەوەی مەعاریفمان و بۆ بەرزی و بولندی زەراعەت و ئیقتیسادیاتمان و بۆ تەرەقی پێ دانی سەنایعی وەتەنییەمان ئەیەوێ تێ کۆشێ.

مەرکەزی گەورەی ئەم کۆمەڵە لە بەغداد ئەبێ و لە هەمو لیوا و قەزاکانی کوردستانا داوچە ئەکاتەوە.

هیوامان وایە بە هەمویەتی کوردەکان پشتیوانی ئەم کۆمەڵە بکەن." (ژیان، ژ 241، 29 ی مایسی 1930).

"کۆمەڵی یانەی سەرکەوتن

"ئەو نادیەی کە نوسی بومان بە ناوی (یانەی سەرکەوتن) ەوە لە بەغداد لە لایەنی کوردە نیشکەر و بە قیمەتەکانمانەوە ئەکرێتەوە رۆژی جومعە 30/5/30 لە رۆیال سینەمادا رەسمی کردنەوەی بە سورەتێکی رێکوپێک و جوان جێبەجێ کراوە. لە میعادی خۆیدا بانگ کراوەکان کە عیبارەت بون لە: مەعالی وەزیری عەدلیە و. وەزیری مەعاریف و. ئەقیبول ئەشرافی بەغداد و. شاعیری شەهیر جەمیل سدقی ئەفەندی زەهاوی و. هەمو مەئمورین و زابیتان و کوردەکانی بەغداد کۆبونەتەوە و. ئەوەل جار ئەشیدێکی مەلیکی بە عەرەبی و گۆرانیەکی وەتەنی کوردییان گوتوە و لە دواییدا لە لایەنی مارف بەگ جیاووکەوە نوتقێک خوێنراوەتەوە و بەیانی فەرموە کە غەرەز لە کۆکردنەوەی ئەم کۆمەڵە و ئەم (یانە) یە خدمەت کردنی لوغەتی کوردی و بڵاوکردنەوەی عیلم و عیرفانە لە کوردستانا. لە پاشا لە لایەنی ئەریمانی کوڕی جیاووکەوە کە قوتابیەکی بچوکە قەسیدەیەکی کوردی کە هەمو بەیانی چاکیتی (یەک بون) ئیتیفاق ئەکات خوێنراوەتەوە و بە عەرەبیش تەرجومەی کردوە. لە پاشانا لە تەرەف ئەدیب و خەتیبی شەهیر خەلەف شەوقی ئەفەندی داوودییەوە نوتقێک خوێنراوەتەوە و هەمو نوتقەکان بە چەپڵە لێدان بەرامبەری کراوە. لە دوای ئەمانە بۆ دامەزراننی کۆمەڵی ئیشکەری یانەکە، دەست کراوە بە ئینتیخابات و ئەم پیاوانەی لای خوارەوە هەڵبژێرراون و کۆمەڵەکەیان دامەزرانوە:

چەند رەئی وەرگرتوە	ناویان
52	ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری
107	ئەمین زەکی بەگ
160	مارف ئەفەندی جیاووک
102	مەحمود جەودەت بەگ
87	عەبدوڵا لوتفی
94	خەلەف شەوقی ئەفەندی
86	محەمەد عەلی ئەفەندی زابیتی تۆپچی
63	ئەحمەد ئاغای کەرکوکی
58	مەحامی عارف ئەفەندی پشدەری

ژیان: پشت بە خوا ئەم کۆمەڵە بە هەمو لایەکی کوردستانا لق و پۆپ ئەهاوێ و میلەتی کورد بە هەمو هێزیەوە پشتیوانی‌یان ئەکات و بۆ ئەم غایە بەرزە هەمو لایەک تێ ئەکۆشین و، بەم سەبەبەوە لە تاریکی جەهل رزگارمان ئەبێ و وەتەنەکەمان بە چرای مەعاریف روناک ئەکرێتەوە." (ژیان، ژ 243، 5 ی حوزەیرانی 1930).

لە ژ 246 دا م. نوری بە ناونیشانی (یانەی سەرکەوتن)، شیعرێکی بڵاو کردۆتەوە لە سەرەتاکەیدا ئەڵێ:

"دوێ شەو لە خەوا سروەی بادی سەحەر ئەنگوت
وەک سوبحی بەهاران
شەو عاقیبەتی هات و دری سوبحی گریبان
رۆژ بوەوە لە کوردان
غونچەی فەرەح و نەشئە دەمی دایەوە، پشکوت
وەک چیهرەی یاقوت
ئافاقی ئەمەل بو بە چەمەنزار و گولستان
وەک رەوزەیی ریزوان....."

3. بایەخدان بە زمان و ئەدەبی کوردی

بایەخدان بە زمانی کوردی

رۆشنبیرانی کورد لە عیراقدا، لە بیستەکان و سیەکانی سەدەی بیستەمدا، بایەخێکی ناناساییان بە زمانی کوردی داوە و، گرنگی زمانی کوردی‌یان بۆ بون و مانی کورد ئەوەندە هەڵناوە گەیشتۆتە رادەی (موبالەغە). لەم بارەیەوە ژیان دەیان وتاری بڵاو کردۆتەوە.

زمانی رەسمی و دوانی ئەفغانی و تاجیک و بەشێکی هیندستان فارسی بوە. هەرگیز خۆیان بە فارس نەزانیوە و، ناسنامەی نەتەوەیی خۆ یشیان نەدۆڕاندوە.

زمانی رەسمی هیند و پاکستان و فیلیپین و زۆر گەلی تر، تا ماوەیەکی درێژ، ئینگلیزی بوە. بێ ئەوەی هیچیان خۆیان بە ئینگلیز زانی بێ، یان ناسنامەی نەتەوەیی و دینی خۆیان ون کردبێ.

زمانی ئینگلیزی زمانی رەسمی و قسەکردنی گەلانی ئەمەریکا، کەنەدا و ئوستراليا بوە. بێ ئەوەی هیچکام لەو گەلانە خۆیان بە ئینگلیز زانی بێ. تەنانەت دانیشتوانی (شانشینی یەکگرتو) کە لە نەتەوەی ئینگلیز و 3 نەتەوەی: سکۆت، وێلز، ئایریش، پێکهاتوە و هەمویان خاوەنی تایبەتمەندی نەتەوایەتی خۆیانن، کەچی ئینگلیزی زمانی کاروباری رەسمی و دوانی رۆژانەی هەمویان بوە.

زمانی رەسمی و دوانی چەندین گەلی رەشی ئەفەڕیقایی زمانی فەرەنسی بوە، بێ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و دینی خۆیان لە بیر چوبێتەوە.

ئەو بایەخەی رۆشنبیرانی کورد بە زمانەکەیان و ئەو گرنگیە گەورەیەی بۆی قایل بون، هەندێکی چاولێکەری عەرەب بوە. نەتەوەپەرستەکانی عەرەب زمانی عەرەبی‌یان بە فاکتەری سەرەکی یەکێتی نەتەوەیی خۆیان ژماردوە.

هەولێری ع. عەزیز لە ژێر سەرناوی (زمانی کوردی) دا نوسیویتی:

"زمان شتێکی زۆر پێویستە بۆ گەلی بەشەر، زمان رۆحی فکر مادی تاریخ ئاوێنەی حەزارەتی ئینسانیەتە. هەر بە واسیتەی زمانە ئەتوانین مازی و حال و موستەقبەلی میلەتێک تێ بگەین. میلەتێکی بێ

زمان بە مردو حساب ئەکرێ. ئەو ئەوعە میلەتانە حەقیان غەسب ئەکرێ. حەقی ژینیان نامێنێ هەروەکو مەجارەکان وتویانە: (میلەتێک لە ناو زمانی خۆی ئەژی) زۆر مەعقولە زمان و میلیەت یەکن. زمانی کوردی چەند ساڵ و زەمانێک بو لە هەمو شوعبەی حەیات دەرکرابو لە سایەی هەندێک زوڵم و فەزاحەت کە هەر وەکو ئێمە گەلێ میلەتەکانی تریش لەم بەلایە لە گەڵ ئێمە موشتەرەک بون بەمجۆرە حسیاتی میلیە و تاریخی قەومیەمان ون بوبو چونکە لە ناو قەومێک هەرچەند زیعفی لوغەت پەیدا بێ بەم نیسبەتە حوبی وەتەن و قەومیەتیش کەم ئەبێ لە گەڵ ئەمەندە تەزیقات و ئینکاریەتی سیادەتی قەومیەمانیان کرد و بۆ مەحو کردنی زمانی کوردی تیانکۆشی کورد و زمانی کوردی مقاوەمەتێکی شێرانەیان نیشان دا زمان و ئەخلاق و عاداتی خۆیان محافەزە کرد تێکەڵاو نەبون. بەڵێ روناکی ئیستیقبال رەهبەری سەرکەوتنمان زمانمانە. شوکر ئەمرۆ زمانی کوردی لە کوردستانی عیراق زنجیری ئەسارەتی شکاند پەردەی سەبری دڕاند وەک مانگی چواردە شەو دەرکەوت بە روناکی و شەوقی خۆی چاوی گەلێ حەسودانی کوێر کرد و زیای پڕ نوری خۆی بە واسیتەی شاخی کوردستان ئینعیکاسی کوردستانی شیمالیشی ئەکات.

"بەڵێ خۆم زۆر بە بەختیار ئەزانم. پار هەرچەند ئەچومە قوتابخانەی هەولێر دەنگی مامۆستا و قوتابی بە زمانی تورکیم گوێ لێ ئەبو. هەروەک دەنگی ئەکیر و مونکیر دەهشەتی ئەخستە سەر ئەعسابم. بە رەنگ زەردی و مەئیوسیەت ئەچومە دەرەوە. عەینی حاڵیشم لە دائیرەی حکومەت ئەدی. هەر رۆژێکم عەزابێک بو. ئەمساڵە کە لە جنوبی عیراق گەڕامەوە هەولێر. کە ساڵێک بو حەسرەتکەشی کوردستان بوم. چەند خۆم مەسعود زانی کە چاوم بە دائیرەی حکومەت و قوتابخانە کەوت کە زمانی کوردی ئیستیعمال ئەکەن. لەم ئەحواڵە قوتابیانی مەکتەب خۆشحاڵ و بە کەیف و رو بە خەندە بون. پرسیم چیە ئەم سرورە؟ وتیان بەشارەتت بێ کە ئەمساڵ دەرسمان بە کوردی بو. ئیمتیحانمان بە زمانی کوردی. زمانی ئاباد و ئەجدادمان ئەدا کرد.

"بەڵێ بەختیارم. مەملەکەتەکەشم بەختیارە کە مودەتێک ئەسیری زمانی جەهەنەمییان بوین (مەبەستی زمانی تورکیە. نم.) ئەمرۆ ئەجاتمان بو زمانی حکومەتی بابان و حکومەتی رەواندزمان هێنایەوە فکر. بەڵێ چۆن بە کەیف نابین کە لە رەواندز جەریدەی زاری کرمانجی. لە بەغدا دیاریی کوردستان. لە سلێمانی ژیان. سەعییەکی گەورە. خزمەتێکی جدی بە جێگا ئەهێنن بۆ ئەم وەتەنە موقەدەسەمان.

"لە هەندێک بێ خەبەران ئەبیەم کە ئەڵێن کوا خۆ کورد چ حکومەت و زمانێکی بە ئەساس و قەواعیدی زمانیان ئەبوە؟ بەڵێ من ئێستا نامەوێ یەک یەک حکوماتی موستەقیلەی کورد و تاریخ و جوغرافیای کوردیان بۆ بەیان بکەم چونکە وەختم نیە. بەڵام کیتابی تاریخی عمومی زۆرە و کیتابی تاریخی جەنابی حوزنی ئەفەندی و مەجموعەی مەقالاتی جەنابی جیاووک بخوێنن چاک تێ ئەگەن لە کورد و کوردستان. بەڵام لە حەق زمانی کوردی ئەمەندەیان پێ ئەڵێم قەواعید لە زمان دەرئەچێ نەک زمان لە قەواعید. مادامکی زمانی کوردی هەیە قەواعیدیشی هەیە. بەڵام هەروەکو تاریخ و هەمو ئاسارێکی کوردیان مەحو کردەوە قەواعیدی زبانەکەش کە نوسرا بوەوە لە ناویان برد بە فرۆفێڵ زەربەیەکی گەورەیان لە حەیاتی مەدەنیەمان دا. بەڵێ بۆچی نازانن ئەی بێ خەبەران زمانی تورکی لە کوردی، عەرەبی، فارسی و فرانسزی موتەشەکیلە؟ کەچی کوردی کوردیەکی پەتیە موستەقیلە لە زمانی ژاپۆن و چین و هیندی زەحمەتتر نیە. لە گەڵ فارسی چ فەرقێکیان هەیە؟ بۆچی فارسی ئەنوسرێ بۆچی کوردی ئەنوسرێ؟

"غەیری حەقیقەت ئینکار کردن هیچتان لە دەستا نیە خوا عەقڵ بە ئەولادتان ببەخشێ!" (ژیان، ژ 29، 19 ی ئاغستۆسی 1926).

4. بایەخدان بە ئەدەبی کوردی

فەتحولا ئەسعەد لە ژێر سەرناوی (ناواتێکە لە هەمو دانیشـوەرانی قەڵـەمڕەوی کوردسـتان دەخـوازم) نوسیویتی:

"بە دڵێکی غەمگینەوە دەڵێم: بەدبەختی ئێمە و بەدرایی تورک تا ئێستا ئەم کەشتی زینـدەگانی ئێمـەی وا خستبوە گێژاو و پەشێواویەوە کە نەمان توانیوە پێشەوایانی خۆمان بناسین و یادگاری عومری ئەوان کـە دیوان و ئەدەبیات و داستانی نایابە لە چاپ بدەین و بە خەڵک و خوای بناسین و لە دنیـادا دەر بکـەوێ کـە کورد چ ئەوعە پیاوێکی تیا هەڵکەوتوە و چ دوڕ و گەوهەرێکی لە مەیدانا بۆ ئەوەی خـۆی هەڵرشـتوە. ئـاخ و دریغ ئەو دوڕ و گەوهەرە هەمو لە کون و قوژبنا شارراونەوە و ئێمـە مـوروی خواسـتەمەنی بێگانـە بـە سـەر خۆمان دا دەکەین. ئەو گەنجینە ئەدەبە لە سەر کاغەزی کۆنی ڕزیو ماونەوە ئێمـە هێشـتا لـە دوای عـەرەبی و تورکی و فارسی وێڵین. ئێستاکە لە سایەی خواوە پەناهێکی زۆر باشمان بۆ هەڵکەوتوە کە هەرچۆنێ ئـارەزو بکەین بتوانین ئاساری کوردی چاپ و دابەش بکەین و پێشەوایانی میلەتەکەمان بـەو یادگـارە شـیرینەیانەوە بژێنینەوە.

"تو خودا لێتان دەپرسم پـێم بڵـێن بـۆچی ڕاوەسـتاون. بـۆچ ئاسـاری ئـەو گـەورە گەورانـە ناخەنـە بەرچاوی هەمو میلەتێکـەوە. برادەرەکـانی شـیمالیمان لـە گەرمـەی زەبربەدەسـتی و بێـدادی سـتەمگەرەکانی ئێتیحادا دیوانی مەم و زینیان چاپ کرد و چوار ساڵ لە غەزەتەدا پارچە پارچە ئەشعاری نـالی و مەولـەوی و هەمو شاعیرەکانی جنوبیان بڵاو کردەوە و قاموسی لوغەتی کوردی جنوبی و شیمالییان هێنایە مەیدان. کەچی ئێمە لەم هەنگامە هەموارەدا دیوانێکی مستەفا بەگ، یا پیری شاعیرانی کوردسـتان مەولـەوی یـاخود نـالی یـا سالم یا وەفاییمان پێ تەبع نەکرا. من دەستەبەر دەبم لە پێش دا دیوانی مستەفا بەگ تەبع بکەم. ئینجـا تکـا لەو کەسانە دەکەم کە ئاساری مستەفا بەگیان لە لایە، کەم و زۆر، بۆم بنێرن و ئەگـەر بـە خـۆڕایی نـادەن بـە پارە ڕێک دەکەوین. هەرچەند من خۆم دیوانێکی تەواوی حەزرەتی نالیم هەیـە، فەقـەت لـە لام وایـە چونکـو مستەفا بەگ پێشتر کەوتوە سزاوار ئەوەیە لە تەبعیش دا پێش بکەوێ لە دوای ئـەو بـە زنجیـرە ئـەوانی تـر بێنینە پێشەوە." (ژیان، ژ 53، 10 ی شوباتی 1927).

زەکی سائیب لە ژێر سەرناوی (تکایەکی تایبەتی بۆ هەمو کوردێک) نوسیویتی:

"لای هەمو کەس مەعلومە کە میلەت بە زبانەوە ئەناسـرێ. بـەقای هـەمو قـەومێک بـە زبانـەوە بەنـدە. میلەتی بێ زبان نیە لە دنیادا. هەچ قەومێ زبانی کەوتە تەزەلزول و نەمانەوە، هەچ میلەتێ زبانی خۆی محافەزە نەکرد، ئاخریەکەی ئینقیرازە.

"میلەتی کوردیش تا ئیستە زبانی میلی خۆی لە هەمو شتێ پاراستوە. بە سـایەی محافـەزەی زمانیـەوە ئەمڕۆ میلەتی کورد ناوونیشانێکی هەیە و ئەناسرێ. ئەمڕۆ لە حکومەتی عیراق دا زبانی کوردی لە ڕەسـمیات دا مەقبولە. محافەزەی لیسانیش بە شتێک ئەبێ، پێی قسە بکرێ و بنوسرێ و بخـوێنرێ. ئینسـانێ کـە زۆر موددەت بە زبانی باووباپیری قسەی نەکرد و نەینوسی و نەیخوێند ئەو زبانە عەزیزەی بیر ئەچێتەوە.

"میلەتی کورد تا ئیستە لە ژێر تەوقی زوڵم و جەهالەت دا بوە و بێ دەست بوە لـە بـەر ئـەوە کتێـب و ئاساری مدەوەنەی نیە و لە بەر ئەوە چاک نەناسراوە...

"لەم دریژیە مەقسەدم ئەوەیە کە منەوەران و لاوانی وڵات کـە ئـەم وەزیفەیـەیان لـە سـەر شـانە ئـەبێ هەرچیەکیان بۆ ئەکرێ بیکەن و نەوەستن. هەر هیچ نەبێ کـە خـەریکی تـەئلیفات و تەرجومـە نـابن هـەرچی ئاساری پێشوانمان هەیە کۆی بکەنەوە و یەکە یەکە لە چاپی بدەن و بڵاوی بکەنەوە، تا هەم ئەو ئەسەرانە کـە

نیشانەی رۆحی کوردیە لە ناو نەچێ و ساحیب ئەسەریش ناوی بمێنێ و هەم بە سایەی ئەوانەوە زمانی میلیمان محافەزە و بەردەوام بکەین. وەکو کتێب نوسینەوە و تەرجومەی کتێبی عیلمی و فەنی پێویستە، کۆکردنەوە و چاپ کردنی ئاساری پێشوانیش گەلێ موهیم و پێویستە.

"من زۆر دەمێکە بەو ئەمەلەوە خەریکم و چەند ساڵە هەرچی شیعرێک، قسە و باسێکی گەورەکانمان بینم و بیبیم، کۆی ئەکەمەوە و حازری ئەکەم. بە دڵ ئەمەوێ تا سەر بیبەم و تەواوی بکەم لە گەڵ نوبزەیەک لە تەرجومەی حاڵی گەورەکانمان بیکەم بە کتێبێکی چاک و بیخەمە پێش دەمی هەمو کوردێک. لە بەر ئەوە زۆر تکا ئەکەم لە هەمو کوردێکی حەمیەتمەند، لە هەمو مەنەوەر و لاوێک ئایا تەرجومەی ئەحواڵ و سەرگوزەشتە و قسە، ئایا شیعر و غەزەلیاتی هەچ شاعیر و ئەدیبێکی کۆن و تازەی کوردیان لایە و هەیانە لوتف بکەن و بینێرن تا هەمویان کۆ بکەمەوە و لە چاپیان بدەم لە شکلی کتێبێکی مونتەزەم و موعەزەم تا کە بە سایەی هەمو حەمیەتمەندێکی کوردەوە ئەسەرێکی وا گەورە و موهیم بێتە وجود.

"وەعدیش ئەدەم هەرچی تەرجومەی حاڵی جەنابی نالی، شێخ رەزا، مەولەوی، کوردی، سالم، وەفائی، یەعنی یەکێ لە شاعیر و ئەدیبەکانم بە راستی، بە تاریخی تەوەلود و وەفاتیانەوە، بە تەواوی بۆ بنوسێ لە پاش چاپ کردنی ئەو کتێبی لەو کتێبە و، هەرچی 100 شیعر یەعنی 200 مەسرەع لە ئەشعار و غەزەلیاتی یەکێ لە شاعیرەکانم بۆ بنێرێ لە پاشا یەکێ لەو کتێبەی بە دیاری تەقدیم ئەکەم. مەمنونیەت و منەتداری خۆم و خزمەتی میلەتەکەش بە جیا. تکایش ئەکەم هەرکەسێ بە قەریحە و فکری خۆی ناوێکی موناسیب و جوان بدۆزێتەوە بۆ ئەم کتێبە گەورە و موهیمە." (ژیان، ژ 72، 5 ی تەموزی 1927).

زەکی سائیب ئەو (کتێبە گەورە و موهیمە) ی بڵاو نەکردۆتەوە. بەڵام خزمەتێکی گەورەی زمان و ئەدەبی کوردی کردوە. دوای ئەم تکایە لە بەغداد لە گەڵ تاهیر بەهجەت مەریوانی بە جوتە بە ناوی (کوردی و مەریوانی) یەوە زنجیرەیەک دیوانی شیعر و کتێبی کوردییان چاپ و بڵاوکردۆتەوە. لە ناو ئەوانەدا دیوانی نالی، سالم، کوردی، حەریق. بۆ ئەو رۆژگارە، کە ژمارەی هەمو چاپکراوی کوردی بە پەنجەی دەست ژمێردراون، کارێکی گەورە و گرنگ بوە.

5. بایەخدان بە مێژوی کورد

ژیان بایەخێکی زۆری داوە بە مێژوی گەلی کورد. بە تایبەتی لەو کاتەدا هێشتا کتێبەکەی ئەمین زەکی (خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) بڵاو نەکرابوەوە. تەنیا کتێب لە بابەت مێژوی کوردستانەوە (غونچەی بەهارستان) ەکەی سەید حسێن حوزنی بوە.

لە ژ 156 و 157 و 158 دا لە ژێر سەرناوی (نوبزەیەک لە تاریخی کوردان) دا کورتەی تەرجومەی لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆجی پرۆفیسۆر سپایسەر لە سەر شوێنەوارە مێژوییەکانی کوردستانی عیراقی بڵاو کردۆتەوە. بەم پێشەکیە دەستی پێ کردوە:

"دەرەجەی ئەهمیەت و قیمەتی عیلمی کەشفیاتی تاریخی و ئیحیای مازی میلەتێک لە هەمو کەسەوە مەعلومە و موحتاجی ئیزاح نیە. تاریخ ئەهرێکە کە سەرچاوەی لە ئەزەل هەڵئەقوڵێت و مەنسەبەکەی ئەبەدە. هەرچەندە زاهیرەن لە جەرەیان دا بێ بەعزێ تەحەولات و تەقەلوبات موشاهەدە ئەکرێت، فەقەت لە حەقیقەتی حال دا ئەو هەر لە عەینی مەجرای ئەسلیەوە ئەروا. تەبەقەی حازرەی بەشەر بە ئیعتیبارێک پاشماوەی سەلەفە و یاخود هەر عەینی سەلەفە فەقەت لە شکلێکی تردا تەزاهوری کردوە، سورەتی مادیە خاریج بکرێت، لە خسوس سەجیە، ئەخلاق، زەکا، زیهنیەت و حەتا ئەسلیەتی دین و زمان، تەرزی تەلەبوس و میعمارییەوە

کوردەواری حازر هەر عەینی ئەو کوردەن کە 3 هەزار ساڵ لەمەوپێش ژیاون. بێ شوبهە ئینقیلابات، ئیحتیلالی ئەم وڵاتە لە تەرەف غەیرەوە، تەحەولی شکل، دین، زمان تەئسیرێکی موهیمی بوە بە سەر ئەم خەواسەدا، فەقەت لە گەڵ ئەوەش دا ئەسلیەتی خۆیان محافەزە کردوە و ئەیکەن. ئەم نەزەریەیە تەنها مەخسوسی ئێمە نیە، بۆ هەمو قەومێ قابیلی تەتبیقە.

"کەشفی حادیسات و ئەحوالی مازی جگە لە قیمەتی تاریخیەی، ئەهمیەتێکی حەیاتیشی هەیە بۆ تەبەقەی حازرە. بە سونیی تالیع و بەدبەختیەوە تاریخی رابوردوی کوردان مودەتێکی مەدید و حەتا حالی حازریش مەجهول ماوەتەوە. هیچ جێگەی شوبهە نیە کە کوردستان هەروەک خاریجەن ساحیبی لەتافەتێکی فەوقەلعادەیە لە داخلیش دا ئەنواعی ئاساری تاریخی بە قیمەتی تیادا مەحفوز بو. کەشفی ئەم ئاسارە و بۆ تەنویری رابوردوی تاریکی کوردان لە مارتی 926 دا پرۆفیسۆر سپایسەر موتەخەسیسی ئاساری عەتیقەی دارەلفنونی پینسلڤانیا ی موتەحیدەی ئامریقا هاتە ئەم مەنتیقەیە و ئەلحەق خدمەتێکی کرد کە هەمو کورد ئەبێ مەمنونی بێ.

"موشار ئیلەیهی هەر لە بازیانەوە هەتا هەڵەبجە هەرچی (گردی) دەستکردی تاریخی هەیە هەموی کەشف کرد، عەلاوەتەن ئەو مەختوتاتەی لە کیتابەکانی ئەیەوادا لەم خسوسەوە نوسراوە هەموی تەدقیق کرد، لە پاش ئەم تەتەبوعە علمیە لەم چەندانەدا ئەسەرێکی زۆر قیمەتداری لە خسوس موحارەبەی بەینی (ئاسورناسرپال و زاموا) وە نەشر کردوە کە بەر وەجهی ئاتی تەلخیس کرا: ..."

لە ژ 184 و 185 و 186 دا لە ژێر سەرناوی (هاواری کوردان) دا تەرجومەی وتارێکی لە سەر نەریت و رەوشت و خوی کورد بڵاو کردۆتەوە. بەم پێشەکیە دەستی پێ کردوە:

"بەیاناتێکی دوقتۆر ستاوت، مودیری مەکتەبەکانی ئامریقایە لە بەغداد کە پار لە ئاغستۆس دا لە گەڵ میسز ستاوت دا بۆ سیاحەت و تەماشاکردنی وەزعیەتی کوردستان تەشریفیان هێنا بوە سلێمانی.

"ئەم مەقالەیە لە مەجموعەیەکی ئامریقادا نەشر کراوە و لە بەر ئەوەی سەراپا بەحسی ئەخلاق و جوبیلیەتی کوردەکان ئەکات ویستمان بە تەرجومە کراوی نەشری بکەین."

لە ژ 22 ی تەموزی 1929 دا لە ژێر ناوی (ئێمە ئەبەدەن ئەم چاکەیەی میستەر ستاوت مان لە بیر ناچێتەوە) لە پەراوێزی ئەم وتارەدا هەندێ لێدوانی خۆی بڵاو کردۆتەوە و. بە سپاس و چاکەوە باسی نوسەرەکەی ئەکا.

لە ژ 246 دا ع. و. نوری (یەکەم دەوڵەتی کورد لە عیراقا) ی لە گۆڤارێکی عەرەبیەوە کردوە بە کوردی و بەم لێدوانەی خۆیەوە بڵاوی کردۆتەوە:

"... لە ژمارەی چوارەمی مەجەللەی ئەقلامی (علی زەریفول ئەعزەمی) کە لە بەغداد دەرئەچێ ئەمە نوسرا بو بۆ روسوری کوردەکان لە بەر دەمی تەئریخ دا و بەعزێ بێگانەی ئەفام کردم بە کوردی..."

بە دوای ئەم دا بە ئیمزای (کوردی) لە ژ 249 و 250 و 251 دا لە ژێر سەرناوی (یەکەم دەوڵەتی کوردی) دا چۆتە قوڵایی مێژوی کوردەوە.

6. بڵاوکراوە کوردیەکان

6. 1. رۆژنامە و گۆڤار

ژیان لە چاو رۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانی هاوزەمانی خۆیدا، لە هەمویان تەمەن درێژتر بوە و لە هەمو یشیان رێکوپێکتر لە کاتی خۆیدا دەرچوە. هەواڵی دەرچون و بڵاوبونەوەی رۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانی، بە خۆشی و پشتیوانیەوە بڵاو کردۆتەوە:

"بانگی کوردستان

"صاحیبی ئیمتیازی بانگی کوردستان سەعادەتمەئاب جەنابی مستەفا پاشا هەر بەو ناوەوە بۆ دەرهێنانی غەزەتەیەکی سیاسی روخصەتی ئیستیحصال کردوە. ئەم رەفیقە تازە و خۆشەویستەمان تەبریک و رەواجی تەمەنا ئەکەین." (ژیان، ژ 4، 11 ی شوباتی 926).

"دیاری کوردستان

"نوسخەی شانزەهەمینی مەجەلەی دیاری کوردستان هاتوە، پڕ لە مەقالات و خەبەراتی بە ئەهمیەت و بە کەڵکە. مەقصەدی خزمەتکردنی وەتەن و مەنافیعی میلەتی کوردە. بە خوێندنەوە و ئیشتیراکی ئەم مەجموعە بە قیمەتە تەوصیەی قارئینی کیرام ئەکەین." (ژیان، ژ 21، 17 ی حوزەیرانی 926).

"زاری کرمانجی

"ئەوەل نوسخەی مەجموعەی زاری کرمانجی کە لە تەرەف صاحیبی ئیمتیاز و مدیری مەسئولی جەنابی سەید حسێن ئەفەندی موکریانیەوە لە رەوانیز دەر ئەهێنرێ بە دیارەخانەمان گەیشت. جەدەن مەسرور و خۆشحاڵ بوین کە مەجموعەیەکی تری وا بە قیمەت بە کوردی ببینین. ئەمە هیمەت و غیرەتێکی زۆر گەورەیە و نیشانەی سەعادەت و تەرەقی قەومی نەجیبی کوردە. خصوصەن هێنانە وجودی مەتبعەیەک لە رەوانیز مەحصولی حسێنکی بەرز و فەعالیەتێکی زۆر گەورەیە. بە دڵ و بە گیان تەقدیری ئەم هیمەتە و تەلەبی موەفەقیەت و رەواجی ئەم رەفیقە بە قیمەتەمان ئەکەین." (ژیان، ژ 22، 1 ی تەموزی 926).

"رۆژنامەی زاری کرمانجی کە بەینێک لەمەوپێشەوە لە بەر بەعزێ نوقصانیەت ئینتیشاری نەئەکرد بە واسیتەی موعاوەنەتی قیسمێک حەمیەتمەندانەوە دەستی کردۆتەوە بە ئینتیشار تەمەنای دەوامی ئەکەین." (ژیان، ژ 139، 22 ی تشرینی دوەمی 1928).

"داخلی:

"مدیر و موحەرریری مەجەلەی زاری کرمانجی موحتەرەم سەید حسێن حوزنی ئەفەندی بۆ پێکهێنانی ئیشوکاری مەجەلەکەی و بڵاوکردنەوەی کتێبێک کە بەمزوانە بە ناوی (ناوڕێکی پاشەوە) تەئلیفی کردوە تەشریفی هێناوەتە سلێمانی عەرزی بە خێرهاتنی دەکەین." (ژیان، ژ 258، 28 ی ئاغستۆسی 1930).

کەرکوک

"ژیان برایەکی خۆشەویست و پشتیوانێکی بە قوەتی چنگ کەوت

"چەند رۆژێک لەمەوپێش بە سرورەوە بیستمان غەزەتەی کەرکوک کە رەفیقێکی خۆشەویستی ژیانە بە سەبەبی ئەوەوە لە کوردستان و لە ناو میلەتی کوردا ئینتیشار ئەکات بۆ ئەوەی ببێ بە ناوێنەی حاڵ و تەرجومانی حەقیقەتی میلەتەکە ئیتر لەمەودوا قیسمێکی زۆری بە کوردی ئەنوسرێ و ئینتیشار ئەکات. ئەم

خەبەرە بە جدی سرور و خۆشیەکی تەواوی خستە دڵی میلەتەکەمانەوە و هەمو کوردێک بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی راستی ئەم خەبەرە خۆشە و بە عەجەلە ئینتیزاری چاوپێکەوتنی ئەو غەزەتە کوردیەی ئەکرد. شوکور بوینێ لە ناکاوبا خەبەرەکە تەحەقوقی کرد و غەزەتەکە کە بو صەحیفەی بە کوردی نوسرا بو هاتە سلێمانی و بە ناخل بونی حەیاتێکی تازەی خستە وجودی میلەتەکەمانەوە و بەم سەبەبەوە (ژیان) یش برایەکی عەزیز و پشتیوانێکی بە قوەتی بۆ پەیدا بو.

"خوێندەوارەکانمان تاقم تاقم بۆ چاوپێکەوتن و خوێندنەوەی ئەم غەزەتە بە قیمەتە موحتەرەمە شەتابیان ئەکرد و حەقیقەتەن ئەم مەسئەلەیە ئەمەندە خۆش بو کە لە موقابیلیا ناتوانین بە تەواوی دەرەجەی سروری میلەتەکەمان بەیان و تەعریف بکەین چونکە ئەم دو لیوایە کە دراوسێی یەکترین و ئەهالیەکەی هاوخوێن، هەم جنس، هاوزبان و هەمو غایەیەکیان یەکە بە سەبەبی ئەوەوە غەزەتی کەرکوک هەتا ئێستا بە لیسانی محلی و مادەرزادی خۆی ئینتیشاری نەئەکرد. لە هاواری یەکتری نەئەگەیشتن و بە فریادی یەکتری نەئەکەوتن بەڵام وا شوکور بە سەبەبی لوتفی حکومەت و مەئمورینە ئیداریە بە قیمەتەکانمانەوە ئەم مانیعەیە هەڵ گیرا و ئەم پەردەیەی بە سەرمانا راکێشرا بو لابرا و لە یەکتری ئاشکرا و مەعلوم بوین.

"بەرامبەر بەم حەرەکەتە مەعقولە، ئەم مژدە خۆشە و ئەم لوتفە گورەیە، عەلەنەن بە ناوی میلەتەکەمانەوە تەشەکوری حکومەتی موشفیقە و حەقپەرستمان ئەکەین. ئومێد ئەکەین ئیتر ئەم 3 برا عەزیزە کە: زاری کرمانجی، کەرکوک و ژیانە، دەست بدەن دەست و پشتیوانی یەکتری بن و بە هەمو قوەتیانەوە بۆ تەرەقی و تەعالی موڵک و میلەتەکە هەوڵ بدەن و تێ کۆشن." (ژیان، ژ 238، 8 ی مایسی 1930)

"غەزەتەی کوردیی کەرکوک

"ئیسانەوە بە خۆشیەوە خوێندمانەوە غەزەتەی کەرکوک کە هەتا ئێستا دو صەحیفەی بە کوردی دەرئەچو قەرار دراوە هەمو رۆژێکی دوشەمە دەرچێ و چوار سەحیفەی بە کوردی بێ. بەرامبەر بەم مژدە خۆشە میلەتەکەمان پێخۆشحاڵ بو. ئومێد ئەکەین ئەم برا خۆشەویستەمان هەتا سەر بە موەفەقی خدمەتی وەتەن و میلەتەکەمان بکات." (ژیان، ژ 240، 22 ی مایسی 1930)

هاوار

"دیاری دیار بۆ کۆواری هاوار
هاواری کوردان لە شامەوە هات
هەواریان بەرز بێ دور بێ لە ئەهات
شام سەحەری دێ، سوری سوردارە
تا لە شەوبا بێن بەشمان هاوارە" (ژیان، ژ 330، 14 تەموزی 1932).

6. 2. کتێب

6. 2. 1. کتێبی مەکتەب

"دەنگوباس

"مژدە!.. لە سەمای مەعاریف دا ئەستێرەیەکی قیمەتدار

"ئەلفبایەکی کوردی کە موافیقی نوسولی تەدریس و لە سەر تەرزی تازە لە تەرەف ئەحمەد ئەفەندی عەزیز ئاغاوە تەرتیب و تەئلیف کرا بو و موەددێ لەمەوپێش لە تەرەف ئەنجومەنی مەعاریفی ئێرەوە لە پاش لێ ورد بونەوە بە باش زانرا و، بە واسیتەی لوتفی عالی موتەسەرریفی مەعاریفپەروەر و موفەتیشی ئیداری عالی قەدرەوە بۆ چاپ نێررا بوە بەغدا، ئەمجارە لە تەرەف وەزارەتی جەلیلەی مەعاریفیشەوە تەسدیق و تەبع فەرموراوە و، لە مەدارسی کوردیەدا ئەمر بە تەدریسی کراوە.

"ئەمە ئەوەل ئەسەرێکی قیمەتداری کوردیە کە ئەولادی کورد ئەیگرێتە باوەش. ئومێد هەیە بە واسیتەی سهولاتێک کە لەم ئەسەرە قیمەتدارەدا پیشان دراوە ئەولادی کورد بە بێ ئەرک و ئەزیەت لە زەرفی موددەتێکی زۆر کەم دا فێری خوێندن و نوسین بین. بە هیوایین ئەم پۆستایە نوسخە چاپکراوەکانی بێتە سلێمانی. فرسەتە وەریگرن و ئیستیفادەی منالّتانی پێ تەئمین بکەن. (سەد شوکر سمایلنامە و بیا داود نەما...)

"ژیان بەرامبەر بەم هیمەتە و لوتفە گەورەیە خۆی بە مەدیونی شوکران ئەزانێ." (ژیان، ژ 49، 6 ی کانونی سانی 1927).

لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم دا، هەندێ کتێبی خوێندنگە سەرەتاییەکان کراون بە کوردی. وەکو هەنگاوی یەکەم دیارە کەموکوڕی زۆریان تێدا بوە.

ع. عەزیز کە خۆی مامۆستای خوێندنگەی سەرەتایی و یەکێ بوە لەوانەی بەشداری تەرجومەی کتێبەکانی کردوە، وتارێکی بە چەند ئەلّقەیەک لە ژێر ناوی (مەتبوعاتمان) دا بلاو کردۆتەوە. نوسیویتی:

"دەرەجەی عیلم و ئیدراکی میلەتێک و ئەوعی پێشکەوتنیان لە مەتبوعاتیان دەرئەکەوێ چونکە میلەتێکی دواکەوتو کە وریا بوەوە پێش هەمو شتێک هەوڵ ئەدا بۆ تەرەقی مەعاریف، کە بناغەی مەعاریفیش مەتبوعاتە وە یا بناغەی مەتبوعات مەعاریفە، لە دوایی‌دا ئیقتیساد و، لە پێش هەمویان دا ئینجا عەمارەت و سیاسەت و سائیرە، چونکە میلەتێکی جاهیل لە روی نەزانینەوە گەلێ شت بە چاک ئەزانێ و ئەیکا ئەتیجە زەرەر و زایع بونی حقوقی خۆی ئینتاج ئەکا. بۆ پێشکەوتنی مەعاریفیش یەگانە رەهبەر مەتبوعاتە کە ئەمەش ئەنواعی هەیە، مەسەلەن غەزەتە تەرجومانی حسیاتی میلەتە، کتێب و ئەدەبیات ئاوێنەی کەمالیاتی ئەو میلەتەیە و، کوتوبی عیلمی، ئەمەش یا تەئلیف وە یا تەرجومە ئەکرێ لە لوغەتێکی ئەجنەبیەوە، کتێبی مەکتەبیش لە میانەی ئەمانەدا ئەژمێررێ.

"لە زەمانی حکومەتی ئەمەویە و عەباسیەدا کە قەومی عەرەب هەوڵی تەرەقی عیلم و مەعاریفیان دا لە زەمانی هارون ئەلرەشید و مەئمون دا لە زبانی هندی، یۆنانی و فارسی بە هەزاران کتێب تەرجومە کرا بەم جۆرە مەتبوعاتیان (نوسەر لە بە کار هێنانی وشەی مەتبوعات لێرەدا بە هەڵەدا چوە. لەو سەردەمەدا مەتبەعە نەبوە تا مەتبوعات هەبوبێ. کتێبەکان بە دەس نوسراونەتەوە. ن‌م.) پێش خست و تەرەقیان کرد. هەروا ژاپۆنیاییەکان، تورکەکان لە ئیبتیدای وریابونەوەیان دا ئەوەل ئیشیان پێش خستنی مەتبوعاتیان بو.

"قەومی کوردیش لەم قەرنی ئەخیرەدا کە وریا بونەوە فەرقی ئەم نوقسانیەتەیان کرد بۆ عەینی غایە لە ئەستەموڵ لە زەمانی حکومەتی عوسمانی مەجموعەی (رۆژی کورد و هەتاوی کورد) یان نەشر کرد و بەعزێ

کتێبیان لە چاپ دا و ئێستاش لەم زەمانی حکومەتی عیراقیەش دا هەمو ئەوعە موساعەدەیەک کراوە بۆ دەرهێنانی غەزەتەی سیاسی و مەجموعەی عیلمی و کوتوبی مەدرەسی و ئەدەبی و بۆ تەدقیق و لە چاپدانی کتێبی مەکتەبی لە عالم و منەوەرانی کورد لوجنەیەک هەڵبژێرراوە. وە وەزارەتی مەعاریفی عیراق بۆ تەشویق کردنی موعەلیمانی کوردی بۆ تەرجومە کردنی کتێبی مەکتەبی بە هەمو مەکتەبەکانی کوردا تەعمیمێکی بڵاو کردەوە کە ئەمە ئەوعەدا فرسەتێکی بەخشی بە وانەی ئارەزوی خزمەتی مەعاریفیان هەیە." (ژیان، ژ 236، 24 ی نیسانی 1930).

ع. عەزیز لە بەشی دوەمی وتارەکەی دا نوسیویێتی:

"بەڵام مەعلومی خوێندەوارانی کیرامە کە شەخسێک لە عیلمێک نەزانێ وە یا لە لوغەتێک تێ نەگا ناتوانێ لە تەرجومەی ئەو عیلمەدا موەفەق بێ. هەروەکو وتمان لە سایەی تەشویقی مەعاریف و بە سەعی کۆمەڵێ تەئلیف و تەرجومە لەم نزیکانەدا چەند کتێبێکی کوردی تەرجومە و لە چاپ درا. بەڵام مەعەلئەسەف لە ناو ئەم کتێبانەدا بەعزێکیان لە بەر نوقسانیەتی مەتبەعەیی وە یا عیلمی ئەتوانم بڵێم کە قابیلی ئیستیفادە نین بۆ قوتابیەکانمان. خسوسەن لەم ساڵی تەدریسیەدا دو کتێبی کوردی لە چاپ درا. یەکێکیان هەندەسەی صنفی چوارەم و ئەوی تریان عیلمی ئەشیای صنفی شەشەمە. ئەم دو کتێبەم زۆر بە دیقەت خوێندەوە. هەندەسەکە تەقریبەن باشە و ئیستیفادەی لێ ئەکرێ بەڵام ئەوی تریان کە عیلمی ئەشیایە و بۆ صنفی شەشەم تەرتیب کراوە کە قوتابی ئەم صنفە داخلی ئیمتیحانی موسابەقە ئەبن ئەم کتێبە سەراپا غەڵەتەش کە بە دەستیانەوە ئەبێ مەعلومی خوێندەوارانە کە زیهنی تەلەبە تێک ئەدا و دەرەجەی نەجاحی مەکتەب لە ناو مەکتەبەکانی عیراق دا دوا ئەخات. ئینجا بۆ ئەمەی کە غەڵەتی تەسحیح کراوی مەزکور بە تەبعکراوی بە دەست قوتابیەکانمانەوە بێ ئارەزوم کرد لە ستونی غەزەتەی ژیان دەرجی بکەم و ئومێد ئەکەم کە ئەم حەرەکەتەم بۆ مەکتەب و مناڵەکانمان بە خزمەت عەد بکرێ و حەمل نەکرێتە سەر غەرەز وە یا شەخسیات. مەعلومە میلەتێک پێش ناکەوێ هەتا تەنقید نەکرێ و عەیبی خۆی تەلافی نەکا. بێجگە لەمەیش لە ترسی ئەمەی کە نەوەک لە لایەکی ترەوە دەرکی ئەم غەڵەتە بکرێ با خۆمان لە دەرکی غەڵەتی خۆمان دا تەقەدوم و لە پێش ئەوان دا تەسحیحی بکەین بەڵکو لەمەولا هەرکەسێ کە کتێبێکی تەرجومە کرد ئەسەرێکی وا ئینتیخاب بکا کە لە داخلی ئیختیساسی خۆیدا بێ." (ژیان، ژ 237، 28 ی نیسانی 1930).

لە چەند ژمارەیەکی تردا هەندێ لە هەڵە و چەوتیەکانی کتێبەکەی باس کردوە.

ع. واحید، وەرگێڕی کتێبەکە هاتۆتە جواب. ع. واحید هەمان (ع. و. نوری) یە کە یەکێ بوە لە نوسەرە باش و پێشکەوتنخوازەکانی کورد. گەلێ بەرهەمی پوخت و جوانی هەیە. ئەگەرچی وەڵامەکەی هەندێ توڕەبونی پێوە دیارە. بەڵام دەستی خستۆتە سەر هەندێ لە گیروگرفتەکانی رۆشنبیریی کوردی و لە ژێر سەردێڕی (کتێبەکانی مەکتەبەکانمان) دا نوسیویێتی:

"لە ژمارەی 237 ی رۆژنامەی ژیان دا بە ناوی ع. عەزیزەوە چەند کەلیمەیەکم دی لە بابەت کتێبی ئەشیای سینفی شەشەمەوە کە خۆم تەرجومەم کردوە و زۆر بە ناشیرینم زانی کە بێ جوابی بهێڵمەوە:

1. منیش بێ ئەمەی تەعەڕوزی شەخسیات بکەم بە کوردی ئەڵێم هەرچی کتێبێک کە لە مەکتەبەکانمانا هەیە و بە کوردی لە چاپ دراون هیچیان بۆ ئەوە ناشێن کە پێیان بڵێن (کتێبی مەکتەب) بۆ ئیسپات کردنی ئەم قسەیەم هەمو وەختێک ئامادەم.

2. بەڵام ئیحتیاج مەجبوری کردوین کە پێیان بڵێین کتێب. چونکە هێشتا گەنجێکمان پێ نەگەیشتوە کە لە ژێر دەستی مامۆستایەکی کوردا حیسی میللی وەرگرتبێ و بە زمانی کوردی فێری خوێندنێکی تەواو

بوبێت. لە بەر ئەوەی مەنتیقەکەیشمان بچوکە فرۆشتنی کتێبەکانمان زۆر کەمە و مەعاریفیش لە بەر ئەم سەبەبی ئەخیرە کەم یارییەی ئەو موعەلیمانە ئەدات کە کتێب تەرجومە ئەکەن.

3. ئەگەر تەرجومەی ئەم کتێبەم خراپ کرد بو بۆچی ئەمین زەکی بەگ قوبوڵی کرد. وە ئەگەر ئەو کوردی نازانێ بۆچی ئەو کتێبانەی تر کە تەدقیقی کردوە بە باش ئەدرێتە قەڵەم. خۆ من بە زۆر و پاڕانەوە کتێبەکەم پێ قبوڵ نەکرد.

من بڵێم چی ملیۆنێک کورد مەتبەعەیەکیان نیە کە چوار کتێبی لێ تەبع بکەن؟

4. ئەگەر ئەوەندە شارەزا بویت بۆچی کە پێم گوتی تەرجومەی بکە نەتکرد؟

ئیتر حورمەتی زۆر. ع. واحید" (ژیان، ژ 241، 29 ی مایسی 1930)

6. 2. 2. کتێبی گشتی

"تەئلیفات: پێشەوای ئاین

"کتێبێکی دینیە. بۆ تێگەیشتن لە واجیبات و شەریعەتی ئیسلامیە. لە سەر رەوشتی ئیمامی شافیعی بە ئوصولێکی رێکوپێک و کوردیەکی پەتی لە تەرەف خێوی زاری کرمانج جەنابی سەید حسێن ئەفەندی موکریانیەوە تەئلیف و تەبع کراوە.

"نوسخەیەکی ئەم ئەسەرە بە نرخە کە لە شەرت و شروتی ئیسلامیتی باس ئەکات و پێمان بەخشراوە بە ئیدارەخانەمان گەیشت. لامان وایە ئەگەر بێت و بۆ قوتابخانەکانی کوردستان بخرێتە پرۆغرامەوە و لە دەرسی دین دا تەدریساتی لە سەر بکرێ ئیستیفادەی مەتلوب تەئمین ئەکات." (ژیان، ژ 58، 17 ی مارتی 927).

"رەوشت و خو

"مەعلوماتی مەدەنیە

"ئەسەرێکی بە کەڵکە، نوسخەیەکی ئەم ئەسەرە بە قیمەتە کە لە تەرەف لاوانی کوردەوە لە سەر پرۆغرامی مەعاریف بۆ مەکاتیبی کورد تەئلیف و تەرجومە کراوە بە ئیدارەخانەمان بەخشرا.

"محتەویاتی. بە ئوسلوب و تەرزی ئیفادەیەکی جوانەوە سەراپا رێی بونە ئینسانێکی حەقیقی نیشان ئەدات و، زۆر بە ئاسانی ئیستیفادەی قوتابیەکانمان تەئمین ئەکات. لە گەڵ ئەمەی کە نوسخەی دوەمی ئەم تەئلیفە لە ژێر چاپ دایە تەبعی گەلێ ئاساری تریشیان بە دەستەوەیە. لە رێی خزمەتی مەعاریف دا ئەم موەفەقیەتە گەورەیەی لاوەکانمان بە دڵ تەقدیر ئەکەین." (ژیان، ژ 72، 5 ی تەموزی 927).

"ئیعتیزار

"لە مێژ بو بە تەما بوین ئەختێ بارسوکی قوتابیەکانی ئیبتیدائیمان بکەین. تەماشای پێرەوی (منهج) ی وەزارەتی مەعاریفمان کرد...." (ژیان، ژ 73، 12 ی تەموزی 1927).

"خۆشی و ترشی

"نوسخەیەکی تر لە موئەلەفاتی صاحیبی زاری کرمانجی و وەتەنی حەقیقی جەنابی سەید حسێن ئەفەندی موکریانی کە لە ژێر عینوانی (خۆشی و ترشی) دا نەشری کردوە بە ئیدارەخانەمان گەیشت. حەقیقەتەن تەئلیفێکی بە قیمەت و کتێبێکی بە کەڵکە. تەوصیەی خۆشەویستانی ئاساری کوردی و کوردپەروەرەکانمانی ئەکەین." (ژیان، ژ 78، 18 ی ئاغستۆسی 927).

"مژدە بۆ کوردەکان: دەستوری کوردی

"لەم رۆژانەدا بە مەسروریەتەوە لە غەزەتەکانی بەغدادا خوێندمانەوە کە قەواعید – دەستور–ی کوردیەکەی جەنابی تۆفیق وەهبی بەگ کە چەند ساڵێکە لە گەڵ یا خەریکە جزمی ئەوەڵی تەواو و تەبع کراوە.

"ئەم خەبەرە بۆ کوردەکان بەشارەتێکی خۆشە. چونکە هەمو ئەیزانین میلەتی کورد هەرچەند هەتاکو ئێستا زبانی مادەرزادی خۆی کە کوردیە محافەزەی کردوە و دائیمەن گفتوگۆی بەم زبانەی خۆی کردوە. بەڵام لە بەر ئەوەی مودەتێکی زۆر لە تەرەف تورکەکانەوە ئیستیلا کراین و لە سەرێکی تریشەوە لە گەڵ ئێرانیەکانا دراوسێ و تێکەڵاو بوبوین موخابەراتی بەینی خۆمان بەعزەن بە فارسی و بەعزەن بە تورکی بو وە معامەلاتی رەسمیی حکومەتی و تەدریساتی مەکاتیبیشمان بە مەجبوری بە تورکی بو.

"وەقتێک کە شەڕی گەورە دوایی هات و ئێمەیش نەجاتمان بو. بە سەبەبی ئەو فکری میلیەتەوە کە دائیمەن لە دەماغمانا نەقشی بەست بو وە بە سەبەبی موساعەدەی حکومەتی فەخیمەی ئینگلیز و عیراقەوە وە بۆ ئەوەی زبانەکەیشمان زیندو بیێتەوە موخابەراتی خسوسی بەینی خۆمان و معامەلاتی رەسمی حکومەت و تەدریساتی مەکاتیبمان کرا بە کوردی. بەڵام چونکە بۆ لیسانەکەمان دەستورێک ڕێک نەخرابو وە ئەو ئەلفبا و دەستورەیش کە لەم ساڵانەدا بۆمان ڕێک خرابو ئیبتیدائی بون. زبانەکەمان تەکامولی نەکرد و بە مەجبوری منداڵەکانمان و کاتبەکانمان هەرکەس بۆ خۆی بە شێوەیەک ئەیخوێند و ئەینوسی بە نەوعێک کە ئەتوانین بڵێین هەتاکو ئێستا لە هەمو کوردستانا مەعلوم نەبوە چ کاتبێک موقتەدیرە و کێ چاکتر ئەنوسێ.

"تەبیعی هەمو عیلم و ئیقتیداری تۆفیق وەهبی بەگمان لا مەعلومە و ئەیزانین ئەم زاتە لە عیلم و عیرفانا مەوقیعێکی مومتازی هەیە.

"ئینجا بە تەبیعی زاتێکی وەها داهی لە نەتیجەی سەعی و کۆششی چەند ساڵێکیا موەفەق بوبێ بە دانان و تەرتیبی دەستورێکی کوردی موحەقەق ئەبێ ئەم دەستورە فەوقەلعادە بێ و ئیتر لە خوێندن و نوسینی کوردیا موشکیلاتێکی نەهێشتبێ. وە غەیری ئەمەیش وەکو بیستومانە ئەم دەستورە لە تەرەف گەلێ موتەخەسیسینی مەعاریف و پیاوە عالمەکانی عیراق و ئینگلیزەوە تەدقیق کراوە و لە تەرەف هەموانەوە تەقدیر و بە باش زانراوە و حەتا ئەڵێن ئەگەر منداڵانی کورد لە سەر ئەم ئوسولە پێیان بخوێنرێ بە سەهلی بە 4 مانگ فێری خوێندن و نوسین ئەبێ.

"ئینجا لە بەر ئەوە پێویستە هەمو خوێندەوارێکی کورد یەکێک لەم دەستورە بە دەستیەوە بگرێ و لەمەودوا لە نوسین و خوێندن دا تەتبیقاتی لە سەر بکات و تکایش لە ئێش بە دەستانی مەعاریف ئەکەین لە ئەمساڵەوە ئەمر بدەن ئەو ئەلفبایەی کە هەمانە لە سەر ئەم دەستورە تیکرار تەبع بکرێتەوە و لە هەمو مەکاتیبە کوردیەکانا تەدریسات لە سەر ئەم ئوسولە بکرێ." (ژیان، ژ 197، 12 ی ئەیلولی 1929).

تۆفیق وەهبی لە ژیانی خۆیدا گەلێ پلە و پایەی ڕەسمیی لە حکومەتی عیراق دا پێ سپێردراوە. ماوەیەک فەرماندەی زانستگەی جەنگی و چەند جارێک بوە بە وەزیر و بوە بە ئەندام لە مەجلیسی ئەعیان دا. بەڵام ئەوەی ئەمی لە مێژوی کوردا بە زیندویەتی هێشتۆتەوە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی بوە. بە تایبەتی ئەم (دەستوری زمانی کوردی) یە. نەک وەزیفە حکومەتیەکانی.

"دیوانی کوردی

"لە تەرەف جەنابی کوردی مەریوانیەوە (دیوانی کوردی) تەبع کراوە نوسخەیەکمان موتالەعە کرد زۆر ئەشعاری شیرین و لەتیفی تیا موندەریجە. قەریبەن میقدارێکی موناسیب دێت بۆ دوکانی وەستا ئەحمەدی خاڵە عەلی خەیات بۆ فرۆشتن هەرکەسێ ئارەزوی تەرەقیاتی عونسوریە و شیرین مەزاقی ئەشعاری کوردیە

هەریەکە نوسخەیەک بکرێ قیمەتی لە گەڵ مەوزوعات و موندەرەجاتی قابیلی تەوازون و تەناسوب نیە چونکە 4 ئانەیە. حەقیقەتەن ئەم دو زاتە زۆر خاییمی مەعاریفی کوردین تەبریکی حەمیەتی وەتەنیە و مەساعی نەشری ئاساری قەومیەیان ئەکەین." (ژیان، ژ 299، 9 ی تشرینی دوەمی 1931).

(لاوێکی کورد) مێژوەکەی ئەمین زەکی کە بە ناوی (خولاصەییکی تاریخی کورد و کوردستان) ەوە بڵاو کراوەتەوە بەمجۆرە هەڵسەنگاندوە:

"تاریخی کورد

1. هەمو کوردێکی تێگەیشتو تا ئێستا گرێیەکی گەورە کوتبوە دڵیەوە، ئەو گرێیەش ئەبونی تاریخێکی رێکوپێکی کورد بو. چونکی ئەبونی ئەم تاریخە ئەبو بە سەبەبی نەزانینی رابوردوی ئەم میلەتە و ئەم نەزانینە گەلێ زەربەی ئەدا لە مەعنەویاتی ئەم قەومە و ئەبو بە سەبەبی کوژاننەوەی ئاساری ئەجداد و ئەم ناتەواویە زۆر جار ئەفرادی ئەم قەومەی شەرمەزار و خەجاڵەت ئەکرد لە موجادەلەی ئیجتیماعیدا کە واقیع ئەبو لە بەینی کوردێک و بێگانەیەک دا.

حەقیقەتەن عەیبێکی زل و بێ ئەمان بو. چونکی زۆر ناشیرینە بۆ ئەفرادی قەومێک کە نەزانێ ئەجدادی چین و چی بون؟

وە حالەتی ئیجتیماعیە و سیاسیە و علیمیە و سەناعیەیان چۆن بوە و چۆن حاکمیەتیان کردوە؟

چۆن کەوتونە دەورەی زیللەت و سەرگەردانی و رەزالەتەوە و ئەو قەومە چ نەوعە عەنعەناتێکی بوە و هەیە؟

2. بۆ نوسینی تاریخێکی مەوسوقی کورد وەک بیستومە بەعزێ کوردی بە ویجدان و خوێنگەرم هەوڵیان داوە بەڵام زەمان بوە بە مانیعی سەعیان و نەتیجەی رەنجیان بەر هەوا بوە. وە یاکردویەتی وەک بەعزێ موحەریرینی ئەقوامی شەرقی کۆن نەختێ لە رێ لای داوە.

3. زۆر شوکر لە ناو ئەو زەواتە موحتەرەمانەدا موەففەقیەت بۆ مەعالی ئەمین زەکی بەگ حاسڵ بوە و نائیلی ئەم دەرەجەی شەرەفە بوە. چونکە لە پاش زەحمەتێکی زۆر و لە 250 ئاساری جوێ جوێ کە بە ئینگلیزی و ئەڵمانی و فرانسزی و عەرەبی و تورکی و فارسی بو. ئەسەرێکی مودهیش و موکەمەلی بۆ میلەتی کورد هێنایە وجود و بە پێی مەعلوماتێ کە لەو ئاسارانەی لە سەرەوە عەرزمان کرد ئیسپاتی کرد و دۆزیەوە کە کورد لە نەتەوەی قەومی (گوتی) داریە، کە تەقریبەن لە 28 همین عەسری پێش میلادا لەم جێگەیەدا حاکم و حوکمڕان بوە و ساحیبی شەوکەت و شەخسیەتێکی بەرز بوە.

وا شوکر چاپی جلدی یەکەمینی بە دو جزم تەواو کرد و زۆر بە مونتەزەمی بڵاوی کردۆتەوە کە هەتا ئێستا هیچ کتێبێکی کوردی وا جوان رێک نەخراوە.

4. بێجگە لەو مەعلوماتەی کە وەری گرتوە بە گەلێ حەقایقی سابیتە و مادی عولەمای ئەقوامی بێگانەی بە سورەتێکی دانایانە و بە حیس و شعورێکی بەرزەوە رەد کردۆتەوە کە جەدەن شایانی ئیفتیخار و سرورە. چونکە گەلێ عولەما بۆ کەمکردنەوەی قەومی کورد و بۆ تەشویشی ئەسل و فەسلی کورد گەلێ خورافاتیان داخلی ئاساری خۆیان کردوە. زۆر شوکر باوکی تاریخی کورد مەعالی ئەمین زەکی بەگ رەنجی بە زایە دان و حەقیقەتی زۆر چاک دەرخست.

5. چونکی تاریخ خالقی شعوری میللی و موەحیدی هەمو شعورێکی قەومیە ئەمینم بەم ئەسەرە ئازدارە میلەتی کورد ئاوڕێکی باش و بە دیقەت ئەداتەوە بۆ مازی و توزێ عیبرەتگیر ئەبێ و بە ئیرادەیەکی مەتین و لە سەر خۆ ئیستیقبالێکی روناک بۆ خۆی تەئمین ئەکا.

"لە پێش ئەمدا واز بێنم لە قسە کردن ئیمانم هەیە بە تێگەیشتوان زو ئەم کتێبە عەزیزە دائەنێن لە کتێبخانەکانیان دا. وە موئەلیفی خۆشەویستی موحتەرەم جلدی دوەم بە زویی لە چاپ ئەدا چونکە زۆر زۆر موحتاجی تەنویرین.

"ئیتر خوا دڵسۆزانی میلەتی کورد مەسعود بکا. لاوێکی کورد" (ژیان. ژ 302، 30 ی تشرینی دوەمی 1931).

ئەمین زەکی بەگ لە ژیانی خۆیدا گەلێ پلە و پایەی بەرزی لە حکومەتی تورکیا و لە حکومەتی عیراق دا پێ سپێردراوە. لە عیراق چەند جارێ بۆتە مەبعوس و چەند جارێ بۆتە وەزیر. بەڵام ئەوەی ئەمین زەکی بردۆتە ریزی پیاوە ئەمرەکانی مێژوی کوردەوە ئەم پلە و پایە رەسمیانە نەبوە. بەڵکو نوسینی ئەم مێژوە و کتێبە مێژوییەکانی تری بوە.

7. تەمسیل

ژیان لە (هەواڵی ناوشار) دا بە ناونیشانی (تەمسیل) نوسیویەتی:

"لە تەرەف تەلەبەکانی مەکتەبەوە بۆ مەنفەعەتی کەشافە شەوی سێشەموی رابوردو لە بینای مەکتەب دا لە ژێر عینوانی (نەتیجەی سەفاهەت) دا ریوایەیەک تەمسیل کرا. لە گەڵ ئەمەی کە ئەوەڵەمین جاریان بو حەقیقەتەن زۆر جوان تەمسیل کرا. مەزهەری تەقدیر و تەحسینی هەمو لایەک بو. بژی موحیبانی عیلم و ئەدەب." (ژیان. ژ 26، 29 ی تەموزی 1926).

رەنگە ئەوە یەکەم جار بوبێ کە لە سلێمانیدا شانۆنامەیەک پێشکەش بکرێ.

بۆ جاری دوەم شانۆنامەیەکی تر پێشکەش کراوە. لەم بارەیەوە ژیان لە ژێر سەردێڕی (لە بینای زانستیدا تەمسیل) ریپۆرتاجێکی لە سەر نوسیوە. ئەڵێ:

"فەنی تەمسیل لە هەمو جێگایەک دا رەغبەتێکی تەواو و ئیمتیازێکی تایبەتی دراوەتێ. حەتا ئەوانەی کە لەم فەنە بە قیمەتەدا دەستدرێژی و ئیختیساسیان تیا پەیدا کردوە بە کەمالی ئیحتیرامەوە یاد و تەقدیر کراون. زیرا ئەم فەنە بە سەر ئەخلاقی میلەت. عاداتی مەملەکەت. ئەتوار و ئەفکاری ئینسان دا. تەئسیرێکی باش ئیجرا ئەکات.

"لە لایەکەوە بینا بەم فکر و مەقصەدە و لە لایەکی ترەوە لە رێی تەئمینی مەنفەعەتی مەعاریف و مەکاتیبی سلێمانیدا. شەوی پێنجشەمە کە تەصادوفی 28/27 ی تەموزی ئەکرد. لە بینای جەمعیەتی زانستیدا تەمسیلێکی تاریخی و ئەخلاقی لە تەرەف هەیئەتی تەعلیمیەی مەکتەبی ئەوەڵ و قوتابیەکانی بەغدامانەوە لە ژێر شەرائیت و پرۆگرامێک کە لە تەرەفی هەیئەتی تەمسیلەوە تەرتیب کرابو. ئیجرا کرا. ئەم تەمسیلە چونکە لە رێی خدمەتی مەعاریف دا بو. ئەشراف و ریجالی مەملەکەت و هەمو موحیبان و تەرەفدارانی عیلم و مەعاریف. بە کەمالی شەوق و شەتارەتەوە ئیجابەتیان کردبو و گردبوبونەوە.

"ئەسلی تەمسیلەکە بە 5 پەردە زوڵم و ئیستیبدادی بێ ئەندازەی قەیسەری رۆمی مەشهور ئیمپراتۆر ئیرونی تەصویر و لە ژێر زوڵم و ئیستیبدادی ئەودا بە واسیتەی سیناتۆر ومیلەتپەروەرانی رۆماوە ئەجاتدانی رۆماییەکانی تەمسیل ئەکرد.

"لە پەردەی ئەوەڵ دا. موفەصەلەن بۆ رزگارکردنی میلەت قەراری مەجلیسی سینات و. سەتوەت و حیشمەتی ئیمپراتۆر ئیرون نیشان درا.

"لە پەردەی دوەم دا. مەعامەلاتی غەدارانە و مەزاڵیمی جەبارانەی ئیمپراتۆر ئیرون تەمسیل کرا.

"لە پەردەی سێیەم دا، بەزم و کەیفی ئیمپراتۆر لە گەڵ مەحبوبەیەکیدا و بە سەراچونی ئیمپراتۆریچە و، لەو ئەسنایەیش دا سوتانی شاری رۆما و گوێ نەدانی ئیمپراتۆر بەم فاجیعەیە بە تەرزێکی حەقیقی خرایە بەر ئەنزاری تەماشاکەرانەوە.

"لە چوارەم پەردەدا، ئیختیلال و قیامی ئەهالی، ئیجتیماعی وەتەنیەکان لە گەڵ تەشویق و تەرغیباتیان ئیرائە کرا و.

"بە پەردەی پێنجەم کە ئاخر پەردە بو، لە سەر ئەحواڵی رابوردوی تەئەسوفات و پەشیمانی ئیمپراتۆر، وە لە بەر بێ عیلاجی و بێ چارەیی مانەوەیان، ئینتیحاری ئیمپراتۆر و ئیمپراتۆریچە بە حوزن و تەئسیرێکی گەورەوە تەصویر و تەمسیل کرا.

"ئەمانە عمومەن زۆر جوان و بە بێ نوقسانیەت ئیجرا کرا. لاوەکانمان لە گەڵ ئەمەی لە فەنی تەمسیل دا ئەوەل هەنگاوە ئەیهاون ئیسان شایانی تەقدیر و تیزکارن.

"ئەم تەمسیلە بۆ ئەوانەی کە میقرۆبی ئیستیبداد و فکری زوڵم و تەحەکومیان لە کەللەدایە، جدەن دەرسێکی ئەخلاقی و عیبرەتێکی تاریخی بو. تەمسیل بە چەند درامێکی موزحیک و هەزەلی خیتامی پێ هێنرا و بڵاوەی لێ کرا. لە رێی تەعالی و تەرەقی مەعاریف دا سەعی و کۆششی هەیئەتی تەعلیمیە و لاوەکانمان تەقدیر و، لەم فەنەدا دەستدرێژیان تیزکار ئەکەین." (ژیان، ژ 76، 2 ی ئاغستۆسی 1927).

8. پرسەی ئەدیبان

ژیان هەواڵی مردنی هەندێ کەسایەتی بڵاو کردۆتەوە کە زانینیان بۆ دنیای ئەدەب و رۆژنامەوانی کوردی بایەخدارن، لەوانە:

شوکری فەزلی

"انا لله وانا...

لە غەزەتەکانی بەغدادەوە بە کەمالی تەئەسور و تەئەسوفەوە خەبەری وەفاتی شاعیر و ئەدیبی بەناو مەرحوم شوکری فەزلی‌مان خوێندەوە. بۆ عالەمی کوردایەتی جدەن زیاعێکی ئەلیم و گەورەیە. حەق تەعالا بە رەحمەتی خۆی عەفوی کات." (ژیان، ژ 21، 17 ی حوزەیرانی 1926)

شوکری فەزلی یەکێ لە ئەدیب و رۆژنامەوانە ناسراوەکانی عیراق بوە. بە تورکی و فارسی و عەرەبی وتاری بۆ رۆژنامەی جیاواز نوسیوە. چەند وتارێکی بە تورکی و عەرەبی لەسەر مێژوی کورد نوسیوە. لە گەڵ شێخ رەزای تاڵەبانی شەرە شیعری زۆری هەیە. نوسەری سەرەکیٚ (تێگەیشتنی راستی) بوە کە دەسەڵاتی ئینگلیزی لە بەغداد بە زمانی کوردی لە 1 ی 1 ی 1918 دا دەری کردوە.

سلێمان نەزیف

"سلێمان نەزیف ئەدیبی مەشهوری ئیستامبول کە کوڕی سەعید پاشای دیاربەکری مەشهور بو لە ئیستانبول وەفاتی کردوە." (ژیان، ژ 52، 3 ی شوباتی 1927).

کەریم بەگی کەرکوکلی‌زادە

"زیاعێکی ئەلیم

"لە ئەشراف و خانەدانی سلێمانی و لە ڕیجالە حقوقیە مەشهورەکانمان. حاکمی مونفەریدی سلێمانی کەرکوکلی زادە عەبدولکەریم بەگ بە سەبەبی ئەو ئەخۆشیەوە کە توشی بوبو دوێنێ نیوەڕۆ ئەمری خوای بە جێ هێنا.

"ئوفولی ناگەهانی ئەم زاتە قیمەتدارە تەئسیرێکی تەواوی کردە هەمو کەسێکەوە و هەمو لایەکی خستە حوزن و تەئەسورەوە.

"سەعادەتی موتەسەریفی ئەکرەم و ڕوئەسای دەوائیر و عولەما و ئەشرافی شار و سائیری تەبەقاتی ئەهالی بۆ تەجهیز و تەدفینی حازری سەر جەنازەکەی بون و هەتا سەرقەبران تەشیعیان فەرمو.

"بە ناوی عومومەوە بەیانی تەعزیەت لە عائیلەی کەدەرنیدەی ئەکەین و تەمەنا ئەکەین خوای تەبارەک و تەعالا تەسەلیان پێ ببەخشێ و مەرحومیش غەریقی ڕەحمەت بکات." (ژیان، ژ 199، 19 ی ئەیلولی 1929).

کەریم بەگ، هەمان (عەبدولکەریم سلێمانی) یە کە ساڵی 1913 لە ئەستەموڵ گۆڤاری (ڕۆژی کورد) ی دەرکردبو.

9. هەواڵی ڕۆژنامە عەرەبییەکانی عیراق و بێگانە

"غەزەتەی وطن

سکرتێری حیزبی وطنی عیراق تەلەبی لە وەزارەتی داخلیە کردوە کە مەئزونیەتی بدەنێ غەزەتەیەک بە ناوی (وطن) ەوە و بە ناوی حیزبەکەیەوە دەربێنێ." (ژ 139).

"غەزەتەی التقدم

لە بەغدادەوە لە تەرەف حیزبی تەقەدومی عیراقەوە لە تەحتی ئیدارەی سلێمان شێخ داودا غەزەتەیەک بە ناوی (التقدم) ەوە ئینتیشاری کردوە." (ژ 139).

"صوت العراق

بەغداد: مەعالی موزاحیم بەگ ئەل پاچەچی تەلەبی لە وەزارەتی داخلیە کردوە کە مەئزونیەتی بدەنێ غەزەتەیەکی سیاسی بە ناوی (صوت العراق) ەوە دەر بهێنێ." (ژ 148).

"النجم

بەغداد: لە ئیدارەی پاتریارکیەی کلدانیدا لە موسڵ مەجەلەیەک ئینتیشار ئەکات بە ناوی (النجم) ەوە." (ژ 148).

"غەزەتەی (فتي العراق) لە موسڵ دا و عەزەتەی (الحارس) لە بەغدادا

"بەغداد: مودیریەتی مەتبوعات مەئزونیەتی داوە بە مەتی سرسم ئەفەندی کە لە موسڵ دا غەزەتەیەکی سیاسی یەومی بە ناوی (فتي العراق) ەوە دەربهێنێ.

"مەئزونیەتیشی داوە بە فائیق ئەفەندی کە لە بەغداد بە ناوی (الحارس) ەوە غەزەتەیەکی ئەدەبی دەربهێنێ." (ژ 207).

"جەمعیەتی هیدایەتی ئیسلامی
"بەغداد: کۆمەڵی هیدایەتی ئیسلامی لە بەغداد غەزەتەیەکی دەرهێناوە بە ناوی هدایتەوە و مەوزوعەکانی هەمو عیبارەتن لە مەسائیلی دینیە و ئەخلاقیەی ئیسلامیەت." (ژ 231).

سەردانی سلێمانی
"ساحیبی غەزەتەی الکرخ و سەحافی شەهیر جەنابی مەلا عەبود ئەفەندی ئەل کەرخی بۆ چاوپێکەوتنی لیواکەمان تەشریفی هێناوەتە سلێمانی. عەرزی بە خێرهاتنی ئەکەین." (ژ 84).

"مومەسیلی غەزەتەی (فتي العرب) محیدین بەگ لە بەغداوە بۆ چاوپێکەوتنی لیواکەمان تەشریفی هێنا بوە ئێرە لە دوای 4 رۆژ عەودەتی فەرموەوە. خوای لە گەڵ بێ." (ژ 94).

"موعتەمیدی غەزەتەی کەرکوک
"بۆ ئەوەی بەدەلاتی غەزەتەکەیان کۆ بکاتەوە موعتەمیدێکی غەزەتەی (کەرکوک) رەفیقی خۆشەویستمان تەشریفی هێناوەتە سلێمانی. رجا لە مشتەریەکانی ئەکەین معاوەنەتی بفەرمون و بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم بکەن." (ژ 184).

داخستنی رۆژنامەی عیراقی
"هەواڵی داخلی: رۆژنامەی نهضە و زمان لە تەرەف حکومەتەوە لە نەشر کردن مەنع کراوە." (ژ 88).

"غەزەتەی التقدم
بەغداد: لە بەر بەعزێ ئەسبابی سیاسیە غەزەتەی التقدم چەند رۆژێک دەرناچێ لە دوایدا لە سەر حسابی خۆی مودیری غەزەتەکە سەلمان ئەل شێخ داود دەست ئەکاتەوە بە ئینتیشاری." (ژ 174).

"غەزەتەی نهضە و وطن
بەغداد: لە سەر ئەوەی مەجلیسی وزەرای عیراق قەراری داوە غەزەتەی نهضە و وطن ئیتر ئینتیشار نەکات یاسین پاشا تەکلیفی لە ساحیبی غەزەتەی وطن کردوە بە ناوی (الشعب) ەوە و تەکلیفیش لە النهضە کراوە بە ناوی (صدى العراق) ەوە غەزەتەکانیان دەربێنن." (ژ 197).

"مەعروف ئەل رەصافی و غەزەتەی بلاد
"بەغداد: لەسەر ئەوەی مەعروف ئەفەندی ئەل رەصافی لە غەزەتەی البلادا مەقالەیەکی نوسیوە و گۆیا ئەڵێن مەقالەکە لە علەیهی پێغەمبەر بێ ئەدەبیەکی تیادا بوە وەکو لە مەجلیسی نیابیدا شکاتی لێ کرا و وەزیری داخلیە قەولی دا تەدقیقی مەسئەلەکە بکات.
"ئەڵێن کۆمەڵی شوببانی موسلیمین یش لە مەحکەمەدا دەعوایان لە علەیهی ساحیبی مەقالەکە و ناشیرەکەی کردوە هێشتا محاکەمە نەتیجەی نەهاتوە بەڵام ئەڵێن حکومەت ئەمری داوە غەزەتەی بلاد 15 رۆژ ئینتیشار نەکات." (ژ 211).

لابردنی مەنع لەسەر جەریدەکانی تورکیا

"مودیریەتی مەتبوعات ئەوامیری لازمەی دا بە هەڵگرتنی مەمنوعیەت لە خسوس ئیدخالی هەمو نەوعە غەزەتەی تورکیا بە عیراق." (ژ 38).

لابردنی مەنع لە سەر ڕۆژنامەی بلاغی میسری

"غەزەتەی بلاغ ی میسر سەربەست کراوە

"بەغداد غەزەتەی (بلاغ) ی میسری کە مەنع کرا بو بێتە بەغداد. ئەمجارە وەزارەتی داخلیە ئەمری داوە کە سەربەست بێتە عیراق و هیچ مانعێک نیە لە هاتنیا." (ژ 207).

"مودیر و موحەریری غەزەتەی الزمان

بەغداد: لە موحەریرینی مەشهور و ساحیب و موحەریری غەزەتەی الزمان ئیبراهیم ئەفەندی ساڵح شوکر کە بەینێک لەمەوپێش چو بوە میصر. خەریکە بگەڕێتەوە سوریە و لە شاما هەر بە ناوی الزمانەوە غەزەتەکەی دەربهێنێ." (ژ 144).

"غەزەتەی وەفدی میصری

لەندەن: جەمعیەتی حیزبی وەتەنی میصر لە لەندەنا دەستیان کردوە بە دەرهێنانی غەزەتەیەک بە ناوی وەفدی میسرییەوە." (ژ 146).

ژیان و ئیعلانەکانی

1. ئیعلان و ژیان

یەکەم ئیعلان و ئیعایەی ژیان بڵاوی کردۆتەوە بانگەشەیە بۆ خۆی:

"مەتبەعەی ژیان

"مەتبەعەی ژیان موستەعید و حازرە بۆ تەبعی هەمو نەوعە جەداویل و نەوراقی حکومەتی و هەمو نەوعە نەوراقی تیجاری و سری کاغەز و زەرف. کارتی ویزیت و سائیرە لە سەر تەرزی تازە و. بە دیقەتی کامیلە. بە قیاتێکی هەرزان موراجەعەت بفەرمون پەشیمان نابنەوە.

بۆ ئەمە تەجرەبە دەلیلمانە!" (ژیان، ژ 1).

"ڤۆلکسیۆن

ڤۆلکسیۆنی غەزەتەی پێشکەوتن. بانگی کوردستان. رۆژی کوردستان. ئومێدی ئیستیقلال. ژیانەوە. ژیان و دیاری کوردستان دەفرۆشرێت هەرکەس تالبە موراجەعەت بە عەلی عیرفان ئەفەندی بکات." (ژ 93).

1. 1. سەرچاوەکانی

ئیعلانەکانی ناو ژیان بە زۆری حکومەتین. کەم وا بوە ئیعلانێکی ئەهلی تێدا بێ. ئەو داوودەزگایانەی ئیعلانیان لە ژیاندا بڵاو کردۆتەوە. داوودەزگا ناوچەییە- حکومەتیەکانی سلێمانی بون. ئیعلانەکان بە زۆری ناوچەیی بون. بە دەگمەن ئیعلانی تێدایە بۆ هەمو عیراق بێ.

کاک سدیق ساڵح ئیعلانی ژمارەکانی 1- 81 ی ژیانی بەمجۆرە ژماردوە:

"ئەو 194 لاپەرە تەواوەی ئەم بەرگەی (ژیان) 48 لاپەرەی بۆ ئاگاداری تەرخان بوە. لەوە 52 ئاگاداری موتەسەرپفی سلێمانی و 46 دائیرەی تاپۆ و 24 بەلەدییە و 15 مەحکەمەی سوڵح و 9 مەحکەمەی شەرعی و 11 دائیرەی ئیجرا و 5 موحاسیبی لیوا و 5 گومرگ و 21 لایەنی تری حکومییە کە سەرجەم 30 ئاگادارییە و یەکی 1- 3 یان لێ هەیە. واتە ئاگاداریەکان 16% پانتایی ئەم ژمارانەیان داگیر کردووە. 2 لاپەرەیش بۆ 20 پرۆپاگەندەی (دیوانی مەحوی) و (مەتبەعەی ژیان) دانراوە، کە هەر هی چاپخانەکە بوون و پارەیان لە سەر وەرنەگیراوە."

1. 2. بابەتەکانی

ئیعلانەکان دەربارەی بابەتی جیا جیا و شتی جۆراوجۆرن. لێکۆڵینەوەیان هەندێ لایەنی ئابوری، رۆشنبیری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، قانونی... شاری سلێمانی و حکومەتی عیراق رون ئەکاتەوە.

1. 3. زمانەکەی

داڕشتنی ئیعلانەکان بە زمانێکە ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبی ناقۆڵا و ناناشنای تێدا بە کار هێنراوە. جۆری داڕشتن و جۆری بڵاوکردنەوە و جۆری نوسینەوەی، بە هیچ جۆرێ شتێکی ئەوتۆی تێدا نیە سەرنجی خوێنەر رابکێشێ و دارەزوی خوێندنەوەی لە لا دروست بکا.

هەندێ لە ئیعلانەکان تەرجومەن لە عەرەبیەوە. هەندێکی تریشیان هەر بە شێوە رەسمیی زمانی قانونیی حکومەتی عیراق داڕێژراون.

1. 4. نرخی بڵاوکردنەوەی

بۆ هەمو رۆژنامەیەک ئیعلان گرنگیەکی گەورەی هەیە:

یەکەم.

سەرچاوەیەکی سەرەکی دەرامەتی رۆژنامەکەیە. کەم وا هەیە رۆژنامە بە تەنیا بە پارەی فرۆشتنی خۆی، مەسرەفی خۆی دەر بهێنێ و بەڕێوە بچێ.

دوەم.

ئیعلان خوێندەواری نوێ بۆ رۆژنامەکە پەیدا ئەکا. وا ئەکا ئەوانەی کەڵک لە ئیعلانەکە وەرئەگرن بۆ پەیدا کردن و خوێندنەوەی رۆژنامەکە بە دوێدا بگەڕێن.

بۆ ژیان یش هەروا بوە.

لە سەردەمی بەکارهێنانی روپیەدا نرخی (ئابونە بە 3 مانگ روپیەونیوێک) و. (نوسخەی بە ئانەیەک) و. ئیعلان (بە دێرێک 6 ئانە) بوە.

لە سەردەمی بەکارهێنانی دینارد نرخی (کڕیار بە شەش مانگ 225 فلس) و (یەکی بە ئانەیەک) و. ئیعلان (لە دێرێکەوە هەتا شەش مەقتوعەن 225 و لە شەش زیاتر جگە لە 225 فلسەکە بۆ دێرە زیادەکانیش دێری 28 فلس) بوە.

بۆ زانینی هێزی کڕینی روپیە لە بازاڕی ئەو زەمانەدا. ئەکرێ کەڵک لە 2 ئیعلانی ئەو کاتە وەر بگیرێ:

یەکەم. کرێی رۆژانەی کرێکار

لەو ماوەیەدا پرۆژەی رێگای هەولێر– حاجی هۆمەران کە ئێستا بە جادەی هامیلتۆن ناوی دەرکردوە، بە دەستەوە بوە. بە هۆی سەختی و شاخاوی بونی ناوچەکەوە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی هێشتا ماکینەی زۆر پەیدا نەبوە، کارێکی گەورە و گران بوە. پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر کرێکار بوە. ئەم ئیعلانەی بۆ کراوە:

"ئیعلانات: 3 هەزار عەمەلە بۆ ئیشکردن لە رێگای رەواندز بە 1 روپیە و 4 ئانە یەومیە پێویستە. موستەشاری داخلیە" (118)

دوەم. موچەی مانگانەی فەرمانبەر

"ئیعلان: بۆ خەستەخانەی مولکی سلێمانی مانگی بە 40 روپیە موزەمیدێک پێویستە. ئەبێ خوێندەوار بێ و کەمێکیش ئینگلیزی شارەزا بێ و عومری لە 30 ساڵ زیاتر نەبێ. ئەوی تالبە موراجەعەت بە خەستەخانە بکات." (97)

کرێی رۆژانەی کرێکارێک وەکو لە ئیعلانەکەدا نوسراوە 1 روپیە و 4 ئانە بوە، موچەی فەرمانبەرەکەیش 40 روپیە بوە. ئەمیش ئەگەر مانگانەکەی بە سەر رۆژانەدا دابەش بکرێ، چەرەدەی رۆژانەی وەکو کرێی کرێکارەکە دەرئەچێ.

2. رێکخستنی شاری سلێمانی

هەڵبژاردنی شارەوانی

"لە ریاسەتی بەلەدیەوە ئیعلان

"بۆ خسوسی ئینتیخابی 3 ئەعزا کە بۆ مەجلیسی بەلەدیە ئینتیخاب ئەکرێن قائیمەی ئەسامی ئەو کەسانەی کە ساڵی لە 50 غرۆشەوە هەتا 100 غرۆش زەریبەتول ئەملاک ئەدەن و حەقی تەسویتیان هەیە بۆ ئینتیخابی ئەعزای بەلەدیە. لە گەڵ قائیمەی ئەسامی ئەو کەسانە کە ساڵی 100 غرۆش و لە 100 غرۆش زیاتر زەریبەتول ئەملاک ئەدەن و حەقیان هەیە بۆ ئەعزایەتی بەلەدیە ئینتیخاب بکرێن. لە ئیعتیباری رۆژی 1 ی ئەیلولی 927 هوە لە دەرگای مزگەوتی گەورە و، مزگەوتی شێخ محەمەدی ناڵەکی و، خانەقای مەولانا و، دەرگای قەیسەری نەقیب. تەعلیق و ئیلساق ئەکرێ. هەر کەس لەو قائیمانەدا ئیسمی داخل نیە و لازمە داخل بێ لە تاریخی تەعلیقی ئەم قائیمانەوە هەتا 8 رۆژ لازمە ئیعتیراز و موراجەعەت بە لیجنەی ئینتیخاب بکا. لە پاش خیتامی ئەم مودەتە هەر ئیعتیرازێ بکرێ قبوڵ ناکرێ.

نیسان بۆ ئینتیخابات و رەئی دان لە تاریخی 21 ی ئەیلولی 927 هوە هەتا 30 ی ئەیلولی 927 دە رۆژ مودەت تەعین کراوە. ئەو کەسانە کە ئیسمیان لەو قائیمانەدا هەیە لازمە لە زەرفی ئەم 10 رۆژەدا بێنە حزوری لیجنەی ئینتیخاب و موافیقی ئوسول پسولەی رەئی خۆیان بنوسن. لە پاش تەواوبونی ئەم 10 رۆژە ئیتر رەئی دان قبوڵ ناکرێ. بە موجیبی مادەی 29 ی قانونی ئینتیخاباتی بەلەدیە و قەراری لیجنەی ئینتیخاب بۆ ئاگاداری عموم ئیعلان کرا." (ژ 79).

بەم ئیعلانەدا دەر ئەکەوێ:

یەکەم:

بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی و بۆ خۆ ناوزەد کردن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنەکە، هەمو دانیشتوانی شار لەو سەردەمەدا مافی دەنگدانیان نەبوە. تەنیا ئەوانە مافی دەنگدانیان هەبوە کە موڵکیان هەبوە و زەریبەی ئەملاکیان داوە. ئەوانیش کراون بە دو پۆلەوە: یەکەم، ئەوانەی تا 100 قرۆشیان داوە مافی خۆهەڵبژاردنیان نەبوە، هەر مافی دەنگدانیان هەبوە بۆ کەسانی تر. دوەم، تەنیا ئەوانەی کە لە 100 قرۆش زیاتر زەریبەی ئەملاکیان داوە، هەم مافی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەن و هەم مافی خۆپاڵاوتنیان هەبوە بۆ ئەندامەتی ئەنجومەن.

دوەم:

ئەوانەی خانو یا زەوییان نەبوە و زەریبەی ئەملاکیان نەداوە، مافی دەنگدانیان نەبوە.

ئەم مەرجەی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی (مەجلیسی بەلەدیە) کاری پێ کراوە، بۆ هەڵبژاردنی گشتی مەبعوسەکانی (مەجلیسی نواب) یش پێرەوی کراوە. ئەوەی ئەی توانیوە لە چەرەدەیەکی دیاریکراو زیاتر زەریبە بدا، مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی نەبوە.

جادە و شیو

سلێمانی بیستەکانی سەدەی بیستەم، شارێکی بچوک بوە و پێکهاتوە لە چەند گەڕەکێ، لەوانە: مەڵکەندی، گۆیژە، کانی ئاسکان، سابونکەران، دەرگەزێن، سەرشەقام، چوارباخ، جولەکان. شارەکە کەوتۆتە دەشتایی داوێنی شاخی گۆیژە و، چەندین گرد و شیوی تێدا بوە. هەر لە سەرەتاوە کە دروست کراوە، بە ڕێکوپێکی دروست نەکراوە. شەقام و کۆڵانەکانی تەنگەبەر و تارێک بون بەڵام شارێکی پاک و خاوێن بوە، چونکە چەندین کارێزی ئاوی تێدا بوە کە بە گونج ڕاکێشراوە بۆ مزگەوت و حەمام و ماڵەکان. ئاوەڕۆی ماڵەکانیش بە زێراب چۆتە ناو شیوەکانی ناوشارەوە.

جادەکانی ناو سلێمانی تارێک و شیوەکانیشی سەر بەرەڵا بون.

شارەوانی بۆ ڕێکخستنی ناوشار، بڕیاری داوە دەسکاری جادەی سابونکەران و جادەی کانی ئاسکان بکا و سەری شیوەکان داپۆشێ. هەردو جادە ئەوساش وەکو ئێستا دو جادەی سەرەکی بون، چونەتەوە ناو جەرگەی شارەوە. ئەم پرۆژانەی خستۆتە موناقەسەوە:

"ئیعلان

"شیوی بەر ماڵی عەزیز ئەفەندی و بەر دائیرەی حکومەت، بەلەدیە بە تاق دایان ئەپۆشێ هەرکەس تالیبی موناقەسە و تەعەهودی داپۆشینی ئەم شیوانە ئەکا موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکات. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا. ئیدارەی بەلەدیە" (ژ 33).

"ئیعلان لە ڕیاسەتی بەلەدیەوە

"ئەو شیوانەی ناوشار کە بەلەدیە دای ئەپۆشێ و جادەی سابونکەران کە ئەمساڵ گوشاد ئەکرێ بە حسابی مەتر و فوت ئەدرێ بە قۆنتەرات. بۆ موناقەسە لە 11 ی مایسی 27 وە هەتا 25 ی مایسی 927 موددەت دانراوە. هەرکەسێ تالیبی موناقەسەی ئەم جادە و شیوانەیە لە زەرفی ئەم موددەتەدا موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیەی سلێمانی بکا. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا." (ژ 65).

"لە ڕیاسەتی بەلەدیەوە

لە نەتیجەی موناقەسەیەک کە ئیجرا کراوە دروستکردنی جادەی سابونکەران هەر مەترو مورەبەعێ بە 3 ڕوپیە و 8 ئانە لە عوهدەی تالیبایە هەرکەس لەمە کەمتر تالیبی تەنقیسە موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکا." (ژ 67).

"ئیعلان لە ڕیاسەتی بەلەدیەوە

28 ی مایسی 927

بۆ جادەی سابونکەران کە موجەددەدن گوشاد ئەکرێ ئەو ئەملاکانە کە لازمە و تەقەڕوری کردوە قەتع و ئیستیملاک بکرێ ئەوع و جنس و ئیسمی ساحیب و ئەو میقدارەی کە لێیان قەتع ئەکرێ لە گەڵ بەدەلێ کە لە تەرەف هەیئەتی تەخمینیە و مەجلیسی بەلەدیەوە بۆیان تەقدیر کراوە لە ژێرەوە نیشان دراوە هەرکەسێ لە داخلی قانون دا ئیعتیرازێکی هەیە لە تاریخی ئیعلانەوە هەتا 9 ڕۆژ لازمە دەرمیانی بکا بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا." (ژ 68).

"ئیعلان لە ڕیاسەتی بەلەدیەوە

دروستکردنی جادەی سابونکەران هەر مەترو مورەبەعێ بە 3 ڕوپیە و داپۆشینی شیوەکان هەر تولی مەترویەک بە 33 ڕوپیە لە عوهدەی تالیبانایە هەرکەسێ لەمە کەمتر تالیبی تەنقیسە موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکا." (ژ 68).

ژ 74 و 75 و 82 بۆ تەوسیعی جادەی کانی ئاسکان ناوی خاوەنی ئەو ماڵ و دوکانانەی ئیعلان کردوە کە بەر ئەم فراوانکردنە کەوتون.

وەکو لەو ئیعلانانەدا دەردەکەوێ، ئەگەرچی پارەیەکی زۆر دراوە بەوانەی خانو یا دوکانیان بەر جادەکە کەوتوە، بەڵام چاکردنی ئەم دو جادەیە بەو جۆرەی ئەنجامیان داوە، نە بۆ کاربەدەستانی شارەوانی ئەوسا و نە بۆ ئەو موهەندیسانەی نەخشەکەیان کێشاوە، جێگەی شانازییە، چونکە هەردو جادە بە تەسکی و تاریکی ماونەتەوە.

"لە نەتیجەی موناقەسەیەک کە ئیجرا کراوە دروستکردنی 2 حەوز لە ناو باغچەی بەلەدیەدا لەگەڵ تەنزیمی باغچەکە بە 580 روپیە لە عوهدەی تالیبیا ماوەتەوە هەرکەسێ لەمە کەمتر تالبی تەنقیسە هەتا 31 ی مایسی 927 موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکات." (ژ 68).

ئاوڕشێنی جادەکان

جادەکانی بە زۆری خاکی بون. لە زستاندا بون بە قوڕ و چڵپاو و بە هاوین تەپوتۆزی زۆریان لێ هەستاوە. هاوینان بۆ ئەوەی هەم تەپوتۆزەکەی بنیشێتەوە و هەم فێنک بێ ئاوڕشێن کراوە:

"ئیعلانەن لە ریاسەتی بەلەدیەوە: بۆ ئاوڕشێن کردنی جادەکانی ناوشار لە داخلی شەرائیتی موعەیەنەدا موتەعەهیدی لازمە هەرکەس تالیبی موناقەسەیە موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکا بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا."

"ئاوڕشێن کردنی جادەکانی ناوشار لە داخلی شەرائیتی موعەیەنەدا مانگی بە 150 روپیە لە عوهدەی تالیبیایە هەرکەس تالیبی تەنقیسە موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکا. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا." (ژ 115).

روناککردنەوەی شەقامەکان

لە بەر ئەوەی هێشتا ماکینەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە سلێمانی نەبوە. شەوانە بۆ روناککردنەوەی شەقامەکان، چرای نەوتی داگیرسێنراوە.

"ئیعلان لە ریاسەتی بەلەدیەوە: لە نەتیجەی موناقەسەیەک کە ئیجرا کراوە ئەو نەوتەی کە بە بەلەدیە لازم ئەبێ هەر قاپی بە 2 ئانە و 6 پای لە عوهدەی تالیبیایە هەرکەسێ لەمە کەمتر تالبی تەنقیسە لە ئەمڕۆوە هەتا 4 ی حوزەیرانی 27 موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکات."

فڕێدانی خاشاک

لەبەر ئەوەی ئۆتۆمۆبێل نەبوە بۆ فڕێدانی خۆڵ و خاشاکی ناو شار، بۆ ئەم کارە وڵاخ بەکارهێنراوە بە تایبەتی گوێدرێژ. ئەویش پێویستی بە ئالیک هەبوە.

"لە نەتیجەی موناقەسەیەک کە ئیجرا کراوە تەنی کا بە 22 روپیە و کیلۆی جۆ بە 1 ئانە و 6 پای بۆ مەرکەبەکانی تەنزیفاتی بەلەدیە لە عوهدەی تالیبیایە هەرکەسێ لەمە کەمتر تالبی تەنقیسە لە ئەمڕۆوە هەتا 4 ی حوزەیرانی 27 موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکات."

حەمامەکان

سلێمانی لە سەرەتای دروستکردنیەوە (حەمامی گشتی) تێدا دروست کراوە. ریچ ساڵی 1820 کە هاتۆتە سلێمانی، بە ستایشەوە باسی باشی و پاک و تەمیزی حەمامەکانی سلێمانی ئەکا. حەمامەکان لەسەر

ناوی یەکێ لە کاریزەکان دروست کراون، لەبەر ئەوە هەمیشە ناویان لێ نەبڕاوە. هەندێ جار ماڵان لە کاتی پێویستدا ناویان لە حەوزی ئەم حەمامانە بردوە، ئەبێ بێ پارە بوبێ. بۆیە پێشینان وتویانە: "پیاوەتی بە سەر ناوی حەمامەوە ئەکا!"

وەکو دەرئەکەوێ هەندێ ڕێنمایی تەندروستی لە حەمامەکاندا پێڕەوی ئەکراوە. وەکو ئەوەی خۆیان لە خەزێنەی ناوی حەمامەکەدا شت بێ. یان بۆ ئەوەی بۆگەن نەکا. قەسابەکان لە باتی (ساردخانەی) ئەم زەمانە، بە شەو لاکی گۆشتیان لە هۆڵی ساردی حەمامەکان دا هەڵواسی بێ. شارەوانی بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی، ئەم کارە ناتەندروستییانەی قەدەغە کردوە.

"ئاگاداری ژمارە 9

لەسەر ڕاپۆرتی تەبیبی مولکی لە نوقتەی محافزەی سیحەتی عومیەوە وەختی خۆی مەجلیسی بەلەدیە قەراری داوە کە حەمامەکان دەرگای خەزێنەکانیان دابخرێ و حەمامچیەکان مەنعی خەلقی بکەن کە ئەچنە ناو خەزێنەوە. وە بەم ڕەنگە تەبلیغاتیان پێ ئیفا کراوە. ئێستا لە نەتیجەی تەفتیشدا وا مەعلوم بوە کە بەعزێ لە حەمامچیەکان ڕیعایەتی ئەم ئەمر و تەنبیهاتە ناکەن بینائەن عەلەیهی ئەوا ئیعلانی ئەکەین هەر حەمامچیەک بە حەق ڕیعایەتی ئەم ئەمر و تەبلیغاتە نەکا و دەرگای خەزێنەی شافیعی وە یا حەنەفی بکاتەوە کە خەلقی بچنە ناوی بە پێی مادەی 126 ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ. بۆ مەعلوماتی عوموم ئیعلان کرا.

18 ی تەموزی 1926 ئیدارەی بەلەدیەی سلێمانی" (ژ 25 و ژ 50).

"لە ڕیاسەتی بەلەدیەوە ئیعلان

لە نوقتەی محافزەی سیحەتی عومیەوە هەرچەند لەمەوپێش ئیعلان کراوە کە دەرگای خەزێنەی حەمامەکان نەکرێتەوە و خەلقی ئەچنە ناوی بەڵام وەکو خەبەر زانراوە بەعزێ لە ئەهالی قفل و دەرگای خەزێنەی حەمامەکان ئەشکێنن وە یاخود بە دیواردا سەرئەکەون و ئەچنە ناوی کە ئەمیش بیلتەبع بۆ سیحەتی عومیە موزیرە. بینائەن عەلەیهی بە موجیبی قەراری مەجلیسی بەلەدیە ئەوا ئیعلانی ئەکەین هەر کەسێک لە ئەهالی بە سورەتی دەرگا شکاندن وە یا قفل کردنەوە وە یا بە سورەتێکی ئاخر بچنە ناو خەزێنەی حەمامەوە وە یاخود هەر حەمامچیەک دەرگای خەزێنەی حەمام بکاتەوە و موساعەدە بکا کە ئەهالی بچنە ناو خەزێنەی حەمامەکەیەوە بە پێی مادەی 126 ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێن. بۆ ئاگاداری عوموم ئیعلان کرا." (ژ 114).

قەسابخانە

"ئیعلان: لە داخلی شەرائیتی موعەیەنەدا دروستکردنی قەسابخانەیەکی موەقەت بە 100 ڕوپیە لە عوهدەی تالیبیایە هەرکەسێ تالیبی موناقەسەیە موراجەعەت بە دائیرەی بەلەدیە بکا بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا." (ژ 90)

"لە ڕیاسەتی بەلەدیەوە ئیعلان

لە سەر ڕاپۆری بەیتەری مولکی لە نوقتەی محافزەی سیحەتی عومیەوە مەجلیسی بەلەدیە قەراری داوە هیچ قەسابێک نابێ لە 12 سەعات بەولاوە گۆشت بهێڵێتەوە وە یا بە شەو لە حەمام دا هەڵی بواسن و هیچ حەمامچیەکیش نابێ موساعەدە بکا کە قەساب گۆشت لە حەمامەکەیدا هەڵبواسێ. هەرکەس موخالیفی ئەم ئەمر و ئیعلانە حەرەکەت بکا بە پێی مادە 126 ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا." (ژ 102).

چاودێری نرخ و چۆنایەتی

"ئاگاداری

"هەر کەسێ شکایەتی هەیە لە دوکاندارێک، کە ئەو دوکاندارە یا لە فیاتی بەلەدیە بە زیاتر، وە یا بە وەزنێک لە وەزنی بەلەدیە بە سوکتر، ئەشیا ئەفرۆشێ لازمە بە دەلائیلی سبوتیەوە رەئسەن موراجەعەت بە دائیرەی پۆلیس بکا. دائیرەی پۆلیس، بە بێ تەلەبی مەسرەف، تەحقیقاتی مەسئەلە ئەکا. موتەسەریفی سلێمانی" (ژ 15).

"ئیعلان: هیچ نانەوایەک ئەو نانەی کە دروستی ئەکەن نابێ گەنمە شامی و نۆک و جۆ و مەوادی سائیرەی تێکەڵاو و نانەکانیان لە هەویری فەتیر دروست بکەن. هەر نانەوایەک ئەگەر بە خیلافی ئەم ئیعلانە حەرەکەت و نانی خراپی بۆ فرۆشتن دروست کرد وە یا بە سورەتێکی تر غەشی تێدا کرد بە پێی مادەی 126 ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ. بۆ ئاگاداری عموم ئیعلان کرا. رەئیسی بەلەدیە" (ژ 133).

"لە ریاسەتی بەلەدیەوە ئیعلان: فیاتی نەوتی سپی لە تەرەف مەجلیسی بەلەدیەوە قاپی بە دو ئانە و نیو تەقدیر کراوە لە ئیعتیباری ئەمرۆوە لازمە هەمو نەوتفرۆشێ ئایا دەستگێڕ و ئایا دوکاندار قاپی نەوتی خالیسی سپی بە دو ئانە و نیو بفرۆشن. هەرکەس لەم فیاتە بە زیاتری بفرۆشێ بە پێی قانون تەجزیە ئەکرێ. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا." (ژ 124)

"لە ریاسەتی بەلەدیەوە ئیعلان: لە نوقتەی محافەزەی سیحەتی عمومیەوە و لە سەر قەراری مەجلیسی بەلەدیە لازمە هەمو چاپچی و لۆقەنتەچی و کەبابچی و جگەرچی و ئەمسالیان خۆیان و شاگردەکانیان لە نیهایەتی هەمو مانگێک دا لە 25 ی مانگەوە هەتا نیهایەتی مانگ بچنە خەستەخانە بۆ لای تەبیبی مەلەکی موعایەنەی سیحیە بێن. هەرکەس ئەچێ و ریعایەتی ئەم ئیعلانە ئەکا بە پێی مادە 126 ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ. بۆ ئاگاداری عموم ئیعلان کرا." (ژ 119).

"ئیعلان لە ریاسەتی بەلەدیەی سلێمانیەوە:

"بە موجیبی لزومێ کە لە تەرەف تەبیبەوە نیشان دراوە ئەزەری دیقەتی هەمو دوکاندارێک جەلب ئەکەینە سەر مەوادی ژێرەوە:

1. هەمو دوکاندارێک ئەبێ ئەو مەواد و مەئکولات و مەشروباتە کە لە دوکان دا ئەیفرۆشن وەکو مێوژ، خورما، تو، پەنیر، شەربەت، شەکر، دۆشاو، هەنگوین، ماست، رۆن، گۆشت، وە ئەمسالی ئەمانە کە جەلبی تۆز و مێش ئەکەن بە سورەتی دائیمە سەریان بە مەندیلێکی سپی و پاک داپۆشن.

2. دەلاکەکانیش عمومەن ئەبێ هەمو ئالات و ئەدەواتی تەراشیان دائیما لە ناو مەحلولی ئەسیدفنیک دا و لە ناو قاپی تەمیزدا محافەزە و زۆر ریعایەتی نەزافەتی ئەسباب و دوکانیان بکەن.

ئەم خسوسە بە واسیتەی تەبیب و مەئموری بەلەدیەوە هەمو رۆژێ تەفتیش و موراقەبە ئەکرێ. هەرکەس موخالیفی ئەم ئیعلانە حەرەکەت بکا پێی مادە 126 ی قانونی عقوبات بە شیدەت تەجزیە ئەکرێ. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا "(ژ 71)

پۆست و تەلەفۆن

"ئیعلان

"ئێستا خەتی تازەی تەلغراف و تەلەفۆن تەواو بوە و حازرە بۆ ئیستیعمال.

"مومکینە لە مەرکەزی تەلەفۆنەوە کە لە دائیرەی پۆستەدایە بە هەر پێنج دەقیقەیەک لە گەڵ چەمچەماڵ دا بە روپیەیەک و لە گەڵ کەرکوک دا بە دو روپیە و تەلەفۆن قسە بکرێت.

"تەلغراف ئێستا بە ئینگلیزی و بە لیسانی محەلی زۆر زو ئەنێررێت. بۆ داخلی عیراق کەلیمەی بە دو ئانەیە و لە روپیەیەک کەمتر تەلغراف نیە. ئیدارەی تەلغراف و تەلەفۆنی سلێمانی" (ژ 97).

"ئیعلان: ئێستا پۆستە هەمو رۆژێ مونتەزەمەن ئەچێ بۆ کەرکوک و لە کەرکوکەوە دێت. بینائەن عەلەیهی لە ئیعتیباری تاریخی نەشری ئەم ئیعلانەوە بە غەیرەز دائیرەی پۆستە بە هەر واسیتەیەک دا کاغەز بێ ئیلساقی پولی پۆستە لە سلێمانیەوە بۆ کەرکوک و لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی ناردن مەمنوعە هەرکەس خیلافی ئەم ئەمرە حەرەکەت بکات بە موجیبی 126 ی قانونی عقوباتی بەغدادی و نیزامی پۆستەی مەلەکی عیراقی تەجزیە ئەکرێ. موتەسەڕیفی سلێمانی"(ژ 105).

ترافیکی ئۆتۆمۆبێل

ئەم ئیعلانە، رەنگە یەکەمین رێنمایی بێ بە کوردی دەربارەی رێکخستنی هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێل. دیارە بە گرنگ گیراوە بۆیە لە چەندین ژمارەدا دوبارە بڵاو کراوەتەوە.

"ئیعلان: لە ئیعتیباری 1 ی شوباتی 929 هەمو وەسائیتی نەقلیە لە جیاتی تەرەفی چەپ کە ئێستا جاریە لازمە جیهەتی راستی رێگا بگرن.

ئەگەر دو ئۆتۆمۆبێل لە ئیستیقامەتێکا پێش وە یا پاشی یەک بڕۆن وە ئەگەر ئۆتۆمۆبێلی پشتەوە ئەیەوێ تێپەڕی ئۆتۆمۆبێلی پێشەوە بکات لازمە ئەو ئۆتۆمۆبێلەی پشتەوە تەرەفی چەپی ئۆتۆمۆبێلی پێشەوە بگرێ ئەمجا تێ پەڕ بکات و بروا. ئەگەر دو ئۆتۆمۆبێل بەرامبەری یەک هاتن لە سەر هەردوکیان لازمە تەرەفی راستی رێگا بگرن ئینجا تێپەڕ بکەن بڕۆن. مودیری پۆلیس" (ژ 139).

"ئیعلان: هەرکەسێ لە خاریجی شارەوە بە سیلاحەوە بێتە سلێمانی لازمە سیلاحەکەی لەو جێگایەی کە لێی میوانە دابنێ و جائیز نیە لە شاردا بە سیلاحەوە بسوڕێتەوە، کەزا ئەوانەی لە سلێمانیدا سیلاحیان هەیە لازمە سیلاحیان لە ماڵەوە دابنێن و هەڵی نەگرن حاسڵی چ بە شەو و چ بە رۆژ لە شاردا بە سیلاحەوە سوڕانەوە بە قەتعی مەمنوعە و لەم مەمنوعیەتدا مەئمور و غەیری مەئمور مساویە هەرکەسێ خیلافی ئەم ئەمرە حەرەکەت بکات تەجزیە ئەکرێ. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 113).

3. هۆشی ژینگەیی

"ئیعلان: رەسمی دار و خەڵوز و عوشری سپیدار خراوەتە موزایەدەوە هەرکەسێ تالیبی ئیجارەکردنی ئەمانەیە موراجەعەت بە مەجلیسی ئیدارە و موحاسەبە بکات. مودەتی موزایەدە هەتا 31 ی مارتی 926 ە. مودەتی ئیحالە لە 22 ی مانگی مەزکورەوە تا 31 ی مارتی 926ە.

بۆ زانینی هەمو کەس ئیعلان کرا وەکیلی موحاسیبی لیوا" (ژ 8).

"بۆ زانینی هەمو

لە مەقامی موتەسەڕیفیەتەوە

رەسمی دار و خەڵوز و عوشری سپیدار و عوشری ماسی بۆ ساڵی 1927 لە مالیەوە بە ئیجارە ئەدرێن مودەتی موزایەدە لە 1 ی شوباتی 1927 هوە تا 15 ی مارتی 1927 ە ئیحالەی لە 16 ی مارتی 1927 هوە تا 25 ی مارتی 1927 تەعین و تەخسیس کراوە ئەوی تالیبی ئیجارەیە موراجەعەت بە مەجلیسی ئیدارە و موحاسەبەی لیوا بکات." (ژ 51).

"ئیعلان لە قائیمقامی هەڵەبجەوە

ڕەسمی بار و خەڵوز و عوشری سپیدار و لەوحی گوێز و مور هی قەزای هەڵەبجە بۆ ساڵی 1927 بە قەراری مەجلیسی ئیدارە لە 8 ی شوباتی 927 هوە تا 10 ی مارتی 927 بۆ موزایەدە و لە 11 ی مارتی 927 هوە تا غایەی مارت بۆ ئیحالە موەت تەعین کراوە بۆ ئاگاهداری کەیفیەت ئیعلان کرا." (ژ 55).

"ئیعلان:

ئانه	روپیه	حوقەی سلێمانی"	
	3	1	بنێشت
	8	1	سەعلەب
	7	1	کەتیرەی سپی
.	4	1	کەتیرەی زەرد
8	2	1	کەتیرەی سور
8	1	1	مازوی شین
4	1	1	مەخلوت
	1	1	مازوی سپی

بۆ ئیستیفای عوشر و ڕەسمی حکومەتی ئەم قیاتانە کە لە سەرەوە نوسراوە بۆ 3 مانگ تەقدیر کراوە ئەوا موافیقی مادەی 8 ی نیزامنامەی ئەعشار بۆ زانینی هەمو کەس ئیعلان کرا. موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی" (ژ 34)

"ئیعلان لە مەقامی موتەسەڕیفیەتەوە:

ئانه	روپیه	عەدەد	
	3	1	پێستی ڕێوی
	19	1	پێستی دەڵەک
	10	1	پێستی سەگلاو

بۆ ئیستیفای ڕەسمی حکومەتی قیمەتی پێستەی ئەم حەیوانانە وەکو لە سەرەوە نوسراوە تەقدیر کراوە. بۆ زانینی هەمو کەس ئیعلان ئەکرێ." (ژ 45)

"ئیعلان

ئانه	روپیه	حوقەی سلێمانی	
8	1	1	سەعلەب
8	1	1	بنێشت
6	1	1	مازوی شین
4	1	1	مازوی سپی
4	1	1	کەتیرەی زەرد
8	1		کەتیرەی سپی

فیاتی ئەم ئەشیایانە کە لە سەرەوە نیشان دراوە بۆ ئیستیفای عوشر و حەقی حکومەتی لە تەرەف مەجلیسی بەلەدیەوە تەقدیر و لە تەرەف مەجلیسی ئیدارەوە تەصدیق کراوە بۆ ئەوەی ئەم فیاتە لە هەمو کەسێکەوە مەعلوم بێ ئیعلان کرا. موتەسەڕیفی سلێمانی. (ژ 82).

"ڕەسمی ماسی بە وەعدەی ساڵێک خراوەتە موزایەدەوە هەرکەسێ تالیبی ئەم ڕەسمەیە موراجەعەت بە دائیرەی موحاسەبە بکات. وەکیلی موحاسیبی لیوا" (ژ 12).

وەکو لەم ئاگادارییانەدا دەرئەکەوێ، بڕینی دارودرەختی لێرەوارەکان، خەڵوزکردن، هەڵکەندنی گژوگیای کێوی، ڕاوی گیاندار... ئازاد بوە. بە هیچ جۆرێ ڕێک نەخراوە و هیچ جۆرە چاودێرییەکی لەسەر نەبوە. خەڵک کە ئاستی هۆشیارییان زۆر نزم بوە، توانیویانە بە ئازادی چۆنیان بوێ بیکەن. ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی نەبونی هۆشیاری ژینگەیی کاربەدەستانی ئەو سەردەمە بوە. هەر ئەمەیش بۆتە هۆی وێرانبونی ژینگەی کوردستان. هەندێ لەو گیاندارانە بە تەواوی لەناوچون. هەندێ گژوگیا نەماون و هەندێ لە شاخ و کێوەکان بە تەواوی ڕوت بون.

4. وەرگرتنی خوێندکار

"ئیعلان: بۆ تەحسیلی فەنی بەیتەری لە عیراقەوە چەند تەلەبەیەک ئەنێررێ بۆ مەکتەبی بەیتەری بەنغالی لە کەلکەتە. هەرکەسێ تالبە ئەوەڵەن لەم مەقامە تەماشای شەرائیت و تەفسیلات بکا ئینجا ڕەسمەن موراجەعەت بکا. موتەسەڕیف" (ژ 10)

"ئیعلان: تالبین بە کولیەی بەیتەری بەنغالە لە ئەهالی مەحلی پێویستە تەدریساتی بەیتەری لە 15 ی نیسان دا دەست پێ دەکرێ تەفسیلاتی تامە لە دائیرەی بەیتەری مولکی سلێمانی وەرئەگیرێ. تالبین موراجەعەت بەو دائیرەیە بکات. مودیری عامی بەیتەری بەغداد" (ژ 104).

"بۆ زانینی هەمو: بە پێی تەحریراتێک کە لە مودیریەتی مەعاریفی بەغدادەوە بە ژمارە 1995 و ڕۆژی 26/7/28 بۆم هاتوە ئەمساڵ لە تشرینی ئەوەل دا لە مەکتەبی سەنایعی بەغدادا سنفێکی داخلی گوشاد ئەکرێ و بۆ ئەو سنفە تەلەبە کە حائیزی ئەم شەرائیتە بن قبوڵ ئەکرێ:

1. ئەبێ لە سنفی چوارەمی ئیبتیدائی دەرچوبێ.
2. بونیە و وجودی لە سیحەت دا بێ.
3. قابیلیەتی ئیشی دەستی بێ و ئارەزوی فێربونی سەنایعی بێ.

هەرکەسێ حائیزی ئەم شەرائیتەیە و تالبە موراجەعەت بەم دائیرەیە بکات. موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی" (28).

"ئیعلان: ئەمساڵ لە لیوای سلێمانییەوە بۆ مەکتەبی سەنایعی بەغداد 2 تالیب قبوڵ ئەکرێ هەرکەس ئارەزوی هەیە بزانێ شەرائیتی قبوڵ چیە موراجەعەت بە دائیرەی تەحریراتی موتەسەڕیفیەت بکات. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 123).

"ئاگاداری: بەمزوانە سنفێکی موبتەدی ئەجزاچیتی لە بەغدا ئەکرێتەوە و تالب قبوڵ ئەکرێ هەرکەسێ ئارەزو ئەکا لەم دائیرەیە شەرائیت تەماشا بکا. موتەسەڕیفی سلێمانی"

"ئاگاداری: بۆ مەکتەبی زەراعەتی بەغدا تالب قبوڵ ئەکری هەرکەسێ تالبە موراجەعەت بە دائیرەی تەحریرات بکا. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 38).

"تەعمیم
"لاحیقە بە تەعمیمی ژمارە 288 و رۆژ 1927/7/16 ی ئەم دائیرەیە.
"مەکتەبی عەسکەریەی مەلەکیەی شاهانە چەند تەلەبەیک لە ئەولادی ئەهالی مەملەکەت بۆ ئەمساڵ قبوڵ ئەکات. جەیش زابیتی موقتەدیری ئەوێت کە وەزیفەی ئەسلیەیان بتوانن موافیقی مەتلوب ئیفا بکەن بینائەن عەلەیهی لازمە بە سورەتی خسوسی تەلەبەی سنفی چوارەمی سانەوی تەشویق بکرێن کە حکومەت لە موستەقبەل دا ئیستیفادەیان لێ بکات. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 77).

"ئیعلان: مەکتەبی عەسکەری ملوکانە بۆ ئەولادی رونەسای عەشایەر لە بەغداد تالیب قبوڵ ئەکات. هەرکەسێ حائیزی شەرائیتە لازمە پێش 25 ی حوزەیرانی 1928 موراجەعەتنامەی بکاتە وەزارەتی دیفاع لە بەغداد. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 117).

"ئیعلان: شەرائیتی قبوڵی تەلەبە بۆ دارولموعەلیمینی بەغداد لەم دائیرەیە و مەکتەبی سلێمانیدا مەوجودە. هەرکەسێ تالبە بۆ موتالەعە موراجەعەت بەم دو جێگایە بکات. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 128).

"بۆ زانینی هەمو: لە رۆژی 20 ی ئەیلول دا مەکتەب ئەکرێتەوە و موباشەرەت بە تەدریسات ئەکرێت لە ئەمرۆوە هەرکەس تالبە موراجەعەت بە مەکتەب بکات و ناوی خۆی قەید بکات." (ژ 33).

"بۆ زانینی هەمو: رۆژی 6 ی ئاغستۆسی 1926 لە بەغداد ئیمتیحانی ئەوانە کە تالبی مەسلەکی ئیدارەن ئیجرا ئەکرێ و هەرکەسێ تالبە ئەبێ رۆژی 4 ی ئاغستۆسی 1926 لە دیوانی وەزارەتی داخلیەدا حازر بێ. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 25).

5. داهاتی حکومەت

"ئیعلان: رسوماتی بەلەدیە لە ئیعتیباری 1 ی نیسانی 926 ەوە بە وەعدەی ساڵێک ئەدرێن بە ئیجارە و بۆ موزایەدە لە مارتەوە هەتا 20 ی مارت و. بۆ ئیحالە لە 21 ی مارتەوە هەتا 27 ی 926 موددەت دانراوە. هەر کەسێک تالیبە لە زەرفی ئەم موددەتەدا موراجەعەت بە دائیرەی بەلەدیە بکات. ریاسەتی بەلەدیە" (ژ 7).

"ئیعلان
ئانە روپیە
24500 رەسمی بارانە (ئولاغی مەکاری)
8500 زەبحیە
5100 قەپان
1650 مەیدانی ئەسپ

ئەم رەسمانە لە ئیعتیباری 1 ی نیسانی 926 ەوە هەتا غایەی مارتی 927 بە وەعدەی ساڵێک ئەدرێن بە ئیجارە و بەو بەدەلانەی کە لە حەوایان دا نوسراوە خراونەتە ژێر پەیەوە. هەر کەسێ تالبی ئیلتیزامی ئەم رەسمانەیە موراجەعەت بە دائیرەی بەلەدیە بکات. ریاسەتی بەلەدیەی سلێمانی" (10).

"ئیعلان لە ریاسەتی بەلەدیەوە

رەسمی بارانە، زەبحیە، قەپان، دەلالیە و مەیدانی ئەسپ بۆ ساڵی 1927 لە تەرەف بەلەدیەوە ئەدرێن بە ئیجارە، مودەتی موزایەدە لە 1 ی شوباتی 927 ەوە هەتا 15 ی مارتی 927 و مودەتی ئیحالە لە 16 ی مارتی 927 ەوە هەتا 25 ی مارتی 927 تەعین و تەخسیس کراوە هەرکەسێ تالیبی ئیجارەی ئەم رەسمانەیە موراجەعەت بە دائیرە و مەجلیسی بەلەدیەی سلێمانی بکات." (ژ 52).

"ئیعلان

بەدەلی سابیق

1505	زەبحیە
1930	بارانە
80	ئەوت
76	مەیدانیە
80	دەلالیە

ئەم پێنج قەڵەمی رسوماتی بەلەدیەیە کە لە سەرەوە نوسراوە مودەتی موزایەدەی لە 18 ی شوباتی 928 ەوە تا 15 ی مارتی 928 و مودەتی ئیحالە لە 16 ی مارتی 928 ەوە تا 31 ی مارتی 928 قەرار دراوە بینائەن عەلەیهی هەر کەس تالیبی ئیلتیزام کردنی رسوماتی مەزکورەیە موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیەی هەڵەبجە بکات بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا. قائیمقامی هەڵەبجە"

بەروبومی کشتوکاڵ

"بۆ زانینی هەمو

"بە پێی ئەمری وەزارەتی جەلیلەی مالیە کە وەرمان گرتوە بۆ شتووی ساڵی 926 ی قەزای سلێمانی و شاربازێر تەنی گەنم 150 و تەنی جۆ 96 روپیە کە حۆقەی سلێمانی گەنم 8 ئانە و 2 پای و جۆ 5 ئانە و 3 پای ئەگرێتەوە و. بۆ قەزای هەڵبجە تەنی گەنم 135 و هی جۆ 110 روپیە کە حۆقەی گەنم 7 ئانە و 4 پای و نیو و جۆش بە 6 ئانە ئەگرێتەوە. قیات تەقدیر و تەسدیق کراوە و بە قەراری مەجلیسی ئیدارەیش بە ئیعتیباری لیوا حۆقەی نۆک بە 9 و نیسک بە 8 و کزن بە 6 و پۆڵکەیش بە 6 ئانە قیاتیان بۆ تەقدیر کراوە. ئەوا موافیقی مادەی 8 ی نیزامنامەی ئەعشار ئیعلانی کەیفیەت کرا. لە پاش خیتامی مودەی موعەیەنە دەست ئەکرێ بە تەحسیلات. موحاسیبی لیوای سلێمانی" (ژ 27).

"ئیعلان: بۆ ئیستیفای عوشر و حیسەی حکومەتی بۆ قەزای سلێمانی و شاربازێر تەنی گەنم بە 100 روپیە، کە حۆقەیەکی سلێمانی 5 ئانە و 6 پای وتەنی جۆ بە 80 روپیە کە حۆقەیەکی سلێمانی 4 ئانە و 4 پای ئەکات. قیات تەقدیر و لە وەزارەتی مالیەیشەوە تەسدیق فەرموراوە بۆ ئەوەی موافیقی مادەی 8 ی نیزام ئەل ئەعشار ئەوانەی موعتەرێزن لە مودەی 10 رۆژدا ئیعتیرازاتی خۆیان تەقدیم بکەن وا ئیعلان کراوە. موتەسەریفی سلێمانی" (ژ 74)

"ئیعلان: بۆ ئیستیفای عوشر و حیسەی حکومەتی لە قەزای ئەلەبجە تەنی گەنم بە 75 و تەنی جۆ بە 55 روپیە تەقدیر و لە تەرەف وەزارەتی مالیەیشەوە تەسدیق فەرمووراوە. بۆ ئەوەی موافیقی مادەی 8 ی ئیزامنامەی ئەعشار هەرکەسێ ئیعتیرازی هەیە ئوسولەن موراجەعەت بکات ئیعلان کرا. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 76).

"ئیعلانات: بۆ ئیستیفای حەقی حکومەت لە قەزای سلێمانی و شارباژێڕیا بۆ ساڵی 926 حوقەی سلێمانی چەڵتوک بە 9 ئانە لە تەرەف مەجلیسی ئیدارەی لیواوە تەقدیر و لە وەزارەتی جەلیلەی مالیەوە تەسدیق کراوە. ئەوا موافیقی مادەی 8 ی ئیزامنامەی ئەعشار ئیعلان کرا. لە پاش 10 رۆژ موددەتی ئیعتیرازی ئەم فیاتە کەسبی قەتعیەت ئەکات. بۆ زانینی هەمو ئیعلان کرا. 3 ی تشرینی دوەمی 926 موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 40).

"ئیعلان: بۆ ئیستیفای عوشر و حیسەی حکومەتی کیلۆی توتون ئەمساڵ بە یەک ئانە و 2 پای تەقدیر و لە وەزارەتی مالیەشەوە تەسدیق فەرمووراوە لە ئیعتیباری ئەمڕۆوە ئەم فیئاتە ئیعتیباری پێ ئەکرێ. موافیقی مادەی 8 ی ئیزامنامەی ئەعشار ئیعلان کرا. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 89).

"ئیعلان: بۆ ئیستیفای حەقی حکومەتی بۆ چەڵتوکی ئەمساڵی قەزای سلێمانی و شارباژێڕ تەنی بە 1- 160 روپیە کە حوقەیەکی 6 ئانە و 6 پای و بۆ قەزای هەڵەبجە تەنی بە 7- 135 روپیە کە حوقەیەکی 5 ئانە و 6 پای ئەکات تەقدیر و لە وەزارەتی مالیەشەوە تەسدیق فەرمووراوە پێویستە موافیقی ئەم فیاتە عوشری حکومەتی ئیستیفا بکەن. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 92).

"بۆ زانینی هەمو:

1 حۆقەی گەنمە شامی 6. هەرزن 5. ماش 12. زەڕات 4. پیاز 8. کەرەر 4 ئانە. سیر 2 روپیە و 8 ئانە. خەیار 4. ترۆزی 2 ئانە و 6 پای. کاڵەک 4. شوتی 3. بامیە 4. باینجان 3. تەماتە 3. لۆبیا 8. کولەکە 4. ترێی سپی 10. ترێی رەش 6. هەنار 10. هەنجیر 12. قۆخ 14. قەیسی 12. سێو 10 ئانە. بادام 1 روپیە. هەڵوژە 10. ترش 10. هەرمێ 12 ئانە. کونجی 1 روپیە. گوێز عەدەد هەزار 2 روپیە و 8 ئانە. بەهێ 1 روپیە.

بۆ ئیستیفای حیسەی حکومەت فیاتی حاسلاتی موخەزەرات و میوە بۆ ساڵی 1926 وەکو لە سەرەوە نیشان دراوە لە تەرەف مەجلیسی ئیدارەی لیواوە قەرار دراوە. موافیقی مادەی 8 ی ئیزامنامەی ئەعشار بۆ زانینی هەمو کەس ئیعلان ئەکرێ. موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی" (ژ 40).

"تەعمیم بۆ قائیمقام و مودیرەکان

	ئانە	پای
پاقلە	1	
پۆڵکە	4	6
نۆک		11
نیسک	8	
کزن	4	6

بۆ قەزای سلێمانی و شارباژێر ئەو حبوباتی کە لە سەرەوە نوسـراوە ئـەم دەفعەیـە فیـاتی لـە تـەرەف بەلەدیەوە تەقدیر و لە مەجلیسی ئیدارەوە تەسدیق و قبول کراوە پێویسـتە مـوافیقی ئـەم فیاتـە عوشـری ئـەم حبوباتە ئیستیفا بکرێ. موتەسەڕیفی سلێمانی." (ژ 79).

بە کرێ دانی دوکان

"ئیعلان: لە مەوقیعی سەقاخانەدا 3 دوکان کە عائید بە خەزێنەیە لە ئیبتیدای نیسانی 1926 ەوە هـەتا ئاخری مارتی 927 بە وەعدەی ساڵێک ئـەدرێن بـە ئیجـارە هەرکەسـێ تـالیبی ئیجارەیانـە موراجەعـەت بـە مەجلیسی ئیدارە و موحاسەبە بکات. وەکیلی موحاسیبی لیوا" (ژ 8).

مەشروبات

"ئیعلان: لە ئیعتیبـاری نیسـانی 926 ەوە تـا نیهایـەتی مـارتی 927 بـە وەعـدەی سـاڵێک مـوافیقی شەرائیتێک کە لە دائیرەی گومرگا مەوجودە عەرەق و شەراب ئەدرێ بە ئیلتیزام هەرکەس تالیبە لە 1 ی مارتی 926 ەوە موراجەعەت بە دائیرەی گومرگ و مەکوسی سلێمانی بکا. 28 ی شوباتی 926 مـودیری گـومرگ و مەکوس" (ژ 7).

"ئیعلان لە دائیرەی گومرگەوە

شەراب و عەرەقی سلێمانی لە ئەوەلی نیسانی 927 ەوە تا نیهایەتی مارتی 928 لە داخلی شـەرائیتی گومرگا مەوجودە ئەدرێ بە ئیلتیزام هەرکەسێ تالیبی زەمانیە لە تاریخی ئەم ئیعلانەوە موراجەعەت بە دائرەی گومرگ و مەکوسی سلێمانی بکا." (ژ 56).

"ئیعلان لە مەقامی موتەسەڕیفیەوە

	شەراب	عارەق	یـکون
سلێمانی	250	17200	17450
هەڵەبجە		2200	2200

ڕەسمی عـارەق و شـەرابی سـلێمانی و هەڵەبجـە لـە موزایەدەدایـە و بـەدەلی پێشوشـیان لـە سـەرەوە نوسراوە. ئەوانی کە تالیبن موراجەعەت بە مەجلیسی ئیدارە و دائیرەی گومرگ و مەکوس بکات." (ژ 58).

6. ئیعلانەکانی جەیش

دوای ئەوەی لە تەموزی 1924 دا سلێمانی داگیرکرایەوە، سەرەڕای ئەوەی وەکو هەمو لیواکـانی تـری عیراق، داوودەزگای بەڕێوەبەرایەتی تێدا دانرا. بۆ پاراستنی سلێمانی لە هێرشی هێزەکانی شێخ مەحمود و بۆ سەرکردایەتی ئەو لەشکرکێشیانەی لە ناوچەکەدا ئـەکران جەیشـی عیـراق سـەربازگەیەکی هەمیشـەیی تـێدا دامەزراند.

شێخ ڕەزا لە باسی داوودەزگای حوکمڕانیی پاشایانی بابان دا وتویەتی:

دریغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە،

کە مەیدانی جریدبازی لە دەشتی کانی ئاسکان بو

سەرکردەکانی جەیش دەشتی کانی ئاسکانیان بۆ بارەگاکـەیان داگیـر کـرد، کـە یـەکێ لـە خۆشـترین شوێنەکانی سلێمانی بو. ئەم سەربازگەیە کرا بوە بارەگای (آمرية المنطقة الشـرقية) و، لـە نـاو خـەڵک دا بـە

(حامیە) ناو ئەبرا. موڵکیەتی ئەرزەکە هی خەڵک بوە. شارەوانی سلێمانی بەم ئیعلانە (ئیستیملاک) ی کردوە و، ئیتر بۆتە موڵکی دەوڵەت:

"لە ریاسەتی بەلەدیەوە ئیعلان

قیمەتی موقەدەرە: ئانە روپیە
7500

میقدار: ئۆلک	دۆنمی جەدید	نەوعی موڵک	مەوقیعی
22	54	ئەرازی	کانی ئاسکان

ئەسحابی موڵک: حاجی مەلا سەعید و ئەحمەد ئاغا و فارس ئەفەندی و وەرەسەی حاجی ئەورەحمان

موافیقی خەریتەی مورسەمە عیبارەت لە 54 دۆنمی جەدید و 22 ئۆلک قیتعەیەک ئەرازی کە لە غەربی مەملەکەتەوە واقیعە و، بە ئەرازی کانی ئاسکان مەشهورە و، عائیدە بەو ئەشخاسانە کە ئیسمیان لە بالاوە نوسراوە، بۆ بینای قشڵەی عەسکەریە بەبەدەلی ئیستیملاکی بە 7500 روپیە لە تەرەف هەیئەتی مەخسوسەوە تەقدیر کراوە. هەرکەسێ لە عەلاقەداران لەم خسوسەوە ئیفادە و ئیعتیرازێکیان هەیە موافیقی قانون ئیستیملاکی لازمە لە زەرفی 8 رۆژدا موراجەعەت بکەن بە دائیرەی بەلەدیە و بەیانی بکەن. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا. 21 ی کانونی سانی 928" (ژ 100).

"لە 28/3/25 وە عەسکەری جەیشی عیراقی لە مەیدانی ئەنداختی گەورە – جیواری کاریزی شێخ سەعید و لە مەیدانی ئەنداختی پچوک – ئەرازی نزیکی ئاشێ کە لە سەر رێگای ئەزمڕ واقیعە، دەست ئەکەن بە تەعلیم و ئەنداختی سیلاح. ئابێ قەتعیەن ئەهالی بەو دو جێگایانەدا بڕۆن و ئەبێ ئیجتیناب بکەن. موتەسەڕیف" (ژ 107).

"ئیعلان: بۆ کاروان و ئۆتۆمۆبێل و ئەرابە و ئینسان هاتوچۆکردن بە جێگای تەیارەدا کە لە غەربی شاری سلێمانی واقیعە مەمنوعە و، کاروان و ساحیب بار نابێ نە بە شەو و نە بە رۆژ باری لێ بخات. هەرکەسێ خیلافی ئەم ئیعلانە معامەلە بکات بە موجیبی مادەی 126 ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 97).

"ئیعلان: لە مەقامی موتەسەڕیفیەوە

لەمەودوا بە هیچ کلۆجێ جائیز نیە لە وەختی هەڵسان و نیشتنەوەی تەیارەدا هیچ کەسێ نزیکی جێگای تەیارە بکەوێ و، بە سەر جادەکەدا هاتوچۆ بکات. بۆ ئاگاداری کەیفیەت ئیعلان کرا." (ژ 61).

"ئیعلان: لە بەر ئەوەی هیچ حادیسەیەک رو ئەدا، لەو ئەسنایەدا کە تەیارە ئەنیشێتەوە و هەڵئەستێ، هاتوچۆکەری هەمو جیواری محەلی تەیارە بۆ چەند دەقیقەیەک لازمە خۆیان تەعتیل بکەن لە ئەسنای هەڵسان و نیشتنەوەی تەیارەدا ئامەدوشود بە سورەتی قەتعیە مەمنوعە. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 146).

پێ ئەچێ مونتەسیبینی جەیش، بە زۆر بێ یان بە خوایشت، قەرزیان لە دوکاندارەکانی ناو بازاڕ وەرگرتوە و ئەیان داوەتەوە بۆیە لای فەرماندەکانیان شکاتیان لێ کردون. فەرماندەکان لە باتی ئەوەی بۆیان بسێننەوە، ئەم ئیعلانەیان بڵاو کردۆتەوە:

"ئیعلان: لە هەمو دوکاندار و کەسەبەیەکەوە مەعلوم بێت کە موقابیل بە قەرزی ئەشخاس لە معاشی عەسکەر پارە گل نادرێتەوە. ئەوانەی کە بەم ئەوعە قەرز لە گەڵ عەسکەردا ئەکەن مەسئولیەت عائید بە خۆیانە. قوماندانی تابوری چوارەمی لیوی" (ژ 69).

"ئیعلان: ئەوا ئیعلان ئەکرێ کە هیچ کەسێک لە گەڵ مونتەسیبینی جەیش تا قەرزوقوڵە نەکات و شتیان بە قەرز پێ نەفرۆشن چونکە بۆ ئەم خسوسە دەعوا و شکایەتی هیچ کەسێک ناپرسرێ" (ژ 77).

"ئیعلان: کانتینی ئەو قەتەعاتی عەسکەریەی کە مەربوتی مەنتیقەی شەرقیەی سلێمانین لە ئیعتیباری تاریخی ئیحالەی قەتعیەوە بە مودەی 6 مانگ ئەدرێن بە ئیلتیزام ئەوانەی تالبن موراجەعەت بە مەقەڕی مەنتیقە بکەن. ئامیری مەنتیقە" (ژ 106).

"لە ئیعتیباری 28/7/1 ئەرزاقی نەفەر و ئالیکی حەیواناتی جەیشی عیراقی بۆ مودەتی ساڵێک خراوەتە موناقەسەوە. ئەوانەی تالبن لازمە هەمو رۆژێک غەیری جومعە بەیانیان بۆ ئەمەی لە شەرائیتەکەی بگەن موراجەعەت بە مەقەڕی مەنتیقە و بە مەوقیعی قوماندانی کەرکوک بکەن.
"ئەوانەی کە موراجەعەت ئەکەن لازمە شەهادەتنامەیەکی غورفەی تیجارەتی بەغداد وە یا موسڵیان بە دەستەوە بێ.
"موناقەسەکە لە رۆژی 22 ی مانگی مەزکور لە ساعەتی 12 دا تەواو ئەبێ.
ئامیری مەنتیقەی شەرقیە" (ژ 118).

"ئیعلانی موناقەسەی لەوازیمی ئینشائیە لە سلێمانی
1. موناقەسە بۆ لەوازیمی ئینشائیەی لیویە و لە سلێمانی جەرەیان ئەکات.
2. ئەوراقی موناقەسە لە گەڵ لیستەی ئەو مەوادانەی پێویستە بیلموراجەعە لە قومانداني مەقەرەزەی فەوجی دوەم وەرئەگیرێت. تالیبینی موناقەسە فیاتێک کە پێی تالبن لازمە لە جەدولی لەوازیم دا لە خانەی خۆیدا.. ئەو ماددەیە یەک بە یەک دای بنێن. جەدوەلی لەوازیم. هەمو ئەوراقی موناقەسە بە ئیمزاکراوی لە زەرفێکی لۆککراودا لە گەڵ مەبلەغی 50 روپیە پێشەکی تەسلیم بە قومانداني مەقەرەزەی فەوجی دوەمی لیوی بکەن.
3. قومانداني لیوی عیراق تەعەهود ناکات بە قبوڵی کەمترین وە یا هەر موناقەسەیەک بێت.
لیفتنت مونیرهید زابیت ئەل روکنی لیوی عیراق" (ژ 119).

"ئیعلان: وەزارەتی دیفاع. ئەقلیاتی ئەرزاق و ئەشیای عەسکەریە لە سلێمانیەوە بۆ نوقتەکان ئەخاتە موناقەسەوە. هەرکەسێ تالبە بۆ حەزەر و سەفەر موراجەعەت بەم دائیرەیە بکات. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 70).

هەندێ جار ئیعلانیان بە زمانی عەرەبی بڵاو کردۆتەوە. وەکو:
"اعلان: يدعى الراغبون الى تقديم وسائل نقلية ميكانيكية للمنطقتين الشمالية والشرقية و نقلية حيوانات فمن شاء الاطلاع على الشروط والتفاصيل فليطلبها من وزارة الدفاع في بغداد ومن امراء الالوية في الموصل والسليمانية ومن موقع كركوك. وزارة الدفاع" (ژ 9).

7. ئیعلانەکانی پۆلیس

"ئیعلان: ئەم دائیرەیە 48 ئێستر کە بە کەڵکی رکوبی پۆلیس و چاک بێت موبایەعە ئەکات ئەوانەی کە هەیانەو ئەیفرۆشن پێش خیتامی مانگی مارتی 928 بیهێنن و موراجەعەت بەم دائیرەیە بکەن. مودیری پۆلیس" (ژ 102).

"لە دائیرەی پۆلیسەوە

"بۆ مەرکەزی پۆلیسی سلێمانی کا و جۆ لازمە و ئەخرێتە موناقەسەوە هەرکەسێک تالبە بۆ مانگی حوزەیران و تەموز و ئاغستۆس تەنی کا بە چەند و تەنی جۆ بە چەند ئەتوانن تەسلیمی بکەن بینوسن و لە ناو زەرفێکی لۆک کراودا لە پێش رۆژی 27/5/20 دا تەودیعی ئەم دائیرەیەی بکەن." (ژ 66)

"ئیعلان: لە ئیعتیباری 1 ی 9 ی 27 مەوە کا و جۆ بۆ 3 مانگ بۆ وڵاغی حکومەتی ئەدرێ بە قۆنتەرات ئەوانەی کە تالبن قائیمەی موناقەساتیان لە زەرفێکی داخراودا لە 29 ی مانگی جاریدا موراجەعەت بەم دائیرەیە بکەن. معاونی مودیری پۆلیس" (ژ 81).

دروستکردنی بینای مەخفەر

"بۆ زانینی هەمو: بۆ سەرای پێنجوین تەنی بەرد بە 10 تەنی قسڵ بە 55 تەنی لم بە 14. بۆ نوقتەی قزلجە تەنی قسڵ بە 70 تەنی لم بە 14 تەنی بەرد بە 10. بۆ نوقتەی ولیاوا و نۆدێ تەنی بەرد بە 6 تەنی قسڵ بە 50 تەنی لم بە 10. بۆ نوقتەی کەوڵۆس تەنی بەرد بە 6 تەنی قسڵ بە 50 و تەنی لم بە 8 روپیە. لە عوهدەی تالیبیانایە هەرکەسێ تالیبی تەنقیسە هەتا 21 ی نیسانی 927 موراجەعەت بە قۆمیسیۆنی مەخسوس بکا کە لە دائیرەی بەلەدیە ئیجتیماع ئەکا. بۆ مەعلومات ئیعلان کرا. رەئیسی قۆمیسیۆنی موناقەسە" (ژ 61).

"ئیعلان: بۆ بینای سەرای چوارتا تەنی بەرد بە 3-1 و لم و چەو بە 12 - 3 و قسڵ بە 8 - 26 و. بۆ بینای سەرای سورداش تەنی بەرد بە 6 - 1 و قسڵ بە 30 و چەو بە 12 - 2 و لم 9 - 3 و. نەقلی ئەشیا لە سلێمانیەوە بۆ پێنجوین تەنی بە 25 و. بۆ سورداش و چوارتا بە 17 و. ئوجرەتی وڵاخێک لە سلێمانیەوە بۆ پێنجوین لە 5 و بۆ سورداش بە 3 و. بۆ چوارتا بە 2 روپیە، خراوەتە موناقەسەوە. کێ تالبە تا رۆژی 928/6/11 موراجەعەت بە مەجلیسی ئیدارەی سلێمانی بکات. موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی" (ژ 117).

8. ئیعلانی جۆراوجۆر

پاسی سیلاح

"تەعمیم

بۆ مودیری پۆلیسی سلێمانی

بۆ قائیمقامی قەزاکان

بۆ مودیری ناحیەکان

بە ئەمری وەزارەتی داخلیە بۆ ساڵی 1928 رەسمی پاسی ئەو سیلاحانە کە ساڵی 1927 موسەجەل بون و ئەمساڵ پاسی تازەیان بۆ وەرئەگیرێ عیبارەتە لە یەک روپیە و رەسمی پاسی ئەو سیلاحانە کە لە ساڵی 1927 دا موسەجەل ئەبون و لە ساڵی 1928 دا وەرئەگیرێ عیبارەتە لە دو روپیە.

مودەتی وەرگرتنی پاسی سیلاح بۆ ساڵی تازە... مانگی کانونی سانی. شوبات و مارت و لە پاش نیهایەتی مارت هەر سیلاحێکی بێ پاس بگیرێ بە موجیبی قەوانینی مەوزوعە موسادەرە و ساحیبی تەجزیە ئەکرێ موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 96)

"ئیعلان

لاحیقەی تەعمیمی ژمارە 132 ی ڕۆژی 1928/1/18 ی ئەم دائیرەیە:

لەم مەقامەوە وا قەرار دراوە کە ڕەسمی پاسی تفەنگی حسکە، مارتین، بەرازکوژ، ماوزەری گەورەی کۆن، قەپاقلی، وەرندل و سائیری ئەو نەوعە سیلاحانە کە لە مۆدێلی کۆنن یەک ڕوپیە بسێنرێت بەم نەوعە ئیفای معامەلە لازمە. موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 102).

گەرای کوللە

"تەعمیم لە مەقامی موتەسەڕیفیەوە

"وا مولاحەزە کراوە ئەمساڵ کوللە گەرای زۆر داناوە و ئەم گەرایە کە ژیایەوە تەبیعی ئەبێ بە باعیسی خەساراتی زۆر لە زەراعەت و مەحسولات دا لە بەر ئەوە حکومەت چ موقابیل بە گەرای کوللە و چ موقابیل بە کوللەی ژیاوە بەعزێ تەدابیری ئیتیخاز کردوە.

"حکومەت بۆ هەر کیلۆیەک گەرای پاک کراوەی کوللە (یەعنی بە بێ خۆڵ) کە لە مەرکەزی سلێمانی‌دا تەسلیم بکرێت چوار ئانە ئەدات یەعنی بۆ چوار کیلۆ گەرای پاک کراوە ڕوپیەیەک ئەدات جا لوتفەن بە هەمو لایەکدا ئیعلانی بفەرمون و عمومی ئەهالی حاڵی بکەن و زۆر بە ئەهمیەت تەرغیب و تەشویقی ئەهالی بکەن کە سەعی بکەن بۆ کۆکردنەوەی گەرای کوللە و بیهێننە سلێمانی تەسلیمی بکەن و بۆ هەر کیلۆیەکی چوار ئانە وەرگرن. ئەم مەسئەلەیە هەروەکو مەعلومتانە تەعلوقی بە حەیاتی مەملەکەتەوە هەیە کە حەیاتی مەملەکەت مەربوتی موحسول و زەراعەتە لە بەر ئەوە ئومێد ئەکەم فەوقلعادە سەعی بکەن بۆ تەشویقی ئەهالی. ئیتر ئیحتیرام." (ژ 50).

بڵاوبونەوەی دەردەگا

"ئیعلان: لە بەر ئەوەی دەردەگا لە لیوای سلێمانی‌دا بڵاو بۆتەوە بە سورەتی عمومیە هەمو لیوای مەزکور لە ئیعتیباری 9 ی ئەیلولی 1928 ەوە بە مەنتیقەی موسابە عەد ئەکرێ و ئیخراجی عمومی مەواشی و مەنتوجاتی حەیوانیە لە لیوای مەزکورەوە بە سورەتی قەتعیە مەمنوعە هەتا سدوری ئەوامیری ئەخیر. مودیری عامی دائیرەی ئوموری بەیتەرەی مەلەکیە" (ژ 129).

سەربڕینی مەڕی ئاوس

"ئیعلان: لەمەولا سەربڕینی مەڕی ئاوس مەمنوعە هەرکەس موخالەفەتی ئەم ئەمرە بکات بە موجیبی مادەی 126 ی قانونی عقوباتی بەغدای تەجزیە ئەکرێ موتەسەڕیفی سلێمانی" (ژ 94).

تاپۆ

"بۆ زانینی هەمو

دائیرەی تاپۆ لە ئیعتیباری 5 ی ئەیلولەوە دەست ئەکات بە ئیش هەرچی موراجەعەتێک لە داخلی حدودی شاردا بکرێت قبوڵ ئەکرێ لە بەر ئەوە کەیفیەت ئیعلان کرا. دائیرەی تاپۆ" (ژ 31).

"ئیعلان لە مەقامی موتەسەڕیفیەوە

تەعمیم بۆ: قائیمقامەکان، مودیرانی نەواحی، ڕوئەسای موحتەرەمەی دەوائیر

بە پێی ئەمری مودیری عامی تاپۆ دائیرەی تاپۆی سلێمانی لەمەولا مەئزونە بە دەرهێنانی سورەتی قەیدی ئەملاکی خاریجی سلێمانیش بەڵام جاریَ مەئزون نیە معاملەی لە سەر بکا هەر سورەت ئەتوانیَ دەربهێنیَ." (ژ 45).

نیکاحی لاکۆڵان

"ئیعلان: وەکو خەبەر زانراوە بە بیَ مەعلوماتی مەحکەمەی شەرعیە لە تەرەف ئەئیمە و مەلایان و موختارانەوە معامەلاتی نیکاح و تەلاق ئیجرا ئەکریَ ئەمەیش موخالیفی شەرعی شەریف و قانونە. لە ئیعتیباری ئەشری ئەم ئیعلانەوە بە بیَ مەعلوماتی مەحکەمە هەر ئیمام و مەلا و موختارێک معامەلاتی نیکاح ئیجرا بکات بە پێی مادەی 126 لە قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکریَ. قازی سلێمانی" (ژ 129).

"لە مەحکەمەی سولحی سلێمانیەوە ئیعلان

"خانویەک کە لە محەلەی جولەکان واقیعە و عائیدە بە ورەسەی داودکل کە سەعید و سیوەن ناوانن لە بەر ئەوە کە لە تەرەف مەرقومانەوە لەم مەحکەمەیەدا داوای ئیزالەی شیوعی کراوە و لە بەر ئەوە کە قابیلیەتی تەقسیمی ئەبو ئەوا خرایە مەوقیعی موزایەدەوە ئەوانەی کە تالبن بە سەیَ دەی تەئمیناتەوە موراجەعەت بە مەحکەمەی سولحی سلێمانی بکەن کەیفیەت ئیعلان کرا." (ژ 94).

ژوری بازرگانی

"بۆ زانینی هەمو لە مەقامی موتەسەریفیەوە

"ئاگاداری: موافیقی مادە 15 ی قانونی ئۆدەی تیجارەت کە لە ساڵی 926 دا ئیصدار فەرموراوە ئەو شەخسانەی کە بە تیجارەت وە یا موتەعەهیدی وە یا دەلالی مەشغوڵن ئەگەر ئیشتیراکیان بە ئۆدەی تیجارەتی نەبیَ وە یا ئەعزایەتی ئۆدەی تیجارەتیان قبوڵ نەکریبیَ لە موزایەدات و موناقەساتی حکومەتیدا قبوڵ ناکریَن. بۆ زانینی هەمو کەس ئیعلان کرا. موتەسەریفی لیوای سلێمانی" (ژ 43).

دەفتەری نفوس

"بەیان: دائیرەی نفوسی عاسیمە و خاریج لە ئیعتیباری 1 ی مایسی 928 ەوە موباشەرەت بە تەوزیعی دەفاتیری جنسیە ئەکات کە لە مادە 15 ی قانونی تەسجیلی نفوس دا دەرج کراوە. مودیری نفوسی عام" (ژ 113).

"ئیعلان: وا دەرئەکەویَ ئەهالی موراجەعەت بە دائیرەی نفوس ناکەن بۆ وەرگرتنی دەفاتیری جنسیە لازمە هەمو ئەهالی موراجەعەت بە دائیرەی نفوس بکەن و دەفاتیری جنسیەی خۆیان وەربگرن. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا. موتەسەریفی سلێمانی" (ژ 127).

9. ئیعلانی ئەهلی

"ئیعلان: ئەمجارە لە سەر نوسولێکی تازە، عەسری، چاپخانەی (ئەستێرە گەشەی گەلاوێژ) کە لە پێشا بە چاپخانەی حەمە ئاغا مەشهور بو، کرئومەتەوە. هەمو موبیلە و ئەسبابێکی مونتەزەمە. ئەنواعی حەلەویات، دۆندرمە، شروب، چای، قاوە، سۆدە و ئاملیتمان هەیە. بە دانیشتنێکی بە قەدەر سیاحەتی دڵ موفەرەح و مەسرور ئەکات. چایچی: محەمەد رەشید" (ژ 108).

"مونەسەسەیەکی گەورەی بریتانیا
شیرکەتی مەحدودەی نەوتی خانەقین
وەکیلەکانی کوردستان: خواجە عەزرا، سیون یەعقوب و شەرەکای
لە سلێمانی‌دا لە جادەی دەباخانە لە ماڵی حاجی عارفی دەباخچی‌دا کە مەوقیع و ئەنباری ئەسلییەتی فیاتی وەکو لای خوارەوەیە:
تەنەکەی نەوتی سپی بە 3 روپیە.
نەوتی سپی عەلامەتی ئەبونەخلە تەنەکەی بە 4 روپیە و 14 ئانە.
بانزین تەنەکەی بە 5 روپیە و 6 ئانە.
نەوتی رەش تەنەکەی بە 2 روپیە و 2 ئانە.
ئەو نەوت و بەنزینەی کە لە مەملەکەت دا لە جادەی سەرا لە ماڵی شاکیر موجریم و لە گەراجی سەید نوری ئەقیب ئەکرِێ لە قیمەتی سەرەوە بە 2 ئانە زیاد ئەفرۆشرێ.
بێ تەنەکە قاپی نەوتی سپی بە 2 ئانە دەفرۆشرێ.
لە سلێمانی: وەکیلی قومپانیەی شیرکەتی نەوتی خانەقین فەیزی" (ژ 128).

"ئیعلان: ئەوەڵ ئۆتۆمۆبێلچییەک کە تا نەفسی هەڵەبجە موسافیرینی برد بێت ساحیب (ئەربیل- 22) نومرو ئوتومبیلە. لەمەودوا هەرکەسێ ئارەزوی سەفەری هەڵەبجەی هەیە موراجەعەت بە ساحیبی ئوتومبیلی مەزکور قەرەبێت بکات. تا نەفسی هەڵەبجە لە ڕێیەکی زۆر چاکەوە ئەبیات و مەمنونی ئەکات." (ژ 81).

"دقتۆر ئارنو کرنون
دقتۆری خەستەخانەکانی پاریس (فرانسە) و لۆزان ئیسویچەرەیە
دەرمانی هەمو ئەخۆشێک ئەکات. خاسەتەن ئەخۆشی داخلی (مەعیدە، ریخۆڵە، دڵ و سی و جگەر) و ئەخۆشی ئەعسابە.
تەداوی هەمو ئەوع ئەخۆشی ژنانیش ئەکات.
محەلی موعایەنەی لە جادەی بەرپۆلیسخانە لە ماڵی تۆفیق ئەفەندی مەحمود ئاغادایە کە مەشهورە بە ماڵی حەمزە بەگ.
هەمو رۆژێ لە ساعەتی 8 وە هەتا 11 موعایەنە ئەکات." (ژ 123).

بەشی دوەم:

سەردەمی قەڵەم

و

موراجەعات

پێشەکی*

- 1 -

ڕۆژنامە کوردیە یەکانی ساڵی 1920–1931 کە لە سلێمانی دەرچوون. سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ بایەخن بۆ لێکۆڵینەوەی ڕوداوەکانی ئەو سەردەمەی عێراق و کوردستان. هەواڵ، سەروتار، وتار، لێدوان، تەنانەت هەندێ شیعریان تێدایە کە سەرچاوەی بەنرخن بۆ زانینی دەنگوباس و بیروڕای گشتی ئەوکاتە.

نوسەرانی کورد، ئەوانەی لەسەر ئەم قۆناغەیان نوسیوە، هەمویان کەم و زۆر کەڵکیان لێ وەرگرتوون. بەڵام نوسەرانی عەرەب، بەتایبەتی ئەوانەی لەم ساڵانەدا لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی‌یان لەسەر مێژوی عیراق نوسیوە بۆ (جامیعە) کانی عیراق، کەسیان نەیانتوانیوە کەڵکیان لێ وەربگرن. هۆی ئەوە یش ڕەنگە نەزانینی زمانی کوردی بوبێ.

ئەو باسەی من هەڵمبژاردوە، ڕوداوەکانی ساڵانی 1928– 1931 ئەگرێتەوە. پشت ئەستورە بە ڕادەی یەکەم بە نوسینەکانی ڕۆژنامەی ژیان و، بە هەندێ سەرچاوەی جۆراوجۆری تر دەوڵەمەن کراوە. (ژیان) درێژەی ڕۆژنامەکانی پێش خۆیەتی: (پێشکەوتن) کە دەسەڵاتی ئینگلیز و، (بانگی کوردستان) کە مستەفا یاملکی و جەمعییەتی کوردستان و، (ڕۆژی کوردستان) و (بانگی حەق) و (ئومێدی ئیستیقلال) کە حکومەتەکەی شێخ مەحمود و، (ژیانەوە) و (ژین) کە شارەوانی سلێمانی دەریان کردون.

ئەم ڕۆژنامانە کە ئێستا زۆر بە زەحمەت و بە ناتەواوی بەردەس ئەکەون، ئەهێنێ بە ڕیز سەرلەنوێ چاپ بکرێنەوە و لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەی سیاسی، ئەدەبی، ڕۆشنبیری‌یان لەسەر بکرێ. (تێبینی: ئەم بۆچونە هی کاتی چاپی یەکەمی ئەم کتێبەیە. بنکەی ژین تا ئێستا هەمو یان زۆربەیانی بە لێکۆڵینەوەوە سەر لە نوێ چاپ کردوتەوە).

یەکەم ژمارەی (ژیان) لە (21 ی کانونی دوەمی 1926) دا لەباتی (ژیانەوە) دەرچوە. حەفتەی جارێک لە (چاپخانەی بەلەدیە) کە هی شارەوانی سلێمانی بوە، چاپ و بڵاو کراوەتەوە. چەن جارێ بەڕێوەبەر و

* ئەم بەشەی ئەم کتێبە پێشتر، ساڵی (2000) بەم ناونیشانە: (کوردستانی عیراق، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، 1928- 1931) بە کتێبێکی سەربەخۆ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

سەرنوسەری گۆراون. ئەو ماوەیەی کە من وەکو سەرچاوە کەڵکم لێ وەرگرتـوە، عـەلی عیرفـان بەڕێوەبـەری بوە. بۆ ئەمە یش دو بەڵگە بە دەستەوەیە:

1. لە ژمارەی (82) ی ڕۆژی (20 ی 9 ی 1927) دا (ژیان) لە ژێـر نـاوی (تەشـەکورات و رجـا) دا لەم بارەیەوە نوسیویتی:

"چونکە جەنابی ئەدیب ئەفەندی مودیری مەتبەعەی ژیان تەعیین کراوە بە کاتبی مالیەی سلێمانی لەبـەر مەشغولییەتی عەلاوەی ئەیەنتوانی ئەم وەزیفەیەش ئیفا بکات. ئیستیعفای کرد.

"لەسەر تەنسیب و ئەمری موتەصەڕیفی مەعالیهیمەم بەنـدە بـۆ ئیفـاکردنی ئـەم وەزیفەیـە تەنسـیب و تەعیین فەرموراوم. چونکە مەتبەعە واسیتەی تەرەقی وەتەنەو غەزەتەیش زبانی حسسیات و تەرجومانی ئامالی میللەتە مەعەل ئیفتیخار ئەم وەزیفەیەم قوبوڵو دەرعوهدە کرد.

"بۆ خاتری غەزەتەکەمان ڕۆژ بە ڕۆژ تەرەقییەک پێ نیشان بدا و بۆ ساحەی مەدەنییەت هەنگاو بهاوێ ئیستیرحام لە هەمو منەووەران و ئەدیبان ئەکەم لە ناردنی مەقالەو شـیعر غەزەتەکـەمان بـێ بـەش نەهێڵنـەوە.

عەلی عیرفان".

2. یەکێ لەو کەسانەی کە لە نازاری 931 دا وەکالەتنامەیەکیان بۆ تۆفیق وەهبـی ئیمزاکـردوە، تـا بـە نوێنەرایەتی گەلی کوردی کوردستانی خوارو لەسەر مافی نەتەوەیی کورد لەگەڵ کۆمەڵـەی گـەلان و حکومـەتی بریتـانی گفتوگـۆ بکـا، ئـەم بـو. جێگـەی خۆشـییە بـۆ ڕۆژنامـەوانی کـورد کـە (3) کـەس لەوانـەی ئـەم وەکالەتنامەیەیان لەو ڕۆژگارەدا ئیمزاکـردوە ڕۆژنامـەوان بـون: عـەلی عیرفـان، بەڕێوەبـەری (ژیـان)، مسـتەفا شەوقی خاوەنی گۆڤاری (پەیژە) و. حسێن حوزنی خاوەنی گۆڤاری (زاری کرمانجی).

عەلی عیرفان، کوڕی مەلا عەبدوڵڵای عیرفان و بـرای جـەمال عیرفـان بـوە. جـەمال عیرفـان لـە ڕۆشنبیرە هەڵکەوتوەکانی ئەو زەمانە بوە. لە سەرەتای بیستەکانەدا لەسـەر بیـری ئـازاد لـە سـلێمانی کوژراوە.

- 2 -

پرۆژەی ئەم کارە ئەبو 3 بەرگ بێ:

1. کوردستانی جنوبی لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا 1918 –1922
2. کوردستانی عیراق (شۆڕشی چەکدار) 1923 –1927
3. کوردستانی عیراق (سەردەمی قەڵەم و موراجەعات) 1928 –1931

ئەگەر بەتەمای تەواوکردنی هەموی بومایە ئەبو ماوەیەکی درێژ چاوەڕێ بـم. لەبـەر ئـەوەی کتێبەکـەی مامۆستا هاوار: (شێخ مەحمودی قارەمان) دەرچو. وای لێ کردم جارێ چـاو لـە تـەواوکردنی بـەرگی یەکـەم و دوەم بپۆشم و خەریکی بەرگی سێیەم بم کەوا لەبەر دەس دایە.

ئەو کارەی من ناتەواوە. لەپێش هەمو شتێکدا لەو ڕوەوە کە هیچ بەڵگەی (ملفات البلاط) ی تێـدا نیـە. زۆر کەم لێدوانی ڕۆژنامـە عەرەبییـەکانی بەغـداد یشـی تێدایـە. ئەگـەر لەبـەر دەسدا بونایـە، بێگومـان ئـەم کەشـکۆڵەیان دەوڵەمـەن ئـەکرد. لەوانـە بـو هەنـدێ گۆشـەی تـاریکی مێـژوی ئـەو قۆناغـەیان بـۆ ڕۆشـن بکردبنایەتەوە. بەڵام لام وایە: کار ئەگەر ناتەواو یش بێ بکرێ باشترە لەوەی کە هەر ئـەکرێ. بۆیـە لەسـەر تەواوکردنی کارە ناتەواوەکەم را نە وەستاوم.

- 3 -

لە ژیانی سیاسی خۆمدا چەند جارێ توشی کەسانێ بوم. لایان وابوە کوردایەتی لەو رۆژەوە دەس پێ ئەکا کە ئەوان دەستیان پێ کردوە. ئەم بەڵگانەی لەم کەشکۆڵەدا کۆکراونەتەوە، نیشانەی تێکۆشانی کوردن. بە شێوەی جۆراوجۆرو لە مەیدانی جیاوازدا. لە قۆناغێکی دیاریکراوی گۆشەیەکی تەنگی نیشتمانە فراوانەکەماندا. لە پێناوی مافەکانی گەلی کورد کە ئێستا ناوی هەندێ لە چالاکەکان و بەشدارەکانی ئەک هەر لەبیر چۆتەوە، بگرە کوێر یش بۆتەوە.

لە خۆپیشاندانی بەردەرکی سەرای سلێمانیدا، هەزاران کەس بەشدار بون. لەوانە دەیانیان کوژران و دەیانیان بریندار کران و دەیانیان گیران و سزادران. کێ ئەزانێ ئەوانە کێ بون؟.

لەو هەوڵە سیاسی‌یەدا کە سەدان کەس داویانە لە گەڵ بیلاتی شاهانەی عیراق و حکومەتی بریتانی و کۆمەڵەی گەلاندا. بە مەزبەتە و عەریزە و نامە و بروسکە، بۆ دانانان بە مافی نەتەوەیی کورد دا. لەسەر ئەمە، دەیان کەس لەوانە توشی کێشەو دانبران و دورخرانەوە و زیندان بون. کێ ئەزانێ ئەوانە کێ بون؟.

شێخ مەحمود کە دواجار کەوتەوە سەرکردایەتی خەباتی سیاسی چەکداری کورد. ئەو هێزەی لەو شۆرشەدا لە گەڵی بو، لە (400) کەس زیاتر بو. لەوانە هەندێکیان کوژران و هەندێکیان بریندار بون و هەندێکیشیان گیران. کێ ئەزانێ ئەوانە کێ بون؟

هاوزەمان لەگەڵ ئەم هەولانەی کوردستانی عیراقدا، لە سوریا کۆمەڵەی خۆیبون دامەزرا. لە تورکیا شۆرشی ئاگری دەستی پێکرد و بە درندانەترین شێوە دامرکێنرایەوە. لە ئێران سمکۆ بە فێڵ راکێشرایە ناو داوی مردن و کۆتایی بە جولانەوەکەی هات.. کێ ئەزانێ چالاکەکان و بەشدارەکانی ئەم جولانەوانە کێ بون؟.

رەنگە کەم گەل هەبێ ئەوەندەی کورد لەم روەوە کەمتەرخەم بو بێ. سەرەرای ئەمە یش هەندێ جار، هەندێ کۆلکە خوێندەواری خۆ بەرۆشنبیر زان، لە نەزانی‌یەوە بە ناهۆشیاری یان لە قین دا بە ئەنقەست رابردوی گەلەکەیان و ناوی هەندێ لە چالاکەکانی بزوتنەوەکەی، بە نارەوا ئەشێوێنن.

هیوادارم ئەم هەوڵەی من بەشداری‌یەکی بچوک بێ لە باسکردنی تەقەلا و زیندوکردنەوەی یادو ناوی هەندێ لەوانەی لەو قۆناغەی خەباتی کوردا بەشدار بون و ئێستا گومناون. ئەگەر بەم کارەم توانیبێتم خزمەتێ بکەم، بێگومان بە بەختیاری‌یەکی گەورەی ئەزانم.

- 4 -

هەندێ لە ناوی کاربەدەستانی ئینگلیز وەکو: کۆرنوالیس، هۆلت، ئیدمۆندز، لاین، گاون، دالبن و دەیان ناوی تر.. کە لە ناو روداوەکانی کوردستانی عیراقدا دوبارە ئەبێتەوە، ئەگەرچی لەو قۆناغەدا دەوری کاریگەریان لە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی کوردی عیراقدا هەبوە، بەلام ئەمانە لە کۆمەڵی ئینگلیز و لە مێژوی وڵاتەکەی خۆیاندا کەسانێک نین باس بکرێن و بناسرێن. لە چاو داودەزگای گەورە و فراوانی ئیمپراتۆریەتی بریتانیدا فەرمانبەر و موچەخۆری بچوک و نەناسراو بون. بەلام لە بەختی رەشی کوردا ئەمانەی لێ بون بە ملۆزمی دەسەلاتدار و بریار بەدەس.

- 5 -

یەکێ لە کێشەکانی نوسینەوەی وتارەکانی ئەو کاتە، کێشەی نوسینی وشە عەرەبی‌یەکانە. بۆ نمونە: عصبة الامم، مندوب السامي، رئيس الوزراء، بناء عليه، مرعى الاجراء.. ئەبێ چۆن بنوسرێن؟ ئەمانە:

1. خۆیان چۆن بە ئیملای عەرەبی نوسراون. وەکو خۆیان بنوسرێنەوە؟ عصبة الامم. منـدوب السـامی. رئیس الوزراء.. وەکو چۆن لە زمانی عەرەبیدا ئەنوسرێن. لە مەتنی کوردییشدا بەھەمان ئیملا بنوسرێن؟

2. یان بە ئیملای کوردی بنوسرێن بێ ئەوەی دەسکاری حەرفە عەرەبیەکان بکرێ؟ بەڵام ئەوسا یش دیسان کێشەیەکی تری نوسین دێتە پێشێ: عصبە الامم. بکرێ بـە عیصـبەتول ئومـەم. عیصـبەت ئـەل ئومـەم. عیصبەت ئەلئومەم. عیصبەتولئومەم..

3. یان حەرفەکانی (ض) و (ظ) و (ذ) بکـرێن بـە (ز) و (س) و (ژ). (ص) بکـرێ بـە (س). (ط) بـە (ت).. ئەوسا: عصبە الامم ئەبێ بە عیسبەتەل ئومەم. عیسبەت ئەلئومەم. عیسبەت ئەل ئومەم...

تائێستا نوسەرانی کورد لەسەر ھەڵبژاردنی یـەکێ لـەم ڕێنوسـانە سـاغ نەبونەتـەوە. ھـیچ دەزگایـەکی دەسەڵاتدار یش ڕێنوسێکی پەسند نـەکردوە و نەسـەپاندوە. لەبـەر ئـەوە ھەرکـەس بـەپێی سـەلیقەی خـۆی ئەینوسێ. ئەوە یش پاشاگەردانییەکی ئاشکرایە. من یش لەم ڕوەوە بە سەلیقەی خۆم ڕێگەی دوەمـم گرتـوەو وشە عەرەبییەکان، بێ ئەوەی حەرفە عەرەبییەکانی بگۆڕم، وەکو خۆیان بە ئیملای کوردی نوسیوەتەوە.

- 6 -

کێشەیەکی تر. کێشەی وەرگێرانی بەڵگە ئینگلیزی و عەرەبییەکانی ئەو سەردەمەیە. بۆ ئەوەی ناکۆکی لە نێوان مەتنە کوردییەکانی ئەو زەمانە و حەفتەنامەی ژیان و بەڵگەکانی پەیوەندیداردا دروست نـەبێ. ئـەبێ بە چ زمان و زاراوێ تەرجومە بکرێن؟ بەھەمان زمان و زاراوی ئەو زەمانە بنوسین: جمعیـتی اقـوام. وزارتـی مستملکات. حزبی عملە. یان بە زمان و زاراوەی ئێستایی تەرجومەی بکەین و بنوسین کۆمەڵەی گەلان. پـارتی لەیبەر. وەزارەتی کۆڵۆنییەکان.. ئاخۆ ئەمە سەر لە خوێندەوار ناشێوێنی؟ بـۆ ئـەم کێشـەیەش تائێسـتا ھـیچ دەزگایەکی دەسەڵاتدار بڕیارێکی لێ نەداوە. ھەرکەسێ بە سەلیقەی خۆی ئەینوسێ. من یش ھەروام کردوە.

- 7 -

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم کە لە دڵەوە سپاسی بەڕێز مامۆستا مستەفا دەلۆیی بکـەم کـە لـە دوسـەرەوە خۆم بە قەرزاری ئەزانم. چونکە بیری کۆکردنەوەی ئەم کەشکۆڵە و لێدوانی باسەکانی. بەھۆی ئەو فایلەوە لـە لای من دروست بون کە لە ھاوینی 1995 دا لە سلێمانی دایمێ. ھـەروەھا بەشـێکی گرنگـی بەڵگـەکان بـە تایبەتی لێدوانی ڕۆژنامـە عـەرەبییـەکان. مـەحزەری کۆبونـەوەکانی مەجلیسـەکانی نـواب و ئـەعیان. ھـەردو بەیاننامەی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لەو فایلەوە وەرگیراون. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەڵکێکی زۆریشـم دیـوە لە لێدوانەکانی ئەو و ئەو گفتوگۆیانەی لـە گـەڵ ھەنـدێ بەشـدار و شـایەتەکانی ڕوداوەکـانی ئـەو سـەردەمە کردونی.

1. کورد و پارلەمانی عیراق

1. 1. مەجلیسەکان

1. 1. 1. مەجلیسی تەئسیسی

لەکاتی هەڵبژاردنی مەجلیسی تەئسیسیدا، بەشێکی کوردستان بە تایبەتی ناوچەکانی سلێمانیو کەرکوک، بەهۆی جوڵانەوەکانی شێخ مەحمودەوە نا ئارام بو. رەوتی هەڵبژاردن، وەکو حکومەتی بریتانیا ئەیویست نەڕۆیشت. لەبەر ئەوە ئەوانەی ویستیان لەباتی سلێمانی لەم هەڵبژاردنەدا بەشدار بن، بانگ کران بۆ کەرکوک.

ئەرکی سەرەکی مەجلیسی تەئسیسی پەسندکردنی پەیماننامەی عیراقی- بریتانی و، دانانی (قانونی ئەساسی عیراق) بو کە بەرنوسی هەردوکیان، لەلایەن کاربەدەستانی بریتانییەوە ئامادە کرابون. ئەگەرچی لەناو مەجلیسدا تاقمێ لە نائیبەکان دژی پەسندکردنی پەیمانەکە بون، بەڵام لەسەر هەڕەشەی مەندوبی سامی، مەلیک فەیسەڵ بە نیوەشەو زۆری نائیبەکانی کۆکردەوە. ئەندامانی مەجلیس بە زۆرایەتی دەنگ پەیمانەکەیان پەسند کرد. نائیبە کوردەکان هەمویان بە قازانجی پەسندکردنی، دەنگیان دا.

ئەگەرچی لەم مەجلیسەدا چەندین پیاوی ناسراوی کورد ئەندام بون، بەڵام پێناچێ کەسێکیان بە قازانجی کورد و سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی قسەیەکیان درکاندبێ.

لەم مەجلیسەدا و لە هەمو مەجلیسەکانی دوای ئەمیشدا کورد بەشدار بو. بەڵام وەکو تۆفیق وەهبی لە یادداشتەکەیدا بۆ کۆمەڵەی گەلان نوسیویتی: ژمارەی نائیبەکانی کورد لە مەجلیسی نوابدا لە چاو ژمارەی دانیشتوانی کوردستاندا زۆر کەمتر بوە. لە (88) نائیب تەنیا (11)یان کورد بون.

لەپاڵ مەجلیسی نوابدا مەجلیسی ئەعیان یش دامەزرێنرا. نیوەی ئەندامانی ئەم مەجلیسە لەلایەن مەلیکەوە دائەنرا. لەمیشدا ژمارەی کورد کەم بوە. لە (20) عەین تەنیا (2)یان کورد بون.

1. 1. 2. گلەیی لە نائیبەکانی کورد

رۆژنامەی (ژیان)ی سلێمانی لەسەر ئەم نائیبانە، بەوپەڕی توندییەوە لە سەروتارێکیدا نوسیویتی: "ئەمە 3 دەورەی ئیجتماعییەی موهیمی نیابییەیان تێ پەڕان، کەچی میللەت لە ئێوە بە تەواوی سەعییەک و فەعالییەتێکی نەدی".

ئەگەرچی لە ژمارەیەکیتریدا لەسەر ئەم وتارە، پۆزشی بۆ نانیە کوردەکان هێناوەتەوە. بەڵام لە وتارەکانی دواتریدا، بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنی خولی تازەدا، بەر ڕەخنەی توندوتیژی داون و نوسیویێتی: "ئەمڕۆ لیواکانی کورد دواکەوتوی هەمو عیراقە. ئەمەیش بە واسیتەی مەبعوسەکانمانەوە بو، چونکە ئەو مەبعوسانەی کە لە ئەوەڵ دەورەدا ئینتیخابمان کردن، هەموی نا، فەقەت بە ئەکسەرییەت هیچ ئەوصافێکی مەبعوسیان تیا نەبو. پیاوی ئەو مەجلیسە نەبون. هەریەکێکیان بۆ مەنفەعەتی خسوسی خۆیان مەنفەعەتی عمومی میللەتەکەیان واز لێ هێنا بو، بۆ خاتری خۆیان گەورە بین هەر یەکە ئینتیسابی کرد بو بە یەکێ لە وەزیرەکان و پیاوە بەدەستەکانی ترەوە. عادەتەن وەکو مادونێکی ئەوان تابیعی هەمو ئەفکارو ئەوامیریان بون هەتا ئەتیجە وا دوایان خستین و لە هەمو ئەسبابێکی تەرەقی مەحرومیان کردن." ژیان، ژ103، 23 ی 2 ی 1928

1. 1. 3. هەڵبژاردنی 928

لە جەنیوەری 1928 دا مەلیک فەیسەڵ بۆ دوەمین جار داوای لە عەبدولموحسین ئال سەعدون کرد وەزارەت پێک بهێنێ. لەو کاتەوە کە ببو بە مەلیکی عیراق (1921) تا ئەو کاتە (1928)، ئەوە شەشەمین وەزارەت بو لە مێژوی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراقدا، لەسەر تەکلیفی مەلیک فەیسەڵ پێک بهێنرێ. مەلیک فەیسەڵ وەزارەتەکانی زو زو ئەگۆڕی. ئەی ئەویست هیچ کام لە سەرۆکی وەزارەتەکان ماوەیەکی درێژ لەسەر کار بمێنێتەوە.

سەعدون وەک مەرجی پێشەکی وەرگرتنی ئەم کارە، داوای لە مەلیک کرد مەجلیس هەڵبوەشێنرێتەوە، هەڵبژاردنی تازە بۆ دانانی مەجلیسێکی نوێ بکرێ. بیانویشی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوە بو: وەزارەتەکەی ئەو چەند ئەرکێکی قورسی لە ئەستۆدایە، لەوانە: چاوگێڕانەوە بە پەیمانی عیراقی– بریتانی و ڕێککەوتنی جەنگی و دارایی. مەسەلەی تەجنیدی ئیجباری. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە یش پێویستی بە زۆرایەتییەکی پتەو و ئەگۆڕ هەیە لەناو مەجلیسدا کە پشتیوانی لە وەزارەتەکەی بکا. مەجلیسی کۆن بەهۆی ناکۆکی حیزبە بەشدارەکان و ناکۆکی ئەندامەکانیەوە، لەرزۆک و ناارام بو.

مەرجەکەی قبوڵ کرا. سەعدون وەزارەتی پێک هێنا. لەو وەزارەتەدا هیچ وەزیرێکی کوردی تیا نەبو. پاش چەند ڕۆژێ لە دامەزراندنی وەزارەتەکەی سەعدون، مەجلیسی کۆن هەڵوەشێنرایەوە. وەزارەتی ناوخۆ بە بروسکە موتەسەڕیفەکانی ئاگادار کرد کە دەستبەجێ دەس بکەن بە هەڵبژاردن.

هەڵبژاردن لە عیراقدا هەمیشە جێگەی ڕەخنە بوە. چونکە حکومەت هەمیشە و لە هەمو شوێنێ بە ئاشکرا دەستی تێ وەرداوە. لە دیاری کردنی ناوی پاڵێوراوەکان و لە دەرچواندن و دەرنەچواندنیاندا بڕیاردەر بوە.

لەم بارەیەوە جارێک نوری سەعید لە بەردەمی مەجلیسدا وتویەتی: "ناخۆ لە توانادایە، سوێندتان ئەدەم بە یەزدان، نانیبێ، پایەی لە وڵاتدا هەرچییەک بو بێ و هەرچەندێک خزمەتی دەوڵەتی کردبێ دەربچێ، ئەگەر حکومەت نەیەت بیپاڵێوێ؟ من گرەو ئەکەم لە گەڵ ئەو کەسەدا کە چەند بە پلەو پایەو بە نیشتمانپەروەری خۆیەوە بنازێ، با ئێستا ئیستیقالە بکا و بڕوا. هەڵبژاردن ئەکەینەوە بەڵام نایخەینە ناو لیستەی حکومەتەوە، ئینجا ببینین ناخۆ ئەم نانیە پایەبەرزەی کە چەند و چەند لایەنگری لەپشتە، ئەتوانێ دەربچێ بە نانیب؟."

ئەوسا هەمو هاوڵاتییەک مافی دەنگدانی نەبوە. تەنیا ئەوانە مافی دەنگدانیان هەبوە کە خانو و زەویوزاریان هەبوە. هەڵبژاردن بە دو قۆناغ ئەنجام دراوە. لە قۆناغی یەکەمدا ئەوانەی مافی هەڵبژاردنیان هەبوە (ناخیبی ئەوەلی) تاقمێکیان هەڵبژاردوە (ناخیبی سانەوی)، ئەوان نانیبەکانیان هەڵبژاردوە.

لە شوباتی 1928 دا هەڵبژاردنی (ناخیبی ئەوەڵی و سانەوی) تەواو کرا. حکومەت بۆ ئەوەی پاڵێوراوەکانی خۆی دەربچێنێ، لە هەمو جێیەک دەستی خستە ناو هەڵبژاردنەکەوە. سەرۆکەکانی یەکە ئیدارییەکان: موتەسەریف، سەرۆکی شارەوانی، قایمقام، مدیری ناحیە.. لەناو ریزی (ناخیبە سانەوییەکان)دا بون، بۆ ئەوەی دەرچونی پاڵێوراوەکانی حکومەت مسۆگەر بکەن.

گلەییەکی زۆر هاتە سەر ئەم هەڵبژاردنە. سەدان سکاڵا و شکات بۆ مەلیک و دادگاکان نوسران. سەعدون کە سەرۆکی وەزیران بو، خۆیشی لە رەخنە رزگاری نەبو. ناوی لە لیستەی (ناخیبە سانەوی) یەکانی بەغدادا بو، کەچی لەسەر شاری بەسرا هەڵبژێردرا بو بە نائیب. لە کاتێکدا نە خەڵکی ئەوێ و نە دانیشتوی ئەوێ، نە خانو یشی لەوێ هەبو. ئەمە یش پێچەوانەی قانونی هەڵبژاردن بو. بۆ دەمکوتکردنی نارەزایی، سەعدون هەندێ لە رۆژنامەکانی داخست.

1 . 1 . 4. مەجلیسی نواب

لەکاتی ئەو هەڵبژاردنەدا کوردستان ئارام بو. شێخ مەحمود دوای پێکهاتنی لە گەڵ بریتانیا (1927) لە گوندی پیرانی سەرسنوری ئێران، بە گۆشەگیری دانیشت بو. دەستی وەر نە ئەدایە ناو کاروباری سیاسییەوە. پێ ئەچێ خەڵکی کوردستان بەتایبەت لە ناوچەی سلێمانی، هیوایەکی زۆریان لەسەر ئەم هەڵبژاردنە هەڵچنی بێ، بە گەرمی بەشدارییان تیا کردوە.

رۆژنامەی ژیان لەم بارەیەوە نوسیویتی: "لەم بەینەدا بە موناسەبەتی ئینتیخاباتی تازەی مەبعوسانەوە شاری سلێمانی وەزعیەتێکی عەجایبی بەسەرا هاتوە. لە هەمو کۆڵانێک، لە هەمو چایخانەیەک و دیواخانەیەک قسە و بەحسی مەبعوسی تیکرار ئەکرێتەوە. حەتا دەوائیری حکومەت، ستونی غەزەتە، بەم مەوزوعە ئیشغال کراوە. هەرکەسە بە ئەوعێک تەشویقات بۆ خۆی وە یا خزمێک و دۆستێکی ئەکات. ئەوانەی کە ئیقتیداری کاتیبەکی دائیرەیەکیان نیە هەوای مەبعوسی کەلەیانی پڕ کردوە. ئەوانەی تا ئەمڕۆ کوردییەت و میللییەتیان پێ عار بوە ئەمڕۆ بەلافی فیداکاری و وەتەنپەروەری گوێی عالەمیان کەڕ کردوە."

"..... زائیرین ئەوەندە زۆر بوە دیوەخانانی پڕ کردوە. ئێمە بیستومانە کە لە کوردستانا هەر گەزۆ ئەبارێت، ئەمانزانیوە کە ئەمساڵ پەڵەی مەبعوسی داوە." ژیان، ژ104. 1 ی 3 ی 1928

لەم هەڵبژاردنەدا زۆر کەس خۆیان ناونیر کردوە. لەوانە هەندێکیان لە هاوکارانی پێشوی شێخ مەحمود بون. وەکو مستەفا پاشای یامڵکی کە لە کابینەی شێخ مەحمودا وەزیری مەعاریف و، ماجید مستەفا کە تا ساڵی 1927 یەکێ لە هاوکارە نزیکەکانی بو.

هەڵبژاردن لە سلێمانی و لە شوێنەکانی تری کوردستان، وەک شوێنەکانی تری عیراق بو. سەرۆکەکانی وەحدە ئیدارییەکان نەک ویستی ئازادی دەنگدەرەکان، دەستی بڕیاردەریان هەبو لە هەڵبژاردنی نائیبەکاندا. لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی 4 ی 1928 دا چەند کوردێ لە مەجلیسی نوابی عیراقیدا بون بە نائیب. رۆژنامەی ژیان بە درێژی لەسەر رابوردوی هەر یەکێکیانی نوسیوە، بە ستایشێکی زۆرەوە ناویان ئەبا.

ئەگەرچی هەندێ لەم نائیبە کوردانە خوێندەواری خاوەن شەهادە و رۆشنبیری شارەزای کاروباری سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی بون، لەناو کۆمەڵدا خاوەن پلەی کۆمەڵایەتی بەرز بون، بەڵام زۆریان دانیشتوی بەغداد و دور بون لە کۆمەڵی کوردەوە. سەرەرای ئەوە یش، هەندێکیان ئەگەرچی بە رێچەڵەک کورد بون، بەڵام هەستی نەتەوەییان تێدا نەبوە. زیاتر لەوەی دڵسۆزی مەسەلەی کورد بن، بۆ پارێزگاری پلەو پایەی خۆیان گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی کاربەدەستانی ئینگلیز و دڵسۆزی عەرشی عیراقی بون. بۆ ئەوەی دڵی وەلی نیعمەتەکانیان لە خۆیان نەرەنجێنن، هەندێ جار دژی خواستە نەتەوەییەکانی کورد وەستاون.

1. 2. هەوڵی نائیبەکانی کورد

لە 19 ی 5 ی 1928 دا مەجلیس کرایەوە. پێ ئەچێ لە سەرەتادا زۆر لـە دڵسـۆزانی کـورد نوێنـەی زۆریان لەسەر هەڵبژاردنی ئەم نائیبانە هەڵچنی بێ و بەتەمای دەسـکەوتی زۆر بـوبن. بـەڵام کـە هـیچ جـۆرە چالاکییەکی دیاریان نابێ. لێیان ئەکەونە ڕەخنەو لێدوان.

ژیان یش چەند سەروتارێکی بۆ ڕەخنە لێ گرتنیان نوسیوە. ژیان لەم ڕووەوە نوسیوێتی: "موقابیل بەم وەزیفە موهیمەیەتان و لە حاڵێکا کە ئەزانن میللەتەکەتان ئەمەندە دواکەوتوەو ئەبێ فەوقەلحـەد سـەعی بۆ بکرێت کـەچی مەعەلئەسـەف هـەتاکو ئێسـتا نـە لـە مـەجلیس داو نـە لـە خاریجـەوە بـە نەشـریات و تەشەبوسات کەس خدمەتێکی لـە ئێـوە نـەدیو فەعالیـەتێکتان نەنوانـدو تـەنمینی یـەکێ لـە مەقاصـیدانی میللەتتان نەکرد".

لەو ماوەیەدا نائیبەکان کەوتنە جموجوڵ و پێشکەش کردنی عەریزە.

1. 2. 1. کاروباری خوێندن

کاربەدەستانی عیراق، بە بیـانوی نائـارامیو نـەبونی ئاسایشـەوە، کوردسـتانیان لـە هـەمو ڕویەکـەوە پشتگوێ خست بو. یەکێ لەو مەسەلانەی نائیبەکانی کورد گرنگییەکی زۆریان پێداوە، مەسـەلەی پەرەپێـدانی خوێندن و کردنی بە کوردی بوە. لەم ڕووەوە ئەمین زەکی بەگ دو ڕاپۆرتی گرنگی ئامـادە کـردوە کـە پشـت ئەستور بون بە ژمارە و پاساوی بەجێ.

لە یەکەمیاندا ئەڵێ: "لە لیوای موصل، هەولێر، کەرکوک و سلێمانیدا حاڵی حازر 38 مەکتـەبی کـوردی تیا مەوجودە، لە مەکاتیبی ئیبتیدائیو سانەوی کوردەکانا. لەسەر مینهاجی ڕەسمیی مەعاریف بـۆ 58 مـەوزوع کە مەجبورن تەدریس بکەن تەنها بۆ دەرسێکیان کتێبی کوردی هەیە. بۆ مەوزوعەکانی کە چونکـە کتێـب نیـە تەلەبەکان مەجبورن نۆت بگرن و لەسەر ئەو نۆتانە مـەحکومی سـەعی کـردنن. لاکـین لـە صـینفە ئەولیـەکانا چونکە تەلەبەکان بە تەواوی ناتوانن بنوسن مومکینیان نابێ نۆتێکی صەحیح بگرن.." ژیـان، ژ118، 21 ی 6 ی 1928

لە ڕاپـۆرتی دوەمدا ئـەڵێ: "ئەگـەر تەماشـای واریـداتی لیواکـان بکـەین و موقایەسـەی بکـەین لەگـەڵ مەصاریفێکا کە بۆ مەعاریفیان تەخصیص کراوە لـە سـاڵی 926– 927 دا ئـەبینین ئـەو مەبلەغـەی، کـە بـە غەیری مەکتەبە عومیەکان، بۆ لیوای بەغداد صەرف کراوە عیبارەتە لە 38% بە نەزەری واریداتەکەیـەوە. لـە موسڵ دا 19% لە کەربەلادا هەتا 12.5% لە دلێم دا هەتا 10% لـە کـەرکوک دا 9% لـە دیالـەو بەصـرادا 8% لە مونتەفیک 7% لە کـوت دا 5.4% لـە حڵـەو عـەمارەدا 5.3% لـە ئـەربیل دا 3.2% لـە دیوانیـەدا 2.5% لە سلێمانی 1%.

"ئێستا موراجەعەت بە ویجدانی پاک و مونەزەهتان ئەکەم ئەجـەبا دروسـتە بـۆ مـەعاریفی لیـوای بەغـداد لـە 38% بە نەزەری واریداتەکەیەوە صەرف بکرێ کەچی لە لیوای سلێمانیدا 1% زیاتر صەرف نـەکرێ وە یـا وەکـو ئەبینین لە لیوای دیوانیە و هەولێردا 2.5% یا 3.5% صەرف بکرێ؟" ژیان، ژ 129، 20 ی 9 ی 1928

لە 1 ی 6 ی 1928 دا نائیبەکانی هەولێر: مـەعروف جیـاوک، ئیسـماعیل ڕەوانـدزی، جـەمال بابـان، عەبدوڵلا موفتیو نائیبەکانی کەرکوک: محەممەد سەعید، محەممەد جاف و نائیبەکانی سلێمانی محەممەد صـاڵح، صەبری، سەیفوڵلا خەندان، بە کۆمەڵ یاداشتێکیان دا بە وەزارەتی مـەعاریفی عیـراق. لـەم یاداشـتەدا داوای چاک کردن و گەشەپێدانی خوێنـدن و پـەروەردەیان کـرد بـو لـە جیهـەتی شـیمال دا. کومـەڵێک پێشـنیاری گرنگیان خستوەتە بەردەم کاربەدەستانی ئەو دەمی عیراق. لەوانە:

1. دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی کاروباری خوێندن لە لیوا کورد نشینەکان دا، کە داوەندەکەی لە یەکێ لەو شارانەدا بێ.
2. پێکهێنانی لیجنەیەک بۆ دانانی کتێب و، وەرگێرانی کتێبی قوتابخانەکان بۆ کوردی.
3. کردنەوەی فێرگەیەک بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان.
4. کردنەوەی قوتابخانە بۆ کچان.
5. کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی لەو شوێنانەی پێویستن.
6. کردنەوەی قوتابخانەی سانەوی.

1. 2. 2. کاروباری ئابوری

کوردستان لەو سەردەمەدا لە هەلومەرجێکی ئابوری دواکەوتودا بوە. زەرەرو زیانی گیانی و وێرانیی سەردەمی جەنگی جیهانی و، دوای ئەوە یش ناارامی سەروەر، لەشکرکێشی و بۆردومان و شەڕی بەردەوام، وڵاتەکەی بەجارێ دواخست بو. ئەگەرچی ئەم ئانیبانە چەند تەقەللایەکیان دا بۆ ئەوەی بودجەی تەرخان کراو بۆ کردنەوەی قوتابخانە، نەخۆشخانە، ڕێگاوبان، لە کوردستاندا زیاد بکەن، بەڵام هەمیشە بە بیانوی نەبونی پارەوە زۆر لەم پێشنیارانە ڕەت ئەکرانەوە. لە کاتێکدا بەردەوام سەرا و مەخفەری پۆلیس و سەربازگەیان دائەمەزراند.

کاتێ باسی دواکەوتنی کوردستان و زۆرلێکراویی کورد ئەکرا، هەندێ لە ڕۆژنامەکانی بەغداد ئەیان نوسی: ئەم قسانە بێگانە فێری کردون. ئەگینا ژمارەکان پیشانی ئەدەن کە پارەی زۆر لە کوردستان دا خەرج کراوە. لە وەڵامی یەکێ لەم وتارانەدا کە ڕۆژنامەی (البلاد) ی بەغدادی لەم بارەیەوە بڵاوی کردبووەوە، نائیبی هەولێر مەعروف جیاوک نوسیویێتی: "ئەو نوسەرە ئەڵێ: وڵاتی کورد، لەو پارەیەی خەزێنە دەستی ئەکەوێ، پارەیەکی زۆری تێدا سەرف کراوە. دا بچێت سەیری بودجەی گشتی بکا بزانێ جگە لە دروستکردنی مەخفەر و قەڵا کورد چی تری لێ دیوە؟ منیش ئەڵێم شارەکانی کورد شت کڕین و فرۆشتنیان هەر لە گەڵ شارەکانی عیراقە، ئەویش چونکە بە هەرزان دەستیان ئەکەوێ".

توفیق وەهبی یش لە یادداشتەکەیدا بۆ کۆمەڵەی گەلان ئەگێڕێتەوە، کاتێ کە موتەسەریفی سلێمانی بوە، داوای کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی کرد بو، بە بیانوی نەبونی پارەوە داواکەیان ڕەت کردۆتەوە، کەچی کە موتەسەریفی موسڵ لە هەمان ماوەدا داوای دروستکردنی زیندانێک ئەکا، یەکسەر پارەی دروستکردنی بۆ تەرخان ئەکەن. ئەم سیاسەتەی حکومەت دیارە بەم چەند ئانیبە نەئەگۆڕا، لەبەر ئەوە نەیانتوانی دەسکەوتێکی ئەوتۆ بە دەس بێنن.

1. 2. 3. کاروباری بەڕێوەبەرایەتی

لوتکەی چالاکییەکانی ئانیبە کوردەکان لە مەجلیسی نوابی عیراقیدا ئەو یادداشتەیە کە ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی، جەمال بابان، محەممەد ساڵح بەگ، سەیفوڵڵا خەندان، حازم شەمدین، محەممەد بەگی جاف، لە مانگی 4 ی 1929 دا داویانە بە سەرۆوەزیران و مەندوبی سامی بریتانیا لە عیراق. لەم یادداشتەدا داوا ئەکەن:

1. لیوایەکی تازە بە ناوی لیوای دهۆک لە قەزا کوردییەکانی موسڵ دروست بکرێ.
2. پەروەردەو خوێندنی ناوچە کوردییەکان لە بەغداد و موسڵ جیا بکرێتەوە، دەزگایەکی تایبەتییان بۆ دابمەزرێ کە داوەندەکەی لە یەکێ لە لیوا کوردییەکاندا بێ.

3. لیوا کوردییەکانی عیراق: هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و دهۆک لە یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتیدا یەک بخرێن. پشکنەرێکی لێوەشاوەی کورد بۆ سەرپەرشتی کردنی دابنرێ. لە ڕێگای ئەم پشکنەرەوە بپەسرێ بە بەغدادەوە.

4. بودجەیەکی تایبەتی بۆ ئەم دەزگایە تەرخان بکرێ.

چالاکەکانی کورد لەو سەردەمەدا جگە لە لیوای دهۆک، داوای پێکهێنانی لیوایەکی تریشیان کردبوو لە ناوچە کوردنشینەکانی دیالە و کوت بە ناوی لیوای باجەلانەوە. لەم عەریزەیەدا ئەمان توخنی ئەو باسە نەکەوتون. پێ ئەچێ ئەوە یش بۆ ئەوە بو بێ ئینگلیز نەڕەنجێنن. چونکە هەر لە سەرەتاوە ئینگلیز دژی ئەم پرۆژەیە بوە.

نیشتمانپەروەرانی کورد بە خۆشییەکی گەورەوە ئەم هەواڵەیان وەرگرت. چەندین بروسکەی پشتیوانییان بۆ ناردن. بەڵام ئەم خواستانە نەک هەر لە مەجلیسدا باس نەکران و فەرامۆش کران. وەک ئەگێڕنەوە مەلیک فەیسەڵ لەسەر ئەم یاداشتە وتویەتی: "ئەگەر بەدەستم بوایە ئەوانەی ئەمەیان نوسیوە هەڵم ئەواسین!". کاربەدەستانی ئینگلیز یش بە جوڵانەوەیەکی جیابونەوەخوازییان دانا. دائیبە کوردەکان ئیتر تەمێ خواردو بون. بۆ ئەوەی ڕقی کاربەدەستانی عیراق هەڵنەستێنن، جارێکی تر توخنی باسی لەو بابەتە نەکەوتن.

1 . 3 . کوردو ئینگلیز

1 . 3 . 1 . توانجێکی ڕاست بەڵام ناڕەوا

نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، هەتا ئێستا یش لایان وایە ئەم داواکارییانە بە هاندانی ئینگلیز بوە. بۆ ئەوەی هەڵوێستی حکومەتی عیراق لە گفتوگۆکانیدا لە بەرامبەر ئینگلیزدا لاواز بێ، ناچار بێ مەرجە قورسەکانی قبوڵ بکا. بێگومان ئەمە تۆمەتێکی بێ جێیە، چونکە:

یەکەم: دەوڵەتی عیراق، خۆی لە بنچینەدا دروستکراوی ئینگلیز بو. هەر ئینگلیز یش لەسەر پێ ڕایگرت و لە هەڕەشەی ناوەکی (کورد و شیعە) و دەرەکی (تورک) پاراستی.

دوەم: خواستەکانی کورد ڕەوا بون. ئەگەر ئەوان داواکانی کوردیان بسەلماندایە، ئەیانتوانی بە هەڵوێستێکی بەهێزەوە لە بەرامبەر ئینگلیزدا ڕا بوەستن. داوای دائیبە کوردەکان لە پارلەمانی عیراق بۆ بایەخدان بە خوێندەواری و، کردنەوەی قوتابخانە و کردنی کتێبی قوتابخانەکان بە کوردی، چ زیانێکی لە گەلی عیراق و نەتەوەی عەرەب ئەدا؟ یان یەکخستنی ناوچە کوردنشینەکان و هەبونی جۆرێ لە بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی ناوەندیی عیراقدا، چ زەرەرێکی بە سەربەخۆیی عیراق و قازانجەکانی نەتەوەی عەرەب ئەگەیاند؟ بەڵام ئەوانە هەمیشە (تەنازول)یان بۆ ئینگلیزو هێزەکانی دەرەوە پێ سەربەرزانەتر بوە لە (تەنازول) بۆ کورد.

ئەم قسەیە لە ناو کورد یشدا دەنگی داوەتەوە. زۆر کەس لە ڕۆشنبیرانی ئەو زەمانە بەدگومان بون لە هەندێ لە سیاسییە چالاکەکانی کورد. لایان وابوە ئەو کارانە بە فیتی ئینگلیز ئەکەن بۆ ئەوەی بە وەزیفەیەکی گەورە پاداشتیان بدەنەوە، یان کێشەیەک دروست ئەکەن بۆ ئەوەی سەرنجی ئینگلیز بەلای خۆیاندا ڕا بکێشن. تا ناچار بن بە دامەزراندنیان لە دەزگایەکی حکومەتیدا دەمکوتیان بکەن. بێکەس لەم بارەیەوە وتویەتی:

بێتو بەیەنی... و... زەرریەک تێک چێ ئیتر
مەسئەلەی کوردایەتی ئەوسا بەجارێ خەست ئەبێ!
دیارە بێکەس مەبەستی لە تێکچونی بەینی عەرەب و ئینگلیز بوە.

یەکێ لەو توانجانەی نوسەرانی عەرەب لە کوردی ئەگرن. ئەوەیە نائیبە کوردەکان لە پارلەمانی عیراقدا لە کاتی دەنگدانیدا هەمیشە دەنگیان بەو پرۆژە و پەیمان و رێککەوتننامانە داوە کە بە قازانجی ئینگلیز بون. پێداچونەوەی لیستی ناوی دەنگدەرەکان. راستیی ئەم قسەیە ئەسەلمێنێ. بەڵام ئەمە توانجێکی راستە بۆ سەلماندنی بەدگومانیەکی نارەوا.

1. هەڵوێستی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب. چ ئەوانەی کاربەدەست و سیاسی بون. چ ئەوانەی رۆژنامەوان و نوسەر. لە مەسەلەی کوردو خواستە نەتەوەییەکانی دۆستانە نەبوە. بەڵکو گرژ و توند بوە. ئەمە یش ترسێکی رەوای لەلای کورد بە گشتی دروست کردوە کە ئەگەر کاربەدەستانی عەرەب چاوی ئینگلیزیان لێ دیار نەبێ. ئەوا کورد ئەفلیقێننەوە. تورک چی بەسەر ئەرمەنیو کورد هێناوە، عەرەب ئەمان یش بەهەمان دەرد ئەبا. رۆژنامە عەرەبییەکانی بەغداد لەم جۆرە هەرەشانەیان ئەدا بە گوێی کوردا. لەبەر ئەوە بۆ پاراستنی خۆیان کە لایەنی لاوازو ژێردەستە بون. لە چەوساندنەوەی عەرەب کە لایەنی بەهێز و دەسەڵاتدار بوە. بون و مانەوەی ئینگلیزیان لە عیراق دا بە پێویست زانیوە. لەم روانگەیەوە بە قازانجی ئەوان دەنگیان داوە.

2. ئەوانەی بون بە نائیب و عەین. ئەگەرچی زۆریان لەناو شوێنەکانی خۆیاندا. پیاوی ناسراو و خاوەن پلەو پایەی کۆمەڵایەتی بون. بەڵام هیچکام لەم نائیبانە بە ئازادی لەلایەن کورد خۆیەوە هەڵنەبژێردراون. بە یارمەتی ئینگلیز و بە هێزی ئەوانەوە گەیشتونەتە مەجلیسەکانی نواب و ئەعیان. لەمەدا خۆیان بە قەرزاری ئینگلیز زانیوە. نەک بە هی گەلی کورد یا بە هی گەلی عیراق. بۆ دانەوەی ئەم قەرزە و دەستەبەرکردنی دەرچونەوەیان لە خولی داهاتوی هەڵبژاردندا. دەنگیان بە قازانجی ئینگلیز داوە.

1. 3. 2. هەڵوێستی ئینگلیز لە خواستەکانی کورد

هەڵوێستی ئینگلیز بە رونی لەو نامەیەدا دەرئەکەوێ کە (کیلبێرت کلایتن) ی مەندوبی سامی بریتانی لە بەغداد. دەربارەی عەریزەی نائیبەکانی کورد لە 20 ی 4 ی 1929 دا. واتە دەستبەجێ دوای پێشکەشکردنی. بۆ سەرۆکی وەزیرانی عیراقی نوسیوە و بە راشکاوی ئەڵێ:

"...لە بەر ئەوە، من لام وایە کە شتێکی بنەرەتییە هەر ئارەزویەک بەرە و جیابونەوەخوازی لەناو ئەرزەیەکی هەر بەشێکی تایبەتی ئەم نەتەوەیەدا هەبێ دابمرکێنرێتەوە...".

به پێی تێگەیشتنی مەندوبی سامی. خواستەکانی ناو عەریزەکە دو جۆرن:

یەکەمیان ئەوانەن کە پێوەندییان بە خوێندن و پەروەردە هەیە. دوەمیان ئەوانەن کە پێوەندییان بە یەکخستنی لیوا کوردییەکانەوە هەیە لە بەرێوەبەرایەتییەکی نیمچە ئۆتۆنۆمدا. بیرورای خۆی، کە بێگومان بڕیاردەر بوە لە سیاسەتی حکومەتی عیراقیدا. بەم جۆرە رون کردۆتەوە:

"دەربارەی خاڵی یەکەم. من هەمو هاودەردییەکم هەیە لە گەڵ ئارەزوی کوردەکاندا بۆ گەشەپێدانی پەروەردە کە تایبەتمەندییان بپارێزرێ لەناو سنوری ئەو بەڵێنانەدا کە پێشتر لەم نامەیەدا باسم کردن. بەڵام من هیچ بیانویەکم نیە. باوەڕ بەوە بکەم کە حکومەت درێغی کردوە لە لێکۆڵینەوەی بەرژەوەندییەکانی کوردا لەم بارەیەوە لەناو سنورە تەسکەکانی توانای داراییدا. شتێکی ئاشکرایە لە دۆخی دارایی ئێستای دەوڵەتدا. مەحاڵە بتوانێ هەمو پێویستییەکانی پەروەردە لە وڵاتدا بە تەواوی جێبەجێ بکا و ئەمە تەنیا کاتێ ئەکرێ کە گەشەکردنی ئابوری بوژانەوەیەکی گەورە و پارەی پێویست پەیدا بکرێ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی تەواوی پەروەردە. کە هەمومان بە ئاواتی ئەخوازین.

خاڵی دومم، شتێکە ئەبێ حکومەت بە پێی پێویستییەکانی کارامەیی و گونجانی بەڕێوەبەرایەتی مامەڵەی لە گەڵ بکا. بەڵام وەکو سەرەتایەکی گشتی دژی دانانی هەر ڕێوشوێنێکم کە بەرەو جیابونەوەخوازی بچێ نەک یەکێتی، من لام وایە کە باشترین قازانجی نەک هەر هی دەوڵەت بەگشتی بەڵکو هی کورد یش بەتایبەتی، لەوەدایە کار بکەن بۆ پشت بەستن بە یەکتری و هاوکاری نزیکتر...".

مەندوبی سامی بۆ ئەوەی ڕێ لە هەر هەوڵێکی تر یش بیرێ کە ڕەنگە لای وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی بەریتانی بدرێ، لە نامەیەکدا کە بۆ ئەم مەبەستە بۆ بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نوسیوە، ئەڵێ: "لەم دواییانەدا بزوتنەوەیەکی جیابونەوە خوازانە لە لیوا کوردییەکاندا سەری هەڵداوەتەوە کە خۆی نواندوە لە ژمارەیەک عەریزەدا کە دراون بە مەلیک، سەرۆکی وەزیران و من...".

مەندوبی سامی لە گەڕانەوەیدا بۆ عێراق، یەکێ لەو باسانەی لە ناو گفتوگۆکانیدا لە گەڵ سەرۆکی وەزیرانی تورکیا و وەکیلی وەزیری دەرەوەی کردوە، کێشەی کورد بوە. لەو ڕووەوە بە ڕاشکاوی بە کاربەدەستانی تورکیای وتوە کە سیاسەتی بەریتانی لە عێراقدا ئەوەیە: "کورد هان بدەن وەکو هاوڵاتی دڵسۆز و ڕازی لەناو دەوڵەتی تازەی عێراقدا بژین"و. ئەڵێ: "بیری دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ شتێکی گەوجانەو لە کردن نەهاتوە. هەر واتەواتێک دەربارەی ئەوەی کە حکومەتی خاوەن شکۆ هانی شتی وا ئەدا درۆیە...".

1. 4. بەڵگەکانی: کورد و پارلەمانی عێراق

1. 4. 1. لە العراق ەوە:

"شکڵی ئیدارەی مەخسوسە لە مەنتیقەی کوردیدا لە نوتقی ڕەئیسەل وەزراوە تەلخیص کراوە:

"ئەم وڵاتە ئەگەر حقوقی جەمیعی عەناصری عیراقی تەئمین نەکرێ مومکین نیە بژی لازمە کە حقوقی کورد بدرێ. وە لازمە هەرچەند موەزەفی ئەوان بێ لە خۆیان و لە ناو خۆیان دا تەعیین بکرێ. وە لوغەتی کوردی لوغەتی ڕەسمیی بێ و لە مەدرەسەکانیان دا تەدریسات بە لوغەتی کوردی بێ. ئێمە لەسەر خۆمان فەرز کردوە ئەم حەقە بدەین.

"لە پاش ئەو شەرتە کە ئیعلان کراو هەمو مەندوبەکانی عیراق بە چاکیان بینی بە هەمو وەزارەتدا تەبلیغی ذاتی ئیجرا کرا: شوبهە نیە کە مەعالی ئێوە ئاگاتان لە تەعەهودی ڕەئیسەل وزەرا هەیە کە لە مەجلیسی نوابدا داویە و بۆ ڕۆژی ئەوەڵ ئیعلان کراوە ئەو خیتابە سیاسیە تەزمونی ئەوە ئەکا کە حکومەت ئەم مەنهەج و مەسلەکە قبوڵ بکا لە ئیدارەی مەناتیقی کوردی دا عەمومی موەزەفین لە خۆیان بێ و لوغەتی کوردی لوغەتی ڕەسمیی بێ. فەخامەتی ڕەئیسەل وزەرا ئەمری پێ کردین کە ڕجا لە ئێوە بکەین بۆ تەتبیقی ئەمە بەزلی جەهد بکەین." (ژیان، ژ13. 22 ی 4 ی 926)

1. 4. 2. بۆ مەبعوسێکی حەق لە ژێر پێ نەر

"لە ژمارەی 2149 غەزەتەی ئەلعیراق دا دیمان کە لە مەجلیسی نیابیدا لە ئەسنای موزاکەرە و موناقەشەی میزانیەی مەعاریف دا نوابی موحتەرەمەی کەرکوک و ئەربیل جەنابانی نەشئەت ئیبراهیم و یوسف ئیبراهیم و ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی ناتەواوی مەعاریفی ئەلویەی شیمالیەو عەدەم عینایەتی حکومەتیان تەنقیدو. لە ئەلویە مەزکورەدا بە کوردی تەعمیمی تەدریساتیان داوە. لەگەڵ ئەمانەیش دا کردنەوەی مەکتەبێکی سانەوی لە ئەربیل و ئیکمالی سانەوی کەرکوکیان تەلەب و بەیان کردوەو جەنابی ئەمین زەکی بەگ ئەمەی تەئید فەرموە. موقابیل بەم ئیدیعا حەقانەیە یەکێ لە ڕەفیقەکانیان جەنابی داود حەیدەری بەگ کە

ئەویش بۆ تەئمینی مەنافیع و مەقاصیدی مەشروعەی میللەت رەوانەکراوی ئەربیلە وتویەتی: "لە ئیبتیدای لزومی تەدریسات بە زبانی کوردی موخالیفی رەفیقەکانم. وە لەسەر موسامەحەکردنی تەدریسات بە زبانی کوردی، مەعاریف بە هەمو هێزی خۆم تەنقید ئەکەم. لە ئەلویەی سەروبا مەعاریف زۆر ناتەواوە. قوتابیەکانی ئەو ناوە نە بە کوردیو عەرەبیو نە بە تورکی ئەتوانن قسە بکەن

"لەبەر ئەوەی ئەم قسانە لە زبان مەبعوسێکی کوردەوە لە مەجلیسی میللەت دا بەیان کراوەو بۆ عالەمی کوردایەتی تەجاوزێکە، مەجبور بوین کە بڵێین ئەم بەیاناتە لیسانی حاڵی هیچ فەردێکی میللەت نیە ئیللا جەنابی مەبعوس خۆی نەبێ.

"ئەوەڵەن: صەرفی نەزەر کە کوردی حەقی مەشروع و لیسانی میللیمانە و لە نەتیجەی فەلاکەت و موصیبەتی گەورە گەورەدا نائیلی بوین و بە قەراری لایەتەزەلزەلی جەمعیەتێکی وەکو عیصبەتول ئومەم پێمان بەخشراوە، ئەمڕۆ هەمو میللەتێ موقەدیمەی خوێندن و تەحصیلیان بە لیسانی مادەرزادی خۆیان دائەمەزرێنن، حەتتا بۆ تەئمینی ئەم مەقسەدە حکومەتی مەتبوعەی عالەی عیراقیش لە کەرکوکدا بە تورکی موساعەدەی تەدریساتی لوتف کردوە زیرا لە لایەنی هەمو ئەصحابی ئەقڵی سەلیم و شارەزایانی ئوصوڵی فەنی تەعلیم و تەدریس موصەدەقە کە تەحصیلی ئیبتیدائی بە لیسانی میللی ئەو تەلەبانە بکرێ چاکترو شایانی ئیستیفادەترە لەمەی بە زبانێکی بێگانە بکرێ.

"سانیەن: لە ئەلویەی شیمالیە دا لەسەر بە کوردی تەدریسات موجیبی تەنقیدی مەعاریف نیە. لە پێش هەمو شتێک دا دانیشتوانی ئەلویەی شیمالی بە ئەکسەریەت کوردە و، ئەمەیش لە دوای تەدقیق و وردبونەوەیەکی ئاشکرایی دا غەیرە قابیلی ئینکار سابیت بوە، لە بەر ئەمە شایانی تەنقید مەعاریف نیە بە کوردی خوڵقاو بونمانە. وە ئەو کەسەیە کە ئەم حەقەی پێ بەخشین.

"سالیسەن: قوتابییەکانمان زۆر چاک ئەتوانن بە کوردی قسە بکەن. ئەگەر نەیکەن ئەبێ چۆن کوردێک بن؟ وە لە بەر ئەمەی یەکێ لە مەوادی پرۆغرام تەدریساتی زبانی عەرەبییە هیچ شوبهەی نیە عەرەبییش ئەزانن. بینائەن عەلەیهی جەنابی داود حەیدەری بەگ هەروەکو موخالیفی رەفیقەکانی بو، بەیاناتەکەیشی خیلافی حەقیقەت و واقیع بو. جددەن جای تەئەسوفە مەبعوسێک کە بۆ تەئمینی ئامال و مەقاصیدی کۆمەڵێک رەوانە کرابێ و لەو مەوقیعەدا حەقی تەکەللومی بە سایەی ئەوانەوە دەست کەوتبێ کەچی بیلعەکس زەربە لە بناغەی ئەملی میللەت بدا و بیەوێ بیروخێنێ و لە حەقێک کە بە هەزار کوێرەوەری و فەلاکەت دەستڕەسی بوین مەحرومومان بکات. ئەگەر لە مەجلیسدا مەقسەد لە موعارەزەو موناقەشە جەلبی زەرەرو روخاندنی ئەساساتی میللیەی خۆمان بێ. وەکو مەبعوسەکانی ئێمە ئیختیاری سکوت و ئیعلانی بێ تەرەفی کردن بەلامەوە گەلێ چاکترو موصیبترە! م.ا." (ژیان، ژ68. 31 ی 4 ی 927)

1. 4. 3. بۆ وەکیلە موحتەرەمەکانمان

"ئەی وەکیلانی میللەت!

"ئەی ئەو زاتانەی کە موقەدەراتی میللەتێکتان تەودیع کراوە!

"ئەی ئەوانەی کە ئەم وەزیفە موقەددەسە، موهیمە، حەیاتییەتان قوبوڵ کردوە!

"ئەی ئەو شەخصانەی میللەت موقابیل بە هەمو چاکەیەکیان تەقدیرو خراپەیەکیان مەسئولیان ئەکات!

"ئەی وەکیلە موحتەرەمە کوردەکانمان! ئەم خیتابەمان لەگەڵ ئێوەیە. وە ئەم هاوارەمان هەر موقابیل بە ئێوەیە.

"ئێمە نامانەوێ بەحسی دەورەکانی کە بکەین. لە دەورەکانی کەدا ئەوی ئیشێکی کردبێو حسابێکی دابێ بە میللەتەکەی خۆی، هەر مەعالی ئەمین زەکی بەگی وەکیلی موحتەرەممان بوە.

"بەڵام توخوا ئێوە هیچ بە عمومی زانیوتانەو لێکتان داوەتەوە کە چ وەزیفەیەکی موقەدەس و حەیاتیتان تەودیع کراوەو گرتوتانەتە ئەستۆی خۆتان؟ عەجەبا نازانن وەتەنەکەتان لە چ حاڵێکایە، غەیری حقوق، لە هەمو ناسارێکی عیمران و تەرەقی لە مەعاریف، صەنایع، تیجارەت، زەراعەت، ئیقتیصادیات دا چەندە مەحرومە؟ وە ئەگەر هەروا بمێنێتەوە چەند مەحکومی مردنە. وە نازانن بۆ ئەوەی بژی، تەرەقی بکات حقوقی چنگ کەوێ هیوا و ئومێدی هەر بە ئێوەیە؟

"ئێوە ئەبێ بزانن کە ئینتیخاب کردەی میللەتێکی یەک ملیۆن نفوسین. وە لە دواتانەوە پشتیوانێکی موهیم و بەقوەتی وەک ئەم میللەتە هەیە. وە ئەبێ بزانن و لە هەمو کەسێکی مەعلوم بکەن کە ئەمڕۆ لە مەجلیسی مەبعوسانی عیراق دا کۆمەڵێکی زۆر هەیە کە تەمسیلی شەعبێکی موهیمی وەکو کورد ئەکات.

"موقابیل بەم وەزیفە موهیمەیەتان و لە حاڵێکا کە ئەزانن میللەتەکەتان ئەمەندە دواکەوتوە و ئەبێ فەوقەلحەد سەعی بۆ بکرێت کەچی مەعەلئەسەف هەتاکو ئێستا نە لە مەجلیس‌دا و نە لە خاریجەوە بە نەشریات و تەشەبوسات کەس خدمەتێکی لە ئێوە نەدی فەعالیەتێکتان نەنواند و تەئمینی یەکێ لە مەقاصیدانی میللەتتان نەکرد." (ژیان، ژ 164، 4 ی 4 ی 929)

1. 4. 4. ویستنێکی مەشروع

"بۆ تەلەبی تەتبیقی ئەو ئیمتیازەی کە هەیئەتی عالی عصبە الامم لە حەلی ولایەتی موصلا بە کوردەکانیان بەخشیوە و بۆ ئەوەی ئەم حقوقە و، ئەم ئیمتیازە بە تەواوی لە هەمو موحیتی کوردستانا تەتبیق بکرێ لە چواری ئەم مانگەدا لە تەرەف مەبعوسە موحتەرەمە کوردەکانەوە تەقریرێک تەقدیمی رەئیسەلوزەرای عیراق و فەخامەتی مەندوبی سامی کراوە. وە بۆ ئەوەی هەمو کوردەکان لەم مەسئەلەیە حاڵی بېن صورەتێکیشی بۆ دەرچی لە غەزەتەدا بۆ ئیدارەخانەی ژیان نێرراوە.

"وا صورەتی ئەو مەتالیبەی کە وەکیلە موحتەرەمە خۆشەویستە بە قیمەتەکانمان تەلەبیان کردوە بە تەرجومەکراوی نەشر کرا.

"وە دەرەجەی حسییات و مەسروریەتی میللەتەکەیش بەرامبەر بەم فەعالیەتەی کە وەکیلە خۆشەویسەکانمان بۆ موحافەزەی حقوق و بۆ بەرزبونەوەی وڵات و میللەتەکەمان کردویانە بە موفەصەلی عەرز ئەکرێ.

"فەخامەتی رەئیسەلوزەرای عیراق!

"صورەتێکی بۆ فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق!

"لەو وەقتەدا کە لوجنەی عصبە الامم خەریکی حەلی مەسئەلەی موصل بو، لە تەقریرەکەیانا تەوصیەیان کرد بو بە دانی بەعزێ ئیمتیازاتی ئیداری بە میللەتی کورد.

"لە خسوس ئیدارەیانەوە بۆ تەئمینی مەصالیحیان صەلاحیەت و حوریەتێکی کامیلەیان پێ بەخشی بون. بەڵام مەعەلئەسەف ئەم ئیمتیازاتە کە لازم بو لە عمومی کوردستانا تەتبیق بکرێ هەر مونحەصیر کراوەتە سەر لیوای سلێمانی و هەولێر و. ئەم رێیەی لە خسوس تەتبیقی ئەم ئیمتیازەوە حاڵی حازر گیراوە فائیدەیەکی عیلمی، ئیقتیصادی و ئیدارەیەکی باش کە رەغبەتیان لەسەر بێ، بە کوردەکان نابەخشێ.

"وە مەعلومە ئەم ئوصولە و ئەم رێیەی کە ئێستا بۆ تەتبیقی ئەم ئیمتیازە گیراوە و، کە حکومەت زۆر صعوباتی تیا ئەکێشێ، نەتیجە فائیدەیەکی باشیشی نابێ بۆ کوردەکان. کەواتە لازمە بۆ تەتبیقی ئەم ئیمتیازە تەشکیلاتێکی عمومی و واسیعتر بکرێ کە زیاتر مولائیم بێ بۆ حقوقی کوردەکان و ئەو وەقتە بە تەبیعی ئەم بارە قورسەیش لە سەرشانی حکومەت سوک ئەبێتەوە.

"بە قەلبێکی صەمیمیەوە ئیستیرحام ئەکەین تەماشای مەتالیبەکانی خوارومان بکەن. وە بە عەجەلە تەوەسول و صەلاحیەت بدەن بۆ ئەم تەشکیلاتە مەتلوبە موصیبەیە.

1. لە فەخامەتتانەوە مەخفی نیە کە لیوای موصل لە وەزعیەتی حازرەی دا عیبارەتە لە 24 ناحیەو 9 قەزا. وە ئەم قەزایانەیش ئەمانەن: شێخان، عەقرە، زێبار، عەمادیە، زاخۆ، دهۆک، تەلەعفەر، سنجارو، نەفسی قەزای موصل. وە ئەگەر بڵێین ئەکسەریەتی عەشائیر و ئەهالی ئەم قەزایانە موافیقی لوغە، تاریخ و عادەتیان کوردن شتێکی تازە ناڵێین. وە ئەو خەریتەیەی کە لوجنەی عصبە الامم لەسەر ئەساسێکی جنسیەت لەم خسوسەوە رەسمی کردوە لە بەر چاومانە و بە ئاشکرا ئیسپات و ئیزاحی ئەمە ئەکات.

"غەیری ئەمەیش جدەن زۆر زەحمەتە بۆ موتەصەریفی لیوای موصل کە دائیمەن لە ناو ئەم مەنتیقە واسیعەدا بگەڕێ و ئاگاداری هەمو ئەحواڵی ئەهالیەکە بێ و. دیسانەوە بۆ ئەهالیش زۆر زەحمەتە کە بۆ ئیشی حکومەتیان دائیمەن بێنە مەرکەزی لیواو. لە بەر ڕێ دوری و لە بەر ئەوەی کە لە زبانی کوردی زیاتر لیسانێکی کە نازانن و لە بەر ئەوەی کە وەزعیەتی مالیەیشیان موساعید نیە لە بەر ئەوە ئیقتیراح ئەکەین تەشکیلی لیوایەکی کوردی بکەن کە مەرکەزەکەی دهۆک بێ و بە لیوای دهۆک ناو ببرێ و. قەزای عەقرە، زێبار. عەمادیە، زاخۆ. مولحەقی ئەم لیوایە بن و. تەشکیلاتی ئەم لیوایەش بەپێی تەشکیلاتی لیواکانی ئیستای شیمال بێ و موعامەلاتی رەسمیەیان بێ بە کوردی.

2. وە لە فەخامەتتانەوە مەخفی نیە کە موازەنە و میقیاسی میللەتێک هەر مەعاریفە و هەر مەعاریف ژین و سەعادەت و ئیستقبالی میللەتێک تەئمین ئەکات. وە عەکسی ئەمە ئەگەر میللەتێ مەعاریفی نەبێ مەحکومی مردن و زیللەتە. وە ئەگەر بە مونصیفانە تەماشای وەزعیەتی مەعاریفی لیوا کوردیەکان بکەین و لەگەڵ مەعاریفی مەنتیقەکانی کەدا موقایەسەی بکەین موتەئەسیفانە چاومان پێ ئەکەوێ کە مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان بە دەرەجەیەک دواکەوتوە کە ئینسان موتەئەسیر ئەکات. وە وا ئەزانین ئەم دواکەوتنەی مەعاریفیش هەر لە بەر ئەوەیە کە مەربوتی مودیریەتی عمومیە لە بەغداد کە هیچ ئیهتیمام ناکات بۆ ئیکمالی ئەو واسیتانەی کە مەعاریفی ئەم مەملەکەتەی پێ تەرەقی ئەکات. وە غەیری ئەمیش ئەسبابێکی تری هەیە کە بە نیسبەت صەدەوە میقدارێکی زۆر کەمی بۆ مەعاریفی کوردستان صەرف ئەکرێت. وە ئیهتیمام ناکرێ بە تەرجومەو تەئلیفی کتێبان.

لە بەر ئەوە ئیقتیراحیش ئەکەین کە بۆ مەعاریفی ئەم لیوا کوردانە مودیریەتێکی مەعاریف تەعین بکرێ کە مودیرەکەی کوردێک بێو مەرکەزەکەیشی لە یەکێ لەم لیوا کوردیانە بێ.

3. تەوحیدی ئیدارەی چوار لیوا کوردەکە بکرێ کە سلێمانی، کەرکوک، هەولێر و دهۆکە. وە بۆ ئەمانە تەشکیلی موفەتیشیەتێکی عام بکرێت کە رەئیسەکەیان یەکێ بێ لە کوردەکان کە ئیقتیداری کیفایەتی بۆ ئەم وەزیفەیە مەعلوم بێ کە موراقەبەی هەمو ئیشوکاری ئەم لیوایانە بکات و موتەصەریفی لیواکانیش موراجەعەتی پێ بکەن و صەلاحیەتێکی تەواویشی بدرێتێ و مەربوتی پایتەختی حکومەتی عیراق بێ و. لە لیوا کوردەکانا تەمسیلی هەمو وەزارەتەکان بکات. وە بۆ ئومـوری مالیە، ئیقتیصادیە، صحیە، عەدلیەیش هەیئەتێکی لەژێر دەستا بێ بۆ ئیستیشارە.

4. تەلەب لە حکومەت ئەکەین کە سەعی بکات بۆ تەعدیلی بەعزێ مەواد لە قەوانینی عیراق دا ئەوانەی کە ئەزانرێ بە نەزەر وەزعیەتی جوغرافیای ئەو مەنتیقەیەوە بۆ حقوق ئەهالیەکەی موساعید نیە تەتبیق بکرێ و. ئیقتیراح ئەکەین مەوادی قانونی ئەرازی بکەن بە صورەتێک کە لە دو ساڵ کەمتر نەبێ بۆ ئەوەی کە تەسهیلاتێک بێ بۆ مەصالیحی ئەهالیەکەو تەشجیعیشیان بکات کە بۆ تەسجیلی ئەرازییەکانیان تەشەبوس بکەن بە مەجانی.

5. ئیقتیراح ئەکەین بودجەی عومومی ئەم مەملەکەتە- مەنتیقەیە موافیقی نیسبەتی لای خوارەوە صەرف بکرێ: لە میزانیەی عومومی ئەو مەبلەغەی کە بۆ دەوائیری مەرکەزیە تەخصیص ئەکرێ لێی تەنزیل بکرێ باقیەکەی تری مساواتەن یا بە نیسبەتی نفوس وە یا بە پێی واریداتیان بەسەر لیواکانی کەدا تەقسیم بکرێ. وە لازمە مەسئەلەی گومرگی عومومیش بە نەزەرێکی دیقەت بگیرێ.

"ئەی فەخامەتمەئاب! لەگەڵ ئەم حسیاتە چاکەی ئێمە هەمانە بەرامبەر بە حکومەت هیچ مانعێک نابینین بە ئیحتیرامەوە مەتالیبی میللەتەکەمان تەقدیمتان بکەین بە صیفەتێک کە رەئیسی حکومەتەکەن و رجا ئەکەین ئەم مەتالیبە بە نەزەرێکی دیقەت تەحقیق بفەرمون کە چەند بۆ زەراعەت و تەرەقی ئەرازی و تورق مواصەلات مان چاکە و لە تەتبیقا چەند دیارەمان تەوسیع و وەزعیەتمان چاک ئەکات. ئێمە غەیری شتێک نەبێ کە تەتبیقی زۆر باش و مومکینە تەلەبێکی تر ناکەین کە بۆ حالەت و وەزعیەتی مالیەو سیاسیەی عیراق خراپ بێ.

دیسانەوە تەعزیماتی فائیقەمان تەقدیم ئەکەین.

ئیسماعیل نائیبی هەولێر. جەمال بابان کەزا. محەممەد صاڵح نائیبی سلێمانی. سەیفوڵڵا نائیبی سلێمانی. حازم نائیبی موصل. محەممەد جاف نائیبی کەرکوک." (ژیان. ژ 166. 11 ی 4 ی 929)

1. 4. 5. ئەی وەکیلانی میللەت!

ئەی خۆشەویستانی هەمو قەومی کورد!

"صورەتێکی تەرجومەکراوی تەقریرە بە قیمەتەکەتان کە لە نوقتەی محافەزەی حقوقی میللەتی کوردەوە داوتانە لە سەرەوە دەرج کرا.

"فەعالەت و جیددیەتێک کە بۆ ئیحقاقی حەقێکی مەشروعی کوردەکان و بۆ تەرەقی و تەعالییان ئیبرازتان فەرموە. سرورو خۆشییەکی خستە دڵی هەمو میللەتی کوردەوە.

"میللەت خۆی زۆر بە بەختیار ئەزانێ کە وەکیلێکی عالی و بە قیمەتی وەکو ئێوەی هەیە. بۆ ئەم مەتالیبە مەشروعە کە ویستوتانە هەمو پشتیوانتانن.

"بە خسوسی بە ناوی ژیانەوەو بە عومومی بە ناوی میللەتی کوردەوە تەشەکورتان ئەکەین هەربژین." (ژیان. ژ 166. 11 ی 4 ی 929)

1. 4. 6. جوابی غەزەتەی العراق بە تاریخی 9 ی 4 ی 1929

"بەرامبەر بەو تەقریرەی کە وەکیلە خۆشەویستەکانی میللەتی کورد بۆ تەلەبی حقوقی میللەتەکە دابویان بە غەزەتەی العراق 9 ی 4 ی 1929 تاریخ دا چاومان بە چەند دێرێک کەوت.

"ئێمە چونکە زبانی حاڵی میللەتی کوردین هەرچەندە لە سەرمان واجب بو جوابی بدەینەوە بەڵام بۆ ئەوەی حسیاتی کوردەکان تەحریک و نەتیجەی شتێکی خراپ تەولید نەکات ئەمان ویست دوورودرێژ جوابی بدەینەوە. هەر ئەمەندە ئەڵێین بۆ العراق زۆر عەیب و فکرێکی غەڵەتە کە بە هەمو حسیاتیەوە میللەتێکی شەجیع. صاحیب شەرەفی وەکو کورد تەهدید ئەکات و ئەیترسێنێ بەوەی کە ئەڵێ: "کوردەکان تەلەبی وا بکەن وەکو ئیدیعای ئەرمەنییەکانی لێ دێت کە موقابیل بە تورکیا کردیان و نەتیجە بەم حاڵە گەیشتن.

"ئەی صاحیب و موحەڕیری العراق! بە جدی عەرزت ئەکەین کورد هیچ وەقتێک خۆی بە ئەرمەنی نازانێ و عیراقیش بە تورکیا. کورد بەو شەرتە لەگەڵ عیراقا ئەژی نەک وەکو غەزەتەکانی خاریج ئەڵێن و

ئەنوسن: "ئەبێ ئەم دو میللەتە وەکو بەریتانیا و ئوسکۆتلاندا بژین و تەماشای یەکتری بکەن" بەڵکو کورد ئەیەوێ زیاتر تەماشای بکرێ.

"رجا لە ئەولیای ئومور ئەکەین ئەگەر ئەیانەوێ ئەم دو میللەتە بە یەکەوە بژین نابێ مەیدان بدەن شتی وا بنوسرێ. چونکە غەزەتەکانی کوردیش مەجبور ئەبێ موقابیل بە هەمو تەعەروزێک نەک موبافەعە بەڵکو هجوم بکات. هەر ئەوەندە ئەڵێین." (ژیان. ژ 167. 15 ی 4 ی 929)

1. 4. 7. لە گیلبێرت کلایتنەوە بۆ عەبدولموحسین ئال سەعدون

لە گیلبێرت کلایتن (Gilbert Clayton)، مەندوبی سامی بریتانی لە عیراق

بۆ عەبدولموحسین ئال سەعدون، سەرۆکی وەزیرانی عیراق

بەغداد، 20 ی 4 ی 1929

"لەم یەک دو حەفتەی رابوردودا، کۆپی چەند عەریزەیەکم پێ گەیشتوە کە دراون بە حکومەت، یان بە بێ ناو بڵاو کراونەتەوە، لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگای کوردییەوە. لەوانە ئەو عەریزەیەی کە دراوە بە پایەبەرزتان. لام وایە ئەمە هەلێکە بۆ ئەوەی بیروڕای خۆم لەسەر مەسەلە گشتییەکە بۆ پایەبەرزتان رون بکەمەوە.

"پایەبەرزتان باش ئاگادارە لەو مەرجگەلەی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەربارەی پاراستنی هەندێ ماف و ئیمتیازاتی کوردەکان لە عیراقدا دای نابون. ئەم مەرجانە کران بە مەرجی بەلاداخستنی رەزامەندانەی کێشەی سنوری موسڵ و، حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا یش دڵنیاییدا بە کۆمەڵە کە ڕێزیان ئەگیرێ. حکومەتی عیراق یش هاوبیر بو لەم دڵنیایی دانەدا. منیش دڵنیا کرام کە بە دڵسۆزییەوە بەڵێنەکانی کە دراون بەجێ هێناوە و، لە پاشەڕۆژ یشدا هەروا بەردەوام ئەبێ.

"لەلایەکی ترەوە، ویستی حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیایە ببینێ یەکگرتنی هەمو ئەو توخمانەی کە دانیشتوانی عیراق پێک ئەهێنن لە دەوڵەتێکی جێگیر و پێکەوە گونجا و. هەر بە پێرەوی سیاسەتێکی وەها عیراق ئەتوانێ ببێ بە ئەندامێکی بەهێز و گەشاوەی کۆمەڵگای گەلان.

"لە بەر ئەوە، من لام وایە کە شتێکی بنەرەتییە هەر ئارەزویەک بەرەو جیابونەوەخوازی لەناو ئەرزەیەکی هەر بەشێکی تایبەتی ئەم نەتەوەیەدا هان نەدرێ. ئامانج ئەبێ پشت بەستن بێ بە یەکتری و هاوکاری بێ لە نێوان کۆمەڵگا جیاوازەکاندا. هیوادارم لەچەند ساڵی داهاتودا پێشکەوتنێکی دیار لە گەشەکردنی ئابوریدا ببینرێ. شتێکی ئاشکرایە کە هەر یەکێتی ئامانج ئەتوانێ زیادبونی گشتی لە خۆشگوزەرانیدا دابین بکا، ئاسودەیەک کە هاوبەشە جیاوازەکانی دانیشتوان وەکو یەک هاوبەشی بن.

"من وا تێبینی ئەکەم خواستە تایبەتییەکانی کە لە عەریزەکەدا خراونەتە بەرچاو ئەمانەن:

أ. پەرەپێدانی دامودەزگا پەروەردەییەکان لە ناوچە کوردییەکاندا.

ب. دامەزراندنی لیوایەکی کوردیی جیاواز کە ناوەندەکەی لە دهۆک بێ و، سەرەنجام یەکخستنی هەمو لیوا کوردییەکان لە چەشنی پشکنەرایەتی (موفەتیشییەت) ی نیمچە ئۆتۆنۆم دا.

"دەربارەی خاڵی یەکەم، من هەمو هاودەردییەکم هەیە لە گەڵ ئارەزوی کوردەکاندا بۆ گەشەپێدانی پەروەردە کە تایبەتمەندییان لەناو سنوری ئەو بەڵێنانەدا یە کە پێشتر لەم نامەیەدا باسم کردن. بەڵام هۆیەک نیە کەوا بکات لەو باوەڕەدا بم کە حکومەت دریخی کردوە لە لێکۆڵینەوەی بەرژەوەندییەکانی کوردا لەم بارەیەوە لەناو چوارچێوەی داراییدا. شتێکی ئاشکرایە لە بۆخی دارایی ئێستای دەوڵەتدا، مەحاڵە بتوانێ

هەمو پێویستی‌یەکانی پەروەردە لە وڵاتدا بە تەواوی جێبەجێ بکا. ئەمە تەنیا کاتێ ئەکرێ کە گەشەکردنی ئابوری بوژانەوەیەکی گەورەو پارەی پێویست پەیدا بکرێ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی تەواوی پەروەردە، کە هەموومان بە ئاواتی ئەخوازین.

خاڵی دوەم شتێکە ئەبێ حکومەت مامەڵەی لە گەڵ بکا بە پێی پێویستی‌یەکانی کارامەیی و گونجاوی و بەڕێوەبەرایەتی. بەڵام وەکو سەرەتایەکی گشتی دژی دانانی هەر ڕێوشوێنێکم کە بەرەو جیابونەوەخوازی بچێ، نەک یەکێتی. من لام وایە کە باشترین قازانجی نەک هەر هی دەوڵەت بەگشتی بەڵکو هی کورد یش بە تایبەتی، لەوەدایە، کاربکەن بۆ پشتبەستن بەیەکتری و هاوکاری نزیکتر بونەوەی هەمو کەرتەکانی دانیشتوان، وەکو یەک بەشداربن، لەزیانکردنی ئەو گەشانەوەیەدا. کە باوەڕم وایە لەئەنجامی تەقەلاکانی حکومەتدا ئەبێ بۆ گەشەپێدانی سەرچاوەکانی وڵات. (بەڵگەی ژمارە FO371 ی 13759)

1. 4. 8. لە گیلبێرت کلایتنەوە بۆ سێر جۆن ئی شەکبێرگ

لە گیلبێرت کلایتن (Gilbert Clayton)، مەندوبی سامی بریتانییەوە لە عیراق
بۆ سێر جۆن ئی. شەکبێرگ (Shuckburg)، لە داونینگ ستریت، لەندەن
بەغداد، 22 ی 4 ی 1929

"لەم دواییانەدا بزوتنەوەیەکی جیابونەوەخوازی لە لیوا کوردی‌یەکاندا سەری هەڵداوەتەوە، کە خۆی نواندوە لە ژمارەیەک عەریزەدا کە دراون بە مەلیک، سەرۆکی وەزیران و من. هەندێک یش بەبێ ئیمزا بڵاوکراوەتەوە کە زۆر توندرەوانەترن و، کۆپی‌یەکانی ئەوان یش لەلایەن موفەتیشە ئیداری‌یەکانی ناوچە کوردی‌یەکانەوە نێردراون.

عەریزەکان بە زمانێکی هێمن داڕێژراون و بەشێوەیەکی سەرەکی باسی داوای دامودەزگای پەروەردەیی زۆرتر ئەکەن لە زمانی کوردی و، یەکخستنی لیوا کوردی‌یەکان لە ناوچەیەکی جیاوازدا سەر بەخۆیان بێ.

مەلیک و هەروەها کورنوالیس، هەردوکیان پێشنیاریان کرد کە ئەم بزوتنەوەیە ئەبێ لە سەرەتاکەیەوە مەهار بکرێ بۆ ئەوەی گرنگی‌یەکی گەورەتر پەیدا نەکا. پێ ئەچێ بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ ئەو تەنگوچەڵەمە وەزاری‌یە و، لەوانەیە زۆرتر یش بگەڕێتەوە بۆ هاتنی من بۆ ئێرە و بەدەستهێنانی پشتیوانی من لە ئاواتەکانی کورد. لە بەر ئەوە، من وام بیر کردەوە شتێکی باشە پاڵ بدەم بە پاڵ ئارەزوی حکومەتی عیراقەوە، بیروبۆچونی خۆم بۆ ئەوان لەسەر ئەم مەسەلەیە دەربڕم. نامەیەکم بۆ سەرۆکی وەزیران نوسی، لەوە کۆپی‌یەکت لەگەڵ ئەم بەریدەدا پێ ئەگا.

ویستم لەم مانگەدا سەری لیواکانی سەرو بدەم، بەڵام چونکە تەنگوچەڵەمەی وەزاری بەلادا نەکەوت بو، ئەبو سەردانەکەم واز لێ بهێنم، بەڵام دا دەرنەکەوێ ئەچونەکەم بە خێر گەڕابێتەوە.

لام وایە نابێ ئەمە ببێتە هۆی بەهەڵە تێگەیشتن. بەڵام پێم وایە باشە هەندێ شت لە بارو دۆخەکە بزانی، بەتایبەتی چونکە زۆر لەوانەیە هەندێ مەزبەتە لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕێ بدۆزێتەوە بۆ لای سکرتێری دەوڵەت یا شوێنی تر. (بەڵگەی ژمارە FO371 ی 13759)

1. 4. 9. بۆ مەندوبە موحتەرەمەکانمان

بە موناسەبەتی حلولی ئیجتیماعی میللییەوە بۆ مەندوبە موحتەرەمەکانمان، نائیب و واجیباتی:

"ئوصولی نیابەت ئوصولێکی دیموقراسیە. ئەمڕۆ دەرەجەی ئەهمییەت و لزومی وەک (موتاعەرەفە)یەکی لێ هاتوەو لێدوانی زائیدە. ئەساسی مەوزوعی ئێمە تەدقیق و تەحقیقی ئەم ئوصولی موهیمەی حەیاتیە نیە،

چونکە تەقریبەن لە ئەواخیری عەصری هەژدەمەوە هەتا ئێستا، عولەما، تێگەیشتوانی غەرب و شەرق خەریکی تەشریحی ئەم مەسئەلەیەن. باوەڕ ناکەم کەس مابێ ئینکاری چاکی ئەم ئوصوڵی ئیدارەی حکومەتە بکات.

"ئەوەی ئێمە کردومانە بەسەر لەوحەی مەقال: وەزیفەو واجیباتی وکەلای ئوممەتە. لا عەلەل تەعین هەر ئوصولێک وەلەو حائیزی هەمو ئەوصافێکی نافیع بێ، بە شەرتی حوسنی ئیدارە ئیستیعمال نەکرێ، فائیدەیەکی مەتلوبەی لێ ئیستیحصال ناکرێ. بینائەن عەلەیهی ئەم ئوصوڵی نیابەتەیش ئەگەر لە تەرەف صاحیب لیاقەت و ئیقتیدارەوە تەتبیق نەکرێ لە جێگەی نەفع زەرەر ئەبەخشێ.

"لەپاش ئەم موقەدیمەیە بێینەوە سەر ڕۆحی مەسئەلە. ئێوە ئەی حەزەراتی وەکیلانی ئوممەتی بێچارەی کورد، ئەم خیتابەمان لەگەڵ ئێوەیە. ئەبێ بزانن کە هەمو قەوانین و نیزاماتی حکومەت تا ئێوە تەصدیقی نەکەن ناکرێ، وە لەم خسوسەوە مەسئول، ئەم مەجلیسەی ئێوەیە. ئەم مەجلیسە هەمو بەجارێ تەمسیلی میللەتەکەی خۆی ئەکات. کولی مەندوبێک لە تەرەف 25 هەزار کەسەوە تەوکیل کراوە و حقوقی ئەم 25 هەزار کەسە تەوديعی ئۆباڵی ئەو کراوە. ئەو کورسیەی کە لە مەجلیس دا ئیشغالی ئەکەن شەرەفی 25 هەزار کەسی هەیە. ئەبێ بزانن کە دائیمەن هەر یەکێک لە ئێوە 50 هەزار چاو چاوەڕوانی خزمەت و فەعالیەتی لێ ئەکات.

"ئەمە 3 دەورەی ئیجتیماعییەی موهیمی نیابیەتان تێ پەڕان. کەچی میللەت لە ئێوە بە تەواوی سەعیەک و فەعالیەتێکی نەدی. تەبیعی لە حەزەراتی ئێوە بەعزێکتان چاوتان پێ کەوتوە وەیا بیستوتانە کە لە ئەلویەکانی جنوب ئەمڕۆ لە خسوس هەمو شتێکەوە تەکامولی کردوە. هەمو مالەزەمەیەکی بۆ ئیحزارو هەمو ئیحتیاجاتێکی دەفع کراوە. تەبیعی لیواکانی خۆیشتان دیوە. لازمە موقایەسەی بکەن. عەجەبا ئەسبابی ئەم هەمو نوقصانیەو دواکەوتنە نازانن؟ تەبیعی ئەیزانن کە مەندوبەکانی ئەوان لە داخڵی حدود و صەلاحییەتی خۆیانا هەمو نەوعە تەشەبوسێکیان کردوە. واجیباتی مەودوعەی خۆیانیان بەجێ هێناوە و بۆ میللەتەکەیان تێ کۆشاون. هەتا بەم نەوعە میللەتەکەیان مەمنون و خۆشیان لای ئەوان خۆشەویست کردوە.

"ئەبینین کە ئەکسەر لە نوابەکانی جنوب بۆ فەحص و تەدقیقی ئیحتیاجاتی ئیقتیصادی، عیلمی، صیحی، ئەسورێنەوەو حەتا خاریجی مەنتیقەی ئینتیخابییەکان ئەگەڕێن لە زەرورەت و لەوازیماتی میللەت تێ ئەگەن. بۆ پێکهێنانی ئەمانە ئیرشادو تەوصیەی حکومەت ئەکەن و بەو نەوعە واجیباتی موقەدەسەی خۆیان ئیفا ئەکەن. کەچی هێشتا زۆر لە ئێوە ئەمەندە مەراقی نەکردوە کە لە داخڵی مەنتیقە ئینتیخابیەکەی خۆیا گەشتوگوزارێ بکات. ئیحتیاجاتی زەرورەتی میللەتەکە تەدقیق و بۆ ئیکمالی ئەواقیصی تەشەبوسێک بکات.

"وەقتێ بێ لێکدانەوە کە دەستی تەصویتتان بۆ قانونی (ڕەسمی فەواکیهە و ئەسمار) هەڵبڕی ئەبوایە بتانزانیایە کە فەرمانی ئیفلاسی و مەحوبونەوەی میللەتێک ئیمزا ئەکەن.

"لازم ئەکات حەزەراتی ئێوەش: عمومی مەندوبەکانی کورد لە زەمانی عوتلەدا گەشتوگوزاری عمومی ئەرازی لیوا، قەزا، ناحیە، حەتا دێهاتەکانی دەنتیقەکەتان و مەنتیقەی یەکتری بفەرمون و لە ڕوح، ئیحتیاجاتی میللەتەکە تێ بگەن و هەموتان دائیمەن موتەفیق عەینی وەکو ڕۆحێک، جسمێک حەرەکەت بکەن. ئەم ئەواقیصاتانە و ئیحتیاجاتی میللەتە کە ئەیبینن ئیرشادو تەوصیەی حکومەتی بکەن و، ئەگەر وا بەو نەوعە ئیتیفاق و شارەزایی مەناتیقی یەکتری ببن ئەتوانن دائیمەن لە مەجلیسا کیتلە و پارتێکی موهیم و بەقوەت تەشکیل و ئیحتیاجاتی میللەتەکە بە ئەکسەریەت بە حکومەتی ئیکمال بکەن. وە میللەتەکە لە زەرەر و زیان محافەزە و ویقایە بفەرمون ئەوسا میللەت بە کەماڵی جیددییەتەوە فەخرتان پێوە ئەکات و بە موقەدەستان ئەزانێ.

"ئیتر رجا ئەکەین کارێکی وا بکەن کە بۆ ئینتیخاباتێکی کە بە شەرەفەوە نومێندی تەوکیل کردنتان لە میللەتەکە بکەن.

"ئیتر ئینتیزاری فەعالییەت و مەساعی مەشکورەتان ئەکەین!" (ژیان، ژ 87، 25 ی 10 ی 1927)

1. 4. 10. ئیجتیماعی مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان

"لە 1 ی مانگا مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان ئیجتیماعیان کردوە، لە نەتیجەی ئینتیخاباتا بە ئەکسەریەت فەخامەتی عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون ئینتیخاب فەرموراوە بە رەئیسی مەجلیسی مەبعوسان و لە نەتیجەی ئینتیخاباتی مەجلیسی ئەعیانا مەعالی یوسف ئەفەندی سویدی ئینتیخاب فەرموراوە بە رەئیسی مەجلیسی ئەعیان.

"تەئجیلی مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان: لەسەر ئیرادەی مەلەکییە مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان چل و پێنج رۆژ تەئجیل کراوە." (ژیان. ژ 89. 8 ی 11 ی 1927)

1. 4. 11. وەزارەتی عیراق

"غەزەتەی بەغداد تایمس نوسیویەتی کە مەوقیعی وزەرای عیراق باش نیە. عومری دریژیان شەش حەوت رۆژی ترە. فەقەت غەزەتەکانی تری بەغداد ئەم خەبەرە تەکزیب ئەکەن، چونکە ئەڵێن لە عیراقا وەزعیەتێکی وا روی نەداوە کە بین بە سەبەبی سقوتی هەیئەتی وەزارەت." (ژیان. ژ 89. 8 ی 11 ی 1927)

1. 4. 12. مەجلیسی مەبعوسان

"موافیقی مادەی 23 ی قانونی ئەساسی چونکە لازمە ئەگەر غەیبوبەتی جەلالەتی مەلیک لە چوار مانگ تەجاوزی کرد مەجلیسی مەبعوسان کۆ ببێتەوە و لەو خسوسەوە موزاکەرە و قەرارێک بدەن و جەلالەتی مەلیکیش چونکە سەفەرەکەی لە 4 مانگ تەجاوزی کرد ئیرادەی ملوکانە صادر بوە کە بۆ موزاکەرەی ئەم خسوسە لە 7 ی مانگ دا مەجلیسی مەبعوسان کۆ ببێتەوە و ئیجتیماع بکا." (ژیان. ژ 94. 13 ی 12 ی 1927)

1. 4. 13. طەلەبی عەفو

"سقوت و تەشکیلی قابینە

"لەبەر ئەوەی فەخامەتی رەئیسەل وزەرا جەعفەر پاشا لە ریاسەتی قابینە ئیستیعفای کرد. ئیستیعفاکەیشی لە تەرەف جەلالەتی مەلیکەوە قوبوڵ فەرموراوە. ئیرادەی ملوکانە صادر بو کە فەخامەتی سێر عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون رەئیسەل وزارەتی دەرعوهدە و قابینە تەشکیل بفەرموێت. لە تەرەف فەخامەتیەوە قابینە لەم زاتانە کە لە خوارەوە ئیسمیان دەرج کراوە تەشکیل و کورسی وەزارەتیان ئیشغال فەرموە:

رەئیسەل وزەراو وەزیری خاریجییە و وەکیلی دیفاع	سێر عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون.
وەزیری داخلییە	عەبدولعەزیز ئەلقەصاب.
وەزیری عەدلییە	حیکمەت سولەیمان بەگ.
وەزیری مالییە	یوسف غنیمە.
وەزیری مەعاریف	توفیق بەگ ئەلسویدی
وەزارەتی زەراعەت و رەی	سلێمان ئەلبەرراک
وەزارەتی ئیشغال	عەبدول موحسین ئەلشەلال
وەزیری ئەوقاف	ئەلشێخ ئەحمەد داود.

(ژیان. ژ 98. 17 ی 1 ی 1928)

1. 4. 14. بە موناسەبەتی ئینتخاباتی تازەی مەبعوثانەوە

چەند قصەیکی رەق ئەمما ناخۆش:

لە سێر هەمفریس (F. H. Humphreys) ەوە

"بۆ لۆرد پاسفیلد

12 ی 12 ی 1930

4. بۆ رۆژی دوایی عیسمەت پاشا و شوکری کەیا وەڵامی تەلەفۆنەکانیان دامەوە، لەسەر پەیوەندی تورکی– عیراقی دواین، بەتایبەتی سەبارەت بە کوردستان. من روونم کردەوە کە سیاسەتی حکومەتی خاوەن شکۆ، وەکو هێزی ئینتیداب لە عیراق دا، ئەوە بو کە عەرەب هان بدا کە بە تەعاتوف و عەدالەتەوە رەفتار لە گەڵ کورد بکەن وە کورد هان بدا کە وەکو هاوڵاتی دڵسۆزی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراق بژین. بیری کوردستانێکی سەربەخۆ گەوجانە و لە جێ بەجێ کردن نەهاتوە. هەر واتەواتێک دەربارەی ئەوەی کە حکومەتی خاوەن شکۆ هانی دابێ درۆ بوە.

"لە وەڵامی ئەوەدا کە حکومەتی عیراق چ هەنگاوێ ئەنێ بۆ ئەوەی ئەو کوردانە دالدە نەدا کە لە بەردەم سوپای تورکدا هەڵدێن بۆ عیراق؟ وتم، حکومەتی عیراق هەرچییەکی لە توانادا بێ ئەیکات بۆ چەککردنی پەنابەرانی کورد، رێگەیان نادا ئەرزی عیراق وەکو بنکە بەکاربهێنن بۆ چالاکی عەسکەری دژی تورک و، دڵنیام کردن کە هەر سەرنەکەوتنێ لە دانانی رێوشوێنی کاریگەر و گونجاودا ئەگەڕێتەوە بۆ نەبونی توانا نەک بۆ نیازی باش.

"هەروەها وتم کە لیژنەی هەمیشەیی سنور بەتەنیا ئەتوانێ بەشداری بکا لە جێگیر کردنی ئاسایشی سنوردا ئەگەر بایەخی زۆرتر بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی بدرێ. ئەگینا باشتر وایە هەرلایەک بەرێگەی خۆی درێژە بە ئیجراتات بدا.

"هەردو وەزیرەکە زۆر روخۆش بون دڵنیایان کردم کە رازین لە بۆچونی دۆستانەی حکومەتی عیراق. بەڵێنیان دا هاوئاهەنگی بکەن بۆ رێگرتن لە پەلاماردانی سنور کە لەم دواییانەدا زەرەری بەرچاویان گەیاندوە بە خواروی کوردستان. رەنگە بگەڕێتەوە بۆ کێشانەوەی مەخفەرەکانی تورک لەناوچەکانی سەر سنور.

5. عیسمەت پاشا لە میوانداریەکەی نیوەڕۆدا کە سێر جۆرج کلارک کردی... پێی وتم کە هیچ گلەییەکی راستەقینەی لە عیراق نیە. بەڵام هیوادارە بە زویی هەوڵ بدرێ شێخی بارزان بهێنرێتەوە ژێر کۆنترۆڵ کە هاودەردییەکی کاریگەری نیشان داوە لەگەڵ یاخیانی کورد لە تورکیا." (بەڵگەی ژمارە F0371 ی 14521)

تێبینی لەسەر ئەو گفتوگۆیانەی لە ئەنقەرە کراون لە نێوان نوری پاشا سەعید و سەرۆک وەزیرانی تورکیا و وەزیری کاروباری دەرەوە

•

گفتوگۆکانی لە گەڵ عیسمەت پاشا و دکتۆر تۆفیق روشدی بەگ لەسەر سێ مەسەلە بون، ئەشێ وا کورت بکرێنەوە:

1. مەسەلەی ئاسایشی سنورەکانی نێوان تورکیا و عیراق کە لە دوای پەیماننامە سێ قۆڵییەکەی ساڵی 1926 هاتە ئاراوە: بەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە وا کەوتەوە کە حوکمەتی تورکی زۆر سەغڵەتە بەوەی کە ئابێ چیتر رێگە بدرێ چالاکی زیاتر لە لایەن هەندێ لایەنی شەڕخواز لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شێخی بارزاندا ئەنجام بدرێ. من سەرسامی خۆم دەربڕی کە بۆ دەبێ سەبارەت بەو مەسەلەیە ئەوەندە خۆیان سەغڵەت کردبێ، چونکە ئەوەندەی من ئاگادار بوبم بۆ ماوەیەکی ئەوەندە کورت خایەن پێش ئەبوە کە زانیومانە شێخی

بارزان جۆرێک لە یارمەتی و چەکی لەو ناوچانە وەرگرتوە کە کەوتونەتە ناو سنوری تورکیا. عیسمەت پاشا پرسیاری لێ کردین بۆ بەخشینی پتر زانیاری لەمەڕ ئەو مەسەلەیە و ئاخۆ بڵێی ئێمە وا زەن بکەین کە حوکمەتی تورکی هانی شێخی بارزان بدا یان چەکی بۆ دابین بکا؟ من وا وەڵامم دایەوە کە من لەو بارەیەوە تەواو دڵنیا نیم. بەڵام ئێمە هۆکاری خۆمان بەدەستەوەیە کە ئەو یارمەتیە بەو چەشنە لە سنورەکانی تورکیاوە پەڕیوەتەوە، لەوانەشە لە لایەن هەندێ لە سەرۆک خێڵەکانی کوردەکانی ناو تورکیاوە هاتبێ.

"دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە ئامادەیی خۆیان دەرخست بەوەی کە هێزە تورکیەکان لەسەر سنور مۆڵگە داکوتن. دەبێ حوکمەتی عیراقی هەندێ هەڵمەتی سزا دان دژ بە شێخی بارزان ئەنجام بدا. لەو حاڵەتەدا هێزەکانی پاراستنی سنوری تورکیا دەتوانن هەر یەکێک بگرن کە بەو سنورەدا دزە بکا و بیەوێ بپەڕێتەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا. پاش گرتن، تەسلیم بە دەسەڵاتدارانی عیراقی دەکاتەوە.

"من بۆ ئەو مەسەلەیە سوپاسم کردن و پێم وتن لە حاڵەتێکدا عیراق بیەوێ هەندێ کاری سزادەرانە ئەنجام بدا، باشترین وەرز بۆ ئەم مەبەستە بەهارە نەک پایز. چونکە پایز وەرزێکە لێ ناگەڕێ ئۆپراسیۆنی سەربازی درێژخایەن ئەنجام بدرێ. لەبەر زۆر هۆ کە یەکێک لەوانە دەست پێکردنی بارانە، جگە لە ناخۆشی ڕێگاو بان. لە گەڵ زانینی ئەو حەقیقەتەی کە ئەم ناوچانە بە بونی حکومەتێکی شارستانی ڕانەهاتون، ئەو هەمو فاکتەرانە وا دەکەن ئۆپەراسیۆنی سەربازی نوشوستی بێنێ. بە دیوی ئەودیودا وا دەکات کە بوارێکی فراوان بڕەخسێ بۆ گرتنەبەری هەندێ هەنگاوی بەرگری کردن کە لەلایەن هەڵگەڕاوەکانەوە دەگیرێتەبەر. وا دەکات ئەو هەڵمەت و پاکسازیە سەر نەگرێ و تەنگ و چەڵەمەی بێتە ڕێ.

"لە 18 ی 9 ی 1930 چاوم کەوت بە بەرپرسی کاروباری تورکیا لە بەغدا. پێی ڕاگەیاندم ئەو ئۆپەراسیۆنەی سوپای تورکیا لە ناوچەکانی ئارارات بەڕێوەی برد کۆتایی هاتوە. سەربازەکانی تورک ڕوەو ناوچەیەکی دیکە ملیان ناوە کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای دەریاچەی وان. ئاوات یشی خواست هەر هەمو ئۆپەراسیۆنەکان لە ماوەیەکی کورتدا کۆتاییان بێ. پاش ئەوە... بەرپرسی کاروباری تورکی گەڕایەوە سەر هەندێ مەسەلە کە من لە ئەنقەرە یش گوێم لێ بوبو. لەمەڕ دڵنیاکردنەوە لەوەی کە سوپای تورکی لەسەر سنورەکانی نێوان عیراق و تورکیا جێگیر دەبێ و لەوێ چاوەڕێ و چاودێر دەبێ. لەو کاتەی حوکمەتی عیراق هەندێ پەلامارو هەڵمەتی سزادەرانە دژ بە شێخی بارزان بەڕێوە دەبا. من سوپاسم کردو دڵنیام کرد لەم کاتەدا حکومەتی عیراقی لە بیری ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی لەو بابەتەدا نیە. لە بەر ئەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد. بەڵام گەر بڕیاریدا کارێکی وا ئەنجام بدا، لەو بڕوایەدایین لە مانگی 4 دا بێ کە دیارە گونجاوترین وەرزە بۆ ئەم هەڵمەتە توڵە سێنە." (بەڵگەی ژمارە Fo371 ی 14521). کاک شێرزاد حەسەن وەری گێراوە

13 ی10 ی 1930 ڕۆژهەڵاتی عیراق نهێنی

ئەم بەڵگەنامەیە موڵکی خاوەن شکۆ حکومەتی بریتانی یە ژمارەی 8 ئەرشیف

2. لە سێر جەی کلارک بۆ مستەر ئەی هاندرسن

لە 13 ی ئۆکتۆبەر وەرگیراوە.

6. لە کۆبونەوە هەرە ڕەسمیەکانا لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تورکدا، مەسەلەی کورد بەو ڕادەیەی کە کاریگەری لەسەر تورکیاو عیراق هەیە، زۆر ڕاشکاوانە قسەو باسی لەسەر کرا. بەڵام هەر بە هەمان ڕوحی دۆستانە، هیچ سکاڵایەکی ڕاستەوخۆ لەمەڕ لاوازی حوکمەتی عیراق بەرز نەکرایەوە. لە سۆنگەی ئەوەی کە

شێخی بارزانی‌یەکان توانیبوی پشتگیری کوردە هەڵگەراوەکانی ناو تورکیا بکات. لە راستی‌دا پارەیەکی موستەحەق کە نەبو بدرێ، ئەویش چونکە زانراوە حوکمەتی عیراقی تائێستا نەیتوانیوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شێخی بارزان کۆنترۆڵ بکا. بەڵام مەندوبی سامی داوای لێ کرابو فشار بخاتە سەر حوکمەتی عیراقی بەوەی کە زۆر پێویستە هەندێ رێورەسمی کاریگەر بخەنەکار کە لە بەرژەوەندی هەردو وڵاتەکەدا بێ. بەڵام من هەست دەکەم سێر ئێف. هامفریز توانیبوی تورکیا رازی بکا کە ئەمەیان ئەوەندە نیازپاکانە نیە، چونکە لەمەڕ بونی هێزێکی وا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە لە عۆدەو توانای بەغدا دا نیە. هەوڵ یش ئەدا ئەم روانینە دەستبەجێ بە حوکمەتی بەغداد رابگەیەنێ. بۆ ئەوەش دڵنیایی و رەزامەندی خۆی دەربڕی." کاک شێرزاد حەسەن وەری گێراوە

1. 4. 15. قسەی حەق وەلەو رەقیش بێ نابێ کەس پێی ناخۆش بێ..

"وەکو تەماشا ئەکەم و ئەبینم لە سلێمانی و لە خارج، زۆر کەس و نەنواعی ئینسان خۆی حازر کردوە و تەشەبوسات ئەکەن بۆ ئەوەی کە بین بە مەبعوس.

"ئەم زەواتانەش قسمێکیان بەبێ مەسئولیەت موقابل بە میللەت خوا کردونی بە مەبعوس و بەقەد مەبعوسێ کە بۆ میللەتی خۆی صەرفی صیمت و غیرەتی کردبێ. حورمەت و شەرەف و ئەملاک و سەروەتیان هەیە و لە نەزەر عوموما زۆر بە ئیعتبار و نفوزن. لاکن مع التأسف چونکێ لەمەوپێش تەحسیلی مەکتەب لەم محیطەدا مهم و مطلب نەبوە باخسوس بۆ پیاوێک کە ساحێبی سەروەت و ملاک بو بێ دڵی نەهاتوە ئەولاد لەخۆی دور بخاتەوە و بینێرێتەوە مەکتەب و زیاتر مغرور بە ثروەت و ئەملاک و ئیعتیباری ئەولادی لە تەحسیلی مەکتەب و مەکاتب عالی محروم کردوە هەر تەنها بە حجرەکانی محلە اکتفای کردوە و بەسایەی شەرەف و ئەملاکیانەوە بە حورمەت ژیاون و ئێستایش لە نەزەر ئەهالی دا ئەو شەرەف و حورمەتە باقیە فقەت چونکە لە مەکاتب عالی دا تحصیلیات نیە ئەم وەزیفە مهمەیان پێ ناکرێ و هەر تیا مەحجوب ئەبن. چونکە ئەمرۆ وەزیفە نیە کە لە وەزیفەی مەبعوسی مهمتر بێ وەکو وەزیفەی تر نیە هەر مقابل بە شەخصێک مەحجوب بێ. مەحجوبی مەبعوسی مقابل بە میللەتێکە، مەبعوسی مقتدرو زبان زان و عالم و صاحب وجدان و بە هیمت بێ میللەتێک بەرز ئەکاتەوە و وڵاتێک معمورو ئاوەدان ئەکات. خوانەکردە عەکسی ئەمە بێ میللەتێک دوا ئەخات و وڵاتێک ویران ئەکات و خۆشی رەزیل و بێ حورمەت ئەبێ.

"کەوابو یەکێ لە هەمو خسوسێکەوە خۆی بەلایق نەبینێ و نەزانێ لەم وەزیفەیەدا مەحجوب نابێ. نابێ‌و حەیفە تەشەبث بەم وەزیفەیە بکات و ئۆباڵی میللەتێک بخاتە ئەستۆی خۆی و ئیعتیباری خۆی لای میللەتەکە مەحو بکاتەوە. بەعزێکی تر هەن کە خۆیشیان ئەیزانن ئەم وەزیفەیەیان پێ نیفا ناکرێ و ناشبن بە مەبعوس. کەچی منفعتی زاتی سوقیان ئەکات تشبث بۆ ئەم بارە قورسە ئەکەن. ئەمانەش دو کلمە خوێندنی ابتدائی. وەیاخود چەند لە مأموریتدا مستخدم بون. چوار کلمە فێربون سوقی ئەم تشبثی کردون. مەبعوسی هەر بەتەنیا بە خوێندن و خوێندەواریش تەواو نابێ. نابێ لە بەر بێ مأموریەتی و یاخود بۆ ترقی مأموریت ئەم تشبیە بکات. مەبعوس ئەبێ میللەت پەروەر بێ. صاحبی ئەخلاق و وجدان و رەحم بێ. عالم و زبان زان بێ. موقعی ئیجتیماعی لای میللەتەکەی ببێ. منفعت پەرست نەبێ. لە احتیاجات میللەت چاو نەپۆشێ. بە ثبات بێ. رۆحی خۆی فیدای منفعتی میللەت بکات و بتوانێ مجادلە لەگەڵ ئەو پیاوە تحصیل دیدانە بکات کە لەو مەجلیسەدا مجادلە و سەعی بۆ وەتەنی خۆیان ئەکەن. چونکە هەمو ئەیزانین لەو مەجلیسەدا حەیات و مەمات بەش ئەکرێ. هەر میللەتە مەبعوسی چاکی ببێ بەرحەیات ئەبێ. عەکسی چاک بێ مردن بەشیەتی.

"ئەمجا کەوابو حەیفە گەوهەر دۆراندن. رجا ئەکەم لەسەر ئێوە فەرزە بەم نفوزو حورمەتەوە سەعی بکەن و تەنویری ئیمەمانان بکەن تا بە عموم پیاوی لایق، تەجربە دیدە و ئەربابی خۆی بدۆزینەوە، کە ئەم بارە گرانە بدەین بە سەریانا. ئەم قسانەم بە بێ ئەدەبی عەد مەکەن. وەڵڵا کەسم نیە چاوی لە مەبعوسی بێ و خۆیشم لە ئێوە نالایقتر.حەق بێژی قسە رەق" (ژیان. ژمارە 101. 9 ی 2 ی 1928)

1. 4. 16. وەزارەتی تازە

"ئەمساڵ بە نەزەر تاریخی سیاسی عیراقەوە. ساڵێکی موستەسنا و موهیم بو. لەلایەکەوە نەعزای وەزارەتی سابیقە بە کەمالی گەرمی و جدیەت خەریکی مفاوەزە بون لە لەندەن. لەم لایەشەوە بە عەینی گەرمی و حەرارەت رۆحی موعارەزە لە زیادبونا بو. لە سەرێکەوە فەعالیەت و موجاهەداتی وەفدی عیراقی تەقدیر ئەکرا. خولاصە لەم بوحرانەدا روئەسای سیاسەت رێگای خۆیان ون کرد سیاسەتی داخلیەیان کامیلەن وەیا تەقریبەن لە بیر چوەوە. ئەخیرەن لە هەوایەکی وا پڕ فەرتەنەدا قابینەی تازە تەشەکولی کرد.

"ئەبینم هەر وەکو من هەمو فەرێکی کورد کە خبری زانی جنابی فخامت مئاب حەزرەت عەبدولموحسین بک السەعدون تشکیلی وزارەت ئەکات زۆر کەیف خۆش بو. چونکە اول داخلەری وەزیری کورد بە قابینەی عیراق حەزرەتی عەبدولموحسین بەگ بو. لە بەر ئەوە ئێمە لە هەمو خسوسێک و حقوقێکەوە ئەمەلی گەورەمان بەو زاتە محترمە هەیە. غەیری ئەمەیش هەمو کەس ئەیزانی کە فخامتی لە هەمو کەسێ زیاتر لەسەر ئامەدان و ئەشرافی عیراقەو انجبی نجبای میللەتی نجیبەی عەرەبە. تەبیعی زاتێکی وا نجیب و داهی هەمو وەقتێک کرم و سنمای ئەبێ تأملێک لە لیستەی وزارەت تازە بکرێ معلوم ئەبێ کە اقلیاتی عیراق هەریەکە لە صورتی شخصی وەیا دو شخصا تجسمی کردوە و بەکەمالی هیبەت و وقار لەسەر کورسی وزارەت دانیشتوە. کەچی قومی بەدبەختی کورد بە نەزەر ئەم اقلیاتەوە ئەکسەریەتێکی عەزیمە تشکیل ئەکەن و ئەگەر موافقی عدل و مساوات و بەپێی نفوسی موجودە حرکەت بکرایە حقی اشغالی 3 کورسیان ئەبو. مع الاسف سماحتی بەخشینی کورسیەکەیشمان لەگەڵ نەکرا.

"ئێمە قەومی کورد. هیچ وەقتێک نەمانویستوە و نامانەوێ حەرەکەتێک کە زەرە بۆنی تەفرەقەو (جیایەتی) تیابێ بیکەین. فەقەت ئەبینین ئێمە موقابیل بە خلوص و ئیعتیمادمان لە تەنها کورسیەکی وەزارەت مەحروم ئەبین. لەگەڵ ئەمیش دا کە ئەم مەحرومیەتەو ئەم تەجاوزی حەقە بە ئینتیزار و عەدالەتەوە موقابەلە ئەکەین. کەچی یەکێ لە غەزەتەکانی بەغداد بە صورەتی ئیستیهزا ئەنوسێ کە کورسیەکی وەزارەت بۆ برا کوردەکانمان هەڵگیراوە فەقەت فەخامتی عەبدولموحسین بک نشئوم لە أیت (تسعە فقط یفسدون في الارض) کردوە و. دایەوێ وزارەتی نۆیەم بدا بەکەس وەیا بە تەعبیری اصمەکی بیدا بە کورد. ئەکو ئیفسادی ئەرزی عیراق بکەن. سوبحانەڵا. ئەوەڵەن، زاتێکی نەجیب و قەدرزان و تێگەشتوی وەکو فەخامەتی موحسین بەگ هیچ وەقتێک فکرێکی وای نەکردوە و نایکات.

"سانیەن: طفل مشروطین عراق هەتا ئێستا پێنج باوک وەیا پێنج وزارەتی دی. لەمانە تەنها دوانی ئەخیر کورسییەکی کوردی تیابو. نازانم کامە یەک لەم پێنجە بە صەمیمیەت و جدیەتێکی وەتەنپەروەرانە بۆ مەنافیعی موڵک و میللەت تێ هەڵچون و. چەند خدمەتێکی موهیمیان بۆ ئومەتەکەیان کردو چ ئەسەرێکی تەرەقی سیاسی. ئیجتیماعی. ئیقتیصادییان پیشان دا.

"مقسد توهم لێ تێک دان. یاخود ئەبێ رشی شخصێک بەرامبەر بە رشی و داقدومی هەشت کەس چ تأثیرێکی بێ کە افسادی ئەرز بکات.

ئێمە بەناوی سەلامەتی وەتەنەوە ئارەزومان وابو کە هەمو عەناصیری موختەلیفەی عیراق دەست بدەنە یەک و موتەفیق بن و رێگای نەشر و دەرکەوتنی بەعزێ قسە و نوسین نەدرێ کە ئەبێ بە سەبەبی تەفرەقە و برودەتی بەینی کوردو عەرەب.

"وەدیسان بەناوی عەدل و مساواتەوە ئارەزومان ئەکرد کە رەئیس وزەرای تازە لە تەشکیلی قابینەکەی دا قەومی کوردی بە ئەکسەریەتی موهیمەیەوە لە بیر نەچوایەوە. بە سەخاو کەرەمێکی سەعدونییەوە ئەویشی وەکو ئەقەلیاتەکانی تر نائیلی دو کورسییەک بکردایە." (ژیان. ژمارە (102)، 16ی 2 ی 1928)

1. 4. 17. صورەتی تەرجومەی تەلغرافی ژمارە 1067 رۆژ 19 ی 1 ی 1928

"وەزارەتی داخلیە

"بۆ موتەسەریفی سلێمانی

"لەبەر ئەوەی کە ئەساسی مەشروتییەت ئیجاب بە موازەنەتێکی قەوی ئەکات لە بەینی قیوای ئیجرائیە و قیوای تەشریعیەدا و ئەم موازنەتەیش مەنوتە بە مەوجودیەتی شوعباتی پارلەمانت و کە صاحب مقاصد معینە و غایەی معلومە بن و لەبراوەی کە ئەوزاع ئیسپاتی کردوە مجلس امت لە وەزعیەتی حازریدا ئەو فەرقانەی تیا نیە تەئمینی مەوجودیەتی ئەم موازنەتە بکا و لە بەر ئەوەی حکومەت مەسائیلی زۆر موهیمی بە دەستەوەیە کە مەنافیعی ئەهەمی میلەتی تیایە وەکو موعاهەدەی ئینگلیز و عیراق و ئیتیفاقنامەی مالی و عەسکەری و مەسئەلەی دیفاعی وەتەنی کە ئیجاب ئەکات لە هەمویان میلەت خەبەردار بکرێت کە حسیاتی خۆیان نیشان بدەن و فرصەتیان بدرێتێ کە لەم خسوساتەوە بە واسیتەی مومەسیلینیانەوە خواهیشی خۆیان بەیان بکەن. و فەسخی مەجلیسی ئومەت و موباشەرەت بە ئینتیخابات بۆ مەجلیسی تازە موافیقی مادە 26 ی قانونی ئەساسی ئیرادەی مەلەکی صادر بوە. ئەمرۆ مەجلیس فسخ بوەوە. بۆ مەعلومات بۆ ئەوەی فەورەن موافیقی قانون دەست بە ئینتیخابات بکرێ ئێررا." (ژیان. ژمارە (99)، 24 ی 1 ی 1928)

1. 4. 18. خیطابێک مقابل بە هەمو میللەتی کورد..!

"ئێوە هەمو ئەیزانن بەپێی قراری عصبە الامم. ئەمرۆ ئێمە لەگەڵ حکومەتی عیراق ئەژین و هەمو مقدراتێکمان لەگەڵ ئەوانایە. لە هەمو شتێک زیاتر سەبەب و التی (ئالیەتی)! ترقی و تعالی میللەتێک قوانین و نظاماتی حکومەتەکەیە. یەعنی ترقی میللەتێک لەگەڵ قوانین حکومەتەکەیان مبسوطا متناسبە. باش بێ ئەبێ بە واسیتەی ترقی میللەتەکە. خراپ بێ میللەتەکە دوا ئەخات و محوی ئەکاتەوە. هەمویش ئەیزانین ئەم قوانین و نظاماتە هەموی بۆ تدقیق و اصلاح و تصدیقی تودیعی مجلس مەبعوسان ئەکرێ. تەبیعی ئەوسا هەمو مەبعوسێک لەگەڵ قابلیەت ملیەی و سیعەتی ئەرزی لیواکە موفید بو. تصدیق والا بە ئیعتیرازێکی معقول هەتا ئەبێ بە سەبەبی ترقی لواکەی بۆ اصلاحی هەول ادا. ئینجا کەوابو بۆ ئەم جێگایە پیاوی فعال و مقتدر. وەتەن پەروەرو میللەت خۆشەویست بەعەمەل دێ. ئەمرۆ لیواکانی کورد دواکەوتوی هەمو عیراقە. ئەمیش بە واسیتەی مەبعوسەکانمانەوە بو. چونکە ئەو مەبعوسانەی کە لە أوەل دورەدا انتخابمان کردن هەموی دا فەقەت بە ئەکسەریەت. هیچ اوصافێکی مەبعوسیان تیا نەبو. پیاوی ئەو مجلسە نەبون و هەریەکەیان بۆ منفعتی خسوسی خۆیان منفعتی عمومی میللەتەکەیان واز لێ هێنابو. بۆ خاتری خۆیان گەورەبن هەریەکە ئینتسابی کردبو بە یەکێ لە وەزیرەکان و پیاو بە دەستەکانی ترەوە. عادتا وەکو مادۆنێکی ئەوان تابعی هەمو ئەفکارو ئەوامریان بون. هەتا نتیجە وا دوایان خستین و لە هەمو اساسێکی ترقی محرومیان کردین.

"ئینجا میللەت خۆ ئەمانەمان زانی. لەوانەیە تجربەیەکی باشمان دێ. لازمە عەقڵمان بێتەوە سەر. هەمو اهالی لیوایەک بە جدی تێ بکۆشین کە بۆ ئەم جێگایە پیاوی باش و فعال و مقتدر. میللەت پەروەرو وەتەن

خۆشەویست انتخاب بکەین. چونکە ئیتر ئەمە بۆ حیات و ئیستقبالێکی چوار ساڵیە. خودانەخواستە ئیتر ئەگەر لەم ساڵیش زیاتر دوابکەوین (جبرما فاتی)! قابل نابێ و پەشیمانی فائیدە ناکات. ئیتر خۆتان و غیرەتتان. (حب الوطن من الایمان) ئەبێ بەدڵ و بەگیان بۆ وەتەنەکەمان هەوڵ بدەین." (ژیان. ژمارە (103)، 23 ی 2 ی 1928)

1. 4. 19. بە موناسەبەتی ئینتیخاباتی تازەی مەبعوسانەوە چەند قسەیەکی رەق ئەمما خۆش..

"لەم بەینەدا بە موناسەبەتی ئینتیخاباتی تازەی مەبعوسانەوە شاری سلێمانی وەزعیەتێکی عەجایبی بەسەرا هاتوە. لە هەمو کۆلانێک، لە هەمو چایخانەیەک و دیوەخانێک قسە و بەحسی مەبعوسی تیکرار ئەبێتەوە. حەتا دەوائیری حکومەت، ستونی غەزەتە. بەم مەوزوعە ئەشغال کراوە. هەر کەسە بە نەوعێ تەشویقات بۆ خۆی و یا بۆ خزمێک و دۆستێکی ئەکات. ئەوانەی کە ئیقتیداری کاتبێکی دائرەیەکیان نییە هەوای مەبعوسی کەللەیانی پڕ کردوە. ئەوانەی تا ئەمڕۆ کوردییەت و میللیەتیان پێ عار بوە ئەمڕۆ بە لایەنی فیداکاری و وەتەن پەروەری گوێی عالەمیان کەڕ کردوە. هەر کلەیک، هەر نائێک نەوعێک تەقەرات تیکرار ئەکاتەوە. وەکو بەرخەکە ئێستا – دایکی من رەش بو – هەریەکە رۆژێ نەوعێ ئەلبیسە لەبەر ئەکات و لە نەوعە شکلێکی موختەلیفدا خۆی نیشانی میللەت ئەدات. خۆ موخابەرات و کاغەزی ئیلتیماس ئەوەندە زۆر بوە پۆستەی ئەوەندە گران کردوە کە موتەعیهد بە ئوتومبیل پێی هەڵناگیرێ. اشتیاق و فیداکاری بەعزێک ئەوەندە لە غلیانە کە تحملی جوابی کاغەزەکانیان ناتوانن بکەن. خۆیان بالزات بە شوێن کاغەزەکانیانا دێنە سلێمانی. زائرین ئەوەندە زۆر بوە دیوەخانانی پڕ کردوە. (ئێمە بیستومانە کە لە کوردستانا هەر گەزۆ ئەبارێت. ئەمانزانیوە کە ئەمساڵ پەڵەی مەبعوسی داوە). فەقەت ئەی میللەت، ئەی برادەرینە قسەی راستتان عەرز بکەم. ئەم هەمو فیداکاریە، ئەم کوسرەتی ئیشتیاقە. ئەم کۆمەڵە لاف و گەزافە. موحەقەق بزانن هەر بۆ معاشە مبن و لەکەیە! هەر بۆ پڕکردنی گیرفانە لە مسکوکات متنوعە. خۆزگە حکومەت ئەم خزمەتی وەتەنەی مجانا تکلیف بکردایە و یا معاشی مەبعوسی بکردایە بە صەد روپیە. ئەو حەلە فیداکار، وەتەنپەروەر دوار دەری ئەخست. بە ئیعتیبار بە ئەکسەریەت کە زاهیرەن بە زمان ئەم وەعدانە بە ئێوە ئەدەن. ئەم فیداکاری کە پیشانی ئەدەن، کەچی لە دڵدا لەگەڵ شتێکی تر خەریکن. ئەوان پلانی خۆیانیان دەمێکە رێکخستوە. لەم ئەدواری ئیجتیماعەدا چەند معاش وەرئەگرن، چەند سەرف ئەکەن، چەندی پاشەکەوت ئەکەن هەمویان حساب کردوە. لەسەر چ جادەیەک، لە چ مەملەکتێک کلاوی چ قوڕ بەسەرێک بە هەرزان ئەکڕن و لەو کلاوەدا چ نەوعە بینایەک دروست ئەکەن و یا چ دێیەک ئەکڕن. هەموی بە رێکوپێکی پرۆغرامەکەی کە بە خەیاڵ تەرتیبیان کردوە لە گیرفانیانایە. (مزگەوت روخاوە میحرابی ماوە) ئەی میللەت موحەقەق بزانە کە ئەبێ خۆت بەزەییت بەخۆتا بێتەوە.

"فەقەت ها ئەم قسانە بە ئەوە نیە کە ئێوە مأویس بن زاتەنْ لە سەرەوە وتم ئەم قسەیەم بە ئیعتیباری عومومی نیە. لە ناوخۆدا ئینسانی فیداکار، وەتەنپەروەر، موستەعید هەیە. زۆر چاک چاو بگێرە. زەریف وردبەرەوە. لە روا دامەمێنە. خزم و ناشنا تەماشا مەکە. ئەوەی بە کەڵکت دێت. ئەوی دەرمانی دەردت ئەکات. ئەوی ئیعتیمادت بە عیلم و سەویەی هەیە. ئەوی قیمەتی لای تۆ مەعلوم و موجەرەبە. حاصلی ناوی حەیات و مەماتی ئەوی، سەعادەت و فەلاکەتی لەگەڵ تۆدا موشتەرەکە ئەوە هەڵبژێرە و پرۆغرامی داوا لێ بکە. پشت بە یەکێک مەبەستە کە ناگرت تێ بەر بداو خۆی لە دورەوە سەیرت بکات ئیتر من:

انچه شرط بلاغ است با تو میگویم
تو خواهی از سخنم پند گیرو خواهی ملال." (ژیان. ژمارە 104. 1 ی 3 1928)

2. کوردو پەیماننامەی 1930

2. 1. وەزارەتی نوری سعید

عیراق بۆ ئەوەی زەمینەی پەیمانێکی نوێ لە گەڵ بریتانیا خۆش بکا، ئەو یش زەمینەی سەربەخۆیی عیراق و ئامادەکردنی بۆ ئەندامەتی لە کۆمەڵەی گەلاندا خۆش بکا، ئەبو هەڵبژاردنێکی نوێ بۆ مەجلیسێکی نوێ ساز بکا. دانانی ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی نوێ بە وەزارەتەکەی عەبدولموحسین سەعدون سپێردرا. بەڵام سەعدون لە ئێوارەی 13 ی 11 ی 1929 دا خۆی کوشت.

ڕۆژی 18 ی 11 ی 1929 وەزارەتی نوێ بە سەرۆکایەتی ناجی سویدی دامەزرا. وەزارەتەکەی سویدی لە 4 مانگ کەمتر دەوامی کرد. ڕۆژی 11 ی 3 ی 1930 دەستی لە کار کێشایەوە. مەلیک فەیسەڵ داوای لە نوری سەعید کرد وەزارەت دروست بکا. نوری سەعید 23 ی 3 ی 1930 وەزارەتێکی نوێی پێکهێنا. سەرەڕای ئەوەی خۆی سەرۆوەزیران بو، بە وەکالەت هەردو وەزارەتی کاروباری دەرەوە و کاروباری ناوخۆ یشی بۆ خۆی دانا. وەزارەتی کاروباری دەرەوە بۆ ئەوەی خۆی سەرۆکایەتی نوێنەرایەتی عیراق بکا لە گفتوگۆدا لە گەڵ لایەنی ئینگلیزی، بۆ بەستنی پەیمانێکی نوێ کە هەمو ڕێککەوتنە کۆنەکانی عیراق–بریتانیای هەڵئەوەشانەوە. وەزارەتی کاروباری ناوخۆ یش بۆ ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەجۆرێ مسۆگەر بکا کە پەیمانەکە هەرچۆنێ بێ، ئیمزای بکەن.

بابەتی گفتوگۆکانی عیراق و ئینگلیز لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو ئەبونەوە. یەکێ لەو مەسەلانەی سەرانی کوردی ئە وروژان، ئەوە بو: پێشنوسی ئەم ڕێککەوتننامە تازەیە هیچ مادەیەکی دەربارەی پاراستنی مافەکانی کورد تێدا نەبو. تەنانەت کە مەعروف جیاوک (نائیبی هەولێر) لەو بارەیەوە لە مەجلیسی نوابدا پرسیاری لە سەرۆوەزیران کرد، بە تورەبونەوە وتی: "ئەمە ڕێککەوتننامەیەکی نادەوڵەتیە، پێویست ناکا مەسەلە ناوخۆییەکانی تێدا بێ".

وەزارەتی نوێ بڕیاریدا دوەمین مەجلیسی نواب (1ی 10ی 1928– 24ی 3ی 1930) هەڵبوەشێنرێتەوە و لە 10 ی 7 ی 1930 دا دەس بکرێ بە هەڵبژاردن بۆ سێیەمین مەجلیسی نواب و تا 10 ی 9 ی 1930 تەواو بکرێ.

2. 1. 1. سیاسەتی عیراقیی نوری سه عید

نوری سەعید بۆ ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن بە قازانجی پەسندکردنی پەیمانەکە دەستەبەر بکا، چەند ڕێوشوێنێکی دانا:

بە بیانوی ئەوەی ڕۆژنامەکان دژی سیاسەتی ناوەوە و دەرەوە ئەنوسن. ڕۆژنامەکانی: الرافدان، صدی الاستقلال، الشعب، البلاد... ی داخست و، سەرنوسەرەکانی خستە ژێر چاودێری پۆلیسەوە.

هەوڵێکی زۆریدا ڕیزی حزبە موعاریزەکان تێک بدا و کەسانێکیان لێ بگرێ، خۆ یشی بۆ پشتگیری لە ڕێکەوتنەکە، حزب العهدی لە کەسانی سەر بە خۆی دروست کرد.

لەناو دەزگای بەڕێوەبەرایەتیدا، بەبیانوی کارامەییەوە ئاڵوگۆڕێکی زۆری لەناو فەرمانبەراندا کرد. دەسەڵاتی دا بە وەزیرەکان یش، بە بیانوی زۆری فەرمانبەرانەوە کێیان بوێ دەری بکەن.

دەرەبەگەکانی بە ئەرازی ئەمیرییەوە خەریک کرد. بەوە ترساندنی حکومەت ئەتوانێ ئەرزەکانیان لێ بسێنێتەوە، ئەگەر لە گەڵی نەبن.

سەرۆکی ئەرکانی جەیش فەرمانی دەرکرد کە هیچ عەسکەرییەک بە چەکەوە نەگەڕێ. بۆ هیچ کۆڕێکی دینی نەچن و هەمو ئیجازاتێک کەم کرایەوە و لەغو کرا.

موفەتیشە ئیدارییەکانی ئینگلیز، لە گەڵ دەزگای بەڕێوەبەرایەتی حکومەت کەوتنە هاوکاری بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی یەک بە یەکی پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن بەرامبەر ڕێکەوتنەکە.

2. 1. 2. سیاسەتی کوردیی نوری سه عید

نوری سەعید، بۆ ئەوەی کورد ئارام بکاتەوە و پشتیوانییان بەدەس بهێنێ، بە پێی ڕاسپێرییەکانی موستەشاری بریتانی وەزارەتی ناوخۆی عیراق، هەندێ هەنگاوی بە قازانجی کورد نا. لە بواری ناسینی ڕەسمیی زمانی کوردیدا لە بەیانێکدا وتی:"پاش ئەوەی کە وەزارەت کاروباری گرتە دەست، بڕیاری دا گرنگی بدات بەو شتانەی دڵی میللەت خۆش ئەکەن و هیوا و ئارەزوەکانی بەشێک لە دانیشتوانی وڵاتمان ئەهێننەدی. لەبەرئەوە بڕیاری دا لائیحەیەکی قانونی ئامادە بکات بۆ کردنی زمانی کوردی بە ڕەسمی لەو شوێنانەی کوردی لێیە بە پێی مادەی 17 ی قانونی ئەساسی. ئەم هەنگاوەی حکومەت لەسەر ڕێبازی ئەو گفتانەیە کە کۆن دراون بە کوردەکانی عیراق". ئەم بڕیارە بە چاکە دەنگی دایەوە، سەرانی کورد بروسکەی سپاسیان بۆ نارد.

لە کەرکوک حکومەت حەفتەنامەیەکی بە تورکی لەژێر ناوی (کەرکوک)دا دەرئەکرد. تا ئەو کاتە هیچ ڕۆژنامەیەکی حکومەتی یا ئەهلی لە کەرکوک دەرنەچو بو. وەکو بەشێ لە سیاسەتی ڕازیکردنی کورد، 4 لاپەڕەی کەرکوک بۆ نوسینی کوردی تەرخان کرا.

لە بواری مەعاریف (خوێندن و پەروەردە)دا: مەعاریفی لیوای هەولێر لە مەعاریفی لیوای موسڵ و، مەعاریفی لیوای سلێمانی لە مەعاریفی لیوای بەغداد جیا کرایەوە. مەعاریفێکی تایبەتی بۆ ناوچە کوردییەکان لە مەرکەزی کەرکوک دامەزرا. نوری بەرزنجی بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی فەزل لە بەغداد کە مامۆستایەکی کورد بو، کرا بە پشکنەری ئەم دەزگایە. وەزارەتی مەعاریف، بۆ دەرسی قوتابخانە سەرەتاییەکان هەندێ کتێبی وەکو (دین، علوم، جغرافیە، تاریخ، هندسە)ی تەرجومە کرد بە کوردی.

لە بواری بەڕێوەبەرایەتیدا: هەندێ کەسایەتی ناسراوی کوردی هێنایە پێشەوە و کاری بەڕێوەبەرایەتی گرنگی پێ سپاردن. لەوانە: تۆفیق وەهبی کرا بە موتەسەڕیفی سلێمانی، عەبدولحەمید عەبدولمەجید کرا بە موتەسەڕیفی هەولێر و سالح زەکی بەگ کرا بە معاون مدیر عامی داخلیە. ماجید مستەفا کرا بە قایمقامی

قەزای ئامێدی. خەلەف شەوقی بە پشکنەری ئارایی. هەندێ لەمانە بە کەسانی کوردپەروەر ناسرا بوون. هەندێکیان لە هاوکارانی پێشوی شێخ مەحمود بوون.

وەزارەتی عەبل، شیعاری دەوڵەتی عیراقی دانا. لەناو ئەم شیعارەدا دو ئەستێرەی وەکو نیشانەی هەردو گەلی کورد و عەرەب چەسپاند.

ئەم هەنگاوانەی نوری سەعید، بایی ئەوە نە بون پشتیوانی نیشتمانپەروەرانی کورد بەدەس بهێنن. ئەوان چاوەروانی دەسکەوتی سیاسی بون. لە یەکێ لەو بڵاوکراوانەی بێ ئیمزا لەسەر ئەم وەزارەتە دەرچوە، نوسراوە: "کورد لە ئەقوال زیاتر چاوەروانی ئەفعالە".

2. 1. 3. دانانی تۆفیق وەهبی

تۆفیق وەهبی یەکێ لە پیاوە تێگەیشتوەکانی ئەو سەردەمەی سلێمانی بوە. لە سلێمانی و بەغداد و ئەستەموڵ خوێندویەتی و، لە ئۆردوی عوسمانیدا بوەتە ئەفسەری روکن. لە سەرەتای بیستەکاندا گەڕایەوە عیراق و لە بەغداد دامەزرا. کاتێ شێخ مەحمود لە دیلی ئازاد کرا و گەڕایەوە کوردستان و بو بە حوکمدار و دواتر مەلیکی کوردستان، تۆفیق وەهبی گەڕایەوە سلێمانی و بو بە یاوەری. لە داگیرکردنی دوەمی سلێمانیدا (1922 ز) کوردستانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بەغداد. لە جەیشی عیراقدا ئەفسەر و ماوەیەک فەرماندەی قوتابخانەی جەنگی پێگەیاندنی ئەفسەرانی عیراق بو.

تۆفیق وەهبی بە کوردپەروەر و رۆشنبیر ناسراوە. چەندین زمانی زانیوە و خەریکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بوە. دەستوری زمانی کوردی داناوە، کە بە یەکەمین هەوڵی زانستیی ڕێزمانی ئاڕشتنی ڕێزمانی کوردی دادەنرێ.

لە مانگی 4 ی 1930 دا کرا بە موتەسەریفی سلێمانی. ئەم هەواڵە بە خۆشییەکی زۆرەوە وەرگیرا. ژیان بە ستایشێکی زۆرەوە لەسەری نوسی. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سلێمانی چون بۆ پێشوازی و، هەندێکیان هەتا کەرکوک رۆیشتن. ئەو ماوەیەی کە ئەو موتەسەریف بو، جوڵانەوەی رۆشنبیری و سیاسیی بۆ داواکردنی مافی نەتەوەیی کورد لە سلێمانی گەیشتە پۆپەی. حکومەتی بەغداد ئەم چالاکیانەی بە هاندانی ئەو ئەزانی. لەسەر ئەوە لەسەرەتای 9 ی 1930 دا، پاش چوار مانگ، کێشرایەوە بۆ بەغداد و لەسەرکار لابرا. دانانی چ خۆشییەکی لە سلێمانی خولقاند، لابردنی زۆر لەوە زیاتر نارەزایی وروژاند. بە بروسکەو مەزبەتە نارەزایییان دەربری، بەڵام لە پایتەخت هیچ کەس گوێی نەدانێ.

2. 1. 4. دەنگدانەوەی پەیمانەکە

لە 1 ی 4 ی 1930 دا دەس کرا بە گفتوگۆ بۆ پەیمانی 30 ی 6 ی 1930. کە بەپێی ئەم پەیمانە ئەبو عیراق سەربەخۆ بێ. نوری سەعید رایگەیاند رۆژ بە رۆژ خەڵک لە رەوتی وتوێژ ئاگادار ئەکات. نوری سەعید ئەو ماوەیە لە لەندەن خەریکی گفتوگۆ بو. جەعفەر عەسکەریی وەکیلی سەرۆوەزیران بو.

لە 18 ی 7 ی 1930 دا بەندەکانی پەیمانەکە بە رەسمی لەلایەن (ملاحظیة المطبوعات)ەوە درا بە رۆژنامەکان کە بەبێ لێدوان بڵاوی بکەنەوە. لە دور و نزیکەوە باسی مافەکانی کورد لەم پەیمانەدا نەبو.

لە زۆر شوێنی عیراق، لە خوارو و ناوەراست و سەرو، دژی بەندەکانی ئەم پەیمانە راوەستان. بەڵام بارودۆخی سلێمانی لە هەمو شوێنەکانی تر ئاڵۆز تر بو. هۆی دژایەتی کردنی ئەم پەیمانە لەلایەن کوردەوە جیاواز بو لە دژایەتی عەرەب. عەرەب پێیانوابو ئەمە نەک سەربەخۆیی بۆ عیراق دابین ناکا، بەڵکو جۆرێکە لە بەندایەتی. هەرچی کورد بو، پێیانوابو ئەم پەیمانە چونکە ناوی کوردی نەهێناوە، لەناو عیراقی عەرەبی دوارۆژدا مافەکانی کورد پایەماڵ ئەبێ. بریاری گشتی لە سلێمانی ئەوەبو کە هاوبەشی هەڵبژاردن نەکەن.

2. 2. هەیئەتی وەطەنیە

لەم ماوەیەدا جوڵانەوەی کورد. لەو شکستەی کە بە هۆی شکانی جەنگی شێخ مەحمودەوە توشی هات بو، هەستا بوەوە. گیانی نەتەوەیی سەرلەنوێ بوژا بوەوە. سەرانی کورد کەوت بونەوە جموجۆڵ. ماوەی ئینتیدابی بەریتانی بەرەو تەواو بون ئەچو. عیراق یش خۆ ئامادە ئەکرد بۆ بەستنی ڕێککەوتننامەیەکی نوێ لە گەڵ بریتانیا و بەدەستهێنانی سەربەخۆییو چونە ناو کۆمەڵی گەلانەوە. ئەمانە نیشتمانپەروەرانی کوردیان پاڵ پێوە ئەنا، ئەوان یش داوای مافی نەتەوەیی کورد بکەن. بەتایبەتی چونکە هیوایان بە "ئۆستایەتی" بریتانیا و "عەدالەت" ی کۆمەڵەی گەلان هەبو.

سەرانی کورد بە هیوا بون پێوەندیەکانی عەرەب و کورد لە عیراقدا. وەکو پێوەندیەکانی ئینگلیز و سکۆت لە بریتانیا ڕێکبخرێ. ئینگلیزەکان یش خۆیان نیشارەتیان بەمە داوە. تەنانەت خۆشباوەڕی هەندێ لە کوردەکانی ئەوسا گەیشتۆتە ئەوڕادەیە کە کورد لە تورکیا قەتڵوعام ئەکرێ، یەکێ لە شاعیرە کوردەکان لەژێر سەرناوی:"شین: تازیەی کوردان"دا لە شیعرێکی درێژدا نوسیویتی:

گەردون کەوا کۆمە، زبانیشی کەلاڵە
بۆ کوردی ستەمدیدەی خنکاوی شیماڵە
ئەم چەرخە لەگەڵ چەرخ بە دایم کە لە شەڕدا
شینێکی شەهیدانە، لە پیر و لە مناڵە
ئەم کوردە چ مەزلومە، خوێنی چەنە داڵە
ئایا ئەبێ لەم حاڵە نەگەن ئەهلی بریتان
هەم گەورەو سەرداری گەلی میللەت و قەومان؟
(ژیان، ژ58، 17ی 3 ی 927)

پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی کە بە زاراوەی ئەوسا پێیان وتون (ئەشراف و وجەها) ئەکەونە خۆیان و چەند جارێ لە ماڵی حەمەی ئەورەحمان ئاغا و چەند جارێ لە ماڵی عەزمی بەگی بابان دا ئە نیشن. لەسەر پاشەڕۆژی کورد، بە تایبەتی دوای تەواو بونی ئینتیداب و سەربەخۆ بونی عیراق، لە گەڵ یەک ڕاوێژ ئەکەن. ئەمانە لەناو خۆیاندا جۆرە کۆمیتەیەک بەناوی: (هەیئەتی وەطەنیە)وە پێک ئەهێنن. عەزمی بەگی بابان کە لە هەمویان بە ساڵداچو تر بوە، سەرۆکایەتی کردون. ئەم هەیئەتە باوەڕی بە بەکارهێنانی توندوتیژی نەبوە. وەکو عیزەت بەگی جاف وتویەتی: "ئەم جارە سیلاح و تفەنگمان قەڵەم و موراجەعاتە". پێوەندیەکی فراوانی لە گەڵ کەسایەتیە ناسراوەکانی کورد و سەرانی عەشیرەتەکاندا دروست کرد.*

---

* مەعروف جیاوک لەوبارەوە نوسیویەتی: (جەمعیەتێک لە سلێمانی پێک هات بۆ داواکردنی سەربەستیی و سەربەخۆیی. دامەزرێنەرەکانی وەکو لەبیرم بێ: حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغا، شێخ قادری حەفید، موحەمەد صاڵح بەگ، تۆفیق قەزاز، ڕەمزی فەتاح، عیززەت مەعفەعی، عەزمی بەگی بابان، عیززەت بەگی عوسمان پاشا، ئەورەحمانی ئەحمەد پاشا، فایەق بەگی بابان، شێخ محەمەدی گوڵانی و سکرتێری ئەم هەیئەتەش ڕەشید نەجیب بو، کە بو بە موتەصەڕریفی کەرکوک، ئەوسا کاتب بو لای موفەتیشی حاکیمی سیاسی).

(معروف جیاوک: مأساة بـرزان المظلومة، بغداد، 1954، ص83-84. وەکو ئەڵێن مەعروف جیاوک باوەڕپێکراوی ئەم هەیئەتە بوە لە هەولێر. بەڵام لەدوای ڕوداوەکەی 6 ی ئەیلولی سلێمانی کە بوتە حاکم، ئەم لێکۆڵینەوەی لەگەڵ هەندێ لە گیراوەکانی هەیئەت کردوە).

شێخ مەحمود لەو کاتەدا لە پیران دانیشت بو. ئەم تاقمە کە دەس ئەکەن بە کار لەناو خۆیاندا گفتوگۆ لەسەر ئەوە ئەکەن: ئاخۆ شێخ مەحمود لەم کارە ئاگادار بکرێ و بەشدار بکرێ یا نەء؟ ئەگەرچی لەسەر ئەم کێشەیە ناکۆک ئەبن و هەندێ مشتومڕیان ئەبێ. بەڵام سەرەنجام هەمویان لەسەر ئەوە پێکئەکەن کە شێخ مەحمود ناگادار نەکەن و خۆیانی لێ بەدور بگرن. چونکە لایان وا ئەبێ کە شێخ مەحمود توشی شەڕ بوە، لەلای ئینگلیز شکاوە. لە گفتوگۆکانی سلێمانیدا، لەم روەوە رەمزی فەتاح وتویەتی: "ئەم حەقە بە میللەتی کورد دراوە. ئەگەر شێخ مەحمود خەطای کردبێ دیسانەوە میللەت قەباحەتی نیە. مەعلومی فەخامەتتانە خەطای کەسێک حقوقی میللەتێکی وا مەحو ناکاتەوە...".

ئەم روداوە گۆڕانێکی چۆنایەتی بو لە جوڵانەوەی نەتەوایەتی کوردا، ئەوە یەکەمین جار بو:

1. لەباتی ئاریستۆکراتی لادێ (شێخی تەریقەت و سەرۆکی عەشیرەت)، هەڵبژاردەی شاری (ئەشراف، تیجار، رۆشنبیر) سەرکردایەتی بگرنە دەس.

2. لەباتی ئەوەی پەنا بۆ شۆڕشی چەکدار بەرن، رێگەی کاری سیاسی (خۆپیشاندان، مانگرتن، نوسینی بەیان و مەزبەتە، گفتوگۆ) بگرن.

3. لەباتی ئەوەی ناوچەی شاخاوی عاسی بکەن بە مەڵبەندی جموجۆڵ، شار (قوتابخانە، بازاڕ، دائیرەکان) بکەن بە مەیدانی چالاکی.

لەو سەردەمەدا سیاسییەکانی عەرەب لە عیراقدا ئەیان توانی حزبی سیاسی دابمەزرێنن، چەندین رۆژنامەی سیاسی بە عەرەبی دەرئەچون. بەڵام سیاسییەکانی کورد لەم مافە بێ بەش بون. رێگە نەئەدران حیزبی سیاسی دابمەزرێنن و رۆژنامەی سیاسی دەربکەن.

2. 2. 1. ئەمیر غازی لە کوردستان

بۆ هێمنکردنەوەی خەڵک و دڵنیا کردنیان لەوەی کە مافەکانیان پارێزراوە، پەیمانی نوێی بریتانی–عیراقی قازانجی گەلی عیراق، لە ناو ئەو دا هی گەلی کوردی یشی تیایە. غازی کوڕی مەلیک فەیسەڵ، وەلیعەهدی عەرشی عیراق، لە تەموزی 1930 دا سەردانی کوردستانی کرد.

بەر لەوەی ئەمیر غازی لە گەشتەکەیدا بگاتە سلێمانی، هەیئەتی وەطەنیە بەیانێکی حەماسی دەرکرد. لەم بەیانەدا خواستەکانی کوردی رون کردەوە و داوای لە خەڵک کرد بۆ پشتیوانی لەم خواستانە، خۆیان ئامادە بکەن بۆ خۆپیشاندانێکی هێمنانە.

ئەمیر غازی لە گەشتەکەدا گەیشتە سلێمانی، لەلایەن حکومەتەوە پێشوازی رەسمیی کرا. خەڵک یش بۆ خۆپیشاندانێکی گەورە و هێمن لەبەردەمی سەرادا کۆبونەوە و پشتیوانیان لە خواستەکانی کورد کرد. بە نوێنەرایەتی خەڵک، رەمزی فەتاح و تۆفیق قەزاز قسەیان کرد. داوایان لە ئەمیر غازی کرد داواکانیان بگەیەنێ بە دەسەڵاتدارانی بەرز.

بێگومان غازی بەتەمای ئەمە نەبو. رۆژنامەکانی بەغداد بە نارەزاییەوە هەواڵی ئەم پێشوازییەیان بڵاوکردەوە.

2. 2. 2. وەفدی وەزاری لە کوردستان

ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبونەوەی 5 ی 8 ی 1930 دا بڕیاریدا وەفدێکی وەزاری، هاوڕێ لە گەڵ کاپتن هۆلتی وەکیلی مەندوبی سامی، بۆ گەشتێکی سیاسی رەوانەی کوردستان بکا، بەو هیوایەی ئەو

ئاڵۆزییەی بەهۆی بەستنی پەیمانی بریتانی- عیراقیو فەرامۆشکردنی مافەکانی کوردەوە دروست بوبو، بڕەوێنێتەوە و، زەمینەی هەڵبژاردنی داهاتو خۆش بکەن.

وەفدە وەزاریەکە پێک هات بو لە: وەکیلی سەرۆکی وەزیران، جەعفەر عەسکەری وەزیری عەدل، جەمال بابان وەزیری کاروباری ناوخۆ، جەمیل مەدفەعی وەکیلی مەندوبی سامی. لەو کاتەدا هێشتا نوری سەعید، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، لە بریتانیا نەگەرابوەوە.

هەیئەتی وەطەنیە بەم بۆنەیەوە بەیانێکی حەماسی دەرکرد، بۆ پشتیوانی لە خواستەکانیان داوایان لە خەڵک کرد، لە ڕۆژی گەیشتنی وەفدەکەدا، بۆ خۆپیشاندانێکی هێمنانە خۆیان ساز بدەن.

لە سەرەتای ئابی 1930 دا وەفدەکە چوە کەرکوک و هەولێر، ئینجا سلێمانی. لە هەر 3 شار لە گەڵ پیاوە ناسراوەکانی کورد کۆبونەوە. وەکیلی سەرۆکی وەزیران و وەکیلی مەندوبی سامی، هەر یەکەیان وتارێکی ئامادە کردبو، کە هەڵوێستی حکومەتەکانیانی دەربڕی، لەم کۆبونەوانەدا خوێندیانەوە.

جەعفەر عەسکەری لە وتارەکەیدا وتی:

"من بۆتان تەصریح دەکەم کە حکومەتی عیراق بە صورەتێکی ئەکیدە قەراری داوە کە بە نەزەری ئیعتیبار تەماشای ئەو وەعدانە بکات کە بۆ تەئمینی ئارەزوی برا کوردەکانمانی دابو لەوەش نەک تەنها هەتا ساڵی 1923 مەرعیەلئیجرای ئەبێ، بەڵام هەتا مابەعدی ئەو تاریخەش دەوام دەکات...

"لە عەینی زەمانا بە هەمو شیدەتێک بۆ مەحوکردنی هەمو جۆرە ئەعرەمیەکی کە ببێتە سەبەبی تەفرەقەو ئیخلالی وەحدەتی وەتەنیەی عیراق، یاخود ببێتە سەبەبی ئیخلال کردنی حقوقی دراوسێیەتی لە گەڵ هەر دو حکومەتی دۆستمان: ئێران و تورک..."

وەکیلی مەندوبی سامی یش لە وتارەکەیدا وتی:

"... قەت شتێکی وا نیە لە هیچ نوقتەیەکی عیراق کە بڵێن حکومەتی عیراق یان حکومەتی بریتانیا هەر یەکە بۆ خۆی تەعقیبی سیاسەتێک بکا، تازە ئەوا موعاهەدەیەک ئیمزا کراوە کە ئەم دو مەملەکەتە بۆ 25 ساڵی تر لە گەڵ یەکتری بە تەحالوفێکی صەمیمی رەبط دەکات...

"... غایەی یەکەمینیان ئەوەیە کە تەئمینی تەئسیسی دەوڵەتێکی عیراق بکات کە ئازاد و سەربەخۆ بێت... هەرچی حەرەکەتێک لە گەڵ ئەم سیاسەتە تەوافوق نەکات حکومەت بەباشی سەیری ناکات، وەکو جیابونەوەی کوردان".

"... سەیر دەکەم بەعزێ جیهاتی نامەسئول وای دەهێننە پێشەوە کە تەشجیع کردنی حەرەکەتی قەومیەی کوردی سیاسەتێکی قەطعیەی حکومەتی جەلالەتی مەلیکی بریتانیایە، ئەمە نەک تەنها بۆ عیراق، بەڵکو بۆ دراوسێ و دۆستەکانی تری کە حکومەتی ئێران و تورکیایە موجیبی ئیرتیباک دەبێت. هیچ شتێک نیە کە لەمە زیاتر لە حەقیقەت دور بێت...

"ئەوەی کە هەردو حکومەت: بریتانیا و عیراق، حەز ئەکەن ببینن پێشکەوتنی سولحپەروەرانەی عیراقێکی یەکگرتوە، کە لەوێ هەمو ئەو عونصورە موختەلیفانەی ئەهالی تەشکیل دەکەن، غەرەضی زۆر موهیمیان ئەوە بێ کە ببن بە عیراقێکی چاک".

بەو پێیە هەڵوێستی بریتانیای لە کێشەی کورد ڕون کردەوە کە: پشتیوانی لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ناکەن، بەڵکو ئەیانەوێ کورد ببێ بە "عیراقیەکی چاک".

لە هەر 3 شار گفتوگۆی گەرم و تونـدوتیژ لـە نێـوان نوێنـەرانی کـورد و وەفـدی حکومـەتدا کـرا. نوێنەرانی کورد بە راشکاوی ئەیان وت: نایانەوێ لە گەڵ عەرەب پێکەوە بژین. بەڵکو ئەمان یـش ئەیانـەوێ: حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ، لەژێر ئینتیدابی دەوڵەتێکدا کە کۆمەڵەی گەلان دیاری بکا، دابمـەزرێنرێ. بـۆ ئەمە یش ئەو بەڵێنانەیان ئەکرد بە بیانو کە کۆمەڵەی گەلان کاتی خۆی بە کوردی دابون.

داواکەیان پێچەوانەی بۆچـونی کاربەدەسـتانی عیـراق و لـە گـەڵ سیاسـەتی بریتـانی‌دا نـە ئـەگونجا. لەبەرئەوە ئومێدی جێبەجێ کردنیان لێ نەئەکرا. وەفدی وەزاری گەرایەوە بەغدا بێ ئەوەی لـە گـەڵ سـەرانی کورد، گەیشتبێتە هیچ جۆرە لە یەک گەیشتنێ.

2. 2. 3. ناردنی بروسکە و یادداشت

هەیئەتی وەطەنیە کەوتە جموجۆڵێکی سیاسی فراوان: هانـدانی سـەرانی کـورد بـۆ نـاردنی بروسـکە، یادداشت، نامە.. بۆ کاربەدەستانی عیراق، بریتانیـا، کۆمەڵـەی گـەلان و سـازمانی خۆپیشـاندانی جـەماوەری فراوان و هێمنانە. سەرانی کورد ئومێـدێکی زۆریـان بـە "عەدالـەتی عەسـبەتول ئومـەم" هـەبو. تەنانـەت ئـەو لافیتانەی لە کاتی خۆپیشاندانەکانی پێشوازی ئـەمیر غـازی و، وەفـدی وەزاری و، رۆژی 6 ی 9 دا بـەرزیان کرد بونەوە، بریتی بون لە دو دروشمی سەرەکی: (رەوابێ مەتالیبی میللەتی کـورد) و (بەرقـەرار بـێ عەدالـەتی عیصبەتول ئومەم).

لەناو ئەوانەدا کە بروسـکەو یادداشـتیان نـاردوە بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان: ئەشـرافی سـلێمانی، سـەرانی عەشیرەتەکانی پشدەر، هـەورامان، هەمەوەنـد، جـاف، تەنانـەت ژنـانی سـلێمانی یـش لـەم هەوڵـە نیشـتمانیە دوانەکەوتن. حەپسە خانی نەقیب و دەستە خوشکەکانی داوای مافەکانی کوردیان کرد.

لەو کاتەدا بریتانیا گەورەترین هێزی دنیا و بە دەسەڵاتترین هێزی ناو کۆمەڵەی گەلان بو. لـە هـەمان کاتدا مانداتۆری عیراق یش بو. نامە و یادداشتەکانی سەرانی کورد لە رێگەی ئەوانەوە ئەنێردرا بۆ کۆمەڵەی گەلان. بریتانیا بریاری دابو کە عیراق بە یەکگرتویی بمێنێتەوە و بکرێتە ئەندامی کۆمەڵـەی گـەلان. لـە بـەر ئەوە نەک هەر گوێی نەدایە خواسـتەکانی کـورد، بـەڵکو لـە راپۆرتـەکانی‌دا لەسـەر پێشـکەوتنی عیـراق کـە پێشکەشی کۆمەڵەی گەلانی ئەکرد، پاکانەی بۆ عیراق ئەکرد سەبارەت بەو شکاتانەی لێی ئـەکران و گـەواهی درۆی بۆ ئەدا کە خواستەکانی کوردی بەجێ هێناوە. کۆمەڵەی گەلان یش شایەتیەکانی دەوڵەتی مانداتۆری لـە بەرچاو ئەگرت، لە بەر ئەوە گوێی نەدایە خواستەکانی کورد.

ئەحمەد موختار جاف کە چەند جارێ لە مەجلیسی نوابدا نائیبی هەڵەبجە بوە، دیـارە لـە کەینوبـەینی ژێر بەژێری کۆمەڵەی گەلان ئاگادار بوە، بۆیە بێ مەڵامەت نیە کە لـە شـیعرە بەناوبانگەکـەی‌دا بـە راشـکاوی ئەڵێ:

ئەم قەراری عیسبەیە وا خەڵق ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ،\
هەر قسەی روتە و، قسەیش ناچێتە ناو گیرفانەوە!\
سەرەنجام پێشبینیەکەی ئەم هاتە دی.

2. 2. 4. بادینان و خواستەکانی کورد

لەم جوڵانەوە سیاسیـە فراوانەدا، بادینان بە هۆی هەڵوێستی سـەلبی: شـێخ رەفیقـی سـورچی، فـارس ئاغای زێباری، رەشید بەگی بەرواری، شێخ نوری بریفکانی و چەنـد کەسـێکی تـرەوە.. دابرابـو. ئەمانـە بـە ئاشکرا پشتیوانی‌یان لە حکومەتی عیراق کرد، دژی خواستەکانی کورد راوەسـتان و، نـەریتێکی خائینانـەیان

بەرامبەر جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، بۆ کوڕ و نەوەکانیان داهێنا. تا ساڵانێکی درێژ لەسەری ڕۆشیتن. هەر لە سۆنگەی ئەمانەوە:

یەکەم: ئەگەرچی حکومەتی عیراق لە ناوچە کوردنشینەکاندا زمانی کوردی بە زمانی رەسمی خوێنـدن و دادگا و دائیرەکانی ناسی، لە بادیدان ئەمە جێبەجێ نەکرا.

دوهەم: ئەو پرۆژەیە یش کە کاربەدەستانی ئینگلیزی چەند جارێ بۆ کاربەدەستانی عیراقیـان پێشـنیار کرد، دەربارەی ئەوەی قەزا کـوردییـەکانی موسڵ، دهـۆک، زاخـۆ، ئامێـدی و ئـاکرێ، بکـرێن بـە لیوایـەکی سەربەخۆ، بە رەزامەندی ئەمان و بە هۆی دەسەڵاتدارەکانی موسڵەوە، سەری نەگرت.

2. 3. هەڵبژاردنی 1930

وەزارەتەکـەی نـوری سـەعید گـوێی نەدایـە نـارەزایی کـورد و نـارەزایی عـەرەب. سـور بـو لەسـەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ئیمزا کردنی پەیمانی بریتانی– عیراقی. وەزارەتی داخلیە بۆ هەمو لیواکـانی نوسـی کە تا ئەتوانن بە پەلە دەس بکرێ بە هەڵبژاردنی هەیئەتی تەفتیش بۆ هەڵبژاردنی دانیەکان.

2. 3. 1. شەڕی بەر دەرکی سەرا

تۆفیق وەهبی کە موتەسەریفی سلێمانی بو، لە سەرەتای مانگی 9 دا کێشـرایەوە بـۆ بەغـداد و لێخرا. ئەمە نارەزایی‌یەکی زۆری لە ناو دانیشتوانی سلێمانی و سەرانی ئێڵەکاندا خوڵقاند. حکومـەت لای وابو وەهبی بەگ یەکێکە لە هاندەرانی جموجوڵی سیاسیی سلێمانی. لـەو سـەردەمەدا موفەتیشـی ئیداری کە ئینگلیز بو، لە هەمو لیواکانی عیراقدا خاوەن دەسەڵات بون. موفەتیشی ئیـداری سـلێمانی، کابرایەک بو بە ناوی گاون. بەڵام ئەمیش بە ئیجازەی 6 مانگ سەفەری کرد بو. سلێمانی موتەسەریفی نەبو. موفەتیشی ئیداریەکەی یشی لە ئیجازە بو، کەسی یەکەمی خـاوەن دەسـەڵات، وەکیلەکـەی گـاون، کابرایەکی ئینگلیز بو بەناوی ئالبن. داوودەزگای بەرێوەبەرایەتی سـلێمانی رێنـوێنی و فـەرمانیان لـە میستەر ئالبن وەرگرت.

شەوی 4 ی 9 هەیئەتی وەطەنیە لە ماڵی عەزمی بەگی بابـان دانیشـتن. بڕیاریـان دا: لـە هـەڵبژاردندا بەشداری نەکەن.

رۆژی پێنج شەمە 4 ی 9 فایق بێکەس قوتابیەکانی زانستی لە گەرەکی سابونکەران هێنایە خـوارەوە. بە دەوری سەرادا دانیشتن. سرودی نیشـتمانی‌یـان ئەخوێنـد و هوتافیـان ئەکێشـا. لـە پـڕ ئۆتۆمۆبیلـەکـەی موفەتیشی ئیداری دەرکەوت، دایانە بەر بەرد.

رۆژی شەمە 6 ی 9 دانرا بو کە هەیئەتی تەفتیش، بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنی (منتخبە سانەویەکان) لە سەرای سلێمانی ئامادەبن. نزیکەی 30 کەسێک لە سەرادا کۆبونەوە بۆ هەڵبژاردنی دانیەکان.

سەرانی هەیئەتی وەطەنیە لایەنگری توندوتیژی نە بون. هەر لە بەر ئەوە لـەم خۆپیشـاندانەدا بەشـدار نە بون. ئەوەی هاندەری سەرەکی بوە و سەرکردایەتی کردوە، فایق بێکەس بوە. فایق بێکەس و قوتابیەکانی زانستی لە بازاڕ کەوتنە داخستنی دوکان بە خەڵک. بەشی زۆری خەڵک دوکانیان داخست و بەرەو بەردەرکی سەرا رۆیشتن.

لە چایخانەکاندا بە گرامەفۆن سرودی نیشتمانی لێ ئەدرا. خەڵک زۆر کۆبونەوە. هوتاف و شـیعارات بە دەنگی بەرز لە دژی هەڵبژاردن ئەدرا. وەکو بەیانەکەی حکومەت یش ئەڵێ ژمـارەی خۆپیشـاندەران زیـادی کرد، گەیشتە 2 تا 3 هەزار کەس. خۆپیشاندەران بەردەرکی سەرایان گرت بـو. ڕێگـەیان لـە هـاتوچۆی نـاو

سەرا و دەرەوەی نەگرت. پۆلیس نەی توانی بڵاوەیان پێ بکا و ڕێگای هاتوچۆ بکاتەوە. لە نێوان پۆلیس و خەڵک دا بو بە شەڕە دار و بەردە فڕکێ. ئەم ڕوداوە لە سەعات 11 ی پێش نیوەڕۆ ڕوی دا.

دەسەڵاتداری یەکەمی حکومەت لە سلێمانی، وەکیلی موفەتیشی ئیداری ئـالبێن بـو. داوا لـە فـەرمانـدەی جەیش کرا سریەیەک سەرباز بنێرێ. ئەو پێش بەشی نەکرد، داوای فەوجێکیان کرد. سەربازەکان لە حەوشی سەرا و سەربان دامەزران. بە مەترەلۆز کەوتنە تەقە لە خۆپیشاندەران. چەند کەسێ کوژران (بە پـێی بـەیانی ڕەسمیی حکومەت...و، بە قسەی خەڵک نزیکەی 60 کەس کوژراوە) و چەند کەسێ بریندار بون. ئەوانی تر بڵاوەیان لێ کرد.

هێزە چەکدارەکانی عیراق دەستیان گرتەوە بەسەر جادەکاندا. کوژراوەکان لە حەوشی سـەرادا کەڵەکـە کران. برینداەرکان یش لەناو قاوشێکدا ڕیزکران و کەوتنە ڕاونان و گرتنی هاندەر و ڕێکخەر و بەشـدارانی خۆپیشاندانەکە. تا دو سێ ڕۆژ هەر خەڵک ئـەگیران و پـۆلیس و سـەرباز شـایەتیـیان لـێ ئـەدان. ژمـارەی گیراوەکان لە 100 کەس تێپەڕی.*[1]

2. 3. 2. ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە سلێمانی

کارەساتی بەردەرکی سەرا، ئەگەرچی لـە ڕۆژنامـەکانی عیـراق و، لـە ڕۆژنامـەکانی بریتانیـادا دەنگـی دایەوە، بەڵام کاربەدەستانی عیراق گوێیان نەدایە و بڕیاریاندا هەڵبژاردنەکە بە ئەنجام بگەیەنن.

وەزارەتی کاروباری ناوخۆ لە ڕۆژی 9 ی 9 ی 1930 بە بروسکەیەکی نهێنی داوای لـە موتەسـەڕیفی سلێمانی کرد، بەهۆی ئـەو ڕوداوەوە هـەڵبژاردن هەفتەیـەک دوا بخـرێ. موتەسـەڕیفیەتی سـلێمانی کـە ئـالبێن حوکمرانی بو، لە 11 ی 9 ی 1930 دا لە وەڵامدا پێیان داگرت کە ئەنجامدانی هـەڵبژاردن گرنگیـەکی زلـی هەیە، لە بەر ئەوە نابێ دوا بخرێ. وەزیری کاروباری نـاوخۆ یـش لـە 14 ی 9 ی 1930 بـە نوسـراوێکی نهێنی و پەلە، پشتیوانی بڕیارەکەی موتەسەڕیفەتی سلێمانی کرد.

ڕۆژی 15 ی 9 ی 1930 لە (مەقامی موتەسەڕیفیدا عـمومی ئەشـراف و توجـار و سـائیر طەبەقـەی ئەهالی بۆ ئینتیخاباتی هەیئەتی تەفتیشیە کۆبونەوە) یان ڕاستر، کۆکرانەوە و هەڵبژاردنیان پێ کـرد. کـاتێ کۆبونەوەی مەجلیسی نواب لە ڕۆژی 1 ی 10 ی 1930 دا لە بەغدا کرایەوە، بە نوێنەرایەتی سـلێمانی ئـەم نائیبانە: ئەحمەد سالح، ئەحمەد موختار، محەممەد سالح و سەیفوڵڵا خەندان، ئامادە بون.

2. 3. 3. دانانی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ

شوێنی موتەسەڕیف چۆڵ بـو. لـەناو ڕۆژنامـەکانی بەغـدادا نـاوی چەنـد کەسـایەتی کـوردی لەوانـە: محەممەد ئەمین زەکی، جەمال بابان و ئەحمەد بەگ هێنرایە ناو تا بکرێنە موتەسـەڕیفی سـلێمانی. سـەرەنجام ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ دانرایەوە بە موتەسەڕیفی سلێمانی.

ئەحمەد بەگ لە بنەماڵە ناسراوەکانی سلێمانی و، خۆ یشی پیاوێکی تێگەیشتو و بەڕێزی ناو خـەڵـک بوە. ئەگەرچی ئەم یەکێ بو لەوانەی چون بە پیر شێخ مەحمودەوە کاتێ لە دیلی گەڕایەوە، ماوەیەک یش هـەر لە سلێمانی بو، بەڵام لە سەردەمی حوکمرانی شێخ مەحمودا هـیچ کـارێکی پـێ نەسـپێردراوە. لـە داگیرکردنـی دومی سلێمانیدا، ئەم ڕۆیشتە بەغداد و بو بە ئەندامی مەجلیسی تەئسیسیی عیراق. تـا هێزەکـانی عیـراق و بریتانیا بۆ جاری سێیەم سلێمانییان بە یەکجاری داگیرکرد و، وەکو لیوایەک بەستیان بە عیراقەوە. ئـەم کـرا

1 دەسخەتەکانی مامۆستا مستەفا دەلۆیی، ئەو یش لە خوالێخۆشبوان ڕەمزی فەتاح، مامۆستا جەلال ئەمجەد، مامۆستا عومەر عەبدوڕەحیم، مەلا محەممەدی کوردی، مامۆستا ئەخۆلی شاعیر وەری گرتون.

بە موتەسەڕیفی سلێمانی (1924- 1927). ئەو ماوەیەی موتەسەڕیف بو، بایەخێکی زۆری دا بـە کاروبـاری خوێندەواری، ئاوەدانی، ڕۆشنبیری و، یەکەمین سەرۆکی جەمعییەتی زانستی کوردان بو. لـە 1927 دا دەسـی لە کار هەڵگرت. لە جێگەی ئەم ئەحمەد عوسمان کرا بـە موتەسـەڕیفی سـلێمانی. لـەکاتی گفتوگـۆی عێراقـی- بریتانی‌دا بۆ بەستنی پەیمانی 1930، ئەم یش لە بروسکەیەکدا کە بۆ مەندوبی سامی و سەرۆکی وەزیرانی عێراقی نارد، پشتیوانی لە خواستەکانی گەلەکەی کرد.

دوای شکانی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود کە مەلیک فەیسەڵ هاتـە سـلێمانی، نیشـانی (الرافـدین) ی بـە خەڵات کرد بە بەرۆکی ئەحمەد بەگ دا.

2. 3. 4. وەفدی کوردستان

کوشتارەکەی بەردەرکی سەرا، ویژدانی شاعیرە گەورە و ناسراوەکانی ئەودەمی سلێمانی‌یان هەژاندوە. پیرەمێرد، حەمدی، بێکەس، گۆران، ئەحمۆل، شیعری بەسۆزیان لەسەر داناوە. لـە ویژدانـی خـەڵکیش دا ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول بوە بە مێژویەکی ناسراو، لە دایک بون و مردن و، ژنهێنـان و شـوکردنیان پـێ دیـاری کردوە.

لەکاتی کوشتارەکەی شەشی ئەیلول‌دا، مەلیک فەیسەڵ بۆ تیماری ئەخۆشی، لە لەندەن بوە. دوای ئەوەی گەڕاوەتەوە بەغداد، بۆ نوێ کردنەوەی دڵسۆزی و دەربڕینـی گوێڕایـەڵی، وەفـدی شـارەکانی کوردسـتان کـە زۆربەی نائیبە کوردەکانی تێدا بو، چون بۆ دیدەنی مەلیک. ڕۆژنامەکانی بەغداد ئەم هەواڵەیان بە خۆشـیەوە بڵاوکردەوە. پیرەمێرد بەم بۆنەیەوە شیعرە بەناوبانگەکەی (وەفدی کوردستان) ی بەسەردا هەڵداون کە پێیـان ئەڵێ: "میللەت فرۆشان" و، نائیبە کوردەکان بە "هـەرزە وەکیلـی شـاری خامۆشـان" نـاو ئـەبا. بێکـەس یـش کردویەتی بە پێنج خشتەکی و ئیشارەت ئەکا بۆ بازرگانـەکان و ئـەڵێ: "حـاجی توتنەکـەت مـادەم فرۆشـرا، فیروسیا لە صەد کوشتن و هەرا".

2. 4. بەڵگەکانی: کورد و پەیماننامەی 1930

2. 4. 1. نامەی هەمفریس، مەندوبی سامی بریتانی لە عێراق

بۆ لۆرد پاسفیلد، سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنی‌یەکان

بارەگا، بەغداد

23 ی 4 ی 1930

گەورەم،

1. ئەز شەرەفی ئـەوەم هەیـە کـە گـەورەیی‌تـان ئاگـادار بکـەم، لـەوەتی مـن گەیشـتومەتە عێـراق بـە ئاگایی‌یـەوە شـکاتی بـەردەوامی کوردەکـانی عێـراق، سـەبارەت بـەو بەڵێنانـەی لـە بابـەت ئـەو ئیمتیازاتـە تایبەتی‌یانەوە کە پێیان دراوە و بە تەواوی جێبەجێ نەکراون، لەبەر چاو گرتوە.

2. سەرەتای ئەمساڵ مەلیک فەیسەڵ پێی وتم حەز ئەکا هەمو پرسی کوردم بە تایبەتی لە گـەڵ بـاس بکا. لەسەر ئەوە ڕێکەوتین هەرچی زوتر کات بدۆزمـەوە بـۆ ئـەوەی خـۆم ئاگـادار کـەم لـە فاکـت و بیـر و بۆچونی ئەوانەی لەم بارەیەوە ئاگاداریی تایبەتی‌یان هەیە. ئەوسا پێکەوە دای ئەنێین حکومەتی عێراق چ بکا بۆ ڕازی کردنی کوردەکان.

دوای ئـەوە بـە ماوەیـەکی کـورت، لەسـەر داوای مـن، سـێر کینـاهـان کۆرنـوالیس (Sir Kinahan Cornwallis) مستەشاری وەزارەتی کاروباری ناوخۆ، کەوتە هەڵسەنگاندنی ئـەو بەڵێنانـەی بـە کوردەکـان

دراون و رادەی جێبەجێ کردنیان. هەروەها لە گەڵ موفەتیشە ئیدارییەکانی ناوچە کوردییەکان و لە گەڵ موفەتیشی بریتانی پەروەردەی گشتی، گازاندەی کوردەکانی بە تێروپڕی باس کرد. ئەم گفتوگۆیانە وایان لێ کردوە بتوانێ لەسەر هەمو مەسەلەکە تێبینییەکی گشتلایەنی ئامادە بکا و، راسپێری دیاریکراو بخاتە بەردەم حکومەتی عیراق.

3. لە گەڵ ئەم نامەیەدا کۆپییەکی ئینگلیزی ئەو تێبینییەی سێر کیناهان کۆرنوالیس بۆ وەزیری ناوخۆی نوسیوە، بۆ ئاگاداری گەورەییتان ئەنێرم. بە رەئی من زۆر بە رونی هۆیەکانی شکاتەکانی کورد و رێگەی چارەسەرکردنی باس کردون.

سێر کیناهانم ئاگادار کردەوە کە من راسپاردەکانی پەسند ئەکەم. نفوزی خۆیشم لە گەڵ مەلیک و سەرۆکی وەزیران بەکار ئەهێنم بۆ پشتیوانی لە تەقەلاکانی بۆ قانیعکردنی حکومەتی عیراق کە پێڕەویان بکا.

4. یەکەم بەری تێبینییەکانی سێر کیناهان بۆ وەزیرەکەی بەیانێکە، کۆپییەکی پاشکۆی دوەمی ئەم نامەیە، کە لە 9 ی 4 دا لەلایەن حکومەتی نوری پاشاوە بە رێگەی هۆکانی راگەیاندنەوە بڵاوی کردۆتەوە. راگەیاندنی ئەم سیاسەتە بە جۆرێ کوردەکانی رازی کردوە کە لە ژمارەیەک تەلەگرافی پێخۆشحاڵی و سوپاس دا دەریان بڕیوە کە تازە لە زۆر شوێنی کوردستانەوە بە من و سەرۆکی وەزیران گەیشتوە.

لەم ماوەیەدا لە گەڵ موفەتیشە ئیدارییەکانی لیواکانی سەرو خەریکی توێژینەوەی هەلومەرجی کوردەکان بوم. بە فەرمانی خاوەن شکۆ مەلیک لەوەم کۆڵییەوە کە ئاخۆ هیچ راستییەک لە قسەی ئەو کوردانەدا هەیە کە ئەڵێن ئەو بەڵێنانەی دراویانەتێ، بە باشی جێبەجێ نەکرد. (بەڵگەی ژمارە FO371ی 14521).

بەڵێنەکان ئەمانە بون:

1. بەیانی سێر پێرسی کۆکس لە لایەن راوێژکارانی بریتانییەوە لە لیواکانی موسڵ، کەرکوک، سلێمانیدا لە 6 ی مەی 1921 بڵاوکرایەوە.

2. بەیانی 24 ی دیسەمبەری 1922:

"حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیاو حکومەتی عیراق دان ئەنێن بە مافی ئەو کوردانەدا کە لەناو سنوری عیراق دا ئەژین بۆ ئەوەی حکومەتێکی کوردی لەو سنورانەدا دابمەزرێنن. هیوادارن کە تاقمە کوردییە جیاوازەکان، بە زوترین کات لەناو خۆیاندا بگەنە رێککەوتنێک لەسەر شێوەی ئەو حکومەتەی خۆیان ئارەزوی ئەکەن، لەو سنورەدا کە ئەیانەوێ دریژ ببێتەوە و دەستەیەکی نوێنەرایەتی بەرپرس بنێرن بۆ بەغداد بۆ باسی پێوەندیە سیاسیو ئابورریەکانیان لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیاو حکومەتی عیراق".

3. بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە 11 ی جولای 1923 دا:

1. حکومەتی عیراق بەتەما نیە هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب لە ناوچە کوردییەکان دا دابمەزرێنێ، جگە لە فەرمانبەرانی تەکنیکی.

2. هەروەها بەتەما نیە دانیشتوانی ناوچە کوردییەکان ناچار بکا زمانی عەرەبی لە مراسلاتی رەسمیی دا بەکار بهێنن.

3. مافەکانی دانیشتوان و تاقمە دینیی و شارستانیەکان لە ناوچەی ناوبراودا بە تەواوی پارێزراون.

(4) تەلەگرافی سەرۆکی وەزیران بۆ موتەسەڕیفی کەرکوک:

(أ) تکایە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی ئاگادار بکە کە پێشنیارەکانیان پەسند کراوە. حکومەت موافیقە دامەزراندنەکان تەنیا لە خەڵکی ناوچەکە بێ و زمانی ناوچەیی بە ڕەسمیی بناسرێ.

(ب)... ئەشێ ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی ئاگادار بکەی. بەڵێنی جێبەجێ کردنی ئەم مەرجانەیان بە شێوەیەکی ڕەسمیی بدەیتێ.

(5) وتاری سەرۆکی وەزیران لە 21 ی جەنیوەری 1926 دا:

"...ئێمە ئەبێ مافی کوردەکان بدەین. فەرمانبەرەکانیان لە خۆیان بن. زمانەکەیان ئەبێ زمانی ڕەسمییان بێ و منداڵەکانیان ئەبێ لە قوتابخانەکانیان دا زمانی خۆیان فێر بن. ئەوە ئیلتیزامە لەسەر ئێمە کە مافەکانی خۆیان بدەینێ".

سەرۆکی وەزیران ڕێنمایی دا بە هەموو وەزارەتەکانی:

"پایەبەرزتان بێگومان ئەو وتارەی دیوە کە سەرۆکی وەزیران لە مەجلیسی نواب دا داویەتی. ڕۆژی دوایی لە ڕۆژنامەکان دا بڵاوکرایەوە. ئەم وتارە ئەو سیاسەتە دەرئەبڕێ کە حکومەت ئەیگرێ و لە بەڕێوەبەرایەتی ناوچە کوردییەکان دا پێڕەوی ئەکرێ. بە دیاریکراوی کە فەرمانبەران ئەبێ کورد و زمانی ڕەسمی ئەبێ کوردی بێ.

پایەبەرزی ئاگاداری کردم داوا لە پایەبەرزتان بکەم هەوڵی جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە بدەن. لە هەموو دامەزراوەکانی ناوچەی باسکراودا جێبەجێی بکەن".

6. ڕاسپاردەی کۆمەڵەی نەتەوەکان:

"ئەبێ گوێ بدرێتە ئەو ئارەزوانەی لەلایەن کوردەکانەوە دەربڕراوە کە فەرمانبەرانی بە ڕەگەز کورد دابمەزرێنرێن بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکەیان. ڕەوتی دادگا و فێرکردن لە قوتابخانەکان دا. کوردی ئەبێ ببێ بە زمانی ڕەسمی هەموو ئەم خزمەتانە".

3. بەڕەئی شەخسیی من. ئەو بەڵێنانەی کە گەورەترین گرنگییان هەیە. بەڵێنەکانی ژمارە 3، 4، 5، 6 ن کە پێوەندییان هەیە لەگەڵ:

أ- فەرمانبەران.

ب- زمان.

ت- گفتوگۆی ناو دادگا.

پ- پەروەردە.

ئەو بەڵێنەی بە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی کەرکوک دراوە ناڵەبارە. چونکە زۆرایەتی دانیشتوانی ئەو ناوچانە کوردن. چونکە دوای ئەوەی بەڵێنەکە دراوە هەموو قەزا کوردییەکانی چەمچەماڵ و گڵ لە لیوای سلێمانی کراونەتەوە. لەبەر ئەوە ئەو بەڵێنەی بە کورد دراوە تا ڕادەیەک ناکۆکە.

من پێشنیار ئەکەم کە هەر چوار بەڵێنەکە جێبەجێ بکرێن. بەڵام حەز ئەکەم لە پێشەوە ڕەئی خۆم ڕوون بکەمەوە. حکومەتی عێراق بە چ گیانێکەوە لە پاشەڕۆژدا کار لەگەڵ کورد ئەکا. زۆر گرنگترە لە جێبەجێ کردنی حەرفیی هەر بەڵێنێکیان.

ڕاست بێ یان درۆ. کوردەکان وا هەست ئەکەن مافەکانی خۆیان وەرنەگرتوە. بۆیە یەکێ لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەمڕۆی حکومەت ئەوەیە ئەم هەستە نەهێڵێ و. هەستی متمانە و باوەڕیان تێدا بچێنێ. وەکو من

هەوڵ ئەدەم پیشانی بدەم، ئەبێ لە چەند مەسەلەیەک دا گلەیی لە حکومەت بکرێ. نە لە پرسە گەورەکانی سیاسەتدا ئەوەندەی لە مەسەلەی کەمتر گرنگدا وەکو دامەزراندنی خراپ و ڕێکخستنی نالەبار. ئەگەرچی، سکاڵای بچوک هی گەورەتر لە مێشکی خەڵکدا دروست ئەکا و زۆر جاریش ئەبێتە هۆی تورەیی و نارەزایی.

یەکەمین ئەرکی حکومەت ئەوەیە لەم سکاڵایانە بکۆڵێتەوە و بە گیانی بەزەییەوە چارەسەریان بکا.

فەرمانبەران

5. ئەم ژمارانەی خوارەوە پیشانی ئەدەن چ فەرمانبەرێ دامەزرێنراون:

ک: کورد، ت: تورکومان، ع: عەرەب، م: مسیحی، ج: جو

رەچەڵەک	نوسراو				نەنوسراو		
	ک.	ت.	ع.	م و ج	ک.	ت.	ع. م. و ج
سلیمانی	19	8	1	2	90	14	11
ئەربیل	18	5	4	1	95	23	34
کەرکوک	16	11	18	2	29	107	40
موسڵ (قەزا کوردیەکان)	11	3	14	4	46	8	43

6. بە راشکاوی بڵێین، دامەزراندنی ئەو هەمو نەکوردە شکاندنێکی ئاشکرای بەڵێنەکەیە. لە سلێمانی، بۆ نمونە، 99% دانیشتوانی کوردن، کەچی 30% فەرمانبەرەکانی نە کوردن. لە ناوچە کوردییەکانی تردا ژمارەکان بۆ خۆیان قسە ئەکەن.

هەروەکو ئەبینرێ 324 فەرمانبەری کورد هەیە، 165 عەرەب، 180 تورکومان و 62 مسیحی و جو هەیە. ژمارەی فەرمانبەرانی نەکوردن، 93 کەسی لە فەرمانبەرانی کورد زۆرترە.

ئەمەش نمونەیەکی رونی پشت گوێ خرانی رێنماییەکانی حکومەتە، چونکە هیچ کەسێ بەتایبەتی بەرپرسی ئەوە نیە بزانێ بەڵێنەکە بە حەرفیی جێبەجێ کراوە. ئەم پشت گوێ خرانە هەل ئەرەخسێنێ بۆ رەخنەگرتن لەلایەن هەر یەکێکەوە کە بیەوێ بە خراپ لێکی بداتەوە. من پێم باشترە سەیری گیانەکەی بکرێ نەک زۆر بە جدی روکەشی شتەکە وەربگیرێ، چونکە لە زۆر حاڵەت دا نەکوردەکان یان کەرکوکین لە لیوای کەرکوک دا خزمەت ئەکەن یان دانیشتوی کۆنی لیواکەن خزمەت ئەکەن وایان لێ هاتوە لە کوردەکان جیا نەکرێنەوە. دائیرەکانی (بە تایبەتی تاپۆ، گومرگ وکشتوکاڵ)، زۆر کەم هەولیان داوە گوێ بدەنە بەڵێنەکە. کوردەکان بێگومان هۆیەکی راستەقینەیان هەیە بۆ سکاڵا لەمە، بە تایبەتی لە بواری وەزیفە تەکنیەکان دا. وا ئەزانم مەسەلەکە تا ئێستا بە رێگەیەکی راست رەفتاری لەگەڵ نەکراوە. کوردەکان بە توندی پێ دائەگرن لەسەر ئەو بەڵێنانەی پێیان دراوە. عەرەبەکان بێزارن لەوە کە لیوا کوردییەکان بۆ کورد بهێڵرێنەوە (بە ناویش بێ. بەکردەوە وا نیە وەکو ژمارەکان دەری ئەخەن)، بەڵام رێگەیان لێ ناگرن لەوەی خزمەت لە بەشەکانی تری وڵات دا بکەن. زۆر باشتر ئەبێ ئەگەر زانینی زمان بکرێ بە پێوانە و رێگە بدرێ بە دامەزراندنی عەرەبی کوردیزان لە لیوا کوردییەکاندا، بە کوردی عەرەبیزان لە لیوا نەکوردییەکان دا. ئەمەش ناکرێ تا ئەو زەمانەی کورد گومان لە سیاسەتی حکومەتی داوەندی ئەکات. لام وایە ئەگونجێ جێبەجێ بکرێ، ئەگەر یاسای زمان کە لە پەرەگرافی 2 دا باس کراوە، تێبپەرێ و پەلەپەل نەکرێ و بە هوشیاری دابمەزرێنرێن.

7. دامەزراندنی فەرمانبەری کارامە گرنگیەکی گەورەی هەیە. ڕەنگە کوردەکانی لیوای هەولێر حالی حازر لە کوردی لیواکانی کە زیاتر بیزار بن. بە داخەوەم ئەوە بڵێم کە بەو ئەنجامە گەیشتوم ئەمە بە زۆری دەگەرێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی مەجید بەگی موتەصەرِیف، پێڕەوی کردوە. ئەم فەرمانبەرە بەتوانایە بەڵام تورکومانە و خۆی وا پیشان داوە حەز لە چارەی کورد ناکا. نمونەیەکی بەدی داوە بە فەرمانبەرەکانی ترو بونی وەکو بۆچونێکی دژی کورد لە بەڕێوەبەرایەتیدا زیانبەخشە. ئەم لە ماوەی ئاسایی خۆی زیاتر لە خزمەت دا لە هەولێر ماوەتەوە. لام وایە گوێزانەوەی دەسبەجێی لە ناوچە کوردییەکان دا شتێکی پێویستە. دەبێ فەرمانبەرێکی کورد لە جێگەی ئەم دابنرێ کە حکومەت و هاوڵاتیەکانی متمانەی پێ بکەن.

8. ئەو کەماسییەی پێویستی بە چاککردنەوە هەیە، لە هێزی پۆلیس دا دەبینرێ کە کەمی ئەفسەری پۆلیسی کارامەو پشکنەری کوردە. لە ئەنجامدا دامەزراندنی فەرمانبەری عەرەبە کە لە هەندێ حالەتدا کوردی نازانن و لە ڕێگەی تەرجومانەوە کار دەکەن. ئەمە بە ئاشکرا هەڵەیەو دەبێ کارناسانی زۆرتر بکرێ بۆ مەشق پێ کردنی پۆلیس- کورد بن یا عەرەبی کوردیزان- بۆ ئەوەی ببن بە پشکنەرو ئەفسەری نوسراو.

9. لام وایە هەر بە تەنیا بۆ وەزارەتی ناوخۆ یارمەتیدەر نیە، بەڵکو بۆ کوردەکانیش مایەی شادمانی دەبێ، ئەگەر یارمەتیدەرێکی کورد بۆ بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی لە وەزارەت دا دابنرێ. ئەم فەرمانبەرە لە پلەی یەکەمدا خەریکی ئەو نامەکاریانە دەبێ لە لیوا کوردییەکانەوە دێن لە ژێر فەرمانی کارگێری گشتی بەڕێوەبەرایەتیدا. ئەم دامەزراندنە خەرجێکی زیادەی دەبێ، بەڵام دڵنیام کە ئەمە تبریر دەکرێ بە هەستی ڕەزامەندی کە کەسێکی بە ئاگاداریەکی زۆرەوە لەسەر لیوا کوردییەکان لە وەزارەت دا هەیە.

10. کوردەکان هەستیان کردوە بەوەی کە بە ئەندازەی کافی لە دەزگا بەرزەکانی پایتەخت دا نوێنەرایەتی ناکرێن. دیارە ئەم هەستە لەناو کەنار و شوێنەکانی تریش دا هەیە، بەڵام من لام وایە کە دەبێ سەرنجی تایبەت بدرێ بە ژمارە و گرنگی سیاسی کوردەکان، هەوڵ بدرێ ڕازی بکرێن، ئەگەر کەسانی کارامە هەبون، شوێنە بۆشەکانیان پێ پڕ بکرێتەوە.

11. مەسەلەی زمان شتێکە کوردەکان لە بارەیەوە زۆر بە پەژارەن. بەڵێنەکان بە تەواوی ڕونن و من لام وایە دابێ کات بە فیرۆ بدرێ بۆ تێپەراندنی قانونێک کە کوردی بکا بە زمانی ڕەسمیی لە بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی و هەولێر و لەو قەزایانەی لیوای موسڵدا کە زۆرایەتی دانیشتوانی کوردن. داننان بە کوردیدا وەکو یەکێ لە زمانە ڕەسمییەکانی لیوای کەرکوک. دوای تێپەراندنی قانونەکە، زانینی زمانەکە نەک ڕەگەز، وەکو لەسەرەوە پێشنیارم کردوە، بکرێ بە مەرجی دامەزراندنی فەرمانبەران لە ناوچە کوردییەکان دا.

12. تا ئێستا هەندێ لە دائیرەکان فەرامۆشکار بون لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی زمان دا. زەمینەی ڕاستەقینەی سکاڵاکان ئەو ڕاستیەیە میکانیزمێکی کافی نیە بۆ تەرجومەی قانونەکانی وڵات و زۆر لە نیزامەکانی- دارایی و هی تر- کە بەردەوام دەرئەچن. قانونە بنەرەتیەکان وەکو قانونی سزادانی بەغدادی هێشتا تەرجومە نەکراون. لە هەولێر بۆ نمونە نەک هەر زمانی دادگا عەرەبییە، بەڵکو ئیجرائات و حوکمدانیش بە عەرەبی تۆمار دەکرێن. قانون، نیزام و نامەکاری بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بۆ لیوا کوردییەکان بە عەرەبییەو دەبێ مدیری تەحریرات وەربگیرێ. ئەمەش شتێکی ئابوری نیە، چونکە

فەرمانبەرانی چوار لیوا ئەبێ خەریکی تەرجومەی هەمان شت بن. ئەمەش بۆ هەموان شتێکی نارەوایە چونکە تەرجومەکان وەک یەک نابن. تەرجومەی دروستی بەڵگەی قانونی پێویستی بە وریایی و شارەزایی هەیە. بەڵگەی لەو بابەتە ناتوانرێ بە باشی تەرجومە بکرێ لەلایەن کەسانی لێنەهاتووەوە کە لە هەمان کات دا بە کاری بەڕێوەبەرایەتییەوە سەرقاڵە و، زۆر جار لەوانەیە بە تەرجومە نەکراوی بمێنێتەوە. ئەنجامەکەیشی ئەوەیە فەرمانبەرانی عەرەبی نەزان ناتوانن کارەکانیان بە دروستی ئەنجام بدەن و خەڵکەکەیش بێ بەش ئەکرێن لەو مافە بنچینەییەی کە ئەبێ باج بدەن و حوکم بکرێن بەپێی قانونگەلی کە بە زمانی خۆیان نوسرابێ. لام وایە کە ئەبێ مەکتەبێکی تەرجومەی لێهاتو دابنرێ، باشترە لەم وەزارەتەدا بێ، بۆ تەرجومەکردنی قانونەکان و، ئەو بەڵگانەی کە وەزارەت بە پێویستیان ئەزانێ بە کوردی و بڵاوکردنەوەیان لە جەریدەی رەسمیدا. هەروەها لام وایە ئەبێ رەوتی دادگاکان و حوکمدان لە دادگاکان دا، بە کوردی تۆمار بکرێن.

پەروەردە

13. سکاڵاکانی کورد لە سیاسەتی پەروەردەیی حکومەت زۆرن. هەندێکیان رەوان و ئەوانی تریان. من لام وایە زل کراون. کارێکی زەحمەتە بۆ حکومەتێک کە پارەی نەبێ، هەمو شتێ بە جارێک بکا، لەم مەسەلەیەدا کێشەکە ئاڵۆزە سەبارەت بەو راستییەی کە تازە کوردی بوەتە زمانی نوسین. لەبەرئەوە مامۆستای لێهاتو کەمن.

بە رەئی من دو کەمایەسیی سەرەکی هەن. یەکەمیان ئەوەیە، ئێستا ناتوانرێ منداڵانی کورد لە لیوا کوردییەکان دا بە باشی پەروەردە بکرێن، چونکە هیچ فێرگەیەکی ناوەندی تەواوی لێ نیە، دوەمیشیان ئەوەیە، ناوچەیەکی پەروەردەی کوردی نیە. هەولێر لەسەر ناوچەی موسڵ و سلێمانی و کەرکوکیش لەلایەن کاربەدەستانی ناوچەی پەروەردەی بەغدادەوە بەڕێوە ئەبرێن. سکاڵام بیستوە کە سیاسەتی پەروەردەیی کە لەلایەن فەرمانبەرانی ناوچەی بەرپرسەوە پێڕەوی کراوە بەپێی بەڵێنەکان نیە. ئەمە ئەگەر وابێ یا نە، من لام وایە ناوچەیەکی پەروەردەیی لە هەولێر و کەرکوک و سلێمانی، بەبێ دواخستن لە ژێر سەرپەرشتی کوردێکی لێهاتودا، دابمەزرێنرێ. هەروەها لام وایە کە کورسی تەواوی فێرگە ئامادەییەکان لە قوتابخانە ناوەندییەکانی هەولێر و سلێمانیدا بوترێتەوە، ئەگەر پارە پەیدا کرا زۆرتر فێرگەی سەرەتایی بکرێتەوە. ئەگەر ناوچەی پەروەردەیی کوردی دامەزرێنرا، ئەوسا فەرمانبەرانی کوردی کاربەدەست روبەڕوی رەخنەی کوردەکان ئەبنەوە، کەمتر بیانویان بە دەستەوە ئەبێ بۆ ئەوەی، کەمتەرخەمی بەڕێوەبەرایەتی کە وەکو لەسەرەوە من رونم کردەوە، بەزۆری ئەگەڕێتەوە بۆ نەبونی پارە، بە هەوڵی ئەنقەستی حکومەت بۆ پشت گوێ خستنی بەڵێنەکان، لێک بدرێتەوە.

14. لام وایە گرنگیەکی زیاد لە پێویست دراوە بە هۆیەکانی فێرکردن لە قوتابخانە کوردییەکان دا. ئەوە ئاشکرایە کە کوردەکان مافی ئەوەیان هەیە فێرکردنی سەرەتایی بە کوردی بێ. بەڵام من باوەڕم وایە کە ئەگەر قانونی زمان دەربچێ و، کوردەکان باوەڕ بێنن بەوەی کە بیری نەهێشتنی ناسنامەی نەتەوەیی لە کایەدا نیە، ئەوسا خۆیان داوا ئەکەن هۆکانی فێرکردن لە هەندێ بابەتی گرانتردا، لە ئاستی بەرزتری خوێندن دا، بە زمانی عەرەبی بێ. لەگەڵ کرانەوەی پێوەندیدا، لیوا کوردییەکان چیتر دانابڕێن. لاوانی کورد لەوە تێ ئەگەن کە بێ زانینی عەرەبی، ناتوانن لە ژیانی نیشتمانیدا بەشداری بکەن. ئەمە مەسەلەیەکە لەم رەوتەدا خۆی لە خۆیدا بەلادا ئەکەوێ، شتێکی چەوتە ئەگەر تێکەڵ بکرێ بە کێشەی نەتەوایەتی.

15. کورتەی راسپێرییەکانم ئەمانەن:

فەرمانبەران.

1. هەر کە قانونی زمان دەرچو. زانینی زمانی کوردی، نەک ڕەگەز. بکرێ بە پێوانەی دامەزراندن.

2. لە هەمان کات دا ئەبێ داوا لە هەمو دائیرەکان بکرێ، بایەخی زۆرتر بدەن بە دامەزراندنی موچەخۆری کورد.

3. موتەصەرپفی هەولێر بگوێزرێتەوە و کوردێکی کارامە لە جێگەی ئەو دابنرێ.

4. ئەبێ کارناسانی زۆرتر بۆ پۆلیس بکرێ کە مەشق بە ژمارەیەکی زۆرتری فەرمانبەرو پشکنەری کوردیزان بکا.

5. یارمەتیدەرێکی کورد بۆ کارگێری گشتی بەڕێوەبەرایەتی لە وەزارەت دا دابنرێ.

6. توانای دۆزینەوەی کوردی گونجاو بۆ هەندێ لە وەزیفە بەرزەکانی دائیرەکانی بەغداد، تاقی بکرێتەوە.

زمان و کاروباری دادگا

7. ئەو قانونەی کە ئەبێ دەربچێ کوردی ئەکا بە زمانی ڕەسمیی لە سلێمانی، هەولێر و قەزاکانی لیوای موسڵ کە زۆرایەتی دانیشتوانیان کوردن، دان ئەنێ بە کوردیدا وەکو یەکێ لە زمانە ڕەسمیەکانی کەرکوک.

8. مەکتەبێکی تەرجومە لە بەغداد دابمەزرێنرێ.

9. ڕێوشوێنی بەڕێوەچون و دادگایی لە دادگاکان دا بە کوردی تۆمار بکرێ.

پەروەردە

10. بۆ مەبەستی پەروەردە لیواکانی هەولێر، کەرکوک و سلێمانی لە "مەنتیقەیەک" دا ڕێکئەخرێن لە ژێر بەڕێوەبەرایەتی کوردێکی کارامەدا.

11- فێرگەی ناوەندی تەواو لە هەولێر و سلێمانی هەبن. ژمارەی فێرگەی سەرەتایی. ئەوەندەی بودجە ڕێگە ئەدا، زۆرتر بکرێن.

ڕاسپێری دی

12. دانانی ڕەمزی کوردی لەناو بەیداخی عیراق دا، بە ڕاکێشانی عاتیفی کوردەکان دائەنرێ.

13. پایەبەرزتان ئەبینن من لە ڕاسپێریەکانمدا خواستەکانی کوردە نەتەوەییەکانم فەرامۆش کردوە بۆ درێژکردنەوەی ناوچە کوردییەکان بۆ لیواکانی دیالە و کوت. بۆ هەر گۆڕینێک کە ببێ بە هۆی جیابونەوەی لیوا کوردییەکان لە مەملەکەتی عیراق. من ئەو جۆرە خواستانە بە باشترین قازانجی کورد خۆیان یا بە هی عیراق دانانێم. ڕاسپێریەکانی من. نەتەوەییە خوێن گەرمەکان تێر ناکا کە لایەنی هەرە کەمی داواکانیان فراوانکردنی ناوچەی پەروەردەیی کوردی و دروستکردنی لیوای دهۆکە. دەرگا با کراوە بێ بۆ فراوانکردنی ژیرانەی لەم بابەتە، بەڵام من لام وایە ئەبێ داخراو بێ لە ڕوی هەرشتێک دا کە دژی یەکێتی عیراق بێ.

ئەوەی من بە شێوەیەکی سەرەکی داوای ئەکەم، هاودەردیە لەگەڵ سکاڵا ڕەواکانی کوردا. بیستومە وتویانە مەسەلەی کورد نیە، لام وایە ئەمە لە ڕاستیەوە دورە. کوردەکان نارەحەتن و گومانیان هەیە و لێشاوێکی زۆری پروپاگەندەی زیانبەخش هەیە بەتایبەتی لە بەغداوە. ئەگەر ڕێگە بەمە بدرێ بەبێ لێپرسینەوە بەردەوام بێ. ئەگەر هیچ نەکرێ بۆ چارەسەرکردنی گازاندە ڕاستەکان و چاندنی هەستی متمانە،

دڵنیام لەوێ کیشە پەیدا نەبێ. نەک هەر بە تەنیا کێشە پەیدا ئـەبێ. بـەڵکو خواسـتی کوردەکـانیش لەگەڵیـدا زیاد ئەکا. هەتا ئەگاتە ئەوەی حکومەت ناچار بێ بە هێز روبەروی راوەستێ یان خواستەکانیان قوبـوڵ بکـا. کە هیچ هیوایەکی تێدا نابینرێ بۆ ئارامیی پاشەڕۆژی.

هەڵەیەکی گەورە ئەبێ ئەگەر حکومەت بە تەنیا بـە تـەمای جێبـەجێ کردنـی حـەرفیی بەڵێنـەکان بـێ. ئامانجی ئەوان ئەوەیە کورد تێکەڵی میللەتی عیراق بکەن. لەبەرئەوە گیانەکـەی لـە جێبـەجێ کردنـی حـەرفییـا گرنگترە. باوەرم وایە ئەگەر حکومەت بە بیرێکی فـراوان و بـە هاودەردیـەوە رەفتـار لەگـەڵ مەسـەلەکە بکـا. ئەتوانێ بناغەی هەندێ شتی هەمیشەیی لە ماوەی دو ساڵی داهاتودا دابنێ.

گیروگرفتەکە یەکێکە لە گرنگترین و بە پەلەترینی ئەو گیروگرفتانەی ئەبێ حکومەت روبەروی بیتەوە. هیوادارم پایەبەرزتان بەمزوانە بیخاتە بەردەم وەزارەت.

موستەشار (FO371 -14521ی)

پاشکۆکان

1. بەیانێک دانیشتوانی قەزا کوردییەکانی موسڵ و لیواکانی هەولێر، کەرکوک و سلێمانی پیشان ئەدا.
2. سەرژمێری فەرمانبەران بەپێی رەگەز. (FO371 - 14521)

RACIAL STATISTICS FOR KURDISH AREAS ACCORDING TO LATEST FIGURES (FEBRUARY 1930).

Liwa	Kurds	Arabs	Turcomans	Jews	Christians	Persians	Assyrians	Total
Arbil Liwa	83.430	4.492	9.921	3.225	2.689	287	2.090	106.134
Kirkuk Liwa	67.703	26.561	28.741	8.472	1.228		-	136.705

Mosul Liwa:

(Kurdish Qadhas):

Name of Qadha	Arabs	Kurds	Yezidi	Assyrians	Xtians of all creeds	Jews	Total	Remarks
Zakho	198	18.731	500	340	5.614	1.471	26.854	
Amadiya	-	20.914	-	3.416	5.882	732	27.944	
Zibar	-	9.900	-	800	150	100	10.950	-
Aqra	-	12.675	-	400	737	1.000	14.812	-
Dhok	5.645	16.645	1.692	4.536	2.388	843	31.753	-
	5.847	78.865	2.192	9.492	11.771	4.146	112.313	

Sulaimani Liwa:

	Kurds	Arabs	Turcomans	Jews	Christians	Persians	Assyrians	Total
Sulaimani Liwa	91.426	37		1.327	184	-	-	92.938

Percentage of kurds:

Arbil Liwa________________: 78,6

Kirkuk Liwa_______________: 49,5

Mosul Liwa(Kurdish Qadhas)__: 70

Sulaimani Liwa____________: 99

OFFICIALS EMPLOYED IN ARBIL, KIKUK & SULAIMANI LIWAS AND IN THE KURDISH AREAS OF THE MOSUL LIWA.

(i) showing kurds and others by departments

[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]	[illegible]	Remarks
	Kurds	Others	Kurds	Others	Kurds	X others	X Arabs are shown in brackets after the out of a total fiqure.
Administ ration (Genral)	43	25	61	49	104	74 (24)	From these final lists it will be seen that out of a total number of
Agricultu re	-	3	4	18	4	21 (17)	731 officials employed in the
Awcaf	4	2	3	2	7	4 (1)	Northern Liwas (in the case of
Census	-	1	2	3	2	4 (2)	Mosul. statistics have only been
Customs	2	7	5	20	7	27 (11)	given for the Kudish areas).
Educatio n	1	2	79	101	80	103 (31)	there are 324 Kurds and 407
Finance	1	2	52	39	53	41 (9)	Officials who are not Kurdis. Even
Health	-	8	6	15	6	23 (9)	Allowing for the kirkuk promise
Jails	-	1	-	1	-	2 (1)	there are still 165 Arabs
Law courts	9	7	16	9	25	16 (6)	Employed in the north. If again
Police	3	9	11	36	14	45 (27)	the statistics for the kirkuk Liwa
Posts and tells	1	-	7	11	8	11 (6)	are excluded . it will be found that out of a total number of 502
Public works	-	1	4	17	4	18 (9)	Officials employed in the other Kurdish areas. there are 279
Surevys	-		-	-	-	-	Kurds. 107 Arabs. 62 Turcomans
Tapu		5	7	7	7	12 (8)	and 54 Christians. Jew. etc
Veterinar y		1	3	5	3	6 (4)	From the department statistics it
Total	64	74	260	333	324	407 (165)	will also be seen that following departments have paid least
	13 8		593	731		(165)	regards to the literal fulfillment of the pledge.

2. 4. 2. نامەی هەمفریس، مەندوبی سامی بریتانی لە عیراق

بۆ نوری سەعیدی سەرۆکی وەزیرانی عیراق

بۆ نوری سەعید، سەرۆکی وەزیرانی عیراق

بارەگا

بەغداد، 7 ی 3 ی 1931

نیشانە بە نامەی پایەبەرزتان ژمارە 646 ی رۆژی 16 ی شوبات و ژمارە 811 ی 4/ 5 ی 3، دەربارەی سیاسەتی کوردیی حکومەتی عیراق.

1. پایەبەرزتان لە بیرێتی، دەربارەی نامەی رۆژی 16 ی شوبات، من وتم کە پێشنیاری ناکەم هیچ کارێ لەسەر نامەی یەکەم بکرێ کە نیشانەی پێ دراوە، تا کێشەی قانونی زمانە ناوچەییەکان بەلادا نەخرێ. ئێستا حەز ئەکەم بە درێژی وەڵامی نامەی یەکەمی پایەبەرزتان و خاڵەکانی نامەی 5/4 ی 3 تان بدەمەوە. پایەبەرزتان ئەڵێن حەپەساون لە داوای بێ برانەوەی موستەشاری وەزارەتی ناوخۆ کە پەیتا پەیتا ئەیخاتە بەردەمتان و لە ئەنجامی ئەوەدا گومانتان پەیدا کردوە لە بزوێنەرو هۆی راستەقینەی ئەم داوایانە. پایەبەرزتان درێژەی ئەدەنێ کە ئەگەر هیچ مەبەستێکی سیاسی لە دواوە نەبێ، ئەبو ئەم داوایانە لە ناوچەی کوردییەکان دا قەتیس بکرێن بێ ئەوەی تووخنی رێکخستنی حکومەت بکەوێ. بۆ نمونە، دروستکردنی هەندێ وەزیفەی دیاری کراو لە پایتەخت دا. پایەبەرزتان داوا ئەکەن سنورێ دابنرێ بۆ ئەو داوایانەی کە موستەشار بەناوی (رازی کردنی کوردەکان) ەوە ئەیخاتە بەردەم وەزیری ناوخۆ. یان ئەم داوایانە سنوردار بن و قەتیس بکرێن لە ناوچە کوردییەکان دا بێ ئەوەی تووخنی رێکخستنی دەوڵەت بکەوێ.

حەز ئەکەم ئەوە بەتەواوی رون بکەمەوە بۆ پایەبەرزتان کە من نیازم نیە دەس بخەمە ئازادی کاری موستەشاری وەزارەتی ناوخۆوە. سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە ئەو پێی وایە گونجاون یا هەرچ بابەتێکی تر. پایەبەرزتان ئەزانن، هەروەکو منیش لە ئامۆژگاری کردن دا ئەیکەم، ئەوە ئیشی خۆیەتی بیکا وەکو خزمەتکاری حکومەتی عیراق. ئەوەی پاڵی بە موستەشارەوە ناوە تەنیا ئارەزوی یارمەتیدانی حکومەتی عیراقە لە کارگێری گشتی بەرێوەبەرایەتی دا و، بە دەست هێنانی پایەی دەوڵەتێکی بە تەواوی خۆ حوکم کردوی ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکانە.

لە بابەت ئەو ئامۆژگاریانەی ناو بەناو لەلایەن سێر کیناهان کۆرنوالیسەوە دراون بە وەزیری ناوخۆ، پێویستە من دڵنیاتان بکەم کە بە گەرمی پشتیوانییان ئەکەم، چونکە باوەرم وایە ئەو لە یەک نەگەیشتنەی لە نێوان کوردەکان و حاکمەکانیان دا دروست بوە ناهێڵێ، چەرخی بەرێوەبەرایەتی چەور ئەکا و گەشەیەکی برایەتی نیازپاکی ئەخوڵقێنێ کە پێویستن بۆ ئاشتی و حکومەتی باش لە وڵات دا.

باوەرم وایە ئەو ئامۆژگاریەی هەمیشە بە پایەبەرزتان ئەگا، بە شایانی بایەخ پێدانێکی جدی وەرنەگرێ، نارەزایی و پەشێوی لە ناوچە کوردییەکان دا کە لە چەند مانگی‌رابوردودا پەژارەیەکی ناخۆشی بۆ من دروست کردوە، بە جێبەجێ کردنی ئەو پێشنیارانە نامێنێ.

پێویست ناکا پایەبەرزتان هیچ ترسێکی هەبێ لەوەی کە ئەم پێشنیارانە هیچ مەبەستێکی تری هەبێ جگە لە بەهێزکردنی ماکینەی دەوڵەت و، دەمێکی بە بەزەییتر لە بەرێوەبەرایەتی کوردستان دا.

من هەست ئەکەم دڵنیام لە هەڵسەنگاندنەوەکەتان دا، پایەبەرزتان ئەوە ئەسەلمێنن کە پێشنیارەکانی موستەشار بۆ وەزارەتی ناوخۆ، یان هی هەر موستەشارێکی تر، کە بزوێنەری سیاسی هەبێ، بێ بناغەیە.

2. من بە تەلەگرام ئاگاداری حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیام کرد لەو وەڵامەی لەلایەن وەزیری دەرەوە نێردراوە بۆ تەلەگرامی وەزیری عیراقی لە ئەنقەرە، تێیدا راپۆرتی دابو کە حکومەتەکانی تورکیا و ئێران پێشنیاریان کردوە پرۆتێستێکی هاوبەش بدەن لە کۆمەڵەی نەتەوەکان دژی راسپێرییەکانی لیژنەی ئینتیداب. منیان راسپاردوە کە بۆ پایەبەرزتانی رون بکەمەوە، ئەگەر هەر کارێ بە ئاشکرا لەگەڵ پرۆتێستی پێشنیارکراوی ئێران و تورکیا بکا، بەمە حکومەتی عیراق راستەوخۆ سوکایەتی بە دەسەڵاتی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەکا. کارێکی وەها لە هەمو حاڵەتێک دا، هەر ئەبێتە هۆی شێواندنێکی لە چاککردن نەهاتوی وێنەی داهاتوی عیراق، بڵاوبونەوەی راپۆرتەکە لە دەرەوەی کۆڕەکانی کۆمەڵەدا، کەوا حکومەتی عیراق پشتیوانی یا تەنانەت تعاطفی لەگەڵ ئەم پرۆتێستەدا دەربڕیوە کاردانەوەیەکی زۆر بەهێزی ئەبێ. حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا ئەوسا بە مەحاڵی ئەزانێ ناکۆکی لە سیاسەتی کوردیی عیراق بکا کە دائەنرێ بە دانڵسۆز، دائەنرێ بەوەی لەژێر گوشاری وڵاتانی بێگانەدا داڕێژراوە. بە رەئی حکومەتی خاوەن شکۆ، لەو حاڵەتەدا هیوای چونی عیراق بۆ ناو کۆمەڵەی نەتەوەکان بە تەواوی نامێنێ.

پایەبەرزتان ئەبینێ کە حکومەتی خاوەن شکۆ هاوبیر نیە لەگەڵ ئەو وەڵامەی بەپێی رێنوێنییەکانی پایەبەرزتان نێردراوە بۆ وەزیری عیراقی لە ئەنقەرە کە هیچی تازەی تێدا نیە. بەڵام وا ئەگەیەنێ کە حکومەتی عیراق ئەیەوێ بەشدار بێ لەگەڵ حکومەتەکانی تورکیا و ئێران لە پرۆتێستی پێشنیارکراودا. پێشنیار ئەکەم بۆ پایەبەرزتان ئێستا ئەوە بۆ وەزیری عیراق لە ئەنقەرە رون بکەنەوە کە حکومەتی عیراق نیازی شتی وای نەبوە. (FO371 - 15311ی)

2. 4. 3. دانیشتنی ژمارە 526 ی مەجلیسی نواب

دانیشتنی ژمارە 526 ی رۆژی پێنجشەمە، 13 ی 2 ی 1930، کۆبونەوەی ئاسایی ساڵانی 1929 – 1930، بە سەرۆکایەتی توفیق السویدی.

سەرۆک: مادەی دوەمی بەرنامەکە بە وەزیری لێپرسراو رائەگەیەنرێ.

پرسیاری مەعروف جیاوک (هەولێر) ئاراستەی سەرۆکی وەزیران کراوە. دەربارەی ئەو بنچینانەی حکومەتی عیراق دایناون بۆ ئەو گفتوگۆیەی ئەویستێ بکرێ بۆ بەستنی پەیمانە تازەکە و، ئەو مەرجانە کۆمەڵەی گەلان دانی پێدا نابون دەربارەی ناوچەکانی سەرو. پرسیارەکە خوێندرایەوە. ئەمیش دەقەکەیەتی: تکام وایە ئەم پرسیارانە لە سەرۆکی وەزیران بکرێ. بۆ ئەوەی بە دەم لە بەردەمی مەجلیسی بەرزدا وەڵامیان بداتەوە. ئەو بنچینەو رێوشوێنانە چین کە حکومەت دایناون بۆ گفتوگۆی ویستراو بۆ بەستنی پەیمانە تازەکە؟ ئایا هیچ ئیعتیرازێ لەسەر ئەو مەرجانە هەیە کە کۆمەڵەی گەلان لە بابەت ناوچەکانی سەرو سەلماندویەتی؟ ئایا حکومەت بە تەمایە لە ناواخنی پەیماننامەکەدا جێگیری بکا، هەروەکو خوا لێخۆشبو عەبدولموحسین سەعدون بەک ساڵی 1926 لەبەردەمی مەجلیسی بەرزدا پشتیوانی لێ کرد؟

ناجی السویدی (سەرۆکی وەزیران و وەزیری ناوخۆ): هێشتا گفتوگۆ نەکراوە. ئەو بنچینەو رێوشوێنانەی حکومەت لە کاتی گفتوگۆدا پێڕەویان ئەکا، هەمان بنچینەن کە حکومەت لە کارنامەکەی خۆیدا لەبەردەم ئێوەی بەڕێزدا خوێندویەتیەوە.

هیچ ئیعتیرازێ لەسەر هیچ مەرجێک کە ئەوتۆ کۆمەڵەی گەلان سەلماندویەتی نیە.

حکومەت بیر لەوە ناکاتەوە یا لای وا نیە شتێ لە پەیماننامەیەکی ناودەوڵەتیدا باس بکا کە لەسەر بنچینەیەکی سیاسی دەولی گشتی، لە نێوان دو دەوڵەتی بە تەواوی سەربەخۆدا ئەبەسترێ.

مەعروف جیاوک (هەولێر): وەڵامی پایەبەرز سەرۆکی وەزیران ناتوانێ نە من و نە مەجلیسی بەرز قانیع بکا. لێرەدا رونی ئەکەمەوە کە هەندێ ماف هەن کۆمەڵەی گەلان سەلمانوونی و حکومەتی عیراقیش سورە لەسەر پشتیوانی و چەسپاندنی. لەو مافانە کە خوێندن لە هەمو ناوچەکانی سەرودا بە زمانی کوردی بێ، فەرمانبەرەکان لەو کوردانە بن کە بە باشی زمانی کوردی ئەزانن بۆ ئەوەی خەڵک و فەرمانبەران لە یەکتری تێ بگەن. باوەڕم وایە ئەو بڕیارانە خراونەتە ناو قانونی ئەساسیەوە کە سوێندمان بۆ پشتیوانی خواردوە، هەروەها خراوەتە ناو پەیماننامەی 1922 ەوە. ئەم مافانە یەکگرتویی عیراق نابین ئەکا. حەز ئەکەم پایەبەرز سەرۆکی وەزیران رونی بکاتەوە کە حکومەت گرنگی بەم مافانە ئەدا و ئەیانخاتە پەیمانەکەوە.

ناجی السویدی: (سەرۆکی وەزیران و وەزیری ناوخۆ): نازانم ئەو نوقتانەی نائیبی بەرێز... بۆ دڵنیاکردنی بیری نائیبی بەرێز ئەڵێم، ئەو بنچینانەی حکومەت لەسەری رۆیشتوە بۆ باش بەرێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لە هەمو عیراق دا و لەو ناوچەیش دا کە نائیبی بەرێز باسی کرد، جێگەی ستایشی کۆمەڵەی گەلان و دەوڵەتی هاوپەیمانیش بوە. ئەو بەڵێن و پەیمانانەی حکومەتی عیراق داونی ناتوانێ لێیان پەشیمان ببێتەوە. نازانم چ هۆیەک هەیە بۆ گومان کردن لە نیازی باشی حکومەتی عیراق سەبارەت بە جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی و. بەردەوام نەبونی ئەم بارودۆخە لە پاشەرۆژدا، لە کاتێکدا ئەو بەڵێنانە لە قانونی ئەساسیدا دراون. باوەڕ ناکەم هیچ هۆیەک هەبێ بۆ دودڵی و گومان لەو بنچینانەی کە تا ئێستا حکومەت لەسەریان رۆیشتوە و لە پاشەرۆژدا لەسەریان ئەڕوا.

مەعروف جیاوک (هەولێر): پایەبەرز سەرۆکی وەزیران و. مەجلیسی بەرزو میللەت ئەزانن کە نارەزاییەکی بەهێز بەرامبەر سیاسەتی گشتی حکومەت هەیە و. ئەو وتارە من بڵاوم کردۆتەوە هەموی راستە. (محازر مجلس النواب، جلسە 26 في 13 ی 2 ی 1930، ص 356).

2. 4. 4. مولاحەزاتمان دەرحەق بەیاناتی وەزارەتی حازرە (سەعیدیە)

لە پاش تەدقیق و تەحقیقی ئەو بەیاناتە رەسمیەی وەزارەتی حازرە کە لە 10 ی 4 ی 1930 دا لە جەرائیدی بەغدا نەشر کرابو، لە نەزەری میللەتی کوردا وا دیارە: کە سیاسەتی وەزارەتی حازرە، سیاسەتێکی تەفرەدان و وەقت بەسەر بردنە، چونکە مەضمونی ئەم بەیاناتە شتێکی تازە نیە، ئەم وەعدە بیلفیعل بە حلی قەراری عصبە الامم و بە سێهەمین مادەی معاهدەی ساڵی 1922 و مادەی 17 مینی دەستووری عیراقی موئەییەدە و لە تەرەف مەرحوم عەبدولموحسین بەگ سەعدونیشەوە، چەند جارێک لە مەجلیسی نیابیدا رەسمەن وە بە کەماڵی صەراحەت بەیان و ئیعتیراف کرا بو. ئەساسەن قیسمێک لە مەوادی ئەم موقەرەرانە لە قیسمێکی کوردستان دا بە تەواوی تەتبیق کراوە. بینائەن عەلەیهی میللەتی کورد وای لا خۆش ئەبو کە وەزارەتی حازرە دەرحاڵ ئیکمالی بەقییەی بکردایە. ئیتر میللەتی کورد نایەوێ ئەوقاتی خۆی بە تەفرەدان ضایع. وە بە وەعدی ئیمرۆ سبەی خۆی ئیغفال بکا. بینا لەسەر ئەمە بەرامبەر ئەم وەعدەی وەزارەتە کە لە حاڵ زیاتر بۆ ئیستیقباڵە میللەتی کوردیش تەشەکوراتی خۆی بۆ ئیستیقبال هەڵئەگرێ.

لە مەسائیلی ئیداری حازرەدا هەرچەندە لە تەعیین بونی (تۆفیق وەهبی بەگ) بۆ موتەسەڕیفی سلێمانی نامەمنون نین، چونکە ئومێد و ئینتیظاری چاکەی لێ ئەکرێ، لە عەینی وەقت دا وامان ئەویست بۆ لیواکانی تریش پیاوانی دڵسۆز و حاڵ شوناس و کوردخواه و کوردنەژاد تەعیین بکرایە و بکرێ. لەبەر ئەمە بۆ جەلبی ئیعتیمادی میللەتی کورد ئەبوایە... کوردی موتەسەڕیفی کەرکوکدا ئەم جیهەتە بەرچاو... ئەمجا ئێستاش بۆ ئەوەی ئیمان بە حوسنی نییەتی وەزارەت بهێنن، کوردان نارەزو ئەکەن بۆ موتەسەڕیفی هەولێر

زاتێکی وا تەعیین بکرێ کە حائیزی ئەو صیفاتە بێ کە لە سەرەوە بەیانمان کرد.. وە هەروەکو لە مەجلیس دا لە تەرەف مەندوبە کوردەکانەوە تەلەب کرا بو. حاڵەن لیوای (دھۆک و باجەڵان) تەشکیل بکرێ.
ئیتر لە ئەقوال زیاتر ئینتیزاری ئەفعال ئەکرێ. کوردیش قسەی خۆی بۆ دوایی هەڵگرتوە..!

2. 4. 5. هەمو شەوێک ڕۆژێکی لە دوایە

شەڕی گەورە بە هەمو ئەوضاعی جانسۆزانەوە کە خەریتەی سەرزەمینی تێک دا و لەلایەکی تـرەوە کـە چەند خانمانی قەراڵێتی تارومار کرد. کـەچی لـە سـەرێکی تـرەوە زۆر میللـەتی تـری بـەختیار کـردو چەنـد حکوماتی وەکو لیتوانیا، ئۆقرانیا، پۆلۆنیا...ی هێنایە وجود. وە دیسانەوە وەکو عائیلەی ئالی عوثمانی سەفیل و سەرگەردان و دەربەدەر کرد. کەچی جمهوریەتی تورکیای بە هەمو تازەگی و فەعالیەتەوە هێنایە وجود.
بینائەن عەلەیهی ئێمەیش ئەتوانین بەپێی ئەوضاعی خۆمانەوە موقابیل بەم هـەمو فەلاکـەت، بۆمبـاران، موهاجەرەت و سەفالەتەوە کە میللەتی کورد بیلخاصە لیوای سلێمانی چـاوی پـێ کـەوت و، بـە ئیعتیبـاری ئـەو ئینتیظاری لوتف و شەفەقەتەی کە لە حکومەتی ئەکرد و کە بەرامبەر بەم هەمو فەلاکەتە بە عەزمێکی تـەواوەوە بە ئومێدی پاداشی چاکە ثەباتی کرد نەتیجە بە موکافاتی خۆی گەیشت. ئـەوا شـەوی لـێ ڕۆژ بـوەوە، ئـەوا ئەمڕۆ دەرگای بەختیاری بۆ کرایەوە یەعنی بە کوردی بیڵێن بەرامبەر بەم هەمو تەحەمولی فەلاتە، بەرامبەر بەم هەمو چاوەڕوانیە، دەرگای لوتفی حکومەتی لێ کرایەوە: لە تێگەیشتوترین و چاکترینی میللەتەکەمان و لەسەر ئەفرازانی عیلم و مەعریفەت کە ئەم وەتەنە پێی گەیاندوەو کە هـەمو میللـەت بـە دڵێکـی ڕون و بـێ غەشـەوە خۆشی ئەوێ. یەگانە هەر ئومێدی بـە عـیلم و عیرفـانی بـوە سـەعادەتی تۆفیـق وەهبـی تـەعین کـرا بـو بـە موتەسەڕیفی لیواکەمان. بەجدی ئەڵێین ئەم لوتف و شەفەقەتەی کە حکومـەت ئـەمجارە لەگـەڵیا کـردین و کـە ئومێد و تەمەنای میللەتەکەی هێنایە جێ. هەمو فەلاکەتێکی لەبیر بردینەوە، ماندوی حەسانینەوە، تاریکی لەسەر لابردین، نائیلی ڕۆژێکی روناکی دائیمی کردین و ئیستقبالێکی زۆر باشی بۆ حاضر کردین.
ئێمە بە هەمو مەوجودیەتمانەوە بەرامبەر بەم جوڵانەوە و حوسنی نیەتی ئەم قابینە عالیەی حکومەتە لـە بەجێ هێنانی شوکران زبان و قەڵەممان عاجز ئەبینین. هەر ئـەتوانین بـەدڵ و بـەگیان تەمـەنای سـەرکەوتنی قابینەی حازرە بکەین. وە بۆ مۆفەقیەت و سەرکەوتنی ئەم موتەسەڕیفە خۆشەویستەمان کە سـەعادەتی تۆفیـق وەهبی بەگە، هەمو لایەک دەست بدەینە یەکتری و بۆ بەرزی و بڵندی موشار ئیلەیهی لە خـوا بپارێینـەوە. بـۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی وەتەنەکەمان هەوڵ بدەین و لە هەمو خسوسێکەوە یاریەی بدەین.
پشت بە خوا لە عەزمەتەی داهاتوما تەرجومـەی حـاڵی موشـار ئیلـەیهی عـەرزی خوێنـەدەوارانی ژیـان ئەکەین. (ژیان، ژ239، 19 ی 4 ی 1930)

2. 4. 6. تەشریف بردنەوەی موتەسەڕیفی پێشو سەعادەتی ئەحمەد بەگ

سەعادەتی موتەسەڕیفی ئەکرەمی پێشومان ڕۆژی جومعـە کـە تەصـادفی نـۆی مـانگی کـرد. بـە ڕێی کەرکوک دا تەشریفی بردەوە هەولێر. بە صورەتێکی حورمەتکارانە لە تەرەف عومومی ئەشرافی شار، ڕەئیسی بەلەدیە، ڕوئەسای دەوائیر و مەئمورینی لیواوە بە ئۆتۆمۆبیل لە تەرەف قیسمێکەوە هەتا تەیناڵ و لـە تـەرەف قیسمێکی ترەوە هەتا کەرکوک ڕەوانە و عەرزی خواحافیظی لێ کرا.
ژیان: سەعادەتی ئەحمەد بەگ لە مودەی ئەم سێ سـاڵەدا کـە لـەم لیوایـەدا مایـەوە، حەقیقەتـەن وەکـو ئەمنیەت و ئاسایشی لیواکەی تەئمین کرد، بۆ ئاوەدانی شارەکەیش گەلێ هەوڵی دا و بەرامبەر بە ئەهالی لوتف و شەفەقەتێکی تەواوی هەبو. گەورەو بچوکی لیواکە لێی مەمنون بـو. دائیمـەن بەرامبـەر بـەم شەخصـە عالیـە

حورمەتکار بون. ئومێد ئەکەین لەهەر کوێیەکا بین، هەر موەفەق و بە بەختیاری بژی و ئەم مەحەبەتەی کە بەرحەق بە ئەهالی ئەم لیوایە هەیەتی هەر باقی بمێنێتەوە. (ژیان، ژ239. 19 ی 4 ی 1930)

2. 4. 7. تەشریف هێنانی سەعادەتی موتەسەڕیفی ئەکرەمی مان

موتەسەڕیفی تازەمان جەنابی تۆفیق وەهبی بەگ لەگەڵ رەفیقەی فاضیلەی موحتەرەمەیدا. شەوی دەی مانگ لە بەغداوە بە رێگای ئاسن حەرەکەتیان فەرمو. لە بەیانیدا گەیشتنە ئیستاسیۆنی کەرکوک و لە تەرەف لاوە پێگەیشتوەکانی کوردەوە لە ئیستاسیۆنەکە ئیستیقبال و بە چەپڵەلێدان عەرزی بە خێرهاتنی کرا و لەوێوە لەگەڵ موستەقبیلین دا بۆ ئیستراحەتێکی چەند دەقیقەیی تەشریفیان بردە نادی مەلەکی کەرکوک و لە دوای مانەوە حەسانەوەیان، بە ئۆتۆمۆبیل رو بە سلێمانی حەرەکەتیان فەرمو. لە تەرەف رەئیسی شار و عومومی ئەشراف و رونەسای دەوائیرو ئەکسەری ئەهالی سلێمانی‌و هەمو مەئمورینەوە. قیسمێکی هەتا چەمچەماڵ و قیسمێکی لە مەرکەزی تەیناڵدا ئیستیقبالیان فەرمو. وە عەرزی بەخێرهاتن و بەرامبەر بەم تەشریف هێنانەی دەرحەی دڵخۆشی و شادمانی ئەهالیەکەیان عەرز کرد. موشار ئیلەیهی لە مەرکەزی تەیناڵ دا لە ئۆتۆمۆبیلەکەی تەشریفیان هێنایە دەری. یەکە یەکە دەستی موستەقبیلینی گوشی و لە دوای خیتاب بە حازرون ئەم نوتقە جوانە کە بو بوە سەبەبی مەسروریەتی هەمو لایەک ئەیفەرمو. وە فەرموی موقبیل بەم تەعینەم زۆر مەسرورورم، خۆم بە بەختیار ئەزانم چونکە یەگانە ئارەزوی من هەر ئەوە بوە کە فرصەتێکم چنگ کەوێ خدمەتی وەتەن و میللەتەکەم بکەم. وا شوکر مۆفەق بوم و تەمەناکەم هاتە جێ و بۆ خدمەت کردنی وەتەن و میللەتەکەم. خوا ئەم فرصەتەی پێ بەخشیم. ئیتر ئومێد ئەکەم هەمو فەرێکی میللەتەکە بە دڵێکی پاک و جدیەوە معاوەنەتم بکەن. دەست بدەینە دەست یەکتری و بۆ پێشکەوتن و بەرزبونەوەی قەومەکەمان لەژێر بەیداغی عیراقی خۆشەویست دا تێ‌کۆشین. ببینە کارکەرێکی بەسود لەناو ئەم وەتەنە شیرینەدا. نەمەتی موتەسەڕیفی پێشو ئەحمەد بەگ شایانی تەقدیرە، چونکە بناغەی پێشکەوتنی قەومێک ئاسایشیەتی و ئەویش بە راستی لەلایەنی ئەو زاتە موحتەرەمەوە زۆر چاک دامەزراوە. منیش بۆ ئاسایش هەر لەسەر ئەو رێگایە ئەڕۆم و بۆ زانست. صیحەت. دەوڵەمەنی. صنعەت. وە تەعمیر و زەراعەتی مەملەکەتەکە لە داخڵی هێزی بەشەریەت دا تێ‌ئەکۆشم.

لە دوای تەواو بونی فەرمودەکەی، لەگەڵ ئەو هەمو قەڵەباڵغە زۆرەدا تەشریفیان هێنایە سلێمانی و هەتا ناو شار تاقم تاقم ئەهالی لە رێدا صەفبەستەی ئیستیقبال و ئیحتیرام بون.

ژیان: ئێمەش دیسانەوە بە ناوی عومومی میللەتی کورد و ئەهالی لیواکەمانەوە. عەرزی بەخێرهاتنی ئەکەین و تەمەنا ئەکەین خوای گەورە و مەزن هەمو فرصەتێکی پێ ببەخشێ و بۆ خدمەتکردنی وڵات و میللەتەکەی موەفەقی بکات.

(ژیان، ژ 239. 19 ی 4 ی 1930)

2. 4. 8. داخلی

موفەتیشی ئیداری خۆشەویستمان سەعادەتی کاپتان گاون، بە مەئزونیەتی شەش مانگ رۆژی شەممەی 3 ی ئەم مانگە تەشریفی بردەوە بەریطانیا. لە تەرەف سەعادەتی موتەسەڕیفی ئەکرەمی و رونەسای دەوائیرەوە تەشیع و خواحافیظی لێ کرا.

لە جێی موشار ئیلەیهی هەتا عەودەت ئەفەرموێتەوە. سەعادەتی کاپتان "ألبن" موفەتیشی ئیداری عەمارە تەشریفی هێنایە سلێمانی و موباشەرەتی بە ئیش فەرمو. عەرزی خواحافیظی سەعادەتی کاپتن گاون و بەخێر هاتنی موفەتیشی ئیداری تازەمان ئەکەین. (ژیان، ژ 238. 8 ی 4 ی 1930)

2. 4. 9. موفەتیشی ئیداری تازەمان سەعادەتی کاپتان گاون

بە موناسەبەتی مەئزونیەت و تەشریف بردنی موفەتیش سەعادەتی کاپتن لاینەوە. هەرچەند مودەتێک سەعادەتی مێجەر لوئیندی موفەتیشی ئیداری کەرکوک بە وەکالەت تەماشای ئەم لیوایەشی ئەکرد. بەلام ئەمجارە سەعادەتی کاپیتان گاون کە خاترە و مەوقیعێکی عالی هەیە لەم لیوایەدا. بۆ ئەم وەزیفەیە تەعین کرا. رۆژی پێنجشەممەی 13 ی مانگ تەشریفی هێنایە سلێمانی.

وەقتێک کە حکومەت ئەم لیوایەی ئیشغال کردەوە. موشار ئیلەیهی بە صیفەتی قوماندانێتی لەگەڵ جەیشی عیراقیدا تەشریفی هێنایە ئێرە. مودەتێکی زۆر کە قوماندانی عومومی عەسکەری بوە وە کە سلێمانی لە ئینقیلاب و فەلاکەتێکی گەورەدا بو زۆر خدمەتی کردین. بە هەمو قوەتیەوە بۆ محافظەی حەیات و ماڵمان و بۆ ئیصلاحی ئەو حاڵەمان سەعی و هیمەتی فەرمو. لە دواییش دا بە سەبەبی شارەزایی و خەدەماتی پێشویەوە. بو بە موفەتیشی ئیداری لیواکەمان و مودەتێکی زۆریش لەم وەزیفەیەدا بۆ تەرەقی و تەعلیمان هەوڵیدا ئەتیجە ئیدارەیەکی باشی لەم لیوایەدا تەنظیم و تەئسیس کرد. بە ئەوعێک کە ئێستاش ئەهالی مەدیونی شوکرانێتین. تەعینی ئەمجارەیش بو بە سەبەبی مەسروریەتی هەمو ئەهالی و فەرەح و خۆشیەکی خستە دڵی هەمو لایەکەوە.

بەناوی عومومەوە عەرزی بەخێرهاتن و قدومی موبارەکی ئەکەین. تەمەنای سەعادەت و مۆفەقیێتی ئەکەین. (ژیان. ژ 180، 20 ی 6 ی 1929)

2. 4. 10. بەیانی رەسمی لە بابەت موعاهەدەی تازەوە

موفاویزەکانی عیراق و بەریتانیا ئیتیفاقیان کرد لەسەر ئیمزای موعاهەدەیەکی تەعاروف و سەداقەت. کە لەگەڵ عیراق داخڵ بە عەسبەتول ئومەم بو پەلە ئەکرێ لە تەنفیزیدا، وە کە هەردولا ئیتیفاقیان لەسەر کرد لە عەینی وەقت و میعاددا لە بەغداو لۆندەرە نەشر ئەکرێ. ئەساساتی موعاهەدەکە ئەمەیە:

1. ئیعتیراف بە ئیستیقلالی تەواوی عیراق. وە دەرعوهدە کردنی مەسئولیەتی ئیدارەی هەمو شئونی بە تەنها. وە دەرعوهدە کردنی مەسئولیەتی داخلیە. وە بە پێی تەحالوف بەرامبەر بە ئیعتیبادیەکی خاریجی موافقەی.

2. لەغوی موعاهەدات و ئیتیفاقاتی کە لە بەینی عیراق و بەریتانیای گەورە کراوە.

3. کە موعاهەدەکە هاتە حەیزی تەنفیزەوە ئیعتیرافی ساحێبی جەلالەتی مەلیکی بەریتانیا، بەتەواو بونی مەسئولیاتی ئینتیدابیە کە ساحێبی جەلالەتی مەلیکی بەریتانیا دائیر بە عیراق قوبوڵی کرد بو. لە خۆیەوە تەواو ئەبێ.

4. کێشانەوەی هەمو قوای بەریتانیا لە هێندی و موسڵ لە مودەتێک دا کە لە ئیعتیباری تەئریخی تەنفیزی موعاهەدەکەوە. لە پێنج ساڵ تەجاوز ئەکات. وە بە ئیجارەدانی 3 قاعیدەی هەوائی لە غەربی فورات و شەتتول عەرەب دا لەلایەنی حکومەتی عیراقییەوە بە ساحێبی جەلالەتی بەریتانیا بە شەرتی موحافەزەی ئەم قاعیدانە لەلایەنی حەرەسی خاسی ساحێبی جەلالەتی مەلیکی عیراقەوە ئیجرا بکرێ. بە مەسرەفی خاسی ساحێبی جەلالەتی بەریتانیا.

5. مودەتی موعاهەدە لە ئیعتیباری دەستکردن بە تەنفیزیەوە. بیست و پێنج ساڵە بینا لەسەر تەلەبی یەکێ لە فەریقەینی موتەعاقیدین دەست ئەکرێ بە موفاوەزە لە بابەت موعاهەدەیەکی تازەوە بۆ تەئمینی مواسەلاتی ئەساسیەی جەوییەی ئیمپراتۆر. ئەگەر لەم مەسئەلەیەدا ئیختیلاف حاسیل بو. حەواڵەی مەجلیسی عەسبەتول ئومەم ئەکرێ.

6. هەر تەرەفە لە موتەعاقیدەین لە وڵاتی ئەوی تریانا، لە تەرەف مومەسیلێکی دیپلۆماسیەوە تەمسیل ئەکرێ. بە پێی ئوسوڵی مومەسیلینی دوەلی مەستەقیللە ئیعتیمادی ئەدرێتێ. (ژیان، ژ 249، 7 ی 7 ی 1930)

2. 4. 11. بە واسیطەی موتەصەرریفەوە بۆ ئەهالی سلێمانی

برقیتکم س141 في 9 الجاری نرجو تبلیغ الجواب الاتی الی حفید زاده عبدالقادر و رفقائه الموقعین علی البرقیة الموجهة الی رئاسة الوزراء

ان المعاهدة تشمل جمیع سکان العراق علی اختلاف طبقاتهم وتعود منافعها وواجباتها لهم وعلیهم جمیعا وبالطبع ان اخواننا الاکراد هم منهم والیهم اما الحقوق الممنوحه للاکراد فمحفوظة تماما بحکم القانون الاساسي الذي في واجب الجمیع تاییده ورعایة احکامه.

س2233 الداخلیة

جواب

15 ی 7 ی 1930

بەغدا: وەزیری داخلیە

تەلغرافی مەعالیتان بە واسیتەی موتەسەرریفەوە تەبلیغمان کرا. ئێمە تەتبیقی قەراری عیصبەتول ئومەممان ئەوێ کە ئەمەیش بە تەواوی تەوافوق ئەکات بە مادەکانی 109 و 110 لە قانونی ئەساسی.

عمومی ئەعیان و ئەشرافی سلێمانی. (ژیان، ژ 254، 28 ی 7 ی 1930)

2. 4. 12. عمومی ئەشراف و قیسمێک عەشایەر چونە تەلغرافخانە

رۆژی 22 ی 7 ی 1930 عومومی ئەشراف و قیسمێک عەشایەر چونە تەلغرافخانە. رەئیسەل وزەرایان بانگ کردە سەر تەلەفۆن. لە وەکالەتی عومومەوە حەمە ئاغای عەبدورەحمان ئاغا ئەم قسانەی لەگەڵ کرد:

فەخامەتمەئاب!

لەو موعاهەدە تازەیەی کە کراوە ئەو حقوقەی عیصبەتول ئومەم خستویەتە قەرارەوە و بە کوردی بەخشیوە تیا دەرج نەکراوە. بۆ ئەم خسوسە موتەعەدید دەفعە لە تەرەف عومومی عەشائیر، ئەشراف، توجار خولاصە هەمو کوردەکانەوە تەلغراف بۆ زاتی دەوڵەتیتان نوسراوە. مەعەلئەسەف هەتاوەکو ئێستا جوابێکی شافیمان و عادلمان وەرنەگرتۆتەوە. ئینتیظار ئەکەین.

جوابی رەئیسەل وزەرا بە تەلەفۆن

منیش وەکو ئێوە کوردم و نارەزوی سەعادەتی ئەکەم و بۆ ئەم خسوسە سەعی ئەکەم و لەگەڵ مەندوبی سامی‌دا لە موناکەرەداین. هەتا چوار رۆژی تر بۆ ئەم خسوسە ئێینە سلێمانی و گفتوگۆتان لەگەڵ ئەکەین. رەئیسەل وزەرا. (ژیان، ژ 254، 28 ی 7 ی 1930)

2. 4. 13. تەلەغرافی ئەشرافی هەولێر بۆ ئەشرافی سلێمانی

سلێمانی: میرزا تۆفیق قەزاز

لە موتاڵەباتی حقوقمان سەبات باعیسی نەجاتە. میللەت پشتیوان خواش لەگەڵمانە. 20 ی 7 ی 1930. عوسمان ئەفەندی زادە: ئەحمەد. مەعروف جیاوک

جوابی سلێمانی
هەولێر: ئەعیان ئەحمەد بەگ و جیاوک
سەبات ئەبەدیە پشتیوانی وەتەنپەروەران کەفیلی موفەقیەتە. بەناوی سلێمانیەوە توفیق قەزاز. (ژیـان. ژ 255. 31 ی 7 ی 1930)

2. 4. 14. لە چەمچەماڵەوە:

سلێمانی گەورەکانی موتەزاهیرینی کوردان
بۆ بەرزی میللەتمان خۆمان و عەشیرەتمان فیداکارین بۆ سەرکەوتن پشتیوانین.
لاوانی کوردی چەمچەماڵ: رەئیسی بەگزادە. محەمەد ئەمین. رەئیسی هەمەوەند. ئەمین.
جوابی سلێمانی
چەمچەماڵ ئەمین ئاغا. ئەمینی رەشید ئاغا
حسیاتی بەرز. پشتیوانیتان هەزار قات قوەتی داینێ. بژی کورد. هەمەوەند.
بەناوی موتاظاهیرینەوە عەبدولقادر. (ژیان. ژ 254. 28ی 7 ی 1930)

2. 4. 15. لە ئەشرافی سلێمانی‌یەوە بۆ مەندوبی سامی و رەئیسەلوزەرا

23 ی 7 ی 1930
بەغداد فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق
بەغداد فەخامەتی رەئیسەل وزەرای عیراق
بۆ مەعلومات بۆ سەعادەتی موتەسەریفی ئەکرەمی سلێمانی
بۆ مەعلومات بۆ سەعادەتی موفەتیشی ئیداری سلێمانی

مەوثوقەن خەبەر وەرگیراوە بە موناسەبەتی هاتنی فەخامەتتان بۆ کوردستان. مەئمورینی ئەلویەی کوردییە کوردەکان تەضییق و تەهدید ئەکەن بۆ دەست هەڵگرتن لە حقوقیان ئەگەر مەقسەد لە ئیستیفتایە لەژێر ئەم شەرائیطەدا نە مەعقول و نە مومکینە تا کوردستان لەژێر تەئثیری نفوذی مەئمورینی ئیدارەی عەرەب دا بێت. ئیستیفتایەکی عادلە و وەتەنپەروەرانە موستەحیلە. وە لە تاریخی بەشەردا نەبینراوە بۆ ئیستیفتا ئەفکاری حوڕڕەی میللەتێک تەضییق بکرێت بۆ قبوڵی تەرجیحی ئەسارەتی خۆی بەسەر حوڕڕیەت دا. موقابیل بەم حاڵە بەشیدەتەوە پرۆتیستۆ ئەکەین. ئەشرافی سلێمانی. (ژیان. ژ 254. 28 ی 7 ی 1930)

2. 4. 16. لە تۆفیق قەزازەوە بۆ نیەر ئێست

24 ی 7 ی 1930
لەندەن- نیەر ئیست. تەلغراف

ئەو مەقالەیەی ئێوە کە لە خسوس موعاهەدەی ئینگلتەرە و عیراقەوە نوسی بوتان و ئیهمالی حقوقی کوردتان دەرخست بو و جەهدی غەیر ئەنەیشانەتان بۆ حیمایەی.لە تەرەف کوردانەوە بە تەقدیرێکی عەظیم و تەشەکوراتی قەلبیەوە قبوڵ کرا. ئەم معامەلەی بەشەر پەرستانەیەی ئێوە موزاهەرەتێکی جوانی قەضیەی موحیقەی کوردانە.

کوردەکان موتەئەسیفن لە موعاهەدەکە. چونکە هیچ باسی ئەو حقوقەیان نەکراوە تیا. کە بە موجیبی ئەوە حکومەتێکی کورد لەژێر ئینتیدابی عیصبەتول ئومەم دا تەشکیل بکرێ.

مەئمورینی حکومەتی عەرەبیە تەهدیدات و تەضیقاتی ئێمە ئەکەن کە دەس لە حقوقی خۆمان هەڵگرین. لوتفەن دائیمەن ئەم حەقیقەتە لە لاپەڕەکانتانا نەشر بکەن. تۆفیق قەزاز. (ژیان. ژ 254. 28 ی 7 ی 1930)

2. 5. 17. پرۆغرامی فیرقەی موتەزاهیرینی کوردان

کە لە رۆژی 16 ی 7 ی 1930 ئیجرا ئەکرێ

1. ئامال و مەقسەد لەم موزاهەراتە. صرف لە رێیەکی مەشروعەوە تەلەبی حقوقی مەعلومەی کوردانە کە وەختی خۆی عصبە الامم پێی بەخشیوە و قەراری لەسەر داوە.

2. فیرقەی موتەزاهیرین بە عمومی مەجبورە تەبەعیەتی هەمو قەوانین و نیظاماتی حکومەتیی بکات و حەددەلئیمکان مەیدان بە حەرەکەتێک نەدات کە ببێ بە سەبەبی ئیخلالی ئەمنیەت و ئاسایش.

3. مەحەللی ئیجتیماع لەبەردەمی سەرای حکومەتی و لەباغی بەلەدییەدا ئەبێ.

4. عمومی ئەشرافی مەملەکەت و رونەسای عەشائیر و ئەهالی ئەمڕۆ کە موصادیفی 16 ی 7 ی 1930 ە. ساعەت لە نۆی عەرەبی لەناو باغی بەلەدیەدا ئیجتیماع ئەکات.

5. ساحەی جوڵانی فیرقەی موتەزاهیرین لە بەردەمی سەرای حکومەتیەوە هەتا بەردەمی مزگەوتی گەورە و لەم مەنتیقە مەحدودەدا ئەبێ.

6. لە ساعەت نۆ و نیوی عەرەبی دا، فیرقەی موتەزاهیرین لە حاڵی سکونەت و ئیعتیدال دا لە مەحەللی ئیجتیماع دا حەرەکەت ئەکات و ئەچێتە بەردەمی مزگەوتی گەورە. لەوێدا بەناوی عمومەوە (لە تەرەف رەمزی ئەفەندی حاجی فەتاح) موە قۆنفرانسێک ئەدرێت.

7. لەدوای قۆنفرانسەکە لە ساعەت دەی عەرەبی دا، فیرقەی موتەزاهیرین بڵاو ئەبێتەوە.

8. هەیئەتی مومەسیلەی فیرقەی موتەزاهیرین. ئەم زاتانەی لای خوارەوەن:

عەبدولرەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا. عیزەت بەگی عوسمان پاشا. حفیدزادە شێخ قادر ئەفەندی. حەمە ئاغای عەبدولرەحمان ئاغا. رەمزی ئەفەندی حاجی فەتاح. میرزا تۆفیق قەزاز. مەجید ئەفەندی حاجی رەسوڵ ئاغا. سلێمانی: 16 ی 7 ی 1930

2. 4. 18. تەشریف هێنانی وەلیعەهدی بڵند پایە

تەشریف هێنانی وەلیعەهدی بڵند پایە و موزاهەرەتێکی عمومی کورد

رۆژی 16 ی مانگ ئەمیر غازی وەلیعەهدی بولوندپایەی عیراق تەشریفی هێنایە سلێمانی. هەمو ئەهالی لیوای سلێمانی. عولەما. سادات. ئەشراف. تیجار. رونەسای عەشایەر. رونەسای دەوائیر. مەئمورینی حکومەت. شاگردانی مەکتەب لە سەعات دوی کوردییەوە چون بەپیریەوە و لەسەر جادەی دەباخانە لەو چادرانەدا کە لەلایەن بەلەدیەوە هەڵدرابو حازیرو مونتەزیری تەشریف هێنانی بولوندپایەیان بون. لە سەعات دەوری 3 ی کوردیدا تەشریفیان گەیشت. کە گەیشتە نزیک ئەم ئەشاماتە لە ئۆتۆمۆبیل تەشریفی هاتە خوارەوە و تەفتیشی حەرەسی شەرەف و کەششافەی کرد و لەگەڵ هەمو ئەشراف و رونەسای عەشایەرو مەئمورین دا موسافەحەی فەرمو.

لەدوای ئەمە تەشریفی سواری ئۆتۆمۆبیلی خوسوسی خۆی بو. هاتنە ناو شار و لە ماڵی سەعادەتی موتەسەڕیفی خۆشەویستمان دابەزی.

ئەم میوانە گەورە و خۆشەویستە، بە هەمو ئیحتیرامێکەوە قبوڵ و ئیستیقبال کرا.

هەر عەینی ڕۆژ لەلایەنی ڕوئەسـای عەشـایەر، ئەشـراف، تیجـار و ئـەهالی سـلێمانیەوە نومایشـێکی غایەت موتەنتەن و بەدەبدەبە ئیجرا کرا.

بەڵێ ئەم نومایشە، ڕۆحێکی غایەت بەرز و بەقیمەت، بە حیسسێکی غایەت عیلوی و موقەدەسەوە ئیجرا کرا. نەک هەر عولەما، سادات، ئەشراف، تیجار و ڕوئەسای موحتەرەمەی عەشایەر بەڵکە هەمو میللەتی کورد، گەورە و پچوک، منداڵی مەعسوم لە باوەش دایکیانا لەگەڵ دایکە بـە ڕەغبـەت و شـەفەتەکەیان، بەڵکـە ڕۆحـی هەمو مردوانی کورد لە سەمای مەعنەویەت و ڕەحمەت دا ئیشتراکیان کرد.

بەڵێ ئەوەڵ جار ئەم ئیزدیحامە لە سەعات نۆی کوردیدا ڕوەو بازاڕ ڕۆیشتن و لەپاشا گەڕانـەوە نـاو باغچەی بەلەدیە- بەرەدەمی سەرای حکومەت. لو بەیداخ کە لەسەر شانی نومێندی ئیستیقبالی میللـەت: تەلەبـەی مەکتەب، هەڵگیرابو ئەمانەی لێ نوسرا بو: *"ڕەوا بـێ مـەتالیبی کـورد"، "بەرقـەرار بـێ عەدالـەتی عەسـبەتول ئومەم". لە دەمی هەمو فەردێک بەبێ ئیختیار گۆرانی وەتەنی ئەهاتە دەرەوە. ئەم ئیزدیحامە ئەوەنـدە زۆر بـو ئەتوانین بڵێین بەحرێکی کەلە شەپۆلی ئەدایەوە. لەبەر زۆری قەڵـەباڵغ لـە باغچـەی بەلەدیـەدا جێگـا نـەبوەوە ئینجا هەمو چونە سەر جادەی سـابونکەران و لەبـەردەمی چایخانـەی حەمـە ئاغـا و مەکتـەبی موتەوەسـیتەدا ڕاوەستان. لەوێدا جەنابی وەتەنی غەیور ڕەمزی ئەفەندی حاجی فەتاح لەسەر سەربانی چایخانەکەی حەمە ئاغا ڕاوەستا و نوتقێکی غایەت قیمەت دارو موهەیێجی خوێندەوە کە هەر حەرفێکی شایستەیە بە قەڵەمی زەڕین لـە سەحیفەی تەئریخ و ئەعماقی... بنوسرێت و لە تەرەف میللەتەوە بە ئیحترامەوە چەپڵەڕێزان کرا. وا عەینەن لـە خوارەوە دەرجی ئەکەین.

لە دوای ئەمە جەنابی میرزا تۆفیق دیسان لەسەر عەینی سـەربان ئیرتیجـالی بەرامبـەر بـە میللـەت، چەند کەلیمەیەکی شیرینی ئەدا کرد. وە لە تەرەف هەمو میللەتەوە دەنگی چەپڵەڕێزان و بژی بژی گـوێی ئاسمانی کەڕ کرد. وە لەلایەنی هەمو میللەتەوە تەوکیل کرا مەتالیبی میللەت بە وەلیعەهـدی بڵندپایـە عـەرز بکات.

ئەم نومایشە بە نەوعێکی وا مەدەنی و سکونەت جەرەیانی کرد کە چـارەی هـیچ کەسـێک غـەیری سرور و تەبەسوم، هیچ عەلامەتی یەئس و تەئەسور وە یا تەهەور موشـاهەدە نەئـەکرا. لـە دوای ئەمـە لـە سەعات دە و نیوی کوردیدا عولەما، سادات، ئەشراف، تیجار، ڕوئەسای موحتەرەمەی عەشائیر، ڕوئەسای دەوائیر چونە دەوڵەتخانەی سـەعادەتی موتەسـەڕیفی خۆشەویسـت و لەوێـدا زیـارەتی میـوانی عـەزیز و بڵندپایە کرا.

لەوێدا لەسەر تەکلیفی میللەت وەکیلی موحتەرەم جەنابی میرزا تۆفیق هەڵسایە پێیان. لەپاش ئـەوەی کـە بەناوی هەمو میللەتەوە عەرزی بەخێرهاتنی وەلیعەهدی خۆشەویستی کرد. مەتالیبی میللەتی بـەم تەرحـە کـە لـە خوارەوە ئەینوسین بە عەرزی گەیاند. جوملە جوملە لە تەرەف مـودیری تـەحریرات جـەنابی جـەلال صـائیب ئەفەندییەوە بە عەرەبی تەرجومە و بە عەرز گەیەنرا. وەلیعەهدی خۆشەویست زۆر چاک لە هـەمو جوملەیـەکی گەیشت و بە دیققەت گوێی ڕاگرت.

لەدوای تەواو بون موتالەباتەکە کە عیبارەت بو لە مەزبەتەیەکی عـومی لەلایـەن خـەتیبی موحتەرەمـەوە تەقدیمی سموی وەلیعەهد کرا. تەرجومە و جوابی سموی وەلیعەهـدیش بـە واسـیتەی ڕەئیسـی بەلەدیـەوە بـە میللەت گەیەنرا کە زاتی بڵندپایەیان وەعدی فەرمو ئەم مەتالیبی میللەتە بە عەرزی عەتەبەی ملوکانەی بگەیەنێ و بەم تەحدە موظاهەراتەکە هەتا ئێوارێ دەرەنگ دەوامی کرد. لە دوای ئێـوارێ خەڵقەکـە بڵاوبونـەوە. (ژیـان. ژ 252، 21 ی 7 ی 1930

2. 4. 19. نوتقی موحتەرەم رەمزی ئەفەندی

ئەی کوردینە!

هەر وەکو قەتعیەتی ریازییە سابیتە ئیتر هەمو قەومێک بەلیسان، ئەدەبیات، تەئریخ، عەنعەنات، عورف و عادەتی خۆی تەرەقی ئەکات و ئەم عەصری بیستەمینی مەدەنییتە عەصرێکی میللییەتە.

موحیت و حالاتی عومومیەی هیچ قەومێک نەبوە بە سائیقی تەرەقی و ئیعتیلا بۆ قەومێکی تر، بیلعەکس بوە بە سەبەبی فەلاکەت و ئیزمیحلالی.

لەپاش حەربی عومومی، تەئریخ و خەریتەی عالەم بۆ ئەم موددەعایە شاهیدێکی عادلە.

هەمو زەریفی ئەزانین قەومی کورد ئایا لە ئەثنای حەربی عومومی داو ئایا لە پاش دا گەلێ فرصەتی قیمەتداری دەست کەوت، مەعەلئەسەف لە هیچیان ئیستیفادەمان نەکرد. لە هەمو دەورێکدا ئەم فرصەتە باشانە یەکە یەکە بون بە سەبەبی فەلاکەت و ئیدبارمان، مەسئەلە ئەهمیەتی کەسب کرد، لازمە ئەسبابی تەحلیل و تەحەری بکەین و برینەکانی ئیجتیماعیمان دەرمان و سارێژ بکەین. لە نەتیجەی ئەم تەحەرییاتەدا دو عیللەت لە خۆمانا ئەبینین: یەکێکیان، لەناو ئەفرادا نیفاقی دائیمی و بێ مەحەبیەتی. دوهەمیان، بۆ ئیحقاقی حەق و تەرویجی ئامال و مەتالیبی عومومییە، موراجەعەت بە عەقل و فیکر نەکردن.

بێو لاپەرەکانی تاریخی ئەقوام هەڵبدەینەوە، لە هەمو ئەقوامی مونقەریضدا ئەم دو عیللەتە موشتەرەکە ئەبینین کە بوە بە سەبەبی فەلاکەت و ئینقراضیات، ئەی کوردینە! لەم حاڵەش دا نابێ ئێمە مەیئوس ببین، چونکە ئیسلامین. پێغەمبەر (ص) فەرمویەتی: "اليأس كفر" یەئس کوفرە، عەطالەت تەولید ئەکات و نەتیجەی عەتالەتیش کردنە فەلاکەتە، میللەتێک صاحێبی مەتانەتی ئەخلاقیە بێ بە عەقڵ و تەدبیری جوالیەوە لە فەلاکەت دەرسی عیبرەت و ئینتیباە وەرئەگرێ و، فەلاکەتەکە ئەکات بە سائیقی تەیەقوظ و ئیعتیلا بۆ خۆی.

کەوابو لازمە لە پێش هەمو شتێک دا لەناو خۆمانا نیفاقەکە هەڵگرین و، لە جێگای ئەم کەلیمە مەشئومە تۆوی مەحیبەت و ئیتیفاق بچێنین. زۆر شوکر ئەمڕۆ ئەثەری خێری ئەم ئیتیفاقە لە میللەتەکەماندا ئەبینین، گەورە و بچوک، داخل و خاریج بۆ حقوقی موکتەسەبە و مەشروعەمان لە دائیرەی عەقڵ و قانون، مەنطیق و فیکردا موطالەبە و مودافەعە ئەکەن و هەوڵ ئەدەن. وە لازمە لەمەودواش لە هەمو ئیشێکمانا حەق و حەقیقەت بکەین بە پشتیوان و رەهبەرمان.

ئینجا بێینە سەر مەوزوعی ئەم ئیجتیماع و موظاهەرەیە:

مەعلومتانە، حکومەتی عیراق لەگەڵ حکومەتی بەریطانیا موعاهەدەیەکی تازەی کرد. حقوقی ئێمە لە مادە 3 و4 ی قەراری مەجلیسی عالی عصبه الامم و مادە 3 ی موعاهەدەی 1922 و مادە 109 و 110 ی قانونی ئەساسی حکومەتی عیراقیە تەثبیت کرابو، وە کە لە تەرەف حکومەتی فەخیمەی بەریتانیاوە و جەلالەتی مەلیک و رەئیسی حکومەتی عیراقیەوە رەسمەن تەئیدو ئیعتیرافی پێ کراوە. مەعەلئەسەف هێشتا ئەسیری نوسیە و کاغەزە و لە شکڵی عەنقادا ماوەتەوە و حەتتا لەم موعاهەدە تازەیەش دا کە یەک دەفعە موناسەباتی ئینگلیز و عیراق قەطعیەتی کەسب کردوە و ئینتیداب نیهایەتی هاتوە دیسانەوە خراوەتە گۆشەی نسیانەوە. موعاهەدەکە وەکو فەلاکەتێکی تاکەمەضهور ئومێدی ئیستیقبالی مەحو کردوینەتەوە.

لەبەر ئەمە غایەی موزاهەرەکە ئیحتیجاجێکە بۆ مەتالیب و حقوقی مەشروحە و مەشروعەمان. لازمە گەورە و بچوک هەمو کوردێک دەست بدەینە دەستی یەکتری و لەم رۆژە تاریخیە ئیستیفادە بکەن.

ئەمڕۆ قەومی کورد بە وجودی مولاقاتی وەلیعەهدی عیراق مەسرور و شادانن بۆ عەرزی بەخێرهاتن و مەتالیبی حقوقیە، لە تەرەف عومەوە کۆمەڵێک هەڵبژێراون. ئەم کۆمەڵە هەیئەتی عومیە تەمسیل ئەکەن بە

پشتیوانی ئێوەوە موەفەق نابن. لازمە لە تەرەف کۆمەڵەوە سەعی و لە تەرەف ئێوەوە موزاهەرەت و قوەت. ئیتر حەق ڕەفیقمانە.

بژی قەراری مەجلیسی عصبە الامم

بژی مەتالیبی قەومی کوردو موختارییەتی ئیدارە

بژی مەلیکی عەرەب و کوردان کە مەلیک فەیسەڵی ئەوەڵە

بژی حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا. (ژیان، ژ 252، 21 ی 7 ی 1930)

2. 4. 20. موتالەباتی میللەتی کورد بە واسیتەی میرزا تۆفیق قەزازەوە

موتالەباتی عومومی میللەتی کورد کە بە واسیتەی میرزا تۆفیق قەزازەوە تقدیمی صاحب السمو وەلیعەهدی خۆشەویستی عیراق کراوە

لە پێشەوە بەناوی هەمو کوردانەوە عەرزی بەخێرهاتنتان ئەکەین. وە خۆمان بە بەختیار ئەزانین کە لەم فرصەتەدا تەشریفتان هێناوەتە لیواکەمان.

کوردەواری کە لە هەمو وەقتێک دا بە ئیرتباطێکی مەتین و صەمیمەوە مەربوطی عەرشی بەرزی عیراقە، خۆی بە شەرەف ئەزانێ کە مەعروضاتی ئاتیە بخاتە بەر نەزەری صاحێب سموتان:

مەعلومی صاحێب سموتانە کە لەم چەندانەدا موناسەباتی داخلیە و خارجیەی حکومەتی صاحێب جەلالەت مەلیک فەیسەڵی ئەوەل لەگەڵ حکومەتی بەریتانیادا ڕەبطی موعاهەدەیەک کراوە کە موافیقی ئەم موعاهەدەیە ئینتیداب مولغا و تەنها حکومەتی عیراق مەسئولی ئیدارەی داخلیە ئەبێت. لەم موناسەبەتەدا ئەمانەوێ بیهێنینەوە خاتر کە وەقتێ لوجنەی ئیستفتای عصبە الامم و حەللی ولایەتی موصل هاتە عیراق، لە تەقریرەکەیدا وەهای تەوصیە کردوە ئەگەر کوردستانی جنوبی ڕەبطی عیراق بکرێت. لازمە بۆ موحافەزەی مەوجودیەتی میللیە، عەنعەنە، زمان و عصبە الامم و مادە: 109 و 110ی قانونی ئەساسی عیراق دا تەئیدو تەثبیت کراوە.

حاڵی حازر. موافیقی موعاهەدەی تازە ئینتیدابی بەریتانیا ڕەفع و لەسەرێکی تریشەوە لە بنودی موعاهەدەدا حقوقی مەشرعە و موئەیەدەی کورد کە عیبارەتە لە موختاریەتی ئیدارەکەی و ئیعتیرافی پێ نەکراوە، کوردەواری بە عومومی ئەم موعامەلەیە بە تەجاوزێکی صەریحی ئەزانن بۆ حقوقی موعتەرەفەیان بە یەک دڵ و یەک ئاواز مەتالیبی خۆیان کە عیبارەتە لە موختاریەتی ئیدارە بۆ کوردستانی عیراق، یەعنی لیوای کەرکوک، هەولێر، سلێمانی، ئەقزیەی شیمالیی موصل و قیسمی سەروی لیوای سیروان ئیدیعا و عەرزی صاحێب سموتانی ئەکات کە بۆ تەتبیقێکی سەریعی حەواڵەی سولتاتی عولیای بفەرمون. (ژیان، ژ 252، 21 ی 7 ی 1930)

2. 4. 21. ڕوداوەکانی کورد

زۆر بە داخەوە نامەکانی سلێمانیم بە وردی خوێندەوە، چەندم حەز ئەکرد لە وشەکانی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە تێنەپەڕم. وەکو لێی تێگەیشتم ئەم نامانە ئازارم ئەدەن و هەمو عیراقیەکی دڵسۆز کە سور بێ لەسەر قازانجی وڵاتەکەی و لە پێناوی یەکێتی و سەربەخۆیی دا گیانبازی بکا. کاتێ ببینێ کوردەکان لەم هەلومەرجە سەختەدا کە وڵاتی پێدا ئەڕوا. بۆ ئەوەی مافەکانی بە خۆپیشاندان و ئاژاوە بسێنێ، دور نیە بە هاندانی بێگانە یا کەسانی نەفس نزم بوبێ. بۆ قازانجی تایبەتی خۆیان زوڵم لە گەلەکەیان ئەکەن. نمونەی ئەمان زۆرن و ڕۆژگار کەسایەتیەکانیمان بۆ دەر ئەخا. لەوەتی ئەم نامانە بڵاو بونەتەوە، چاوەڕێریم ئەکرد بزانم کاریگەریان چۆنە، گەیشتمە چەند ئەنجامێکی تاڵ، لێرەدا هەندێکیان ئەنوسم:

1. کەرکوکیەکان نینزاری کورد ئەکەن سەبارەت بەو شتانەی لە خواستەکانیان دا هاتوە کە خراونەتە بەرچاوی خاوەن شکۆی شاهانە ئەمیر غازی مەزن لەلایەن میرزا تۆفیقەوە کە کەرکوک لەناو ئەو کوردستانی عیراقەدایە کە ئینگلیز بۆی سەلماندون. بە ویستی خۆیان بەڕێوەیەرن یا ئیدارەی موختاریەت.

2. کەرکوکیەکان بە هیچ جۆرێ دان بە کوردا نانێن. چونکە ڕێچەڵەکیان بۆ دنیا ئاشکرایە. بەڵکو هەمو بڕیاریان داوە لەگەڵ برا عەرەبەکانیان بژین و هیچ پێوەندی و پەیوەستیەکیان بە کوردەوە نیە.

3. کەرکوکیەکان داوا لە کورد ئەکەن ناوی کەرکوک و کەرکوکیەکان بەهیچ جۆرێ لەگەڵ داواکانی خۆیان دا باس نەکەن. چونکە هەرگیز لە پلەیەکدا نەبون دەستی بێگانە بتوانێ تۆوی ناکۆکی و نیفاقیان لەناودا بچێنێ.

4. کەرکوکیەکان ئامادەن سەر و ماڵ لەسەر یەکێتی عیراق دابنێن.

بژی عیراق و بژی ئەوەی لە پێناوی یەکێتی عیراق دا هەوڵ ئەدا.

بمرێ و بروخێ ئەوەی هەوڵی تەفرەقە و نیفاق ئەدا. کەرکوک حەسەن سوداد.

(الجهاد. ع 224. 16 ی 8 ی 1930)

2. 4. 22. کەرکوک

لەسەر موراجەعاتی موتەمادی کوردانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر. فەخامەتی وەکیلی مەندوبی سامی و وەکیلی رەئیس ئەلوزەرای عیراق رۆژی جومعە، 8 ی 8 ی 1930 لە بەغدادەوە تەشریفیان هێنایە کەرکوک. لە عەینی رۆژدا لە قشڵەدا عومومی ئەشراف و ئەعیانی کەرکوک و رونەسا گەورەکانی ئەو لیوایە کە هەمو کوردن کۆیان کردەوە. لە دوای بەستنی کۆمەڵەکە، رەئیس ئەلوزەرا هەڵسا ئەو بەیانەی کە هەمو کوردێک خوێندویەتیەوە و لە پێشا نەشر کرابو و کە گۆیا حکومەتی عیراق قەراری داوە بۆ کوردەکان موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم تەتبیق بکات. خوێندیەوە و لە عەقەبی ئەوەوە فەخامەتی مەندوبی سامیش هەڵسا و نوتقێکی خوێندەوە و تەئیدی بەیانەکەی حکومەتی عیراقی کرد. فەرموی ئێمەش لەگەڵ عیراقدا موتەحدین بۆ تەتبیقی موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم.

لە دوای ئەمانە عەبدوڵڵا صافی ئەفەندی یەعقوبی هەڵسا و گوتی: لەم بەیاناتە زۆر موتەشەکیرین. زاتەن ئەم لیوایە عیبارەتە لە تورک و عەرەب. یەعنی نفوسەکەی صەد هەزاری لەم دو عونصورەیە و ئێمە عیراقین لە وەحدەتی عیراق جیا نابینەوە. مصطەفا ئەفەندی برایشی عەینەن تەئیدی قسەکەی کاکی کردەوە. بەڵام ئیتر لە حازرون و لەو هەمو قەڵەباڵغە غەیری فارس ئاغای بەیاتی نەبێ کە پیاوێکی عەرەبە و شێخ محەمەد حەبیب ئەفەندی طالەبانی نەبێ کە چونکە قاضی و مەئمورە و مەجبورە کەسێکی تر تەئیدی نەکردنەوە. حەتتا چونکە قسەکانی عەبدوڵڵا صافی ئەفەندی هەموی عیبارەت بو لە بەیاناتێکی غەیرە حەقیقی و بە ئاشکرا مەوجودیەتێکی ئەکسەریەی کوردی پەنهان کرد، وەتەنپەروەر و جەوانمەردی غەیوری کورد محەممەد بەگی جاف مەندوبی پێشوی کەرکوک، هەڵسایە سەر پێ و بە هیمەتێکی مەردانە و بە دەنگێکی بەرز فەرموی: "لیوای کەرکوک ئەکسەریەتی عەظیمەی کوردن یەعنی لە 150 هەزار نفوس 120 هەزاری کوردێکی خالیصە. ئینجا ئەگەر بە زیادەوە حسابی بکەین. ئەوی تری ئینجا تورک و عەرەبن و ئەم قسەیەی منیش مەعلوم و ئاشکرایە و فەرموی بەندە کە لێرەدا تەمسیلی عەشیرەتێکی زۆر گەورەی وەکو جاف ئەکەم. غەیری ئەمیش رونەسای داودە. زەنگەنە، جەباری، شوان و سائیرە رونەسای کوردان کە لەم مەجلیسەدا حازرن. بەندەیان تەوکیل کردوە کە بەناوی عومومەوە عەرزتان بکەم کە ئەم کوردانە بەیەک وجود و یەک زبان. داوای تەتبیقی موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم ئەکەن. ئەمە حەقمانە و ئەم حەققەمان ئەوێ و هەتا ئاخری تەعقیبی ئەکەین".

لەدوای ئەمە عەبدوڵڵا صافی بەگ متەعەویرانە کە خیلافی ئاداب و ئیجتیماعیات بو هەڵسا، گوتی: "ئەم زاتە بەناوی کێوە قسە ئەکات؟ ئەم جافانە عائیدی سلێمانین، هەموی دو ساڵە ڕەبطی کەرکوک کراوە. با بچێتە سلێمانی داوای حەقی خۆی بکات!".

لەسەر ئەوە محەممەد جافیش هەڵسا و جوابی دایەوە: "من بە ناوی 150 هەزار جافەوە قسە ئەکەم. من کوردم، کورد ئەژیم و بە کوردی ئەمرم. ئەم مەملەکەتە کوردە. لەبەرئەوە هەمو کوردێک حەقی هەیە لە مەملەکەتی کوردان دا تەلەبی حقوقی میللەتی وەتەنەکەی بکات".

حەقیقەتەن خوێنی کوردایەتی بە ئاشکرا لە دەمارەکانیا جەوەلانی ئەکرد. لەو ئەثنایەدا جەعفەر پاشا هەڵسا و روی کردە محەممەد جاف، گوتی: "بە شەرەفی حکومەت و خۆم تەئمینت ئەکەم کە بە تەواوی موقەڕەراتی عیصبەتول ئومەمتان بۆ تەتبیق ئەکرێ. ئەم لیوایەش ئیستیفادەی لێ ئەکات".

محەممەد جافیش لە جوابا گوتی: "سا باشە تەشەکورتان ئەکەم!".

لەو ئەثنایەدا سەید ئەحمەد ئەفەندی خانەقا و سەید محەممەد ئەفەندی جەباری و سائیری ڕوئەسا موحتەرەمەکانی کورد عەلەنەن هەڵسان تەئیدی محەممەد بەگی جاف و حقوقی کوردیان داوا کردەوە. بەم ئەوعە موناقەشەکە دوایی هات و کۆمەڵەکە بڵاو بونەوە. (ژیان، ژ 257، 14 ی 8 ی 1930)

2. 4. 23. بە درۆ خستنەوە: بروسکەیەک لە توزخورماتووەوە

ڕۆژنامەکانی الجهاد، البلاد

ئەو بەیاناتەی لەلایەن فەخامەتی سەرەوەزیران و مەندوبی سامیەوە دەربارەی مەسەلەی کورد لە کەرکوک دراوە، ئەومیە کە بە گشتی ئەمانەوێ، لەسەری موافیقین و پشتیوانی ئەکەین و دەس ئەگرین بە عەرشی مەلیکی خۆشەویستمانەوە.

ڕەئیسی عەشیرەتی بەیات، حارس. ڕەئیسی داودە، ڕەفعەت. (الجهاد، ع 266، 8 ی 8 ی 1930)

2. 4. 24. ملاحظیة المطبوعات

وەفدی وەزاری ڕۆژی 8 ی 8 ی 1930 گەیشتە کەرکوک، لە فرۆکەخانە پێشوازی کران. ئەشرافی لیوا و وجەها و زوعەما سەعات دەی بەیانی بانگ کران بۆ دیوانی موتەسەریفیەت. بەیانەکە خوێندرایەوە و رستە بە رستەی کرا بە کوردی. وەفدەکە رو ئەکاتە سلێمانی. ئەهالی بە ارتیاح و ابتهاجی تەواوەوە پێشوازیان کردن، زۆر بە گەرمی و دڵسۆزی بەسترانەوەی خۆیان بە عەرشی خاوەن شکۆوە دەربڕی.

(الجهاد، ع 227، 10 ی 8 ی 1930)

2. 4. 25. زیارەتی هەولێر

ڕۆژی شەممە 9 ی 8 ی 1930 لە کەرکوکەوە تەشریفیان بردە هەولێر. لەوێش لە سەعات دەی ئینگلیزی دا لەسەرا لە مەقامی موتەسەریفیدا ئەشراف و ڕوئەسای عەشائیرەکان کۆبونەوە. لە دوای کۆبونەوە ڕەئیس ئەلوزەرا ئەو بەیاناتەی کە لە کەرکوکیش خوێندبویەوە بەیان و خوێندیەوە و فەخامەتی مەندوبی سامیش هەڵسا و نوتقێکی خوێندەوە و بەیاناتەکەی ڕەئیس ئەلوزەرای تەئید کردەوە.

لە دوی ئەمانە جەنابی ئەحمەد ئەفەندی ئەعیان و وەتەنپەروەری غەیوری کورد هەڵسا، فەرموی: لە پێش ئەمەدا قسە بکەین، ئیجاب ئەکات ڕوئەسای عەشائیر فکری خۆیان بەیان بکەن، چونکە ئەوانیش مەضبەطەیان تەقدیم کردوە.

مەندوبی سامی فەرموی: باشە.

لەسەر ئەوە روئەساکان گوتیان بە عومومی جەنابی خضر بەگی ئەحمەد پاشا لە روئەسای دزەییمان کردوە بە وەکیل. موما ئیلەیهی هەڵسا گوتی: ئێمە هەمو عەشائیر موتەفیقەن تەئیدی مەتالیبی ئەهالی سلێمانی ئەکەین. ئێمە لەگەڵ سلێمانیدا ئەژین و ئەمرین!. یەکێتین. ئیستیرحام ئەکەین ئەم سێ لیوایە کەرکوک، سلێمانی، هەولێر نابێ لەیەک جیا بکرێنەوە. هەرچی بە سلێمانی بدرێ ئەبێ ئێمەش ئیستیفادەی لێ بکەین.

لە دوای ئەمە جەنابی ئەعیان ئەحمەد بەگ هەڵسا فەرموی: "ئێمە کوردین و حقوقی خۆمان ئەوێ. بەندە چەند ساڵە لە خدمەتی حکومەتام و تێگەیشتوم کە کورد بە عومومی لەسەر حقوقی خۆی ئیصرار ئەکات و ئەم حەقە بە قەراری عیصبەتول ئومەم دامەزراوە پێویستە بماندرێتێ" وە لەسەر ئیعتیراض و تەئثیری جەعفەر پاشا خیتابەن بە جەعفەر پاشا گوتی: "پاشا تۆ بۆ عەرەبەکان دو پەنجەت دانا ئێمەش حەقی خۆمانە لە رێی ئەم حەقە میللیەماندا رۆحی خۆمان فیدا کەین. کەس حەقی عیتابی نیەو قەراری عیصبەتول ئومەم ئەوەیە: لوغەتی کوردی رەسمیی بێ. ئێمە بۆ ئەم حەقە موصیرڕین".

وە لە پاش ئەم گفتوگۆیانە ئیسماعیل بەگی رەواندوزی هەڵسا گوتی: "پاشا ئێمە لەم قسە بروپوچانە تێر بوین. بەحسی موستەقبەل ئەکەین. موستەقبەل هەم دە سبحەینێ هەم دە ساڵی تر وەتا ئاخری هەر موستەقبەلە ئێمە حالەن تەتبیقی قەراری عیصبەتول ئومەممان ئەوێ. وە فەورەن ئەبێ لیوای دهۆک تەشکیل بکرێ، میللەت بە ئارەزویەکی قەطعی ئەم تەلەبە ئەکات".

لە پاشا مەعروف بەگ جیاوک هەڵسا گوتی: "وا ئەزانی جەنابی فەخامەتمەئاب وەکیلی موعتەمیدی سامی موساعەدە ئەفەرموێ دو قسە بکەم. بەندە عەرزێک و سوئالێکم هەیە: ئەو بەیانەی جەعفەر پاشا خوێندیەوە دو شتی تێگەیشتم 1-تەلەبی وەحدەتی عیراقی- کوردو عەرەب. 2- عەدەم ئیمکانی تەئیدی حقوقی کوردان بە مادەیەکی خاص لە موعاهەدە. (لە پێش جوابدانما جەنابی مەندوبی سامی فەرموی: بەعزێ مەحافیل وا ظەن ئەکەن کە ئێمە تەشویقی بەعزێ کەس ئەکەین و ئەگەر کەسێکی وا بێ و بێتە دارەل ئیعتیماد و لە دواییدا لە خۆیەوە قسەیەکی وای کرد بێ. رەدی ئەکەینەوە. ئێمە لەگەڵ حکومەتی عیراق یەکین). بەندە لەسەر ئەم فەرمودەیەی ئەڵێم ئەبێ فەخامەت پەناه و جەعفەر پاشا چاک بزانن بەندە کوردم. هەمو کوردێکیش وەکو من تابیعی هیچ تەئثیرێ نیە. میللەتی کورد بە سائیقی ویجدانی قسەو ئیددیعای حقوقی ئەکات. بەڵێ زۆر دەفعە بەعزێ کەس و بەعزێ لە گەورەکان کە ئێستا لە مەواقیعی گەورەدان. تەئەددوب ئەکەم لەم مەجلیسەدا ناویان بێنم روبەرو بە منیان ئەگوت ئێوە بە پەنجەی ئەجنەبی ئەم تەلەبە ئەکەن".

مەندوبی سامی پرسی: "ئەجنەبی کێیە؟".

"ئەجنەبی یەعنی ئێوە: ئینگلیز! وە دەلیلم ئەوەیە کە پار ساڵ ئەم جەمال بابانە کە دانیشتوە و کە وەزیرە بە مەضبەطە داوای حقوقی میللی کردبو دیسان بەم تەرحە ئیتیهامیان ئەکرد. بێینەوە سەر حقوقمان. جەنابی فەخامەتمەئاب وەکیلی مەندوبی سامی چاک ئەیزانێ کە حکومەتی بەریطانیا بە شەرەفی خۆی تەعەهودی کرد بو کە موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم تەتبیق بکات ئێستا هەمو کوردێک مونتەظیرو ئەمینە کە حکومەتی بەریطانیا تەعەهودی خۆی دێنێتە جێ. زۆر ئارەزو ئەکرا کە جەعفەر پاشا لەباتی ئەو کاغەزەی لە جانتاکەی دەری ئەهێنێ، موقەرەراتی عیصبەتول ئومەمی لەگەڵ خۆی بهێنایە و عەلەنەن بیخوێندایەوە کە هەمو کەس تێی بگەیشتایە. مەعە مافیهی بەندە بە ئەزەرێکی حقوقی خوێندومەتەوە. جەمال بابان و جەعفەر پاشایش چاک ئەیزانن کە من حقوقیم (لەسەر ئەمە جەعفەر پاشا و مەندوبی سامی و موفەتیشی ئیداری دەستیان کرد بە سرکە سرک و موفەتیشی ئیداری چوە دەرەوە) موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم چیە؟

1. ئەبێ مەئمورەکانی کوردستان لە عونصوری کوردی بن.
2. لوغەتی کوردی رەسمی بێ".

لەم ئەثنایەدا موفەتیشی ئیداری گەرایەوە و لەناو فایلێکیا موقەرەراتی عیصبەتول ئومەمی تەسلیمی مەندوبی سامی کرد. ئەویش فەرموی ئەمە موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم.

مولاحەظە: لەپێش ئەمەدا جەعفەر پاشا موصیرڕەن ئەیگوت ئالێ مەئمورەکانی کورد لە عونصوری کورد بن. ئەڵێ هەر کوردی بزانن.

مەندوبی سامی خوێندیەوە و تەرجومە کرا و مەعلوم بو کە مادەکە ئەڵێ مەئمورەکان لە عونصوری کورد بن.

لەسەر ئەوە ئەحمەد ئەفەندی هەڵسا فەرموی: "ئەمە تەئویل و تەفسیر قوبوڵ ناکات. چونکە صەریحەو مەعلومە".

لەو وەقتەدا جەعفەر پاشا ئەختێک شڵەژا و مەوزوعیان گۆڕی. فەقەت جیاوک دەوامی کرد گوتی بە مەندوبی سامی: "وا ئەزانم فەقەرەی ئەخیری قەراری عیصبەتول ئومەم ئەڵێ: [ئەگەر تەبدیلێک لە حکومەتی عیراقا بو بێ حوکمێکی زاتی بە گوێرەی رەغانیبیان بدرێ بە کوردەکان].

مەندوبی سامی فەرموی: "ئوێنێ ئەم قسەیەم لە کەرکوکیش بیست. مادەیەکی وا نیە".

جیاوک جوابی دایەوە: "لە نیهایەتی لائیحەی هەیئەتی عیصبەتول ئومەم لە سەتری ئەخیریا ئەم مادەیە مەوجودە. بەندە تەدقیقم کردوە و مەنزوری عالیشت بوە".

مەندوبی سامی: "بەڵێ! ئەم لائیحەیە لە تەرەف عیصبەتول ئومەمەوە تەصدیق کراوە و بڵاوکراوەتەوە، شکڵی قەراری وەرگرتوە".

لە دوای ئەمانە جیاوک هاتەوە سەر ئەصڵی مەوزوع گوتی: "وەکو عەرزم کردن بەیاناتەکەی جەعفەر پاشا دو شتی تیایە: 1- ئیتیحادی کورد و عەرەب. جەعفەر پاشا چاکی ئەزانێ ئێمە لەگەڵ عەرەبدا مومکین نیە بە صورەتی تەوحید- جیاوک پەنجەکانی خستە ناو یەکتر و گوتی بەم صورەتە - بژین. فەقەت بە صورەتێکی- ئەمجارە پەنجەکانی جوت کرد گوتی- قابیلە بەم ئەوعە وەکو ئاوستریا و مەجەرستان بژین. هەمو کەسێک ئەمەی ئیدراک کردوە میللەت لە حاڵی ئینتیباه دایە. لەپاش ئەمە جەریدەکانی بەغداد هاوار ئەکەن ئێمە عەرەبین و حکومەتمان عەرەبە، ئەبێ کوردەکان وەکو ئەرمەنیەکان لێ بکەین. ئیتر مومکین نیە پێکەوە بژین".

لەسەر ئەمە جەعفەر پاشا بە تەهەورەوە گوتی: "من قسەت ناهمی و حەقت نیە ناوی عەرەب بێنی!".

جیاوک: "پاشا من قسەم لە مەندوبی سامی سەندوە. بەندەیش بە قەدەر تۆ عەرەبەکان تەقدیس ئەکەم. فەقەت کوردم و کورد حەقی خۆی ئەوێ. وا دیارە ئەم جەرانیدانە بە رەزای حکومەت ئەنوسن وە ئیللا ئەبوایە تەعتیل بکرانایە. بێینەوە سەر مادەی دوەم. تەناقوزێکی زاهیریی لەو قسەیەی جەعفەر پاشادا هەیە. چونکە لە جێهەتێکەوە ئەڵێ بۆ ئەم حقوقە موغایری ئوصولە. مادەیەک داخڵی موعاهەدەکە بکرێ. بەندە ئەڵێم بە ئەزەرێکی حقوقی مومکینە مادەیەک داخڵی معاهەدەکە بکرێت کە ئەو مادەیە بە قانونێکی خاص حقوقی کوردەکان تەئمین بکات. لەمەدا مانیع چیە؟ خولاصە هەمو کوردێک مونتەزیری تەتبیقی موقەرەراتی عیصبەتول ئومەمە".

بەم ئەوعە خیتامی بەیاناتی جیاوک هات. حازرون بە عومومی بێ ئیستیسنا، فەرمودەی جیاوکیان تەئید کردەوە و مەجلیسەکە دوایی هات و بڵاوبونەوە.

(ژیان، ژ 257، 14 ی 8 ی 1930)

2. 4. 26. زینەلعابدین مەحمود، خەڵکی هەولێر

هەندێ کەس لایان وایە ئەهالیی هەولێر داوای مەسەلەی کورد ناکەن. بەڵام راستیەکەی ئەوەیە خۆیان بە بەشێ لە مەسەلەی کورد دانانێن. چونکە دڵنیان لە ئەنجامی ئەم جوڵانەوەیەی کارەساتی بەدوادا دێ و نموونەیەکە بۆ قسە بە ناوبانگەکەی: "فرق تسد". (الجهاد، ع 266، 8 ی 8 ی 1930)

2. 4. 27. تەشریف هێنانی فەخامەتی مەندوبی سامی و رەئیسەلوزەرای عیراق

موافیقی تەلغرافێ کە رەسمەن بۆ مەقامی موتەسەریفی هاتوە، رۆژی 9 ی 8 ی 1930 کە تەصادوفی ئەم شەممەیە ئەکات، فەخامەتی مەندوبی سامی و رەئیسەل وزەرای عیراق تەشریف ئەهێننە سلێمانی.

ژیان، ژ256، 7ی ئاغستۆسی 1930

2. 4. 28. بەیاننامە

ئەی میللەتی کورد!

بە دیقەتەوە گوێ بگرن، ویجدانی میللی، رۆحی پێشینان و پاشینان خیتابتان ئەگاتێ. داوای تێکۆشین و تێهەڵچونتان لێ ئەکات.

ئەی کورد!

لە عەصری میللەت و ئازادیەدا، لەم عەصری نورو سەربەستیەدا تەنها هەر کوردی بێ چارە ئەلیل و بێ بەش ماوەتەوە، وەتەنی کورد وەک ماڵی منالی نابالغ بەسەر بێگانەدا دابەش کراوە.

مەعلومی هاوخوێنە خۆشەویستەکانمانە لەم چەندانەدا موعاهەدەیەک لە بەینی حکومەتی بەریطانیا و عیراق دا بەستراوە. هەرچەندە موافیقی موقەرەراتی عیصبەتول ئومەم و سائیری وەعودی بەینەلدوەلی ئەبوایە مەسئەلەی کوردستان بخرایەتە ئەوەل بەندی ئەم موعاهەدەیە. فەقەت بە کەماڵی تەئەسسوف و تەعەجوبەوە ئەبینین کە ئەمە هاتوە کە لەو حاڵەدا لازمە عیصبەتول ئومەم لە خسوس کوردەکانەوە، حەرفییەن تەتبیق بکرێ.

بینائەن عەلەیهی ئێمە بە پشتیوانی ئێوە هەتا ئێستا بە وەسائیلی موختەلیفە بۆ موحافەزەی حقوقی کورد لە جوهد و موراجەعەت غافڵ نەبوین. هەتا ئاخر نەفەس دەوام ئەکەین. هەدەف و غایەی تەشکیلی حکومەتێکی کوردیە لەژێر نەظارەتی عیصبەتول ئومەم دا. بۆ مەشروعیەتی ئەم تەلەبە، دو دەلیلی غەیرە قابیلی رەدمان بە دەستەوەیە:

1. قەراری عیصبەتول ئومەم صەراحەتەن ئەڵێ: وەقتێ کە ئینتیداب نیهایەتی هات، ئەبێ بۆ کوردەکان موافیقی رەغائیبی خۆیان حکومەتێکیان بۆ تەشکیل بکرێ.

2. بەیانێکی رەسمیی موشتەرەک کە لە رۆژی 24 ی کانون ئەوەلی 1922 دا لە تەرەف حکومەتی بەریطانیا و عیراقەوە نەشر کراوە، ئەم بەیانە بەر وەجهی ئاتیە:

حکومەتی صاحیب جەلالەتی بەریطانیا و حکومەتی عیراق ئیعتیراف ئەکەن بە حقوقی ئەو کوردانەی لە داخلی حدودی عیراقا ساکنن. بۆ تەشکیلی حکومەتێکی کوردییە لە داخلی ئەو حدودەدا و حکومەتی بەریطانیا و عیراق ئومێدیان هەیە کە عەناصیری موختەلیفەی کورد لە بەینی خۆیانا رێ ئەکەون بۆ خسوس حدود و شکڵی ئەو حکومەتە کوردییە. بۆ ناردنی موفاویضێنی مەسئول بۆ بەغداد کە موزاکەرە بکەن لەبابەت موناسەباتی ئیقتیصادیە و سیاسیەیانەوە لەگەڵ حکومەتی ئینگلتەرەو عیراق دا.

ئەی میللەتی نەجیب!

پاش ئەم تەفصیلاتە ئیخبارتان ئەکەین کە ڕۆژی یەکشەممە 10 ی ئاغوستوسی 1930 مەندوبی سامی و ڕەئیسەل وزەرای عیراق، بۆ موزاکەرە کردنی ئەم مەسئەلەیە دێن بۆ سلێمانی. قەناعەتی تاممان هەیە کە هەمو کوردەواری یەک دڵو یەک زبان، لە تەلەب کردنی ئەم حەقە مەشروعەدا پشتیوانمانن.

ئەی کورد!

تاریخ لاپەڕەکانی کردۆتەوە حەرەکاتمان تەسجیل ئەکات. موحافەزەی شەرەفی ڕابوردو و ناموسی ئایندەمان بە دەست نەسلی حازرەیەوە. ئێوەش خۆتان و غیرەتتان.

عەزمی بابان. عەبدولقادر حەفیدزادە. حەمە ئاغا عەبدورەحمان ئاغا. عیززەت عوسمان پاشا. حەمە صالح محەممەد عەلی بەگ. شێخ محەممەد گوڵانی. عەبدورەحمان ئەحمەد پاشا. فائیق بابان. تۆفیق قەزاز. ڕەمزی حاجی فەتاح.

2. 4. 29. سەردانی وەفدی وەزاری بۆ سلێمانی

لە دوای تەواو بونی موناقەشە و موجاهەدەی هەولێر. فەخامەتی مەندوب و ڕەئیسەل وزەراو هەیئەتەکە ڕوەو سلێمانی تەشریفیان هێنا. 10 ی 8 ی 1930 لە سەعات 3 ی کوردیدا کە میعادی هاتنیان بو. عمومی ڕونەسای دەوائیر و مەئموران و عولەما و سادات و ئەشراف و ڕونەسای عەشائیر کە بیلعموم لە سلێمانیدا حازر بون. چون بە پیریەوە. لە جادەی دەباخانە لەو ڕەشماڵانەدا کە بەلەدیە هەڵیدابو دانیشتن. غەیری ئەمانیش تاقمێک عەسکەری جەیش دور لە ئەهالیەکەوە وەستا بون. کەششافەی مەکتەب. قوتابی مەکتەبەکان. بیلعموم ئەهالی شار هەمو طەبەقەیەکی حازر بو بو. دوکان و بازاڕ چۆڵ کرا و قیسمی ژنانیش لە دەباخانەوە هەتا قاپی سەرای حکومەت کۆمەڵ کۆمەڵ وەستا بون. فەخامەتی مەندوبی سامی و هەیئەتەکە لە سەعات دوی عەرەبیدا مواصەلەتی چەمچەماڵ ئەکەن و لەوێش هەمو ئەهالی و ڕونەسای عەشیرەتی هەمەوەند لەسەر جادە وەستا بون. کە تەشریفیان گەیشتە ئەوێ. هەمو بە دەنگی بەرز هاواریان کرد و داوای حقوقی کوردایەتیان کرد بو. لە دوای 30 دەقیقە ئیسراحەت لە چەمچەماڵەوە حەرەکەتیان کرد. زاتەن سەعادەتی موتەسەڕیف و موفەتیشی پۆلیس و مودیری پۆلیس بە ئۆتۆمۆبیل لە بەیانیەوە بەرەو پیریان ڕۆیشت بون. لە سەعات چوارونیوی کوردیدا گەیشتنە سەرجادەی دەباخانە. لە دوای ئەوەی لەلایەنی عەسکەرەکەوە بە سەلام بەخێرهاتنیان کرا. هاتە بەردەمی ئەو عەشاماتە زۆرەوە کە بێ حەددو حساب ڕاوەستا بون. کە لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزین بە کەرەتی دەست کرا بە چەپڵەڕیزان و هەر بژی کورد و کوردستان و بە کەرەتێک هاوار ئەکرا کە بە قەطعی تەشکیلی حکومەتی کوردیمان ئەوێ. لەو وەقتەدا قوتابیەکی مەکتەب بە جلی کەششافەوە هاتە بەردەمیان و خیتاب بە مەندوبی سامی نوتقێکی ئینگلیزی خوێندەوە کە لە خوارەوە دەرج کرا و نوقتەکە بە چەپڵە لێدان و هەر بژی حکومەتی بەریطانیاو کوردستان و هەر بژی فەخامەتی مەندوبی سامی موقابەلە کرا. لە دوای ئەمانە بە ئۆتۆمۆبیل هاتنە ناو شارەوە. لە ڕێگا لە هەمو نوقتەیەک دا. ژنەکان لە کۆڵان و سەربانەوە هاواریان ئەکرد: هەر بژی کورد و کوردستان و حکومەتی کوردیمان ئەوێ.

وەکیلی فەخامەتی مەندوبی سامی تەشریفی بردە ماڵی موفەتیشی ئیداری و وەکیلی ڕەئیسەل وزەرا و وەزیری داخلیە لە ماڵی موتەسەڕیف و. وەزیری عەدلیە لە ماڵی بابان عەزمی بەگ میوان بون.

ئەو قەڵەبالغیە هەتاکو ئێواری لەبەر دەرکی سەرا و جادەکاندا مایەوە و. موتەمادی هاواریان ئەکرد: حقوقی موقەددەسی خۆمان ئەوێ. ئەو ڕۆژە وا دەوامی کرد. هەر شەو تەرتیبات کرا بۆ موزاکەرە. تەذکەرە نوسرا بە شوێن ئەشراف و ڕونەسای عەشائیردا. سبەینێ سەعات دوی کوردی هەمو لایەک لە مەقامی

موتەسەڕیف دا کۆبونەوە. دیسان بازاڕ داخرا و ئەهالی روی کردە بەردەمی سەرای حکومەتی. تەلەبەی مەکتەب و هەمو ئەهالی لە حاڵێکی مونتەظەم دا وەستا بون کە فەخامەتی مەندوبی سامی و هەیئەتەکە تەشریفیان هێنایە سەرا لە بەردەمی تەلخانەدا بە کەرەتێک چونە بەردەمی ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە و بە کەرەتێ هاواریان ئەکرد: حقوقی میللیەمان ئەوێ و ئەبێ حکومەتی فەخیمەی بەریطانیا بۆمان تەئمین بکات.

حاصڵی بەم نەوعە داخڵی سەرا بون و چونە مەقامی موتەسەڕیفی و لەوێدا هەمو لایەک کۆبونەوە. ئەوەڵ جار لە تەرەف رەئیسەل وزەراوە ئەو بەیانەی کە لە پێشا لە جەریدەکانا نەشر کرابو خوێنرایەوە. لە دوای ئەو فەخامەتی مەندوبی سامیش هەڵسا ئەو بەیانەی کە لە کەرکوک و هەولێر دابویان. عەینەن خوێندیەوە.

لە خیتامی ئەمانەدا. جەنابی حەمە ئاغای عەبدورەحمان ئاغا هەڵسا و فەرموی: "جەماعەتی حازرە کە تەمسیلی هەمو ئەشراف. سادات. عولەما. عەشائیری لیوای سلێمانی و قسمێک لە لیوای کەرکوک ئەکات. بە عمومی رەمزی ئەفەندییان تەوکیل کردوە کە جوابی بەیاناتی فەخامەتی مەندوبی سامی و رەئیسەل وزەرا بداتەوە و تەلەبی حقوقی میللیەمان بکات".

لەدوای ئەمە رەمزی ئەفەندی هەڵسا و گوتی:

"فەخامەتمەئاب!

بەناوی عمومی رۆئەسای عەشائیر و ئەشرافی کوردەوە عەرزی بەخێرهاتنتان ئەکەم. میللەتی کورد تەشریف هێنانتان بۆ حەیاتی حورڕیەت و موستەقبەلەی خۆیان بە فەئلێکی خێر عەدد ئەکات. بەیاناتی رەئسەل وزەرا و مەندوبی سامی کوللیەن موخالیفی موقەڕەراتی عیصبەتول ئومەم و ئیعترافاتی فەخیمەی بەریطانیا و عیراقە. لە پێش هەمو شتێک دا ئەبێ اطاعەی حقوقی موقەددەسە و ئیستیقلالی کوردان ببێ بە سەبەبی ئیتیحادی عونصوری کورد و عەرەب.

لای فەخامەتمەئابتان مەعلومە کە کوردەکانی کوردستانی جنوبی لە ئەثنای حەربی عمومیەوە تا ئەمڕۆ. بۆ تەئمینتی حورڕیەت و ئیستیقلالی خۆیان لە سەعی دوانەکەوتون و بۆ ئەم غایە موقەددەسە دائیمەن ئیلتیجایان بە موعاوەنەتی موشفیقەی حکومەتی فەخیمەی ئینگلیز کردوە. مەعەل ئەسەف تا ئەمڕۆ نائیلی ئامالیان نەبون گەرچی لەم خسوسەوە گەلێ مەواعیدیشیان دراو. بە عیصبەتول ئومەمەمیش ئەم مەواعیدانە تەئید کرا. لاکین تا ئەمڕۆ هیچیان بۆ تەتبیق نەکرا.

مەعلەمی فەخامەتتانە ئەوەڵ موعاهەدەی حکومەتی عیراق و ئینگلیز لە تاریخی 10 ی تشرینی ئەوەلی 1922 دا تەصدیق کراوە. لەپاش 74 رۆژ لە تاریخی 24 ی کانونی ئەوەلی 1922 بۆ تەشکیلی حکومەتی کوردیە لە بەینی حکومەتی فەخیمەی بەریطانیا و عیراق دا. ئەم بەیانە نەشر و ئیعلان کرا بو. مادامێکە ئەصڵ عیصبەتول ئومەم ئینتیدابی عیراقی داوە بە ئینگلیز و لە قەراری ئەم ئینتیدابەدا گوتویەتی هەچ وەقتێک عیراق صالح بێ ئیستیقلالی ئەدرێتێ. لەهەمان کاتیش دا پێویستە حکومەتێکیش بۆ کوردەکان تەشکیل بکرێ. حقوقەن وا لازم بو کە لە پێش تەنظیمی موعاهەدەی تازەی ئینگلیز و عیراق دا کە تەئیدی قەراری عیصبەتول ئومەم و ئیستیقلالی حکومەتی عیراق ئەکات. حکومەتێکیش بۆ کورد بە صەراحەت بخرایە مەتنی ئەم موعاهەدە تازەیەوە. لەمەش دا ضەربە لە حکومەتی کوردەکان درا.

لای فەخامەتتان مەعلومە کە حکومەتی عیراق کوردەکانی بە قوەتی تۆپ و تفەنگ ئیستیلا نەکردوە. لە عەقەبی موتارەکەدا کوردەکان بەو شەرطە خۆیان خستە حەلقەی رابیطەی ئینگلیز کە حکومەتێکی کوردییەی موستەقیلمان بۆ تەشکیل بکرێو لەسەر ئەمە ئیتیفاق واقیع بوە کەوا لازمە چۆن عەرەبەکان لە قەراری عیصبەتول ئومەم موستەفید کراون. کوردەکانیش موستەفید بکرێن کە تەلەبی هەمو کوردەکان: تەشکیلی حکومەتێکی کوردییە لەژێر ئینتیدابی حکومەتی فەخیمەدا".

رەئیسەل وزەرا: "من لەو بەیاناتە زیاتر کە لە پێشا بـۆم خوێنننـەوە، صـەلاحیەتم نیـە بـە صـورەتی رەسمیی گفتوگۆیەک بکەم. وا فەخامەتی مەندوب قسەتان لەگەڵ ئەکات".

لەسەر ئەمە فەخامەتی مەندوبی سامی هەڵسا و ئەم بەیانەی دا:

"لە خوتبەی رەمزی ئەفەندیدا دو نوقتەی موهیم هەیە:

1. بەیانی 1922 و.

2. موقەڕەراتی عیصبەتول ئومەم.

بەیانی 1922 هەروەک رەئیس وزەرا وتی وەختی خۆی لەلایەن حکومـەتی بـەریطانیا جـواب دراوە، لەم کاتەدا حەز ناکەم لەسەر ئەم مەوزوعە موناقەشە بکەم. دوەم، موقەڕەراتی عیصـبەتول ئومـەم. بـەلای منـەوە تەوصیاتی عیصبەتول ئومەم تەتبیق کراوە و من موتەئەسیفم ئەگەر ئەم تەوصیاتە شکێنرابێ. فەقەت تەقـدیری تەنفیذ و عەدەم تەنفیذی ئەم موقەڕەراتە بە دەست عیصبەتول ئومەم خۆیەتی. حکومـەتی بـەریطانیا و عیـراق هەردولا هەوڵ ئەدەن بۆ تەنفیذی موقەڕەراتی عیصبەتول ئومەم. عیصبەتول ئومەم ئەگەر بینـی موقەڕەراتەکـەی تەتبیق نەکراوە موداخەلە ئەکات". وە گـوتی: "بـەعزێ کـەس موراجەعـەتیان کـردوە بـە عیصـبەتول ئومـەم و جوابیان وەرگرتۆتەوە کە بە تەوەسوطی حکومەتی مونتەدەبـەوە ئـەبێ موراجەعـەت بکـرێ، ئێسـتاکە عـەینی موراجەعەت بە من کراوە. من لەم خسوسەوە موفەصەلەن لەگەڵ حکومەتی عیراق دا موزاکەرە ئەکەم. لەم قسانە کەس وا تێ نەگات کە مەقسەدی من مانیع هێنانە پێشە بۆ موراجـەعاتی خـەڵقی. هـەمو کـەس سەربەسـتە لـە موراجەعەت کردن. فەقەت لازمە مەتالیب و تەصریح بە تەفصـیل بـەیان بکـرێ. تەشـکیلی حکومـەتێک لێـرەدا موشیکلە... ئایا قابیلە کوردستان ئەم حکومەتە بتوانێ رابگـرێ؟ ئـەمـەوێ بـزانم رەمـزی ئەفەنـدی تەمسـیلی سائیری کوردستان ئەکات یا هەر سلێمانی؟".

رەمزی ئەفەندی: "مەزبەتەی هەولێر مەعلومتانە. زاتەن لەوێ بە خۆشتانیان وتـوە کـە رەئیمـان لەگەڵ خەڵقی سلێمانیە. قیسمێک لە عەشائیری کەرکوک وا لەم مەجلیسەدا حازرن. ئەوانیش هەر لەگەڵ ئێمەدان و مەضـبەطەی عومـومی عەشـائیری کـەرکوک تەقـدیم ئـەکـەم و مومـەثیلی هـەولێریش لێـرەدا حازرە".

مەندوب: "چوینە هەولێر و کەرکوک. لەوێش مومەثیلی کوردان کۆبونەوە عەینی موناقەشە کـرا. فەقـەت کەس ئیظهاری جیابونەوەی نەکرد، تەنیا سلێمانی تەلەبی ئیفتیراق ئەکات".

رەمزی ئەفەندی جوابەکەی سەرەوەی تیکرار کردەوە و، وتی: "ئەم دو لیوایە لەژێر تەضییق و تـەئثیرا بون. لەبەرئەوە حسیاتی حەقیقیەی خۆیان ئیظهار نەکردوە. ئەمر بفەرمو بێنە ئێرە ئەوسا مەعلومتان ئەبێ کـە ئەمە تەئکید ئەکەمەوە و، کوردستان هەموی لەهەمان فیکردایە و یەک هەدەف تەعقیب ئەکات کـە سـەربەخۆیی کوردستانە".

مەندوبی سامی: "کەوا بو لازمە هەمو لایەک مەتالیبی خۆیان بە صەراحەت و بە تەفصیل بۆ عیصبەتول ئومەم بەیان بکەن. کوردەکان چ جۆرە حکومەتێکیان ئەوێ، مەلەکی یا جمهـوری؟ پارلـەمان، رەئیسـی وزەرا و مەجلیسی وزەرایان ئەبێ یا نە؟ ئایا فیکریان بەرامبەر بە مـەلیک فەیسـەڵ گۆڕیـوە یـان نـە؟ ئایـا ئەیانـەوێ هـەرجۆرە... حکومـەتی و گـومرگ و مـەکوس، ئیشـغالی عامـە، پـۆلیس، صـیحە و عەسـکەریان ببێـت؟ ئایـا موناسەبات و عەلائیقی حکومەتەکە وا تەشکیل ئەکرێت چی ئەبێ لەگەڵ بەریطانیا؟".

رەمزی ئەفەندی، خیتاب بە مەندوبی سامی گوتی: "فەخامەتتان فەرموتان کە بـەیانی 1922 رابـورد و کۆنە. حەق کۆن ئەبێ نامرێ. ئەم بەیانە کافیلی حقوقی موقەددەسـەی ئیسـتیقلالی قەومێکـە تەلـەبی تـەتبیقی ئەکەین". بەسە، بەسە، بەسە!

حەمە ئاغا: "ئێمە کوردین و، کوردستان عیبارەت نیە هەر لە سلێمانی. لە زاخۆوە هەتا خانەقین کوردەوارێتیە و نامانەوێ لەگەڵ عیراق دا بژین. حکومەتێکی موستەقیللەی کوردیمان ئەوێ لەژێر ئینتیداب دا. ئەگەر ئینگلیزیش نامانداتێ، موراجەعەت بە عیصبەتول ئومەم ئەکەین".

خیتاب بە رەئیس وزەرا: فەخامەتتان زۆر چاک ئەیزانن کە حیسسیاتی میللیە بە نەوعێک چۆتە مێشکی عونصوری عەرەب و کوردەوە کە هیچ هێزێک نیە مەحوی بکاتەوە. بینائەن عەلەیهی ئیمکانی ژیانێکی موتەحید نیە لە نێوان عەرەب و کوردا، هیچیان ئیستیفادە لە یەکتر ناکەن. بۆ هەردولا وا چاکە کوردستانێک لەژێر ئینتیدابی عیصبەتول ئومەم بێ، چونکە ئەم ئینتیدابە بە نەوعێ عەرەبەکان ئیستیفادەیان لێ کرد کە لە ماوەی 10 ساڵدا ئەوەتا ئیستیغنا لە حکومەتی ئینگلتەرە ئەکەن".

خیتاب بە مەندوبی سامی: "ئەم دەنگی کوردایەتیە تەنها، وەکو جەنابتان ئەفەرمون، مەخسوسی دۆڵی سلێمانی نیە. هەولێر و کەرکوک لەژێر تەضیقی مەئمورینی عەرەبدان. ئەگەر بانگ بکرێنە ئێرە مەعلوم ئەبێ کە هەمو غایە یەکێکە".

رەئیس وزەرا: "تەشەکوری بەیانەکەتان ئەکەم. زۆر مەسرورم کە لە قیطعەیەکی عیراق دا ئەهالی لەسەر غایەیەکی وا ئیتیحادی کردوە. لە خسوسی بەیانی 1922 ەوە ئەمەوێ بە صورەتی خسوسیەوە قسە بکەم، چونکە ئەوێ صەلاحیەتدار بم بڵێم عیبارەتە لەو بەیانەی کە لە پێشەوە عەرزم کردن. وەکو رەمزی ئەفەندی ئەڵێ موعاهەدەی عیراق و ئینگلیز هەرچەندە لە 1922 دا عەقد کراوە، فەقەت لە 1924 دا لە تەرەف مەجلیسی تەئسیسیەوە تەصدیق و حەقی قانونیی کەسب کردوە و لەو مەجلیسەدا مومەثیلینی کوردیش هەبو. زۆر چاک لەبیرتانە لەژێر ریاسەتی و ئەمارەتی شێخ مەحمودا ئیدارەیەکتان بۆ دامەزرا بو. لە پاشا ئەهالی کەوتە تەظەلوم و شکایەت لە شێخ مەحمود کە ئیستاش دڵی پێتان ئەسوتێ کە حکومەت مەجبور بو بە ناردنی ئۆردو. لە پاش 3 ساڵ حەرەکاتی عەسکەریە ئەوسا وەضعیەتی بۆ چاک کرا. ئەم بەیاناتەم بە صورەتی خسوسیە بۆ تەنویری ئێوەیە".

شێخ قادر: "شێخ مەحمود فەردێکی ئەم میللەتەیە. میللەتی کورد ئەبەن عەن جەد حورمەتی شێخ مەحمود و ساداتیان گرتوە. زوڵمی شێخ مەحمود بەقەدەر زوڵمی عیراق تەئثیری نەکردۆتە سەر ئێمە. رەئیس وزەرا طورێز ئەکات. ئێمە میللەتێکی سەربەخۆین لەژێر ئینتیداب دا، حکومەتێکی کوردیمان ئەوێ وەگەر ناژین".

رەمزی: "ئەم حەقە بە میللەتی کورد دراوە. ئەگەر شێخ مەحمود خەطای کردبێ، دیسانەوە میللەت قەباحەتی نیە. مەعلومی فەخامەتتانە خەطای کەسێک حقوقی میللەتێکی وا مەحو ناکاتەوە. شێخ مەحمود لەلایەن دوژمنانی کوردەوە ئیغفال کرا بو. مەسئەلەی شێخ مەحمود تەئثیری نەبو بۆ ئیمحای میللەتمان، بەڵام ئێوە ئەتانەوێ بە کەرەتێک بمانکەن بە عەرەب".

عیززەت بەگ: "میللەتی کورد تەنها عیبارەت نیە لە سلێمانی؛ لە زاخۆوە تا خانەقین هەمو داوای ئەم حەقە ئەکات و هیچ کوردێک کەرەتێکی تر لەگەڵ عیراقا ناژی. بۆ ئیحقاقی حەقمان موراجەعەت بە حکومەتی مونتەدەبە ئەکەین. ئەگەر ئەویش نەیپرسی، شکایەت ئەبەینە بەر عیصبەتول ئومەم. کورد حکومەتێکی موستەقیللەی ئەوێ لەژێر ئینتیدابدا. بە هەمو هێزمانەوە بۆ ئەم غایەیە سەعی ئەکەین. ئەمجارە سیلاح و تفەنگمان قەڵەم و موراجەعاتە".

رەئیس وزەرا: "لام وایە عونصوری کورد لە عیراق دا، لە عونصوری عەرەب مەحتەرەمتر و مورەفەهترە. هەرچی مەشەققەت و ئەذیەتە بەسەر عەرەبەکانەوەیە. حقوقی کورد مەحفوظە. یەکێ بڵێ مەئمورێکی عەرەب ظوڵمی لە کورد کردبێ؟".

مەجید ئەفەندی حاجی ڕەسول ئاغا: "بەڵێ کورد دائیمەن مەعروضی ظوڵمی عەرەبەکان بوە. پار کە لە بەینی عەرەبەکانی فەلەستین و سەهیۆنیەکان دا شەڕ بو، عەرەبی عیراق بە یەکجار کەوتنە تەعزیەوە. ئەنواعی موراجەعات و موظاهەراتیان کرد. کەچی ئێستا هاوخوێن و براکانمان لە کوردستانی شیمالی لەلایەن تورکەوە سەر ئەبڕرێن، غەزەتەکانی بەغدا بە ئاشکرا تەقدیری تورکەکان ئەکات و بەیانی شادمانی دەرئەکا و بە تۆپ و تفەنگ و مەترەلۆز تەهدیدی ئێمە ئەکات کە ئەڵێ لەگەڵ تورکا ئەتانپلیشێنینەوە و عەرەب هیچی لە تورک کەمتر نیە. عەلاوەی ئەمەش، لە ڕۆژی تەشەکولی حکومەتی عیراقەوە هەتاکو ئێستا موتەعەدید موعەللیمتان لە ئەوروپا، ئینگلتەرە، سوریە و جێگاکانی ترەوە تەرتیب کردوە و، هەمو ساڵێک کۆمەڵێکی زۆر قوتابی عەرەب کە بە ئیستیعداد و زیرەکی لە کوردەکان دونترن داخڵی بەعثەی عیلمییان ئەکەن، کەچی قوتابیە کوردەکان لەسەر مەصرەفی خۆیان ئەچن بۆ بەغداد و غوربەت ئەکێشن بۆ ئەوەی داخڵی بەعثە بکرێن. بەخۆرایی نومرەیان ئەشکێنن و دوایان ئەخەن. ئەمساڵ 50 قوتابی کورد کە دائیمەن لەپێش عەرەبەکانەوە بون هەر لەبەر ئەم سەبەبە دوایان خستن".

ڕەئیس وزەرا: "بۆچی ئێوە نازانن کە غەزەتەکانی بەغداد بەیانی و ئێواری چەند جنێو بە حکومەتی عیراق ئەدەن و چۆنمان تەنفید ئەکەن. کێ ئەڵێ غەزەتەکان بە تەشویقی حکومەت عەلەیهی کوردن؟ بۆچی مەعلوم نیە غەزەتە چۆن و بە چ واسیتەیەکەوە شت ئەنوسێ؟ قوتابی وەرەقەی ئیمتیحانیان مەوجودە و کەس ناتوانێ خیلافی ئەوە بکات. لام وایە قوتابیەک بێ ئیستیحقاق تەرفیع بکات، نە بۆ خۆی و نە بۆ موجتەمەعی موجیبی ئیستیفادە نابێ".

مەجید ئەفەندی:"بەڵێ غەزەتەکانی بەغداد کە لە عەلەیهی حکومەت مەقالەیەکیان نوسی، گورج دایئەخەن، بەڵام کە تەهدیدی کوردەکان بکات و لە عەلەیهی ئێمە بنوسن، تەشویقیان ئەکەن و پارەیان ئەدەنێ".

حەمە ئاغا:"هەمو ئەیزانین کە فەخامەتی ڕەئیس وزەرا شەخصێکی نیشتمانپەروەرە و بۆ غایەی وەتەنیە زۆر سەعی کردوە، بینائەن عەلەیهی، ئەبێ تەقدیری ئێمەش بکات و حەقمان بداتێ بۆ حەقێکی مەشروعی وەتەنی و میللی خۆمان تێ ئەکۆشین".

ڕەئیس وزەرا: "بەڵێ هەمو نەوعە حیسسیاتێکی وەتەنیە بە ئیحتیرامەوە قوبوڵ ئەکەم، فەقەت لەم مەسائیلانەدا ئێمە لازمە مەنطیقی و عەمەلی تێ فکرین. عەجەبا کوردستان وەکو ئەڵێن لە خانەقینەوە هەتا زاخۆ جیابێتەوە بەبێ عیراق ئەژێ؟ واریداتی کیفایەت ئەکات؟ بەرامبەر بە دراوسێکانی حدودی پێ موحافەزە ئەکرێ و، خاصەتەن لە نوقتەی تیجارەتەوە لە عیراق زیاتر بەندەرێکی هەیە؟ بۆ نوموری نافیعەی کوردستان هەتاکو ئێستا عیراق بە لەکها روپیەی صەرف کردوە".

ڕەمزی ئەفەندی: "یەک دەفعە عەرزمان کردن کورد و عەرەب قابیل نیە پێکەوە بژین. ئێمە ئارین و ئەوان سامین. ئێمە شاخین و ئەوان دەشتەکین-حەتتا خاکی کوردستان بەرین بۆ عەرەبستان و هی عەرەبستان بهێنین بۆ کوردستان، هەردوکیان هێزی ئینباتیەیان ون ئەکەن".

ڕەئیس وزەرا: "ئەی توتنەکەتان بۆ کوێ ئەبەن؟".

ڕەمزی ئەفەندی: "ئەیبەین بۆ ئەوروپا. غەیری ئێمەش مەجبورن توتنی ئێمە بکڕن، چونکە لەمە هەرزانترتان دەست ناکەوێ و، لە ئێمەش زیاتر لە بازرگانیدا لەم توتنە ئیستیفادە ئەکەن".

ڕەئیس وزەرا: "نەء نایبەن بۆ ئەوروپا هەموی لە عیراقا صەرف ئەکرێ. کوردەکان ئەلحەمدولیلا بازرگانی زۆر وریایان تیایە و زۆر چاک تەقدیری ئەکەن کە کوردستان بێ عیراق ناژێ".

ڕەمزی ئەفەندی: "لە بیدایەتی حەربی عومومیدا کە ڕێگاو بەندەرەکانی عیراق گیرا بو کە بەغدایش ئیستیلا کرا، ئێمە لەگەڵ شیمال و شەرق و غەرب دا مونتەظەمەن تیجارەتمان ئەکرد. ثەروەتی عومومیە و

وەضعی ئیقتیصادیەمان لە ئەمڕۆ گەلێ باشتر بو. جەعفەر پاشا ئەفەرموێ کـە بـە لـەک پارەمـان بـۆ ئومـوری نافیعەی کوردستان صەرف کردوە. ئەو ئوموری نافیعەیەی ئەوان ئەڵێن قەڵا و ئیستیحکاماتە بۆ موحافـەزەی جەیشەکەی خۆتان لەباتی ئەمە مەکتەبتان بۆ بینا بکردیتایە. ئەگەر حکومـەتی کوردیـە تەشـکول بکـات هـیچ لزومان پێی نابێ و ئیستیغنای لێ ئەکەین".

رەئیس وزەرا، بە تەئەثور و هەیەجانەوە: "براکانم بزانن کە لـەم دەمـارەدا خـوێنی کوردیشـم تیایـە، وەلاکین من عارەبم. بۆ کەڵکی ئێوە قسە ئەکەم. بە حیسسیات حەرەکەت مەکەن. مـەبن بـە ئالـەت بـە دەسـت خەڵکەوە. بەزەییتان بە میللەتەکەدا بێتەوە و توشی نارەحەتیان مەکەن. ئەوا لە سەرەوە کوردەکـان بـێ ئـەرزە ئەکەن و سەریان ئەبڕن. لە دنیاوە ئاشکرایە کە کورد میللەتێکی دینداره. لە بیرتان ئەچێ کە دینتان عەرەبیـە. قورئان عەرەبیە. محەممەد عەرەبە. وە فەیسەڵ کوڕی محەممەدە. براکانم تکاتان لـێ ئەکـەم فاجیعـەی کەربـەلا دوبارە مەکەنەوە".

شێخ قادر: "جەعفەر پاشا بە بەیان کردنی فاجیعەی کەربەلا هەڕەشەمان لێ ئەکات. ئەبێ بزانـێ ئەگـەر ئینگلیز لەبەینا نەبێ عەرەب ناتوانێ بێتە خاکمانەوە".

جەعفەر پاشا: "رجا ئەکەم سوئی تەفاهوم پەیدا نەبێ. مەبەستم هەڕەشە نیە. رەمزی ئەفەندی زۆر جار داوای قسەکردنی کرد، مەیـدانی نـەدرا. نیهایـەت بـە حیدەتـەوە هاتـە پێشـەوە گـوتی: "پاشـا! دیـن، ئیمـان، مەفکورەی میللی، حکومەتێکی میللی کوردی ئەوێ. جەماعەت وانیە؟".

هەمو بە جارێک: "بەڵێ وایە!".

رەمزی ئەفەندی دەوامی کرد: "پاشا! ئەم قسانەت ناچێتە جەواڵی کوردەوە. ئەمـە هـەموی ئیغفالاتـە و بیخەرەوە جەواڵەکەی خۆتەوە و دەرگای ببەستەرەوە".

جەعفەر پاشا: "قسەکەت وەرگـرەوە. تـۆ پیـاوێکی دنیادیـدەیت، لـە کۆبونەوەیـەکی وادا نـابێ قسـەی ناشیرین بکرێ".

رەمزی ئەفەندی: "تۆ قسەم نادەیتێ. لە سوئالەکانم گوریز ئەکەی. بەڵێ تەسـلیم بـوم". میـرزا تۆفیـق: "ئێستاکە دیانەت بابەتی باس کردن نیە. مەسەلە میللەتە و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیە. ئەگەر بە دین بێ ئەبێ ئێرانیش واز لە میللەتی خۆی بهێنێ و داخڵی حکومەتی عیراق ببێ. داوای لێ بوردنت لێ ئەکەم باسـەکە مەگۆڕە!".

جەعفەر پاشا: "قیاس مەعەل فاریق کردن زۆر بێ مەنطیقیـە. ئێرانیـەکان دو هـەزار سـاڵ زیـاترە کـە دامەزراوە".

میرزا تۆفیق: "ئەگەر لەبەر دین لازمە ئێمە تابیعی ئێوە بین لـە هـەمو عالـەم ئاشـکرایە کـە کـورد زۆر دیندارە. بینائەن عەلەیهی، پێویستە عەرەب لەژێر ئیدارەی ئێمەدا بێ".

رەمزی ئەفەندی: "یەکەم قسەم هەیـە. خەلافـەتی عەبباسـیە لـە کۆتـایی سـەڵتەنەتیدا دەسـتی کـرد بـە بەکارهێنانی کاربەدەستانی تورک، فارس و کـورد. ئەمـە بـو بـە یـەکتا سـەبەبی ئیضـمحلالیان. حـەز ئەکـەم حکومەتی عیراق ئەم تاقی کردنەوەیە دوبارە ئەکاتەوە و کاربەدەسـتانی کـورد لـەناو خۆیانـا بەکارنـەهێنێت، چونکە ئەبێ بە سەبەبی ئینحیطاطی. هەروەها بەکارهێنانی کاربەدەستی عەرەبیش لە کوردستانا ئەبێ بە هۆی لەناو چونەوەی کوردەکان".

رەئیس وزەرا: "سوپاسی پەند و ئامۆژگاریەکانت ئەکەم کە لە پێش روداوی ئاگادارتان کردین".

لە پاش ئەوە رەئیس وزەرا کە بینی باس کردن لەم باسەوە سودێک نابەخشێ، میللەت یەک ئـاواز بـۆ داواکاریەکانی خۆی دوپات ئەکاتەوە. پێویست نەبینرا بە درێژ کردنەوەی باس و کۆبونەوەکە بەتاڵ بوەوە.

لە ناوەڕاستی کۆبونەوەکەدا سالار مستەفا جەعفەر سوڵتان هەڵسا و بە ناوی سادات، عولەما، شێخان و بە ناوی ئەو هۆزانەی سنور کە لەناو عیراق دان، تەئیدی داواکارانی کوردی کرد بۆ تەشکیلی حکومەتێکی کوردی و لە هەمان بابەتەوە مەضبەطەیەکی مۆرکراوی پێشکەش بە نوێنەر کرد. لە کۆتایی کۆبونەوەکەشەوە لەلایەن فەتاح ئاغای حەمە ڕەضای سەرۆکی هەمەوەندەوە کە لە شاری کەرکوک دانەنیشن، لە هەمان مەنال مەضبەطەیەکی تری پێشکەش بە مەندوبی سامی کرد. هۆزی جاف کە ئێستاکە سەر بە کەرکوکن، لەم کۆبونەوەیەدا لەلایەن جەنابی کەریم بەگی فەتاح بەگەوە تەمسیل کرا بون. (ژیان، ژ 257، 14 ی 8 ی 1930)

2. 4. 30. بەیاناتی فەخامەتی ڕەئیسەلوزەرا لە سلێمانی

بەیاناتی فەخامەتی رەئیس وزەرا لە سلێمانی لە وەقتی ئیجتیماعەکە خوێنرایەوە

"موشەرەف ئەبم بەیانی ئیزاح کردنی ئەو سیاسەتی خۆشەویستیە کە حکومەتی عیراق خەریکە ئیتیباعی بکات. بە نەزەر ئەو وەعدانەی کە بە کوردەکانی هاوڵاتمان و براکانمان دراوە. ئەو کوردانە کە عضوێکی موهیمن لە جیسمی مەملەکەتی عیراق دا. ئاگاداری ئەو تەلغوراف ئیستیدعایانە بوم کە لەلایەن هەندێ ئەشخاص بە ئیحتیجاج لەبەر داو نەبردنی مەسئەلەی کورد لە داو موعاهەدەکەی ئاخریدا تەقدیم کرا بو. بە صەرفی نەزەر لە بەحس کردن لەو ئەسباب و عەوامیلە کە سەبەبیەتیدا بە تەقدیم کردنی ئەو ئیحتیجاجاتانە. من بۆتان تەصریح ئەکەم کە حکومەتی عیراق بە صورەتێکی ئەکیدە قەراری داوە کە بە نەزەری ئیعتیبار تەماشای ئەو وەعدانە بکات کە بۆ تەئمینی ئارەزوی برا کوردەکان دابوی لەوەش نەک تەنها هەتا ساڵی 1932 مەرعیەل ئیجراء نەبێ بەڵام هەتا ما بەعدی ئەو تاریخەش دەوام ئەکات. هەروەکو حکومەتی صاحیب ئەلجەلالە ملک فیصل بە تەواوی وە بە هەمو مەعناوە حەریصە بۆ لزومی موحافەزەی و. تەتبیق کردنی ئەم پرۆگرامە کەوا لەسەرەوە بەیان کراوە. لە عەینی زەماندا بە هەمو شیددەتێک بۆ مەحو کردنی هەمو جۆرە ئەعرەیەکی کە ببێتە سەبەبی تەفرەقە و ئیخلالی وەحدەتی وەتەنیەی عیراق. یاخود ببێتە سەبەبی ئیخلال کردنی حقوقی دراوسێتی لەگەڵ هەردو حکومەتی دۆستمان: ئێران و تورک. ئیسان حکومەتی عیراق بە پێویستی ئەزانێ تەقدیم کردنی ئەبنای وەتەنی عیراق لەناو دائیرەی یەکێتی عیراق دا، بەبێ تەفریق لە مابەینی کوردو عەرەبدا مەمنون و مەسرور ئەبێ. هەر بەم ڕوحەوە لە هەمو هەنگاوێکدا چۆتە پێشەوە لەم خسوسەوە ئیستیعدادی نیشان داوە.

هەروەکو لاتان مەعلومە ئێمە کە ئەوسا مەسئولیەتی ئیدارەمان هاویشتە سەرشانی خۆمان، بەیاننامەیەکمان نەشر کرد بو. لەو بەیاننامەدا گوتمان کە ئێمە حازرین بۆ دانانی لائیحەیەکی قانونی بۆ زبانی کوردی لەو جێگایەنەدا کە ئەکسەریەتی ئەهالیەکەی کوردن وە ئەو لائیحەیەشمان بالفعل تەواو کردوە.. لە اجتماعی ئەوەلی پەرلەمانا بە هەمە حاڵ تەقدیمی مەجلیسی ئەگەین. هەتا ئەمەش ئەکرێ ئەمرمان داوە بۆ دائیرەی مختصە کە بە موافیقی ڕوحی ئەو نوصولێ لە لائیحەکەدا دانراوە، حەرەکەت بکا لە خوصوص موعامەلاتی عەدلیەو ئیدارەی مەعاریفەوە. غەیری ئەمەش وا حکومەت موفەتیشێکی مەعاریفی تەعین کردوە و دائیرەی تەرجومەیەکی کوردی دامەزراند. ئیشی ئەم دائیرەیە هەر تەنها موعامەلاتی کوردەواریە. وە موعاونێکی کە مودیری ئیدارەی داخلیەی عامەی تەعیین کردوە کە خەبەردارە لە ئوموری ئەلویەی کوردیە. وە موفەتیشێکی مەعاریف تەعین کراوە بە صورەتی عام مەداریسی لیوای سلێمانی و مەداریسی کوردیەی لیوای هەولێرو کەرکوک تەفتیش بکا و حکومەت تەدابیری لازمەی ئیتیخاذ کردوە بۆ ئیحضاری قومیسەر و ظابیطان و مسجل پۆلیس کە ئاشنای زبانی کوردی بن. بۆ ئیستیخدام کردن لە مەناتیقی کوردیە.

من دامەوێ ئەم بەیاناتەم تەواو بکەم بەبێ تەقدیم کردنی تەشکوراتم بۆ جەنابی وەکیلی مەندوبی سامی کە لەم سەفەرەم دا مورافەقەتی کردین. ئومێد وایە کە موشار ئیلەیهی ئێستا بۆتان سیاسەتی حکومەتی

بەریطانیا لەم خسوسەوە بەیان نەکات و بە تەواوی ئاگاداری حەقیقەتی حاڵ نەبن. وە قسەی بەعزێ ئەشخاصی صاحێب غەرەض کە چاویان لە تەقدیر کردنی رەفاهی حەقیقی کوردانە وە رەعیەتی صاحێبی جەلالەت مەلیک فەیسەڵی موعەظەم و تەبەعەی دەوڵەتی عیراق کوێر بووە وە قسەیان ئیغفال نەبن.

بەم موناسەبەتەوە جەنابی وەکیلی فەخامەتمەئاب موعتەمیدی سامی بۆ قسە کردن دەعوەت دەکەم. بزانن ئێمە هەردولا بە تەواوی لەسەر تەعقیب کردنی ئەم پرۆگرامە موتەفیقین. ئێستا بۆتان بەیان ئەکات".

(ژیان، ژ 258، 28 ی 8 ی 1930)

2. 4. 31. بەیاناتی فەخامەتی وەکیلی مەندوبی سامی لە سلێمانی

بینا لەسەر تەلەبی حکومەتی عیراق، لەگەڵ فەخامەتی وەکیلی رەئیسە لوزەرا هاتوم. بۆ ئەوەی کە هەر کەسێک لە مەوزوعێک دا شک و شوبهەیەکی هەیە بە تەواوی بۆی ئاشکرا بکەم. قەت شتێکی وا نیە لە هیچ نوقتەیەکی عیراق کە بڵێن حکومەتی عیراق یان حکومەتی بەریطانیا. هەریەکە بۆ خۆی تەعقیبی سیاسەتێک بکا. تازە ئەوا موعاهەدەیەک ئیمزا کراوە کە ئەم دو مەملەکەتە بۆ 25 ساڵی تر لەگەڵ یەکتری بە تەحالوفێکی صەمیمی رەبط دەکات. ئەمە بە تەنها ئەبێ کافی بێت بۆ ئەوەی دەلالەت بکات کە لە بەینی ئەمانە هیچ مەسئەلەیەکی موهیم و رێک نەکراو نەماوە. ئەبینم قیسمێکتان ئیحتیجاجی حکومەتی بەریطانیا و عیصبەتول ئومەم ئەکەن بۆ ئەوە کە لە موعاهەدەی تازە باسی کوردستان نەبوە.

وەکو فەخامەتی وەکیلی رەئیس وزەرا ئیزاحیان فەرمو، ئەسبابی ئەوە عیبارەت لەمە بو: هەردو حکومەت، هیچ لزومی ئەوەیان نەکرد، چونکە حکومەتی عیراق قەراری داوە کە بۆ حاڵی حازرو موستەقبەل تەتبیقی ئەو سیاسەتە ئەکات کە تازە فەخامەتی وەکیلی رەئیس وزەرا بەیانی فەرمو. بە زەریفی تێ دەگەن کە حکومەتی عیراق بە صیفەتێکی مەنوەر بە تەواوی ئەوەی تەقدیر دەکات کە هەتاکو چ حەدێک خۆی موجب بینی، ئیعتیراف بکات کە لە قسمێکی موهیمی عیراق دا زمانی کوردی، نەک هی عەرەبی، زمانی دایک و بابە. هیچ شتێکی وەها نیە کە بڵێ منداڵێکی کورد ئیجبار بکرێت کە تەحصیلی ئیبتدائی خۆی بە زمانی تر ئەک هی باوک و دایکی بخوێنێت، یان بڵێ کوردێک ئیجبار بکرێت لە مەحکەمەدا خۆی بە زمانێکی تر دیفاع بکات، یان گوێ لە مەسئەلەیەکی خۆی بگرێ بە زمانێکی کە تێی نەگات مەحاکەمە دەکرێت. هەروەها تەعینی مەئمورانی کە کوردی ئەزانن لەناو فروعی مەرکەزی ئیدارە دەلالەت لەوە دەکات کە حکومەتی عیراق رازیە کە لە بەینی کورد و عەرەب و رەعیەتی جەلالەتی مەلیک فەیسەڵ، هیچ نەوعە جیاوازیەک ئەکات.

هەتا ئەو حدودەی کە عائید بە حکومەتی بەریطانیایە، ئەوان قانیعن کە حکومەتی عیراق بە تەواوی ریعایەتی ئەو وەعدانە ئەکات کە عائیدی کوردەکانە. وە بەناوی خۆی لە تەرەف حکومەتی بەریطانیا لە عیصبەتول ئومەم دراوە وە غایەی یەکەمینیان ئەوەیە کە تەئمینی تەئسیسی دەوڵەتێکی عیراق بکات کە ئازاد و سەربەخۆ بێت وە بە شوکرانە و حەق شوناسی مەربوطیان وە لە عیصبەتول ئومەم لەگەڵیان عضوێک بێت. هەرچی حەرەکەتێک لەگەڵ ئەم سیاسەتە تەوافوق نەکات، حکومەت بە باشی سەیری ناکات. وەکو جیابونەوەی کوردان. سەیر دەکەم بەعزێ جیهاتی نامەسئول وای دەهێنێتە پێشەوە کە تەشجیع کردنی حەرەکەتی قەومیەی کوردی سیاسەتێکی قەطعیەی حکومەتی جەلالەتی مەلیکی بەریطانیایە. ئەمە ئەک تەنها بۆ عیراق بەڵکو بۆ دراوسێ و دۆستەکانی تری کە حکومەتی ئێران و تورکیایە، موجیبی ئیزعاج دەبێت. هیچ شتێک نیە کە لەمە زیاتر لە حەقیقەت دور بێت. هەرکەس تەصەوری ئەوە ئەکات کە بە هاتنی بۆ لای فەخامەتی مەندوبی سامی یان بۆ لای من، بۆ سیاسەتێکی وەها تەشجیعی دەست ئەکەوێ خەطایەکی گەورە دەکات.

ئەوەی کە هەردو حکومەت: بەریطانیا و عیـراق. حـەز ئەکـەن ببیـنن پێشـکەوتنی صـولحپەروەرانەی عیراقی یەکگرتوە کە لەوێ هەمو ئەو عونصورە موختەلیفانەی ئەهالی تەشکیل ئەکەن. غەرەضی زۆر موهیمیـان ئەوە بێ کە ببن بە: عیراقیەکی چاک". (ژیان. ژ 258. 28 ی 8 ی 1930)

2. 4. 32. گیروگرفتی کورد لە عیراقدا

دەربارەی ڕاگەیاندنە ڕەسمیەکەی حکومەت لە بابەت ڕوداوە کوردیەکانەوە لە ژورو.

ڕوداوە کوردیەکان لە سەروی عیراق دا، بە تایبەتی لـە سـلێمانی. خەریکـە ئەچێتـە قۆنـاغێکی نوێـوە. هەندێ دەرکانەن و داوا کە لەوپەڕی خطورەتان. بڵاوکراونەتەوە. چ ئەوانەی لەبـەردەم خـاوەن شـکۆی شـاهانە ئەمیر غازی دا خوێنرایەوە. چ ئەوانەی بە بروسکە و عەریزە نێردراون بۆ هەندێ جێگای ڕەسمیی لـە بەغـداد و لەندەن و جنێف.

ئـەم جوڵانەوەیـە دوای ئیمزاکردنـی پـەیمانی عیراقـی بـەریتانی چـالاک بـوە. هەنـدێ ڕۆژنامـەی ئیستیعماریی ئینگلیزی ئاگرەکەیان خۆشتر کردوە. ئەوەی سەیرە جوڵانەوەی کورد لـە عیـراق دا کەوتۆتـەوە چالاکی و توند بوە. لە کاتێک دا حکومەتی تورکی دوهەمـین شۆڕشـی کـوردی لـە ئـارارات دامرکاندۆتـەوە و. حکومەتی فارسی بە سەر شۆڕشگێرانی کوردا زاڵ بوە و تەفروتونای کردون. لامـان وایـە حکومـەتی عیـراق هەستی کرد دوژمنانی وڵات خەریکی پیلانگێرانن. وەزارەتەکەی ئێستا بە ڕاگەیاندنی مەرسومی زمانی کوردی دەستی پێ کرد. وایزانی ئەم تەگبیرە ڕێگە تەخت ئەکا بـۆ سـەرکوتکردنی ئـەو بیروبۆچونانـەی لـە مێشـکی داواکارانی موختاریەتی کوردیدایە.

ئەگەر هەلومەرجی نائاسایی ناچاری کردبێن مادەکانی 109 و 110 بخەینە قـانونی ئەساسـیەوە کـە ڕێگە بە هەندێ ڕەگەز ئەدا زمانەکەی بەکار بهێنن. نابێ ئەمە وا بگەیـەنێ کـە ڕێ ئـەدەین بـە دەسـتی بـەدی بێگانە یەکێتی عیراق هەڵبوەشێنێ و نیشتمانی خۆشەویست بێ ئەرزە بکا.

پێش ئەمڕۆ ڕونمان کردەوە ئەوەی کورد لە عیراق کەڵکی لێ وەر ئەگرێ. هی عەرەب لـەوە باشـتر نیە و ئاسودەییان بەستراوە بە مانەوەی حاڵەتی ئێستایانەوە. ئەگەر لەم نیعمەتە بێ بەش کران و توشـی ئەگبەتی جیابونەوە یان سەربەخۆیی بون. ئەمان ئەبێ بە نسیبیان وەکو ئەوەی بـە دوای مردنـی خـۆیدا ئەگـەڕێ بـە گوڵلـەیەک. چونکـە نـە تورکیـا لـەلای ژوروی و نـە ئێـران لـەلای ڕۆژهەڵاتیـەوە ڕێگـە بـە دامەزراندنی ئەم کورەیە ئەدا کە پریشکی شۆڕش و پشێوی ئەهاوێژێ. لە ڕاستیدا ئەگەر ڕێمان دا کـورد ئەوەی پێی ئەڵێن (موختارییەت یان سەربەخۆیی ئیداری)یان بدرێتێ. بـەوە پـەیمانی دۆسـتایەتی لەگـەڵ هەردو دراوسێمان تورکیا و ئێران ئەدڕێنین. لە دوای ئەوەی حکومەت بە ڕونی سیاسەتی خۆی بەو بەیانە ڕاگەیاند کە فەخامەتی وەکیلی سەرۆکی وەزیران لە لیواکانی ژورو خوێندیەوە. دوای ئەوەی خەڵک گوێیان لەو بەیانە بو کە نوێنەری حکومەتی بریتانی خوێندیەوە کە وازهێنانی حکومەتەکەی لە سیاسەتی هاندانی نەتەوەی کورد ڕاگەیاند. پێویستە ئیتر حکومەت ڕێگەی توندی بگرێ و بە زۆر سیاسەتەکەی خۆی درێژە پێ بدا.

هەروەها لەسەر حکومەت پێویستە وڵاتی کورد پاک بکاتەوە لە فەرمانبەرانی عیراقی یا بریتـانی. کـەوا لەمەوپێش ناسراون بە هاندانی ڕاپەڕین. لە ڕێگەی نەتەوەیی کوردەوە یان کارکردن بۆ حسابی بێگانـە لـەناو جەرگەی وڵاتەوە.

الجهاد. ع229. 12ی 8ی 1930

2. 4. 33. کورد و یەکێتی عیراق

تا ئێستاش بە سەرسوڕمانەوە ئەو هەواڵانە وەرئەگرین کە لە ناوچەکانی ژوروەوە، بە تایبەتی لە سلێمانی و هەولێرەوە دێن و ئەڵێن برا کوردەکانمان لەوێ کە داوای مافەکانیان ئەکەن. لەبەردەم سەرای حکومەت دا لە سلێمانی خۆپیشاندانیان کردوە. لەوەیش زیاتر ئەگێڕنەوە کە موراجەعەتی دار الاعتماد لە بەغداد و کۆمەڵەی گەلان ئەکەن.

لەم حاڵەتەدا دڵی هەمو عیراقیەک کە سور بێ لەسەر یەکێتی و هەست بە فرمانی خۆی بەرامبەر نیشتمان بکا، ژان ئەکا. چونکە ئەم جۆرە جوڵانەوانە، ئەگەر راست بێ بوبێ، لە سەرچاوەی موغریزەوە دائەکەوێ کە خێری عیراقیان ناوێ. بە زۆری لەوانەوە دێ کە تەماع و مەبەستی تایبەتیان هەیە و زۆر دورە لە بەتەنگەوە هاتنی قازانجی کورد و پاشەڕۆژ و چارەنوسیان. چونکە ئەگەر ئێمە لە بارودۆخی کوردەکانی عیراق لەم سەردەمەدا ورد ببینەوە، ئەبینین کەسایەتی رەگەزیی خۆیان هەیە. هیچ کاتێکی تری ئەو زەمانەی بە حکومەتە دوا براوەکانەوە بەسترا بون نەیان بوە. ئەوەندە بەسە بۆ کورد کە ئەمڕۆ حاڵی خۆی بە ئەقڵێکی پێگەیشتو و دڵێکی هۆشیارەوە، دور لە عاتیفە، رێک بخا. ئەبینێ کەسایەتی بە کۆمەڵی عیراقی و حکومەتەکەی دا ئاشکرا و رونە و هیچی کەم نیە. بە ئازادیەکی بێ سنور ئەژی و زمانەکەی بە رەسمی دانی پیا نراوە. کەڵک لە هەمو ئەو ئیمتیازات و مافانە وەرئەگرێ کە بۆ هەمو عیراقیەکانە بێ جیاوازی عیراقی عەرەبی و ئەعەرەبی. ئەو پارەیە گەنجینەی دەوڵەت لە ئاوەدانی و پرۆژەکانی لیوای ژوروەدا سەرفی ئەکا.

ئەگەر ئاوڕێ لە بەشداری کوردا لە مەسئولیات و کاروباری حوکوم دا بدەینەوە، ئەبینین ئەوانە رێچەڵەکیان کوردە یا کوردەکانی ئێستا پایەو وەزیفەی دەوڵەتیان بە دەستە. لە هەمو پلە جیاوازەکانی ناوەندی حکومەت و سەرانسەری عیراق دا هەن. لەم ساڵانەی دواییدا حکومەتی عیراق هەوڵیدا فەرمانبەرانی ناوچە کوردیەکان کورد بن. گەلێ کورد هەن لە سەرانسەری عیراق دا پایەو وەزیفەیان بە دەستە. مێژوی حوکمی نیشتمانی لە عیراق دا پڕە لەو ضماناتەی لەم وڵاتەدا کەسایەتی و ژیانێک بۆ کورد تۆمار ئەکەن کە لە هیچ جێگەیەکی تری رۆژهەڵات دا نایبینین. ئەوە کوردەکانی تورکیا بە دەس قەلاچۆ کردنەوە ئەناڵێنن و ژیانیان وەکو زەهر لێ تاڵ کردون، ئەوە کوردەکانی ئێران بەبێ بەرگری و تونوتیژی چاو لێک نانێن.

سلامەتی ژیان و بەختیاریان بەستراوە بە رادەی توندی خۆبەستنەوەیانەوە بە یەکێتی عیراقەوە.

ئەوەی زۆر ئەمانترسێنێ دەربارەی پاشەڕۆژی براکانمان ئەوەیە، ئەوان بەم جوڵانەوانە کە لامان وایە کوردی عیراق بە گشتی ئیستینکاری ئەکەن. زوڵم لە خۆیان بکەن پشێوی بیانخوا و ببن بە خۆراکی مەبەست و نارەزوی بێگانە وەکو بەسەر ئەرمەن هات کە نارەزوی جۆراوجۆر شروهوری کردن.

باوەڕمان زۆرە کە پیاوە ژیرەکانی ناو برا کوردە عیراقیەکانمان، هەست بەو مەترسیانە ئەکەن کە لەسەریانە، پێش ئەوەی شەرەکەی بتەنێتەوە چارەی ئەکەن، زۆر بەتوندی ئەوە ئەگرن کە شانی عیراق بەرز ئەکاتەوە و قەوارەی وڵات بەهێز ئەکا.

(التقدم، بدلا من جريدة البلاد، ع 213، 23 ی 7 ی 1930)

2. 4. 34. موفارەقەتی سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگ

تۆفیق وەهبی بەگ بە تەواوی تەئثیری کردۆتە میلەتەکەمانەوە.

رۆیشتنی موتەسەریفی غەیورمان سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگ بۆ بەغداد و خەبەری ئینفیصالی لە موتەسەریفیەتی، لێرە جدەن زۆر تەئثیری کردە ئەهالیەکەمان. بە عمومی کوردەکانی عیراق و بە تایبەتی

ئەهالی ئەم لیوایە بە گەورە و بچوک و ژن و پیاوەوە، موتەئثیر و بۆ ئیعادە کردنـەوەی حەسرەتکەشـن و بـۆ هاتنەوەی لە هەمو لایەکەوە، ئیستیرحامنامەیان تەقدیمی حکومەت کردوە.

ئەمیش حەقیقەتەن حەقە، چونکە ئەم لیوایە کـە لـە عیـراق لیوایـەکی مـوهیم و عائیدتـەن بـە مەرکـەزی کوردستانی جنوبی ئەناسرێ، مودەتێکی زۆر لە هەمو تەرقیاتێک مەحروم و بێ بەش مایەوە. ئەم موحیطە کـە تەبیعەتەن و فیطرەتەن ئەهالیەکەی مایلی عیلم و عیرفانن و مەحەبەتی مەعاریفیان هەیە، پەردەیـەکی جـەهل بـە سەریا راکێشا بو. فەقەت بە هاتنی سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگ کە لە پێگەیشتوانی ئەم وەتەنەیـە و زاتێکـی داهی و موتەبحیرە، ئەهالیەکمان لە تاریکی جەهل رزگاری بو وڵاتەکمان بە چرای مەعاریف روناک کرایەوە، حەقیقەتەن موشار ئیلەیهی لە پـێش هـەمو شـتێکا بـۆ ئینتیشـاری مـەعاریف و بـۆ تەئسـیس و ئامەزرانـدنی موئەسەسەی عیلمیە و بۆ زیاد کردن و کردنەوەی مـەکاتیبی ئینتیـدایی لـە تەشـەبوس کـردن غافـڵ نـەبو. بـە عەزمێکی مەتینەوە بۆ تەرەقی و تەعالی وەتەنەکە هەوڵیدا و غـەیری ئـەمانیش بـە واسـیتەی تـەتبیقی قـوانین و نیظاماتی حکومەتەوە عەدالەت بە هەمو مەعنایەوە، لەدا و ئەم موجتەمەعەدا تەجەسومی پێ کـرا بـو. وە بـەم سەبەبەوە لە بەینی حکومەت و میللەتا، مەحەبەتێکی موتەقابیلە هاتبوە وجود.

بەڵێ هەرچەند لەو زەمانەدا وەکو ئێستا بە موناسەبەتی بەستنی موعاهەدەی تـازەوە، میللەتەکـەمان بـۆ تەلەبی حقوقی موقەرەرەو موعتەرەفەیان کەوت بونـە موراجەعەتـەوە، فەقـەت ئـەم حەرەکەتـە وەمەبـێ هـەر لـە سلێمانیا بوبێ، بەڵکو لە هەمو لیوا کوردەکانی تر و لە هەمو مەنتیقەیەکی کوردستان دەستی پێکرا بو. وە ئەم حەرەکەتەیش هیچ وەقتێک نەبو بو بە سەبەبی تەفرەقە و نەفرەتێکی ئـەهالی بەرامبـەر بـە حکومـەت. ئـەهالی لەگەڵ ئەم هەمو موراجەعەتەیشیا، زیاتر مەربوط و چاکتر موطیعی ئەوامیر و قەوانینی حکومەت بو.

ئەگەر بە ئەزەرێکی رەئفەت تەماشای موراجەعات و ئیستیرحامنامەی ئـەم ئەهالیـە بکـرێ، مـەعلوم ئەبێ کە ئەم تەشەبوساتە لە فکرێکی خراپەوە نەهاتۆتە دەرێ، بە واسیتەیەکی غەیرە مەعقوله پەیدا نەبوە، وەنیە ئەمە ئەوەڵ جار بێ کە ئەهالی تەلەبی حەقی خۆی ئەکات، هەتاکو ئێستا موتەعەدید دەفعە ئەهالی بۆ ئەم حەقە صەریحەیان تێکۆشاون و ئەمجارەیش ئەهالی رێیەکی مەدەنیانە و مەعقولانەی گرتوە و لە عورف و عادەت دەرنەچوە، شوکور حەرەکەتێکی وا نەکراوە کە ببێ بە سەبەبی ئیختیلالی ئەمنیـەت و ئاسـایش و لە هەمو ئانێک دا سەطوەتی حکومەتی زیاتر مەوجود و ئەهالی زیاتر ئیطاعەتی کردوە ئەمیش هـەر بـە سەبەبی تەدابیری حەکیمانەی مەئموریني ئیدارە و سەعادەتی موتەسەریفی غـەیور تۆفیـق وەهبـی بەگـەوە هاتۆتە جێ، چونکە حەقیقەتەن حکومەت لەگەڵ ئەهالیدا بـە لوتـف و شـەفەقەتەوە جوڵایـەوە و ئـەهالیش بەرامبەر بەم لوتفە قەراری دا کە هەمو موراجەعاتەکـەی حەصر بکاتـە سـەر تەشەبوسـات، سـەر نوسـین و ئیستیرحام کردن و غەیری ئەمە ئەیویست و قەطعیەن نایـەوێ رێیـەکی تـر بگـرێ و غایەیـەکی خـراپ تەعقیب بکات.

ئینجا ئەگەر حکومەت بە ئـەزەرێکی موشـفیقانە تەماشـای وەزعیـەت و تـەدقیقی مەسـائیل بکـات، بـە تەواوی بۆی مەعلوم ئەبێ کە بەقای سەطوەتی حکومەت و مەوجود بونی ئەمنیـەت و ئاسایشـی کامیلـەی ئـەم لیوایە و مـەربوطیەت و ئیطاعـەتی ئـەهالی بەرامبـەر بـە حکومـەت بـە سـەبەبی دەهـای خاریقـە و تـەدابیری حەکیمانەی مەئموریني ئیدارە و خسوسەن سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگەوە هاتۆتە وجود و محافەزە کراوە.

ئینجا ئەهالی بەرامبەر بەم شەفەقەتە ئومێدی قەوی هەیە بە حکومەت ئەو ئیسـتیرحام نامانـەی کـە بـۆ ئیعادەی سەعادەتی تۆفیق وەهبی بەگ لە هەمو لایەکەوە تەقدیم کراوە، قبوڵی ئەفەرموێ و بە ئیعادەکردنـەوەی موشار ئیلەیهی میللەتەکە مەسرور ئەکاتەوە. (ژیان، ژ 259، 4 ی 9 ی 1930)

2. 4. 35. داواکردنەوەی تۆفیق وەهبی لە لایەن ئەهالی سلێمانییەوە

ئەو رۆژە کە سەعادەتی موتەسەڕیفی ئەکرەمی تۆفیق وەهبی بەگ تەشریفی بردە بەغداد ئەهالی لە تەئەثوردا چونە تەلفورافخانە و ویستیان لەگەڵ فەخامەتی مەندوبی سامی و رەئیسەل وزەرادا بە تەلەفۆن گفتوگۆ بکەن. فەقەت لەبەرئەوەی فەخامەتی مەندوبی سامی لە کوردی نەئەگەیشتن و فەخامەتی رەئیسەل وزەرایش لە دائیرە مەوجود نەبو، مەجبورەن قەراریان دا ئەم تەلفورافەی کە لە ژێرەوە بە عەرەبی عەرز ئەکرێ کەشیدە و تەقدیمی بکەن و نەتیجە بەم ئیمضایانەوە تەقدیم کرا. (ژیان. ژ 259. 4 ی 9 ی 1930)

2. 4. 35. 1. تەلغرافی ئەشرافی سلێمانی

له سلیمانیه 20 ی 8 ی 1930

بغداد: فخامة مندوب السامي

رئيس الوزراء

بعد سفركم تاملنا بالمباشرة في تطبيق المقررات الامية بتبديل موظفين غير اكراد لكن خاب املنا بتحويل موظفين الاكراد الى الاماكن البعيدة في الجنوب وجلب المتصرف الى بغداد هذه الامور استوجب التوحش والاهياج ان طلب الحقوق التي اقرتها العصبة لا يستوجب التحامل قانونا بالنظر الى وجود الانتداب الفعلي في العراق. سعينا بكل ما لدينا من الطلاقة و الطاقة في تسكين الاهالي والعشائر منعا لحدوث امور لايرضى بها فخامتكم خارت قوانا. لهذا نتجرد عن مسئولية تتولى في المستقبل راجين الاهتمام بكف المعاملات التي من شئنها الاستياء.

حمة آغا عبدالرحمن آغا بابان: عزمي بك. عزت بك عثمان پاشا. حفيد زادة: شيخ قادر. ميرزا توفيق قزاز. عبدالرحمن آغا احمد پاشا. حمه صالح بک حاجي حمه علي بک. فايق بک بابان. مجيد افندي حاجي رسول آغا. رمزي افندي حاجي فتاح.

وەقتێک کە سەعادەتی موتەسەڕیف تۆفیق وەهبی بەگ مواصەلەتی بەغدادی کرد و غەزەتەکان نوسییان ینفیصالی پێ کراوە، لە هەمو لایەکەوە ئەهالی و رونەسای عەشائیر بۆ ئیستیرحامی ئیعادە کردنەوەی موشار ئیلەیهی ئەم تەلغورافانەیان نوسی‌و تەقدیم کرد، وا قیسمێکی تەلغورافەکان بە ریزە ئەشر ئەکەین. (ژیان. ژ 259. 4 ی 9 ی 1930)

2. 4. 35. 2. تەلغرافی سەرۆک خێڵەکانی هەورامان

24 ی 8 ی 1930

بەغداد: فەخامەتی مەندوبی سامی

صورەتی بۆ فەخامەتی رەئیسەل وزەرا

تەبدیلی موتەسەڕیف موغاویری ئەفکارمان و سەبەبی تەئەثوری عومومی کوردانە. ئیستیرحام ئەکەین ئیعادەی بفەرمونەوە.

هەورامان، ئەفراسیاب بەگی رۆستەم سوڵتان. هەورامان، مصطفا بەگی جەعفەر سوڵتان. هەورامان، محەممەد ئەمین بەگی مەحمود خانی دزلی. هەورامان، شێخ محەممەدی شێخ حیسامەدین. (ژیان. ژ 259، 4 ی 9 ی 1930)

2. 4. 35. 3. تەلغرافی رەئیسی هەورامان جەعفەر سوڵتان

26 ی 8 ی 1930

بغداد: فخامة مندوب السامي

"رئيس الوزراء

گۆڕینی موتەسەریف تۆفیق وەهبی بەگ ئەبێ بە سەبەبی تەئەثوری عومومی کوردان. رجا ئەکەین ئیعادەی بفەرمونەوە. رەئیسی هەورامان جەعفەر سوڵتان. (ژیان. ژ 259. 4 ی 9 ی 1930)

2. 4. 35. 4. لە سلێمانیەوە لە عەینی مەئال

بە ئەشراف و توجارو ئەهالی سائیرە سێ تەلغوراف نوسراوە.

لە پشدەریشەوە بە ئیمضای جەنابی عەباس ئاغای مەحمود ئاغا و قیسمێکی زۆر لە رونەساکانی تریان، سێ تەلغراف نوسراوە.

لەبەرئەوەی صورەتەکانمان لا نەبو، نەمانتوانی عەینەن دەرجیان بکەین. (ژیان. ژ 259. 4 ی 9 ی 1930)

2. 4. 36. بەیانی رەسمی

بە بۆنەی هەڵبژاردنی هەیئەتی تەفتیشەوە لە لیوای سلێمانی و کۆبونەوەی هەیئەتی هەڵبژێردراو، ئەمڕۆ لە مەرکەزی حکومەت، مقاطعینی انتخاب لە بەردەمی شوێنی کۆبونەوەکەدا مظاهرەیان کرد. بەو هۆیەوە پێکادان رویدا. هەندێ لە پۆلیس و سەرباز و خەڵک ئەنگێوراون. پاش چەند دەقیقەیەک ئاسایش گەرایەوە. ئەوانی بون بە هۆی ئەم روداوە گیراون و لێکۆڵینەوە بەردەوامە. (الزمان. ع 249. 7 ی 9 ی 1930)

2. 4. 37. روداوەکەی سلێمانی

لە سەرچاوەیەکی رەسمیی پەیوەندیدارمان پرسی کە ژمارە کوژراوەکانی روداوەکەی سلێمانی. بە بۆنەی دەسکردن لە هەڵبژاردنی نیابیەوە وەکو بەیانە رەسمییەکەی لە کاتی خۆیدا بڵاومان کردەوە. چەندە نەمانتوانی ژمارەی ویستراوی لێ بەدەس بهێنین. بەڵام بریندارەکانی پۆلیس و خەڵک بۆ چارەسەرکردن نێردراون بۆ نەخۆشخانە. (الزمان. ع 251. 9 ی 9 ی 1930)

2. 4. 38. بەیان لە (ملاحظیة المطبوعات) ەوە

روداوەکەی سلێمانی: لەبەر بڵاوبونەوەی زۆر واتەواتی درۆ دەربارەی ئەو روداوە ناخۆشەی لە 6 ی ئەم مانگەدا لە سلێمانی قەوماوە، لەلایەن کەسانێکەوە کە ئەیانەوێ ترس و نائومێدی بخەنە دڵەوە، حکومەت بە پێویستی زانی ئەم بەیانە دەربکا سەبارەت بەوەی روی داوە.

وەکو وەکیلی موتەسەریف ئاگادار کرا بو، ژمارەیەکی زۆر ئەشراف و تاجیرەکان ئەیانویست هەڵبژاردن بکرێ. لە 5 ی 9 دا رێوشوێنی هەڵبژاردنی هەیئەتی تەفتیشی بۆ رۆژی دوایی دانا. لەبەرئەوەی زانی کە ژمارەیەکی کەمی ئەشراف ئەیانەوێ موقاطەعە بکەن، ئاگاداری کردن کە هەڵبژاردن ئازادە، کەس ناتوانێ زۆریان لێ بکا هاوبەشی بکەن ئەگەر خۆیان نەیانەوێ. هەروەها کەسیش هەقی نیە رێ لەوانە بگرێ کە ئەیانەوێ ئازادی خۆیان بەکار بهێنن. ئیتر ئەوە بە زۆر بێ یان بە ترساندن و هەڕەشە. وەکیلی موتەسەریف تێی گەیاندن کە کاری وەها بە تاوانێکی گەورە دائەنرێ و، ئەرکی حکومەتە منتخبەکانیان لێ بپارێزێ.

بەیانی رۆژی 6 ی 9 بەعوەتنامە نێردرا بۆ نزیکەی 30 لە ئەشراف کە نوێنەرایەتی هەمو گەڕەکەکانی شارەکەیان ئەکرد. بۆ ئەوەی لە سەرای حکومەت بۆ هەڵبژاردن ئامادە بن. بەراستی ئامادەبون و لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی کۆبونەوە. دوای ئەوە هەواڵ گەیشت کە نزیکەی 50 کەس لە قوتابی و هەرچی و پەرچی لە بازاڕ کۆبونەتەوە خەریکن بە زۆر دوکانیان پێ دائەخەن و خەڵک کۆ ئەکەنەوە. ئینجا رویان کردە سەرای حکومەت. ریزێک پۆلیس رێگەی لە کۆبونەوەکەیان گرت. قەڵەباڵغیەکە زۆر بو لە نیزام دەرچون، دەرکەوت کە هێزی فریاکەوتن پێویستە. داوا لە فەرماندەی حامیەی جەیشی عیراق کرا 100 سەربازی بێ چەک بۆ یارمەتی پۆلیسەکان بنێری. بارودۆخەکە تا ئەهات دژوارتر ئەبو. هەندێ لە قەڵەباڵغیەکە کورسی چایخانەکانیان وەکو چەک لە دژی پۆلیس بەکار ئەهێنا و هەندێکیان بریندار کردن. لەبەر ئەوە دەرکەوت هێز پێویستە. داواکە گۆڕا، داوای سریەیەکی چەکدار کرا. قەڵەباڵغیەکە پەلاماری پۆلیسەکانیان دا کە بە ژمارە کەم بون. کەوتنە بەردبارانی پۆلیسەکان و سەرای حکومەت. داوا لە فەرماندەی حامیە کرا فەوجێ بنێرێ بۆ پشتیوانی لەو سریەی بە رێگەوە بو بۆ سەرا. قەڵەباڵغیەکە بەردبارانی زیانکردو کەوتە بەکارهێنانی دارو تێڵا. کە سریە پیادە چەکدارەکە گەیشتە سەرا بەردبارانیش راوەستا. لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە قەڵەباڵغیەکە کشایەوە. بەڵام بەشێکیان لە شوێنی خۆیان دا مانەوە. فەرمان بە سەربازەکان درا بڵاوەیان پێ بکەن. بە بڵاوی بە جادەکەدا کەوتنە رۆیشتن. ئاژاوەچیەکان بە تێڵای گەورەو، بەو بەردانەی بۆ بەردبرێژی جادەکان دانرابون و، بە کورسی و شتی تر تێیان بەر بون.

لەم کاتەدا گوللەیەک تەقی و سەربازێکی عیراقی کوژرا. بەدوای ئەوەدا چەند گوللەی دەمانچە تەقی، دو سەربازیش بریندار بون. سەربازەکان دەستیان کرد بە تەقە و قەڵەباڵغیەکە بڵاو بوەوە. لەو کاتەدا فەوجەکە گەیشت و چاودێری شاری گرتە ئەستۆ و ئاسایش گەڕایەوە.

ئەنگاوتە: لە پۆلیس تا گەیشتنی سەربازەکان 10 پۆلیس بریندار بون. دویان بە بەرد و تێڵا و یەکێکیان بە خەنجەر. 153 پەنجەرەی سەرا و 18 گڵۆپی جادەکە شکاوە. لە جەیشی عیراق: یەک سەرباز کوژراوە و دو سەرباز بریندار بوە، یەکێکیان بە بەرد. لە ئەهالی: 3 کوژراو و 23 بریندار.

گیراوەکان: ئەم کەسانەی ناویان لە خوارێ نوسراوە، دوای ئاژاوەکە گیراون:

1- شێخ قادری برای شێخ مەحمود.

2- میرزا تۆفیق.

3- رەمزی ئەفەندی.

4- حەمە ئاغا.

5- عەزمی بەگی بابان.

6- عیززەت بەگی عوسمان پاشا.

7- ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا.

8- محەممەد صالح بەگ.

9- مەجید ئەفەندی کانیسکان.

10- فایەق بەگی بابان.

11- شێخ محەممەدی گوڵانی.

بەم راپۆرتەدا دەرئەکەوێ دەسەڵاتی حکومەت ناچار کراوە بۆ بەکارهێنانی هێز لە بڵاوەپێکردنی هەرچی و پەرچیە یاخیەکان دا کە ئەیانویست ئاسایش تێک بدەن. ئەم پشێویە لەوە دروست بوە هەندێ کەسی هەڵخەڵەتێنراو، ئەیانەوێ فەرمانبەرانی گوێرایەڵی قانون و ئەوانەی ئەیانەوێ لە هەڵبژاردن دا بەشدار بن، بتۆقێنن. ملاحظ المطبوعات. (الزمان، ع 261، 21 ی 9 ی 1930)

2. 4. 39. لێدوانی ڕۆژنامەی بەغداد تایمس

وا دەرئەکەوێ باروبۆخی ناو شاری سلێمانی و لیواکەش هێمن بێ و حکومەت کاروباری گرتۆتەوە دەست. ئەو هەواڵانەی بە شێوەیەکی تایبەتی بۆمان هاتون، ئەڵێن ئاژاوەکە تەواو بو بە کوشتنی 13 کەس کە یەکێکیان سەربازێکی عیراقیەو 35 بریندار کە 4 یان سەرباز و 9 یان پۆلیسن. ئەمانەش کە ناویان لە خوارەوە نوسراوە گیراون: عیززەت عوسمان پاشا، عەزمی بەگی بابان، فایەق ئەفەندی بابان، رەمزی حاجی فەتاح، شێخ قادر شێخ سەعید، محەممەد ساڵح، مەجید ئەفەندی، محەممەد عەبدورەحمان، تۆفیق قەزاز. ئەمانە نێردراون بۆ کەرکوک بۆئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن. خۆپیشاندەران دژی هەڵبژاردن لە سەرەتادا ژمارەیان زۆر نەبو تا گەیشتە 1000 تا 2300 کەس. هوتافیان ئەکێشا بروخێ هەڵبژاردن. لەناو خۆیاندا ئەیان وت هەڵبژاردنەکە ئازاد نیە. کۆمەڵانی خرۆشاو سەعات 11 ی بەیانی دەستیان کرد بە بەردبارانی پۆلیس و سەرا. زۆر لە خۆپیشاندەرەکان دەمانچەو خەنجەرو تێلایان پێ بو. لە بەردەرگی سەرا کۆبونەوە و چونە ژور و هاتنە دەرەوەیان خست بوە مەترسیەوە. دەستبەجێ فەرمان بە پۆلیس درا، کە تەنیا ناریان پێ بو، بڵاوە بە حەشاماتەکە بکا. بەڵام هێزەکەیان بەس نەبو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، کاربەدەستانی وا لێ کرد جەیش بانگ بکەن بۆ یارمەتی دانیان. لێرەدا پێکاهەڵپژان دەستی پێ کرد. جەیش ناچار بو تەقە لە خۆپیشاندەران بکا. تەئکیدمان کردوە کە پۆلیس و جەیش دەستپێشخەر نەبون لە دەستدرێژیدا. جەیش وەڵامی ئەو تەقانەی دایەوە کە خۆپیشاندەران لە جێگەیەکی نزیکەوە کردبویان. (الزمان، ع 253، 11 ی 9 ی 1930)

2. 4. 40. ئینتیخابات لە سلێمانی

ڕۆژی 15 ی 9 ی 1930 لە مەقامی موتەسەڕیفی دا عمومی ئەشراف و توجار و سائیری طەبەقەی ئەهالی، بۆ ئینتیخاباتی هەیئەتی تەفتیشیە کۆبونەوە.

لە نەتیجەدا ئەواتی ئاتیە بە ئەکسەریەتی ئارا، بە ئەعضای هەیئەتی تەفتیشیە ئینتیخاب کران.

چەند ڕەئی بوە

34 حاجی ئیبراهیم ئاغا

22 مەجید بەگی حاجی ڕەسوڵ بەگ

22 غالی ئاغا

21 حاجی ئەحمەدی حاجی کەریم

20 عەبدولکەریم ئەفەندی عەلەکە

19 سەید ئەحمەدی توتونچی

17 کەریم بەگی محەممەد بەگ

16 حاجی کاکە حمە

15 حاجی مەلا محێدین

15 حاجی عەلی حاجی حەسەن ئەفەندی.

(ژیان، ژ 260، 22 ی 9 ی 1930)

2. 4. 41. تەشریف هێنانی سەعادەتی موتەسەڕیفی تازە

ڕۆژی یەکشەمە موصادیفی 28 ی 9 ی 1930 سەعادەتی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، موتەسەڕیفی تازە و خۆشەویستی سلێمانی تەشریفی لە کەرکوکەوە مواصەلەتی فەرموە سلێمانی. لە ڕۆژی لەوە پێشەوە

قیسمێکی زۆر لە ئەشراف و ڕوئەسای دەوائیر و مەئمورین و مونەوەرانی سلێمانی، بۆ ئیستیقبالی موشار ئیلەیهی چو بون بۆ کەرکوک هەتا سەر محەطەی شەمەندەفەر و قیسمێکی تریش لە ڕوئەسای دەوائیر کە حەسەبەل وەزیفە ئیمکانی چونی کەرکوکیان نەبو. ڕۆژی موانەلەت هەتا دەربەندی بازیان و تەیناڵ و بێجگە لەمانەش هەمو ئەهلی مەملەکەت بە ئیختیلافی هەمو طەبەقاتیانەوە، لەگەڵ بلوکێک عەسکەری جەیش و تاقمێک پۆلیس بەناوی حەرەسی شەرەفەوە لە بەردەمی جادەی دەباخانە، بە دڵێکی پڕ فەرەح و سرور حازری ئیستیقبال و چاوەڕوانی تەشریف هێنانی سەعادەتی بون.

لەبەر ئەوەی لە ڕێگا و لە دەربەند تەئخیر بو بون، لە سەعات نزیک هەشتی عەرەبی مواصەلەتی فەرمو. ئەوەل جار زیارەتی حەرەسی شەرەفی جەیش و پۆلیس و لە پاشا لەگەڵ عولەما، سادات، ئەشراف، ڕوئەسای دەوائیر و مەئمورینی حکومەت دا بە لێوێکی پڕ تەبەسومەوە کە ئاوێنەی صەفوەتی قەلب و حوسنی نیەتی بو یەکە یەکە موصافەحە و بەیانی خۆشنودی و مەمنونیەتی لە موستەقبیلین فەرمو وە بە چەند کەلیمەیەکی شیرین و جوان و ئومێدبەخش ئەم ئیستیقبالەی لەسەر خۆی بە قەرضێک وەرگرت کە بە سەعی کردن بۆ تەئمینی ئەمن و ئاسایش و هەوڵ دان بۆ تەرەقی و تەعالی میللەت و مەملەکەت مەجبور بێ بە ئەدای ئەم قەرضە. ئیتر لەوێوە لەگەڵ ئامیر مەنتیقەی عەلی ڕەضا بەگ و حەمید بەگی شالچی ئامیری فەوج و سائیری موستەقبیلین دا بە ئۆتۆمۆبیل تەشریفیان هێنایەوە دەوڵەتخانە. لەوێ لەپاش ئیسراحەت کردن و قاوە خواردنەوە ئیتر ویداعی لێ کرا.

موشار ئیلەیهی کە یەکێکە لە منەوەران و ئەنجەبی خانەدان و ئەشرافی سلێمانی، تەعین فەرمونی بۆ ئەم وەزیفەیە بە ڕاستی هەمو ئەهلی سلێمانی خاصەتەن و، هەمو میللەتی کوردی بە عمومی مەمنون و بەرامبەر لەم لوتفی حکومەتە مەدیونی شوکران کرد.

ژیان: لەگەڵ هەمو میللەتی کورد تەمەنای موەفەقیەت و سەعادەت و ئیلەل ئەبەد دەوام و بەقای ئەکات.
(ژیان، ژ 261، 6 ی تشرینی یەکەمی 1930)

2. 4. 42. وەفدی سلێمانی

ڕۆژی 28 ی 9 ی 1930 وەفدی سلێمانی کە لە ڕیاسەتی ڕەئیسی بەلەدیە موحتەرەم مەحمود ئەفەندی دا تەشەکولی کردوە، عیبارەتن لە محامی نەجیب ئەفەندی، وە لە ڕوئەسای جاف جەنابی ئەحمەد بەگی محەممەد صالح بەگ، وە حاجی مەلا کوڕی حاجی عەباس ئاغا ڕەئیسی پشدەر، بۆ عەرزی تەعظیمات و ئیستیقبالی جەلالەتی مەلیک فەیسەڵ ئەوەل کە لە لەندەنەوە عەودەتی فەرمۆتەوە، تەشریفیان بردۆتە بەغداد.
(ژیان، ژ 261، 6 ی تشرینی یەکەمی 1930)

2. 4. 43. وەفدی کوردستان

شەوی پێنجشەممە 18 ی 9 گەیشتە پایتەخت، وەفدێک لە لیوای کەرکوک و چەمچەماڵەوە کە پێکهاتوە لە 7 کەس کە ئەمانەن: سەید محەممەد ئەفەندی ڕەئیسی جەباری، عەبدولکەریم وادی ڕەئیسی زەنگەنە، ڕەئیسی عەشیرەتی بزەینی، سلێمان ئاغای هەمەوەند، ڕەشید ئاغا ڕەئیسی شوان، عەلی ئاغا ڕەئیسی سنجاوی. دیدەنی فەخامەتی ڕەئیسی وزەرایان کرد و دەسگرتنیان بە یەکێتی عیراق و خۆبەستنەوەیان بە عەرشی جەلالەتی مەلیکەوە دەربڕی. هەر ئەم وەفدە ڕۆژی دوێنێ سەردانی پایەبەرز وەزیری ناوخۆ جەمیل مەدفەعی و وەزیری دیفاع جەعفەر عەسکەریان کرد. ئەم وەفدە پێشوازی لە دو نوێنەر کرد: یەکێکیان هی بیلاط شێخ عەبدوڵڵا ئال مەضایفی، دوەمیان سەروەزیران و یاوەرەکەی جەمیل بەگی ڕوحی. وەفدەکە لە ئوتێلی ماجستیک دابەزێنران. (الزمان، ع 261، 21 ی 9 ی 1930)

2. 4. 44. وەفدی لیواکان بۆ بەخێر هاتنەوەی خاوەن شکۆ

مەلیک فەیسەڵ لە 1 ی 10 ی 1930 گەیشتەوە عیراق. ئەم وەفدانە چونە بەغداد بۆ بەخێر هاتنەوەی:

وەفدی سلێمانی: 1- مەحمود ئەفەندی سەرۆکی شارەوانی. 2- ئەحمەد بەگی حەمە سالّح بەگ. 3- حاجی مەلا ئاغا عەباس ئاغا. 4- عوسمان ئاغای عومەر ئاغا. 5- نەجیب ئەفەندی فەتاح ئەفەندی.

وەفدی هەولێر: 1- عەبدولّلا ئەفەندی ئەلموفتی. 2- ئیبراهیم بەگ ئەلیوسف.

وەفدی کەرکوک: 1- حاجی محەممەد عەلی قیردار. 2- موظەفەر بەگ ئەلیەعقوبی. 3- جەمیل بەگ بابان (کفری). 4- محەممەد رەشید ئاغای هەمەوەند (چەمچەماڵ). 5- ئارا بەگ رەئیسی ئاوەە (چەمچەماڵ). 6- رەفعەت بەگ رەئیسی ئاوەە (چەمچەماڵ). 7- فارس بەگ رەئیسی ئاوەە (چەمچەماڵ). 8- نەجیب بەگ رەئیسی تالەبانی (چەمچەماڵ). 9- نوری ئەفەندی (مەسیحی). 10- ئیسحاق ئەفرایم (موسەوی).

موصل: 1- حازم شەمدین ئاغا. 2- شێخ حەبیب سەعید (میری شێخان). 3- شێخ غیاپەدین. (الزمان، ع 270، 1 ی 10 ی 1930)

2. 4. 45. شیعری شاعیران بۆ وەفدی کوردستان:

بێ کەس

"پێنج خشتەیەکی لەسەر شیعری پیرەمێرد"

قەدری میللەتتان بەجارێ شکان

نە حەیاتان ما نە ناوونیشان

باری تەعنەتان وا هاتە سەر شان

((وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان

هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان))

حاجی تووتنەکەت مادەم فرۆشرا

قیروسیا لە صەد کوشتن و هەرا

دەخیلە هەستە ڕێکەوە خێرا

((دەسکێ لەو گوڵەی باغەکەی سەرا

کەوا بە خوێنی لاوان ئاو درا))

تاقمێ ڕێکخەن زۆر بە پەرلاقی

بە بەزم و ڕەزم و ئاهەنگ و ساقی

بۆ ئەوەی بکەن دەفعی مەراقی

((بیبەنە بەردەم عەرشی عیراقی

بڵێن یار باقی و، هەم صوحبەت باقی))

نە بارانتان دێ، نە با ئەی فەقیر

نە لاوان کوژران بە گولە و شەستیر

نە پێی نازداران خرایە زنجیر

((پەردە و تارای سور بەرن بۆ ئەمیر

بلێین دوای کوشتار هێشتا تۆی دڵگیر؟))
هاوار بە ماڵم چیمان پێ کرا
لە چارەکێکا صەدمان لێ خرا
هێشتا خەڵاتیان ئەکەن بە بەرا
((دەک خەجاڵەت بن لە روی مەحشەرا
ئێمەش خاکی غەم ئەکەین بە سەرا))
قەت وا تێ نەگەن چاومان شکاوە
کوشتن و برین دائیم بۆ پیاوە
لەناو دۆشەکا کەی حەق سەنراوە؟
((خەیاڵتان خاوە. کورد نەفەوتاوە
بەراتی نەجات بە خوێن نوسراوە))
میللەت مەتینە عەزمی دانەوێ
لە غایەی بەرزی خۆی هەر ناکەوێ
لەت و پەت کرێ حوقوقی ئەوێ
((من رەنگی سورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەر ئەکەوێ!))
سلێمانی 1931

حەمدی

بۆ هەوا ئاڵۆزە بۆچی لێڵ و سورە ئاسمان؟
گێژەڵوکەی نەگبەتە یا فیتنەیی ئاخر زەمان
هەوری قەهری مەوجی دەریایی غەضەب دێنێتە جۆش
یا فوغان و دوکەڵی ئاهی هەناسە سەردەکان
رەنگی گوڵ بۆچی پەڕی. بولبول دڵی بۆچی شکا؟
ناکرێ ئەوەڵ بەهاری شادمانی بێ خەزان
بەفرە باریوە لەسەر بەختی رەشی خاکی وەتەن
یا بەدەم شەصتیرەوە مێشکی هەزارانە پڕژان
بۆ وەتەن زەرد هەڵگەراوە بەرگی سورە شین ئەکا؟
رەنگە ئەشکالی شەهیدی بێ ئەوامان دانیشان
وەک برێشکە قرچە قرچی جەرگی سک سوتاوە دێ
یا گورەی مەترە لۆزە قرمە قرمی طۆپەکان
ئەم هەمو لاوە ئەمامن نێژران لەم باغچەیە
ریشەی کوردایەتی بو یەعنی بۆمان نێژران
جەژنی قوربانە سلێمانی بە مەزبەح دانرا
کورد مەڕن بۆیە بەجارێ هەر لەوێدا سەربران
یان کە ئیبلیسی (علیه اللعنه) قاورمە بکا

کۆمەڵی ئینسان بەجارێ وانەبێ بکرێن لە جان
بۆ شەریفی کورد خەڵاتە هاتوە سەر تا بەپێ
یا کەڵەبچەی دەست و طە وقی گەردن و پێوەندیان
بۆچ مەغۆل هەڵساوە یاخو دەوری نەحسی جەنگیزە
قەتڵ و عامی ئەرمەنە یا حادیثەی ڕۆم و بەبان
ناوی خۆی نابو زەمانی میللەتی کورد خۆ ژیان
بۆچی بەستراوە زمانی وادەبێ ئاخر زەمان
بۆ ئەبو قەط ئەهلی حاڵێ دەربارێ بۆ نیە
ئەم وقوعاتە چ بو بۆچی کرا بیکا بەیان
چا وەطەن فەرموی لە پەردەی سینەما وەک (سینەما)
صورەتی گیراوە فەرمو بۆت بکا یەکسەر عەیان
جارێ تەئریخی بنوسە جا بگۆڕە قافیە
تا بەیاناتم بنوسێ لێت نەبێ حەرفێ نیهان
بێ هەزار ناوی سلێمانی بە تەئریخ (مشهد) ە
ئەم حسابە عاقیبەت ڕۆژێ دەبێ بیکا زەمان
مەقسەدی ئەصلی و ئەساسی هەر دوعاکەی پێشوە
ئێستە تیکراری بکە بەڵکە بکا مەبحەث ڕەوان
ڕەبی موی لێ بێ زمانی و پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

گۆران

"بە یادی شەشی ئەیلول. شەڕی بەر دەرکی سەراوە"
هەزارو نۆصەدو سی بو. شەشی ئەیلول کە ڕۆژ هەڵهات:
غریوی ویستنی حەق کەوتە ناو شاری سلێمانی:
(هەڵۆ بەگ) ئەو جوانەی پڕ دڵی بو بۆ وەتەن ئاوات.
لە پێش جەمعێکەوە تا بەرسەرا ڕوی هەڵمەتی هانی.
لەگەڵ یارانی ئەیوت: "ئەی حوکومەت! تا نەکەی تەثبیت
حوقووقی کوردەواری. نایەوێ کورد ئینتیخاباتت:
ئەوانەی بانگ کراون و تۆ بە بەقووەت دەوریان ئەگرت:
دەنێو قانزاج پەرستن. هیچ نەبێ پێیان موبالاتت!
ئەوانە کەی لە میللەت بون هەتا تەمسیلی ڕەئی کەن؟
حوکومەت! ئێمە کوردین. وا ئەڵێین: "نامانەوێ نوواب
کە ناوێنی غەرەز بگرن بە هەردو دەست. وەتەن بەردەن!
نەکی. مەشرووع نییە.. دەرکە لەسەر سەودایی ئینتیخاب!.."
ئەمە جوملەی قسەو ئامالی یارانی هەڵۆ بەگ بو.
نە نامەشرووعی تیا بو. نە تەجاوز بو بە ئەمنییەت..

کەچی عەسکەر بە مەترالیۆزەوە بۆ قەتڵی عام دەرچو؛
درایە بەر شەقەی شەستیر رجاو ئامالی میللییەت!
شەقەی شەستیرو قرچەی دەستریژو هەڵمەتی سونگی
بە خوێنی وردی بێ تاوان شەپۆلی خستە سەر جادە:
ئەما جوانێ کە سونگی ئەیسمیێ صەد کەرەت سنگی،
ئەما پیرێ لە ریزی گوللە بوبێ قەلبی ئازادە!...
هەڵۆ بەگ گوللەیی ئەووەڵ لە رانی دا، دووەم دەستی:
کە خۆی و قەومەکەی وادی، بە چەشنی شێر ئرکانی،
پەلاماری کە دا بۆ ضابطــێ: یەک زللە خێ خستی..
دەمانچەی سەند لە دەستی و ئاگری دا تاوەکوو توانی...
بەڵام فیشەک ئەما، هەر ضابط و یەک دو ئەفەر کەوتن..
لە پاشا عەسکەریش دەستریژی لێ کردو بەلادا هات:
لەسەر دەریای خوێن بو کەشتییی عومری بەرەو مردن
ئەچو، ئەیوت: خوا حافیظ، ئەوا ئەمرم وەتەن! هەیهات،
لە باوەشتا پشووی عومرم ئەدی تاوێ بە سەربەستی،
هەتا مردن زرەی زنجیری دیلی بو لە گەردنما،
ژیانم عارو ذیللەت بو لەژێر پێڵاوی دوشمنما،
بە خوێن بێ و، گڵ هەڵێ لووشێ، کەوابێ، هەیکەلی هەستی!...
خواکەی بولبولی باغی سەرا!.. هەرچەندە پاییزە،
بەخوێنی خۆم گوڵت بۆ ئاو ئەدەم، سا بۆم بلاوێنە!
لەگەڵ ئەو جوانە پاکانەی لە دەورم مەیتیان ریزە
لە خوێنا وێنە شێواوێن، بە دایکمان بناسێنە!...
بڵێ بەو بوکی تازەی یەک شەوەم گەر هاتە سەر ئەعشم،
ئەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لەرێی عەشقی منا ئەژیا..
وەزیفەم بو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم:
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژیا!...
ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت هەتیوێ، پێی بڵێ: رۆڵە
لە من فرمێسکی ویست باوکت، لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە!

هەڵەبجە، ئەیلوولی 1932

شێخ سلام: بۆ کۆمەڵی ئەقوام (عصبة الامم) تەرجیع بەند

-1-

(عصبة الامم) کۆمەڵی گەورە
بە پێچ و پەنا، بە فێڵ و دەورە
لە دور بە دور بۆ حەقی کوردان
تەکانت ئەدا خۆت دانەشرنگان

به جۆش و کوڵ بوی بۆ کوردی هەژار
ئەتگوت ئەم قەومە ئەکەم رستگار
لوجنەی ئینتیباب مەرەخەسی هات
گەرا کەشفی کرد سەراسەر وڵات!
ئەگەر راست ئەکەی هەڵی سورێنە
بەس بۆ سیاسەت هەڵمان پەرێنە
تەریق نابێتو تۆ چیت پێ ئەکەن
(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسن)

-2-

بۆ ئەقەلیات کەوتیتە سەما
خزمی ئەستووریت لە کوێ بنیات نا؟
هەر بە هیچ و پووچ بەم دەنگو باسە
تۆ خوێنی کوردت بۆ کردە کاسە؟
هەر چوار دەورمان لێ بو بەدوژمن
ئێران و تورک و....
نفووسی ئێمە کەم ئەکەیتەوە!
وەها ئەستووری رێک ئەخەیتەوە؟
لە عدالەتا کەی ئەمە دەنبە؟
یاخو هەر شێوەو ئوصووڵی غەربە!
کۆمەڵی درۆ. جیگەی مەکرو فەن
(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن)

-3-

خۆ تۆ وەصی بوی، ئەقوام بون هەتیو
دەمی کوردت کرد بە تەڵەی تەقیو
غایە ئاسوری ناوی کورد بردن
لایەق بە خۆتە پێچ و ناو ئاخن
تا تۆ ئەگەرای بە ناومانا
دەستمان گرتبو بە کڵاومانا
بۆچ کوردت فەوتان بەم بەدوباوە
ئێستەش لە جێنوە خۆت مەڵاس داوە
مەنشەئی فیتنە کۆمەڵی تەزویر
وا ئەدەی حەقی ئەقوامی (صغیر)؟
کارخانەی فەساد کۆمەڵی میحەن
(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن)

-4-

لە عەدالەتتان واقم ورماوە
لە سیاسەتتان سەرم سوورماوە
خوێنی ملیۆنێ کورد ئەڕژێنێ
بۆ ئەوەی تۆزێ تورک بترسێنێ
خوێنی مەزڵومی کوردی روت و قووت
حەڵاڵە لەلای.....
لە سلێمانی جادەی بە ر سەرا
بە خوێناوی کورد ئاوڕشێن کرا
تۆ ئەبێ ئایکا دوژمن بە دوژمن
حەق بۆ دەستووری ئێمە بۆ کوشتن
چۆن عاجز نابێ لەم خوێن ڕشتنە
لەلای تۆ ئەڵبەت حقووق کوشتنە
ناترسێ تەئریخ لەعنەت بکەن
(کوتەکی دەستی میستەر هەندرسەن)

بێکەس: ئەی وەتەن

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە
وەختی بەندیی و دەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لە ئیکرو فیکری تۆ غافڵ نەبوم وا تێ ئەگەی
حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لە بیر بردۆتەوە
بەو خودایەی بێ شەریک و لامەکان و واحیدە
عەشقی تۆ ئەوعێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە
ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاوی بڕژێنیتە سەر
قەت. ئەگرو گڵپەو بڵێسەی تا ئەبەد ئەکوژێتەوە
باسی مەحزوونیو کەساسیی خۆت ئەکەیت توخوا وەتەن
چونکە بەو باسە برین و زامەکەم ئەکولێتەوە
ماتەمینی تا بەکەی. دەی پێ کەنەو سەر هەڵبڕە
موفتەخیر بە شوهرەتت وا عالەمی گرتۆتەوە
ئەگبەتی لاچو سەعادەت بۆتە پشتیوانی تۆ
کەوکەبی بەخت و فریشتەت بەرزە ئەدرەوشێتەوە
گەرچی بەینێکە زەلیل و دیلی دەستی زاڵمی
نۆبەتی شادیتە ئەمجا ئاحەزت بتلێتەوە
لافی میللی بیەت بەدەم لەم عەسرەدا کەڵکی نییە
رۆژی هەوڵە هەر بەهیممەت گۆی هونەر ئەبرێتەوە
بێ قسورە چەند جەسورە صەد شوکر ئەولادەکەت

وا لە ڕێی تۆدا لە خوێنا سەیری چۆن ئەتلێتەوە
بەسیە طەعنەم لێ مەدە هەر ڕۆڵەکەی جارانتم
هێندە حیلمت بێ هەتاکو دەست و پێم ئەکرێتەوە
شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا
دوژمنت پەت بکەم وەکوو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە...

ئەخۆڵ: ئەیلولی خوێناوی

بەجارێ ماڵی وێرانم سلێمانی خرۆشاوە
بەسەر هیچ کەس نەیە خوایە ئەوەی لەم شارە قەوماوە
بەیانی بوو شەشی ئەیلوول لەناکاو گوللە وەک باران
ئەباری بۆ قڕی میللەت. ئەوی پیرو ئەوی لاوە
بەدەم شەستیرەوە لاشە وەکو زۆربەی گەڵاڕێزان
لە ڕێدا عەینی ئەتوت بەردەبازی جۆگەلەی ئاوە
لەبەر دەرکی سەرا دیارە لە هەر لایەک تەماشاکەی
سەراسەر پڕ لە لاشەی مردوە شێلراوە کوژراوە
لەهەر کووچەو پەنایەک دا تەڕی‌و سوریت ببینیایە
ئەوە خوێن و سروشکی دایک و جوانان بو کە ڕێژراوە
لەکام ماڵ گوێت ئەگرت هەر باوکە ڕۆ بو ڕۆڵە ڕۆو کاکە
لەکوێ سەیرت ئەکرت لاشەیە و تێکەڵ بە خوێناوە
ئەوەی دوێنێ جگەر گۆشەو عەزیزی باب و دایک بو
ئەوا ئەمڕۆ لەژێر خاکا شەهیدە بوو چاوی لێک ناوە
دەمەو ئێوارە ئەتڕوانی بە وێنە ی ڕێچکە ی مێرووڵە:
بەریز تابوتی کوژراوان بەرەو سەیوان ملی ناوە
چەقینێکە چە زوڵمێکە؟ چە کوشتارو برینێکە؟؟
ئەبێ قەت بیر نەچێ هەرگیز هەتا کورد زیندوەو ماوە

3. تێهەڵچونەوەی شێخ مەحمود

3. 1. هەوڵدانی ئینگلیزی-عیراقی بۆ بێلایەن کردنی

تا ئەو کاتە شێخ مەحمود لەسەر سنوری ئێران لە گونـدی پیـران بـە گۆشـەگیری دانیشـت بـو. شـێخ مەحمود دەستی لە روداوەکەی بەرنەرکی سەرای سلێمانی‌دا نەبو. هەروەها لە چالاکی‌یەکانی هەینەتی وەتەنیـەو جموجۆڵی ئەو رۆژانەدا بێ دەنگ و تەماشاکەر بو. مەیدانی بۆ ئەوان چۆڵ کرد بو بـە شـێوەی خۆیـان کـار بکەن و دەستی نەئەخستە کارەکانیانەوە.

دوای کوشتاری 6 ی ئەیلول. کەسوکاری هەندێ لە کوژراوەکان. جلی خویناوی کوژراوەکانیان برد بـو بۆ شێخ مەحمود و داوایان لێ کرد بو تۆڵەی خوێنی بە ناهەق رژاوی کورەکانیان بسێنێتەوە. دیارە حکومەت بەم هاندانەی زانیوە. بۆیە وەزیری کاروباری ناوخۆی عیراق 4 رۆژ دوای روداوەکە. نوسـراوێکی ئاراسـتەی شێخ مەحمود کردوە. داوای لێ ئەکا کە بە درۆ و دەلەسەی ئەوانە فریو نـەخوا. کـاری نـەکا پێچەوانـەی ئـەو بەڵێنانە بێ کە لە 1927 دا بە حکومەتی داون.

مەندوبی سامی و کاربەدەستانی عیراق داوایان لە شێخ مەحمود کرد دەسـبەجێ ئـەرزی عیـراق بـەجێ بهێڵێ و بگەرێتەوە ئەو گوندەی لە ئێران لێی دانیشت بو. لە هەمان کاتدا هەرەشەیان لـێ کردبـو کـە ئەگـەر گوێرایـەڵی فەرمانـەکانی حکومـەت نـەبێ. (ئیجرانـات) ی بەرامبـەر وەر نـەگیرێ. هـەروەهـا هەرەشـەیان لـە دێهاتەکان کرد هەر دێیەک یارمەتی یا داڵدەی بدا. بۆردومان ئەکرێ.

شێخ مەحمود گوێی نەدایە ئەم هەرەشانە. درێژەی دا بە جوڵانەوەکەی. پیرانی بەرەو شارباژێر بـەجێ هێشت و. کەوتە خۆپیشاندانی چەکدار و چالاکی سیاسی. دەستی کـردەوە بـە پێوەنـدیی فـراوان لە گـەڵ سەرانی ئێڵەکانی کورد و داوای لێ کردن بۆ سەندنی مـافی کـورد هاوکـاری بکـەن. بـەوەی پـاڵ بدەنـە پـاڵ جوڵانەوەکەیەوە. یان بەوەی مەزبەتە بنوسن بۆ کۆمەڵەی گەلان.

سێ ئەفسەری کورد: مەحمود جەودەت. حامید جەودەت. کامیل حەسەن. ریزی جەیشی عیراقی و. هەندێ لە قوتابی و گەنجـەکانی سـلێمانی شـاریان بـەجێ هێشـت و دایانـە پـاڵ جوڵانەوەکـەی شـێخ مەحمود.

3. 2. چالاکی‌یەکانی

شێخ مەحمود کەوتە خۆپیشاندانی چەکدار و کۆکردنەوەی هێز. لە هەمان کاتدا زنجیرەیەک نامەی نوسی بۆ موفەتیشی ئیداری سلێمانی، بۆ مەندوبی سامی بریتانی لە بەغداد و بۆ کۆمەڵەی گەلان.

لە نامەکانیدا باسی کوشتارەکەی سلێمانی و، گرتنی ڕۆشنبیر و ئەشرافی کورد و ڕەفتاری خراپی حکومەتی عەرەبی ئەکا. داوا ئەکا داوودەزگای مەدەنی و سپایی عەرەب لە زاخۆوە هەتا خانەقین بکێشرێتەوە، کاروباری ناوچەکە بدرێتە دەس حکومەتێکی کوردی لەژێر چاودێری بریتانیا یان هەر ئەندامێکی تری کۆمەڵەی گەلان. گرنگترینیان ئەو نامەیەیە کە بۆ کۆمەڵەی گەلانی ناردوە.

3. 3. لەشکرکێشی‌ی عیراق

3. 3. 1. هەڵوێستی بریتانی

ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بۆ سەرکوتکردنی شێخ مەحمود لەشکرکێشی بکات. داوا یشی لە بریتانیا کرد یارمەتی بدا. جەیشی عیراقی و پۆلیسی لیڤی لە شارباژێڕەوە دەستیان کرد بە پەلاماردانی و هێزی ئاسمانی بریتانیا یش کەوتە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئەو ئێلیانەی کە هێزەکانی شێخی لێ بو. ئاسارامی ناوچەکانی پێنجوێن، چوارتا، هەڵەبجە، شارەزور، دۆڵی سورداش، دەربەندیخان، قەرەداغ... گرتەوە. بەم لەشکرکێشیانە نەیانتوانی شێخ مەحمود بگرن یا شکستی پێ بدەن، چالاکی‌یەکانی درێژەیان کێشا.

لە 12 ی کانونی دوەمی 1931 دا لە بارەگای مەندوبی سامی بریتانی لە بەغداد، بە ئامادەبونی نوری سەعید، کۆنفرەنسێک بەسترا کە مەندوبی سامی، مێجەر یۆنگ، کۆرنوالیس و هەندێ ئەفسەری بریتانی بەشداری بون. ئەگەرچی بیروڕای نوری سەعید و مەندوبی سامی سەبارەت بە سەرکوتکردنی شێخ مەحمود یەک بو، بەڵام لەسەر جۆری ڕەفتار لە گەڵ کێشەکەدا جیاواز بو.

ئەندامێتی عیراق لە کۆمەڵەی گەلاندا، بوبو بە گرێیەکی دەرونی سیاسی‌یەکانی عەرەب لە عیراق دا. پێیان وابو بەمە دەرگای بەهەشتیان بۆ ئەکرێتەوە. لە بەر ئەوە لە هەمو گفتوگۆکانیاندا لە گەڵ ئینگلیز، هەمیشە ئەم باسەیان وەکو یەکێ لە باسە سەرەکی‌یەکانی خۆیان ئەهێنایە کایەوە. ئینگلیز خەریک بو ڕێگەی بۆ عیراق تەخت ئەکرد بێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان. بۆ ئەمە یش ئەبو ئەو گرەنتیانەی بە کورد درا بون، جێبەجێ بکرێن. کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ ئەوەی ناوبانگی عیراق لای ئەندامانی کۆمەڵەی گەلان نەشێوێ و، پەلاماردانی شێخ مەحمود نەبێتە هۆی تاوانبار کردنی حکومەتی عیراق بە "سەرکوتکردنی هەستی نەتەوەیی کورد" و تەگەرە لێدانی ئەندامێتی‌یەکەی، ئەیان ویست حکومەتی عیراق لە پاڵ لەشکرکێشی‌یدا بۆ سەر شێخ مەحمود، هەندێ هەنگاو یش لە بواری سەلماندنی مافەکانی کوردا بنێ، بەتایبەتی ناسینی ڕەسمی‌ی زمانی کوردی. نوری سەعید و هاوبیرەکانی پێیان وابو ئەمە هاندانی کوردە!

3. 3. 2. ڕاستکردنەوەی ڕەئیەکی چەوت

(عبدالرزاق احمد النصيري: ل239) لە نامەی ماجستێرەکەیدا نوسیویتی: نوری سەعید داوای لە بریتانیا کرد هێزی ئاسمانی بەکار بهێنێ دژی شێخ مەحمود، بەڵام بریتانیا خۆی گنخاند تا لە 24 ی ئازاردا عیراق ڕێکەوتنی ئیمتیازی نەوتی مۆر کرد. ئینجا هێزی ئاسمانی بریتانیا لە 28 ی ئازاردا کەوتە پەلاماردانی شێخ مەحمود. ئەم بۆچونەی نوسەر ڕاست نیە. چونکە:

1. هەر لەو کاتەوە کە شێخ مەحمود پیرانی بەجێ هێشت، کاربەدەستانی بریتانی چ موفەتیشی ئیداری سلێمانی و چ مەندوبی سامی لە بەغداد گەفیان لێ کرد. داوایان لێ نە کرد پێ نەنێتە ئەرزی عێراقەوە و دەس نەخاتە کاروباری حکومەتەوە. هەر لەسەر ئەوە یش ئامادە نەبون هیچ نامەکارییەکی لە گەڵ بکەن.

2. لەشکرکێشی عیراق بە پێی راگەیانندنە رەسمییەکانی (ملاحظة المطبوعات) لە 8 ی تشرینی دوەمی 1930 موە دەستی پێ کردوە. ئەگەرچی بەپێی راگەیانندنەکانی دواتر راوتان بەردەوام بوە. بەڵام بە هۆی خراپی هەوای زستان و سەختی ناوچەکەوە پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان بە دەس نەهێناوە. رەنگە فرۆکە یش هەر لە بەر ئەو هۆیە، یاخود لەبەر ئەگونجاوی پلانە جەنگییەکانی جەیشی عیراق، بەشداری نەکردبێ. ئەگینا لە مانگی یەکەمی ساڵی 1931 موە هێزی ئاسمانی بریتانی چالاکانە بەشداری شەرەکانی کردوە (بروانە بەڵگەی ژمارە 7 ی بەڵگەکانی ئەم بەشە)

3. نوری سەعید لەکاتی گفتوگۆکانیدا لە تورکیا لە ئەیلولی 1930 دا کە گلەیی دواکەوتنی ئەو رێکەوتنە ئەوتییەی لێ ئەکەن. ئەڵێ 10 قاتی ئێوە ئێمە پەلەی بەستنیمانە. لەو کاتەدا شێخ مەحمود بە گۆشەگیری دانیشت بو.

3. 3. 3. دەنگدانەوەی لە کابینەو پارلەماندا

کێشەی شێخ مەحمود بو بە گرنگترین پەژارەی حکومەتی عیراق. بەشی چاپەمەنی راگەیاندنی لەسەر جوڵانەوەکانی جەیش بڵاو ئەکردەوە. رۆژنامەکانی بەغداد لێی ئەدوان. ئەم باسە لە ئەنجومەنی وەزیران و لە مەجلیسی نواب و ئەعیان دا باس ئەکرا. هەردوکیان لەوە نائومێد بون کە کێشەی شێخ مەحمود بە شەڕ کۆتایی بێ. ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبونەوەی 24 ی 3 ی 1931 دا یەکێ لە بڕیارەکانی کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دابوی، ئەوە بو: ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن. مەلیک فەیسەڵ ئەم بڕیارەی قوبوڵ نەکرد. چونکە لای وابو بە نیشانەی لاوازی حکومەت لێک ئەدرێتەوە.

لە مەجلیسی ئەعیان یشدا کە داوای زیادکردنی بودجەی ئاسایش و سازدانی چەند سەد پۆلیسێکی ئیسترسوار کرا. ئەگەرچی هەندێ لە عەینەکان لە هەڵوێست دا توندوتیژ بون بۆ دامرکاندنەوەی هەرچی خێراتری شۆڕشەکەی شێخ مەحمود. بەڵام هەندێکیان لایەنگری پێشاندانی نەرمی و چارەسەری کێشەکە بون بە رێگای لە یەک گەیشتن. لەم بارەیەوە یەکێ لە عەینەکان وتویەتی: "... یاخیبونەکەی شێخ مەحمود لە ناوچەکانی سلێمانیدا لەم پێنج شەش مانگەدا روداوێک نیە ئەمڕۆ قەوما بێ. بەڵکو روداوێکی کۆنە و نەمانتوانیوە لەم کابرایە بسرەوێنین... من راستیی چۆنیەتی کێشەی ئەم کابرایە نازانم ئاخۆ کێشەیەکی شەخسییە یان سیاسی. ئەگەر کێشەکە سیاسییە تکا لە حکومەتی بەڕێز ئەکەم لە گەڵ ئەم پیاوە و لە گەڵ ئەوانەی لەگەڵین لە یەک بگەن. ئەگەر کێشەی حقوقییە وەڵامی بدرێتەوە. تا کەی دەستەوسان رابوەستین و ئەم پارەیە بە خۆرایی سەرف بکرێ. تکای خۆم لە حکومەت دوبارە ئەکەمەوە ئەم کێشەیە تاوتوێ بکا، ئەگەر لە توانای حکومەتدا نیە بیکوژێنێتەوە با رای بگەیەنێ کە ناتوانێ".

عەینێکی تر یش ئەڵێ: "... ناتوانم لە کێشەی شێخ مەحمود تێ بگەم. لە هەمو هەڵێکدا بەرگری ئەکا و هێمن ئەبێتەوە. پەیمانێ یا رێککەوتنی ئەوت دێتە کایەوە، شێخ مەحمود رائەپەڕێ. بۆیە ئەبێ لە پێش هەمو شتێکدا شێخ مەحمود لە کۆڵ بکەینەوە، یا سەربەخۆیی بدەینێ یان راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لە گەڵی تێک بگەین".

بەم پێیە ئەگەر شێخ مەحمود بیتوانیایە درێژە بە جوڵانەوەکەی بدا، لەوانە بو حکومەتی عیراق ناچار ببوایە نەرمی لە گەڵ بنوێنێ و، گفتوگۆی لە گەڵ بکا.

3. 4. کەلەکۆمەکێی سێ قوڵی

ئێران لە 1929 دا بە ڕەسمی دانی بە دەوڵەتی عیراقدا نا، پێوەندی دیپلۆماسییان دامەزراند. بریتانیا نفوزی خۆی لەلای ئێران بەکارهێنا بۆ ئەوەی هاوئاهەنگی لە گەڵ جەیشی عیراقیدا بکا بۆ سەرکوتکردنی جوڵانەوەکەی شێخ مەحمود. ئێران قایل بوو. بۆ ئەو مەبەستە موفەتیشی نیداری هەینەتی ئەرکانی عیراق کە ئەفسەرێکی ئینگلیز بو. وە سەرکردەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی جەیشی عیراقی، چون بۆ مەریوان. لە گەڵ فەرماندەکانی ئەرتەشی ئێران پێک هاتن کە ڕۆژی 14 ی 4 ی 1931 لەشکرکێشیی هاوبەش دژی شێخ مەحمود دەس پێ بکەن.

ئەمە یەکەمین جار بو جەیشی عیراق و ئەرتەشی ئێران هاوئاهەنگی جەنگیی بکەن. ئەمە بو بە سەرەتایەک بۆ کاری لەوە دوایان. ساڵی دواتر کە ئەرتەشی ئێران چوە سەر جەعفەر سوڵتان، جەیشی عیراق لەسەر داوای ئێران بۆ هاوئاهەنگی هێزی ناردە سەر سنور بۆ ئەوەی ڕێگەی پەڕینەوەی لێ بگرێ.

3. 5. خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحمود: کۆتایی قۆناغێک

هەروەکو عیراق تەنگاو بوبو، شێخ مەحمود یش گیروگرفتی جدی هەبو. حیزب یا ڕێکخراوێکی سیاسی نەبو پشتیوانی لێ بکا. دەوڵەتێکی دۆستی نەبو یارمەتی بدا یان لە سەری هەڵبداتێ. ئەوەی هەیبو هەر ناوروناوبانگی خۆی و ئەو دەرامەتە داراییە کەمە بو کە هی موڵکەکانی خۆی بو. هێرشی بەردەوامی فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی بریتانی یش تەنگیان پێ هەڵچنی بو. ئەچو بۆ هەر کوێیەک لە کۆڵی نە ئەبونەوە. جوڵانەوەکەیشی لە ناوچەیەکی تەسکی سلیمانیدا قەتیس مابو. نەی تەنیوە بۆ کەرکوک، هەولێر، بادینان. تەنانەت شێخ ئەحمەدی بارزانی کە لەو کاتەدا حکومەتی عیراق بە یاخی دا ئەنا، خەریک بو ڕێوشوێنی سەرکوتکردنی دا ئەنا. نە هیچ هاوکاری یان هاوئاهەنگییەکی لە گەڵی هەبو. نە ئامانجی سیاسی شۆڕشەکەیشی وەکو ئەو بو. ئەمانە سەرەرای گیروگرفتی لۆجستیکی، نەبونی سەرچاوەی چەک و پارە و خواردن.

شێخ مەحمود هێزەکانی گوێزایەوە گەرمیان. لەوەیش مەبەستی ئەوە بو گوشار بخاتە سەر کەرکوک و، ئەگەر بتوانێ کەرکوک بگرێ. هێزی ئاسمانیی بریتانی بێ پسانەوە و، هێزی زەمینیی جەیش و هێزی پۆلیسی سوارە و هێزی لیڤی بە دوایەوە بون. لە گوندی ئاوباریک فرسەتیان لێ هێناو پەلاماریان دا. شێخ مەحمود لەم شەڕەدا نەک هەر شکا، بەڵکو لە مەسەلەی کاری چەکدار نائومێد بو.

هێزەکانی شێخ مەحمود لە گەڵ هێزەکانی عیراق و بریتانیا زۆر نابەرامبەر بون. جگە لەوە یش عەشایەری هاودەنگی شێخ وەکو بەڵێنیان پێدابو، بە دەنگیەوە نەئەهاتن. کەچی عەشایەری لایەنگری حکومەت کەوتنە چەک هەڵگرتن دژی جوڵانەوەکە. شێخ مەحمود گەڕایەوە ناوچەی سنور، بەڵام ئەمجارە حکومەتی ئێرانی یش هێزەکانی خۆی لە مەریوانەوە هێنا بوە سەر سنور، خۆیان ئامادە کرد بو بۆ لەشکرکێشیی هاوبەش.

شێخ مەحمود کەوت بوە نێوان دو بەرداشەوە و بەرەنگاری بە بێهودە ئەزانی. بەتایبەتی دوای ئەوە لای وادبو ئەو ئیتر ئەرکی نەتەوەیی خۆی بەجێ هێناوە، پەیامی گەلەکەی بە گەلانی جیهان گەیاندوە، بڕیاری خۆ بەدەستەوەدانی دا.

شێخ مەحمود کە لە مانگی ئەیلولەوە دەستی کرد بوەوە بە شۆڕشی چەکدار، لە 13 ی 4 ی 1931 دا لە پێنجوێن خۆی بە دەستەوە دا، هەر لەوێوە بە فرۆکە گوێزایانەوە بۆ خواروی عیراق و لە سەماوە دایان نیشاند. بە خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحمود، ئیتر تۆماری خەباتی سیاسی– چەکداری کورد لەو قۆناغەدا پێچرایەوە. بانگی سەربەخۆیی کوردستان و داوای دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆی کوردی، بە یەکجاری خنکا.

3. 6. بەڵگەکانی: تێهەڵچوونەوەی شێخ مەحمود

3. 6. 1. بەشی نامەنوسیی نهێنی

س ی 2980

رۆژی 10 ی ئەیلولی 1930

بەرێز جەنابی شێخ مەحمود

سڵاوو رێز

ئەبێ هەواڵی ئەوەتان پێ گەیشتبێ کە هەندێ ئەزان لە شاری سلێمانی لە 6 ی ئەم مانگەدا بە بۆنەی هەڵبژاردنی هەیئەی تەفتیشەوە ئەو دەستدرێژییەی لەلایەن ئەوانەوە کراوەتە سەر هێزەکانی پۆلیس و جەیش کە حکومەتی ناچار کردوە رێوشوێنی ئەمن کردنی ئەو ناژاوەگێرانە دابنێ کە بەرپرسی ئەم کارە داخدارەن. هێشتا لێکۆڵینەوە لە گەڵ ئەوانی تریان بەردەوامە. ئاسایش لەپاش چەند دەقیقەیەک گەڕاوەتەوە شار و شتێ ئەقاوماوە بیشێوێنێ.

پێیان راگەیاندین هەندێ ناژاوەگێڕ کە پیشەیان دروستکردنی گیروگرفتە. هەوڵ ئەدەن هەواڵ هەڵبەستن و هانتان بدەن بۆ کردنی کاری پێچەوانەی ئارەزوی حکومەت و پێچەوانەی مەرجەکانی ئەو رێککەوتنەی لە 19 ی 1 ی 1927 دا لەگەڵتان کراوە. ئێمە باوەڕمان بە لێزانی و هەڵوێستی دروستتان هەیە. باوەڕ ناکەین شوێن هەوڵی هەندێ پیاوخراپ بکەون. بۆیە ئەم نامەیەمان بۆ ناردن داوای خۆ لادانتان لێ بکەین لە هەرشتێ کە هێمنیی و ئاسایشی گشتی تێک ئەدا و مەرجەکانی رێککەوتنی گۆڕین هەڵئەوەشێنێ. بەمەش دڵسۆزی خۆتان بۆ حکومەت ئەسەلمێنن و بەڵێنەکانتان بەجێ ئەهێنن. لەگەڵ ئەوپەڕی رێزدا. وەزیری ناوخۆ جەمیل مەدفعی (عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية. ص 74)

3. 6. 2. وەزارەتی داخلیە

ژمارە: س/ 2513

رۆژ: 20 ی 10 ی 1930

بۆ شێخ مەحمود ئەفەندی

بە پێی ئەو موقاوەلەیەی کە لە 1927 دا ئیمزاتان کردوە بۆ مەوادی خوارەوە تەعەهودتان کردوە:

1. خۆت و کوڕەکانت و ژنەکانت و فاتمە خانی خوشکت لە دێیەک دا دانیشن کە خاریجی حدودی عیراق بێت.

2. خۆت و ئەو کەسانەی لە فەقەرەی یەکەم دا زیکر کراوە. بێ ئیزن و موساعەدەی حکومەت داخلی مەملەکەتی عیراق نەبن.

3. نە خۆت و نە هیچ کەس لەو شەخصانەی لەسەرەوە زیکر کراون. بە هیچ نەوعێ نە لە لیوای سلێمانیو نە لە جێگایەکی تردا لە عیراق دا موداخەلەی ئیدارەی حکومەتی عیراق نەکەن. بۆ ئەم مەقسەدە خەڵقی تر تەشویق نەکەن و چە خۆت و چە ئەوان لە هەمو مەسائیلێکی سیاسیە کە عەلاقەی بە عیراقەوە بێ. لە موداخەلە کردنی ئیجتیناب بکەن.

کەزالیکە موافەقەت کرا کە ئەگەر خۆت وە یا هەر کام لەو شەخصانەی کە بەحسیان کرا. لە هەر وەقتێک دا یەکێ لەم شەرتانەیان بەجێ نەهێنا. حکومەتی عیراق هیچ مەسئولیەتێکی بەسەرەوە نەمێنێ و هەر ئیجرائاتێ بە لازمی بزانێ بۆ ئیتیخاز کردنی سەربەست بێ.

ئەگەرچی لە 10 ی ئەیلول دا لە تەرەف فەخامەتمەئاب موعتەمیدی سامی و وەزیری داخلیەوە ئەو تەعەوهدانەی کە داوتانە بە حکومەتی عیراق هێنرایەوە بیرتان. ئەگەرچی تەوصیە کران لە کەمالی سکونەت دا لە دێی پیران دا بمیننەوە. ئێوە گوێتان نەدایە ئەو ئیختارانە و بێ ئیزن داخلی خاکی عیراق بون.

دیسانەوە وەکیلی موتەسەڕیفی سلێمانی لە کاغەزی 18 ی ئەیلول دا ئیخباری کردن کە ئێوە موغایری ئارەزوی فەخامەتمەئابان مەندوبی سامی و وەزیری داخلیە حەرەکەت ئەکەن و شەرایتی ئەو ئیتیفاقنامەیەی کە ئیمزاتان کردوە، شکاندوتانە و بۆی نوسین کە بۆ ئەو دێیە کە خاریجی حدودی عیراقە. فەورەن عەودەت بکەنەوە و ئەو 3 زابتە کوردە کە لە جەیشی عیراق رایان کردوە و زانرا بو کە لەلای ئێوەن. تەسلیمیان بکەنەوە.

ئەم ئەوامیرەی کە وەرتان گرت. دیسانەوە خستانە گوشەی نسیانەوە و لەو وەختەوە بەو غایەی کە شۆڕش بەرپا بکەن. لە مەناتیقی لیوای سلێمانیدا ئەسوڕێنەوە.

لە 2 ی تشرینی ئەوەل دا تەکلیفی موفەتیشی ئیداری سلێمانیتان کردوە کە لە شارباژێردا مولاقاتتان بکا و موفەتیشی موما ئیلەیهی جوابی داوە کە لەبەر ئەوەی بەبێ ئیزنی حکومەت داخلی خاکی عیراق بون و لەبەر ئەوەی ئیتاعەتی ئەو ئیختارات و ئەوامیرەیان نەکردوە کە تەوجیهتان کراوە مومکین نابێ کە مولاقاتتان بکات و دیسانەوە تەبلیغتان کرا کە بێلا تەئخیر بۆ پیران بگەڕێنەوە.

وا ئێستا عەینی ئەوامیرتان بۆ تیکرار ئەکەمەوە کە بۆ پیران عەودەت بکەنەوە و ئیختارتان ئەکەم بە گەیشتنی ئەم کاغەزە ئەگەر دەستبەجێ ئیتاعەتی ئەوامیری سالیفولزیکر نەکەن لە حەق خۆتان و ئەتباعتان ئیجرائاتی ئیتیخاز ئەکرێ و هەر ئەملاکێکتان لەم مەملەکەتەدا بێ موستەحەقی موصادەرە ئەبێ. وەزیری داخلیە. (ژیان، ژ262، 6 ی تشرینی دوەمی 1930)

3. 6. 3. ئیدارەی موعتەمیدی سامی لە عیراق

تاریخ 20 تشرینی ئەوەلی 1930

بۆ شێخ مەحمود ئەفەندی

سەلەفی من چەند کاغەزێکی لە ئێوەوە وەرگرتوە بەڵام هەتا لە خاکی عیراق ئەچنە دەرەوە و ئەو تەعەهودانەی کە کردوتانە و لە ئیتیفاقنامەی ساڵی 1927 دا ئیمزاتان کردوە بە جێ نەهێنن پێم ناکرێ موخابەرەتان لەگەڵ بکەم.

دیارە دەرخاتری ئەکەن کە یەکێ لە شەرایتی ئیتیفاقنامەی مەزکور ئەوە بو کە بێ ئیزنی حکومەت داخلی عیراق نەبن و بە هیچ کلۆجێ دەخلتان بەسەر ئیدارەوە نەبێ کە حکومەتی عیراق لە لیوای سلێمانی وە یا لە جێگایەکی تری عیراق تەعقیبی ئەکات و بۆ مەقسەدێکی وەها کەسی تر تەشویق ئەکەن و لە مەسائیلی سیاسیەی عیراق خۆتان دور بگرن.

ئێوە بەو ئیختاراتە کە تەوجیهتان کراوە ئیتاعەتتان ئەکردوە و گوێتان نەداوەتە ئەو نەصیحەتانە کە لە تەرەف فەخامەتمەئابان و وەکیلی مەندوبی سامی و وەزیری داخلیەوە لە کاغەزی رۆژی 10 ی ئەیلولی 1930بۆتان نوسراوە و دیسان موخالەفەتی ئەوامیری وەکیلی موتەسەڕیفی سلێمانیشتان کردوە کە بە تاریخی 18 ی ئەیلولی 1930بۆی ناردون و لەو کاغەزەدا ئەمری پێ کردبون کە ئەبێ دەرحاڵ لە ئەرازی عیراق بچنە دەرەوە وا ئێستا منیش ئەمەوێ ئیشراکی ئەو ئەمرانە بکەم کە لە تەرەف وەزیری داخلیەوە بە ئێوە دراوە بۆ ئەوەی کە فەورەن لە خاکی عیراق بچنە دەرەوە و ئیتر واز لە موداخەلە کردنی ئوموری حکومەتی عیراق بهێنن و بەم واسیتەیەوە ئیختاراتان ئەکەم کە عەدەم ئیتاعەت بەم ئەمرانە ئەبێتە موجیبی عاقیبەتێکی وەخیمە بۆ خۆتان و تەرەفدارانتان. مەندوبی سامی عیراق.

(ژیان، ژ262، 6 ی تشرینی دوەمی 1930)

3. 6. 4. بەیاننامە بۆ کوردەکانی لیوای سلێمانی

بە پێی ئیتیفاقنامەیەک کە لە ساڵی 1927 دا ئیمزای کردوە شێخ مەحمود تەعەهودی کرد بو کە لە دێیەک دا لە خاریجی حدودی عیراق دا ئیقامەت بکاو بەبێ ئیزنی حکومەتی داخلی عیراق نەبێتەوە و بە هیچ وەسیلەیەک نە لە لیوای سلێمانی و نە لە هیچ جێگایەکی تری عیراق دا موداخەلەی ئیدارەی حکومەتی عیراق نەکا.

شێخ مەحمود ئەم شەرطانەی هەمو شکاندەوە و هەرچەند ئەمری پێ کراوە کە خاکی عیراق بەجێ بهێڵێ ئیتاعەتی ئەو ئەمرانەی نەکردوە کە دراوێتێ و لەم چەند هەفتەی رابوردوەدا لە مەناتیقی لیوای سلێمانیدا دەستی پێ کردوە کە لە ضیدی حکومەت شۆرش بەرپا بکا.

لەبەر ئەوە ئەمری پێ کراوە فەورەن خاکی عیراق بەجێ بهێڵێ و ئەگەر ئیتاعەتی ئەم ئەمرە نەکا لە حەقی خۆی و ئەتباعی ئیجرائاتی لازمە ئیتیخاذ ئەکرێ.

بینائەن عەلەیهی وا ئیخطارتان ئەکەین کە هەر کەس پەنا بدا بە شێخ مەحمود و ئەتباعی وە یا موعاوەنەتیان بکا خۆی توشی جەزای شەدید ئەکا. 20 ی 10 ی 1930. (ژیان. ژ262. 6ی تشرینی دوەمی 1930)

3. 6. 5. بەیان لە (ملاحظیة المطبوعات) ەوە 12 ی 11 ی 1930

حکومەتی عیراقی هێزێکی جەیشی لە سلێمانی سازدا. ئەم دو رەتڵەی لێ رەوانە کردون: رەتڵی ئەلف بۆ پێنجوێن و رەتڵی ب بۆ چوارتا.

چەتەکان پێش گەیشتنی رەتڵی ئەلف پەلاماری مەخفەری پێنجوێنیان دا. بەڵام کوردە موالیەکانی حکومەتی عیراق دەریان کردن. پاش ئەوەی رەتڵی ئەلف چەند رۆژێ لە نزیک چوارتا راوەستا بەرە و شوێنێکی نزیکی بەیانان لەسەر روباری سیوەیل کشا.

شەوی 8/ 9 ی 11 ی 1930 چەتەکان هێرشیان کردە سەر رەبیەیەکی مەعسکەرێکی چەپەک، ئەو رەبیەیە بەرگرییەکی ئازایانەی کرد لە 6 کەس 5 یان بریندار بون بەڵام لە چەتەکان 2 کەس کوژران و 2 کەس یش بریندار بون.

هەر دو رەتڵ رۆژانە لە ئاواییەکانی دەوروپشتی بنکەکانیان دا خۆیان پیشان ئەدەن و کارەکانیان باش ئەڕوا و لەو پەڕی هیمەت و چالاکی دان. بنکەی هێزی ئاسمانی هاوکاری لە گەڵ هەردو رەتڵ کردوە. (نداء الشعب. ژ328. 14 ی 11 ی 1930)

3. 6. 6. راگەیاندنی رەسمی لە (ملاحظیة المطبوعات) ەوە

لە 18 ی 12 ی 1930 دا رەتڵێکی جەیش شێخ مەحمودی لە کانیەکی نزیک گوندی حاجی ئاوا دەرکرد لە کاتێکدا جەیش فریای مەخفەری پۆلیسی سورداش کەوت لە 36 میل لە سەروی رۆژئاوای سلێمانی.

چەتەکان لە 3 ی 1 ی 1931 دا لە دەوری گوندی سەراوی نزیک هەڵەبجە بە ماوەی 37 کم و. لە 9 ی 1 ی 1931 دا دەستیان بەسەر مەخفەری پۆلیسی خورماڵدا گرت و. لە 10 ی 1 ی 1931 دا هەڵیانکوتایە سەر مەخفەری شانەدەری لە 5 کم سەروی رۆژهەڵاتی سەراو لەسەر رێگەی پێنجوێن و. لە 12 ی 1 ی 1931 دا رەتڵێکی جەیش چوە سەریان.

شەوی 14/13 ی 1 ی 1931 تاقمێ لە چەتەکان کە پێکهاتبو لە 50 کەس پەلاماری 3 رەبیەی مەعسکەری رەتڵەکەی سەراویان دا. رەبیەکان راویان نان. شەوی 16/15 و 17/16 ی 1 ی 1931 تەقەیان

لە معەسکەرەکە کرد، یەک سەرباز شەهید بو. یەکێک یـش لـە شۆڕشـگێڕەکان کـوژرا و چەنـد کەسێکیشـیان بریندار بو.

(مجلة لغة العرب. ج2. ساڵی2. شوباتی 1931. ل158)

3. 6. 7. ڕاگەیاندنی ڕەسمیی 17 ی 2 ی 1931

هێزی ئاسمانی بریتانی 9 جار بۆ پەلامار و تۆزین دەرچوە و، لەسەر داوای وەزارەتی دیفـاع ڕەفێـک لە فڕۆکەکانی بریتانیا بەستراوە بە ڕەتڵی جەیشی ناسراو بە ڕەتڵی ڕوشـدی. ئـەم ڕەتڵـە بـە هـۆی خراپـی ئاووهەواوە لە 17 ی 1 ی 1931 تـا 21 ی 1 ی 1931 لـە سـەراو مایـەوە. هـەواڵ هـات شـێخ مـەحمود ئەیەوێ هەڵەبجە بگرێ. لە 21 ی 1 ی 1931 دا ڕەتڵەکە بـەرەو هەڵەبجـە جـوڵا و چەنـد پێکـادانێ لە گـەڵ چەتەکان ڕوی دا. هێزی ئاسمانی لە چەتەکانی دا، یەکێکی لێ کوشتن و یەکێکی یشی لێ بریندار کردن.

لە ڕۆژانی 24 ی 1 تا 26 ی 1 لە ناوچەی سلێمانیو پێنجوێن دا بەفرێکی زۆر باری و لە ڕۆژی 26 ی 1دا ڕەتڵەکە بەرەو خورماڵ جوڵا و دەستی گرتەوەو هەوا خۆش بو. هەل لـەبار بـو بـۆ لـەناوبردنی شـێخ مەحمودو چەتەکانیو، ڕێوشوێنی تر دانراو هێزی جەیش و پۆلیس زیادکراو ڕەفێکی تری فڕۆکـەی بـەریتانی خرایە سەر ئەم ڕەتڵەو سەربازەکان لە خورماڵ مانەوەو ئەوی تری گەڕایەوە سەراوو شاملو. ئینجا لـە 1 ی 2 ی 1931 جەیش چـو بـۆ گونـدەکانی هـەورامان. هێـزی ئاسـمانی بـەریتانی کـەڵکێکی گـەورەی هـەبو بـۆ پاراستنی ڕێگەی هاتوچۆ لە نێوان هەر پێنج ڕەتڵەکەدا. چەتەکان بە شەو توانیان ڕو بکەنە پێنجوێن. جەیشی ئێران لە خواروی مەریوانەوە بەرەو ناوچـەی هـەورامان جـوڵا بـۆ گـەمارۆدانی شـێخ مـەحمود لـە 2 ی 2 ی 1931 دا.

(الاستقلال. ع 1359. 18 ی 2 ی 1931)

3. 6. 8. بەیان لە (ملاحظیة المطبوعات) ەوە 18 ی 3 ی 1931

پلانێـک دانـرا بـۆ پارێزگـاری مەخفـەرەکانی پۆلیسـی هەڵەبجـەو خورمـاڵ. لـە 4 ی 3 ی 1931 دا ئەندازیاری ئەشغال کەلوپەلی پارێزگاری لە گەڵ خۆی لە سلێمانی هەڵگرت و بەرە و خورمـاڵ و هەڵەبجـە چـو 4 سیارەی سریەی ڕەشاشات ئەیان پاراست. قافڵەکە چو بۆ ڕۆژهەڵاتی هوانە، چەتەکانی شێخ پـەلاماریان دا. شەڕ 7 سەعاتی خایاند 1 زابت سەف شەهیدو 1 سەرباز زامار بو. قوەی سیارە بەرگرییەکی توندیان کـرد ئینجا قافڵەکە لە 5 ی 3 ی 1931 دا گەڕایەوە بۆ سلێمانی و ڕۆژی 7 ی 3 ڕەتڵەکە ڕوی کردە هەڵەبجـە. لـە لای خواروی ڕۆژئاوای گوندی وێڵەکەوە. دیسان قافڵەکـە گەڕایـەوە بـۆ سـلێمانی. لـە 10 ی 3 ی 1931 دا هێزی ئاسمانیی بریتانی لە ناوچەکە و ڕێگەی سلێمانی- هەڵەبجەی ئەنۆری لەو ڕێگەیەدا لە چەتـەکانی دا. لـە نزیک موانەوە شەڕێک بو. فڕۆکـەکان چەتـەکانیان لـە 9 ی 3 ی 1931دا لـە نـەوتی لـە دۆڵـی قـەرەداغ دا بینییو لێیان دان. (الاستقلال. ع 1565. 18 ی 3 ی 1931)

3. 6. 9. ڕاگەیاندنێ لە (ملاحظیة المطبوعات) ەوە 22 ی 4 ی 1931

چەند کەسێ لە تیرەی شەرەفبەیانی کە عوسمان بەگ سەرۆکیانە، تەقەیان لە حەسحەسی پۆلیس کـردوە لە ناحیەی هۆرین و شێخان لە خواروی چەمی سیروان و 1 پۆلیسیان کوشـتوە. عوسـمان بـەگ هـاواری بـۆ شێخ مەحمود بردوە. تاقمێ لایەنگری شێخ مەحمود بە یارمەتی ئەوان و هەندێ کەسی نێڵی جاف چونەتە ناو ناحیەی هۆرین و شێخانەوە و مەخفەری پۆلیسی بێلولەیان دابڵۆقەدا. کەوتنـە کۆکردنـەوەی بـاج لـە خـەڵک.

هێزی ئاسمانی لە بەغدادەوە نێردرایە سەر یاخیەکان. بەڵام توانییان خۆیان لە فڕۆکەکان ڕزگار بکەن بەوەی پەنایان بردە بەر دێهاتەکانی دەوروپشت.

لە 24 ی 3 ی 1931 دا بەیانێک بەسەر دێهاتەکان دا بەر درایەوە کە فڕۆکەکان بۆردومانی ئەو دێیانە ئەکەن کە داڵدەی یاخیەکان بدەن. لە 28 ی 3 ی 1931 دا فڕۆکەکان یاخیەکانیان لە گوندەکانی شاوازی، کانی ماران و دارین بەدی کرد و، ڕاپۆرتەکانی مەخفەری پۆلیس یش بونی لەو دێیانەدا تەئید کرد و، بۆ وریاکردنەوەیان بەیانیان بۆ بەردرانەوە. خەڵک گوندەکانیان چۆڵ کرد و داوا لە عوسمان بەگ کرا خۆی بدا بە دەست حکومەتەوە بەڵام ڕەفزی کرد، فڕۆکەکان کاریان کردە سەر وردەی یاخیەکان کە لە ئەشکەوتەکان دا خۆیان شاردبوەوە، گەمارۆی مەخفەری بێلولە شکێنرا و، یاخییەکان لە ئەنجامی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانیدا، نەیانتوانی ناوەندی قورسایی خۆیان بگوێزنەوە خواروی چەمی سیروان. (الاستقلال، ع1578، 3 ی 4 ی 1931)

3. 6. 10. ڕاگەیاندنی ڕەسمی لە (ملاحظية المطبوعات) ەوە

1. ڕاگەیاندنی ڕەسمیی ڕۆژی 11 ی 3 ی 1931 کە شێخ مەحمود پەلاماری ئەفسەری ئەشغالی گشتی دا لە نزیک دوان لەسەر ڕێگەی سلێمانی بۆ خورماڵ و هەڵەبجە، لەبەرئەوە لە تواناد نەما لەشکرکێشی دوا بخرێ.

2. لە ناوچەی سلێمانیدا جەیش لە گەڵ پۆلیسی سوارە کۆبوەوە.

3. لە بەیانی 28 ی 3 ی 1931 دا لەشکرکێشی دەستی پێ کرد. ڕەتڵێکی گەڕۆکی پۆلیس لە قەرەداخەوە شۆڕ بوەوە بۆ دۆڵەکەی ڕۆژهەڵاتی شاخی قەرەداخ کە شێخی لێ بو، مەفرەزەکانی پیادە لای خوارویان ئەپاراست. شێخ لە پەیکوڵی شەڕی کرد و بە شەو لە ڕێگەی شاخی قەرەداخەوە توانی هەڵێ. لە 30 ی 3 ی 1931 دا هێزی ئاسمانیی بریتانی شوێنەکەیان لە بانی قەرت دۆزیەوە. زۆر بە توندی پەلاماریان دا، بەڵام لە دەس دەرچو چونکە ڕەتڵی گەڕۆک بە شاخەکەدا نەیتوانی بگاتە پەیکوڵی بەرەو بانی قەرت. شێخ مەحمود لە گەڵ سەید محەممەدە بچکۆل کشایەوە بۆ ناو زەنگنە لە دەوری خان زورو ئیبراهیم خانچی.

4. قۆناغی دومەی لەشکرکێشی سەعات 4:20 ی ڕۆژی 5 ی 4 ی 1931 دەستی پێکرد. ئەم ڕەتڵە گۆپتەپەی بەجێ هێشت بەرەو ناو زەنگنە کە شێخ مەحمودی تێدا بینرا بو. هێزی ئاسمانی بریتانی دیسان توانی شوێنەکەی بدۆزێتەوە و گەمارۆی بدا. ڕەتڵی گەڕۆک پێشرەوی کرد بەر لە 1500 لە گەڵ چەتەکان دا لەکەریم باسام لێکیان داو سەعات 1700 پیادە و سوارە هێرشێکی پیرۆزیان کردە سەر شێخ مەحمود و چەتەکان لە گوندی ئاوباریک. سیەکی سوارە توانی لە خوارۆی گوندا جێگیر بێ و فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی بریتانیش بە درێژایی هێرشەکە لە ئاسمانەوە بە ئاگرباران پشتیوانی سوارە و پۆلیسی ئەکرد. کاتێ تاریک داهات ڕەتڵەکە گەڕۆکەکانی قەڵای گوندیان بۆ ئەگیرا بو کشانەوە دۆڵێکی سەروی دێیەکە. ڕۆژی دوایی ڕەتڵەکە توانی گوندەکە و قەڵاکەی بگرێ. تا ئێستا زیانی چەتەکان نەزانراوە کە ئەڵێن زۆر بوە. زیانەکانی ئێمە لەم هێرشەدا 1 کوژراو و 18 بریندار کە دوانیان ئەفسەرن.

5. لە 6 ی 4 ی 1931 دا ڕەتڵەکەمان گوندی ئاوباریکی گرت. کەوتە ڕاونانی چەتەکان کە لە تاریکایی شەودا بەرەو لای ڕۆژهەڵات هەڵاتون. (الاستقلال، ع 1590، 16 ی 4 ی 1931)

3. 6. 11. بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە ڕۆژی 24 ی 3 ی 1931 دا لەسەر کێشەی شێخ مەحمود

1. لەبەرئەوەی ئەو سیاسەتەی تا ئێستا جێبەجێ کراوە، ئەبوتە هۆی چەسپاندنی ئاسایش لە لیوای سلێمانی و، نابینکردنی ئارەزوەکانیان لە هێمنی و ئارامیدا کە ئەبێ ئەوانیش وەکو لیواکانی تر کەڵکی لێ وەربگرن. لەبەرئەوەی دریژەدان بەم سیاسەتە ئەبێ بە هۆی زیاد بونی پشێوی و، لە سۆنگەی تەماعی هەندێ کەسەوە ئەبێ بە هۆی باری قورسی مادی و مەعنەوی و بە پێویست زانرا لەو لیوایەدا، بەڕێوەبەرایەتی عورفی لەو لیوایەدا رابگەیەنرێ و، بەڕێوەبەرایەتی شارستانی و سپایی بدرێتە دەس سەرکردەیەکی کارامەی سپایی، تا بە تەواوی کاری جەردەیی نامێنێ و ئارام و ئاسایش ئەگەڕێتەوە جێگەی خۆی.

2. ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی عورفی ڕانەگەیەنرا، سەرکردەی سپایی باسکراو هەمو ئەو دەسەڵاتە جەزائی و مەدەنیانەی بدرێتێ کە لە نیزامی دەعوی عەشائیریدا هەیە، بە هەمو ئەو هۆیانەوە کە یارمەتی ئەدەن ئەرکەکانی بەجێ بهێنێ.

3. ئەگەر هیچ کام لەم دو ڕێوشوێنە پەسند نەکرا، لەباتی ئەوەی سامان و سەر بێ هودە بە فیڕۆ بدرێ، ئەنجومەن بە باشی ئەزانێ ناوچەی سلێمانی چۆڵ بکرێ، بە شێوەیەکی کاتی هێزەکانی حکومەتی لێ بکێشرێتەوە، تا ئەو کاتەی ڕێوشوێن دائەنرێ بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و ئارامی بۆ لیوای ناوبراو. (عبدالرزاق الحسني: تاريخ وزارات العراق، ط 59 ص 133- 134)

3. 6. 12. دانیشتنی 548 می مەجلیسی نواب، ڕۆژی 29 ی 3 ی 1931

عیزەدین ئەلنەقیب (دیالە): پێش چەند ڕۆژێ مەجلیس خەرجی 2 لەک و 75 هەزار ڕوپیەی پەسند کرد بۆ خەرجی ئاسایش لە سنورەکانی سەرودا.

سەرۆک: ڕوی دەمی لە عیزەدینە، باسی (فەصلی 57 أ) ئاسایشی سنورەکانی خوارو.

حاجی سەلیم (بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس): بێگومان بارودۆخی سنورەکانی خوارو باش بوە، بەڵام ئەکرێ دەس لە بادیە هەڵبگرین، دیسان عەشایەر پەلاماری یەکتری بدەنەوە.

سەرۆک: (فەصلی 75 ب) ئەخوێنرێتەوە، ئەڵێ: بۆ خەرجی سنورەکانی سەرو 275 هەزار ڕوپیە.

تاقمێ لە نائیبەکان داوای قسە ئەکەن.

عیزەدین ئەلنەقیب (دیالە): وتم مەجلیس خەرجی سنورەکانی لای سەروی پەسند کرد (کە 2 لەک و 70 هەزار ڕوپیە بو). ئەم خەرجانە یش وەکو زانیمان بۆ کوژاندنەوەی شۆڕش یان یاخیبون یان شەقاوەت، چۆنتان ئەوێ ناوی بنێن. یاخیبونەکەی شێخ مەحمود لە ناوچەکانی سلێمانیدا لەم پێنج شەش مانگەدا ڕوداوێک نیە ئەمڕۆ قەوما بێ، بەڵکو ڕوداوێکی کۆنەو ئەمانتوانیوە لەم کابرایە بسرەوێنین... من ڕاستیی چۆنیەتی کێشەی ئەم کابرایە نازانم ئاخۆ کێشەیەکی شەخسیە یان سیاسی. ئەگەر کێشەکە سیاسیە تکا لە حکومەتی بەڕێز ئەکەم لە گەڵ ئەم پیاوە و لە گەڵ ئەوانەی لە گەڵین لەیەک بگەن. ئەگەر کێشەی حقوقیە وەڵامی بدرێتەوە تا کەی دەستەوسان ڕابوەستین و ئەم پارەیە بە خۆرایی سەرف بکرێ. تکای خۆم لە حکومەت دوبارە ئەکەمەوە ئەم کێشەیە تاوتوێ بکا. ئەگەر لە توانای حکومەت دا نیە بیکوژێنێتەوە، با ڕای بگەیەنێ کە ناتوانێ.

صالح جەبر (مونتەفیک): گەورەکانم! چەند ڕۆژێ لەمەوبەر وتمان سەرفکردنی پارەیەکی زۆر لە جەیش دا بە خۆرایی ئەڕوا. پێیان وتین ئەخێر ئەو پارەیە لە جەیش دا سەرف ئەکرێ زەروریە. وتیان جەیش خزمەتەکانی بە باشی ئەکا. حکومەت ئێستا بەم فەصلەدا داوا ئەکا هێزێکی تازە دروست بکا لە 500 ئێستر

سوار، داوای لێ ئەکرێ ئاسایش لە سنورەکانی سەروودا دابین بکا. لە ژمارەی ئەو یاخییانەمان پرسی کە ئاسایشی سنورەکانی سەرویان تێک داوە، وتیان ژمارەیان لە نێوان 400 تا 500 کەس دایە. مەبەست لە دروستکردنی هێزی 500 ئێستر سوار لەناوبردنی ئەم عەسابەیەیە. منیش ئەڵێم ئەگەر جەیش کە ژمارەی 10 هەزار کەس و پۆلیس کە ژمارەی 8 هەزار کەسە ئەتوانن ئەم تاقمە لاببەن، چۆن ئەتوانین خۆمان قانیع بکەین کە هێزێکی وا بچوک ئەتوانێ ئەم عصابەیە لەناو بەرێ؟ جەیشێک چەردەیەکی زۆر پارەی تێدا سەرف ئەکرێ، ئەتوانێ ئاسایشی سەرو دابین بکا ئێستا بیگۆڕین بە هێزێک پێی ئەڵێین ئێستر سوار.

سەعد صالح (دیوانیە): ئامەوێ ئەو قسانە دوبارە بکەمەوە کە لەسەر بودجەی وەزارەتی دیفاع کردمن، بەڵام ئەمەوێ لە کێشەی شێخ مەحمود تێ بگەم کە ئاسایشی عیراق تێک ئەدا. لەهەر فرسەتێکدا عیراق هەنگاوێ ئەنێ بۆ پێشەوە، لە هەمو چورتمێکی سیاسیدا کە چاوەڕێ ئەکرێ عیراقی تێ بکەوێ، استغفراللەشێخ مەحمود بەم شەڕەیەوە دێتە پێشەوە تەگەرە لە تەقەللاکانی حکومەت ئەدا. لە لیژنەی داراییدا لەسەر ئەوەی بە شۆڕشگێڕ ناویان ببەین، وتیان ئەوانە ئەشقیان. باشە با پێیان بڵێین ئەشقیا، ژمارەیان چەندە؟ وەڵامی دایەوە 400 یا 500. ئاخۆ ئەوانە هێزێکی نهێنیان هەیە یان ئەمە هێزە نهێنیە ڕواڵەتیەکەیانە.

ئەگەر ناتوانرێ ئەم هێزە ڕواڵەتیە لەناو ببرێ، هەمویش لایان وایە شێخ مەحمود پشت ئەستورە بە هێزێکی کە، جگە لە هێزی ئەمانە، کەواتە بەر لەوەی 2 لەک و 75 هەزار روپیە تەرخان بکەین بۆ دروستکردنی هێزی ئێستر سوار بۆ لەناوبردنی شێخ مەحمود، ئەبێ بیر لەوە بکەینەوە بە ڕێگەی سیاسی هێزە نهێنیەکەی لەناو بەرین. یان وەزیری دیفاع ئەبێ پێ لەوە بنێ کە ئەم جەیشە کارامە نیەو. بڵێن هێزەکەی شێخ مەحمود لە 400- 500 کەس زۆرترە و دەرەقەتی نایەین و پێویستیمان بە چەندین ئەستوڵ و لەشکری زل هەیە.

ناتوانم لە کێشەی شێخ مەحمود تێ بگەم. لە هەمو هەلێکدا بەرگری ئەکا و هێمن ئەبێتەوە. پەیمانێ یا ڕێککەوتنی ئەوت دێتە کایەوە، شێخ مەحمود ڕائەپەڕێ. بۆیە ئەبێ لەپێش هەمو شتێکا شێخ مەحمود لە کۆڵ بکەینەوە. یا سەربەخۆیی بدەینێ یان ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە گەڵی پێک بگەین. ئایا شێخ مەحمود تا هەتایە ئاسایش تێک بدا و هەر ڕۆژێ عیراق ئەچێتە پێشەوە، شێخ مەحمود بە دو دەستی ئاسنین ئەیهێنێتەوە دواوە. ئەمە کێشەی 400 ئێستر سوار نیە، بەڵکو کێشەی ژیانی وڵاتێکە. ئەگەر ئەتوانین لە ناوی بەرین، یان مافەکانی خۆی بدەینێ.

سەلمان ئەلبەڕاک (حیلله): من چی لە دڵم دایە دەری ئەبڕم و ئەڵێم هەمو ساڵێ حکومەت دێت و داوای خەرجی تازە ئەکا بۆ سنورەکانی سەرو بۆ تەمێ کردنی ئەشقیا. نازانم شێخ مەحمود جەردەیە و ڕێ ئەگرێ، شێخ مەحمود پێی ئەوترێ شۆڕشکار دژی حکومەتی عیراق. دوێنێ گەمارۆی زرێپۆشەکانی دابن. ئەوەی کرد کە کردی. هەروەکو وەزیری دیفاع وتی هێزەکەی لە 400– 500 کەس تێ ناپەڕێ. ئەی ئێمە جەیشێکمان نیە 10 هەزار سەربازو 8 هەزار پۆلیس بە ئەفسەر و بەرێوەبەرەکانیەوە؟ ئاخۆ 500 پۆلیسی مەشق پێ نەکراو لە باتی ئەو هەزارانە 500 پۆلیس مەشق پێ نەکراو ئەهێنن و ئەڵێن وەرن ببن بە سەرباز بۆ شەڕی شێخ مەحمود.. فەوجێ لە جەیشەکەمان بە 4 ئۆتۆمۆبیل و شەمەندەفەر بنێرین بۆ کەرکوک. لەبەر ئەوە پێویست بە پێکهێنانی پۆلیسی ئێستر سوار ناکا، چونکە چەکەکانیان تەسلیمی شێخ مەحمود ئەکەن.

حکومەت ئەبێ جەیشی بنێرێتە سەرو، من خۆم ئەکەم بە قوربانی ئەم جەیشە بۆ ئەوەی... هەمو ساڵێ بە میزانیەیەکەوە بێن. بەر لە دو ڕۆژ 102 لەک روپیەمان بۆ وەزارەتی ناوخۆ تەرخان کرد. جەیش چی کردوە ئەگەر مەسەلەکە پێوەندی بە شێخ مەحمود و ئەو 300 کەسەوە هەیە. ئەوا من بە فویەک ئەتوانم دەریان بکەم.

ئەحمەد ئەلجەلیل (موسڵ): ئەمە دە ساڵە ڕوداوەکان دوبارە ئەبنەوە و دوبارە ئەبنەوە. کاتێ لە حکومەت ئەپرسین. ئەڵێن ئەوانە ئەشقیای یاخین ئەیانەوێ خەڵک لە پارە و کەلوپەل روت بکەنەوە. باوەڕم وایە روداوەکانی سلێمانی روداوی شێخ مەحمود نین...... دەسکەلایەکی روخێنەرە کە بێ شەرەفی بۆ لیدانی عیراق بەکار ئەهێنرێ. شێخ مەحمود کێشەی شۆڕشێکی سادە نیە، بەڵکو مەسەلەیەکە لەسەر رەفە دانراوە، هەر کات پێویست بو پێی ئەڵێن هەڵسە حکومەت دریخی کردوە......

ئێمە لەبەر دەرگای چونە ناو کۆمەڵەی گەلان داین، شێخ مەحمود بەکار ئەهێنرێ یان بەکاری ئەهێنن بۆ ئەوەی بڵێن: عیراق هێمن نیە و پڕێتی لە شۆڕش. ئەگەر حکومەت بیەوێ لەناوی بەرێ، ئەبێ بە تەجنیدی نیجباری بیفلیقێنێتەوە. هەر یەکە لە ئێمە دەس بداتە چەکەکەی و دە ساڵ شەڕی ئەم شۆڕشگێڕە چارەڕەشە بکا. حکومەت گرتی و هێنای بۆ بەغداد، کەچی پێی وت بە سەلامەت برۆ. ڕۆیشت و شۆڕشی بەرپا کرد.

مەجلیس گوێ ی لە 3 لەک روپیە یا بە ملیۆنی نیە بۆ سەلامەتی عیراق. حکومەت چۆن لە گەڵ ئەم شۆڕشگێڕەی کە 400 کەس زیاتر هێزی نیە، گفتوگۆ ئەکا. من داوا لە حکومەت ئەکەم ئەو ئەندامە ببرێ کە کلۆر بوە یان سیل رزاندویەتی.

مورادحیم پاچەچی (وەکیلی وەزیری ناوخۆ): حکومەت سیاسی مەجلیس ئەکا سەبارەت بە بایەخ دانی بەم کێشەیە. لە هەمو دەوڵەتێکدا، چەند پێشکەوتو یش بێ، ئەم جۆرە جوڵانەوانەی تیا ئەقەومێ. لەلای حکومەتی عیراق گرنگ نیە. لام وایە برا کوردەکانمان لە سیاسەتی شێخ مەحمود رازی نین و لێی مورتاح نین. جەیش و پۆلیس خەریکی کارەکانیانن. ئەبێ ئەوە بزانن شێخ مەحمود شۆڕشەکەی لە وەرزی زستاندا دەس پێ کرد. ئەم وەرزە بۆ جەیش سەختە و ڕێگە و بانی وڵاتەکە یش سەختە. شەڕی عەصابات لەم جۆرە ناوچانەدا ئاسان نیە. ئەوەی نائیبی موسڵ وتی کە شێخ دەسکەلایە بە دەس هەندێ لایەنەوە هەر کاتێ بیەوێ بەکاری ئەهێنێ. من باوەڕ بەمە ناکەم. شێخ لە رابوردودا دژی عوسمانیەکان و بریتانیەکان و دژی عیراق هەستاوە. حکومەت هەندێ رێوشوێنی کاریگەری داناوە. ئەوەی ویستم بیڵێم لە کاتێکدا حکومەت لە ناوچەی سلێمانیدا لەباری سیاسیەوە مەبەستێکی تایبەتی بۆ ئەوەی تێکەڵ و پێکەڵی سیاسی ناو دەوڵەتان. پاش سێ چوار رۆژی تر ئەنجامەکانی لەم بارەیەوە ئەبیستن. شێخ مەحمود خوی بە شۆڕش و یاخیبونەوە گرتوە.
(جلسه مجلس النواب في 29 ی 3 ی 1931، ص671- 677)

3. 6. 13. تەبلیغی رەسمی:

ئەو ئاڵای سواری لەگەڵ قوەتی پۆلیس کە لەژێر قوماندەی عەقید (قائمقام) ئیسماعیل نامیق بەگ دا بو، لە تاریخی 5 ی 4 ی 1931 رویان کرد بوە ئیستیقامەتی دۆی ناوباریک کە ئیستخبار کرا بو شێخ مەحمود خۆی و ئەتباعی لەوێن و قوەتی مەزکورە دۆی ناوباریک ئیحاطە ئەکەن و لە تەرەف طەیارەشەوە موتەمادیەن ئەشقیاکان و دەوروپشتی جێی مەزکور بۆمباردومان ئەکەن. وە لە پاش نیوەڕۆوە هەتا تاریکە شەو بە شیدەت موصادەمە دەوام ئەکات. قوەتی جەیش بە دەرەجەیەکی کە شایانی ئیفتیخار بێت، ئیبرازی شەجاعەت و بەسالەت ئەکەن و لەم موصادەمەیەدا 4 عەسکەر و 1 ظابط شەهید و 14 عەسکەر و 1 ظابط بریندار ئەبێت.

تەلەفیات و خەسارەتی شێخ مەحمود جیددەن زۆر و بە دەرەجەیەک ئەبێت کە تەنها دۆی ناوباریک لە ئەشقیاکان 10 کوژراو. مەیتی دو کەس لە رونەسا کە یەکێکیان شێخ عەلی کوری رەحیم کە خزمی شێخ مەحمودە لە بەینی ئەم کوژراوانەدا دیتراوە.

وە لە رێگای کە ئەشقیاکان فیراریان لێ کردوە خوێنێکی زۆر دیار بوە کە دەلالەت لەسەر ئەمە ئەکات کە شێخ مەحمود تەلەفیاتێکی زۆری داوە و برینداریکی زۆری لەگەڵ خۆی نەقڵ کردوە.

ئەو عەشائیرەی کە موعاوەنەتی شێخ مەحمودیان ئەکرد هەمو بڵاوبونەوە. ئێستا شێخ مەحمود تەنها لە نەجات دانی ڕۆحی خۆی زیاتر شتێکی تر تەفەککور ناکات.

ئەمڕۆ مەوسوقەن زانیومانە کە شێخ مەحمود تەنها لەگەڵ 5 و 10 سوارێدا لە شاخی قەرەداغ تێ پەڕیوە.

قوەتی جەیش و پۆلیس بۆ مەحوکردنی شێخ مەحمود و ئەتباعی بە شیددەت لە تەعقیب دایە و مەحوکردنیان قەوییەن مەئموله. (ژیان. ژ 279، 16 ی 4 ی 1931)

3. 6. 14. شەشەمین کۆبونەوەی ئاسایی مەجلیسی ئەعیان

مەحزەری 38 هەمین دانیشتن. ڕۆژی پێنجشەممە، 14 ی 5 ی 1931 بەرامبەر 26 ی زیحەجەی 1349 ه.

سەرۆکی وەزیران: ئەگەر مەجلیسی بەرێز ڕێگە بدا، وتارەکەم بدەم دەربارەی ڕوداوێ کە پەیوەندی بە باخی شێخ مەحمود و سەرئەنجامی کارەوە هەیە.

دەنگەکان: باشە!

سەرۆکی وەزیران: گەورەکانم! ئەو کارانەی جەیشی عیراقی بە هاوکاری پۆلیس و هێزی ئاسمانی ئەنجامیدا سەرکەوتنی تەواوی بەدەس هێنا. دوێنێ شەو شێخ مەحمود خۆی تەسلیمی سەرکردەی حامیەکەی پێنجوێن کرد بە چەند مەرجێ کە حکومەت بەسەریدا سەپاند بو. ئەو مەرجانە یش ئەوەیانی ژیانی پارێزراو بێ و هیچی تر. حکومەت نیازی وایە شێخ لە گەڵ خێزان و مناڵەکانی بگوێزێتەوە بۆ شوێنێ دور بێ لە دیجلە. بە زوری شوێنی دانیشتنی لەسەر فورات دیاری ئەکرێ. حکومەت لە هەمان کاتدا بیری لەوە کردۆتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر نەگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی، قانونێ دابنێ ئەم کابرایە تا هەتایە لەوێ دابنیشێنێ، بە شێوەیەکی قانونی بهێڵرێتەوە لەو شوێنەدا. ئێستا حکومەت هیچ قانونێکی لەبەر دەسدا نیە جگە لە قانونی عەشائیر کە ئەتوانرێ بۆ ئەم مەبەستە بەکار بهێنرێ. بەڵام ئەم قانونە لەوانەیە ئەگەر ئەمساڵ یش هەڵنەوەشێنرێتەوە، لە دوارۆژ دا هەڵبوەشێنرێتەوە. ئەوسا حکومەت هیچ دەسەڵاتێکی قانونی بە دەستەوە نامێنێ شێخ مەحمود ناچار یا وا لێ بکا لەوێ بمێنێتەوە، لەبەرئەوە بیر لە ڕێگەیەکی قانونی ئەکاتەوە تا ئەم پیاوە لە ژیانندایە، لەو جێیە بهێڵێتەوە کە بۆی دیاری ئەکا.

لە هەمان کاتدا ئەم هەلە بە دەرفەت ئەزانم، سپاسی حکومەتی عیراق بە مەجلیسی بەرزتان ڕابگەیەنم و، ئەتوانم لەوە یش تێبپەڕم لەباتی حکومەتی عیراق سپاسی گەلی عیراق پێشکەش بە حکومەتی ئێرانی بکەم کە ئەرکی خۆی بەجێ هێناو بە بەشداری ئەوان لە گەڵ هێزەکانی ئێمەدا هەوڵەکانی ئەم دوایە سەرکەوت. ئەگەر ئەو شەوە شێخ مەحمود تەسلیم نەبوایە بە دو هێز پەلامار ئەدرا: هێزی عیراق لە لایەکەوە و هێزی ئێرانی لە لایەکی کەوە. ئەمە یش گرنگترین هۆ بو پاڵی بە شێخ مەحمودەوە نا پەنا بێنێ و خۆی بەدەست هێزەکانی عیراقەوە بدا و، مەرجەکانی حکومەتی عیراق قبوڵ بکا، کە گوێتان لێ بو.

ئاصەف ئەفەندی: لام وایە مەجلیسی بەرز ئەم کارە سپاسکراوە ئەنرخێنێ و لە خوا ئەپاڕێتەوە شتێ دوبارە نەبێتەوە ئاسایش تێک بدا و وڵات بۆ هەمیشە بحەسێتەوە.

مەولود پاشا: بە بۆنەی درکاندنەکانی فەخامەتی سەرۆکی وەزیران حەز ئەکەم داوا لە حکومەت بکەم، کە بە تەنیا هەر شێخ مەحمود نەگرێ، بەڵکو هەمو ئەوانە یش کە یارمەتی شێخ مەحمودیان داوە و هانیان داوە. هەنێ کەس هەن حکومەت لەوان باشتریان ئەناسێ. بەناوی مەجلیس و گەلی عیراقەوە کە بەم جوڵانەوانە ئێشاوە پێویستە بدرێنە دەس قانون بۆ ئەوەی ئەم ڕوداوانە دوبارە نەبنەوە. بە تایبەتی بۆ

ئەوەی ناحەزیی و خوێنڕژان و ئەم جۆرە ڕوداوە دڵتەزێنانە زۆر بـن نـە کـەم. لـە کاتێـکدا ئێمـە ئـەزانین چەندین پشتە لە نێوان ئێمە و برا کوردەکانماندا جگە لە دۆستایەتی و تەبایی شتێکی تر نـەبوە. هـیچ کـاتێ شتێ ڕوی نەداوە ببێتە هۆی حزازات بۆیە داوا لە حکومەت ئەکەم تەعقیبی ئەو خائینانـە بکـا کـە خۆیـان بـە جۆرێکی جیاواز لە ڕواڵەتی ڕاستەقینەی خۆیان پیشان ئەدەن.

سەرۆکی وەزیران: مەجلیسی بەرز دڵنیا ئەکەم کە حکومەت ئەم پێویستە جێبەجێ ئـەکا لـەو کاتـەدا فەرمان دەرچوە. تەنانەت ئەم بەیانیە دوا فەرمان دەرچوە من هەیئەتێکم ناردوە بۆ لێکۆڵینەوە. هەمان مەبەست جێبەجێ ئەکا کە عەینی بەڕێز فەرمویان ئەویش ئەوەیە هەر کەس لەم ڕوداوانەدا بەشداری شێخ مەحمود بوبێ یا هانی دابێ بداتە دەس عەدالەت و دادگا. مەجلیس ڕێگەم بدا کە ڕونی بکەمەوە مەبەسـتی حکومـەت ئـەوەی سزادان عادل بێ. لە هەمان کاتدا سەخت بێ.

حاجی حسێن چەلەبی شەبوت: (ولكم في القصاص حياة يـا اولـي الالبـاب). لـە ڕاسـتیدا شـێخ مـەحمود تاوانێکی گەورەی کردوە. بەڵام لە باری سەرنجی من و فەلسەفەوە. ئەوانەی هانیان داوە تاوانەکەیان لـە هـی ئـەو گەورە ترە. پشتیوانی قسەکەی هاوکارم مەولود پاشا ئەکەم کە ئەو نۆکەرانە بدرێن بە دادگا بۆ ئەوەی بیانکا بـە پەند بۆ خەڵکی تر. بۆ ئەوەی ئەم بیرە پیسە بمرێ و کەس هەڵی نەگرێ و. یەکێتی عەرەب و کورد و ئەوانی تـر لە هەمو جۆرە پەڵەیەک پاک بێ. دادگا بۆ سەندنی مـاف نـەبێ بـەزەیی نـەزانێ. داوا لـە حکومـەت ئەکـەم ئـەم ڕێوشوێنانە بگرێ بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکا لە ڕژانی خوێن و بەختکردنی پارە و خەریککردنی بیر.

(ملحق الوقائع. ع 992. 8 ی 6 ی 1931. ص473)

3. 6. 15. خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحمود،

ملاحظية المطبوعات. 16 ی 5 ی 1931

شێخ مەحمود بەو مەرجانەی حکومەت بەسەریدا سەپاند. خۆی بە دەستەوەدا. ئێستا یش بە ڕێگاوەیە بۆ شوێنی دانیشتنی کە حکومەت بۆی دائەنێ و ئـەم شـوێنە یـش بـە زۆری لەسـەر کـەناری فـورات ئـەبێ.

(عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية. ط 59. ص340)

3. 6. 16. لە هال (J. H. Hall)ەوە بۆ کادۆگان (Cadogan)

داونینگ ستریت

20 ی 3 ی 1931

زۆر سپاس بۆ نامەی 18 ی 3 ت لە بابەت پێشنیارەکانی بەغدادەوە. بۆ لەشکرکێشی چاوەڕوانکراو لە کوردستانی عیراق لەم بەهارەدا.

ئەتوانم باش تێ بگەم لەو پەژارەیەی لە ترسی ئـەوەی لەشکرکێشـیەکە کـە لـە سـەرەتادا مەبەسـتی سەرکوتکردنی شێخ مەحمودە. لەوانەیە ببـێ بـە ئیجراءاتـی عەسـکەری و بتەنێتـەوە بـۆ سـنورێکی فـراوان. انطباعێکی وا بدا کە ئەمە محاولەیەکە بۆ سەپاندنی سیاسەتێکی ناشەعبی ئەویستراو بە زۆر. بەسەر کوردا.

هەروەکو ئەبینی لە ئەنجامگیریەکانی کۆنفرەنسـی 13 ی جـەنیوەریدا کـە لـە بارەگـادا بەسـترا. بـە تحدید دانراوە کە نابێ هیچ لەشکرکێشیەک بکرێ دژی شێخ مەحمود. یان لە ناوچەکانی بارزان و پشدەردا. بەبێ موافەقەتی تەواوی حکومەتی خاوەن شکۆ و. پێڕەوی کردنی ئامۆژگاریەکانی مەندوبی سـامی سـەبارەت بە ڕەفتاری سیاسی لە گەڵ کورد لەلایەن حکومەتی عیراقەوە. ئەم مەرجانە ئەبێ زەماناتی کافی بن دژی کاری سپایی گەوجانەی حکومەتی عیراق.

لەبابەت ناوچەکانی بارزان و پشدەرەوە، من روونی ئەکەمەوە کە شێخی بارزان و خەڵکەکەی لە چەند ساڵی رابوردودا لە دۆخی یاخیبونێکی پچڕپچڕدا بوون و، ناوچەی پشدەر یش هەرگیز نەهێنراوەتە ژێر کۆنترۆڵی بەڕێوەبەرایەتیەوە. بەڵکو وەکو پەناگا لەلایەن باندی عیراقی و ئێرانی و تورکیەوە بەکارهێنراوە، ئەمە یش بۆتە هۆی ئیحراجێکی ئاشکرا بۆ حکومەتی عیراق. هیچ گومانی تیا نیە کاتی ئەوە هاتوە کە هەردو ناوچە بهێنرێنە ژێر بەڕێوەبەرایەتیەکی کاریگەرەوە. ئێمە یش مایلین بە لای موافقەت دا لە گەڵ تۆ کە مەترسی ئەوە هەیە کە هەر کارێکی لەو بابەتەی حکومەتی عیراق. لەم کاتەدا، لەوانەیە لە جنێڤ بە خراپ پیشان بدرێ وەکو ئیجراناتی سەرکوتانەوە دژی هەستی نەتەوەیی کورد. لەبەر ئەوە ئەبێ ئامادە بین کە مەندوبی سامی ئاگادار کرا کە ئێمە پشتیوانی لە ئەنجامگیریەکانی کۆنفرەنسی بارەگا ئەکەین. بۆ ئەو پێشنیارەی کە لە پێش پەسند کردنی هیچ فراوانکردنێکی ئیجرائات دژی شێخ مەحمود بۆ ئەوەی کاری عەسکەری دژی عەشایەری بارزان و پشدەر بگرێتەوە، ئەبێ ئەم مەترسیەی لەبیر بێ و، تەنیا کاتێ بچێتە ناو کارێکی وەهاوە و، هێزەکانی ئیمپراتۆری هاوبەش بکا، ئەگەر لەو باوەڕەدا بێ کە زۆر زەروریە.

بەشکو وابکەی کە من بزانم ئاخۆ ئەمانە لە گەڵ پێویستیەکانی حاڵەتەکە ئەگونجێن؟ (FO371 ی 15311).

3. 6. 17. لە وەزارەتی دەرەوە بۆ هال (J. H. Hall)

24 ی 3 ی 1931

کادۆگان لە پاریسە، لە بەر ئەوە نامەی ژمارە (88069) ی 20 ی 3 ی 1931 کە بۆ ئەوت نوسی بو، لە بابەت لەشکرکێشی چاوەروانکراوەوە دژی کوردەکان، من وەڵامی ئەدەمەوە.

ئەو بە چاکی پەی بەوە ئەبا کە "پاککردنەوە" ی ناوچەکانی بارزان و پشدەر زەروریە، رازیە رێنماییەکانی کە تۆ پێشنیارت کردون بنێردرێن بۆ هەمفریس (Humphrys)، بە شێوەیەکی کافی لە گەڵ پێویستیەکانی حاڵەتەکەدا ئەگونجێ. (FO371 ی 15311).

3. 6. 18. تەلەگرام لە مەندوبی سامی عیراقەوە بۆ سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیەکان

رۆژی 9 ی 4 ی 1931. لە سەعات 1.52 ی دوای نیوەڕۆی 9 ی 4 دا گەیشتووە.

ژمارە 218 بە ناونیشانی سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیەکان، دوبارە بۆ تاران ژمارە 29. تەلەگرامی ژمارە 195 ی من:

حکومەتی ئێران رازیە لەسەر هاوئاهەنگی سپایی کە لەلایەن حکومەتی عیراقەوە پێشنیار کرا بو. لە 5 ی 4 دا ئەفسەری عیراقی فەرماندەی ناوچەی رۆژهەڵات هاوڕێ لە گەڵ موفەتیشی بریتانی هەینەتی ئەرکانی جەیشی عیراقی. پێکەوە فەرماندەی ئێرانییان لە مەریوان بینی و گەیشتنە رێککەوتنێک بۆ هاوئاهەنگی داهاتوی هێزەکانی ئێران و عیراق. یەکەمین لەشکرکێشی هاوبەش ئەبێ لە 14 ی 4 دا جێبەجێ بکرێ. لە هەمان کاتدا حکومەتی عیراق کە لە پێوەندی دایە لە گەڵ شێخ مەحمود دوا فرسەتیان داوەتێ بۆ خۆبەدەستەوەدان پێش ئەو کاتە. (FO317 ی 15311).

3. 6. 19. رێکەوتن لە گەڵ حکومەتی عیراقیدا

لە پەیامنێرمانەوە

بەغداد، 20 ی 4

ئەم وردەکاریانەی خوارەوە سەبارەت بە دەستگیرکردنی شێخ مەحمود. سەرکردەی یاخی کورد. لە چەند سەرچاوەیەکی نارەسمییەوە کۆکراوەتەوە:

هێزە سەربازییەکانی ئێران لە نزیک گوندی پیرانی سەر سنوری ئێران جێگیر بو بون کە شێخ مەحمود وەک پەناگە هەڵیبژارد بو. رۆژی 14 ی 4 ئێرانییەکان رایانگەیاند بە نیازن شێخ مەحمود لە خاکی ئێران دەرپەڕێنن. هێزەکانی عیراق پلان و نەخشەیان دانا بو هاوزەمان هێرش بکەنە سەر دیوی سنوری عیراق ئەگەر شێخ هەوڵی پەڕینەوەی دا.

رۆژی 12 ی 4 شێخ مەحمود کە داوای کردبو لە خاکی عیراق دا کۆنفرانسێک ساز بکرێت. رێگەی پەڕینەوەی پێدرا و بە سواری لە پیرانەوە گەیشتە پێنجوێن و لەوێ لەلایەن موتەسەریف، کاپتن هۆڵت و سکرتێری مەندوبی سامی لە خۆرهەڵات پێشوازی لێکرا. پێی راگەیەنرا کە دەبێت بەبێ هیچ مەرجێک خۆی بەدەستەوە بدات بەڵام گرەنتی سەلامەتی خۆی و خێزانەکەی دەدرێتێ. شێخ وتی لەوانەیە پێشنیازەکە قبوڵ بکات بەڵام داوای کرد رێگەی بدرێت لە سنوری ئێرانەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە گەڵ لایەنگران و خێزانەکەیدا هەمو شتێک رێکبخات.

رۆژی 13 ی 4 هیچ شتێکی نوێ لەبارەی شێخەوە نەبیسترا. هێزەکانی عیراق و ئێران بەردەوام بون لە خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشێکی هاوبەش لە رۆژی داهاتودا ئەنجامی بدەن. بەیانی رۆژی 14 ی 4 هێزەکان لە هەردو دیوی سنورەوە ئامادە بون بۆ جوڵان کاتێک پەیامێکی بە پەلە گەیشتە ئەو ئەفسەرەی فەرماندەیی هێزەکانی عیراقی دەکرد. کەوا لە نیوە شەوی رابردوەوە شێخ بە سواری بەرەو پێنجوێن رێکەوتوە و لە ماڵێکی بچوکی قوڕیندا نوستوە. پاش کۆنفرانسێک بێ هیچ مەرجێک بە تێکرای مەرجەکانی حکومەتی عیراقی قایل بو. بەڵام داوای کرد کە نابێت هیچ پاسەوانێکی سوپای عیراقی یاوەری بکات بۆ شاری سلێمانی. لەبەر تۆماری شێخ. هەر چۆنێک بوایە پاسەوان شتێکی زۆر پێویست بو. لە بەرامبەر شوێن خستنی سوارەی عیراقی. کە لە بەشێکی رێگادا بەرە و سلێمانی پاسەوانی کرد. شێخ مەحمود دەستی کرد بە گریانێکی قوڵ و لە پاسەوانەکە پاڕایەوە بیکوژێت. ئاشکرایە ئەوەی رەچاوکردوە رۆیشتن بەناو چیاکاندا و لە ژێر پاسەوانیی سوپای عیراقدا سوکایەتی کردنێکە بە کەرامەتی کە ناسڕێتەوە.

بە درێژایی رێگا بەرەو سلێمانی دیلەکە (شێخ مەحمود) لە هەمو شوێنێک گەورەترین دڵنەوایی و شیوەنی لەلایەن هەموانەوە بۆ کرا. دانیشتوانی سلێمانی یش هاتنە دەرەوە بۆ سڵاو لێکردن و ماچکردنی دەستەکانی. دەستبەجێ گوێزرایەوە بۆ ناو فڕۆکەکە. کاپتن گۆوان و موفەتیشی ئیداری سلێمانی یاوەرییان کردو فڕکەکە بەرەو بەغدای بردو لەوێ پاش وەستانێکی زۆر کورت. فڕین بەرەو ئوری گالدمیل. هەمو گەشتە 600 میلییەکە لە پێنجوێنەوە بە یەک رۆژ ئەنجام درا.

لە وانەیە خۆ بە دەستەوەدانی شێخ مەحمود ئەنجامی گرنگ و سەرەکی لێ بکەوێتەوە سەبارەت بە هێمن کردنەوەی کوردستانی باشور. خۆبەدەستەوەدانی شێخ کۆتایی هاتنی لەوانەیە بۆ ماوەی چەند ساڵێک. بەرهەنگاری رێکخراو دژ بە حکومەتی عیراق دەگەیەنێت. گومانی تیا نیە. بە هەمو شێوەیەک بەدرێژایی تەمەنی ئەم نەوە و ئیدارەی ئێستا. هەرگیز حکومەتی عیراق لەناو کوردستاندا پشتگیری خەڵک بەدەست ناهێنێت. بەڵام ئەندامە وریاکانی ناو دانیشتوانی کورد درک بەوە دەکەن کە ناعەدالەتی بۆ عامەی خەڵک لەژێر دەسەڵاتی بەغدا کەمتر دەبێت لەوەی دەکرا چاوەڕوان بکرێت ئەگەر یاخی بونەکەی شێخ مەحمود سەربکەوتایە. * (رۆژنامەی تایمز. 21 ی 4 ی 1931)

3. 6. 20. نامەی شێخ مەحمود بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی "کۆمەڵەی گەلان"

(عصبە الامم)

پاریس 21 ی مارس 1931

بەڕێز جەنابی سەرۆک

شانازی ئەوەم هەیە ترس و شکاتی نەتەوەیەکتان پێ رابگەیەنم کە خودی خۆتان خستوتانەتە ژێر ئینتیداب و پاراستنی خۆتانەوە، دەشگوترێ ئەوەی ئینتیدابت دەکات، پارێزەریشتە. ئەم نەتەوەیە نەتەوەی کوردە کە من زۆر شانازی بەوەوە دەکەم بە یەکێک لەوان دەژمێرێم و ئێستا ئەم نەتەوەیە لە بەشی باشوری وڵاتی گەورەی کوردان کە بە عیراقەوە لێکنراوە، نیشتەجێیە.

من بە ئەرکی خۆمی دەزانم سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەو خاڵە راکێشم کە خاکی کوردستانی لێکنراو بە عیراقەوە، بە هیچ شێوەیەک وەک "بین النهرین" نەکەوتۆتە ژێر دەستی هیچ یەک لە هێزەکانی دەوڵەتە یەکگرتوەکان یان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان. کوردەکان خۆیان لە 1918 دا چەکیان هەڵگرت و هێزەکانی تورکیان ناچار کرد خاکەکەیان چۆڵ بکەن، سەربەخۆییان راگەیاندو دەوڵەتێکیان دروستکرد کە بەڕێوەبەرایەتی وڵاتی بەناوی "دەوڵەتی کوردستانی باشور" گرتە دەست. لەو سەردەمەدا عیراق پشێوی تێکەوتبو، هێشتا هێزەکانی یەکگرتوو (متحد) و هاوپەیمانی (متفقین) لە ناویدا جەنگیان دەکرد. پاشان بۆ بەدبەختی ئێمە خاکەکەمان بە عیراقەوە لکێنراو ئەوروپاش کە لافی ئەوەی لێدەدا بۆ بەرگریکردن لە ماف و دادپەروەری چەکی هەڵگرتوە، لە بەرامبەر ئەم ستەمە گەورەیەدا بێدەنگ بو. ستەمێک کە چارەنوس و داهاتوی نەتەوەیەک کە ئەگەرچی نەک بە رەسمی بەڵام بە کردەوە بو بوە خاوەن دەوڵەتی خۆی بەستەوە بە چارەنوسی نەتەوەیەکی دیەوە کە نەژاد و داب و نەریت و مێژو و زمان و سیمایان لەیەک جیاوازە. گەرچی هێشتا جێی سوپاس بو کە باری ئەم ستەمە گەورەیە بەو بەڵێنە کەم بوەوە کە "کۆمەڵەی گەلان" سەبارەت بە بەخشینی خودموختاریەکی تەواو بە کوردستانی باشوری دابو.

لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندان ساڵ بەسەر ئەو بەڵێنەدا تێدەپەرێ، کەچی نەک هەر بەڵێنەکە جێبەجێ نەکراوە بەڵکو بە پێچەوانەوە ژیانی خۆمان و ژن و مناڵ و باوکمانمان لەژێر هەرەشەی ئاگری تۆپ و فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان و رەشاش دایە، بەو تاوانەی ئامادەنین ببین بە عەرەب و چاو لەرێی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەین کە پێمان دراوە.

دەوڵەتی عیراقی هیچ دو دڵ نەبوە لەوەی شاری سلێمانی– پایتەختی کوردستانی باشور – بۆمباران بکات و کوردەکانی ئەم شارەی کوشتوە بە تاوانی ئەوەی ئامادە نەبون، بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا بکەن کە ئەو دەیەوێت بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی سەبارەت بە بڕیارێک ئەنجامی بدات کە هەمو مافە رەواکانی کوردان پێشێل دەکا و کۆشکی ئومێد و ئارەزویان بۆ ئایندە، دەرمێنێ.

ئێمە بڕوامان وایە ئەم تۆپ و گوللانەی بەسەر قوربانیانی کوردی دانیشتوی کوردستانی باشوردا دەبارێ، لە بنەڕەتدا هێرشێکیشە دەکرێتە سەر حەیا و ئابڕوی "کۆمەڵەی گەلان". چونکە کوردەکان لە ژێر ئینتیدابی ئەو "کۆمەڵە"یەدان، واتە لەژێر پارێزگاری ئەودان.

ئەگەر هێزەکانی دەوڵەتی عەرەبی عیراقی پشتیان بە فڕۆکەو سوپاکانی دەوڵەتی ئینگلیز نەدەبەست کە "کۆمەڵی گەلان" ئینتیدابی ئەم سەرزەمینەی بەوان سپاردوە تا بە ناوی "کۆمەڵەی گەلانەوە" بەڕێوەی بەرن، ئەوا مێژو دوبارە دەبۆوە و هێرشکردن بۆ بەغداو داگیرکردنی بۆ کوردەکان وەک کاری رۆژانە ئاسان دەبو. ئێمە ئامادەین و هەمیشەش ئامادە دەبین لە بەرامبەر عەرەبەکاندا، بەرگری لە وڵاتەکەمان بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی نامانەوێت توشی روبەروبونەوەیەکی چەکداری بین لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیزدا کە بەناوی ئەو

"کۆمەڵە" بەرێزەوە هەنگاو دەنێ. ئەوا وامان بەباش زانی بۆ شکاتکردن روبکەینە "کۆمەڵی گەلان" و داوای جێبەجێکردنی ماف و دادپەروەری بین.

بێگومان بە داواکاری ئەوەی وڵاتی ئێمە بە عیراقەوە بلکێنرێ و هەوڵدان بۆ رازیکردنمان بۆ قبوڵکردنی ئەم لکاندنە بە زۆری چەک. بەهیچ شێوەیەک ئەو ئاشتی و ئاسایشەی کە "کۆمەڵی گەلان" دەیەوێت لەم بەشەی دنیادا بەرپای بکات، دابین ناکرێت. تا ئەو کاتەی چارەنوسی وڵاتی کورد بە دەستی رۆڵەکانی خۆی دەسپێرێ و تا ئەو دەمەی دەوڵەتێکی کوردی بەڕێوەبەرایەتی بەشی کوردنشینی ئەم ناوچەیە نەگرێتە دەست، ئومێدێک بە ئاشتی و ئاسایش لەم ناوچەیەدا نیە. کورد کە خاوەن مێژویەکی هەزار ساڵەن و هەمیشە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژودا زانیویانە و توانیویانە بەرگری لە ژیان و وڵات و مێژو و دەزگا نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن، ئێستا بڕیاریان داوە بۆ بەرگریکردنی چەکدارانە لە خۆیان تا دواکەس بمرن، بەڵام مل بۆ کۆیلەیەتی عەرەبەکانی عیراق، کەچ نەکەن. ئێمەی کورد دەمانەوێت لەگەڵ هەمو گەل و نەتەوەکاندا دۆست بین و بەرامبەر بە هیچ گەلێکیش رقمان لە دڵدا نیە. بەڵام لە کاتێکدا کە سەربەخۆیی تەنانەت بە هەندێ گەلی سەرەتایی ئەفەریقا وەک لیبریا دەدرێت و لە گەلی وەک ئێمە زەوت دەکرێت کە توانیویەتی بە شەرەف و ئازایەتی و قارەمانێتی و غەریزەی پاڵەوانی و هۆش و زیرەکی خۆی پایەیەکی مەزن لە مێژوی گەلاندا بە دەست بهێنێ، ئیدی ئەمە ستەمێکە کە ناتوانین لێی بێدەنگ بین. بە تایبەتی کە پێش ماوەیەک دەوڵەتی عیراق کە توشی نەخۆشی دەمارگیری توندرەوی نەژادی بوە، هەوڵ دەدا بە پشتیوانی دەوڵەتی ئینگلیز و بە هۆی خویناویترین هەنگاوی جەنگیەوە، بەرگریکردنمان تێکبشکێنێ.

خوێن و ئاگر هەرگیز نەیانتوانیوە و ناتوانن راستیە مێژوییەکان بگۆڕن، سەدان هەزار کوردی وەک سەلاحەدین و کەریم خانی زەند بکەن بە عەرەب. نەتەوەی من و خودی خۆشم بە هیچ شێوەیەک دەمارگیری ئاینزایی (مذهبی)مان نیەو تینوی خوێنڕێژی نین. ئەگەر چەکیشمان هەڵگرتوە تەنها لەبەر ئەوەیە کە ناچاریان کردوین و بەسەریاندا سەپاندوین.

ئێمە خواستی دەسەڵاتگرتن بەسەر هیچ نەتەوە و هیچ وڵاتێکماندا نیە. نامانەوێ ئاغاو سەرداری هیچ کەسێک بین. بەڵام ئەوەش قبوڵ ناکەین کە خەڵکانی دی بەسەرماندا زاڵ بن یان جگە لە خۆمان سەردار و ئاغایەکمان هەبێت. ئەمەش خۆی ئامانج و ئایدیالێکە کە چەندان هەزار کەس لە کاتی ئەم جەنگی دوایدا، لە پێناویدا گیانی خۆیان فیدا کرد. ئەمە جگە لەوەی ئەمە مافێکە کە خودی "کۆمەڵی گەلان" هەر لەم رۆژانەی دوایدا، بۆی سەلماندوین.

رێگەم بدەن بە دڵنیاییەوە پێتان رابگەیەنم ئەم دۆخی شۆڕشگێڕیەی کە هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ بەدنیەتی دەسەڵاتدارانی عیراق، کۆتایی پێنایەت ئەو کاتە نەبێت کە هەمو مافە رەواکانی کورد بە رەسمی بناسرێ و لەبەرچاو بگیرێ.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت داننانە بە سەربەخۆیی وڵاتەکەماندا... واتە "دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی باشور"دا و بڕین و لەناوچونی هەمو پەیوەندیەک بە دەوڵەتی عەرەبی عیراقەوە. جگە لەمەش پەیمانی تازەی نێوان ئینگلیز و عیراق کە کۆتایی بە ئینتیدابی ئینگلیزی بەسەر عیراقدا دێنێ، ئەو راستیە دەردەخات کە ئەو رێگە چارەیەی پێشنیارمان کردوە، بە تەواوی لۆژیکیە و هیچ رێگەیەکی دەربازبونی لێ نیە.

کۆمەڵی گەلان دەبێ گەر بە سەرنجدان لە کرۆکی روداوەکانیش بوە، بگەڕێتەوە بۆ بڕیارەکەی خۆی کە لە 1925 دا داویتی.*

لەگەڵ ئەوپەڕی رێزمدا
شێخ مەحمود بە نوێنەرایەتی
دانیشتوانی کوردستانی باشور

4. کوردو مەلیک فەیسەڵ

4. 1. فەیسەڵ و کێشەی کورد

فەیسەڵ (1883-1933) پیاوێکی ژیر و دنیادیدەی خاوەن تەجروبە بـو. لـە سـەردەمی عوسـمانیدا چەند ساڵێ لە ئەستەمبوڵ بو. زوڵموزۆری نەتەوەپەرستە ئیتیحادیەکانی تورکی دی بـو. لـە کـاتی یەکـەمین جەنگی جیهانیدا، ئەم یەکێ بو لەوانەی شەریف حسەینی باوکی هان دا بۆ راگەیاندنی شۆڕش و هاوکاری لە گـەڵ ئینگلیـز دژی دەوڵـەتی عوسـمانی. بـەهیوای بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی وڵاتـانی مەشـریقی عـەرەبی. شۆڕشەکەیان جەزرەبەیەکی کوشندەی لە بناغەی دەوڵەتی عوسمانی دا.

دوای تەواو بونی یەکەمین جەنگی جیهانی. حکومـەتێکی عـەرەبی لـە سـوریا دامەزرانـد و خـۆی بـوە مەلیکی. بەڵام هێزی فەرەنسی چوە سەری و حکومەتەکەیان تێک دا و خۆیان بە شکاوی راونا. بریتانیـا بـۆ ئەوەی پاداشتی ئەم بنەماڵەیە بداتەوە. سەبارەت بە هاوکارییان لە سەردەمی جەنگ دا. لە حیجازەوە فەیسـەڵی هێنا. بێ ئەوەی خۆی خەڵکی عیراق بێ یا ئاشنا بێ بە دانیشتوانی عیـراق. عەرشـی عیراقیـان پـێ بەخشـی و کردیان بە مەلیک.

رەنگە فەیسەڵ لە چاو زۆری سیاسیەکانی ئەوسای عـەرەب دا. لـە هـەمویان زیـاتر گیـانی لیبـورەدنی نەتەوەیی. دینیی و مەزهەبی تێدا بوبێ و هەوڵێکی زۆری داوە کە میللەتێکی یـەککرتو لـە دانیشـتوانی عیـراق پێک بهێنێ. بەڵام عیراق کە وڵاتێکی تێکەڵاو بو لە ئێڵ. نەتەوە. دین و مەزەبی جیاواز. بەم یەک نەخرا. لەدوا ساڵی تەمەنیدا. بە نائومێدیەکی قوڵەوە بەم جۆرە وەسفی میللەتی عیراق ئەکا:

عەرەبیەکەی: "في اعتقادي لا يوجد شعب عراقي بعـد. بـل توجـد تكـتلات بشـرية خاليـة مـن فكـرة الوطنية. مشبعة بتقاليد و اباطيل دينية لا تجمع بينهم جامعة. سماعون للسؤ. ميالون للفوضى. مسـتعدون دائمـا للانقضاض على اية حكومة كانت".

کوردیەکەی: "بە باوەڕی من هێشتا شتێک نیە پێی بـوترێ گـەلی عیـراق. بـەڵکو چەنـد تۆپـەڵێکی مرۆیی هەیە کە بیری نیشتمانپەروەریان تیا نیە. پڕە لـە نـەریت و پڕوپـوچی مـەزەبی. شـتێک نیـە کۆیـان بکاتەوە. بۆ خراپە گوێ قوڵاغن. حەزیان لە ئاژاوەیە. هەمیشـە لەسـەر پـێن بـۆ پـەلاماردانی حکومـەت. ئیتـر هەرحکومەتێ بێ."

فەیسەڵ. تەجروبەی نیتیجادیەکانی لەبەر چاو بو کە چۆن بو بە هۆی رەنجاندنی گەلانی نەتورکی ناو دەوڵەتی عوسمانی. لەم بارەیەوە لەو میوانداریەدا کە بۆ مەندوبی سامی کرد. لە وتارەکەیدا وتی: "ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵوەشا چونکە سیاسەتێکی نەتەوەیی توندڕەوی گرت بو. لەبەر ئەوە عیراق بەرامبەر بە کورد سیاسەتێکی وەکو ئەو ناگرێ" هەروەها وتی: "باوەڕم وایە کە یەکێ لە گەورەترین فرمانەکانی عەرەبێکی عیراقی ئەوەیە، هانی برای کوردی عیراقی بدا سور بێ لەسەر نەتەوەکەی خۆی و. بێتە ژێر ئاڵای عیراقەوە".

لێکۆڵەرەوەیەکی عیراقی نوسیوێتی: "هەڵوێستی مەلیک فەیسەڵ لە کێشەی کورد. لەوەدا کورت دەکرێتەوە پێ دابگرێ لەسەر مانەوەی ناوچەی کورد بە بەشێکی لەجیابونەوە نەهاتوی عیراق لە چوارچێوەی (الحکم الذاتي) دا. قەناعەتی تەواوی هەبو کە کورد دەبێ هەمو مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی خۆی هەبێ". لە سەرچاوەیەکی ئینگلیزی یشەوە دەگێڕێتەوە کە مەلیک فەیسەڵ لە ئابی 1923 دا بە شێخ مەحمودی وتوە لە گەڵ ئەوەیە کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا. حوکمی زاتی بدرێتێ. لەو کاتەدا کە ئەم باسی دەکا. شێخ مەحمود لە شۆڕش دا بوە. هیچ سەرچاوەیەکی تری بەردەست پشتیوانی ئەم ئاگاداریە ناکا. یان ئەگەر ئەو کاتەیش فەیسەڵ بیرورایەکی وەهای هەبوبێ دوایی گۆڕیویێتی. فەیسەڵ لە مافی یەکسانی هاوڵاتیتی و. بەکارهێنانی زمانی کوردی زیاتر تێ نەپەڕیوە بۆ سەلماندنی مافی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی، چ جای ئۆتۆنۆمی. ئەمە یش لەو گفتوگۆیەدا باشتر رون ئەبێتەوە کە لە گەڵ مەندوبی سامیدا کردویەتی. بەراشکاوی مەترسیی خۆی لەوە پیشان ئەدا کە مەسەلەی کورد لە عیراقدا ببێتە هۆی تێکدانی نێوانی عیراق لە گەڵ دراوسێکانی: تورکیا و ئێران و سەرەنجام عیراق لە شەڕەوە بگلێنێ. لە پەراوێزی ناسینی رەسمیی زمانی کوردیدا. لای وابوە کە دانی هەر ئیمتیازێک بە کورد. ئەبێ بەهۆی ئەوەی داوای ئیمتیازی زۆرتر بکەن. تا ئەگا بە داوای سەربەخۆیی.

4 .2. قانون اللغات المحلية

یەکێ لەو کارانەی نوری سەعید بە رەزامەندی مەلیک فەیسەڵ. لەسەر داوای کاربەدەستانی ئینگلیز، ئەنجامیدا. دانانی قانونێ بو بۆ ناسینی زمانی کوردی بە رەسمی کە بە ناوی (قانون اللغات المحلیة) وە لە 23 ی 4 ی 1931 دا دەری کرد. پێش ئەو یش سەروەزیرانی پێشو، عەبدولموحسین سەعدون لەبەردەم مەجلیسی نوابدا ئەم مافانەی بۆ کورد سەلماند بو. رێنوێنی جێبەجێکردنی نارد بو بۆ وەزارەتەکانی.

مەبەست لە دەرکردنی قانونەکە، دەمکوتکردنی داواکارانی مافی نەتەوەیی کورد و خۆشکردنی زەمینەی لەشکرکێشی بو بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود و هەر جوڵانەوەیەکی چەکداریی تری کورد. حکومەتی بریتانی ئەیویست مافی سیاسی کورد بۆ دامەزراندنی حکومەتی تایبەتی خۆی، بگۆڕێ بۆ کاروباری دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە، دادگا و دانیرەکانی هەندێ ناوچەی کوردستاندا. بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردی تێدا بەهێز بو. بێگومان ئەم کارانە بەشێ بون لە مافەکانی کورد. بەڵام نەیئەتوانی نیشتمانپەروەرانی کورد تێر بکا و نەیئەتوانی کێشەی نەتەوەیی کورد چارەسەر بکا.

لە گەڵ هەمو ئەوانە یشدا (قانون اللغات المحلية) کە لەسەر پێشنیاری ئینگلیز و بە پرس و رای ئەو دەرچو، چەندین کەموکوڕی تێدابو:

1. قانونەکە لەباتی ئەوەی دان بە زمانی کوردی دا بنێ وەکو زمانێکی نەتەوەیی (لغة قومیة)، بە زمانێکی ناوچەیی (لغة محلیة) لە قەڵەمی داوە. هەر بۆ ئەم مەبەستە یش ئازادی داوە بەکوردەکانی بادینان، لەباتی زمانی باوی نوسینی کوردی عیراق. لەهجەی تایبەتی خۆیان بەکار بهێنن.

2. ناوچەی بەکارهێنانی تەسک کردۆتەوە.

لە گەرمیان. هیچ کام لەو ناوچانەی نەگرتۆتەوە کە ئەو زەمانە چالاکەکانی کورد داوایان کردوە بەناوی لیوای باجەلانەوە دروست بکرێ لە قەزاو ناحیە کـورد نشـینەکانی لیواکـانی دیالـەو کـوت: خانـەقین. کفـری. مەندەلی. بەدرە...

لە بادینان: قەزای سنجار و...

3. هیچ کۆرێکی زمانەوانی بۆ گەشەپێدانی زمانی کوردی دروست نەکرد. وەکو بـۆ زمـانی عـەرەبی دامەزراند.

تۆفیق وەهبی کە زمانەوانێکی شارەزا بو. لـە یادداشـتەکەیدا بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان نـەڵێ ئـەم قانونـە ئاژاوەی زمان دروست ئەکا.

دواتر. ئەم قانونە بەکردەوە تەنیا لە لیوای سلێمانی و چەند جێیەکی کەمی هەولێردا جێبەجێ کـرا. ناوچـە کوردنشینەکانی لیواکانی کەرکوک. موسڵ. دیالە و کوت بێبەش کران. بەڵکو لـەو سـاوە ئێتـر حکومـەتی عیـراق کەوتە دانانی ڕێوشوێنی دەرکردنی کورد و نیشتەجێ کردنی عەرەب لە هەندێ شوێنی گرنگی کوردستاندا.

ڕەوتی سەلماندنی زمانی کوردی. لەلایەن حکومەتی عیراقـەوە. وەکـو زمـانێکی ڕەسـمی و. هەوڵـەکانی کورد خۆی و هەڵوێستی جیاوازی کاربەدەست و سیاسی و ڕۆژنامەوانەکانی عەرەب و گفتوگۆکانی ناو هەردو مەجلیسـی نـواب و ئـەعیان و. لێـدوانی ڕۆژنامەوانـەکانی بەغـداد و. بیروبۆچـونی کاربەدەسـتانی بریتـانی و هەڵوێستیان لەم کێشەیەدا. خۆی باسێکی تایبەتیە ئەهێنێ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی بۆ تەرخان بکرێ.

4. 3. جەیشی عیراق

لە کۆنفرەنسی قاهیرەدا. بریتانیا بۆ ئەوەی ئەرکی سوک و مەسرەفی کەم بێتەوە. بڕیاریدا لە عیـراق جەیشێک پێک بهێنرێ. ئەم هەواڵە نەتەوەپەرستەکانی عەرەبی خۆشحاڵ کـرد. دوای دامەزرانـدنی حکومـەتی عیراق و تەتویجی فەیسەڵ بە مەلیکی عیراق. یەکێ لـە هەوڵـەکانی نەتەوەپەرسـتەکانی عـەرەب و فەیسـەڵ بـۆ دامەزراندنی جەیشێکی بـەهێز. لەڕێگـەی تەجنیـدی ئیجباریـەوە. تـەرخان کـرا. قـانونی تەجنیـدی ئیجبـاری مشتومڕێکی زۆری دروست کرد. عەشایەری جنوب بە تونـدی دژی بـون. زۆری نائیبـەکانی کـورد یـش دژی راوەستان. بە رواڵەت لەبەرخاتری عەشایەری کورد و. لە ڕاستیدا لەبەر خاتری ئینگلیـز. چونکـە لـەو کاتـەدا ئینگلیز تەجنیدی ئیجباری پێ باش نەبو. بەڵام سەرەنجام کرا بە قانون و سەپێنرا.

هەر لە سەرەتاوە بریتانیا ئەرکی پاراستنی عیراقی بەرامبەر هەڵگەرانەوەی ناوخۆ و. دەسـدرێژی دەرەکـی گرتبوە ئەستۆ. ڕاستیەکەیشی عیراق هیچ مەترسیەکی ڕاستەقینەی هێرشی دەرەکـی: تورکیـا لـەلای سـەروبەوە و. وڵاتانی خەلیج لەلای خوارویەوە و. ئێران لەلای ڕۆژهەڵات و. سوریا لەلای ڕۆژئاوایەوە لەسەر نەبو.

لێکۆڵەرەوەیەکی عیراقی نوسیویێتی: "مەلیک پێی باش نەبو پەنا بـۆ هێـزی بریتـانی بـەرێ تەنانـەت ئەگەر عیراق بە تەنگوچەڵەمەیەکی ناوخۆیشدا بڕۆیشتایە. لای وابو ئەگەر عیراق نەتوانێ ئاسایشی ناوخۆی بپارێزێ. شایستەی سەربەخۆیی نیە". نوسەر لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: "فەیسەڵ سەیری لـێ هـات بریتانیـا بـە تەما بێ حکومەتی عیراق داوای یارمەتی جەنگی لێ بکا بۆ سەرکوتکردنی عیراقیەکان".

بێگومان ئەم بۆچونە ڕاست نیە. چونکە:

1. فەیسەڵ نەک هەر پەنای بۆ بریتانیا بردوە یارمەتی جەنگی بدا بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی عیـراق و سەرکوتکردنی هەمو پشێوییەک. بەڵکو بۆ دامرکاندنەوەی شۆرشەکەی (1931) ی شێخ مـەحمود پـەنای بردۆتـە بەر ئێران و. بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی (1932) ی شێخ ئەحمەدی بارزانی پەنای بردۆتە بەر تورکیا.

2. مەلیک فەیسەڵ لەو یادداشتەدا کە پێش مردنی بۆ هەندێ لە سیاسییەکانی عیراقی نوسیوە، بە داخەوە باسی لاوازیی جەیش ئەکا، ئەڵێ ئەبێ جەیشێکمان هەبێ ئەگەر لە یەک کاتدا لە دو شوێنی دور لە یەکتری عیراقدا ئاژاوە هەڵگیرسا، بتوانێ هەردوکیان بەیەکەوە بکوژێنێتەوە.

ئەرکی سەرەکی ئەم جەیشە هەر لە سەرەتاوە، وەکو مەلیک فەیسەڵ ویستی، پاراستنی دەوڵەتی عیراق بو لە مەترسی ناوەکی کە یەکێ لە هەرە گرنگەکانیان مەترسی کورد بو. لە دوای داگیرکردنی سلێمانی، جەیشی عیراق خۆشترین دەشتی سلێمانی کە کانی ئاسکان بو، کردی بە سەربازگەیەکی هەمیشەیی. هێزێکی گەورەی تێدا کۆکردەوە، فەرماندەیی ناوچەی ڕۆژهەڵات (امرية المنطقة الشرقية) ی لێ دانا. بەڵام ئەو جەیشەی کە فەیسەڵ بە یارمەتی ئینگلیز بۆ پارێزگاری ڕژێمی پاشایەتی و سەرکوتکردنی هەڵگەڕانەوەی ناوخۆ، بەتایبەتی هی کورد، دروستی کرد، ئەگەر چی لە دامرکاندنەوەی دڕندانەی شۆڕشەکانی کوردا، لەو ڕۆژەوە (فەوجی ئیمام موسای کازم) یان دامەزراند تا سەر، هیچ درێخییەکی نەکرد، بەڵام هەمان جەیش لە 1958 دا تۆوی مەلیک و نەوە و وەچەکانی بڕیەوە. ئەو دڕندەیی ئەو بەخێوی کرد، پێش هەرکەس سەری منداڵەکانی خۆی خوارد!

4. 4. فەیسەڵ، مەلیکی سلێمانی

سلێمانی گرێیەکی خڕ بو لەسەر دڵی فەیسەڵ. لەو پرسە گورگانەیەدا کە ئینگلیز لە سلێمانی کردی بۆ ئەوەی بخرێتە سەر عیراق، خەڵکی سلێمانی بە (لام باش نیە) وەڵامیان دایەوە. لە 20 ی جولای 1921 دا کە حاکمی بریتانی ئەشرافی سلێمانی بانگ کرد، لێیان پرسی: "...ئایا کوردی لیوای سلێمانی بۆ مەلەکیەتی ئەمیر فەیسەڵ ڕەئی ئەدەن یان نا؟ لە لایەنی کۆمەڵەکەوە جواب درایەوە: چونکە لیوای سلێمانی جیاوازە لە حکومەتی عیراق، پێویست نیە ڕەئی بدەن بۆ دانانی مەلیک. لەبەر دوری لە ئێمەوە کردەوە و چۆنێتی (حەزرەتی ئەمیر فەیسەڵ) یش نەناسراوە، جا لەبەر ئەوە بۆمان نیە لەو ڕوەوە بدوێین!"

ساڵی 1924 فەیسەڵ کە هاتە کەرکوک، بۆ یەکەم جار ئاڵای عیراقی لێ هەڵکرد. بەڵام لەبەر بونی شێخ مەحمود لە ناوچەکەدا نەیتوانی سەردانی سلێمانی بکا. ئەمجارە ئیتر ڕێگەی بۆ تەخت بوبو. بە (خەیاڵی ڕەحەت) هاتە سلێمانی و پێشوازی شاهانەی لێ کرا. بەم بۆنەیەوە شیعر و سرود خوێنرانەوە. ئەو یش یەکێ لە بەناوبانگترین وتارەکانی لەم بۆنەیەدا دا. وتی: "دین بۆ خوایە و نیشتمان بۆ هەموان". ئەم سەفەرەی فەیسەڵ بۆ ئەوە بو کە نیشانی بدا ئیتر سلێمانی یش وەکو هەمو لیواکانی تر، بەشێکی لە جیابونەوە نەهاتوی مەملەکەتی عیراقە. لە وتارەکەیدا بەم بۆنەیەوە وتی: "هیچ شوبهەی نیە کە هەر یەک لە ئێوە دەیزانێت کە حکومەتی عیراق قبوڵی تەجزیئە و تەفریق ناکا. وە بە ئیعتیباری عومومی حکومەتی عیراق بۆتە جوزئێکی لایەتەجەزئی. لەبەر ئەمە مەحاڵە کە سەکەنەی ئەلویەی جنوبیە بتوانن، بێ ئەوەی ئەم لیوایە جوزئێک لە وەتەنەکەیان و بەدەستیانەوە بێت لە ئەمنیەتا بژین و کەزا موستەحیلە بۆ ئەهالی ئەم لیوایە کە یەک ڕۆژ بتوانن، بە هەر شکڵ و وەزعیەتێک بێت، بە جیا لەوەتەنی عیراقی و لە برا عیراقیەکانیان بژین. ئەمە حەقیقەتێکی ئەوەندە ئاشکرایە کە هەمو عیراقیەک دەیزانێت و ئەقوامی سائیرە یش تێشتیراکیان ئەکا. لەسەر ئەم ئەساسە حکومەتی عیراقیە تەئەسوسی کردەوە و لە ئیستیقبالێکی نزیکا لەناو ئومەمی سائیرەدا بە ئیستیقلال و وەحدەتەوە ئەخذی مەوقیع ئەکات ".

هەر لەم سەفەرەی دا سەردانی هەڵەبجە یشی کرد. ئینجا گەڕایەوە بۆ پایتەخت.

4. 5. نە ئەو بەهارە و نە ئەو هەوارە

دوای خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحمود، موزاحیم پاچەچی، وەزیری ناوخۆی عیراق، لە نیسانی 1931 دا چو بۆ سەردانی سلێمانی. لە وتارەکەی دا بۆ خەڵکی سلێمانی وتی:

"لە بەعزێکم بیست – و تەرەفداری باوەڕ پێ کردن نیم - بەعزێ لە برا کوردەکانمان مەزبەتەیان بۆ بەعزێ جێگا تەقدیم کردوە، لەو مەزبەتانەدا بەیانیان کردوە کە حکومەتی عیراقیە لە خسوس کوردەکانەوە موخالەفەتی تەوصیاتی عیصبەتول ئومەمی کردوە، لەبەر ئەوە تەلەبی تەئلیفی حکومەتێکی کوردییەیان کردوە لە ژێر حیمایە و ئینتیدابی بریتانیادا".

"رجا ئەکەم ئەوەی کە بیستومە راست نەبێ. چونکە بە راست دەرچونی زۆر موتەئەثیرم ئەکات بە صیفەتی ئەوەی کە دۆست و برایەکی ئومەتی کوردم. بەوەی کە شوهرەت و شەرەفی لەکەدار بکات".

"تەوصیاتی عیصبەتول ئومەم مەعلوم وا زانراوە ئەگەر موقارەنەی بکەن لەگەڵ ئەوەی کە لەم وڵاتەدا جاریە و تەتبیق کراوە. بۆتان مەعلوم ئەبێ کە حکومەتی عیراقیە هەرچی لەسەری بە فەرض گیراوە. هەموی ئیجرا کردوە و لە حوسنی نیەت و ئیخلاصیدا لێی زیاد کردوە".

پاش پاچەچی مەلیک فەیسەڵ چوە سلێمانی. بەراوردی ئەم سەردانەی پاچەچی و مەلیک لە گەڵ سەردانی ئەمیر غازی لە تەمموزی 1930 دا و، دوای ئەو سەردانی وەفدی وەزاری لە ئابی 1930 دا، دەری ئەخەن کە چ گۆرانێکی بنەرەتی بەسەر کەشی سیاسی ئەم ناوچەیەدا هاتوە، جوڵانەوەی کورد لە چ قۆناغێکی تێکشکان و نائومێدیدا بوە.

سەرانی کورد لە سلێمانی، بۆ پێشوازی لە غازی و دوای ئەو لە وەکیلی سەرۆکی وەزیرانی عیراق و وەکیلی مەندوبی سامی. پێشتر بەیانی سیاسییان دەرکرد بو. خواستە نەتەوەییەکانی کوردیان تێدا رون کردبوەوە. بە خۆپیشاندانی سیاسی پێشوازییان کردن. لە گفتوگۆکاندا داوای سەلماندنی مافی کوردیان ئەکرد بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کوردی لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلاندا.

بەڵام ئەمجارەیان منداڵانی مەکتەبەکان و، موچەخۆرەکانی حکومەت بۆ پێشوازی رۆتینی و گۆرانی وتن بە باڵای مەلیک دا برابون. خواستەکان یش بریتی بون لە: تکای لێبوردنی گیراوەکان و، کردنەوەی هەندێ رێگا لە نێوان سلێمانی و قەزاکانیدا...

ئەم قۆناغەی ژیانی سیاسی کورد لە عیراقدا قۆناغێکی سەختە.

کاری پارلەمانتارانی کورد لە مەجلیسی نوابی عیراقیدا بە هەڕەشە بێدەنگ کرا بو. خەباتی سیاسیی ناوشاری خەڵک لە 6 ئەیلولدا لە خوێن و زینداندا نقوم کرا بو. خەباتی چەکداریی شێخ مەحمود و هاوکارەکانی بە تێشکان و خۆ بەدەستەوەدان تەواو بوبو. عەریزەی گەورەکانی کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان بە رەت کردنەوە وەڵامی درا بوەوە... ئەمانە نائومێدییەکی قوڵیان لە دەرونی چالاکەکانی کوردا رواند بو. زۆری ئەوانەی بەشداری جوڵانەوەی سیاسیی کورد بون تەکینەوە. هەندێکیان لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی عیراقدا بە فەرمانبەر دامەزران. هەندێکیان خەریکی بازرگانی و کارو کاسپی بون. بەکورتی، لە ژیانی گشتی کشانەوە و خەریکی دابینکردنی ژیانی تایبەتی خۆیان بون.

4. 6. بەڵگەکانی: کورد و مەلیک فەیسەڵ

4. 6. 1. چاوپێکەوتنی مەندوبی سامی و مەلیک فەیسەڵ

تێبینی لەسەر چاوپێکەوتنی مەندوبی سامی لە عیراق لە گەڵ مەلیک فەیسەڵ لە 20 ی مەی 1930 دا.

کوردەکانی عیراق

مەندوبی سامی بە بیر خاوەن شکۆی هێنایەوە ماوەیەک لە مەوبەر موافەقەتی کرد بو دواتر پرسی کوردەکانی عیراق باس بکەن. لەو کاتەوە، هەلی بۆ رەخسا لێکۆڵینەوە لە پرسەکە بکا، وەکو پێشنیاری کرد بو بە زویی بچێ بۆ گەشتێ لە ناوچە کوردییەکان دا. لای وایە باش ئەبێ ئەگەر خاوەن شکۆ موافیق بێ.

مەسەلەکە باس بکەن. درێژەی بە قسەکانی دا. حکومەت کارێکی باشی کردوە بەیانی دەرکردوە نیازی هەیە قانونێک دەربکا کوردی بکا بە زمانی ڕەسمی لە ناوچە کوردییەکان دا. بەڵام لای وایە درکاندنەکانی تری سەرۆکی وەزیران دەربارەی دامەزراندنی فەرمانبەران لە ناوچە کوردییەکان دا... کە مەرج بێ بە ڕەگەز کورد بن بەڵکو تەنیا کوردی بزانن. بۆ نمونە پێویست ناکا. دەبوایە دوابخرێ بۆ دوای جێبەجێکردنی قانونی پەیماندراو.

مەلیک وتی بە تەواوی موافیقە کە حکومەتی عیراق ڕێگە بدا بە بەکارهێنانی زمانی کوردی وەکو زمانێکی ڕەسمی. بەڵام ترساوە لە چالاکییەکانی ژمارەیەک لە کۆمەڵە سیاسییە کوردییەکان کە بونیان لە عیراق دا ئەترسێ زەرەر بدا لە پێوەندییەکانی عیراق لە گەڵ ئێران و تورکیا. گەورەترین جیاوازی لە بۆچونەکانی حکومەتی عیراق و بارەگادا. ئەوە بو حکومەتی عیراق قەناعەتی وایە ئەو ئازارشکێنانەی ئێستا پێشنیار کراون. بۆ ماوەیەکی درێژ کورد ڕازی ناکەن. دوای هەمو (تنازول)ێک داواکانی ئەوان زیاد ئەکا. تا لە دواییدا دەس ئەکەن بە تێکۆشان بۆ یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کە لەوانەیە عیراق لە شەڕەوە بگلێنێ لە گەڵ ئێران و تورکیا. لەلایەکی ترەوە بارەگا لای وایە کە ئەشێ کورد وەکو سکۆت لە بریتانیای گەورەدا ڕەفتاری لە گەڵ بکرێ. بەڵام جیاوازی لە پایەی ئەم دو گەلەدا ئەوەندە گەورەیە کە بەراورد کردنێکی نەشیاو بێ بۆ ئەوەی بێتە ڕێ پێشاندەری سیاسی.

مەندوبی سامی ڕونی کردەوە کە بە تەواوی بە سنورداری هەر بەراوردێک ئەکا لە نێوان هەڵوێستی سکۆت لە مەملەکەتی یەکگرتو و کورد لە عیراق دا. بەڵام مۆراڵی پێوەندی بریتانی لە گەڵ سکۆت ئەو ڕەفتارە هەڵسەنگێنراوە. لە گەڵ سەلماندنی مافی پاراستنی کەسایەتی نەتەوەیی و نەریتەکانی خۆیان هەمویانی یەک خستوە بە نزیکی لە گەڵ ئینگلیز. ئەو لای وایە کە سیاسەتێکی وەها بەرامبەر بە کورد. هەمان ئەنجامی ئەبێ بۆ عیراق.

ئەگەرچی خاڵی سەرەکی ئەو ئەوە بو کە شتێکی بنچینەیییە حکومەتی عیراق ئەو بەڵێنانە بەجێ بهێنێ کە بە کوردی داون. ئەو سیاسەتەی کە ڕاگەیەنراو بو سیاسەتێکی دروست بو. بەڵام ماوەتەوە سەر ئەوەی ببینرێ کە جێبەجێ ئەکرێ.

خاوەن شکۆ وتی بە تەواوی موافیقە لە گەڵ مەندوبی سامی. بەڵام هێشتا وا هەست ئەکا چالاکییەکانی کۆمەڵە سیاسییە کوردییەکان سەرکوت بکرێن چونکە زەرەر لە عیراق و زەرەر لە کورد خۆیشیان ئەدەن.

مەندوبی سامی بیری خاوەن شکۆی خستەوە کە کارێکی خێرا بکرێ لە لایەن بارەگا و حکومەتی عیراقەوە. بۆ ئەوەی ڕێ بگرن لەوەی عیراق بەکار بهێنرێ وەکو پەنجەی پیلانی پان - کوردی دژی دۆستە دراوسێکانی. بەڵام ڕونی کردەوە لە کاتێکدا کە موافیقە لەسەر ئەوەی هاندانی دوژمنانە دژی دراوسێکانی سەرکوت بکرێن. لای وایە پێویستە جیاوازی بکرێ لە نێوان ئەو کۆمەڵە سیاسییانەدا کە ئەو جۆرە چالاکییانە ئەکەن لە گەڵ ئەوانەی کە ئامانجەکەیان ناکۆکی ڕەوایە لە بەرژەوەندی کورد لەناو عیراق دا. لەهەمان کاتدا خاڵی گرنگی ڕاستەقینە بە کردەوە ئەوەیە کورد نائومێد نەبن لەو بەڵێنانەی عیراق پێی داون. ئەو بەڵێنانە ئەبێ ئەوەندەی بکرێ بە زویی. بەجێ بهێنرێن: لە ڕوی سەرەتاییەوە قانونی زمان و دروستکردنی ناوچەی پەروەردەیی کوردی.

مەلیک موافیق بو. وتی هیواداره کە مەندوبی سامی ئاگاداری بکا. ئەگەر لای وابو حکومەتی عیراق دوا کەوتوە لە بەجێهێنانی پەیمانەکانیدا بەرامبەر بە کورد. (FO371 ی 14521).

4. 6. 2. بەیانی رەسمی

زمانی کوردی زمانێکی رەسمیـیە: وەزارەت پاش ئەوەی کاروباری گرتە دەس، ئەیەوێ بایەخ بـدا بـەو شتانەی گرنگ و بڵنیاکەری ئارەزو و ئاواتەکانی گەلن. لەوانە هەندێ مەسەلە کـە پێوەنـدی‌یـان بـە بەشـێ لـە دانیشتوانی لیواکانی سەرەوە هەیە. لەبەرئەوە بڕیاریدا کە لائیحەیەکی قـانونی حـازر بکـا و بیخاتـە بـەردەم کۆبونەوەی هاتوی مەجلیسی ئوممە تا زمانی کوردی بکا بە زمانێکی رەسمیی لە شوێنە کوردی‌یەکاندا بەپێی مادەی 17 ی قانونی ئەساسی. حکومەت گەرەکێتی پێڕەوی بەرنامەیەک بکا لـە گـەڵ گیـانی ئـەو بەڵێنانـەدا بگونجێ کە پێشتر دابوی بە کوردەکان لە عیراق دا. (البلاد، ع 128، 10 ی 4 ی 1930)

4. 6. 3. هەنگاوێکی ئومێدبەخش و مژدەیەکی خۆش بۆ کوردەکان

لەناکاوا غەزەتەکانی بەغداد، مژدەیەکی بە هەمو مەناتیقی کوردەواریدا بـڵاو کـردەوە و هـەمو میللەتـی کورد لە خۆشی ئەم خەبەرە و ئەم مژدەیە وەکو گوڵ گەشانەوە و عومومی کەوتنە شایی و کەیفخۆشیەوە.

ئەم مژدەیە ئەمەندە مـوهیم و خـۆش بـو کـە ئەوەڵـەمین ئارەزویـەک کـە کوردەکـان مـودەتێکی زۆر ئینتیظاری ئەکەن، هێنایە جێ.

وا ئاشـکرا حکومـەت رەسـمەن ئیعتیرافـی کـرد بـە رەسـمیەتی زمـانی کـوردی و بـۆ ئـەو قیسـمە کوردەواریەی کە لەگەڵ عیراقا ئەژین. وە ئەم ئیعتیرافـە و ئـەم قـەرارە صـفەتێکی مەشـروعیەتی پـێ ئـەدرێ، ئەکرێ بە قانون و لە ئەوەڵەمین ئیجتیماعی مەجلیسی ئوممەت دا تەصدیق ئەکرێ و بەم سەبەبەوە کوردەواری نائیلی حەقێکی مەشروعی خۆی ئەبێ.

عومومی کوردەواری بەرامبەر بەم قەرارە و بەم خەبـەرە بـەجان و دڵ تەشـەکوری حکومـەت وە بیلخاصـە قابینەی عالی و عائلەی نوری پاشا ئەلسەعید ئەکات. حەقیقەتەن لە هەمو کوردێکەوە مەعلوم بـو کـە ئـەم قابینەیـە فکرێکی عالی هەیە و ئەیەوێ بۆ بەرز و بڵندی عیراق ئەو ئەسبابانە مـەحو بکاتـەوە کـە هـەتاکو ئێسـتا ئـەم دو میللەتەی لەیەک دڵگیر کرد بو. وە لێی مەعلوم بو کە ئیتیحاد و یەک فکری و یەک وجودی ئەم دو میللەتە بەوەوە ئەبێ کە محافەزەی حقوقی میللی و عەنعەناتی کوردەکان بکرێ. وا شوکر ئەم قابینـە تازەیـەمان بـۆ ئـەم غایەیـە ئەوەڵەمین خەطوەی هاویشت و بەرامبەر بە حکومەتی عیراق مەحەبەتێکی تەواوی خستە دڵی کوردەکانەوە.

هەرچەند لەپێشەوە پێویست بو موافیقی قەراری عیصبەتول ئومەم و ئیعترافاتی عیراق ئـەم حقوقـە بـە کوردەکان بدرێ. بەڵام هەتاکو ئێستا فیعلەن لە بەعزێ مـەناتیقی کوردییـەدا موهمـەل مـابوەوە و عەمـەلی پـێ نەئەکرا و ئارەزوی کوردەکان نەهێنرا بوە جێ. عەلاوەتەن ئەم مەسئەلەیە کەسـبی قانونیـەتی نـەکرد بـو. بـەم سەبەبەوە ئیتیحادێکی تەواو لە بەینی ئەم دو میللەتەدا پەیدا نەبو بو.

ئێستا کە قابینەی عالی و عائلەی نوری پاشا ئەلسەعید، لە پێش هەمو شتێکا دەرکی بەمە کـرد و، ئەسـبابی ئەم عەدەمی مەحەبەتەی بەینەی دۆزیەوە. حەقیقەتەن وەکو بۆ عیراق بە خەطوەیەکی گـەورە عـەد ئـەکرێت. ئیلـەل ئەبەد کوردەکانیشی مەمنون کرد و بەم سەبەبەوە ئیتیحادێکی تەواوی خستە بەینی ئەم دو میللەتەوە.

کوردەواری هەمو وەقتێک بە دڵ و بە گیان ویستویانە کە لەگەڵ عەرەبدا ئیتیحاد و تەوحیـدی مەسـاعی بکەن و بەم سایەیەوە حکومەتێکی چـاک و مونتـەظەم بـە نـاوی عیـراق ەوە بێننـە وجـود و دائیمـەن هـەمو فەردێکی کورد ئەهمیەت و لزومی ئیتیحادی کورد و عەرەبی دەرک کردوە.

لەم عەصری میللیەتەدا کوردیش هەمو وەقتێک شعورێکی پاک و بڵندی میللی تیـا مـەوجودە، هـەروەکو ئارەزومەندن بۆ ئیدامەی یەکێتی لەگەڵ عیراقا – عەرەب دا لە عـەینی زەمـان دا بـە ئیشـتیاق و پەرۆشـێکەوە ئەیشیانەوێ محافەزەی هەمو عەنعەناتی میللیە و شەرافەتی قەومیەی خۆیان بکەن.

بینائەن عەلەیهی وەکو ئەم قابینە تازەیە ئەم نوقتـەی ئیتیصـال و ئیتیحـادەی دۆزیـەوە لازمیشـە ئیتـر لەمەودوا بە دائیمی سەعی بکرێ بۆ ئیتیحادی ئەم دو جەرەیانە و بە دانی حقوقێکی مەشروعەی میللەتی کـورد ئیتیحادێکی تەواو لە بەینی ئەم دو میللەتەدا تەئمین بکرێ کە نەتیجە لەم ئیتیحاد و مـەزجی ئـەم دو میللەتـەدا کیتلەیەکی موتەفیقە و یەک غایە بهێنرێتە وجود. ئەمەیش هەر بـەم جـوزنی ئیهتیمامـەوە دێتـە وجـود. فائیـدە و مەنفەعەتی ئەم ئیتیحادە بۆ تەرەفەینە. بۆ هەردولا ئەبێ بە مـوجیبی بـەرز بونـەوە. باخسـوس بـۆ تـەرەقی و تەعالی ئەم حکومەتە گەنجەی عیراقە ئەهمیەتێکی حەیاتیەی هەیە.

چونکە بە واسیتەی دۆستایەتی قەومێکی جەسورو جەنگاوەری وەکو کوردەوە دائیمەن حدودی شەرقی و شیمالی عیراق بەرامبەر بە هەمو خەطەرێک مەحفوظ و موئتەمەن ئەبێ. جگە لەمەیش لە جامیعەی عیراق دا لـە جیاتی بونی عونصورێکی نامەمنون برایەکی پڕ مەحەبەت و پڕ جددیەت دێتە وجود.

زاتەن ئەهمیەتی ئەم مەسئەلەیە وەنەبێ هەر لە ئێسـتاوە دەرک کرابـێ بـەڵکو لـە زەمـانی ئیحتیلالـەوە حکومەتی فەخیمەی بریتانیا و هەمو ریجالی سیاسیەی ئەم حکومەتە دەرکی چـاکی ئـەم مەسـئەلەیەیان کـردوە و بۆ ئەم غایەیە تێ کۆشاون. هەمو وەقتێک ویستویانە: بە تەوحیـدی ئیـدارەی ئـەم دو میللەتـە حکومـەتێکی بەرز و بڵند و مونتەظەمی وەکو عیراق بهێننە مەیدانەوە.

بەڵام بۆ ئەوەی ئەم دو میللەتە لە یەک دڵگیر نەبن. هەرا و هوریا نەکەوێتـە بەینیانـەوە و. ئیتیحادەکـەیان زیاتر دەوام بکات و. بە ئەبەدی و بە جددی بژین محافەزەی حقوقی میلیەی کوردەکانیان بە شەرط گرتوە و. لـەم ئیتیحادەدا دانی هەمو حقوقێکی مەشروعەی کوردەوارییان بە پێویست زانیوە. لەگەڵ ئەمەیشا کـە هـەتاکو ئێسـتا ئەم حقوقە لە حکومەتی عیراقا نەکراوە بە قـانون و کەسـبی قـەطعیەتی نـەکردوە. بـەڵام صـاحێب مەنصـەبەکانی حکومەتی فەخیمەی بریتانیا. دائیمەن لە کوردستانا ریعایەتی ئـەم مەسـئەلە و لـە هـەمو خسوسـێکەوە محافـەزەی حەیثیەتی میللی کوردەکانیان کە لە مەکاتیب دا تەدریسات و لەمەخابەراتی رەسمیەدا نوسین بە زبـانی مـادەرزادی خۆیان بێ و. بەم سەبەبەوە هەمو کوردەکانیان مەمنونی شوکرانی خۆیان کردوە.

غەیری ئەمیش وەقتێک کە کۆمەڵی عالی عیصبەتول ئومەم بۆ حەلی ولایەتی موصل تەشـریفیان هێنایـە ئەم موحیطانە. دیسانەوە حکومەتی فەخیمەی بریتانیا ئەم قەرارەی کە لـە پێشـا دابـوی و کـە بـۆ محافـەزەی حقوقی میللی کوردەکان بو لەوانیشی حاڵی کرد و. بە هەمو نەوعێک بەوانیشی سـەلمان کـە ئـەم میللەتـە بـەم شەرائیطانە قابلە لەگەڵ عیراقا بـژی و حەقیقەتـەن ئـەوانیش لـە دوای تـەحقیقات بۆیـان مـەعلوم بـو کـە لـەم ئیتیحادەدا نابێ عەنعەناتی میللی کوردەکان مەحو بکرێتەوە و نەتیجە لە عەلاوەی ولایەتی موصلی دا بە عیراق ئەم شەرائیطانەیان بۆ کوردەکان هێنایە وجود و ئەم حقوقەیان پێ بەخشین و حکومەتی عیراقیش ئیعتیرافـی پێ کرد و. بۆ تەتبیقی وەعدی دا.

ئەم هەنگاوەی کە قابینەی سەعیدیە هاویشتی و کە لە سینەی کوردەواریدا بە شوکران و مەمنونیەتەوە قەید کرا کە ئەم خەطوە موبارەکە بو بە حەلقەی ئەولای سیلسیلەی سیاسەتێکی موتەفیقانە و برایانە بەرامبـەر بە عونصوری کورد. هەروا ئەم حقوقانەی کە بـە کوردەکـان ئـەدرێ و کـە ئـەم قابینەیـە بـە هـەمو عەزمیـەوە کردویـەتی بـە غایـە و بـە پرۆغرامێـک بـۆ خـۆی کـە ئیفـا و تـەثبیتی بکـات ئـەبێ بـە سـەبەبی شـوکران و مەسروریەت و مەمنونیەتێکی ئەبەدی ئەم میللەتە و لە نەتیجەیش دا ئەم ئیتیحادە حکومـەتێکی عـالی گـەورە و صاحێب حقوق بە ناوی (عیراق) ەوە ئەهێنێتە وجود و ئیلەل ئەبەد مەحفوظ و بێ غایە ئەمێنێتەوە.

ئیتر دیسانەوە بەرامبەر بەم لوتفە گەورەیە تەشەکوری حکومـەتی عەلیـەی عیـراق و قابینـەی سـەعیدیە ئەکەین و ئومێدمان وایە بە مودەتێکی کەم هەمو حقـوقێکی تریشـمان پـێ ئیعطـا و لـە قـەوانینی عیراقـا بـۆ تەثبیت بکرێ. (ژیان، ژ 235. 17 ی 4 ی 1930)

4. 6. 4. تەلغوراف بە موناسەبەتی قانونی (اللغات المحلية) وە:

صورەتی ئەو تەلغورافانەیە کە بە موناسەبەتی ئەم خەبەرە خۆشەوە لە تەرەف ئەشراف و رەئیسی بەلەدەی سلێمانیەوە بۆ بەیانی تەشەکور و منەتداری بۆ مەقاماتی عالیە نوسراوە:

تەلغورافی ئەشرافی سلێمانی

فەخامەتی رەئیسەل وزەرای قەهرەمانی عیراق نوری سەعید پاشا

صورەتی بۆ فەخامەتی مەندوبی سامی

صورەتی بۆ مەعالی موستەشاری داخلیە

موقابیل بە قەراری حکومەت بۆ ئیصداری زمانی کوردی لە مەناتیقی کوردیەدا و ئیعطای حقوقی سائیرەی کوردان، تەشەکوراتی خالیصانەمان تەقدیم و ئینتیظاری لوتفی زیاتر ئەکەین.

عەبدولڕەحمان ئاغا زادە، محەممەد. حەفید زادە، عەبدولقادر. بابان زادە، عەزمی. ئەحمەد پاشا زادە، عەبدولڕەحمان. عوثمان پاشا زادە، عیززەت. حاجی ڕەسوڵ ئاغا زادە، مەجید. مەعروف ئاغا زادە، حاجی مەلا محیدین. خەفاف زادە، حاجی ئیبراهیم. حەفید زادە، سەید عەبدوڵڵا. شێخ مەعروف زادە، شێخ محەممەد غەریب. حسێن ئاغا زادە، حاجی حەمە ئاغا. قەزاز زادە، تۆفیق. (ژیان، ژ 235، 17 ی 4 ی 1930)

تەلغورافی رەئیسی بەلەدیەی سلێمانی

بۆ فەخامەتی رەئیسەل وزەرا، زەعیمی عیراق نوری سەعید پاشا

صورەت بۆ فەخامەتی مەندوبی سامی

صورەت بۆ مەعالی موستەشاری داخلیە

بەرامبەر بە لوتفکاری حکومەت بۆ ئیصداری قانونی زمانی کوردی لە مەناتیقی کوردییەدا و بەخشینی حقوقی سائیرەی کوردان بە ناوی ئەهالی سلێمانیەوە تەشەکوراتی خالیصانە تەقدیم و تەمەنای مۆفەقیتان ئەکەین. رەئیسی بەلەدیە. (ژیانژ 235، 17 ی 4 ی 1930)

تەلغورافی رەئیسی بەلەدیەی سلێمانی بۆ رەئیسی بەلەدیەی کەرکوک

بۆ رەئیسی موحتەرەمی بەلەدیەی کەرکوک

موقابیل بە لوتفی حکومەت بۆ ئیصداری قانونی زمانی کوردی لە مەناتیقی کوردیەدا، بە ناوی سلێمانیەوە تەبریک و ئیشتیراکی سرورتان ئەکەین. رەئیسی بەلەدیەی سلێمانی. (ژیان، ژ 235، 17 ی 4 ی 1930)

تەلغورافی رەئیسی بەلەدیەی سلێمانی بۆ رەئیسی بەلەدیەی هەولێر

بۆ رەئیسی موحتەرەمی بەلەدیەی هەولێر

موقابیل بە لوتفی حکومەت بۆ ئیصداری قانونی زمانی کوردی لە مەناتیقی کوردیەدا، بە ناوی سلێمانیەوە تەبریک و ئیشتیراکی سرورتان ئەکەین. رەئیسی بەلەدیەی سلێمانی. (ژیان، ژ 235، 17 ی 4 ی 1930)

جوابی ڕەئیسی بەلەدیەی کەرکوک

بۆ موحتەرەم ڕەئیسی بەلەدیەی سلێمانی

بۆ محافەزەی حقوقی کوردان ئێمەیش تەشەکوری لوتفی حکومەت و ئیشتیراکی سروری هەمو کوردان ئەکەین. ڕەئیسی بەلەدیەی کەرکوک. (ژیان، ژ 235، 17 ی 4 ی 1930)

جوابی ڕەئیسی بەلەدیەی هەولێر

بۆ موحتەرەم ڕەئیسی بەلەدیەی سلێمانی

بەناوی هەولێرەوە تەبریکاتی بەرامبەریمان تەقدیم. زیاتر بڵندی ولاتمان دوعا ئەکەین. ڕەئیسی بەلەدیەی هەولێر. (ژیان، ژ 235، 17 ی 4 ی 1930)

وەکو مەوثوقەن

بیستومانە جگە لەم تەلەغرافانەیش ڕوئەسای موحتەرەمەی عەشائیرەکانیشمان بەرامبەر بەم قەرارە خۆشە بە تەلغوراف عەرزی مەنتداری و تەشەکوراتیان تەقدیمی مەقامات کردوە. (ژیان، ژ 250، 10 ی 7 ی 1930)

4. 6. 5. ژیان برایەکی خۆشەویست و پشتیوانێکی بەقوەتی چنگ کەوت

چەند ڕۆژێک لەمەوپێش بە سرورەوە بیستمان غەزەتەی کەرکوک کە ڕەفیقێکی خۆشەویستی ژیانە بە سەبەبی ئەوەوە لە کوردستان و لەناو میللەتی کوردا ئینتیشار ئەکات بۆ ئەوەی ببێ بە ناوێنەی حاڵ و تەرجومانی حەقیقەتی میللەتەکە. ئیتر لەمەودوا قیسمێکی زۆری بە کوردی ئەنوسرێ و ئینتیشار ئەکات. ئەم خەبەرە بە جدی سرور و خۆشیەکی تەواوی خستە دڵی میللەتەکەمانەوە و هەمو کوردێک بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕاستی ئەم خەبەرە خۆشە و بە عەجەلە ئینتیظاری چاپێکەوتنی ئەو غەزەتە کوردیەی ئەکرد. شوکر دوێنێ لەناکاودا خەبەرەکە تەحەقوقی کرد و غەزەتەکە کە دو صەحیفەی بە کوردی نوسرا بو هاتە سلێمانی. بە داخڵ بونی حەیاتێکی تازەی خستە وجودی میللەتەکەمانەوە و بەم سەبەبەوە (ژیان)یش برایەکی عەزیز و پشتیوانێکی بە قوەتی بۆ پەیدا بو.

خوێندەوارەکانمان تاقم تاقم بۆ چاپێکەوتن و خوێندنەوەی ئەم غەزەتە بە قیمەتە موحتەرەمەیە شەتابیان ئەکرد و. حەقیقەتەن ئەم مەسئەلەیە ئەمەندە خۆش بو کە لە موقابیلیا ناتوانین بە تەواوی دەرەجەی سروری میللەتەکەمان بەیان و تەعریف بکەین چونکە ئەم دو لیوایە کە دراوسێی یەکترین و ئەهالیەکەی هاوخوێن. هەم جنس. هاوزبان و هەمو غایەیەکیان یەکە بە سەبەبی ئەوەوە غەزەتەی کەرکوک هەتا ئێستا بە لیسانی محەلی و مادەرزادی خۆی ئینتیشاری نەئەکرد لە هاواری یەکتری نەئەگەیشتن و بە فریادی یەکتری نەئەکەوتن بەڵام وا شوکور بە سەبەبی لوتفی حکومەت و مەئمورینە ئیداریە بە قیمەتەکانمانەوە ئەم مانیعە هەڵگیرا و ئەم پەردەیەی بەسەرمانا ڕاکێشرا بو لابرا و لە یەکتری ئاشکرا و مەعلوم بوین.

بەرامبەر بەم حەرەکەتە مەعقولە. ئەم مژدە خۆشە و ئەم لوتفە گەورەیە. علەنەن بە ناوی میللەتەکەمانەوە تەشەکوری حکومەتی موشفیقە و حەقپەرستمان ئەکەین. ئومێد ئەکەین ئیتر ئەم 3 برا عەزیزە کە: زاری کرمانجی. کەرکوک و ژیانە دەست بدەنە دەست و پشتیوانی یەکتری بن و بە هەمو قوەتیانەوە بۆ تەرەقی و تەعالی موڵک و میللەتەکە هەوڵ بدەن و تێ کۆشن. (ژیان، ژ 238، 8 ی 4 ی 1930)

4. 6. 6. غەزەتەی کوردی کەرکوک

دیسانەوە بە خۆشیەوە خوێندمانەوە غەزەتـەی کـەرکوک کـە هـەتا ئێسـتا دو سـەحیفەی بـە کـوردی دەرئەچو قەرار دراوە هەمو رۆژێکی دوشەممە دەرچێ و چوار سەحیفەی بە کـوردی بـێ. بەرامبـەر بـەم مـژدە خۆشە میللەتەکەمان پێخۆشحاڵ بو ئومێد ئەکەین ئەم برا خۆشەویستەمان هـەتا سـەر بـە موەفـەقی خزمـەتی وەتەن و میللەتەکە بکات. (ژیانژ 240، 22 ی 4 ی 1930)

4. 6. 7. پەیوەندیمان بە برا کوردەکانمانەوە

ویستی ئەزەلی لە چارەی نوسیون- مەبەستی عەرەب و کوردە. ئە- کە هاوکار و یەکگرتو بن بەرامبـەر مەترسیەک کە ئەکەوێتە سەر یەکێتی عیراق. ئێمـە و کـورد یـەک ئوممـەین. مێـژو تێکـەڵاوی خـوێن و دیـن و قازانجی هاوبەش یـەکی خسـتوین. ئـەم پێوەندیانـە کاریگـەرن لـە ژیانمـان دا. نکـوڵی لـەوە نـاکرێ کـە ئیستیعمار هەوڵی لاواز کردنـی ئـەم پێوەندیانـەی داوە، بـەڵام بـاوەڕی کـوردو عـەرەب بـە یـەکتری تیـاری ئیستیعماری راگرت.

صیربەکان بیری جیابونەوەیان لە تورکیا لەلای ئالبانیەکان خۆش کرد چارەنوسیان چی بو؟ بـون بـە دەسکەلا سیاسەتی ئەمسایی و یۆگۆسلافی گەمەیان پێ ئەکەن. ئەرمـەنیش. بـە یارمـەتی هاوپەیمانـەکان دژی دەوڵەتەکەیان. شوێن پێی ئالبانیەکان کەوتن. وا ئـەمڕۆ توشـی دەربـەدەری بـون وڵاتێـک پـەنای بـۆ بـەرن و دەسەڵاتێکیان نیە.

ئێمەش ئەمڕۆ. بە داخەوە. هەست بەو تێکدانە ئەکەین کە بـە رۆژی رونـاک روبـەڕوی ئـەو مەترسـیە ئەبینەوە. ئەوەی داخەکەش زیاد ئەکا. ئەو بەیانەی سـەرۆکی وەزیرانـە کـە ئەیـەوێ زمـانی کـوردی بکـا بـە زمانێکی رەسمیی لە وڵات دا بەپێی مادەی 17 ی قانونی ئەساسیی عیراق.

ئێمە لەلایەنی برا کوردەکانمانەوە لەمە ئەدوێین. سەرەرای ئـەو ناژاوەیـەی لـە وڵات دا دروسـت ئـەبێ بەوەی دو زمان بکرێ بە رەسمی. ئەبێ زمانی رەسمی هەر یەکێک بێ بـۆ رایـی کردنـی قـازانجی وڵات. بـرا کوردەکانمان لەوە تێ ئەگەن کە ئەگەر کوردیان بە زمانی رەسمی قوبوڵ کرد... چۆن ئەتوانن لەگـەڵ عـەرەبی عیراق بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت دا و لە راییکردنی کارەکانیان دا لە قوتابخانە بـەرزەکان و جـەیش و دیـوانی وەزارەتـەکان داو. نائیبـەکانی کـورد چـۆن ئـەتوانن داکـۆکی لـە داواتـەکانی هـەڵبژێردەرەکانیان بکەن؟.ئێمە ئەو بەیان وەزاریەی باسمان کرد بە سەرەتایەکی خراپ ئەزانین. هیوادارین وڵات لە ئەنجامـەکانی رزگاری بێ و بیر لە هیچ ئەکەینەوە جگە لە رزگاری نیشتمانی هاوبەش لە شەڕی دەسـەڵاتی بێگانـە. محـامی. علی محمود معتمدی حیزبی وطنی. (البلاد. ع 130، 13 ی 4 ی 1930)

4. 6. 8. قسەی سەرۆکی وەزیران بۆ رۆژنامەکان

قسەی من دەربارەی مەسەلەی کورد کە لەو کۆبونەوەیـەدا بـاس کـراوە ئەوەیـە: ئێمـە ئـەوەمان لـەبیر نەچۆتەوە کە لە سەردەمی عوسمانیدا چیمان هەست پێ ئەکرد کە داوامان ئەکرد زمانی عەرەبی بکرێتە زمانی رەسمی لە وڵاتانی عـەرەبیدا. جـەنابی خـەطیب... پـاش نـابوت بـونی سیاسـەتی تورکانـدن لـە مەملەکـەتی عوسمانیدا. ئەو سیاسەتە ئەو وڵاتەی وێران کرد و. گەلەکانی هەڵوەشاند. ئێمـە ئەمانـەوێ بـرا کوردەکانمـان عیراقی راستگۆ بن وەکو عەرەب بە دڵ داکۆکی لە وڵات بکەن نەک بە قسە و روپامایی. (البلاد. ع 132، 15 ی 4 ی 1930)

4. 6. 9. زمانی کوردی لە کەرکوک رەسمی نیە

لە سکرتێری وەزارەتی مەعاریفەوە بۆمان هاتوە کە وەزارەتی مەعاریف، هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە زمانی کوردی بکاتە زمانی رەسمیی خوێندن لە قوتابخانەکانی ناو کەرکوک دا. هەرچیەک لەم روەوە بڵاوکراوەتەوە دورە لە راستیەوە.

(البلاد. ع 201، 9 ی 7 ی 1930)

4. 6. 10. بۆ جەنابی مودیری موحتەرەمی ژیان

تکا ئەکەم ئەم چەند قسەیەم لە غەزەتەی موحتەرەمتانا دەرج بفەرمون بۆ بەیانی حەقیقەت:

لە ژمارە 196 ی 3 ی 7 ی 1930غەزەتەی البلاد دا لە ژێر ئیمزای نەزیل بغداد دا چەند قسەیەک گوترا بو کە تەئیدی قسەی موخبیری غەزەتەی مەزکوری ئەکرد کە لە کەرکوکەوە بۆی نوسیوە.

ئەویش ئەفەرموێت تکا لە وەزارەتی مەعاریف ئەکەم ئەو سوئی تەفاهومە کە لە بەینی تەلەبەکانی کەرکوک دا واقیع بوە هەڵی گرن. بە سەبەب بونی لیسانی کوردی بە لیسانێکی رەسمی لەو مەنتیقەیەدا چونکی لە مەنتیقەی کەرکوک چەند کەسێک نەبێ هیچیان کوردی نازانن.

ئینجا من کە کەرکوکیم لەم قسەیە سەرم سورما و بە موناسەبەیەم زانی لەم خسوسەوە بۆ بەیانی حەقیقەت چەند کەلیمەیەک عەرزی خوێنەواران بکەم.

ئێمە نامانەوێ موناقەشەی ئەم زاتە موحتەرەمە بکەین لە خسوس کوردی زانینی ئەهالی کەرکوکەوە یا نەزانینیانەوە. چونکی ئەمە شتێکی ئاشکرایە و وەکو رۆژ مەعلومە کە نەفسی مەرکەزی لیواکە بە ئەکسەریەت کورد تەشکیل ئەکات و بۆ خاریجی لیوا هیچ حاجەت بە نوسین نیە چونکی هەمو کەس ئەیزانێ هەمو کوردن و لەژێر هەوا و لەبەر کانی و بەفراوی کوردستانا ئەژین و زۆر لە کۆنەوە بە کوردایەتی خۆیان ئیفتیخاریان کردوە. بەڵام لام وایە جەنابی موحەرریر غەریبەو تازە هاتۆتە کەرکوک. لەبەرئەوە شارەزای ئەحواڵی ئیجتیماعیە و لیسانی مەملەکەتەکە نەبوە. ئەگەر ئاشنا بوایە هیچ وەختێک لەم جۆرە خیلافی حەقیقەتانەی ئەنەنوسی. فەقەت موخبیر و نەزیلی بەغداد لێیان مەعلوم بێت بە ئیجاد کردنی ئەم نەوعە قسە ناحەقانەی ئەوان هیچ وەختێ قەراری عەسبەتول ئومەم ناگۆرێ لە خسوس بەخشینی ئەو حەقە کە بە کوردەکانی شیمالی عیراق دراوە و ئەم قەرارە لە تەرەف حکومەتی بەریتانیای گەورە و حکومەتی عیراقەوە فیعلەن تەسدیق و قوبوڵ کراوە و غەیری ئەمەیش فەخامەتی رەئیسی وزەرای عیراقیش نوری پاشا سەعید تەئیدی ئەم قەرارەی کرد و ئەمریدا لە مەناتیقی شیمالیەدا تەتبیق بکرێ بەڵام مەعەل ئەسەف جەنابی موخبیر تازە لە کلکەوە دەستی پێ ئەکات. زۆر چاک لایان مەعلوم بێت تەنها بۆ چەند تورکمانێک ئیستیقبالی کوردەکانی کەرکوک و ئەترافی مەحو و حقوقیان زەوت ناکرێ. کەرکوکی: عەبدولوەهاب. (ژیان. ژ 250، 10ی 7 ی 1930)

4. 6. 11. قانونی زمانە ناوچەییەکان ژمارە 74 ی ساڵی 1931

ئێمە مەلیکی عیراق

بە موافەقەتی ئەعیان و نواب فەرمانمان دا بە دانانی قانونی لای خوارو:

مادەی 1:

ئەحکامی ئەم قانونە لەو قەزایانەدا جێبەجێ ئەکرێ کە لە مادەکانی دوهەم و سێهەم ناو براون.

مادەی 2:

ئەلف.

زمانی دادگا لەم قەزایانەدا کوردی ئەبێ: ئامێدی، زاخۆ، زێبار، ئاکرێ، کۆیە، رانیە، رەوانـدز، گـل، چەمچەماڵ، سلێمانی، هەڵەبجە، شاربازێر.

مادەی 3:

زمانی دادگا، لەم قەزایانەدا، ئەگونجێ عەرەبی یـا کـوردی یـا تـورکی بـێ: دهـۆک، شـێخان، هـەولێر، مەخمور، کەرکوک، کفری، دادگا لە هەر حاڵەتێک دا خۆی بڕیار ئەدا چ زمانێ بەکار بهێنرێ.

مادەی 4:

تاوان بە پاڵ دراو لە هەمو حاڵەتێک دا و لە هەمو ئەو قەزایانەی لە سەرەوەدا ناوبران، مافی هەیە:

ئەلف،

بە زمانی عەرەبی دادگایی بکرێ و ئاگادار بکرێ، ئەگەر زمانی ناوماڵی بێ.

باء،

هەمو مرافعاتی بە دەم بۆ تەرجومە بکرێ بۆ عەرەبی یا کوردی یا تورکی، نسخەیەک لە حوکمەکەی بە تەرجومەکراوی بۆ یەکێ لەو زمانانە داوا بکا، هەمو کەسێ بۆی هەیە عەریزە بە یەکێ لە زمانەکانی عەرەبی یا کوردی یا تورکی بدا بە هەر یەکێ لە دادگای ئەو قەزایانەی ناوبران یا دادگەیەکی بەرزتر.

مادەی 5:

زمانی کوردی لەو قەزایانەدا رەسمیی ئەبێ، جگە لە دائیرە فنیەکان و نامەکاری نێوان ناوەندی لیواکـان و وەزارەتەکان و نێوان ناوەندی لیوای موسڵ و قەزاکانی کە بە عەرەبی ئەبێ: ئامێدی، ئاکرێ، دهۆک، زاخـۆ، زێبار، هەولێر، مەخمور، کفری، رانیە، رەواندز، چەمچەماڵ، گل، سلێمانی، هەڵەبجە، شاربازێر.

بەڵام لە قەزاکانی کەرکوک و کفری کوردی یا تورکی بەکار ئەهێنرێ.

مادەی 6:

لە هەمو قوتابخانـە سـەرەتاییەکانی قـەزاکانی نـاوبراون زمـانی فێرکـردن زمـانی ناومـاڵی زۆرایـەتی قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیە ئەبێ، ئیتر عەرەبی یا کوردی یا تورکی بێ.

مادەی 7:

هەمو کەسێ بۆی هەیە بە زمانی عەرەبی موراجەعەتی سـوڵتانی رەسـمی بکـا، بـە هـەمان زمـان وەڵام ئەدرێتەوە، بەڵام هەر نامەکارییەکی بـە زمانێـک کـرا کـە بـە پـێی مـادەی پێنجـەمی ئـەم قانونـە رێ درابـێ وەرئەگیرێ، بەهەمان زمانی پێی نوسراوە وەڵام ئەدرێتەوە.

مادەی 8:

لە قەزاکانی لیواکانی سلێمانیو کەرکوک و هەولێردا کە لەم قانونەدا ناوبراون، شێوەی زمانی کوردی ئـەوە ئەبێ کە ئێستا بەکاری ئەهێنن. لە قەزاکانی لیوای موسڵدا کە لەم قانونەدا ناوبراون، خـەڵـک خۆیـان، لـە مـاوەی ساڵێک دا لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەم قانونەوە، ئەو شێوە زمانە کوردیە هەڵئەبژێرن کە خۆیان ئەیانەوێ.

مادەی 9:

لەسەر وەزیرەکان پێویستە ئەوی پێوەندی پێیانەوە بێ، جێبەجێی بکەن.

لە بەغداد، لە 23 ی ئاياری 1931 دا بەرامبەری 6 ی موحـەرەمی 1350 نوسـرا. فەیسـەڵ، مـەلیک، نوری سەعید، سەرۆکی وەزیران و وەکیلی وەزیری ئابوری و هاتوچۆ. مـوزاحیم پاچـەچی، وەزیـری نـاوخۆ، جەمال بابان، وەزیری عەدل. عەبدوڵڵا دەمـەلوجی، وەزیـری دەرەوە. جـەمیل راوی، وەزیـری دیفـاع. رۆسـتەم حەیدەر، وەزیری دارایی. عەبدولحوسەین، وەزیری مەعاریف.

الوقائع العراقية، ع989، 1 ی 6 ی 1931 هەروەها (FO371 ی 15318)

4. 6. 12. تەشریف هێنانی وەزیری داخلیە موزاحیم بەگ بۆ سلێمانی

ڕۆژی شـەممە موصـادیفی 16 ی 4 ی 1931 فەخامـەتی وەزیـری داخلیـە جـەنابی مـوزاحیم بـەگ تەشریفیان هێنا بۆ سلێمانی. لە پێش مواصەلەتیانا لە تەرەف رەئیسی بەلەدیە جەنابی مەحمود ئەفەندیەوە بـۆ ئینتیظاری موستەقبیلین ئیحزاراتی لازمـە ئیجـرا کـرا. هـەمو ئـەرکان و موسـتەخدیمین مـەئمورینی موڵکیـە و ریجالی عەسکەریە و عولەما و سادات و ئەشـراف و موتەحـەیزانی مەملەکـەت لـە قـەراغ شـار لـە زوهـرەوە ئینتیظاری تەشریفیان کرد سەعات لە پێنج مواصەلەتیان فـەرمو موتەسـەریفی کـەرکوک سـەعادەتی تەحسـین بەگ لە رەفاقەتیان مەوجود بو. سریەیەک عەسکەری و میقدارێک پۆلیس لە رەسمی سەلاما صەفبەستەی سەلام بون لەگەڵ مواصەلەتیان موقابیل بە تەرحیب و خۆشنامەدی موستەقبیلین وەزیری موشار ئیلەیهیش موقابەلەتەن ئیزهاری ئیلتیفاتیان فەرمو. وەزیری موشار ئیلەیهی لەگەڵ رەفیقی موحتەرەمی سـەعادەتی تەحسـین بـەگ لـەماڵی سەعادەتی موتەسەریفی لیوا جەنابی ئەحمەد بەگ میوان بـون. هـەر عـەینی ئێـوارێ رۆژ و شـەو لەگـەڵ سادات و عولەما و ئەشرافی بەلدە مولاقاتیان فەرمو.

دوەم رۆژ کە یەکشەممە بو لە تەرەف رەئیسی بەلەدیە جەنابی مەحمود ئەفەندیەوە بە شەرەفی فەخامەتی وەزیری موشار ئیلەیهیەوە دەعوەتێکی چایی و شەربەت لە باغچەی بەلەدیەدا کرا بۆ ئەم دەعوەتە هەمو سـادات و عولەما و ئەشراف و موتەحەیزانی مەملەکەت بە تەذکەرەی مەخسوسە دەعوەت کـران و لـە سـەعاتی پێنجـی الافرانغەدا ئیجتیماع لە مەوقیعی مەزکورا کرا لە پاش قەهوە و چـا و شـەربەت لـە تـەرەف جـەنابی رەئیسـی بەلەدیەوە بە ناوی بەلدەوە نوتقـێکی بەلیغی خۆشنامەدی فەخامەتی وەزیر ئیراد کرا. لە پـاش ئـەو بـە نـاوی عولەماکانەوە لە خسـوس تـەکایا و مەسـاجیدەوە نوتقـێک لـە تـەرەف شـێخ محەمـەد ئەفەنـدی گوڵانیـەوە خوێنرایەوە. لە پاش ئەو قەس هورمز ئەفەندی بەناوی قیسمی مەسیحیەوە نوتقـێکی خۆشنامەدی خوێنرایەوە و لە عەقەب ئەوەوە حاخامی میللەتی یەهودیش بە ناوی میللەتەکەیەوە نوتقـێکی خۆشـنامەدی ئیـراد کـرا. لـە دوای ئەو رەشید نەکی ئەفەندی مـودیری مەکتـەبی متەوەسـیطە بـە نـاوی مەعاریفـەوە عـەرزی خۆشـنامەدی و تەمەنای معاوەنەتی مەعاریف نوتقـێکی سەلیس خوێنرایەوە.

وە لە تەرەف تەلەبەکانی مەکتەب نەشیدێکی خۆشئەلحان بێژرا و لـە تـەرەف تەلەبەیـەکی کەشـشـافەش نوتقـێکی موئەثیر بە شێوەیەکی مەعصومانە وتـرا و لـە تـەرەف تەلەبەیەکیشـەوە بـەعزێ ئەشـعاری لـەطیف خوێنرایەوە. وە لە عەقەبی هەر نوتقـێک زۆر بە حەرارەت چەپڵەرێزان و ئیزهاری شادمانی و مەمنونی کرا لـە پاش ئەمانە ئینجا فەخامەتی وەزیر ئیرادی نوتقـێکی لەطیف و دڵنەوازانەی فەرمو و لەم نوتقە هەمو حـازرون موستەغریقی نەشاط و مەمنونی بون. ئەم نوتقانە بـە تەسەلسـولی خـۆی لـە ژێـرەوە عەینـەن دەرج ئـەکرێن. (ژیان، ژ 283، 25 ی 4 ی 1931)

4. 6. 13. نوتقی فەخامەتی وەزیری داخلیە، موزاحیم بەگ

براەرینە!

زۆر تەشەکورتان ئەکەم بەرامبەر بەم ئیعزازو ئیکرامە کە موقابیلم ریعایەتتان کرد و تەشـەکوری ئەوضـاع ئەکەم کە مۆفەقی کردم بە ئیجرای مەرام کە دەمێک بو رێک نەئەکەوت و ئەویش عیبارەت بو لە زیارەتی ئەم لیـوا کەریمە و گفتوگۆ کردن لەگەڵ رونەساو صاحێب رەئیەکان دا. چونکە نازانم ئایە ئێوە ئەزانن کە من بەرامبەر برا کوردەکانم نیات و حسیاتی زۆر چاکم هەیە و دەمێکە لە لای زۆر کەس ئیزهار و بەیانم کردوە.

من هەروەکو لەمەوپێش بوم، ئێسـتاش موعتەقیـدم بـە سیاسـەتی حوبیـەی تـەعاون لـە بـەینی هـەردو عونصوردا چونکە یەگانە رێگا ئەوەیە بۆ تەکەفولی تەرەقی و تەعالی عیراق و گەیشتنی بـە مـەوقعێکی دوەلی

کە لایەق بێ بە میللەتی موتەرەقیە. بە سرورەوە بەیانی ئەکەم کە لە گفتوگۆدا کە لەگەڵ زۆر دواتی ئێوەدا کردم صیحەتی ئیعتیقادم بۆ سابیت بو وە بۆم مەعلوم بو کە من و ئێوە لە یەک فکرداین و ئیختیلافمان لە بەینا نیە ئەو چەند نوقتە جوزئییانەی کە بەعزێ کەس ئیشارەتیان کرد ئەوانە زادەی سوئی تەفاهومن و لە حەقیقەت و لە ئەصڵی واقیع دا هیچ شتێ نیە تەئیدی بکات.

بۆم مەعلوم بو – بە خۆشحاڵیەوە – کە عومومەن موخلیصن بە وەحدەتی عیراقیە و لەرێگای بڵند کردنەوە و تەقویەیدا فیداکارن ئەمە بە رەغمی ئیشاعەی بەدخواهان و رەغمی دوشمنانی عیراق رجا ئەکەم تەعەجوب مەکەن لەم تەعریفە چونکە مەعەل ئەسەف لە عیراق دا دوشمنی عیراق هەیە کە بە واسیتەی معامەلەیانەوە خەڵەلیان داوە بەشەئن و شوهرەتی ئەو عونصورە کە ئینتیسابیان پێی هەیە.

لە جوملەی ئەو عەوامیلە کە منی هێنایە سەر هەوەس و ئارەزو کە داخلی وەزارەتی فەخامەتی نوری سەعید پاشا ببم. یەکێک ئەوەیە کە ئەکیدەن ئەزانم وەزارەتی موشار ئیلەیهی بەرامبەر بە کوردەکانمان بە عاطیفەتێکی زۆر لە سیاسەتی‌دا معامەلە ئەکات و لەوەدا مەرامی خۆم دەست کەوت و ئێستا خۆشحاڵم بەوە کە ئیعلانی بکەم بۆ ئێوە کە سیاسەتی حکومەت کە من تەشەڕوف ئەکەم بە وەزارەتی داخلیەی لەم کەلیماتەدا خولاصە ئەکرێ.

تا حەدی مونتەهای ئیمکان- سیاسەتی عەطوفەت و ئیخلاص بۆ ئیحیای حسی تەعاون لە بەینی هەردو عونصوردا بۆ بڵند کردنەوەی شەئنی ئوممەتی عیراقیە و دەستکەوتنی ئیستیقلالی تام و گەیاندنی سەفینەکەی بە ساحیلی سەلامەت ئینشائەڵڵا. وە ئێوە چاوتان لێیە کە ئەم سیاسەتەمان سیاسەتێکی بابەتیە. سیاسەتی ئاغا و خزمەتکاری نیە. جا چەند موتەئەللیم ئەبوم کە ئەمبیستەوە بەعزێ لە کوردەکان عونصوری کوردی ئەکەن بە ئەقەلیەت چونکە ئەی برا گەورانم لەمەدا ئیهانەتێک ئەبینم بۆ عونصوری موبارەکتان ئەو عونصورە کە لەمەوپێش ویستومانە و ئێستایش هەر ئەمانەوێ لەم دەوڵەتە تازە پێگەیشتوەدا شەریکی برای عەرەبی ببینین. ئەگەر دەست بدەینە تاریخی بەعزێ فامیلیا و شەخصیاتی بارزە لەم عیراقە خۆشەویستەدا قیسمێکی زۆریان لەوانە ئەدۆزرێنەوە کە لە میللەتی موحتەرەمەی کورد دەرکەوتوە. جا لەبەر ئەمە سیاسەتی تەعاون لەژێر سایەی وەحدەتی عیراقیەدا لە ماضی و حازردا ئێمەی کردوە بە شەریک لە حوکم و لە هەمو معامەلاتی حکومەتی و ئیجتیماعی داو لام وایە موافەقەتم ئەکەن ئەگەر بڵێم بۆ تەعالی و تەرەقی کوردەکان یەگانە ضامن وەحدەت و ئیستیقلالی عیراقە و تەماشاکردنێکی بەسیط بە ئەحواڵیان لێرە و لە مەمالیکی سائیرەدا موستەغنیان ناکات لە ئیرادی بەراهین و تەفصیلات. زەمان گۆرا. ئەحواڵ زۆر تەبەدولی کرد و تەطەوراتی دەولیە و عالەمیە هاتە پێشەوە کە هەڵئەگرێ حەقائیقی بدۆزینەوە و لە سیاسەت و فکر کردنەوەدا ئوصوڵ و ئوسلوبی بێ فائیدە و کۆن تەبدیل بکەین و عەجەلە بکەین بۆ لابردنی ئەو حەسرەت و ئالامە کە لە ئێمەدا دروستی کردوە و بۆ ئێمە وا شیرینە سلوک بکەینە سەر رێگایەکی تازە کە لەگەڵ واقیع دا ئیئتیلاف بکات و لەگەڵ مومکینات دا موعاریض ئەبێ و ئەفسی خۆمان فیدا ئەکەین بە هەوا و هەوەس و مەطامیع کە ئەحواڵی مەعلومە نیهایەتی پێ داوە هەروەکو نیهایەتی‌دا بە موعاهەدەی سیڤەر و نصوصە خاصەی کە موتەضەمینی بو.

جا ئەی برادەرینە لەسەرمان لازمە لە ئەوهام دور بکەوینەوە و تەصەروفاتی سیاسیەمان لەسەر ئەساسەتێکی وا دابنێین کە قابیلی پێ گەیشتن بێ. وە باوەڕ بکەن کە لە شەخصیەتم دا دۆستی هەیە بۆ ئێوە کە بە ئەهمیەت معاوەنەت و سەعی ئەکات کە دڵتان خۆش بکات و ئامالی مەشروعەتان بەجێ بهێنێ لەژێر سایەی واسیعی وەحدەتی عیراقیەدا. ئەو ئامالە کە نابێ لە هیچ وەقتێک دا لە ئەوقات موعاریض و موباین بێ لەگەڵ مەصڵەحەت و ئیستیقلالی تەواوی دەوڵەتی عیراقیەدا.

سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر بە عیراق تەوەضوحی کرد و بە شکڵێ تەبیینی کرد کە شک و تەئویل قبوڵ ناکات. وە وزەرای مەسئولینی بریتانیا لەمەوپێش لە مەحافیلی سیاسیەدا ئیعلانیان کرد و ئەم سیاسەتە خولاصە ئەکرێ بە ئیلغای عومومی عەلاقاتی خاصە لەگەڵ بریتانیادا و تەحقیقی ئیستیقلالی تەواو بۆ عیراق بە تەسهیل کردنی داخڵ بونی بە عیصبەتول ئومەم.

ئیعتیقادم وایە کە بریتانیای عوظما تەمامەن موخلیصە لە تەنفیذی ئەم سیاسەتەدا بەوەدا ئەزانم کە خۆم بیلزات پار لە لەندەن بوم لە ریجالی مەسئولی حکومەت تەحقیقم کرد و لەبەر ئەوە لازمە بریتانیا بە بەری ئیعتیبار بکرێ لە معامەلە و تەصەروفاتێ کە موخالیفی ئەم سیاسەتەیە و صەمیمیەتی بریندار ئەکات. لەم خسوسەوە حەظ ئەکەم فکرتان بخەمەوە کە ئەوەی لێرە و لە بەغداد ئیستیماعی ئەکەن بەعزێ ئەفرادی بەریطانی لە وەقتی بەیانی رەئی شەخصی خۆیان وە ئەو رەئیانە کە نیسبەتی بەوانەوە ئەدەن نابێ بە موعبیری سیاسەتی بریتانیای ئیعتیبار بکەن و زۆر تەحذیرات ئەکەم لە ئیشتیراکی ئەم نەوعە خەطایانە.

عیراق: برادەرانم! ئەیەوێ دانیلی ئیستیقلالی تامی بێ بە ێ نوقصان و لە رێی بەختیاریەوە کە سیاسەتی بریتانیا سەولەتدار بوە بۆ گەیشتن بەم ئەملە گەورەیە لەبەر ئەوە ئەگەر لە رێگایدا موشکیلات و سەکتە بهێنرێتە پێشەوە و صعوبەت و مەوانیع خەلق بکرێ مومکین نیە پێی موتەئەللیم و موتەئەسیف نەبێ و موافیقی ویجدان و ئینصاف نیە ئەگەر حکومەتی عیراقیە لەوم بکرێ بەرامبەر بە ئیستیهجانی ئەحواڵ و معامەلاتێ کە بۆ تەئمینی ئەرکانی ئینتیداب ئیجرا بکرێ هەروەکو لە موصل بەیانم کرد و ئەمە هێشتا رەمزێکە بۆ نفوذ و سەیطەرەی ئەجنەبی.

لە بەعزێکم بیست – و تەرەفداری باوەڕ پێ کردنی نیم – کە بەعزێ لە برا کوردەکانمان مەضبەطەیان بۆ بەعزێ جێگا تەقدیم کردوە لەو مەضبەطانەدا بەیانیان کردوە کە حکومەتی عیراقیە لە خسوس کوردەکانەوە موخالەفەتی تەوصیاتی عیصبەتول ئومەمی کردوە و لەبەر ئەوە تەلەبی تەئلیفی حکومەتێکی کوردییەیان کردوە لەژێر حیمایە و ئینتیدابی بریتانیادا. رجا ئەکەم ئەوەی کە بیستومە راست نەبێ چونکە بەراست دەرچونی زۆر موتەئەثیرم ئەکات بە صیفەتی ئەوەی کە دۆست و برایەکی ئوممەتی کوردم بەوەی کە شوهرەت و شەرەفی لەکەدار بکات.

تەوصیاتی عیصبەتول ئومەم مەعلوم و زانراوە ئەگەر موقارەنەی بکەن لەگەڵ ئەوەی کە لەم وڵاتەدا جاریە و تەتبیق کراوە بۆتان مەعلوم ئەبێ کە حکومەتی عیراقیە هەرچی لەسەری بە فەرز گیراوە هەموی ئیجرا کردوە و لە حوسنی نیەت و ئیخلاصیدا لێی زیادکردوە.

بێینەوە سەر تەلەبی دوەم. ئەوە بە تەواوی موعاریزە لەگەڵ تەوصیەکانی عیصبەتول ئومەم دا وە مەعنای وایە ئەگەر زەعمی ئەوانە راست بێ کە ئەڵێن حکومەتی عیراقیە بە موجیبی ئەو تەوصیانە معامەلەی ئەکردوە لیجنەی عیصبەتول ئومەم لە تەقریری ساڵی 1925 دا ئیزاحی کردوە. من لام موحەققەقە کە ئەصحابی مەضبەطەکان دەرکی ئەوەیان نەکردوە کە ئەم تەلەبەیان ئەکاتە ئەم ئیستینتاجە خەطیرە کە خۆیان رقیان لێیەتی و ئەزانن بۆ کەسیان موافیق نیە. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە نازانم چۆن مومکینە تەئلیف و تەوفیق بخاتە بەینی ئەو فکر و مەیلەوە کە بەعزێ بۆ ئیستیقلالی ئیزهار ئەکەن و وەزعیەتی بیلاد...لەژێر حیمایەی ئەجنەبیدا. من یەقینی تەواوم هەیە کە ئوممەتی کوردییەی عیراقیەی ئەجیبە قبوڵی ئەوە ناکات کە مەتالیبی وا بهێننە پێشەوە کە شوهرەت و شەرەفی لەکەدار بکات و لە موغریضان مەعذەرەت و بەهانە بگرن بە دەستەوە بۆ سەکتەدان بە مەساعی عیراق و بریتانیا بۆ ئەوەی کە سیاسەتی تەعاونی هەردوکیان بە ئیکلیلی موەفەقیەت و فەوز برازێتەوە. وە بزانن و بە تەئکید حاڵی بێن کە بریتانیا کە حوسنی نیەتی موقابیل بە عیراق بە دەلائیل ئیسپات کرد لە سەعیدا بۆ ئیسقاطی ئینتیدابێ لەسەری قبوڵی ئەوە ناکات کە ئینتیداب و حیمایەی بێ بەسەر

جوزئێکیدا و ظەن ناکەم پێی خۆش بێ کە سەکتەی بخرێتە پێش و پـێش حەلیفەکـەی کـە عیراقـە لـە مەسـاعی دەولیەدا کە هەربوکیان لە زەرفی ئەم دە ساڵی رابوردودا صەرفیان کردوە.

لام وەقتی ئەوە هات کە ئیتر ئێمە هەمومان رابورد و ئالامی و غەڵەتـەکانی و ئـەو سـوئی تەفاهومـەی کەلە بەینمان دا پەیدای کردوە لە فکرمان بچێتەوە و تـەباعودی لـێ بکـەین و پەرەیـەکی ئەسـتوری بەسـەردا رابکێشین و بە ئەبەدی بەجێی بهێڵین بـە دەمـی بـە پێکەنینـەوە رو بکەینـە عەهـدێکی تـازە کـە سیاسـەتی صاحێبی جەلالەتی مەلیکی موفەدا هێناویتیە پێشەوە کە پرە لە ئومێد و ئەمان بە عـەزم و ئیرادەیـەکی سـابیت و ئیخلاصێک کە مەملەکەت پێی خۆشحاڵ و موتمەئین بێ.

بە زیـارەتی لیـوا موحتەرەمەکـەتان تەشـەروفم کـە دائیـر بـە حوسـنی نیـەتی حکومـەت و سیاسـەتی دڵسۆزانەی بەرامبەر بە ئێوە تەئمینتان بکەم و دەلیلی ئەوەش ئەوا بە ئیسمی صاحێبی جەلالـەت و تەفویضـی فەخامەتی رەئیسی وزەرا ئەو موتەهەمانەی کە لە حـەرەکاتی ئـەخیرەدا ئیشـتیراکیان کـرد بـو عـەفوم کـردن و بیلفعل مەوقوفەکانم بەرەڵڵا کرد و ئەو ئەموالەی کە حکومەت لێی موصادەرە کردبون وەکو مەرو ماڵات بـۆم ئیعادە کردنەوە و لەمانە کەسم ئیستیثنا نەکرد ئیللا عەدەدێکی کەم نەبێ کە ئەمانە ئیرتیکابی بەعزێ جورمیان کردوە کە لێ خۆش بونی مومکین نیە و حکومەتی محەلیە بەم نزیکانە ناوەکانیان نەشر نەکا.

ئێستا دەعوەتتان ئەکەم کە لەگەڵ من پێکەوە ئیدا بکەن بۆ ژیانی صاحێبی جەلالەتی ئاهیلی عیراق کـە صاحێب مەرحەمەتـە و بـۆ دەولـەتی موسـتەقیللەی سـەعیدەی عیـراق. (ژیـان، ژ 283، 25 ی 4 ی 931، ژ 284، 1 ی 6 ی 931 ژیان، ژ 285، 11 ی 6 ی 931) بۆ فەخامەتی وەزیری داخلیەی عیراق تەقدیم

4. 6. 14. تەشریف هێنانی فەخامەتی مەندوبی سامی بۆ سلێمانی

وەکو لە نوسخەی پێشومانا عەرز کرا بو فەخامەتی مەندوبی سامی رۆژی 20 ی 5 ی 931 تەشـریفیان بـە طەیارە هێنا بۆ سلێمانی. رۆژێ لە پێش تەشریف هێنانیان خەبەر زانرابو عەینی رۆژ سەر لە بەیانی هەمو رونەسـای دەوائیر و موفەتیشی ئیداری لەگەڵ دەواتی ئینگلیزی و سادات و ئەشراف و موتەحـەیزانی مەملەکـەت بـۆ مەراسـیمی ئیستیقبالیە لەمەوقیعی طەیارە راوەستا بون. قیطعەیەکی عەسکەری لیوی لە حەرەس شەرەف راوەسـتا بـون. سـەعات نۆ و نیوی الافانفە فەخامەتی موصەلەتیان فـەرمو عەلەلئوصـول مەراسـیمی خۆشـنامەدی ئیجـرا کـرا و موقابیـل بـەم شەعشەعەی ئیستیقباڵە دەرحەق بە موستەقبیلین فەخامەتی مەندوب ئیزهاری لوتف و ئیلتیفاتی فەرمو.

لەپاش خیتامی ئەم ئیستیقباڵە فەخامەتی موشـار ئیلـەیهی لەگـەڵ جـەنابی موفەتیشـی ئیـداری سـواری ئۆتۆمبێل بون تەشریفیان بردە مـاڵی جـەنابی موفەتیشـی ئیـداری و لـەوێ موسـافیر بـون. لـە پـاش چەنـد دەقیقەیەک ئیستراحەت فەخامـەتی مەنـدوب تەشـریفیان بـردە مـەقامی حکومـەتی لـەوێ زیـارەتی رونەسـای مەئمورین و سادات و عولـەما و ئەشـرافی محەلـەیان قوبـوڵ فـەرمو. هـەر ئـەو رۆژە بـە شـەرەفی فەخامـەتی مەندوبی سامی لە تەرەفی سەعادەتی موتەصـەریف ئەحمـەد بەگەوە دەعـوەتێکی پـەنجا کەسـی درا. جـەنابی موفەتیشی ئیداری و بەعزێ دەواتی‌حکومەتی فەخیمەی بریتانیا و رونەسای مـەئمورین و سـادات و ئەشـرافی محەلی مەدعو بون. زۆر بە شەوق و شەطارەت ئەکلی تەعام کرا.

رۆژی دوایی فەخامەتی مەندوب بـە طەیـارە تەشـریفیان بـرد بـۆ پێنجـوێن و هەڵەبجـە. بـۆ ئێـوارێ عەودەتیان فەرموەوە.

بەیانی رۆژی 22 ی 5 ی 1931 بەتەشیعێکی موتەنـتەن سواری تەیارە بون عەودەتیان فەرموەوە بۆ بەغداد. مەملەکەت بە تەشریف هێنان و معامەلاتی نازکەی فەخامەتی موشار ئیلەیهی زۆر مەمنون و موتەهەیجی سرور بون. (ژیان، ژ 284، 1 ی 6 ی 1931)

4. 6. 15. تەشریف هێنانی جەلالەتی مەلیک فەیسەڵی ئەوەڵ بۆ سلێمانی

خەبەری تەشریف فەرموی حەزرەتی مەلیکی موعەزەم کە هات بۆ سلێمانی وەکو ئاوازەی سەعد و سەعادەتی هەمو ئەهالی مەملەکەت موبەشیر و کەیف خۆش بون بەم لوتف و مەرحەمەتی ملوکانەیە. بەلەدیە بۆ کەمالی ئیحتیشام و ئیستیقبال دەستوبردی کرد بە ئیحزارات و تەداروکاتی لازمە. لە سێ نوقاتی موختەلیفە تاقی زەفەر ئیصعاد کرا و ئەم تاقی زەفەرانە لە مەزمونی تەرحیب و تەعزیم و وەحدەتی عیراقیە بە ئەلواحی گوناگون دامەزرا و بە وەرەقی ئەشجار و گوڵو ڕەیحان موزەیەن کرا. لەسەر هەمو تاق و مەقاماتی ڕەسمیە و خسوسیەت بە هەزاران بەیداغی عیراقی ڕازایەوە. سورەیا مەسیل هەمو تاق و گوزەرگاە تەنویر کرا.

ڕۆژی 10 ی مانگی جاری کە چوارشەمە بو وە موعەیەن بو بە شەرەفی قدومی حەزرەتی جەلالەت، سەعادەتی موتەسەڕیف و موفەتیشی ئیداری و ئەمیری مەنتیقەی شەرقیە و زوبات و مەنسوبینی حکومەتی فەخیمەی بریتانیا لەگەڵ سادات و ڕونەسای دەوائیر و عەشائیر و ئەشرافی محەلیە تا دەربەند کە نیهایەتی حدودی لیوایە چون بۆ ئیستیقبال. صاحێبی جەلالەت سەعات هەشت و نیوی قەبلەل زوهر بە حدودی لیوا مواصەلەتیان فەرمو. وفوری جەماعەتی موستەقبیلین هەمو نائیلی دامەنبوسی حەزرەتی مەلەکی بون. مەوکیبی ملوکانەلە دەربەند بۆ تەیناڵ کە مەرکەزی ناحیەی بازیانە حەرەکەتی فەرمو. لەوێ خێوەت و بارەگا هەڵدرا بو بۆ ئیستیراحەتی جەلالەتی و حاشیەو تەوابیعی. گەلێ لە سوارەی مەشهورەی هەمەوەند و عەشائیری سائیرە هات بون کە نائیل بن بە شەرەفی ئیستیقبالی تاجداریەوە. وە زاتی جەلالەتی کە گەیشتە تەیناڵ لە ئۆتۆمۆبیلەکەی دابەزی و موصافەحەی لەگەڵا فەرمون. لە پاشا مەوکیبی عالی دەستی کرد بە حەرەکەت بۆ سلێمانی لەوێش جمهورێکی عەزیم لە ئەهالی هاتبونە دەرەوە ساحەی ئیستیقبال لە پێش مەوعیدی وصولی جەلالەتی بە سەعاتێ وە لیجنەی تەشریفات مەشغوڵی صفوفی موستەقبیلین بو حەسەبی تەرتیباتی موقەڕەرە و، لە پێش وصولی مەوکیبی مەلەکی سریەیەک حەرەس شەرەف حازر بون و لە پێشیانەوە تاقمی مۆسقا کە بۆ ئەم خسوسە ئیستیحضار کرا بون کەششافەی مەداریس و مۆسیقایان لە چەپەوە لەسەر وەزعیەتێکی شیرین و تیپێ لە سوارەی پشدەری و یەکێ لە هی جاف لە پێش مەوکیبی مەلەکیەوە لە نزیک مەوقیعی قیلیاسان و لەوێشەوە بۆ سلێمانی.

لە سەعات دەو چل دەقیقە مەوکیبی مەلەکی گەیشت. فیل حال 21 تۆپ ئەنداخت کرا. مۆزیقەی ڕەسمی سەلامی لێدا زاتی حەزرەتی تاجداری کە گەیشتە حەرەس شەرەف لە ئۆتۆمۆبیلەکەی دابەزی. صەف صەف عەسکەری تەفتیش و تەلطیف فەرمو. کەششافەی مەداریس بە شەرقی و ئەشیدەوە زەمزەمە و ئاهەنگێکی خۆش ئەلحانی تەهیج و تەسریری قلوبی عومومیەی ئەکرد. زاتی شاهانە کە تەشریفی بردە چادرێ کە مەخسوس بۆیان حازر کرا بو لەوێ قوبوڵی موصافەحەو خۆشنامەدی عەلەما و ڕونەسای موڵکیە و عەشائیری فەرمو. لە پاش چەند دەقیقەیەک سریەیەک پۆلیسی سوارە و سوارەی عەشائیر پێشدار بون مەوکیبی هومایون لە عەقەبی ئەوانەوە ئاهیستە ئاهیستە ڕو بە شار حەرەکەتیان فەرمو. ئۆتۆمۆبیلی تاجداری زاتی جەلالەتی و سەعادەتی موتەسەڕیفی تێ دا بو لە عەقەبی ئەوانەوە حاشیەی ملوکانە و لە پاش ئەوانیشەوە چل پەنجا ئۆتۆمۆبیلی موستەقبلین قافڵە و ڕیزێکی پڕ ئیحتیشامی تەشکیل کرد بو.

لەمەوقیعی ئیستیقبالەوە هەتا ماڵی موتەسەڕیف ڕاست و چەپی جادە بە صفوفی ئەهالی گیرا بو. قافڵەی موحتەشەمە لە تەرەف ئەم صفوفی ئەهالیەوە بە وصولی جەلالەتەوە بە ئاوازی تەعزیم و چەپڵە کنکرەی ئاسمانی تەهنیز ئەکرد. وەقتێ کە لە ماڵی سەعادەتی موتەسەڕیف دابەزین لە پاش مودەتێک زاتی پەناهی

و حاشیەی موحتەرەمەی لە ماڵی سەعادەتی موتەسەڕیف تەنەوەلی تەعامیان فەرمو. لە پاش ئیکمالی تەعام زاتی پادشاهی لەگەڵ 20 کەس لە رونەسای دەوائیری موڵکیە و ئومەرای عەسکەریە تەشریفیان برد بۆ مزگەوتی گەورە و زیارەتی مەرقەدی حەزرەتی کاک ئەحمەدیان فەرمو. لە پاشان دو روکعەت نوێژی سونەتی لەلای مەرقەدی کاک ئەحمەد کرد و ئەمری فەرمو 200 روپیە تەوزیع بکرێ بەسەر حافظەکانی مزگەوتی گەورەدا و جبەیەکی فاخیری خەڵاتی شێخ عەبدوڵڵای خەطیب فەرمو.

لەدوایی دا موافیقی پرۆغرام کە لە ماڵی موفەتیشی ئیداری حەفلەی چاپی ئیحضار کرا بو لە سەعات پێنجا حەزرەتی جەلالەتی تەشریفی فەرمو بۆ ئەوێ. لە وەقتی گەڕانەوەیدا تەشریفی بردە خەستەخانەی مەلەکی و لەوێ دەرحەق بە ئەهالی عاطیفەی ئەبەویەی ئیزهار فەرمو بە مژدەی بینایەکی تازە کە صالح بێ بۆ خەستەخانەیەکی عەسکەری.

بۆ ئێوارێ زاتی جەلالەتی لە ماڵی موتەسەڕیف لەگەڵ زوبات و مۆزەفینی بەریتانیا و نائیبی قۆنسوڵی ئیمپراتۆریەتی ئێرانی تەنەوەلی تەعامی عیشای فەرمو.

قەرار وابو رۆژی دوەم 11 ی 6 ی 1931 کە حەزرەتیجەلالەتی سەرای حکومەتی بە قدومی موشەرەف بکا. موافیقی ئەم قەرارە سەعات لە هەشت و نیوی قەبلەل زوهر بۆ رەسمی سەلام سریەیەک لە جەیشی عیراقی و تاقمی مۆسیقا لەبەردەمی سەرا صەفبەستەی ئیحتیرام بون. زاتی حەزرەتی تاجداری بە حیشمەت تەشریفیان برد بۆ سەرا. جەلالەتی لە سەرای مەکثی فەرمو هەتا سەعات دە و نیوی قەبلەل زوهر لە زەرفی ئەم مودەیەدا رونەسای عەشائیر و دەوائیر و ریجالی دین و ئەشراف و توجار و جەماعەتی مولحەقات بە شەرەفی زیارەتی پادشاهی نائیل بون. وەقتێک کە زاتی جەلالەتی سەرای بەجێهێشت ئارەزوی دیدەنی مەداریسی کوران و کچانی کردو لەوێ ئیزهاری لوتف و شەفەقەتی دەرحەق بە ئەبنای وەتەن فەرمو. لە مەدرسەی متەوەصیطە تەلەبەیەک قەصیدەیەکی خۆشئامەدی خوێندەوە و هەروەها لە مەدرسەی ئولای سانی کچان دا. لە پاشا زیارەتی مەکتەبی زانستی و تەشمیلی لوتفی عالی فەرمو صەد روپیەی تەبەروع کرد بۆ تەعلیمی نەخوێندەوارەکان.

ئینجا جەلالەتی گەڕایەوە بۆ ماڵی موتەسەڕیفی لیوا و تەعامی قاوەڵتی فەرمو لەسەر سوفرەکەی جەماعەتێ لە نجومی بەلدەی رونەسای عەشائیر مەوجود بو. وە بەلەدیە ئیقامەی حەفلەیەکی ضای کرد لە باخچەکەی لە عەینی رۆژدا بە موناسەبەتی تەشریفی جەلالەتیەوە بۆ لیوای سلێمانی کە وجوهو ئەشراف و قەوم و وفود و مولحەقات دەعوەتی ئەم حەفلەیەک کرا. سەعات پێنج کەششافەی مەداریس، مۆسیقا و جەیش حازر بون و. لە حینی تەقەروبی مەوکیبی مەلەکی مۆزیقەی سەلامی مەلەکی لێداو کەششافە تەرەنومی ئەشائیدی خۆشئامەدی کردو. جەلالەتی داخڵی بینای باغچەکە بو لە بەینی چەپڵەی حازرونا لە پاش تەقدیمی چای و جگەرە لە تەرەف بەلەدیەوە. سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی خەطیب خوتبەیەکی دوعای خوێندەوە بە نیسمی عولەمای کیرام و سادات و مەشایەخی عیظام. لە عەقەبی رەئیسی بەلەدیە خوتبەیەکی خۆشئامەدی خوێندەوە بە ناوی ئەهالی بەلدە خسوسەن و ئەهالی لیوا عومومەن. لە دوای ئەو مدیری متەوەسیطە هەستاو ئیلقای خیتابێکی بە وەکالەتی هەیئەتی تەعلیمیەی لیواوە و. لە پاش ئەو قوسطەنطین ئەفەندی عەلەکە خوتبەیەکی بەناوی جەماعەتی مەسیحیەوە خوێندەوە و لە دوای ئەو موعەللیم رەحیم ئەفەندی هەستاو ئیلقای خوتبەیەکی کرد بە وەکالەتی میللەتی موسەویەوە. لەم وەقتەدا صاحێبی جەلالەت مەلیکی موعەزەم هەڵسا و حازرون ئیجلالەن وە ئیحتیرامەن هەمو هەڵسان و مقابەلەیان کرد بە چەپڵەیەکی بە شیدەت و ئیلقای خوتبەیەکی ئیرتیجالی فەرمو کە مدیری تەحریراتی لیوا تەرجومەی کرد بە کوردی. حازرون چەند دەفعە چەپڵەیان لێدا.

وە لە پاش ئەو کە جەلالەتی خوتبەکەی تەواو کرد دوبارە هەستا و بەدەستی موبارەکی خۆی نیشانی رافیدەینی لەسەر سنگی موتەصەریفی لیوا سەعادەتی ئەحمەد تۆفیق بەگ تەعلیق کردو فەرموی: لەبەر تەقدیری خەدەماتی مەتەصەریفی سابیقە و لاحیقە ئەوا من ئیعطای پێ ئەکەم نیشانی رافیدەین لە دەرەجەی رابیع ئەوعی مەدەنی. حازرون چەپڵەیان لێ دا. موتەصەریف لە پاش وەرگرتن و ماچکردنی نیشانەکە چەند کەلیمەیەکی ئیرتیجالیەی خوێندەوە. (ئەوەی کە قیامی پێ کردەوە لە خدەماتی ئەدای واجیباتی بوە موقابیل بە صاحێبی تاج و میللەت و لەمەودوا سەعی و جەهد ئەکا بۆ خزمەتی عەرشی عیراق بەهەمو حوب و ئیخلاص و بۆ خزمەتی برایانی لە سێبەری تەختی جەلالەتی مەلیکی موعەزەم دا) حازرون قسەکەیان بە چەپڵەرێزان موقابەلە کرد و. لە پاشان جەلالەتی تەرکی باخچەکەی کردو سەعات شەش و نیو جەلالەتی بە ئۆتۆمۆبیل تەشریفی برد بۆ سەرچنار و لە رەفاقەتیا موتەصەریفی لیوا و موفەتیشی ئیداری مەوجود بون و لەپاش گەرانی ئەترافی دارستانی سەرچنار گەرایەوە بۆ سلێمانی و تەعامی عیشای تەناول فەرمو.. وە لە خزمەتیا بەعزێ لە زوعەمای خاریج و وجوهی بەلدە مەوجود بون.

رۆژی سێهەم 12 ی 6 ی 1931 مەوکیبی عالی مەلەکی لە سەعات پێنجی قەبلەل زوهر دا حەرەکەتی کرد بۆ هەڵەبجە بە رەفاقەتی موتەصەریفی لیوا و موفەتیشی ئیداری و ئامیری مەنتیقەی شەرقیە. وەقتی وصولی جەلالەتی مەلیک بە خورماڵ جەمعیەتێکی غەفیر ئیستیقبالیان کرد لە رونەسای عەشایەر و ئەو مەحاڵە. وە لە خورماڵەوە حەرەکەتیان کرد بۆ هەڵەبجە، بەلەدیەی هەڵەبجە تاقێکی زەفەری ئیقامە کرد بو لە مەدخەلی شارا و ئەصبی خیامی کرد بو بۆ موستەقبیلین و جمهورێکی عەزیم لەوێ مەوجود بون لە ئیستیقبالی جەلالەتیا و. لە پێشیانەوە بەگلەری جاف و رونەسای عەشیرەتی هەورامان و ئەوروڵی و شێخانی تەریقەتی نەقشبەندیە ئیستیقبالیان کرد بە حەماسەتێکی شەدیدە و موبالەغەیەکی زانیدەوە و. لەپاش موصافەحەی جەلالەتی لەگەڵ موستقبیلین حەرەکەتیان فەرمو بۆ ماڵی قائیمقام لەگەڵ رونەسای عەشائیر و وجوهی بەلدە و لەدوای ئیستراحەتێکی کەم جەلالەتی تەفەقودی مەدرەسەی ئیبتیدائیەی فەرمو لەوێ تەلەبەکان صەفبەستە... کەشافە و تەحییەتی جەلالەتیان کرد. جەلالی حامید بەگ... تەلەبە هاتە پێشەوە کە عومری هەشت ساڵ بو شیعریەی شیرینی خوێندەوە و. لە دوای ئەو... خوتبەیەکی خۆشنامەدی لەتیفی کرد... لە خوتبەکان دا جەلالەتی مەلیک بینای مەکتەبەکەی تەرک کرد عەودەتی فەرموەوە بۆ سلێمانی لە سەعات شەشی بەعدەل زوهر لە عەینی رۆژدا تەنەوەلی تەعامی عیشای لە ماڵی موتەصەریف دا کردو لەسەر سفرەکەی جەماعەتی ئەشراف و وجوە هەمو مەوجود بون.

رۆژی چوارەم 13 ی 6 ی 1931 بەلەدیە ئیستیحصاری خیمە و کورسی زۆری کرد لە ساحەی موخەصەصە بۆ ویداعی جەلالەتی و لە پاش تلوعی شەمس مەوعیدین و حەرەس شەرەف و کەششافەی مەداریس ئەخزی مەواقیعیان کرد. سەعات لە حەوتی قەبلەل زوهر مەوکیبی مەلەکی واصل بو بەو مەکانە، مۆزیقە سەلامی مەلەکی لێدا و جەلالەتی دابەزی و یەک یەک موصافەحەی لەگەڵا کردن و لە دوایی دا سواری سەیارەی مەلەکیە بو. لە پاشیەوە حاشیەی کەریمە و بۆ تەشیعی جەلالەتی تا حدودی لیوا موتەصەریف و موفەتیشی ئیداری و ئامیری مەنتیقەی شەرقیە لەگەڵ ئۆتۆمۆبیلەکان وجوە و ئەعیان رو بە کەرکوک حەرەکەتیان فەرمو. (ژیان. ژ 286. 18 ی 6 ی 1931)

4. 6. 16. تەرجومەی خیتابی جەلالەتی مەلیکی موعەزەم

تەشەکوری خەتیبەکان ئەکەم بۆ ئەو حسسیاتە ئەبیلانە لە بابەت ئیخلاص و تەعەلوقی میللەتەوە ئیزهارتان کرد.

نارەزوم ئەکرد بمتوانیایە بە عەینی زمان جوابیان بدەمەوە فەقەت ئومێدی عەزیمم هەیە لە ئیستیقبالدا بەبێ زەحمەت موەفەق بیم بەوە، چونکە ئێستا بێ تەرجومان هەرچیەک بە کوردی وترا تێی گەیشتم.

من خۆم حازر نەکرد بۆ قسەکردن. فەقەت بینا لەسەر ئارەزوی زەواتی حازرون کە تەمسیلی تەبەقات و جەماعاتی موختەلیفەی ئەم لیوا مەحبوبە ئەکەن چەند کەلیمەیەک ئەڵێم:

لێتان شاراوە نیە کە دین بۆ خوایە و وەتەن بۆ هەمو لایەکە. لە نەزەری من دا لە بەینی سوککانی مەملەکەتە مەحبوبەکەم دا هیچ فەرق و تەمییزێک نیە. وەتەن بۆ هەمومانە. ئەم شاخانە و ئەم دۆڵە جوانانە مڵکی باقی سوککانی لیواکانی تری عیراقن. هەر وەکو ئەهلی ئەم لیوایە حەقیان لە هەمو بستێکی لیواکانی تردا هەیە. لەمەش زیاتر ئەڵێم، ئەڵێم هەمو دڵۆپێک لە خوێنی سەکەنەی ئەم لیوایە لە خوێنی هەمو عیراقیەکانە. عیراقیەکان لەم وەتەنەدا هەمو بران و هیچ شتێک نیە کە لە خدمەت کردن دوایان بخات.

دێینە سەر مەسئەلەی دین و مەزهەب. ئەمانە عائیدن بە خوا و لازمە لە بەینی عەبدو مەعبودا، لەناو دیواری مزگەوت و کڵێسادا بمێنێتەوە.

هیچ شوبهەی نیە کە هەر یەک لە ئێوە ئەیزانێت کە حکومەتی عیراق قبوڵی تەجزیئە و تەفریق ناکات. وە بە ئیعتیباری عوموم حکومەتی عیراق بۆتە جۆرێکی لایەتەجەزەنی و لەبەر ئەمە مەحاڵە کە سەکەنەی ئەلویەی جنوبیە بتوانن. بێ ئەوەی ئەم لیوایە جۆرێک لە وەتەنەکەیان و بە دەستیانەوە بێت لە ئەمنیەتدا بژین و کەزا موستەحیلە بۆ ئەهالی ئەم لیوایە کە یەک رۆژ بتوانن. بەهەر شکڵ و وەزعیەتێک بێت. بەجیا لە وەتەنی عیراقی و لە برا عیراقیەکانیان بژین. ئەمە حەقیقەتێکی ئەوەندە ئاشکرایە کە هەمو عیراقیەک ئەیزانێت و ئەقوامی سائیرەش ئیشتیراکیان ئەکات. لەسەر ئەم ئەساسە حکومەتی عیراقیە تەئسوسی کردوە و لە ئیستیقبالێکی نزیکدا لەناو ئومەمی سائیرەدا بە ئیستیقلال و وەحدەتەوە ئەخذی مەوقیع ئەکات.

بە ئیعتیباری فەرد و حکومەت لەسەر هەمومان لازمە کە واجیباتی خۆمان بەرامبەر بە وەتەنی موقەدەس ئەدا بکەین، وە لە هەمو ئیشێک دا کە خدمەتی بەرزکردنەوەی وەتەن و تەحەقوق پێ کردنی ئامالی وەتەنیەی تێدا بێت تەشریکی مەساعی بکەین و یارمەتی یەکتری بدەین.

لە رۆژی تەئسیسەوە، وە ئەمرۆ. وە ئیلال ئەبەد پرۆگرامی حکومەتی وەتەنیە ئەمەیە کە لەناو ئەفرادی میللەت دا عەدالەت بڵاو بکاتەوە و تەطمینی رەغائیبیان بکات بە خدمەتگوزاری مەنافیعی وەتەن.

لە جوملەی ئەمانە حکومەت قانونێکی دانا کە بە موافیقی ئەو قانونە حورریەتی تەعلیم و موحاکەمات تەئمین کراوە. کوردێک بە زمانی خۆی فێری خوێندن بێت و، کەدا عەرەب و تورکیش بە زبانی خۆیان فێری خوێندن ئەبن. وە بۆ ئەوەی تەئمینی عەدالەت بکرێت حوککامی مەحکەمەی ئەلویەی عیراقیە لازمە شارەزای زبانی ئەو کەسانە بن کە محاکەمەیان ئەکەن. عەلاوەتەن حورریەت بەخش کراوە کە موکاتەبەی بەینی دەوائیر و ئەشخاص بەو زبانە بێت کە ئەکسەریەتی ئەو لیوایە تەکەللومی پێ ئەکەن. هەروەکو لە ماضیدا بوە لەمەودواش عادات، عەنعەنە، ئەدیان و مەذاهیب ئیحتیرامی تەواویان ئەگیرێت.

خولاصە حکومەتم عەزمی کردوە لەسەر ئەساسی حورریەت، عەدالەت و عەتف و ئیفای وەجائیبی وەتەنیە بە ئیخلاصەوە تەمشیەتی ئومور بکات و، ئەگەر لەمانەدا قصوری کرد من خۆم موراقەبەی ئەکەم.

وەزعیەتی سیاسی مەملەکەتەکەم تەقەرور و تەعیین کردوە مەجالی ئەوە نەماوە کە تەبدیل و تەغییر بکرێت.

بینائەن عەلەیهی لازمە لەسەر میللەت کە هەمو معاوەنەتی حکومەت بکەن بۆ ئەدای واجیباتی عمومیەی، وە ئەگەر یەکێک لەم رێگایە لابدات شازێک تەشکیل ئەکات وەکو کوڕەکەی نوح پێغەمبەر کە وەختێ باوکی بانگی کرد.

بۆ تەئمینی میللەتەکەم لە بابەت ئەو مەرکەزە سیاسیەی ئەم وڵاتە ئائیلی بوە هەرچی لازم بو وتم. ئێستا ئەوەی بۆ ئێوە مابێتەوە ئەوەیە کە جەهد و سەعی تەواو بنوێنن بۆ ژیاندنەوەی ئیقتیصادیات. وەکو تیجارەت و زەراعەت. تاکو ئەفضەی ئیجتیماعیەی عیراق بکات لەگەڵ ئەو هەنگاوە گەورانەی کە لە سیاسەت دا هاویشتویەتی. (ژیان، ژ 287، 25 ی 6 ی 1931)

پەلەیە

کۆپی خولاو لە خاوەن شکۆوە – سەرۆک وەزیران – بۆ هەر هەمو وەزیرەکان – جگە لە وەزیرانی دەرەوە، بەرگری و بەڕێوەبەریەتی گشتی.A.W.Q.A.F

4. 6. 17. بابەت: سیاسەتی کوردی

1. لێرەدا من لیستێک دەنێرم بە زانیاری ورد لەسەر فەرمانبەرانی وەزارەتەکەت کە کوردی نازانن کە لەلایەن دیوانی شارەکانی ئەربیل، کەرکوک، سلێمانیەوە نێراون. لەگەڵ کۆپیەک لەسەر کۆبونەوەی رۆژی 7 ی 10 ی 1931 کە لە ئۆفیسی وەزارەتی ناوخۆیی ئەنجام دراوە.

2. تکایە دەتوانی ئاگادارم کەیتەوە:

ئەلف: کە ئاخۆ ئەو لیستەیە راستە، گەر هەڵەی تیایە، وا بکە کە لیستەیەکی راستم پێ بگات زۆر بە پەلە.

بێ: چ رێورەسمێک دەگرنە بەر بۆ ئەوەی ئەو فەرمانبەرانە بگۆرن کە کوردی نازانن، چەندە وەختیان دەوێ بۆ فێربونی زمان.

جیم: لە حاڵەتێکدا گەر ئەوە نەکرا بەم زوانە، وا بکەن کە بایی ئەوەندە کوردی فێر بن کە کارەکانی خۆیانی پێ ئەنجام بدەن. دەکرێ واش دەست نیشان بکرێن کە بتوانن لە تاقیکردنەوەدا دەرچن سەبارەت بە فێربونی زمان. گەر سەرنەکەوتن دوای چەند مانگێک لە ناوچە کوردیەکان دور بخرێنەوە. سەرەرای ئەم راپۆرتە ناوخۆییە، من راپۆرتێکی دیکەم گەرەکە لە کۆتایی دو مانگدا کە چی پێشکەوتنێک بەرێوە چوە لەو ماوەیەدا بۆمی بەیان بکەن.

4. لە داهاتودا گەر ناچار بون کە فەرمانبەری وا دابمەزرێنن لە ناوچە کوردیەکان کە کوردی نازانن، تکایە لەو حاڵەتەدا راپۆرتێکم بۆ بنوسە کە بە ورد و درشتی هۆی ئەو جۆرە دامەزراندنەم بۆ بەیان بکەی.

5. تاقیکردنەوەکانی زمان: من دەخوازم کە جۆرە سیستمێکی تاقیکردنەوە بۆ زمانی کوردی بەرێوە بچێ بۆ هەمو ئەو فەرمانبەرانەی کە لە خزمەتدان یان لەوانەیە،لە داهاتودا لە ناوچە کوردیەکانی سەر بە عیراق خزمەت بکەن. هەروەها بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە ئێستا لەو ناوچانەدا کار دەکەن و کوردی نازانن، پێویستە وەختێکی دیاریکراویان بدرێتێ. بڵێ سێ مانگ. (هەرچەندە وەختی پێویست و ماقوڵ لە لایەن پسپۆرانەوە بریاری لەسەر دەدرێ) کە تیایدا بایی ئەوەندە کوردی فێر بن کە بگەنە ئاستێک کاروباری خۆیان بە کارامەیی بەرێوە بەن. بۆ نمونە کاتبێک کە لە بەشێکی تەکنیکی دەست بەکارە مەرج نیە بە قەد کارگێرێک یان داوەرێک کوردی بزانێ. ئەو فەرمانبەرانەی کە لەو ناوچانەدا خزمەت دەکەن یان لە دەزگا حکومەتیەکان کارگێرن کە تیایدا دو تا سێ زمان بەکاردێت وەکو عەرەبی و کوردی و تورکی بە پێی دەرکردنی "یاسای بەکارهێنانی زمان لە ناوخۆدا" دەبێ بایی ئەوەندە لەم زمانانە بزانن کە بتوانن بەکارامەیی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. ئەم خاڵەیان جێی بایەخێکی گرنگە چونکە زانراوە کە ئەک فەرمانبەر بە بێ

ئەو زانینی زمانانە کارامە و لێهاتو نابن. بەڵکو ڕێی تێ دەچێ کە ببێتە مایەی هەستی ناجۆر و بەریەک کەوتن لە نێوان فەرمانبەران و خەڵکی ئەو ناوچانەی کە ئەوان کاری تێدا دەکەن. لەمەڕ مەسەلەی تاقیکردنەوە لە زمانی کوردیدا، وا پێشنیار دەکرێ کە پاداشت و خەڵات لەلایەن حکومەتەوە بدرێ بەو فەرمانبەرانەی کە سەردەکەون. چونکە ئەوە پتر هانیان دەدا خۆ ماندو بکەن. دەکرێ خەڵاتەکان بەم شێوەیە بڕوا بەڕێوە: (50) روپیە بۆ تاقیکردنەوەی سەرەتایی. هەشتا روپیە بۆ قۆناغێکی باڵاتر و (120) روپیە بۆ ئاستێک کە توانای وەرگێران لە خۆدا بەدی دەکەن.

6. لە میانەی گەرانەکانمدا بە ناوچە کوردییەکاندا لەم ساڵەدا بۆم دەرکەوت کە مامۆستایانی ژن لە قوتابخانەکاندا زۆر کەمن. هەر بۆیە سەرنجی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەم حەقیقەتە ڕادەکێشم. داواشم ئەوەیە کە هەرچی دەکرێ بیکەن بۆ ئەوەی خانمانی کورد ڕابهێنرێن تا ببن بە مامۆستا.

7. داوا لە وەزارەتی ناوخۆیی دەکرێ کە هەندێ ڕێنمایی دەربکات بۆ بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس کە هەندێ هەنگاو هەڵنێن کە زۆر پێویستە تا بایەخ بەو مەسەلەیە بدا کە هەندێ لە ئەفسەرانی پۆلیس کوردی نازانن و کەچی لە ناوچە کوردنشینەکان دامەزراون.

8. من سەرنجم بۆ خاڵێکی تر دەچێ لەمەڕ ئەو حەقیقەتەی کە ڕاستە لە بەندی پێنجەمدا هاتوە سەبارەت بە (یاسای زمانە ناوخۆییەکان) کە دەکرێ کوردی و تورکی لە ناوچەکانی کەرکوک و کفریدا وەک زمانی رەسمی بەکار بێن. بەڵام لە ڕاستیدا بە تەنها تورکی بەکار دێ. پەیرەوکردنی ئەو یاسایە سەبارەت بەم مەسەلەیە دەبێ فەراهەم بکرێ.

{کۆپییەک لەگەڵ ئەو کۆپییەی مەحزەری کۆبونەوەکە بۆ سەرۆکی دیوانی پاشایەتی}

4. 6. 18. نامەی ئێچ دۆبز بۆ عەبدولموحسین بەگ سەعدون

"نهێنی"

ژمارە پۆست (439) شوێنی نیشتەجێ بون

N.P.O.439 بەغداد-27 ی 11 ی 1928

بەرێزم سەرۆک وەزیران...

ئایا دەکرێ بەرێزت بە میهرەوە بگەڕێتەوە بۆ نامە باوەڕ پێ کراوەکەم ژمارە: P.O.426 کە لە بەرواری 22 ی 11 ی 1928 دا دەرچوە لەمەڕ مەسەلەی ئەو پەیمانانەی نێوان حکومەتی بریتانیای مەزن و عیراق سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان. هەروەها مەسەلەی مانەوەی (عەبدولمەجید بەگ ئال یەعقوبی) لە پۆستی خۆیدا وەک موتەصەریفی ئەربیل (هەولێر).

من وابزانم بیرم چوە لەو نامەیەدا کە سەرنجی جەنابتان بۆ ئەو موزەکەرەیە ڕابکێشم لەمەڕ مەسەلەی ئەو بەڵێنانەی کە بریتانیا لەسەر ئاستی جیهانی داونی سەبارەت بە عیراق کە تیایدا کۆپییەک بە شێوەیەکی رەسمی گەیشتە دەست نوێنەرە کۆنەکەی تۆ (جەعفەر پاشا ئەل عەسکەری) لە کۆبونەوەکەی وەفدەکان کە هاتبون گفتوگۆ لەسەر پەیماننامەی ئەنگلۆ ی عیراق بکەن کە لە ئۆفیسی کۆلۆنیال بەسترا لە بەرواری 1 ی 11 ی 1927 دا. لەو موزەکەرەیەدا هاتوە وەک جەنابت دەیبینی کە ڕونکردنەوەیەک لەلایەن حکومەتی بریتانیەوە هاتوە بەو ئاکامەی کە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان سەنگێک بۆ ئەو پەیمانەی حکومەتی بریتانیا دادەنێ بەوەی کە ڕێوڕەسمێک بگرنەبەر تا زامنی ئەوە بکەن کوردەکانی عیراق ئیدارەیەکی ناوخۆییان هەبێ کە دیارە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان مەرجی

داناوە حوکمی خۆیان بەیان بکەن لەمەڕ مەسەلەی سنوری موسڵ. من دڵنیام کە جەنابت بایەخێکی گەورە بەم مەسەلەیە دەدەی. من لە خزمەتدام

سد. ئێچ. دۆبز
خاوەن شکۆ بەڕێز عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون.
سەرۆک وەزیران – بەغداد
(کاک شێزاد حەسەن لە ئینگلیزیەوە کردویەتی بە کوردی)

5. کورد و کۆمەڵەی گەلان

5. 1. ڕاسپێرییەکانی کۆمەڵەی گەلان دەربارەی کورد

لە ڕێککەوتنی نهێنی سایکس– بیکۆدا، موسڵ بەر فەرەنسا و شام بەر بریتانیا کەوت بو. بەڵام دوای جەنگ لوید جۆرجی سەرۆکوەزیرانی بریتانیا لە سەودایەکی زیرەکانەدا لە گەڵ کلیمانسۆی سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا، شامی دا بە وان و موسڵی بۆ خۆیان وەرگرت. بە تایبەتی کە هێزی بریتانیا لەو کاتەدا ویلایەتی موسڵی لە ژێر دەس دا بو.

هێزەکانی بریتانیا، بە شەڕ موسڵیان نەگرت بو. بەڵکو لە دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ئاگربەری مۆدروس چوبونە ناویەوە. لەبەرئەوە تورکیا موسڵی بە بەشێک لە سەرزەمینی خۆی دائەنا نەک بە داگیرکراوی جەنگ. تورک داوایان لە بریتانیا ئەکرد موسڵ چۆڵ بکا. بریتانیا یش کە مرخی لە نەوتی کەرکوک خۆش کرد بو، بەهانەی دانەتاشی موسڵ لەدەس خۆیدا بمێنێتەوە. ئەم کێشەیە بە گفتوگۆی دو قۆڵی تورک و ئینگلیز چارەسەر نەکرا. لە کۆنفرانسی لۆزان یشدا نەیانتوانی بگەنە ڕێکەوتن. کێشەکە بە ڕەزامەندی هەردولایان، بۆ بەلاداخستنی، بەرەو ڕوی کۆمەڵەی گەلان کرایەوە.

کۆمەڵەی گەلان کۆمیتەیەکی 3 کەسی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوەی "کێشەی موسڵ" و وەرگرتنی بیروڕای دانیشتوانی ناوچەکە کە بدرێتەوە بە تورکیا یان بخرێتە سەر عیراق.

کۆمیتەکە هاتە موسڵ و سەردانی هەولێر و کەرکوک و سلێمانی کرد. تاقمێ نوێنەری تورکیان لە گەڵ هات بۆ پڕۆپاگەندە. یەکێ لەوانە ژنبرایەکی شێخ مەحمود بو. ئەم کۆمیتەیە لە گەڵ زۆر کەس و تاقم وتوێژیان کرد. لە ئەنجامی ئەم گەشتەدا ڕاپۆرتێکی درێژیان ئامادە کرد و دایان بە کۆمەڵەی گەلان. لە ڕاپۆرتەکەیاندا ڕایان سپارد بو کە موسڵ بخرێتە سەر عیراق، بەو مەرجەی دەوڵەتێکی پێشکەوتو ماوەی 25 ساڵ یارمەتی بداو ئارەزوەکانی کورد یش لە بەرچاو بگرێ.

ئەم لیژنەیە لە لێکۆڵینەوەکەیدا نوسی بوی:

"لە کاتێکدا ئەگەر چاودێری کۆمەڵەی گەلان تەواو بو، دوای برانەوەی ئەو چوار ساڵەی کە پەیمانی عیراقی- بریتانی تێدا بەستراوە و، بەڵێنی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی بەکورد نەدرێ، زۆر خەڵک تورکیان پێ باشتر دەبێ لە عەرەب." (السيد عبدالرزاق الحسني، العراق في ضل المعاهدات، ط 3، لبنان، 1958، ص 133)

ڕاسپێرییەکانی لیژنەی سنور دەربارەی کورد:

"پێویستە ئارەزوەکانی کورد لەبەر چاو بگیرێ دەربارەی دانانی فەرمانبەرانی بە رەگەز کورد بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان و، پێویستی دابەشکردنی عەدالەت و بڵاوکردنەوەی خوێندن لە قوتابخانەکاندا و، کردنی زمانی کوردی بە زمانی رەسمی لە هەمو ئەم وەزیفانەدا."

برگەی 3 هەمی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان ئەڵێ: "داوا بکرێ لە حکومەتی بریتانی، وەکو هێزی مانداتۆر، ئەو تەدابیرە ئیدارییانە بخاتە بەردەم ئەنجومەن کە دانەنرێن بۆ دڵنیاکردنی دانیشتوانی کورد لەو شتانەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەدا ناوبراون. گەرەنتییەکانی دەربارەی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی، کە لیژنەکە لە ئەنجامگیرییەکانی دا ڕای سپاردون."(الحسني: ل 129)

کۆمەڵەی گەلان کێشەکەی بە قازانجی بریتانیا و عیراق بە لادا خست. موسڵی دا بە عیراق. تورکیا یش ئیتر وازی لەم داوایە هێنا. بەڵام سەودایەکی تری بەدودا هات. بۆ ئەوەی تورکیا و ئێران لە روسیای سۆڤیەتی دور بکەونەوە و لە ئینگلیز نەوروژێن، ئینگلیز بۆ رازی کردنی ئەوان، نەیهێشت کوردی عیراق هیچ جۆرە قەوارەیەکی تایبەتی هەبێ، تەنانەت لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عیراق یشدا.

5. 2. هیوای کورد بە کۆمەڵەی گەلان

چالاکەکانی کورد ئومێدێکی زۆریان بە ڕاسپێرییەکانی کۆمەڵەی گەلان و، بە عەدالەت و دڵسۆزیی بۆ گەلانی بچوک هەبو. ئەمە یش لەو وتارانەدا دەردەکەوێ کە نوسراون و، لەو یادداشتانەی داویانە و، لەو گفتوگۆیانەدا کە لە گەڵ وەفدی وەزاری عیراق کردویانە.

عیزەت بەگی عوسمان پاشا ئەڵێ:

"میللەتی کورد تەنها عیبارەت نیە لە سلێمانی. لە زاخۆوە تا خانەقین هەمو داوای ئەم حەقە ئەکات و هیچ کوردێک کەرەتێکی تر لە گەڵ عیراقا ناژی. بۆ ئیحقاقی حەقمان موراجەعەت بە حکومەتی مونتەدەبە ئەکەین. ئەگەر ئەو یش نەیپرسی، شکایەت ئەبەینە بەر عیصبەتول ئومەم. کورد حکومەتێکی موستەقیللەی ئەوێ لەژێر ئینتیدابدا. بە هەمو هێزمانەوە بۆ ئەم غایەیە سەعی دەکەین. ئەمجارە سیلاح و تفەنگمان قەڵەم و موراجەعاتە"

هەر لەم بوارەدا حەمەی ئەورەحمان ئاغا ئەڵێ:

"ئێمە کوردین و، کوردستان عیبارەت نیە هەر لە سلێمانی. لە زاخۆوە هەتا خانەقین کوردەوارییە و، نایانەوێ لەگەڵ عیراق بژین. حکومەتێکی موستەقیللەی کوردیمان ئەوێ لەژێر ئینتیدابدا. ئەگەر ئینگلیز یش نامانداتێ موراجەعەت بە عیصبەتول ئومەم دەکەین".

بەم دڵنیایی و هیوا گەورەیەوە کە نائومێد بون لە کاربەدەستانی بریتانی، ڕویان کردە کۆمەڵەی گەلان و، چەند مەزبەتەیان بۆ نارد.

5. 2. 1. مەزبەتەکانی هەیئەتی وەطەنیە

دانیشتوانی سلێمانی بە ناوی خۆیانەوە چەندین مەزبەتەیان داوە بە کۆمەڵەی گەلان. مەزبەتەکان لە ڕێگای مەندوبی سامی بریتانییەوە لە بەغداد ئەنێردران. وێنەیان لێ ئەدرا بە سەرۆکی وەزیرانی عیراق و، ڕۆژنامەکانی بەغداد.

هەر بە هاندانی هەیئەت دەیان مەزبەتەی تر لەلایەن ژنانی سلێمانی، کەسایەتی ناسراو و، سەرانی ئێڵەکانی جاف، هەمەوەند، پشدەر، هەورامان... بۆ هەمان مەبەست نێردرا بۆ کۆمەڵەی گەلان.

لە هەمو ئـەو مەزبەتانـەدا داوای جێبـەجێ کردنـی بڕیارەکـانی کۆمەڵـەی گـەلانیان ئـەکرد دەربـارەی پێکهێنانی حکومەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد لە ژێـر ئینتیـدابی بریتـانی یـان هـەر ئەنـدامێکی تـری کۆمەڵـەی گەلاندا. هـەر لـەو ماوەیـەدا مەزبەتایـەکیش بـەناوی سـەرانی ئێڵـەکانی بادینانـەوە نوسـراوە. بـەڵام ئـەوان دەسبەجێ بە دزیان خستۆتەوە. دژی ئەم جوڵانەوەیە هەڵویستیان گرت و دەربڕی.

یەکێ لە گرنگترینی ئەو مەزبەتانە. یادداشتێکە کە بەناوی هەیئەتی وەتەنیەی کوردستانی جنوبیەوە. بە ئیمزای ئەندامەکانی لە 31 ی 8 ی 1930 دا دراوە بە کۆمەڵەی گەلان و. هەوڵ ئەدەن بە ئەندامانی کۆمەڵەی بسەلمێنن. کورد هەروەکو مافی دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی هەیە. توانا و لێوەشـاوەیی خـۆ ژیانـدن و خۆ بەڕێوەبردن یشی هەیە.

حکومەتی عیراق روداوەکەی 6 ی 9 ی کرد بە بەهانە. هەمو چالاکەکانی هەیئەتیان گرت. هەنـدێکیان ناردن بۆ زیندانی کەرکوک و هەندێکیان دورخستنەوە. بە گیرانی ئەمان هەیئەت لە چـالاکی کـەوت و تـەواو بو. هەندێکیان بەیەکجاری لە ژیانی سیاسی کشانەوە. لە کاتی لێکۆڵینـەوە و دادگـایی کردنـدا دەرکـەوت کـە هۆی سەرەکی گیرانەکەیان. ناردنی ئەو مەزبەتانە بوە بۆ کۆمەڵەی گەلان.

5 .2 .2. مەزبەتەکانی شێخ مەحمود

شێخ مەحمود کە هاتەوە مەیدان. چالاکەکانی هەیئەت گیرابون. ئەو چالاکیـەی ئەوان دەسـتیان پێکـرد بو تەواو ببو. شێخ مەحمود چەندین نامەی بۆ موفەتیشی ئیداری لـە سـلێمانی. مەنـدوبی سـامی لـە بەغـداد نوسی و داوای لێکردن کە کاربەدەستانی عەرەبی. دامودەزگای مەدەنی و سوپایی لـە زاخـۆوە هـەتا خانـەقین چۆڵ بکەن. حکومەتێکی کوردی لـە ژێـر ئینتیـدابی بریتـانی یـان هـەر ئەنـدامێکی تـری کۆمەڵـەی گـەلاندا دابمەزرێنن. بەڵام ئەمان بە بیانوی ئەوەی شـێخ مـەحمود رێککەوتنەکـەی 1927 ی شـکاندوە. بـە هەڕەشـە لێکردن وەڵامیان دایەوە.

بە رێگای ئەوان بو بێ یان هەر رێگایەکی تر. لە باتی دانیشتوانی کوردستانی جنـوبی. لـە رۆژی 21 ی 3 ی 1931 دا یادداشتێکی ناردوە بۆ کۆمەڵەی گەلان. لەو یادداشتەدا گازندە لە حکومـەتی عیراقـی ئـەکا لەسەر ئەوەی لە سلێمانی کوشتاری کردوە و رۆشنبیرەکانی گرتوە. داوا ئەکا حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ژێر سایەی ئینتیدابی بریتانی یا هەر ئەندامێکی تری کۆمەڵەی گەلاندا. دروست بکرێ ((یادداشـتەکەی شـێخ بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە کۆتایی ئەم داونیشانەی (3. 5. خۆ بەدەستەوەدانی شێخ مەحمود: کۆتایی قۆناغێک) ئەم کتێبەدا بخوێنەرەوە))

5 .2 .3. مەزبەتەکانی تۆفیق وەهبی

ئەو کاتەی تۆفیق وەهبی موتەسـەڕیفی سـلێمانی بـو. هەیئـەت لەوپـەڕی جموجـۆڵ و چـالاکی دا بـو. حکومەتی بەغداد پێی وابو ئەو چالاکیانە بەهاندانی تۆفیـق وەهبـی یـن. لـە بـەر ئـەوە کێشـایانەوە بەغـداد و دەستیان لە کار کێشایەوە.

لە ئازاری 1931 دا کۆمەڵێ لە پیاوە ناسراوەکانی کوردوستانی عیراق. وەکالەت نامەیەکیان بۆ تۆفیق وەهبی کردۆتەوە. دەسەڵاتیان داوەتێ بە ناوی ئەوان و. بە نوێنەرایەتی دانیشتوانی کوردستانی جنـوبی. بـۆ جێبەجێ کردنی خواستەکانی گەلی کورد. لە گەڵ کۆمەڵەی گەلان و دەزگاکـانی و. لە گـەڵ وەزارەتـی دەرەوەی بریتانیا. یان هەر دەوڵەت و دەزگایەکی پێوەندیدار گفتوگۆ بکا. جەلادەت بـەدرخان یـش. بـەناوی کۆمەڵـەی خۆیبون ەوە نامەی پشتیوانی بۆ نوسیوە.

تۆفیق وەهبی لە نیسانی 1931 دا، دوای ئەوەی مەزبەتەکانی ساڵی 1930 ڕەفز کراون، چۆتە بێروت و دەستی کردوە بەکار. لەو کاتەدا هەینەتی وەتەنیە لە چالاکی کەوت بو. شێخ مەحمود یش لە دوا ڕۆژانی شۆڕشەکەی دا بوە. لەو کاتەدا زنجیرەیەک نامەو یادداشتی، بەنوێنەرایەتی (800) هەزار کوردی کوردوستانی جنوبی نوسیوە، بۆ: مەندوبی سامی بریتانی لە عیراق و، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی بریتانیا و، سکرتێری کۆمەڵەی گەلان و سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب.

تۆفیق وەهبی لە یادداشتەکانی دا حکومەتی عیراق بە حکومەتی عەرەبی و کوردوستانی عیراق بە کوردستانی جنوبی ناو ئەبا. ئەڵێ کابرایەکی ئایریش چەندە ئینگلیزە، کورد یش ئەوەندە عەرەب یا عیراقیە.

تۆفیق وەهبی لە یادداشتەکەی دا داوا ئەکا لە ژێر سایەی عەرشی عیراق دا مافی (خۆحوکم کردن) بدرێ بە کوردستان. هەوڵ ئەدا باشیی ئەم کارە بۆ سەر ئاسایشی عیراق و، ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و، پێوەندی کورد و عەرەب و کلدانی و ئاسوری، بسەلمێنێ.

خواستی ئەم لە گەڵ خواستی هەینەتی وەتەنیە و شێخ مەحمود جیاواز بوە. ئەوان داوای حکومەتێکی کوردیی سەربەخۆیان کردوە لەژێر ئینتیدابی بریتانی دا. بەڵام ئەم داوای خۆ حوکوم کردنی کردوە لە ژێر سایەی عەرشی عیراق دا. دیارە ئەوە یش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم شارەزای سیاسەتی ناودەوڵەتان بوە. دڵنیا بوە لەوەی لە بەر خاتری کورد دەوڵەتی عیراق هەڵناوەشێنرێتەوە و کوردستان لە عیراق جیا ناکرێتەوە. شتێکی داوا کردوە بە پێی بۆچونی خۆی، هەلی جێبەجێ کردنی زۆرتر بێ لەوانەی پێشو. بۆ سەلماندنی خواستەکانی، پشت بە ژمارە و بەڵگە و شایەت و لێکۆڵینەوەی زانستی و مەنتیقی ئەبەستێ. وەک بەشێ لەمەزبەتەکەی، دو مەسەلەی گرنگی تری باس کردوە:

یەکەمیان: هەوڵی داوە قسەکانی نوێنەری بریتانیا لە لای لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب کە بە قازانجی حکومەتی عیراق و بەزەرەری کورد بون، پوچ بکاتەوە.

دوهەمیان: پێی لەسەر دۆستایەتی کورد و ئاسوری و کلدانی داگرتوە. ناکۆکی ئەم دو گەلەی خستۆتە ئەستۆی حکومەتی عیراق کە هێزی لیوی لێ دروست کردون و ئەیانێنێرێ بۆ شەڕی کورد. نوێنەرانی ئاسوری پشتیوانی یان لە خواستەکانی تۆفیق وەهبی کردوە.

دوای ئەوەی تۆفیق وەهبی گەڕاوەتەوە بەغداد، پێ ئەچێ لەسەر ئەم مەزبەتەیە، گیرابێ. بەڵام دوای ئەوەی هاوسەرەکەی سکاڵایەکی داوە بە مەندوبی سامی، بەردراوە. تۆفیق وەهبی جارێکی تر یش چۆتەوە بەیروت. لە وەڵامی ئەو تۆمەتانەی لە ڕۆژنامە عەرەبی یەکانا بە پاڵ جوڵانەوەی کورد دراون، وتارێکی نوسیوە، لەباری سەرنجی کوردەوە داکۆکی لە مافەکانی ئەکا.

5. 3. ڕاپۆرتەکانی هێزی ماندانۆر

حکومەتی بریتانی کە هێزی ماندانۆر بو لە عیراق، هەمو ساڵێ ڕاپۆرتێکی درێژی لەسەر جۆری بەڕێوەبردنی عیراق و، پلەی پێشکەوتن و گەشەکردنی بۆ کۆمەڵەی گەلان ئەنوسی. لە هەمو ڕاپۆرتێکی ساڵانەدا بەشێکی بۆ کورد تەرخان ئەکرد. لەم بەشەدا هەمیشە دو شتی ڕون ئەکردەوە:

یەکەمیان: شایەتی یەکی ناڕاستی بۆ حکومەتی عیراق ئەدا، کەوا هەمو بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بە ڕاسپێری یەکانی کۆمەڵەی گەلان بەرامبەر بە کورد جێبەجێ کردوە. قسە و ڕاگەیاندنەکانی کاربەدەستانی عیراق و ژمارەی فەرمانبەرانی کورد و ناسینی ڕەسمیی زمانی کوردی ئەکرد بە بەڵگە.

دوهەمیان، سکاڵاو گازندەکانی کوردی بە درۆ ئەخستەوە. بە تێبینی یەکانی کە لەسەر مەزبەتەکانی سەرانی کوردی ئەنوسی، هەمیشە شکات و داواکانی پوچ ئەکردنەوە.

ئەو زەمانە بریتانیا گەورەترین زلهێزی دنیا و خاوەن دەسەڵاتی گەورە بو لە نـاو کۆمەڵـەی گـەلاندا. شتێک ئەم رازی لەسەر نەبوایە سەری نەئەگرت. بریتانیا سەربەخۆیی کوردستانی بە شـتێکی گەوجانـە و لـە جێبەجێکردن نەهاتو دائەنا. لای وابو دامەزراندنی هەر جۆرە قەوارەیەکی کوردی لـە عیـراقدا، ئـەبێ بـەهۆی وروژاندنی تورکیاو ئێران. ئینگلیز و تورکیا و ئێران عیراقیان بەلاوە گرنگتر بو لە کـورد. بـۆ ئـەوەی ئـەو تۆمەتە لە خۆیـان دور بخەنـەوە کـە ئـەوان لـە پشـت خواستە نەتەوەیی‌یـەکانی کـوردەوەن. بـە پێچەوانـەی بەڵێنەکانی خۆیان و راسپێرییەکانی کۆمەڵەی گەلانەوە. دژی هەمو جۆرە قەوارەیـەکی کـوردی راتـەوەسـتان. نەیانهێشت کورد هیچ دەسکەوتێکی سیاسی یا بەرێوەبەرایەتی لە عیراقدا بە دەس بهێنێ.

بریتانیا لە سیاسەتی عیراقیدا بەرامبەر بە کورد وەکو کابرای عەرەبی دەکرد: (ترید غزال اخذ ارنـب. ترید ارنب اخذ ارنب). لە هەمو حاڵەتێکدا ئەبو بە لای دەوڵەتی عیراق دا بکەوێ.

5. 4. رەتکردنەوەی خواستەکانی کورد

لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب، بێ پێچ و پەنا، خواسـتی کـوردی بـۆ دامەزرانـدنی حکومـەتێکی کـوردی سەربەخۆ لە ژێر ئینتیداب و، خواستی خۆ حکوم کردنی کوردستانی لـەژێر سـایەی عەرشـی عیـراق دا، رەت کردەوە.

بیانو یشیان ئەوە بو کە لەناو بریارەکانی کۆمەڵەی گەلاندا راسپێری و بەڵێنی لەو بابەتـەی تیـا نیـە، کورد بە هەڵە لە بریارو راسپێرییەکانی کۆمەڵەی گەلان گەیشتون و بە هەڵە لێکیان داوەتەوە.

شکانی شێخ مەحمود یش ئینگلیزی گەرمتر کردەوە. بۆ پوچکردنەوەی مەزبەتەکانی کورد، بۆ نمونە لە یەکێ لەو تێبینـی‌یانـەی لەسـەر مەزبەتـەی تـاقمێ کەسـایەتی کـورد نوسـیویێتی، جگـە لـەوەی عیراقـی بـونی نوسەرەکانی و خوێندنەوەی ئیمزاکانی و لێوەشاوەیی‌یان کە بە ناوی کوردەوە بدوێن، نەخاتـە گومانـەوە، بـە راشکاویی ئەڵێ ئەو مەزبەتەیە بە فیتی شێخ مەحمود نوسـراوە. شـێخ مـەحمود یـش خـۆی بەدەسـتەوە داوە، لەبەر ئەوە ناهێنێ بایەخی پێ بدرێ.

کۆمەڵەی گەلان، لەباتی ئەوەی خواستە نەتەوەیی‌یەکانی کـورد دابـین بکـا، لـە راسـپێرییـەکانیدا بـۆ ئەوەی مافەکانی رێز لێ گیراو بێ، کردویەتی بە مەرج بەسەر کوردەوە کە ئەبێ "بە دڵسۆزیەوە بەشداری بکـا لە ئاسایش و گەشانەوەی دەوڵەتی عیراق دا"

ئەو هیوایەی چالاکەکانی کورد بە کۆمەڵەی گەلان و عەدالەتەکەی هـەیان بـو، نـەما. شـێخ سـەلام بـەو بۆنەیەوە شیعرێکی داناوە، کە ئەو سەردەمە لە گۆڤاری هـاواری دیمەشـقدا بڵاوکراوەتـەوە. لـە شـیعرەکەیدا ئەڵێ:

عیصبەتول ئومەم، کۆمەڵی گەورە
بە پێچ و پەنا، بە فێڵ و دەورە
تەریق نابێتۆ تۆ چیت پێ ئەکەن؟
کوتەکی دەستی میستەر هەندەرسەن.

5. 4. 1. کۆمەڵەی گەلان.... کۆمەڵەی دزان

لە راستیدا کۆمەڵەی گەلان "کۆمەڵەی دزان" ی ئەو ئیسـتیعمارییانە بـو کـە هـیچ خـەم و خولیایـەکیان نەبو، جگە لەوەی لەرێی دزیو جەردەییو تاڵان و بڕۆکردنی سەروەت و سامانی گەلانی رۆژهەڵات و ئـەفریقا و سـەرکوتکردنیانەوە، بەرژەوەنـدییـەکانی ئیمپریـالیزم بپـارێزن و لـە نێـوان دەوڵەتـە سـەرکەوتوەکاندا

دەسکەوتی بە تاڵانبراو بەش بکەن. هەر لەبەر ئەوە یش بو مافەکانی گەلی کورد و چارەنوسیان بـەلاوە هـیچ نەبو. بەڵام باروبۆخی نێودەوڵەتی و روداوەکانی رۆژهەلات، کۆمەڵەی گەلانی ناچار کرد کـە هەنـدێ بڕیـاری بەنج ئاسا دەربکەن، ئەمەش دوای ئەوەی کە کوردیان لە مافی چـارەی خۆنوسـین بێبـەش کـرد. ئـەو کاتـەی کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا لیژنەیەک لە ئەندامانی خۆی بنێرێ بۆ عێـراق، سـەبارەت بـەوەی لـەو نـاکۆکیـانـە بکۆڵنەوە کە کەوتبونە نێوان بریتانیا و تورکیاوە لەسەر کێشەی موسڵ. لیژنەکە لە ساڵی 1925 دا سـەردانی عیراقی کرد و لە ڕاپۆرتەکەی خۆیاندا دەربـارەی کـورد نوسـی بویـان: "پێویسـتە داواکـانی کـورد لـەبارەی دامەزراندنی کارمەندە کوردەکانـەوە بـۆ بـەڕێوەبردنی کاروبـاری وڵات و کاروبـاری داد و قـەزا و فێرکـردن پشتگوێ نەخرێن. لەم ڕووەوە زمانی کوردی وەک زمانێکی ڕەسمی کاری پێ بکرێ". وەختێـک یـش کۆمەڵـەی گەلان لەو ناکۆکیانەی کۆڵیەوە بڕیاریدا: "بەو سیفەتەی حکومەتی بریتانی دەوڵەتی مونتەدیبـە لـەعیراقدا: داوای لێ دەکرێ ئەو تەگبیرانە بخاتە بەردەم ئەنجومەن کـە پێویسـتە ئـەنجام بـدرێن. تـا ئـەو بەڵێنانـە بـۆ کوردەکانی عێـراق بـەجێ بهێنـرێن کـە پێوەنـدییـان بـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری نـاوخۆوە هەیـە. لیژنـەی لێکۆڵینەوە لە سنورەکان لە دوا ئەنجامگیرییـەکانیدا بڕیـاری لەسـەر دان" هـەروەک چـۆن کۆمەڵـەی گـەلان هەندێ بڕیاری تری دەرکرد کە پێشتر خستمانە ڕو. کاتێ دەربارەی گرنگیی نێودەوڵەتیی ڕاپەڕینی 6 ی 9 ی 1930 دواین. بەڕێوەبەری هۆبەی ئینتیداب یش لە گەڵ عەریزەکەی بەڕێز حەپسە خانی نەقیب دا. وێنـەی بڕیارەکەی بۆ کۆمەڵی گەلان نارد. وا لێرەدا بڵاوی ئەکەینەوە:

وێنەی ئەو بڕیارەی کە لە گەڵ عەریزەکەی بـەڕێز حەپسـە خـانی نـەقیب دا بـو. کـاتێ لـە 7 ی 9 ی 1930 دا پێشکەشی کۆمەڵەی گەلانی کرد:

کۆمەڵەی گەلان

جنێوە (5)ی ئۆکتۆبەری 1931

ژمارە 6 28 ی 22413 ی 655

خانمی بەڕێز

ئەنجومەنی کۆمەڵەی گـەلان لـە بڕیارەکـانی رۆژی 4 ی سـێپتەمبەری 1930 دا و لـە بـەر ڕۆشـنایی پێشنیازەکانی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابـدا. منـی ڕاسـپارد کـە پێتـان ڕابگەیـەنم: ئـەو عەریزەیـەی لـە 7 ی سێپتەمبەری 1930 دا پێشکەشتان کرد بو. تەماشا کرا و تا هەنوکەش کۆمەڵەی گەلان بـە عـەتفێکی زۆرەوە لایەنگیری ئەوەیە کە مافەکانتان بەچاوی ڕێزەوە تەماشا دەکرێ: ئەگـەر دڵنیـا بـین لـەوەی کـورد بەتـەواوی خزمەتی خۆیان بەجێ دێنن لە پێناوی پاراستنی ئاسایشی مەملەکەت و سەرکەوتنی حکومەتی عیراقیدا. جا بۆ ئەوەی ئێوەش ئاگاداربن وا لەگەڵ عەریزەکەتاندا وێنەی ئەو بڕیارەش دەنێرم کـە مسـتەر ڕابـاد بـۆ لیژنـەی هەمیشەیی ئینتیداب بەرزی کردبۆوە و نێردرابو بۆ کۆبونەوەی بیستەمی لیژنەکە.

خانمی بەڕێز، مایەی شەرەفمەندیشە بۆ من کە خزمەتکاری گوێرایەڵتان بم.

بەڕێوەبەری هۆبەی ئینتیداب

پوختەی بڕیارو کاروبارەکـانی کۆبونـەوەی بیسـتەمی لیژنـەی هەمیشـەیی ئینتیـداب ژمـارە 422 مc 167 و 1931 شەشەم 1198 pp220-222 cp.

عیراق

عەرزوحاڵێک (1) لەلایەن کوردەکانی عیراقەوە بەرزکراوەتەوە و لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە لە 20 ی 2 ی 1931 دا بۆ لیژنەی نینتیباب گوازراوەتەوە. (2) عەرزو حاڵێکی دیکە لەلایەن تۆفیق وەهبی بەگەوە مێژوی 19 ی 4 ی 1931 ی پێوەیە.

5. 4. 2. راپۆرتی مستەر راباد

لەسەر بناغەی ئارەزوی سەرۆکی لیژنە، شەرەفی ئەوەم بەرکەوت کە ئەم سەرنجانە بخەمە پێش چاوی هاوکارانمەوە کە، پاش خوێندنەوەی چەندین عەرز و حاڵی کوردەکان لام دروست بون، پاش ئەوەی داوام لێکرا لەو عەرز و حاڵانە و لە پەراوێزی دەوڵەتە نینتیباب کراوەکان لەسەریان ورد ببمەوە.

ئەگەرچی قەبارەی ئەو بابەتانەی خرانە پێش چاوم لە دو توێی چەند بەرگێکدا بون، بەڵام سەرەنجەکانم لەبارەیانەوە زۆر کورت دەبن. بۆیە بە پێویستی نازانم لەم سەرنجنامەیەدا سەرجەمی ئەو شتانەی لەو عەرز و حاڵانەدا هاتون یان لە پەراوێزی دەوڵەتە نینتیباب کراوەکاندا، چونکە ئەوە بەرەو دوبارەکردنەوەیەک دەمبا کە هیچ سودێکی نیە و لەبەر ئەوەی هاوکارانم دەتوانن سەرجەمی ئەو عەرز و حاڵانە ببینن. بۆیە تەنها لەم خاڵانە دەدوێم:

1. لیستێک بەو عەرز وحاڵانە و مێژو و سەرچاوەیان.
2. باس کردنی گرنگترین سکاڵاکانی خاوەن عەرز و حاڵەکان.
3. کورتەی تێبینی دەوڵەتە نینتیباب کراوەکان.
4. دەربڕینی هێندێ ئەنجامگیری کورت.

5. 4. 2. 1. لیستی عەرزوحاڵەکان

نامە	مێژو ا. 24 ی 8 ی 1930 سەرۆکەکانی عەشیرەتی باوە	سەرچاوە
سی. پی. ئێم	ا. 24 ی 8 ی 1930	سەرۆکەکانی عەشیرەتی باوە
1151 .1140	ب. 31 ی 8 ی 1930	کۆمەڵەی نیشتمانیی مەرکەزیی دانیشتوانی کوردستانی باشور.
	ج. 7 ی 9 ی 1930	نەقیب زادە حەپسە (حەپسە خانی نەقیب).
	د.9 ی تشرینی یەکەمی 1930	سەرۆکەکانی عەشیرەتی مەریوان و عەشیرەتی فەتاح عەلی بەگ.
	هێ. 9 ی تشرینی یەکەمی 1930	رێبەرانی کورد
	و. 9 ی تشرینی یەکەمی 1930	شێخ مەحمود و 30 سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر
سی. پی. ئێم	ی-19ی 4 ی 1931	جەعفەر سوڵتان و نۆزدە گەورە پیاوی کورد.
	ز. 14 ی تشرینی یەکەمی 1930	تۆفیق وەهبی بەگ 1192

5. 4. 2. 2. سکاڵای خاوەن عەرزوحاڵەکان

ئەو عەرزوحاڵانەی لێیان وردبوومەوە لە ڕووی درێژی و شێوەزمان و ناوەڕۆکەوە لێک جیاوازن. بەڵام سەرجەمیان تورەیی گەلی کورد دەردەبڕن کە لە عیراقدا نیشتەجێن. خاوەنی عەرز و حاڵەکان و ئەوانەی بەناویانەوە قسە ئەکەن، تێکرا بە چەند پلەیەکی جیاواز ئەو سیاسەتە مەحکوم ئەکەن کە بە سیاسەتی حکومەتی عیراق و دەوڵەتی ئینتیداب کراوی دەزانن. بە مەبەستی ئەوەی بیاندەنە پاڵ سەرجەمی دانیشتوانی ئەو وڵاتەی ئینتیداب کراوە. لەبەر ئەوەی کوردەکان لە ڕووی رەگەز و زمان و ئەدەب و شێوازی ژیان و خواستی سیاسییانەوە لە دەشت نشینان جیاوازن و، لەبەر ئەوەی پێیانەوە دیارە کە هەست بە هاوبەرژەوەندی بوونی تایفەگەرانە دەکەن لەگەڵ سەرجەمی ئەو کوردانەی لە دەرەوەی عیراقدا نیشتەجێن. وا هەست دەکەم کە ئێمە لەبەردەم کێشەیەکی تایفەگەری و رەگەزیی ئەوتۆ داین کە خاسیەتەکانی ئەو کێشەیەی هەیە کە بە "کەمە نەتەوەیی‌یەکان" ناو دەبرێ.

هێندێ لە سکاڵاکانی خاوەن عەرزوحاڵەکان زۆر ئاڵۆزن. سکاڵا لە دڵڕەقی و توندوتیژیی دەسەڵاتدارانی عیراق دەکەن. بەڵام هێندێکیان ڕونترن و تێیاندا هەیە سکاڵا دەکەن لەوەی ژمارەی فەرمانبەری ناکوردی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان زیاترە، سەرەڕای ئەوەی حکومەت پێچەوانەی ئەمە دوپات دەکاتەوە. هێندێکیان سکاڵایان لەوەیە کە باجی زیاتر دەخرێتە سەر مێگەل و ماڵات و بەروبومیان. زۆربەشیان سکاڵا دەکەن لەو پەیمانەی دوایی هاوپەیمانیی نێوانی عیراق و بریتانیا کە هیچ بەندێکی ئەوتۆی تێدا نیە مافی تایبەت بۆ کورد مسۆگەر بکات. ژمارەیەکیان نارەزامەندی دەنوێنێ دژی ئەو توند و تیژی و دڵڕەقییەی کە ڕووبەڕووی جەماوەری کورد و بەڵکو سەرۆکەکانی کوردەکان بووەوە لەکاتی هەڵبژاردنەکان لە سلێمانیدا. لەکۆتایی یشدا دو عەرزوحاڵم بینی کە شێوەی نوسینیان دەڵێ هەریەکە سکاڵا دەکەن لە دەستی وەڵام نەدانەوەی ئەو عەرزو حاڵانەی بۆ باوەڕپێکراوی بەریتانی لە عیراقدا، نێردراون.

5. 4. 2. 3. داخوازییەکانی خاوەن عەرزوحاڵەکان

ئەم عەرزوحاڵانە، جگە لەو هۆکارانەی تورەیی کە لەسەرەوە کورتم کردنەوە. چەند داخوازییەکی دیاری کراویشی لەخۆ گرتوە کە ئاماژە دەکەن بۆ پێکهاتە ئیداری و سیاسی‌یەکان لەو بەشەی عیراقدا کە کوردی تێدا نیشتەجێیە. ئەو داخوازیانە زۆر لێک جیاوازن و جۆربەجۆرن. هێندێکیان داوای دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی کورد دەکات لە ژێر پارێزگاریی ئینتیدابی بریتانی یان هەر دەوڵەتێکی دیکە کە کۆمەڵە هەڵیبژێرێ. هی دیکەش داوا دەکەن کە ئەو ناوچەیە دەبێ مەملەکەتێکی سەربەخۆ بێت و شێخ مەحمود حوکمی بکات لە ژێر پارێزگاریی دەوڵەتی بریتانیا. تۆفیق وەهبی بەگ لەلایەکی دیکەوە، لە چەند نامەو عەرزوحاڵێکدا تەنها داوای بەڕێوەبەرایەتی‌یەکی زۆر باش و بەرزی ناوچەی کوردنشین دەکات.

ئەم عەرزوحاڵانە دو داخوازییان تیایە:

یەکەم:

بەردانی ئەو کەسانەی لە ڕۆژانی ناارامی لە سلێمانیدا گیران یان دور خرانەوە. دوەم:

گواستنەوەی فەرمانبەرە کوردەکان لە ناوچە عەرەبی‌یەکانەوە بۆ ناوچەی کوردنشین.

5. 4. 2. 4. کورتەی تێبینی‌یەکانی دەوڵەتی ئینتیداب کراو

ئەو دەوڵەتە ئینتیداب کراوەی ئەم عەریزە جۆر بەجۆرانەی بۆ لیژنە بەرزکردەوە. بە تەواوی پشکنیونی و لێیان ورد بۆتەوە. هەڵوێستی خۆی سەبارەت بەم عەرزوحاڵانە لەو سەرنجانەدا دەربڕیوە کە

کردوونی بە پاشکۆی چەندین بەندی ئەو راپۆرتەی سەبارەت بە گەشەکردن و پێشکەوتنی عیراقە لەم بارەیەوە. بێ ئەوەی بە قوڵی بچینە نـاخی خاڵـە زۆرو جـۆر بـەجۆرە جیاوازەکـانی‌یەوە، دەبـێ بزانـرێ کـە دەوڵـەتی ئینتیداب کراو ئەوە رەت دەکاتەوە کە ئـەو مافـەی خـاوەن عەرزوحاڵـەکان داوای دەکـەن. دەربـڕی بۆچـونی زۆربەی گەلی کورد بێت. ئەوەش رەت دەکاتەوە کە ئەو پەیمانانەی مۆرکراون. بەڵێنی ئـەوتۆی تێـدا بـێ کـە ئاماژە بۆ سەربەخۆیی کورد بکات یان بەڕێوەبەرایەتی‌یەکی زۆر باشیان پـێ بـدرێ. ئـەم جـۆرە بەڵێنانـە لـە کاتی دامەزراندنی سیستەمی ئینتیداب لە عیراقدا نەبوە. دەوڵـەتی ئینتیـداب کـراو دان بـەوەدا دەنـێ کـە بـە نیسبەت کوردەکانەوە مافی بەکارهێنانی زمانی خۆیان و دامەزراندنی فەرمانبەری کوردی دابین کـردوە. بـەڵام پێی وایە کە حکومەتی عیراق کاری کردوە. یان بەم نزیکانە کار دەکات بۆ جێبەجێ کردنـی ئەوانـە لـەکاتی گونجا و بونی سیاسەتی گشتی‌دا. بەڵام ئەوە رەت دەکاتەوە هەمو کوردی عیراق نارازی بـو بـن و. سوپاسـی میانڕەوی و ژیری زۆربەی گەلی عیراقی کرد. چونکە ئێمە دڵنیاین بە تـەواوی لـە مـاف و شـوێنی کەمایـەتی کورد هەمیشە رێزی لێ دەگیرێ. تەنانەت پاش ئـەوەش کـە عیـراق دەچێتـە ریـزی نێونەتـەوەیی‌یـەوە وەکـو دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەمەش بە توندی پێی لەسەر دادەگرێ و دەیکاتە راسپاردەی خۆی.

5. 4. 2. 5. دەربڕینی هێندێ ئەنجامگیریی پێویست

لەبەر ئەوەی رژێمی حکومەتی عیراق پتر لە پلەی "باشترین چاک بـون" دایـە. ئـەوا بـێ هـودە هـەوڵ دەدەین رێسایەک دابنێن بۆ ئەوەی ببێتە بناغەی چەند بڕیارێک لەبارەی هەریـەک لـە داخوازیـەکانی خـاوەن عەرزوحاڵەکان. چونکە زۆرترین ژمارەی ئەو داخوازیانە و گرنگترینیان زیاتر بریتی‌یە لـە دامەزرانـدنی ئـەو مەملەکەتەی لە وزەی رێکەوتن و پەیمانە عیراقیە بریتانی‌یەکان‌کە لە بری ئینتیداب پێویستیەکان دابین بکـات. کەواتە ئەم عەرزوحاڵانە بە شێوەی راستەقینەیان پەسـند نـین. شـایانی هـیچ جـۆرە لێـدوانێک نـین لەلایـەن لیژنەوە. بەڵام سەبارەت بەو عەرزوحاڵانـەی ئامـاژە بـۆ نـازاییی بـەکارهێنانی زمـانی کـوردی دەکـەن. ئـەوا دەوڵەتی ئینتیداب کراو دەڵێ کە خەریکن بگەنە ئاستێکی رەزامەندی بەخش لەبـەر ئـەوەی سیاسـەتی گشـتی رێگا بە لێکۆڵینەوەی دەدات. بەلای هاوکارانمـەوە گرنگـە بـزانن کـە دەوڵـەتی ئینتیـداب کـراو. بڕیارەکـانی حکومەتی عیراقی سەبارەت بە هەڵوێستی لە کێشەی کورد. پەسند کردوە.

هەروەها بڕیکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە 19 ی 8 ی 1930 دا گوتی کە حکومەتی عیـراق بڕیاری داوە لە پاشەڕۆژدا بایەخ بـە داخـوازی‌یـەکانی کوردەکـان بـدات بـەوەی کـە سـووربێ لەسـەر ئـەوەی فەرمانبەرانی حکومەت. لـە هـەر نەتەوەیـەک بـن دەبـێ زمـانی کـوردی بـزانن. ئەمـەش زۆر باشـترە لـەوەی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی کوردنشین بدرێتە دەستی فەرمانبەرانی کورد.

لیژنەکە ناچارە بەمە قایل بێت. چونکە ئەم بڕیـارە ئـارەزووی ئـەوە دەردەبـڕێ کـە پەیوەنـدیی نێـوان دانیشتوانی کورد و بەڕێوەبەرایەتی ئاسان بکاتەوە. بوار بۆ فەرمانبەرە کوردەکان لە ناوچە نـاکوردی‌یـەکانی وڵاتدا دەڕەخسێنێ.

لەلایەکی دیکەشەوە هەرگیز ناکرێ لیژنەکە ئەم بیرۆکەیە بە باشتر بزانێ. بێ ئەوەی ئاوڕ لە مەبەسـتی بداتەوە. ئەگەر ببێتە مایەی دامالێنی کوردان لەو فەرمانبەرانەی خەمی خواستە رەواکانیان دەخۆن.

دەوڵەتی ئینتیداب کراو لە رووی دیکەوە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو ستەمکاری و توندوتیژییـەی روبەڕووی خاوەن عەرزوحاڵەکان کراونەتەوە. یـان ئـەو کەسـانەی لافـی ئـەوە لـێ دەدەن کـە داکـۆکی لـە ناوچەکانیان دەکـەن یـان خـەیاڵین. یـان هۆکـەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ رەفتـاری تەعـەدا لێکـراوە ئینتیـداب کراوەکان.

ئەم ژمارە زۆرەی عەرزوحاڵ کە لەلایەن بەشێکی زۆری خەڵکەوە بەرز کراونەتەوە کە مەحاڵە بتوانرێ لە ڕێوشوێنیان بکۆڵرێتەوە، ئەو ڕوون کردنەوە دوور و درێژ و قەناعەت هێنەرانەی دەوڵەتی ئینتیداب کراو دەری بڕیون. لیژنەکە دەخەنە ژمێریاری هەڵوێستێکی سەختەوە. هەرگیز هەستم بە قوڵیی لاوازی لیژنەی ئینتیداب لە ڕەوتیدا لەناو کێشەی عەرزوحاڵەکاندا نەکردوە، پتر لەم گیرۆدەییەی لە نێوان ئەم مەبەستە جیاوازانەی لێدوان و ڕەتکردنەوە و ڕوون کردنەوەکاندا. ئەگەر بواری ئیمکانیەتی بەکارهێنانی پێداویستییەکان لە لێکۆڵینەوەدا نەڕەخسێنرێ، ئەوا لیژنەکە ناچار دەبێ بە لێدوانی ئەو دەوڵەتە ئینتیداب کراوانە قایل بێت کە سەرنجیان بۆ لای کێشەکە ڕاکێشاوین. لەم حاڵەتەدا دەتوانین بەبێ بوونی کەمترین دوودڵی ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین. لەبەرئەوەی سکالای خاوەن عەرزوحاڵەکان بە وردی لێیان کۆڵراوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو سکالایانە پەیوەندییان بە عیراقەوە هەیە پتر لە پەیوەندییان بە حکومەتی بریتانیای مەزنەوە، ئەو سکالایانە لەلایەن دەسەلاتێکی بەرپرس لەو خراپ بەکارهێنانی خاوەن عەرزوحاڵەکان باسیان لێوە دەکرد، لێکۆڵراوەتەوە بەوردی و پێدەچێ ئەو دەسەلاتە بەدەست وەربانی لەکاروبارە ئیدارییەکاندا ئەو خراپ بەکارهێنانەی کەم کردۆتەوە.

ئایا پێویستە لیژنەی پیاچوونەوەی سکالای خاوەن عەرزوحاڵەکان، سکالاکانیان بەتەواوی پووچەڵ بکاتەوە؟ و ڕایبگەیەنێ کە بە تەواوی قەناعەتی بە دەوڵەتە ئینتیداب کراوەکە هێناوە؟! پێم وایە نەخێر... سەرەڕای ئەوەی ئەم عەرزوحاڵە زۆرانە جێی ڕەخنەن بەڕاستی بەهۆی نەزانینی نرخ و پایەی خاوەنەکانیانەوە، لەلایەکەوە و نەزانینی ناوەڕۆکی باوەڕ پێ نەکراویان لە پلەی دووەمدا بەڵام ناکرێ چاوێرێکی بێ لایەن لەو بیرۆکەیە خۆی بپارێزێ، بەڵکو دەبێ بڵێ: کێشەی کورد لە عیراقدا کێشەیەکی ڕاستەقینەیە، ئەگەرچی تورەیی کوردان زۆر یان کەم جێگیر بو بێ، یان پتر لەوەش بڵاوبوبێتەوە، وەکو خاوەن عەرزوحاڵەکان باسی دەکەن، پێدەچێ ئەو تورەییە هەبو بێ و دەوڵەتی ئینتیداب کراویش ئەوەی ڕەت نەکردۆتەوە.

ئەگەر ئەم تورەییە لەم هەمو ماوەیەدا بە بەردەوامی هەست پێکراو بو بێ کە حکومەتی بریتانیا، وێڕای لێهاتویی، دەسەلاتی ڕاستەقینەشی لە ڕێگای دابەروەرییەوە بەکارهێناوە، ئەوا ناترسی لەوەی ئەم جۆرە تورەییە هەمو لایەک بگرێتەوە ئەگەر حکومەت سەر پشک بکرێ بۆ بەڕێوەبردنی خۆی و، دوچاری ئەوەش دەبێ کە وروژاندنی ئەم تورەییە، دەشێ هەمو کاتێک ڕوبدات و ببێتە مایەی بڵاوبونەوەی گیانی دوژمنایەتی نیشتمانی لە نێو هاولاتیانی عەرەبدا.

ئەگەر هاوکارانم هاوبۆچونم بن لەوەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەو بەڵگەنامانەی سەرەوەدا پێی گەیشتوە- کە بە کورتی لێیان دوام- دەتوانن ئەم ڕاستیە تۆمار بکەن کە ئەم بڕیارە هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی بدرێتە ئەنجومەن.

لیژنەی ئینتیداب پاش پشکنینی ئەو عەرزوحاڵە زۆرانەی لەلایەن چەندین گروپ و کەسایەتی کوردی عیراقەوە بەرزکراونەتەوە، لەگەڵ ئەو تێبینییانەدا کە دەوڵەتی ئینتیداب کراو تۆماری کردون، شەرەفمەندە بەوەی ئەنجومەن بەم خاڵانە ڕابسپێرێ:

1. سوپاسی دەوڵەتی ئینتیداب کراو بکات، بۆ ئەو بایەخ و وردەکاریەی نواندویەتی لە لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی ئەو تێبینییانەی لەو عەرزوحاڵە زۆرانەوە هەڵێنجراون.

2. داوا لە دەوڵەتە ئینتیداب کراوەکە بکات کە پێداگری لەسەر ئەوەی دەبێ حکومەتی عیراق لە مامەڵە کردنی لەگەڵ هاولاتیانی کورددا، پابەند بێ بە گیانی ئەو پەری سنگ فراوانی بەرانبەر بە کەمایەتییەک کە شایانی ڕێزە، دڵسۆزیی بۆ حکومەتەکەی بەو ڕێژەیە گەشە دەسێنێ تا لە هەمو هێڵێکی ئەوتۆ ڕزگار بکرێ کە خیانەت لەو مافە بناغەییانەی بکات کە دەوڵەتی ئینتیداب کراو و کۆمەڵەی نەتەوەکان دانیان پێدا ناون.

3. خاوەن عەرزوحاڵەکان ئاگادار بکرێنەوە کە کۆمەڵەی نەتەوەکان هەمیشە کار دەکات بۆ ئەوەی ڕێـز لە مافەکانیان بگرێت. ئەمەش بەسۆز و ئارەزوویەکی زیاترەوە دەکرێ ئەگەر لیژنەکە پێی وابـو کوردەکـان بـە ئەوپەڕی دڵسۆزیەوە کار بۆ دابین کردنی ئاسایش و سەرکەوتنی دەوڵەتی عیراق بکەن.

4. بایەخی تەواو بداتە ئەو دوولێیەی دەستی بەسەر دانیشتوانی کوردا کێشـاوە. چونکـە لـە ئـاڵۆزی ئەو چارەنوسەوە هەڵقوڵاوە کە لە سایەی پارێزگاری کردنیان لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە بە هێزی مەعنەویی خۆی چاوەڕوانیانە. پتر لە دە ساڵ سوودیان لێ وەرگرت و ئێستاش دەبێ بکشێتەوە.

(*کاک عەبدوڵڵا قەرەداغی لە عەرەبییەوە وەری گێڕاون).

5. 5. بەڵگەکانی: کورد و کۆمەڵەی گەلان

5. 5. 1. صورەتی تەلغرافەکان:

لە خوارەوە صورەتی ئەو تەلغرافانەیە کە لە تەرەف ئەشراف. ڕوئەسای عەشـایەر و سـائیری تەبەقـەی ئەهالی سلێمانیەوە بۆ مەراجیعی عالیە لێ دراون:

جینوە: ڕەئیسی عیصبەتول ئومەم

لە موعاهەدەی تازەی بەینی حکومەتی ئینگلتەرە و عیراق بحثـی حقـوقی کوردەکـان نەکـراوە. بەنەظەر ئەم موعاهەدەیەوە ئینتیداب مەرفوعە تکا ئەکەین حمایەمان بکەن. مەتالیبی میلیەمان کە عیبارەتە لە مختاریەتێک ئیسترحام ئەکەین بۆمان تەئمین بفەرمون.

عمومی ئەشراف و ئەهالی سلێمانی. (ژیان. ژ 253. 24 ی 7 ی 1930)

لەندەن: وەزارەتی موستەعمەرات

موعاهەدەی تازەی حکومەتی فەخیمەی ئینگلـتەرە و عیـراق ئیعتـراف بە حقـوقی پەخشـکراوی کـورد ناکات لەم خصوصەوە بە مضبطە مەتالیبی میلیەمان لە میان و بۆ تەطبیقی ڕجامـان لە مەنـدوبی سـامی عیـراق کردوە تکا ئەکەین حمایەمان بکەن ئەو حقوقە پێمان بەخشراوە بۆمـان تەئکیـد بکەیـن و مەتـالیبی میلیەمـان تەضمین بفەرمون.

حمه آغا عبدالرحمن آغا. حفید زاده عبدالقادر. عزمی بابان. توفیق قزاز. عبدالرحمن احمـد پاشـا. فـایق بابان. شفیق بگ رشید پاشا. حمدی بگ رشید پاشا.

(ژیان. ژ 253. 24 ی 7 ی 1930)

<u>جوابدار</u> <u>30 تموز 930</u>

تەلغراف: بۆ ڕەئیسی عیصبەتول ئومەم لە جنێوە
وەزیری موستەعمەرات لە لەندەن
ڕەئیسەل وزەرای عیراق
بە پۆستە صورەتێ بۆ مەندوبی سامی عیراق
بۆ بەغداد تایمس

لە موعاهەدەی تازەی عیراق و ئینگلتەرەدا حقوقی کورد ئیعترافی پێ نەکـراوە. بەپێـی ئەم موعـاهەدەیە ئینتیداب نهایەتی هاتوە. مەتالیبی کـورد عیبـارەتە لە موختـارییەتی ئیـدارە. لوطفا حمایەمـان بـکەن. عمـومی عەشائیری لیوای سلێمانی. 8 تەموزی 930. (ژیان. ژ 253. 24 ی 7 ی 1930)

بەغداد: فەخامەتی ڕەئیسەل وزەرای عیراق

لە موعاهەدەی تازەی عیراق و ئینگلتەرادا کە لە جەریدە چاومان پێ کەوت، حقوقی پەخشکراوی کورد تەئید ناکاتەوە، لەم ڕووەوە میلەتی کورد جدا موتاثیرە ڕجا ئەکەین حقوقی پەخشکراومان لەم موعاهەدەیەدا ئیدخال و تەصریح بفەرموون.

ئیمضا: عمومی ئەعیان، ئەشراف و سائیری ئەهالی سلێمانی. 16 تەموز 930

(ژیان، ژ 253، 24 ی 7 ی 1930)

بەغداد: ریاسەتی وەزاراء

مەتالیبی کوردان موافیقی قەراری عیصبەتول ئومەم و مادە 109 و 110 ی قانونی ئەساسی عیبارەتە لە موختاریەتی ئیدارە، ئیعلان و ئیعطا و تەطبیقی تکا ئەکەین.

ڕوئەسای پشدەر، ڕوئەسای جاف، ڕوئەسای هەورامان. (ژیان، ژ 253، 24 ی 7 ی 1930)

بەغداد فەخامەتی مەندوبی سامی

صورەتی: تەلغرافیەن بۆ بەغداد تایمس

مەتالیبمان موختاریەتێکی ئیداری، ئەمە تەوافوقی قەراری عیصبەتول ئومەم ئەکا بۆ ئیعلان و تەتبیقی ئەم خسوسە موتەعەدید دەفعە موراجەعەتمان بە حکومەتی عیراق کرد هێشتا جوابێکی شافیمان وەرنەگرتوە بەصیفەتی ئەوە کە فەخامەتتان لێرەدا عیصبەتول ئومەم تەمسیل ئەکەن پێویستە موتالەباتمان جێبەجێ بفەرموون.

8 ی 7 ی 1930 عمومی ئەشرافی سلێمانی. بەگزادە و ڕوئەسای جاف. هەمو بەگزادەی هەورامی. هەمو ڕوئەسای پشدەر. هەمو ڕوئەسای هەمەوەند.

(ژیان، ژ 254، 28 ی 7 ی 1930)

بغداد فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق

ڕەئیسەل وزەرای عیراق

بۆ بەغداد تایمس

بۆ العالم العربی

عمومی عەشائیری پشدەر لەگەڵ هەمو کوردان دا موتەفیقەن تەلەبی موختاریەتی ئیدارە و ئینجازی قەراری عیصبەتول ئومەم ئەکەین. هەمو عەشائیری پشدەرو جاف. 20 ی 7 ی 1930. (ژیان، ژ 254، 28 ی 7 ی 1930)

بەغداد فەخامەتی موعتەمیدی سامی عیراق

صورەتی بۆ فەخامەتی ڕەئیسەل وزەرا

بە پێی قەراری عیصبەتول ئومەم لەم موعاهەدەیەدا تەئمینی ڕەغائیبی میللەتەکەم ئەکەم. ئیستیرحام و تەئیدی مەتالیبیان ئەکەم. 18 ی 7 ی 1930. ئەحمەد، تۆفیق بەگ زادە. (ژیان، ژ 254، 28 ی 7 ی 1930)

بەغداد فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق

رەئیسەل وزەرای عیراق

صورەتی بەغداد تایمس

العالم العربی

العراق

البلاد

ئێمە ژنانی کورد، بە هەمو مەوجودیەتمانەوە تەلەبی حقوقی مەشروعەی کوردستان ئەکەین کە عیصبەتول ئومەم پێی بەخشیوین و ئیعتیرافی لەسەر کراوە ئیستیرحام ئەکەین حیمایەمان بفەرمون. 24 ی 7 ی 1930. حەلاوە رەمزی ئەفەندی. ئامینە غەفور ئاغا. حەفصە ئەقیب. ئاهیە صاڵح ئەفەندی. حەفصە قادر ئاغا. (ژیان، ژ 254، 28 ی تەموزی 1930)

بە پۆستە:

بۆ سکرتێری عیصبەتول ئومەم لە جنێوە

وەزیری موستەعمەرات لە لەندەن

صورەتێکی بۆ غەزەتەی نیەرئیست

بۆ فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق

رەئیسەل وزەرای عیراق

غەزەتەی بەغداد تایمس

لەو ساوە میللەتی کورد لەگەڵ عیراقا ئەژی بۆ ئەوەی برایەتی کورد و عەرەب بە جدیەت ئەبەدی بمێنێتەوە کوردەکان لە هەمو حاڵێک دا طەلەبیان کردوە حقوقی میللیەیان کە عیصبەتول ئومەمیش ئیعتیرافی پێ کردوە بۆیان تەتبیق بکرێ، کەچی ئەم مەقسەدو غایەمان بە هیچ ئەوعێک تەرویج ئەکراوە. ئەمجارەش بە موناسەبەتی موعاهەدەی تازەوە ئاوای ئیدارەیەکی موختارمان کرد لە حکومەتی عەرەب. مەعەلئەسەف بۆمان مەعلوم بو موقابیل بەمە مەئمورینی ئیداریە و ئینزیباتیەی مەناتیقی کوردییە کە ئەکثەریان عەرەبن دەستیان کرد بە تەهدیدات و تەزییقاتی میللەتی کورد بۆ ئاوا ئەکردنی حقوقی مەشروعیان. ئینجا لە حاڵێک دا کە ئینتیدابی حکومەتی ئینگلیز مەوجودە ئەمە رەوشتی مەئمورینی حکومەتی عەرەب بێ لە پاش رەفعی ئینتیداب ئەم ئیدارەی حازرەیە لە ئیدارەی تورک خراپتر ئەبێ بۆمان. ئەم حەرەکەتەی مەئمورینی عەرەبە هیچ کەمتر نیە لە حەرەکەتی تورکەکان کە لە حەق میللەتی کورد ئیجرایان کردوە و ئەیکەن کە بو بە سەبەبی ئەفرەت و جوێ بونەوەیەکی ئەبەدیمان.

لەبەر ئەم ئەسبابە کە عەرز کراوە قەراری قەتعی و نیهائی عمومی کوردانی عیراق ئاواکردنی تەشکیلی حکومەتێکی کوردییە لە ژێر ئەزارەتی عیصبەتول ئومەم دا. ئیستیرحامی معاوەنەت و تەئمینی غایەی مەشروعەمان ئەکەین!

هەمو ئەشرافی سلێمانی. 117

جوابی تەلەغرافی رۆژی 8 ی 7 ی 1930 کە لە سلێمانیەوە نێرراوە بۆ عیصبەتول ئومەم

بۆ عەزمی بەگی بابان و سائیری صاحیب ئیمزایان

بە شەرەفەوە وصولی تەلغرافی رۆژی 8 ی 7 ی 1930 بەیان ئەکەم و ئەمەوێ ئیخبارتان بکەم کە موافیقی ئوصولی موتەخەنەی جەمعیەتی ئەقوام هەمو ئیستیدعایەکی سوکانی مەناتیقی مونتەدەبە لازمە بە ویساتەتی قوەی مونتەدەبەوە بنێرێت بۆ سکرتاریەت. بینائەن عەلەیهی ئیستیدعاکەتان بە پێچراوەیی ئیعادە کرایەوە و بۆ مەعلوماتیش صورەتی مەخطەرەیەک کە طەریق و ئوصوڵی تەقدیمی ئیستیدعا لە مەناتیقی مونتەدەبەوە پیشان ئەدا بۆتان نێررا.

بە خدمەتکاریتان کەسبی شەرەف ئەکەم

21 ی 7 ی 1930 مودیری شوعبەی ئینتیدابات. (ژیان. ژ 254. 28 ی 7 ی 1930)

صورەتێکی تری ئەو تەلەغرافانەی کە درا بو بە عیصبەتول ئومەم

لە غەزەتەی پێشومانا جوابێکی مەجلیسی عالی عیصبەتول ئومەمان ئەشر کرد بو کە بە موناسەبەتی ناردنی تەلغرافی مەتالیبی کوردانەوە بۆ ئەشرافی سلێمانی نوسراوە.

لەسەر ئەوە ئیسانەوە لە تەرەف صاحێب ئیمزاکانەوە صورەتێکی تری تەلەغرافەکان تەنزیم کرایەوە و موافیقی ئیظامنامەی عیصبەتول ئومەم بە واسیتەی فەخامەتی مەندوبی سامی عیراقەوە تەقدیم مەجلیسی عالی عیصبەتول ئومەم کرایەوە. (ژیان. ژ 255. 31 ی 7 ی 1930)

<u>مەزبەتەیەکی تر بۆ تەئیدی تەلەبی حقوقی کوردان</u>

لەم رۆژانەیش دا لە بناری هەورامان لە تەرەف حەزرەتی شێخ عەلائین ئەفەندی ئەقشبەندی

و خزمەکانی و مەشایخ و عولەمای ئەو ناوەوە بۆ تەئیدی تەلەبی حقوقی مەشروعەی کوردان مەزبەتەیەکی تر تەنزیم و تەقدیمی فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق کراوە.

لەبەر ئەوەی لە غەزەتەکەمانا جێگا موساعید ئەبو مومکین ئەبو بە تەواوی ئەصڵی مەضبەطەکە دەرج بکەین. (ژیان. ژ 256. 7 ی 8 ی 1930)

دەفتەرک 9 ی 8 ی 1930

صورەتی بە پۆستە بۆ عیصبەتول ئومەم

بۆ دارەل ئیعتیماد لە بغداد

رەئیسەل وزەرای عەرەب

پارلەمانی ئینگلیز

لیوای سلێمانی

لە وەکیلانی کوردی ئەقزیەی شیمالیەوە

بۆ هەمو کوردان

خەبەردارین. چاوی خۆتان بکەنەوە سەیری ئەترافی خۆتان بکەن وا ئینگلیز لەگەڵ عیراق موعاهەدەیەکی کرد و لەم موعاهەدەیەدا بەحس لە حقوقی کوردان نەکراوە. لەپاش دو ساڵی تر ئینتیدابی ئینگلیز لە عیراقا نامێنێ. حکومەتی عیراق سەربەست و داخڵی عیصبەتول ئومەم دەبێ. ئەوسا کورد لەژێر دەستی عەرەبا زەلیل ئەبێ. لەبەر ئەوە عەیبە ئەگەر ئێمەیش وەکو ئەهلی سلێمانی داوای حقوقی خۆمان نەکەین و ئەو برایانەمان بە پیاو و ژن و منداڵەوە جەهد ئەکەن و بە جارێک هاواریان بردۆتە بەر عیصبەتول ئومەم و دارەل ئیعتیماد و داوای حقوقی کورد ئەکەن. ئەگەر ئێمەش ئیتیحادیان لەگەڵ نەکەین وەکو ئەوان داوای

حقوق نەکەین، حاڵمان خراپ نەبێ و حقوقمان نەفەوتێ ئێمە کە ناومان لەژێرەوە نوسراوە و عەشائیری سندی، گولی، بەرواری، دۆسکی و هەمو ئەقزیەی شیمالی تەوکیلیان کردوین کە بەناوی کوردی...ئەم بەیاننامەیە عەرزی ئەنزاری عالەم بکەین و داوای حقوقی کورد بکەین.فکری ئێمە فکری سلێمانیە و موخالەفەتێک لە بەینا نیە و موافیقی قەراری عیصبەتول نومەم وەکو لیوای سلێمانی تەلەبی تەشکیلی حکومەتێکی موستەقیلەی کوردییە ئەکەین.

شێخ رەقیبی سورچی، شێخ غیاسەدین، شێخ نوری بریفکانی، ئەدیب ئەفەندی رەئیسی بەلەدیەی عەمادیە، حەمە ئاغای براش، شێخ شەهابی زێبار، تەرخان حاجی رەشید بەگی بەرواری. (ژیان، ژ257، 14 ی 8 ی 1930)

5. 5. 2. بە درۆخستنەوەکانی بادینان

بە درۆخستنەوە

شێخ محەممەد ئەفەندی رەقیب (لە مەشایخی سورچی)

وەکو زانیومە مەزبەتەیەکتان بۆ هاتوە خواستەکانی میللەتی کوردی تێ دایە و، لە ناو ئیمزاکانیش دا ئیمزای منی تێ دایە لە کاتێک دا من ئاگام لە شتی وا نیە و ئەو مەزبەتەیەم ئیمزا نەکردوە و ئیمزایشی ناکەم چونکە باوەڕم وایە ئەم کارانە ئەبێتە هۆی پارچە پارچەکردنی نیشتمان لەبەر ئەوە تکا ئەکەم ئەم بە درۆخستنەوەیە لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەکەتان دا بڵاوبکەنەوە بەتایبەتی لەم رۆژانەدا کە پێویستە لەسەر هەر یەکێکمان دەس بە یەکێتی عێراقەوە بگرێ و لەوپێناوەدا ئەبێ لەگەڵ برا عەرەبەکانمان شان بدەین بەشانی یەکەوە. (الشعب، ع 242، 27 ی 8 ی 1930)

بە درۆخستنەوە

رۆژنامەی ژیانی کوردی کە لە سلێمانی دەرئەچێ، لە ژمارەی 257 ی رۆژی 14 ی 8 ی 1930 دا مەزبەتەیەکی بڵاوکردۆتەوە بە هەندێ ئیمزاوە کە دراوەتە پاڵ ئێمە بێ ئاگاداری خۆمان. ئەو ئیمزایانە ساختەن و ئەسڵیان نیە. رەفتاری هەندێ کەس لەم بارەیەوە جێگەی داخ و سەرسوڕمانە. بەڵێ ئێمە کوردبونی خۆمان نینکار ناکەین و شانازی بە نەتەوەی کوردەوە ئەکەین بەڵام شتێکی‌کەمان بەبیردا نەهاتوە جگە لە پاراستنی یەکێتی عێراق کە ئاواتی هەمو پیاوە ژیرەکانی عێراقە. بۆ هەڵماڵینی پەردە لە روی راستیەکان رای ئەگەیەنین کە ئێمە ئەوەمان ئیمزا نەکردوە و ئامادە نین دەستی بێگانە یاریمان پێ بکات.

محەممەد ئال حسێن ئاغا بەرواری، ئال حاجی رەشید بەگ، ئەدیب غیاسەدین نەقشبەندی، سەرۆکی شارەوانی ئامێدی. (الزمان، ژ 245، 2 ی 9 ی 1930)

بەدرۆ خستنەوە

رۆژنامەی ژین مەزبەتەیەکی بڵاوکردۆتەوە ئەو ئیمزایانەی خراوەتە سەری ئەسڵیان نیە و هەندێ کەس لە خۆیانەوە کردویانە.

ئەحمەد ئال حسێن ئاغا، ئال حاجی رەشید بەگ، سەرۆکی شارەوانی ئامێدی.

(الزمان، ژ 246، 3 ی 9 ی 1930)

تەکزیب

لە غەزەتەی ژمارە 257 ی 14 ی 8 ی 1930 دا لەسەر مەزبەتەیەک کە لە زەرفێکدا لە موصڵەوە بەناوی ئیدارەخانەکەمانەوە هات بو دانیر بە مەتالیبی کورد نەشریاتێکمان کرد بو کە ئیمزای چەند رونەسایەکی کوردی تیا بو وەیەکێ لەمانە شێخ رەقیب رەئیسی سورچی بو. ئیستانەوە ئەمجارە وە لە شەخصی خۆیەوە کاغەزێکمان بۆ هات کە موما ئیلەیهی وا بەیانی کردوە کە لەو مەزبەتەیە بێ خەبەرە و قەتعیەن ئیمزای نەکردوە لەبەر ئەوە وا ئێمەیش بۆ تەکزیبی مەزبەتەکەی پێشو ئەم بەیانەمان نەشر کرد. (ژیان، ژ 259، 4 ی 9 ی 1930)

ڕەئیسی عەشیرەتی زێبار

فارس ئاغا ئال محەممەد ئیستینکاری ئەوە ئەکا کە لە ڕۆژنامەی (ژیان-سلێمانی) ژمارەی 257 لە 14 ی 8 ی 1930 دا دەربارەی پشتیوانی سەرۆکەکانی کورد لە موستەعمیرین و بانگدانی تەفرەقە لەنێوان هەردو ڕەگەزی عەرەب و کوردا مەزبەتە بە ناوی ئەوەوە بڵاوکراوەتەوە. ئەو مەزبەتەیە ساختەیە و زێبار کەسێکی لێ نیە ناوی شێخ شەهابی زێباری بێ. (الزمان، ژ 261، 21 ی 9 ی 1930)

بەدرۆخستنەوە

هەولێر. هەرگیز بیرمان لەجیابونەوە نەکردۆتەوە و نامانەوێ ببینە دەسکەلای بێگانەو ئەو مونافیقانەیش ئەزانن "ای منقلب ینقلبون" هەر بژی مەلیک فەیسەڵ مەلیکی عەرەب و کورد! هەربژی یەکێتی عیراق! هەربژین عەرەب و کورد بە برایەتی!

ئەحمەدکەمال. عەبدولجەبار یونس ئاغا. سەعید صوبحی. شێخ مستەفا حەقی. نادر سلێمانی. لەطیف عیززەت. (الجهاد، ژ 235، 16 ی 8 ی 1930)

5. 5. 3. صورەتی ژمارەیەک تەلغرافی دوبارەی سلێمانی و وەڵامیان

بەغداد

فەخامەتی مەندوبی سامی

ڕەئیسەل وزەرا

هەتاکو ئێستا موتەعەدید دەفعە موراجەعاتمان کرد کە لەسەر رەغائیبی میللەتی کورد تەوەسوت بفەرمون لە عیصبەتول ئومەم دا موافیقی موقەرەراتی خۆیان،تەشکیلی حکومەتێکی کوردیان بۆ بکرێ و لەم خسوسەوە بە موفەصەلی مەعروزاتی خۆمان تەقدیمی کرد بو هەتاکو ئێستا جوابێکمان وەرنەگرتۆتەوە وا ئەمجارەیش ئەم ئیستیرحام نامەیەمان تەقدیم کرد رجا ئەکەین تەوەسوتمان بۆ بفەرمون کە ئامالمان بێتە جێ.

1 ی 9 ی 1930. حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا. بابان: عەزمی بەگ. عیززەت عوسمان پاشا. حەفید زادە: شێخ قادر. میرزا تۆفیق قەزاز. عەبدورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا. حەمە صاڵح بەگی حاجی حەمە عەلی بەگ. فایەق بەگی بابان. مەجید ئەفەندی حاجی رەسوڵ ئاغا. ڕەمزی ئەفەندی حاجی فەتاح. شێخ محەممەدی گوڵانی. (ژیان، ژ 259، 4 ی 9 ی 1930)

جواب

سليماني: عزمى بک بابان و رفقائه

اجاب فخامة وكيل معتمد السامي الى برقيتكم في حينه. كنت اؤمل ان جوابه كان كافيا. مع هـنا ارجـو تماشوا على الهدوء والسكينة عندما ياتى الجواب من عصبة الامم. جعفر العسكرى وكيل رئيس الوزراء. (ژيـان، ژ 259، 4 ى 9 ى 1930)

یاداشتی کۆمیتەی ناوەندی نیشتمانی کوردستانی باشور "میزۆپۆتامیا"

بۆ سکرتێری کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم) لە جنێف.

دوا بەدوای ئەو راگەیاندن و ئاگاداریيانەی لەلایەن ئێمەوە (کەوا لە خوارەوە ئیمـزای دەکـەین) کـە بـۆ ئێوەمان رەوانە کردوە. شایانی ئەوەیە کە هەستی کۆمیسیۆن بجوڵێنێ و ئاگاداری بکەینەوە دەربارەی.

ئەو کاتەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کە بریاری دا کوردستانی باشور بە هەرێمی عەرەبی دیجلە و فوراتەوە بلکێنێت لەژێر ئینتیدابی بەریتانی، کوردەکان وایان دەزانـی کـە دەتـوانن لـەژێر ئـەو ئینتیدابـەدا پێش بکەون و پەرە بەخۆیان بدەن و بـەرەو بـارودۆخێکی خۆشـتر هـەنگاو بنـێن. بۆیـە بـە هـیچ جۆرێـک بەرهەڵستی و دژایەتی ئەم کۆمەڵەیان نەکردوە. کەچی بەداخەوە دەبێت ئەوە بڵێـین و پێتـان رابگەیـەنین کـە بریارەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەشێوەیەکی زۆر ناتەواو و لابەلا لەلایەن حکومەتی عیراقەوە جێبەجێ کـراوە. بۆیـە ئەگەر پێتان خۆشە بزانن کە کوردەکان داوایان لە حکومـەتی بـەریتانی و عیراقـی کـردوە کـە ئـەم بریارانـە جێبەجێ بکەن ئەوا پێتان دەڵێین، کە کوردەکان چەندین جار داوایان لە حکومەتی بەریتانی و عیراقـی کـردوە جا چ لە رێگەی تاکە کەسیەوە بێت یان بـە رێگـەی رەسـمی کـە دەبێـت بریارەکـانی جێبـەجێ بکـەن. بـەڵام حکومەتی عیراق تەنانەت رۆژنامەکانی بەغدایشی ئاگادار کردۆتەوە کـە نابێـت بـەهیچ جۆرێـک دەنگوبـاس لەسەر داواکاری کوردەکان بڵاو بکرێتەوە. بۆیە ئێمە جارجارە داواکاریەکانی خۆمان لەسەر لاپـەرەی رۆژنامـە عەرەبییەکان بڵاو کردۆتەوە جا چ لە رێگەی نامەوە بۆ سەرنوسەری رۆژنامەکان یان بە شێوەی تـر. هـەروەها ئەوەشتان پێ رادەگەیەنین کە حکومەتی عیراق هـەمو جارێـک نـەک هـەر گرنگـی بـە داواکاریـەکانمان نـادا و پشت گوێی دەخات بەڵکو بە تاوانیشی دەداتە قەڵەم.

ئێستاش بەشێک لەو داواکاریە گرنگانەی کە لە حکومەتمان داوا کردوە پێشکەشتانی دەکەین:

أ. لەساڵی 1929 دا نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی بەغدا بەرەسمی داوایان کردوە کە دەبێت بەنـدی 3 لە بریارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەسەر کورد جێبەجێ بکرێت.

ب. لە 2 ی 1930 دا زۆر لە نوێنـەرانی کـورد لـە پەرلـەمان بـۆ هـەمان مەبەسـت داواکاریـەکیان بـۆ مەندوبی سامی بەریتانی رەوانە کردوە. هەروەها لە ئازاری هـەمان سـاڵ دا یاداشـتێک دەربـارەی مافـەکانی کورد کە لەلایەن زۆربەی نوێنەرانی کوردەوە بوە پێشکەش بە حکومەتی عیراق کراوە. بەڵام بـە داخـەوە ئـەم یاداشتە بەهەمان شێوە رەت کرایەوە.

ت. نیسان لەساڵی 1930 دا ئەندام پەرلەمانێکی کورد، داوای لە سـەرۆکی وەزیرانـی عیـراق کـردوە کـە برگەیەک لەو پەیمانەی نێوان عیراق و بریتانیا تـەرخان بکرێـت بـۆ مسـۆگەر کردنـی مافـەکانی کـورد، کـەچی سەرۆکی وەزیران زۆر بە لە خۆبایی بونەوە وەرامی داوەتەوە و وتویەتی: من ئیعتیراف بە بریارەکانی کۆمەڵـەی نەتەوەکان ناکەم، بۆیە مومکین نیە کە هیچ شتێک دەربارەی مەسەلەی کورد بخرێتە نێو بەندەکانی ئەو پەیمانە.

بەکورتی ئەو داواکاریانە کە دەربارەی مافی کورد بۆ حکومـەتی عیـراق نێـردراون. هـەموی بەیەکـەوە چەند نوسراوێک دەبێت، کەچی هەمو ئەو یاداشت و داواکارییانە هیچ ئەنجامێکیان بەدەست نەهێناوە.

هەروەها بە گەیشتنی نوری سەعید پاشا بۆ حوکم، گوللەیەکی کوشندە دڵی میللەتی کوردی پێکا و هیواو ئاواتەکانی بە با دا، مافەکانی کورد رویان لە لاوازی کرد. بەڵێ پاش بڵاوبونەوەی دەقی ڕێککەوتننامەکە، گەلی کورد بە تەواوی هەستی بەوە کرد کە مافەکانی پێشێل دەکرێن و داواکاریەکانی پشت گوێ دەخرێن، بەبێ هیچ مەرج و مەرجکاریەکیش بونەتە کاڵای دەستی عەرەب.

بۆیە پاش دڵنیا بون لەو کارەساتە دڵتەزێنە، کوردەکان بە کۆمەڵ هەر لە زاخۆوە تاوەکو خانەقین بە یەک دەست و بە یەک دەنگ داوای مافەکانی خۆیان دەکرد، تێکرا بە یەکەوە نارەزایی خۆیان دەردەبڕی دژی ئەم ڕێکەوتننامەیە کە بە یەکجاری مافەکانی کوردی دەسڕییەوە.

حکومەتی نوری پاشا لە بەرامبەر ئەو خۆپیشاندان و نارەزاییە دەستی کرد بە راگوێزانی فەرمانبەرە کوردەکان، هەرچەندە لەلایەنی یاساوە دەست نیشانی ئەوە کراوە کە دەبێت فەرمانبەرانی ناوچە کوردنشینەکان کورد بن. ئەمەش بێگومان بوە هۆی نارەزایی پیشاندانی میللەتەکەمان.

ئێمە ناتوانین دەست نیشانی ئەنجامە زیانبەخشەکانی ئەم گۆرانکارییانە بکەین، نە دەشتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە لە داهاتودا چی رو دەدات بەرامبەر شاڵاوی میللەتێک کە هەڵساوەتە سەر پێ بۆ بەرگری لە ماف و ئازایەکانی خۆی.

مەندوبی سامی لەم بێزاری و نارەزاییە ئاگادار کراوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانێکی ناوچە کوردنشینەکانی کرد لەگەڵ سەرۆک وەزارەت و هەندێ لە ئەندامانی وەزارەتی نوری پاشا رۆژانی (11.10.9.8 ی 8). ئەوەی لە هەموی سەرسورهێنتر جێگەی مەترسییە لە جیاتی ئەوەی دڵی کوردەکان بدەنەوە و گوێ لە رازو داواکاریەکانیان بگرن، مەندوبی سامی و سەرۆکی حکومەتی عیراق بە هەر جێگەیەکدا تێپەر دەبون بە کوردەکانیان دەگوت کە حکومەتی بریتانیا و عیراق، بە هاوبەشی بریاریان داوە مەسەلەکان لە کورتی ببڕنەوە و داواکاریەکانی کورد فەرامۆش بکەن، چونکە جێبەجێ کردنیان مەحاڵە. بۆیە میللەتەکەمان بەرامبەر ئەو هەڵوێستە بە یەک دەست نارەزایی گەرمی دەربڕی و داوای کرد کە بریارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان بێ قەیدو شەرت جێبەجێ بکرێن. وەڵامی حکومەتیش بۆ ئەم داواکاریانە، بریتیی بو لە دو تێبینی بچوک کە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و مەندوبی سامی لە پەرلەمان خوێنرایەوە:

1. لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی یەک لایەنە، بەپێی بۆچونەکانی خۆیان بۆ بریارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان.

2. هەرەشەیەکی ئاشکرا دژی هەرکەسێ قسە لەسەر مەسەلەی کورد بکا.

سەرەرای هەمو ئەو رەتکردنەوە و هەرەشەیەش، گەلی کوردمان هەر سور بوە لەسەر جێبەجێکردنی تەواوی بریارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ژێر ئینتیدابی راستەوخۆی کۆمەڵەی نەتەوەکان.

زۆر دڵگرانین بەوەی کە لەوەتەی ڕێککەوتن لە نێوان عیراق و بریتانیا مۆرکراوە، زۆر لە گۆرانکاری گەورە لە سیاسەتی بریتانیا روی داوە کە بۆتە هۆی گرنگی پێدانێکی زۆر بە عەرەب، ئەوەش لەسەر حسابی زیان گەیاندن بە میللەتی کورد بوە.

ئێمە داوا لە ئێوە دەکەین کە خەمێکمان لێبخۆن و رەچاوی ئەو بارودۆخەی ئیمرۆی میللەتی کورد بکەن، چونکە ئەگەر ئیمرۆ کە لە ژێر ئینتیدابین، ئاوا مامەڵەمان لەگەڵ بکرێ، ئاخۆ دەبێ دوای کۆتایی هاتنی ئینتیداب، چارەنوسی میللەتی کورد چی لێ بێ؟

هەروەها ئێمەی کورد لەو بروایەداین کە ماف و توانای ئەوەمان هەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەین، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ. بە تەنها ژمارەی کوردەکانی کوردستانی باشور زیاتر لە ملیۆنێک دەبێت. ئەم ژمارەیەش بەسە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک. ئەمە جگە لەوەش ئەم ژمارەیە زیاترە لەو عەرەبە سونیانەی کە ئیمڕۆ دەسەڵاتی حوکمیان گرتۆتە دەست.

ئێمە دەتوانین ئەوەش بسەلمێنین کە کوردەکان ژمارەیان بە شێوەیەکی گشتی زیاترە لە هەمو عەرەبەکان. بە مەرجێک کەمە نەتەوایەتیەکان بە جیا بدرێنە قەڵەم

لەلایەکی تریشەوە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە عەرەبەکان کیانێکی هاوبەشیان نیە. ناتوانن یەکێتیەکی بابەتی دروست بکەن. چونکە عەرەبە شیعەکان ناتوانن لەگەڵ سونیەکان. بەڵکو خۆیان بە نەتەوەیەکی تەواو سەربەخۆ دادەنێن. ئەم دو مەزهەبەی ئیسلام بە شێوەیەکی ئەوتۆ دژ بەیەکن کە تەنانەت ناتوانن بە یەکەوە لەسەر یەک مێز دابنیشن. لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی ژن و ژنخوازیشیان بە یەکەوە نیەو بە گوناهێکی گەورەی دەزانن.

ب. کەچی ئێمە شایانی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆین. چونکە کیانێکی یەکگرتو و بێگەرد دروست دەکەین. لە هەمو لایەنێکەوە. لە روی گیانی. زمان. ئایین. کولتور. داب و نەریت و هەروەها لە روی ئاووهەواشەوە.

ت. نیشتمانی ئێمە بەو هەمو خێرو خێراتەی کە هەیەتی. دەتوانێ ژیانی میللەتی کورد مسۆگەر بکات و هەندێکیش لەو خێرو خێراتە بنێرێتە دەرەوەی وڵات. ئەو خێراتانەش لە دانەوێڵە و نەوت بە رادەیەکی لەبن نەهاتو. دار. کاربۆن. میوەجات بە هەمو جۆرەکانی. مەروماڵات و بەرهەمەکانی وەکو خوری و ماست و پەنیر و پێستەو...هتد.

بە کورتی وڵاتی ئێمە لەلایەن شارەزایان بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی سەر روی زەوی دەژمێردرێ.

پ. بونی ژمارەیەکی زۆر لە روباری گەورە لە وڵاتەکەمان دا وەکو زێی گەورە. خابور. زێی بچوک. دیالە و چەندین روباری تری بچوک و کانیاوی بێ ئەژمار. ئەمانە هەمو بەڵگە نەویستن بۆ ئەوەی ئەگەر وڵاتی ئێمە خزمەت بکرێ دەتوانێ ببێتە سویسرایەکی نوێ یان بەچکە سویسرایەک.

ج. ئێمە شایستەی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆین. چونکە میللەتەکەمان بە تەواوی وشیار بۆتەوە و ئاگاداره لە هێز و چارەنوسی خۆی. هەستی نەتەوەییش بە جۆرێکی ئەوتۆ گەشەی کردوە لەناو میللەتەکەمان دا کە لە پێناوی بون و ئازادی خۆی دا، هەمیشە روبەروی چەندین شەڕی خوێناوی و دڵتەزێن بوە و قوربانی بێ ژمارەی بۆ ئەو مەبەستە داوە. بەجۆرێک کە هەزاران لە رۆڵەکانی خۆی لەبەرچاوی کوژراون. ئەم هەمو فیداکاری و قوربانیەش نەک هەر ورەیان پێ بەر نەداوە بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست و ئەستیان هەمیشە بەرز کردۆتەوە. بە جۆرێک میللەتەکەمان سوێندی خواردوە بۆ سور بون لەسەر بەدیهێنانی سەربەخۆیی خۆی جا بە هەر نرخێک بێ.

رێگەی ئەوەشمان پێ دەدەن بۆ ئەوەی بڵێین. میللەتێک بەم شێوەیە وشیار و هەست بە مافەکانی خۆی بکات. شایانی ئەوەیە بژی و شوێنێکی دیار و لە بەرچاویشی هەبێت لەم جیهانەدا.

ئێمە باوەڕیشمان وایە کە میللەتی ئێمە دەتوانێت پشتی خۆی بە یارمەتی و کۆمەکی کۆمەڵەی نەتەوەکان ببەستێ. هیچ هێزێک ناتوانێت بێ هیوامان بکات لە بەزەیی و دڵپاکی ئەم کۆمەڵە بەرێزە کە بە دایکی ساوایان و پارێزگاری چەوساوەکان و کۆمەکی بێ هێزەکان ناسراوە. لە کۆتایی دا کوردەکان پێشنیاری دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکەن. وە مەبەستیان دروستکردنی دەوڵەتێکە کە لەسەر بناغەیەکی دیموکراسی رەها دابمەزرێ.

دەربارەی ئەو ئینتیدابەی کە دەبێ چاودێری ئەو دەوڵەتە ساوایەی کورد بکات، ئێمە داواکارین کە بۆ سود و قازانجی ئێمە ئەو ئینتیدابە زو پێک بێت. وە دەربارەی ئەو وڵاتەی کە ئینتیداب دەگرێتە ئەستۆی خۆی جا چ بریتانیا بێت یان هەر وڵاتێکی تر بۆ ئێمە جیاوازی نیە، بەڵکو ئێمە رادەگەیەنین کە بە تەواوی ملکەچی بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکانین. بۆیە داواکارین بە زوترین کات دەست نیشانی ئەو دەوڵەتە بکرێت کە ئینتیدابەکە قوبوڵ دەکات.

سلێمانی 31 ی 8 ی 1930

ئیمزا کراوە لە لایەن: محەمەد صالح بەگی مەحەمەد عەلی بەگ. عەزمی بەگی بابان. عەبدوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا. شێخ قادری حەفید. حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا. نەجیب ئەفەندی حاجی ڕەسول ئاغا. شەفیق بەگی ڕەشید پاشا. فایق بەگی بابان. میرزا بەگی قەزاز. شێخ مەحەمەدی گوڵانی. ڕەمزی ئەفەندی حاجی فەتاح. عیزەت بەگی عوسمان پاشا کۆمیتەی ناوەندی نەتەوەیی.

عەریزەیەکی تری نارەزایی بۆ موعتەمیدی سامی بریتانی

لە وەختەی پارلەمان هەڵوەشێنراوەتەوە و. دەقی پەیمانی تازەی ئینگلیزی- عیراقی لە لایەن ئەم وەزارەتەی ئێستاوە بڵاو کراوەتەوە، کوردەکان دیان مافەکانیان لەم پەیمانەدا بە تەواوی پشت گوێ خراوە و بە ئاشکرا ئەبینن دوای بەستن و پەسند کردنی پەیمانی گۆڕین بێ قەید و شەرت ئەکەونە ژێر دەستی عەرەبەوە. لەبەرئەوە کورد لە زاخۆوە تا خانەقین خرۆشاون و. هەمو بەیەک زمان. بە دەم و بە نوسین، داوای مافەکانیان کرد. بەڵام عەرەب وەڵامی ئەم خواستانەی بە قەتڵوعامی سلێمانی دایەوە و بێ پونگانەوە مەترەلۆز و چەکی تریان بەکارهێناوە. تەنانەت سەرۆکی وەزیرانی عەرەب ڕوداوەکەی شوبهاندوە بە ڕوداوی مێژویی کەربەلا. سەرەرای ئەم دەستدرێژیە یش ڕۆشنبیران و ئەشرافەکانی کوردیان لە زیندان توند کردوە و هەندێکیان نەفی کردون. دوای ئەوەی کورد مافەکانی بەم جۆرە غەمناکە پێشێل کراوە، رون بۆتەوە کە کورد ئیتر ناتوانێ لەگەڵ عەرەب بە یەککرتویی بمێنێتەوە. لەبەر ئەوە کورد بڕیاریان داوە بە تەواوی لە عەرەب جیا ببنەوە. حکومەتی بریتانی کە لە سۆنگەی نیازی شەریفانەی مرۆڤایەتیەوە ئینتیدابی بەسەر عیراقەوە قوبوڵ کرد، بێگومان گوێ لە خواستە ڕەواکانی ئێمە ئەگرێ و عەرەب بە ڕەوایی ئەم خواستانەی خوارەوەمان قانع ئەکا:

1. پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لەناو سنورە سروشتیەکەدا لە زاخۆوە تا ئەولای خانەقین ئەگرێتەوە و. چۆڵ کردنی لە داوودەزگای سپایی و مەدەنی عەرەب و تەسلیم کردنی بە حکومەتە کوردیەکە.
2. هێشتنەوەی ناوچەی ناوبراو لە ژێر ئینتیدابی بریتانی دا، وەکو حکومەتێکی کوردی تا کۆمەڵەی گەلان لەم بارەیەوە بڕیار ئەدا.
3. بەربانی دەست بەجێی گیراو و دورخراوەکانی ڕوداوەکەی سلێمانی.
4. گوێزانەوەی هەمو ئەفسەرو فەرمانبەرانی کورد لە ناوچە عەرەبیەکانەوە بۆ ناوچە کوردیەکان.

هیوامان بە پایەبەرزتان هەیە بە بەزەییەوە سەیری خواستەکانمان بکەن و ڕێزی دڵسۆزانەمان قبوڵ بفەرمون. 10 ی تشرینی یەکەمی 1930.*

سەفارەتی بریتانی، ئەنقەرە

16 ی مەرزی 1931

تەلەگرامی ژمارە 108 ی رۆژی 8 ی فیبریوەری لە مەندوبی سامیەوە لە بەغداد بۆ وەزارەتی موستەعمەرات، ئیشارەت ئەدا بە بڕیاری تازەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لەسەر عەریزەی کوردەکان.

ئێستا نامەی ژمارە 148 رۆژی 9 ی مەرزی (1104 ی 31 ی E 93). وەڵامی پەراوێزی وەزارەتی موستەعمەرات بە ئێمە گەیشت بەڵام نە کۆپی عەریزەکەمان لەلایە و نە کۆپی بڕیارەکە. لەبەر ئەوە ئەتوانی وا بکەی کۆپیەکانیمان هەبێ. تکایە. (FO371 ی 15311).

وەزارەتی دەرەوە

لە بەشی رۆژهەڵاتەوە

بۆ چانسەری (راوێژگا)، سەفارەتی بریتانی

ئەستەموڵ

نامەتان No.82 ی 6 ی 31 ی 16 ی مەرز دەربارەی عەریزەی کوردەکان.

وا ئەم کۆپییانەتان بۆئەنێرین:

1. هەردو عەریزەی کوردەکان کە لە تەلەگرامی بەغدا ژمارە 108 ی رۆژی 18 ی فیبریوەری ئیشارەتی پێ درا بو.

2. بڕیارەکەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لەسەر عەریزەکانکە لە 22 ی جەنیوەریدا لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسند کراوە.

عیراق: عەریزەکانی رۆژی 26 ی 7 و 3 ی 8 ی 1930. لەلایەن هەندێ کوردەوە لە عیراق.

عەریزەکان

1. عەریزەی رۆژی 26 ی جولای 1930

بۆ ئەوەی برایەتی عەرەب و کورد بەپتەوی و هەمیشەیی بمێنێ. کورد لە هەمو موناسەبەتێکدا، وە لەوەتەی قوبوڵیان کردوە لەگەڵ عیراق بژین. داوای جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییەکانیان کردوە. کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە دانی پیا نراوە، بەڵام هیچ کاتێ پێیان نەدراوە.

لە پێوەندی لەگەڵ پەیمانە تازەکەدا داوای رژێمێکی ئۆتۆنۆممان لە عەرەب کرد. بەڵام بە داخەوە کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتی و کارگێڕیی ناوچە کوردییەکان کە زۆرایەتییان عەرەبن. دەستیان کرد بە گوشار و ترساندنی کوردەکان کە دەس لە مافە رەواکانیان هەڵبگرن. رەفتاری کاربەدەستانی حکومەتی عەرەبی لە کاتێک دا کە هێشتا لە ژێر ئینتیداب دان ئاوایە. جا ئەگەر ئینتیداب کۆتایی هات ئەبێ چۆن بێ؟ رەفتاری کاربەدەستانی عەرەب بە هیچ جۆرێ باشتر نیە لەو کارانەی تورک دژی کورد کردویانە، لە رابردو و لە ئێستادا کە بو بە هۆی دوژمنایەتی و جیابونەوەی هەتاهەتایی کورد لەوان.

لەسەر بنچینەی ئەو راستییانەی باسکران. دوا بڕیاری ئاشکرای کورد ئەوەیە داوای دروستکردنی حکومەتێکی کوردی ئەکا لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان دا.

تکای یارمەتی و جێبەجێکردنی ئامانجە رەواکانمان ئەکەین.

عەزمی بەگ بابان. حەمە ئاغا ئەوڕەحمان ئاغا. شێخ قادر حەفید. عیزەت بەگ عوسمان پاشا. حەمە ساڵح بەگ. فایەق بەگ بابان. عەبدوڕەحمان ئاغا ئەحمەد پاشا. مەجید ئەفەندی حاجی ڕەسوڵ ئاغا. رەمزی ئەفەندی. میرزا تۆفیق قەزاز.

2. عەریزەی 3 ی ئۆگۆستی 1930

ئێمە شەرەفی ئەوەمان هەیە پایەبەرزتان ئاگادار بکەین چەندین عەریزە لەلایەن کوردەوە دراوە بە کۆمەڵەی نەتەوەکان، بە پۆست و تەلەگراف. لە وەڵامدا دوێنێ نامەیەکمان پێ گەیشتوە لە بەڕێوەبەری بەشی

ئینتیدابەوە ئەڵێ، بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان دایان ناوە. هەمو ئەو عەریزانەی دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەستی ئینتیداب ئەیدەن. ئەبێ لە ڕێگەی هێزی ئینتیدابەوە بخرێنە بەردەم سکرتاریەت. لەبەر ئەوە تکامان وایە کۆپییەکی تازەی عەریزەکان کە پێشتر ڕاستەوخۆ درا بون بە سکرتاریەت. بە ڕێگای خۆتان بنێرن بۆ ناونیشانەکان.

عەزمی بەگ بابان. حەمە ئاغا ئەورەحمان ئاغا. شێخ قادر حەفید. حەمە ساڵح بەگ. عیززەت بەگ عوسمان پاشا. تۆفیق قەزاز. عەبدوڕەحمان ئاغا ئەحمەد پاشا. مەجید ئەفەندی حاجی ڕەسوڵ ئاغا. ڕەمزی ئەفەندی. فایەق بەگ بابان. (FO371 ی 15311).

پێشنوسی بڕیار

لەبەر ئەوەی هیچ بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان نیە ببێتە بەهانەی داوای عەریزەدەرەکان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان.

وەلەبەر ئەوەی ئەو داوایە هیچ بناغەیەکی نیە لە پەیمانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، ئەوەیش تەنیا بە لێکدانەوەیەکی تەواو جەوتی ئەو بڕیارەی کە ئەنجومەن لە 16 ی دیسەمبەری 1925 دا داویتی، ئەو کاتەی ناوچەی ژیانی عەریزەدەرەکان خراوەتە سەر عیراق.

لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارانە دراون بۆ ڕەفتار کردنی تایبەتی لەگەڵ کورد، ئەو ڕەفتارەی، بەپێی دوایین ئاگاداری کە لەبەر دەستی دەسەڵاتی ئینتداب دایە، بە تەواوی دابین نەکراوە و، بۆ گەرەنتی دیاریکراوی بەڕێوبەرایەتی ناوچەیی، کە پێ ئەچێ هێشتا دانەمەزرێنرا بێ:

لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب بڕیاریدا ئەنجومەن ڕابسپێرێ:

1. بۆ ڕەفزکردنی عەریزەی ئەشرافەکانی کورد کە داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی ئەکەن لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان دا.

2. داوا بکرێ لە هێزی ئینتیداب بزانێ ئەو ڕێوشوێنە تەشریعی و ئیدارییانەی دانراون. بە باشی خراونەتە کارو بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کراون. بۆ ئەوەی ئەو هەڵوێستەی بە کوردەکان ڕەوا بینراوە دابین بکا.

3. هەڵسەنگاندنی دابینکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ کورد بۆ ئەوەی گەرەنتی مانەوەی ئەو هەڵوێستە بکا، دوای ئەوەی کە عیراق لەژێر ویصایەتی بەریتانیای گەورەدا دەرچو (FO371 ی 1531).

5. 5. 4. نامەکانی تۆفیق وەهبی بۆ کۆمەڵەی گەلان.

بەیروت

19 ی 4 ی 1931

پایەبەرز

سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە

وەزارەتی دەرەوە

داونینگ ستریت، لەندەن

بە پێی ئەو ڕێوشوێنانەی کەدانراون بۆ پێشکەش کردنی عەریزە بە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە لایەن دانیشتوانی ناوچەی مانداتەوە، ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە ئەم دۆکۆمێنتانە بخەمە بەردەمتان، بۆ ئاگاداریتان و، بۆ ناردنی بۆ سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی مانداتـ بۆ سەیرکردنی لە کۆبونەوەی مانگی 6 دا.

هەروەکو لە دۆکۆمێنتەکانی لە پاشکۆ خراوی دا ئەبینن. من نوێنەری دەسەڵات پێ دراوی گەلی کـوردم لە خواروی کوردستان دا کە ئێستە بەشێکە لە عیراق و پێکهاتوە لە زیاتر لە 800.000 کەس.

کۆپیەکی ئەم دۆکۆمێنتانە، لەلایەن منەوە، راستەوخۆ نێردراوە بۆ سەرۆکی لیژنەی هەمیشـەیی مانـدات وبۆ پایەبەرز مەندوبی سامی عیراق.

تۆفیق وەهبی

لیۆتنانت کۆلۆنێل موتەصەریفی پێشوی سلێمانی

نوێنەری دەسەڵاتداری گەلی کورد لە عیراق دا

ناونیشانی هەمیشەیی:

تۆفیق وەهبی بەگ

مەحەللەی سنەک بەغداد. (FO371 ی 15311)

لیستەی ئەو دۆکۆمێنتانەی خراوەتە بەردەم سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروبـاری دەرەوەی خـاوەن شکۆ، وەکو دەسەڵاتی ماندات بەسەر عیراقەوە، بۆ ناردنی بۆ لقی جنێڤی لیژنەی هەمیشـەیی مانـداتی کۆمەڵەی گەلان:

1. نامەی رۆژی 19 ی 4 ی 1931 بۆ سکرتێری گشتی، کۆمەڵەی گەلان.
2. نامەی رۆژی 19 ی 4 ی 1931 بۆ سەرۆکی لیژنەیماندات.
3. کۆپی نامە بۆ پایەبەرز مەندوبی سامی لە عیراق.
4. دەسەڵاتدان بە لیۆتنانت کۆلۆنێل تۆفیق وەهبی بەگ بۆ نوێنەرایەتی گەلی کورد.
5. عەریزەی گەلی کورد لە کوردستانی خواروا بۆ کۆمەڵەی گەلان لەگەڵ چەند پاشکۆیەک.
6. پوچکردنەوە و رەخنە گرتن لە درکاندنەکانی مێجەر یۆنگ لە جنێف.
7. نامەی پشتیوانیی لە کۆمیتەی خۆیبونەوە. (FO371 ی 15311).

بەیروت

19 ی 4 ی 1931

بۆ سکرتێری گشتی، کۆمەڵەی گەلان، جنێف

گەورەم

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە، داوای ئەوەت لێ بکەم لوتف بفەرموی ئەم نامە و دۆکۆمێنتانە بخەیتە بـەردەم پایەبەرز سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب. ئەسڵی دۆکۆمێنتەکان، بـەپێی رێوشـوێنی گونجـاو خراوەتـە بەردەم دەسەڵاتی ئینتیداب لەگەڵ داوای ناردنی بۆ کۆمەڵەی گەلان لە کەناڵی گونجاوەوە.

تۆفیق وەهبی

لیۆتنانت کۆلۆنێل موتەصەریفی پێشوی سلێمانی

نوێنەری دەسەڵاتداری گەلی کورد لە عیراق دا

ناونیشانی هەمیشەیی:

تۆفیق وەهبی بەگ

مەحەللەی سنەک بەغداد. (FO371 ی 15311)

داونینگ ستریت

بۆ وەکیلی وەزیری دەرەوە

8 ی مەی 1931

1. نیشانە بە نوسراوی ڕۆژی 1 ی مەی ئەم وەزارەتە. لۆرد پاسفیلد داوای لێ کردم بۆ ئاگاداری بەڕێز وەزیر هەندەرسەن، کۆپی ئەو نامەیەی تۆفیق وەهبی بۆ بنێرم، کە بە ناونیشانی سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی نوسیوە بۆ ئەوەی عەریزەیەک کە لەلایەن ئەوەوە نوسراوە بۆ سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لە بابەت کوردەوە لە عیراق، بخرێتە بەردەمی.

2. کۆپیەکی تەلەگرامێ بە ناونیشانی مەندوبی سامی لە بەغداد لە وەڵامی تەلەگرامی ژ201 ی ر. 30 ی ئەپریل، کە کۆپی نامەی نیشانە پێ دراوی لەگەڵە. (FO371 ی 15311).

بەیروت

19ی ئەپریلی 1931

بۆ سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب،

کۆمەڵەی گەلان جنێڤ

پایەبەرز

نیشانە بە ڕاپۆرتی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلان

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە، کۆپیەکی تێبینیەکانی خۆم بخەمە بەردەمتان دەربارەی دركاندنەكانی مێجەر یۆنگ، نوێنەری دەسەڵات پێ دراوی هێزی مانداتە لە 19هەمین کۆبونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لە جنێڤ لە نۆڤەمبەری 1930دا.

ئەسڵی دۆکۆمێنتەکان، بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە دانراوە، خراوەتە بەردەم سکرتێری دەوڵەتی کاروباری دەرەوەی خاوەن شکۆ لە لەندەن لەگەڵ کۆپیەک بۆ پایەبەرز مەندوبی سامی لە عیراق بەغداد. بۆ ئاگاداری پایەبەرزتان کۆپیەکی ئەو داوەرنامەیەتان بۆ ئەنێرم کە دەسەڵاتیان بە من داوە نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد بکەم کە بەرەوژوری 000,800 کەسە.

متمانەم بە پایەبەرزتان هەیە تێبینییەکانی من ئەخەنە بەردەم کۆبونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب کە ئەبێ لە جونی ئەمساڵدا ببەسترێ. ئەتەوەکەم، کە من شەرەفی نوێنەرایەتییانم هەیە، داوایان لێ کردوم کە ئاگادارتان بکەم چەند بەڕێزەوە ئەو هاودەردیە هەڵئەسەنگێنن کە ئەندامە جیاوازەکانی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب بەرامبەر گەلە چەوساوەکەم پیشانیان داوە.

ئەگەر کۆمەڵەی گەلان داوای ئامادەبونی من خۆم یان دەستەیەکی نوێنەرایەتی لە هەر کۆبونەوەیەکی دواتری کۆمەڵەی گەلان دا کرد، من ئامادەم بۆ هاتن و وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکی هەیان بێ.

تۆفیق وەهبی

لیۆتێنانت کۆلۆنێل موتەصەریفی پێشوی سلێمانی

نوێنەری دەسەڵاتداری گەلی کورد لە عیراق دا

ناونیشانی هەمیشەیی:

تۆفیق وەهبی بەگ

مەحەللەی سنەک بەغداد (FO371 ی 15311).

بەیروت

19ی ئەپریلی 1931

پایەبەرز مەندوبی سامی لە عیراق، بەغداد

پایەبەرز

نیشانە بە راپۆرتی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلان

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بۆ ئاگاداریتان کۆپی ئـەم دۆکۆمێنتـە پێچراوانـەتان بخەمـە بـەردەم. ئەسـڵی دۆکۆمێنتەکانم، بەپێی ئەو رێوشوێنانەی کۆمەڵەی گەلان دای ناون،ناردوە بۆ سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی خاوەن شکۆ، بۆ ئەوەی ئەویش بینێرێ بۆ سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب.

لە رێگەی پایەبەرزتانەوە دڵسۆزی تایبەتی خۆم و ئەوانەی من نوێنەرایەتییان ئەکەم بۆ خـاوەن شـکۆ مەلیک فەیسەڵ دەرئەبڕم و، ئارەزوی خۆم و گەلەکەم بۆ خزمەتی خاوەن شکۆ بە دڵسۆزی و، هیـوای تایبـەتی کە ماف و خواستە رەواکانمان پێ ئەبەخشـرێ و ئـەو بەڵێنانـەی حکومـەتی خـاوەن شـکۆ داویانـە، بـەپێی راسپێرییەکانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە و ئەوانەی کۆمەڵەی گەلان، جێبەجێ ئەکرێ.

تۆفیق وەهبی

لیۆتێنانت کۆلۆنێل موتەصەڕیفی پێشوی سلێمانی

نوێنەری دەسەڵاتداری گەلی کورد لە عێرق دا (FO371) ی (15311)

وەکالەتنامەی گەلی کورد بۆ تۆفیق وەهبی بەگ

ئەمەی خوارەوە تەرجومەی وەکالەتێکە کە لەلایەن گەلی کوردەوە لـە عیـراق، ئیمـزا کـراوە. دەسـەڵاتی داوە بە تۆفیق وەهبی نوێنەرایەتی بکا:

ئێمە، ئەوانەی لە خوارەوە ئیمزامان کردوە، تۆفیق وەهبی بەگ، موتەصەڕیفی پێشوی لیـوای سـلێمانی، لە دایکبوی سلێمانی (ئێستا دانیشتوی بەغداد)مان داناوە، تا نوێنەرایەتی ئێمە و هـەر یـەکێ لـە ئێمـە و، ئـەو کۆمەڵانەی کە ئێمە و هەر یەکێ لە ئێمە نوێنەرایەتی ئەکەن بکا، لە پێوەندی دا هەمو ئەو شـتانەی کـە لـە هـەر بارێکەوە پێوەندی هەبێ یا لە بابەت عەریزەیەکەوە بێ، کە لێرە بە دواوە پێشکەشی کۆمەڵەی گەلانی ئەکا یان هەچ دەسەڵاتدارێکی سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلان بەناوی دانیشتوانی ناو مەملەکـەتی عیراقەوە.

ئێمە بە تایبەتی تۆفیق وەهبی بەگمان داناوە کە وەکیلی ئێمە و، کوردەکانی دانیشتوی عیراق بێ کـە ئێمـە نوێنەرایەتی ئەکەین. بۆ ئەوەی بەناوی ئێمەوە و بە نوێنەرایەتی ئێمە لە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان یـا لـە بەردەم لیژنەی هەمیشەیی ئینتیـدابی ئـەو کۆمەڵەیـەدا، یـان لەبـەردەم هـەر کۆمیتـە و ئەنـدامێک لـە ئەندامـەکانی کۆمەڵەی گەلان یا لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب بۆ رەفتار لەگەڵ عەریزەی باسکراو یـان هـەر مەسـەلەیەکی لێـرەدا باسی هاتوە و، تۆفیق وەهبی دەسەڵاتی هەبێ هـەر کەسـێک یـا کەسـانێکی تـر دابنـێ کـە خـۆی بـە لێوەشـاوە و گونجاوی بزانێ، تا بەناوی ئەو و بەناوی ئێمەوە کاربکات و داخڵی دانوسەندن بێ لەگەڵ وەزارەتی کاروبـاری دەرەوەی بریتانیا لە لەندەن یان لەگەڵ هەر دائیرەیەکی تری کاربەدەست. یا کاربەدەستانی حکومەتی بـەریتانی لـە پێوەندیدا لەگەڵ ئەو شتانەدا کە لە عەریزەی باسکراودا هاتوە، لەگەڵ ئەوان یان لەگەڵ هەر حکومـەت و کەسـێکی تر و لەهەر کوێیەک کە بایەخ بدا بە عەریزەی باسکراو یان بابەتەکانی لێرەدا باس کراون.

بۆ ئێمە خۆمان و بـەناوی ئـەو کۆمەڵانـەوە کـە ئێمـە نوێنەرایـەتییان ئەکـەین. بڕیارمـان داوە تاکیـد و تەصدیقی هەمو بڕیار و بیانویەک بکەین کە لەلایەن تۆفیق وەهبی بەگەوە بەناوی ئێمەوە لەگـەڵ وەزارەتـی

دەرەوەی بەریتانیا یان هەر دانیرمیەکی تری حکومەت و کەس و کەسانێ. وەکو لەسەرەوە وترا، لە پێوەندیدا لەگەڵ ئەم عەریزانە. بیکا، لە ڕۆژی 14 ی 3 ی 1931 نوسرا.

مستەفا شەوقی، ئەفسەری تەقاوید، پێشەوایەکی کوردی سلیمانی، بەڕێوەبەری گۆڤاری پەیژە. فەتحوڵلا ئەسعەد، لە عەشیرەتی ئاکۆی کۆیە، وەرگێڕ لە وەزارەتی عەدل. محەمەد ئەمین، لە عەشیرەتی بارزان، دانیشتوی ڕەواندز. ئیسماعیل ڕەواندزی، لە ئەشرافی ڕەواندز و نەوەی پاشا کوێرە، نائیبی پێشو. سەید حوسەین، سەرنوسەری زاری کرمانجی لە ڕەواندز. ڕەئوف، ئەفسەری تەقاوید و لە ئەشرافی کەرکوک. عوسمان فایەق، لە ئەشرافی سلێمانی قازی زادە. عەزیز عەبدولقادر، لە بنەماڵەی قادر ئەفەندی ئەلکەبیر، لە سەرانی جاف، نائیبی پێشو. صدیق ئەلقادری، مێجەر جەنەراڵی پێشو، خەڵکی سلێمانی لە عەشیرەتی هەمەوەند. عەلی عیرفان، کوڕی عەبدوڵلا عیرفان، خەڵکی سلێمانی، بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ژیان. عەبدولقادر، لە ساداتی سلێمانی حەفید زادە. عەبدولقادر، موهەندیس لە ئەشرافی سلێمانی. تەیب، لە ساداتی بەرزنجە. غالیب، لە ساداتی سۆلە. ئیسماعیل، لە ساداتی قەرەداغ. حیکمەت ئەمین، موهەندیس. شوکری سەگبان، پرۆفیسۆر، دوکتۆر. (FO371 ی 15311).

5. 5. 5. عەریزەی تۆفیق وەهبی بۆ کۆمەڵەی گەلان بە ناوی کوردەوە

گەلی کوردی کوردستانی خوارو، ئێستا دانیشتوی عیراق

بۆ ئەوەی (خۆحوکمکردنی ناوچەیی)یان پێ ببەخشرێ لەژێر سەروەری عیراق دا، بۆ دابینکردنی ئازادی تەواوی:

زمان، پەروەردە، ڕزگاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابوری، ئازادی لە چەوسانەوە و زۆرداری.

هۆیە بنەڕەتیەکانی پێویستیی خۆحوکمکردنی ناوچەیی بۆ کوردەکانی کوردستانی خوارو:

أ. بۆ هەلومەرجی هێمنانە لە عیراق دا.

ب. بۆ هەلومەرجی هێمنانە لەسەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا.

ت. بۆ پێوەندی هێمنانە لە نێوان کورد و دۆست و دراوسێکانی عەرەب، کلدانی و ئاسوری.

پ. بۆ ئاسودەیی و خۆشی دانیشتوانی کوردستانی خوارو.*

1. کورد عەرەب نیە. ئەمە ڕاستیەکی سەلمێنراوە. کورد موسوڵمانن، بەڵام لەگەڵ موسوڵمانانی عەرەب لەوەدا جیاوازن کە "تەعەسوبی دینیی"ان نیە، لە کاتێک دا عەرەبەکانی عیراق بەتایبەتی عەرەبی شیعە وەکو موتەعەسیبترینی ئیسلام ناسراون.

بۆچونی کورد نزیکە لە ئازادی ئەوروپاییەکانەوە.

سەلماندن:

أ. کورد ئازادی تەواو بە ژنەکانیان دەدەن.

ب. ئافرەتی کورد حیجاب دانانێ و ئەتوانێ بە ڕوی کراوەوە لەگەڵ پیاوانی تر تێکەڵاو بێ.

ت. ئافرەتی کورد تەنانەت ئەتوانێ لەگەڵ پیاو هەڵپەڕێ.

پ. لە مەجلیسی تایبەتیدا ئەتوانێ لەلای سەروی پیاوەوە دابنیشێ، نمونە هاوسەرەکەی شێخ قادر.

ج. ئافرەتی کورد کە مێردی لەوێ نەبێ، ئەتوانێ میوانداری پیاو بکا.

2. کوردستانی خوارو، نیشتمانی نەتەوەیی و مێژویی گەلی کوردە.

کوردستانی خوار و هەرگیز تەنانەت لە سەردەمی خەلیفەکانیش دا، وڵاتێکی عەرەبی نەبوە و لەپێشیشدا هەرگیز ژێر دەستەی دەسەڵاتدار و زۆرداری عەرەب نەبوە. کوردستانی خوارو ئەمڕۆ بە کردەوە دانیشتوانی عەرەبی تێدا نیە، تەنها چەند هۆزێکی بچوک نەبێ لە نزیک سنورەکانی هەولێر و کەرکوک.

لە مێژووی خۆیان دا هەرگیز کوردی عیراق لەلایەن عەرەبەوە، داگیر نەکراون.

لکاندنی کوردستانی عیراق نە راستەو نە رەوایە. بەڵام لەبەرئـەوەی ئێسـتا تـازە چـارە نـاکرێ بـەبێ هەڵوەشاندنەوەی عیراقی سەروەر، داوای مافی ئەوە ئەکەن بە ئازادی وەکـو رەگـەزێکی جیـاواز لـە وڵاتەکـەی خۆیان دا بژین. بە دڵسۆزی بۆ عەرشی عیراق.

زمان

کورد ئەمڕۆ بە زمانی کوردی ئەدوێن کە زمانێکی ئارییە. هیچ پێوەندیـەکی لەگـەڵ عـەرەبیدا نیـە کـە زمانێکی سامییە.

لە کاتێک دا لە سوریا، میصر و هەرکوێیـەکی تـر عـەرەب بـە زۆر زمـانی عـەرەبی سـەپاندوە بەسـەر خەڵکدا، لە کوردستان نەیانتوانیوە ئەمە بسەپێنن و نە بەسەر ئاسـوری و کلدانیـەکان دا کـە لـە کوردسـتاندا لەگەڵ کورد بە کلدانی ئەدوێن کە لە ئارامی کۆن کەوتۆتەوە. ئەگەر خۆحوکمکردن بە گەلی کـورد نـەدرێ، بـۆ یەکەم جار لە مێژودا، بە شێنەیی بە دزەکردنێکی هێمنانە یان بـە ڕێگـەی تـر کـورد ناچـار ئـەکرێ زمـانێکی بێگانە وەربگرێ.

سەلماندن: ئەتوانرێ بگوترێ زمانی کوردیی رەسمی تەنیا لە سلێمانیدا قەتیس کراوە. زمانی رەسمی لـە لیوای موسڵدا عەرەبییە، لەو لیوایەدا کە زۆرایەتی دانیشتوانی نەعەرەبن. لە کەرکوک دا، عەرەبی و تـورکی بـەکار ئەهێنرێن. لە هەولێردا، زۆر کەم کوردی بەکار ئەهێنرێ. لە قەزا کوردییـەکانی دیالـە و کـوت دا، زمانەکـە عـەرەبی روتە. سەرنج راکێشراوە بۆ (لائیحەی قانونی لغات)، ئیشارەتی بۆ کراوە لەلایەن مێجەر یۆنگەوە لـە کۆبونـەوەی نۆهەمەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب دا. مەبەستی ئەم قانونە بە ئاشکرا دروستکردنی ئاژاوەی زمانە.

نواندنی کورد لە بەڕێوەبەرایەتیو پارلەمان دا

لە سەردەمی حوکمی تورکدا، کورد ژمارەیەکی بەرچاوی وەزیفە گرنگەکانی. بەتایبەتی لە 3 ولایەتەکەی بەصرا، بەغداد و موسڵدا، بە دەس بو. ئێستا ژمارەیەکی زۆر گەورەی فەرمانبەرانی کوردی سەردەمی حکومی کۆنی تورک کە بە تەواوی لێوەشاوە و کارامەن بۆ ئـەوەی وەزیفـەی گرنگـی حکومـەت وەربگـرن. بـەردەوام داوایان لە حکومەتی عەرەب کردوە، بەڵام هەمو داواکانیان لەژێر پەردەدا ماوەتـەوە. ئەمـەیش لـە تۆمارەکـانی وەزارەتی ناوخۆدا دەرئەکەوێ. سیاسەتی حکومەتی عەرەب ئەوەیە بە شێنەیی کورد لە وەزیفـەی حکومـەت دا نەهێڵێ. ئەو کوردانەی لێوەشاوە و کارامەن وەزیفەی گرنگ وەربگرن، بـە تێپـەڕینی زەمـان ئەفـەوتێن. هـەلی پەروەردەیان نیە. ژیانی فەرمانبەرانی کورد لە خۆیەوە تەواو ئەبێ. ئەوسا ڕێگـە تـەخت ئـەبێ بـۆ حکومـەتی عـەرەب و دوای ماوەیـەکی کـورت یـەک فەرمانبـەری کـورد لـە خزمـەتی حکومـەتی عـەرەب دا نـامێنێ. هـیچ رۆشنبیرێکی کوردیش نـامێنێ چونکـە دەرگـای پـەروەردەیان لـە روودا داخـراوە. ئەمـە ئـەو سیاسـەتەیە کـە حکومەتی عەرەب پێڕەوی ئەکا کە ئەیەوێ رەگەزی کورد لەریشە دەربهێنێ.

لائیحەی قانونی زمان بە نمونە وەربگرە. ئەمە رێ ئەدا کەسانی کوردی زمان (نەک لە رەگەزی کـورد)، لە کوردستان دابمەزرێنرێ. وەکو بەیانیان کردوە گوایە کورد هەن لە ناوچە عەرەبییەکان دا دامـەزراون. ئەمـە موبالەغەیەکی زلە. گریمـان چەنـد فەرمانبـەرێ هـەبون، ئەمانـەیش بـە ئەنقەسـت و لەبـەر هـۆی سیاسـی دور خراونەتەوە بۆ ناوچە عەرەبییەکان.

لە 20 بەڕێوەبەری گشتی کە لە حکومەتی عەرەبیدا دامەزرێنراون، تەنیا یەک دانە کوردیان تیدا نیـە. هیچ کاربەدەستێکی (گەزێتد) کوردی لە دائیرەکانی حکومەتی ناوەندیدا یا لە دائیرەی وەقف دا نیە. جگـە لـە

2 یا 3 کەس. هیچ فەرمانبەرێکی دیپلۆماسی کورد لە دەرەوە نیە. نوێنەری کورد لە پارلەمان دا بە تەواوی نادادپەروەرانە و ناتەواوە. لە 88 نائیب، کورد تەنیا 11 نائیبیان هەیە کە ئەمیش ژمارەیەکی زۆر کەمە لە چاو ژمارەیان دا.

دانیشتوانی کورد

کورد دان بەوەدا نانێن کەمایەتی بن. لایانوایە ئەو ژمارەیەی دانیشتوان کە بڵاوکراونەتەوە، ژمارەی عەرەبی سوننی بەشێک کوردی تێدایە کە لەبەر هۆی سیاسی خراونەتە ناو دانیشتوانی عەرەبەوە. سەرژمێرێکی ڕاست هەمو ئەو کوردانە بگرێتەوە کە لەناو عەرەب دا نیشتەجێن، دەری ئەخەن دانیشتوانی کورد و عەرەب بە کردەوە بەقەدەر یەک ئەبن. بۆ نمونە، زۆرایەتی دانیشتوانی لیوای دیالە و ژمارەیەکی باشی دانیشتوانی لیوای کوت، کوردن و هەمو ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ئەم لیوایانەدا نیشتەجێن بە لیوا کوردییەکانەوە نوساون.

قانون و نیزام

قانون نە لە بەڕێوەبەرایەتی دا و نە لە دادگادا لەلایەن حکومەتی عەرەبەوە لە ناوچە کوردییەکان دا، وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە. لە بەر ئەوەی ڕەوتی دادگا بە کوردی نیە. ئەگەر لایەکیان کورد بێ، کێشەکەی ئەدۆڕێنێ. نمونەی خوارەوە ئەشێ بەس بێ.

لە موتەسەڕیف بۆ خوارێ بۆ مودیر لە لیوای سلێمانیدا، فەرمانبەرەکان لێوەشاوە نین و پەروەردە کراو نین. زۆریان ڕۆشنبیر نین و هەندێکیان بە تەواوی نەخوێندەوارن. لە قەزای پشدەردا تەنیا یەک فەرمانبەری حکومەتی تێدا نیە، دادگا و قوتابخانەی لێ نیە. ئەگەر چی ئەمە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین قەزاکانی وڵات تا ئێستا باجی تێدا کۆنەکراوەتەوە. لەلایەکی ترەوە، حکومەتی عەرەب موچەیەکی زۆر ئەدا بە سەرانی عەشایەر بۆ ڕاگرتنی قانون و نیزام. هەر تاوانکارێ تاوانێک ئەکا ئەتوانێ لەم قەزایەدا پەنا بدۆزێتەوە و سەلامەت بێ. بەڵام ئەمە تەنیا نمونەیەکە لە بەد بەڕێوەبردنی حکومەتی عەرەب.

لە کاتێکدا گەلی کورد وەکو خۆی بە دواکەوتویی ئەمێنێتەوەکەچی دراوسێکانیان پێش ئەکەون. ئەگەر نەتەوەی کورد لەناو مەملەکەتی عیراقدا خۆحوکمکردنیان نەدرێتێ، کورد ئەبن بە نۆکەری ئاغایانی عەرەب.

پەروەردە

لە کوردستانی خواروودا 79 قوتابخانە هەیە. لە 27 یان دا ڕێگە بە زمانی کوردی دراوە. لەوانی تردا عەرەبی ئیجبارییە، جگە لە چەند قوتابخانەیەکی کەم، کە تورکی تێدا ئەوترێتەوە.

لەو 27 قوتابخانەیەی باسکران 16 یان تەنیا 1 پۆلی تێدایە. ئەوانی تری سەرەتایی و ئامادەیین. لە ناوچە کوردییەکاندا قوتابخانەی ناوەندی نیە، جگە لە 2 متەوەسیتە لە سلێمانی و هەولێر، ئەوانیش تەواو نین.

لە سەرانسەری کوردستانی خوارووا 8 قوتابخانەی کچان هەیە، تەنیا لە 1 قوتابخانەیان دا.... دانیشتوانی کوردستانی خوارو بەرەوژوری (800.000) کەسە. بەراوردی بکە لەگەڵ 528 قوتابخانەی ئالبانیا و 432 قوتابخانە لە فەلەستین، لەگەڵ کوردستانی خوارو و ژمارەی زۆری دانیشتوانی و تەنیا 79 قوتابخانە.

بۆ بەراوردی سیاسەتی حکومەتی عەرەب لە بواری پەروەردەدا لە پێوەندیدا لەگەڵ کورد. ئەم نموونەیەی خوارەوە بەسە بۆ نیشاندانی سیاسەتی بە ئەنقەستی حکومەتی عەرەب بۆ لەناوبردنی شێنەیی رەگەزی کورد.
لە دەسکەوتی لیوای بەغداد (38%) ساڵانە تەرخان ئەکرێ بۆ پەروەردەی عەرەب لە لیوای بەغداد. کەچی لە سلێمانی تەنیا (1%) ی داهاتی لیوا تەرخان کراوە بۆ پەروەردە لەو لیوا کوردییەدا.
بۆ پیشاندانی ئەقڵی بچوک و زۆرداارنە تەنانەت لە مەسەلە بچوکەکانیش دا. حکومەتی عەرەب کەلوپەلە کۆن و بێکەڵکەکانی خۆی ئەدا بە قوتابخانە نەعەرەبییەکان و کەلوپەلە نوێکانی بۆ خۆی ئەبا. ئەم کارە منداڵانەیە بەناوی حکومەتێکەوە کە بۆ سەربەخۆیی ئەگری بە بێ... جێگەی پێکەنینە ئەگەر جێگەی داخ نەبێ.
پەروەردە بە گرنگترین بەشی ژیانی نەتەوەیی دانراوە. لەوەی سەرەوەدا بە ئاشکرا دیارە کە تەنیا مەسەلەی کاتە. ئەگەر کورد لە ژێر زاڵێتی عەرەب دا بەجێبهێڵرێ. کاتێ سەربەخۆیی تەواوی خۆیان بە دەس بهێنن. زمان و فەرهەنگی کوردی لەمان ئەکەوێ.

سەلماندن: فایل و دۆکۆمێنتە رەسمییەکان.

بەرنامەی پەروەردە کە لە کوردستان جێبەجێ ئەکرێ هەمان بەرنامەیە کە بۆ قوتابخانەکانی عەرەب دانراوە لە سەرانسەری عیراقدا. ئەمەیش پێچەوانەی راسپێرییەکانی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیدابە و لیژنەی لێکۆڵینەوەی تێلکی پاولسەن. لەوەش زیاتر پێچەوانەی سایکۆلۆجی و کاراکتەری منداڵانی کوردە کە لە رەگەز و کاراکتەردا لەگەڵ منداڵانی عەرەب دا جیاوازن. هەروەها ئەمە بە ئاشکرا پلانێکی رێکخراوی حکومەتی عەرەبە بۆ سەپاندنی نەتەوایەتی عەرەب بەسەر هاوڵاتیانی نەعەرەب دا.
جێگەی سەرنجدان ئەبێ کە تێبینی بکرێ لە سەرانسەری کوردستان دا هیچ کۆلێجێکی راهێنان یا فێرگەیەکی تەکنیکی نیە. لەبەر ئەوە دیمەنی پاشەڕۆژی منداڵانی کورد سەقەت و بە ئەنقەست ئەوەی داهاتو لێوەشاوە نابێ بۆ وەرگرتنی پلەو پایەی رەسمیی و بەڕێوەبەرایەتی. لە ماوەی 10 ساڵی رابردودا حکومەتی عەرەب 120 قوتابی ناردوە بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی لە بابەتی جیاوازدا خوێندن تەواو بکەن. لەمانە تەنیا 2 کەسیان کوردن.

کاری گشتی

لە کاتێک دا ئێمە لە قەرنێک داین هەر نەتەوەیەک بۆ پێشەوە بەرە و شارستانی و گەشەکردن ئەڕوانێ. ئەبینین شارو گوندەکانی کوردستان لە ئەنجامی فەرامۆش کردنی ئەنقەست دا وێران ئەبن. حکومەتی عەرەب تەنیا یەک قوتابخانەی بۆ کچان لە سلێمانی کردۆتەوە ئەویش 2 پۆلە. قوتابییەکانی ئەم دو پۆلە لە یەک ژوردا ئەخوێنن. چونکە ژوری تریان نیە هەر پۆلە لە ژوری خۆیدا بخوێنێ. لەلایەکی ترەوە حکومەتی عەرەب ملیۆنەها روپیەی سەرف کردوە لە دروستکردنی مەخفەری پۆلیس و...هتد. بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی.

ئاودان و کشتوکاڵ

لە سەرانسەری کوردستان دا دائیرەیەکی ئاودانی لێ نیە. کەچی حکومەتی عەرەب لەو لاوە هەرچی لە توانادا بوە کردویەتی بۆ دامەزراندنی دائیرەی ئاودان و کشتوکاڵ لە ناوچە عەرەبییەکان دا. ناو بە ناویش. یارمەتی فەلاحەکانی عەرەبی داوە بە دانی قەرز...هتد. بەڵام جوتیارانی کوردی فەرامۆش کردوە. سەرەرای داوای یەک لەسەر یەک. حکومەتی عەرەب فەرمانبەرانی تەکنیکی لێوەشاوەی دانەمەزراندوە بۆ باشکردنی توتنی کوردی. ئاژەڵدارانی کورد لە هەژاری دان. ئەبێ باجی زۆر بدەن کە لە گەشەپێدانی وڵاتەکەی خۆیان دا خەرج ناکرێتەوە.

تەندروستی

کوردستان بێبەشە لە دامەزراوی تەندروستی. بە پێچەوانەی ناوچە عەرەبییەکانەوە کە باروبۆخی ئەوێ بە تەواوی جیاوازە. بە ئەندازەی تەواو دکتۆر لە کوردستان دا نیە. حکومەتی عەرەب گوێ نادات تەندروستی خەڵک. بەسە بۆ ڕونکردنەوە کە حکومەتی عەرەبی هیچ بایەخێکی نەداوە بۆ بەرگری لە نەخۆشی داوڵە.

من خۆم کاتێ موتەسەڕیفی سلێمانی بوم داوام کرد نەخۆشخانەیەک لە سلێمانی بکەنەوە. وەڵامی وەزیری عەرەب ئەوە بو کە لە بودجەدا پارە نیە. هەر لەم کاتەدا موتەسەڕیفی عەرەبی موسڵ داوای پارەی کرد بۆ دروستکردنی زیندانێکی نوێ. کەچی حکومەت بە بایەخێکی زۆرەوە مەسەلەی دابینکردنی پارەی پێویستی بۆ ئەم مەبەستە وەرگرت.

بەراوردکردنی فەرمانبەرانی گەزێت لە کوردستان، لە پێش لیژنەی تێلکی‌دا و لە ساڵی (1930) دا.

ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە پێش لیژنەی تێلکی‌دا:

دائیرەکانی حکومەت	کورد	نەکورد	هەموی
دارایی و ناوخۆ	43	14	57
داد	10	3	13
دائیرەکانی تر	38	17	55

ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە 1930دا:

دائیرەکانی حکومەت	کورد	نەکورد	هەموی
دارایی و ناوخۆ	44	27	71
داد	9	7	16
دائیرەکانی تر	11	40	51

تێبینی: سەرژمێری سەرەوە لیواکانی دیالە و کوتی تێدا نیە. چونکە هەمو فەرمانبەرەکانیان عەرەبن.

پێوەندیەکانی کوردو کلدۆ – ئاسوری

کورد هاودەردیەکی بەهێزی لەگەڵ کەمایەتیە نەعەرەبەکانی ولایەتی موسڵ هەیە. سەبارەت بە خواستەکانیان بۆ دانان بە بونی نەتەوایەتیان دا و بۆ پاراستنیان لە زاڵێتی عەرەب. فروفێڵی بەردەوامی فەرمانبەرانی عەرەب بۆ وروژاندنی هەستی ناحەزانەی کورد و ئاسوری دژی یەکتری، هەرچەندە حکومەتی ناوەندی ئینکاری ئەکا. بە ڕونی بۆ هەردو گەل دەرکەوتوە. عەریزەدەر لە وەزیفەکەی‌دا وەکو موتەسەڕیفی سلێمانی، لە باشترین هەڵوێست دایە بۆ ئەوەی بەڵگەی هەبێ بۆ ئەمەو دارەتیدەرێکی باش بێ بۆ ورياکردنەوەی کورد لەم پروپاگەندە فێڵبازانەیە.

بە دامەزراندنی خۆحوکمکردنی ناوچەیی، هەر کۆسپێ لەم ڕێیەدا هەبێ تەخت ئەبێ. دۆستایەتی و هاودەردی کە ئێستا لە نێوان کوردو دراوسێ نەعەرەبەکانی‌دا هەیە، قوڵتر ئەبێ.

خواستەکانی ئێمە خواستەکانی ئەوانە، گازاندەکانیشمان گازاندەکانی ئەوانە. هەردوو گەل یەککەوتون لە نارەزوی شێوەی ئەوروپاییو پێشکەوتن دا، یەککەوتن لەگەڵ شارستانێتی رۆژئاوایی و، رقیان لە گەلانی رۆژئاوا نیە.

ئێمە نارازین لەوەی حکومەتی عەرەب رقی لە داهێنان و پێشکەوتنە... عەریزەدەرەکانتان لەگەڵ نوێنەرانی تری گەلی کورد ئامادەن بۆ کۆبونەوە لە جنێف یان هەر جێگایەکی تر لەگەڵ نوێنەرانی کەمایەتیەکانی عیراق، لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی گەلان دا هەر نوقتەیەک رونکردنەوە یان پێکهاتنی هەر دولای بوێ، بە خۆشیەوە باس بکەن و بڕیار بدەن. لە ئەنجام دا ئامادەین لەگەڵ کەمایەتیە نەعەرەبەکانی تردا پێکەوە لە جنێف لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی گەلان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی لە بەغداد و هێزی ئینتیداب کۆببینەوە، بۆ لابەلاکردنی هێمنانەی مەرجەکانی بە دەستهێنانی ماف و ئاواتەکانمان.

تۆفیق وەهبی (FO371 ی 15311).

راسپێرییەکانی

لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب بۆ ئەنجومەن لە 19 هەمین کۆبونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لە جنێف لە نۆڤەمبەری 1930 دا کراوە: راسپێرییەکان

2. داوا لە دەسەڵاتی ئینتیداب بکرێ تا بزانێ ئیجرائاتی تەشریعی و ئیداری دانراوە بۆ دابینکردنی ئەو هەڵوێستەی کوردەکان پێیان رەوا بینراوە، بە باشی خراوەتە کارو بە باشی جێبەجێ کراوە.

عەریزەدەرەکانتان بەرێزەوە رونی ئەکەنەوە تا ئەمڕۆیش، هیچ ڕێوشوێنێ دانەنراوە لەلایەن حکومەتی عەرەبی عیراقەوە بۆ جێبەجێکردنی راسپێرییەکان...هتد. عەریزەدەرەکانتان هەندێ دۆکۆمێنت لەگەڵ ئەمەدا دەخەنە بەردەمتان، پیشانی ئەدەن ژمارەی فەرمانبەرانی کورد ئێستا کەمتر کراوەتەوە لەچاو ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە کاتی هاتنی لیژنەکەی تێلکی پاولسەن دا.

پێوەندییەکانی نێوان نەتەوەی کوردو نەتەوەی کلدی ئاسوری

عەریزەدەرەکانتان بەرێزەوە رونی ئەکەنەوە بۆ لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب کە بەردەوام هەندێ بەیانات کراوە دژی دانی ماف و خواستە رەواکانی کورد، هەمان شت بەرامبەر نەتەوەی کلدی ئاسوری گوایا یەکێ لە هۆیەکانی ئەوەی خۆحوکمکردنی ناوچەییان نادرێتێ. ئەوەیە دژمنایەتیەکی دێرینە لەنێوان ئەم دو گەلەدایە. ئەمە بە تەواوی ناراستە. گەلەکەم و کلدی ئاسوری ئەتوانن بە ئاشتی و تەبایی پێکەوە بژین، بۆ نمونە گوندی بادێ. تەنیا هۆ بۆ ئەوەی هەندێ جار ناخۆشی رو ئەدا لە نێوان جوتیارە نەخوێندەوارەکانی کورد و جوتیارانی ئاسوری دا، سیاسەتی بە ئەنقەستێ حکومەتی عەرەبی عیراقە بۆ دروستکردنی دوژمنایەتی لە نێوان ئەم دو گەلەدا کە خزمایەتی خوێنیان پێکەوە زۆرترە وەک لەگەڵ عەرەبی عیراق. هەردوکمان، گەلەکەی من و کلدی ئاسوری شتی ناوخۆیی زۆریان هەیە، بەڵام گەلەکەم زۆر لەو سیاسەتە تورە ئەبن، کاتێ پشێویەکی بچوک دروست ئەبێ. دەسبەجێ هێزە ئاسوریەکان ئەنێردرێن دژی گەلەکەم. چۆن ئەتوانێ پێوەندی دۆستانە بمێنێ کاتێ حکومەتی عەرەب ئاسوریە چەکدارەکان بەکارئەهێنێ روی تفەنگەکانیان بکەنە سنگی ئێمە و، بە پروپاگەندە و ڕێگەی تریش هەوڵ ئەدا بیری دراوسێ ئاسوریەکانمان ژەهراوی بکا.

تۆفیق وەهبی (FO371 ی 15311).

تەلەگرافی وەزیری موستەعمەرات

بۆ مەندوبی سامی لە عیراق

ژ. 166

تەلەگرافتان ژ. 201

پێشنیارەکانتان ئەسەلمێنم. عەریزەکەی تۆفیق وەھبی گەیشتە ئێرە. ئەسڵەکانیت بـە پۆسـتی ئاسـمانی ئەخرێتە بەرێمم. (FO371 ی 15311)

ڕونکردنەوەیەک بۆ پوچکردنەوەی دركاندنەکانی مێجەر یۆنـگ نوێنـەری دەسـەڵات پێـدراوی ھێـزی ئینتیداب لە عیراق دا

لاپەڕەی 79 ی مەحزەری چاپکراوی 19ھەمین کۆبونەوەی لیژنەی ھەمیشەیی ئینتیداب.

نوێنەری دەسەڵات پێـدراوی ھێـزی ئینتیـداب. دركاندویـەتی لـە پـەرەگرافی 1 دا لـە ژێـر سـەردێڕی "ھەڵوێستی کورد و مەسیحی و کەمایەتیە ئەموسڵمانەکان" دوای ئێباچەیەک کە تیایدا مێجەر یۆنـگ وتویـەتی کە مەسەلەی کورد و ھی مەسیحیەکان لە جەوھەردا یەک گیروگرفتە. ئەڵێ عەریزەی کوردەکان و مەسـیحیەکان پێشکەش کراوە بە کۆمەڵەی گەلان. چونکە لەو پەیمانەدا کە تازە لە نێوان حکومەتی خاوەن شـکۆی بریتانیـا و حکومەتی عیراق دا بەستراوە ھیچ مادەیەکی تایبەتی تێدا نیە نە بۆ پاشەڕۆژی کوردو نە بۆ ھـی کەمایەتیـە ئەموسوڵمانەکان.

لە پەرەگرافی 2 دا مێجەر یۆنگ ئەڵێ لەبەر ئەوەی ئەم ئیشارەتە ئەکراوە ھەندێ کەسـانی نـاو ئـەوان لایان پێویست بوە کە مەسەلەکەیان بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵە.

عەریزەدەرەکان عەریزەکانیان پێشکەش کردوە بە کۆمەڵەی گەلان. نە بە تەنیا لەبەر ئەوەی باسی کورد لە پەیمانەکەدا نەھاتوە. بەڵکو لەبـەر چەوسـاندنەوەی ڕێکخـراو و ئینکـارکردنی مـاف و خواسـتە ڕەواکـانی کورد.

تێبینی:

ھەرچەندە گەل عەریزەدەرە پێشنیار بۆ کۆمەڵەی گەلان بکا لەگەڵ ھەمو ڕیزێک دا بە خۆی‌دا ڕائەپەرمـوێ کە بۆ کۆمەڵەی گەلان کە ڕێوشوێنی گونجاو ئەبوایە لەلایەن ھێـزی ئینتیدابـەوە دابنرایـە بـۆ پاراسـتنی کـوردو کەمایەتیەکانی تر. پێش ئیمزا کردنی پەیمانەکە. نیشانە بە لائیحەی قانونی زمـان. عەریزەدەرەکـە زانیویـەتی کـە حکومەتی عەرەبی عیراق نیازی وایە زانینی زمانی کوردی بکا بە پێوانەیەکی بەس بـۆ دامەزرانـدنی فەرمانبـەران لە ناوچە کوردییەکان دا. بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەوەی لە نەتەوەی کورد بن.

مێجەر یۆنگ زیاتر ئەدرکێنێ کەوا ئێستا باوەڕێکی فراوان بڵاوبۆتەوە کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گـەلان ڕاسپێری کردوە. دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە کوردستانی خواروا دابمەزرێ. ئەو نازانی ئەوانە باسی چی دەکەن. عەریزەدەرەکەتان ڕونی ئەکاتەوە ئەبێ زۆر بە زەحمەت چاوەڕوانی ئەوە بن کورد خەیاڵە تەکنیـەکانی قانونی دەولی تێبگەن. بیری ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی و سەربەخۆیی ئازاد تێکەڵاو ئەکەن. تێکۆشـانیان بـۆ داوای ئۆتۆنۆمی ناوچەیی لەسەر ئەرزی خۆیان لەناو مەملەکەتی عیراق دا. لەسەر بنچینەی ئەو بەڵێنە دیاریکراوانەیە کە لەلایەن حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا و حکومەتی عیراقەوە دراوە. کۆپیەکی لە پاشکۆدایە.

گیرانی کورد لە سلێمانی

نوێنـەری دەسـەڵات پێـدراوی ھێـزی ئینتیـداب مێجـەر یۆنـگ. لای لیژنـەی ھەمیشـەیی ئینتیـداب دركاندویەتی (بڕوانە ل79 ی ڕاپۆرتەکە) کە ئەوە بە تەواوی ناڕاستە کە ھەنـدێ کەسـی کـورد لەسـەر ئـەوە

گیرابن کە عەریزەیان بۆ کۆمەڵەی گەلان ئیمزا کردوە. (مێجەر یۆنگ ئەڵێ: بێگومان ئەمانە بەتەواوی ناراستن) ئەڵێ گیرانەکان لە ئەنجامی پشێویەکی بچوک دا بوە لە کاتی هەڵبژاردن دا لە سلێمانی. تەنیا دو کەس لەوانەی عەریزەی جۆراوجۆریان ئیمزا کردوە، هێشتا لە زینداندان تۆمەتەکانیشیان بەپێی مادەکانی 54؛ 55؛ 85؛ 86؛ 214 ی قانونی سزادانی بەغدادە. هەر قسەیەک لەبارەی ئەوەوە کە کەس لەسەر ئەوە خرابێتە زیندانەوە کە عەریزەی دابێ بە کۆمەڵەی گەلان، بێگومان هیچ و پوچە.

عەریزەدەرەکەتان ئەتوانێ زەن بکا کە مێجەر یۆنگ ئەم شتانەی درکاندوە بە هۆی فەرامۆشکردن و نەبونی شارەزایی تەواو لە کاراکتەری حکومەتی عەرەب و کردەوەکانی. عەریزەدەر ئەتوانێ لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب دڵنیا بکات لەوەی هەر لێکۆڵینەوەیەکی هەر ئەوروپاییەک لەم وڵاتەدا ژیابێ، پشتیوانی لە بۆچونەکەی من ئەکا کە ئەو قسەیە هیچ و پوچ نیە، بەڵکو سابیقەی پێشوی هەیە. نیفادەی ئیمزاکراوی 2 کورد لەوانەی لەم مەسەلەیەدا بون، لە پاشکۆی ئەم نامەیە خراوە.

عەریزەدەرەکەتان پێ لەسەر مەترسی دوبارەبونەوەی ئەم کردەوەیە لەلایەن فەرمانبەرانی حکومەتی عەرەب و پۆلیسەوە، نەک هەر بەرامبەر بەو کوردانەی ئەم عەریزانەیان بە دزیوە داوە. بەڵکو هەروەها زۆر بە توندتر بەرامبەر بەو مەسیحیانەی کە ئەوانیش عەریزەکانی خۆیانیان پێشکەش کردون. مەگەر ڕێنمایی دیاریکراو لەلایەن هێزی ئینتیدابەوە بدرێ بە موتەسەریفەکان، کە ئەوان بە شەخسی بەرپرسن لەهەر سزایەک و، موتەسەریفیش لە قایمقام، مودیر، پۆلیس...هتد بەرپرس بکا لە هەچ کارێ دژی ئیمزاکەر و عەریزەدەر چ کورد و چ کەمایەتی تر ئەکرێ، تەنیا مافی خۆیان بەکارهێناوە وەکو کۆمەڵەی گەلان ئاگاداری کردون. بۆ پیشاندانی خواست و شکاتەکانیان بە کەناڵی گونجاو و بە پێی ڕێوشوێنی دروست. ئێستا تۆڵە لەوانەی پێشتر ئیمزایان کردوە ئەسەنن. بە ئەوەی بە زۆر کەفالەتیان لێ بستێنن کە دەس وەر ئەدەنە کاری سیاسی و کاروباری گلەکەیانەوە ئەگینا ئەگیرێن.

عەریزەدەرەکەتان خۆی کە نوێنەری دەسەڵات پێدراوی کوردە و لە دایکبوی سلێمانیە. دور خراوەتەوە بۆ بەغداد، هەرچەندە خۆی حەز ئەکا بگەرێتەوە ماڵەکەی لە سلێمانی.

نەتەوایەتی

مێجەر یۆنگ درکاندویەتی (بڕوانە ل80 ی ڕاپۆرتەکە): "ڕاستیەکەی ئەوەیە. بۆ کورد و ئاسوری، تەنیا چارە لەوەدایە کە خۆیان بە عیراقی دابنێن و لەلایەن حکومەتی عیراقیشەوە وەها سەیر بکرێن".

عەریزەدەرەکەتان سەرنجی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب ڕائەکێشێ. کورد حەز ئەکەن ببن بە ڕەعیەتی دڵسۆزی خاوەن شکۆ مەلیک فەیسەڵ، ئەگەر نەتەوایەتی خۆیان وەکو ناسنامەیەکی جیاواز بهێڵنەوە. عەریزەدەرتان پێشنیار ئەکا کە چیتر هەق نیە کورد بە عەرەب یان بە عیراقی بانگ بکرێن. چونکە ئەمە وەکو ئەوە وایە بە کابرایەکی ئایریش بڵێن ئینگلیز.

پەیمانی ئەنگلۆ - عیراقی کە لە 30 ی جونی 1930 دا لە بەغداد ئیمزا کراوە.

عەریزەدەرەکان بەڕێزەوە ئاگاداری لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب ئەکا کە لە پەیمانی باسکراودا کە تازە لە بەغداد ئیمزا کراوە، هیچی تێدا نیە بۆ ئەوەی ڕێ نەدرێ بە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی بریتانی لەلایەن حکومەتی عەرەبەوە بۆ سەرکوتکردنی پشێوی ناوخۆ کە لە ئەنجامی حوکمی خراپ و فەرمانڕەوایی خراپ دا دروست ئەبێ، تا ئەو کاتەی حکومەتی عەرەب لای وابێ هێزی ئاسمانیی بریتانی لە پشتە. کار ئەکا بۆ نەهێشتنی حکومەتی خراپ، حوکمی خراپ و چەوساندنەوە. (FO371 ی 15311).

بەیانی مەندوبی سامی بەریتانی لە عیراق
لە 24 ی دیسەمبەری 1922 دا.

حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا و حکومەتی عیراق، دان ئەنێن بە مافی ئەو کوردانەدا کە لەناو سنوری عیراق دا ئەژین، بۆ ئەوەی حکومەتێکی کوردی لەو سنورانەدا دابمەزرێنن و هیوادارن کە تاقمە کوردییە جیاوازەکان، بە زوترین کات لەناو خۆیان دا بگەنە ڕێککەوتنێک لەسەر شێوەی ئەو حکومەتەی خۆیان ئارەزوی ئەکەن، لەو سنورەدا کە ئەیانەوێ درێژ ببێتەوە. دەستەیەکی نوێنەرایەتی بەرپرس بنێرن بۆ بەغداد، بۆ باسی پێوەندییە سیاسی و ئابورییەکانیان لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکومەتی عیراق. (FO371 ی 15311).

5. 5. 6. ئیفادەی 2 کەسایەتیی گیراوی کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان

ئیفادای تۆفیق قەزاز:

من میرزا تۆفیق کوڕی حاجی ئەحمەدی قەزاز خەڵکی سلێمانی، سوێند ئەخۆم بە خوای گەورە کە ئیفادەکەم لە خوارەوە دەربارەی گیرانم لە 6 ی 9 ی 1930 دا بە تەواوی ڕاستە.

1. لە 6 ی 9 ی 1930 دا لە دەوری سەعات 3 ی پاش نیوەڕۆدا، لە کاتێک دا لەگەڵ خێزانەکەم دا لە ماڵی خۆم دانیشت بوم، هێزی عەرەب و پۆلیسی عەرەب دەوری ماڵەکەیان دام و هەڵیانکوتایە سەر ماڵ و خێزانەکەم. چەکدار بون بە تفەنگ و چەکی لیوایی. بێ ئەوەی هۆیەکانم پێ بڵێن، منیان گرت. کردەوەکەیان پێچەوانەی قانونی عیراقی بو، هاوسەرەکەم خۆی تێ هەڵقورتان، هۆیەکانی لێ پرسین و نارەزایی دەربڕی، چونکە هەینەتی ئیختیارییەیان بەپێی قانون لەگەڵ نەبو... هەروەها نارەزایی دەربڕی لەسەر ئەوەی پێشتر ئینزاری ئاسایی نەکرابوین. لەبەر ئەوە هێزەکە و پۆلیسەکان تورە بون و تفەنگیان لە هاوسەرەکەم ڕاکێشا، بە زۆری چەک منیان لە ماڵەکەم دەرهێنا و بە پاسەوانیی هێزەکە و پۆلیسەکان بردمیان بۆ زیندان. لە ڕێگە سوکایەتییان پێ کردم و بە درێژایی ڕێگای زیندان، زمانێکی زۆر نزمیان بەکارهێنا. لەوێش 10 کەسی تر لە هاورێ کوردەکانم بە هەمان شێوە گوێزرابونەوە بۆ ئەوێ. تا سەعات 11 ی شەو لە زیندان ماینەوە. لەم ماوەیەدا زۆر بە خراپی ڕەفتاریان لەگەڵ کردین. دوای ئەوە بە دەستی کەلەپچەکراوەوە ئێمەیان گوێزرایەوە بۆ کەرکوک. دو دو پێکەوە دەستمان کەلەپچە کرا بو. من 78 ڕۆژ لە زیندانی کەرکوک دا مامەوە.

2. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا بۆمان دەرکەوت ئەو تۆمەتەی لەلایەن پۆلیسەوە بۆ گرتنمان بە پاڵ ئێمە درابو ئەوە بو، چونکە ئێمە تەلەگرام و مەزبەتەمان ئیمزا کرد بو بۆ کۆمەڵەی گەلان و دەسەڵاتی ئینتیداب. بێگومان ئەوەندەی ئێمە ئەمانزانی کارێکی قانونی بو، بەڵام بۆ ئەوەی ئۆباڵەکەی لە خۆیان لابەن، هەندێ پرسیاریان دەربارەی ڕوداوەکەی 6 ی 9 ی 1930 ئەکرد، لە کاتێک دا ئەیانزانی ئێمە بە هیچ جۆرێ پێوەندیمان بەو ڕوداوانەوە نەبوە.

3. بە ئەنقەست ئێمەیان بۆ ماوەیەک لە زیندان دا هێشتەوە، بێ ئەوەی بماندەن بە دادگا. مدعی عام هەرەشەی هەڵواسینی لێ ئەکردین. چونکە ئەیانوت داوای مافی خۆمان لە کۆمەڵەی گەلان کردوە. لە ئەنجام دا ئێمە توانیمان بۆ مەحکەمەی ئیسپات بکەین کە ئێمە هیچ پێوەندییەکمان نەبوە لەگەڵ ئەو پشێوییەی لەسەرەوە باس کرا. ئەو کاتە بۆمان دەرکەوت هۆی ئەسڵی گرتنەکەمان ئەوەبوە کە داوامان ناردوە بۆ کۆمەڵەی گەلان، ئەوسا مەحکەمە بەری دایین. یەکەمین پرسیار کە مەحکەمە لێی کردین ئەوە بو: "بۆچی عەریزەتان داوە بە کۆمەڵەی گەلان؟". ئەو شایەتانەی هێنرانە بەردەمی دادگا لە لایەن پۆلیسەوە، سوێندیان خوارد بە ئاشکرا

وتیان ئێمە لەو تۆمەتانە بێبەرین، وتیان کەوا لەلایەن پۆلیسەوە هەڕەشەی مردنیان لێ کراوە تا شایەتی درۆمان لێ بدەن. بەڵام شایەتەکان راستیان وت چونکە سوێندیان خواردبو. ئەیانزانی دادگا حوکمێکی بێ لایەن ئەدا. ئەمە ئەوە نیشان ئەدا شایەتەکان راستییان وتوە، هەرچەندە لەلایەن پۆلیسەوە هەڕەشەیان لێ کرابو.

4. کاتێ مەحکەمە بەری دام و گەرامەوە بۆ سلێمانی، دائیرەی پۆلیس ناردی بە دوم داو داوایان لێ کردم کەفالەتیان بدەمێ، پێیان وتم لەبەرئەوەی عەریزەم داوە بە کۆمەڵەی گەلان، ناتوانن باوەڕ بە من بکەن. لەوەیش زیاتر لێرە بە دواوە نابێ کاری سیاسی بکەم، نابێ ئیتر مەزبەتە و شکاتنامە بنێرم بۆ کۆمەڵەی گەلان. وەکو تێگەیشتم ئەیانەوێ گێچەڵم بۆ دروست بکەن. بەڵام من رەفزم کرد کەفالەتیان بدەمێ. لەو کاتەوە پۆلیس چەند جارێ داوایان کردوم و داوایان لێ کردوم کەفالەتیان بدەمێ. بردمیان بۆ بەشی جینائی بۆ دانی زەمانەتی پێویست ئەگینا ئەمنێرن بۆ زیندان.

5. من خاوەن زەویم و تاجیرم لە سلێمانی، لە ماوەی ئەم گیرانەم دا نزیکەی (10.000) روپیە زەرەرم لێ کەوتوە، لەبەرئەوەی بەردەوام پۆلیس بانگم ئەکەن و بە بیانوی جۆراوجۆر زۆرم بۆ ئەهێنن، ئەمتوانیوە دەس بکەمەوە بە ئیشەکەم، زەرەرەکانم تا دێ زیاد ئەبێ. بەغداد، 23 ی مەرزی 1931.

ئیمزا حاجی ئەحمەد قەزاز زادە (تاجیر تۆفیق قەزاز) (FO371 ی 15311).

ئیفادای شێخ قادری حەفید:

من، شێخ قادری کوڕی شێخ سەعید خەڵکی سلێمانی و برای گەنجتری شێخ مەحمود، سوێند ئەخۆم بە خوای گەورە کە ئیفادەی لای خواروم دەربارەی گرتنم لە رۆژی 6 ی 9 ی 1930 دا راستە.

1. لە کاتێک دا من لە ماڵی خۆم دا لەگەڵ خێزانەکەم دانیشت بوم، دەوروبەری سەعات 3 ی پاش نیوەڕۆ، ماڵەکەم کتوپڕ لەلایەن هێزی عەرەب و پۆلیسەوە داگیر کرا. بەبێ هیچ ئاگادارکردنێکی پێشەکی خێزانەکەم و بەبێ موختار و هەیئەتی ئیختاریە، هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەم بە تفەنگ و چەکی لیوایەوە. منیان گرت و گوێزایانمەوە بۆ زیندان، لەگەڵ 10 کەسی تری ناسیاوم حەبسیان کردین. لەم ماوەیەدا تا سەعات 1 ی نیوە شەو بە خراپی رەفتاریان لەگەڵ کردین. دوای ئەوە دو دو کەلەپچەیان کردین و بە پاسەوانیی هێزی عەرەب و پۆلیس کە چەکدار بون بە تفەنگ و چەکی لیوایش رەوانەی کەرکوکیان کردین. لەوێ لە زیندان گلیان داینەوە، من 70 رۆژی لێ بوم.

2. ئەو تۆمەتەی پۆلیسی سلێمانی بە پاڵیان دابوم بە کورتی ئەوە بو: "بۆچی ئێمە مەزبەتە و تەلەگراممان ناردوە بۆ کۆمەڵەی گەلان و وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا؟". ئەگەرچی ئیتیهامیان کردین بەوەی ئێمە دەستمان هەبوە لە پشێوی 6 ی 9 ی 1930 دا. بەڵام ئیسپات بو ئێمە هیچ پێوەندییەکمان بەو روداوەوە نەبو. گیرانەکەمان بە تەنیا بەو هۆیەوە بو، چونکە مەزبەتەمان ناردبو بۆ کۆمەڵەی گەلان. ئەمەیش ئەتوانرێ بەوە ئیسپات بکرێ کە پۆلیس پرسیاری لێ کردین: "بۆچی لە لای کۆمەڵەی گەلان شکات ئەکەین؟".

3. دوای 70 رۆژ گیران لە کەرکوک و دوای ئەو هەمو رەفتارە خراپەی لەگەڵیان کردم، بە پاسکراوی بردمیان بۆ لیوای ناصریە و لەوێ بەریان دام بەو مەرجەی ناصریە بەجێ نەهێڵم و نەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی. زەمانەتی (5.000) روپیەیان لێ وەرگرتم. دوای مانەوەی 39 رۆژ لە ناصریە، گوێزامیانەوە بۆ بەغداد، ئەمجارەش بە پاسەوانەوە. لە بەغداد زەمانەتی (5.000) روپیەیان لێ وەرگرتم و بەریان دام بەو مەرجەی نەگەڕێمەوە ماڵی خۆم. حاڵی حازر لە بەغدادم و رێگەم نادەن بگەڕێمەوە ماڵی خۆم. دوای گیرانم لە سلێمانی، هێزی عەرەب و پۆلیس ماڵەکەیان پشکنی بوم. ئەفسەری بەرپرسی پشکنین ناوی لازم محەمەد بوە، دوای

پشکنین: زۆر شتی بە نرخ وەکو زێڕ و خشڵی خێزانەکەمیان بردوە. هەندێکیان ناوەتەوە. هێشتا هەندێ پارچەیان گل ناوەتەوە. ماڵەکەم لەو کاتەوە لەژێر چاودێری پۆلیس و هێزی عەرەبدایە. لەبەر ئەوە ناچار بوم خێزانەکەم بگوێزمەوە بۆ بەغداد. هەمو کەلوپەلی نەگوێزراوە و موڵکەکانم بەجێهێشتوەو کەسم نیە چاوی لێیان بێ.

4. ئەو تۆمەتانەی ئێمەی پێ گیراین. هیچ پێوەندیەکی لەگەڵ هەڵبژاردن و پشێوی 6 ی 9 ی 1930 نەبو. بەڵکو وەکو لە پێشەوە وتم بە تەنیا نەگەرایەوە بۆ ئەوەی مەزبەتەمان نارد بۆ کۆمەڵەی گەلان و حکومەتی بریتانی. یەکەم پرسیاری پۆلیس دەربارەی شکات و مەزبەتەکانمان بو. لە مەحکەمەدا ئەوە ئیسپات بو کە ئێمە هیچ پێوەندیەکمان لەگەڵ پشێویەکە نەبوە. بەڵکو نەگەرایەوە بۆ ئەو هۆیانەی لەسەرەوە رونم کردنەوە.

5. من خاوەن زەویم لە سلێمانی و بە داهاتەکانی ئەژیم کە ئێستا لێی بێ بەش کراوم. بەهۆی گیرانم و دورخستنەوەم موڵکەکانم وێران و توشی زەرەر بون. جگە لەوانەی وەکو لەسەرەوە باسم کرد لێم سەنراوە.

من هێشتا لەو بارو دۆخەدام کە باسم کرد. بەغداد (23 ی مەرزی 1931)

ئیمزا: حەفید زادە شێخ قادر خەڵکی سلێمانی. (FO371 ی 15311).

5. 5. 7. مەزبەتەی خۆیبون بۆ کۆمەڵەی گەلان

کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد

کۆمیتەی ناوەندی

دیمەشق

رۆژی 17 ی ئەپریلی 1931

بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان. جنێڤ

گەورەم

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی نەتەوەی کورد (خۆیبون). شەرەفی ئەوەی هەیە سەرنجی پڕ بەڕێزی کۆمەڵەی گەلان رابکێشێ بۆ مەسەلەی لە ژێرەوە باسکراو:

نەتەوەی کورد کە داوای مافە پیرۆزەکانی ئەکا، خواستەکانی ئێستایش وەکو جاران لەسەر بنچینەی سەرەتای رێزگرتنی مافی نەتەوەکانی تر هەروەکو ئێمەیش ئارەزو ئەکەین رێزی مافەکانمان بگیرێ. هەروەها هی نەتەوەی خوشکمان کلدی ئاسوری.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم سەرەتایە. کۆمیتەی ناوەندی بە هاودەردیەوە ئەڕوانێ بۆ ئەو رێککەوتنەی کوردەکانی کوردستانی خوارو لەگەڵ نەتەوەی خوشک کلدی ئاسوری پێی گەیشتون. بە ئەرکی خۆمانی دائەنێین جارێکی کەیش پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە نەتەوەی کوردو هی کلدی ئاسوری. لە زۆر کۆنەوە پێکەوە وەکو برا ژیاون.

لە کۆتاییدا، کۆمیتەی ناوەندیمان پشتیوانی ئەکا لە داواکانی لیوتێنانت کۆلۆنێل توفیق وەهبی بەگ. موتەسەریفی پێشوی سلێمانی کە لە عەریزەی 19 ی ئەپریلی 1931 دا داویتی. وەکو نوێنەری دەسەڵات پێدراو بەپێی وەکالەت نامەی رۆژی 14 ی مەرزی 1931 کە لەلایەن کوردەکانی کوردستانی خوارەوە ئیمزا کراوە.

ج. ا. بەدرخان

لەباتی کۆمیتەی ناوەندی خۆیبون

(جەلادەت عالی بەدرخان گەرەکی کوردەکان دیمەشق) (FO371 ی 15311).

5. 5. 8. ژمارەیەک راپۆرت و نامەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب و کۆمەڵەی گەلان:

عیراق: راپۆرتی راپارد (M. Rappard)

عەریزەی رۆژی 16 ی مەی 1931 ی مادام ئاسیا تۆفیق

لە عەریزەی رۆژی 16 ی مەی 1931 ی مادام ئاسیا تۆفیق کە داویتی بە لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب. پرۆتێست ئەکا دژی گیرانی تۆفیق وەهبی بەگی مێردی، کوردی عیراق لەلایەن حکومەتی عیراقەوە. داوا ئەکا مەسەلەکە لەگەڵ حکومەتی عیراق باس بکرێ. عەریزەدەر ئەڵێ تۆفیق وەهبی بەگ، لە ئەپریلی 1931 دا، عەریزەیەکی داوە بە لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب دەربارەی رەفتاری نارەوای حکومەتی عیراق لەگەڵ کورد.

حکومەتی بریتانی، لە تێبینیەکانی رۆژی 30 ی ئۆکتۆبەری 1931 دا، دەرکاندنی ئەو هۆیانەی بون بە هۆی گرتنی تۆفیق وەهبی بەگ لەلایەن نوێنەری دەسەلات پێدراوی هێزی ئینتیداب لە دەرکاندنەکانی کردنەوەی کۆبونەوەی لیژنەی ئینتیداب دا لە جونی 1931 دا، بە درێژی باسکراوە. لەبەرئەوە حکومەتی خاوەن شکۆ شتێکی زیادی نیە بیخاتە سەری. بەم دەرکاندنە دەرئەکەوێ، کە تۆفیق بێ هیچ مەرجێ دو حەفتە دوای پێشکەشکردنی عەریزەکەی مەدام تۆفیق بەردراوە.

هاوکارەکانم لەبیریانە عەریزەکەی ئەپریلی 1931 ی تۆفیق وەهبی لە دوای کۆبونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب دا باس کرا. دەربارەی شکاتەکەی عەریزەدەر لە بابەت گیرانی مێردەکەیەوە. لام وایە لیژنەیش موافیقە هیچ کارێ پێویست نیە مادەم وەکو بە تێبینیەکانی حکومەتی بەریتانی‌دا دەرئەکەوێ، تۆفیق وەهبی بەگ شەش مانگ لەمەوپێش بەردراوە. (FO371 ی 10638).

تێبینی لەسەر عەریزەکان

لە 18 مین کۆبونەوەی خۆیدا، لیژنە ئەم عەریزانەی خوارەوەی هەڵسەنگاند، لەگەڵ تێبینیەکانی هێزی ئینتیداب لەو بابەتەوە دایرشتبون. هەر یەکێ لەم عەریزانە لەلایەن ئەندامێکی لیژنەکەوە بە نوسین راپۆرتی لەسەر دراوە. دوای گفتوگۆ، لیژنە ئەم ئەنجامگیرییانەی خوارەوەی کردوە. تێکستی راپۆرتەکانی دران بە لیژنەکە، خراونەتە پاشکۆی مەحزەری کۆبونەوەکە.

عیراق

أ. عەریزەکانی رۆژی 23 ی سێپتەمبەر و 9 ی دیسەمبەری 1931 ی هورمز رەسام
.[C.P.M. 1108(a) and 1156]

تێبینیەکانی حکومەتی بەریتانی، رۆژی 6 ی مەی 1931 (C. P. M. 1156).

راپۆرت (بروانە پاشکۆی مەحزەر)

ئەنجامگیرییەکان

لیژنە پێشنیار ئەکا، ئەنجومەن سەرنجی هێزی ئینتیداب رابکێشێ:

1. بۆ پێویستی خاو نەکردنەوەی چاودێری کردنی بارو دۆخی کەمایەتیەکان لە عیراق دا.

2. بۆ پێویستی وەرگرتنی بەڵێن لە حکومەتی عیراقی کە گەرەنتی رەفتاری بکات لەگەڵ کەمایەتیە رەگەزی و دینیەکان، بەپێی دەرکاندنەکانی هێزی ئینتیداب کە لە 19 هەمین کۆبونەوەی لیژنەدا باسکراوە، حکومەتی عیراق ئامادەیە بیدات.

3. ئاگادارکردنی عەریزەدەرەکان لەوەی عەریزەکانیان سەیر کراوە. کۆمەڵەی گەلان بەردەوام ئەبێ لە بینینی ئەوەی مافەکانی کەمایەتیەکان ڕێزیان گیراوە. ئەمەیش بە هاودەردیەکی زیاترەوە ئەکا ئەگەر باوەڕ بهێنێ بە نیازی باشی کەمایەتیەکان بۆ پتەوکردنی سەلامەتی و گەشانەوەی دەوڵەتی عیراق.

لیژنە لای وایە پێویست ناکا ئەنجومەن رابسپێرێ. هیچ کارێکی تایبەتی لەسەر ئەم عەریزەیە بکا.

ب. عەریزەی یوسف مەلەک. رۆژی 20 ی ئەپریلی 1931 (C. P. M. 1179)

تێبینیەکانی حکومەتی بەریتانی، رۆژی 2 ی جونی 1931 (C. P. M. 1179)

راپۆرت (بڕوانە پاشکۆی مەحزەر)

ئەنجامگیرییەکان

لیژنەی هەمیشەی ئینتیداب لەو بڕوایەدایە. گرنگی ئەم عەریزەیە بەس نیە بۆ ئەوەی ببێتە بابەتی راسپێریەک بۆ ئەنجومەن.

ج. عەریزەکانی کورد لە عیراق دا، لەلایەن حکومەتی بریتانیەوە نێردراوە لە 20 ی فێبریوەری 1931 (C. C. P. M. 1140) و هی تۆفیق وەهبی بەگ، رۆژی 19 ی ئەپریلی 1931 (a 1192 and C. P. M. 1192) (تێبینیەکانی حکومەتی بەریتانی، رۆژی 20 ی فێبریوەری، 27 ی ئەپریل، 8، 13 ی جونی 1931) (C. C. P. M. 1140, 1151, 1184 and C. P. M. 1192)

راپۆرت (بڕوانە پاشکۆی مەحزەر)

لیژنەی ئینتیداب 8 عەریزەی کەسایەتی و تاقمی جیاوازی کوردی لە عیراق دا، لەگەڵ تێبینیەکانی هێزی ئینتیداب دا لەسەر ئەم بابەتە، تاووتوێ کردەوە. شەرەفی ئەوەی هەیە ئەنجومەن رابسپێرێ بۆ ئەوەی:

1. سپاسی هێزی ئینتیداب بکرێ لەسەر ئەوەی بە ئاگاییەوە لێکۆڵینەوەکانی لە شوێنی خۆیدا کردوە، تێبینیەکانی خۆی لەسەر ئەم عەریزە جیا جیایانە ئامادەکردوە.

2. داوا لە هێزی ئینتیداب بکرێ زۆر بۆ حکومەتی عیراق ببات کە ئەبێ لە مامەڵە کردنی رەعیەتە کوردەکانی دا، بەگیانی لێبوردنێکی فراوانەوە بجوڵێتەوە، بەرامبەر کەمایەتیەک شایانی رێز لێ گرتنە و، دڵسۆزیشی بە ئەندازەی ئەوە زیاد ئەکا کە چەند بێ ترس بێ لە مەترسیی مافە سروشتیەکانی کە هێزی ئینتیداب و کۆمەڵەی گەلان بە ئاشکرا سەلماندویانە.

3. عەریزەدەرەکان ئاگادار بکرێن. کۆمەڵەی گەلان بە هەمو گەرمیەک و بە هاودەردیەکی زۆرترەوە، بەردەوام ئەبێ لە دڵنیاکردنیان لەوەی مافەکانیان رێز لێ گیراو ئەبێ. ئەگەر باوەڕی هێنا کورد بە دڵسۆزیەوە بەشداری ئەکا لە ئاسایش و گەشانەوەی دەوڵەتی عیراق دا.

4. بایەخێکی نزیکتر بدرێ بەو دڵەراوکەیەی بێگومان لەناو دانیشتوانی کوردا تەشەنەی کردوە. بە هۆی ئاداریی ئەو روداوانەی چاوەڕێیان ئەکا. ئەگەر پارێزگاری مەعنەوی بریتانیای گەورە کە دە ساڵ زیاترە هەیانە، بێت و بکێشرێتەوە. (FO371 ی 15318).

بۆ سکرتێری دەوڵەت بۆ کۆلۆنیەکان

بەغداد، 3 ی دیسەمبەری 1931

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە ئیشارەت بدەم بە نامەی نهێنی رۆژی 19 ی نۆڤەمبەرتان. کۆپی وەڵامەکانی بەشی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلانیشی بۆ هەندێ لە عەریزەی کوردەکانی لەگەڵە.

1. دو لەم عەریزانە هی جەعفەر سوڵتان بون. من شەرەفی ئەوەم هەبو، لە نامەی تایبەتی رۆژی 7 ی نۆڤەمبەری 1931 دا سەرنجی لۆرد پاسفیڵد رابکێشم بۆ هەڵوێستی ئەو کە رەعیەتی ئێرانە. هەروەها لە لێدوانێکی ترم دا لەگەڵ نامەی نهێنی رۆژی 27 ی فێبریوەری 1931م دا. سەرەرای ئەمانە، بڕیاردرا عەریزەکانی جەعفەر سوڵتان بخرێنە بەردەم کۆمەڵە و لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب. رون کردنەوەکانی درا بون دەربارەی هەڵوێستی تایبەتی ئەو وەکو رەعیەتێکی ئێرانی، بە ئاشکرا پشت گوێ خراون و وەڵامەکانی بەناوی شەخسی ئەوەوە هاتوتەوە. لەگەڵ ئەوانەی بۆ عەریزەدەرە عێراقیەکان نوسراوەتەوە.

2. ئەنجامەکەی لەم کاتەدا ئەو لەبەرچاوی حکومەتەکەی خۆی، یاخی چەک هەڵگر جەعفەر سوڵتان دو نامەی رەسمیی لە کۆمەڵەی گەلانەوە پێ گەیشتوە. راستی ئەترسم بیری خۆ بە زلزانی زۆر لەلا زیاتر بێ، سەرنج راکێشری بۆ پێوەندی لەگەڵ عێراق، کە حکومەتی عێراق پێی خۆش نیە ئینکاری بکا. (FO371 ی 10638).

لە ڤیتۆ کاتاستینی (Vito Catastini)، بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب،

بۆ ئەورەحمان ئاغای پشدەری و کوردەکانی تر

جنێف، 19 ی فێبریوەری 1932

بەپێی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە کۆبونەوەی 25 ی جەنیوەری 1932 دا داویتی، ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە ئاگادارت بکەم، لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لە کۆبونەوەی 21 هەمی رۆژی 28 ی مەرزی 1931 دا گەیشتوتە ئەم ئەنجامگیریانە:

"لیژنە، عەریزەی 28 ی مەرزی 1931 ی، بە ئیمزای چەند کەسێ گوایە کوردی عێراقن، تاوتوێ کرد.

سەرنجی دا لە تێبینیەکانی رۆژی 20 ی جولای حکومەتی بەریتانی لەسەر عەریزەکە خرابونە بەردەمی:

1. تێبینیەکانی هێزی ئینتیداب لێوەشاوەیی عەریزەدەرەکان پوچ ئەکاتەوە، تا بەناوی کوردی عێراقەوە بدوێن و بنچینە مێژوییەکانی شکاتەکانیشیان هەڵئەتەکێنێ.

2. ئەو تێبینیانەی عەریزەدەرەکان، لەسەر بناغەی تێکستی قانونی سکاڵاکانی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام مەعناکانیان بە ئاشکرا شێواندوە.

3. سەبارەت بە دەربڕینی ئەم بێزاریە تازەیە لە عێراق دا، راستیی نرخی هەر چەنێک بێ ناتوانێ سەرنجێکی زۆرتر لەوەی پار، لە پێوەندیدا لەگەڵ هەندێ عەریزەی لەم بابەتەدا کە دارێژران، بەدەست بهێنێ.

4. لەبەر ئەوە بڕیاری دا بە بەردەوامی گەورەترین بایەخ بدا بەو ئاارامیەی لەناو کوردا بەردەوامە، سەرنجی ئەنجومەن رابکێشێ بۆ ئەو چارەنوسە نادیارەی کە چاوەڕێیان ئەکا، ئەگەر پارێزگاری مەعنەوی بریتانیای گەورە کە 10 ساڵ زیاترە هەیانە، بکێشرێتەوە. مەگەر ئەوانیش گەرەنتی هاوتایان بدرێتێ".

ئەنجومەن ئەم ئەنجامگیریانەی پەسند کرد.

لەگەڵ ئەمەدا بۆ ئاگاداریت، کۆپی راپۆرتێک لەسەر عەریزەکەت دراوە بە لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب لەلایەن بەڕێز راپاردەوە، ئەینێرم. راپۆرتەکە خراوەتە پاشکۆی مەحزەری 21 هەمین کۆبونەوەی لیژنەکە. (FO371 ی 10638).

هەڵبژاردە لە مەحزەری 21 مین کۆبونەوەی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب:

عیراق

عـەریزەی، رۆژی 28 ی مـەرزی 1931. لەلایـەن هەنـدێ کەسـەوە کـە گوایـە کـوردی عیـراقن بەرزکراوەتەوە. حکومەتی بریتانی لە 20 ی جولای 1931 دا ناردویەتی.

راپۆرتی بەڕێز راپارد

لە 2 ی 3 ی 1931 دا، ئەورەحمان ئاغـای پشـدەری و ژمارەیـەکی زۆر ئیمزاکـەری تـر، لـە ڕێگـەی مەندوبی سامی عیراقەوە عەریزەیەکیان داوە بـە سـکرتێری گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان. شـکات ئەکـەن لـە بـەد رەفتاریی حکومەتی عیراق و حکومەتی بریتانی بەرامبـەر بـە کـورد. تێبینـی لەسـەر ئـەم عەریزەیـە لەلایـەن حکومەتی بریتانیەوە لە لەندەنەوە لە 20 ی جولای 1931 دا نێردراوە.

عەریزەدەرەکان کە ئیمزاکانیان بە زۆری ناخوێنرێتەوە. دەسەڵاتیشیان لەلایەن هێزی ئینتیدابـەوە پـوچ کراوەتەوە. لە پێش هەمو شتێک دا ئەڵێن لە 1925 دا کۆمەڵەی گەلان کوردستانی بە دو مەرج خسـتە سـەر عیراق. لە پلەی یەکەم دا بەڕێوەبەرایەتیەکی کوردی لە کوردستاندا دابمەزرێنرێ و نەتەوایەتی کورد بپارێزرێ. لـە پلـەی دوەم دا لـە حاڵـەتێک دا کـە عیـراق سـەربەخۆ بـێ و بچێتـە نـاو کۆمەڵـەی گەلانـەوە، ئـەبێ بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەتی بۆ کورد بەپێی ئارەزوی خۆیان دابمەزرێنرێ.

لەسەر بنچینەی ئەم ئیدیعایانە، ئەوەندەی لیژنە لەبیرێتی لەگەڵ راسـتیەکانی مێـژودا جـوت نـابن. شکاتی عەریزەدەرەکان گوایە ئەو گەرەنتییانەی پێیان درا بون بە تـەواوی لەلایـەن حکومـەتی عیراقیـەوە پشت گوێ خراون. حکومەتی بریتانیایش سەرکەوتو نەبوە لە بـەجێهێنانی ئـەرکی خـۆیدا لـە پاراسـتنی بەرژەوەندیەکان دا. لە ئەنجام دا داوا ئەکەن دان بنرێ بە کۆمیتەیەکی نەتـەوەییدا کـە هـەڵبژێردرێ بـۆ نوێنەرایەتی کورد و، دەست تێخستنێکی کاریگەری هێزی ئینتیداب بۆ پاراستنیان لەو چەوسـاندنەوەیەی، گوایە بە دەستیەوە ئەناڵێنن.

حکومەتی بریتانی، لە بەرپەرچدانەوەکەیدا، ئەم عەریزەیـە ئەداتـە پـاڵ جموجـوڵی شـێخ مـەحمود. بـە توندی ئینکاری راستیی شکاتی عـەریزەدەرەکان ئـەکا. لـە ئـەنجام دا هێـزی ئینتیـداب ئـەو راسـتیە دوبـارە ئەکاتەوە کە شێخ مەحمود لە 13 ی مەی 1931 دا خـۆی داوە بـە دەس حکومـەتی عیراقـەوە. بـە لەبـەرچاو گرتنی ئەوەی ئەم یاخیبونە چەکدارە کۆتایی هاتوە. هێزی ئینتیداب داوا لە کۆمەڵە ئەکا ئەم عەریزەیـە دابنـێ بەوەی شایانی بایەخ پێ دانی راستەقینە نیە.

سەبارەت بە ناراستیی، بێگومان ئەو پێشەکیەی ئەم عەریزەیەی لەسـەر دانـراوە، دانڵنیـایی تـەواوی ئێمـە لـە لێوشاوەیی عەریزەدەرەکان، بەتایبەتی نەبونی هیچ جـۆرە گازاندەیـەکی تـازە، لام وایـە لیژنـە نـاتوانێ ئـەم عەریزەیە قوبوڵ بکا. جگە لەوەی رەنگە بە نیشانەیەکی ئەو نائارامیە دابنرێ کە هێشتا لەناو کوردی عیراق دا هەیە. ئەگەر لیژنە لەگەڵ ئەم رایە موافیق بێ، ئەشێ بە پەسند کردنی بەرنوسی بڕیاری خوارەوە دەری ببڕێ:

"لیژنەی ئینتیداب، عەریزەی 28 ی 3 ی 1931 ی هەندێ کەس کە گوایـە کـوردی عیـراقن. تـاوتوێ کرد:

"هەروەها سەرنجیدا لە تێبینییەکانی 20 ی جولای 1931 ی حکومەتی بریتانی لەسەر ئەم عەریزەیە:

"1. تێبینیەکانی هێزی ئینتیداب لێوشاوەیی عەریزەدەرەکان پوچ ئەکاتەوە. تا بەناوی کوردی عیراقەوە بدوێن. وە بنچینە مێژوییەکانی شکاتەکانیشیان هەڵئەتەکێنێ.

2. ئەو تێبینیانەی عەریزەدەرەکان لەسەر بناغەی تێکستی قانونی سکاڵاکانی خۆیان دەربڕیـوە. بـەڵام مەعناکانیان بە ئاشکرا شێواندوە.

3. سەبارەت بە دەربڕینی ئەم بێزاریە تازەیە لە عیراق دا، راستیی و نرخی هەر چەندێک بێ، ناتوانێ سەرنجێکی زۆرتر لەوەی پار، لە پێوەندیدا لەگەڵ هەندێ عەریزەی لەم بابەتەدا کە ناردراون، بە دەست بهێنێ.

4. لەبەرئەوە بڕیاریدا بە بەردەوامی گەورەترین بایەخ بدا بەو ناثارامیەی لە ناو کوردا ماوە، سەرنجی ئەنجومەن رابکێشێ بۆ ئەو چارەنوسە نادیارەی چاوەڕێیان ئەکات کە ئەگەر پاریزگاری مەعنەوی بەریتانیای گەورە لە 10 ساڵ زیاتر هەیانە، بکێشرێتەوە" (FO371 ی 10638)

بەیانی لە پێشەوای کوردەکان کۆلۆنێل تۆفیق وەهبی بەگەوە، دابەزیوی بەیروت، بۆ رۆژنامەی (الراصد):

کێشەی کورد لە کۆمەڵەی گەلان دا

لە رۆژنامەی (الاحرار) ی 16 ی 8 ی 1932 دا وتارێکم بە قەڵەمی یوسف ملک نوسەری (فواجع الانتداب) خوێندەوە، گوایە ئینگلیز لە ساڵی 1930 ەوە دەرگای باسی کەمایەتیەکانی کردۆتەوە، هانی داون موراجەعەتی کۆمەڵەی گەلان بکەن.

لە بەر ئەوەی کوردەکانی ناو سنوری دەوڵەتی عیراقیش موراجەعەتی کۆمەڵەی گەلانیان کردوە، دوای ئەوەی دڵنیا بون لەوەی مافەکانیان فەرامۆش کراوە لە پەیمانی عیراقی- ئینگلیزیدا کە لە 30 ی 6 ی 1930 دا بەستراوە، بۆ رەواندنەوەی هەر گومانێکی ئەم وتارە لە بیروڕای گشتیدا دروستی ئەکا، کوردیش دەستپێشکەری کردوە بۆ بەر دەرگای ناوبراو، نوسەری کتێب ئەڵێ گوایە ئینگلیز کردویانەتەوە، بە پێویستمان زانی ئەم راستیانەی خوارەوە رون بکەینەوە:

1. کورد لە عیراق دا هەرگیز ئەوەیان نەسەلماندوە کە وشەی کەمایەتی ئەوانیش ئەگرێتەوە، هەرگیز نایشی سەلمێنن، وەکو لە خوارێ رون کراوەتەوە:

أ. کورد لەو کوردستانەی خۆیان دا لە ساڵی 1918 ەوە جۆرێ لە ئۆتۆنۆمییان هەبو، بەر لە وەی بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق بکرێتەوە.

ب. هەردو حکومەتی ئینگلیزی و عیراقی، (1922) لە بەیانێک دا بەڵێنی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردییان دا لەناو سنوری عیراق دا بە زوترین کات، بەومەرجەی کوردەکان خۆیان شێوەکەی دیاری بکەن.

ج. مەرج و بنچینەی نوساندنی ئەم بەشەی کوردستان بە عیراقەوە، ئەوە بو کە ئەبێ بەرێوەبەرایەتییەکی کوردی بە پێی ئارەزوی کوردەکان خۆیان دابمەزرێ.

2. موراجەعەتی کۆمەڵەی گەلان لەلایەن کوردەوە، هیچ پێوەندیەکی بە مەسەلەی ئەو کەمایەتیانەوە نیە کە نوسەر باسی کردون، لەبەر ئەم هۆیانە:

أ. سەرەتای ساڵی 1919 کوردەکانی ئۆتۆنۆمییان هەبو، بەر لە دامەزراندنی حکومەتی عیراق، لەسەر مافەکانی خۆیان بە قوڵی لەگەڵ ئینگلیز تێکچون، هەروەکو لەگەڵ عیراقیش رویدا. ناکۆکییەکە ئەو کاتە بو بە شەڕێکی قورس و، دوای ئەوەی ئینگلیز لەشکرێکی گەورەی هێنایە سەر کوردستان، ئینجا توانی داگیری بکا.

ب. ساڵی 1922 لە کاتێک دا حکومەتی عیراق هەبو، کورد لە روی ئینگلیزدا شۆرشی کرد، داوای مافەکانی ئەکرد. هێزەکانی ئینگلیزیان کە لە دەربەندی بازیان بون، ناچار کرد بکشێنەوە. لە سەرەتای مانگی 9 دا حاکمی سیاسی و فەرمانبەرەکانیان بە فرۆکە سلێمانییان بە جێ هێشت. لە ئەنجامی ئەوەدا موختاریەتێکی کوردی لە سلێمانیدا دامەزرا.

ج. ساڵی 1923 جارێکی تریش پێوەندی کوردی- ئینگلیزی گرژبوەوە، لە سەرەتای ساڵی 1923 ەوە شۆرش لە پێناوی ئەو مافانەدا تا سەرەتای ساڵی 1927 درێژەی کێشا. ئینگلیز بۆ ئەوەی مل بە کورد

کەچ بکا لەو شەڕانەدا کە لەو ماوەیەدا قەومان. بە فراوانی هێـزی ئاسـمانی و سـەربازیی هینـدی و جەیشـی عیراقی و هێزەکانی تری بەردەستی بەکارهێنا.

د. ساڵی 1930 کوردەکان نارەزاییان لـە لای کۆمەڵـەی گـەلان دەربـڕی. سـەبارەت بـەوەی پـەیمانی سەربەخۆیی عیراق و چونی بۆ ناو کۆمەڵەی گەلان. بەتەواوی مافـەکانی پشـت گـوێ خسـت بـون. وەکـو لـە مادەی یەکەمی ئەم بەیانەدا باس کرا. ئەم نارەزاییـە هێمنانەیە لای کۆمەڵـەی گـەلان. ئـەرکانی وەزارەتەکـەی عیراقی بە جۆرێ وروژاند. کەوتنە دانانی ڕێوشوێنی توندوتیژی ناژیرانە کە بو بـە هـۆی شۆرشـەکەی شـێخ مەحمود. ئەویش هەمدیسان بە هۆی هێز و سیاسەتی ئینگلیزەوە دامرکێنرایەوە.

هــ. هەرکەســێ چــاودێریی شۆرشــەکەی ســاڵی 1931-1932 ی شــێخ ئەحمــەدی بــارزان و سەرەنجامەکەی کرد بێ. پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی زۆر نیە بۆ ئـەوەی تـێ بگـا کـە ئینگلیـز ئەیانـەوێ بەرلەوەی عیراق بچێتە ناو کۆمەڵەی گەلانەوە. مەیدانەکەی بۆ چۆڵ بکەن.

بەوانەی سەرەوەدا دەر ئەکەوێ ئەتەوەی کورد لە کاتی پێویست دا لە قوربانیـدان دواناکـەوێ. ئیتـر چ پێویستییەکی بە هاندانی ئەم و ئەوە بۆ ئەوەی کـارێکی هێمنانـە بکـا بـۆ پێشـکەش کردنـی نـارەزایی بـە کۆمەڵەی گەلان.

ئەمە پوختەی گیروگرفتی کوردە لـە عیـراق دا. وابـزانم رون کردنەوەکـەم بـەس بـێ بـۆ دەرخسـتنی راستیی و. رونکردنەوەی باری سەرنجی کورد بۆ رای گشتی.

بەم بۆنەیەوە بە ئەرکی خۆمی ئەزانم وتارەکەم بەم چەند وشەیە کۆتایی پێ بهێنم:

هیچ کەسێکی ئەکورد مافی ئەوەی نیـە بـە نـاوی کـوردەوە دەس بخاتـە کاروبـاری کـوردەوە. لەگـەڵ ئەمەیش دا گەلی کورد بە خۆشییەوە پێشوازی ئەکا و دان ئەنێ بە چاکەی هەر کەسێک دا. لە هەر رەگەزێ بێ کە هاودەردی لەگەڵ مەسەلەی کورد بنوێنێ.

بەشی سێیەم*

بابەتی رۆژنامەوانی

* ئەم بەشە یەکەم جارە چاپ و بڵاو بکرێتەوە

1. هەندێ وشەی ڕۆژنامەوانی

ڕاگەیاندن، کە بە زمانی عەرەبی (اعلام) و بە زمانی فارسی (رسانە) و بە زمانی ئینگلیزی (media)ی پێ ئەڵێن، بەو هۆ سەرەکی‌یانە ئەوترێ کە پێوەندی لە گەڵ ژمارەیەکی زۆری خەڵک ئەکەن بە تایبەتی بە هۆی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەوە.

(ڕاگەیاندن) لە زمانی کوردی‌دا وشەیەکی ناتاشراو و تازە کورە نیە، بەڵکو وشەیەکی کۆن و ڕەسەنە. لە هەمو فەرهەنگە کوردی‌یەکان دا هەیە و لێک دراوەتەوە.

شێخ محەمەدی خاڵ لە (فەرهەنگی خاڵ) دا نوسیوێتی. (ڕاگەیاندن: گەیاندنی قسەیەک یا شتێک بە یەکێک).

گیوی موکریانی، کە خۆی یەکێ بوە لەوانەی لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی‌دا کاری کردوە، لە (فەرهەنگی کوردستان) دا نوسیوێتی: (ڕاگەیاندن: ئاگاداركردن. وەڵامدان).

هەرچەندە ڕاگەیاندن مەعنا کۆنەکانی خۆی لە دەس نەداوە و، ئێستایش وەکو جاران لە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵکدا بە زیندویەتی بە کار ئەهێنرێ، بەڵام پێشکەوتنی ژیان لە مەیدانی ڕۆژنامەوانی‌دا، مەعنایەکی تازەی پێ بەخشیوە، کە ئەویش دەربڕینە لەو دەزگا و هۆیانەی کە بە کار ئەهێنرێن بۆ پێوەندی لە گەڵ ژمارەیەکی زۆری خەڵک (بە نوسین لە ڕۆژنامەدا و، بە بیستن لە ڕادیۆدا و، بە بینین لە تەلەفزیۆن‌دا) بۆ گەیاندنی هەواڵ و باس و بابەت، بە هەمو جۆرەکانیەوە، بە خوێنەر و بیستەر و بینەر.

بەڵام وشەی (ڕۆژنامەوانی)، کە هەندێ کەس وشەی (ڕۆژنامەنوسی) و هەندێکی کە وشەی (ڕۆژنامەگەری) لە باتی بە کار ئەهێنن، کە بە زمانی عەرەبی (الصحافة) و بە فارسی (روزنامەنگاری) و بە ئینگلیزی (Journalism)ی پێ ئەڵێن، وشەیەکی تازەیە. تازە دروست کراوە و تازەیش بە کار ئەهێنرێ.

لێرەدا من باس تەنیا لە دەزگاکانی نوسین ئەکەم.

ئەگەرچی چینی‌یەکان لە دروستکردنی کاغەز و نوسینەوەی هەواڵی ڕۆژانە و داهێنانی چاپ دا پێش گەلانی تر کەوتون، بەڵام هونەری چاپ و هونەری ڕۆژنامەوانی لە ئەوروپاوە گەیشتۆتە ڕۆژهەڵات. هەر لە بەر ئەوە ئەو زاراوانەیش کە پێوەندی‌یان بە پیشەی نوسینەوەی دەنگوباس و هەواڵەوە هەبێ هەر لەوێوە داکەوتون و، گەیشتونەتە ناو ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات.

لە زمانە ئەورووپاییەکان دا بەم بڵاوکراوانەی کە ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە هەواڵ و دەنگوباسیان بڵاو کردۆتـەوە وتـراوە: گازێـت (Gazette)، جۆرنـاڵ (journal)، نیوزپەیپـەر (Newspaper) و نیوزلێتـەر (Newsletter). دواتر کە هونەری ڕۆژنامەوانی گەیشتە ڕۆژهەڵات هەندێ لەم وشانەیان بـە دەسـکارییەوە وەرگرتوە و هەندێکیشیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی خۆیان.

یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی لە سـەردەمی لەشکرکێشـییەکەی نـاپلیۆن دا (1798- 1801) لـە قاهیرە بە ناوی (التنبیە) دەرچوە. لە بەر ئەوە میسرییەکان لە چاو گـەلانی دراوسـێیان دا ئاشـنایەتییان لـە گەڵ ڕۆژنامەوانی دا زوتر پەیدا کردوە. محەمـەد عـەلی پاشا چاپخانـە کۆنەکـەی نـاپلیۆنی تـازە کـردەوە و، یەکەمین ڕۆژنامـەی ڕەسـمیی بـە زمـانی عـەرەبی سـاڵی 1828 لـە ژێـر نـاوی (الوقـائع المصـریة) دا واتـە (ڕوداوەکانی میسر) دا دەرکرد. لە تورکیایش ساڵی 1831 بابی عالی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕەسمیی بە زمـانی تورکی لە ژێر ناوی (تقویم وقائع) واتـە (ڕۆژژمێـری ڕوداوەکـان) دا دەرکـرد. لـە ئێـران یـش سـاڵی 1850 دەرباری قاجار یەکەمین ڕۆژنامەی ڕەسمیی بە زمـانی فارسـی لـە ژێـر نـاوی (وقـائع اتفاقیـە) واتـە (ڕوداوە قەوماوەکان) دا دەرکرد. هەر 3 ناو (الوقائع المصریە) ی عەرەبی و (تقویم وقائع) ی تورکی و (وقـائع اتفاقیـە) ی فارسی وشەی (وقائع) یان تێ‌دا دوبارە بۆتەوە کـە تەرجومـەی وشـەی (نیـوز) ی ئینگلیـزی و (نۆڤێـل) ی فەرەنسییە. بەڵام ئەم وشەیە نەیتوانی هەتا سەر بە زیندوویی لەم زمانانەدا بمێنێتەوە. بـەڵکو هەنـدێ وشـەی تر جێگەیان پێ لێژ کرد. لەوانە غەزەتە، جەریدە، روزنامە، ئەخبار، صحیفە، مەجەلە...

ڕۆژنامەوانی بە زمانی فارسی، پێش ئەوەی لە ئێران پەیدا ببێ لە هندستان دەستی پێ کردوە. یەکەمین بڵاوکراوەی چاپکراو بە زمانی فارسی کە (مرات الاحـوال) ە سـاڵی 1820 لـە هندسـتان دەرچـوە نـەک لـە ئێـران. هندسـتان ئەوسـا لـە ژێردەسـتی بریتانیـای گـەورەدا بـوە. کۆمپانیـای هنـدی شـەرقی دەسـەڵاتدار و حوکمڕانی بوە. ساڵی 1780 یەکەمین بڵاوکراوەی چاپکراو بە زمانی ئینگلیزی لە بەنگال دەرچـو. دواتـر یش بە زمانە ناوچەییەکانی بەنگالی، گەجەراتی، مەهاراتی، ئوردو، پەنجابی. لەو سەردەمەدا زمانی فارسی لـە هندستان هێشتا زمانی باوی نوسین و خوێندنەوە بوە. لە بـەر ئـەوە هەنـدێ لـە ڕۆژنامـەکانیان بـە فارسـی و هەندێکی بە تێکەڵ لە ئینگلیزی و فارسی و زمانی ناوچـەیی وەکـو بـەنگالی دەرکـردوە. ئـەوان ئـەو کاتـە وشەی (News) ی ئینگلیزییان وەرگێڕاوە بە (الاخبار) ی عەرەبی کە کـۆی (خبـر) ە و، بـۆ نـاو لـێ نـانی ڕۆژنامەکانیان هەندێ وشەی تریان خستۆتە سەری وەکو: (کاغذ الاخبار، مرات الاخبار، شمس الاخبـار، سـید الاخبار).

ساڵی 1855 یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی بە ناوی (مرات الاحوال) لە ئەستەموڵ دەرچو. پـاش 3 ساڵ واتە ساڵی 1858 (خلیل الخوری) لوبنانی (حدیقە الاخبار) ی لە بێروت دەرکرد و، هەر لە ئەسـتەموڵ لوبنانییەکی تر (احمد فارس الشدیاق)، کە لـە بنـەڕەت دا مەسـیحی، بـەڵام موسـوڵمان بوبـو، سـاڵی 1860 ڕۆژنامەی (الجوائب) ی دەرکرد کە 23 ساڵ بێ پسان دەرچو. لە سەردەمی خۆیدا لە پاڵ (الوقـائع المصـریة) ی قاهیرە و (حدیقة الاخبار) ی بێروتی‌دا گرنگترین ڕۆژنامەی عـەرەبی بـوە. ڕۆژنامەیـەکی بـڵاو و کاریگـەر و ناسراو بوە. ئەم ڕۆژنامەیە دەیان وشەی نوێی هێناوەتە ناو زمانی ڕۆژنامەوانی عەرەبییەوە لەوانە وشـەی (الجریدة).

کۆنترین وشەی کە بۆ ڕۆژنامە بە کار هێنرا بێ وشەی (گازێـت) ە. (گازێـت) بـەو دراوە وتـراوە کـە ڤینیسییەکان کڕین و فرۆشتنیان پێ کردوە. ساڵی 1566 لە شاری ڤینیسیای ئیتـالی چـاپکراوێکی ڕۆژانـە دەرچوە، هەواڵەکانی جەنگی نێوان کۆماری ڤینیسیا و دەوڵەتی عوسمانی بڵاو کردۆتەوە. نرخی دانەیەکی ئەم بڵاوکراوەیە یەک گازێت بوە. بۆیە بەو ڕۆژنامەیە، کە یەکەمین ڕۆژنامەی چاپکراو بوە وتراوە (گازێت). ئیتـر

بە دوای ئەودا لە ئیتالیا و هەندێ ولاتی تری ئەورووپادا هەر ڕۆژنامەیەک دەرچوبێ پێیان وتوە گازێت.

تورک وشەی (گازێت) ی لە زمانە ئەورووپاییەکانەوە وەرگرتوە و تورکاندویەتی و کردویەتی بە (غەزەتە) و، بە هەمو ڕۆژنامەیەکیان وتوە غەزەتە. عەرەب و کورد لە تورکیان وەر گرتوە و بە کاریان هێناوە. بۆ نمونە ڕۆژنامەی (الزوراء) کە ساڵی 1869 لە بەغداد دەرچوە نوسیویێتی: (الغزتة تطبع في الاسبوع مرة يوم الثلاثاء وهي حاوية لكل نوع من الاخبار والحوادث الداخلية والخارجية).

لەمێژوی ڕۆژنامەوانی کوردیدا، بۆ هەمو ئەو بڵاوکراوە دەورییانەی کە ڕۆژانە یان حەفتانە یان مانگانە دەرچون، چەند زاراوەی جۆراو جۆر بە کار هێنراون. وەکو: غەزەتە، جەریدە، مەجەلە، ڕۆژنامە، کۆوار، گۆڤار... هەندێ لەم زاراوانە لە زمانەکانی ترەوە وەرگیراون و، هەندێکیان کوردێنراون و، هەندێکیشیان داتاشراون.

وشەی (ڕۆژنامە) ی کوردی لە (روزنامە) ی فارسی وەرگیراوە. لە کۆنەوە وشەی روزنامە لە زمانی فارسیدا بە کار هاتوە. بەڵام ئەوسا، پێش ئەوەی ڕۆژنامەوانی دابێ، بەو دەفتەرانەیان وتوە روزنامە کە، داهات و خەرجی ڕۆژانەیان تێدا تۆمار کراوە. هەر ئەم وشەیە لە کۆنەوە لە زمانی فارسییەوە چۆتە زمانی عەرەبییەوە، بەڵام لە عەرەبیدا بە مەعنای ڕۆژژمێر (تقويم: Calendar) بە کار هێنراوە.

وشەی (جەریدە) یش، ئەگەرچی لە زمانی تورکی و فارسی و کوردیدا بە کار هێنراوە، ئەویش وشەیەکی عەرەبییە. لە کاتی خۆیدا بەو دەفتەرەیان وتوە جەریدە کە، لە دیوان و دەزگای کاربەدەستانی وڵات دا روداوی ڕۆژانەیان تێ دا تۆمار کراوە.

ڕەنگە یەکەمین کەسی کورد کە وشەی روزنامە و جەریدەی لە شیعرەکانی دا بە کار هێنا بێ حاجی قادری کۆیی (1816- 1897) بێ. ئەو کاتەی حاجی ئەم وشانەی بە کارهێناوە هێشتا ڕۆژنامە و جەریدەی کوردی لە دایک نەبوبون. حاجی قادر لە شیعرێکیدا ئەڵێ:

صەد قانیمە و قەصیدە، کەس نایکڕێ بە پولێ.
روزنامە وو جەریدە، کەوتۆتە قیمەت و شان(دیوان، ل 88)

لە شیعرێکی تریدا ئەڵێ:

کوردێکی وا نەبو هەستێتە سەر پێ
بزانێ خەڵقی چۆن کەوتونە سەر ڕێ
بکا سەیری جەریدە و حاڵی میللەت
کتێبی تازە و تەئریخی دەوڵەت
بزانێ تا چ قەوماوە لە ئەتراف
سەراپا ناگرە ئەتراف و ئەکناف(دیوان، ل 231)

وەفایی یش لە شیعرێکیدا ئەڵێ:

حیکایاتی غەریبەی پێیە بولبول، جوملە خۆکردی،
دەڵێی چاپاری ئێران ڕۆژنامەی أختری هێنا

کوردستان (قاهیرە، جنێف، فۆلکستن، 1898- 1902) یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، بۆ ناساندنی خۆی لە وتارە تورکییەکانیدا وشەی غەزەتەی بەکار هێناوە. بەڵام لە وتارە کوردییەکانیدا وشەی (جەریدە) ی بە کار هێناوە. لە لای چەپی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکەدا بە تورکی نوسیویێتی: (عنوان: مصردە "کردستان" غزتەسی) بەڵام لە لای ڕاستیدا بە کرمانجی نوسراوە: (هەر جار دو هەزار جەریدەیا بێ پارە ئەزێ ڕێ کەم کوردستانێ دا بدەن خەڵکی). هەروەها لە سەروتاری هەمان ژمارەدا نوسیویێتی: (... دنیایێدا

چقاس موسولمان هەبن، گوند و باژێرێن حەمیانە مەکتەب و مەدرەسە و جەریدە هەنن. چ نەبێ چ نابێ جەریدە دنڤیسن...) لە هەمان وتاردا چەندین جار وشەی (جەریدە) ی دوبارە کردۆتەوە. هەر لەو ژمارەیش دا شیعرێکی حاجی قادری کۆیی بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا دەڵێ:

زەمانە رەسمی جارانی نەماوە
چراغی نازم و مونشی کوژاوە
لە دەوری ئێمە رۆمان و جەریدە
ئەگەرچی مەقصەدە، زانینی باوە

کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی (ئەستەمول، 1908)، دوەمین رۆژنامەی کوردی، ئەویش وەکو لە ناوەکەیدا دەردەکەوێ بە تورکی وشەی غەزەتەی بە کار هێناوە. بەڵام لە ژ 6 ی دا لە شیعرێکی کرمانجی محەمەد تاهیر جزری نوسیویێتی: (بڤان هستری شادی کو دچاڤێ من دباری/ ئەگەر قەلەم بکارە نەقش کەت، حەساندنا دلێ من/ بۆ پیرۆزیێدا تفاق و جەریدا ولایەتێ من/ دێ صەدهەزار کیتابا بنویسم و بکەم دیاری)

رۆژی کورد (ئەستەمول، 1913) بە تورکی وشەی (مەجموعە) ی عەرەبیی بە کار هێناوە کە وەرگێرانی (کۆلێکشن) ی ئینگلیزی و (کۆلێکسیۆن) ی فەرەنسییە. بەڵام لە دوەمین ژمارەیدا سالح بەدرخان بە ناوی م. س. نازیزییەوە لە وتارێکی کرمانجیدا لە ژێر ناوی (هشیار بن) چەند جارێ وشەی جەریدەی بۆ رۆژنامە بە کارهێناوە. لەم وتارەدا نوسیویێتی:

"ئیرۆ تاریخەکی کوردا تونینە. کوردا نزانن بەری نهۆ خۆیی چە بین. ژ ئەوەڵ خۆرا، ژ ئیسلامەتیڕا چ خدمەت کرنە.

"ئیرۆ غەزەتەک کوردی نینە. نکارن خۆ ژ تەعەدایە، ژ حیلە و دەسیسەی سیاسەت خۆ ماحەفەزە بکەن. خۆندن و نویساندنی کرمانجی نینە. حەتا نهۆ کەسەک کتێبەکی صەرف و نەحوی تەدوین نەکریە.

"ئیرۆ تو قەوم نەمایە کۆ هەر یەک نە خۆیی پازدە بیست جەریدا بە. بڤان جەریدا حالێ خۆ بەیان دکەن. دەردێ خۆ تەشریح دکەن. مەتلەبەک وان هەبە دخوازن. جەریدە ژ هەر قەومەکیڕا دبە شونا عەزمانێ. حەچ قەومێ بێ جەریدەیە ئەو مرۆڤەک لالە. نە دکارێ دەردێ خۆ بێژێ و نەژی سەح دکە حال و مەوقیعی خۆ چیە."

هەر لە دوەمین ژمارەیدا خەلیل خەیالی بە ناوی (مودانی خ.) موە لە وتارێکی کرمانجیدا لە ژێر ناوی (پیرۆزناوە) دا نوسیویێتی: "هەژمارە ئەوەلی رۆژناوەی وە من خۆند گەلەک پێ چاونور و دلخۆش بوم...". لە شوێنێکی تریش دا دیسان نوسیویێتی: "رۆژناوەی وە پیرۆز بێ". هەردوجار وشەی رۆژناوەی خستۆتە ناو جوتکەوانەوە. دیارە مەبەستی لە وشەی رۆژناوە هەمان وشەی رۆژنامەیە کە ئیستا بە کار دێ. بەڵام ئەویش لە زمانی کوردیدا نەیتوانیوە جێی خۆی بکاتەوە.

هەتاوی کورد (ئەستەمول، 1913- 1914) و، بانگی کورد (بەغداد، 1914) وشەگەلی (غەزەتە، جەریدە، مەجموعە، رسالە) یان بە کار هێناوە.

تێگەیشتنی راستی (بەغدا، 1918) رەنگە یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی کە بۆ ناساندنی خۆی بە خوێنەرەکانی وشەی رۆژنامەی بە کار هێنابێ. کە دەسەڵاتی ئینگلیز لە 1 ی 1 ی 1918 دا، واتە لە دوا ساڵی یەکەمین جەنگی جیهانیدا لە بەغداد دەری کردوە. لە ژێر ناوی یەکەمین ژمارەیدا نوسیویێتی: (رۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتیماعی و خاییمی یەکبون و سەربەستی کوردانە) ئەم پێناسەیەی خۆی تا دوا ژمارەی، کە ژمارە 67 ە، دوبارە کردۆتەوە.

پێشکەوتن (سلێمانی، 1920- 1922) لە ژێر ناوەکەیدا نوسیویێتی: (حەفتەی جارێک دەردەچێت) لە زۆری ژمارەکانی سەرەتادا ناوی (غەزەتە) و (جەریدە) و (رۆژنامە) نادا و بە خۆی دەڵێ: (دائیرەی

پێشکەوتن). بەڵام لە ژ 13 دا نوسیویەتی: (بۆ زانین: ئەوانە کە هەتا ئیستا پارەی پێشکەوتنیان نەداوە وا لە مەولا بۆیان نانێرین. بەڵام تا ئیستا کە 13 قەزاتەیان بۆ چوە پارەی ئەوە دەبێ بنێرن و بیدەن. ئەوانە کە بۆ سێ مانگ پارەیان دابو ئەگەر دەیانەوێ قەزاتەیان بۆ بچێت پارەی تر بنێرن ئەگینا بۆ ئەوانیش نانێرین). لێرەدا وشەی قەزاتە بە هەڵە لە باتی غەزەتە بە کار هاتوە. بەڵام لە ژمارەکانی تریدا وشەکە راست کراوەتەوە و، هەندێ لە رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە کە وەکو سەرچاوەی هەواڵ لە پێشکەوتن دا باس کراون بە غەزەتە و جەریدە ناوبراون. لە ژ 55 دا وشەی غەزەتەی تایمسی بەغداد و لە ژ 71 دا غەزەتەکان و لە ژ 96 دا غەزەتەی ایللری و غەزەتەی اقبال و غەزەتەی ایران و، لە ژ 85 دا وشەی (جەریدە) و (جەرائیدی ئەستانبول) ی بە کار هێناوە.

لە ژ 118 یدا کە دواژمارەیەتی نوسیویەتی: (لەم رۆژانەدا بۆ خزمەتی وڵات و بەرزکردنەوەی مەعاریف جەمعیەتێک بە ناوی جەمعیەتی کوردستانەوە لە سلێمانی تەشەکولی کردوە. بە ناوی بانگی کوردستانەوە ئیمتیازی غەزەتەیەکیش وەرگیراوە کە ئەم جەمعیەتە ئیدارەی دەکات و جەنابی حاجی مستەفا پاشا مودیری مەسئولێتی. ئەو غەزەتەیە لە مەولا هەفتەی جارێک دەردەچێت)

بانگی کوردستان (سلێمانی، 1922) کە راستەوخۆ بە دوای (پێشکەوتن) دا دەرچوە لە ژێر ناوەکەیدا نوسیویەتی: (عیلمی، ئیجتیماعی، ئەدەبی، غەزەتەیەکی حورڕ و سەربەستی میللیە).

رۆژی کوردستان (سلێمانی، 1922) کە بە دوای بانگی کوردستان دا دەرچوە نوسیویەتی: (سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی، غەزەتەیەکی رەسمیە)

بانگی حەق (جاسەنە، 1923) لە ژێر ناوەکەی دا نوسیویەتی: (سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی، غەزەتەیەکی رەسمیە لە قەرارگاهی عومومی ئوردوی کوردستان تەبع دەکرێ).

ئومێدی ئیستیقلال (سلێمانی، 1923- 1924) نوسیویەتی: (سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی، غەزەتەیەکی رەسمیە).

ژیانەوە (سلێمانی، 1924- 1926) لە ژێر ناوەکەیدا نوسیویەتی: (ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی حکومەتیە هەفتەی جارێک دەردەچێ).

ژیان (سلێمانی، 1926- 1938) کە بە دوای ژیانەوەدا دەرچوە ئەویش لە ژێر ناوەکەیدا نوسیویەتی: (ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعیە. هەفتەی جارێک دەردەچێ). ژیان تا ژ 410 ی 15 ی مایسی 1934 هەر وشەی (غەزەتە) ی بە کار هێناوە. لە 1934 بە دواوە ئینجا وشەی (رۆژنامە) ی بە کار هێناوە و نوسیویەتی: (ژیان: رۆژنامەیەکی کوردیە).

دیاریی کوردستان (بەغداد، 1925- 1926) رەنگە یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی بێ، لە دوای (تێگەیشتنی راستی، بەغداد، 1918) کە وشەی رۆژنامەی بە کار هێنابێ. دیاریی کوردستان لە دیباچەی یەکەمین ژمارەیدا نوسیویەتی: (لە پایتەختی حکومەتی فەخیمەی عیراقیەدا جەریدەیەکی سیاسی و یەومی لازم بو کە لیسانحاڵی میلەتی کورد بێ، ئەوەڵەن بۆ ئیمتیازی رۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتیماعی و ئەدەبی و ئیقتیصادی ئیستیدعایەکم دابو. لاکین قەوانین و ئەوامیری حکومەت بۆ نەشری جەریدەی سیاسی دو هەزار روپیەی نەقدی دیپۆزیتۆی تەلەب ئەکرد). لە دوا لاپەڕەی بەرگەکەیدا خۆی بەمجۆرە بە خوێنەوار ناساندوە، بە کوردی نوسیویەتی: (رۆژنامەیەکی ئیجتیماعی و ئەدەبی و مصەوەرە) و، بە زمانی عەرەبی یش نوسیویەتی: (جریدە، ادبیە، اجتماعیە، مصورە). ئەبێ دیاری لە بەکارهێنانی وشەی (رۆژنامە) دا مەبەستی هەمان وشەی تورکی (غەزەتە) و وشەی عەرەبی (جەریدە) بو بێ کە بە گشتی بۆ چاپکراوی رۆژانە و هەفتانە و مانگانە بە کار هێنراوە. ئەگینا دیاریی کوردستان لە شێوەی گۆڤاردا چاپکراوە.

زاری کرمانجی (ڕەواندز، 1926- 1932) له ژێر ناوی یەکەمین ژمارەیدا نوسـیوێتی: (کـۆوارێکی ئیجتیماعی، تاریخی، فەنی، ئەدەبی، مانگییە) ئەم پێناسەیە تا دوا ژمارەی کە ژمارە 26 ە دوبارە بۆتەوە. لـەو سەردەمەدا لە زمانی ڕۆژنامەوانی عەرەبی و تورکی و فارسیدا وشەی (مەجموعە) کە تەرجەمەی (کۆلێکسـیۆن) ی فەرەنسییە بە کار هێنراوە. حوزنیی موکریانی ڕەنگە وشەی (کۆوار) کە بە کۆڤار ئەخوێنرێتەوە لە بـاتی (مەجموعە) و (کۆلێکسیۆن) داتاشی بێ و بە کار هێنابێ.

هاوار (شام، 1932) لە ژێر ناوی یەکەمین ژمارەیدا نوسیوێتی: (کۆمەلا کوردی) کە دیـارە مەبەسـتی لە وشەی (کۆمەڵ) هەمان (مجموعە) ی عەرەبییە. بە تایبەتی چونکـە لـە بەشـە عەرەبییەکـەی هـەمان ژمـارەدا نوسیوێتی: (لقد اسسنا مجموعة هاوار لغاية علمية وادبية محضة) لە ژ 5 یدا وشەی کومەلی گۆڕیوە بە کۆڤـار و لە ژێر ناوی هاوار دا نوسیوێتی: (کۆڤارا کوردی). هەر لـەم ژمارەیـەدا نامەیـەکی حـوزنی موکریـانی بـڵاو کردۆتەوە. دور نیە لە سەر پێشنیاری ئەم، جەلادەت بەدرخان وشەی کۆمەڵی گۆڕی بێ بـە کۆڤـار. لـە ژ 8 ی هاوارەوە لە تەنیشت (کۆڤارا کوردی) نوسیوێتی (مجله کردیه).

ڕونـاکی (هـەولێر، 1935) کـە ئـەویش وەکـو زاری کرمـانجی حـوزنی موکریـانی سەرنوسـەر و بەڕێوەبەری بوە، لە ژێر ناوەکەیدا نوسیوێتی: (کۆوارێکی هەفتەیی عیلمی ئیجتیماعی ئەدەبی کوردییە).

گەلاوێژ (بەغداد، 1939- 1949) لە ژێر یەکەمین ژمارەیدا نوسـیوێتی: (گۆڤـارێکی ادبـی و ثقـافی مانگی کوردییە). تا دوا ژمارەی هەمان وشەی بە کار هێناوە.

نیشـتمان (موکریـان، 1943) لـە ژێـر ناوەکـەیدا نوسـیوێتی: (کـۆوارێکی کۆمەڵایـەتی، ئـەدەبی، خوێندەواری، مانگی کوردیە)

دەنگی گێتیی تازە (بەغداد، 1943- 1946) کە ئەویش حوزنی سەرنوسەری بوە، لە ژێر ناوەکەیدا نوسیوێتی: (کۆوارێکی ئەدەبی-خوێندەواری، زمانی، ئیجتیماعی، پەیامی، هەفتەیی - کوردیە)

نزار (بەغداد، 1948) لە ژێر ناوی بەشی کوردیدا نوسیوێتی: (گۆڤارێکی حەفتـەیی سیاسـی کـوردی و عەرەبییە)

رۆژا نو (1943- 1946)، کامەران بەدرخان لە چەندین ژمارەیدا کە بە کرمانجی و بە پیتی لاتینـی لە بێروت دەری کردوە لە ژێر سەردێڕی (چاپا کوردی) دا نوسـیوێتی: (نها ب زمـانێ کـوردی هەڤـدە کۆڤـار و رۆژنامە دەرکەڤن). لەم هەواڵە کورتەدا ناوی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئـەو سـەردەمە و شـوێنی دەرچونیـان باس ئەکا.

هەتاو (هەولێر، 1954- 1961) نوسیوێتی: (کۆڤارێکی وێژەیی - ادبی- کوردیە).

لە چلەکانی سـەدەی بیسـتەمەوە وشـەی (ڕۆژنامـە) لـە بـاتی وشـەی (غەزەتـە) ی تـورکی و (جریـدە) و (صحیفە) ی عەرەبی و، وشەی کۆڤار (کۆوار)، کە دواتر بۆتە گۆڤار، لە بـاتی وشـەی (مجلـە) ی عـەرەبی لـە زمانی ڕۆژنامەوانی کوردیدا لە عیراق و سوریا و ئیران چەسپیوە و جێگیر بوە.

2. کێشەی دارایی‌ی ڕۆژنامەوانی‌ی کوردی

سەرباری کێشەی سنورداریی ئازادیی ڕۆژنامەوانیی کوردی، کێشەی دارایی. بە واتایەکی تر کێشەی دابینکردنی پارەی بارەگا و چاپ و بڵاوکردنەوە و کارکەرانی ڕۆژنامەکە، مەسەلەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە گیروگرفت بوە. ڕۆژنامەوانی دەزگا و دامەزراو نەبوە و، نە بۆتە کارێکی بازرگانی تا بتوانێ خۆی بژێنێ. بەڵکو کارێکی یەکتەنی بوە. بەستراوە بە دەسپێشکەری و توانای دارایی خاوەنەکەیەوە. لە بەر ئەوە هەندێ لە ڕۆژنامە کوردییەکان، بێ ئەوەی دەزگاکانی حکومەت دایان بخەن. لە بەر بێ دەرامەتی، خۆیان پەکیان کەوتوە.

سەرچاوەی بژێوی ڕۆژنامەی کوردی بریتی بوە لە:

1. توانای دارایی خاوەنی ڕۆژنامەکە و،
2. ئابونەی بەشدارەکانی و،
3. پارەی ئیعلانات، بە تایبەتی ئیعلاناتی حکومەتی.
4. یارمەتی خێرومەندانی کورد، ئەگەر بوبێ.

ئابونەی بەشدارەکان سەرچاوەی سەرەکی بوە. لە بەر ئەوە هیچ ڕۆژنامەیەکێ کوردی نیە، لەم بوارەدا هاواری لێ هەڵنەستابێ و، گلەیی لە ئابونەکانی نەکردبێ و، داوای داردنی نەکردبێ.

لێرەدا چەند نمونەیەک ئەنوسمەوە

2. 1. پێشکەوتن

یەکەمین ڕۆژنامە کە لە سلێمانی دەرچوە (پێشکەوتن) بوە. ئەگەرچی ڕۆژنامەیەکی حکومەتی بوە و، دەسەڵاتی داگیرکەری ئینگلیزی لە پشت بوە، لە گەڵ ئەوەیشدا کێشەی ئابونەی هەبوە. لە ژ 11 ی ڕۆژی 8 ی جولای 920 دا مستەفا مەزهەری بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە نوسیویتی:

"بۆ خزمەت کڕیارەکان: ئەوانەی کە هێشتا پارەی کڕینی (پێشکەوتن) یان نەداوە ئەگەر پارە نەنێرن لە مەولا بۆیان ناچێت. کڕیارەکانی ناوشار پارە بنێرن بۆ بەندە. هینەکانی دەرەوە بە پۆستەدا بینێرن بۆ پێشکەوتن.

"کڕیارەکانی دەرەوە ئەبێ پارەی پۆستە، کە (پێشکەوتن) یان بۆ دەبا، جارێ نیو نانەیە. لە گەڵ هی کڕینەکەدا بینێرن. مستەفا"

لە ژ 19 ی 2 ی سەپتەمبەری 920 دا دیسانەوە نوسیویەتی:

"بۆ کڕیارەکان: ئەو زاتانەی کە هەتا ژمارە 13 ی (پێشکەوتن) یان بۆ چوە و هێشتا پارەیان نەداوە تکام وایە کە ئەو پارەیە کەرەم بکەن و بینێرن بۆ پێشکەوتن.

"ئەم پارەیە کە بە پێشکەوتن دەدرێ بەشی کاغەزەکەیشی نیە. ئینجا کەوابو پێ بە کەڵکەوە نەنێن باشە. ئەوی خوا پێمان دەبەخشێ و بۆمان دەگەیەنێ ئاگاداری بکەین، قەدری بگرین، شوکر و سەنای لە سەر بکەین، تا زیاترمان دەست کەوێت. ئەگینا پەشیمان دەبینەوە، پەشیمانی‌یش کەڵک ناگرێت. مستەفا"

دوای دەرچونی زیاتر لە 100 ژمارەیش لە ژ 106 ی 4 ی مەی 1922 دا نوسیویەتی:

"پێشکەوتن: لە ژمارەی 104 ەوە دوەم ساڵی پێشکەوتن تەواو بوە لە ژمارە 105 ەوە کڕیارەکان قەرزباری ساڵی تازەن. ئەوی تالبە سەرلەنوێ قەید دەکرێتەوە. ئەوانەی کە لە ئابونەی پار قەرزبارن تکا دەکەین لە گەڵ هی ساڵی تازەدا ئابونەکانیان بگەیەنن. هەچکەس تالبی قەید کردنەوە نیە مەعلومات بدا تاکو غەزەتەی بۆ نەنێررێت."

2. 2. دیاریی کوردستان

بە 3 زمانی کوردی، عەرەبی و تورکی لە بەغداد دەرچوە. لە دوا لاپەڕەی هەمو ژمارەکانی‌دا نوسیویەتی:

"کڕیاری: لە بەغدا ساڵی بە 12، شەش مانگی بە 7. لە دەرەوە ساڵی بە 15، شەش مانگی بە 8 روپیەیە. بۆ قوتابی و فەقێ، لە بەغدا ساڵی بە 10، لە دەرەوە بە 12 روپیەیە.

"بۆ مەمالیکی ئەجنەبیە، ئوجرەتی پۆستەی ئەخرێتە سەر.

"بۆ ئیعلانات، مشتەری لە تەک ئیدارەخانە پێک یەت."

لە ژ 14 ی 21 ی تشرینی یەکەمی 1925 دا لە ژێر ناوی (رجا) دا نوسیویەتی: "دەستگیر و یاریدەدەرمان خزمانە، خێرخواهان و ئاشنایانە. هیوامان هەر بە وانە و بە سەعی و غیرەتی خۆمانە. سەرمایەیەکی تر و پشتیوانێکی ترمان نیە. بۆ دەوام و گەورەبونی (دیاریی کوردستان) و نەفعی هەمومان رجا ئەکەین قیمەتی کڕیاری فەرامۆش نەفەرمون. بە پۆستەدا بینێرن. ئەوانەی کڕیار نین و جەریدەیان بۆ ناچێ داوا بکەن، خۆیان گەورەیەتی بنوێنن، بۆمان بنوسن."

لە ژ 16 دا لەژێر سەردێڕی: (بۆ هەمو برا و خزمان) دا نوسیویەتی:

"دیاریی کوردستان، بە حەسەبی وەزعیەت و رەسم و نەفاسەتی، مەسرەفی لە ئەمسالی گەلێ زیاترە. بۆ کەس زەرەری نەبوە. بۆ خێر و نەفعی میللەت و ئەمسالی تەنسیر و خزمەتی بوە. وەک دائیمەن گوتومانە ئەمە هی خۆمانە، هیوامان هەر بە خۆمانە و بە غیرەتی برا و خزمانە. حسێن ئەفەندی تەحسیلدارمان بە عائیدات بۆ دەرەوە نارد زۆر رجا ئەکەین تەئخیری مەکەن. لە ژێر ژمارەی موتەسەلسیل، موقابیلی مەقبوزی مەتبوع و مەمهور بە ئیمزای صاحیبی ئیمتیاز و مۆری ئیدارەخانە، قیمەتی کڕیاری پێ کەرەم بفەرمون. ساڵانەی هەزار لاپەڕەی بە پانزە رۆپیە زۆر نیە. قەناعەت و فیداکاری تیادایە. گەلێ مەسرەفی لێ کراوە مەسرەفی خۆی دەرنەهێناوە. مەتڵەبمان بۆ نەفع و خێری میللەت و مەملەکەتە. مان و گەورەبونی بە بەخێوکردنی وەجیبەی هەمومانە. بۆ ئەمە ئابونە بون و فەرامۆش نەکردنی ساڵانەی کافیە هیچی تری پێ ناوێ. ئەوی بۆ خودا و خۆ بێ لە کیس ناچێ."

2. 3. ژیان

ژیان لە ساڵی دوهیەوە چەندین جار و بە چەند چەشنی جیاواز، داوای پارەی لە ئابونەکانی کردوە:

لە ژ 55 و 56 و 59 و 61 و 64 و 69 و 74... دا ئەم داوایەی دوبارە کردۆتەوە:

"ژیان

"ئەتانەوێ ئەم قەزاتەیە بەڕێوە بچێ و بژی حەقی کڕیارییەکەی دوا مەخەن و زو بینێرن."

لە ژ 58 دا نوسیویتی:

"تکا لە کڕیارە موحتەرەمەکانمان

"لە کڕیارەکانی دەرەوەمان خاسەتەن تکا ئەکەین کە بۆ ئەمەی بە ڕێکوپێکی غەزەتەکانیان پێ بگات و، مەیدانی گلەیی نەمێنێ، لەمەودوا لوتفەن لە گۆڕینی ناوونیشانیان زو خەبەردارمان بفەرمون.

"وە دیسان تکا ئەکەین ئەوانەی کە قەرزداری ژیانن و بەدەلاتی ئیشتیراکیان پڕ نەکردۆتەوە بە بێ دواخستن بە ناوی ئیدارەخانەوە بە ناردنی هیمەت بفەرمون."

لە ژ 79 دا نوسیویتی:

"تکا لە کڕیارەکانی دەرەوەمان

"تا ئێستا بۆ ناردنی بەدەلاتی ئابونە کە لە بەقایادا ماوەتەوە گەلێ جار عەرزمان کرد. کڕیارە موحتەرەمەکانی دەرەوەمان لە گەڵ ئەمەی کە ئەمڕۆ مودەتێکە غەزەتەمان دەرئەچێ هێشتا ئەعزەمیان بەدەلاتی ئیشتیراکیان نەداوە. ئەمە ئەبێتە مانیعی بەڕێوەچونی (ژیان) مان. بۆ هەمو لایەک خسوسی میقداری مەتلوباتمان عەرز کردوە، رجا ئەکەین بە بێ دواخستن هەرکەسە حسابی خۆی پڕ بکاتەوە و دیسان تکا ئەکەین بۆ ئەمەی مونتەزەمەن غەزەتەکانیان پێ بگات و مەیدانی گلەیی نەمێنێ لەمەودوا لوتفەن لە گۆڕینی ناوونیشانیان زو خەبەردارمان بفەرمون."

لە ژ 89 دا نوسیویتی:

"بۆ کڕیارە موحتەرەمەکانمان

"تەبیعی هەمو ئەیزانن ئیدارەکەمان مەساریفاتی زۆرە. بۆ تەبعی غەزەتەیەک پارەیەکی زۆر لازمە. موقابیل بە هەمو سەرفیاتێ واریداتی پێویستە. رجا لە کڕیارەکانمان ئەکەین و ئەم مەسئەلەیە حەواڵەی ویجدانیان ئەکەین. ئەوانەی کە حەقی دو ساڵ سێ ساڵیان لە سەرە و لە ئیبتیدای نەشری ئەم غەزەتەوە هێشتا هیچیان نەداوە یا بە جارێ وە یاخود بە قیست پارەی ئابونەکەیان بنێرن. ژیان"

لە ژ 133 دا بە هەڕەشەوە نوسیویتی:

"ئاخر رجا

"هەتاکو ئێستا بۆ تەراکومی بەدەلاتی ئابونەی غەزەتەکەمان موتەعەدید دەفعە رجامان لە مشتەریەکانمان کرد لەوانەی کە هێشتا حەقی 3 و 4 ساڵیان لایە. رجا ئەکەین بۆمان بنێرن وەئیلا وەکو غەزەتەکەیان بۆ نانێرین مەجبور ئەبین بە موراجەعەتی قانونی و لە غەزەتەیشا ناویان دەرج ئەکەین. ژیان"

پێ ئەچێ هەمو ئەم رجا و تکا و هەڕەشەیە کەڵکی نەبوبێ، لەبەر ئەوە یەکێ لە فەرمانبەرەکانی چاپخانەیان ناردوە بۆ کۆکردنەوەی. لە ژ 184 دا نوسیویتی:

"تکایەکی تایبەتی

"هەمو ئەیزانین لە موحیتی کوردستانا هەر ئەم غەزەتە کوردیە هەیە و، ئەمەیش چونکی مشتەریەکانی معاوەنەتی ناکەن و حەقەکەی لە میعادی خۆیدا تەسلیم ناکەن ئەک قابیل نیە ئینتیزامێکی پێ بدرێ بەڵکو ئەگەر هەر وا بمێنێتەوە ناژی. ساڵانەی غەزەتەکە ئەوەندە نیە کە ئەهمیەتی بێ، حەقی چوار ساڵی موقابیل

حەقی ساڵێکی غەزەتەیەکی ترە. لە سەر هەمو حەمیەتمەندێک و وەتەنپەروەرێک پێویستە بە جدی معاوەنەتی بکات و بیژێنێ.

"ئینجا بۆ ئەوەی غەزەتەکەمان بژی و بتوانین ئینتیزامێکی پێ بدەین رجا لە مشتەریەکانی خاریج و داخل ئەکەین وە بیلخاسە لە قیسمی مەئمورین و ئەوانەی کە هێشتا حەقی چوار ساڵیان لا ماوە و مەبلەغێکی زۆر قەرزدارن. ئیتر مەیدانی نوسین و بەعزێ معامەلە نەدەن و. بە ئەوەل واسیتەدا بە ناوی سندوقی بەلەدیەی سلێمانیەوە چەند قەرزدارن بۆمان بنێرن و رجاکەمان تەرویج بفەرمون.

"زاتەن لە موەزەفینی مەتبەعە شێخ تەیب ئەفەندی بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی غەزەتەکە نێررا بۆ کەرکوک، هەولێر، رەواندز، کۆیە، شەقڵاوە، ئیستیرحام ئەکەین معاوەنەتی بفەرمون و بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم بکەن."

عەلی عیرفان لە ژ 82 ی 20 ی 9 ی 1927 دا، بە ناونیشانی (تەشەکورات و رجا) نوسیویتی:

"..... لە 1 ی ئەم مانگەوە هەفتەی دو کەرەت: دوشەموان دەفعەیەک و پێنجشەموان دەفعەیەک، غەزەتەکەمان ئینتیشار ئەکات. وە تەبیعی لەمەودوا مەتبەعەکەمان مەسرەفێکی فەوقەلعادە زیاتر بە ناوی خزمەتی میلەت و وەتەنەوە ئیختیار ئەکات. لەبەر ئەوە رجا ئەکەین لە مشتەریەکانمان کە معاوەنەتمان بفەرمون و، لە وەقت و میعادی خۆیدا بەدەلی ئابونەی غەزەتەکە بە ناوی بەلەدیەوە بۆمان رەوانە بفەرمون..."

لە ژ 97 دا ئەم (تکا) یەی بڵاو کردۆتەوە:

"لە موەزەفینی دائیرەی مەتبەعە تەیب ئەفەندی بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی ئابونەی ژیان نێررا بۆ لیوای کەرکوک، هەولێر، قەزای چەمچەماڵ. تکا لە مشتەریەکانمان ئەکەین بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم و معاوەنەتی لازمەی لە حەق ئیجرا بفەرمون."

لە ژ 184 دا ئەم ئاگاداریەی بڵاو کردۆتەوە:

"... لە موەزەفینی مەتبەعە شێخ تەیب ئەفەندی بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی غەزەتەکە نێررا بۆ کەرکوک، هەولێر، رەواندز، کۆیە، شەقڵاوە، ئیستیرحام ئەکەین معاوەنەتی بفەرمون و بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم بکەن."

لە ژ 220 یش دا ئەم ئاگاداریەی بڵاو کردۆتەوە:

"تکایەکی تایبەتی

"ئیدارەی غەزەتەکەمان، بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی ئابونە، ئەوی لە خزمەت ئەو زەواتە کیرامانەیە کە لە بەغدادن، جەنابی شاکیر موجریم ئەفەندی کردوە بە وەکیل، ئەفتەرێکی موسەدەقی بۆ ناردوە، ئیستیرحام لە مشتەریەکانی بەغدادمان ئەکەین ئەو میقدارە پارەیەی کە لە خزمەتیانایە و کە لای شاکیر ئەفەندی مەعلومە بە تەواوی تەسلیمی بفەرمون.

"ئومێدی قەویمان بە کرێیارە موحتەرەمەکانمان هەیە کە بۆ یاریەدانی غەزەتەکەمان هەمو نەوعە معاوەنەتێک دریغ نەفەرمون و تیکراری ئیستیرحام ئەکەین بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم بفەرمون. ژیان"

پیرەمێرد، شێخی رۆژنامەوانەکانی کورد، لە (ژیان، ژ 458 ی، 12 ی تشرینی یەکەمی 1935) دا لە ژێر سەردێری: (ژیان و ئاخر قسەی) دا بە توڕەییەوە نوسیویتی:

"ژیان، ئەمە ساڵێک و دو مانگ ئە ساڵ تێپەڕی کە بۆ ئابونەکانمان دەچێ. هەندێ پارەیان ئەنارد. چەند زەواتی کیرامان هەیە کە میللەتپەروەرن و، دارا و، بووەن، رۆژی وا هەیە چارەک دیناری بە هەوا خەرج ئەکەن بە ساڵێ چارەک دیناری بۆ رۆژنامەکەی خۆیان نانێرن. کە کوردستان هەمو چرایەکی کوژاوەتەوە

تەنها ژیانی ڕەنگێکی میللەتەکەی خۆی دەنوێنێ و، تا ئێستا بۆ هەمو تەنگانەیەک لە پێشەوە بوە و لە هیچ نەترساوە و نایشترسێ. خوا یاربێ، لە هیچ لایەکیشەوە هیچی بۆ نایێ هەر دەژی. خۆی پیرە بەڵام ڕۆحی نەوجەوانانی لە پشتە، ئەو نەوجەوانانەی کە بۆ پارێزگاری میللەتەکەیان لە مەیدان نەعرەیان کێشا و ژیانی پیریان هێنایە جۆش.

"ژیان هەندێ پارچەی وەک ڕۆحی مەولەوی و، پەندی پێشینان و، دوازدە سوارەی مەریوان و، مەم و زینی تیایە، کە کۆلیکسیۆنەکەی بە دینارێکە، چ جای ئەمە ساڵی صەد و پەنجا فلسمان بە پولی پۆستەی داوە.

"ئەوانەی کە بۆمان ناردون بە پیاومان ناسیون، ئێستا ئەگەر پارەی ئابونە نەنێرن، چونکو عەکسی ئەمەلن، ئیتر ڕۆژنامەیان بۆ نانێرین و، لە مەودوا هەرکەسێکیش پێشین پارە نەنێرێ ڕۆژنامەی بۆ ناچێ.

"تا هەفتەی داینده هەرچی پارەی ئابونەی نەداوە لە ژێر ناوی سەرچەوتیدا ناوی ئیعلان ئەکەین. ئیتر کەیف و خەتای خۆتانە!"

هەر پیرەمێرد لە (ژین، ژ 562، 13ی نیسانی 1939) دا لە ژێر سەرناوی: (گلەییەکمان لە زاتێکی بزورگ) دا نوسیویەتی:

"جەنابی جەمیل ئاغای سەرداری عەشرەتی هەمو گەردی 3 ساڵ لەمەوپێش لە خەمەت ئەحمەد بەگی موتەصەریفی هەولێردا خۆی و 3 ڕەئیسی ئابونەی ژیان بون. 2 ساڵ بە پۆستەدا بە واسیتەی وەستا ئەمینی بەربەرەوە لە هەولێر غەزەتەمان تەقدیم کردن، قدومی غەزەتەیشی بۆ بەخێر گەڕا، ئەو هەمو دەوڵەتە معاشی مەبعوسی یشی چوە سەر، ئێمە لە بیر چوینەوە، وامان زانی چونکە بە هەمو کوردەواری تەنها چاوێکمان هەیە کوێری ناکەن!"

لە سەر هەمان بابەت لە (ژین، ژ 565، 11 ی مایسی 1939) دا نوسیویەتی:

"جاری بەرو نوسی بومان کە جەنابی جەمیل ئاغای گەردی و 3 ئاغای تریان ئابونەی 2 ساڵی ژیانیان لە لایە بۆیان نەناردوین، هیچ دەنگێکیان نەبو، وا دوبارەمان کردەوە ئەگەر ئەمجارەیش جواب نەبێ بە ڕادیۆ داوایان لێ دەکەین."

دیسان لە (ژین، 571، 22 ی حوزەیرانی 1939)دا نوسیویەتی:

"یەکدوجار لە غەزەتەدا بە گوێی جەمیل ئاغای گەردیمانا هەڵدا کە پارەی ئابونەی ژیانمان بۆ بنێرێ ئەی بیست ناچار ماین لە مەحکەمەدا ئیقامەی دەعوامان کرد. ڕۆژی 22 ی 7 ی 939 میعادی محاکەمەیە ئەو ڕۆژە هەرکەسێ لە هەولێرەوە بۆ سەیری محاکەمە بێت ئیدارەی ژین مەسرەفی ئەکێشێ."

دیسان لە (ژین، ژ 581، 21 ی ئەیلولی 1939) دا نوسیویەتی:

"سپاسی ئاشکارا

"ئێمە لە هەمو شیمالی کوردستان دا لە سەر قەڵای هەولێر چرایەکی عیلم و سەماحەتمان هەیە ناوی گچکەیە خۆی زۆر گەورە و مەزنە، مەولەوی یش مەعدومە، ئێستایش مەوجودە.

"ئەم زاتە کە ئەمڕۆ ئەمسالی نەماوە و یەکانە شەخسە ئەمجارە بەیانی خۆشنودی دەربارەی غەزەتەکەمان فەرموە، ئەمە بۆ ژین سەرمایەی ژینە، وە بە ڕاستی یش ژین خۆی دەیەوێ بۆ خەمەت ئەو بچێ چونکو تێی دەگا، خاوەندی ژین ساڵی سێ ڕۆژ بە تایبەتی ئەچێ بۆ خەمەت سەید ئەحمەدی خانەقا تەنها بۆ ئەوەی کە تێی دەگا، ڕەند و قەلەندەر لە کێوی عەرەفات یەکتریان ناسیوەتەوە، ئێمە بێ مەعنای نەڵێین ئەکا جابێ سەید نوکتەیەکی پیرێژنی تێ خا.

"بڵێین چی شیمال ئەم نەوعە زەواتەی تیایە، لەو لایشەوە جەنابی جەمیل ئاغای گەردی بۆ بەدەلی ئابونە خستینیە محاکەمەوە ناچار ماین حوکمی مەحکەمەمان وەرگرت داومانە بە دائیرەی ئیجرا چونکو

دەرەجەی ئیقتیداری ئینکار ناکرێ. تەبیعی لە دائیرەی ئیجرا تەڵەبی حەپسمان کردوە و تەنفیزیش دەکرێ..... (لە بەر درانی لاپەڕەکە ناخوێنرێتەوە)"

2. 4. ڕوناکی

حسێن حوزنی موکریانی یش لە (ژ 10 ی، 25 ی نیسانی 1936 ی ڕوناکی) دا لە ژێر سەرناوی: (پارانەوە و تکا و خواهیشت) دا نوسیوێتی:

"لە بەر ئەوە کە ئەم مەجەلله جگە لە دراوی موشتەریکە موحتەرەمەکان چی ڕێگایەکی دیکەی نیە بۆ خۆ ژیاندن. بە تایبەتی لە بەر موشتەریکە خۆشەویستەکان دەپاڕێینەوە، بۆ ئەمە کە ئەم مەجەلله ئیدارە بکرێ و نەکەوێ. بەدەلی ئیشتیراکی ساڵانەمان پێ لوتف بفەرمون."

هەروەها لە (ژ 11 ی، 16 ی مایسی 1936 ی ڕوناکی) دا لەوتارێکیدا لە ژێر سەرناوی: (فەیلەسوف مەرحوم جەمیل صدقی زەهاوی) دا نوسیوێتی:

"کتێبە چاپکراوەکانی ئێمە ئەمڕۆکە گەیشتۆتە 22 نوسخە و، چاردە جلد کتێبی گەورەم نوسراون و، حازرن و چاپ نەکراون. هەروا ماون. وە لە ئیحتیرام و نان، ڕۆژی صەد پایە سەرەوژێرم نەک بەرەوژور. کە داوای حەقی نوسخەیەکی کتێب لە گەورەیەکی کورد بکرێ وەدەزانی سواڵ (دەروزە) ی لێ دەکرێ. کە لە گەلێک جێگایان ڕوی داوە. لە هەرە گەورەکانی کورد. لە عاصیمەیە داوای بەدەلی ئابونەی ساڵێکی مەجەللەی ڕوناکی. کە 750 فلسە، لێ کرا بو. فەرمو بویان بە مەرقەدی باوکم فلوسێکم نیە بەڵام مانگ بە مانگ مومکینە بیدەم. ئەگەرچی 50 – 60 دینار جیرە وەردەگرێ."

2. 5. گەلاوێژ

گەلاوێژ کە لە سەردەمی خۆیدا خوێنەدوارێکی زۆری هەبوە و، ڕۆشنبیرانی کورد بە تەنگ مان و دەرچونی بەردەوام و رێکوپێکی گۆڤارەکەوە بون. لە ساڵی یەکەمیەوە تا داخرانی لە ساڵی دەهەمیدا، بەردەوام هەمان کێشەی هەبوە.

لە ژ 5 و 6 ی مایس و نیسانی 1940 دا کە هێشتا لە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا بو نوسیوێتی:

"تکا: هەتا ئیستە بەشی زۆری خوێندەواران پارەی ساڵانەی گەلاوێژیان نەناردوە لامان وایە ئەمە لە بەر ئەوەیە کە نازانن بۆ کوێ و بۆ کێی بنێرن بۆیە تکایان لێ ئەکەین کە ساڵانەی گەلاوێژ بەم ناونیشانەیە و بە پۆستەدا بینێرن:

بغداد: فندق وادی السلام

ابراهیم احمد محامی

ئیتر هیوامان هەیە گەلاوێژ فەرامۆش نەکەن. گەلاوێژ"

دیسان لە ژ 7 ی حوزەیرانی 1940 دا نوسیوێتی:

"تکا: تکا لەو خوێندەوارانە ئەکەین کە هێشتا پارەی ئابونەیان نەداوە بە حەواڵە بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆمانی بنێرن:

بغداد: فندق وادی السلام ابراهیم احمد"

لە ژ 8 ی تەموزی 1940 دا دیسان نوسیوێتی:

"تکا لە خوێندەوارە خۆشەویستەکانمان: لە کاتێکدا کە نومێد نەکرا گەلاوێژ بە تاقانە نەمێنێتەوە کەچی داخەکەم ئیستا خواخوای ئەوەمانە بتوانین خۆیمان پێ بە خێو بکرێ. ژمارەی ئەم گۆڤارە هەتا ئیستا

گەیشتۆتە 9 هێشتا زۆری وا هەیە گەلاوێژ سفتاحی لە دەستی نەکردوە. ئینجا لە بەر ئەوەی ناتەواوی گەلاوێژ، کە لە دەمێکەوە ناواتەخوازی هەڵاتنی بوین، ناتەواوی کوردزبان پیشان ئەدا، هیوامان هەیە بۆ یاریدەدانی هەرکەسێ بە پێی توانای هەوڵ بدا تاکو گەلاوێژ هەمیشە گەش و ڕوخۆش بێ"

لە سەر وتاری ژ 11 و 12 دا کە پێکەوە لە بەرگێک دا دەرچون نوسیوێتی:

"گەلێ تکامان لەو خوێندەوارانە کرد کە تا ئێستە پارەی گەلاوێژیان نەداوە بینێرن، داخمان ئاچێ هیچیان دیار نەبو. ئێستەش کەوا ساڵی یەکەم ئەبڕێتەوە نزیکەی 200 کەس ئابونەیان لا ماوە. ئینجا تکامان لەم خوێندەوارانە ئەوەیە کە لەم مانگەدا ئابونەکەمان بۆ بنێرن و، ئەگەر گەلاوێژیان ناوێت ئاگادارمان بکەن، کەڵەشێریش نەبێ خوا ڕۆژ ئەکاتەوە! ئیتر لە گەلاوێژیش گەشی و لە خوێندەوارانی بە هیمەت یارمەتی."

دوای چەندین ساڵ ئەم گرفتەی گەلاوێژ هەر بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. بەم هۆیەوە توشی کێشەی کەمدەرامەتی بوە. خەریک بون گۆڤارەکە بوەستێنن. بەم بۆنەیەوە پیرەمێرد لە (ژین. ژ 876 ی. 26 ی حوزەیرانی 1947) دا لە ژێر سەردێڕی: (بەرەو دوا) نوسیوێتی:

"ئۆف عەلائەدین ڕوڵەی باوانم

"ئاگرت بەردایە ژین و ژیانم

"ئێمە لەم دوایی ڕۆژەمانا هیوایەکی تازەمان بۆ پەیدا بو کە میللەتەکەمان بە خۆیانا هاتون و کەوتونە سەودایەکی خۆ بە خەڵک ناسین و، نیازیانە بکەونە ریزی میللەتە خواپێداوەکان و، ئەم هیوایەیش زۆرتر بەوە پەیدا بو کە لە پایتەخت دا گۆڤارێکی کوردی چاک و پاک و ڕوناکمان هەیە وەک گەلاوێژ بە هەمو لایەک دا شەوق و پرشنگی ئەڕوا و هەست و زانستی کوردان لەو تریفەی نوری ئاسمانی دا دەردەخا. چەند خۆش بو لە ئێران و توران و لوبنان و کۆنە شاری فیرعەونەکانا دەنگی دابوەوە. بارەها ژیان و ژینم لە دەور ئەگێرا و بە نەغمەیەکی دڵشادییەوە ئەمنوسی: (گەلاوێژ خوشکە بالا بەرزەکەی ژین) و، ساڵەوساڵ بالۆرەیەکی پیرۆزانەم بۆ ئەگوت. کەچی لە کەچی بەختی ئێمە و کەچرەوی گەردون ئەو پەریە نازدارەمان کەوتۆتە گیانەڵا. ئەمەیش دیارە لە بەر ئەوەیە کە پارەی ئابونەی بۆ نانێرن.

"مادام گەییە ئێسکم با پەردە لە ڕوی پەچەپۆشەکان هەڵماڵم. هەر لەم شاری خۆمانەدا زۆری وا هەیە کە نازانێ بە ڕێکوپێکی عەرەبی بخوێنێتەوە ئابونەی یەکدو غەزەتەی عەرەبی پێشەکی ئەنێرێ غەزەتەی بۆ دێت. هی وایشمان هەیە ڕەهبەری ئەکا غەزەتەیەک بە تەواوی ئەژێنێ. لە شارەکەی خۆمانا چەند دەستەیەک و کۆڕی پۆکەری مەکشوف ئەبینم هەمو خۆیان بە ئەدیب و شاعیر و مەلیکێ ئەل شوعەرا و مەنسوبی مەعاریف ئەزانن شەوی وا هەیە پارەی ئابونەی دە ساڵی گەلاوێژی تیا ئەبڕێتەوە کە بە ڕۆژ باسی پارەی ئابونەی گەلاوێژی لە لا بکەی وەک شەمشەمە کوێرە چاو ئەقوچێنن. کە ئیش یەتە مەیدانی میللیەتپەرەوەری بە باڵ ئەفڕن. لاوە قوڕ بە سەرەکانیش بەم چەکە و کەوانەوە کەوتنە سەودای قەومیەتەوە. دیارە گەنجێک کە هێشتا نەکەوتۆتە دەست و مەقامی خۆی و پارەی نیە، دڵ بە پارەدارەکان ئەبەستێ. تۆ خوا میللەتێک کە دەربارەی سەقافە و چرای ڕێی بەختیاری خۆی وا بجوڵێتەوە چ حەقێکی هەیە بە لاوە بڵێت تۆ بۆچ نامناسیت؟ وەڵڵا بە هەمو مەعنایەکەوە کسپە لە دڵمەوە دێت کە ئەم سەجییەی پیاوماقوڵ و پارەدارانە ئەخەمە پێش چاوی دۆست و دوژمن. تفی بەرەو بایە. بەڵام ئەڵێی چی؟ وا نوسیم بۆ ئیدارەخانەی گەلاوێژ دەفتەری ئەو نامەردانەم بۆ بنێرێ و وەکالەتیش وەرئەگرم. هەر بۆ بەدناوی و تەرزیل کردنیان ئیقامەی دەعوا ئەکەم. برایمیش ئاکەم بە وەکیل. ئەوقاتێکی لاوە دێنم بە مەسرەفی محاکەمە و (ناوی مەنێ) لێ ئانەوە ئەو پارەیەیان لێ ئەسێنم. شەرتە بۆ ژینیش تەنها یەک زات لە بەگزادە بەو دەردە بەرم. خوا لە وەجاخیا نەیەڵێ ع. ح."

گەلاوێژ لە هەندێ ژمارەکانیدا ناوی هەندێ لە قەرزدارەکانی بڵاو کردۆتەوە. بەڵام ئەویش بێ سود بوە.

لە ژ 1 ی ساڵی 10 ی کانونی دوەمی 1949 دا کە دوا ساڵی تەمەنی بوە (مەساریفی ژ 1 ی ساڵی 10 ی) بڵاو کردۆتەوە مەسرەفی ئەو ژمارەیە 54 دینار بوە. بەڵام دەرامەتی گەلاوێژ لەو مانگەدا 39 دینار بوە. واتە 15 دینار کورتی هێناوە. خۆی بە توانجەوە نوسیویتی: "جارێ وا لەم سەرەتای ساڵەدا کورتی بو بە ئەمەندە".

هۆی ئەم خوێنساردییەی خوێندەواری کورد بەرامبەر ئابونەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی، زیاتر لەوەی دەسکورتی دارایی خوێندەوارەکە بێ، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار لە لای کورد هێشتا نەبوە بە خو. وەکو لای گەلانی ئەوروپی و، دانیشتوانی هەندێ لە پایتەختەکانی وڵاتانی ناوچەکە، بوە بە خویەکی ڕۆژانە.

جا بۆچی نەبوە بە خو؟ ئەهێنێ لێکۆڵینەوەی تایبەتی مەیدانی و ئاکادیمی لە سەر بکرێ.

2. 6. هەتاو

لە ژمارەی ڕۆژی 2 ی 12 ی 1960 ی ڕۆژنامەی ژیندا گیوی موکریانی، خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (هەتاو) ی هەولێری، ئەم نامە کراوەیەی بڵاو کردۆتەوە، هەواڵی داخرانی هەتاو بە بەشدارەکانی ئەدا:

"چاپخانەی کوردستان

"ساڵی 1915 دامەزراوە　　　　　　　　8 ی 12 ی 1960

"بۆ بەشدارە بەڕێزەکانی گۆڤاری هەتاو!

"دڵسۆزی بەرز و بەڕێز و خۆشەویست!

"ڕۆژتان باش، بە پەرۆشەوە پێتان ڕائەگەیەنم کە گۆڤاری ڕەنجکێشی (هەتاو) چیتر دەرناچێ. وە منیش بە هەویای قەرزەکانی هەتاوەوە زۆر وەژێر باری قەرزداری و نەهاتی کەوتوم و، لە ئێوەش بەدەر کەسێکی ترم نیە کە باری سەرشانم سوک کات. بەڵکو چاوم تەنها لە یارمەتی و پیاوەتی ئێوەیە.

"مەبەستیشم لە یارمەتی ئێوە تەنها ئەوەیە کە ئێوە (چەندەی) قەرزداری هەتاون، کە بۆ ئێوە ئەرکێکی وای نیە. بەڵام بۆ من کەلێنێکی گەورە پڕ دەکاتەوە. بەو هۆیەوە ئومێدم وایە کە لە ڕوی دڵسۆزیەتیەوە بە زوترین کات بینێرن، چونکو لەمەودوا خەریکی چاپی فەرهەنگی کوردی و عەرەبی و کتێبانی مێژویی وێژەیی دەبم، دڵنیام خوا یار بێ لەمەودوا زۆر خزمەتی لە هەتاو گرنگترتان پێشکەش دەکەم.

"هەر یارمەتیەکی من بدەن، یارمەتی چاپخانەی کوردستان دەدەن. ئەو چاپخانەیەی کە 47 ساڵی ڕەبەقە، بە بێ یارمەتی و بە بێ وەستان، خزمەتی زمان و وێژە و مێژوی ئێوە دەکات. کەوایە چاپخانەی خۆتانە، جا بۆ ئەوەی کە چاپخانەی کوردستانیش لە بەر قەرزداری و هەژاری نەکەوێتە ژێر هەوری نەگبەتیەوە، هانام بۆ ئێوە هێناوە و، چاوەڕێی مرۆڤایەتی و ئاکاری مەردانەتانم.

گیو موکریانی"

3. رۆژنامەی (أختر) ی ئەستەموڵی و هەواڵی کورد

3. 1. رۆژنامەوانی بە فارسی لە تورکیا

لە 1729 دا لە تورکیا چاپ دامەزراوە. بەم دەزگایە چەندین کتێبی فارسی چاپ کراوە.

ساڵی 1831 ز/ 1247 ک (**تقویم وقایع**)، یەکەمین رۆژنامەی تورکی رەسمی دەرچو.

دەرچونی یەکەمین رۆژنامەی تورکی نزیکەی 60 ساڵ دوای نوسینی ستونە فارسییەکانی رۆژنامەکانی کەلکەتە و 9 ساڵ دوای رۆژنامەی (**مرات الاخبار**) ی فارسی و. 6 ساڵ پێش (**کاغذ اخباری**) میرزا ساڵحی شیرازی، یەکەمین رۆژنامەی فارسی لە ئێران، بڵاو بۆتەوە.

هونەری چاپ و رۆژنامەوانی لە قەڵەمڕەوی عوسمانیدا لە چاو ئێران دا زوتر داهاتوە و. ئەگەرچی لە ژێر چاودێری حکومەت دا سانسۆری بە هێزی لە سەر بوە. بەڵام پێشکەوتو تر بوە. بۆ ئەوەی وێنەیەکی بەراوردکارانەی رۆژنامەوانی ئەو سەردەمەی ناو دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی قاجاری ئێرانی بهێنینە بەرچاو، چاک وایە ئەم هەواڵەی أختر وەکو خۆی بنوسینەوە.

ژ 7 ی ساڵی سێیەمی 24 ی شوباتی 1877 (10 صفر 1294) ی أختر نوسیویتی:

"ئەو رۆژنامە و گازێتانەی لە ئیسلامپول و بیک ئۆغلی چاپ ئەکرێن جگە لەوانەی داخراون بە تەرتیبی حروفی هیجا ئەنوسرێن:

ناوی رۆژنامە تورکییەکان	**رۆژانی چاپ**
اتحاد	هەمو رۆژێ جگە لە هەینی
استقبال	وەکو ئەو
بصیرت	وەکو ئەو
تقویم وقایع	رەسمییە دو جار چاپ ئەکرێ
جریده حوادث	هەمو رۆژ جگە لە یەکشەمە
چایلاق	گاڵتەجارییە و حەفتەی دو رۆژ
جریده عسکریه	دوشەمە و سێشەمە

(شماره) ۱ — (سال بیست و یکم) — ۱

(صحیفه و اداره‌خانهٔ اختر)

استانبول خان والده در دایرهٔ مخصوصه است کارهای متعلق بمدیره آقا محمد طاهر راجع است

اسامی وکلای کرام در ممالک دور و نزدیک گاهی در صفحهٔ آخرین نگاشته میشود

سه‌شنبه ۶ محرم ۱۳۱۶

۲۸ حزیران‌ماه رومی سنه ۱۳۰۹

۱۰ ژوئن ماه فرنگی سنه ۸۹۴

اختر

۱۲۹۲

L'AKHTER

(نرخ قیمت سالیانه)

در سعادت ۸ مجیدی سیم

دیگر ممالک محروسهٔ عثمانیه ۹ مجیدی

ممالک محروسهٔ ایران ۲۵ قران

ممالک هندوستان و بخارا ۱۲ روپیه

ممالک روس و قفقاز ۱۰ منات

ممالک اروپ ۲۵ فرانک

یک نسخه ۱۰ پاره است

اجرت پوست همه جا بعهدهٔ اداره است

منشی اول حاجی میرزا مهدی تبریزی است

(در این روزنامه از هر گونه وقایع و اخبار و سیاسیات و پولیتیک و علوم و ادب و دیگر منافع عمومیه که گفته میشود [illegible])
(دیگر مقالات و نوشتهای سود مند را با منتهای امتنان میپذیریم [illegible] کاغذی را که)
(نوشته نمی شود صاحبش حق استرداد آنرا ندارد کاغذ هائیکه پول پوست ندارد گرفته نمی شود .)

(فهرست مندرجات)

عرض مخصوص — سیاسیه خبرهای تلگرافیه توجیهات — نشان [illegible] — سال جدید — [illegible] — [illegible] — اعلان — [illegible] — [illegible] — [illegible] — [illegible] — [illegible] — [illegible] — طاعون — [illegible] ترجمهٔ مقالهٔ [illegible] — اعلان — (مرحلیه).

(عرض مخصوص)

سپاس خدای را که ما را توفیق کرامت فرمود بعد از سال بیست و یکم انتشار این روزنامه که خادم حقوق اسلامیت و انسانیت است .

بزرگان ملت را پوشیده نیست که از آغاز تأسیس این نامه از مقصود اصلی که خدمت بعالم اسلامیت و انسانیت است قدر قوه انحراف نورزیدیم و پیشرفت آن مقصود مقدس را بر همه چیزی مقدم داشته با وجود صدمات متوالیه قدری که مقدور بوده بحصول آن مقصود همت گماشته ایم . و این بار گران را در ظرف این مدت طولانی تنهایی بدوش کشیده چون سایر روزنامها از هیچ طرف وظیفه و معونتی نداشته‌ایم مگر معدودی از بزرگان ملت که گاهی باقتضای قدرشناسی و بلندی همت مالی اعانت فرموده اداره را مرهون منت [illegible] داشته‌اند تا حیات داریم انسانیت ایشانرا فراموش نکرده زبان از ستایش کوتاه نخواهیم داشت.

از هموطنان محترم که در ممالک محروسهٔ عثمانی و خطهٔ وسیع هندوستان و مملکت قفقاز اقامت و تجارت دارند و از مشترکین روزنامه هستند نیز نهایت تشکر را داریم زیرا که این جوانمردان باقتضای بصیرتی که در وضع خارجه دارند بیش از دیگران از مراتب منافع روزنامه آگاهی حاصل نموده وجه روزنامه را مانند سایر ملل پیشکی میپردازند که در حقیقت پیشرفت امور اداره ملزم این رهگذر است . بالعکس از مشترکین محترم ممالک محروسه ایران در بعض نقاط اداره [illegible] مطالبه است و سبب عمدهٔ این معنی نیز مسامحهٔ وکلای محترم است و گرنه مشترکین گرامی باور نداریم که در ادای این مبلغ جزئی کوتاهی اینقدر [illegible] . زیرا که میدانند بسبب تنزل

جریده طبیه عسکریه	حەفتەی یەک جار
حقیقت	هەمو رۆژێ جگە لە هەینی و یەکشەمە
خیال	گاڵتەجارییە حەفتەی 3 جار
صداقت	هەمو رۆژێ جگە لە یەکشەمە
صباح	هەمو رۆژێ جگە لە یەکشەمە
لطیفە	گاڵتەجارییە و حەفتەی 2 رۆژ
مدنیت	وێنەدارە بە جۆرێکی دیاری نەکراو چاپ ئەکرێ
مساوات	هەمو رۆژێ جگە لە یەکشەمە
وقت	هەمو رۆژێ چاپ ئەکرێ

رۆژنامەی فارسی و عەرەبی:

اخبار دارالخلافە	رۆژانی چوارشەمە
اختر	رۆژانی شەمە و چوارشەمە
الجوائب	عەرەبییە رۆژانی چوارشەمە چاپ ئەکرێ

گازێتەکانی کە بە زمانی فەرەنسییە:

ناو	رۆژانی چاپ
استانبول	هەمو رۆژ جگە لە یەکشەمە
اوریان فینانسیە	هەفتەی 1 جار
پتی ژورنال دەقستنتینوپول	هەمو رۆژێ جگە لە یەکشەمە
ژۆرنال دە زمستیوتر	هەفتەی 1 جار
سیما فور دە قستنتینوپول	هەمو رۆژێ جگە لە یەکشەمە
فار دو بۆسفۆر	وەکو ئەو
فوریە دوران	وەکو ئەو
لاترکی	وەکو ئەو
لوانت هرالد	وەکو ئەو

رۆژنامە بە زمانی رۆمی

اسیا صغرا	هەمو رۆژ
انا تولیقوس استیر	هەفتەی 2 جار
ویزانتیس	وەکو ئەو
تراکی	هەمو رۆژێ جگە لە یەکشەمە
فلوقس	هەفتەی 1 جار
مومۆس	هەفتەی 2 جار
نیولوغوص	هەمو رۆژێ جگە لە یەکشەمە

ڕۆژنامە بە زمانی ئەرمەنی:

اوورباپر	ڕۆژانی شەمە
پونج	شەمە و چوارشەمە
لویس	وەکو رسالە مانگی جارێ
ماسیس	سێشەمە و پێنجشەمە و شەمە
مامول	چوارشەمە و شەمە
منظومة افکار	هەمو رۆژ جگە لە هەینی و یەکشەمە

ڕۆژنامە بە زمانی بولغار:

استوچنو وروره	هەفتەی 1 جار
ناپرەداق	وەکو ئەو

ڕۆژنامە بە زمانی یەهودی

تسامسیو	هەمو رۆژێ جگە لە هەینی و شەمە
ژورنال ناسیونال	هەمو رۆژێ جگە لە هەینی و یەکشەمە

"لە ولایاتی مەمالیکی پارێزراوی عوسمانیەدا، لە هەر یەکێکیان دا یەکێ و، لـە هەنـدێ شـوێن چەنـدین ڕۆژنامە چاپ ئەکرێ، کە ژمارەیان نزیکەی 30 گازێتی ڕۆژانە و هەفتانە ئـەبێ. وە لـە 31 جـێ لـە ولایـاتی باسکراو ساڵنامەی جیا چاپ و بڵاو ئەکرێتەوە.

"لە ئیسلامبول و لای بیک ئۆغلی جگە لـە چاپخانـەی دەوڵـەتی 62 باسـمەخانە و چاپخانـە هەیـە کـە هەمیشە لە کاردان."

ساڵی 1846 سوڵتانی عوسمانی چەند بڕیـارێکی دەرکـرد، سـنوری ئـازادیی ڕۆژنامـەوانی تەسـک کردەوە. ساڵی 1867 (عالی قرارنامە) دەرچو. ئەم قەرارنامەیـە بـە نـاو بـۆ ریفـۆرم دەرچـو، بـەڵام بڕیـارە توندەکانی پێشوی خاوتر و کۆتوپێوەندەکانی ئـازادیی ڕۆژنامـەوانی شـلتر نـەکردەوە. سـەرەڕای ئەمـەیش ساڵی 1876 دەزگایەکی تایبەتی بە ناوی (ئیدارەی مـەتبوعات) هوە بـۆ سانسـۆری ڕۆژنامـەکان دانـرا. زۆر جار ڕۆژنامەکان داخران و ڕۆژنامەوانەکان توشی سزادان ئەبون.

ئەو کۆتوپێوەندانـەی ئـازادیی ڕۆژنامـەوانی‌یان سـغوردار ئـەکرد تـا ئینقیلابـی عوسـمانی (1908) مایەوە.

بۆ ئەوەی بەراوردکاریەکە ڕونتر بێ ئەمە گەشتێکە بـە مێـژوی ڕۆژنامـەوانیی ئێرانـیی ئـەو سەردەمەدا:

1836 (1252 ک) دەرچونی (طلیعه کاغذ اخبار)

1837 (1253 ک) دەرچونی کاغذ اخبار

1848 (1265 ک) دەرچونی زاهریرا دی بـاهرا (تیشـکی ڕۆشـنایی). ئـەم ڕۆژنامەیـە مژدەدەرانـی مەسیحی بە زمانی سریانی لە ورمێ دەریان کردوە.

1850 (1267 ک) دەرچونی وقایع اتفاقیه

1858 (1275 ک) دەرچـونی روزنامـەی ملتـی مملکـت محروسـه اذربایجـان (اخبـار دار السـلطنه اذربایجان)

1860 (1277 ک)	دەرچونی روزنامەی دولت علیه ایران
1863 (1280 ک)	دەرچونی روزنامه علمیه دولت علیه ایران
1866 (1283 ک)	دەرچونی روزنامە دولتی. روزنامەی علمیه دولت علیه ایران. روزنامه ملت سنیه ایران (روزنامه ملتی). روزنامه حکیم الممالک
1867 (1284 ک)	دەرچونی روزنامەی اردوی همایون
1870 (1287 ک)	دەرچونی روزنامەی وقایع عدلیه
1871 (1288 ک)	دەرچونی روزنامه ایران و روزنامه مرات السفر
1872 (1289 ک)	خولی دوەمی روزنامەی ملتی محروسه اذربایجان دەرچونی روزنامه (المنطبعه فی الفارس)
1873 (1290 ک)	دەرچونی لاپاتری (نیشتمان) دوای ژمارەی یەکەمی داخراوە. دەرچونی روزنامه نظامی علمیه و ادبیه. روزنامه علمی
1878 (1296 ک)	دەرچونی پەخشەی مریخ. فرهنگ و تبریز
1879 (1297 ک)	دەرچونی جریده تجارت بڕوانە: (سید فرید قاسمی، تاریخ روزنامەنگاری ایران. جلد دوم. سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی. تهران 1379. ص 611 - 613)

لێرەدا پێویستە چەند سەرنجێ تۆمار بکرێ:

یەکەم، ئەم رۆژنامانە هەمویان حکومەتی بون. لە لایەن کاربەدەستانی قاجارەوە دەرکراون. زۆریان تەمەنیان کورت بوە. پاش چەند ژمارەیەک یان پاش چەند ساڵێک داخراون.

دوەم، رۆژنامەکانی وقایع اتفاقیە. روزنامە دولت علیە. ایران. بە درێژایی دەیان ساڵ بە دوای یەک دا دەرچون بۆ تۆمارکردنی فەرمانی رەسمی و هەواڵ و روداوەکانی دەرباری ناسرەدین شا.

سێیەم، ئەگەرچی ئەم رۆژنامانە هەمویان کاربەدەستانی دەرباری قاجار دەری کردون و حکومەتی بون و هیچ رۆژنامەیەکی ئەهلی لەو ماوەیەدا ریگای دەرچونی نەدراوە. لە گەڵ ئەوەیشدا ناسرەدین شا بۆ ئەوەی بە تەواوی رێ لە ئازادی بیر و رۆژنامەوانی بیرێ ساڵی 1287 فەرمانی (سانسۆری مەتبوعات) و ساڵی 1296 (قانونی جەزا) ی دەرکرد.

چوارەم، رۆژنامەکانی ئێران لە روی هونەری رۆژنامەگەریەوە لە چاو رۆژنامەکانی وڵاتی عوسمانیدا دواکەوتو بون. ژمارەیەکی زۆر کەمیان نەبێ کە بە پیتی قورقوشم چاپ کراون ئەوانی تر هەمویان بە دەستخەت نوسراون و بە چاپی سەنگی چاپ کراون.

3. 2. دەربارەی رۆژنامەی اختر

3. 2. 1. دەرچونی

ژ 1 ی ساڵی یەکەمی لە پێنجشەممە 13 ی کانونی دوەم (ژانویە) ی 1875 (16 ی زیلحیجەی 1292) لە ئەستەمولّ چاپ و بڵاو کراوەتەوە و.

دوایین ژمارەی ژ 10 ی ساڵی 23 هەمە لە 8 ی ئەیلول (سەپتەمبەر) ی 1896 (30 ی رەبیعولئەوەلی 1314) دەرچوە.

لە سەرەتادا حەفتەی 5 جار و، لە ساڵی دوەمیەوە حەفتەی 2 جار ڕۆژانی دوشەمە و چوارشەمە و لە ساڵانی دوایی‌دا حەفتەی 1 جار بڵاو بۆتەوە.

لە ماوەی دەرچونی‌دا چەند جارێ بە هاندانی کاربەدەستانی ئێرانی و چەند جارێ لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانیەوە داخراوە.

مودیر (بەڕێوەبەر و خاوەنی) اختر محەمەد تاهیر قەراچە داغی تەبریزی (؟ - ئەستەموڵ 1325 ک) بوە کە بازرگان و خاوەن چاپخانە بوە و، مونشیی ئەوەل (سەرنوسەر) ی ڕۆژنامەکە یش میرزا مەهدی خانی تەبریزی (تەبریز 1255 – ئەستەموڵ 1325 ک) بوە. میرزا مەهدی هەر بەم بۆنەیەوە بە أختر ناو نراوە. بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامەی (حکمت) ی قاهیرەیی یش ناوی میرزا مەهدی خان بوە. ئەگەرچی هاوناو بون، بەڵام دو کەسی جیاوازن.

3. 2. 2. بڵاوبونەوەی

اختر وەکو خۆی نوسیویتی لە چەندین شاری عوسمانی و ئێرانی و هیندی و قافقاسی دا بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە و وەرگرتنی دابونە باوەڕپێکراویان هەبوە. جگە لە ئەستەموڵ، لە ئەرزڕۆم، دیاربەکر، موسڵ، بەغداد، نەجەف، تاران، تەبریز، ورمێ، سنە، کرماشان... باوەڕپێکراویان هەبوە. بەم پێیە گەیشتۆتە دەس زۆر لە خوێندەوارانی ئەو زەمانە لەوانە خوێندەواری کورد. وەفایی موکریانی، هاودەمی شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی، لە قەسیدە نەورۆزیەیە درێژەکەی‌دا کە بەم بەیتە دەس پێ ئەکا:

نەسیمی بادی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا
بەریدی عاشقان نیسان پەیامی دولبەری هێنا

بەم جۆرە باسی ڕۆژنامەی أختر ئەکا:

حیکایاتی غەریبەی پێیە بولبول جوملە خۆکردی
دەڵێی چاپاری ئێران ڕۆژنامەی أختری هێنا

اختر لە هەمو ژمارەکانی‌دا لە لاپەڕەی یەکەمی‌دا لە ژێر سەردێڕی (سیاسی) دا سەروتاری نوسیوە. بە زۆری تەرخانی کردوە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕوداوێکی سیاسی دنیا.

اختر بایەخێکی زۆری بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ داوە. ئەشێ بوترێ ڕۆژنامەیەکی خەبەری بوە. سەرەڕای ئەوەی چەرخەیەکی باشی هەواڵی دەوڵەتی عوسمانی نوسیوە، لە زۆری ژمارەکانی‌دا هەواڵی سیاسی لە ڕۆژنامە بە ناوبانگەکانی ئەوسای ئینگلستان، فەرانسا، ڕوسیا، ئەڵمانیا و نەمساوە تەرجومە کردوە. هەروەها لە ڕۆژنامە تورکی و عەرەبییەکانی وڵاتانی عوسمانی و لە ڕۆژنامە فارسییەکانی ئێران و هیندستانەوە دەنگوباسی وەرگرتوە.

3. 2. 3. داخرانی

لە 8 ی سەپتەمبەری 1896 (30 ی ڕەبیعولئەوەلی 1314) بە فەرمانی حکومەتی عوسمانی داخراوە.

(ئیدارەی مەتبوعات) ی عوسمانی چەند جارێ اختری داخستوە. لە بەیانێکدا کە بە بۆنەی داخستنیەوە دەری کردوە نوسیویتی:

"دەربارەی هەندێ ڕوداو و هەواڵی ناوخۆ کە بڵاوکردنەوەمیان بەندە بە پەسند کردنی ئیدارەی قەشەنگی مەتبوعات و بە بێ پەسندکردن و ڕاستبینینی ئەو ئیدارەیە ڕۆژنامەکان نابێ شتێ بنوسن..."

3. 3. دەوری اختر لە خەملاندنی هۆشی سیاسی ئێرانیدا

ڕۆژنامەی اختر لە ماوەی دەرچونیدا دەورێکی گرنگی دیوە لە ڕۆشنکردنەوەی بیری سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و، بیری قانونی و دەستوری و ئازادیخوازی خوێندەوارانی ئێرانیدا.

أختر مەتنی تەواوی قانونی ئەساسی عوسمانی بە فارسی بلاو کردۆتەوە. هەواڵ و گفتوگۆکانی مەجلیسی مەبعوسانی نوسیوە. قانونە گرنگەکانی دەوڵەتی عوسمانی کردۆتە فارسی و بلاوی کردونەتەوە. ئەمەش هۆشی سیاسی ڕۆشنبیرانی ئێرانی ئەگەشاندەوە و ئاگاداری ئەکردن لە رەوتی جێگیر بونی پاشایەتی دەستوری و مەرجدار و، ماف و ئازادیەکانی هاوولاتیانی عوسمانی.

أختر هەواڵی شەڕەکانی عوسمانی و دەوڵەتانی تر و، مەتنی ڕێککەوتننامە نابەرامبەرەکانی بلاو کردۆتەوە.

أختر هەواڵەکانی ئێرانی نوسیوە. عەیبەکانی پۆلیس و دادگوستەری باس کردوە. دژی دانی ئیمتیاز بون بە بێگانە. دژی زۆرداری و نەزانی و خورافات دواوە. باسی دواکەوتنی باری ئابوری، کۆمەلایەتی، ڕۆشنبیری کردوە. داوای ئازادی بیری کردوە.

ڕۆژنامەکانی ئێران لەو سەردەمەدا، کە هەمویان حکومەتی بون، لەم باس و بابەت و رودوانە بێدەنگ بون.

ڕۆژنامەی (قانون) کە ڕۆژنامەیەکی ئازادیخوازی بەرهەڵستکارانی ئێرانی بوە، میرزا مەلکۆم خان لە لەندەن بلاوی کردۆتەوە، لە هەڵسەنگاندنی اختردا نوسیویتی: "ڕۆژنامەی اختر لە حەفتا وەزیری ئەعزەم (وەزیری ئەعزەم لەو سەردەمەدا بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وتراوە. ئم) زۆرتر خزمەت بە دەوڵەت و میللەتی ئێران ئەکا."

3. 4. هەواڵی کورد لە ڕۆژنامەی اختر دا

اختر لە ماوەی دەرچونیدا چەندین هەواڵی بلاو کردۆتەوە کە پێوەندیان بە کوردەکانی عوسمانییەوە هەیە. لێرەدا چەند نمونەیەک لە ژمارەکانی پێنج ساڵی یەکەمی هەڵئەبژێرم:

3. 4. 1. کورد لە جەنگی روسی- عوسمانی (1877) دا

لە سەدەی نۆزدەهەمدا هۆشی نەتەوایەتی لە ناو زۆر لە گەلانی ئەوروپادا گەشایەوە. لەوانە گەلانی باڵقان کە لە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بون. ساڵانی 1875– 1876 شۆڕش لە باڵقان دژی دەسەلاتی عوسمانی و لە پێناوی سەربەخۆییدا هەڵگیرسا. دەوڵەتی عوسمانی هێزێکی گەورەی ناردە سەر سربستان و کێوە رەش بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشەکەیان. روسیا ئەمەی بە هەل زانی بۆ ئەوەی بە ناوی (پاراستنی برا سلاڤیەکانی) هوە دەس بخاتە ناو کاروباری باڵقانەوە.

سەرکردایەتی سپای روس پلانی جەنگی دانا. بە یارمەتی بولغار و رۆمانیەکان لە 12 ی نیسانی 1877 دا لە یەک کاتدا لە دو قۆڵەوە پەلاماری خاکی عوسمانی دا. قۆڵی یەکەمیان لە باڵقان و قۆڵی دوەم لە قافقاس. مەیدانی سەرەکی شەڕەکە باڵقان بو. هێزی تورک 190 هەزار شەرکەر بو. روس 260 هەزار شەڕکەری ناردە سەریان. بۆ ئەوەی باڵقان بگرێ و بچێتە سەر ئەستەموڵ.

ئەگەرچی شەرگەی قافقاس مەیدانێکی لاوەکی جەنگ بو. مەبەستی روسیا لەو هێرشە خەریک کردنی سپای تورک بو. بەلام لەو قۆڵەشەوە پێشڕەوی زۆریان کرد. لە 12 ی نیساندا شارە کوردنشینەکانی بایەزید و ئەرزنجانیان گرت و قەلای قارس کە زیاتر لە 20 هەزار شەرکەری تێدا بو گەمارۆدا و، لە 5 ی کانونی یەکەمی 1877 دا قەلاکەیان گرت و 17 هەزار شەرکەری عوسمانییان تێدا بە دیل گرت.

شەڕەکە دوای ئەوەی 14 مانگی خایاند، عوسمانی لە ترسی داگیرکرانی ئەستەموڵ، بە شکاوی لە 19 ی شوباتی 1878 دا بە ناچاری شەڕی ڕاگرت و کەوتە گفتوگۆی دو قۆڵی. لە 3 ی مارتی 1878 دا ڕێکەوتننامەی سان ستیڤانۆی لە گەڵ روسیا مۆر کرد.
تورک لەم ڕێکەوتننامەیەدا دانی نا بە سەربەخۆیی رۆمانیا، سربیا، کێوە رەش، بۆسنە، هەرسەک و، بە بولغاریای گەورەدا کە ئەبو لە بولغاریا و رۆم ئێلی و مەکەدۆنیا پێک بێ. روسیا قارس و باتۆمی لە تورک و بسارابیای لە رۆمانیا سەند و، بولغاریای گەورە ئەبو بە ناوچەی نفوزی روسیا و، بەم ڕێگەیە روسیا نفوزی ئەگەیشتە دەریای سپی ناوەڕاست. ئەمەیش هاوسەنگی هێزی لە ناوچەکەدا تێک ئەدا و بریتانیا و ئەمسای ترساند. لە بەر ئەوە بەم ڕێکەوتنە رازی نەبون داوایان کرد چاوی پێدا بخشێنرێتەوە و دەسکاری بکرێ. بۆ چاوگێڕانەوە بەم ڕێکەوتننامەیەدا لە 13 ی حوزەیران– 13 ی تەموزی 1878 بە ئامادە بونی نوێنەرانی بریتانیا، ئەمسا، فەرەنسا، ئیتالیا بە سەرۆکایەتی بیسمارک، راوێژکاری پروسیا کە لە ناکۆکیەکەدا وڵاتەکەی بێلایەن بو، کۆنفەرەنسی بەرلین بەسترا. ڕێکەوتننامەیەکی نوێیان مۆر کرد. ڕێگەیان لە پێکهێنانی بولغاریای گەورە گرت، روسیا قارس و باتۆم و بریتانیا جزیرەی قوبرسی دەس کەوت. بڕوانە: (الموسوعە العسکریە، المؤسسە العربیە للدراسات والنشر، بیروت 1977، ص 554 - 557). اختر چەرەدەیەکی باشی لە هەواڵەکانی ئەم شەڕە بڵاو کردۆتەوە.

لەم جەنگەی روس و تورک دا کورد لە چەند لاوە تێوە گلاوە:

یەکەم، مەیدانێکی شەڕەکان قافقاس بو هێزەکانی روس گەیشتنە شارەکانی سەروی کوردستان لەوانە بایەزید و ئەرزنجان.

دوەم، دوای راگرتنی جەنگ لە هەردو پەیماننامەدا دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنی بە روسیا و دەوڵەتانی تری ئەوروپی دا ئەرمەن لە دەسدرێژی کورد و چەرکەس بپارێزێ.

اختر لە ژ 13 ی ساڵی چوارەمی 29 ی رەبیعولئەوەلی 1295 بەرامبەر 3 ی ئاوریل (نیسان) ی 1878 دا دەقی ڕێککەوتننامەی سان ستیڤانۆی بڵاو کردۆتەوە. لە مادەی شانزەهەم دا نوسراوە:

"م 16: ئەگەر قشونی روس ئەرمەنستان چۆڵ بکا و بیدا بە دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانی ئەتوانێ ببێتە مایەی موناقەشە و جیاوازی لە پێوەندییەکانی هەردو دەوڵەت دا. بابیعالی لەو ئیالەتانەدا کە زێدی ئەرمەنییەکانە بە پێی پێویستییەکانی ناوچەکە بە بێ دواخستن ریفۆرم ئەکا و دڵنیا کردنی عیسایییەکان لە کورد و چەرکەس ئەگرێتە ئەستۆی خۆی."

لە ژ 29 ی ساڵی چوارەم 23 ی رەجەبی 1295 بەرامبەر 24 ی تەموزی 1878 دەقی پەیماننامەی بەرلینی بڵاو کردۆتەوە. لە مادەی شەست و یەکەمی دا نوسراوە:

"م 61: بابیعالی بەڵێن ئەدا، لەو ئیالەتانەدا کە ئەرمەنی تیا نیشتەجێن، ریفۆرم و ڕێکوپێکییەک کە پێویستییە ناوچەییەکان ئەیخوازن بە بێ دواخستن ئەنجام بدا و ئاسایشی ئەرمەنی لە کورد و چەرکەس بپارێزێ. بابیعالی لەو تەگبیرانەی لەم بارەیەوە ئەیان کا، دەم بە دەم، ئاگاداری دەوڵەتەکان ئەکا و دەوڵەتەکان یش چاودێری ئەکەن."

سێیەم، پێ ئەچێ کورد بەشداری هێزەکانی هەردو لایەنی شەڕەکەی کردبێ:

کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەشداری لایەنی عوسمانی بون بە ناوی غەزا و جیهاد و شەڕی کافرانەوە.

کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی روسیاش بەشداری لایەنی روسی بون وەکو بەشێ لەو هێزانەی کە روسیا لە عەشائیر بە ناوی (قازاخ) ەوە ڕێکی خست بون.

اختر لە ژ 24 ی ساڵی سێیەم، 28 ی اوریل (نیسان) ی 1877 دا نوسیویتی:

"پایەبەرز بەحری بەگ، لە کورانی بەدرخان بەگی خوالێخۆشبو، کە لە جەنگی سربستاندا نازایەتی نواند و زامداریش بو بو، بۆ سەرکردایەتی چەند هەزار پیادە و سوارەی خۆبەخشی کورد، کە بە هۆی نامەکاری و پێوەندی گرتنی پێشترەوە، لە ئەناتۆلییەوە ئامادە بون، لەم رۆژانەدا بە رێ ئەکەون."

شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی، دواتر رابەری شۆڕشی 1880 ی کورد، ئەویش چوە بۆ بەشداری لەم غەزایەدا بەڵام پێ ئەچێ هێزەکانی دەستیان نەپاراست بێ لە تاڵان و راووڕوت.

أختر لە ژ 42 ی 19 ی جیمادی ئاخری 1294 بەرامبەر 30 ی ژون (حوزەیران) ی 1877 نوسیویتی:

"شێخ عوبەیدوڵای شەمزینانی کە لە رۆژنامەکاندا نوسییان لە گەڵ 50 هەزار سوار و پیادە بۆ یارمەتی عەسکەرەکانی شاهانە ئامادە و حازرە. ئیستا کەسانی ئەو بونەتە کۆمەڵێ لە لای سنورەوە لە خەتی وان بگرە تا بایەزید کەوتونەتە راووروتی دێهات و تاڵانی سامان و کەلوپەلی تەبعە و ئەهالی ئەو ناوە. ئەم مەسەلەیە، کە بارودۆخی ئەو ناوچەیە بەم چەشنەیە، عەرزی بابی عالی یش کراوە."

لە هەمان ژمارەدا ناوی فەرماندە جەنگیەکانی ئۆردوی عوسمانی بڵاو کردۆتەوە. لە ریزی (تەبەقەی موشیران) دا کە بەرزترین پلەی جەنگی بوە نوسیویتی:

"ئیسماعیل حەقی پاشا

"لە کوردەکانە بە هۆی جەسارەتی عەسکەرییەوە لە لای دیاربەکر و ئەرزڕوم بە لەقەبی (قورد) بەگ ناوی دەرکردوە. لە حیکایەتی (قوزان) دا هاوڕێی دەرویش پاشا بوە. لە تاریخی 1284 دا بە روتبەی موشیری چەند ساڵ لە والیگەری دیاربەکردا بوە. لەم ماوەیەدا کە والی ئەرزڕومە داخلی جەنگ بوە. ساڵی لە شەست تێ پەڕیوە."

3. 4. 2. کورد و ئەرمەن

لە هەمان ژمارەدا بابەتێکی تری دەربارەی پێوەندی کورد و ئەرمەنی نوسیوە کە روناکیەک، ئەگەرچی کزیش بێ، ئەخاتە سەر ناکۆکی خویناوی دواتری کورد و ئەرمەنی و پێوەندی لە گەڵ ئەم جەنگەش دا هەیە و دواتر لە هەردو پەیمانی سان ستیفانۆ و بەرلیندا مادەیەک بە قازانجی ئەرمەن و بە زەرەری کورد نوسرا.

أختر نوسیویتی:

"گازێتی (مەنزومەی ئەفکار) کە بە خەتی ئەرمەنی و زمانی تورکی چاپ ئەکرا کاغەزێ کە لە (وان) ەوە بەو گەیشت بو لە ژمارەکانی خۆیدا رایگواستوە و لە کۆتاییەکەیشیدا هەندێ لێدوانی نوسی بو. لە بەر ئەوە ئیدارەی قەشەنگی مەتبوعات گازێتی ناوبراوی ئیبتال و خاوەنی ئیمتیازەکەیشی راکێشاوەتە دادگا.

"ناوەرۆکی کاغەزی باسکراو و لێدوانێ کە خاوەنی مەنزومە لە کۆتاییەکەیدا نوسیویتی هەموی دەربارەی دڵسوتان دەرحەقی ئەرمەنیەکانی ئەوێ و دەرخستنی ستەملێکراوی و سەرنج راکێشانی حکومەتی پایەبەرز بوە، دەربارەی ئەحواڵێ کە ئەڵێن بە سەر ئەوان هاتوە. خاوەنی مەنزومە لە بەر هاومیللەتی و هاودینی یا تەکلیفی رۆژنامەنوسی، ئەیتوانی هەندێ لەو کاغەزانەی لەو بابەتە باس و خواسی بە نەرم و نیانی نوسراون نەقڵ بکات و لە کۆتاییەکەیدا باوەڕی خۆی رون بکردبایەتەوە و حکومەتی پایەبەرز یش بە پێی ئەوە لێکۆڵینەوەی پێویستی بکردبایە. ئەگەر بە پێچەوانەی مەبەستی پیرۆزی حکومەت و لە دەرەوەی ئایینی رەعیەتداری روی دابێ و رو بدا، بکەوێتە چارەسازی.

"بەڵام کار بە تەواوی بەوجۆرە نیە کە خاوەنی مەنزومە و هاوچەشنەکانی ئەو تێی ئەگەن. باروئۆخی ئەرمەنیەکان کە لە ناوچەکانی وان دان. تا کەسێ نەیبینێ و تێکەڵییان نەکا، مومکین نیە ئاگایی بە دەس بێنێ. ئەوانە لەو سەرحەددا لە گەڵ کورد و یەکەیەکەی خێڵ و هۆزەکاندا بە جۆرێکی تێکەڵاو زیندەگانی ئەکەن و لە ناو گەورەتر لەوان زۆر کەسی ناڵەبار و. سەرباری ناڵەباریی. حیلەکار و ساختەکار هەیە بە چەشنێ کە کوردەکانی ئەوێ بە دەستیانەوە زەبون و بێچارەن. جگە لەمە هەموارە پەنجەیەکی روسەکانیان لە ناودایە کە بە هەر وەسیلەیەک دڵی ئەهالی لە حکومەت برەنجێنن و بەو هۆیەوە هەر جۆر کاری ناپەسند و فەساد و شەرارەت لە یەکە یەکەی ئەرمەنیەکانی ئەو ناوچانە لەم کاتەدا ئەتوانێ سەر دەربێنێ و تەنانەت جاسوسی بۆ روسەکان ئەکەن. دور نیە هەواڵنوسی مەنزومەش رەگێکی تەرەفداری روسیای پەیدا کردبێ و هەرچی دڵی خواستویەتی نوسیبێتی. بەڵام دریژەی باروئۆخی ئەو شوێنانە ئێستا نوسینی بە کار نایەت بۆ دوای ئەمە ئەبێ تەگبیرێکی لێ بکرێ."

3. 4. 3. روس سەرانی کورد لە سێدارە ئەدا

لە ژ 46 ی ساڵی سێیەم، 25 ی ژوئن (حوزەیران) ی 1877 دا نوسیویتی:

"ئەرزرۆم

"ئەیوب ئاغا کوڕی جەنەراڵ جەعفەر (جەعفەر ئاغای سەرتیپ) و 21 کەس لە بنەماڵەکەی. کە لە سەرانی کوردن و لە خاکی روسدا نیشتەجێ بون، بە فەرمانی جەنەراڵ ملکۆف بە بڕیاری دیوانی جەنگ لە دار دراون.

"أختر

"ئەم ئەیوب ئاغایە و گەورەکانی تری کورد کە نوسیویانە گوایە لە تایەفەی (زیلان) ن. کە وەکو باس کرا، لە خاکی ئیرەواندا نیشتەجێن. بە قەدەر هەزار و پێنجسەد سوارەی ئەوان لە ئۆردوی قافقازدا هاورێی جەنەراڵ ملکۆف بون. ئەوانە، کە موتەدەین بە دینی ئیسلامن، دور نیە لە یەکێ لە شەڕەکانی دواییدا کە ئۆردوی ملکۆف شکانێکی گەورەی توش بو، جوڵانەوەیەکیان لێ دەر کەوتبێ. ملکۆف یش ویستبێتی شکستەکەی خۆی بگێڕێتەوە بۆ ئەو هۆیە و، ئەوانەی بە خیانەت تاوانبار کردبێ و کوشتبێ. بەڵام حکومەتی روس بەم هۆیانەوە روی تایەفەیەکی گەورەی لە خۆی وەرگێڕاوە و ئومێدی بڕیون. ئەوانی تریش کە لەم بابەتەن وریا ئەکاتەوە و بە ئاگا ئەهێنێ.

"دەوڵەتی روس بەو باوەڕەی: کە من لە هەر تایەفە و میللەتێ قشون و سەرباز ئەگرم و بە قانونەکانی عەسکەری دەرهەقی ئەوان رەفتار ئەکەم و هەمویان کەم کەم بە دەسەهەڵگرتن لە پێویستییەکانی تەعەسوبی دین و ئایینی خۆیان رام و ئارام ئەکەم. بەڵام ئەمە خەتایەکی زۆر گەورەیە. ئەگەر ئومێدی بە خاوەنی مەزەبەکانی تر هەبێ جێگەی قسە نیە، بەڵام دەربارەی موسوڵمانان زۆر دورە بەڵکو (ممتنع الوقوع) ە.

"وە هۆی سەرەکی یشی ئەوەیە: کە ئەروانێتە تەبیعیاتی ئەقوام، کە هەر قەوم و میللەتێ تەبعەن میلەت و مەزەبی ئابا و ئەجدادی خۆی بە ئاسانی تەرک ناکا و، بە غەیری هاوجنسی خۆی یەکرەنگ نابێ مەگەر زۆر کەم کە ئەویش حوکمێکی نیە. ئەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە لە مەزەبەکانی ئەهلی کیتابدا هەمو حکومەتێک لە لایەن خوداوە ئەزانن هەروەکو دەقی ئینجیل هەم دەلالەتی لە سەر ئەمەیە بەرخیلافی موسوڵمانان و ئیسلام کە بە جۆرێکی موتڵەق حکومەتەکانی تر بە حکومەتی حەقە نازانن بە تایبەتی لە سورەتێکا عەدل و راستی نەبێ. هەروەها لە بەر ئەوەی بەوپەڕی ئەستوریەوە باوەڕیان بە دینەکەی خۆیان

کردوه و. بە بەرزترین و باشترین دینەکانی ئەزانن و شوێنکەوتنی ئەوانی تر بە جایز نازانن. ئەمەیە کە زۆر ئیشکالی هەیە کە هاورەنگی لە گەڵ میللەتانی ترا بە زویی قبوڵ بکەن و سەرەڕای هەمو ئەمانە لە سورەتێکا ببینن کە ئەوان لە دژی مەزهەب و دینی ئەو بۆ مەیدانی جەنگ ئەنێرن و ئەڵێن سەرباریی ئیسلامیەت ئەبێ برایانی موسوڵمانی خۆت بکوژی لە گەڵ ئەوەی ئێمە بە حکومەتی خەفە نازانی بە سەر دەوڵەتی ئیسلامدا زاڵ بێ. ئەم کارە وەکو ئەوە وایە کە ئەهلی مەزهەبێ بە سوکایەتی و ئیهانەتی دین و ئاینی خۆی مەجبور بکەی. زۆر سەیرە کە دەوڵەتی روس ئەم دوکاتە تێ نەگەیشتوە موسوڵمانان ئەبا بۆ جەنگی موسوڵمانان و چاوەڕوانی خزمەت و گیانبازییان لە رێی خۆی و ئەتکی ئابڕوی ئیسلام ئەکا. یا ئەوەی سەرباری زانینی. ئەڵێ بەڵکو بەرە بەرە موسوڵمانان لە غیرەتی دینیی خۆیان هەڵگێڕمەوە. ئەوانە بکەم بە روس و روسی زادە. ئەفسوس کە هەمو جۆرە ئینقیلاب و خراپی لە سەر روی زەوی لە بێ ئینسافی و حیرس و لە سەرۆکایەتیخوازی پەیدا بوە. کە مەعنای ئەم سەرۆکایەتیخوازیە ئەبێ عومیەتی بدرێتی تا لە هەر مەقامێکا بە پێی حاڵ و وەزعەکە حوکمەکانی ببینرێ، ببێتە هۆی عیبرەت و ئاگایی.

3. 4. 4. شۆڕشی کوڕانی بەدرخان پاشا

لە ژ 48 ساڵی چوارەم 9 ی زیلحیجەی 1295 بەرامبەر 4 ی دیسمبەر (کانونی یەکەم) ی 1878 دا نوسیویەتی: "لە سەمتی کوردستان زادەگانی بەدرخان پاشا بە هەوای یاغیگەری کەوتون. جەمعێکیان لە گەڵ خۆیان کردۆتە هاوداستان و. لەو سامانەدا کەوتونەتە تێکدانی ئیخلالی ئاسایش و کارەکەیان توند کردوە. مەئمورەکانی دەوڵەتیان لە کار خستوە و خۆیان جڵەوی حوکمڕانییان گرتۆتە دەست. تەنانەت ئەڵێن تەلگرامەکانیان خستۆتە ژێر ئیدارەی خۆیانەوە. لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ تەمێکردن و تەنبیهی ئەوانە هێزێ کە پێویست بو، نێردرا."

لەشکری عوسمانی ئەچێ بۆ سەرکوتکردنی

لە ژ 50 ی ساڵی چوارەم 23 ی زیلحیجەی 1295 بەرامبەر 18 ی دیسمبەر (کانونی یەکەم) ی 1878 دا نوسیویەتی:

"مەسەلەی یاخیبونی کوڕانی بەدرخان پاشا لە سەمتی کوردستان و دیاربەکر و مەئمورکردنی جەنابی عیزەت پاشا بۆ تەنبیهو تەمێکردنیان مەعلومە. ئەگەرچی ئەم کارە زۆر گرنگی نەبو بەڵام هەر کاتێ پشتگوێ بخرایە یەقین کار گەورە ئەبو. وەلێ ئیستا بە بایەخ پێدانی جەنابی ئەورەحمان پاشا. والی دیار بەکر. بە کەمالی ئاسانی بەری ئەم شۆڕشە بە تەواوی گیرا. بەو جۆرەی کە لە روی تەلگرافنامەیەکەوە کە بە چاپخانەی وقت لە 2 ی کانونی یەکەم (19ی زیلحیجە) دا گەیشتوە ئەنوسین. "غائیلەی کوڕانی بەدرخان کە لە (بۆتان) و (جزیرە) عاسی بون و دەرەجەی ئەهمیەتی ئەو کارە بە پێی ئەوزاعی کوردەکان و. تەنسیرێ کە ئەو خانەوادەیە لە میزاجی کوردا هەیەتی. لە کەسانێ کە ئاگاداری حەقیقەتی حاڵن پۆشراو نیە. ئەوەی ئەمانە بە پەنهانی گەیشتونەتە بۆتان. بە ئیقدامات و کارئاگاهی کە لە لایەن والی ولایەتەوە کراوە و. بە قەدەر دو فەوج نیزام کۆ کراونەتەوە و لە گەڵ عەسکەرانی هاوکاردا کە پێش وەخت لە سعرد تەرتیب کرا بون لە گەڵ موتەسەڕیفی سعرد لەوێوە رو بە تەرەفی ئەوانە رەوانە کران و سەمتی مدیان (ئەبێ میدیات بێ. د م) گیرا. لە شەرناخیش بە قەدەر 3 هەزار نەفەر لە عەسکەرانی هاوکار رێک خرا و رێی تەنینەوە و گەورە بونی غائیلەکە بەسترا. لە سەمتی سعردەوە حسێن بەگ بە شکاوی بریندار بو. عوسمان بەگ یش لە حاڵەتێکا کە بە 4 هەزار نەفەرەوە هەڵی کوتا بوە سەر شەرناخ عەسکەرانی هاوکار کە لە وێ بون شکاندویانە پەریشانیان

کردوە. ئیستا هەردو برا راکردون و خۆیان شاردۆتەوە. مەبەست بەیان کردنی ڕێوشوێنی خێرا و کاریگەری والی ولایەت نیە. کە لە مەئموریەتی گەورەدا ئیقتیدار و کارئاگایی‌یان بینراوە و بیستراوە. تەنیا بۆ بەشارەت دان کە بە پشتیوانی خوا و لە سایەی شاهانە. دەوڵەت و ئەو ناوچانە لەم غائیلەیە رزگار بون ئەم بابەتە رادەگەیەنین. جەنابی عیزەت پاشا کە بۆ ئەم کارە مەئمور کراوە پاش چەند رۆژی تر دەگاتە دیاربەکر."

خۆ بە دەستەوە دانیان

لە ژ 8 ی سالی پێنجەم 20 ی سەفەری 1296 بەرامبەر 12 ی فوریە (شوبات) ی 1879 دا نوسیویتی:

"کورانی بەدرخان پاشا کە حسێن بەگ و عوسمان بەگ ناو بون لە دەملاودەولای کوردستان دا عوصیان و توغیانیان کرد بو پاش ئەوەی بە سەتوەتی سەڵتەنەتی پایەبەرز پشت شکاو و هەراسان بون. لە دەرگای ئیستیمانیان دا. تەسلیم و گرفتار بون هاوری لە گەڵ سەعادەت مەئاب کازم بەگ. کە لە ئاجودانەکانی حزور (یاوەر) ی حەزرەتی شەهریارییە. بۆ دەری سەعادەت نێردران."

سورەیا بەدرخان (بلەچ شێرکۆ) روداوەکە بە جۆرێکی تر دەگێرێتەوە. لەم بارەیەوە نوسیویتی:

"لە ساڵی 1877 ز یش دا جەنگی نێوان تورک و رووس رویدا بابی عالی خەڵکێکی زۆری (متطوع) ی کوردستانی کرد بە سەرباز و بەشێکی زۆری ئەم هێزانەی بەنەوەکانی میر بەدرخان سپارد.

"حسێن کەنعان پاشا و. عوسمان پاشاش ئەم هەلەیان لەو سەرکردانە قۆستەوە و. لەگەڵ ئەو ئەفسەر و سەرکردانەدا ریکەوتن. کە لە ژێر فەرمانداریتیاندا بون و لەناوخۆیاندا بریاریاندا بە مەبەستی هێنانەدی ئەو ئاواتە پیرۆزەی کە باوکە مەزنەکەیان تیایدا ژێر کەوت. رو بکەنە کوردستان بۆ جێ بەجێ کردنی کە - یەکێتیی کوردستان و رزگارکردنی بوو - بۆ ئەمە. ئەم دوو میرە کوردە ساڵی 1879 ز بە نهێنی چونە کوردستان و. لە ناکاوێکدا لە (جزیرە) سەریان هەڵدا و دەستیان بە سەر کاروباری ئەوێدا گرت و. دەستبەجێ بانگی سەربەخۆیی کوردستانیان ئاشکرا کرد. چەند جارێکیش بەسەر ئەو هێزە سەربازییە تورکیانەدا سەرکەوتن. کە لە هەموو قوڵێکەوە هێرشیان دەهێنایە سەریان. تا نزیک (جولەمێرگ) لە مەڵبەندی هەکاری و زاخۆ و ئامێدی و ماردین و مدیات و نصیبین یشیان گرت و. میر عوسمان کە گەورەکەیان بوو بانگی میرایەتی میرنشینی دا و. لەجیاتی ناوی سوڵتانیش. لە وتاری هەینی‌دا ناوی ئەم هێنرا.

"ئیتر بەزینی یەک لە دوای یەکی هێزەکانی تورک و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی میر عوسمان. لە سەرتاسەری وڵاتی کورددا. سوڵتانی سەردەم. سوڵتان عەبدولحەمیدی ناچار کرد سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە کورد و کوردستان بگۆڕێ. بەتایبەتیش بەرانبەر بنەماڵەی بەدرخانییەکان. ئەوشتانەی کە بابی عالی ناچاربوو بیکات بەردانی هەموو ئەوانە بوو کە لە بنەماڵەی بەدرخان گیرابوون. راسپاردەشی ناردە لای هەردوو میرە تێکۆشەرەکەی کوردستان. تا پێیان بوترێ با ئیتر خوێنی موسڵمانان نەرژێ و ئامادەشە بە ریگای ئاشتی وەڵامی داخوازیەکانیان بداتەوە. ئیتر هەردوو میر لە سەر قسەی براکانیان و خزمەکانیان کە ئەو کاتە لە ئەستانە بوون و ئەوەیان سەلماند کە سیاسەتی ئەم دواییەی سوڵتان. سیاسەتێکی نەرمە. هەردوکیان کەوتنە وتوویژ لە گەڵ تورک دا. لەسەر ریکەوتن و هێنانەدی داخوازیەکانی کورد. ئەوەیشی کە ئەوەندەی تر متمانەی هەردو میری بە تورک پەیدا کرد. ئەو پێشوازی و بە پیرەوە هاتنە گەرمە بوو. کە لە هەموو کۆبونەوەکاندا لەگەڵیان ئەکرێن و قسەی گفتوگۆکەرانی تورک بوو. لەوەدا کە ئەیان وت داخوازیەکانی هەردوو میر ئەهێنینەدی. نەک هەر تەنیا لە سنوری میرنشینی بۆتان دا. بەڵکو لە سەرتاپای کوردستان دا

چونکە گفتیان ئەدا کە سەربەخۆیی ناوخۆی کوردستان ئەدەن. بەرانبەر بە هەندێ مەرجی شاراوە، کە پێویستی بەزۆرتر وردبونەوە و. بیرکردنەوەی تر هەیە.

"ئەم هەموو دیاریانەی لای تورک، کاریان لەهەردوو میری بەدرخان کردو. وایان لێ هات ژمارەی ئەو پاسەوان و یاوەرانەیان کەم ئەکردەوە کە لە گەڵیان ئەهاتن و ئەچوون بۆ کۆبونەوەکان و تا بارەگای کۆڕ و کۆبونەوەکان لەگەڵیان ئەهاتن و ئەمانەوە. تورکەکانیش هەر بە ئارەزوو. جێگا گۆڕکێیان لە جێگای کۆبونەوەکاندا ئەکرد. ڕۆژێکیان کۆبونەوەکەیان لە جێگایەکدا گرت. هێزی تورکی چەندان ئەوەندەی هێزەکەی کورد ئەبوو. ئیتر تورکەکان بە هەلیان زانی و پێشتریش پیلانەکەیان سازکردبوو. بۆیە هێزی تورک دەوری هەردوو میر و پاسەوانەکانیان دا و دەسگیریان کردن و گرتنیان و بەدەست بەستراوی ناردیانن بۆ ئەستانە. دیارە واش چاوەڕوان ئەکرا بەلای کەمەوە لەسێدارە بدرێن. بەڵام سوڵتان لەرزی ئەوەی لێ نیشت ئەک ئاگری شۆڕشێکی سەرتاسەری لە کوردستاندا کڵپە بسێنێ. لە بەرئەوە بەوەنە وازی لێ هێنان کە ماوەیەک لە قوڵایی زیندانەکانی ئەستانەدا توندیان بکات و پاشان بەرەڵای کردن و لە ئەستانە دەست بە سەر هێشتنیەوە."(سەرچاوە: بلەچ شێرکۆ: کێشەی مێژینە و ئیستای کورد. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی محەمەد حەمە باقی. چاپی سێیەم، 1991. ل 44 – 45.)

ڕۆژی کورد، ژ 2 ی 14 ی شەعبانی 1331 بەرامبەر 6 ی تەموزی 1329 ی رۆمی. ئەستەموڵ. بە تورکی هەواڵی کۆچی دوایی لە ژێر سەرناوی (زیاعی عەزیم) دا بڵاو کردۆتەوە.

ڕۆژی کورد، ژ 3 ی 11 ی ڕەمەزانی 1331 بەرامبەر 1 ی ئاغستۆسی 1329 رۆمی. ئەستەموڵ. لە سەر بەرگەکەی وێنەی حسێن کەنعان پاشا و. وتارێکی تورکیشی لە ل 4 – 6 دا لە ژێر سەرناوی (حیات مشاهیر: بدرخانی حسین پاشا) تەرخان کردوە بۆ ژیاننامەی.

دیاریی کوردستان. ژ 9 ی 28 ی ئەیلولی 1925. بەغداد. وێنەیەکی حسێن کەنعانی لە گەڵ ژیاننامەی بە کوردی و بە عەرەبی بڵاو کردۆتەوە. پێ ئەچێ سەرچاوەی سەرەکی زانیاریەکانی دیاری هەمان وتاری ڕۆژی کورد بێ.

3. 4. 5. بەستنی شارەزور و سلێمانی بە موسڵەوە

لە ژ 9 ی ساڵی پێنجەم 27 ی سەفەری 1296 بەرامبەر 19 ی فوریەی 1879 دا نوسیویێتی:

"شارەزور و سلیمانی لە ولایەتی بەغداد جیا کرانەوە و خرانە سەر ولایەتی موسڵ و والیگەری ئەوێ بە سەعادەتمەئاب فەیزی پاشا والیی پێشتری ترحالە سپێردرا."

دورخستنەوەی 23 سەرۆکی کورد

لە ژ 34 ی ساڵی پێنجەم 4 ی ڕەمەزانی 1296 بەرامبەر 21 ی ئۆتی 1879 دا نوسیویێتی:

"لە ولایەتی دیاربەکر 23 نەفەر لە سەرۆکەکانی کورد کە سەرچاوەی شەرارەت و فەساد بون لە لایەن جەنابی عابیدین بەگەوە، کۆمیسەری عوسمانی. گیران و بە جارێ لە ئەناتۆلی نەفی و دور خرانەوە. بەم هۆیەوە مەردمانی موفسید و شەرارەت پیشە دوچاری ترس و هەراس بون لە داخلی ولایەتدا ئەمنیەت و ئاسایشی تەواو جێگیر بوە. عەسکەر (جاندارم) کە بڕیار بو پێک بهێنرێ. نەفەرات و خاوەن پلە و پایەکانی بە جۆرێکی وەک یەک بێ جیاوازی لە ئیسلام و ئەرمەنی تەشکیل کراوە. کەوتونەتە جێبەجێکردنی مەئموریەتیان. جلوبەرگی تایبەتی کە بۆ عەسکەرەکانی جاندارم دراوە لەوپەڕی قەشەنگیدا بوە."

3. 4. 6. لێکۆڵینەوە لە ناسنامەی کوردەکانی ئەستەموڵ

لە ژ 45 ی ساڵی پێنجەم 21 ی زیلقەعیدەی 1296 بەرامبەر 6 ی نۆڤەمبەری 1879 دا نوسیوێتی:

"کوردانێ کە لە دەری سەعادەت دان و بە چەند جۆر کاسبی و کار خەریکن و زۆریان عەمەلە و هەندێکیشیان بێکار و حاڵ و بار نەزانراون. لە بابەت تابیعیەتی ئەم کوردانەوە لە لایەن حکومەتەوە دیقەت نەکراوە. هەندێکیان خۆیان بە هیچ دەوڵەتێکەوە نەبەستۆتەوە. هەروەخت لە لایەن حکومەتەوە ویستراوە شتێکیان بەرامبەر بکرێ، یا بۆ ئیجرای حەقێ نامادە بۆ مەحکەمە جەلب بکرێن. هەر کاتێ کەسی نامادەکەر لە مەئمورانی دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانی بێ، دەڵێن: ئێمە ئێرانین و ئەگەر لە مەئمورانی سەفارەتی بڵندی ئێران بێ، دەڵێن: ئێمە تەبەعەی عوسمانین و. هەندێکیشیان لە ناو ئەم هەلومەرجە حوشترمورغیەدا دو تەسکەرەی ئیقامەتی پەیدا کردوە لە کاتی پێویستدا پشت بە یەکێکیان دەبەستێ (مثل النعامة لاطير ولاجمل). برێکیشیان، بە ئیشتیباهکاری، ئێرانیەو ناوی سلێمانی داناوە و بە درۆ لە تەبەعەی دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانیە و برێکیش بە پێچەوانەوە لە تەبەعەی دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانیە بە بیانوی ئەوەی کە خەڵکی سنە و سەقز و شوێنی ترە تەزکەرەی ئێرانی پەیدا کردوە. کارەکانی خۆیان بەوجۆرە دەبەنە پێش و لەم پایتەختەدا بونی ئەم چەشنە کەسانە، بەم بارە نادیارە، بۆ ئاسایشی گشتی زیانبەخش و بۆ مافەکانی هەردولا پێشێلکەرە. لە بەر ئەوە وا وتراوە لە نێوان سەفارەتی مەزنی دەوڵەتی بڵندی ئێران و بابیعالیدا موخابەرە کراوە، بڕیاریان داوە کۆمیسیۆنێ دروست بکرێ لە حالات و تەبەعیەتی ئەو کوردانەی لەم جێگایانەدان بکۆڵنەوە و دیاری بکەن و کەسانی حاڵنادیار و ئەوانەی گومانیان لێ نەکرێ، پێکەوە بڕیاری دورخستنەوەیان لێرە بدرێ."

4. رۆژنامەی (الزوراء) ی بەغدادی و هەواڵی خێڵەکانی کورد

مەدحەت پاشا (1822- 1884) نێرا بە والی بەغداد. لە نیسانی 1869 دا هاتە بەغداد. بۆ چاکسازی هات بو.

مەدحەت پاشا 3 ساڵ لە عیراق مایەوە. گەلێ چاکسازی گرنگی لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی خەڵکی عیراقدا کرد: چاکردنی ڕێگاوبانی کاروان و ڕاکێشانی تەلگراف و ڕێکخستنی بەرید، چاکردنی ڕوبارەکان و هاتوچۆی ئاوی بۆ بازرگانی و گوێزانەوە. چاکردنی سیستەمی کۆکردنەوەی باج و دانی زەویوزار بە کرێ بە هەرزان بە جوتیار و ڕەوەندەکان. دانانی مەدرەسەی صەنائیع و نەخۆشخانە و کردنەوەی قوتابخانەی ئەعدادی و عەسکەری و ملکی. دامەزراندنی کارگەی چنین (عباخانە)، پاڵاوتنی نەوت لە مەندەلی. کوژاندنەوەی ئاژاوە و پشێوی عەشایەر و دانانی قانونی تەجنید.

4. 1. الزوراء

ڕۆژنامەوانی لە تورکیا لە چاو ڕۆژنامەوانی لە دنیادا شتێکی تازە بو.

(تقویم وقائع) کە تاکە ڕۆژنامەی ڕەسمیی حکومەتی تورکیا بو لە 1831 ەوە بە فەرمانی سوڵتان مەحمود لە ئەستەموڵ بە تورکی دەرئەچو.

بەر لە هاتنی مەدحەت پاشا خەڵکی عیراق نەیانئەزانی ڕۆژنامە چیە. ژمارەیەکی کەم ڕۆژنامەی عەرەبی لە پایتەخت و ناوەندی هەندێ لە ولایەتەکان دەرئەچون. بەڵام بە هۆی بڵاوی نەخوێندەواری و. خراپی بەرید و پێوەندی نێوان ولایەتەکان. مەگەر هەندێ لە کاربەدەستانی بەرزی دەوڵەت. بۆ ئاگاداری لە ڕوداوەکانی وڵات و بڕیارەکانی بابی عالی لە ئەستەموڵەوە جاروبار ڕۆژنامەیان بۆ هاتبێ. ڕۆژنامەی عەرەبی بە دەگمەن هەبوە. بە ناوبانگترینیان (الجوائب) بوە کە لە ئەستەموڵ دەرچوە و. تاکوتوک گەیشتۆتە دەس خوێندەوارانی عیراق.

مەدحەت پاشا بەر لە هاتنی دەزگایەکی چاپی میکانیکی لە پاریس بە کرین دابو. وەستای بەکارهێنانی بۆ ئامادە کردبو. هەروەها سەرنوسەری ڕۆژنامەکەی دانا بو. بە گەیشتنی خۆی دەزگاکەی پشی گەیشت و ناو نرا (مطبعة الولایة).

زوراء

فوائد خصوصیة

لە رۆژی سێشەمە 5 ی رەبیعی ئەوەلی 1286 بەرامبەر 15 ی حوزەیرانی 1869 بە 4 لاپەرە. 2 لاپەرە بە تورکی و 2 لاپەرە بە عەرەبی دەرچوە. لە ناوچەوانی رۆژنامەکەدا نوسراوە:

"هذه الغزتة تطبع في الاسبوع مرة يوم الثلاثاء وهي حاوية لكل نوع من الاخبار والحوادث الداخلية والخارجية"

تا ساڵی 1908، کە گۆڕینی دەستوری بو لە دەوڵەتی عوسمانیدا. الزوراء (لێرە بە دواوە ئەنوسم زەورا) تەنیا رۆژنامە بوە کە لە بەغداد دەرچوە. دوای 1908 لە بەغداد چەندین رۆژنامە و گۆڤاری عەرەبی دەرچون. لە بەر ئەوە زەورا ماوەیەک هەمو نوسینەکانی کرد بە تورکی. زۆر لەوانەی تورکییان نەئەزانی و هەروەها نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، نارەزاییان دەربڕی لەبەر ئەوە کرایەوە بە تورکی و عەرەبی.

4. 1. 1. نوسەرەکانی

یەکەم سەرنوسەری زەورا ڕۆژنامەوانی تورک ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی بوە. نوسینەکانی زەورا بە زۆری لە لایەن فەرمانبەرانی ولایەتەوە نامانە کراوە لە بەر ئەوە زۆر جار نوسینە عەرەبییەکانی کاڵوکرچ و پڕ لە هەڵە بون. هەندێ لە ڕۆژنامە عەرەبییەکانی ولایەتەکانی تر بە ڕەخنەوە باسی ئەوەیان کردوە کە ڕۆژنامەیەک لە بەغدای شاری ئەدەبی عەرەبی دەربچێ و لەو ئاستە نزمەدا بێ. بۆیە کاربەدەستانی عوسمانی هەوڵیان داوە نوسەرە عەرەبە ناسراوەکانی عیراق بخەنە گەڕ. لەوانە: ئەحمەد عیزەت پاشا، مەحمود ئەلفاروقی موصلی، عەبدولحەمید و ئەحمەد و عەبدولمەجید ئەلشاوی، تەها ئەلشەواف، مەحمود شوکری ئالوسی، فەهمی مودەڕیس.

لە ڕۆژنامەی زەورادا دەیان کەس فێری نوسین و ڕۆژنامەوانی بون.

4. 1. 2. بابەتەکانی

کاروباری ولایەت و قانون و هەواڵی ڕەسمی و بەراناتی سوڵتانی و دەقی پەیماننامەکان و بەڵگە و دەنگوباسی سەڵتەنەت و دەوڵەتانی تری بڵاو ئەکردەوە. هەروەها وتاری ئەدەبی و باسی کشتوکاڵ و تەندروستی و بازرگانی...

4. 1. 3. هەواڵەکانی

زەورا نزیکەی 48 ساڵ لە نێوان (1869- 1917) حەفتانە 2607 ژمارەی بە ڕێکوپێکی تا داگیرکرانی بەغداد لە لایەن لەشکری ئینگلیزەوە بەردەوام دەرچوە.

ئەو ماوەیە لە مێژوی کوردستانی عیراقدا بە تایبەتی دوای ڕوخانی میرایەتییە کوردییەکانی بابان و سۆران و بادینان، قۆناغێکی ئاڵۆزی پڕ لە ڕوداو و پشێوی و شەڕوشۆڕ بوە. سەرچاوەکان زۆر کەم ئاگاداری دەربارەی ئەم قۆناغە و ئەم ناوچەیە بە دەستەوە ئەدەن. بۆ نمونە: عەشیرەتی هەمەوەند لە نێوان کەرکوک- دیالە – کرماشان دا ئاژاوەیەکی زۆری دروست کردوە، سەرەنجام دوای لەشکرکێشی گەورەی عوسمانی بە دیل گیراون و لە کوردستان دور خراونەتەوە. بەڵام پاش ماوەیەک هەڵاتون و گەڕاونەتەوە ناوچەکە. تا ئێستایش هەندێک لەم چیرۆکانە دەماودەم ئەگێڕنەوە. بەڵام بە نوسین شتێکی تۆمار کراو لە بەر دەس دا نیە.

عباس العزاوي لە بەرگەکانی 7 و 8 ی (تاريخ العراق بين احتلالين) دا ڕۆژنامەی زەورا ی وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرەکی بۆ گێڕانەوەی ڕوداوەکانی عیراق بە کار هێناوە. لە ناو ئەوەدا چەردەیەکی باش هەواڵی خێڵەکانی هەمەوەند، جاف، سنجاوی، کەلوڕ، فەیلی، هەورامان، یەزیدی... باس ئەکا. بە داخەوە ژمارەکانی زەورا لە بەر دەس دا نین تا پشت بە نوسینەکانی ئەو ببەستین. لە بەر ئەوە هەڵ ئەدەم هەواڵەکان لە مێژوەکەی عەزاوی هەڵێنجم.

ژ 1 ی زەورا تەرخان کراوە بۆ بڵاوکردنەوەی فەرمانی سوڵتانی عوسمانی دەربارەی دانانی مەدحەت پاشا بە والی عیراق و، خوێندنەوەی ئەم فەرمانە لە دیوانی حکومەتدا لە بەغداد و، وتاری مەدحەت پاشا بۆ سپاسی ئەم فەرمانە و بەرنامەی کاری داهاتوی لە عیراق دا. ئەم دو بابەتە بە هەردو زمانی تورکی و عەرەبی بڵاو کراونەتەوە. بەڵام وەکو عەزاوی نوسیویتی تەرجومەی عەرەبی هەردو بابەت ڕەوان نین و لاوازن. (7: 172)

زوراء

لە ڕۆژی سێشەمە 5 ی ڕەبیعی ئەوەڵی 1286 بەرامبەر 15 ی حوزەیرانی 1869 بە 4 لاپەڕە، 2 لاپەڕە بە تورکی و 2 لاپەڕە بە عەرەبی دەرچوە. لە ناوچەوانی ڕۆژنامەکەدا نوسراوە:

"هذه الغزتة تطبع في الاسبوع مرة يوم الثلاثاء وهي حاوية لكل نوع من الاخبار والحوادث الداخلية والخارجية"

تا ساڵی 1908، کە گۆڕینی دەستوری بو لە دەوڵەتی عوسمانیدا، الزوراء (لێرە بە دواوە دەنوسم زەورا) تەنیا ڕۆژنامە بوە کە لە بەغداد دەرچوە. دوای 1908 لە بەغداد چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری عەرەبی دەرچون. لە بەر ئەوە زەورا ماوەیەک هەمو نوسینەکانی کرد بە تورکی. زۆر لەوانەی تورکییان نەئەزانی و هەروەها نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، نارەزایییان دەربڕی لەبەر ئەوە کرایەوە بە تورکی و عەرەبی.

4. 1. 1. نوسەرەکانی

یەکەم سەرنوسەری زەورا رۆژنامەوانی تورک ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی بوە. نوسینەکانی زەورا بە زۆری لە لایەن فەرمانبەرانی ولایەتەوە ئامادە کراوە لە بەر ئەوە زۆر جار نوسینە عەرەبییەکانی کاڵوکرچ و پڕ لە هەڵە بون. هەندێ لە رۆژنامە عەرەبییەکانی ولایەتەکانی تر بە رەخنەوە باسی ئەوەیان کردوە کە رۆژنامەیەک لە بەغدای شاری ئەدەبی عەرەبی دەربچێ و لەو ئاستە نزمەدا بێ. بۆیە کاربەدەستانی عوسمانی هەوڵیان داوە نوسەرە عەرەبە ناسراوەکانی عیراق بخەنە گەڕ. لەوانە: ئەحمەد عیزەت پاشا، مەحمود ئەلفاروقی موصلی، عەبدولحەمید و ئەحمەد و عەبدولمەجید ئەلشاوی، تەها ئەلشەواف، مەحمود شوکری ئالوسی، فەهمی مودەریس.

لە رۆژنامەی زەورادا دەیان کەس فێری نوسین و رۆژنامەوانی بون.

4. 1. 2. بابەتەکانی

کاروباری ولایەت و قانون و هەواڵی رەسمی و بەراناتی سوڵتانی و دەقی پەیماننامەکان و بەڵگە و دەنگوباسی سەڵتەنەت و دەوڵەتانی تری بڵاو ئەکردەوە. هەروەها وتاری ئەدەبی و باسی کشتوکاڵ و تەندروستی و بازرگانی...

4. 1. 3. هەواڵەکانی

زەورا نزیکەی 48 ساڵ لە نێوان (1869- 1917) حەفتانە 2607 ژمارەی بە رێکوپێکی تا داگیرکرانی بەغداد لە لایەن لەشکری ئینگلیزەوە بەردەوام دەرچوە.

ئەو ماوەیە لە مێژوی کوردستانی عیراقدا بە تایبەتی دوای روخانی میرایەتییە کوردییەکانی بابان و سۆران و بادینان، قۆناغێکی ئاڵۆزی پڕ لە روداو و پشێوی و شەڕوشۆڕ بوە. سەرچاوەکان زۆر کەم ئاگاداری دەربارەی ئەم قۆناغە و ئەم ناوچەیە بە دەستەوە ئەدەن. بۆ نمونە: عەشیرەتی هەمەوەند لە نێوان کەرکوک- دیالە – کرماشان دا نائارامییەکی زۆری دروست کردوە، سەرەنجام دوای لەشکرکێشی گەورەی عوسمانی بە دیل گیراون و لە کوردستان دور خراونەتەوە. بەڵام پاش ماوەیەک هەڵاتون و گەڕاونەتەوە ناوچەکە. تا ئیستایش هەندێک لەم چیرۆکانە دەماودەم ئەگێڕنەوە. بەڵام بە نوسین شتێکی تۆمار کراو لە بەر دەس دا نیە.

عباس العزاوي لە بەرگەکانی 7 و 8 ی (تاريخ العراق بين احتلالين) دا رۆژنامەی زەورا ی وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرەکی بۆ گێڕانەوەی روداوەکانی عیراق بە کار هێناوە. لە ناو ئەوەدا چەردەیەکی باش هەواڵی خێڵەکانی هەمەوەند، جاف، سنجاوی، کەلوڕ، فەیلی، هەورامان، یەزیدی... باس ئەکا. بە داخەوە ژمارەکانی زەورا لە بەر دەس دا نین تا پشت بە نوسینەکانی ئەو ببەستین. لە بەر ئەوە هەڵ ئەدەم هەواڵەکان لە مێژوەکەی عەزاوی هەڵێنجم.

ژ 1 ی زەورا تەرخان کراوە بۆ بڵاوکردنەوەی فەرمانی سوڵتانی عوسمانی دەربارەی دانانی مەدحەت پاشا بە والی عیراق و، خوێندنەوەی ئەم فەرمانە لە دیوانی حکومەتدا لە بەغداد و، وتاری مەدحەت پاشا بۆ سپاسی ئەم فەرمانە و بەرنامەی کاری داهاتوی لە عیراق دا. ئەم دو بابەتە بە هەردو زمانی تورکی و عەرەبی بڵاو کراونەتەوە. بەڵام وەکو عەزاوی نوسیویەتی تەرجومەی عەرەبی هەردو بابەت رەوان نین و لاوازن. (7: 172)

4. 1. 3. 1. هەواڵی هەورامان

ژمارەکانی 5 و 6 و 7 و 12 ی مانگەکانی رەبیعی ئاخەر و جیمادی ئەوەلی 1286 ک هەواڵی روداوەکانی هەورامان ئەگێرنەوە. نوسیویانە:

هەورامان بەشێکی هی عیراق و ئەوی تری هی ئێرانە. لە خێڵە گرنگەکانی کوردن. بەشی ئێرانی سەر بە سەنەندوج (سنە) و بەشی عیراق تابیعی لیوای سلێمانی‌یە. لە شوێنێکی سەختی کوێرە رێ دایە.

هەمیشە لە شەڕ و کێشەدا بون لە گەڵ ئێران. ئەمیرێک لە ناو خۆیانا هەڵئەبژێرن پێی ئەڵێن سوڵتان. ساڵێ لەمەوپێش حاکمی سنە فەرهاد میرزا یەکێ لە سەرۆکەکانیانی. حەسەن سوڵتان. بانگ کرد لە خۆی نزیک خستەوە و بە فێڵ کوشتی. لە سەر ئەوە خێڵەکەی راپەڕین و کوڕەکانی لە سەر ئەم دەستدرێژی‌یە خرۆشان. فەرهاد میرزا هێزێکی ناردە سەریان. ئەم خێڵە شەبەیخونیان کردن و زەرەری زۆریان لێ دان. ئەمە بو بە هۆی ئەوەی حکومەتی ئێران بایەخێکی گەورەیان پێ بدا و. هێز بنێرێتە سەریان سەرکوتیان بکا و تۆڵەی ئەو کارەیان لێ بکاتەوە.

ئەم هێزە گەمارۆی شاخەکەیدا بە نیازی ئەوەی جەزرەبەیەکی کوشندەیان تێ بسرەوێنێ. لەشکری ئێران هیچی پێ نەکرا. بەڵام حکومەتی ئێران ئارام نەبوەوە. هێشتا هەر لەشکر ئەنێری و هەڵئەکوتێتە سەریان کەچی هەر ژێر ئەکەون. ئەمجارەیان حکومەتی ئێران فەتاح بەگ و چەند کەسێکی کەی لێ کوشتون. عەشیرەتەکە بڵاوەیان لێ کردوە.. لەشکرێکی تری بە سەرکردایەتی کەریم خان لە رێگەی بازلەوە لە گەڵ سەربازی بانە و سەقزدا ناردە سەریان. بەڵام ئەم لەشکرە 8 یان لێ کوژرا. ئینجا حکومەت نزیکەی 5 هەزار کەسی بۆ قەمەر عەلی خان سازدا. شەڕێ لە دزڵی بو 6 سەعاتی خایاند 32 سەربازی ئێرانی کوژران و ژمارەیەکیشیان بریندار بون. هەورامی‌یەکان هەندێ چەکیان دەس کەوت و دەسیان گرت بە سەر عەرەبانەی تۆپ و تفاقی جەنگیدا.

هەواڵەکانی سلێمانی ئەمەیان گەیاندوە.

ئەم عەشیرەتە 20 هەزار کەس زیاترن. لە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت دان. بەڵام لە توانایاندا ئەبو بەرگری ئێران بکەن. ئەیانتوانی لە روی دەوڵەتی ئێراندا بوەستن.. دوای ئەوە هەواڵی شکانیان هات.

ئێران ویستی سەریان پێ دابنەوێنێ. بەربەرەکانی‌یان کرد بەڵام نەیانتوانی دریژە بە جەنگ بدەن، ئەگەرچی زەرەریان لە ئێرانیەکاندا. بە هۆی جیاوازی مەزهەبی‌یەوە رقێکی زۆریان لێ هەڵگرتبون و بە رەقی رەفتایان لە گەڵ کردن. ئێرانیەکان کە چونە ناو شاخەکانەوە هەوڵیاندا هەمویان بکوژن. دەستیان کرد بە سوتاندنی ئاوایبەکانیان و بە شێوەیەکی ناشیرین کەوتنە کوشتنیان. دەستیان لە منداڵ و ژن یش ئەپاراست.. دەست و قاچی هەندێکیان بڕی بون. کە ئەبو بە هۆی ترسیان و ئەفرەتی زیاتری خەڵک. رویان کردە عیراق. داوای دەخالەتیان کرد. سەرۆک و میرەکانیان سکاڵانامەیان نوسی حالی خۆیان و ئەو زوڵمەی لێیان کراوە، رون کردەوە.

دەوڵەتی عوسمانی پابەندی مافی دراوسی‌یەتیە. ئەبێ چاودێری حالی هەردولا بکا بۆ ئەوەی وەکو پێویست خزمەتی خۆی بە جێ بێنێ. هەوڵیدا رێکیان بخاتەوە و لە یەکیان نزیک بکاتەوە. فەرمانی دا بە فەرمانبەرانی سنور مشوری ئەم بەرژەوەندی‌یە بخۆن.

ئێرانیەکان وەڵامی ئارەزوی دەوڵەتیان ئەدایەوە. گوێیان ئەدایە ویستی فەرمانبەرەکان. بگرە دریژەیان دا بە کوشتن و تاڵان و وێران کردن و. سوربون لە سەر لە ناوبردنیان. سەرۆک و میرەکانیان رویان کردە عیراق. بە دوی ئەوانیشدا خاووخێزان لە منداڵ و ژن و پەککەوتە هاتن. داوای یاریدە و. بە پەرۆش

و پاڕانەوە قبوڵی دەخالەتیان کرد سەبارەت بەو توندوتیژیی‌یەی توشی بون. فەرمانبەرەکان نەیانتوانی ژمارەیەکی زۆر کە 7 هەزار کەس نەبون رەت بکەنەوە. دەخالەتەکەیان قبوڵ کردن. حکومەت بەزەیی و دڵنەرمی بەرامبەر بەو نگبەتیی‌یەی توشیان هات بو پیشاندا. لە هەندێ شوێنی سلێمانی نیشتەجێی کردن و رێوشوێنی پاراستن و ژیانندنی بۆ دانان.

شا کاربەدەستی نارد کە رێگە نەدرێن بێنە عیراقەوە. هەروەها فەرمانێک یش لە بابی عالی‌یەوە بەم مەبەستە هات. بەڵام کە حکومەتی بەغداد کەوتە لێکۆڵینەوە زانی ئەمانە ئەهلی سوننە و شافیعی مەزهبن. کە بوبو بە هۆی ناکۆکی و، ئێران ئەیچەوساندنەوە و تەنگی پێ هەڵئەچنین.

لە شوێنێکی ترا هەواڵەکە ژمارەی پەنابەرانی هەورامی بە 20 هەزار کەس ئەخەمڵێنێ..... حکومەت ماوەی 3 مانگ داڵدەی دان تا موافقەتی لێبوردنی گشتی لە حکومەتی ئێران بۆ وەرگرتن کە لە سزا و ئازار بەخشرێن. جگە لە هەندێ لە سەرۆکەکانیان کە نەگەڕینەوە شوێنەکانی خۆیان بەڵکو لە ئازەربایجان یا لە جێگایەکی تر دابنیشن. (7: 183-186)

ئەم روداوەی هەورامان روداوێکی ناسراوە لە مێژوی هەوراماندا. مێژونوسەکانی ئەردەڵان، وەکو یەکێ لە سەرکەوتنە گەورەکانی فەرهاد میرزا بە درێژی گێڕاویانەتەوە. (بۆ ئاگاداری زیاتر بروانە: علی اکبر وقائع نگار. ئەوشیروان مستەفا: کورد و عەجەم)

4. 1. 3. 2. هەواڵی هەمەوەند

عەزاوی لە زمانی ژ 6 و 7 ی 10 و 17 ی رەبیعی ئاخەری 1286 ک زەورا نوسیویێتی: ئەڵێن هەمەوەند یا حەمەوەند، عەشیرەتێکی کوردیە بە ئازایەتی ناسراوە. چەندەها ساڵە رێگە ئەبڕێ و ئاسایش تێک ئەدا. بە جۆرێ بە نمونە ئەیانهێننەوە. رێ بە رێبوار ئەگرن و هێمنی ئەشێوێنن. جوامێر لە سەرۆکەکانیانە. ئەڵێن فلان بوە بە جوامێر.

سێ سەد سوار یا چوارسەد بون بە هۆی شەڕەوە لەم ماوەیەدا نزیکەی حەفتا یا هەشتا سواریان ماوە. چونە ناوچەی زەهاو پەلاماری دەوروبەریان ئەدا. بە بیست یا سی کەس تاڵان و راووڕوتیان ئەکرد. سەرۆکەکانیان: 1. محەمەد میکائیل 2. جوکل (جوامێر) 3. بەچە شیرین 4. بەچە ئەمین.

هۆزی محەمەد میکائیل لە ناوچەی سلێمانی حکومەت لەشکرێکی ناردە سەری. رەئیسێک و دو سەربازیان لێ کوژرا و محەمەد میکائیل بریندار بو. کە لە ئێران گەڕایەوە مرد. بەڵام بەچە شیرین فیرقەیەک عەسکەر تەعقیبی ئەکرد.

کێشەی کورد لە نێوان ئێران و عیراق دا تەواو نەبو ئەوانە هێشتا ئاسایش ئەشێوێنن و سنور هەراسان ئەکەن. ئەم کێشەیە. بە تایبەتی هەمەوەند. لە ناو ئەو بابەتانەدا بو کە لە نێوان ئێران و عیراقدا وتوێژی لە سەر کرا.

ئەوانە کە حکومەت راویان ئەنێ رو ئەکەنە ئێران یا ئەگەر ئێران راویان بنێ ئەگەڕێنەوە عیراق و ئیتر بەمجۆرە...

ئەمە پاڵی بە عیراق و ئێرانەوە نا کە هیچیان داڵدەی جەردەی ئەوی تر نەدەن. وە ئەگەر حکومەتێکیان راوی نان، ئەوی تریان ئەبێ یارمەتی بدا بۆ لەناوبردنیان یا بۆ تەمێ کردنیان. ئەم رێکەوتنە کارێکی باشی کردبوە سەر پێوەندی هەردو دەوڵەت. بەڵام ئەمیرە ئێرانی‌یەکان ئەیان ئەویست ئاسایش جێگیر بێ و بەری بچننەوە. بەم چارەسەرە قایل ئەبون لە سەر بیروڕا کۆنەکانیان مانەوە...

مەدحەت پاشا قەڵای لە سنورەکان و تەنگەکاندا دروست کرد. هێزێکی لێ دانا بۆ رێگری لەم جۆرە کارانە. ئێران ئەوەی نەکرد. ئەم قەڵایانەی لە لای زەنگاباد دامەزران، ئەمجارەیان دوان لە هەمەوەند گیران و ئەوانی تر رویان کردە ئێران قوتار بون.

هۆزی بەچە ئەمین لە لای خانەقینەوە کاروانێکی روت کردەوە. ئەوانە زانییان دوان لە روتکراوەکان ئێرانی بون. شتە تاڵانکراوەکانیان بۆ گێڕانەوە و. شتومەکی عەرەبەکانیان برد. کە حکومەت ئەمەی بیست، بە هۆی تەلگرافەوە لە شارەبان (مقدادیە) و قزلرەبات (سعدیە) ئەوانە ون بون. چوار رۆژ دواتر عەسکەریان نێردرایە سەر تا لە خانەقین و قزلرەبات تەعقیبیان بکەن. هەروەها سوارەی عەشایەر یش کرایە سەریان، گەمارۆیان دان و بو بە شەڕ لە بەینی هەردولادا. عەبدولا بەگی سەرۆکی عەسکەری قزلرەبات لاقی بریندار و. سوەیلم لە عەشیرەتی رەبیعە گولەیەک بەر سنگی کەوت. عەسکەر سەرۆکەکەیان کە بەچە ئەمین بو لە گەڵ دو پیاویدا کوشت و. دوانی تریشی بە چەکەوە لێ دەسگیر کردن کە محەمەد رەش و محەمەد ساڵح بون. عەسکەر 6 ئەسپی لێ گرتن. شتومەکی تاڵانکراو گیرایەوە و گیراوەکان رەوانەی دادگا کران.. دادگایی کران، دانیان نا بە تاوانەکانیاندا. بە ئیعدام حوکم دران. (7: 181-183).

لە کتێبەکانی عەزاویدا. لە زنجیرەی هەواڵەکانی خێڵی هەمەوەندا دابڕان هەیە. دوا هەواڵی بەرگی حەوتەم هی ساڵی 1286 ک و. یەکەم هەواڵی بەرگی هەشتەم هی 1289 یە. واتە زیاتر لە 3 ساڵ دابڕان هەیە و. شتێکی ئەوتۆ دەربارەی روداوەکانی ئەو رۆژگارە لە بەر دەس دا نیە.

ژ 256 ی 12 ی رەبیعی ئاخەری 1289 ک نوسیویتی: سەرۆکی هەمەوەند فەقێ قادر تەسلیمی حکومەت بو کەیشتە بەغداد. سەرۆکی عەشیرەتی گۆران عەزیزولاخان لە عەشایەری ئێران، بەڵێنی داوە هەمەوەند تەسلیم بکا.(8: 12)

فەقێ قادر پیاوێکی زانا و رۆشنبیر و شاعیر بوە. ماوەیەکی زۆر لە زینداندا ماوەتەوە و. هەر لە زیندانەوە دوای ئەوەی زۆری پیاوەکانی هەمەوەند بە دیل ئەگیرێن دور ئەخرێنەوە بۆ دەرەوەی کوردستان و. لە ئاوارەیی سەری ناوەتەوە و مردوە.

لە زینداندا چەندین کتێبی بە هۆنراوە نوسیوە. دیوانێکی شیعریشی هەیە. بەشێ لە بەرهەمەکانی لە لایەن مەلا کەریمی مودەڕیسەوە ساغ و بڵاو کراوەتەوە.

ژ 811 ی 24 ی رەبیعی ئەوەلی 1296 ک نوسیویتی: هەمەوەند پەلاماری سامەڕای داوە. (8: 43)

ژ 860 ی 9 ی رەمەزانی 1296 نوسیویتی: برای جوامێر لە هەمەوەند و نەجم عەبدولا ئاغا لە بەیات کاروانێکیان لە رێگای قزلرەبات روت کردەوە.(8: 47)

ژ 1023 ی 9 ی رەجەبی 1299 و ژ 1024 ی 23 ی رەجەبی 1299 ک نوسیویتی: هەمەوەند لە لیوای سلێمانیدا عەشیرەتێکی پچوکە. نفوسی لە چوارسەد یان پێنجسەد تێپەڕ ناکات. هەمویان فێری جەردەیی و یاخیبون و تاڵان و راووڕوت بون. دەربەندی بازیانیان کردۆتە مەکۆی خۆیان. ئەوانە لە کاتی هێمنی یشیاندا ئارام دانانیشن و لە کاری خراپ داپونگێنەوە. ئەگەر دەوڵەت بکەوێتە تەعقیبیان لە ترسا هەڵدێن. تێکڕا بێ جیاوازی ئەکەونە تاڵان و راووڕوت.

حکومەت ئەگەر تەنگی پێ هەڵچنین رو ئەکەنە ئێران. وە ئەگەر هەردو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی رێک کەوتن دەخالەت ئەکەن. دوای تەنگ پێ هەڵچنین دەخالەتیان بە وەکیلی والی موسڵ محەمەد مونیر پاشا کرد. دەخالەتی لێ قبوڵ کردن. بەڵام وازیان نەهێنا لە پەلاماردانی دێهات و. تاڵان و کوشتن.

سەرۆکەکەیان جوکل لە گەڵ تاقمێ لە پیاوەکانی هەلاتن و ئەوانی تریان وەکیلی والی وردوخاشی کردن. بەلام ئەوانەیان لە کاتی تێپەڕیندا خراپەی زۆریان کرد. عەزیز خان و محەمەد خالید یش دایانە پاڵیان. ئینجا موشیر جەزرەبەیەکی تێ سرەواندن لەوەو پێش جەزرەبەی وایان نەخوارد بو. جوامێر هەلات بۆ ئێران. حکومەت هەوڵی زۆری دا بۆ گرتنی.(8: 63-64)

ژ 1177 ی 10 ی زیلقەعیدەی 1301 ک نوسیویتی: شەڕێ لە بەینی هەمەوەند و جبور و کارەوێدا لە لای مەندەلی (بەندەنیجین) روی داوە 3 کەسی تێدا کوژراوە. سەرۆکەکانی هەمەوەند ئەمانە بون: 1. بەچە چاوشین 2. مەحمودی خلەبزە 3. حەمەی مام سلێمان.(8: 72)

ژ 1183 ی 17 ی زیلحیجەی 1301 ک نوسیویتی: حکومەت تەکلیفی ئەمیر لیوا محەمەد فازیل پاشا داغستانی کردوە، تەعقیبیان بکا.(8: 72)

ژ 1199 ی 26 ی رەبیعی ئەوەلی 1302 نوسیویتی: مێژوی هەمەوەند پڕیتی لە دەستدرێژی، بگرە مێژوی دەستدرێژییە بۆ سەر خەڵک لە تالان و راوڕوت و کوشتن.(8: 75)

ژ 1310 و 1311 و 1312 ی 5 و 17 و 19 ی شەعبانی 1304 ک نوسیویتی: سەدساڵە هیچ ئیشێکیان نیە جگە لە تالان و راووروت. دەوڵەت زۆر جار ویستویەتی تەمێیان بکا، نەیتوانیوە. چونکە لە جێگەیەکدا جێگیر نەبون. دەوڵەت هەرچەند زۆری بۆ هێناون رویان کردۆتە ئێران. لەو ماوەیەدا ناوچەکانی بازیان و قەرەداخیان شێواند بو. سەرکردە محەمەد فازیل پاشا داغستانی لە لای خانەقین دانرا. ئێران هاوکاری دەوڵەتی کرد حوسامولمولک ئەمیر تومان حاکمی کرماشانی نارد. تەنگیان بە جوامێری سەرۆکیان هەڵچنی. لە هۆزەکانی تریان، سەرۆکی سێتەبەسەر عەزیز کاکی و سەرۆکی رەشەوەند مەحمود حاجی خان، سەرکوت کران. زۆر لە پیاوە گەورەکانیان لە ناو بران. شەڕیان بەردەوام بو. ساڵی 1298 و 1301 قەوماوەکانیان دوبارە بونەوە. زواری ئێرانیيان روت کردەوە و، لە نزیک مەنسوریە (دەلی عەباس) بەریدیان تالان کرد. ئەم جۆرە کارانەیان لە ژماردن نەئەهات.(8: 84)

ژ 1310 ی 5 ی شەعبانی 1304 ک نوسیویتی: لە سەرۆکەکانی هەمەوەند مەحمود خدر و جەماعەتەکەی دەخالەتیان بە خاوەن دەوڵەت ئیسماعیل پاشای مورافیقی سوڵتان کرد. کە لەو موشیرانە بو چاکسازی کەرکوکی پێ سپێردرا بو. خۆیان و چەکەکانیان دا بە دەستەوە.(8: 84)

4. 1. 3. 3. هەواڵی جاف

ژ 30 ی 9 ی شەوالی 1286 ک نوسیویتی: گوڵعەنبەر، سەرۆکی عەشایەری جاف محەمەد بەگ دانرا بو بە قائیمەقامی گوڵعەنبەر. لەقەبی پاشا بە خۆی و روتبەی قەپۆچی پاشی بە کورەکەی درا.(7: 228)

ژ 352 ی 5 ی رەبیعی ئاخەری 1290 ک نوسیویتی: جاف لە ژێر سەرۆکایەتی محەمەد پاشای قائیمەقامی گولعەنبەردایە. بو بە ئەمیر لیوا. هەمو ساڵێ 8 کەسیان لێ وەرئەگیرا بۆ جەیش. لە سەردەمی مەدحەت پاشادا کرا بە 30 کەس. سەرۆکایەتی عەشیرەتەکانیان بە مەحمود بەگی کوڕی بەخشرا. میرەکانی جاف کە روتبەی دەوڵەتیان درابە:

1. محەمەد پاشا کوڕی کەیخوسرەو بەگ، روتبەی ئەمیر لیوای وەرگرت.
2. مەحمود بەگ (کوڕی)، دوای باوکی لەقەبی پاشای پێ درا.
3. بەهرام بەگ.
4. قادر بەگ.

5. عەزیز بەگ.
6. عوسمان بەگ کوڕی محەمەد پاشا.
7. سلێمان بەگ کوڕی محەمەد پاشا.
8 حەسەن بەگ کوڕی محەمەد پاشا.
9. محەمەد بەگ لە بەگزادە، واتە لە کوڕی میرەکان. (8: 20)

4. 1. 3. 4. هەواڵی یەزیدی

ژ 2 باسی پەلاماردانی یەزیدییەکانی شەنگاری نوسیوە.

گۆیا یەزیدییەکان پێنج شەش ساڵە لە حکومەت یاخی بون. لە چیاکان (نەبێ مەبەستی چیای شەنگار بێ. نم) عاسی بون. ناهێڵن بێگانە بچێتە ناویان. بە بەروبومی چیاکە دەژیان و نەیانەهێشت کەسی کە کەڵکی لێ وەربگرێ.

سەرەڕای ئەوەیش بە هێمنی لە شوێنەکانی خۆیاندا نەدەمانەوە. ئاسایشیان ئەشێواند و زەرەریان بە هاتوچۆکاران ئەگەیاند. هەندێ قەساب چوبون مەڕ لە قەبیلەکانی شەمەر و عەنەزە بکڕن. کە گەیشتبونە نزیک چیا توشی چەند یەزیدییەک بون. پێیان وتبون لە چیا مەڕی هەرزانتر و باشتری لێیە. تەماعی قازانجی زۆرتریان خستبونە بەر و بردبویانن بۆ شاخەکە. لەوێ کوشتبویانن و هەرچی دراوێکیان پێ بوبو بردبویان.

ئەمە ڕێکەوتی هاتنی مەحمەت پاشای کرد بۆ موسڵ. لە ڕوداوەکە ئاگادار بو. داوای لە یەزیدییەکان کرد ناوی بکوژەکان دیاری بکەن و تەسلیمی حکومەتیان بکەن. نەیان کرد. لە بەر ئەوە بە پێویستی زانی کە حکومەت ئاوڕ لەمە بداتەوە. بە هەر جۆرێ بێ ڕێوشوێنی گرتنی تاوانکارەکان دابنێ و. ئەو جۆرە ئەشرارە تەمێ بکەن.

دەستبەجێ عەسکەری موسڵ و ماردین و شارەزور کۆبونەوە. بون بە 3 فەوج و. 2 سریە سوارە و. 4 تۆپ و. چەرخەیەک سەربازی گیراو. خرانە ژێر فەرمانی ئەحمەد بەگی زەعیمی موسڵ لە گەڵ زیا پاشا موتەسەریفی لیوای موسڵ. فەمانیا پێ درا بڕۆن بۆ شەنگار و. ئامۆژگاری پێویست کران.

کە لەشکر گەیشتە شەنگار، یەزیدییەکان پەشۆکان. کشانە دواوە بۆ ناوچە سەختەکان کە ڕێگە نەبو بچنە سەریان. وایان ئەزانی عەسکەر پەلاماریان ئەدا کەلوپەلیان تالان ئەکا و ئەیانکوژێ و کشتوکاڵەکەیان ئەسوتێنێ و دەس ئەگرێ بە سەر ئافرەتەکانیاندا... بەڵام زۆری پێ نەچو زانییان مەبەست پیاوخراپە بکوژەکانن. تێیان گەیەنرا مەبەست بکوژە یاخیەکانن و هیچی تر. هێنایانن و هەر ئەوان دەسگیر کران و. خەڵکەکەش بۆ دەخالەت هاتبون. تەنیا تاوانکارەکانیان گرت. بە گوێرەی ئامۆژگاری بە پێی قورعە جەماعەتێ لە خەڵکی چیا کران بە عەسکەر و. ئەو پارەیەی حکومەت کە لە سەریان کەڵەکە بوبو لێیان سێنرا. (7: 172-174)

4. 1. 3. 5. هەواڵی جۆراوجۆر

ژ 1420 ی 29 ی جیمادی ئاخەری 1307 ک: هەواڵی دامەزراندنی چاپخانەی لە ولایەتی بەسرا و. دەرچونی جەریدەی (البصرة) ی بە عەرەبی و تورکی و. گەیشتنی یەکەمین ژمارەی بە بەغداد بڵاو کردۆتەوە. خاوەنی ئیمتیاز ئەدیب و نوسەر پایەبەرز محەمەد عەلی ئەفەندی مومەیزی محاسەبەی ولایەتی بەسرا بوە.

هەندێ تێبینی:

1. بۆ نوسینی ئەم باسە کەڵک لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

1.1. عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، ج7، بغداد 1955. ج8، بغداد 1956.

2.1. سامي رفائيل بطي (اعداد)، صحافة العراق، مكتبة رفائيل بطي، بغداد 1985. الجزء الاول. (ئەم سەرچاوەیە بریتییە لە (مجموعة أحاديث ألقاها رفائيل بطي من اذاعة بغداد سنة 1945). بەڵام ئیشارەتی تێدا نیە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی گرنگ)

3.1. السيد عبدالرزاق الحسني، تاريخ الصحافة العراقية.

2. (مكتبة المتحف العراقي) ژمارەی یەکەمی زەورای هەبو. رۆژنامەی الجمهوریەی بەغدادی بە بۆنەی یادی سەدسالەی رۆژنامەوانیی عیراق (1869– 1969) سەرلەنوێ کۆپی زەورای وەکو پاشکۆی تایبەتی ژ 471 ی رۆژی 15 ی 6 ی 1969 ی الجمهورية چاپ کردۆتەوە.

5. ڕاگەیاندنی بیستراو بە کوردی (1939– 1958)

تا ساڵی 1939 ڕاگەیاندن بە زمانی کوردی هەر خوێنراو (بە نوسین و خوێندنەوە) بو. لەوە بە دواوە لە پاڵ ڕاگەیاندنی خوێنراودا بیستراو (گوتن و بیستن) یش پەیدا بو. ئەگەر ڕاگەیاندنی خوێنراو بە دەزگای چاپ ئامادە ئەکرا و، تەنیا ئەوەی خوێندەواری هەبو ئەیتوانی بیخوێنێتەوە و کەڵکی لێ وەربگرێ، ئەوا ڕاگەیاندنی بیستراو پێویستی بە خوێندەواری نەبو. لە ڕادیۆ بڵاو ئەکرایەوە و بە گوێ لێ گرتن کەڵکی لێ وەر ئەگیرا. نەخوێندەوار یش وەکو خوێندەوار و نابینا یش وەکو بینا ئەیانتوانی کەڵکی لێ وەر بگرن.

لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا کەم جێگای کوردستان کارەبای هەبوە و، کەم کەس خاوەنی ڕادیۆ بوە. ڕادیۆ هەندێکی بە کارەبا و هەندێکی بە پاتری کاری ئەکرد. تەنیا دەوڵەمەندەکان ئەیانتوانی ڕادیۆیان هەبێ.

عەلائەدین سوجادی باسی هێنانی یەکەم ڕادیۆ بۆ سلێمانی، بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە:

"ساڵی 1932 بو بۆ یەکەمجار و یەکەم ڕادیۆ هاتە شاری سولەیمانی. ئەو چاخانەیە کە پێیان ئەوت چاخانەی (حەمە ڕەق) و شوێنەکەی لەم لا ئەسحابە سپی و لە سەر بازاڕی کورتاندروەکان بو. جادەکەی مەڵکەندی لە سەرەوە ئەهات بە بەر دەمیا و ئەچو بۆ ناو بازاڕ. لە دوایی‌دا ماوەیەکیش ئەو چاخانەیە مەجۆلی خامەی بە سەرەوە بو.

"جا خاوەنی ئەو چاخانەیە یەکەم کەس بو کە ڕادیۆی هێنایە شاری سولەیمانی و لە چاخانەکەی خۆیا دایناد لەو سەردەمەدا ڕادیۆ، وە یا بڵێین ئیستگەی ڕادیۆ هەر بە ئێواران ئیشی ئەکرد. هەرا کەوتە سولەیمانیەوە کە شتێک هاتوە قسە ئەکا و لە ڕواڵەتا هیچ زەلامیش نیە.

"هەر لە پاش بانگی شێوانەوە پیاوانی سولەیمانی لە مەڵکەندی و سەرشەقام، کانێسکان و سابونکەران، دەرگەزێن و گۆیژەوە بۆی ئەکشان بۆ ئەو چاخانەیە بۆ سەیرکردنی ئەم مۆجزەیە کە هاتوە، سا کێ پیاو بوایە زوتر بچوایە جێگای خۆی بگرتایە! نە کورسی چاخانە جێ ئەبوەوە، نە سەر ئەرزەکە جێ ئەبوەوە، ئێقی ئەدایەوە بۆ سەر جادەکە دەرزیت هەڵخستایە نەئەکەوتە زەوی.

"مۆجزە (مەبەستی موعجیزەیە. نم) ئەکەوتە کار و بە زمانی عەرەبی قسەی ئەکرد، خۆ کەس لێی تێ نەئەگەیشت بەڵام دەنگێکی لێوە ئەهات، خەڵکەکە لەوە واقیان وڕ مابو کە ئەم دەنگە چیە لەو دارە ڕەقوتەقەوە! یەکێ ئەیوت زەلامە لە ناویا قسە ئەکا، یەکێ ئەیوت ئەمە سیحر و جادوە، زۆریش لە سەر ئەوە بون کە ئەو

قسەیە (میل) ە سورەکە ئەیکا. ئەوە ئێستە من ئەڵێم میل ئەگینا ئەو وەختە بە میل ناو ئەئەبرا بەڵکو بە (ماسی) ناویان ئەبرد. ئاخر بڕیاری زۆرتری خەڵک هاتە سەر ئەوە کە ئەو دەنگە دەنگی ئەو ماسیە سورەیە و ئەو ماسیە قسە ئەکا. ئەگەر لە ئێمەش ئەپرسی ئێمەمانان لە سەر جادەکەش جێگامان ئەئەبوەوە."(عەلائەدین سجادی، ڕشتەی مرواری، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، 1972، ل 76 – 77)

ئەم گێڕانەوەیەی سوجادی، بیرەوەری خۆی بێ یان لە خەڵکی بیست بێ، پێ ئەچێ (موبالەغەی) تێ دا بێ.

پێش ئەو ساڵە بە چەندین ساڵ گرامەفۆن لە سلێمانی و لە زۆر شوێنی کوردستان دا، لە ماڵان و لە چایخانەکان دا، هەبوە. تەنانەت قەوانی تۆمارکراوی هەندێ لە گۆرانیبێژە ناودارەکانی عەرەب و کورد لە ناو خەڵکدا بڵاو بوە.

ژیان لە 1926 دا لە ژێر سەرناوی (پیانۆ) نوسیوێتی:

"صندوقێکی غرامۆفۆن کە بۆ مەنفەعەتی مەکتەب خرا بوە پیانۆوە ڕۆژی جومعەی ڕابوردو لە بینای جەمعیەتی زانستی دا بلیتەکانی ڕاکێشرا، لە نەتیجەدا بە ناوی مەئمورماڵی سورداشی شیمالی جەنابی حەمەکاکەوە دەرچو." (ژیان، ژ 38، 21 ی تشرینی ئەوەڵی 1926)

لە ژمارەیەکی تری 1929 دا بە ناونیشانی (لە ڕیاسەتی بەلەدیەوە: ئیعلان) ئەم ئاگاداریەی بڵاو کردۆتەوە:

"بۆ لێدانی غرامۆفۆن لە جێگایانی عومومی دا وەکو چایخانە و ئەمسالی لە تەرەف مەجلیسی بەلەدیەوە بە شەو لە سەعات یەکی عەرەبیەوە هەتا سەعات چواری عەرەبی موەدەت تەعین کراوە بە شەرتێ کە ڕیعایەت بە شەعائیری دینیە لە وەقتی هەمو بانگێک دا بە قەدەر نیو سەعات لێدانی غرامۆفۆن تەعتیل بکرێ هەرکەسێ خیلافی ئەم ئیعلانە حەرەکەت بکات و خاریجی ئەو میعادە کە دانراوە غرامۆفۆن لێ بدا بە پێی مادەی 126 ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا."(ژیان، ژ 202، 7 ی تشرینی یەکەمی 1929)

خەڵکی جێگایەک بە گرامەفۆن ئەوەندە ئاشنا بوبێ، ناشێ ڕادیۆیان ئەوەندە پێ سەیر بوبێ.

ڕۆژنامەی ژیان لە هەمان ساڵی 1932 دا ڕیپۆرتاجێکی بڵاو کردۆتەوە دەربارەی دانانی ڕادیۆیەک لە چاخانەی بەلەدیەی سلێمانی بۆ ئەوەی گوێ لە وتاری مەلیک فەیسەل بگرن. ڕیپۆرتاجەکەی کە پێش نوسینەکەی ڕشتەی مرواری بە 40 ساڵ بڵاوکراوەتەوە، ڕوداوەکە بەم شێوەیە ئەگێڕێتەوە:

"داخلی

"ئیستیماعی نوتق بە ڕادیۆ

"ئەمساڵ تەشریف هێنانی جەلالەتی مەلیکی عێراق بۆ سلێمانی، وەک کەوکەبەی سلێمانی، زینەتی جاویدانی هانی. نوتقەکەی ئێرەی بو بە ڕابیتەیەکی ڕوحانی.

"لەم بەینەدا کە وتیان لە مەعرەزی عاسیمەدا ئیرادی نوتق ئەفەرمون، بەو ڕابیتەیەوە هەمو مەملەکەت دەیویست شەرەفیابی ئیستیماعی ئەو نوتقە بێ و، بۆ تەئمینی ئەم ئارەزوی عومومیە و بۆ تەئییدی ئەو ڕابیتەیە، موتەسەریف وەکو تەهیەی ئەساسی کرد بو، تەهیەی ئەسبابیشی کرد. موستەعجەلەن لە گەڵ ڕەئیسی تازەی بەلەدیەدا، ڕادیۆیان زو بە زو وەک ڕادیۆ گەیاندە ئێرە و، لە عەینی ئەو شوێنە کە بیلزات جەلالەتی مەلیک ئیرادی نوتقی تیا فەرمو بو ڕادیۆ نەسب کرا و، لە شەرەفی ئەو نوتقە مەحروم نەماین. چایخانەی بەلەدیە بە عەینی تەزیینات ڕازابوەوە و، نەشیدی دڵپەسەندی منداڵانی مەکتەب لە گەڵ تەعزیماتی میلەت، تەقدیری قەدر و قیمەتی ئەو شەرەفەی دەنواند."(ژیان، ژ 318، 7 ی نیسانی 1932)

دوای گەیشتنی کارەبا ئیتر ڕادیۆش بڵاو بۆتەوە. جگە لە ڕادیۆی کارەبایی ڕادیۆی پاتری یش پەیدا بوە.

نیشتمان لە شیعرێکی بێ ناو و بێ سەرناودا لە سەر گرنگی ڕادیۆ ئەڵێ:

گوێ بگرە لە ڕادیۆ کە بە یەک سانیە دێنێ

باس و خەبەری لەندەن و پاریس و لەهستان(نیشتمان. ژ 1. ل 20)

5. 1. بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغداد (بەغداد 1939)

بەرنامەی کوردیی ڕادیۆی بەغدا. بە پێی لێکۆڵینەوەی کەمال ڕەئووف محەمەد، ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی 19 تشرینی دوەمی 1939 بۆ یەکەمین جار بە 10 - 15 دەقەی ڕۆژانە دەستی پێکردووە. (کەمال ڕەئووف محەمەد: هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، سلێمانی 2000، ل6)

ئەم بەرنامە کوردیە لەو ساوە، بێ ڕاوەستان، بەردەوامە.

ژ 52 ی ساڵی 3 ی 30 تیرمەهی 1945 ی (ڕۆژا نو) دەربارەی ئەم ڕادیۆیە نوسیویتی:

"لە بەغداد

هەمو ڕۆژێ پاش نیوەرۆ لە سەعات 4 دەس پێ دەکا تا سەعات 5 دەوام ئەکا.

درێژایی شەپۆلەکانی: 42 مەتر و 37 سانتیمەتر، شەپۆلی کورت."

بەشی کوردی سەرەتا 15 دەقیقە بوە بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ زیادی کردوە. یەکەمین ڕادیۆ بوە بە زمانی کوردی بەرنامە بڵاو بکاتەوە. سەرەڕای گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی ناوخۆی عیراق بەرنامەی کوردی ڕادیۆی بەغداد بێ وەستان بەردەوام بوە.

ئیستگەی ڕادیۆی بەغداد جگە لە بەرنامە ڕادیۆییەکانی، گۆڤاری (هنا بغداد – ئێرە بەغدادە) یشی بڵاو کردۆتەوە، کە گۆڤارێکی مانگانەی گشتی بوە. (مديرية التوجيه والاذاعة العامة) بە عەرەبی و کوردی لە بەغداد لە 1950 تا 14 ی تەموزی 1958 بڵاوی کردۆتەوە. کات و ناونیشانی بابەتی بەرنامە کوردییەکانی ئەو مانگەی ڕادیۆی تێدا بڵاو کراوەتەوە. هەندێ جار شیعر و وتاریشی بڵاو کردۆتەوە.

بەشی کوردی ئیستگەی ڕادیۆی بەغداد، بە درێژایی دەیان ساڵ پەخش، بەشدارییەکی کاریگەری کردوە لە بوارە جیاوازەکانی ڕۆشنبیریی کوردیدا. وەکو:

بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی عیراق و جیهان

تۆمارکردنی گۆرانی و مۆسیقای دەنگخۆشەکانی کورد

چیرۆکی شانۆ

شیعر و ئەدەب

تەفسیری قورئان

ڕادیۆی بەغداد دەیان گۆرانبێژی کوردی بە گوێگرەکانی ناساندوە:

لە پیاوانی گۆرانیبێژ: عەلی مەردان، عارف جەزراوی، حەسەن جەزراوی، تایەر تۆفیق، ڕەسول گەردی، حەسەن زیرەک، کاویس ئاغا، مەلا کەریم، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، سیوە...

لە ژنانی گۆرانیبێژ: دایکی جەمال، مریەم خان، نازدار و ئەسمەر فەرهاد، نەسرین شیروان...

ڕەنگە لە ئارشیفی ئەم ڕادیۆیەدا بە سەدان گۆرانی خۆشی کوردی هەبن کە گوێگری ئیستا نەیانناسن لەوانە: مەلا برایمی حەزین، ساڵح کارگەچی، تالیب...

ڕادیۆی بەغداد دەیان چیرۆکی شانۆیی کوردی و تەرجومەکراوی پێشکەشی گوێگرەکانی کردوە.

5. 2. ڕادیۆی کوردستان لە یافا (1942 – 1944)

حکومەتی بریتانیا لە ساڵانی دوەمین جەنگی جیهانیدا بایەخێکی زۆری داوە بە پڕۆپاگاندە بە زمانەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە ڕێگەی ڕاگەیاندنی خوێنراو (چاپەمەنی) و. بیستراو (ڕادیۆ) و. بینراو (فلیمی سینەمایی).

بە زمانی کوردیش پڕۆپاگاندەی جەنگی کردوە:

لە بەغداد کۆمەڵێ چاپکراوی بڵاو کردۆتەوە لەوانە دەنگی گیتیی تازە.

لە هەندێ لە شارەکانی کوردستان دا بە سینەمای گەڕۆک فیلمی پیشان داوە.

لە شاری یافای فەلەستین کە (ئیستگەی ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک)ی لێ دامەزراندوە بەشێکی بە کوردی بە ناوی (ڕادیۆی کوردستان) کەوتۆتە پەخشی بەرنامەی کوردی. کاری ئەم ڕادیۆیە بەشێ بو لە پڕۆپاگاندەی جەنگی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی دژی ئەڵمانیای نازی.

بەرنامەی کوردی ڕادیۆی کوردستان لە ئابی 1942 تا کۆتایی 1944 بەردەوام بوە. کاربەدەستانی ئینگلیز لە بەغداد. گۆران. ڕەفیق چالاک. ڕەمزی قەزاز. کە 3 شاعیر و نوسەری کوردستانی عیراق بون. هەڵبژاردوە بۆ ئەم کارە. هەر سێکیان بردون بۆ شاری یافا لە فەلەستین. کە ئەو کاتە لە ژێر ئینتیدابی بریتانیدا بوە. لەوێ بەرنامەکانیان بڵاو کردۆتەوە. بە تەواوبونی جەنگ ئەمیش ڕاوەستاوە.

ڕۆشنبیران و هێزە سیاسییەکانی کورد بە جۆری جیاواز پێشوازییان لەم ڕادیۆیە کردوە.

نیشتمان. بڵاوکەرەوەی بیری ژ. ک. لە ژ 3– 4 ی کانونی دوەمی 1944 لە ژێر سەرناوی: (ئیستگەی ڕادیۆی کوردستان) دا نوسیویتی:

"ئەم چەند خواهیشتەمان لە گەڕێنەندە و کاربەدەستانی ئیستگە هەیە و تکای پێکهێنانیان ئەکەین.

"شەپۆلی 37 مەترونیوی چاک کار ناکات بگۆڕدرێ باشە.

"لە بەشی زۆری شارەکانی کوردستانا بروسکە (بروسکە تەرجومەی برقی فارسییە. مەبەستی کارەبایە. ئم) بە ڕۆژ کار ناکا بەرنامەکان بخرێنە سەعاتێکی وا کە لە هەمو کوردستانا ڕۆژ ئاوا بوبێت.

"ئەگەر هیچ بەرهەڵست و پێشگرێک نەبێ لە سەرەتای هەمو بەرنامەکانا. دەنا هەفتەی دو جار مارشی کوردستان لێ بدرێ.

"ڕۆژنامەیەک بە ناوی (ڕۆژنامەی ئیستگەی ڕادیۆی کوردستان) هەفتەی جارێک دەربهێنرێ و بڵاوکراوەکانی هەفتەیی تێدا بنوسرێت.

"مۆسیقای بێ دەنگ و قەوانەکان کە لێ دەدرێن ئارەزوی دڵی هەمو گوێگرەکان پێک ناهێنن. مۆسیقای بە دەنگ و قەوانی لە هەمو ڕەنگیان بۆ لێ بدەن و بەین بەینە قەوانەکان بگۆڕن.

ا/ ل. ب ئیدارەخانەی گۆواری نیشتمان"(نیشتمان. ژ 3-4. ل 3)

(دەمی ڕاپەڕینە) کە سرودێکی شۆڕشگێڕانەی پڕ جۆش و خرۆش بوە. نیشتمان لە ژ 2 دا کە بڵاوی کردۆتەوە. ئیشارەتی بەوە داوە لە (ئیستگەی ڕادیۆی کوردستان) وەری گرتوە. دەمی ڕاپەڕینە شیعری گۆران و ئاوازی ڕەفیق چالاک بوە.

عەلائەدین سوجادی کە ئەو سەردەمە مدیری ئیدارەی گۆڤاری گەلاوێژ بوە لە بەغداد. گفتوگۆیەکی خۆی لە گەڵ ئەدمۆنس ئەگێڕێتەوە. دەربارەی ڕادیۆی کوردستان بیروبۆچونێکی جیاوازی لە هی نیشتمان هەبوە. نوسیویتی:

"ساڵی 1942 ڕۆژی 6 ی مانگی ئاغستۆسی ئەو ساڵەیە. دیارە ئەو ساڵانە من خەریکی کاروباری نوسینی گۆڤاری گەلاوێژ بوم کە لە بەغدا دەرئەچو. شەڕە گەورەکەی جیهانی دوەمیش لە ساڵی 1939 دا

هەڵگیرسا بو. دنیا هەمو بوبو بە ئاژاوە. ئینگلیزەکان ئیستگەیەکی کوردییان بۆ پڕۆپاگەندەی خۆیان لە یافا دانا بو. لە عیراق عەبدوڵا گۆران، رەمزی قەزاز و رەفیق چالاک یان نارد بو بۆ یافا کە کاروباری ئەو ئیستگەیە هەڵسوڕێنن. بە راستی ئیستگەش لەو رۆژانەدا گڤەی ئەهات."

سەجادی ئینجا باس ئەکا کە بۆ کاروباری گەلاوێژ چوە بۆ (مدیریەتی دعایەی عامە) لە وەزارەتی داخلیە. لەوێ بە رێکەوت توشی ئەدمۆنس ئەبێ. ئەدمۆنس داوای لێ ئەکا پاش تەواوبونی کارەکەی سەری لێ بدا. سەجادی سەردانەکەی و گفتوگۆکەی بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە:

"هەر کە چومە ژورەوە ئەدمۆنس هەستا و هات بە پێشوازمەوە، زۆر بە گەرموگوڕی دەستی کرد بە قسەکردن و لە دەنگەکەی دا. کابرای سکرتێر هاتە ژورەوە. ئەدمۆنس پێی وت چا و قاوەمان بۆ بێنن و کەسیش ئیتر نەیەتە ژورەوە. دو بە دو ماینەوە.

"پاشان وتی: ئەوا ئێمە لە یافا ئیستگەیەکمان بە زمانی کوردی بۆ ئێوە داناوە. دیارە ئەم ئیستگەیە خزمەتێکی چاک ئەکا بە زمانی کوردی، بە تایبەتی ئەو کەسانەش کە لە سەرین ئێمە بڕوامان پێیانە کە خزمەتێکی باش ئەکەن بە زمانەکەتان. ماوەیەکە ئەمەوێ چاوم پێت بکەوێ لەم روەوە پرسیارێکت لێ بکەم. ئەوا ئیستە باش بو رێ کەوت. لەو کاتەدا دو قاوەیان بۆ هێناین و پیاوەکە چوەوە دەرەوە. وتم: فەرمو!

"وتی: پرسیارەکە ئەبێ بە دو پرسیار. یەکەم، بیروباوەڕی کوردەکان چیە بەرانبەر بەم ئیستگەیە کە ئێمە دامانناوە؟ دوەم، بیروباوەڕی خۆت چیە لەم روەوە؟

"وتم: میستەر ئەدمۆنس بە لامەوە زۆر سەیرە ئەم پرسیارە کە تۆ لە منی ئەکەی. من چیم تا وەڵامی تۆ بدەمەوە.

"وتی: وا مەڵێ! تۆ گۆڤارێکی وەکو گەلاوێژت لە بەر دەستایە، بە حوکمی رۆژنامەچێتی هەڵسوکەوت لە گەڵ هەمو جۆرە کەسێکا ئەکەی بە تایبەتی خوێندەوارانی کورد. کەم کەس هەیە وەکو خاوەن گۆڤار و رۆژنامە پەیوەندی لە گەڵ خەڵکا هەبێت.

"وتم: میستەر ئەدمۆنس تکات لێ ئەکەم ئەم پرسیارە لە یەکێکی تری بکە!

"وتی: هەر لە تۆی ئەکەم، چونکە کەم کەس هەیە بە ئەندازەی تۆ لە گەڵ خەڵکا بێت.

"وتم: تکا ئەکەم وازم لێ بێنە!

"وتی: نابێ.

"وتم: میستەر ئەدمۆنس خەڵکی چی؟ ئەم خەڵکە تۆ ئەیانبینی دو بەشن: بەشێکیان هەر لە هیچ تێ ناگەن تەنها لە کاروباری تایبەتی خۆیان ئەبێ، لە (ساحب) بەولاوە هیچی تر نازانن. بەشەکەی تریشیان کە دێنە لای یەکێکی وەکو جەنابت ئەڵێن (ساحیب) کە چونە دەرەوە جنێوتان ئەدەنێ.

"فڵانی هەر کە ئەوەم وت رەنگێکی هێنا و بردی. ئەو روەتە گەش و سورەی وەکو لیمۆی زەرد هەڵگەڕا و هەتا بەینێک قسەی هەر پێ نەکرا. راستی منیش لە قسەکانم تۆزێ پەشیمان بومەوە.

"پاشان هاتەوە قسە و وتی: باشە باوەڕی خۆتم پێ بڵێ!

"وتم: میستەر ئەدمۆنس راستی باوەڕی من ئەوەیە، تا ئێشتان هەیە ئەم ئیستگەیە ئیش ئەکات، کە ئێشتان نەما ئیستگەکەش نامێنێ.

"وتی: مامۆستا چۆن شتی وا ئەبێ؟

"وتم: وەڵا ئەمە باوەڕی منە و تۆیش زۆرم لێ ئەکەی بۆ قسە کردن.

"بەڵام ئەوا هەستیش ئەکەم کە گەرموگوڕیەکەی نەماوە و لە دڵا زۆر پڕە.

"زەمان هێنای و بردی، لە مایسی 1945 دا شەڕ دوایی هات. دوای ئەوە ئیستگەی کوردی یافا کەوتە کز بون. زۆری پێ نەچو گۆران هاتەوە، پاش بەینێکی تر رەمزی قەزازیش هاتەوە، دواچۆڕ رەفیق چالاک گەڕایەوە و ئیستگە بە تەواوی سەری تیا چو. عەبدوڵا بەگ کە هەر هاتەوە کەوتە دەربەدەڵ کردن کە چۆن هەر لە گەڵ دوایی هاتنی شەڕیان بڵاو کردەوە ئیتر لە گەڵ ئەوانیشا کەوتنە لوت و پوت.

"رێکەوت زۆر سەیرە. لە پاش چەند ساڵ و لە پاش دوایی هاتنی جەنگ و لە پاش نەمانی ئیستگەی کوردیی یافا. رۆژێکی تر هەر لە داخلیەوە، هەر لە هەمان شوێنی سەر قاڵدرمەدا توشی ئەدمۆنس بومەوە، من دەستپێشکەریم کرد، لە پاش چاکوچۆنی دەستم بۆ ریشە بێ ریشەکەم برد و وتم: ها میستەر ئەدمۆنس چیمان وت؟

"وتی: ئەی بێ قەزا بی مامۆستا ئەمە سیاسەتە!

"منیش وتم: بەڵێ ئاخر منیش ئەموت سیاسەتە.

"ئیتر لە یەک جیا بوینەوە، ئەو سەرەوخوار و من سەرەوژور بوینەوە."(عەلائەدین سجادی، رشتەی مرواری، بەرگی شەشەم، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، 1978، ل 123 – 127)

5. 3. رادیۆی کوردستان لە مەهاباد (1946)

رۆژنامەی کوردستان ریپۆرتاجێکی بە ناونیشانی (کوردستان قسان دەکا) بەمجۆرە بڵاو کردۆتەوە:

"رۆژی سێشەمو 10 ی بانەمەڕی 1325 ئیستاسیۆنی رادیۆی مەهاباد، پایتەختی حکومەتی میللی کوردستان، دە گەڵ 5 دەستگا بڵێندگۆ کە: (1. لە حەوشی کانگای حیزبی دیمۆکرات. 2. لە پێشمەرگەخانە. 3. روبەڕوی شارەوانی. 4. روبەڕوی خانوی حەزرەتی پێشەوا. 5. روبەڕوی مزگەوتی عەباس ئاغا ئەسب کران) دانرا و، رەسمەن کرایەوە و جێژنێکی جوان گیرا بو.

"لەم جێژنەدا جەنابی حاجی سەید باباشێخ، رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان و ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و کاربەدەستانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە ئاغایانی دەرەوە و ریجال و موحتەرەمینی شاری مەهاباد حزوریان بو.

"لە ساتی 4 ی پاش نیوەڕۆ ئاغای سەید محەمەد تەهازادە معاونی حیزبی دیمۆکرات جەلەسەی دەست پێ کرد و لە تەرەقیاتی و پێشکەوتنە... لە ئیتیحادی جەماهیری شورەویدا بەیاناتێکی چاکی کرد.

"پاش ئەو جەنابی حاجی سەید باباشێخ لە لایەن هەیئەتی رەئیسەی میللی، ئاغای محەمەد ئەفەندی لە لایەن ژەنەڕاڵ مەلا مستەفا بارزانی، جەنابی قازی محەمەد لە لایەن کۆمیتەی لکی بۆکان، ئاغای سەلاح لە لایەن هێزی کوردستان، ئاغای عەلی خوسرەوی لە لایەن ئیتیحادیەی جەوانان، ئاغای دلشادی رەسولی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی، ئاغای ئەحمەدی ئیلاهی لە لایەن زەحمەتکێشان و جوتێرانی کوردستان، ئاغای کوڕی کورد لە لایەن مەدرەسەی کوڕان، ئاغای حەسەنی داودی لە لایەن بازرگانان، ئاغای مایۆر عەلیزادە (هێنەری چتەکان) لە لایەن دەوڵەتی باشەهامەتی ئیتیحادی شورەوی، ئەیەزەن ئاغای دلشادی رەسولی لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگ، لە بەرانبەر میکرۆفۆن وتاری زۆر بە تینیان خوێندەوە و مەراتیبی سوپاسگوزاری خۆیان نیسبەت بە ئیتیحادی جەماهیری شورەوی کە ئیستاسیۆنی رادیۆ دەگەڵ پێداویستەکانی و، دەگەڵ یەک دەستگا ماشینی سینەمای سەیار یان بە ناوی ئەنجومەنی رەوابیتی فەرهەنگی بە کوردستان بەخشیوە، بە جێ هێنا.

"پاشان ئاغای سەید محەمەدی تەهازادە دەستگاکانی لە ئاغی مایۆر عەلیزادە تەحویل وەرگرت و، دیسان مەراتیبی سوپاسگوزاری لە لایەن میللەتی کوردستانەوە نیسبەت بە ئیتیحادی جەماهیری شورەوی دواند و، بە تایبەتی لە زەحمەتی ئاغای مایۆر عەلیزادە کە زەحمەتی هێنانی ئەو چتانەی قبوڵ کرد بو، زۆری

تەشەکور کرد و، هەردوکیان دەستیان دە نێو دەستی یەکتر نا و، میهری موتەقابیلیان دەرحەق بە یەکتر نیزهار کرد و، جێژن لە ساتی 6 ی پاش نیوەڕۆ دوایی هات."(کوردستان. ژ 43، 46/5/4)

بەم بۆنەیەوە قازی محەمەد لە سەعات 6 ی ڕۆژی 12 ی 2 ی 1325 دا (نوتقی ژێروی بە هۆی رادیۆ بە گوێی دانیشتوانی کوردستان گەیاند و بە بڵینگۆ بڵاو کرایەوە):

"برایانی خۆشەویست!

"لە دامەزراندنی دەستگای رادیۆ و ئەم موەفەقیەتەی کە دەستتان خستوە تەبریکتان لێ دەکەم. چونکو لە وەختی کردنەوەی دەستگای رادیۆ لێرە نەبوم ئیستا ئیحساساتی خۆم نیسبەت بە پێشکەوتنی ئێوە ئیزهار دەکەم. ئومێدەوارم کە لێرە بە دوا، رۆژ بە ڕۆژ، بتوانین لە مەسایلی مەدەنیدا پتر تەرەقی بکەین.

"لە هەمو شتێک چاتر بۆ ئێمە ئەوەیە کە بتوانین قسەی خۆمان بە گوێی دنیا بگەیەنین و تەسدیقی دەفەرمون کە هەمو شتێک ورده ورده تەرەقی پێ دەدرێ. ئیسان دەتوانین بە هۆی ئەم دەستگایە دەرسی ئەخلاقی، فەلاحەتی و... بە برایانی خۆشەویست بڵێین و لە ئایندەش دا بەرنامەیەکی باش بۆ رادیۆکەمان دیاری بکەین."(کوردستان. ژ 44، 1946/5/6)

لە سەرەتای مانگی جۆزەردان دا عەلی خوسرەوی دانرا بە (معاونی وەزارەتی تەبلیغات) و (مودیری ئیستاسیۆن).(کوردستان. ژ 54، 1325/3/15)

لە گەڵ روخانی حکومەتی کوردستان دا ئەم رادیۆیەش لە قسان کەوتوە.

رۆژا نو

کە میر کامەران بەدرخان بە کرمانجی و فەرەنسی لە بیروت دەری کردوە لە ژ 52 ی ساڵی 3 ی 30 ی 7 ی 1945 دا دەربارەی بەرنامە کوردیەکانی ئەو کاتە نوسیوێتی:

"وەشینەکێن هە رۆژە ب کوردی ل بیرۆتێ:

ل سەر پێلێن کورت و ناڤین. هەرۆ پشتی نیرۆ ل سەعات پێنج و سی دەقیقان دا نوچەێن جیهانێ ئێن داوین. ب زمانێ کوردی بەلاڤ دکە. درێژاییە پێلێن:

پێلێن کورت: 37 مێتر و 39 سێنتیمێتر. ئان 8.036 کیلۆسایکل

پێلێن ناڤین: 411 مێتر. ئان 730 کیلۆسایکل.

ل بەغدایە

هەرۆ پشتی نیرۆ د سەعات چاران دا دەستپێ و هەتا پێنجان دۆم دکە. درێژاییا پێلێن 42 مێتر و 37 سێنتیمێتر پێلێن کورت.

رادیۆیا کوردستانێ

ل سەر پێلێن کورت دوەشینێ. درێژاییا د وێ 42 و هەتا 44 و نیڤ مێتران. هەرۆ. بەری نیرۆ ل سەعات 11 و 45 دەقیقان دا دەست پێ دکە.

رادیۆیا ئازەربایجانێ

هەرۆ پشتی نیرۆ سەعات پێنجان. ل سەر پێلێن درێژ ب کوردی دوەشینە. پێلێن درێژ: 1410 و هەتا 1415 مێتران.

5. 4. بەشی کوردیی رادیۆی قاهیرە (1957– 1960)

بە پێی گفتوگۆیەک کە مارف ناسراو لە گەڵ محەمەد شەیدا کردویەتی:

بەشی کوردیی ئیستگەی رادیۆی قـاهیرە لـە رۆژی شـەمە 1 ی 6 ی 1957 تا سـەعات 5 ی پـاش نیوەڕۆ بە کاتی قاهیرە کراوەتەوە. ئەم بەشە بەشێ بوە لە بەرنامەی ئاراستەکراو (البرامج الموجهة) کە بە 39 زمانی جیاواز لە قاهیرەوە بڵاو کراوەتەوە. زمانی کوردی 40 هەمین بەرنامە بوە.

بێژەرەکانی سەرەتا محەمەد حسێن مەلا و هوشیار تایەر بابان بون و دوای چەند حەفتەیـەک محەمـەد شەیدا یش چۆتە هەمان رادیۆ. ئەم 3 کەسە کە بون بە بێژەر هـەر سـێکیان لـەو کاتـەدا خوێنـدکار بـون لـە زانکۆکانی قاهیرە.

بەرنامەکە بە سرودی ئەی رەقیب دەستی پێ کردوە. ئینجا وتراوە: "ئێرە کۆماری عـەرەبی یـەکگرتوە لە قاهیرە بەشی کوردی. کردنەوەی ئەم ئیستگەیە بۆ بـە هێزکردنـی پەیوەنـدی برایـەتی نێـوان گـەلی کـورد و عەرەبە لە پێناو رێکخستنی خەباتی نەتەوایەتی هەردو گەلەکـە و بـۆ سـەقامگیرکردنی ئاشـتی و ئاسایشـی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست". ئینجا چەند ئایەتێ لە قورئان. پاشان دەنگوبـاس. گۆرانیـەکی کـوردی. سـەروتاری رۆژنامەی الاهرام. بڕاڕێک لە وێژە و هەڵبەستی کـوردی. گـۆرانی داواکـراو. گاڵتەوگـەپ. شـتێک دەربـارەی مێژوی کورد. کورتەی دەنگوباس و کۆتایی بەرنامەکە بە سرودی ئەی رەقیب.

بەرنامەکە 45 دەقیقەی بۆ تەرخان کراوە. دوای ماوەیەک بۆتە 1 سەعات.

(سەرچاوە: مارف ناسراو. یادکردنەوەی ئەستێرە گەشاوەکانی ئەدەب و هونەر. "چاوپێکەوتن لـە گـەڵ بێژەر و ئامادەکەری بەرنامەکانی بەشی کوردی ئیستگەی رادیۆی قاهیرە بـەڕێز مامۆسـتا محەمـەد شـەیدا" ل 49 – 52)

دوای شۆڕشی 14 ی تەموزی 1958، نێوانی عیراق و کۆماری عەرەبی یەکگرتو تێکچو. خوێنـدکارە نەتەوەپەرستەکانی لایەنگری (وەحدەی عەرەبی) کەوتنە تـەنگ پـێ هـەڵچنین بـەو خوێنـدکارە عیراقیـانـەی لایەنگری حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بون. بێژەرەکانی بەشـی کـوردی هـەر سـێکیان میسـر یـان بـە جـێ هێشت. بەڵام بەشی کوردیی رادیۆی قاهیرە تا ناوەڕاستی شەستەکان بەردەوام بو.

5. 5. جگە لەم رادیۆیانە، لـە **رادیـۆی یـەرێڤان لـە ئەرمەنسـتان** بەرنامەیـەکی کـوردی هـەبوە. هـیچ زانیاریەکم لە بارەی ئەم بەرنامەیەوە دەس نەکەوتوە.

6. رۆژنامەوانیی کوردی و شۆڕشی 14 ی تەموزی 1958

لە بەرەبەیانی 14 ی تەموزی 1958 دا جەیشی عیراقی بە کودەتایەکی سپایی رژێمی پاشایەتی روخاند و لە بەیانی یەکەمیدا جاری رژێمی جمهوری دا. ئەمە گۆڕینێکی چاوەڕوان نەکراو بو. لەو سەردەمەدا کە دنیا بە هۆی شەڕی ساردەوە دابەش بوبو بە سەر دو بلۆکی ناکۆکی رۆژهەلات و رۆژئاوادا. عیراق بەشی بو لە پەیمانە جەنگیەکانی بلۆکی رۆژئاوا بۆ گەمارۆدانی یەکێتی سۆڤیت و دەولەتانی سۆسیالیستی. عیراق لە گەڵ تورکیا، ئێران، پاکستان و بریتانیا، ئەندام بو لە پەیمانی بەغدادا.

رژێمی نوێ، گۆڕینی بنەڕەتی لە هەلومەرجی سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی، رۆشنبیری ناوخۆی عیراق و، لە سیاسەتی دەرەوەیدا بە دی هێنا. هەمو رێکخراوە سیاسییە نهێنیەکان، لەوانە حیزبی شیوعی عیراق کە لقێکی چالاکی لە کوردستان دا هەبو، وە پارتی دیموکراتی کوردستان. هەروەها هەمو رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان پشتیوانیەکی بێ سنوریان لەم شۆڕشە کرد.

رژێمی نوێ قانونی ئەساسیی سەردەمی پاشایەتی هەلوەشاندەوە. لە جیاتی ئەو دەستورێکی کاتی راگەیاند، کە لە مادەی سێیەمیدا بۆ یەکەمین جار لە مێژوی عیراق دا دانی بەوەدا نابو کە: (عەرەب و کورد لەم نیشتمانەدا هاوبەشن).

حیزبە سیاسییەکان و، رێکخراوەکانی مامۆستایان، قوتابیان، لاوان، جوتیاران، کرێکاران، ئافرەتان، بارەگایان دانا و، بە ئاشکرا کەوتنە چالاکی. رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، کە بە پێی ئیمتیازە قانونییەکەیان سیاسی نەبون، کەوتنە نوسینی باس و وتاری سیاسی. نوسەرانی سەر بە حیزبی شیوعی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، کە هێشتا رۆژنامەی ئاشکرایان نەبو، لاپەڕەکانی ئەم بلاوکراوانەیان کردە مەیدانی دەربڕینی بیروڕا و هەلوێستی سیاسی حیزبەکانیان.

6. 1. قانونی چاپەمەنی

بە پێی لێکۆلینەوەی مێژونوسی عیراقی، سەید عەبدوڕەزاق حەسەنی:

لە 23 ی ئابی 1921 ەوە تا 14 ی تەموزی 1958، واتە لە سەردەمی رژێمی پاشایەتیدا 16 جار ئەحکامی عورفی لە عیراق دا ئیعلان کراوە. کۆی رۆژەکانی ئەکاتە 3992 رۆژ، واتە 11 ساڵ و 32 رۆژ.

بە پێی (قانونی ژمارە 57 ی سالی 1933 و تەعدیلی ژمارە 33 ی سالی 1934 و تەعدیلەکانی تری) 193 گۆڤار و ڕۆژنامە ڕێگە درابون. بەلام بە پێی (مەرسومی مەتبوعات ژمارە 34 ی سالی 1954) هەمویان لەغو کران و، ئەبو سەرلەنوێ بە پێی مەرجەکانی مەرسومەکە خۆیان ڕێک بخەنەوە. (عبدالرزاق الحسني. تأريخ الوزارات العراقية. ج 10. 1968. ص 322)

کاربەدەستانی شۆڕشی 14 ی تەموزی 1958 ئەگەرچی لە بوارەکانی: ئیسلاحی زەراعی. ئەحوالی شەخسی. نەوت.. تا، قانونی رادیکالی گرنگیان دانا و، دەسکاری زۆر لە قانونەکانی سەردەمی پاشایەتییان کرد. بەلام لە بواری ڕۆژنامەوانیدا هەمان "مەرسومی مەتبوعات" ی سالی 1954 یان بۆ کار پێ کردنی قانونی، لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، بە زیندویی هێشتەوە. تا حیزبی بەعس لە 1963 دا، بە کودەتایەکی سپایی تر، دەسەلاتی گرتە دەس و قانونێکی نوێی چاپەمەنی دانا.

ژمارەیەکی زۆر کەم لە کاتنامەکانی سەردەمی پاشایەتی لە سەردەمی جمهوریدا لە دەرچون کەوت. یەکێ لەوانە حەفتەنامەی (پەیام) بو کە (کاروباری ئالوگۆڕی خوێندەواریی ئەمەریکا لە بەغداد) بە کوردی بۆ پرۆپاگاندە دەری ئەکرد. بە پێچەوانەوە کاتنامە کوردییەکانی سەردەمی پاشایەتی: حەفتەنامەی ژین لە سلێمانی. حەفتەنامەی هەتاو لە هەولێر. مانگنامەی کوردی- عەرەبی شەفەق لە کەرکوک. مانگنامەی هیوا و حەفتەنامەی کوردی- عەرەبی پێشکەتن لە بەغداد. بە تیراژی زۆرتر و لاپەڕەی زۆرترەوە بلاو ئەکرانەوە.

ئەم قۆناغە لە مێژوی سیاسی عیراق دا قۆناغێکی بێ وێنەیە لە ڕوی بەکار هێنانی ئازادی سیاسییەوە بۆ حیزبایەتی و بۆ ڕۆژنامەوانی کە دە نیشانەی (پلوراليزم) ن. ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار بە عەرەبی و کوردی بلاو کرانەوە.

6. 2. شۆڕشی تەموز و ڕۆژنامەوانیی کوردی لە عیراقدا

بە درێژایی سەردەمی پاشایەتی لە عیراق دا (1921- 1958) ئەگەرچی چەندین حیزبی سیاسی دروست کران و هەلوەشێنرانەوە و، چەندین ڕۆژنامەی سیاسی دەرچون و داخران و دەرچونەوە. بەلام ڕێگە بە کورد نەدرا. تەنانەت بەوانەش کە لایەنگری دلسۆزی خۆیان بون. حیزبی سیاسی کوردی دابمەزرێنن و، ڕێ بە هیچ کوردێ نەدرا ڕۆژنامەی سیاسی بە زمانی کوردی بلاو بکاتەوە. تەنیا جار کە ڕێگەی گۆڤارێکی حەفتانەی سیاسی عەرەبی - کوردی درا. دوای ڕاپەڕینی گەلی عیراق (وەسبەی کانونی 1948) و ڕوخاندنی وەزارەتی سالح جەبر و، دامەزراندنی وەزارەتی سەدر بو. کە هەندێ ئازادی بۆ ماوەیەک دا بە گەلی عیراق. گۆڤاری (نزار) بو کە عەلائین سوجادی ئیمتیازی وەرگرت. ئەویش سەرەڕای ئەوەی لە ژێر چاوی سانسۆردا بوە و ڕێی نەدراوە بە ئازادی بنوسێ. لە پاش 22 ژمارە داخراوە.

کە شۆڕشی 14 ی تەموز بو، هەمو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بێ سلەمینەوە، کەوتنە نوسینی وتار و بابەتی سیاسی. هەردو حیزب: حیزبی شیوعی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان. بۆ ڕونکردنەوەی هەلویست و بیروبۆچونەکانی خۆیان کەلکیان لەم گۆڤار و ڕۆژنامانە وەر ئەگرت. تا خۆیان ئیمتیازی دەرکردنی ڕۆژنامەیان وەرگرت. لە سایەی جمهوریدا بە دەیان گۆڤار و ڕۆژنامەی سیاسی حیزبی و سەربەخۆ دەرچون.

ئەم کاتنامانە ئەشێ پۆلێن بکرێن:

لە ڕوی ناوەرۆکەوە: سیاسی. ئەدەبی. کۆمەلایەتی. خوێندکاری. پیشەیی

لە ڕوی خاوەنێتی ئیمتیازەکەیەوە بۆ: حیزبی. نەقابی. حکومەتی. ئەهلی

لە ڕوی شوێنی دەرچونەوە: بەغداد. کەرکوک. سلێمانی. هەولێر. موسل

لە ڕوی ناوچەیی و نیشتمانی و نەتەوەییەوە: هەندێکیان ناوچەیی بون. تەنیا لە مەلبەندەکەی خۆیاندا بلاو بونەتەوە. هەندێکیان لە سەر ئاستی کوردستانی عیراق و، هەندێکیشیان لە هەمو عیراقدا.

6. 2. 1. رۆژنامەی حیزبی

6. 2. 1. 1. رزگاری (بەغداد 1959)

گۆڤارێکی کوردی– عەرەبی بوە.

زمانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوە.

خاوەنی ئیمتیازی سالّح حەیدەری و، سەرنوسەری فوئاد جەواد بوە.

ژ 1 ی لە نیسانی 1959 لە بەغداد دەرچوە. دوای چەند ژمارەیەک بە هۆی ناکۆکیەکانی ناو دەرونی پارتیەوە لە دەرچون کەوت.

رزگاری بە هەمان ناوەوە ناو نراوە کە لە سەردەمی پاشایەتیدا ئۆرگانی پارتی بوە.

6. 2. 1. 2. خەبات– النضال (بەغداد 1959 – 1961)

(رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی) کوردی - عەرەبی بوە.

زمانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوە.

خاوەنی ئیمتیازی پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد بوە.

ژ 1 ی لە 4 ی نیسانی 1959 لە بەغداد بڵاو کرایەوە. تا داخستنی لە 28 ی مارتی 1961 دا 462 ژمارەی لێ دەرچوە.

لە سەرەتادا هەندێ ژمارەی بە کوردی و هەندێ ژمارەی بە عەرەبی دەرچوە. دوایی هەمو رۆژنامەکە بە عەرەبی دەرچوە.

ئیبراهیم ئەحمەد، حیلمی عەلی شەریف (ئاسۆ)، جەلال تاڵەبانی (پیرۆت)، حەبیب محەممەد کەریم، جەرجیس فەتحوڵا، لە نوسەرە چالاکەکانی رۆژنامەکە بون.

لە سەردەمی پاشایەتیدا ئۆرگانی نهێنی پێک ناوی (خەباتمان) و (خەباتی کوردستان) بوە. ناوی خەبات هەر لەو ناوانە وەرگیراوە. ئەمیش درێژەپێدانی ئەوان بوە.

بۆ ئاگاداری زۆرتر بڕوانە:

عەبدوڵا زەنگەنە: دانگایی کردنی خەبات یەکەمین رۆژنامەی سیاسیی رۆژانەی کورد. گۆڤاری وەرزیی (رۆژنامەڤانی)، هەولێر. بەشی یەکەم، ژ 2، ئابی 2000، ل129-164. بەشی دوەم، ژ 3، کۆتایی کـ1 2000، ل28-92. بەشی سێیەم، ژ 4، نیسانی 2001، ل 62-129.

6. 2. 1. 3. کوردستان (بەغداد 1961)

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانە بوە.

خاوەنی ئیمتیازی ئیبراهیم ئەحمەد و، سەرنوسەری پارێزەر جەلال تاڵەبانی بوە.

ژ 1 ی لە 4 ی مارتی 1961 دا لە بەغداد دەرچوە. ئەگەرچی ئیمتیازەکەی بۆ رۆژانە بوە، بەڵام حەفتانە دەرچوە. دوای 5 ژمارە داخراوە.

پێش ئەوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان ئیجازەی کاری قانونی لە حکومەتی عیراق وەربگرێ، ئیبراهیم ئەحمەد ئیمتیازی رۆژنامەی خەباتی بە ناوی خۆیەوە وەرگرت. بەڵام کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان ئیجازەی کارکردنی ئاشکرای قانونی پێ درا، ئیبراهیم ئەحمەد دەستی لە ئیمتیازی رۆژنامەی خەبات هەڵگرت بۆ پارتی و، خۆی ئیمتیازی رۆژنامەیەکی نوێی وەرگرت بە ناوی کوردستان ەوە.

بۆ ئاگاداری زۆرتر بڕوانە:

کاوە حاجی عەزیز. لە گەلاوێژی نوێدا وتارێکی لە سەر هەمو ژمارەکانی نوسیوە.

6. 2. 1. 4. ئازادی (کەرکوک 1959 – بەغداد 1960)

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە بوە.

زمانی حیزبی شیوعی عیراق بوە.

خاوەنی ئیمتیازی پارێزەر نافیع یونس بوە.

ژ 1 ی لە 1 ی ئایاری 1959 دا لە کەرکوک دەرچوە. هەرچەندە ئیمتیازەکەی بۆ ڕۆژانە بوە، بەڵام نەی توانیوە ڕۆژانە دەربچێ. دوای هەراکەی کەرکوک بارەگای ڕۆژنامەکە گوێزرایەوە بەغداد. لە کۆتایی تشرینی دوەمی 1960 دا داخرا. بە هەموی 156 ژمارەی لێ دەرچوە.

محەممەدی مەلا کەریم، گۆران، دلزار... لەم ڕۆژنامەیەدا کاریان کردوە.

لە سەردەمی پاشایەتیدا ئۆرگانی نهێنی لقی کوردستانی حشع لە 1945 وە تا ساڵی 1956 ناوی (ئازادی) و، لەوە بە دوا ناوی (ئازادی کوردستان) بوە. ناوی ئەم ڕۆژنامەیە یش هەر لەو وەرگیراوە و، درێژەپێدانی ئەو بوە.

6. 2. 1. 5. ڕای گەل- رأي الاهالي (کەرکوک 1959 – 1961)

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردی- عەرەبی بوە.

خاوەنی ئیمتیازی محەمەد سدیق بلوکینی و، بەڕێوەبەری بەرپرسی محەمەد مەردان قەلەمچی بوە.

ژ 1 ی لە 6 ی ئەیلولی 1959 لە کەرکوک دەرچوە و ژ 72 کە دوا ژمارەیەتی لە 15 ی ئەیلولی 1961 دا دەرچوە.

ئەم ڕۆژنامەیە زمانی حیزبی وەتەنی دیمۆکراتی بوە، کە کامیل چادرچی سەرۆکی بو.

محەمەد سدیق بلوکینی، بە هۆی بیروباوەڕی سیاسیەوە وەکو بەشێ لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی دەرپەڕاندنی کورد لە کەرکوک، لە یەکێ لە شەقامەکانی کەرکوک دا، کوژرا.

حیزبی وەتەنی دیمۆکراتی، جگە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی (الاهالي) کە لە بەغدادی پایتەخت دەری کردوە، لە شارەکانی تری عیراقدا چەندین کاتنامەی دەرکردوە. لەوانە:

(شعلة الاهالي) لە کەربەلا، (صدى الاهالي) لە موسڵ، (صوت الاهالي) لە عەمارە، (نداء الاهالي) لە بەسرا. (رأي الاهالي) یش لە کەرکوک یەکێ بوە لەو زریزەیە.

6. 2. 2. ڕۆژنامەی ئەهلی

6. 2. 2. 1. ڕۆژی نوێ (سلێمانی 1960– 1961)

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە: (گۆڤارێکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتیە). گۆڤارێکی مانگانە بو لە سلێمانی لە چاپخانەی کامەران چاپ کراوە.

خاوەنی ئیمتیازی پارێزەر جەمال شالی و، کامەران موکری سەرنوسەری بوە.

ژ 1 ی لە مارتی 1960 دا دەرچوە. تا وەستانی لە مانگی ئەیلولی 1961 دا 18 ژمارەی لێ دەرچوە.

ڕۆژی نوێ سەر بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوە.

بۆ ئاگاداری زۆرتر بڕوانە:
جەمال شالی، گۆڤاری ڕۆژی نوێ لە ڕۆژێکی نوێدا، سلێمانی، 2002.

6. 2. 2. 2. ڕاستی- الحقیقة (موسڵ 1959)

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆ بووە. بە عەرەبی و کوردی لە موسڵ بڵاو کراوەتەوە. خاوەنەکەی پارێزەر جەرجیس فەتحوڵڵا و ئەنوەر مائی سەرپەرشتی بەشە کوردییەکەی کردووە.

ژ 1 ی لە 7 ئایاری 1959 دا دەرچووە. دوای دەرچوونی ژمارە 24 ی لە 3 ی نیسانی 1960 دا ڕاگیراوە و، لە 6 ی ئابی 1960 دا وەزارەتی ئیرشاد ئیمتیازەکەی لێ سەندۆتەوە.

موسڵ، بە درێژایی زەمان شارێکی تێکەڵاو بووە لە عەرەب و کورد و تورکومان و، موسوڵمان و مەسیحی. بەڵام هەمیشە ناوەندێکی گرنگ و چالاکی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب یش بووە. ئەگەرچی ئەو سەردەمە پارێزگای دهۆک دروست نەکرا بوو، هەمو بادینان لە ڕوی بەڕێوەبەرایەتییەوە سەر بە موسڵ بوو، بەڵام ئەوە یەکەم جار و دواجار بو کە بڵاوکراوەیەک بە کوردی لە موسڵ بڵاو بکرێتەوە.

دوای 14 تەموز ناکۆکییەکی توندوتیژ کەوتە نێوان ئەفسەرانی جەیشەوە، نەتەوەپەرستەکانیان ئەیانویست عیراق دەسبەجێ لە گەڵ جمهوریەتی عەرەبی یەکگرتو یەکبگرێ، حشع و دیموکراتەکان دژی ئەمە بوون، عەبدولکریم قاسمی پێشەوای شۆڕشی 14 تەموز یش دژی ئەمە بوو. ڕۆژی 8 ی 3 ی 1959 عەبدولوەهاب شەواف کە ئەفسەرێکی پلەبەرزی جەیش بو، بە پشتیوانی حیزبی بەعس و نەتەوەپەرستەکانی تر هەڵگەڕانەوەی خۆی ڕاگەیاند. بەڵام شەواف و چەند کەسێ لە هاوڕێکانی کوژران و جوڵانەوەکە شکستی خوارد. شیوعییەکان بە توندی کەوتنە سەرکوتکردنی نەتەوەپەرستەکان. هەندێ دادگایان دانا بۆ سزادانی بەشدارانی جوڵانەوەکە و هەندێکیان کوشت و لاشەکانیان بە شەقامەکاندا ڕاکێشان. ئەمە بارێکی ناڵۆزی لە ناو موسڵ دا خوڵقاند.

ڕێبازی ڕۆژنامەی (الحقیقة- ڕاستی) لە چەپدا و، لە دوژمنایەتی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و، دژایەتی ڕێبازی ناسری دا توندڕەو بو. تاوانی بەشداریکردن لەو ڕوداوانەدا درایە پاڵ جەرجیس. هەم فەرمانی گرتنی لە لایەن حکومەتی ئەوساوە بۆ دەرچو، هەم ڕۆژنامەکەیشی داخرا.

بۆ ئاگاداری زۆرتر بڕوانە:

د. عبدالفتاح علی بۆتانی: ڕۆژنامەی الحقیقي - ڕاستی یەکەمین ڕۆژنامەی عەرەبی - کوردی بو لە شاری موسڵ، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژ 5 ی 22 ی نیسانی 1998، ل 173 – 178.

الدکتور عبدالفتاح علی بوتانی: جریدة الحقیقة – راستی اول جریدة عربیة کوردیة في مدیني الموصل، دهوک، 1998.

6. 2. 2. 3. نەورۆز (سلێمانی 1959)

لە سەر بەرگی دواوەی نوسراوە: (گۆڤارێکی ئەدەبی و زانیاری و کۆمەڵایەتی کوردیە)

خاوەنی ئیمتیازی پارێزەر کەمالی میرزا کەریم و، دەستەی نوسەرانی بریتی بوە لە: کامەران، مستەفا قەرەداخی، ئەمین میرزا کەریم.

ژ 1 ی لە نەورۆزی 1959 دا و ژ 3 ی لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا، لە سلێمانی لە چاپخانەی کامەرانی چاپ کراوە. پاش 3 ژمارە کراوە بە ڕۆژنامە و، پاش ماوەیەک ناوەکەی گۆڕی بۆ بڕوا.

بۆ ئاگاداری زۆرتر بڕوانە:

عەبدوڵڵا زەنگەنە: (گۆڤاری نەورۆز لە نەورۆز)، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، هەولێر، ژ 5 ی 22 ی نیسانی 1998. ل 11 – 20.

6. 2. 2. 4. بڕوا (سلێمانی 1960– 1963)

ڕۆژنامەیەکی حەفتانە بوە.

خاوەنی ئیمتیازی پارێزەر کەمالی میرزا کەریم بوە.

ژ 1 ی لە 2 ی تەمموزی 1960 دا لە سلێمانی دەرچوە تا داخستنی لە کانونی دوەمی 1963 دا 95 ژمارەی لێ دەرچوە.

بڕوا، سەردەمێ بو بە زمانی حیزبەکەی داود سایغ، کە عەبدولکەریم قاسم بە ناوی حیزبی شیوعی عیراقەوە ڕێگەی کارکردنی قانونی دا بو.

ماوەیەک ڕەفیق چالاک سەرپەرشتی دەرکردنی ئەکرد.

6. 2. 2. 5. ڕۆناهی (بەغداد 1960– 1962)

لە سەر بەرگی دەرەوەی نوسیویتی: (گۆڤارەکا ئەدەبی، زانیاری، نو کۆمەڵیە)

لە سەر بەرگی ناوەوەی نوسیویتی: (کۆڤارەکا هەیڤانەیە بۆ بەرزکرنا زانیاریا کوردی)

ڕۆناهی گۆڤارێکی مانگانە بوە. بە هەردو زاراوی کرمانجی سەرو و خوارو وتار و شیعری بڵاو کردۆتەوە. خاوەنی ئیمتیاز و سەرۆکی نڤیسەڤانا حافز مستەفا قازی بوە.

ژ 1 ی لە مانگی تەموزی 1960 لە بەغداد و ژ 3 ی لە ئابی 1962 دا دەرچوە.

حافز قازی سەرلەنوێ بە ڕێنوسی تازە هەمو ژمارەکانی ڕۆناهی چاپ کردۆتەوە.

بۆ ئاگاداری زۆرتر بڕوانە:

حافز قازی: ڕۆناهی کۆڤارەکا کوردی بوو د ناڤبەرا 1960- 1962 یدا ل بەغدا دەرکەتیە، چاپا دووێ، هەولێر- سپیرێز، 2005.

6. 2. 2. 6. دەنگی کورد (بەغداد 1960)

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی کوردی– عەرەبی سەربەخۆ بوە.

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەری پارێزەر عومەر جەلال حەویزی بوە.

ژ 1 ی لە 9 ی شوباتی 1960 دا دەرچوە. تا ڕۆژی 14 ی مایسی 1961. 75 ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە.

بە بیانوی وتارێکەوە کە لە سەر هەلومەرجی نالەباری کەرکوک نوسی بوی، خاوەنەکەی گیرا و ڕۆژنامەکە داخرا.

6. 2. 3. ڕۆژنامەی نەقابی

6. 2. 3. 1. ئەدەبیی عیراقی (بەغداد 1961)

یەکێتی ئەدیبانی عیراق دەری کردوە. ژ 1 ی لە تەموزی 1961 دا بڵاو کراوەتەوە. تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچوە.

روناهی

گوڤارەکە بو بەرزکرنا زانیاریا کوردی

ژمارە ـ ١ ـ | سالا ـ ١ ـ | چریانیکی ـ ١٩٦٠

خوداتی ڤی گوڤاری کتیبەک پیش کیش کر بو سیادەتا سەروکی وەزیرا. ئو پشتی چەند وەختەک بسەرڤە چوی، سکرتیری وی بی روژنامەڤانا چاپا خوداتی گوڤاری بلی نامی دا.

جەمهوریەتا عیراقی
دیوان خانا جڤاتا وەزیرا
بەغدا

ژمارە: ٤٨٦/٢٧
روژ : ١٩٦٠/٧/١٩

برادەر حافظ مصطفى قاضى
٤٠ ب/٨٤ صالحية - بەغدا

سەلاڤەکا گولانە..

بن خوشەمنەت کاریا سیادەتا پیشەڤای عبدالکریم قاسم. سەروکی وەزیرا بگەهینمە هەوە. ژ بەر خەلات کرنا دانەکی ژ کتیبا «مەسەلا نیک

١

6. 2. 3. 2. بڵێسە (سلێمانی 1959)

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە: (گۆڤارێکی ئەدەبی و زانیاری و کۆمەڵایەتی کوردییە مانگی جارێک دەرئەچێت لە لایەن نەقابەی مامۆستایانەوە لە سلێمانی).

ژ 1 ی لە مانگی ئابی 1959 لە سلێمانی و ژ 10 ی لە مایسی 1960 دا بڵاو کراوەتەوە.

هەندێ بڵاوکراوەی تر لە شێوەی گۆڤار یان ڕۆژنامەدا دەرچون. لە لایەن هەندێ ڕێکخراوی پیشەییەوە بڵاو کراونەتەوە. بەڵام بەردەوام و تەمەندرێژ نەبون. ئێستا بە دەگمەن دەس ئەکەون. لەوانە:

ئافرەت

یەکێتیی ئافرەتانی عیراق بە عەرەبی و کوردی لە بەغداد دەری کردوە.

ژ 1 ی لە مایسی 1959 دا دەرچوە.

هیوای کوردستان

یەکێتیی قوتابیان لە سلێمانی دەری کردوە. ژ 1 ی لە تشرینی دوەمی 1959 دا دەرچوە.

دەنگی قوتابیان

یەکێتیی قوتابیانی عیراق بە عەرەبی و کوردی ساڵی 1959 لە بەغداد دەری کردوە.

دەنگی قوتابیان

لقی کەرکوکی یەکێتیی قوتابیانی عیراق ساڵی 1959 بە کوردی و عەرەبی و تورکومانی لە کەرکوک دەری کردوە.

ژیان

یەکێتیی گشتی قوتابیانی عیراق لقی هەولێر دەری کردوە. ژ 1 ی لە تشرینی دوەمی 1960 دا دەرچوە. تەنیا 2 ژمارەی لێ دەرچوە.

6. 2. 4. ڕۆژنامەی حکومەتی

6. 2. 4. 1. عیراقی نوێ (بەغداد 1960)

بەمجۆرە خۆی بە ناسین داوە: (گۆڤارێکی نیگارینی مانگانەیە وەزارەتی ئیرشاد دەری دەکا)

ژ 1 ی لە تشرینی یەکەمی 1960 دا دەرچوە. بە هەموی 24 ژمارەی لێ دەرچوە.

محەمەدی مەلا کەریم و فاروق مستەفا ڕەسول سەرپەرشتی وەرگێران و چاپیان کردوە.

6. 3. شۆڕشی تەموز و ڕۆژنامەوانیی کوردی لە ئێراندا

ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناو کوردستانی عیراق و، بە هێزبونی جوڵانەوەی کورد و، ڕەنگدانەوەی ئەوە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عیراقدا: بەرنامەی کوردی ڕادیۆی بەغداد و، تەنینەوەی لێشاوی ڕۆژنامەوانی کوردی و، ئازادی چالاکی سیاسی حیزبی و ڕێکخراوەیی. کاری لە پارچەکانی تری کوردستان کرد و، بزوتنەوەی کوردایەتی لەو پارچانە یش دا گەشانەوەی دیاری بە خۆیەوە دی. کاربەدەستانی ئێرانی و تورکی و عەرەبی لە سوریا ترسیان لێ نیشت. بۆ بەرگری لە لێشاوی ئەم بزوتنەوەیە، هەر یەکەیان لە لای خۆیەوە کەوتە شاڵاوبردن بۆ تێکۆشەرانی کورد و، زۆریان لێ گرتن. هەندێکیشیان ناچار بون پەنایان بۆ کوردستانی عیراق هێنا.

حکومەتی ئێران بۆ ئەوەی ئەم بزوتنەوەیە دابمرکێنێتەوە، لە لایەکەوە پەلاماری ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی دا و، دەیان کەسی لێ گرتن و بە سەدانیشیان پەڕیوەی کوردستانی عیراق بون. لە

لایەکی ترەوە لە رادیۆی تاران بەشێکی کوردی تەرخان کرد بۆ پرۆپاگەندە دژی هەلومەرجی کوردستانی عیراق و، حەفتەنامەیەکیشی بە زمانی کوردی لە تاران بە ناوی (کوردستان) ەوە بڵاو کردەوە. دوای روخانی حکومەتی کوردستان لە مەهاباد ئەوە یەکەم جار بو حکومەتی ئێرانی رێگەی بە کارهێنانی زمانی کوردی بدا.

6. 3. 1. کوردستان (تاران 1959)

خۆی بەمجۆرە بە ناسین داوە: (رۆژنامەیەکی حەوتەیی کوردییە. حەوتەی جارێ چلێکی دەرئەچێ)

خاوەنی ئیمتیاز و مدیری لێ پرسراو عەبدولحەمید بەدیع ئەلزەمان و بە چاودێری دەستەی نوسەر: محەممەد سدیق موفتی زادە، عابیدی سیراجەدینی، شوکرولای بابان و، لە ژ 38 ەوە ناوی خوسرەوی شێخکانلوی میلانی خراوەتە سەر.

رۆژنامەی کوردستان لە لایەن حکومەتی ئێران، بە تایبەتی لە لایەن ساواک ەوە، ئاراستە کراوە.

ژ 1 ی لە 29 ی نیسانی 1959 دا لە تاران بە زاراوی جیاجیای کوردی دەرچوە.

بەدیع ئەلزمان، خەڵکی سنە و، مامۆستای زمان و ئەدەبی عەرەبی بوە لە دانشگای تاران. سدیقی موفتی زادە یش، خەڵکی سنە و، مامۆستا بوە لە دانشگای تاران. جگە لەو ناوانە عەبدورەحمانی موفتی زادە و ئەحمەدی موفتی زادە لە هاوکارە چالاکەکانیان بون. محەمەد سدیق و عەبدولرەحمان برا بون و، ئەحمەد یش برازایان بوە. سوارەی ئێلخانی زادە، فاتیحی شێخولئیسلامی، عەلی حەسەنیانی، کە بە نوێکەرەوەی شیعری کوردی دانەنرێن لە کوردستانی ئێران دا تێیدا نوسیویانە. هەروەها هێمن و خاڵە مین و ئەمیری حەسەنپور.

ئەم رۆژنامەیە:

لە روی سیاسیەوە، تەرخان کرابو بۆ دیفاع لە رژێمی شاهنشاهی ئێران و، بۆ هێرش کردن بۆ سەر رژێمی جمهوری عیراق و، دژایەتی جوڵانەوەی کورد و تێکۆشەرەکانی.

لە روی زمانەوە، بە لەهجەی جیاواز نوسیویتی. لەوە یش چەند مەبەستێکی هەبوە، لەوانە:

یەکەم، بۆ قوڵکردنەوەی دەلاقەی نێوان لەهجە جیاوازەکانی زمانی کوردی و.

دوهەم، بۆ ئەوەی دەری بخەن کە کوردی زمانێکی یەکگرتوی سەربەخۆ نیە، بەڵکو چەندین لەهجەی ناوچەیی جۆراوجۆری ئێرانیە.

داگیرکەرانی کوردستان زمانی کوردییان بۆ هەر مەبەستێکی تایبەتی خۆیان بە کار هێنا بێ، تەنانەت ئەگەر بۆ شێواندنی روی پرشنگداری بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و، ئەدەب و زمان و رۆشنبیریەکەیشی بوبێ، سەرەنجام هەر بە قازانجی زمانی کوردی شکاوەتەوە. بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بەشدار بوە لە گەشەپێدانی زمان و رۆشنبیری کورد و لە پێگەیاندنی نوسەرانی کوردینوسدا. کوردستانەکەی تاران یش، هەم ژمارەیەک کوردینوسی پێگەیاند و هەم ژمارەیەکی باش شیعر و ئەدەبیاتی دێرینەی کوردی، بە تایبەتی بە لەهجەی گۆران، زیندو کردەوە.

رۆژنامەی کوردستان سەرەتا بە ئازادی لە بازاڕدا ئەفرۆشرا. لە بەر ئەوەی زۆر بە گەرمی لە لایەن خەڵکەوە پیشوازی لێ ئەکرا و ئەفرۆشرا و دەستاودەستی ئەکرد، بۆیە لە دوای ژمارەی 4 ەمیەوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی ئاسایی کەڵکی لێ وەرنەگرن و نوسینی کوردی فێر نەبن، لە بازاڕی شارەکاندا ئیتر نە فرۆشراوە و لە ناو خەڵکدا بڵاو نە کراوەتەوە، بەڵکو لە سنورێکی دیاریکراودا نێردراوە بۆ هەندێ کەس و کاربەدەست و دەزگا و دامەزراو. تا حکومەتی ئێرانی پێیان بسەلمێنێ کە نوسین و رۆژنامەوانی بە زمانی کوردی لە ئێران دا ئازادە. جگە لەو شوێنانە بە بار بۆ ناو کوردستانی عیراق ئەنێردا و، بە پۆستەیش بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.

لە گەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی کوردستانی عیراقدا کوردستان بە خۆشیەوە هەواڵە ناخۆشەکانی شەڕ و بۆردومانی بڵاو نەکردەوە و، بە هاودەردییەوە لە سەر ڕوداوەکانی نەنوسی. حکومەتی ئێران ئیتر پێویستی بە ڕۆژنامەی کوردستان نەما و ڕایگرت.

بۆ ئاگاداری زۆرتر بڕوانە:

فەرهاد عەونی: ڕۆژنامەی کوردستان و بیبلۆگرافیای بابەتە پەیوەندیدارەکانی بە کورد و کوردستانەوە، گۆڤاری وەرزیی ڕۆژنامەڤانی، ژ 4، ل 50-61.

6. 3. 2. کوردستان (مەهاباد- 6 ی دیسامبەری 1945)

ئۆرگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی و، بە هێزبونی جوڵانەوەی کورد و، گەشانەوەی ژیانی سیاسی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، لە کوردستانی عیراقدا، لە ئەنجامی شۆڕشی 14 ی تەموز دا، کارێکی گەورەی کردە سەر جوڵانەوەی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان، لەوانە کوردستانی ئێران. حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ڕێکخراوەکانی بوژانەوە و پەرەیان سەند و چالاکییان زیادی کرد. یەکێ لە چالاکیەکانیان دەرکردنی کوردستان، ئۆرگانی حیزب بو. کوردستان لە سەر لاپەڕەی یەکەمی بەم جۆرە خۆی ناساندوە: (بڵاو کەرەوەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، گۆوارێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی سیاسی کوردیە، هەر پازدە ڕۆژ جارێک بڵاو دەکرێتەوە). کوردستان بە تایپ و ڕۆنیۆ لە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد چاپ کراوە.

ساواک شاڵاوێکی توندی بردە سەر حدک و، چەند کادری سەرکردایەتی و ئەندامی حیزب گیران و، چەند سەد کەسێکیشیان ڕویان کردە کوردستانی عیراق. کادرەکانی حدک بە یارمەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان ڕێکخراوەکانی حیزبەکەیان ڕێکخستەوە و، بەردەوام بون لە سەر دەرکردنی کوردستان. هەڵگیرسانی شۆڕش لە کوردستانی عیراقدا و، دروستبونی ناکۆکی لە ناو ڕیزی حدک دا، کاروبارەکانی شێواندن و، حیزبەکەیانی پارچە پارچە کرد. زۆرتر خۆیان بە ڕوداوەکانی ناو کوردستانی عیراقەوە خەریک ئەکرد، تا کاروبارەکانی خۆیان، لە بەر ئەوە کوردستان تا ساڵانێکی درەنگ لە دەرچون کەوت.

کۆتایی بەهاری ئازادی

عیراقی جمهوری ئارامی و ئاسایشی بە خۆیەوە نەدی. زۆر زو ناکۆکییەکانی نێوان نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، کە ئەیانویست عیراق دەسبەجێ لە گەڵ جمهوریەتی عەرەبی یەکگرتو یەک بکەوێ، لە گەڵ شیوعیەکان و دیمۆکراتەکان و لە گەڵ کورد، تەقیەوە. نەتەوەپەرستەکان کەوتنە پیلانگێڕان. لە موسڵ هەڵگەڕانەوەیەکی سپاییان ساز کرد و، لە بەغداد تەقەیان لە عەبدولکەریم قاسم کرد و زامداریان کرد. لە کەرکوک فیتنەیەکی نەتەوەییان لە نێوان کورد و تورکومان دا نایەوە.

عەبدولکەریم قاسم، سەرکردەی شۆڕشەکە، ڕێگەی نەدا ژیانی دیمۆکراتی لە عیراق دابمەزرێ، حیزبە سیاسیەکان بە ئازادی کار بکەن و، هەڵبژاردنی گشتی بۆ پارلەمانێکی ئازاد بکرێ. تا ئەهات بەرەو دیکتاتۆریەتی فەردی ئەچو. تەنگی بە حیزبە سیاسیەکان هەڵئەچنی و، ڕۆژنامە نارازییەکانی دائەخست. ئەو دەسکەوتانەی کورد بە دەستی هێنا بون، یەکە یەکە لێی ئەسێنرایەوە. تەنگیان بە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان هەڵچنی و یەکە یەکە دایان خستن. ئەندامانی حیزبی شیوعی عیراق و پارتی دیمۆکراتی کوردستان ڕاوئەنران، ئەگیران و دور ئەخرانەوە بۆ گرتوخانەکانی ناوەڕاست و خواروی عیراق.

ئابونمان

ساڵی ٣٠٠ ڕیال

شەش مانگ ١٦٠ ڕیال

دانەی ١ ڕیال

کوردوستان

بڵاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردوستان

ساڵی یەکەم — ١١ ژانویە ١٩٤٦

زنرالیسموس ستالین

(بەبونەی شەست وشەشەمین ساڵی لەدایک بونی)

ئامانجی ئیمە

گفتوگوی جنابی قاضی محمد

پێشەوای بەرزی کوردوستان ەگەڵ خەو... ڕوژنامەی تارانی

کوردوستان

•••••••••

بلاو ئەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردوستان

(گواریکی تحدی (کومەلایەتی سیاسی کوردیە)

هەر بازدە روژ جاریك بلاو دەکریتەوە

ژمارە ٢ سالی یەکەم ٣٠ سەرماوەز ١٣٢٤ ٢١ دسامبر ١٩٤٥

لەم ژمارەیەدا

١. زبان ز ادبیات کوردی	صفحەی	١	نوسەر	م حمیدی
٢. شیوەنم بو وەطەنە	«	٦	«	خ شیراو
٣. بژی دیموکرات	«	٧	«	م هیمن
٤. ئەی دایکی نیشتمان	«	٩	«	ع خسروی
٥. دەورە دەورەی هومەرو کاردەبی	«	١٠	«	م عیشقی
٦. نامەی کچیکی دیل	«	١١	«	م هیمن
٧. فرمیسکی هەتیو	«	١٣	«	ع. همزار
٨. دیموکراسی چیە	«	١٤	«	م نزادی
٩. هەلدەکەم	«	١٧	«	م هیمن
١٠. ژنرالیسموس استالین	«	١٨	«	م حمیدی

مهاباد چاپخانەی کوردوستان

6. 4. شۆرشی تەموز و گێچەڵ بە کاتنامە کوردیەکان

لە ژ 9 ی کانونی یەکەمی 1961 ی گۆڤاری (رۆژی نوێ) ی سلێمانیدا لە ژێر سەرناوی: (رۆژنامەی خەبات) دا نوسیویتی:

"مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی تێکۆشەر، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، وە سەرنوسەری رۆژنامەی خەبات درا بە ئەنجومەنی عورفی. وە رۆژی 21 ی 11 ی 1960 ئەنجومەنی عورفی کۆبوەوە وە بریاری دا کە موحاکەمەکە بخرێتە رۆژی 27 ی 11 ی 1960.

"رۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، وە دەنگی دڵسۆزی نەتەوەی کورد لەسەر ئەوە دراوە بە مەحکەمە چونکە وتارێکی بلاوکردۆتەوە دەربارەی مادە 2 ی دەستوری وەختی، کەئەم مادە 2 ە ئەڵێ عیراق بەشێکە لە عەرەب. وە خەبات لەوە دوا بو کە گەلی عیراق بەشێک نیە لە گەلی عەرەب. بەڵکو عەرەبی عیراق بەشێکن لە گەلی عەرەب وە کوردی کوردستانی عیراق بەشێکە لە نەتەوەی کورد، وە هەروەها دەری خست بو کە کوردستانی عیراق خۆی بەشێکە لە کوردستان.

"بەم بۆنەیەوە بە هەزاران و هەزاران بروسکەنامە لێ دراوە، کە داوا ئەکرێ موحاکەمەی (خەبات) ئەکرێ کە رۆژنامەیەکی تێکۆشەرە، وە هەمیشە هەوڵی ئەوە ئەدا کە برایەتی کورد و عەرەب بەهێز بکا و، یەکێتی راستەقینەی عیراق پتەو بکا و، بەو پەری دڵسۆزیەوە هەوڵی پاراستنی کۆماری داوە و ئەیدا و وە خەباتێکی خاوێن ئەکا لە پێناوی دیمۆکراتێتی و مافی نەتەوەی کورد دا.

"هەر بەم بۆنەیەوە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە پارێزەران خۆیان ئامادە کردوە کەپشتگیری خەبات بکەن وە پارێزەرانی شاری سلیمانی رۆژی 25 ی 11 ی 1960 ئەچون بۆ بەغدا بۆ ئەو پشتگیری کردنە.

"رۆژی نوێ داوا لە حکومەت ئەکا لە موحاکەمە کردنی خەبات گەرێت وە بەشانازیەوە دەری ئەخا کە رۆژنامەی خەبات بە رۆژنامەی هەرە بەرزی کورد دائەنێ.

"ئەی خوێندەواری بەرێز! تکای لێ بوردن ئەکەین لەوەدا، کە لەم ژمارەیەدا، فریای ئەوە نەکەوتین دەربارەی موحاکەمەکەی رۆژی 27 ی 11 ی 1960 بنوسین."

لە ژ 10 ی کانونی دوەمی 1961 ی (رۆژی نوێ) دا لە درێژەی مەحکەمەکەی خەبات دا بابەتێکی لە سەر هەندێ لە گۆڤار و رۆژنامە کوردیەکان نوسیوە، کە هەلومەرجی رۆژنامەوانی ئەو سەردەمە رون ئەکاتەوە، لێرەدا وەکو خۆی ئەینوسمەوە:

6. 4. 1. خەبات

"ئەنجومەنی عورفی لە کۆبونەوەی رۆژی 11 ی 12 ی 1960 یدا، بریاری دەرکرد بەوەی، کە رۆژنامەی خەباتی تێکۆشەر، لەو وتارەدا کە لە سەری درا بو بە مەحکەمە، تاوانبار نیە.

"خەبات، ئۆرگانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، وە دەنگی دلێر و پیرۆزی نەتەوەی کوردی تێکۆشەر، لەسەر ئەو وتارە درابو بە مەحکەمە کە دەربارەی مادە 2 ی دەستوری وەختی بلاوی کردبوەوە، وە لە وتارەکەدا دەری خستبو وەک (راستەقینەیەک) کە کوردی کوردستانی عیراق بە شێکن لە نەتەوەی کورد، وە خاکی کوردستانی عیراقیش بەشێکە لە کوردستان. بێگومان ئەم راستەقینەیە ئەکەس ئەتوانێ لاریی لێ بێ وە ئەکەسیش ئەتوانێ بڵێ کوردستان نیشتمانی کورد نیە.. بەم پێیە ئەنجومەنی عورفی دوەهەم لە شاری بەغدا بریاری دەرکرد بەوەی ئەم وتارە (رەخنەیەکی خاوێن) ە وە هیچ زیانێک نادا لە برایەتی کورد و عەرەب.

"بێگومان بەوەی کە دان بنرێ بەوەدا کە کوردی کوردستانی عیراق بەشێکن لە نەتەوەی کورد، برایەتی کورد و عەرەب بە هێزتر ئەبێ و، یەکێتی راستەقینەی عیراق پتەوتر ئەبێ.

"ڕۆژنامەی خەبات بەو وتارە مێژووییە بە نرخەی هەنگاوێکی پیرۆزی نا لە پێناوی پێشکەوتنی بیروباوەڕی کوردایەتی. وە بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەبا. وە بڕیاری ئەنجومەنی عورفیش بەڵگەیەکە بۆ دڵسۆزی خەبات، وە ڕاستی و پاکی لە تێکۆشانىا.

"پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەی خەباتی کورد ئەکەین لەم ئەنجامە جوانەدا کە ڕێک لەگەڵ گیانی دیموکراتێتیدا چەسپە.

"هەر بەردەوام بێ خەباتی تێکۆشەر بۆ خزمەت کردنی بیروباوەڕی پاکی کوردایەتی وە کۆماری هاوبەشی کورد و عەرەب.

6. 4. 2. هەتاو

"مامۆستا گیو موکریانی خاوەنی چاپخانەی کوردستان و گۆڤاری (هەتاو) ی بەڕێز دور خرابووەوە. بەڵام هەواڵێک وا ئەگەیەنێ کە مامۆستا دەست بەسەرییەکەی لەسەر لابرا و گەڕایەوە بۆ هەولێر... پڕ بەدڵ پێخۆشحاڵیمان دەرئەبڕین وە ئاواتەخوازین کە هەتاو ڕێی بدرێتەوە بە دەرچون. تا لە کۆڕی خەباتا خزمەتی کوردایەتی و کۆمارەکەمان بکا.

6. 4. 3. ژین

"ڕۆژی 8 ی 12 ی 1960 ڕۆژنامەی (ژین) ی بەڕێز کەوتەوە دەرچون. ژین کە ماوەیەک بو بە فەرمانی سیادەتی حاکمی عەسکەریی گشتی داخرابو. لەئەنجامی سەردانی مامۆستا ئەحمەد زرنگ لە سیادەتی حاکم و گفتوگۆ کردنیان. سیادەتی حاکم فەرمانی دا بە دەرچونەوەی. پیرۆزبایی لە (ژین) ی خۆشەویست ئەکەین وە هیواداریین هەر لە خزمەت کردنا بێت.

6. 4. 4. دەنگی کورد

لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی ژیندا ئەم هەواڵە بڵاو کراوەتەوە:

"ڕۆژنامەی (دەنگی کورد) لەسەر وتارێک کە دەربارەی وەزعی شاری کەرکوک نوسی بوی. لێپرسراوەکەی کە مامۆستا عومەر جەلال حەویزییە گیرا. وە بەهۆی گرتنی ئەوەوە لە دەرچون کەوت. هیواداریین کاربەدەستانی دڵسۆزی کۆمارەکەمان لێپرسراوی ڕۆژنامەی ناوبراو بەر بدەن وە ڕۆژنامەکە بکەوێتەوە دەرچون."

6. 4. 5. داخستنی چاپخانەی کامەران

ژین. لە ژ 12 ی مارتی 1961 یدا لە ژێر سەرناوی: (چاپخانەی کامەران داخرا) دا نوسیویتی:

"ڕۆژی 10 ی 2 ی 1961 چاپخانەی کامەران بە فەرمانی سیادەی حاکمی عەسکەریی گشتی داخرا.

"تا ڕۆژی 23 ی 2 ی 1961 چاوەڕێی کردنەوەیمان ئەکرد بەڵام لەو ڕۆژەدا کە چاپخانەکە نەکرایەوە، ژمارە 12 ی ڕۆژی نوێمان برد بۆ چاپخانەی ژین چاپی بکا.

"زۆر سوپاسی مامۆستا ئەحمەد زرنگ، خاوەنی چاپخانەی ژین وە کرێکارانی ژین و چاپخانەی کامەران ئەکەین کە هەوڵێکی بێ پایانیان لە پێناوی ئەوەدا دا کە ژمارە 12 دوا نەکەوێ.

"ئەم ژمارەیە تا لاپەڕە 40 ی لە چاپخانەی کامەران چاپ کراوە، وە لەو لاپەڕەیەوە لە ژین."

ئەگەرچی چاپخانەکە بە بیانوی ترەوە داخرا بەڵام هۆی ڕاستەقینەی داخستنی چاپ کردنی گۆڤاری ڕۆژی نوێ بو.

6. 4. 6. داخستنی گاتنامە کوردییەکان

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نێوانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و عەبدولکەریم قاسم سارتر ئەبو. بەرەو گرژی و پێکادان ئەچو. تا ئەوە بو لە 11 ی ئەیلولی 1961 دا کەرتەکانی جەیشی عیراق لە دەربەندیخان و لە دەربەندی بازیانەوە بەرەو سلێمانی بە ڕێ کەوتن و، شەڕ هەڵگیرسا.

لە دوا مانگەکانی حوکمی قاسمدا زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان ڕاوەستێنرا بون و، بە هاتنی بەعس بۆ سەر کار، لە شوباتی 1963 دا، ئیتر بە تەواوی هەمو بڵاوکراوە کوردییەکان قەدەغە کران.

بەعس قانونێکی تازەی دەرکرد ئیمتیازی هەمو گاتنامەکانی سەردەمەکانی پێشوی لە عیراقدا، بە گاتنامە کوردییەکانیشەوە، هەڵوەشاندەوە. بەمەش کۆتایی بە قۆناغێ هات.

6. 5. هاتنی بەعس و پاوانکردنی مافی ڕۆژنامەوانی

قانونەکانی چاپەمەنی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دوڵەتی عیراقەوە تا هاتنی بەعس بۆ سەر حوکم، هەمیشە پەراوێزێکی تەسکی تێدا بوە بۆ ئازادی ڕۆژنامەوانی کەرتی تایبەت. وەرگرتنی ئیمتیازی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی دەوری، وەکو موڵکیەتی تایبەتی هەر شتێکی تر سەیری ئەکرا. ئەگەر بە ڕواڵەت یش بوبێ، ئەمە مافێکی هاوڵاتی عیراقی بوە.

کە بەعس بۆ جاری یەکەم لە 8 ی شوباتی 1963 دا هاتە سەر کار، هەمو گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی، کە لە سەردەمی قاسمدا دانەخرابون، بە یەکجاری داخست. یەکێ لەوانە ڕۆژنامەی بە تەمەنی (ژین) ی سلێمانی بو.

کە بۆ جاری دوەم لە تەمموزی 1968 دا هاتەوە سەر کار، نیزامێکی شمولی (تۆتالیتێر) ی دامەزراند. ڕۆژنامەوانییشی کردە بەشێکی ئەم نیزامە شمولیە. قانونەکەی گۆڕی و، ئیتر کەس مافی وەرگرتنی ئیمتیازی دەرکردنی ڕۆژنامەی نەما. مەگەر لە هەندێ حاڵەتی ناناساییدا، کە خۆیان مەبەستیان بو. ئەم مافە بۆ حکومەت و بۆ حیزب (بەعس خۆی و هاوپەیمانەکانی لە حکومەت و جەبهەدا) پاوان کرا. هەمو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە دەورییەکان خرانە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەوە.

لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان بو بو بە دو کەرتەوە. هەردو باڵ بە ناوی پارتییەوە چالاکی سیاسی، ڕێکخراوەیی، ڕاگەیاندن... یان ئەنواند. بڵاوکراوەکان یشیان هاوناوی یەکتری بون. هەر بەو جۆرە حیزبی شیوعی عیراق یش بو بو بە دو کەرتەوە. هەردو باڵ بە هەمان ناوەوە چالاکییان ئەنواند.

بەعس بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبو بۆ ڕەفتارکردن لە گەڵ کێشەی کورد. سەرەتا هەوڵیدا لە گەڵ هەردو باڵی جوڵانەوەی کورد پێک بێ و، هەردولا بەشداری وەزارەت و دەسەڵاتی سیاسی بن. ئەمە سەری نەگرت. باڵی بارزانی کەوتە شەڕێکی قورسەوە لە گەڵ هێزەکانی حکومەت و لە گەڵ باڵەکەی تری پارتی و، باڵەکەی تریش درێژەی بە چالاکیەکانی خۆی و بە هاوکاری دا لە گەڵ حکومەت. هەردو باڵ چەندین بڵاوکراوەیان، بە کوردی و بە عەرەبی، لەوانە ئۆرگانی حیزبەکەیان، لە چاپخانە و بارەگا نهێنیەکانی خۆیان دا، چاپ و بڵاو ئەکردەوە.

بەعس، لە جەنگەی شەڕدا لە گەڵ سەرکردایەتی بارزانی، دۆستایەتی باڵی مەکتەبی سیاسی ئەکرد و، هەندێ مافی نەتەوەیی کوردی سەلماند:

- زانکۆی سلێمانی دامەزراند.
- زۆری قەزا و ناحیە کوردنشینەکانی بادینان لە موسڵ جیا کرانەوە و پارێزگای دهۆک دروست کرا.

- نەورۆز کرا بە جەژنی ڕەسمیی عیراق.
- ڕێگە درا بە دامەزراندنی یەکێتیی نوسەرانی کورد.
- بڕیاری دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد درا.
- دەزگاکانی حکومەت خۆیان چەند گۆڤاری کوردی و، پاشکۆی کوردی گۆڤاری عەرەبی دەرکرد و، ئیجازەی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاریدا بە باڵی مەکتەبی سیاسی.

لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بەعسدا ڕۆژنامەوانیی ئاشکرا 6 جۆر بو:

- حکومەتی.
- پیشەیی.
- سیاسی و ڕۆشنبیری.
- حیزبی.
- ڕێکخراوەیی.
- کەرتی تایبەت.

لە پاڵ ڕۆژنامەوانیی ئاشکرادا، ڕۆژنامەوانیی نهێنیی یش بەردەوام بو. پەک و حشع بڵاوکراوە کوردییەکانیان بەردەوام بو.

6. 5. 1. ڕۆژنامەوانیی حکومەتی

ڕاگەیاندن یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی ئایدیۆلۆجی بەعس. پڕۆپاگەندە بۆ سەدام حسێن و بڵاوکردنەوەی وێنە و وتارەکانی و پڕۆپاگەندە بۆ حیزبی بەعس و بیروبۆچون و هەڵویستە سیاسییەکانی، بەشێکە لەو کارە ئایدیۆلۆجیەی کە ئەبێ لە هەمو بوارەکانی ژیانی هاووڵاتی عیراقیدا، بە تایبەتی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا، ڕەنگ بداتەوە. بەعس بودجەیەکی گەورەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد و، بەوپەڕی دەسبڵاویەوە کەوتە خەرج کردنی پارە لە سەر دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و کارکەرانی ئەو بوارە.

6. 5. 2. بڵاو کراوە پیشەییەکان

هەندێ لە وەزارەتەکان و ئەقابە و ڕێکخراوە ناوەندییەکان، بڵاوکراوەی تایبەتی خۆیان هەبوە. هەندێک لەمانە بەشێکیان بۆ کوردی تەرخان کردوە. بەڵام ئەم گۆڤارانە هەر لە ناو خۆیاندا بڵاو بونەتەوە و، زۆر کەم گەیشتونەتە خوێنەواری ئاسایی. بە زۆری باس و بابەتەکانیان لاواز و بێ پێز بون. لەوانە:

6. 5. 2. 1. کاری میللی

پاشکۆی کوردی العمل الشعبي بو. وەزارەتی ئیرشاد لە بەغداد دەری ئەکرد. ژ 1 ی لە 11 ی تشرینی دوەمی 1968 دا و، دوا ژمارەی لە تەموزی 1969 دا دەرچوە.

6. 5. 2. 2. صوت الفلاح - دەنگی فەلاح

یەکێتی گشتی جوتیارانی عیراق دەری ئەکرد. ژ 1 ی لە 10 ی مایسی 1971 دا دەرچوە.

6. 5. 2. 3. وعي العمال – هوشیاریی کرێکاران

یەکێتیی گشتیی کرێکارانی عیراق دەری ئەکرد. ژ 1 ی لە 7 ی کانونی یەکەمی 1972 دا دەرچـوە. لە ژ 189 هوە بەشێکی بە زمانی کوردی ئەنوسی.

6. 5. 3. بڵاوکراوەی سیاسی و ڕۆشنبیری

بەعس جولانەوەی کوردی وەکو یەکێ لە گـەورەترین هەڕەشـە ناوەکیـەکانی ئاسایشـی نیشـتمانیی عیراق و ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب دانـەنا. بۆیـە لـە پـاڵ دانـانی ڕێوشـوێنی سـەرکوتکردندا، ڕێوشـوێنی دەستەمۆکردنی ئایدیۆلۆجی یشی، بۆ دانەنا، کـە یـەکێ لـە ڕێگـەکانی کـارکردن بـو لـە مەیـدانی ڕۆشـنبیری و ڕۆژنامەوانیدا.

6. 5. 3. 1. بەیان

ژ 1 ی لە تشرینی دومی 1969 لە لایەن وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە لە بەغداد دەرچـو. بەرپرسـیارەکەی د. ئەکرەم فازیڵ و، سکرتێری نوسینی جەلالی میرزا کەریم بو. بەیان لە پاش چەند ژمارەیەک درا بە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

6. 5. 3. 2. هاوکاری

(دار الجماهير للصحافة) هەفتانە لـە بەغـداد دەری ئـەکرد. دار الجمـاهير، دەزگایـەکی ڕۆژنامـەوانی و چاپەمەنیی گەورە بو. ئەگەرچی بە ناو دامەزراوێکی سەربەخۆی خاوەن کەسایەتی قانونی و مەعنـەوی بو، بەڵام لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجی بەعسدا کاری ئەکرد و سەر بە وەزارەتـی ڕاگەیانـدن بـو. چەنـدین ڕۆژنامە و گۆڤاری بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیـزی، کـوردی، تورکومـانی دەرئـەکرد. لەوانـە هەفتەنامـەی هاوکاری.

ژ 1 ی لە 9 ی کانونی دومی 1970 دا دەرچوە.

6. 5. 3. 3. ڕۆشنبیری نوێ و کاروان

ئەم بڵاوکراوانە دو لایەنیان هەبو: لایـەنێکیان، پرۆپاگەنـدە بـو بـۆ سـەدام و دامودەزگاکـانی بـەعس و بیرو بۆچون و هەڵوێستە سیاسییەکانیان. کـە خـۆی لـە وێنـەکانی سـەدام و، وتـاری بـێ پێـز و نزمـیی سیاسیی لاپەڕەکانی پێشەوەی بڵاوکراوەکاندا ئەنواند. لایەنەکەی تری، ئەو وتار و شیعر و لێکۆڵینەوانە بو، کە نوسەر و لێکۆڵـەرەوەکانی کـورد بـۆ خزمـەتی ئـەدەب و ڕۆشـنبیری و مێـژوی کـورد لـەم بڵاوکراوانـەدا ئەیاننوسی. ئەگەر نوسەرانی کورد بیانویستایە دایکۆتی ئەم بڵاوکراوانە بکـەن، جگـە لـەوەی ڕەنگـە توشـی داونان و سزادان ببونایە، ئەبو هیچ بەرهەمێکیشیان بڵاو نەکردبایەتەوە.

6. 5. 4. ڕۆژنامەوانیی حیزبی

بەعس کە هاتـە سـەر کـار، بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی خـۆی جێگیـر بکـا و بـۆ ئـەوەی دامودەزگاکـانی دابمەزرێنێ، هەوڵیدا لە گەڵ هەردو باڵی جولانەوەی کوردا بسازێ. سەرکردایەتی بـارزانی پـاش ئاشـتییەکی کورت، ئەیتوانی لە گەڵی پێک بێ، کەوتەوە شەڕ. لەو ماوەیـە (1968- 1970) بـەعس لـە گـەڵ بـاڵی م س هاوکاری ئەکرد و، ڕێگەی کاری ئاشکرا و ئیمتیازی ڕۆژنامە و گۆڤاری بە وان دا.

ساڵی 1970 بەعس لە گەڵ سەرکردایەتی بارزانی پێکهات و، بەیاننامەی 11 ی ئازاری 1970 خوێندرایەوە. ئەم بەیاننامەیە دەسکەوتێکی گەورە بو بۆ گەلی کورد. بۆ یەکەمین جار حکومەتی عیراق مافی نەتەوەیی کوردی لە سەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی سەلماند و، لە دەستوری کاتی عیراقدا، دانی بەوەدا نا کە گەلی عیراق پێکدێ لە دو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد.

بەعس ئەو ماوەیە (1970- 1974) هاوکاری لە گەڵ سەرکردایەتی بارزانی نەکرد و، ڕێگەی کاری ئاشکرا و ئیمتیازی ڕۆژنامە و گۆڤاری بەوان دا و، ئەو مافەی لە باڵەکەی تر سەندەوە. ئەم هاوکاریە تا ساڵی 1974 ی خایاند. لەو ساڵەدا شەڕ بە سەختی هەڵگیرسایەوە، تا بە ڕێککەتننامەی 1975 ی جەزائیری شا - سەدام کۆتایی هات.

6. 5. 4. 1. التآخي- العراق

بەعس چەند تاقمێکی کارتۆنیی دروست کرد. بە ناوی پارتی و هەندێ ڕێکخراوی ترەوە کاریان ئەکرد. لە پێشدا بە ناوی ڕۆژنامەکەی پارتی (التآخي) و، دواتر ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی پێ بەخشین بە ناوی (العراق) ەوە، کە پاشکۆیەکی کوردی پشی هەبو.

ساڵی 1973 بەعس لە گەڵ حشع (جەبهە) ی پێکهێنا و، حشع بەشداری وەزارەت بو و، کەوتە کاری ئاشکرا و، دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار. ئەم هاوکاریە تا ساڵی 1979 ی خایاند. لەو ساڵانەدا کورد کەوتە بەر شاڵاوی دڕندانەی تەعریب، تەرحیل، تەهجیر و تەبعیس. حشع نەیتوانی پارێزگاری کورد بکا. سەرەنجام خۆیشی کەوتە بەر شاڵاوی بەعس و، بە ناچاری ملی ڕێگای شاخی گرت.

6. 5. 4. 2. النور- روناکی

زمانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی) بو. ڕۆژانە لە بەغداد بە زمانی عەرەبی دەرئەچو. ئیمتیازەکەی بە ناوی حیلمی عەلی شەریف و سەرنوسەرەکەی عومەر مستەفا بو. لە مایسی 1969 تا مارتی 1970 بەردەوام بو. ئەم ڕۆژنامەیە هەموی بە عەرەبی دەرچوە. تەنیا دو ژمارەی روناکی کە پاشکۆی هەمان ڕۆژنامە بو بە کوردی، ئەویش لە شێوەی گۆڤاردا، دەرچوە. ڕەحمانی زەبیحی سەرپەرشتی ئەکرد.

6. 5. 4. 3. ڕزگاری

گۆڤارێکی هەفتانەی گشتی بو. بیروڕای باڵی چەپی پارتی دیمۆکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی) دەرئەبڕی. ئیمتیازەکەی بە ناوی ئەوشیروان مستەفا (نوسەری ئەم دێڕانە) و سەرنوسەرەکەی شازاد سائیب بو. چەند ژمارەیەکی لە بەغداد و ئەوی تری تا ڕاوەستانی لە سلێمانی چاپ کرا. ژ 1 ی لە نیسانی 1969 و ژ 15 ی لە مارتی 1970 دا دەرچوە.

6. 5. 4. 4. التآخي- برایەتی

التآخي زمانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان (سەرکردایەتی بارزانی) بو. لە کاتی گفتوگۆدا لە گەڵ حکومەتی عەبدولڕەحمان عارفدا، لە بەغداد دەری ئەکرد. ژ 1 ی لە 6 ی مایسی 1967 دەرچو. ئیمتیازی ڕۆژنامەکە بە ناوی سالح یوسفی یەوە بە عەرەبی بو. بەڵام پاشکۆیەکی کوردییان لە گەڵ دەر ئەکرد. ئەم خولەی دەرچونی برایەتی لە تشرینی دوەمی 1968 دا تەواو بو.

دەرچون و راوەستانی (التآخي- برایەتی) بەند بو بە جۆری پێوەندیی سەرکردایەتیی بارزانیەوە لە گەڵ حکومەتی بەغداد. لە گەڵ راگرتنی شەڕ و دەس پێ کردنی گفتوگۆدا دەستی ئەکرد بە دەرچون و. لە گەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕدا رائەوەستا. بەم جۆرە چەند جارێ دەرچو و چەند جارێ راوەستا.

دوای 11 ی ئازاری 1970 التآخي لە بەغداد دەستی کردەوە بە دەرچون. خاوەنی ئیمتیازی حەبیب محەمەد کەریم و سەرنوسەرەکەی دارا تۆفیق بو. التآخي رۆژانە بە عەرەبی لە بەغداد دەرئەچو. پاشکۆ کوردییەکەی سەردەمێک لە شێوەی گۆڤاردا لە بەغداد و سەردەمێک لە سلێمانی دەر ئەچو. ژمارەکانی بەغداد سەعید ناکام و رەفیق چالاک و ژمارەکانی سلێمانی رەمزی قەزاز سەرپەرشتی ئەکرد.

ساڵی 1974 بو بە رۆژنامەیەکی رۆژانە لە بەغداد بڵاو ئەکرایەوە. بە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕی 1974 ەوە لە دەرچون وەستا.

دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستاندا، بەعس حیزبێکی کارتۆنی لە چەند کۆنە پارتییەک دروست کرد و. رێگەی دان بە رۆژنامەیەکی رۆژانەی عەرەبی بە ناوی التآخي و پاشکۆیەکی کوردی بە ناوی برایەتییەوە دەر بکەن. ئیمتیازەکەی درا بو بە عەزیز عەقراوی. چەند ژمارەیەکی لێ دەرچو. ئیتر پەکی کەوت.

دوای راپەڕین پارتی بە هەمان ناوەوە و لە سەر ژمارەی پێشوی لە هەولێر کەوتەوە بڵاوکردنەوەی التآخي.

6. 5. 4. 5. بیری نوێ

رۆژنامەی حشع بو. ئیمتازەکەی بە ناوی فەخری کەریم زەنگەنە و سەرنوسەرەکەی د. حسێن قاسم عەزیز بو. ژ 1 ی لە 17 ی حوزەیرانی 1972 دەرچوە. لە گەڵ تێکچونی نێوانی حشع و بەعس لە ساڵی 1979 دا، ئەمیش راوەستا.

6. 5. 4. 6. العراق و پاشکۆ کوردییەکەی

ئەمانە زمانی حیزبە کارتۆنییەکان بون. رۆژنامەی حیزبی تا ئەو زەمانەی حیزبەکە هاوپەیمان و هاوکاری بەعس بو ماوەی بڵاوکردنەوەی ئەدرا. لە گەڵ تێکچونی پێوەندییە سیاسییەکانی بەعس لە گەڵ ئەو لایەنەدا رۆژنامەکەیشی را ئەوەستێنرا. لە بەر ئەوە ئەم رۆژنامانە ئەیان توانیوە بەردەوام بن.

6. 5. 5. رۆژنامەوانیی رێکخراوەیی

6. 5. 5. 1. نوسەری کورد

لە شێوەی گۆڤاری کتێبیدا دەرچوە. یەکێتی نوسەرانی کورد لە بەغداد دەری ئەکرد. ژ 1 ی لە مارتی 1971 دا دەرچوە. ساڵی 1974 زۆری نوسەر و ئەدیبەکانی کورد چونە شاخ بۆ بەشداری لە شۆڕشی کوردا. لەوێ ژمارەیەکی تری لێ دەرچو. پاش شکانی شۆڕشەکە دیسانەوە چەند ژمارەیەکی لێ دەرچو. ئەگەرچی ئەبو گۆڤارەکە مانگانە بێ، بەڵام ئەیتوانیوە بە رێکوپێکی لە کاتی خۆیدا بڵاو بکرێتەوە. چەند جارێ سەرنوسەر و دەستەی نوسەرانی گۆڕاوە.

6. 5. 5. 2. رۆژی کوردستان- شمس کردستان

گۆڤارێکی عەرەبی و کوردی بو. کۆمەڵەی زانستی کوردی لە بەغداد دەری ئەکرد. ژ 1 ی لە حوزەیرانی 1971 دا دەرچوە. سەرنوسەری ژمارەکانی ساڵانی 71- 74 ساڵح یوسفی و، سکرتێری نوسینی سەعید ناکام و، بگێڕی کاروبار جەمال خەزنەدار بوە. دواتر د. موکەڕەم تاڵەبانی بۆتە سەرنوسەری.

6. 5. 5. 3. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد

کۆڕی زانیاری کورد، بە کوردی و عەرەبی سـاڵی ژمارەیـەک یـان دوانـی لـە بەغـداد لـێ دەر ئـەکرد. ژمارەی لاپەڕەکانی هەندێ ژمارەی، بەرەوژوری 800 لاپەڕەیە. ئیحسان شێرزاد سەرنوسەری بو.

6. 5. 6. ڕۆژنامەوانیی کەرتی تایبەت

6. 5. 6. 1. ژین

ژ 1 ی لە 10 کانونی یەکەمی 1970 دا دەرچوە. خاوەنی ئیمتیازی کاکەی فـەلاح و سەرنوسـەرەکەی عەبدولقادر بەرزنجی بوە.

6. 5. 6. 2. زانیاری

لە شێوەی گۆڤاردا دەرچوە. ژ 1 ی لە ئۆکتۆبەری 1970 لە بەغداد دەرچـوە. خـاوەنی ئیمتیـازی د. عەزیز ئەمین و تەلعەت نادر و. سەرنوسەری نوری ئەمین بو. تەرخان کرابو بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی. پسـپۆڕ و مامۆستا کوردەکانی زانستگەکان بۆیان ئەنوسی. دوای چەند ژمارەیەک لە دەرچون کەوت.

6. 5. 6. 3. هی تر

دوای 11 ی ئازاری 1970 چەندین بڵاوکراوە لە شـێوەی گۆڤـار و ڕۆژنامـەدا لـە بەغـداد، سـلێمانی، هەولێر، دهۆک، کەرکوک دەرچون. هەندێکیان هـی یەکێتییـەکانی قوتابیـان، ئافرەتـان، مامۆسـتایان بـون و، هەندێکیان مامۆستایان یان قوتابیانی قوتابخانەیەک دەریان کردون. ئەمانە هەنـدێکیان 1 ژمـارە یـان چەنـد ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچوە و وەستاوە. ئەمانە جێگەیەکی ئەوتۆیان لە بـواری سیاسـی، ڕۆشـنبیری، ئـەدەبی ڕۆژنامەوانیی کوردی دا نیە.

بێجگـە لەوانـە («ڕوانگـە») 3 ژمـارە و («دەفتـەری کـوردەواری») 3 ژمـارەی لـێ دەرچـوە. لـە چەنـد سەرچاوەیەکدا ئەمانیش لـە لیسـتەی گۆڤارەکـاندا نوسـراون. ئەگـەرچی هـەردو بڵاوکـراوە بـاس و بابـەت و شیعری باش و جۆراوجۆری چەند نوسەر و شاعیری جیاوازیان تێدایە. بەڵام ئەمانە گۆڤار نـەبون. بـەڵکو وەک هەر کتێبێکی تر چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

7. قوتابخانەکانی رۆژنامەوانیی کوردی

7. 1. شام: قوتابخانەی رۆژنامەوانیی بەدرخانییەکان

7. 1. 1. بنەماڵەی بەدرخان

7. 1. 1. 1. نەوەی یەکەم

بەدرخان ئەگەرچی بە تێشکاوی دورخرایەوە بۆ جەزیرەی کریت و. دواتر بۆ شـام، بـەڵام پـێ ئـەچێ پیاوێکی رۆشنبیر و ئاگادار بوبێ لە گرنگی خوێندەواری و زانیاری نوێ. هەر بۆیە منداڵەکانی خستۆتە بـەر خوێندن و. چەندین سیاسی روشنبیری گەورەیان تێدا هەڵکەوتوە. لە ناو ئەوانـەدا: میقـداد مەدحـەت، ئـەمین عالی، حسێن کەنعان، خەلیل رامی، بەحری، عەبدولرەحمان، عەبدولرەزاق...

روژنامەوانی لە ناو ئەم بنەماڵەیەدا بوە بە پەیامێکی پیرۆز و نـەریتێکی پێرەوکـراو. میقـداد مەدحـەت بەگ یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە قاهیرە دامەزراند، کە ئەم بە هۆی نەخۆشی یان لە بەر هەر هۆیەکی تر لـەم کارە کشایەوە، عەبدولرەحمان بەگی برای بە نیسرارێکی زۆرەوە درێژەی بە بڵاوکردنەوەی دا. ئـەم بنەماڵەیـە لە رێگەی ئەم رۆژنامەیەوە ئەیانویست پەیامی کوردایەتی بە گەلەکەیان بگەیـەنن. بۆیـە بـە بـێ کۆڵـدان، ئـەم رۆژنامەیەیان گرت بە کۆڵەوە و. سەرەڕای هەمو گوشـارێکی کاربەدەسـتانی سـوڵتان عەبدولحەمیـد و. دەربەدەری و نەبونی، وڵات بە وڵات ئەیان گێڕا.

7. 1. 1. 2. نەوەی دوەم

ئەمین عالی بەگ، کەسایەتی ناسراوی ئەستەموڵ و. یـەکێ لـە چالاکـەکانی بزوتنـەوەی کوردایـەتی و. یەکێ لە دامەزرێنەرانی جەمعیەتی تەعالی و تەرەقی کورد، باوکی سـورەیا و جـەلادەت و کامـەران بـو. ئـەم 3 کورە کە لە ناو ئەم بنەماڵە تێکۆشەرەدا چاویان هەڵهێنا بو، لە ئەستەموڵ خوێند بویان و. جەلادەت و کامەران لە ئەوروپا درێژەیان بە خوێندنی بەرز دابو.

سەرکەوتنی مستەفا کەمال رێگەی گەڕانەوەی بۆ تورکیا لێ بەستن. پەرپوەی شام و لوبنان بون. دوای تێشـکانی شۆڕشـەکەی شـێخ سـەعید (1925) و. خـۆ رێکخسـتنەوەی چالاکـەکانی کـورد لـە رێکخـراوی خۆیبوندا، جەلادەت یەکێ بو لە دامەزرێنەر و چالاکەکانی ئەم حیزبە. کە شۆڕشی ئـاگری (1929- 1931)

تێشکا. پێ ئەچێ جەلادەت و کامەران ئیتر نائومێد بوبن لە کاری سیاسی و چەکدار. لە بەر ئەوە بە تەواوی خۆیان بۆ کاری رۆشنبیری تەرخان کرد. چەندین گۆڤاریان دەرکرد و چەندین کتێبیان نوسی.

7. 1. 1. 2. 1. رۆژنامەی کوردستان

لە سەر دەستی ئەم بنەماڵەیەدا رۆژنامەی کوردستان بە 3 قۆناغ دا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەم (1898– 1902) لە قاهیرەوە میقداد دەستی پێ کرد و. عەبدولرەحمانی بـرای بـەرەو جنێف، لەندەن، فۆلکستن، جنێف، دریژەی بە رێپێوانەکە دا. تا لە بەر هەر هۆیەک بێ، ئیتر راوەستاوە.

قۆناغی دوەم (1908) دوای ئینقیلابی عوسمانی سورەیای ئەمین عالی برازای لـە ئەسـتەموڵ دەسـتی پێ کردەوە تا ئیتیحادیەکان دایان خست.

قۆناغی سێیەم (1917- 1918) دیسانەوە سورەیا لە قاهیرە تێ هەڵچوەوە.

7. 1. 1. 2. 2. گۆڤاری هاوار

جەلادەت بەدرخان ئیمتیازی دەرکردنی گۆڤارێکی کوردی بە ناوی هاوارەوە وەرگـرت. ژ 1 ی لـە 15 ی مایسی 1932 دا لە شام بڵاو کردەوە. تـا 15 ئـابی 1943 بـەردەوام بـو. بـە هـەموی 57 ژمـارەی لـێ دەرچو. بە سەر یەکەوە 808 لاپەڕەن.

ئەگەرچی چەند نوسەری کە وەکو: کامەران بەدرخان، عوسمان سەبری، جگەرخوێن، قەدری جـان... لـە نوسینەکانیدا بەشدار بون، بەڵام جەلادەت خۆی نوسەری سەرەکی بـوە و. بەشـێکی زۆری نوسـینەکانی هـی ئەون.

بە هۆی ناوبانگی باشی بنەماڵەی بەدرخان و. بە هـۆی ئـەو تـۆڕە رێکخراوەیـیـەی کـە خۆیـیـون لـە کوردستانی عێراق دا هەی بـو. زۆر زۆر ژمارەکـانی هـاوار گەیشـتنە دەس رۆشـنبیرانی کوردسـتانی عێـراق. شاعیر و نوسەرەکانی کەوتنە پیرۆزبایی لێ کردن و هاندانی و. ناردنی بەرهەمەکانیان بۆی. پیرەمێرد وەفدی کوردستان و. بێکەس ئەی وەتەن و. شێخ سـەلام کۆمـەڵی گـەلان و. ئەسـیری سـنوری کوردسـتان و. گـۆران ئیلهامی هاواری. بۆ یەکەم جار لێرەدا بڵاو کردۆتەوە.

زۆری بابەتەکانی هاوار بە کوردین (بە تایبەتی بە زاراوی پاک و پاراوی جزیرە و بۆتانی کرمانجیی سەرون)، دەربارەی ئەدەب و زمـان و فۆلکلـۆر و هۆزەکـانی کـوردن. بـەڵام لـە هـەمو ژمارەیـەکیدا بەشـێکی فەرەنسی تێدایە. ناو بە ناو یش وتاری کورتی بە عەرەبی و تورکی بڵاو کردۆتەوە.

ژمارەکانی 1– 24 ی تێکەڵاوە لە رێنوسی حـەرفی عـەرەبی و لاتینـی. دوای ئـەوە ئیتـر هـەموی بـە لاتینی نوسراوە.

هاوار لە سوید سەرلەنوێ بە ئۆفسێت چاپ کراوەتەوە.

د کەمال مەزهەر وتارێکی بە ناونیشانی: (گۆڤاری هـاوار و کـوردی عێـراق) لـە ژ 183 ی 1999 ی گۆڤاری بەیاندا نوسیوە و ئەڵێ: هاوار بە لایەنی کەمەوە 4 نامەی ماجستێر هەڵـدەگرێت: شـوێنی هـاوار لـە رۆژنامەنوسیی کوردیدا و. ئەدەب، زمان و. مێژو لە هاواردا.

دو کەسی تر لە ژ 75 ی نیسانی 1998 ی گۆڤاری مەتین کە مانگانە لـە دهـۆک دەرنـەچێ لـە سـەر هاواریان نوسیوە:

دیـار دۆسـکی: کۆڤـارا هـاوار و زارێ کرمانجیـا ژێـری. مـەتین. ژ 75. نیسـانی 1998. ل 28- 34

هاوار

ژماره

١

طه ر به ژ

١٣٢٤

شمسی

انور محمد طاهر: رۆلێ هـاوار بـۆ پێشخسـتنا چیرۆکـا کوردیـیا هونـەری. مـەتین. ژ 75. نیسـانی 1998. ل 35- 43

جەلادەت لە 26 ی نیسانی 1893 لە دایک بوە و لە 15 ی تەموزی 1951 دا مردوە.

7. 2. جەنگی جیهانیی دوەم و رۆژنامەوانیی کوردی

هەڵگیرسانی دوەمین جەنگی جیهانی و ململانێی نێوان هاوپەیمانەکان و دەوڵەتانی میحوەر، پێویسـتی بە پرۆپاگاندەیەکی زۆر هەبو. هاوپەیمانەکان بە کوردی یش ئەم کارەیان کرد. لە بەغداد دەنگی گیتی تازەیان بڵاو کردەوە و، لە یافا بەرنامەیەکی کوردییان لە رادیۆی (الشرق الادنی) کردەوە. ئەمانە بە کرمانجیی خوارو بون. بە کرمانجیی سەرو یش یارمەتی جەلادەت و کامەرانیاندا چەند گۆڤارێ بڵاو بکەنەوە. لـە گـەڵ تـەواو بونی جەنگدا ئەم گۆڤارانە یش راوەستان.

7. 2. 1. رۆناهی

جەلادەت عالی بەدرخان مانگانە دەری کردوە. ژ 1 ی لە 1 ی نیسـانی 1942 دا و ژمـارە 28 ی کـە دوا ژمارەیەتی لە مارتی 1945 دا لە شام، بە کرمانجیی سەرو و، بە حەرفی لاتینی دەرچوە. لـە گـەڵ تـەواو بونی دوەمین جەنگی جیهانیدا راوەستاوە. زۆری بابەتەکانی بۆ پرۆپاگەندەی جـەنگی هاوپەیمانـەکان دژی ئەڵەمانیا تەرخان کراوە.

7. 2. 2. رۆژا نو

د. کامەران عالی بەدرخان دەری کردوە و جەلادەتی برای یارمەتی داوە. ژ 1 ی لە مایسـی 1943 دا لە بێروت، بە کرمانجیی سەرو و، بە حەرفی لاتینی دەرچـوە. لـە گـەڵ تـەواو بـونی دوەمـین جـەنگی جیهانیدا راوەستاوە. زۆری بابەتەکانی بۆ پرۆپاگەندەی جەنگیی هاوپەیمانەکان دژی ئەڵـەمانیا تـەرخان کراوە.

7. 2. 3. ستێر

د. کامەران عـالی بـەدرخان دەری کـردوە و جـەلادەتی بـرای یارمـەتی داوە. ژ 1 ی لـە 6 ی کـانونی یەکەمی 1943 دا لە شام، بە کرمانجیی سەرو و، بە حەرفی لاتینی دەرچوە. لـە گـەڵ تـەواو بـونی دوەمـین جەنگی جیهانیدا راوەسـتاوە. زۆری بابەتـەکانی بـۆ پرۆپاگەنـدەی جـەنگیی هاوپەیمانـەکان دژی ئەڵـەمانیا تەرخان کراوە.

هـەواڵی ئـەم بڵاوکراوانـە بـە خۆشـیەکی زۆرەوە لـە نـاو رۆشـنبیرانی کوردسـتانی عێـراقدا دەنگـی داوەتەوە. پیرەمێرد لـە (ژیـن. ژ 738 ی، 6 ی نیسـانی 1944 دا) لـە ژێـر سـەرناوی: (چـاورونی) دا لـەم بارەیەوە نوسیویەتی:

"کورد کە شابازی ئەوجی ئازایی و سەربازادی بو، چەنـدێک بـە نـارەوایی لانـەیان شـێواندن، پەروباڵیان قرتاندن، رۆڵەی نازدار و جگەرگۆشەی بەکاریان خنکاندن، من هـەمو سـاڵێ لـەم هـەیوەدا شین و زاری و شیوەن و ناڵەکاریم بۆ دەکردن. ئێستا خوا رەوای بینی وەکو ئارایشی بەهار ژیانەوە و بوژانەوە و لە گردی یارەوە شەوقی ئاگری رۆژی ئەویان ئەگاتە جیلوەگاهی (رۆژی نەو) ی بێـروت و لوبنان.

SAL 1
HEJMAR 1
ÇARŞEMB
1 NÎSAN 1942

RONAHÎ

ANNÉE 1
NUMÉRO 1
MERCREDI
1 AVRIL 1942

SUPPLÉMENT ILLUSTRÉ DE LA REVUE KURDE HAWAR

Balafirên ingilîzî dît peravên Norvêjê de bi ser vaporên dijmin de girtine û ew dane ber bimbeyên xwe. Balafiran hingafte vaporekê û ew bin av dibe.

ŞAM—1942
ÇAPXANA SEBATÊ

1-4
IAR 1-28
SAN 1942
R 1945

RONAHÎ

ANNEE 1-4
NUMÉRO 1-28
1 AVRIL 1942
MARS 1945

SUPPLÉMENT ILLUSTRÉ DE LA REVUE KURDE HAWAR

Mîr CELADET BEDÎRXAN
Xwedî û Berpirsiyarê Kovarê

ŞAM - 1942-1945
ÇAPXANA SEBATÊ
ÇAPXANA TEREQIYÊ

BERHEVOK : ÇAPXANA JÎNA NÛ

"ئەم روناکیە لە گەڵ روناکی شاما یەکنگیر بو. شامی کردین بە سەحەر. هەمو هەفتەیەک رۆژنامەی رۆژی نوێ و ئەستێر و روناکی مان بۆ دێت. چاوی وڵاتی پێ رون دەبێتەوە. جۆش و خرۆشێکی خستۆتە ناو ئەم وڵاتە کە هیوای وریایی و راپەرینی لێ دەوەشێتەوە.

"خوا هیمەتی بەدرخانییەکان بەرقەرار کا کە زینەتی لاپەرەی کوردەوارین و فیداکاری گەل و نیشتمانن."

7. 3. سیماکانی قوتابخانەی رۆژنامەوانیی بەدرخان

لێکۆڵینەوەی کوردستانەکان، هاوار، ستێر، رۆژا نو، رۆناهی، دەری ئەخەن کە ئەم بنەماڵەیە داهێنەری قوتابخانەیەکی تایبەتین لە رۆژنامەوانیی کوردیدا:

1. لە بارەی زمانەوە. زاراوی جزیرە و بۆتانی کرمانجیی سەروویان کرد بە بنچینەی زمانی نوسین و دەوڵەمەندیان کرد بە وشەی زاراوەکانی تر و، بە وشەی تازە داڕێژراو. میر جەلادەت چونکە شارەزای چەند زمانێکی رۆژهەڵاتی و ئەوروپایی بو، لەم مەیدانەدا وەستایەکی داهێنەر بو.

2. لە بارەی گۆڕینی حەرفی عەرەبیەوە بە حەرفی لاتینی. تا ئەو کاتە نوسینی کوردی هەر بە حەرفی عەرەبی ئەنوسرا. ئەمان ئیتر حەرفی لاتینیان کرد بە ئامرازی نوسینی کوردی. ئەگەرچی ئەمە لاسایی کردنەوەی تورک بو، بەڵام کارێکی پێویست بو چونکە لە تورکیا ئیتر بە یەکجاری وازیان لە حەرفی عەرەبی هێنا و، لاتینییان کرد بە حەرفی نوسین. ئەمان یش بڵاوکراوەکانیان بە زۆری بۆ کوردی تورکیا بوە.

3. لە بارەی زیندوکردنەوەی کەلەپور و فۆلکلۆری کوردییەوە. لاپەرەکانی گۆڤارەکانیان بە دەیان چیرۆکی فۆلکلۆری و پەندی پێشینان و باسی هۆز و تیرەکانی کورد و داب و نەریتەکانی کوردەواری تێدایە.

4. لە بارەی گەشە پێدانی ئەدەبەوە، چەندین وتاری رەنگینی لە سەر ئەدەبی کوردی و شاعیرە ناودارەکانی تێدا نوسراوە. سەرەرای چەندین شیعری کلاسیکی و نوێ.

بە هۆی ئەم گۆڤارانەوە چەندین نوسەر و شاعیر پێگەیشتن و دەرکەوتن و ناسران، لەوانە: عوسمان سەبری، قەدری جان، جگەرخوێن، نورەدین زازا...

5. بەرزی و جوانی هونەری رۆژنامەوانیی بڵاکراوەکانی. شام و بێروت لە کۆنەوە دو ناوەندی گرنگی رۆشنبیری و رۆژنامەوانیی عەرەبی بون و دەزگای نوێی چاپیان تێدا بوە، بۆیە لە روی هونەری رۆژنامەوانییەوە بڵاوکراوەکانی چلەکانی بەدرخانییەکان ئاستێکی بەرز و جوانی هەیە و، بە ژمارەی زۆری وێنەی جۆراوجۆری دەنگوباسی جەنگ رازێنراونەتەوە.

6. لە دەرەوەی کوردستان ژیاوە. تا ئەو کاتەی سوریا و لوبنان لە ژێر دەسەڵاتی ئینتیدابی فەرەنسیدا بون، کورد کەڵکی لە هەندێ لە مافە روشنبیرییەکانی، بە تایبەتی بە کارهێنانی زمانەکەی بۆ نوسین و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و کتێب، وەرئەگرت. کە سوریا و لوبنان سەربەخۆییان وەرگرت و، نەتەوەپەرستەکانی عەرەب کاروباریان گرتە دەس، ئەم مافەیان لە کورد سەندەوە. ئیتر رێگەی بڵاوکردنەوەی هیچ رۆژنامە و گۆڤار و کتێبێکیان بە زمانی کوردی نەدا. لە تورکیا یش لە سەرەتای بیستەکانەوە زمانی کوردی قەدەغە کرابو. لە بەر ئەوە ئەم قوتابخانەیە نزیکەی نیو سەدە لە دەرەوەی کوردستان لە چالاکیدا بو. ئیتر کوێر بوەوە.

7. 4. عیراق: قوتابخانەی ڕۆژنامەوانیی گەلاوێژ (1939– 1949)

گەلاوێژ. ژ 1 ی لە کانونی یەکەمی 1939 دا دەرچوە. لە ئابی 1949 دا بە بیانوی گرتنی ئیبراهیم ئەحمەدەوە حکومەتی عیراق دایخست. بە هەموی 105 ژمارەی لێ دەرچوە. گەلاوێژ لە مێژوی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا شوێنێکی تایبەتی هەیە. دەگونجێ وەکو قوتابخانەیەکی تایبەتی ڕۆژنامەوانیی کوردی سەیری بکرێ. سیماکانی ئەم قوتابخانەیە:

1. دابەشکردنی لاپەڕەکانی بە سەر بابەتی جیاوازدا: وتار، لێکۆڵینەوەی مێژویی، ئەدەبی، زمانەوانی، دیوانی گەلاوێژ، چیرۆکی ژمارە (هەندێکیان نوسەرانی کورد نوسیویانە، بەڵام بە زۆری لە ئەدەبی جیهانیەوە کراوەتە کوردی)
2. زمانێکی پاراو و ڕەوان و، بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی.
3. بایەخێکی زۆری داوە بە وەرگێڕانی وتار و، بابەتی ڕۆشنبیری و، زانیاریی گشتی، بە تایبەتی لە زمانی ئینگلیزییەوە. بۆ ئەوەی ئەدەبی کوردی لە گەڵ ئەدەبی جیهانی گرێ بدا.
4. بڵاوکردنەوەی بیری پێشکەوتو و دژایەتی دەرەبەگایەتی و بانگەشە بۆ ژیانی دیموکراتی.
5. قسەی ئەستەق و پەندی پێشینان و نوکتەی بە پێز.

نوسەرەکانی:

ئەوانەی لە گەلاوێژدا نوسیویانە زۆرن. ئیبراهیم ئەحمەد (بە زۆری بە ناوی خواستراوەوە وەکو ن. أ. هـ. ل. ب)، عەلائەدین سجادی، تۆفیق وەهبی، ئەمین زەکی، پیرەمێرد، شێخ محەممەدی خاڵ، فایەق هوشیار، ع چالاک (عەبدوڵلا جەوهەر)، شاکیر فەتاح، بێکەس، دڵدار، گۆران، ڕەشید نەجیب، ناجی عەباس، قادر قەزاز، قادر خەفاف...

گەلاوێژ لای هەمو نوسەرانی کورد و بڵاوکراوە کوردییەکانی ئەو سەردەمە پایەیەکی تایبەتی هەبوە و بە ڕێزەوە ناویان بردوە. پیرەمێرد زۆر جار لە ژیندا بە ستایشەوە باسی کردوە. زۆر جار لە یادی ساڵانەیدا بە شیعر و پەخشانی جوان بالۆرەی خۆشی بۆ وتوە.

بە بۆنەی دەرچونیەوە نوسیویەتی: "......"

کە توشی کێشە و گیروگرفت بوە لە (ژین. ژ 876 ی 26 ی حوزەیرانی 1947) دا لە ژێر سەردێڕی: (بەرەو دوا) نوسیویەتی:

"ئۆف عەلائەدین ڕۆڵەی باوانم

ئاگرت بەردایە ژین و ژیانم

ئێمە لەم دوایی ڕۆژەمانا هیوایەکی تازەمان بۆ پەیدا بو کە میللەتەکەمان بە خۆیانا هاتون و کەوتونە سەودایەکی خۆ بە خەڵک ناسین و، نیازیانە بکەونە ڕیزی میللەتە خواپێداوەکان و، ئەم هیوایەیش زۆرتر بەوە پەیدا بو کە لە پایتەخت دا گۆڤارێکی کوردی چاک و پاک و ڕوناکمان هەیە وەک گەلاوێژ بە هەمو لایەک دا شەوق و پرشنگی ئەڕوا و هەست و زانستی کوردیان لە تریفەی نوری ئاسمانی دا دەردەخا. چەند خۆش بو لە ئێران و توران و لوبنان و کۆنە شاری فیرعەونەکانا دەنگی دابوەوە. بارەها ژیان و ژینم لە دەور ئەگێڕا و بە نەغمەیەکی دڵشادیەوە ئەمنوسی: (گەلاوێژ خوشکە باڵا بەرزەکەی ژین) و، ساڵەوساڵ بالۆرەیەکی پیرۆزانەم بۆ ئەگوت. کەچی لە کەچی بەختی ئێمە و کەچرەوی گەردون ئەو پەریە نازدارەمان کەوتۆتە گیانەڵا. ئەمەیش دیارە لە بەر ئەوەیە کە پارەی ئابونەی بۆ نانێرن.

"مامم گەییە ئێسکم با پەرتە لە رووی پەچە پۆشەکان هەڵمالم. هەر لەم شاری خۆمانەدا زۆری وا هەیە کە نازانێ بە رێکوپێکی عەرەبی بخوێنێتەوە ئابونەی یەکدو غەزەتەی عەرەبی پێشەکی ئەنێرێ غەزەتەی بۆ بێت. هی وایشمان هەیە رەهبەری ئەکا غەزەتەیک بە تەواوی ئەژێنێ. لە شارەکەی خۆمانا چەند دەستەیەک و کۆڕی پۆکەری مەکشوف ئەبینم هەمو خۆیان بە ئەدیب و شاعیر و مەلیک ئەل شوعەرا و مەنسوبی مەعاریف ئەزانن شەوی وا هەیە پارەی ئابونەی دە ساڵی گەلاوێژی تیا ئەبرێتەوە کە بە رۆژ باسی پارەی ئابونەی گەلاوێژی لە لا بکەی وەک شەمشەمە کوێرە چاو ئەقوچێنن. کە ئێش یەتە مەیدانی میللەتپەروەری بە باڵ ئەفڕن. لاوە قوڕ بە سەرەکانیش بەم چەکە و کەوانەوە کەوتنە سەودای قەومیەتەوە، بیارە گەنجێک کە هێشتا نەکەوتۆتە دەست و مەقامی خۆی و پارەی نیە. دڵ بە پارەدارەکان ئەبەستێ. تو خوا میللەتێک کە دەربارەی سەقافە و چرای رێی بەختیاری خۆی وا بجوڵێتەوە چ حەقێکی هەیە بە لاوە بڵێت تۆ بۆچ نامناسیت؟ وەڵڵا بە هەمو مەعنایەکەوە کسپە لە دڵمەوە دێت کە ئەم سەجیەی پیاوماقوڵ و پارەدارانە ئەخەمە پێش چاوی دۆست و دوژمن. تفی بەرەو بایە. بەڵام ئەڵێی چی؟ وا نوسیم بۆ ئیدارەخانەی گەلاوێژ دەفتەری ئەو نامەردانەم بۆ بنێرێ و وەکالەتیش وەرئەگرم. هەر بۆ بەدناوی و تەرزیل کردنیان ئیقامەی دەعوا ئەکەم. برایمیش ناکەم بە وەکیل. ئەوقاتێکی لاوە دێنم بە مەسرەفی محاکەمە و (ناوی مەنێ) لێ نانەوە ئەو پارەیەیان لێ ئەسێنم. شەرتە بۆ ژینیش تەنها یەک زات لە بەگزادە بەو دەردە بەرم. خوا لە وەجاخیا ئەیەڵێ ع. ح."

پیرەمێرد لە ژیندا بە بۆنەی داخستنیەوە نوسیویتی:

باد لە دەست جەورت، هەی چەرخی سەرچەوت! وا گەلاوێژ کەوت، گەلاوێژ بۆچ کەوت؟
ئاسۆی ئەدەبی کوردی پڕ تەمە سفیدەی بەیان شینە، ماتەمە
ژین بۆ گەلاوێژ بو بو بە پەرژین ئێستا لە دوای ئەو بێزارە لە ژین
ئیبراهیم لە ناو نارا سوتاوە سوجادەی تەقوا بێ رایەڵ ماوە
هیوامان وایە کە چەرخ وەر گەڕێ سوجادەم بە سەر شەت دا بگەڕێ
پیاوێکمان ئەمرێ تەعزێی بۆ دەگرین بۆچ بۆ گەلاوێژ ئەگرین تا ئەمرین
گەلاوێژ هەرچەند جار جارە هەڵدێ لە بورجی خۆیدا دوایی هەر هەڵدێ.

7. 5. ئێران: قوتابخانەی رۆژنامەوانیی موکریان

7. 5. 1. گۆڕانی سیاسی لە ئێران دا

7. 5. 1. 1. روخانی رەزا شا

لە دوەمین جەنگی جیهانیدا ئەگەرچی ئێران بە رواڵەت بێلایەنی راگەیاند بو، بەڵام چالاکی بە قازانجی دەوڵەتانی میحوەر، بە تایبەتی بە قازانجی ئەڵەمانیا، لە ناو ئێران دا لە زیاد بون دا بو. هاوپەیمانەکان بۆ ئەوەی رێ لەم مەترسیە بگرن و، بۆ ئەوەی رێگەی لوجستی نێوان یەکێتی سۆڤێت و خەلیج دابین بکەن، لە لای سەرویەوە لەشکری سۆڤێت و لە لای خوارویەوە لەشکری ئینگلیز، پەلاماری ئێرانیان دا و گرتیان. رەزا شایان ناچار کرد بە قازانجی محەممەدی کوری دەس لە تەختی شایەتی هەڵ بگرێ. ناوچەی موکریان وەکو هەرێمێکی بێلایەن لە نێوان ئەم دو هێزەدا مایەوە. چالاکەکانی کورد، دوای ساڵانێکی درێژی چەوسانەوەی سەردەمی رەزا شا، کەڵکیان لەم بۆشاییە وەرگرت بۆ گەرمکردنی چالاکیی سیاسی و رۆژنامەوانی.

7. 5. 1. 2. دامەزراندنی ژ. ک. و دیمۆکرات

کۆمەڵەی ژ ک دامەزرا و. کەوتە دانانی ڕێوشوێنی بڵاوکەرەوەی بیری ڕێکخراوەکە. هەر لەو ساڵانەدا ناوچەکە گۆڕانی بنەڕەتیی بە خۆیەوە دی. ژ ک گۆڕا بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و. حیزبی دیمۆکرات، جمهوریەتی کوردستانی دامەزراند. ئەم قۆناغە سەرەڕای کورتیی ماوەکەی، قۆناغێکی دەوڵەمەندی کاروانی ڕۆژنامەوانیی کوردییە.

7. 5. 2. چاپکراو بە کوردی

7. 5. 2. 1. نیشتمان

ژ 1 ی لە پوشپەڕی 1322 دا بەرامبەر جولای 1943 دەرچوە. لە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمیدا نوسراوە: "بژی سەرۆک و کورد و کوردستان و هیوا" لە سەرەوەی ناوی نیشتمان لە ناو خۆرێکی پرشنگداری خڕدا بە حەرفی لاتینی نوسراوە (J.K) و. لە ژێریدا نوسراوە نیشتمان "بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک" و. لە ژێر ئەو یشدا نوسراوە: "گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، خوێندەواری و مانگی کوردیە"

د جەمال نەبەز بە لێدوانەوە ژ 1– 6 ی (نیشتمان) ی لە ئەڵمانیا بە ئۆفسێت سەرلەنوێ چاپ کردۆتەوە.

7. 5. 2. 2. هاواری کورد

ژ 1 ی لە ڕەزبەری 1324 ی هەتاوی بەرامبەر ئەیلول– تشرینی یەکەمی 1945 دەرچوە. 30 لاپەڕەیە. قەوارەی 20 x 14 سم ە. م. ح (سەید محەمەدی حەمیدی) وتارێکی بە فارسی لە ژێر سەرناوی (نویسندگان فارسی بخوانند) نوسیوە. ئاراستەی نوسەرانی فارسی کردوە. داکۆکی لە ڕەسەنیی زمان و ئەدەبی کوردی ئەکا.

پێ ئەچێ ئەم ژمارەیەی هاواری کورد، دوای گیرانی ڕەحمانی زەبیحی و هاوڕێکانی و ڕاوەستانی نیشتمان، ئەمیش هەر بە نهێنی، دەرچوبێ. ناوی خاوەن و بەرپرس و. ناونیشانی گۆڤارەکە و. شوێنی چاپ و ناوی چاپخانەی تێدا نەنوسراوە. لەو ماوەیەدا گۆڕینی سیاسی بە سەر هەلومەرجی موکوریاندا هاتوە. زەمینەی دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و حکومەتی کوردستان خۆش بوە و ئیتر گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە ئاشکرا دەرچون.

7. 5. 3. دەزگای چاپخانە لە مەهاباد

7. 5. 3. 1. گۆڤاری کوردستان

ژ 1 ی لە 15 ی سەرماوەزی 1324 بەرامبەر بە 6 ی دیسەمبەری 1945 لە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد چاپ و بڵاو کراوەتەوە. لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە: (بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان) و. (گۆڤارێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسیە، هەر پازدە ڕۆژ جارێک بڵاو دەکرێتەوە)

سەید محەمەدی حەمیدی سەرنوسەری بوە. لە سەروتاری گۆڤارەکەدا ئامانجەکانی بەم جۆرە ڕون کراوەتەوە:

"کوردستان، گۆڤارێکی ئەدەبی، تاریخی، کۆمەڵایەتی (اجتماعی) مانگیی کوردیە. یەکەمین ئارمانی بژار و ژیانەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردیە و زیندوکردنەوەی کورد و کوردستان بە پێی

شارستانێتی ئەمڕۆ و بۆ ژیانەوەی نێو و ناساری زانایانی کورد تەقەلا ئەدا. لە بەر ئەوە تکا لە خوێندەوارانی خۆشەویست ئەکەین هەر کەس بەیت و حیکایات و سەرگوزەشتی پیاوێکی مەزن وە یا عەشیرەتێکی کوردی لە کن بێ وە یان نوسراوێکی لە لا بێ، یا لە بەری بێ: کوردی، فارسی، عەرەبی... مادامێک هی زانایانی کورد بێ و لە چاپ نەدرابێ بۆمان بنێرن کە بە یارمەتی خودا لە چاپی بدەین کە بە سەرهاتی ڕۆژگار لە نێوی نەبا."

هەندێ بابەتی جۆراوجۆری تێ دایە لەوانە: شەرحی حاڵی ستالین و پەیامی من بە میللەتی کورد، بۆ پەیدا نەبونی جەنگی سێیەم، کرنەوەی حیزبی دیمۆکرات، دیموکراسی چیە، شیعری هەژار، خاڵەمین، م م عیشقی، کۆکەیی سانی.

گرنگترین بابەتی ئەم ژمارەیە ڕیپۆرتاجێکە لە سەر یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان.

ژ 2 ی لە 30 سەرماوەز بەرامبەر 21 ی دیسەمبەر 1945 دەرچوە.

ئەمیش وەکو پێشو شیعری سیاسی بڵاو کردۆتەوە. گرنگترین بابەتی ئەم ژمارەیە ڕیپۆرتاجێکە لە سەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە نەغەدە.

ژ 3 ی لە خاکەلێوەی 1325 دا بەرامبەر مارتی 1946 دەرچوە.

گرنگترین بابەتی ئەم ژمارەیە ڕیپۆرتاجێکە لە سەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد.

7. 5. 3. 2. ڕۆژنامەی کوردستان

لە سەر ناوی ڕۆژنامەکە نوسراوە: (بە نێوی خودای بەرز و بێ هاوتا) و لە ژێریشیدا نوسراوە: (بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان)

ژ 1 ی لە ڕۆژی پێنجشەمو 20 ی 10 ی 1324 بەرامبەر بە 11 ی کانونی دوهمی 1946 دەرچوە. کوردستان ڕۆژە نا ڕۆژێ بە 4 لاپەرە دەرچوە. وەکو ئەڵێن 112 یان 114 ژمارەی لێ دەرچوە. بە ڕوخانی جمهوریەتی مەهاباد ئەمیش راوەستاوە. 60 ژمارەی بە مایکرۆفیلم لە کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمەریکیدا هەیە و، ژمارەکانی تری لە بەردەستدا نین.

7. 5. 3. 3. هاواری نیشتمان

(بڵاوکەرەوەی بیری یەکەتی جەوانانی دیمۆکرات) و، (گۆڤارێکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی) بوە. ص. ئەنجیری ئازەر مدیری مەسئولی بوە. ژ 1 ی لە 1 ی خاکەلێوەی 1325 دا بەرامبەر 21 ی مارتی 1946 لە مەهاباد لە چاپخانەی کوردستان دەرچوە.

7. 5. 3. 4. هەڵاڵە

لە بۆکان دەرچوە. حەسەنی قزڵجی سەرنوسەری بوە.

7. 5. 3. 5. گڕوگاڵی منداڵانی کورد

کرێکارانی چاپخانەی کوردستان دەریان کردوە.

بلاو کەرەوەی بیری یەکێتی جەوانانی دیموکرات

باسەواد بیخوێنێتەوە بۆ بێسەوادان

مدیر مسئول: ص. انجیری- آذر

هاواری نیشتمان

وەختایەکی لیە پیروزەبین کەلیو تیا
کۆمەلی زەحمەت کێشین بەختیار و ز.
بەختیار بین . . . . . لە بین گەورە.
بیش انقلاب.

ژمارە ١ سالی یەکەم ١ خاکەلێوە ١٣٢٥ ٢١ مارس ١٩٤٦

لە ژێر چاوەدێری هەیئەتی تحریریە دەرئەچی

بسم الله الرحمن الرحيم

ئامانجی ئێمە بە پشتیوانی خودا سەرخستن و رووناککردنەوەی بیری هەموانە

هەلالە

[لەلایەن دەستەی نوسەران وەدەردەکەوی]

الله لا اله الا هو الحی القیوم

(قرآنی مجید)

خودایا هەر ئەتوی پەرستراوی، هەر بویو هەر دەبی، بوی تو پێشانی و دوایی نیە، بی نیازی لە هەموشتێکو هەر چی شتە محتاجی تویە .

خودایا بە ئەمری تو آسمان پڕ لە ئەستێرە، بە فەرمانی تو هەور دەبارێنی باران و بەفر و گلێرە، بە ئارادەی تو باغ و چیمەن دەمێك روت و قوتە و وەختێکیش زەنوێرە .

خودایا ئێمەی بو کەس دەستەلاتی نیە، کە بو چی کاری چکولەت نیگوڕکردنی بشر و زەوییە، هوش و بیر لە بارەگای تو داسەرسامن ئەوییە، ئێمە کە نازانین چون شت دەزانین و ئەسبابی رانیمان چیە، دەم کوتنمان لە گەورەیی تو زیادیە .

بەنیوی خودای بی‌هاوتا   بژی کوردو کوردستانی مەزن

گروگالی منداڵانی کورد

بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان

ژمارە ۱

ساڵی ۱

۱ بانەمەر ۱۳۲۵

7. 5. 4. دەنگدانەوەی لە کوردستان دا

بە درێژایی حوکمی رەزا شا لە ئێران رێگا بە زمانی کوردی نەدراوە وەکو زمانێکی نەتەوەیی لە فەرمانگەکانی حکومەتدا بە کار بێ. هەروەها لە خوێندنگا و دانگاکان دا. رێگای پێ نەدراوە کتێب و گۆڤار و رۆژنامەی پێ بڵاو بکرێتەوە. لە بەر ئەوە دەرچونی گۆڤار و رۆژنامە و کتێب بە زمانی کوردی لە ئێران، بە خۆشی‌یەکی زۆرەوە، لە لایەن ناوەندە سیاسی و رۆشنبیری‌یەکانی کوردەوە پێشوازی کراوە. بە ستایشەوە هەواڵەکەی بڵاو کراوەتەوە.

"**گەلاوێژ**"، کە لە بەغداد دەرچوە، بە بۆنەی دەرچونی "نیشتمان" هوە لە ژمارە 9 ی ساڵی 4 ی ئەیلولی 1943 دا نوسیوێتی:

"مژدەیەکی خۆشی کتوپڕ، دڵی هەمو کوردێکی شاد کرد. هۆشی کوردایەتی پێ بزوت. "ژین" ی ژیانەوە و "گەلاوێژ" بشی پێ گەشایەوە. ئەو مژدەیە مژدەی هاتنی گۆڤاری "نیشتمان" بو... سەردێری بابەتەکانی ژمارەی یەکەمی بڵاو کردۆتەوە. "بۆ پیرۆزیش" وتارێکی لە ژێر سەردێری: "کوردستان ماڵی کوردە" سەرلەنوێ وەکو خۆی نوسیوەتەوە.

"**رۆناهی**"، کە لە بێروت دەرچوە، بە بۆنەی دەرچونی "نیشتمان" هوە لە ژمارە 19 ی ساڵی 2 ی 1 ی ئۆکتۆبەری 1943 دا لە ژێر سەردێری "مزگێنی بۆ چاپی کوردی" نوسیوێتی:

"ریاسەت بێ سیاسەت گەنجە
ئەمما گەنجی بێ دەربان
سیاسەت بێ ریاسەت رەنجە
ئەمما رەنجی بێ دەرمان" حاجی قادری کۆیی

مزگێنی ئێمە بۆ چاپی کوردی، دەرچونی گۆڤاری نیشتمانە. گۆڤاری نیشتمان گۆڤارێکی کوردیە، بە تیپی عەرەبی دەرئەچێ، لە لاهیجان (مەنتیقەی موکریان– ئێران) لە لایەن گەلێک لاوی بە نرخەوە.

ئەمە ژمارەی یەکەمی نیشتمانە بە دیاری گەیشتە گەلاوێژ، هاوار و رۆناهی، تا پێکەوە دەس بکەین بە خەبات بۆ ئازادی کورد و کوردستان، لەو وەختەدا کە هەمو میللەتانی دنیا بۆ سەربەستی دەنۆڕن و دیمۆکراتی شەڕی بۆ ئەکات، نابێ ئێمەش لێی بێ بەهرە بین."

"**ژین**"، کە لە سلێمانی دەرچوە، بە بۆنەی دەرچونی "نیشتمان" هوە، لە ژمارە 814 ی 20 ی کانونی یەکەمی 1945 دا وتارێکی پیرەمێردی لە ژێر سەردێری: "دەمەوبەیان" دا بڵاو کردۆتەوە، لە درێژەی وتارەکەیدا وتویەتی:

".... خوا ئەیکوشتم تا ئەو هیوایەم هاتە دی. وەکو تاریکەشەوێکی سارد و سەرما کە شارێکی بێ چرا ئەکێشێتە ژێر پەردەی کشوماتیەوە و دەمەوبەیان، کەناری ئاسمان بە مژدەی شەفەق رون ئەبێتەوە و، لە منارە و هەمو سەربانی مزگەوتێکەوە، دەنگ و ئاوازەی بانگی بەیانی بەرز ئەبێتەوە وا لە هەمو کوردستان دا بانگی ئازایی و وشیاری درا. ئەم هەمو گۆڤار و گوڵدەستە مەتبوعاتە پەیدا بو. وەک گورەی باوەگوڕگوڕ کە ئەوتی رەشی گڕی گەیشتە دەریای سپی، رۆژهەڵاتی ئێمەش بە رۆژهەڵاتی هیوای گەل و تیشکی "گەلاوێژ" و"گێتی تازە" یان روناک کردوە. گۆڤاری تازەی "نیشتمان" م دی. هەزاران ئافەرینی لێ بێ. بەو شێوە ئەدەب و ئەدەبیاتەیە پیرەمێردی جوان کردوە."

هەر پیرەمێرد لە (ژین، ژ 816 ی 10 ی کانونی دوەمی 1946) دا بە بۆنەی دەرچونی گۆڤاری "کوردستان" هوە لە ژێر سەردێری: (مژدە) دا نوسیوێتی:

"خوا لێمان نەسێنێ وا گۆڤارێکی ناوداری بە ویقار و پڕ لە گوڵدەستەی ئەشعاری ترمان لە مەهاباد دەرچو ناوی کوردستانە. دای کوردستان چ ناوێکی بەرز و خۆشتەرزێ. لە مەعنەوییاتی داییمانا ڕوی داوە پێغەمەران زۆریان لە دەورەی پیرییەک دا کە ئیتر هیوای مێردی و ئەوە پێگەیاندنیان نەماوە خوا ئەولادی وای داونێ کە پێغەمەری جێنشینی خۆیان بوە. وا (ژین) ی پیرەمێردیش دوا بە دوای یەک، خوا ئەوەی لە خۆی باشتری لێ ئەخاتەوە و، بەوە ژین ژیانی تازە ئەبێتەوە. ژین سەراپا ئەم چەند ساڵە داخوازی غەزەتە و ئەدەبیاتی قەومی بوە، کە زانیویە هەر خوێندەواری و ئەدەبە میللەتێک دەبا بە ڕێوە و سەری ئەخا.... ناسارێکی کوردی چرانێکە... برانێکە، تیغ و تفەنگ پیشەی شەڕ و شۆڕە و پیاوکوژ سەری شۆڕە، سەربەرزی لە ئەدەب دایە و یەکێتییە کە سیلاحی دەعوایە."

7. 5. 5. سیماکانی قوتابخانەی ڕۆژنامەوانیی موکریان

1. ڕۆژنامەوانی و حیزبایەتی پێکەوە لە دایک بون و گەشەیان کرد و پێکەوە یش ئاوا بون. هەمو بڵاوکراوەکان لە ڕوی ڕێبازی سیاسی و ناوەرۆکی باس و بابەتەکانی لە یەک ئەچن. بە زۆری هەمان نوسەر و شاعیر بەرهەمەکانی لە هەموياندا بڵاو ئەکردەوە.

2. لەم بەهاری ئازادییەدا توانا شاراوەکانی ڕۆشنبیرانی موکریان دەرکەوت و درەوشایەوە. دەرچونی ئەو هەمو بڵاوکراوانە لەو ماوە کورتەدا نیشانەی ئەوەیە کە توانایەکی زۆری نوسینی کوردی هەبوە.

3. لە ڕوی زمان و شێوەی نوسین و ڕێنوس و ڕێکخستنی بابەتەکانیەوە لە ژێر تەئسیری قوتابخانەی سلێمانی و قوتابخانەی گەلاوێژدا بوە. بەڵام ئەم لایەنی سیاسی بە سەر هەمو بابەتەکانیدا، تەنانەت بە سەر شێوە و ناوەرۆکی شیعرەکانیشیدا، زاڵە. بە تایبەتی هەر یەکێ لەم بڵاوکراوانە زمانی یەکێ لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەوسای موکریان بوە. بە گشتی دژی زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتی و دژی دەرەبەگایەتی بون و، بانگەشەیان بۆ بیری پێشکەوتو و دیمۆکراسی کردوە. داکۆکییان لە مافی کورد و حوکمڕانی کورد کردوە.

ئەم قوتابخانەیە دەوامی نەکرد. بە ڕوخانی جمهوریەتی مەهاباد و ڕێگەنەدانی قانونی بە نوسینی کوردی، لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە، ئەمیش کۆتایی هات.

8. گەلاوێژ: لێکۆڵینەوەی تایبەت

8. 1. هەلومەرجی دەرچونی

ژ 1 ی لە کانونی یەکەمی 1939 لە بەغداد دەرچوە. دوا ژمارەی لـە ئاغستۆسـی 1949 دا دەرچـوە. بە هەموی 105 ژمارەی لێ دەرچوە.

خاوەنی ئیمتیازی ئیبراهیم ئەحمەد و سەرنوسەری عەلائەدین سجادی بوە.

گەلاوێژ لە سەر ئاستی کوردی و عیراقی و ناوچەیی و جیهانی هاوزەمانی روداوی زۆر گرنگ بوە.

لە سەر ئاستی جیهانی

ئەو کاتەی یەکەمین ژمارەی دەرچوە دنیا لە بەردەم هەڵگیرسانی دوەمین جەنگی جیهانیدا بو. جـەنگ هەڵگیرسا. دنیا دابەش بو بە سەر دو ئۆردوگای جەنگدا. ساڵی 1945 کۆتایی هـات. پێـنج سـاڵی خایـان. جەنگی گەرم کۆتایی هات. بەڵام جەنگێکی تر دەستی پێ کرد، کە بە جەنگی سارد ناو ئـەبرێ. دیسـان دنیـا دابەش بو بە سەر دو ئۆردوگای جەنگدا.

لە سەر ئاستی کوردی عیراق

حیزبی هیوا دامەزرا. ناکۆکی تێ کەوت. پارچە پارچە بو. هەڵوەشا.

ژ. ک. لقی لە کوردستانی عیراق دامەزراند. درێژەیدا بە کار تا جمهوریەتی کوردسـتان روخـا. خـۆی هەڵوەشاندەوە و چوە ناو پارتی‌یەوە.

شۆڕشی بارزان هەڵگیرسا. گفتوگۆی لە گەڵ حکومەتی عیراقی دەس پـێ کـرد. شـۆڕش سـەرکوتکرا. بارزانی‌یەکان کشانەوە کوردستانی ئێران.

لقی کوردیی حیزبی شیوعی دامەزرا و ئۆرگانی بە زمانی کوردی دەرکرد.

پارتی دیمۆکراتی کورد دامەزرا.

راگەیاندنی بیستراو و راگەیاندنی نهێنی حیزبی داهات.

لە سەر ئاستی عیراق

شۆڕشی 1941 ی رەشید عالی دژی ئینگلیز بەرپا بو و. تێشکا.

خۆپیشاندانەکانی 1948 و گۆڕانی وەزارەت و سەرلەنوێ تێشکانی خەباتی خەڵک.

گەلاوێژ

ئەمین

گوڤارێکی أدبی وثقافی مانگی کوردی یە

زمارە ۱ سال ۱ کانون أول ۹۳۹

خوێندەوارانی خوشەویست!

خوم گەلی بەبەختیار ئەزانم کە، بە یارمەتی گەورە ودوست وبرادەران، یەکەم زمارەی «گەلاوێژ»تان پێشکەش ئەکەم وهیوایەکی زوریشم هەیە کە ئێوەش هەر بەدڵی خوشەوە لێی وەرگرن، هەریەکەشتان بەپێی توانا وله سنووری دەسەلاتی خوتانا یارمەتیم بدەن لە بلاوکردنەوە وژیاندن وپێشخستنی دا تا ئەی گەیێنینە ریزی گوڤارە هەرەچاکەکانی ولاتان. چونکە بێ گومان ئەو هوش ولێکدانەوە وپێزانینەی منی خستوتە سەر دەر هێنانی ئەم گوڤارە لەدڵی ئێوەدا گەلی گەرم وبەتین ترە، هیچ گومان نابەم کە هەمووتان وەکو من سەرشور ئەکەن وشەرمەزار ئەبن کەبەربکەوت یابەپرسیاری بێگانەیەک بەنەوە بیرتان کە لەسەردەمی ڕووناکی وخوێندن وزانینا، لەم پلە بەرزەدا کەشارستانیتی گەیشتوەتی لەرووی زەمینا گوڤارێکی کوردی نیە!

نەکەس لە بیری ئەبێ بە کوردی، نە ئێمەش بە گەورەیی وپۆشتەیی وخوێندەواری لە دایک بوین، هەموشتی سەرەتا ودەست پێ کردنێکی

8. 2. دەرچونی

ئیبراهیم ئەحمەد چیرۆکی دەرکردنی گەلاوێژی بۆ گەلاوێژی نوێ، ژمارە 4، ساڵی یەکەم، تشرینی دوەمی 1997، ل6- 19، لە ژێر ناوی (لێکۆڵینەوە، گەلاوێژی نێرین، چۆن هەڵهات؟) دا نوسیوەتەوە. بۆ زانیاری پێویست سەبارەت بە چۆنێتی دەرچونی گەلاوێژ، خوێنەر ئەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە.

8. 3. داخرانی

دوای ئەوەی نوری سەعید دانرایەوە بە سەرۆوەزیری عیراق ئەو دەختە ئازادیە سیاسیەی لە ئەنجامی راپەرینی ساڵی 1948 دا خەڵک بە دەستی هێنابو، سەنرایەوە. ساڵی 1949 ئیجازەی حیزبەکانی وەرگرتەوە. هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر چالاکەکانی بواری ژیانی سیاسی هەمو حیزب و رێکخراوە ئاشکرا و نهێنیەکان دەس پێ کرد و دانی بە دادگا. ژمارەیەکی زۆر گۆڤار و رۆژنامەی داخست.

ئەم هێرشە کوردیشی گرتەوە.

لە ناو ئەوانەدا کە بەر گرتن کەوتن و دران بە دادگا و حوکم دران، ئیبراهیم ئەحمەد بو. ئیبراهیم ئەحمەد ئەو دەم پارێزەر و، بەرپرسی لقی سلێمانی پارتی دیمۆکراتی کورد بو.

لە ناو ئەو گۆڤارانە یشدا کە بەر داخستن کەوتن و ئیمتیازەکانیان لێ سەنرایەوە هەردو گۆڤاری کوردی "گەلاوێژ" و عەرەبی- کوردی "نزار" بو.

8. 4. نوسەرەکانی

ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، رەفیق حیلمی، رەشید نەجیب، شاکیر فەتاح، شێخ محەمەدی خاڵ، پیرەمێرد، فایەق هوشیار، قادر قەزاز، رەمزی قەزاز، حامید فەرەج، حسێن حوزنی، عەبدوڵا جەوهەر، جەمال خەفاف، حەسەن فەهمی جاف.

م. مەحمود (شەهید محەمەد قودسی) چەند وتارێکی تێدا نوسیوە.

لە ئێران، یەدوڵای رەزانی کەڵهوڕ، ناسری ئازادپور، ئیبراهیمی نادری، دڵشادی رەسولی، سەید تاهیری هاشمی.

8. 5. سەرچاوەی دەرامەتی

سەرچاوەی دەرامەتی بریتی بوە لە ئابونەی ئەندامەکانی و یارمەتی عەلی کەمال بەگ.

8. 6. بڵاوبونەوەی

لە عیراقدا لە سنورێکی فراواندا بڵاو بۆتەوە. یەکەم، خۆی چەند سەد ئابونەیەکی هەبوە کە بە پۆستە بەردەوام بۆیان ناردون. دوەم، لە زۆری شارەکانی کوردستاندا باوەڕپێکراوی هەبوە، مانگانە گۆڤارەکەیان بۆ فرۆشتنی گشتی بۆ چوە.

وەکو لە پشتی هەندێ ژمارەیدا نوسراوە، جگە لە کوردستانی عیراق، لە تاران و کرماشان و سنە یش باوەڕپێکراوی هەبوە.

گەلاوێژ گەیشتۆتە سوریا و لوبنان یش.

8. 7. بابەتەکانی

بەراوردکردنی گۆشەکانی ژمارەکانی یەکەمین ساڵی، لە گەڵ گۆشەکانی ژمارەکانی نۆهەمین و دەهەمین ساڵی دەری ئەخەن، کە ئەک گۆڕینی بنەڕەتی یا تەنانەت گۆڕین لە جۆری دابەشکردنی بابەتەکانیدا نەبوە، بەڵکو زۆری گۆشەکانی بە درێژایی ئەو ساڵانە بە زیندویەتی ماونەتەوە. ئەگەر گۆڕانێ بوبێ لە کلێشەی بابەتەکەدا بوە، یان گۆشەیەکی نوێ زیادی کردوە. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە دەرهێنەرانی گەلاوێژ هەر لە سەرەتاوە بەرنامەیەکی ڕێکوپێکیان بۆ ناوەڕۆکەکەی و جۆری دابەشکردنی بابەتەکانی داڕشتوە.

گۆشە هەمیشەییەکانی بریتی بوێ لە: دیوانی گەلاوێژ، چیرۆکی ئەمجارە، کوردانی بەناوبانگ. کورد لای بیگانە، لە هەر باخێ گوڵێک، ئەوانەی نامرن...

یەکێ لەو گۆشانەی لە ساڵەکانی دواییدا زیادی کردوە، گۆشەی مۆسیقا بوە.

8. 7. 1. دیوانی گەلاوێژ

لە گۆشەی دیواندا شیعری ئەم شاعیرانە بڵاو کراوەتەوە:

گۆران، بێکەس، فایەق زێوەر، شێخ سەلام، قانع، موفتی پێنجوینی، ع. ح. ب. دڵدار، بلە، شێخ نوری، هەژار، هێمن، لاوی بادینی.

پیرەمێرد، زێوەر، بێخود، عەلی کەمالی باپیر، ئەحمەد شاکەلی، سەید تاهیری هاشمی، سەفوەت، مەلا محەمەدی چروستانی.

نالی، کوردی، سالم، ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، مەولەوی، بێسارانی، سەیدی هەورامی.

بە بۆنەی تێپەڕینی ساڵێک بە سەر دەرچونیدا لە ئامیلکەیەکی تایبەتیدا شیعرە مێژوییە درێژەکەی سالمی بڵاو کردۆتەوە.

8. 7. 2. چیرۆکی ئەمجارە

دوا لاپەڕەکانی تەرخان کردوە بۆ چیرۆک. لە یەکەم ژمارەیەوە تا داخستنی، هەمو ژمارەیەکی لە ژێر ناوی (چیرۆکی مانگ) یان (چیرۆکی ئەم مانگە) یان (چیرۆکی ئەمجارە) چیرۆکێکی بڵاو کردۆتەوە.

لە ژ 1 ی س 1 دا ئەحمەد عەزیز (کوڕێکی ئازا) و. س. ئەمین زەکی بەگ لە ژ 2 دا (شێرەژن) و. حامید فەرەج لە ژ 3 دا (گەردانە) و. لە ژ 5– 6 دا (شەهادەتنامەیەک) و لە ژ 8 دا (دوارۆژی کلیۆپاترە) و. لە ژ 4 دا ع. ع (داستانی کچێک) و. بە بێ ئیمزا لە ژ 7 دا (لیرەیەک) و لە ژ 9 دا (فێڵی ژنێک) و. ع قەزاز لە ژ 10 و 11– 12 دا چیرۆکێکی کەی بڵاو کردۆتەوە.

ئیبراهیم ئەحمەد، چالاکترین نوسەری گۆشەی (چیرۆکی ئەم جارە) بوە. بە چەندین ناوی جیاوازەوە وەکو: هـ. ل. ب (کە هەڵگەڕاوەی حەرفەکانی بلە یە) و. ن. أ. چیرۆکەکانی بڵاو کردۆتەوە. دەیان کورتە چیرۆکی لە زمانی ئینگلیزییەوە کردۆتە کوردی. خۆیشی چەند کورتە چیرۆکێکی نوسیوە. ناوەرۆکی چیرۆکەکانی خۆی باسی زوڵمی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و بۆگەنیی ڕیژیمی بەڕێوەبەرایەتی، ئابوری، کۆمەڵایەتی وڵات ئەکا. (ئەم چیرۆکانە بە کۆکراوەیی چاپ کراونەتەوە: ئیبراهیم ئەحمەد، کوێرەوەری، چاپخانەی ئەجاح، بەغداد، 1959)

عەلائدین سوجادی یش چەند چیرۆکێکی نوسیوە و بڵاو کردۆتەوە. (ئەم چیرۆکانە بە کۆکراوەیی چاپ کراونەتەوە: عەلائدین سجادی، هەمیشە بەهار، چاپخانەی مەعارف، بەغداد)

چەند کەسی تر بە چیرۆک بەشدار بون لەوانە: شێخ سەلام، فایەقی کاکەمین و مستەفا سائیب.

8. 7. 3. کورد لای بێگانە

فرامرز (رەشید نەجیب) بە زنجیرە لە ژ 1 تا 8 و ژ 10 و 11– 12 دا (گەشتێ لە کوردستانا)

بابا عەلی بابەتی (کوردستان) ی لە (ئینسیکلۆپیدیا بریتانیکا) وە وەرگێڕاوە. لە ژ 5 – 6 و 10 دا بڵاوی کردۆتەوە. هەروەها لە نوسینی سۆن (کورد و وڵاتەکەیان) لە ژ 11 – 12 دا بڵاو کراوەتەوە.

لەم گۆشەیەدا نوسینی هەندێ لەو گەڕیدانەی هاتونەتە کوردستان و. لێکۆڵینەوەی هەندێکیان لە سەر کورد. کراوە بە کوردی.

ناجی عەباس. لە ژ 5 ی مایس و. ژ 6 ی حوزەیران و. ژ 7 ی تەموز و. ژ 8 ی ئاب و. ژ 9 ی ئەیلولی 1944 دا. لێکۆڵینەوەکەی مینۆرسکی لە سەر (گۆران) ی لە ئینگلیزییەوە کردوە بە کوردی و بڵاوی کردۆتەوە.

ناجی عەباس. (گەشتێ لە کوردستان هەشتا ساڵ لەمەوبەر) کە بەشێکە لە گەشتەکەی فریدریک میلینگن. لە ژ 5 ی مایس و. ژ 6 ی حوزەیران و. ژ 7 ی تەموز و. ژ 8 ی ئاب و. ژ 9 ی ئەیلول و. ژ 10 ی تشرینی یەکەم و. ژ 11 ی تشرینی دوەمی 1945 و. ژ 12 ی کانونی دوەمی 1945 دا (ئەبێ هەڵەی چاپ بێ. نم). بڵاو کردۆتەوە.

ناجی عەباس. (گەشتی کلۆدیۆس ریچ لە کوردستان). لە ژ 8 ی ئاب و. ژ 9 – 10 ی ئەیلول و تشرینی یەکەم و. ژ 11 ی تشرینی دوەمی 1947 دا بڵاو کردۆتەوە.

قادر خەفاف. لە ژ 5 ی مایس و. ژ 6 ی حوزەیران و. ژ 7 ی تەموز و. ژ 8 ی ئاب و. ژ 10 ی تشرینی یەکەمی 1946 دا (بەغدای رۆژانی رابوردو) کە بەشێکە لە گەشتەکەی ریچ. بڵاو کردۆتەوە.

هەر قادر خەفاف. لە ژ 4 ی نیسان و. ژ 5 ی مایس و. ژ 6 ی حوزەیران و. ژ 7 ی تەموزی 1945 دا (کتێبەکەی مێجەر سۆن بە کورتی) وەرگێڕاوە و. لە ژ 9 ی ئەیلولی 1945 دا بیرورای خۆی (بە دوای کتێبەکەی مێجەر سۆندا) نوسیوە.

گەلاوێژ. ئەو بەشەی دەربارەی کوردە لە کتێبی (کەمینەکانی جیهانی عەرەب) ی ئەلبێرت حۆرانی وەرگێڕاوە. لە ژ 1 ی کانونی دوەم و. ژ 2 ی شوبات و. ژ 3 ی مارتی 1948 دا. بڵاوی کردۆتەوە.

کورد لای بێگانە. عبدالرحمن عزام. ژ 11. تشرینی دوەمی 1943.

کوردستان. لە اخبار الحرب وەرگیراوە. ژ 3. مارتی 1944.

ع حیشمەت (مەسەلەی کورد) ی ئیلفستون

ئەمین زەکی لە ساڵی یەکەمیدا لە ژێر ناوی کوردانی بە ناوبانگدا لە ژ 1 دا (سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی) و لە ژ 2 دا (میر محەمەد پاشا) و لە ژ 3 و 4 دا (ئەمیر خانی برادۆست) و لە ژ 4 دا (لە قەبرستانی تاریخا- ئەحمەدی زوحاک) و لە ژ 5 – 6 دا (مەلیک عادل سەیفەدین ئەبوبەکر محەمەد) و لە ژ 7 دا (باباتاهیر) و لە ژ 8 دا (مەلیک ئەفزەل) و لە ژ 9 دا (مەلیک ناسر سەلاحەدین) و لە ژ 11– 12 دا (ئەبولفیدا) ی بڵاو کردۆتەوە.

8. 7. 4. جوغرافیای کوردستان

مستەفا نیعمەتوڵا. کە مامۆستای جوغرافیا بوە. بە زنجیرە لە ژ 9 تا 12 ی 1941 و. لە ژ 1 تا 12 ی 1942 و. لە ژ 1 و 3 و 5 و 9 ی 1943 دا (جوغرافیای کوردستانی عیراق) ی نوسیوە.

8. 7. 5. ڕەخنەی ئەدەبی

ڕەفیق حیلمی. بەرگی یەکەمی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بە کتێبێکی سەربەخۆ بڵاو کردبووەوە. لە گەلاوێژدا بە زنجیرە چەند بەشێکی لە بەرگی دوەمی کتێبەکەی بڵاو کردۆتەوە. لە سەر سالم و دڵداری نوسیوە. پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکەی لەم بەشەدا، لە چاو بەرگی یەکەمیدا، پێشکەوتنی زۆرتری پێوە دیارە. لە گەڵ ئەوە یشدا بە هۆی هەڵبژاردنی هەندێ لە شاعیرەکانیەوە کەوتۆتە بەر ڕەخنەی هەندێ لە خوێنەواران.

یەکێ لە سەر دڵدار ڕەخنەی لێ گرتوە. دڵدار خۆی وەڵامێکی خۆشی داوەتەوە.

بێکەس مشتومڕێکی ڕەخنەیی دروست کردوە. چەند ڕەخنەیەکی نوسیوە لە أ. ب. هەوری و م. ئەمین مەنکوڕی، شیعرەکانی هەڵسەنگاندون. ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە.

دڵدار لە سەر خەیامی نوسیوە.

سەید تاهیری هاشمی لە سەر بێسارانی.

گەلاوێژ خۆی چەند وتارێکی لە سەر ئەدەب، لە ئینگلیزییەوە وەرگرتوە.

8. 7. 6. ژیننامە

گەلاوێژ ژیننامەی کۆمەڵێ لە نوسەر و شاعیر و گەورەپیاوانی کوردی هاوچەرخی خۆی بڵاو کردۆتەوە. هەندێکیان هێشتا خۆیان لە ژیاندا بون. هەندێکیشیان بە بۆنەی کۆچی دواییانەوە.

لەوانەی هێشتا لە ژیاندا بون:

لە ژ 6 ی حوزەیرانی 1943 دا (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) و. لە ژ 7 ی تەموزی 1943 دا (کوردی بەناوبانگ، عەلی کەمال بەگ) و. لە ژ 8 ی ئاغستۆسی 1943 دا (ئەدیبی بە ناوبانگی کورد پیرەمێرد). هەروەها (کامەران بەدرخان).

بە بۆنەی کۆچی دواییانەوە:

لە ژ 11 ی تشرینی دوەمی 1944 دا (تەرجومەی ژیانی مامۆستا مەلا محەمەدی کۆیی) و. لە ژ 3 ی مارتی 1945 دا (ئەدیبی بە ناوبانگی کورد ساڵح زەکی بەگی ساحێبقران) و.

لە ژ 9– 10 ی ئەیلول و تشرینی یەکەمی 1947 دا بۆ کۆچی دوایی حوزنی موکریانی (ماتەم) و.

لە ژ 7 ی تەموزی 1948 دا (ئەمین زەکی کۆچی کرد) و. (شیوەنی ئەمین زەکی) لە نوسینی پیرەمێرد و. (ئەمین زەکی) لە نوسینی ڕەشید نەجیب.

لە ژ 1 ی کانونی دوەمی 1949 دا ژیننامەی (زێوەر) و.

لە ژ 2 ی شوباتی 1949 دا (یەک لە دوای یەک ئاوابونی چوار ئەستێرە لە ئاسمانی کوردستاندا) کە باسی مردنی ئەمین زەکی و زێوەر و دڵدار و ژیاننامەی دڵدارە.

8. 7. 7. بابەتی سیاسی

گەلاوێژ گۆڤارێکی سیاسی نەبوە. بەڵام چەند جارێ بابەتی سیاسی بە وتار و بە شیعر بڵاو کردۆتەوە.

یەکێ لەو بابەتە گرنگانە وتارێکی عەلی کەمال بەگە لە سەر (کورد و یەکیەتی عەرەب. ژ 12. کانونی یەکەمی 1943). چەند پێشنیارێکی کردوە بۆ ڕێکخستنی پێوەندی نێوان ئەم دو گەلە. دوایی لە یافاوە ڕەفیق چالاک، کورد و یەکیەتی عەرەب. ژ 4، نیسانی 1944. لە سەری نوسیوە.

عەلی کەمال. ئیسلاحات لە کوردستاندا. ژ 7. تەموزی 1944.

یەکێکی کە لەو بابەتانەی گەلاوێژ لە سەری نوسیوە خۆپیشاندانەکانی ساڵی 1948 بوە. پۆستەی کوردەواری، ژ 3، مارتی 1948.

جگە لەم دو ڕوداوە عیراقیە زنجیرەیەک وتاری لە سەر خەباتی گەلی چین بڵاو کردۆتەوە.

ڕەشید غەفور، کورد و فەلەستین، ژ 11، تشرینی دوەمی 1947.

چەند شیعرێکی سیاسی بڵاو کردۆتەوە، لەوانە:

(یاران) ی ئیبراهیم ئەحمەد بە بۆنەی لە سێدارەدانی قازی محەمەدەوە.

(قەومی کورد) و (داری ئازادی) ی بێکەس. یەکەمیان، بە بۆنەی لە سێدارەدانی 4 ئەفسەرەکەوە لە 19 ی حوزەیرانی 1947 دا و دوەمیان، بە بۆنەی ڕاپەڕینی 1948 وە.

(ئەی ئائومێدی) ی پیرەمێرد بە بۆنەی ڕوخانی جمهوریەتی کوردستانەوە.

8. 7. 8. بابەتی پزیشکی

د. ئەورەحمان عەبدوڵا لە چەند ژمارەدا لە سەر چەندین نەخۆشی نوسیوە. ئەم وتارانە جگە لەوەی کەڵکێکی زۆری هەبوە بۆ ئاشناکردنی خوێندەواری کورد بەو نەخۆشیانە، نرخێکی زمانەوانی گەورە یشی هەبوە. چونکە هەوڵی داوە ناوە باوە کوردیەکانی نەخۆشیەکان بدۆزێتەوە و لە گەڵ ناوە زانستیەکانیان بەرامبەریان بکا.

د. ت. ب. مەریوانی یش لە ئەمەریکاوە بەشداری ئەم هەوڵە بوە.

دکتۆر ت. ب. مەریوانی، علوم لە کوردستاندا، ژ 8، ئابی 1949.

8. 7. 9. بابەتی کۆمەڵایەتی و ئاینی

شێخ محەمەدی خاڵ، کۆمەڵێ وتاری کۆمەڵایەتی بە ناونیشانی کۆشی دایک نوسیوە.

لە ژ 2 ی شوباتی 1945 دا لە سەر (شێخەوڵای خەرپانی) و، لە ژ 2 ی شوباتی 1947 دا لە سەر (پێغەمبەر) و، لە ژ 8 ی ئابی 1949 دا لە سەر (موفتی زەهاوی) و، بە زنجیرە تەفسیری قورئانی بڵاو کردۆتەوە. لە ساڵانی دوایی‌دا تەفسیری خاڵ بە چەند بەرگ چاپ کراوە.

8. 7. 10. زانیاری گشتی

حسێن حوزنی، ئەرمەن وەتەنی قەومیان چۆن دروست کرد، ژ 1 ی کانونی دوەمی 1944 و ژ 3 ی مارتی 1944. جەمالەدینی ئەوغانی، ب 1: ژ 10، تشرینی یەکەمی 1944. ب 2: ژ 1، کانونی یەکەمی 1945.

فایەق هوشیار، موحاکەمەی لویسی شازدەهەم، ژ 9، ئەیلولی 1945. ژ 11، تشرینی دوەمی 1945. ژ 12، کانونی یەکەمی 1945.

8. 7. 11. وەرگێران

گەلاوێژ بایەخێکی تایبەتی داوە بە وەرگێران. بەر لە گەلاوێژ هەندێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان باس و بابەت و شیعریان لە زمانەکانی ترەوە وەرگێڕاوە. بەڵام وەرگێران بۆ ئەم، بەشێ بوە لە ڕێبازی گۆڤارەکە. بابەتی جۆراوجۆری لە زمانەکانی ترەوە، بە تایبەتی لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگێڕاوە. لە گەلاوێژدا دەیان چیرۆک، وتار، لێکۆڵینەوە، نوسینی خۆرئاواییەکان لە سەر کورد، بابەتی زانستی.. بڵاو کراونەتەوە. ڕەنگە هیچ ژمارەیەکی نەبێ بابەتێ یان چەند بابەتێکی تەرجومە کراوی تێدا نەبێ.

ئەمە بۆ ئەو ڕۆژگارە کە کتێبخانەی کوردی زۆر هەژار بوە، سەرچاوەیەکی گرنگی دەوڵەمەن کردنی گەنجینەی زانیاریی گشتی خوێندەواری کورد بوە.

8. 7. 12. بۆ پێکەنین، قسەی نەستەق، پەندی پێشینان

کورد لە روسیە، ژ 6، حوزەیرانی 1944.

کورد لە وڵاتی کەلات دا، ژ 6، حوزەیرانی 1948.

کوردی عیراق، وەرگیراوە، ژ 5، مایسی 1948.

کوردی عیراق، مجید سەعید وەری گێڕاوە، ژ 7، تەموزی 1945، ژ 8، ئابی 1945، ژ 10، تشرینی یەکەمی 1945.

8. 7. 13. گەلاوێژ و پیرەمێرد

پیرەمێرد خاوەنی ژین، هەر لە سەرەتاوە بە خۆشییەوە پێشوازی لە گەلاوێژ کردوە. یەکێ لە شیعرە نایابەکانی کردۆتە دیاری بۆ یەکەمین ژمارەی. هەم لە ژین و هەم لە گەلاوێژدا بڵاوی کردۆتەوە. بە بۆنەی داخستنی یشیەوە شیوەنێکی بە سۆزی بۆ نوسیوە.

بەشدارییەکانی پیرەمێرد چەند جۆرێکە:

بە شیعر.

بە پەخشانی ئەدەبی.

بە بالۆرەی ساڵانە.

بە پشتیوانی کردنی لە رۆژنامەی ژین دا.

8. 7. 14. بابەتی مێژوویی

ساڵح قەفتان:

لە ژ 1– 2 ی کانونی دوەم و شوباتی 1941 دا (کۆچ و رەوی ئەقوامی کۆن تاریخی هێناوەتە کایەوە).

لە ژ 5– 6 ی مایس و حوزەیرانی 1942 دا (نەزەریەی پەیدا بونی ئەقوامی هندو ئەوروپایی).

لە ژ 11– 12 ی تشرینی دوەم و کانونی یەکەمی 1942 دا (لە بابەت پەیابونی نەتەوەی قەفقاسی و ئاریەوە).

لە ژ 5 ی مایسی 1943 دا (بە پەیا بونی ئاینی ئیسلام بۆچ کەیانی ئاریی کۆن روخا؟)

ساڵح قەفتان، پەروەردەکار و لە مامۆستا کۆنەکانی سلێمانی بوە. دەرسی مێژوی وتۆتەوە. ساڵانی 1937– 1941 (موحەریری) حەفتەنامەی زبان بوە، کە شارەوانی سلێمانی دەری کردوە. چەندین وتار و بابەتی مێژویی نوسیوە، لەوانە:

بەراوردێکی تاریخی، سلێمانی، 1936.

پەندی تاریخی، بەغداد، 1937.

نەتەوەی کورد تورکومان نین، سلێمانی، 1959.

گرنگترینی کتێبەکانی: مێژوی نەتەوەی کورد، حاڵەتی سیاسی، مێژویی، ئاوەدانیی گەلی کورد لە سەرەتای مێژوەوە، بەغداد، 1969.

حەسەن فەهمی جاف، لە سەر شاهەکانی زەند:

لە ژ 10 ی تشرینی یەکەمی 1943 دا (کەریم خانی زەند).

لە ژ 1 ی کانونی دوەمی 1944 دا (لوتفعلی خانی زەند).
لە ژ 4 ی نیسانی 1945 دا (علی موراد خانی زەند) ی نوسیوە و.
لە ژ 7 ی تەموزی 1943 د (شازادەی بتلیس).
لە ژ 8 ی ئابی 1944 دا (چەن وتارێکی بە نرخی پیاوە گەورەکانی تاریخ).
لە ژ 12 ی کانونی یەکەمی 1944 دا (مێژوی خولمار) ی بڵاو کردۆتەوە.
حەسەن فەهمی، دوای ئەوەیش دریژەی بە بەرهەمی مێژویی داوە لەوانە: گەڕانـەوەی دمـەزار یۆنـانی و پاڵەوانی زەند.

گەلاوێژ:

لە سولەیمانی بۆ هەڵەبجە، ژ 9– 10، ئەیلول– تشرینی یەکەمی 1947.
لە هەولێر، ژ 11، تشرینی دوەمی 1947.
گەلاوێژ لە کتێبەکەی ئەمین زەکیەوە، سـەلاحەدین و ئـەعلی خـاچی تەرجومـە کـردوە و لـەم ژمارانـەدا بڵاوی کردۆتەوە:
ژ 6، حوزەیرانی 1949،
ژ 7، تەموزی 1949،
ژ 8، ئابی 1949.

گەلاوێژ:

جەژنی نەورۆز، ژ 4، نیسانی 1945.
جەژنی نەورۆز، ژ 4، نیسانی 1946.
جەژنی نەورۆز، ژ 4، نیسانی 1947.
یەدوڵا رەزائی کەڵهوڕ، لە ئێرانەوە (وە زوان کوردی کەڵهوڕ) بەشداری نوسینی کردوە:
لە ژ 4 ی نیسانی 1944 دا (سەرەنجامی پاشایە سەفاریەیل).
لە ژ 11 ی تشرینی دوەمی 1944 دا (پەڕەیەک لە تاریخی کەڵهوڕ).

بەکر دلێر:

لە ژ 8، ئابی 1949 دا (نەژادی کورد) ی تەرجومە و بڵاو کردۆتەوە.
لە ژ 5، مایسی 1949 (یەکەم فەرماندەی گۆتی لە بابل).
ئەحمەد خواجا، (دەشتی قەراج)، ژ 12، کانونی یەکەمی 1948.
ئیبراهیم نادری، سەرەنجامی علی موراد خانی بەختیاری، ژ 4، نیسانی 1944.
ب. ع. ی. شیکاری مێژویی، ژ 12، کانونی یەکەمی 1943.
بابەعلی لە ئینگلیزیەوە کردویە بە کوردی (بیرکردنەوە لە کورد) ژ 11، تشرینی دوەمی 1944.
پشکۆ، کورد لە ئینسیکلۆپیدیای تورکیدا، ژ 2، شوباتی 1944.
محەمەد ئەمین زەکی، نەورۆز، ژ 1، کانونی دوەمی 1943.
پیرەمێرد، نەورۆز، ژ 3، مارتی 1943.
ناجی عـەباس، لـە ژ 1– 2 ی کـانونی دوەم و شـوباتی 1941 دا (لاپەڕەیـەکی زێـڕین لـە تـاریخی ئەربیل) ی نوسیوە.
عەبدولسەمەد محەمەد، مێژوی جوڵانـەوەی ژنـان لـە سـەدەی (عەسـری) تـازەدا، ژ 9– 10، ئـەیلول– تشرینی یەکەمی 1942.

قادر قەزاز تەرجومەی کردوە لە فڕانس ڕاین. وتارێک لە بارەی تاریخی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردییەوە، ژ 4. نیسانی 1945.

گۆڤان. جەلالی. ژ 2. شوباتی 1945.

15.7.8. لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی

تۆفیق وەهبی. بە 4 بەش بابەتی (بنج و بناوانی زمانی کوردی لە تویکڵە گوێزێکدا) ی لـەم ژمارانـەدا بڵاو کردۆتەوە:

بەشی یەکەم: ژ 3. مارتی 1943.

بەشی دوەم: ژ 4. نیسانی 1943.

بەشی سێیەم: ژ 5. مایسی ژ943.

بەشی چوارەم: ژ 7. تەموزی 1943.

هەر تۆفیق وەهبی لەم ژمارانەدا ئەم بابەتانە یشی بڵاو کردۆتەوە:

لە ژ 1 ی س 1 ەوە دەستی کردوە بە بڵاوکردنەوەی (زنجیرەیە وتار لە بابەت زمانی کوردییەوە).

لە ژ 2 دا (بڵاوەکردنی ئاریەکان بۆ ئەورووپا و ئاسیا).

لە ژ 3 دا (کورد عەشیرەتێکی ماد بو).

لە ژ 4 دا (گوم بونی ناوی ماد).

لە ژ 5– 6 دا (کرمانج لە "کوردمانج"ەوە ئەهاتوە).

لە ژ 7 دا (اشتقاق و مانای کرمانج).

لە ژ 8 دا (لە ناوچونی مادەکان کردەوەیەکی دین بو).

لە ژ 9 دا (بنج و بناوانی زمانی کوردی).

لە ژ 11– 12 دا (دینی جارانی کورد).

محەمەد ئەمین زەکی:

زمانی کوردی. ژ 3. مارتی 1943.

چرۆ. چەند کورد گەلاوێژ دەخوێننەوە. ژ 6. حوزەیرانی 1944.

ف. ر. تەیموری لەنگی ترسێنەر. ژ 10. تشرینی یەکەمی 1945.

ن. أ. لە ئینگلیزیەوە وەری گێڕاوە. جەنگیز خان. ژ 5. مایسی 1943 و ژ 6. حوزەیرانی 1943.

رەسافی. ژ 4. نیسانی 1945.

ع. و. نوری. ژان ژاک رۆسۆ. ژ 7. تەموزی 944.

فایق هوشیار. لەنین. ژ 5 – 6. مایس و حوزەیرانی 1942.

گەلاوێژ. ودرۆ ویلسن. ژ 9. ئەیلولی 1945.

دڵسۆز. تا گربداغ چوین. ژ 9 – 10. ئەیلول و تشرینی یەکەمی 1947.

ئەوتی عیراق لە بیرەوە تا دەریا. ژ 6. حوزەیرانی 1947.

زێوەر. شارێکی کوردستان. ژ 6. حوزەیرانی 1944.

رەفیق چالاک. مشتێک خۆڵ. ژ 9. ئەیلولی 1944.

8. 7. 16. بابەتی تیۆری

سالح حەیدەری، لە ژ 5 ی مایسی 1944 دا (نیشتمانپەروەری چۆن پەیدا بوو؟).

محەمەد تۆفیق، لە ژ 6 ی حوزەیرانی 1944 دا (خێزان (عائیلە) چۆن پەید بوە؟).

عەونی یوسف:

لە ژ 8 ی ئاب و،

لە ژ 9 ی ئەیلولی 1944 و،

لە ژ 2 ی شوباتی 1945 دا (لە دەرەبەگێتییەوە بۆ دەسـمایەداری) بـڵاو کردۆتـەوە. ئـەم بابەتـەی لـە ئینگلیزیەوە کردوە بە کوردی.

فایەق هوشیار چەندین بابەتی لە سەر دیمۆکراتی و هەڵبژاردن نوسیوە.

8. 7. 17. کوردانی بە ناوبانگ

ئەمین زەکی بەگ لە ژێر ئەم ناوەدا چەندین کەسایەتی ئەناسراوی مێـژوی کـوردی بـە ناسـین داوە. باسەکانی پشت ئەستور بە سەرچاوەی مێژوویی باوەرپێکراو نوسیوە. ئەم وتارانە بون بە کەرەستەی کتێبێکی مێژوویی کە سانیحەی کچی کردونی بە عەرەبی و بە ناوی (مشاهیر الكرد و...) لە بەغداد بـە دو بـەرگ چـاپ کراون.

گەلاویژ، لە ژ 5 ی مایسی 1947 دا ئەم کتێبەی هەڵسەنگاندوە.

جگە لە ئەمین زەکی، چەند نوسەری کە لەم گۆشەیەدا ، یان بە بێ ئـەم ناونیشـانە لـە سـەر نـاودارانی کوردیان نوسیوە.

ن. ئازا: هەڵۆ خان لە ژ 6، حوزەیرانی 1945، ل 25 – 28.

ن. **ئازاد**، ناسری ئازادپور، مێژوی ئەردەلانی مەستورەی چاپ کـردوە و، هەنـدێ نوسـینی فارسـی لـە کوهستاندا هەیە.

محەمەد ئەمین کاردۆخی:

لە ژ 12، کانونی یەکەمی 1944 دا (خەسرەو خانی والی) و،

لە ژ 5- 6، مایس و حوزەیرانی 1942 دا (ژنە کوردی بـە ناوبانـگ مەسـتورە) ی بـڵاو کردۆتـەوە. کاردۆخی ئەم بابەتانەی لە دەستنوسی کتێبی حدیقە امان اللهی وەرگێڕاوە کە دواتر خیـامپور لـە ئێـران چـاپی کردوە.

محەمەد قەرەداخی، شێخ تەقیەدینی شـارەزوری، ژ 11، تشـرینی دوەمـی 1943. **مـەحمود خـاوەر**، ژ 11– 12، تشرینی دوەم و کانونی یەکەمی 1942.

عەبدولموحسین هوشیار لە سەر مەولانا خالیدی شارەزوری نوسیوە و لەم ژمارانەدا بڵاوی کردۆتەوە:

ژ 3– 4، مارت و نیسانی 1942 و

ژ 5– 6، مایس و حوزەیرانی 1942.